[redacted]



تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز

بەرگی شازدەیەم

سوورەتەکانی

(طه) و (الأنبياء)

[redacted]

عەلی باپیر

تەفسیری سووڕەتەکانی

طَهَ و الأَنْبِيَاءِ

تەفسیری سوورەتەکانی

طه و الأنبیاء

نووسینی: عەلی باپیر
دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی
چاپی یەکەم ١٤٤٢ك - ٢٠٢١ز
٦٧٤ لاپەڕە
١٧* ٢٤ سم
بابەت : ئایینی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (٧) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

تەفسیری سووڕەتەکانی

طَهَ

وَ

الأَنْبِيَاءِ

نووسینی: عەلی باپیر

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی

إنَّ الحَمْدَ للَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْده اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إِلَهَ إلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ١ ﴾ النساء.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا ٧٠ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب .

أَمَّا بَعْدُ: فإنَّ أَصْدَقَ الحَدِيث كَلامُ اللَّه، وَخَيْرَ الْهَدِي هدْيُ مُحَمَّد ﷺ وَشَرُّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلُّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ، وكُلُّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّار(١).

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان!

هیچ گومانی تێدانیە - بۆ مرۆڤی بڕوادار - کە ئەو تەمەنەی لە خزمەت دوایین کتێبی خوا (قورئان)دا بەسەردەبرێ، جا بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی لە خزمەتدابووندا بێ؛ خوێندنەوە، تێفکرین و ڕامان، فێرکردن، کارپێکردن ... هتد، بە باشترین جێگرتن جێگا دەگرێ و، خاوەنەکەی لە دنیاو دواڕۆژدا لێی بەهرەمەندە.

---

(١) ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی فێردەکرد، پێش هەر قسەیەکی گرنگ، بیڵێن، وەك وتاری جومعەو داخوازیکردن (خِطْبة)و... هتدو، ئەم وتارە، هەرکام لە: الترمذي: (١١٠٥)، النسائي: (١١٠٤)، ابن ماجه: (١٨٩٢) أحمد: (٣٧٢٠)، الطَّبراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

منیش کە - وەك باسکردنی چاکەی خوا (التحدّث بنعمة اللّه) دەیخەمەڕوو- لەوەتی فامم کردۆتەوە، خوای بەبەزەیی و بەخشەر چاکەی لەگەڵ کردووم و، بە فەرمایشتی بەرزو بێ وێنەی خۆیەوە سەرگەرمی کردوومو، بەر لە تەمەنی بیست ساڵیی یەوە هیدایەتی داوم، کە قورئانی بەڕێزو پێز لەبەر بکەم و، سەرقاڵی خوێندنەوەی تەفسیرەکانی قورئان و تێوەڕامانی ئایەتە پڕ بەرەکەتەکانی و، لێوردبوونەوەیان بم.

هەر بۆیەش تێکڕای کتێب و نامیلکەو وتارو دەرسەکانم، کەم و زۆر لەبەر ڕۆشنایی قورئان دابوون، کە دیارە هەر ئەمەش شتێکی سروشتییە؛ ئاخر ئایا ئیسلام بێجگە لە قورئان پاشان سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەویش هەر ڕوونکردنەوەی قورئان و چۆنیەتی جێبەجێکردن و کارپێکردنیەتی، شتێکی دیکەیە؟! بێگومان نەخێر.

ئنجا لەمێژ ساڵیش بوو، کە براو خوشکانێکی دڵسۆزی نزیك و ئاشنام، داوایان لێدەکردم کە دەست بکەم بە دانانی تەفسیرو لێکدانەوەیەکی قورئان، هەتا لە ڕەمەزانی ساڵی (١٤٢٨)دا هاتە دڵمەوە، کە ناوی خوای لێبهێنم و دەست بەو کارە گەورەو گرنگە بکەم، بەڵکو وردە وردە بەپێی بوارو دەرفەت، هەرساڵە هەندێکی لێ ئەنجام بدەم، لەگەڵ سەرقاڵیی زۆرو جۆراو جۆریشدا، هەتا دەرفەتێکی وام بۆ دەڕەخسێ کە بتوانم خێرایی تێدا بکەم و خۆمی بۆ یەکلایی (متفرّغ) بکەمەوەو، خوا پشتیوان بێ تەواوی بکەم، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابێ.

سەرچاوەی دانانی ئەم تەفسیرو لێکدانەوەیەشم، وێڕای سەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسیرانەی کە باون و، دەستم پێیان گەیشتوە، بریتیە لە وردبوونەوەو تێوەڕامانی خۆم لە خودی قورئان، چونکە بێگومان قورئان: هەندێکی هەندێکی ڕوون دەکاتەوە: (القرآن یُفَسِّر بَعضُهُ بَعْضَاً)، پاشان سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە پێغەمبەری خواش ڕوونکەرەوە (مُبَیِّن)ی قورئانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی:

﴿ ...وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ النحل.

واتە: وە زیکرمان بۆ لای تۆ ناردۆتە خوار، تاکو ئەوەی بۆ خەڵکی نێرراوەتە خوار، بۆیان ڕوون بکەیەوە، وە بەڵکو خۆشیان بیربکەنەوە.

ئومێدیشم وایە - بە یارمەتی خوای بەخشەر ﷻ - شایستەیی ئەوەم هەبێ تەفسیرو لێکدانەوەیەکی وا بۆ قورئان پێشکەش بە مسوڵمانانی کوردستان بکەم، کە لە قورئان بوەشێتەوەو، مایەی بەهرەو سوودی خوێنەران بێ، بەتایبەتیش کە زیاتر لە سی (٣٠) ساڵە لەگەڵ قورئانی بەرزو مەزن و تەفسیرەکانی و کتێبەکانی سوننەتدا خەریکم و، دەیان کتێب و بەرهەمی جۆراوجۆرم لە زۆربەی بوارەکانی زانستەکانی شەریعەتدا پێشکەش کردوون.

شایانی باسیشە کە ئەو بیست و دوو مانگ زیندانیی کرانەم لەلایەن ئەمریکاوە - لە (٢٠٠٣/٧/١٠ تاکو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفەتێکی گەورەو گرنگ بوو، بۆ زیاتر پێدا قووڵبوونەوەی کتێبی خوا (تبارك و تعالى)، وە بۆ پەیدابوونی تێگەیشتنی تایبەت لەبارەی زۆرێك لە ئایەتەکانی یەوە، ئەم ڕاستییەش لە مەوسووعەی: (**الإسلام كما يتجلّى في كتاب اللّه تعالى**)دا زۆر چاك درەوشاوەتەوە(١). بەڵام هەڵبەتە ناڵێم و هیچکەسیش بۆی نیە بڵێ: کە ئەم تەفسیرەی من تێروتەواوە، چونکە وێڕای سنووورداربوونی تواناو بڕستم، لە بەرانبەر کتێبی لە هەموو ڕوویەکەوە ڕەها (مطلق)و بێسنوور (لا محدود)ی خوادا، نەشمویستوە کە زۆر بەملاولادا بچم و بچمە نێو هەندێك وردەکارییەوە، کە یان من تێیدا پسپۆڕو

---

(١) ئەو مەوسووعەیە کە تێستا چاپ کراوەو، کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران و، سەرجەم هەشت بەرگ و دەوری سێ هەزارو پێنج سەد (٣٥٠٠) لاپەڕەیەو، هەوڵمداوە بەگشتی تێیدا باسی سەرجەم لایەنەکانی ئیسلام بکەم و، تاکە سەرچاوەشم قورئان بووە، وێڕای دەقەکانی سوننەت، کە لە هۆش (ذاكرة)دا بووون.

شایانی باسە ئەو مەوسووعەیە لە چاپی دووەمی دا، کراوە بە دوازدە (١٢) کتێبی سەربەخۆ، بە مەبەستی ئاسانتر سوود لێ بینرانی .

شارەزا نیم، یان خوێنەر پێویستی پێی نیە، لە کاتێکدا دەیەوێ لە قورئان تێبگات و، بزانێ خوا (تبارك وتعالى) ڕاستەوخۆ چی پێ فەرمووە؟!

ئنجا هەر لێرەشەوە بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو برا گەنجە ڕووح سووك و گورج و گۆڵ و دڵسۆزە بکەم (حەزی نەکرد ناوی بهێنم)، کە هەڵسا بە نووسینەوەو هێنانە سەر کاغەزو، پاشان تایپکردن و دوایی پێداچوونەوەو هەڵەگیریی، سەرجەم ئەم زنجیرە دەرسە، کە لە ئەسڵدا لە شێوەی وتار (محاضرة)دا پێشکەش کراون، هەروەها هەڵسا بە (تخریج)ی سەرجەم دەقەکانی سوننەت، لە سەرچاوە متمانە پێکراوەکانەوەو، زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆری بە سەرجەم بەرگەکانی ئەم تەفسیرە کێشاوە، خوا بە باشترین شێوە پاداشتی بداتەوەو، هەر ساڵح و ساغ و سەلامەت و سەربەرزبێ(١)، لە خوای بەرزو بێهاوتاش داواکارم ئەو جۆرە گەنج و لاوانە لە کوڕان و کچان، لەنێو گەلەکەماندا، زۆر بکات .

شایانی باسیشە کە ئێمە لەم تەفسیرەماندا باسی بەش (جزء)ەکانی قورئان و دابەشکردنەکانی دیکەی وەك: - (حزب) - ناکەین، چونکە هەر سوورەتێك بۆخۆی شتێکی سەربەخۆیەو، سەرجەم ئایەتەکانی وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك پێکەوە پەیوەستن و، ئاشکراشە کە دابەشکرانی سەرجەم قورئان بۆ سی (٣٠) بەش (جزء) و شەست (٦٠) (حزب)، شتێکە لەلایەن زانایانەوە کراوە، بۆ ئاسانکاریی خوێندنی قورئان، دیارە ئێمە لە دابەشکردنی بەرگەکانی ئەم تەفسیرەشدا، دیسان حیساب بۆ بەشەکان (أجزاء)ی ناکەین و، بە گوێرەی سوورەتەکان، بەرگەکانی دیاریی دەکەین.

---

(١) ئەو برا دڵسۆزە ئێستاش پاش تەواوکردنی نیوەی زیاتری قورئان، لێبڕاوانە بەردەوامە و عەزمیشی جەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمان بەردەوام بێ، هەتا کۆتایی ئەم تەفسیرە سەرگەرمی کارەکەی بێ .

دوا قسەشم ئەوەیە کە:

ئەم تەفسیرە - وەك پێشتر گوتمان - لە ئەسڵدا بەشێوەی دەرس و وتار پێشکەش کراوە، بەڵام دواتر خۆم دووجار بە وردیی پێیدا چوومەوەو، بەپێی پێویست دەستکارییم کردوە، دیارە هەموو دەرسێکیش بەناوی خواو ستایشی خوا ﷻ دەستی پێکردوە، بەڵام ئێمە لە سەرەتای دەرسەکانەوە، ئەوانەمان لابردوە، بۆ زۆر دووبارە نەبوونەوەو، ئەو (خطبة الحاجة)یەی لە سەرەتای ئەم پێشەکەییەوە هاتوە، لەجیاتی سەرجەم دەرسەکانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ،

وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢

٢٠١١/٦/٢٧

هەولێر

بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ
لەبارەی ئەم تەفسیرەوە

خوێنەری بەڕێز !

هەرچەندە لە (پێشەکی گشتیی) ئەم تەفسیرەدا باسمان کردوە کە بۆ نووسینی ئەم تەفسیرە، لە هەموو ئەو تەفسیرە باوانەی دەستم پێیان گەیشتوە، بەهرەمەندبووم، هەروەها لە کۆتایی هەر بەرگێکی ئەم تەفسیرەدا، سەرجەم ئەو تەفسیرانەی کەم و زۆر لێیان سوودمەند بووم، ناوەکانیانمان بە ڕیز نووسیون، بەڵام لێرەش وەك جەختکردنەوەی زیاترو بەرچاوڕوونیی باشتر بۆ ئێوەی بەڕێز دەڵێم :

مادام ناوی تەفسیرەکانمان نووسیوە، نە پێویست دەکات و نەدەشگونجێ، بۆ هەر تێگەیشتن و بیرۆکەیەك، کە زۆربەی تەفسیرەکان لەبارەی ئایەتێکەوە، یان ڕستەو بڕگەیەکی ئایەتێکەوە، دەیهێنین، ئێمە هەموو جارێ ناوی ئەو تەفسیرانە بێنین، بەڵام بێگومان هەر کات بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتی یەکێك لە تەفسیرەکان هەبێ و بکەوێتە بەرچاوم، ئنجا چ پەسندی بکەم، چ ڕەفزی بکەم، هەر کات بە پێویستی بزانم، بە تایبەت ئاماژەی پێدەکەم، ئەگەرنا بە ئاماژەی گشتیی و بە نووسینی ناوی تەفسیرەکان لە کۆتایی هەر بەرگێك دا، ئیکتیفا دەکەم و، زۆریش لە ئەمانەتی زانستیی (الأمانة العلمية) دەخەفتێم و مەبەستمە ڕەچاوی بکەم، چونکە ئەمینیی و ئەمانەت پارێزیی، ڕەوشتێکی گەورەو بەرزی مسوڵمانەتییە .

شایانی باسیشە جاری وا هەیە بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتیی خۆمم، دەربارەی کۆمەڵە ئایەتێك یان ئایەتێك یان ڕستەو بڕگەیەکی ئایەتێك، بۆ دروست دەبێ،

وەك تێگەیشتن و بۆچوونی خۆم دەینووسم، کەچی ڕەنگە لە تەفسیرەکانی دیکەش - یەکێکیان یان زیاتر - دا هەبێ، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە کە من ئەو تەفسیرەم نەکەوتۆتە بەر دیدە، یان دیتوومەو لەیادم نەماوە.

پێشەکی ئەم بەرگە

الحمدلله وحده، والصلاة والسلام على من لا نبيَّ بعده، وآله المُلْتزمين دَرْبَه:

بەڕێزان !

ستایش شایستە بۆ خوای میهرەبان، کە گەیاندنی بە بەرگی شازدەیەمی: (تەفسیری قورئانی بەرز و بە پێز)، کە هەردووك سوورەتی: (طه) و (الأنبیاء) دەگرێتە خۆی.

شایانی باسیشە ئێمە ئێستا لە تەفسیری کۆی سوورەتەکانی قورئان بووینەوە، وەك گوتنەوەو تۆمارکردنی دەنگیی و ڤیدیۆیی و، ماوەتەوە چاپکردنی کە بەدەستگەرمیی کاری لەسەر دەکەین.

ئەم بەرگەش وێڕای لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی چەمك و واتای ئایەتە بە پێزەکانی هەردووك سوورەتی: (طه) و (الأنبیاء) بە حەوت هەنگاو، وەك عادەتی خۆمان لە کۆی ئەم تەفسیرەدا، کۆمەڵێك بابەت و باسی دیکەشی گرتوونە خۆی، کە ئەمانە گرنگترینیانن:

أ- لە سوورەتی (طه) دا:

١- کورتەباسێك: چوار سەرنجی گرنگ لەسەر ئەم دوازدە ئایەتە (٢٥-٣٦).

٢- وەڵامەکەی مووسا و دوو بەڵگەی نکووڵیلێنەکراو لەسەر بوونی خوا.

٣- پێناسەی جادوو و چوار جۆرەکەی.

٤- پێنج وردە سەرنج.

٥- ئایا سامیریی کێ بووە؟.

٦- سێ وردە سەرنج.

٧- ئایا مووسا هەقی بووە، یان هاڕوون، لە مشت و مڕەکەیان دا؟

٨- قسە دابڕین لە ئەهلی بیدعەت و هەڵوەستەیەك.

٩- سێ جۆرە لێکدانەوە بۆ بیانووکە سامیریی لە دروستکردنی گۆلکەکەدا.

١٠- حاڵی چیایەکان لە دوارۆژدا لە پێنج قۆناغ دا، کورت هەڵدێ.

١١- لە نێوان پەلە کردن و خێرایی کردن دا.

١٢- دوو پرسیار لە بارەی ئادەمەوە و وەڵامەکەیان.

١٣- بەهەشتی هەمیشەیی، یان باخێکی سەر زەویی؟

١٤- وەڵامی سێ پرسیار.

١٥- نوکتەیەکی ڕەوانبێژیی.

١٦- وەرگرتنی دوو حوکمی گرنگ لەم ئایەتە بەپێزە (طه - ١٣٤).

ب- لە سووڕەتی (الأنبیاء)دا:

١- وەڵامی پرسیارێك.

٢- چەند قسەیەك لەبارەی بەرگە هەوای دەوری زەوییەوە.

٣- کورتە باسێك دەربارەی وەڵامی ئیبراهیم : گەورەکەیان شکاندوونی.

٤- کورتە باسێك: نۆ هەڵوەستەی کورت لە بەردەم ئەم ئایەتانەدا (٧٩-٨٠).

٥- بەسەرهاتی شەش لە پێغەمبەرانی پایەبەرزی خوا.

٦- یەکەم: بەسەرهاتی داوود.

٧- دووەم: بەسەرهاتی سولەیمان.

٨- سێیەم: بەسەرهاتی ئەییووب.

٩- چوارەم: بەسەرهاتی ذوالکیفل.

١٠- پێنجەم: بەسەرهاتی ئیلیاس.

١١- شەشەم: بەسەرهاتی ئەلیەسەع.

١٢- تیشکێك لەسەر ڕستەی: (کما بدأنا أول خلق نعیده).

هیواداریشم ئەم بەرگەش وەك بەرگە پێشووەکان بە قووڵیی و شێنەیی بخوێندرێتەوەو سەرنج بدرێ و بەهرەی شایستەی لێوەربگیرێ .

سبحانك اللهم وبحمدك، أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك

١٢ ربيع الثاني ١٤٤٢ك - ٢٩-١٠-٢٠٢٠ز

تەفسیری سووڕەتی

طه

دەستپێک

بەڕێزان!

ئەمڕۆ کە (٧)ی موحەڕڕەمی ساڵی (١٤٣٩)ی کۆچییە، بەرانبەر (٢٧/ ٩/ ٢٠١٧)ی زایینی، بە پشتیوانیی خوا، دەست دەکەین بە ڕوونکردنەوەی ماناو مەبەستەکانی ئایەتە بە پێزەکانی سووڕەتی (**طه**)، کە نیوەی دووەمی، جوزئی شازدەیەم لە قوڕئانی بە پێز پێک دێنێ.

پێناسەی سووڕەتی (طه) و بابەتەکانی

سەرەتا دێینە سەر پێناسەو نێوەڕۆکی ئەو سووڕەتەو، لە شەش (٦) بڕگەدا پێناسەی ئەم سووڕەتە موبارەکەو نێوەڕۆکەکەی دەکەین:

١)- ناوی ئەم سووڕەتە:

ئەم سووڕەتە تەنیا بە ناوی دوو پیتی سەرەتای کە (ط، هـ)ن، ناونراوە، کە دیارە ئەوانیش بە (**طا**) و (**ها**) گۆ دەکرێن، وەک هەموو ئەو پیتە پچڕ پچڕانەی دیکە کە لە سەرەتای (٢٩) سووڕەت لە سووڕەتەکانی قوڕئاندا هاتوون، ئەوە لە لای زۆربەی هەرە زۆری زانایان و لێکۆڵەرەوانی ماناو مەبەستەکانی قوڕئان، وایە.

بەڵام (**السّیوطي**) لە (**السّخاوي**)یەوە هێناویەتی، لە کتێبی (**الإتقان في علُوم القرآن**)دا، کە ئەم سووڕەتە بە (**سورة الكليم**)، هەرروەها بە (**سورة موسى**)ش

ناوی هاتوە، لەبەر ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری ئەم سوورەتە موبارەکە، بۆ بەسەرهاتی مووسا (علیە سلام) و، فیرعەون تەرخانکراوە.

٢)- ڕیزبەندیی لە موصحەف و هاتنە خواردا:

لە ڕیزبەندیی (**مُصحف**)دا، واتە: ئەو (**مُصحف**)ەی کە لەبەر دەستمانە: ژمارە (٢٠)ی بۆ دانراوە، واتە: (١٩) سوورەت لە پێشیەوە هەن، بەڵام لە ڕیزبەندیی هاتنە خواردا، زانایان ژمارە (٤٥) یان بۆ داناوە، دوای سوورەتی (**مريم**) کە ژمارە (٤٤)ەو، پێش سوورەتی (**الواقعة**)یە.

٣)- شوێنی دابەزینی:

زانایان مشت ومڕیان لەو بارەوە زۆرە، بەڵام بە پێی ئەوە کە لە مسوڵمان بوونی (عومەری کوڕی خەتتاب)دا، (خوای لێ ڕازی بێ)، باسی سوورەتی (**طه**) کراوە، کە ئێمە دواتر بەسەرهاتەکەی باس دەکەین، لە (**السيرة النبوية لابن هشام**)دا هاتوە، کە ئەویش دوای کۆچ کردنی بەشێک لە مسوڵمانان بووە، کە ژمارەیان (٨٣) هەشتا و سێ کەس بووە، بۆ حەبەشە، لەو سەرو حەدەدا عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێ)، مسوڵمان بووە، دەبێ ئەم سوورەتەش پێش مسوڵمان بوونی عومەر هاتبێتە خوار، ئنجا هەندێک دەڵێن: لە ساڵی پێنجەمی کۆچییدا، بەڵام من وا بۆی دەچم کە مسوڵمان بوونی عومەر (خوا لێی ڕازی بێ)، لە نێوان ساڵەکانی (٦ - ٧)دا بوو بێ، واتە: (٦ - ٧)ی پێغەمبەرایەتیی، وەک پێشتریش لە تەفسیری سوورەتی (**مريم**) دا باسمان کرد.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە بەسەرهاتی مسوڵمان بوونی عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) باس بکەم، وەک لە سیرەی (**إبن هشام**)دا هاتوە، ئەم کتێبەش:

(**السيرة النبوية**)، (**إبن هشام**) بە زۆری لە (**إبن إسحاق**)ەوە، دەیهێنێ بەڵام جار جار خۆیشی لێی زیاد دەکات و، هەندێک زانیاریی دەخاتە سەرێ، ئەمەش دەقی ئەوەیە کە (**ابن إسحاق**) هێناویەتی لە (**السيرة النبوية لابن هشام**)[1]:

(**إبن إسحاق**) دەڵێ: مسوڵمان بوونی عومەر وەک پێم گەیشتوە خوشکەکەی (**فاطمة بن الخطاب**)، هاوسەری (سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمڕی کوڕی نەوفەیل) بووە، کە پێشتر مسوڵمان بووەو، هاوسەرەکەشی (سەعیدی کوڕی زەید) مسوڵمان بووە، بەڵام مسوڵمان بوونی خۆیان لە عومەر پەنهان کردوە، ئنجا (**نُعَيْمُ بْنُ عَبْدِ اللهِ النَّحَام**) لە مەککە، پیاوێک بووە لە گەلەکەی خۆی، واتە: لە خزمانی عومەر لە (**بني عدي بن كعب**)، ئەویش هەر مسوڵمان بووە، بەڵام ئەویش دیسان مسوڵمان بوونی خۆی پەنهان کردوە، لە ترسی خەڵکەکەی خۆی (هی (**فاطمة و سعيد**)، لە ترسی عومەر، بەڵام هی (**نُعيم**) لە ترسی خزمەکانی).

ئنجا (خەبابی کوڕی ئەڕەت)یش، (خوا لە هەموویان ڕازی بێ)، دەچوو بۆ لای (**فاطمة بنت الخطاب**)، قورئانی فێر دەکرد، ڕۆژێک عومەر شمشێرەکەی لە کالان دەردێنێ، دەڕوا بە مەبەستی چوون بۆ لای پێغەمبەر خوا ﷺ و، کۆمەڵێک لە هاوەڵانی کە باسکراون، کە لە ماڵێکدا لە لای (صفاء)، لەوێ کۆبوونەوەو، نیزیکەی چل (٤٠) کەس بوون لە پیاوان و ئافرەتان، (دیارە لە شوێنێک بە پەنهانیی کۆبوونەوەیان کردوە)، کە ئەویش ماڵی (**أرقمِ بن الأرقم**)ە، لەو کاتەدا ئەوانەی لە خزمەت پێغەمبەردا بوون ﷺ: حەمزەی مامی بووە، کە پێش عومەر مسوڵمان بووە (**حمزة بن عبدالمطلب**)، (**أبو بكر بن قُحافة**) بووە (**أبو بكر الصديق**) و (**علي بن أبي طالِب**) بووە، کە ئەو کاتەی مسوڵمان بووە، تەمەنی دە (١٠)ساڵ بووە، بەڵام کە (٥ - ٦) ساڵی بەسەردا تێپەریون، ئەو کاتە باڵغ بووە، هەروەها پیاوانێکی دیکەش لە مسوڵمانان لەوانەی لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ مابوونەوەو، لەگەڵ ئەوانەی کە کۆچیان کرد بوو بۆ حەبەشە، نەچوو بوون.

---

[1] ج١، ص١٧٤ - ١٧٦.

ئیدی (**نُعَيْمُ بْنُ عَبْدِ اللّـهِ النَحّام**)، دەبینی کە عومەر شمشێری لە کالان دەرهێناوە، لێی دەپرسێ: بۆ کوێ دەچی ئەی عومەر؟ دەڵێ: دەمەوێ بچم بۆ لای موحەممەد ئەو هەڵگەڕاوەیەی کە دینی قورەیشییەکان و، کاروباری قورەیشییەکانی پەرتەوازە کردوەو، عەقڵی باب و باپیرانی قورەیش بە نەفام باس دەکات و، ئایینیەکەیان ڕەخنە لێ دەگرێ و، قسە بە پەرستراوەکان دەڵێ، دەمەوێ بیکوژم، (**نعیم**) پێی دەڵێ: ئەی عومەر! نەفست هەڵیخەڵەتاندووی، ئایا پێت وایە (**بنو عبدالمناف**)، خزمانی پێغەمبەر لێت دەگەڕێن لەسەر زەوی بڕۆی، لە کاتێکدا کە موحەممەدت کوشتوە! ئەدی بۆچی ناگەڕێیەوە بۆ لای ماڵی خۆت، کاروباری ماڵی خۆت چاک بکەی و ڕاست بکەیەوە، ئەویش دەڵێ: کام لە بنەماڵەی خۆم؟ دەڵێ: زاوایەکەت کە ئامۆزاشتە کە (سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمر)ەو، خوشکەکەت (**فاطمة**)، چونکە سوێند بە خوا هەردووکیان مسوڵمان بوون و، شوێن موحەممەد کەوتوون و، شوێن ئایینی موحەممەد کەوتوون، ئەگەر ڕاست دەکەی بچۆ ئەوان ڕاست بکەوە، ئیدی عومەر دەگەڕێتەوە بۆ لای ماڵێ و، دەچێ بۆ لای خوشکەکەی و زاوایەکەی کە لەو کاتەدا (**خَبّابُ بْنُ الْأَرَتّ**) پەڕاوێکی پێ دەبێ، یان چەند پەڕێکی پێ دەبن، کە سوورەتی (**طه**)یان تێدایەو، ئەو چەند ئایەتەیان کە لە سەرەتای سوورەتی (**طه**)دا دابەزیون، {یان سوورەتی (**طه**)یان تێدا هەیە}، ئەوەیان پێ دەڵێ، کاتێک هەست بە هاتنی عومەر دەکەن، (**خَبّابُ بْنُ الْأَرَتّ**) لە شوێنێک (پاش کەندوو، یاخود شوێنێک کە عومەر نایزانێ)، لەوێ خۆی پەنهان دەکات (**فاطمة بنت الخطاب**) یش، ئەو پەڕەیە کە خەبباب سوورەتی (**طه**)ی تێدا پێی دەگوتن، دەیخاتە بن ڕانی، دیارە عومەر کاتێک دێتە نیزیک ماڵ، گوێی لە (**خَبّاب**) دەبێ کە قورئانیان پێ دەڵێ، ئنجا کاتێک دێتە ژوور دەڵێ: ئەو دەنگە دەنگە چی بوو دەمبیست؟ ئەوانیش پێی دەڵێن: هیچت نەبیستوە، هیچ شتێکی زیادە نەبوو، ئەویش دەڵێ: با، سوێند بە خوا هەواڵیشم پێدراوە کە دەبێ ئێوە مسوڵمان بوون و، شوێن موحەممەدو ئایینەکەی کەوتوون، ئیدی پەلاماری زاواکەی (سەعیدی کوڕی زەید

دەدات)، خوشکەکەشی هەڵدەستێ، بەرگریی لە مێردەکەی دەکاو ناهێڵێ لێی بدا، ئنجا لەویش دەداو، سەری یاخود دەم و چاوی دەشکێنێ، کاتێک ئەوە دەکات، خوشکەکەی و زاواکەشی، هەردووکیان پێی دەڵێن: بەڵێ مسوڵمان بووین و، بڕوامان بە خواو بە پێغەمبەرەکەی هێناوەو، تۆش هەر چیت لە دەست دێ بیکە، کاتێک عومەر خوشکەکەی دەبینێ ئاوا خوێنی پێدا دێ، دیارە بەزەیی پێدا هاتۆتەوە، پەشێمان دەبێتەوە لەوەی کە کردوویەتی و، دەست هەڵدەگرێ لە لێدانیان و بە خوشکەکەی دەڵێ: ئەو پەڕەیەی کە گوێم لێ بوو دەتانخوێند، تۆزێک پێش ئێستا وێم بدە، با تەماشای بکەم، داخۆ موحەممەد چی هێناوە، عومەریش (خوا لێی ڕازی بێ) نووسەر بوو، واتە: دەیتوانی بیخوێنێتەوە (بنووسێ و بخوێنێ) کاتێک وا دەڵێ: خوشکەکەی پێی دەڵێ: ئێمە دەترسین تۆ زیانێک بەو پەڕە بگەیەنی، ئەویش دەڵێ: مەترسێ و سوێندی بە پەرستراوەکانی بۆ دەخوات، ئنجا **(فاطمة)**ش ئومێدەوار دەبێ بە مسوڵمان بوونی، بۆیە پێی دەڵێ: برایەکەم تۆ مادام هاوبەش بۆ خوا دانەری، پیسی و ئەو قورئانەش دروست نیەو پاک نەبێ دەستی لێ بدەن، (واتە: هەڵسە خۆت بشۆ)، ئیدی عومەر هەڵدەستێ خۆی دەشوات، ئەویش پەڕەکانی پێدەدات، کە سوورەتی (طه)یان تێدایە، دەیخوێنێتەوە[1]، چونکە هاتوە: **(فَلَمَّا قَرَأَ مِنْهَا صَدْرًا)**، کاتێک کە سەرەتایەکەی (سوورەتی (طه)ی) خوێندەوە، گوتی: **(مَا أَحْسَنَ هَذَا الْكَلَامَ وَأَكْرَمَهُ)** واتە: ئەم قسەیە چەند بەڕێزەو چەند چاکە!

ئنجا کاتێک خەبباب گوێی لەو قسەیە دەبێ، دێتە دەر لەو شوێنەی کە خۆی تێدا پەنهان کردوەو، دەڵێ: ئەی عومەر! ئومێدم وایە کە خوا ﷻ تۆی تایبەت کردود بە پاڕانەوەکەی پێغەمبەر ﷺ، چونکە دوێنێ گوێم لێ بوو، دەیفەرموو: **(أَللَّهُمَّ! أَيِّدْ الإِسْلَامَ بِأَبِي الْحَكَمِ بْنِ هِشَامٍ أَوْ بِعُمَرِ بْنِ الْخَطَّابِ)** ئەی

---

(١) وا پێدەچێ ئایەتەکانی سەرەتای سوورەتی (طه) بووبن، ئەو (٨) هەشت ئایەتەی کە ئێمە دەیانکەین بە دەرسی یەکەم، وا پێدەچێ هەر ئەو (٨) هەشت ئایەتە بووبن، یاخود زیاتریشی تێدا بووبێ، بەڵام بێگومان باس نەکراوە کە هەموو سوورەتی (طه)ی خوێند بێ، کە (١٣٥) ئایەتە.

خوایە! ئیسلام بەهێز بکە، بە (أبي الحكم بن هشام)، (واتە: (أبو جهل))، یاخود بە عومەری کوڕی خەتتاب، ئەی عومەر! خوات بە گژ دادەکەم، هەوڵبدە کە تۆ ئەو دوعایەی پێغەمبەرت بۆ گیرا بووبێ.

ئنجا عومەر لەو کاتەدا پێی دەڵێ: ئەی خەبباب! پێم بڵێ موحەممەد لە کوێیە؟ تاکو بچم مسوڵمان ببم! خەبباب پێی دەڵێ: لە ماڵێکە لە لای صەفا، کۆمەڵێک لە هاوەڵانی لە خزمەت دان، ئنجا عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) شمشێرەکەی هەڵدەگرێ و دەیخاتە کالانەکەیەوەو بە شانی دا دەکات و، دوای دەچێ بۆ لای پێغەمبەر ﷺو هاوەڵانی و لە دەرگا دەدات، کاتێک دەنگەکەی دەبیستن، پیاوێک لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵدەستێ لە کەلێنی دەرگاکەوە تەماشا دەکات، عومەرە خوای لێ ڕازی بێ شمشێرەکەی بە شاندا کردوە، دەگەڕێتەوە لای پێغەمبەری خوا ﷺ لە حاڵێکدا کە ترساوە، دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەوە عومەری کوڕی خەتتابە شمشێرەکەی لە ملدایەو هاتوە، (حمزة بن عبدالمطلب) دەڵێ: مۆڵەتی بدە، ئەگەر بۆ خێرو چاکە هاتبێ، ئەوا خێرو چاکەی پێ دەدەین و، ئەگەر بۆ خراپەش هاتبێ، بە شمشێرەکەی خۆی دەیکوژین، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: مۆڵەتی بدەن، پیاوەکە مۆڵەتی دەداو دەڵێ: وەرە ژوور پێغەمبەری خواش ﷺ هەڵدەستێ تاکو لە لای دەرگاکە دەیگرێ و (پشتێنەکەی دەگرێ، یاخود یەخەی دەگرێ)، بە توندیی ڕایدەتەکێنێ و دەفەرموێ: ئەی کوڕی خەتتاب! چ شتێک تۆی هێناوە، سوێند بە خوا پێم وایە تۆ واز ناهێنی تاکو خوا سزایەکت بۆ دەنێرێتە خوار، یاخود چەند ئایەتێک بۆ سزادانی تۆ؟.

عومەر (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! هاتووم کە بڕوا بە خواو بە پێغەمبەرەکەی بێنم و بەوەی کە لە خواوە هاتوە، ئیدی پێغەمبەر ﷺ (اللـه أكبر)ێک دەکات، خەڵکەکەی کە لە ماڵەکەدان، (واتە: هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ هەموویان ئەوانەی کە لەوێدان)، دەزانن کە عومەر مسوڵمان بووە.

ئنجا ئیدی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە شوێنی خۆیان هەڵدەستن و دڵیان بەوە خۆشدەبێ، بە مسوڵمان بوونی عومەر، هەروەها بە مسوڵمان بوونی حەمزەش پێش ئەو و، دەشزانن کە لەمەودوا حەمزەو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ)، بەرگریی لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن و، تۆڵەش لە دوژمنەکانیان دەکەنەوە.

هەڵبەتە ئەمە ئەوەیە کە (إبن إسحاق)، هێناویەتی و یەک دوو ڕیوایەتی دیکەشی هێناون، بەڵام ئەوەی جێی مەبەست بوو، ئەمە بوو.

٤)- ژمارەی ئایەتەكانی ئەم سوورەتە:

بە چوار جۆر ئایەتەکانی ئەم سوورەتە سەرژمێر کراون:

١- خەڵکی مەککەو مەدینە ئایەتەکانیان بە (١٣٤) داناون.

٢- بەڵام خەڵکی شام بە (١٤٠)یان داناون.

٣- خەڵکی بەصرە بە (١٣٢)یان داناون.

٤- خەڵکی کووفەش بە (١٣٥)یان داناون، کە دیارە ئەو (مصحف)ی ئێمە لەبەر دەستماندا هەیە، ئەم ژمارەیەی تەبەنیی کردووە.

پێشتریش گوتوومانە: کە ژمارەی ئایەتەکان، جیاوازیی هەیە، بەهۆی کورتیی و درێژیی ڕستەکانەوە، ئەگەرنا هیچ زانایەک، نەیگوتوە: فڵان پیتە، یان فڵان وشەیە لە قورئاندا هەیە، یەکی دیکەشیان بڵێ: نیە، بەڵام لە کوێ دەوەستی، یان ناوەستی؟ جاری وایە ڕستەیەک زانایەک کردوویەتی بە دوو ئایەت، زانایەکی دیکە کردوویەتی بە یەک ئایەت، بەوە ئایەتەکان ژمارەیان کەم و زیاد دەکات.

٥)- نێوەڕۆکی:

ئەم سوورەتەش بە هەر (١٣٥) ئایەتەکەیەوە، وەک سەرجەم قورئانی مەککەیی لە سوڕگەی: بووناسیی و، ئیمان و عەقیدە واتە: ئیمان و خوا بە یەکگرتن بە هەموو پایەکانیەوە، پاشان خواپەرستیی و ڕەوشت و ئاکارو، پاشان باسی ڕۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ و...هتد، لەو سوڕگەیەدا دەخولێتەوەو، دەتوانین بڵێین: ئەم سوورەتە بۆ پێنج بابەتی سەرەکیی دابەشکراوە:

١- هەشت ئایەتی سەرەتای سوورەتەکە، وەک پێشەکی وان.

٢- نەوەد (٩٠) ئایەت، ئایەتەکانی: (٩ - ٩٨)، تەرخانکراون بۆ بەسەرهاتی مووساو هاروونی برای عليه السلام، هەروەها فیرعەون و دارو دەستەکەی، کە زۆرترین ئایەتن لە سوورەتێکدا بۆ ئەو بەسەرهاتە تەرخان کرابن، وەک ژمارەی زۆر، ئەگەرنا لە سوورەتی (الأعراف)دا کە لە بەرگی شەشەمی ئەم تەفسیرەدا، شیمانکردەوەو مانای ئایەتەکانیمان لێکدایەوە، لەوێ بۆ ئەو مەبەستە شەست و نۆ (٦٩) ئایەت تەرخانکراون، کە ئایەتەکانی: (١٠٣ - ١٧١)ن، کە بە تەئکید لە ڕووی قەبارەو، لە ڕووی پانتاییەوە، لەو نەوەد (٩٠) ئایەتەی ئێرە زیاترن.

٣- ئایەتەکانی: (٩٩ - ١١٤)ن، واتە: شازدە (١٦) ئایەت، بۆ باسی ڕۆژی دوایی و باسی قورئان، تەرخان کراون.

٤- ئایەتەکانی: (١١٥ - ١٢٧)، واتە: سێزدە (١٣) ئایەت، بۆ بەسەرهاتی ئادەم و حەووا (علیهما السلام) و ئیبلیس و، سەرەنجامی شوێنکەوتووانی ئیبلیس و، شوێنکەوتووانی پێغەمبەران (عَلَیهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، تەرخان کراون.

٥- ئایەتەکانی: (١٢٨ - ١٣٥) کە هەشت (٨) ئایەتی کۆتایین، بۆ خستنە ڕووی چەند ڕێنماییەکی گرنگ بۆ پێغەمبەر ﷺ و شوێنکەوتووانی تەرخانکراون.

٦- دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

ئێمە ئەو (١٣٥) ئایەتەمان دابەش کردوون، بۆ حەوت (٧) دەرس:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ٨)، کە بە پێشەکی ئەم سوورەتە دادەنرێ، باسی ئامانجی دابەزێنرانی قورئان و، سەرچاوەکەی و، وەسفی خوا ﷻ و بە دێهێنەرایەتیی خوا و خاوەندارێتیی و حوکمڕانێتیی و زانایەتیی و، تەنیا پەرستراوێتیی و، خاوەندار بوونی بۆ هەرچی ناوی هەرە چاک و پەسندە، ئەو بابەتانە باسکراون.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (٩ - ٥٥)، واتە: چل و حەوت (٤٧) ئایەت دەگرێتەوە، کە سەرەتای بوونە پێغەمبەری مووسا عليه السلامو، ڕەوانەکرانی بۆ لای فیرعەون و، خستنە ڕووی داواکارییەکانی و، وەڵامدرانەوەیان و، ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ فیرعەونداو... هتد، خراوەتە ڕوو.

دەرسی سێیەم: ئایەتەکانی: (٥٦ - ٧٦)، واتە: بیست و یەک (٢١) ئایەت، کە بەرەنگاربوونەوەی مووساو هاڕوون (علیهما السلام)و، جادووگەرەکانی فیرعەون و، شکستهێنانی جادووگەرەکان و، سەرەنجام بڕوا هێنانیان و، هەڕەشەکردنی فیرعەون لە جادووگەرەکان، کە دەستی ڕاست و پێی چەپیان دەبڕێ و، بە گڵۆفکی دارخورمایان هەڵدەواسێ، ئەوانیش بێ باکیی و بێ منەتیی خۆیان دەردەبڕن، باسی ئەوە کراوە.

دەرسی چوارەم: ئایەتەکانی: (٧٧ - ٩٨)، واتە: بیست و دوو (٢٢) ئایەت، باسی فیرعەون دەربازکرانی بەنی ئیسرائیل و، چوونی مووساو بۆ ژوانگەو، فریودانی سامیریی بۆ بەنی ئیسرائیل و، گەڕانەوەی مووسا و لێپرسینەوەی لەگەڵ هەر کام لە خەڵکەکە، (واتە: بەنی ئیسرائیل) و، هاڕوونی برای عليه السلامو، سامیریی فریودەر، کراوە.

دەرسی پێنجەم: ئایەتەکانی: (٩٩ - ١١٤)، واتە: شازدە (١٦) ئایەت دەگرێتە خۆی، کە تێیان دا باسی قیامەت و ڕووداوەکانی و، باسی قوڕئان و، باسی چۆنیەتی مامەڵەی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ قوڕئاندا، کراوە.

دەرسی شەشەم: ئایەتەکانی: (١١٥ - ١٢٧)، واتە: سێزدە (١٣) ئایەت، کە تێیان دا باسی ئادەم و هاوسەرەکەی (علیهما السلام)، هەروەها باسی ئیبلیس و چۆنیەتی فریودانی ئیبلیس بۆ ئادەم و حەوواو، خواردنیان لە درەختە قەدەغەکراوەکە، کراوە.

دەرسی حەوتەم و کۆتایی: ئایەتەکانی: (١٢٨ - ١٣٥)، واتە: هەشت (٨) ئایەت، کە تێیان دا باسی گەڕانەوە بۆ لای مێژوو و، چەند ڕێنماییەک بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ لە بواری مامەڵە کردنی لەگەڵ کۆمەڵگادا، کراوە.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان هەشت (٨) ئایەتی سەرەتای سووڕەتی (طـه) دەگرێتە خۆی، کە تەرخانکراون بۆ ڕوونکردنەوەی ئامانجی نێردرانی قورئان و، وەسفی دابەزێنەرەکەی کە خوایە ﷻ بەوە: کە بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانە بەرزەکانەو، حوکمڕانی ڕەهای بوونەو، خاوەنی هەموو شتێکەو، هیچ شتێکی لێ پەنهان نیەو، تەنیا ئەو پەرستراوەو، خاوەنی هەرچی ناوی پەسندو چاکە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿طه (١) مَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لِتَشۡقَىٰٓ (٢) إِلَّا تَذۡكِرَةٗ لِّمَن يَخۡشَىٰ (٣) تَنزِيلٗا مِّمَّنۡ
خَلَقَ ٱلۡأَرۡضَ وَٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلۡعُلَى (٤) ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ (٥) لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي
ٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا وَمَا تَحۡتَ ٱلثَّرَىٰ (٦) وَإِن تَجۡهَرۡ بِٱلۡقَوۡلِ فَإِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ وَأَخۡفَى (٧)
ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ (٨)﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{(بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە، (طا، ها)، (١) قورئانمان بۆ ئەوە دانەبەزاندۆتە سەرت کە ناڕەحەت و گرفتاربی (٢) (قورئانمان) بۆ جگە لە بیرخستنەوە (ی ڕاستییە خواڕسکەکان) بۆ کەسێک کە (لە سزای خوا) بترسێ، دانەبەزاندوە (٣) (ئەم کتێبە) لە لایەن کەسێکەوە دابەزێنراوە کە زەمین و

ئاسمانە بڵندەکانی هێناونە دی (٤) (خوای) بەبەزەیی کە لەسەر تەختەکەیەتی (بەو جۆرەی کە شایستەیەتی) (٥) هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدایەو، ئەوەی کە لە نێوانیانداو، لە بن خاکی شێدار دایە، هی ویە (٦) ئەگەر قسەش بە دەنگی بەرز بکەی (یان پەنهانیی بیکەی هەر دەیزانێ)، چونکە نهێنیی و پەنهانتریش (لە نهێنیی) دەزانێ (٧) خوا، جگە لەوی هیچ پەرستراوێک نیە، ئاوە هەرە چاکەکانی هەن (٨)﴾.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(لِتَشۡقَىٰٓ): (**شَقِيَ يَشْقَى شَقاً وَشَقَاءً: تَعِسَ وَسَاءتْ حَالُـهُ، وَشَقِيَ فـي كَذَا: تَعِبَ وَاشْتَدَّ عَنَاؤُهُ وَالشَّقَاءُ: العُسْرُ وَالتَّعَبُ وَالشِّدَّةُ والمِحْنَةُ والضَّلاَل**)، کە دەفەرموێ: ﴿ مَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لِتَشۡقَىٰٓ ﴾، قورئانمان بۆ ئەوە دانەبەزاندۆتە سەرت کە (**شَقِي**)بێ، دەگوترێ: (**شَقِيَ يَشْقَى شَقاً وَشَقَاءً**)، واتە: حاڵی خراپ بوو، بەدبەخەت بوو، نابەختەوەر بوو، دەگوترێ: (**شَقِيَ فـي كَذَا: تَعِبَ**)، واتە: تێیدا ماندوو بوو، هەروەها دەگوترێ: (**شَقِيَ فِي كَذَا: اشْتَدَّ عَنَاؤُهُ**)، ناڕەحەتییەکەی زۆر بوو، هەروەها (**شَقَاء**) بە سەغڵەتیی و ناڕەحەتیی دێ و، بە مانای ماندوو بوون دێ و، بە مانای سەختیی دێ و، بە مانای بەڵا دێ و، بە مانای گومڕاییش دێ، لە هەندێ ناوچان لە کوردەواریی خۆماندا دەڵێن: خۆت (شەقیی) مەکە، واتە: خۆت ماندوو مەکە، یاخود دەڵێن: پێوەی شەقیی بوو، مەبەستیان ئەوەیە پێوەی ماندوو بوو.

(ٱسۡتَوَىٰ): دەگوترێ: (**اسْتَوَى عَلَى كَذَا أي: اسْتَقَرَّ، وَثَبَتَ، وَمَلَكَ وَتَوَلَّى عَلَى مُلْكٍ**)، (**اسْتَوَى عَلَى كَذَا**) واتە: لەسەری چەسپا، لە سەری نیشتەجێ بوو و، خستیە ژێر ڕکێفی خۆی و، دەستەڵاتی تێدا ڕانا، چونکە (استوى) ئەگەر بە (على) تەعەددا

بکات، ئەو مانایانەی هەن، بەڵام جاری واش هەیە (**استوی**) بە مانای (**قَصَدَ**) ویستی، هەروەها بە مانای (پێگەیشت) دێ: ﴿ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسۡتَوَىٰٓ ﴾، کاتێک گەیشتە توغیانی تاقەتی خۆی و کامڵ بوو، پێگەیشت.

(**ٱلثَّرَىٰ**): (**الأَرْضُ النَّدِيُّ، والتُّرَابُ النَّدِيُّ**)، (**ثَرَى**) بە زەوی دەگوترێ، زەوی شێدار، هەروەها بە خۆڵی شێداریش دەگوترێ.

(**ٱلسِّرَّ**): دەڵێ: (**السِّرُّ: مَا تَكْتُمهُ وتخفيه، مَا يُسِرهُ المَرْءُ فِي نَفْسِهِ مِنَ الأُمُورِ الَّتِي تلزمُ عَلَيْهَا**)، (سر) ئەوەیە کە پەنهانی دەکەی و دەیشاریەوە، ئەوەیە کە مرۆڤ لە دڵی خۆیدا پەنهانی دەکات، لەو کارانەی کە پێویستە بیانکات، بەڵام پەنهانیان دەکات و بۆ خەڵکیان دەرنابڕێ.

ماناى گشتیی ئایەتەکان

سەرەتا دەڵێین: ئەم هەشت (٨) ئایەتە، بێگومان چەند مانایەکی زۆر گەورەو گرنگ دەگرنە خۆیان، هەر بۆیەش وەک لە بەسەرهاتی مسوڵمان بوونی عومەردا خوای لێ ڕازی بێ، باسمان کرد، کە ئەم ئایەتانە دەخوێنێتەوە، (وا پێدەچێ ئەم هەشت ئایەتە بووبن)، زۆر توند عومەر ڕادەچڵەکێنن و لە خەوی بێ ئاگایی نێو شیرک و کوفر بە خەبەری دێنن و، دەزانێ کە ئەو فەرمایشتە لە توانای مرۆڤدا نیە، شتی وا بڵێ، وەک لە بەسەرهاتەکەیدا پێشتر باسمان کرد، ئنجا با تەماشا بکەین مانای گشتیی ئەم هەشت ئایەتە چۆنە؟

سەرەتا خوا ﷻ وەک سەرەتای هەموو سوورەتەکان بێجگە لە سوورەتی **(التوبة)** دەفەرموێ: **(بِسمِ الله الرحمن الرحيم)**، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە: ئەم کارە دەست پێدەکەم، یان دەست پێکردنی ئەم کارەم، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندەیە، کە ئەویش دەبێ مرۆڤ چەند مەبەستێک لە دڵ بگرێ:

١)- ئەو کارە بە ناوی خواوە دەکەم.

٢)- ئەم کارە بۆ خوا دەکەم.

٣)- ئەم کارە بە پێی بەرنامەی خوا دەکەم.

٤)- ئەم کارە بە پێی تواناو بڕستێک کە خوا پێی داوم دەیکەم، نەک بە شان و شەوکەتی خۆم.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ طه ﴾، کە دیارە ئەمانە دوو پیتن: کە پیتی (طا)و پیتی (ها)ن، ئەمە ڕای زۆربەی هەرە زۆری زانایانە، هەروەک سوورەتی: ﴿ يس ﴾،

هەروەها سوورەتەکانی: ﴿ حمٓ ﴾ەکان، کە ئێمە لە سەرەتای سوورەتی (یونس)دا، زۆر بە تەفصیلّ باسی ئەو پیتە پچڕپچڕانەمان کرد، کە لە سەرەتای بیست و نۆ (٢٩) سووڕەت، لە سوورەتەکانی قورئان هاتوون، ئەوەی لەوێ گوتوومانە: پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات، گرنگ ئەوەیە لێرەدا خوا ﷻ ئەم سوورەتە بەو دوو پیتە دەست پێدەکات: ﴿ طه ﴾.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ مَآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ لِتَشْقَىٰٓ ﴾، قورئانمان بۆیە دانەبەزاندۆتە سەرت کە ناڕەحەت ببی، ماندوو ببی، بەد بەخت ببی، ژین تاڵ ببی، ئنجا لە هەندێک لە بەسەرهاتاندا هاتوە، کە کافرەکان گوتوویانە: پێغەمبەر ﷺ دوای ئەوەی کە خوا کردوویەتی بە پێغەمبەر ﷺ، بەردەوام شە و نوێژ دەکات و، زۆر عیبادەت دەکات و، لە دەوری کەعبە ماندوو دەبێ، بە شەو و بە ڕۆژ، گوتوویانە: موحەممەد ئەو ئایینەی کە بۆی هاتوە، بۆتە مایەی گرفتاریی و ناڕەحەتیی و سەغڵەت بوونی، خوا ﷻ بەرپەرچی ئەوانە دەداتەوەو دەفەرموێ: قورئانمان بۆ ئەوە دانەبەزاندۆتە سەر تۆ، کە ناڕەحەت بی و گرفتارو بەدبەخت بی، ئەوە واتایەکی.

واتایەکی دیکەی ئەوەیە، کە پەیوەندیی بەوەوە نەبێ کە خەڵک چی گوتوە؟ بەڵکو خوا ﷻ وەک ڕاستییەکی مەزن دەفەرموێ: قورئانمان بۆ ناڕەحەت بوونی تۆ، هەروەها ناڕەحەت بوون و گرفتار بوونی ئەوانەی کە شوێن تۆ دەکەون، دانەبەزاندوە، ﴿ إِلَّا تَذْكِرَةً لِّمَن يَخْشَىٰ ﴾، واتە: قورئانمان دانەبەزاندوە، مەگەر بیر خەرەوە بێ بۆ کەسێک کە بترسێ، لە چی بترسێ؟ بێگومان لە سزای خوا بترسێ و، سام و هەیبەتی هەبێ بەرانبەر بە خوا، شەرم و شکۆی هەبێ بەرانبەر بە خوا ﷻ، واتە: تەنیا بۆ ئەوە دامانبەزاندوە: ئەو ڕاستییانەی کە لە خواڕسک و زگماکی مرۆڤەکاندا هەن، بیریان بخاتەوە، بەڵام کەسێکیش ئەوانەی دەکەوێتەوە بیر کە خوا ﷻ بناسێ و، بزانێ خۆی و ئەو بوونەوەرو دەوروبەرە، ئەو گەردوونە بێ خاوەن نیە.

﴿ تَنزِيلًا مِّمَّنْ خَلَقَ ٱلْأَرْضَ وَٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلْعُلَى ﴾، ئەم کتێبە دابەزاندنەکەی لە لایەن کەسێکەوەیە، کە زەوی و ئاسمانە بڵندەکانی هێناونە دی، لێرەدا دوای ئەوەی کە ئامانجی دابەزێنرانی قورئان دەخاتە ڕوو، ئنجا سەرچاوەی لێوە هاتنە خوارەوەی قورئان و، ئەو زاتەی کە دایبەزاندوە، دەست دەکات بە پێناسەی، ددفەرموێ: ئەو زاتە بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانە بڵندەکانە.

﴿ ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ ﴾، میهرەبانە و خاوەن بەزەیی بێ سنوورەو، چۆتە سەر عەڕش بەو شێوەیەی کە بۆ خوا شایستەیە، کە بێگومان لێرەدا مەبەستی پێ ئەوەیە کە خوا گەردوونی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆی، هەڵبەتە من ناڵێم: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۝٣ ﴾یونس، یان: ﴿ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ ﴾، تەنیا مەبەستەکەی ئەوەیە، بەڵام بێگومان ئەوەش ددگرێتەوە، کە خوا ﷻ لەسەر عەڕش و بارەگای خۆیەوە سەرپەرشتی بوونەوەر دەکات و، لە ژێر ڕکێفی وی دایەو، بەو شێوەیەی کە حیکمەتی ددیخوازێ ئیدارەی گەردوون ددکات و سەرپەرشتیی دەکات.

﴿ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَمَا تَحْتَ ٱلثَّرَىٰ ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و، هەرچی لە زەوی و، هەرچی لە نێوانیاندا هەیەو، هەرچی لە بن گڵی شێداریشدا هەیە، هەمووی هی ئەوە، واتە: خاوەندارێتیی ڕەهای هەیە، بۆ خوارەوەی دروستکراوەکان و بۆ سەرەوەی دروستکراوەکان، بۆ ئەوەش کە دەکەوێتە نێوانیانەوە، بۆ ئەوەش کە پەنهانە.

لێرەدا خوا دوای ئەوەی باسی بە دیهێنەرایەتیی خۆی کرد، ئنجا باسی بەزەیی و بەخشندەیی خۆی دەکات و، باسی ئەوە کە سەرپەرشتیی گەردوون دەکات و، دوایی باسی خاوەندارێتیی خۆی ددکات.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَإِن تَجْهَرْ بِٱلْقَوْلِ فَإِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ وَأَخْفَى ﴾، هەروەها ئەگەر تۆ قسە بە دەنگی بەرز بکەی، دەنگتی پێ هەڵبڕی، ﴿ فَإِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ

وَأَخۡفَى ﴾، بە دڵنیایی خوا ئەوە کە پەنهانەو، ئەوەش کە لە پەنهان پەنهانترە، ئەویش دەزانێ، (ٱلسِّرَّ)، قسەیەکە لەبەر خۆتەوە بیکەی بە چپە، بەڵام (وَأَخۡفَى) واتە: ئەوەش کە لەو پەنهانترە، کە بریتیە لەو خولیاو هەستانەی لە عەقڵ و دڵ و دەروونی مرۆڤدا هەن، کەواتە: ئەوەش باسی زانیاریی بێ سنووری خواو، ئاگاداری بێ سنووری خوایە، سەبارەت بە دروستکراوەکانی.

ئنجا دێتە سەر باسی سیفەتێکی دیکەی خواو دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، خوا، جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، ئەمیش باسی یەکتایی خواو تەنیا پەرستراوێتیی خوایە.

ئنجا دێتە سەر باسی ناوە هەرە بەرزو پەسندەکانی خوا: ﴿ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ ﴾، هەرچی ناوی هەرە چاکن، هی ئەون، واتە: ناوە هەرە چاکەکان هی ئەون، بێگومان ناو، ناوونیشانە بۆ سیفەت، لەبەر ئەوەی خوا خاوەنی سیفەتە هەرە بەرزەکانە، هەروەک دەفەرموێ: ﴿ وَلَهُ ٱلۡمَثَلُ ٱلۡأَعۡلَىٰ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴿٢٧﴾ ﴾الروم، واتە: سیفەتی هەرە بەرز لە ئاسمانەکان و زەوی دا هی خوایە، کەسێک سیفەتی هەرە بەرزی هەبن، دیارە ناوی هەرە چاکیشی هەن، کەسێکی واش، زاتێکی واش، کە تەنیا خوایە ﷻ، بێگومان جگە لە کرداری هەرە چاک و رێک و پڕ حیکمەت، لێی چاوەڕێ ناکرێ.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خوا دەفەرموێ: ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ، طه﴾ :

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، زۆر جاری دیکەش بەمجۆرە مانامان کردوە: بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، یان: بە ناوی خوای میهرەبانی بەخشندە.

٢)- ﴿طه﴾، ئەمانە دیارە دوو پیتن، هەندێک لە زانایان گوتوویانە: ئەمە لەبەر ئەوە بووە، کە پێغەمبەر ﷺ لەسەر یەک پێ، خوا پەرستیی کردوە، بۆ ئەوەی زیاتر ملکەچیی بۆ خوا بنوێنێ، خوا فەرموویەتی: (طأ ها)، یانی: پێت بخەرە سەر زەوی، واتە: هەردووک پێت! بەڵام بەڕاستیی ئەوانە هیچ بەڵگەیەکی وایان بە دەستەوە نیەو، بە عەقڵ و سەلیقەی خۆیان، ئەم مانایەیان داتاشیوە، مانای ڕاست هەر ئەوەیە کە ﴿طه﴾، هەروەک: ﴿يس﴾ و ﴿حم﴾، وەک باقی ئەو پیتە پچڕپچڕانەی کە لە سەرەتای ئەو بیست و نۆ (٢٩) سووڕەتەی لە قورئاندا هاتوون، کە بە زۆریش وایە، بە دوای ئەو پیتە پچڕپچڕانەدا، باسی قورئان کراوە، چونکە ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەو قورئانەی کە ئێوەی مرۆڤ و جند لە بەرانبەریدا دەستە پاچەن و، ناتوانن نەک قورئانێکی وا، بەڵکو دە (١٠) سووڕەت و، بگرە سووڕەتێکی واش بێنن، ئەو قورئانە هەر لەو پیت و لەو دەنگانە پێک هاتوە، کە ئێوە بەکاریان دێنن، بەڵام خوا ﷻ ئەو فەرمایشتەیەی، ئەو موعجیزەیەی لێ پێکهێناون، کەواتە: بزانن ئەو کەرەستەیە لە بەر دەستی ئێوەش دا هەیە، بەڵام خوا ﷻ بەو کەرەستەیە کتێبێکی پەیدا کردوە، کە فەرمایشتەکەی خۆیەتی، کە ئێوە ناتوانن وەک ئەوە بێنن، کەواتە: بزانن سەرچاوەی هاتنی ئەو قورئانە، ئەو فەرمایشتە بەرزو ناوازەیە، خوای بێ وێنەیە ﷻ.

مەسەلەی دووەم:

حیکمـەت و ئامانجـی دابەزێنرانـی قورئـان، ناڕەحـەت کـردن و سـەغڵەت کـردن نیـە، بەڵکـو بـە پێچەوانــەوە: بــە ختەوەرکــردن و بیرخســتنەوە و هۆشـیارکردن و بێدارکردنەوەیـە بـۆ مرۆڤـەکان:

خــوا دەفەرمــوێ: ﴿ مَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لِتَشۡقَىٰٓ ۝٢ إِلَّا تَذۡكِرَةٗ لِّمَن يَخۡشَىٰ ۝٣ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ مَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لِتَشۡقَىٰٓ ﴾، قورئانمان بۆیە دانەبەزاندۆتە سەر تۆ، تاکو ناڕەحەت و ماندوو و سەغڵەت ببی و، تووشی ژین تاڵیی ببی.

وشـەی (الشَّقَاءُ) وەک پێشـتر باسـمان کـرد، هـەم بـە مانـای بەدبەختیـی دێ، هـەم بـە مانـای ناڕەحەتیـی و گرفتاریـی دێ، هـەم بـە مانـای مانـدوو بـوون دێ، هـەم بـە مانـای بـێ مرادیـی دێ، چونکـە (شـقاء)، پێچەوانـەی (سـعادة)ە، (سـعادة)یش، واتـە: بەختەوەریـی و بـە ئامـانج گەیشـتن، بـە مـراد گەیشـتن، (شـقاء)یش واتـە: ناڕەحەتیـی و بـێ مرادیـی و مانـدوو بـوون، واتـە: قورئانمـان بۆیـە دانەبەزاندۆتـە سـەر تـۆ، ببێتـە مایـەی ناڕەحەتیـی و گرفتاریـی و مانـدوو بـوون و بـێ مرادییـت.

٢)- ﴿ إِلَّا تَذۡكِرَةٗ لِّمَن يَخۡشَىٰ ﴾، قورئانمان نەناردۆتە خوار، مەگەر بۆ ئەوە کە بیر خەرەوە بێ بۆ کەسێک بترسێ، ئەم ڕستەیە، شارەزایانی زمانی عەرەبیی دەڵێن: **(إستثناء مُفرّغٌ من أحوالٍ للقرآنِ مَحْذُوفَةٍ، أي: ما أنزلنا عليك القرآنَ في حالٍ منَ الأحوال، إلّا حال تذكرة لِمَنْ يشاه)**، ئەمە لە ڕێزمانی عەرەبیی دا پێی دەگوترێ: **(إستثناءُ مُفَرّغ)**، هەڵاواردنێکی بۆشکراو، بەتاڵ کراوە، کە مانایەکەی بەو شێوەیە: قورئانمان دانەبەزاندۆتە سەر تۆ لە هیچ حاڵێک لە حاڵەکاندا، مەگەر لە حاڵی بیر خەرەوەییدا بۆ کەسێک کە بترسێ، واتە:

تەنیا قورئانمان بە ئامانجی ئەوە دابەزاندوە، کە کەسێک بیەوێ بەرەو خوا بگەڕێتەوە، لە سزا و جەزرەبەی دادگەرانەی خوا بترسێ و، بەرەو خوا بگەڕێتەوە، ئنجا هەر کەس سام و هەیبەت و ڕێزو حورمەتی بەرانبەر خوا عزوجل هەبێ، دەبێتە هۆی بیرخستنەوەی، چی بیر دەخاتەوە؟ ئەو ڕاستییانەی کە خوا ﷻ لە خواڕسک و ناخ و ڕووحی مرۆڤدا دایناون و، پێویستییان بەوە هەیە کە بیری بخرێنەوە.

هەڵبەتە: بنەما و بنچینەکانی ئەو ڕاستییانەی داناون، نەک وردەکارییەکانیان، کە پەکیان لەسەر هاتنی وەحیی کەوتوە، کەواتە: ماناکەی ئاوا لێدێتەوە:

ئێمە قورئانمان دانەبەزاندۆتە سەرت، تاکو تۆ ناڕەحەت ببی، گرفتار ببی، بەڵکو لە هیچ حاڵاندا دامان نەبەزاندوە، مەگەر لە حاڵی ئەوەدا کە ببێتە بیرخەرەوە بۆ کەسێک کە لە سزای خوا بترسێ.

کورتەی مانای ئەو ئایەتە دەبێتەوە بە دوو شت:

أ)- قورئانمان بۆیە دانەبەزاندۆتە سەر تۆ، کە تۆ لە ڕووی جەستەییەوەو لە ڕووی دەروونییەوە، ماندوو ببی و، ناڕەحەت ببی و گرفتار ببی، بەڵکو بە پێچەوانەوە: بۆیە دامان بەزاندوە کە بەختەوەر بی و، خۆشحاڵ بی و شادمان بی.

ب)- قورئانمان دانەبەزاندۆتە سەر تۆ، کە تۆ بێ مراد بی، بەڵکو بۆ ئەوە دامانبەزاندۆتە سەرت، کە تۆ بەختەوەر بی و، سەرەنجامی خێر بۆ خۆت دەستەبەر بکەی.

دیارە پێشتریش باسمان کرد کە (تذكِرَة)، بریتیە لە بیر خستنەوە، **(التذكِرةُ: خطورُ المنسِيِّ بالذِّهْنِ، فالحَقَائِقُ الدِّينيةُ أصولها مَرْكُوزَةٌ في الفِطَرِ)**، (تَذْكِرَة)، بریتییە لە شتێک لە بیر کراوە بە زەین دابێتەوەو، بیر بهێنرێتەوە، چونکە ڕاستییە ئایینییەکان، واتە: ئەو ڕاستییانەی کە بەرنامەکانی خوا دەیان هێنن، ڕیشەکانیان و بنەماکانیان لە سروشتی مرۆڤەکاندا هەن، بەڵام پێویستییان بەوە دەکات کە بیریان بخرێنەوە.

مەسەلەی سێیەم:

پێناسەو وەسفی خوای بەرزو مەزنی دابەزێنەری قورئان، بە حەوت سیفەتی سەرەکیی: بەدیهێنەرایەتیی، میهرەبانیی، سەرپەرشتیارێتیی گەردوون، خاوەندارێتیی، زانایی و شارەزایی، یەکتایی لە پەرستراوێتییدا، خاوەنی ناوی هەرە چاک و پەسەند بوون:

خوا دەفەرموێ: ﴿ تَنزِيلًا مِّمَّنْ خَلَقَ ٱلْأَرْضَ وَٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلْعُلَى ﴿٤﴾ ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ ﴿٥﴾ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَمَا تَحْتَ ٱلثَّرَىٰ ﴿٦﴾ وَإِن تَجْهَرْ بِٱلْقَوْلِ فَإِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ وَأَخْفَى ﴿٧﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ﴿٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ تَنزِيلًا مِّمَّنْ خَلَقَ ٱلْأَرْضَ وَٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلْعُلَى ﴾، وشەی (تَنزِيلًا : حَالٌ ثَانِيَةٌ مِنَ القُرْآن)، حاڵی یەکەمی قورئان: ئەوەیە کە قورئانمان بۆیە دانەبەزاندۆتە سەرت، کە تۆ بەدبەخت و ناڕەحەت و گرفتار ببی، بەڵکو بۆ ئەوەیە بیر خەرەوە بێ.

ئنجا حاڵی دووەمی ئەوەیە: کە ئەم قورئانە دابەزێنراوە لە لایەن کەسێکەوە کە زەوی و ئاسمانە بڵندەکانی هێناونە دی، بێگومان تایبەتمەندترین و سەرەتاییترین سیفەتی خوا ﷻ بریتیە لە بەدیهێنەرایەتیی خوا (خالقیة الله)، بۆیە پێش هەموو شت باسی ئەوە دەکات و خوا بەوە پێناسە دەکات، کە ئەو زاتەیە، زەمین و ئاسمانە بڵندەکانی خوڵقاندوون، بۆیەش زەمین پێش دەخات، چونکە بە نسبەت ئێمەی مرۆڤەوە، زەمین لە ئاسمانەکانیش گرنگترە، چونکە لێرە (لە زەوی دا) دەژین و، لێرەش (لە زەوی دا) دەمرین و، لێرە (لە زەوی دا) پەیدا دەکرێینەوە، وەک خوا فەرموویەتی:

﴿ مِنۡهَا خَلَقۡنَٰكُمۡ وَفِيهَا نُعِيدُكُمۡ وَمِنۡهَا نُخۡرِجُكُمۡ تَارَةً أُخۡرَىٰ ﴿٥٥﴾ ﴾، طه.

ئەگەرنا بێگومان زەمین لە چاو گەردوون، شتێکی زۆر بچووکە، وەک لە تەفسیری سوورەتی (یونس)دا باسێکمان دەربارەی گەردوون کردوەو، لە سوورەتی (الأعراف)یشداو، لە سوورەتی (الأنعام)یشدا[1]، کەم و زۆر باسی ئەوەمانکردوە کە زەوی یەکێکە لە نۆ (٩) خڕۆکە، کە بە هەموویان لەگەڵ خۆریشدا کۆمەڵەی خۆر پێکدێنن، خۆریش یەکێکە لە ئەستێرەکان، کە ملیۆنان ئەستێرەی دیکەی وەک ئەو هەن، لە کەهکەشانی کاکێشان داو دەوری یەک تریلیۆن (١)^{١٢}، کەهکەشانیش لە گەردوون دا هەن! واتە: زەوی لە ڕووی قەبارەوە، زۆر شتێکی بچووکە لە چاو ئاسمانەکاندا.

٢)- دووەم سیفەت کە خوا دەیکاتە پێناسە بۆ خۆی، وەک دابەزێنەری قورئان، دەفەرموێ: ﴿ ٱلرَّحۡمَٰنُ ﴾، ئنجا وشەی: ﴿ ٱلرَّحۡمَٰنُ ﴾یش، لێرەدا، یان (خبر)ەو، (مبتدأ)کەی فڕتێنراوە، (خبر مبتدأهُ مَحْذوفٌ، أي: هو الرحمن)، یاخود (مبتدأ)ەو (خبر)ەکەی لە دوایی دێ، کە بریتیە لە چی؟ ﴿ ٱلرَّحۡمَٰنُ ﴾، ئەوە (مبتدأ)یە و ﴿ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ﴾، ئەوە (خبر)ەکەیەتی، واتە: خوا خاوەن بەزەیی بێ سنوورەو چووەتە سەر عەرشەکەی.

٣)- ﴿ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ﴾، چۆتە سەر عەڕش، دیارە عەڕش جیهانێکی زۆر مەزنە، یەکێکە لە دروستکراوە مەزنەکانی خواو، ئەو زانایانەی گوتوویانە: عەڕش بریتیە لە ڕەمزو هێمای خاوەندارێتیی و دەستەڵاتی خوا، نەیانپێکاوە، چونکە خوا ﷻ زۆر بە ڕوونیی لە قورئاندا باس دەکات، کە عەڕشی خوا، دروستکراوێکە هەڵدەگیرێ، بۆ وێنە:

لە سوورەتی (غافِر) لە ئایەتی (٧)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ ﴾، واتە: ئەوانەی کە عەڕش هەڵدەگرن و، ئەوانەش کە بە دەوریەوەن، کەواتە: عەڕش هەڵدەگیرێ، لە لایەن فریشتەکانەوە.

---

(١) دواتر لە هەر کام لە سوورەتەکانی: (حم، فصلت)و (الرحمن)یش کورتە باسمان لەو بارەوە کردوون.

بەڵکو لە سوورەتی **(الحاقة)**دا، لە ئایەتی (١٧)دا، خوا ﷻ ڕوونی دەکاتەوە، کە لە ڕۆژی دوایی دا هەشت لە فریشتەکان، یان لە کۆمەڵە فریشتەکان، عەرشی خوا هەڵدەگرن، وەک دەفەرمووێ: ﴿ وَيَحۡمِلُ عَرۡشَ رَبِّكَ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ ثَمَٰنِيَةٞ ﴾، واتە: لەو ڕۆژەدا هەشت، عەرشی پەروەردگارت بەسەر سەریانەوە هەڵدەگرن، ئیدی ئەو هەشتە، هەشت کۆمەڵە فریشتەن، یان هەشت فریشتەن، یاخود هەشت دروستکراوی دیکەن، کە ئێمە نایزانین، چین! گرنگ ئەوەیە کە عەرشی خوا دروستکراوێکەو، هەڵدەگیرێ و فریشتەکان بە دەوریەوەن، ئەمیش وەسف و سیفەتی سێیەم.

٤)- سیفەتی چوارەم کە خوا ﷻ دەیکاتە پێناسە بۆ خۆی، دەفەرمووێ: ﴿ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکاندا هەیەو، هەرچی لە زەویدا هەیەو، هەرچی لە نێوانیاندا هەیە، هەمووی هی خوایە.

٥)- ﴿ وَمَا تَحۡتَ ٱلثَّرَىٰ ﴾، هەروەها هەرچی لە ژێر گڵی شێداریشدا هەیە، **(الثَّرَى)** یان بە مانای خۆڵ و گڵ دێ، یان بە مانای گڵی شێدار دێ، هەمووی هی خوایە، ئەمەش باسی خاوەندارێتیی ڕەهای خوایە بۆ هەموو شتێک کە لە گەردوون دایە، بە سەرووی و، خواروویەوە.

٦)- ئنجا دێتە سەر باسی سیفەتی پێنجەم، وەک خۆ ناساندنی بە ئێمە، وەک دابەزێنەری قورئان: ﴿ وَإِن تَجۡهَرۡ بِٱلۡقَوۡلِ ﴾، تۆ ئەگەر دەنگ هەڵێنیی بە قسە، دەڵێ: **(الجَهْرُ: العَيَانُ، جَهَرَ بالقَولِ: رَفَعَ بهِ صَوته، وَإِجْهَارُ الكَلَامِ: إِعْلَانُهُ)**، ﴿ وَإِن تَجۡهَرۡ بِٱلۡقَوۡلِ ﴾، ئەگەر تۆ دەنگ هەڵێنی بە قسە، قسە بە دەنگی بەرز بکەی، چونکە **(جَهَرَ بالقَولِ)**، دەنگی پێ بەرز کردەوە، **(وَإِجْهَارُ الكَلَامِ)**، واتە: ئاشکرا کردنی قسەکە، ئەگەر تۆ قسە دەنگی پێ بەرز بکەیتەوە، (یاخود بە دەنگی پەنهان بیکەی).

٧)- ﴿ فَإِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ وَأَخۡفَى ﴾، بە دڵنیایی ئەو (خوا) پەنهان و لە پەنهانیش پەنهانتر دەزانێ، **(السِّرُّ وَأَخْفَى مِنَ السِّرِّ، فِي الأَحْوَالِ الَّتِي يَجْهَرُ فيهَا القَائِلُ بالقَوْلِ لإِسْمَاعِ مُخاطَبِهِ)**، بە دڵنیایی خوا پەنهان دەزانێ و، لە پەنهان پەنهانتریش دەزانێ، یاخود دەنگی چپە

دەزانێ، یاخود دەنگی سرکە سرک و چپەش دەزانێ، وێڕای ئەوەی کە دەنگی بەرز دەبیستێ و، لەوەش پەنهانتر دەزانێ، کەواتە: خوا زانیاریی و شارەزایی و ئاگاداریی ڕەهای هەیە بە دروستکراوەکانی خۆی.

٨)- ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، خوا جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، (ٱللَّهُ) دیسان یان گوزارە (خبر)ە، (هُوَ) نیهاد (مُبْتَدأ)ەکەیەتی، یاخود (ٱللَّهُ) نیهاد (مُبْتَدأ)یە، (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ) دەبێتە گوزارە (خبر)ی، خوا، جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، ئەمیش سیفەت و وەسفی شەشەم.

٩)- ﴿ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ﴾، هەرچی ناوی هەرە چاکن، هی ئەون، ئەمیش سیفەت و وەسفی حەوتەم، وشەی (ألله)، کە بە کوردیی دەڵێین: (خوا)، ناوی (عَلَم)ە، بەڵام ئەوانی دی هەموویان سیفەتن، بەڵام کاتێک بۆ خوا بەکاردەهێنرێن، پێیان دەگوترێ: ناوەکانی خوا (أسماء الله)، دەشگونجێ بڵێین: ئەمانە هەموویان وەسفی خوای پەروەردگارن، سیفەتی خوان، تەنیا ناوی خوا کە پێی دەناسرێ، بریتیە لە (ألله)، بەڵام (الرّحمان)یش، هەر ناوی خوایە، وەک خوا دەفەرموێ:

﴿ قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱللَّهَ أَوِ ٱدْعُوا۟ ٱلرَّحْمَٰنَ ۖ أَيًّا مَّا تَدْعُوا۟ فَلَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ﴾الإسراء.

واتە: بڵێن: (ٱللَّهَ) یان (ٱلرَّحْمَٰنَ) هەر کامێکیان بڵێن، خوا خاوەنی ناوە هەرە چاکەکانە، کە تێمە لە تەفسیری سوورەتی (الأعراف)دا: ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٨٠﴾ ﴾، بە درێژیی باسی ناوەکانی خوای پەروەردگارمان کردوەو، لە چەند شوێنێکی قوڕئانیش دا باسی سیفەتەکانیمان کردوە.

دەرسی دووەم

پێناسه‌ی ئه‌م ده‌رسه

به‌ڕێزان!

ئه‌م ده‌رسه‌مان چل و حه‌وت (٤٧) ئایه‌ت ده‌گرێته خۆی، ئایه‌ته‌كانی: (٩ - ٥٥) كه له‌و چل و حه‌وت ئایه‌ته‌دا، باسی دوو قۆناغی گرنگ له ژیان و به‌سه‌رهاتی مووسا و هاڕوونی برای (علیهما السلام) كراوه، كه بریتین له:

١)- هه‌ڵبژێردرانی مووسا به پێغه‌مبه‌ر له كاتی گه‌ڕانه‌وه‌یدا، له مه‌دیه‌ن، به‌ره‌و میسڕو، داواكردنی له خوا كه هاڕوونی برایشی بكاته پێغه‌مبه‌رێكی پاڵپشتی و، ئاماده‌و ته‌یاركردنیان به‌ره‌و لای فیرعه‌ون و دارو ده‌سته‌كه‌ی، كه ئه‌مه ئایه‌ته‌كانی: (٩ - ٤٦)ی گرتوونه‌وه، یانی: سی و هه‌شت (٣٨) ئایه‌ت.

٢)- چوونیان بۆ لای فیرعه‌ون و، گه‌یاندنی په‌یامی خوا پێی و، مشت و مڕیان له‌و باره‌وه، كه ئه‌میش ئایه‌ته‌كانی: (٤٧ - ٥٥) ده‌گرێته‌وه، یانی: نۆ (٩) ئایه‌ت.

دیاره له‌میانی ئه‌وه‌شدا خوا ﷻ ژماره‌یه‌ك له چاكه‌و نیعمه‌ته‌كانی خۆی ده‌خاته‌وه یادی مووسا، كه حه‌وت یان هه‌شتن و، له كاتی خۆیدا باسیان ده‌كه‌ین له ته‌فسیری ئه‌م ئایه‌تانه‌دا، به‌ڵام شوێنی باسكردنی تێرو ته‌واو له‌و باره‌وه، وه‌ك پێشتریش گوتمان: سه‌ره‌تای سووره‌تی (القصص)ه.

﴿ وَهَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ (٩) إِذْ رَءَا نَارًا فَقَالَ لِأَهْلِهِ ٱمْكُثُوٓا۟ إِنِّىٓ ءَانَسْتُ نَارًا لَّعَلِّىٓ ءَاتِيكُم مِّنْهَا بِقَبَسٍ أَوْ أَجِدُ عَلَى ٱلنَّارِ هُدًى (١٠) فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِىَ يَٰمُوسَىٰٓ (١١) إِنِّىٓ أَنَا۠ رَبُّكَ فَٱخْلَعْ نَعْلَيْكَ ۖ إِنَّكَ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى (١٢) وَأَنَا ٱخْتَرْتُكَ فَٱسْتَمِعْ لِمَا يُوحَىٰٓ (١٣) إِنَّنِىٓ أَنَا ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدْنِى وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكْرِىٓ (١٤) إِنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا

لِتُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا تَسۡعَىٰ ﴿١٥﴾ فَلَا يَصُدَّنَّكَ عَنۡهَا مَن لَّا يُؤۡمِنُ بِهَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ فَتَرۡدَىٰ
﴿١٦﴾ وَمَا تِلۡكَ بِيَمِينِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿١٧﴾ قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّؤُاْ عَلَيۡهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ
غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخۡرَىٰ ﴿١٨﴾ قَالَ أَلۡقِهَا يَٰمُوسَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَلۡقَىٰهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٞ تَسۡعَىٰ
﴿٢٠﴾ قَالَ خُذۡهَا وَلَا تَخَفۡۖ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا ٱلۡأُولَىٰ ﴿٢١﴾ وَٱضۡمُمۡ يَدَكَ إِلَىٰ جَنَاحِكَ
تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٍ ءَايَةً أُخۡرَىٰ ﴿٢٢﴾ لِنُرِيَكَ مِنۡ ءَايَٰتِنَا ٱلۡكُبۡرَى ﴿٢٣﴾ ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ
إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٢٤﴾ قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي ﴿٢٥﴾ وَيَسِّرۡ لِيٓ أَمۡرِي ﴿٢٦﴾ وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن لِّسَانِي ﴿٢٧﴾
يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي ﴿٢٨﴾ وَٱجۡعَل لِّي وَزِيرٗا مِّنۡ أَهۡلِي ﴿٢٩﴾ هَٰرُونَ أَخِي ﴿٣٠﴾ ٱشۡدُدۡ بِهِۦٓ أَزۡرِي ﴿٣١﴾ وَأَشۡرِكۡهُ
فِيٓ أَمۡرِي ﴿٣٢﴾ كَيۡ نُسَبِّحَكَ كَثِيرٗا ﴿٣٣﴾ وَنَذۡكُرَكَ كَثِيرًا ﴿٣٤﴾ إِنَّكَ كُنتَ بِنَا بَصِيرٗا ﴿٣٥﴾ قَالَ قَدۡ
أُوتِيتَ سُؤۡلَكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٣٦﴾ وَلَقَدۡ مَنَنَّا عَلَيۡكَ مَرَّةً أُخۡرَىٰٓ ﴿٣٧﴾ إِذۡ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّكَ مَا يُوحَىٰٓ ﴿٣٨﴾
أَنِ ٱقۡذِفِيهِ فِي ٱلتَّابُوتِ فَٱقۡذِفِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ فَلۡيُلۡقِهِ ٱلۡيَمُّ بِٱلسَّاحِلِ يَأۡخُذۡهُ عَدُوّٞ لِّي وَعَدُوّٞ لَّهُۥۚ وَأَلۡقَيۡتُ
عَلَيۡكَ مَحَبَّةٗ مِّنِّي وَلِتُصۡنَعَ عَلَىٰ عَيۡنِيٓ ﴿٣٩﴾ إِذۡ تَمۡشِيٓ أُخۡتُكَ فَتَقُولُ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ مَن
يَكۡفُلُهُۥۖ فَرَجَعۡنَٰكَ إِلَىٰٓ أُمِّكَ كَيۡ تَقَرَّ عَيۡنُهَا وَلَا تَحۡزَنَۚ وَقَتَلۡتَ نَفۡسٗا فَنَجَّيۡنَٰكَ مِنَ ٱلۡغَمِّ وَفَتَنَّٰكَ
فُتُونٗاۚ فَلَبِثۡتَ سِنِينَ فِيٓ أَهۡلِ مَدۡيَنَ ثُمَّ جِئۡتَ عَلَىٰ قَدَرٖ يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٠﴾ وَٱصۡطَنَعۡتُكَ لِنَفۡسِي ﴿٤١﴾
ٱذۡهَبۡ أَنتَ وَأَخُوكَ بِـَٔايَٰتِي وَلَا تَنِيَا فِي ذِكۡرِي ﴿٤٢﴾ ٱذۡهَبَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٤٣﴾ فَقُولَا لَهُۥ
قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ ﴿٤٤﴾ قَالَا رَبَّنَآ إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفۡرُطَ عَلَيۡنَآ أَوۡ أَن يَطۡغَىٰ ﴿٤٥﴾ قَالَ
لَا تَخَافَآۖ إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ ﴿٤٦﴾ فَأۡتِيَاهُ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ فَأَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ
إِسۡرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبۡهُمۡۖ قَدۡ جِئۡنَٰكَ بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكَۖ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلۡهُدَىٰٓ ﴿٤٧﴾ إِنَّا قَدۡ
أُوحِيَ إِلَيۡنَآ أَنَّ ٱلۡعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿٤٨﴾ قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٩﴾ قَالَ رَبُّنَا
ٱلَّذِيٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴿٥٠﴾ قَالَ فَمَا بَالُ ٱلۡقُرُونِ ٱلۡأُولَىٰ ﴿٥١﴾ قَالَ عِلۡمُهَا عِندَ رَبِّي
فِي كِتَٰبٖۖ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى ﴿٥٢﴾ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ مَهۡدٗا وَسَلَكَ لَكُمۡ فِيهَا سُبُلٗا
وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّن نَّبَاتٖ شَتَّىٰ ﴿٥٣﴾ كُلُواْ وَٱرۡعَوۡاْ أَنۡعَٰمَكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ ﴿٥٤﴾ مِنۡهَا خَلَقۡنَٰكُمۡ وَفِيهَا نُعِيدُكُمۡ وَمِنۡهَا نُخۡرِجُكُمۡ تَارَةً أُخۡرَىٰ ﴿٥٥﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{ئایا هەواڵی بەسەرهاتی مووسات بۆ هاتووە؟ ﴿٩﴾ کاتێک (لە دوورەوە) ئاگرێکی دی، ئنجا بە خێزانی گوت: لێرە بوەستن! من ئاگرێکم بەدی کردوە (دەچم) بەڵکو بزووتێکتان لێی بۆ بێنم (بۆ ئاگر کردنەوەو گەرم بوونەوە) یان لەسەر ئاگرەکە (خاوەن) ڕێنماییەک ببینم (ڕێمان پێشان بدات) ﴿١٠﴾ ئنجا کاتێک هاتە لای (ئاگرەکە) بانگ کرا: هۆ مووسا! ﴿١١﴾ بە دڵنیایی من پەروەردگارتم، ئنجا چونکە تۆ لە شیوی پاکی طووا دای، پێڵاوەکانت دابنێ ﴿١٢﴾ هەروەها من (بۆ پێغەمبەرایەتیی) هەڵم بژاردووی، دەجا گوێ بۆ ئەوە ڕادێرە کە بۆت سروش دەکرێ ﴿١٣﴾ مسۆگەر من خوام، جگە لە من هیچ پەرستراوێک(ی ڕاستەقینە) نیە، هەر من بپەرستەو، نوێژ بۆ یادکردنم بەرپا بکە ﴿١٤﴾ بێگومان کاتی دیارییکراو (ی ئاخیر زەمان) دێ، نیزیکە (لە خۆشم) پەنهانی بکەم، تاکو هەر کەسە بە پێی ئەو کۆششەی کردوویەتی، سزاو پاداشت بدرێتەوە ﴿١٥﴾ ئنجا با هەرگیز بابایەک کە بڕوای پێی نیەو شوێن ئارەزووی کەوتوە، تۆ لێی (لە بڕوا پێهێنانی) لانەدات، (ئەگەرنا) دەفەوتێی، هەڵدەدێرێی ﴿١٦﴾ هۆ مووسا! ئەوەش کە بە دەستی ڕاستتەوەیە چییە؟ ﴿١٧﴾ (مووسا) گوتی: ئەوە گۆچانەکەمە، خۆمی دەدەمە سەرو، گەڵای درەختی بەسەر مەڕەکانم دا پێ دەوەرێنم و، چەندان پێویستی دیکەشم پێینی ﴿١٨﴾ (خوا) فەرمووی: ئەی مووسا بیهاوێ ﴿١٩﴾ ئنجا کە هاویشتی، یەکسەر بوو بە مارێک(ی زەبەلاح) کە بە خێرایی دەڕۆیی ﴿٢٠﴾ (خوا) فەرمووی: بیگرەو مەترسە، دەیگێڕینەوە بۆ شێوە و حاڵەتی یەکەمی ﴿٢١﴾ (هەروەها خوا بە مووسای فەرموو:) دەستیشت بخە بن باڵت (دوایی دەری بێنە) بەبێ هیچ نەخۆشیی و خراپییەک بە سپیەتیی

(وبە درەوشاوەیی) دێتە دەرێ، ئەمیش نیشانەیەکی دیکەیە (٢٢) (بۆیە ئەوەمان کرد) تاکو لە نیشانەو بەڵگە گەورەکانمانت پیشان بدەین (٢٣) بچۆ لای فیرعەون بێگومان ئەو (لە خوا) یاخیی بووە (٢٤) (مووسا) گوتی: پەروەردگارم! سینەم گوشاد (و دڵم فراوان) بکە (٢٥) کاریشم بۆ ئاسان بکە (٢٦) گرێیەکیشم کە لە زماندا هەیە، بیکەوە (٢٧) تاکو (زمان پاراو بم و) لە قسەم تێبگەن (٢٨) لە کەس و کاریشم پاڵپشتێکم بۆ بڕەخسێنە (٢٩) با هاروونی برام بێ (٣٠) پشتمی پێ قایم بکە (٣١) هەروەها لە کارەکەمدا بەشداری بکە (٣٢) تاکو زۆرت بە پاک بگرین (٣٣) زۆریشت یاد بکەین (٣٤) بە دڵنیایی تۆ بینەری ئێمەی (٣٥) (خوا) فەرمووی: ئەی مووسا! داواکارییەکەتت پێدرا (٣٦) بە دڵنیایی جارێکی دیکەش چاکەمان لەگەڵتدا کرد (٣٧) کاتێک ئەوەمان بۆ دایکت سروش کرد کە بۆمان سروش کرد (٣٨) (پێمان ڕاگەیاند:) کە کۆرپەکەت بخەرە تابووتێکەوە و فڕێبدە دەریاوە، با دەریاش بیخاتە کەنار، (کە سەرەنجام) کەسێک کە دوژمنی من و دوژمنی ویشە، دەیگرێتەوە (کە فیرعەونە)، هەروەها خۆشەویستیی تایبەتی خۆم خستۆتە سەرت (خۆشویستراوم کردووی) هەروەها وامانکرد کە لە ژێر چاودێریی مندا بە خێوو پەروەردە بکرێی (٣٩) (یاد بکەوە!) کاتێک خوشکت دەڕۆیشت و دەیگوت: ئایا کەسێکتان پیشان بدەم کە بە خێوی بکات! ئیدی سەرەنجام گێڕامانیەوە بۆ لای دایکت، تاکو دڵخۆش بێ و خەمبار نەبێ،هەروەها کەسێکیشت کوشت (لە (قبطي)ەکانی میسر)، بەڵام ئێمە لە خەم و پەژارە دەربازمان کردی و، بە تاقیکردنەوەی جۆراو جۆر تاقیمان کردیەوەو، ساڵانێک لە نێو خەڵکی مەدیەندا مایەوە (بە شوانیی)، (٤٠) پاشان ئەی مووسا! لە کاتێکی ئەندازەگیریی کراودا هاتی و، بۆ خۆمم ڕەخساندی (کە بتکەمە ڕەوانەکراو بۆ لای فیرعەون) (٤١) خۆت و برایەکەت بە نیشانەکانمانەوە بچن (بۆ لای فیرعەون) و، لە یاد کردنمدا سستیی مەکەن (٤٢) بچنە لای فیرعەون، بێگومان ئەو (لە بەرانبەر خوادا) یاخیی بووە (٤٣) ئنجا قسەیەکی نەرم و نیانی لەگەڵدا بکەن،

بەڵكو بیری بكەوێتەوە (كە بەندەی خوایە)، یان بترسێ (٤٤) (مووساو هاڕوون) گوتیان: پەروەردگارمان! ئێمە مەترسیی زۆرمان هەیە كە دەست پێشخەریی لە دژماندا بكات (بە سزادان) یاخود یاخیی بێ (٤٥) (خوا) فەرمووی: مەترسن، بە دڵنیایی من لەگەڵتانم دەبیستم و دەبینم (٤٦) بچن بۆ لای پێی بڵێن: ئێمە هەردووكمان نوێنەری پەروەردگارتین، دەجا گەلی بەنی ئیسرائیلمان لەگەڵ بنێرەو (چیدی) ئازاریان مەدە، بێگومان نیشانەیەكمان لە پەروەردگارتەوە هێناوە (كە ئێمە ڕاستگۆین)و، سەلامەتییش بۆ كەسێكە كە شوێن ڕێنمایی (خوا) دەكەوێ (٤٧) مسۆگەر ئێمە سروشمان بۆ كراوە، كە ئازارو سزا(ی خوا) دەكەوێتە سەر كەسێك كە (پەیامی خوا) بە درۆ دادەنێ و پشتی تێدەكات (٤٨) (فیرعەون) گوتی: ئەی مووسا! پەروەردگاتان كێیە؟ (٤٩) (مووسا) گوتی: پەروەردگارمان! ئەو كەسەیە كە بوونی بە هەموو شتێك بەخشیوە، پاشان ڕێنماییشی كردوە (چۆن بەڕێوە بچێ) (٥٠) (فیرعەون) گوتی: ئەدی حاڵی (خەڵكی) سەدە پێشووەكان چۆنە؟ (٥١) (مووسا) گوتی: زانیارییان لە لای پەروەردگارمە، لە نووسینێكدا (تۆمار كراوە) پەروەردگارم نە هەڵە دەكات و، نە لە بیریشی دەچێ (٥٢) ئەو كەسەی زەمینی بۆ كردوونە ڕایەخ و ڕێیەكانی بۆتان تێدا داناون و، لەسەرێوە ئاوی بۆ دابەزاندوون، چەندان ڕووەكی جۆراوجۆرمان پێ (لە زەوی) دەرهێناون (٥٣) (لە بەرهەمی ئەو ڕووەكە) بخۆن و ئاژەڵەكانیشتان (تێیدا) بلەوەڕێنن، بە دڵنیایی لەوەدا نیشانە هەن بۆ خاوەن عەقڵان (٥٤) (ئێمە) لە وێدا (لە زەمیندا) دەرمان هێناون (ئێوەمان دەرهێناوە)و بۆ ئێویشی دەتانگێڕینەوەو، جارێكی دیكەش هەر لەوێدا دەرتان دێنینەوە (٥٥)].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(فَقَالَ لِأَهۡلِهِ): **(أَهْلُ الرَّجُلِ: مَنْ يَجْمعُهُ وَإِيّاهُم نَسَبٌ أو دِينٌ، وَأَهْلُ الرَّجُلِ: مَنْ يَجْمعُهُ وَإِيّاهُم مَسْكَنٌ وَاحِدٌ... وَعُبّرَ بأَهْلِ الرَّجُلِ عَنِ امْرَأَتِه)**، **(أَهْلُ الرَّجُل)** ئەهلی پیاو: ئەوەیە کە لەگەڵ وی ڕەچەڵەک یان ئاینێک کۆیان بکاتەوە، **(أَهْلُ الرَّجُل)**، ئەهلی پیاو: ئەوانەن کە لە ژێر سێبەری خانوویەک دا کۆببنەوە، هەروەها وشەی (أهل) بۆ هاوسەری پیاو بەکارهاتوە.

(ٱمۡكُثُوٓاْ): واتە: ڕاوەستن، چاوەڕێ بکەن، **(المَكْثُ: ثَبَاتٌ مَعَ انْتِظَارٍ)**، **(مَكْث)** ڕاوەستانە، مانەوەیە لەگەڵ چاوەڕوانییدا.

(ءَانَسۡتُ نَارٗا): واتە: ئاگرێکم بەدی کردوە، **(آنَسَهُ: أي أَبْصَرَهُ، وَآنَسَ مِنْهُ رُشْدَاً عَلِمَهُ، وآنَسَ الصَّوْتَ: سَمِعَهُ، وَالإِينَاسُ: خِلافُ الإِيحَاش)**، دەگوترێ: **(آنَسَ مِنْهُ رُشْدَاً)**، واتە: زانی کە گەیشتۆتە حاڵەتی کامڵ بوون و سەر ڕاستیی، **(آنَسَ الصَّوْتَ)** دەنگەکەی بیست، (إينَاس) پێچەوانەی (إيحاش)، (الإيناس) هۆگریی و ئولفەت، (الإيحاش) واتە: گلەیی لێکردن و نامۆیی لێ کردن.

(بِقَبَسٍ): **(القَبَسُ: النَّارُ أو شُعْلَةٌ مِنْهَا)**، (قبس) بریتیە لە ئاگر، یاخود بڵێسەیەک لە ئاگر، لە ڕاستییدا (قَبَس) بە کوردیی (بزوت)ە، چونکە دەڵێ: **(عُودٌ فِي رَأْسِهِ نَارٌ)**، دارێکە کە سەرێکی ئاگر بێ، کە بە کوردیی پێی دەگوترێ: بزووتە ئاگر، واتە: دارێکە سەرێکی ئاگرەو، سەرەکەی دیکەشی دەگیرێ، بۆ ئەوەی ئینسان ئاگری پێ بکاتەوە.

(نَعۡلَيۡكَ): **(النَّعْلُ: الحِذَاء)**، واتە: دوو پێڵاوەکانت دانێ.

(ٱلۡمُقَدَّسِ): **(المُقَدَّس: المُبَارَك، القُدسُ: البَرَكَة، قَدُسَ يَقْدُسُ قُدْسَاً: طَهُرَ)**، **(مُقَدَّس)**، واتە: بە پیز، (قُدس)، واتە: پیز، **(قَدُسَ يَقْدُسُ قُدْسَاً)**، واتە: پاک بوو، پاک دەبێ،

پاکیی، کەواتە: وشەی (**مُقَدْس**) هەم بە مانای پاککراوە دێ، هەم بە مانای بەرەکەت و بەرهەمدار دێ.

(طُوًى): (**الطُوى: الشيءُ المَثنيُ أو المَطْوِيُ**)، شتێکە کە دوو لا کرابێتەوە، یاخود شتێکە کە نووشتێنرابێتەوە، بەڵام (**طُوًى**) لێرەدا یانی: دوو جاران پاککراوەتەوە، یاخود ناوی چیایەکە لە (شام) یاخود دۆڵێکە لە دامێن چیای (طور)ەوە، کە ئەویش چیایەکە لە شام.

(فَتَرْدَىٰ): (**رَدِي يَرْدى رَدًى: هَلَكَ وَسقَطَ في الهُوُة**)، (**رَدِي يَرْدى رَدًى**) واتە: لە بەین چوو، فەوتا، یاخود بە مانای کەوتە نێو چاڵەوە، دێ.

(أَتَوَكَّؤُا عَلَيْهَا): واتە: خۆمی دەدەمە سەر، (**تَوكَأ عَلَى العَصَى: إعْتَمَدَ وَتشَدَّدَ بِهَا**)، شوان بە زۆری وایە: بۆ ئیسراحەتی پشتی، خۆی دەداتە سەر گۆچانەکەی، یان جاری وایە کەسێک کە بە ڕێگەدا دەڕوات، گۆچانەکەی خۆی بەکاردێنێ، سەنگی دەداتە سەرێ، یان ئەوانەی کە نوقسانیی لەلاقیاندا هەیە، بۆ ئەوەی قورسایی نەگاتە سەرلاقیان، خۆیان دەدەنە سەرگۆچان.

(وَأَهُشُّ): دەڵێ: (**الهَشُ: يُقَارِبُ الهَزْ في التَحْرِيكِ**)، (**هَشّ**) و (**هَزّ**) ڕاوەشاندن، لێک نیزیکن، دەگوترێ: (**هَشَّ الوَرَقَ: خَبَطَهُ بالعَصا**)، بە گۆچان گەڵای درەختانی وەراند، ئەوە پێی دەگوترێ: (**هَشّ**)، (**وَرَجَلٌ هَشُّ الوَجْه: طَلِقُ المُحَيَا**)، پیاوێکی ڕووخۆش، پێی دەگوترێ: (**هَشُّ الوجه**)، دەشگوترێ: (**هَشّ وَبَشّ**) واتە: لە ڕووی دا کرایەوە، چۆن گەڵایەکە لێدەکرێتەوە، کەسێکیش کە ڕووی کراوەو خۆش بێ، ئەوەی بۆ بەکاردێ.

(مَئَارِبُ): دەگوترێ: (**أَرِبَهُ إلى كَذا أَرْبَاً وَأُربَةً وَإِرْبَةً وَمَأْرُبَةً: إِحْتَاجَ إِلَيْهِ حَاجَةً شَدِيْدَة**)، (**أرِبَ إلى كذا**) یانی: (**إحتاجَ**) چاوگەکەی (**أربأ**)ی بۆ بەکاردێ، هەم (**أُربَةْ وَإِرْبَةً وَمَأْرُبَةً**) هەموویان بە مانای پێداویستیی و ئاتاجیی دێن.

(**سِيرَتَهَا**): (**السِّيْرَةُ: الحَالَةُ الَّتِي يَكُونُ عَلَيْهَا الإِنْسَانُ وغيره**)، (**سيرة**) بریتیە لەو حاڵەتەی کە مرۆڤ و غەیری مرۆڤ، لەسەری دەبن، لە ئەصڵدا (**سَيْر**) یانی: ڕۆیشتن، ئنجا (**سِيرة**) واتە: چۆنیەتی ڕۆیشتن، بەڵام دوایی خوازراوەتەوە بۆ حاڵەتی چۆنیەتی مرۆڤ، جاری واشە ژیان و گوزەران بە گشتی.

(**أَزْرِي**): (**الأَزْرُ: القُوَّةُ الشَّدِيْدَةُ، وَآزرَهُ: أَعَانَهُ وَقَوَّاهُ، وَأَصْلُهُ مِنْ شَدُّ الإِزَارِ**)، (**أَزْرْ**): بریتیە لە هێزێکی پتەو، (**وآزَرَهُ**): بە هێزی کرد، هاوکاریی کرد، لە ئەصڵدا وشەی (**أَزْر**) لە پشتێن بەستنەوە هاتوە، (**إزارْ**) ئینسان کە خۆی دەبەستێ، یاخود بەرگ و پۆشاکی لە خۆی دەپێچێ، لەوەوە هاتوە.

(**سُؤْلَكَ**): (**السُّؤْلُ: مَا يُسْأَلُ والمسئولُ: وَالْمَطْلُوب**)، (**سُؤل**) بریتیە لەوەی داوا دەکرێ، هەروەها (**سُؤل**) بە مانای (**مَسْئول**) دێ، داواکراو، واتە: داواکارییەکەت جێبەجێ بوو.

(**اَلْيَمِّ**): (**البَحْرُ**)، (**يَمْ**) بە مانای دەریا دێ، هەڵبەتە دەریا لە بەکارهێنانی قورئانداو لە بەکارهێنانی زمانی عەرەبییشدا، بە ڕووباری گەورەش دەگوترێ، هەروەها بە دەریای ئاساییش دەگوترێ، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی ڕووباری نیلە، ڕووبارێکیش فراوان بێ، هەر وشەی (**يَمّ**) یاخود (**البَحْرِ**)ی بۆ بەکارهاتوە.

(**بِاَلسَّاحِلِ**): (**السَّاحِلُ: شَاطِئُ البَحْرِ وَالجَمْعُ: سَوَاحِلِ**)، (**ساحِل**) واتە: کەنار دەریا، کە بە (**سَوَاحِلْ**) کۆدەکرێتەوە، واتە: کەنارەکان، یان قەراغەکان.

(**يَكْفُلُهُ**): واتە: دەیگرێتە خۆی، بە خێوی دەکات و مشووری دەخوات، دەگوترێ: (**كَفَلْتُهُ كَفَالَةً: عُلْتُهُ**)، واتە: سەرپەرشتییم کردو ژیاندم و بە خێوم کرد، (**الكَافِلُ: الَّذِي يَعُولُ إِنْسَاناً وَيُنْفِقُ عَلَيْهِ**)، (**كَافِل**): کەسێکە سەرپەرشتیی مرۆڤێک دەکات و، وەخۆی دەگرێ و بە خێوی دەکات.

(**نَقَرَّ عَيْنُهَا**): (**قَرَّت العَيْنُ: قُرَّةً وَقُرُوراً: بَرَدَتْ سُرُوراً**)، واتە: بە هۆی دڵخۆشییەوە چاوی سارد بوو، زانایان گوتوویانە: فرمێسکی شادیی ساردە، هەروەک فرمێسکی

خەمباریی، گەرمە، لەوەوە گوتوویانە: (**قَرَّت العين أو قَرَّت عينُهُ**)، چاوی فێنک بوو، واتە: فرمێسکی شادیی پێدا هات، مەبەستیان پێی دڵخۆش بوونە.

(ٱلْغَمِّ): بە کوردییش هەر بەکاری دێنین: خەم و خەفەت، بەڵام ئێمە دەڵێین: خەم، واتە: خەفەت و دڵتەنگیی، دەگوترێ: (**غَمَّهُ الشَّيءُ غَمّاً: غَطَّاهُ، وَقيلَ لِلْحُزْنِ: غَمٌّ، لأَنَّهُ يُغَطِّي السُّرورَ وَالحِلْم**)، (**غَمَّهُ الشَّيءُ غَمّاً**)، واتە: دایپۆشی، بۆیەش بە خەمباریی گوتراوە: خەم، چونکە دڵخۆشیی و، عەقڵ و هۆش دادەپۆشێ.

(فُتُونًا): (**فَتَنَ المَالُ النَّاسَ فُتُونَاً: اسْتَمَالَهُم وَفُتِنَ عَنْ دينِهِ: مَالَ**)، (**فُتُون**) دەگونجێ چاوگ بێ، دەشگونجێ کۆ بێ، ﴿ وَفَتَنَّٰكَ فُتُونًا ﴾، واتە: بە تاقیکردنەوە، تاقیمان کردیەوە، یان بە چەند جۆرێک تاقیمان کردیەوە، دەگوترێ: (**فَتَنَ المَالُ النَّاسَ فُتُونَاً**) واتە: ماڵ و سامان خەڵکی بە تاقیکردنەوە، تاقی کردەوە، واتە: لایدان، (**وَفُتِنَ عَنْ دينِهِ**) واتە: لە ئاینەکەی خۆی لایدا.

(فَلَبِثْتَ): واتە: مایەوە، (**لَبِثَ بالْمَكَانِ: أَقَامَ بِهِ مُلازِمَاً لَهُ**)، مایەوە لەو شوێنە، ﴿ فَلَبِثْتَ سِنِينَ فِىٓ أَهْلِ مَدْيَنَ ﴾، واتە: چەند ساڵێک لە نێو خەڵکی مەدیەن دا مایەوە.

(وَٱصْطَنَعْتُكَ): واتە: بۆ خۆمم بەرهەم هێنای، بۆ خۆمم دروست کردی و، پەروەردەم کردی و، مشوورم خواردی، دەڵێ: (**الصُّنْعُ: إجَادَةُ الفِعْلِ...**) (**صنع**) ئەوەیە شتێک بە کارامەیی دروست بکرێ، (**والإِصْطِنَاعُ: المُبَالَغَةُ في إِصْلاَحِ الشَّيءِ**)، (**إِصْطِنَاع**) بریتیە لە زێدەڕۆییکردن لە چاککردنی شتێک دا.

(وَلَا تَنِيَا): واتە: لە یادی مندا سستیی و تەنبەڵیی مەکەن، خاوو خلیسکیی مەکەن، دەڵێ: (**الوَنَى: الضَّعْفُ وَالفُتُورُ وَالكَلاَلُ والإِعْيَاء**)، بریتیە لە بێ هێزیی و سستیی و خاویی و ماندوێتیی و بڕست لێ بڕان، (**الونى: الضعف**)، (**وَنَى في الأَمْرِ وَنِيَاً**)، لە کارەکەدا سستیی نواند، واتە: بێ هێزیی نواند، (**فهو وانٍ**) ئەو بێ هێزو خاوو خلیچکە.

(يَفْرُطَ عَلَيْنَآ): (**فَرَطَ عَلَيْهِ: عَجِلَ وعَدَا**)، واتە: پەلەی لێکردو ستەمی لێ کرد.

(بَالُ): (**القَلْبُ: مَا خَطَرَ فُلاَنٌ بِبَالِي**)، واتە: فڵانکەس بەسەر یادمدا نەهاتوە، (**والبَالُ: رَخَاءُ النَّفْسِ**) بریتیە لە حاڵ خۆشیی، (**والبَالُ: الحَالُ يُقَالُ مَا بالُكَ؟**) واتە: حاڵت چۆنە.

کە دەڵێ: ﴿ قَالَ فَمَا بَالُ ٱلْقُرُونِ ٱلْأُولَىٰ ﴾، یانی: حاڵی سەدە پێشووەکان، ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە سەدەی پێشووەکاندا ژیاون، حاڵی وان چۆن بووە؟

(وَسَلَكَ): (**سَلَكَ الطَّرِيْقَ: ذَهَبَ فِيهِ**)، واتە: بە ڕێگایەکەدا ڕۆیی، (**وَسَلَكَ الشَّيَ فِي الشَّيءِ: أَدْخَلَهُ فِيه**)، خستیە نێوی و، شتەکەی خستە نێو شتەکەوە، ﴿ وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا ﴾.

(سُبُلًا): واتە: ڕێی بۆ تێدا داناون لە زەویدا، کە مەبەست پێی ڕێیە سروشتییەکانە، ئەو دابڕاوایانەی نێوان چیاکان و گردەکان، کە بەزۆریی بە هۆی جۆگەلەو ڕووبارەکانەوە، ئەو دابڕاوایانە دروست بوون، ئەگەر وا نەبووایەو ئەو دەربەندو کەلێن و شیوانە، نەبوونایە، دەبوو هەموو جارێ بەو شاخە بەرزانەدا بەسەر بکەوین.

یاخود ڕێیە ئاساییەکان کە مرۆڤەکان بۆ خۆیان دروستیان دەکەن، هەردووکیان دەگرێتەوە.

(شَتَّىٰ): (**الشَتُّ: تَفْرِيقُ الشَّعْب أَشْتَاتاً: مُتَفَرِّقِينَ، شَتَّى: مُخْتَلِفَةُ الأَنْوَاعِ**)، (**شَتَّ**) بە مانای بەش بەشکردنی شتێکی کۆیە، (**أَشْتَاتاً**) واتە: بەش بەش، (**شَتَّى**) واتە: جۆرە جیاوازەکان.

(أَزْوَٰجًا): (**أَقْرَان، أَشْبَاه**)، (**أزواج**) جاری وایە بە مانای کۆی (**زوج**)ە، جووتەکان، جاری واشە بە مانای ئەوانەی کە شێوەی یەکدی دەکەن، واتە: (**أَصْنَافاً وَأَشْكَالاً**)، ئەوانەی کە شێوەی یەکدی دەکەن، مەرج نیە جووت بن، وەک نێرو مێ، یان دوو شتی پێکەوە، بەڵکو یانی: شتە لێکچووەکان.

(لِّأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ): واتە: بۆ خاوەن عەقڵان، (**النُّهَى جَمْعُ النُّهِيَة: العَقْلُ النَّاهِي عَنِ القَبَائِح، وَجَمْعُهَا: نُهَىً**)، (**نُهية**) بریتیە لە عەقڵێک کە ڕێگریی دەکات لە شتی ناقوڵا، کە بە (**نُهَى**) کۆ دەکرێتەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

پێشتر گوتمان: کە ئەم چل و حەوت (٤٧) ئایەتە، لەگەڵ چل و سێ (٤٣) ئایەتی دیکە، کە لە دەرسەکانی داهاتوودا دەیگەینێ، واتە: (٢١) لەوێ (٢٢) لەوێ، کە لە دەرسەکانی سێ و چواردا دێن، هەموویان ئەو نەوەد (٩٠) ئایەتەن، کە بۆ بەسەرهاتی مووساو فیرعەون تەرخان کراون، خوا زۆر بە وردیی قۆناغەکانی بەسەرهاتی مووسا و هاڕوونی برای (سەلامی خوایان لێ بێ) لەگەڵ فیرعەون و دارو دەستەکەیدا، لە دوو توێی ئەو نەوەد (٩٠) ئایەتەدا دەخاتە ڕوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە بەسەرهاتی مووسامان ﵇ بۆ سێزدە (١٣) قۆناغ دابەش کردوە، کە هەشت (٨) قۆناغیان لە تەفسیری سوورەتی (**الأعراف**)دا ڕابردوون، لەو شەست و نۆ ئایەتەی کە باسمان کردوون، ئایەتەکانی: (١٠٣ - ١٧١) وەک پێشتر باسمان کرد، کە لە میانی تەفسیرکردنی ئەو ئایەتانەدا، هەرچی لەو بارەوە لە سوورەتەکانی دیکەش دا هاتوە، بە زۆریی هێناومانە، پێنج (٥) قۆناغەکەی دیکەش کە دەکەنە پێنج قۆناغی سەرەتای ژیان و بەسەرهاتی مووسا ﵇ لەگەڵ فیرعەون و دارو دەستەکەیدا، هەڵمان گرتوون بۆ کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (**القصص**)، چونکە لە سوورەتی (**القصص**)دا، هەندێک شت باسکراوە، کە لە هیچ کام لە سوورەتەکانی دیکەدا نەهاتوون، لە سوورەتی (**طه**)دا هەندێک شت هاتوە، هەر بیرخستنەوەی ئەوەیە کە لە سوورەتی (**القصص**)دا هاتوە، کە دیارە سوورەتی (**القصص**) پێش سوورەتی (**طه**) دابەزیوە، بۆیە ئێمە ئەو پێنج

(٥) قۆناغەی دیکەی ژیانی مووسا ؑ هەڵدەگرین بۆ کاتی تەفسیرکردنی سووڕەتی (**القصص**)و، لێرەدا توێژینەوەیەکی ئاسایی لە بارەی ئەو نەوەد (٩٠) ئایەتەوە دەکەین، کە (٤٧)یان لەم دەرسەدا، کە دەرسی دووەمە، هاتوون.

خوا ﷻ ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم دەکات ﷺ پێی دەفەرموێ: ﴿ وَهَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ﴾، ئایا بەسەرهاتی مووسات بۆ هاتوە؟ وشەی: ﴿ وَهَلۡ ﴾، وەک دوایی باسی دەکەین لە مەسەلە گرنگەکاندا، لێرەدا بە مانای پرسیارکردنی ئاسایی نیە، بەڵکو واتە: بە دڵنیایی تۆ بەسەرهاتی مووسات بۆ هاتوە، واتە: باس و خواسی بەسەرهاتی مووسات پێگەیشتوە، چونکە ئەم سووڕەتە کە چل و پێنجەم سووڕەتە لە ڕیزبەندیی دابەزینیدا، کەواتە: زۆر سووڕەتی دیکەی لە پێشدا هاتوون، کە بەسەرهاتی مووسایان ؑ تێدا باسکراوە، وەک: سووڕەتی (**القصص**)و، سووڕەتی (**الشعراء**)و، سووڕەتی (**النمل**)، لە هەموو ئەوانەدا باس و خواسی مووساو هاڕوونی برای (سەلامی خوایان لێ بێ)و، بەنی ئیسڕائیل لە لایەک، هەروەها فیرعەون و دارو دەستەکەی لە بەرانبەریاندا، لە لایەکی دیکەوە، لە هەموو ئەو سووڕەتانەی پێشتردا باس و خواسی مووسا هاتوە.

بۆیە خوا ﷻ بە شێوەی پرسیار دەیفەرموێ، بەڵام یانی: بە دڵنیایی تۆ باس و خواسی بەسەرهاتی مووسات بۆ هاتوە.

ئنجا لێرەوە لەم قۆناغە وە دەست پێدەکات، کە مووسا ؑ لەگەڵ خێزانی، لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانی لە مەدیەنەوە دەگەڕێتەوە، دەیەوێ سەردانی میسڕ بکاتەوە، ئایا دوای دە (١٠) ساڵی شوانییەکە بووە، یاخود زیاتریشی پێچووە، لەو دە (١٠) ساڵە، کە مەرجی لەگەڵ خەزووری داگرتوە کە دە (١٠) ساڵ شوانیی بۆ بکات، یاخود هەشت (٨) ساڵ، کە بە تەئکید وا پێدەچێ مووسا دە (١٠) ساڵەکەی تەواو کردبن، ئنجا ئایا دوای دە (١٠) ساڵ بووە ئەو گەڕانەوەیەی لە مەدیەنەوە بۆ میسڕ، یاخود زیاتری پێچووە؟! لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: زیاتریش

بووە، ئنجا لەوێوە خوا ﷻ بەسەرهاتەکەی دێنێ، وەک پێشتر گوتم: تەنیا لە سوورەتی (القصص)دا ئەو قۆناغانەی پێشتر: چەوسێنرانەوەی بەنو ئیسرائیل بە دەستی فیرعەون و، سۆغرە بێکارکردنیان، پاشان مووسا عليه السلام چۆن دایکی بە مەلۆتکەیی بە ئاوێی دادەداو، دوایی چۆن مووسا عليه السلام کابرای (قبطي) بە دەست دەکوژێ و، دوایی دەچێ بۆ مەدیەن و، شوانیی دەکات؟ ئەو قۆناغانە زیاتر لە سوورەتی (القصص)دا هاتوون، بۆیەش ئێمە ئەو پێنج قۆناغەی سەرەتای تەمەنی مووسا عليه السلام هەڵدەگرین بۆ ئەوێ.

ئنجا دێتە سەر باسی بەسەرهاتی مووسا، لەو قۆناغەوە کە لە مەدیەنەوە گەڕاوەتەوە، ﴿إِذْ رَءَا نَارًا فَقَالَ لِأَهْلِهِ ٱمْكُثُوٓا۟﴾، کاتێک کە ئاگرێکی بینی، لە دوورەوە بینی، بۆیە بە خێزانی گوت، یاخود بە منداڵەکانی و بە خێزانی گوت: ڕاوەستن، (واتە: تۆزێ چاوەڕێ بکەن)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە شەو بووە، چونکە ئاگر کەم وایە بە ڕۆژ بەدی بکرێ، کەواتە: دیارە بە شەو گەڕاوەتەوە، لە تەفسیرەکاندا دەڵێ: لە شەوێکی ساردی زستانی پڕ سەرماو ڕەهێڵ و باران و تووش دا بووە، ڕێگاشیان لێ هەڵە بووە، ئەمەش هەر لە خودی ئەو ئایەتە وەردەگیرێ کە ڕێگاشیان لێ هەڵە بووە، چونکە کە دەفەرموێ: ﴿إِنِّىٓ ءَانَسْتُ نَارًا﴾، من ئاگرێکم بەدی کردوە، بۆیە وشەی (إيناس) بەکاردێنێ، چونکە (أنس) واتە: ئولفەت پێوە گرتن و دڵ پێخۆش بوون، بێگومان کەسێک لە شەوێکی ساردی زستاندا، ماڵ و منداڵی پێ بێ، ڕێی لێ تێک بچێ و باران و سەرماو ڕەهێڵە بێ، ئاگرێک بەدی بکات، بۆی دەبێتە مایەی دڵخۆشیی و ئولفەت گرتن، کە دیارە ئاوەدانییەکی لێیەو، دەچێ یان ئاگریان لێ وەردەگرێ، یاخود وێڕای ئاگر لێ وەرگرتن و بزووت لێ وەرگرتنێک، ڕێگاکەشیان لێ دەپرسێ: ڕێیەکە بە کوێ دایەو، چۆن بچنەوە سەر ڕێگا؟ ﴿لَّعَلِّىٓ ءَاتِيكُم مِّنْهَا بِقَبَسٍ أَوْ أَجِدُ عَلَى ٱلنَّارِ هُدًى﴾، بەڵکو لەو ئاگرە بزووتێکتان بۆ بێنم، ئاگرێکتان بۆ لێ وەربگرم، کە مەبەست لە (قبس) بزووتێک، دارێکە سەرێکی ئاگرە، ﴿أَوْ أَجِدُ عَلَى ٱلنَّارِ

هُدًى ﴾، یاخود لەسەر ئاگرەکە ڕێنماییەک پەیدا بکەم، واتە: کەسانێک یان کەسێکی لێ بێ، کە خاوەن ڕێنمایی بێ، بە ڕێیە بزانێ.

﴿ فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِيَ يَٰمُوسَىٰٓ ﴾، ئنجا کاتێک هاتە لای ئاگرەکە، بانگکرا، ئەی مووسا! هۆ مووسا! ﴿ إِنِّيٓ أَنَا۠ رَبُّكَ ﴾، بە دڵنیایی من پەروەردگارتم، ﴿ فَٱخۡلَعۡ نَعۡلَيۡكَ ﴾، پێڵاوەکانت دانێ، ﴿ إِنَّكَ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ طُوٗى ﴾، تۆ لە شیوی پاک، لە شیوێکی پاککراوە دای، ﴿ طُوٗى ﴾، کە ئەو شیوە ناوی (طُوٗى)یە، ﴿ وَأَنَا ٱخۡتَرۡتُكَ فَٱسۡتَمِعۡ لِمَا يُوحَىٰٓ ﴾، من تۆم هەڵبژاردوە بۆ پێغەمبەرایەتیی، گوێ ڕادێرە، بۆ ئەوەی بۆت سروش دەکرێ، ﴿ إِنَّنِيٓ أَنَا ٱللَّهُ ﴾، بە دڵنیاییەوە منم خوا، ﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ ﴾، جگە لە من هیچ پەرستراوێکی دیکە نیە، ﴿ فَٱعۡبُدۡنِي وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ ﴾، بەندایەتیی تەنیا بۆ من بکەو نوێژ بۆ یاد کردنی من بەرپا بکە.

خوا ﷻ خۆی پێ دەناسێنێ، چونکە وەک دوایی باسی دەکەین: مووسا ﷺ چووە سەلکە بزووتێک بێنێ، ئەو پەڕیش کە کەسێکی لێ بێ، لێی بپرسێ: ئەرێ ڕێیەکە بە کوێ دایە؟ بەڵێ مووسا لە ڕێی ئاسایی دەگەڕێ، کەچی خوای پەروەردگار، ڕێیەکی زۆر مەزنی پێشان دەدات، مووسا لە ڕێیەک دەگەڕێ پێیدا بچێتەوە بۆ میسڕ، بەڵام خوا ڕێیەکی پێشان دەدات خۆی و خەڵک و جەماوەرێک کە بە قسەی دەکەن، بەرەو خوایان بەرێو، بەرەو سەرفرازیی دنیاو دوارۆژیان بەرێ، ﴿ إِنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ أَكَادُ أُخۡفِيهَا ﴾، بە دڵنیاییەوە (ساعة) ئەو کاتە دیارییکراوەی کە گەردوونی تێدا کۆتایی دێ، ئاخیر زەمان، بە دڵنیایی دێت، ﴿ أَكَادُ أُخۡفِيهَا ﴾، نیزیکە پەنهانی بکەم، واتە: نزیکە پەنهانی بکەم لە خۆم، ئەگەرنا خوا لە غەیری خۆی پەنهانی کردوە، ﴿ لِتُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا تَسۡعَىٰ ﴾، بۆ ئەوەی هەر کەسە بە پێی هەوڵ و کۆششەکەی خۆی سزاو پاداشت بدرێتەوە، ﴿ فَلَا يَصُدَّنَّكَ عَنۡهَا مَن لَّا يُؤۡمِنُ بِهَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ فَتَرۡدَىٰ ﴾، وریا بە! کەسێک کە بڕوای پێی نیەو، شوێن ئارەزووی خۆی کەوتوە، تۆ لانەدا لەو ڕۆژی دواییە، واتە: لە بڕواهێنان بە ڕۆژی دوایی، یاخود: بە کاتی تێکچوونی

گەردوون و ئاخیر زەمان، کە دواییش قیامەتی بە دوا دێ، ﴿ فَتَرْدَىٰ ﴾، ئەگەرنا لە بەین دەچی و دەفەوتێی، هەڵدەدێرێی.

ئنجا دوای ئەوەی خوا ﷻ ئەو ڕاستییە مەزنانەی پێ ڕادەگەیەنێ و، خۆی پێ دەناسێنێ و، باسی یەکتایی خۆی دەکات، کە دەبێ هەر ئەو پەرستراو بێ و، دوای ئەوەی فەرمانی پێدەکات بە پەرستنی و، فەرمانی پێ دەکات بە تایبەتمەندترین جۆرەکانی خواپەرستیی کە نوێژە، ئامانجی نوێژیشی بۆ دەخاتە ڕوو، کە بریتیە لە یادکردنی خوا ﷻ، ئنجا باسی ڕۆژی دوایی بە تایبەت ئاخیر زەمانی بۆ دەکات و، ڕێگرییشی لێدەکات کە کەسێک کە بڕوای پێی نیە و، شوێن ئارەزووی خۆی کەوتوە، لای بدات لە بڕواهێنان بە ڕۆژی دوایی.

ئنجا خوا ﷻ دوو بەڵگەو موعجیزەی پێشان دەدات، چونکە پێغەمبەرێک کە بە گژ فیرعەوندا بچێ، دەبێ بەڵگەی پێ بێ، پێغەمبەران عليهم السلام بە گشتیی موعیجزەو بەڵگەیەکیان بە دەستەوە بووە، پێی بیسەلمێنن کە پێغەمبەری خوان و ڕاستگۆن لەوەدا کە دەیڵێن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴾، ئەوەی بە دەستی ڕاستتەوەدیە چیە، ئەی مووسا؟ ﴿ قَالَ هِيَ عَصَايَ ﴾، گوتی: ئەوە گۆچانەکەمە، پێشێ وەک خودی (گۆچانەکەم) دەیناسێنێ.

ئنجا دێتە سەر باسی ئەو کارانەی کە بە گۆچانەکەی ئەنجامیان دەدات: ﴿ أَتَوَكَّؤُاْ عَلَيْهَا ﴾، خۆمی دەدەمە سەرێ، یانی: خۆمی پێ بەهێز دەکەم، ﴿ وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِي ﴾، هەروەها گەڵای درەختانی پێ دەوەرێنم، بەسەر مەڕەکانم دا، ﴿ وَلِيَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخْرَىٰ ﴾، دیسان چەندان کاری دیکەشم پێی هەن، بەو گۆچانە، هەندێک لە توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: دە (١٠) ئیش، هەیە دەڵێ: پازدە (١٥) ئیش، بگرە هەیە گوتوویەتی: گۆچان سەد (١٠٠) کاری پێدەکرێ، بە هەر حاڵ زۆر ئیش بە گۆچان دەکرێن، بەڵام مووسا ﵇ بە کورتیی بڕیویەتەوە، دوو کاری سەرەکیی باس دەکات، کە خۆی دەداتە سەری و، گەڵای درەختانی بۆ مەڕەکانی پێ دەوەرێنێ، بەڵام کارەکانی دی بە کۆ باس دەکات: چەندان کاری دیکەشم پێی هەن.

﴿قَالَ أَلْقِهَا يَٰمُوسَىٰ﴾، خوا فەرمووی: فڕێیدە ئەی مووسا، ﴿فَأَلْقَىٰهَا فَإِذَا هِىَ حَيَّةٌ تَسْعَىٰ﴾، فڕێیدا یەکسەر بوو بە مارێک (واتە: مارێکی زەبەلاح) حەزیاو هەژدیهایەک کە دەڕۆیی، ﴿قَالَ خُذْهَا وَلَا تَخَفْ﴾، فەرمووی: بیگرەو مەترسە، لە شوێنی دیکەدا هاتوە کە دەفەرموێ: مووسا ترسا و پشتی هەڵکرد، بۆیە کە لێرەدا خوا دەفەرموێ: بیگرەو مەترسە، چونکە لە شوێنی دیکەدا باسیکردوە کە ترساوە، گۆچانێک یەکسەر ببێتە حەزیایەک، ئەژدیهایەک، مارێکی گەورە، بە تەئکید لە حاڵەتێکی زۆر کت و پڕدا بووە، مووسا ﵇ چاوەڕێی ئەوەی نەکردوە، بۆیە ترساوە، وەک شتێکی سروشتیی، ﴿سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا ٱلْأُولَىٰ﴾، دەیگێڕنەوە بۆ حاڵەتی یەکەمی، واتە: وەک پێشتر ببێتەوە بە گۆچانێکی ئاسایی، ئنجا ئایا لە کلکیەوە گرتوویەتی، یان لە زارییەوە گرتوویەتی، لێرەدا بەس ئەوەندە دەفەرموێ: چونکە لە (پەیمانی کۆن)دا دەڵێ: لە کلکییەوە بیگرە، کلکەکەی بگرە، بەڵام لە قورئان دا دیار نیە لە سەرییەوە گرتوویەتی، یاخود لە کلکییەوە!

﴿وَٱضْمُمْ يَدَكَ إِلَىٰ جَنَاحِكَ﴾، دەستیشت کۆ بکەوە بۆ لای باڵت، (واتە: دەستی ڕاستت بخەرە بن باڵت)، ﴿تَخْرُجْ بَيْضَآءَ مِنْ غَيْرِ سُوٓءٍ ءَايَةً أُخْرَىٰ﴾، بەبێ ئەوەی کە حاڵەتی نەخۆشیی هەبێ، (واتە: بەبێ بەڵەکیی و کە تووشی نەخۆشییەک بووبێ)، بە حاڵەتی سپێتیی دێتە دەرێ، ئەویش نیشانەیەکی دیکەیە، دیارە حاڵەتی سپێتییەکەی وەک سوورەتی (الأعراف)دا باسمان کردوە، سپێتییەکی نائاسایی بووە، واتە: درەوشاوە بووە، وەک گڵۆپێکی زۆر درەوشاوەو بە شۆق، ئەگەرنا هەر سپێتیی ئاسایی، سەرنج ڕاکێش نیە، ﴿لِنُرِيَكَ مِنْ ءَايَٰتِنَا ٱلْكُبْرَى﴾، (بۆیە ئەو دوو نیشانەیەم پێ نیشان دای) تاکو لە نیشانە مەزنەکانی خۆمانت پیشان بدەین، بۆچی؟.

﴿ٱذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ﴾، بچۆ بۆ لای فیرعەون، چونکە ئەو یاخیی بووەو، لە سنوور دەرچووە، سەرکێشیی کردوە لە بەرانبەر خوادا ﷻ.

لە شوێنەکانی دیکەدا هاتوە، کە مووسا ﵇ دەفەرموێ: نەفەرێکم لێ کوشتوون، دەترسم بمکوژنەوەو...هتد، بەڵام لێرەدا تەنیا باسی داواکارییەکانی مووسا دەکات، ﴿ قَالَ رَبِّ ٱشْرَحْ لِي صَدْرِي ﴾، (مووسا) گوتی: پەروەردگارم! سینەم فراوان بکە، سینەم گوشاد بکە، دڵم با فراوان و گەورە بێ، ﴿ وَيَسِّرْ لِيٓ أَمْرِي ﴾، کاریشم بۆ ئاسان بکە، ﴿ وَٱحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِي (٢٧) يَفْقَهُواْ قَوْلِي (٢٨) ﴾، گرێیەکیش کە لە زمانم دا هەیە، بۆم بکەوە، تاکو لە قسەم تێ بگەن، واتە: زمان پاراوم بکە، ﴿ وَٱجْعَل لِّي وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِي ﴾، پاڵپشتێکیشم لە نیزیکانی خۆم بۆ بڕەخسێنە، کێ بێ ئەو پاڵپشتە؟ ﴿ هَٰرُونَ أَخِي ﴾، هارونی برام بێ، ﴿ ٱشْدُدْ بِهِۦٓ أَزْرِي ﴾، پشتمی پێ بەهێز بکە، بیکە بە هاوکارم، ﴿ وَأَشْرِكْهُ فِيٓ أَمْرِي ﴾، لە کارم دا بەشداری بکە، ﴿ كَيْ نُسَبِّحَكَ كَثِيرًا (٣٣) وَنَذْكُرَكَ كَثِيرًا ﴾، تاکو زۆرت بە پاک بگرین و، زۆریشت یاد بکەین، ﴿ إِنَّكَ كُنتَ بِنَا بَصِيرًا ﴾، بە دڵنیایی تۆ بینەری ئێمەی، واتە: حاڵ و باڵمان دەبینی، ئاگات لێمانە.

﴿ قَالَ قَدْ أُوتِيتَ سُؤْلَكَ يَٰمُوسَىٰ ﴾، خوا فەرمووی: داواکارییەکەت جێبەجێ بوو ئەی مووسا! داواکارییەکەی مووسا ﵇ چوار شت بوون، بەڵام خوا دەفەرموێ: داواکارییەکەت جێ بەجێ بوو، پێتدرا، ﴿ وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَيْكَ مَرَّةً أُخْرَىٰٓ ﴾، جاری دیکەش ئێمە چاکەمان لەگەڵ تۆدا کردوە، واتە: دڵنیابە کە ئەو داواکارییانەشت بۆ جێبەجێ دەبن و پێت دەدرێن، چونکە یاد بکەوە جاری دیکەش ئێمە چاکەمان لەگەڵ تۆدا کردوە، ﴿ إِذْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّكَ مَا يُوحَىٰٓ ﴾، کاتێک کە سروشمان بۆ لای دایکت کرد، ئەوەی کە بۆمان سروش کرد، کە بە تەئکید لێردا مەبەست لە (وحي) قسەی پەنهانە، کە مەبەست پێی (إلهام)ە، یانی: خستمانە دڵی دایکتەوە، یان بە خەون بینیویەتی، یاخود بە ئیلهام و خورپە خوا خستوویەتە نێو دڵی، چی خستۆتە نێو دڵی؟ ﴿ أَنِ ٱقْذِفِيهِ فِي ٱلتَّابُوتِ ﴾، (کە مووسا کە ئەو کاتە، مەلۆتکەیەک و کۆرپەیەک بووە، تازە لە دایک بووە) بیخە تابووتێکەوە، تابووت، واتە: سندووق، بیخە سندووقێکەوە، ﴿ فَٱقْذِفِيهِ فِي ٱلْيَمِّ ﴾،

ئنجا سندووقەکەش بخە نێو دەریاوە، مەبەست پێی ڕووباری (نیل)ە، ﴿ فَلْيُلْقِهِ ٱلْيَمُّ بِٱلسَّاحِلِ ﴾، با دەریایەکەش، واتە: ڕووباری (نیل)یش فڕێیداتە کەنارەوە، ﴿ يَأْخُذْهُ عَدُوٌّ لِّي وَعَدُوٌّ لَّهُۥ ﴾، سەرەنجام دوژمنێکی من و دوژمنێکی خۆی (کە فیرعەونە) دەیگرێتەوە، ﴿ وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّي ﴾، ئنجا بۆ ئەوەش کە فیرعەون و دارو دەستەکەی نەتکوژن، لە لایەن خۆمەوە خۆشەویستییم خستبووە سەرت، واتە: وام دروست کردبووی و، وام لێ کردبووی، هەر کەسێک بتبینێ بە مەلۆتکەیی، خۆشی بوێی، ﴿ وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِيٓ ﴾، هەروەها تاکو لە ژێر چاودێریی مندا تۆ دروست بی و بە خێو بکریی و پەروەردە بکرێی.

ئنجا خوا ﷻ باسی ئەوەی بۆ دەکات کە چۆن خوشکەکەی چووەو، لە ماڵی فیرعەون دەربازی کردوە و گێڕاویەتەوە بۆ لای دایکی، دەفەرموێ: ﴿ إِذْ تَمْشِيٓ أُخْتُكَ فَتَقُولُ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ مَن يَكْفُلُهُۥ ﴾، یاد بکەوە! کاتێک کە خوشکەکەت دەڕۆیشت دەیگوت: ئایا کەسێکتان پێشان بدەم لە خۆی بگرێ و بە خێوی بکات و سەرپەرشتیی بکات؟ ﴿ فَرَجَعْنَٰكَ إِلَىٰٓ أُمِّكَ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ ﴾، سەرەنجام تۆمان گێڕایەوە بۆ لای دایکت، تاکو دڵی خۆش بێ و خەمبار نەبێ، ﴿ وَقَتَلْتَ نَفْسًا فَنَجَّيْنَٰكَ مِنَ ٱلْغَمِّ وَفَتَنَّٰكَ فُتُونًا ﴾، کەسێکیشت کوشت، بەڵام تۆمان لە خەم و خەمباریی دەرباز کردو، بە چەندان جۆرە تاقیکردنەوە تاقیمان کردیەوە، ﴿ فَلَبِثْتَ سِنِينَ فِيٓ أَهْلِ مَدْيَنَ ﴾، چەندان ساڵ لە نێو خەڵکی مەدیەندا مایەوە، ﴿ ثُمَّ جِئْتَ عَلَىٰ قَدَرٍ يَٰمُوسَىٰ ﴾، دوایی تۆ لە کاتێکی ئەندازەگیریی کراودا هاتی، ئەی مووسا ﵇! ﴿ وَٱصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي ﴾، هەروەها من بۆ خۆمم دروست کردی، واتە: بۆ ئەرکێک هی منە، پێت دەسپێرم، بەو شێوەیە بە مەلۆتکەیی دەربازم کردی و لە ماڵی فیرعەوندا بەخێوکرای، دوایی هەرچەند نەفەرێکت لە دەست کوژراو، بەڵام دەربازم کردی، دوایی چووی ماوەیەک لە نێو خەڵکی مەدیەندا مایەوەو شوانییت کرد، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێش و ژان و ناڕەحەتییەکانی ژیاندا، ڕووبەڕوو ببیەوە و بزانی ژیان چۆنەو، بزانی ناڕەحەتیی چۆنەو، بزانی ژیانی

خەڵکی هەژارو نەدار چۆنە؟ بەو جۆرە بۆ خۆمم پەروەردەم کردووی، چونکە کارێکی گرنگم پێتە، ئەویش ئەوەیە کە پەیامی خوا بگەیەنی بە فیرعەون و دارو دەستەکەی.

﴿ ٱذۡهَبۡ أَنتَ وَأَخُوكَ بِـَٔايَٰتِي وَلَا تَنِيَا فِي ذِكۡرِي ﴾، ئنجا خۆت و برایەکەت بە بەڵگەو نیشانەکانی منەوە بچن و، لە یادی مندا سستیی مەنوێنن و خاوو خلیچکیی مەکەن، چونکە ئینسان ئەگەر یادی خوای هەمیشە لە دڵ دابێ، بێگومان ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دێنە بەردەمی، لە بەرانبەریاندا بە چۆک دانایەت، ﴿ ٱذۡهَبَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴾، هەردووکتان بڕۆن بۆ لای فیرعەون، چونکە ئەو یاخیی بووە، لە سنوور دەرچووە، لافی پەروەردگارێتیی و پەرستراوێتیی بەسەر بەندەکانمدا لێ دەدا، ﴿ فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا ﴾، قسەیەکی نەرمی پێ بڵێن، ﴿ لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ ﴾، بەڵکو وە بیری بێتەوە، یاخود بترسێ، یان عەقڵ و هۆشی بێتەوە بیری، یاخود دڵ و دەروونی ترس و سام و هەیبەتی خوای بچێتە تێ.

﴿ قَالَا رَبَّنَآ إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفۡرُطَ عَلَيۡنَآ ﴾، گوتیان: ئەی پەروەردگارمان! ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە، کە دەسپێشخەریی بکات (واتە: زوو سزامان بدات و پێشمان بکەوێ، بەرلەوەی پەیامی تۆی پێ بگەیەنین)، ﴿ أَوۡ أَن يَطۡغَىٰ ﴾، یاخود دوای ئەوەی کە پەیامەکەی تۆی پێ دەگەیەنین، یاخیی بێ و، لە سنوور دەربچێ، واتە: پێش گەیاندنی پەیامەکەت دەسپێشخەریی بکات بە سزادانمان، یاخود دوای گەیاندنی پەیامەکەت، یاخیی بێ!

﴿ قَالَ لَا تَخَافَآ ﴾، خوا فەرمووی: مەترسن، ﴿ إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ ﴾، بە دڵنیاییەوە من لە گەڵتانم و دەبیستم و دەبینم، قسەی ئێوەو فیرعەونیش دەبیستم و، حاڵی ئێوەو ئەویش دەبینم، ﴿ فَأۡتِيَاهُ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ ﴾، بچن بۆ لای بڵێن: ئێمە هەردووکمان نوێنەرو ڕەوانەکراوی پەروەردگاری تۆین، ﴿ فَأَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبۡهُمۡ ﴾، دەجا وەچەی ئیسرائیلمان لەگەڵ بنێرە و

ئازاریان مەدە، چی دیکە، سۆغرەو بێگاریان پێ مەکە، ﴿ قَدۡ جِئۡنَٰكَ بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكَ ﴾، لە پەروەردگارتەوە نیشانەیەکی مەزنمان بۆ هێناوی، ﴿ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلۡهُدَىٰٓ ﴾، ئەو کەسەش کە شوێن ڕێنمایی خوا دەکەوێ، هەر ئەو سەلامەتیی بۆ هەیە، ﴿ إِنَّا قَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡنَآ أَنَّ ٱلۡعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە سروشمان بۆ کراوە، کە سزا لەسەر کەسێکە، پەیامی خوا بە درۆ دادەنێ و پشتی تێدەکات.

﴿ قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ﴾، (فیرعەون) گوتی: پەروەردگاری ئێوە کێیە ئەی مووسا؟! چونکە فیرعەون خۆی گوتوویەتی: ﴿ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴾، من پەروەردگاری هەرە بەرزتانم، بۆیە دەڵێ: ئەی مووسا! پەروەردگاری ئێوە کێیە؟ پەروەردگار، واتە: مشوورخۆرو کارسازو کارهەڵسووڕێنەر، واتە: پەروەردگار هەر منم، کێ پەروەردگاری ئێوەیە؟ ﴿ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴾، گوتی: پەروەردگارمان ئەو کەسەیە کە بوونی بە هەموو شتێک داوەو، ڕێنماییشی کردوە، واتە: هەم لە نە بوونەوە هێناویەتە دی و، هەم دوای ئەوەی هێناویەتە دی، بەرنامەشی بۆ داناوە، چ بەرنامەیەک کە لە یاسا گەردوونییەکاندا بەرجەستەیە، چ بەرنامەیەک کە لە یاسا شەرعییەکاندا بەرجەستە دەبێ، بە نسبەت مرۆڤەکانەوە، ﴿ قَالَ فَمَا بَالُ ٱلۡقُرُونِ ٱلۡأُولَىٰ ﴾، (فیرعەون) گوتی: ئەدی حاڵی سەدە پێشووەکان چۆنە؟ واتە: نەمانبیستوە ئەوان: بەرنامەو پەیامیان بۆ هاتبێ، پێغەمبەریان بۆ هاتبێ، یاخود دەگونجێ فیرعەن مەبەستی ئەوە بوو بێ، لەبەر ئەوەی لێرەدا شکستی خواردوە، سەرقاڵیان بکات بە باس و خواسی لاوەکییەوە.

بەڵام مووسا ﵇ هەر زوو وەڵامی دەداتەوە، ﴿ قَالَ عِلۡمُهَا عِندَ رَبِّي فِي كِتَٰبٖۖ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى ﴾، گوتی: زانیاریی دەربارەی سەدە پێشووەکان لە لای پەروەردگارمە، لە نووسراوێکدا تۆمار کراوە، واتە: لە زانیاریی بێ سنووری خوادا تۆمار کراوە، یان: لە نووسراوێک دا تۆمار کراوە، ﴿ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى ﴾،

پەروەردگارم نە لێی تێک دەچێ و، نە لە بیریشی دەچێ، نە هەڵە دەکات و نە لە بیری دەچێ.

ئنجا دێتەوە سەر باسی پێناسە کردنی خوا ﷻ، دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ مَهْدًا﴾، (خوا) ئەو کەسەیە کە زەوی بۆ ڕاخستوون، وەک فەرشێک، وەک ڕایەخێک، بۆی ڕاخستوون، ﴿وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا﴾، چەندان ڕێی بۆ لەو زەوییەدا داناون، ﴿وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾، لە سەرێوەش ئاوی بۆ دابەزاندوون (لە شێوەی باران و بەفرو تەرزەدا)، ﴿فَأَخْرَجْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّن نَّبَاتٍ شَتَّىٰ﴾، ئنجا لە چەندان جۆرە ڕووەکی جۆرا و جۆر، لە زەوی پێمان دەرهێناوە، ﴿كُلُوا۟ وَٱرْعَوْا۟ أَنْعَـٰمَكُمْ﴾، خۆشتان بخۆن و ئاژەڵەکانیشتان بلەوەڕێنن، ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلنُّهَىٰ﴾، بێگومان لەوەدا نیشانە هەن، بۆ خاوەن عەقڵان، ﴿مِنْهَا خَلَقْنَـٰكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ﴾، لە زەوییەوە هێناومانن دی، هەر دەشتانگێڕینەوە بۆ نێو (زەوی)و، جارێکی دیکەش هەر لە زەوی دەرتان دێنینەوە، واتە: لە ڕۆژی دوایيدا.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

باسی چوونی مووسا عليه السلام بۆ لای ئاگرێک کە لە دوورەوە بە دی کردوەو، بانگ کرانی لەلایەن خوای بێ وێنەوەو، دوێنرانی و ئاگادارکردنەوەی لەوە کە کراوەتە پێغەمبەری خوای تاک، بۆیە پێویستە تەنیا ئەو بپەرستێ و، نوێژی بۆ بەرپا بکات و، ئاخیر زەمانیش هاتنی مسۆگەرە، بۆ پاداشت و سزا درانەوەی هەموو کەس و، نابێ کەسێک کە پێی بێبڕوایە و، شوێنکەوتەی ئارەزووی خۆیەتی، وای لێ بکات (واتە: وا لە مووسا بکات) کە لە بڕواهێنان بە ڕۆژی دوایی لابدا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَهَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ (٩) إِذۡ رَءَا نَارٗا فَقَالَ لِأَهۡلِهِ ٱمۡكُثُوٓاْ إِنِّيٓ ءَانَسۡتُ نَارٗا لَّعَلِّيٓ ءَاتِيكُم مِّنۡهَا بِقَبَسٍ أَوۡ أَجِدُ عَلَى ٱلنَّارِ هُدٗى (١٠) فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِيَ يَٰمُوسَىٰٓ (١١) إِنِّيٓ أَنَا۠ رَبُّكَ فَٱخۡلَعۡ نَعۡلَيۡكَ إِنَّكَ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ طُوٗى (١٢) وَأَنَا ٱخۡتَرۡتُكَ فَٱسۡتَمِعۡ لِمَا يُوحَىٰٓ (١٣) إِنَّنِيٓ أَنَا ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدۡنِي وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ (١٤) إِنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ أَكَادُ أُخۡفِيهَا لِتُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا تَسۡعَىٰ (١٥) فَلَا يَصُدَّنَّكَ عَنۡهَا مَن لَّا يُؤۡمِنُ بِهَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ فَتَرۡدَىٰ (١٦) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست و دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ وَهَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ﴾، خوا ﷻ پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ دەدوێنێ، بە پلەی یەکەم و، لە پشت ئەویشەوە، هەموو ئەوانەی کە لە ڕێی ئەوەوە

قورئانیان پێگەیشتوە، دەفەرموێ: ئایا باس و خواسی مووسات بۆ هاتوە؟ بێگومان لێرەدا، وەک پێشتریش گوتمان: (هَلْ) هەرچەندە بۆ پرسیارکردنە، بەڵام شوێنی (قَدْ) دەگرێتەوە لە هەواڵداندا، وەک لە سەرەتای سوورەتی (الإنسان) لە ئایەتی ژمارە (١) دا کە دەفەرموێ: ﴿هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْـًٔا مَّذْكُورًا﴾، واتە: بە دڵنیایی کاتێک بەسەر مرۆڤدا هاتوە کە شایانی باس نەبووە، واتە: نەبووە و بوونی نەبووە، تاکو باس بکرێ.

بەڵێ: (هَلْ) (ئایا) بۆ پرسیارکردنە، بەڵام لێرەدا خوا ﷻ نەیویستوە پرسیار لە پێغەمبەری خاتەم بکات ﷺ ئایا هەواڵی باس و خواسی بەسەرهاتی مووسات بۆ هاتوە، یان نا؟ بۆچی؟ چونکە دەزانێ کە لە سوورەتەکانی پێش ئەم سوورەتی (طه)دا، کە چل و چوار (٤٤) سوورەتی لە پێش دا هاتوون، ئەو باس و خواسەی بۆ پێغەمبەری خاتەم ناردوە، کە سوورەتەکانی: (**الشعراء و القصص و النمل**)و، چەند سوورەتێکی دیکەش، بەسەرهاتی مووسایان تێیدا هاتوە، لە پێش ئەم سوورەتەوە هاتوون.

کەواتە: لێرەدا ﴿وَهَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ﴾، با بە ڕواڵەت ماناکەشی ئاوا بێ: ئایا بەسەرهاتی مووسات بۆ هاتوە؟ باس و خواسی سەرگوزەشتەی مووسات بۆ هاتوە؟ بەڵام لە ڕاستییدا مەبەست پێی ساغکردنەوە (**تحقيق**)یە، یانی: بە دڵنیایی بۆت هاتوە، ئنجا دێتە سەر گێڕانەوەی بەسەرهاتی مووسا ﵇.

٢)- ﴿إِذْ رَءَا نَارًا﴾، کاتێک کە ئاگرێکی بینی، وشەی (إِذْ) بێگومان (**ظرف**)ە، واتە: کاتێک کە کارێکی تێدا ئەنجام دەدرێ، بۆ وشەی (**حديث**) بەسەرهات، واتە: بەسەرهاتەکە ئەو کاتە بوو کە ئاگرێکی بینی بە تایبەت، مەسەلەکە لەوێوە دەست پێدەکات، کە دەفەرموێ: ﴿إِذْ رَءَا نَارًا﴾، کاتێک ئاگرێکی بینی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو کاتەی ئاگرەکەی بینیوە، شەو بووە، چونکە لە شەودا ئاگر بەدی دەکرێ، بەڵام لە ڕۆژدا بە تایبەت لە دوورەوە، ئاگر بە زەحمەت دەبینرێ.

هەڵبەتە لە کتێبە مێژووییەکان و لە سەرچاوەکاندا هاتوە، کە مووسا عليه السلام وەک دوایی لە تەفسیری سوورەتی (القصص)دا، بە درێژیی باس دەکەین، کاتێک لە مەدیەنەوە گەڕاوەتەوە، خۆی و ماڵ و خێزانی شەویان لێ بەسەردا هاتوە، ڕێیەکەشیان لێ هەڵە بووە، باران و سەرماو ڕەهێڵە بووە، سەرماشیان بووەو ڕێشیان لێ ون بووە، بۆیە کە ئاگرەکەی بەدی کردوە، هەم ئومێدی ئەوەی هەبووە بچێت بزووتێک ئاگر بێنێ و ئاگری پێ بکەنەوەو، لەو سەرمایە دەربازیان بێ و خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە، هەم کەسێکیش لەوێ ببینێ، کە ڕێیەکەیان پێشانبداو، بێنەوە سەر ئەو ڕێیەی کە دەیانگەیەنێ، بە ئامانج، کە ئامانجەکەیان، بریتی بووە لە گەیشتن بە میسر.

٣)- ﴿ فَقَالَ لِأَهۡلِهِ ٱمۡكُثُوٓاْ ﴾، بە خێزانەکەی گوت: لێرە بمێننەوە و ڕاوەستن.

وشەی (أهْلْ) لە زمانی عەرەبییدا تەعبیری پێ دەکرێ لە ژن (هاوسەر)، بەڵام وێڕای ئەوە، بە مانای ژن و منداڵیش دێ، واتە: هاوسەرو منداڵەکان لە کوڕان و کچان.

(الْمَكْثُ: ثَبَاتٌ مَعَ انتظار)، (مَكْث) بریتییە لە مانەوە لە شوێنێک لەگەڵ چاوەڕێ کردندا، یانی: کەمێک ڕاوەستن.

٤)- ﴿ إِنِّيٓ ءَانَسۡتُ نَارٗا ﴾، من ئاگرێکم بەدی کردوە، وشەی (ءَانَسْتُ) بە مانای (أَبْصَرْتُ) بینیم دێ، بەڵام: (الإِينَاسُ: الإِبْصَارُ البَيِّنُ الَّذِي لاَ شُبْهَةَ فِيهِ)، (إیناس) واتە: ئەو بینینە ڕوونەی کە هیچ گومانی تێدانیە.

بەڵام وێڕای ئەوەش من وای تێدەگەم: بۆیە خوا ﷻ وشەی (إیناس)ی بەکارهێناوەو نەیفەرمووە: (إِنِّي أَبْصَرْتُ نَاراً)، یان (رَأَيْتُ نَاراً)، چونکە (مووسا) بەهۆی دیتنی ئەو ئاگرەوە، ئولفەت و هۆگرییەکی بۆ پەیدابووە و، دڵخۆشیی و شادمانیی و ئومێدێکی بۆ پەیدابووە، وەک لە سوورەتی (النور)دا دەفەرمووێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ بُيُوتِكُمۡ حَتَّىٰ تَسۡتَأۡنِسُواْ وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهۡلِهَا ﴾.

(**إستأناس**) کە لە (**أُنس**)ەوە هاتوە، یانی: پێش ئەوەی تۆ لە دەرگا بدەی، دەبێ حاڵیی ببی، کە ئەو ماڵەی سەردانیان دەکەی، پێی دڵخۆشن و کاتیان گونجاوە و بۆیان دەلوێ پێشوازیی بکەن، ئنجا دەڵێ: من ئاگرێکم بەدی کردوە، کە بۆتە هۆی ئولفەت و دڵخۆشییم.

٥)- ﴿ لَّعَلِّيٓ ءَاتِيكُم مِّنۡهَا بِقَبَسٍ ﴾، بەڵکو لەو ئاگرە بزووتێکتان بۆ بێنم، (**القَبَسُ: مَا يُؤْخَذُ اشْتِعَالُهُ مِنْ اشْتِعَالِ شيءٍ آخر**)، (**قَبَس**) ئەوەیە کە ئاگرێک دابگیرسێنرێ لە شتێکی دیکەدا کە داگیرساوە، کە بە کوردیی پێی دەڵێن: سەلکە بزووت، یاخود بزووت: کە بریتیە لە دارێک کە سەرێکی ئاگر بێ و سەرەکەی دیکەشی بە دەستەوە دەگیرێ بۆ ئەوەی بە کاربهێنرێ، ئەو کاتە شقارتەو چەرخ و ئەو شتانە نەبوون، کە دەستیشت نەسووتێنێ و ئاگریشی پێ بکەیەوە، بۆیە بە ناچاریی ئەگەر ویستبایان ئاگرێک بکەنەوە، دەبووایە لەو ئاگرەی کە داگیرساوە، دارێکی درێژ بێنن و، سەرێکی داگیرسێنن و سەرەکەی دیکەی بگرن، تاکو دەیگەیەننە شوێنی مەبەست.

٦)- ﴿ أَوۡ أَجِدُ عَلَى ٱلنَّارِ هُدٗى ﴾، (بەڵکو لەو ئاگرە بزووتێکتان بۆ بێنم، کە لێرە ئاگرێک بکەینەوە) یاخود لەسەر ئاگرەکە ڕێنماییەک ببینم، ڕێنمایی لێرەدا، کە دەفەرموێ: ﴿ أَوۡ أَجِدُ عَلَى ٱلنَّارِ هُدٗى ﴾، یانی: (**ذا هُدَىْ**) کەسێک کە خاوەنی ڕێنمایی بێ، ئەگەرنا (**هُدَى**)چاوگە، نەیگوتوە: (**أَوْ أَجِدُ عَلَى ٱلنَّارِ هَادِياً**) واتە: ڕێ پێشاندەر، بەڵکو دەفەرموێ: (**هُدَىً**) واتە: کەسێک کە خاوەنی ڕێنمایی بێ، خاوەنی ڕێ پێشاندان بێ، واتە: بگەمە کەسێک کە شارەزای ڕێ بێ، واتە: وێڕای ئەوەی کە ئاگر دێنم و سەلکە بزووتێک دێنم، بەڵکو کەسێکیشم لێ هەڵکەوێ، لەسەر ئاگرەکە، زۆر شارەزای ڕێ بێ.

٧)- ﴿ فَلَمَّآ أَتَىٰهَا ﴾، واتە: کاتێک کە هاتە لای، ڕاناوەکە بۆ ئاگرەکە دەچێ، (**فَلَمَّا أتى النَّاراً**)، چوو بۆ لای ئاگرەکە، ئەو پێی وابوو ئاگرە، بەڵام لە ڕاستییدا ئاگر نەبوو، کە دوایی باسی دەکەین و، لە پەیمانی کۆنەوە ئەو دەقە دێنین، بەڵکو ئەوە دڕوویەک بووە، یاخود تووتڕکێک بووە داگیرساوە، کە لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: (**عُلَّيْقَةَ**)، ئنجا کاتێک مووسا چوو بۆ لای ئەو ڕۆشناییەی کە پێی وابوو ئاگرە.

٨)- ﴿ نُودِيَ يَٰمُوسَىٰٓ ﴾، بانگکرا ئەی مووسا، لێرەدا بە **(مجهول الفاعل)** هێناویەتی، بانگکرا، لە لایەن کێوە بانگ کرا؟ بە تەئکید لە لایەن خواوە، بەڵام دەڵێ: **(بُنِيَ فِعْلُ النِّدَاءِ للمَجْهُولِ زِيَادَةً فـي التَّشْوِيْقِ إلى اسْتِطلاَعِ القِصَّة)**، بۆیە بانگکردنە بە بکەر نادیار دانراوە، تاکو زیاتر ببێتە هاندانی بابای خوێنەر، بۆ ئەوەی بزانێ ئەو بەسەرهاتە سەری بە چی دەگات و، کێ بوو بانگی مووسای کردوە؟.

٩)- ﴿ إِنِّيٓ أَنَا۠ رَبُّكَ ﴾، (ئەو بانگکەرەی کە بانگی مووسای کرد)، فەرمووی: بە دڵنیایی منم پەروەردگارت، لێرەدا مووسا ﵇ حاڵیی دەبێ کە ئەو قسەیەی لەگەڵیدا دەکرێ لە خواوەیە، چونکە قسەکردنێکی نائاسایی بووە.

زانایان زۆریان باسکردوە: مووسا ﵇ چۆن فەرمایشتی خوای بیست، ئایا هەر بە گوێیەکانی بیستی، یاخود بە هەموو جەستەی بیستی، ئنجا چۆن دڵنیابوو کە ئەوە فەرمایشتی خوایە، بۆ وێنە: قسەی (شیطان)ێک، (جند)ێک، قسەی کەسێکی دیکە نیە؟ وەڵامەکەی هەر ئەوەیە کە کاتێک لە لایەن خواوە ﷻ مرۆڤێک حاڵیی دەکرێ لە شتێک، جا ئەگەر لە حاڵەتی بێداریی دابێ، کە بۆ پێغەمبەران وەحیی بووەو، بۆ دۆستانی خوا ئیلهام و خورپەو خستنە دڵە، یان لە حاڵەتی خەون دابێ، ئەو مرۆڤە، ئەو کەسە وا حاڵیی دەبێ و وا دڵنیا دەبێ، کە هیچ تەم و مژ لە دڵ و دەروون و عەقڵی دانامێنێ، کە ئەوە خوا ﷻ، ئەو شتەی لێ حاڵیی کردوە، واتە: مووسا ﵇ گرنگ ئەوەیە کە دڵنیایی تەواوی بۆ پەیدا بووە، کە ئەوە خوایە ﷻ، ئەو دەنگە لە لایەن خواوەیە، ئنجا ئایا خوا ﷻ دەنگی هەیە ئەو دەنگەی کە ئێمە دەیبیستین؟! ئەوەش دیسان پێویست ناکات ئێمە زۆر بچینە نێو ئەو وردەکارییەوە، بێگومان خوا ﷻ هیچ حاڵەتێکی ماددیی نیە، وەک ئەوەی کە بۆ ئێمە بەرهەستە بە پێنج هەستەکانمان هەستیان پێ دەکەین.

بۆیە زانایان گوتوویانە: خوا ﷻ ئەو ڕۆشنایییەی لەو تووتڕکەدا (لەو دڕووەدا) دروستکردوە، هەڵبەتە بە پێی قسەی پەیمانی کۆن، ئەگەرنا دەگونجێ دەوەنێک

بوو بێ و، دەگونجێ جۆرە درەختێکی دیکە بوو بێ، بەڵام پەیمانی کۆن دەڵێ: تووترک (عُلَّيْقَةَ)ێک دا، ئەو ڕۆشناییەی لەوێدا خولقاندوەو، ئاگریش نەبووە، بەڵکو تەماشای کردوە دەئایسێ و کەچی ناشسووتێ، هەروەها خوا ئەو دەنگەشی هەر لەوێ هێناوە! گرنگ ئەوەیە کە مووسا حاڵیی بووە کە ئەو دەنگە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە دێ، ئنجا ئایا هەر دەنگی خوا بووە، یاخود دەنگێک بووە، خوا دروستی کردوە؟ هەروەها ئایا مووسا هەر بە گوێی بیستوویەتی، یان بە هەموو ئەندامەکانی بیستوویەتی؟ ئەوە بەڕاستی ئەوانە هەندێ وردەکارییـن کە لە دەرەوەی توانای مرۆڤن.

گرنگ ئەوەیە بزانین خوا ﷻ: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ﴾، هیچ شتێک وەک خوا نیە، هەرچی ڕواڵەتی ماددییە، ئنجا لە ڕووی دەنگەوەو، لە ڕووی ڕەنگەوەو، لە ڕووی بۆنەوەو، لە ڕووی تامەوەو، لە هەموو ئەو ڕووانەی کە پێنج هەستەکان دەرکیان پێ دەکەن، خوای پەروەردگار بەو شێوەیە نیە، چونکە خوا: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ﴾، هەموو شتەکان دروست کراوی خوان و، شتە ماددییەکان بە پێنج هەستەکان هەستیان پێ دەکرێ، بەڵام خوا ﷻ نە وەک شتە ماددییەکانە، نە وەک شتە مەعنەوییەکانیشە، وەک دروستکراوەکانی نیە، بە هەموو جۆرو شێوەکانیانەوە(١).

١٠)- ﴿فَٱخۡلَعۡ نَعۡلَيۡكَ﴾، (خوا پێی فەرموو: منم پەروەردگاری تۆ)، پێڵاوەکانت دانێ، **(الخَلْعُ: فَصْلُ شَيءٍ عَنْ شَيءٍ كَانَ مُتَّصِلاً بِهِ)**، **(خَلْع)** داڕنینی شتێکە لە شتێک، کە پێوەی پەیوەست بووە، پێلاوەکانت دابکەنە، دایان بنێ، وشەی **(نَعْل)** ئێستا لە کوردییدا دەگوترێ: نەعل، واتە: دەمپایە، یان سەرپایە، ئەوەی کە بەسەر پێوە دەکرێ، بەڵام **(نَعْل)** لە زمانی عەرەبییدا، یانی: (حذاء) پێڵاو، نەعلیش دەگرێتەوە، یانی: سەرپایەو، پێڵاوی دیکەش بە هەموو جۆرەکانیەوە دەگرێتەوە، بۆچی خوا فەرموویەتی: پێلاوەکانت دابنێ؟ هەندێک لە ڕوونکەرەوانی ماناو مەبەستەکانی قورئان، نازانم لە کوێیان هێناوە

---

(١) لە تەفسیری سوورەتی (القصص)دا لەو بارەوە وردەکاریی زیاترمان هێناوە.

دەڵێن: لەبەر ئەوەی کە پێڵاوەکانی مووسا لە پێستی کەرێک کە دەباغ نەکراوە، دروست کرابوون، بەڵام بە ڕاستیی ئەمە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە، چونکە دوایی خوا ﷻ هۆکاری داکەندنی پێڵاوەکانی ڕوون دەکاتەوە.

١١)- ﴿إِنَّكَ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى﴾، بە دڵنیایی تۆ لە شیوی پاک و پاککراوە (**مُقَدَّس**)، دای، کە ناوی (**طُوًى**)یە، لەبەر ئەوەی تۆ لە شوێنێکی پاکی، پێڵاوەکانت دانێ.

(الـوَادِيُ: المُفْـرَجُ بَـيْنَ الجبَـالِ وَالتّـلاَلِ، المُقَـدَّسُ: المُطهَـر، طَـوًى: اسْـم الـوَادِي أَو اسْـمٍ لِصنْـفٍ مـنَ الأوديـة)، (**وادي**) کـە بـە (**ي**) دێ، جـاری واشـە بەبـێ (**ي**) دێ، (**واد**) بریتیـە لـە بۆشـایی و کەلێنـی نێـوان چیـاکان، یاخـود گـردەکان، (**مُقَدَّس**)یـش واتـە: پاککـراوە (**مُطَهَّر**)، (**طُوًى**)ش نـاوی شـیوەکەیە، یاخـود نـاوی جۆرێـک لـە شـیوەکانە، وەک ئـەوەی پێچرابێتـەوە، چونکـە (**طَـوَاه**)، یـانی: پێچایـەوە، نوشـتاندیەوە.

پێـم وایـە[1] کـە فەرمانکردنـی خـوا بـە مووسـا عليه السلام کـە پێڵاوەکانـی دابنـێ، ئـەوە هیـچ لەبـەر ئـەوە نەبـووە کـە هیـچ بەڵگەیـەک نیـە کـە لـە چەرمـی کەرێکـی دەبـاغ نەکـراو، دروسـت بووبـن، پێـم وایـە لەبـەر ئـەوەش نەبـووە کـە ئەو شـوێنە شـوێنێکی پـاک بـووەو نـە دەبووایـە بـە پێڵاوەوە پێیـدا بـڕوا، بەڵکـو پاکیەتیـی ئـەو شـوێنە لـەو کاتـەدا لـەوەوە هاتـوە، کـە لـەو کاتـەدا خـوا ﷻ فەرمایشـتی خـۆی لـەو ڕۆشـناییەدا بـۆ مووسـا دەرخسـتوەو، دواندوویەتـی لـەو شـوێنەدا، واتـە: پاکیـی ئـەو شـیوە لـەو حاڵەتـە تایبەتـەوە سـەرچاوەی گرتـوە، کـە بریتیـە لـە فەرمایشـتکردنی خـوا لەگـەڵ مووسـا عليه السلامدا، ئەگەرنـا، نـە پەیوەندیـی بـە شـوێنەکەوە هەبـووە، لەبـەر خـودی خـۆی و، نـە پەیوەندیـی بـە پێڵاوەکانـی مووساشـەوە هەبـووە، بـەو ماددەیـەی کـە لێـی دروسـت کـراون، بەڵکـو پەیوەندیـی بـەو حاڵەتـەوە هەبـووە.

ئـەوە شـتێکی لۆژیکیـی و مەنتیقییـە، چونکـە ئەگـەر لەبـەر شـوێنەکە بووایـە، ئاخـر ئـەو شـوێنە چـی لـێ بـووە، جگـە لـەوەی کـە خـوا لـەو کاتـەدا فەرمایشـتی

---

[1] کە هەڵبەتە لە تەفسیرەکاندا نەمبینیوە، بۆیە دەڵێم: پێم وایە.

فه‌رمووه له‌گه‌ڵ مووسادا ﵇؟ ئه‌مان بیستوه هیچ شتێکی دیکه‌ی لێ بوو بێ، به‌ڵام ئه‌و حاڵه‌ته‌ی لێ بووه که له‌و کاته‌دا خوا فه‌رمایشتی له‌گه‌ڵ مووسادا ﵇ کردوه، که‌واته: پاکیی ئه‌و شوێنه له‌و حاڵه‌ته‌وه هاتوه، واته: له‌به‌ر ئه‌و حاڵه‌ته تایبه‌ته‌ی که قسه له‌گه‌ڵ په‌روه‌ردگارت دا ده‌که‌ی، پێڵاوه‌کانت دابنێ، چونکه به هۆی فه‌رمایشتکردنی په‌روه‌ردگارت له‌گه‌ڵتدا له‌و شوێنه‌دا، ئه‌و شوێنه‌ش به پاک له قه‌ڵه‌م ده‌درێ و، ده‌بێ به پێخواسیی له خزمه‌ت خوای په‌روه‌ردگاردا بوه‌ستی.

١٢)- ﴿ وَأَنَا ٱخۡتَرۡتُكَ ﴾، هه‌روه‌ها من تۆم هه‌ڵبژاردوه، ده‌ڵێ: (**الإِخْتِيَارُ: تَكَلُّفُ طَلَبِ مَا هُوَ خَيْرٌ**)، (**إِخْتِيَار**) بریتیه له هه‌وڵدان بۆ داواکردنی شتێک که چاکه، واته: من هه‌ڵمبژاردووی، بۆچی هه‌ڵیبژاردوه؟ به ته‌ئکید لێره باسی نه‌کردوه، به‌ڵام ڕوونه که: (**أَنَا آخْتَرْتُكَ لِلنُّبُوَّةِ أو لِلرِّسَالَةِ**) من تۆم هه‌ڵبژاردوه بۆ پێغه‌مبه‌رایه‌تیی و بۆ ڕه‌وانه‌کراویه‌تیی.

١٣)- ﴿ فَٱسۡتَمِعۡ لِمَا يُوحَىٰٓ ﴾، ده‌جا گوێ هه‌ڵخه بۆ ئه‌وه‌ی که سروش ده‌کرێ، پێشتر گوتوومانه: (**الوَحِي: الكَلَامُ الخَفِيُّ**)، (**وَحِي**) واته: ئه‌و قسه‌یه‌ی که به په‌نامه‌کیی و به په‌نهانیی بۆت ده‌نێردرێ، تۆ ئه‌وه‌ی بۆت سروش ده‌کرێ، گوێی بۆ هه‌ڵخه‌و ڕادێره، ئنجا ئه‌م فه‌رمایشته باس ده‌کات:

١٤)- ﴿ إِنَّنِيٓ أَنَا ٱللَّهُ ﴾، به دڵنیایی من خوام ﷻ، وشه‌ی (**أَلله**) ناوی عه‌له‌می خوایه، واته: ئه‌و ناوه‌ی که خوای په‌روه‌ردگاری پێ ده‌ناسرێ، ئه‌گه‌رنا ئه‌وانی دیکه هه‌موویان سیفه‌تی خوان: (**الرحمان، الرحيم، العزيز، القادر، المقتدر، العليم، الحكيم، ... هتد**)، هه‌موویان ناسێنه‌ری خوان، به‌ڵام وشه‌ی (**أَلله**) ناوی عه‌له‌می خوایه.

دیاره له په‌یمانی کۆندا ناوی خوا به (**أهية**) هاتوه⁽¹⁾، هه‌ڵبه‌ته له هه‌ندێک شوێنانیش به (**يَهْوَه**) ناوی خوا ﷻ هاتوه، هه‌روه‌ک چۆن ئێستا به ئینگلیزیی

---

(١) **التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر الخروج، الإصحاح: ٣، ص١٣٥.**

ناوی خوا (God)ی بۆ بەکاردێنن، لە فارسییدا (خُدا)ی بۆ بەکاردێنێن، لە کوردییدا (خوا) بەکاردێ و، لە عەرەبییشدا (أللە)، لە هەر کام لە زمانەکانی دیکەشدا خوا ﷻ ناوێکی تایبەتی هەیە.

١٥)- ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠﴾، جگە لە من هیچ پەرستراوێک نیە، ئەمەش گوزارە (خبر)ی دووەمە بۆ وشەی (إنَّ)، (إنَّني: أنا الله)، (لاإله إلاَّ أنا) ئەمە هەواڵی دووەمە بۆ وشەی (إنَّ)، واتە: بێجگە لە من هیچ پەرستراوێک نیە.

١٦)- ﴿فَٱعۡبُدۡنِي﴾، بمپەرستە، بەندایەتییم بۆ بکە، پێشتر گوتوومانە: (عبادة) یانی: ئەو پەڕی خۆشویستن، وێڕای ئەوپەڕی بە گەورەگرتن، وێڕای ئەو پەڕی مل بۆ کەچ کردن، وێڕای ئەوپەڕی پشت پێ بەستن، وێڕای ئەو پەری لێترسان و شەرم و سام لێکردن، بۆ خوا، کەواتە: ﴿فَٱعۡبُدۡنِي﴾، بە دڵ و بە قسەو بە کردەوە بۆ من بەندایەتیی بکە، کە وەک گوتم: بەندایەتیی وێڕای ئەوپەڕی ملکەچیی و بچووکیی نواندن لە خزمەت خوادا، ئەوپەڕی خۆشویستن و لێترسان و، بە گەورە گرتن و، پشت پێ بەستنیش دەگرێتەوە.

١٧)- ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ﴾، بۆ یاد کردنیشم نوێژ بەرپا بکە، دوای ئەوەی کە بە گشتی فەرمانی پێ دەکات خوا بپەرستێ و بەندایەتیی بۆ بکات، ئنجا فەرمانی پێدەکات بە تایبەترین جۆری خواپەرستیی کە بریتیە لە نوێژو، ئامانجی نوێژ کردنیشی بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بریتیە لە یادکردنی خوا، کەواتە: نوێژ، تایبەترین جۆری خواپەرستییەو، لە ڕاستییدا لە نوێژدا خوا پەرستیی بە هەموو جۆرەکانی بەرجەستە دەبێ، هەم خواپەرستیی دڵ و دەروون و پەنامەکیی، هەم خواپەرستیی قسەو جووڵاندنی زمان و دەربڕین، هەم ملکەچی ئەندامەکان بە کردەوە، هەموویان لە نوێژدا بەرجەستە دەبن.

کە دەفەرموێ: ﴿لِذِكۡرِيٓ﴾، بۆ ئەوەی یادم بکەی، واتە: حیکمەت و ئامانجی نوێژ، بریتیە لە یادکردنی خواو باسکردنی خواو، ئاگابوون لە خوا ﷻ.

١٨)- ﴿إِنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ﴾، ئنجا دوای ئەوەی کە خۆی پێ دەناسێنێ و، فەرمانی پێدەکات بە بەندایەتیی، باسی ڕۆژی دوایی دەکات، دەفەرموێ: بە دڵنیایی ئەو کاتەی

که دنیای تێدا کۆتا دێ، ئاخیر زەمان، دێ، هیچ دوو دڵیی و گومانی تێدا نیه، (**السَّاعَةُ: اسمٌ بالغَلَبَةِ عَلَى سَاعَةِ خَرَابِ الدُّنيَا أو القِيَامَة**)، وشەی (**ساعة**) واته: کاتێکی دیارییکراو، بەڵام بووه به ناو بۆ ئەو کاتەی که دنیای تێدا کۆتایی دێ، واته: ئەم گەردوونەی تێدا دەپێچرێتەوه، هەروەها جاری واش هەیه بۆ قیامەت بەکاردێ، بەڵام به زۆریی (**ساعة**) بۆ ئاخیر زەمان و کۆتایی هاتنی ئەم ژیانی دنیایه، بەکاردێ، بەڵام قیامەت بۆ هەڵسانەوه بۆ قۆناغی دووەمی ڕۆژی دوایی، بەکاردێ.

١٩)- ﴿ أَكَادُ أُخْفِيهَا ﴾، خەریکم پەنهانی بکەم، (**أكادُ**) به مانای: (**أقتربُ**) لێی نیزیک کەوتمەوه، دێ، (**أَكَادُ**): (**أَقْتَرِبُ**)، (**أُخفيها**): پەنهانی دەکەم، (**كادَ**) بۆ نزیک کەوتنەوەیه له کارێک، بەڵام ئەنجام نەدرێ، ئەگەر گوتمان: (**كَادَ المَطَرُ أنْ يَسْقُطَ**)، کەواته: بارانەکه نەباریوه، ئەدی لێرەدا که خوا هاتنی ئاخیر زەمان و کاتی تێدا هاتنی کۆتایی دنیای پەنهان کردوه، بۆچی دەفەرموێ: نیزیکم پەنهانی بکەم؟ لێرەدا زانایان مشتومڕی زۆریان بووه، که ڕای ڕاسترو باشتر ئەوەیه، ڕستەی: ﴿ أَكَادُ أُخْفِيهَا ﴾، خەریکم پەنهانی بکەم، واته: له خۆشم پەنهانی بکەم، ئەوەش تەعبیرێکه له زمانی عەرەبییدا بەکاردێ، هەڵبەته له خۆی پەنهان نیه، بەڵام له غەیری خۆی پەنهانه، هەروەک له فەرموودەکەدا که به فەرموودەی جیبریل (**حديث جبريل**) ناسراوه، کاتێ جیبریل پرسیار له پێغەمبەر ﷺ دەکات (**مَتَى السَّاعَةُ**)؟ پێغەمبەر ﷺ ددفەرموێ: {**مَا الْمَسْئُولُ بِأَعْلَمَ بِهَا مِنَ السَّائِلِ**}(١)، پرسیار لێکراو (که پێغەمبەره ﷺ) پێی زاناتر نیه له پرسیارکەر (که جبريله)، واته: نه پێغەمبەری خاتەم ﷺو نه جیبریلیش که سەرۆکی فریشتەکانه، هیچ کامیان هاتنی کاتی ئاخیر زەمان نازانن.

هەندێکیش له شارەزایانی زمانی عەرەبیی گوتوویانه: ﴿ أَكَادُ ﴾ لێرەدا به مانای (**أُريدُ**) دێ، یانی: ﴿ أَكَادُ أُخْفِيهَا ﴾، یانی: (**أُريدُ إخفائَها**) دەمەوێ پەنهانی بکەم، که ئەویش ویستوویەتی و پەنهانیشی کردوه له غەیری خۆی، بەڵام له ڕاستییدا هەر وا ڕێکتره وشەی: (أَكَادُ)، پێویست ناکات ماناکەی بگۆڕدرێ،

---

(١) أخرجه البخاري في كتاب الإيمان، باب سؤال جبريل النبي صلى الله عليه وسلم عن الإيمان والإسلام، برقم: ٥٠، ومسلم برقم: ١٠٦.

﴿أَكَادُ أُخْفِيهَا﴾، یانی: نیزیکە کە لە خۆشمی پەنهان بکەم، هێندە مەبەستم بووە کە کەس پێی نەزانێ.

٢٠- ﴿لِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا تَسْعَىٰ﴾، ئاخیر زەمان بۆچی دێ؟ کە بێگومان دوای هاتنی ئاخیر زەمان، قیامەت و هەڵسانەوەش دێ، ئەگەر (ساعة) لێرەدا مەبەست پێی هاتنی کۆتایی ئەم گەردوونە بێ، ئەگەرنا ئەگەر (ساعة) مەبەست پێی هاتنی ڕۆژی دوای بێ بە گشتی، واتە: بە قیامەت و بە هەڵسانەوەشەوە، واتە: بۆیە ڕۆژی دوایی دێ، تاکو هەر کەس بە پێی ئەوەی ئەو کۆششەی کە کردوویەتی، سزاو پاداشت بدرێتەوە، وشەی (لِتُجْزَى) تاکو ئێستا لە زمانی کوردییدا، وشەیەکم پێ شک نایەت کە مانای پڕ بە پێستی بگەیەنێ، چونکە لە زمانی عەرەبییدا (جزاء) هەم بە مانای سزا (عقاب) دێ، هەم بە مانای پاداشت (ثواب) دێ، واتە: هەم بە مانای پاداشت دانەوەی کەسێک کە چاکەی کردوە، هەم بە مانای سزادانی کەسێک کە خراپەی کردوە، بەڵام ئێمە لە زمانی کوردییدا دەبێ بڵێین: سزاو پاداشت، سزا بۆ خراپەکار، پاداشت بۆ چاکە کار، بەڵام وشەی (جَزاء) لە زمانی عەرەبییدا هەردووکیان پێکەوە دەگەیەنێ، دیارە بەو پێیەی کە هەردووکیان پێکەوە دەگەیەنێ وەک ئێرە، چونکە لێرەدا: ﴿لِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍ﴾، هەر نەفسێک، هەر کەسێک، کە هەندێ لە کەسەکان خراپەکارن و، هەندێکیش لە کەسەکان چاکەکارن، کەواتە: هەندێکیان شایستەی پاداشتن و هەندێکیان شایستەی سزان، بەڵام جاری وایە لە سیاقێکدا کە دێ، دەزانرێ کە (جزاء) مەبەست پێی پاداشت دانەوەی چاکەکارە، جاری واش هەیە دەزانرێ: مەبەست سزادانی خراپەکارە، بەڵام وەک گوتم: لە زمانی کوردییدا مەگەر وشەیەکی بۆ دروست بکرێ، یاخود ڕەنگە هەبێ و من نەیزانم، ئەگەرنا وشەیەکمان نیە پڕ بە پێستی (جزاء) بێ، بەڵکو دەبێ بگوترێ: سزاو پاداشت.

واتە: حیکمەتی هاتنی ڕۆژی دوایی بە گشتی، یاخود کاتی تێدا کۆتایی هاتنی گەردوون (ئاخیر زەمان) ئەوەیە کە هەرکەسە، بە پێی هەوڵ و کۆششی کە داویەتی، سزایان پاداشت بدرێتەوە.

٢١)- ﴿ فَلَا يَصُدَّنَّكَ عَنْهَا مَنْ لَّا يُؤْمِنُ بِهَا وَاتَّبَعَ هَوَىٰهُ ﴾، ئنجا با تۆی لێ نەدات، واتە: لە بڕوا پێهێنان بە (ساعة) تۆ لانەدا، کێ؟ ﴿ مَن لَّا يُؤْمِنُ بِهَا ﴾، کەسێک کە بڕوای پێی نیە، ﴿ وَاتَّبَعَ هَوَىٰهُ ﴾، کەوتۆتە شوێن ئارەزووی خۆشی، بە تەئکید هەمیشە ئینسان کە ئیمانی نەبوو بە ڕۆژی دوایی، هەڵبەتە هەر کەس ئیمانی بە خوا نەبوو، بە ڕۆژی دواییشی نابێ، ئنجا لەو کاتەدا ڕێیی لە بەردەمدا ئاچووخ دەبێ، بۆ شوێنکەوتنی ئارەزووی خۆی، یاخود ئارەزووی جگە لە خۆی، بەڵام ئینسان بڕوای بە خوا بێ و، بڕوای بە ڕۆژی دوایی بێ، بڕوای بە سەرچاوەو سەرەتایەک بێ کە لێوەی هاتوە، کە خوایە، ﴿ إِنَّا لِلَّهِ ﴾البقرة، واتە: ئێمە هی خواین، هەروەها بڕواشی بە سەرەنجام (مصیر)ەکەشی بێ، ﴿ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ١٥٦ ﴾البقرة، واتە: ئێمە بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە، بێگومان هەر کەسێک بڕوای بە خوا بێ و، بڕوای بە دیداری خوا بێ، جڵەوی نەفسی خۆی توند دەکات و، خۆی بەرهەڵدا ناکات، کە لە ڕاستییدا ئارەزووی خۆ بەرهەڵداکردن، لە ئەنجامی بێ ئیمانییەوەیە.

بۆیە یەکێک لە خوا ناسان (عاریفان) دەڵێ:

وَمَنْ أَبَاحَ النَّفْس مَا تَهْوَاهُ ... فَإِنَّمَا إِلَهَهُ هَوَاهُ

واتە: هەر کەسێک نەفسی چی ئارەزووی کرد، ڕێی پێبدا، ئەوە ئارەزووی خۆی کردوە بە پەرستراوی خۆی.

وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ أَفَرَءَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ ٢٣ ﴾الجاثية، واتە: تەماشای ئەو کەسە ناکەی، کە ئارەزووی خۆی کردوەتە پەرستراوی خۆی! نافەرموێ: کردوویەتە خوای خۆی، بەڵکو پەرستراوی خۆی، چونکە خوا ﷻ یەک زاتە، بێ وێنەیە، پەروەردگارە، بەدیهێنەرەو، هەر ئەویش شایستەی پەرستنە.

٢٢)- ﴿ فَتَرْدَىٰ ﴾، ئەگەر نا دەکەوی، یاخود بە هیلاک دەچێ و دەفەوتیی، (رَدَی، يَرْدَى، أَي: هَلَكَ)، هەروەک (رَدَى)، یانی: (سَقَطَ) واتە: لە سەرەوە کەوتە خوار، لێرەدا با ئەم دوو دەقە بێنین لە پەیمانی کۆنەوە، کە تیشکی زیاترمان بۆ دەخەنە سەر ئەوەی خوا ﷻ باسی کردوە.

هەڵبەتە ئێمە دوایی لە تەفسیری سوورەتی (القصص)دا، خوا پشتیوان بێ، وەک پێشتر باسمان کرد، ئەو پێنج قۆناغەی سەرەتایی ژیان و بەسەرهاتی مووسا عليه السلام لەوێدا بە تەفصیڵ باس دەکەین، هەروەک هەشت قۆناغەکەی دیکەمان لە سوورەتی (الأعراف)دا، لە کاتی تەفسیرکردنی ئەو (٦٩) ئایەتەدا کە باسکران، خستنە ڕوو:

دەقی یەکەم: **(فَرَجَعَ مُوسَى إِلَى يَثْرُونَ حَمِيهِ، وَقَالَ لَهُ: «دَعْنِي أَعُودُ إِلَى قَوْمِي فِي مصر لأَرَى أَمَا زَالُوا بَعْدُ أَحْيَاءً». فَأَجَابَ يَثْرُونُ مُوسَى: «اذْهَبْ بِسَلامٍ»)**(١)، ئنجا دوای چەند قسەیەک دەڵێ: **(فَأَخَذَ مُوسى إِمْرَأَتَهُ وَبَنِيهِ وَأَرْكَبَهُم عَلَى الحَمِيرِ وَمَضَى عَائِدَاً إِلى أرض مِصْر، وأخذ معه عصا الله أيضاً)**، واتە: مووسا گەڕایەوە بۆ لای خەزووری (یثرون)و پێی گوت: لێمگەڕێ با بگەڕێمەوە بۆ لای خەڵکەکەم لە میسر، تاکو بزانم ئایا هەر زیندوون؟ (یثرون) وەڵامی مووسای دایەوە: بڕۆ بە سەلامەتیی، ئنجا دوایی دەڵێ: مووسا عليه السلام ژنەکەی و کوڕەکانی لەگەڵ خۆی بردن و سواری کەرانی کردن و ڕۆیی کە بگەڕێتەوە بۆ سەر زەمینی میسر، گۆچانەکەی خواشی لەگەڵ خۆیدا برد، (گۆچانی خوا: واتە: ئەو گۆچانەی کە خوا ﷻ دوایی بۆی دەکات بەو موعجیزەیە).

ئەمە بۆ سەرەتای ئەوە کە مووسا عليه السلام لە مەدیەنەوە بەڕێ دەکەوێ.

دەقی دووەم: ئنجا بۆ چۆنیەتی بینینی ئەوەی کە مووسا بە بڵێسە ئاگری تێگەشتوەو، گفتوگۆ لەگەڵ کرانی لە لایەن خوای پەروەردگارەوە، هەر لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێ:

(وأَمَّا مُوسَى فَكَانَ يَرْعَى غَنَمَ حَمِيهِ يَثْرُونَ كَاهِنِ مِدْيَانَ، فَقَادَ الْغَنَمَ إِلَى مَا وَرَاءِ الطَّرَفِ الأَقْصَى مِنَ الصَّحْرَاءِ، حَتَّى جَاءَ إِلى حُورِيبَ جَبَلِ اللهِ، وَهُنَاكَ تَجَلَّى لَهُ مَلاَكُ الرَّبِّ بِلَهِيبِ نَارٍ وَسَطَ عُلَّيْقَةٍ، فَنَظَرَ مُوسَى وَإِذَا بِالْعُلَّيْقَةِ تَتَّقِدُ دُونَ أَنْ تَحْتَرِقَ، فَقَالَ مُوسَى: «أَمِيلُ الآنَ لأَسْتَطْلِعَ هَذَا الأَمْرَ الْعَظِيمَ، لِمَاذَا لاَ تَحْتَرِقُ الْعُلَّيْقَةُ؟» وَعِنْدَمَا رَأَى الرَّبُّ أَنَّ مُوسَى قَدْ دَنَا لِيَسْتَطْلِعَ الأَمْرَ، نَادَاهُ مِنْ وَسَطِ الْعُلَّيْقَةِ قَائِلاً: «مُوسَى»،

---

(١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر الخروج، الإصحاح:٤٠، ص١٣٨، رحلة العودة.

فَقَالَ: «هَا أَنَا»، فَقَالَ: «لاَ تَقْتَرِبْ إِلَى هُنَا: اخْلَعْ حِذَاءَكَ مِنْ رِجْلَيْكَ، لأَنَّ الْمَكَانَ الَّذِي أَنْتَ وَاقِفٌ عَلَيْهِ أَرْضٌ مُقَدَّسَةٌ)(١).

بۆیەش ئەم دەقانە دێنم لە پەیمانی کۆنەوە، چونکە لە هێڵە گشتییەکانیاندا لەگەڵ قورئاندا تێک دەکەنەوە، هەڵبەتە ئەوەی کە لەگەڵ قورئاندا تێکدەکاتەوە، دیارە ئەوە فەرمایشتی خوایە، ماوە لە پەیمانی کۆندا، ئەوەش کە تێکدەگیرێ، ئەوەیە کە گۆردراوەو دەستکاریی کراوە.

واتە: بەڵام مووسا کە مەڕی خەزوورەکەی (یثرون)ی دەلەوەڕاند، کە کاهینی مەدیان بوو، (ئەوان وشەی کاهین بە مانای (زانا)یان بەکارهێناوە، بەڵکو جاری وایە بە مانای پێغەمبەریشیان بەکارهێناوە)، مەڕەکەی لێخوڕی هەتا گەیاندیە پشت ئەو پەڕی بیابان، تاکو هاتە لای حوریب (جبل الله) چیای خوا، (دەبێ مەبەستی پێی کێوی (طور) بێ، ئەو چیایەی کە مووسا گفتوگۆی لەسەر کردوە، لە خزمەت خوادا)، لەوێ فریشتەی پەروەردگار بە بڵێسەیەکی ئاگرەوە لە نێوە ڕاستی دڕوویەک دا(٢)، بۆی دەرکەوت.

مووسا تەماشای کرد سەرنجی دا ئەو دڕووە بڵێسەی لێ بەرز دەبێتەوە بێ ئەوەی بسووتێ، مووسا گوتی: ئێستا با بچم نیزیک ببمەوە، لەم کارە مەزنە، ئەو دڕووە بۆچی بڵێسەی لێ بەرز دەبێتەوەو ناشسووتێ؟ ئنجا کاتێک پەروەردگاری بینی، کە مووسا نیزیک کەوتۆتەوە تاکو بەو شتە ئاشنا بێ و ئاگادار بێتەوە (ئەو دووڕە چۆنە، بڵێسەی هەیەو ناشسووتێ؟) بانگی کرد لە نێوە ڕاستی دڕوودکەوە فەرمووی: مووسا، مووساش گوتی: من لێرەم (بەڵێ

---

(١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر الخروج، الإصحاح: ٣، ١٢٤، ظهور الله.

(٢) (عُلَّيقة) لە فەرهەنگەکانی زماندا دڕوو (تووتڕك)ە، چونکە دەڵێ: بەرێک دەگرێ وەک هی توو، هەرچەندە لە (المعجم الوسيط)دا بە لاولاوی لێکدلوەتەوە، دەڵێ: ئەوەی کە لە درەخت و شت دەئاڵێ، بەڵام بە تەئکیدا ئەو ڕایە ڕاستە کە دەڵێ: دڕوو (تووەدڕکە)ە، چونکە هەر ئەو بەرەکەی وەک تووە، مەگەر مەبەستی لە لێئاڵان، تێئاڵقانی دڕکەکانی بێ.

منم)، خوا فەرمووی: لێرە نیزیک مەبەوە، پێڵاوەکانت لە دوو پێیەکانت دابنێ، چونکە تۆ لە شوێنێکی، ئەو شوێنەی کە تۆ لێی وەستاوی سەرزەمێنکی پاکە.

کە ئەمە ڕێک لەگەڵ ئەوەی کە لە قوڕئاندا فەرموویەتی، تێک دەکاتەوە، دیارە فەرمایشتی خوا، چ لە تەوڕاتدا فەرمووی بێ، چ لە ئینجیل دا فەرموو بی، چ لە قوڕئاندا فەرموو بی، فەرمایشتی خوا هەریەکە، هەر هەمووی نابێ جیاواز بێ، مەگەر ئەوەی کە دەستکاریی بکرێ و بگۆردرێ.

مەسەلەی دووەم:

ڕەوانەکرانی مووسا لە لایەن خواوە، بە گۆچانێکەوە کە دەبوو بە مارێکی گەورەو، بە دەستی ڕاستیشیەوە کە سپی و درەوشاوە بوو، دوای ئەوەی کە دەیخستە بن بن هەنگڵی چەپی خۆی، بۆ لای فیرعەونی لە خوا یاخیی:

وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَٰمُوسَىٰ (١٧) قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّؤُا۟ عَلَيْهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِى وَلِىَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخْرَىٰ (١٨) قَالَ أَلْقِهَا يَٰمُوسَىٰ (١٩) فَأَلْقَىٰهَا فَإِذَا هِىَ حَيَّةٌ تَسْعَىٰ (٢٠) قَالَ خُذْهَا وَلَا تَخَفْ ۖ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا ٱلْأُولَىٰ (٢١) وَٱضْمُمْ يَدَكَ إِلَىٰ جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَآءَ مِنْ غَيْرِ سُوٓءٍ ءَايَةً أُخْرَىٰ (٢٢) لِنُرِيَكَ مِنْ ءَايَٰتِنَا ٱلْكُبْرَى (٢٣) ٱذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ (٢٤) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شازدە (١٦) بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴾، ئەوەی کە بە دەستی ڕاستتەوەیە چیە، ئەی مووسا؟ لە ڕووی زمانی عەرەبییەوە ئاوای لێ دێتەوە: (أي: مَا تِلْكَ التي حَالَ كَونها بِيَمِنِيك؟) ئەوەی کە لە حاڵێکدا بە دەستی ڕاستتەوەیە چییە؟ هەڵبەتە خوا ﷻ دەزانێ ئەوە گۆچانە بە دەستی ڕاستییەوە، بەڵام دەیەوێ مووسا بۆی باس بکات.

٢)- ﴿ قَالَ هِيَ عَصَايَ ﴾، گوتی: ئەوە گۆچانەکەمە، لێرەدا مووسا عليه السلام باسی چییەتی ئەو شتە دەکات، کە بە دەستی ڕاستیەوەیە، کە بریتیە لە گۆچانەکەی، پێناسەی دەکات وەک خودی خۆی، بەڵام دوایی باسی سیفەتەکانیشی دەکات، بۆ ئەوەی ئەگەر خوا ﷻ مەبەستی بووبێ، پێناسەی چییەتی شتەکە بکات، بۆی پێناسە بکات و، ئەگەر مەبەستیشی بووبێ، باسی کارەکانی بکات، ئەوەش ڕوون بکاتەوە.

٣)- ﴿ أَتَوَكَّؤُاْ عَلَيۡهَا ﴾، خۆمی دەدەمە سەر، باسی هەندێک لە سوودەکانی دەکات، یاخود هەندێک لە وەسفەکانی (**أَتوكَّأ أي: أعتَمِدُ وَأَسْتَنِدُ**)، دیارە عادەتی شوانان وایە کە گۆچانیان پێیە، خۆیانی دەدەنە سەر، لە کاتێک دا پشتیان ماندوو دەبێ، یاخود خۆیان دەدەنە سەری، لە کاتی ڕۆیشتنداو خۆیانی پێ دەگرنەوە، کاتێک دەچنە خوار لە شوێنێک، یان وەک هاوکارێک بۆ دوو پێیەکانیان.

٤)- ﴿ وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِي ﴾، هەروەها گەڵای درەختانیشی پێ دەوەرێنم، بەسەر مەڕەکانمدا، (**الْهَشُّ: الْخَبْطُ، وَهُوَ ضَرْبُ الشَّجَرَةِ بِعَصًا لِيَتَسَاقَطَ وَرَقُهَا، وَعُدِّيَ بِـ «عَلَى» لِتَضمينِهِ مَعْنَى: أُسقِطُ**)، (**هش**) وەک پێشتر باسمان کرد: (**الْهَشُّ: الهَزُّ**)، (**هَزّ**) ڕاوەشاندن، (**هَشْ**)یش لێی نیزیکە، دەڵێ: (**هَشّ: خَبْط**)، بریتیە لە لێدانی درەختێک بە گۆچانێک تاکو گەڵاکانی هەڵوەرێن، لێرەدا وشەی (**هُش**) بە (**على**) بەرکاری خواستوە، تاکو مانای (**أُسْقِطُ**)، (بخەمە خوار)ی بچێتە نێو، تاکو گەڵای درەختانی پێ هەڵوەرێنم، پێ بەردەمەوە بەسەر مەڕەکانم دا، ئەوانیش بیخۆن.

٥)- ﴿ وَلِيَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخۡرَىٰ ﴾، هەروەها چەندان کاری پێویستی دیکەش بەم گۆچانە دەکەم، (**مَآرِب: جمع مَأْرِبَ أو مَأْرُبَ أو مأْرَب، أي: الحَاجَة**)، (**مَآرِب**) کۆی (**مَأْرِبَ**)، (**مَأْرُبَ**)، (**مأْرَبَ**) هەر سێکیان بە مانای (**حاجة**) پێداویستیی دێن، واتە: چەندان کاری پێویستیشم بەو گۆچانە هەن و، بەهۆی ئەوەوە ئەنجامیان دەدەم.

زانایان لە تەفسیرەکانیان دا زۆر بە تەفسیلْ باسیان کردوە، کە گۆچان چەند سوودی هەن، هەندێکیان دەڵێن: دە (١٠) سوود، هەندێکیان دەڵێن: بیست (٢٠) سوود، هەندێکیشیان دەڵێن: سەد (١٠٠) سوود.

کە لە ڕاستییدا هیچ بەڵگەیەک لەو بارەوە نیە کە خوا ﷻ مەبەستی بووبێ، ئێمە بە سوودەکانی گۆچاندا بچینە خوار، گرنگ ئەوەیە مووسا عليه السلام هەم گۆچانەکەی وەک خودی خۆی بۆ خوا ﷻ پێناسە کردوەو، گوتی: ئەوە گۆچانە، هەم ئەو پێداویستییانەی کە بە هۆی ئەو گۆچانەوە دەیانهێنێتە دی، سوودەکانی گۆچانیشی باسکردوون.

٦)- ﴿ قَالَ أَلْقِهَا يَـٰمُوسَىٰ ﴾، خوا فەرمووی: ئەی مووسا! فڕێیدە، بیهاوێ، کە دەفەرموێ: ئەی مووسا! فڕێیدە، بیهاوێ، ئەوە بە تەئکید هۆکارە بۆ مەبەستێکی دیکە کە دوایی باسی دەکەین، بەڵام ئەمە ڕاهێنان و ئاگادارکردنەوەی مووساش بووە عليه السلام لە بارەی گۆچانەکەیەوە، کە خوا وەک موعجیزەیەک بۆی دەکاتە حەزیاو ئەژدیهایەکی گەورە، هەر خودی ئەو گۆچانەی کە هی خۆیەتی و بە دەست خۆیەوەیەتی، بۆ ئەوەی زیاتر ئولفەتی پێوە بگرێ، لێی نەترسێ، پێوەی ڕابێ.

٧)- ﴿ فَأَلْقَىٰهَا ﴾: (قَذَفَهَا، طَرَحَهَا): هاویشتی و فڕێیدا.

٨)- ﴿ فَإِذَا هِىَ حَيَّةٌ تَسْعَىٰ ﴾، یەکسەر دوای هاویشتنی بوو بە مارێک کە دەڕۆیشت، دەهات و دەچوو، ئنجا لە سووڕەتی (الأعراف)دا دەفەرموێ: ﴿ فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِىَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ (١٠٧) ﴾، گۆچانەکەی فڕێدا، یەکسەر بوو بە مارێکی زۆر ئاشکرا و ڕوون، (ثُعبَان) واتە: مارێکی زۆر گەورە، بە کوردیی دەڵێن: حەزیا یان ئەژدیها.

لە سووڕەتی (القصص)دا دەفەرموێ: ﴿ وَأَنْ أَلْقِ عَصَاكَ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنٌّ وَلَّىٰ مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ (٣١) ﴾، واتە: گۆچانەکەت فڕێ بدە، کاتێک کە بینی خۆی ڕادەوەشاند وەک تیرە مار (﴿ جَآنٌّ ﴾، ماری گچکەش هەڵچوون و داچوونی خێراترە) یەکسەر مووسا پشتی تێ کردو ڕایکردو ئاوڕی نەدایەوە.

ئنجا هەر بەهەمان تەعبیر لە سووڕەتی (النمل)یشدا هاتووە: دەفەرموێ: ﴿ أَلْقِ عَصَاكَ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنٌّ وَلَّىٰ مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ (١٠) ﴾.

لە کۆی ئەم ئایەتانە وەردەگیرێ، ئەو گۆچانەی مووسا فڕێی داوە، بۆتە مارێکی زۆر گەورە و، جووڵە جوڵەکەشی زۆر خێرا بووە، وەک تیرە مارێک، وەک مارێکی گچکە، بەڵام لە قەبارەیەکی گەورەدا.

٩)- ﴿ قَالَ خُذْهَا وَلَا تَخَفْ ﴾، خوا پێی فەرموو: بیگرەو لێی مەترسێ، دیارە دوایی لە پەیمانی کۆنەوە دەیهێنین، گرتنەکەی چۆن بووە، لێرە خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

بیگرەو لێی مەترسێ، ئنجا ئایا لە لای سەرییەوە گرتوویەتی، لە لای کلکییەوە گرتوویەتی، چۆنی گرتوە؟.

١٠)- ﴿ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا ٱلۡأُولَىٰ ﴾، دەیگێڕینەوە بۆ حاڵەتی یەکەمی، دەڵێ: **(السيرةُ: هيئة السَّير، وأطلقت على العادة الطبيعية، وانتصب سيرتها بنزغ الخافض: إلى سيرتها الأولى التي كانت عليها).**

(سیرة) واتە: شێوەی ڕۆیشتن، هەم لێرەو هەم بە گشتی بە مانای عادەت و سروشتیش دێ، بەڵام لێرە ﴿ سِيرَتَهَا ﴾، کە (منصوب) بووە، دەڵێ: **(بِنَزْعِ الخافض)**، یانی: ئەوەی کە ژێرداری دەکات، لێی داڕنراوە، یانی: (سَنُعِيدُهَا **إلى** سِيرَتَهَا ٱلۡأُولَىٰ)، لە ئەسڵدا ئاوا بووە: دەیگێڕینەوە بۆ حاڵەتی پێشێ کە حاڵەتی گۆچانی ئاساییە.

١١)- ﴿ وَٱضۡمُمۡ يَدَكَ إِلَىٰ جَنَاحِكَ ﴾، دەستیشت بەرە ژێر باڵت، دەستت بخە بن هەنگڵت، یانی: دەستی ڕاستت بخە بن هەنگڵی چەپت.

١٢)- ﴿ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٍ ﴾، بە سپێتیی دێتە دەرێ بە بێ نەخۆشیی و، بەبێ ئەوەی حاڵەتێکی خراپی لێ پەیدابوو بێ، وەک لە سوورەتی (الشعراء)دا دەفەرموێ: ﴿ وَنَزَعَ يَدَهُۥ فَإِذَا هِيَ بَيۡضَآءُ لِلنَّٰظِرِينَ ٣٣ ﴾، دەستیشی هێنایە دەرێ، دوای ئەوەی خستبوویە بن باڵی، هێنایە دەرێ، یەکسەر سپی بوو بۆ بینەران.

لە سوورەتی (النمل)دا لە ئایەتی (١٢)دا، هەمان شت دەفەرموێ و لە سوورەتی **(الأعراف)**یش لە ئایەتی (١٠٨)دا بە هەمان شێوە، وەک لە تەفسیری سوورەتی **(الأعراف)**دا باسمان کردوە: ئەو سپییەتییەی دەستی مووسا عليه السلام هەر ئەوە نەبووە کە سپی بوو بێ، وەک پەڕێک یان کاغەزێک سپی بێ و، بەڵکو سپێتییەکی نا ئاسایی بووە، درەوشاوەتەوە، وەک بلاجکتۆرێک و گڵۆپێکی زۆر بە شۆق، چونکە دەفەرموێ: ﴿ بَيۡضَآءُ لِلنَّٰظِرِينَ ﴾.

١٣)- ﴿ ءَايَةً أُخۡرَىٰ ﴾، ئەم دەستە سپییەشت نیشانەیەکی دیکەیە.

ئنجا ئایا بۆچی ئەمانەت پێشان دەدەین؟

١٤)- ﴿ لِنُرِيَكَ مِنْ ءَايَٰتِنَا ٱلْكُبْرَى ﴾، تاکو لە نیشانە گەورەکانی خۆمانت پێشان بدەین، واتە: تاکو بزانی کە ئێمە خاوەنی نیشانەو بەڵگەی زۆر گەورەین.

١٥)- ﴿ ٱذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ ﴾، برۆ بۆ لای فیرعەون.

١٦)- ﴿ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴾، بێگومان ئەوە سەرکێشیی کردوە، یاخیی بووە، کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴾، بێگومان ئەوە هۆکارو هۆی فەرمان پێکردنەکەیەتی، بۆچی بچێ بۆ لای فیرعەون؟ بە هۆی ئەوەی کە یاخیی بووە، تاکو لەو یاخیی بوونەی بیگێڕیتەوە، بۆ پێگەیاندنی پەیامی خوا ﷻ.

ئنجا دەربارەی گۆچانەکەی مووسا ﵇، کە چۆن بووە بە مارێکی گەورە؟ هەروەها دەستی چۆن دوای ئەوەی خستوویەتە بن باڵ و بن قۆڵی و دەریهێناوە، سپی و درەوشاوە بووە؟ لەو بارەوە لە پەیمانی کۆنەوە ئەم دەقە دێنین، دەڵێ:

(فَقَالَ مُوسَى: «مَاذَا إِذَا لَمْ يُصَدِّقُونِي وَلَمْ يَصْغُوا إِلَيَّ، وَقَالُوا: إِنَّ الرَّبَّ لَمْ يَظْهَرْ لَكَ؟» فَسَأَلَهُ الرَّبُّ: «مَا تِلْكَ الَّتِي بِيَدِكَ؟» فَأَجَابَ: «عَصاً»، فَقَالَ: «أَلْقِهَا عَلَى الأَرْضِ». فَأَلْقَاهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٌ، فَهَرَبَ مِنْهَا مُوسَى، فَقَالَ الرَّبُّ لِمُوسَى: «مُدَّ يَدَكَ وَاقْبِضْ عَلَيْهَا مِنْ ذَيْلِهَا». فَمَدَّ مُوسَى يَدَهُ وَقَبَضَ عَلَيْهَا، فَارْتَدَّتْ عَصاً فِي يَدِهِ ... ثُمَّ قَالَ الرَّبُّ أَيْضاً: «أَدْخِلْ يَدَكَ فِي عُبِّكَ». فَأَدْخَلَ يَدَهُ فِي عُبِّهِ، وَعِنْدَمَا أَخْرَجَهَا إِذَا بِهَا بَرْصَاءُ كَالثَّلْجِ)⁽¹⁾.

واتە: مووسا ﵇ گوتی: ئەدی ئەگەر قسەی منیان بە ڕاست نەزانی و، گوێیان بۆ نەگرتم و، گوتیان: پەروەردگار بۆ تۆ دەرنەکەوتوە (واتە: تۆی نەکردۆتە پێغەمبەر)، چی بکەم؟ پەروەردگار لێی پرسی: ئەوەی کە بە دەستی ڕاستتەوەیە

---

(١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر الخروج، الإصحاح: ٤، ص ١٣٦، المُعجزات البرهانية.

چیە؟ وەڵامی دایەوە: گۆچانە، فەرمووی: فڕێیدە سەر زەوی، فڕێیدا یەکسەر بوو بە مار، مووسا هەڵات (لێی ترساو هەڵات)، پەروەردگار بە مووسای فەرموو: دەستت درێژ بکەو لە لای کلکییەوە بیگرە (واتە: لەو حاڵەتەدا کە مارە کلکی بگرە)، مووسا دەستی درێژ کردو گرتی، (واتە: لە لای کلکییەوە، یەکسەر بوو بە گۆچان)، دوای چەند قسەیەک دەڵێ: پەروەردگار دیسان فەرمووی: دەستت بخەبن قۆڵتەوە (بە تەئکید مەبەستی پێی بن هەنگڵی بووە، یانی: دەستی ڕاست بخەرە ژێر هەنگڵتەوە)، ئەویش دەستی خستە ژێر قۆڵی، کاتێک دەریهێنا، تەماشای کرد بەڵەک بوو بوو، وەک بەفر.

هەڵبەتە لێرە ئەمە یەکێکە لەم شتانەی گۆڕدراون، چونکە خوا لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٍ﴾، مووسا ئەگەر دەستی خستبایە بن قۆڵی و، ژێر باڵی و بەڵەک بووبایە، دەیانگوت: ئەو دەستەت نەخۆش بووە، هەرچەندە دەڵێ: (كَالثَّلْجِ) بەلام (برصاء)، یانی: بەڵەک، بەلام خوا دەفەرموێ: ﴿تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٍ﴾، دەستت سپی و درەوشاوە دەبێ، بێ ئەوەی نەخۆشیی بێ، چونکە ئەگەر نەخۆشیی بێ، نوقصانییە، بەڵکو دەستی وا سپی بووە، سپیەکی درەوشاوە کە شۆقی داوە، ئەگەرنا هەر سپێتیی ناسایی، ئەو کاتە جیاواز نابێ لە ڕەنگی دەستی و دیسان ئەوەش نابێتە بەڵەکە.

مەسەلەی سێیەم:

چوار داواکاریی مووسا لە خوا ﷻ کە سینگ فراوانیی و، کار ئاسانیی و، زمان پاراویی و، ڕەوانیی و، هاڕوونی برای بە پشتیوان دانرانیەتی و، وەڵامدانەوەی خوای بەخشەر بۆ داواکارییەکانی مووسا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱشْرَحْ لِى صَدْرِى (٢٥) وَيَسِّرْ لِىٓ أَمْرِى (٢٦) وَٱحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِى (٢٧) يَفْقَهُوا۟ قَوْلِى (٢٨) وَٱجْعَل لِّى وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِى (٢٩) هَٰرُونَ أَخِى (٣٠) ٱشْدُدْ بِهِۦٓ أَزْرِى (٣١) وَأَشْرِكْهُ فِىٓ أَمْرِى (٣٢) كَىْ نُسَبِّحَكَ كَثِيرًا (٣٣) وَنَذْكُرَكَ كَثِيرًا (٣٤) إِنَّكَ كُنتَ بِنَا بَصِيرًا (٣٥) قَالَ قَدْ أُوتِيتَ سُؤْلَكَ يَٰمُوسَىٰ (٣٦) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

دوای ئەوەی خوا ﷻ مووسا ﵇ دەکاتە پێغەمبەری خۆی و، فەرمانیشی پێدەکات بچێ بۆ لای فیرعەون کە یاخیی بووە، بۆ ئەوەی پەیامی خوای پێ بگەیەنێ و، بۆ ئەوەی بەنوو ئیسرائیل گەلی ستەم دیدەو چەوساوە) لە ژێر دەستی دەربێنێ و، دەربازیان بکات، تەماشا بکەن، پێغەمبەرانی خوا هەموویان چەندە داناو لێزان و کارامەو دووربین بوون! مووسا ﵇ هەرچەندە خوا دەیکاتە پێغەمبەرو، ئەو دوو بەڵگەیەشی دەداتێ و، ئاماژەشی بۆ دەکات کە خوا بەڵگەی دیکەی گەورەشی لەلان، کە لە کات و شوێنی خۆیدا ئەو بەڵگانەشی بخاتە بەردەست و بۆی بڕەخسێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مووسا ﵇ هەر یەکسەر مل لێ نانێ، بۆچی؟ چونکە دەزانێ ئەو کارە کارێکی گەورەیەو، ئەرکەکە ئەرکێکی قورسە و نوێنەرایەتیی خوا دەکات، کەواتە: تاکو دوور بینیی بکات و هەتا لای دووربینیی (إحتیاط)و وردەکاریی بگرێ، کەمە، کەسێک بیەوێ کارێک بکات و بە جددیی مشووریی لێ بخوا، دیارە هۆکارەکانی و ئامرازەکانی بۆ ساز دەکات، بۆیە مووسا ﵇ چوار داواکاری سەرەکیی لە خوای پەروەردگار دەکات:

١)- ﴿ قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي ﴾، گوتی: پەروەردگارم! سینەمم بۆ فراوان بکە، دڵم بۆ گوشاد بکە، لە زمانی عەرەبییدا دەڵێ: (**آلة الرِّئاسة سعة الصدرِ**)، ئامرازی سەرۆکایەتیی سینگ فراوانییە، ئەگەر ئینسان سینگی فروان نەبێ و دڵی گەورە نەبێ و بار قووڵ نەبێ، وەک کوردەواریی دەڵێن: فڵانکەس دڵی وەک کونە مێروو وایە، وەک شارە مێروو وایە، بە دڵۆپە ئاوێک وێران دەبێ، ئینسان ئەگەر دڵی گچکە بێ، دوو خەمی هاتنە پێش، دڵی پڕ دەبێ و بێ حەوسەڵە دەبێ و، بە چۆک دادێ، یاخود لەو ئەرکەی خۆی ڕا دەکات، بەڵام ئەگەر بار قووڵ بێ، وەک کوردەواریی دەڵێن: فڵانکەس دڵی وەک بەحرێ وایە، شلوێ نابێ، ئینسان دەبێ بار قووڵ و دڵ فراوان بێ، بۆیە مووسا ﵇ پێش هەموو شتێ لە پەروەردگاری دەپاڕێتەوە: خوایە! سینەم بۆ فراوان بکە.

وشەی (**شَرَحْ**) لە ئەصڵدا بریتیە لە بڕینی شتێک، (**شَرَحَ لَحْماً**)، یانی: گۆشتی بڕی، بەڵام لێرەدا (**اشْرَحْ لِي صَدْري**) واتە: سینەم فراوان بکە، لێکی بکێشەوە کە مەبەستیشی لە سینە واتە: دڵی، مەبەستیشی لە دڵی واتە: با لە ڕووی مەعنەوییەوە بار قووڵ و سینگ فراوان بم، شتی زۆر تەحەممول بکەم.

٢)- ﴿ وَيَسِّرۡ لِيٓ أَمۡرِي ﴾، کاریشم بۆ ئاسان بکە، (**الأَمْرُ: الشأن والحالُ، والتيسيرُ: جعل الشيءِ يسيراً**)، (**أمر**) یانی: کار، (**تيسير**)یش ئاسانکردنە، کارم بۆ ئاسان بکە، واتە: ئەو کارەی کە پێت سپاردووم، بۆم ئاسان بکە، بە دەستمەوە بێ.

٣)- ﴿ وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن لِّسَانِي ﴾، گرێیەک کە لە زمانمدا هەیە، بیکەوە، (**العُقْدةُ: موضع ربط بعض الخيط أو الحبل ببعض آخر منه وهي بِزِنةِ (فُعْلَة) بمعنى: مَفعول كالقصة والغُرفة**)، (**عُقدة**) ئەو شوێنەیە کە هەندێک لە پەتێک یان هەندێک لە داوێک بە هەندێکیەوە دەبەسترێ، بە کوردیی گرێی پێ دەڵێین، کە لەسەر کێشی (**فُعْلَة**)یە، بەڵام بە مانای (**مَفْعول**)، گرێ دراو، وەک (**قصة**) کە بە مانای (**مقصوص**)ە، بە مانای گێڕدراوەو، (**غُرفة**) واتە: لوێچێک بە مانای (**مغروفة**)، هەڵێنجراو، لوێچێک ئاو.

٤)- ﴿ يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي ﴾، بۆ ئەوەی لە قسەم تێبگەن، ﴿ يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي ﴾، واتە: گرێیەک لە زمانم بکەوە با زمان ڕەوان بێ و لە قسەم تێبگەن، دوایی باس دەکەین کە مووسا ﵇

ئەوەی چۆن داوا کردوە، توێژەرانی قورئان لەو بارەوە زۆر قسەیان کردوە، کە ئەو گرێیەی زمانی چی بووەو چۆن بووە؟.

٥)- ﴿ وَٱجۡعَل لِّي وَزِيرٗا مِّنۡ أَهۡلِي ﴾، هەروەها پاڵپشتێک لە نیزیکانی خۆمم بۆ برەخسێنە، دەڵێ: (**الوزيرُ فَعيلٌ بمعنى فاعل، من وازر مثل: حكيم من أحكم، وهو مشتق من الأزر وهو المعونة والأزر: الظهر**)، ﴿ وَٱجۡعَل لِّي وَزِيرٗا مِّنۡ أَهۡلِي ﴾، دەڵێ: (**وزير**)، (**فَعيلَ**)ە، بەڵام بە مانای (**فاعِلَ**)ە، ئنجا ئەویش لە (**وازَرَ**)ەوە هاتوە، وەک (**حَكِيم**) لە (**أَحْكَمَ**)ەوە هاتوە، کە (**وازَرَ**)ش لە (**أَزْر**)ەوە هاتوە، (**أَزْر**) بریتیە لە هاوکاریی، (**أَزْر**) بریتیە لە پشت، کەواتە: (وزیر) بریتیە لە پشتیوان و، هاوکارو پاڵپشت و، یارمەتییدەر، ئنجا دوایی دیاریی دەکات ئەو وەزیرە و ئەو پاڵپشتە کێ بێ.

٦)- ﴿ هَٰرُونَ أَخِي ﴾، با هاڕوونی برام بێ.

٧)- ﴿ ٱشۡدُدۡ بِهِۦٓ أَزۡرِي ﴾، پشتمی پێ قاییم بکە، (**الشَدُّ: الإِمْسَاكُ بِقُوَّة**)، (**شَدْ**) بریتیە لەوەی شتێک بەهێز بگری، یانی: پشتمی پێ بگرە و پشتمی پێ بە قوەت بکە، کە لێرەدا یانی: هاوکارییمی بێ بکە، چونکە (**الأَزْرُ: الظَّهْرُ وَسُمِّيَ الإزارُ إزاراً، لأنه يُشَدُّ به الظَّهْرُ**)، (**إزار**) بۆیە وای پێ گوتراوە، چونکە پشتی پێ بە هێز دەکرێ، (**إزارْ**) واتە: شەڕواڵ کە پشتی پێ دەبەسترێ لە داپۆشینی جەستەدا، هەروەها (**إزار**) بە مانای پشتێنیش هاتوە، لەبەر ئەوەی پشتی پێ بە هێز دەکرێ.

٨)- ﴿ وَأَشۡرِكۡهُ فِيٓ أَمۡرِي ﴾، لە کارەکەمدا بەشداریی پێ بکە، کارەکەی بریتیە لە چی؟ بریتیە لە پێغەمبەرایەتیی و گەیاندنی پەیامی خوا بە فیرعەون و گەلی فیرعەون و، پاشان دەربازکردنی بەنوو ئیسرائیل و مشوورلێخواردنیان، لەو کارەدا هاوبەش و بەشداری بکە.

(**ماشاءالله**)! مووسا ﷷ چەند سەخیی و، بە سەماحەت و، بێ جیاوازیی و، دڵ گەورەو، سیفەت بەرز بووە، هی وایە پێی خۆشە کە کارێک دەکات، ئەگەر بۆشی نەکرێ، کەس تێیدا بەشدار نەبێ، بەڵام مووسا ﷷ داوا لە پەروەردگاری دەکات: کە هاڕوونی براشی بکات بە پاڵپشتی و لە کارەکەشیدا بەشداریی پێبکات.

٩)- ﴿ كَيْ نُسَبِّحَكَ كَثِيرًا ﴾، تاکو زۆر تۆ بە پاک بگرین، ﴿ وَنَذْكُرَكَ كَثِيرًا ﴾، زۆریشت یاد بکەین، ئەمە هۆکار هێنانەوە (تعلیل)یە بۆ داوا کردنەکانی، واتە: بۆیە ئەو داوایانەت لێدەکەم، تاکو بتوانین زۆرت بە پاک بگرین و زۆریشت یاد بکەین، ئنجا زۆر بە پاکگرتنی خوا ﷻ هەر ئەوە نیە، کە ئینسان لە زاتی خۆیدا، مێشک و دڵی خۆی لەو شتانە بژار بکات و پاک بکاتەوە، کە لەگەڵ پایەو مەقامی بەرزی خوادا ناکۆکن و نەگونجاون، وەک هاوبەش بۆ خوا دانان، ڕیابازیی، گومانی خراپ بە خوا بردن و، هەموو ئەو بیرو بۆچوونانەی کە شایستەی مەقامی بەرزی خوا نین، بەڵکو وێڕای ئەوە بە پاکگرتنی خوا ئەوەش دەگرێتەوە: تۆ یارمەتییمان بدە کە عەقڵ و دڵی خەڵک پاک بکەینەوە، لەو شتانەی کە لەگەڵ پایەو مەقامی بەرزی تۆدا ناگونجێن، واتە: یارمەتییمان بدە کە جۆماڵی عەقڵی و دڵی خەڵک بکەین، عەقڵ و دڵی خەڵک بژار بکەین لەو شتانەی کە لەگەڵ پایەو مەقامی بەرزی تۆدا ناگونجێن، بە تایبەت هاوبەش بۆ خوا دانان و پەرستنی غەیری خوا.

١٠)- ﴿ وَنَذْكُرَكَ كَثِيرًا ﴾، زۆریش یادت بکەین، زۆر یادی خوا کردن یانی: زۆر لە خوا ئاگا بوون و، عەقڵ و دڵ ئاوەدان بوونەوە بە یادی خوا، هەم لە زاتی خۆمانداو، هەم وابکەین کە خەڵکیش زۆر یادی تۆ بکات.

١١)- ﴿ إِنَّكَ كُنتَ بِنَا بَصِيرًا ﴾، بە دڵنیایی تۆ بینەری ئێمەی، ئەمەش دیسان هۆکار دۆزینەوە(**تعلیل**)ە، بۆ داواکردنەکەی، واتە: بۆیە ئەو داوایەت لێدەکەم، چونکە تۆ بۆ خۆت ئاگاداری ئێمەی، بینەری ئێمەی، دەزانی کە ئەگەر تۆ ئەو کارانەم بۆ نەکەی و، ئەو داواکارییانەم بۆ جێبەجێ نەکەی، من لەو ئەرکەدا کە پێت سپاردووم، سەرکەوتوو نابم و، دوایی عەیبدارو ڕوو زەردی لای تۆ دەبم.

کەواتە: وشەی (تسبیح) مەبەست پێی حاڵەتی بژاردکردن (**تخلية**)و، (ذکر)یش مەبەست پێی حاڵەتی ڕازاندنەوە (تحلية)یە، ڕازاندنەوەی عەقڵ و دڵی خەڵک بە ئیمان و بە خوا بەیەکگرتن و یادکردنی خوا.

١٢)- لە کۆتاییدا: ﴿ قَالَ قَدۡ أُوتِيتَ سُؤۡلَكَ يَٰمُوسَىٰ ﴾، (خوا) فەرمووی: ئەی مووسا عليه السلام! داواکارییەکەت پێدرا، (السؤْلُ: المسئولُ، کالخُبزِ، بمعنى: المخبوزِ، والأَكْلُ، بمعنى: المأكولَ) (سُؤْل) چاوگە بەڵام لێرەدا بە مانای (مَسْئول) داواکرا، وەک (خُبز) یانی: (مَخْبوز) واتە: کراو بەنان، یاخود (أکل) واتە: خواردن، بەڵام یانی: شتێک کە دەخورێ (مَأْكُول).

کەواتە: وشەی (سُؤْل) هەر چوار داواکارییەکەی مووسا عليه السلام دەگرێتەوە، ئەوەی کە داوات کرد، ئەوە پێت دراو لەلایەن خواوە بڕیار درا.

کورتە باسێک:

چوار سەرنجی گرنگ لەسەر ئەم دوازدە (١٢) ئایەتە

یەکەم: چوار داواکارییەکەی مووسا عليه السلام هەموویان پێداویستیی گەورەو گرنگن و، پێکەوەش پەیوەستن:

١- پێشێ داوا دەکات: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱشْرَحْ لِي صَدْرِي ﴾، گوتی: خوایە! سینەم فراوان بکە، باسمان کرد، واتە: دڵم گەورە بکە، بار قووڵم بکە و بە تەحەممولم بکە.

٢- دوایی دەڵێ: ﴿ وَيَسِّرْ لِيٓ أَمْرِي ﴾، کارم ئاسان بکە.

٣- دەڵێ: گرێی زمانم بکەوە، ﴿ وَٱحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِي ﴾، ئنجا هۆکاری زمان کرانەوەکەشی و لابردنی ئەو گرێیەش لە زمانیدا، حیکمەتەکەی دەخاتە ڕوو، دەڵێ: ﴿ يَفْقَهُوا۟ قَوْلِي ﴾، بۆ ئەوەی لە قسەم تێبگەن.

٤- ﴿ وَٱجْعَل لِّي وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِي ﴾، واتە: پشتیوانێکم لە نیزیکانی خۆم بۆ بڕخسێنە، دواییش دیاریی دەکاو دەڵێ: ﴿ هَٰرُونَ أَخِي ﴿٣٠﴾ ٱشْدُدْ بِهِۦٓ أَزْرِي ﴿٣١﴾ وَأَشْرِكْهُ فِيٓ أَمْرِي ﴿٣٢﴾ ﴾، هارووني برام، پشتمی پێ قایم بکەو، لە کارەکەمدا بەشداریی پێ بکە.

هەڵبەتە هەر کاتێک مرۆڤ سینەی فراوان بوو، بار قووڵ بوو، دڵی گەورەو بە تەحەممول بوو، کارەکەی ئاسان دەبێ، کە کاری ئاسان بوو، زمانیشی کراوەتر دەبێ و، دەربڕینەکانی باشتر بۆ دێن و، بێگومان ئەگەر دڵ فراوان بوو و کارەکەشی لەبەر ڕۆیشت، گفت و لوتفیشی خۆش بوو، زمانیشی کراوە بوو تەعبیرەکانی باش بوون، خەڵکیش باشتر بۆی دەبێتە هاوکارو دەستبارگرو پشتیوان، ئەگەرنا بابایەکی تەنگە پرێسکەی تووڕەو تۆسنی و مۆن و مرچی، ئنجا کار لێ ئاڵقاوی، زمان زبری ڕوو ترش، خەڵک لە ڕاستییدا لێی کۆنابێتەوەو،

خەڵک ئامادە نابێ هاوکاری بێ و پاڵپشتی بێ، خوا خوایانە چڕو چاوی نەبینن، خوا خوایانە کە لێی دوور بن و لێی نیزیک نەبنەوە.

ئەم چوارانە هەر چواریان پێکەوە پەیوەستن و، مووسا ﵇ زۆر حەکیمانەو کارزانانە، داواکارییەکانی خۆی ئاراستەی خوای کاربەجێ کردوون، پێشێ داوای سینە گوشاد بوون و دڵ فراوانیی دەکات، ئنجا داوای کار بۆ ئاسان کران دەکات، دوایی داوایی زمان کرانەوەو زمان پاراو بوون دەکات، ئنجا دوایی داوای خاوەن پشتیوان بوون دەکات.

زانایان لە بارەی ئەو گرێیەی کە مووسا ﵇ داوا دەکات لە خوا کە لە زمانییدا بیکاتەوە، زۆر قسەیان کردوە، بەسەرهاتیان زۆر هێناون، کە ئێمە خوا پشتیوان بێ، لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (القصص)دا زیاتر تیشکی دەخەینە سەر ئەوە، کە کورتەکەی ئەوەیە:

گوایە کاتی خۆی مووسا ﵇ پڕی داوەتە ڕیشی فیرعەون، فیرعەونیش تووڕە بووەو گوتوویەتی: سەری ببڕن، ئەوە ئەو کەسەیە کە کۆتایی موڵک و سەڵتەنەتی من لەسەر دەستی وی دێ، خێزانەکەشی دەڵێ: نەخێر ئەوە منداڵەو نافامێ و نازانێ، بە بەڵگەی ئەوەی کە هەندێک گەوهەری بۆ دێنین لەسەر سینی و هەندێک پشکۆ ئاگریش، ئەگەر دەستیدا گەوهەرەکان، دیارە دەزانێ و ئەگەر دەستی دایە پشکۆیەکان، دیارە نازانێ، مووسا دەست دەداتە پشکۆیەک ئاگرو دەیخاتە نێو زاری، لەوەوە زمانی ئەو لەنگییە، یاخود ئەو گرێیەی تێدا پەیدادەبێ، ئەوە بە هەر حاڵ لە کتێبەکاندا هاتوە، مەرجیش نیە وابێ، گرنگ ئەوەیە کە مووسا ﵇ زمانی قورس بووە، وەک دوایی لە پەیمانی کۆندا باسی دەکەین، زمانی قورس بووە و زمانی باش گۆی نەکردوەو، باش هەڵنەسووڕاوە و زمان پاراو نەبووە، بۆیە داوای کردوە لە خوای پەروەردگار زمان پاراوی بکات، هەرچەندە دوایی هەر بە ئەوەندەش وازی نەهێناوە، بەڵکو داوای کردوە کە هاڕوونی برای کە پیاوێکی زۆر زمان پاراو و قسە زان و بەکارو زار بووە، گوتوویەتی: ئەویش بکە بە پاڵپشت، وەک لە شوێنەکانی دیکەدا باس کراوە.

دووەم: ئامانج لە کاری بانگەواز بریتیە لە خواپەرستیی:

بۆیەش مووسا ﷺ دوای ئەوەی ئەو داواکاریانە ئاڕاستەی خوای پەروەردگار دەکات، دوایی دەفەرموێ: ﴿ كَيۡ نُسَبِّحَكَ كَثِيرٗا ٣٣ وَنَذۡكُرَكَ كَثِيرًا ٣٤ ﴾، بۆ ئەوەی زۆرت بە پاک بگرین و، زۆرت یاد بکەین، کە باسمکرد یانی: زۆر بە پاک گرتنەکە، هەم لە خودی خۆماندا، هەم هەموو ئەو خەڵکەش کە لەسەر دەستی ئێمە خوا هیدایەتی دەدا، بە پاکت بگرین، واتە: تۆ دوور بخەینەوە لە هەر شتێک کە شایستەی تۆ نیە، عەقڵ و دڵی خۆمان بژار بکەین، لە هەموو ئەو شتانەی کە شایستەی تۆ نین، کە ئەمە حاڵەتی بژارکردن (تخلیة)ە، ئنجا ﴿ وَنَذۡكُرَكَ كَثِيرًا ﴾، زۆریش یادی تۆ بکەین، دیارە کەسێک کە زۆر یادی خوا دەکات، دەبێ ئیمانی بە خوا هەبێ و، ئەهلی تەقوا بێ، واتە: ئەمەش حاڵەتی خۆ ڕازاندنەوە (تحلیة)یە، وەک ئەهلی تەصەووف و عیرفان دەڵێن.

کەواتە: ئامانج و حیکمەت لە کاری بانگەواز، ئەوەیە کە ئینسان خۆی و خەڵک وا لێ بکات، شتێک لە عەقڵ و دڵیان دا نەبێ، کە شایستەی خوا نەبێ، عەقڵ و دڵی خۆیان بڕازێننەوە بە هەموو ئەو سیفەتانەی کە شایستەی خوان، وەک ئەو پەڕی بە پاکگرتنی خوا، ئەوپەڕی بە مەزنگرتن و بە گەورە گرتنی خوا، خۆشویستنی خوا، لێ ترسانی خوا، سام و هەیبەت بەرانبەر بە خوا، ملکەچیی بۆ خواو، پشت بەستن بە خواو.... هتد.

سێیەم: دوو فەرمووده لە بارەی پشتیوانیی بۆ بابای حوکمڕان و کاربەدەست:

١)- (عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ وَلِيَ مِنْكُمْ عَمَلاً فَأَرَادَ اللهُ بِهِ خَيراً جَعَلَ لَهُ وَزِيْرَاً صَالِحَاً، إِنْ نَسِيَ ذَكَّرَهُ، وَإِنْ ذَكَرَ أعَانَهُ»)، (أَخْرَجَهُ النَّسَائِيُّ برقم: ٨٧٥٢، وَالبَيْهَقِيُّ برقم: ٢٠١٠٦، قال الشيخ الألباني: صحيح).

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەر کامێک لە ئێوە کارێکی بە ئەستۆوە گرت و، خوا چاکەی بۆی ویست،

هاوکارێکی باشی بۆ دەڕەخسێنێ، ئەگەر شتێکیشی فەرامۆش کرد، بیری دێنێتەوەو، ئەگەر شتێکیشی لە بیر بوو، هاوکاری دەبێ، پشتگیری دەبێ بۆ ئەنجامدانی.

٢)- هەروەها هەر لەو بارەوە ئەم فەرموودەیەش هاتوە: [مَا بَعَثَ اللهُ مِنْ نَبِيٍّ، وَلاَ اسْتَخْلَفَ مِنْ خَلِيفَةٍ إلاَّ كَانَتْ لَهُ بِطَانَتَانِ: بِطَانَةٌ تَأمُرُهُ بالمَعْرُوفِ وتَحُضُّهُ عَلَيْهِ، وَبِطَانَةٌ تَأمُرُهُ بالشَّرِّ وَتَحُضُّهُ عَلَيْهِ، وَالمَعْصُومُ مَنْ عَصَمَ اللهُ] (أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: ١١٣٦٠، والبخاري برقم: ٦٧٧٣، والنسائي برقم: ٤٢٠٢، وابن حبان برقم: ٦١٩٢، عن أبي سعيد وأبي هريرة رضي الله عنهما).

واتە: خوا هیچ پێغەمبەرێکی ڕەوانە نەکردووەو هیچ جێنشینێکیی دانەناوە، مەگەر دوو جۆرە خەڵکیی تایبەتی بووە [(بطانة) دەڵێ: ئەو خەڵکەن کە خەڵکی تایبەتن، ئەوانەی کە ئینسان ڕاوێژیان پێ دەکات و ڕازو نیازیان لەگەڵ دەکات]، کەسانێکی نیزیک کە فەرمانی پێدەکەن بە شتی پەسندو هانی دەدەن بۆی و، کەسانێکی دیکەی تایبەت، فەرمانی پێ دەکەن بە خراپەو هانی دەدەن لەسەر خراپەو، پارێزراو ئەو کەسەیە خوا بیپارێزێ، (بیپارێزێ لە دەوروبەری خراپ و لە نیزیکانی خراپ، کە هانی دەدەن بۆ خراپەو هاوکاریی دەکەن لەسەر خراپە، نەک بۆ چاکە).

چوارەم: چەند قسەیەک لە تەوراتەوە لە بارەی ئەو چوار داواکارییانەی کە مووسا ﵇ لە خوای پەروەردگاری کردوون، کە لە (پەیمانی کۆن)(١)دا، لە ژێر ناوونیشانی: (تَهَرُّبُ موسى) واتە: خۆ دزینەوەی مووسا، کە تەعبیرەکەیان جوان نیە، بەڵام لە وێدا وا هاتوە، دەڵێ:

(فَقَالَ مُوسَى لِلرَّبِّ: «اصْغَ يَا رَبُّ، أَنَا لَمْ أَكُنْ فِي يَوْمٍ مِنَ الأَيَّامِ فَصِيحاً، لاَ فِي الأَمْسِ، وَلاَ مُنْذُ أَنْ خَاطَبْتَ عَبْدَكَ. إِنَّمَا أَنَا بَطِيءُ النُّطْقِ عَيِيُّ اللِّسَانِ» فَقَالَ الرَّبُّ لَهُ: «مَنْ هُوَ بَارِيءُ فَمِ الإِنْسَانِ؟ أَوْ مَنْ يَجْعَلُهُ أَخْرَسَ أَوْ أَصَمَّ أَوْ بَصِيراً أَوْ كَفِيفاً؟

---

(١) (التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر الخروج، الإصحاح: ٤، ص١٣٨)

أَلَسْتُ أَنَا الرَّبُّ؟ فَالآنَ انْطَلِقْ فَأَلْقُنَ فَمَكَ النُّطقَ، وَأُعَلِّمَكَ مَاذَا تَقُولُ»لَكِنْ مُوسَى أَجَابَ: «يَا سَيِّدُ، أَتَوَسَّلُ إِلَيْكَ أَنْ تُرْسِلَ مَنْ تَشَاءُ غَيْرِي»، فَاحْتَدَمَ غَضَبُ الرَّبِّ عَلَى مُوسَى وَقَالَ: «أَلَيْسَ هَرُونُ اللاَّوِيُّ أَخَاكَ؟ أَنَا أَعْلَمُ أَنَّهُ يُحْسِنُ الْكَلامَ، وَهَا هُوَ أَيْضاً قَادِمٌ لِلِقَائِكَ ... فَيُخَاطِبُ هُوَ الشَّعْبَ عَنْكَ ويَكُونُ لَكَ بِمَثَابَةِ فَمٍ، وَأَنْتَ تَكُونُ لَهُ بِمَثَابَةِ إِلَهٍ . وَخُذْ بِيَدِكَ هَذِهِ الْعَصَا لِتَصْنَعَ بِهَا الْمُعْجِزَاتِ).

واتە: مووسا بە پەروەردگاری گوت: پەروەردگار! گوێ بگرە، من ڕۆژێک لە ڕۆژان زمان پاراو نەبووم، (واتە: قسە ڕەوان نەبووم)، نە کاتی خۆی و نە دوێنێ و، نە لەو کاتەش دا کە تۆ بەندەی خۆتت دواندوە، بەڵکو من بە سستیی قسەم بۆ دەکرێ و، زمانم باش گۆ ناکات، پەروەردگار پێی فەرموو: کێ زاری مرۆڤی دروست کردوە، یان کێ مرۆڤ لاڵ دەکات، یان کەڕ دەکات، بینەر دەکات، یاخود کوێر دەکات، ئایا منی پەروەردگار نیم؟! دەجا ئێستا بڕۆ من زارت فێری قسەکردن دەکەم و، فێرت دەکەم کە چیی بڵێی، بەڵام مووسا وەڵامی دایەوە: ئەی گەورەم! لێت دەپاڕێمەوە کە یەکێکی دیکە جگە لە من بنێری، تووڕەیی پەروەردگار لەسەر مووسا توند بوو، پێی گوت: هاڕوونی لاویی برات، من دەزانم کە ئەو چاک قسە دەزانێ و، ئەوە ئەویش دێ بۆ دیداری تۆ .... دوایی دەڵێ: هاڕوون لە جیاتی تۆ با (خەڵک) گەلەکە بدوێنێ و، ئەو بۆ تۆ لە جێی زار دەبێ و، تۆش بۆ وی لە شوێنی پەرستراو دەبی، ئێستا ئەم گۆچانەش بە دەستەوە بگرە، تاکو شتی دەستەوسانکەری پێ ئەنجام بدەی.

هەڵبەتە ئەمە قسەی پەیمانی کۆنە، کە تارادەیەک لەگەڵ قورئاندا تێکدەکاتەوە، چونکە وەک دوایی باس دەکەین، مووسا بە تایبەت لە سوورەتی (القصص)دا لەوێ دەڵێ: خوایە هاڕوونی برام ﴿ هُوَ أَفۡصَحُ مِنِّي لِسَانٗا فَأَرۡسِلۡهُ مَعِيَ رِدۡءٗا يُصَدِّقُنِيٓ ٣٤ ﴾، واتە: ئەو زمانی لە من پاراوترە و لەگەڵمدا بینێرە پاڵپشتم بێ و با من بەڕاست بگێڕێ.

بەڵام بەو شێوەیەی کە مووسا ﵇ ڕای کرد بێ لەبەر بەرپرسیارێتیی، وا نیە، لە قورئاندا شتی وا نەهاتوە، هەروەها ئەوە کە لێرەدا دەڵێ: کە تۆ بۆ هاروون لە شوێنی پەرستراو دەبی، ئەوەش دیارە زێدەڕۆییەکی گەورەیە، دیارە مووسا ﵇ برای هاروون بووە، بەڵێ، هاروون لەبەر دەستی مووسادا بووە، بە قسەی کردوە، بەڵام وەک برایەتی و، وەک کەسێک کە کارێک بە کەسێک دەسپێرێ، نەک وەک پەرستراوێتیی.

هەروەها ئەوەش ڕاست نیە کە مووسا گوتبێتی: [إلێت دەپاڕێمەوە کە یەکێکی دیکە جگە لە من بنێرێ]!

مەسەلەی چوارەم:

بیرخستنەوەی خوای بەخشەر بۆ مووسا ﷷ کە لە ڕابردووشدا، ژمارەیەک چاکەو نیعمەتی گەورەو بەرچاوی پێ بەخشیون و، بە چەندان جۆر تاقیکردۆتەوە و، بە تایبەت پەروەردەی کردوە کە ئەو ئەرکە گەورە و گرنگەی پێ بسپێرێ:

وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَيْكَ مَرَّةً أُخْرَىٰٓ (٣٧) إِذْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّكَ مَا يُوحَىٰٓ (٣٨) أَنِ ٱقْذِفِيهِ فِى ٱلتَّابُوتِ فَٱقْذِفِيهِ فِى ٱلْيَمِّ فَلْيُلْقِهِ ٱلْيَمُّ بِٱلسَّاحِلِ يَأْخُذْهُ عَدُوٌّ لِّى وَعَدُوٌّ لَّهُۥ ۚ وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّى وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِىٓ (٣٩) إِذْ تَمْشِىٓ أُخْتُكَ فَتَقُولُ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ مَن يَكْفُلُهُۥ ۖ فَرَجَعْنَٰكَ إِلَىٰٓ أُمِّكَ كَىْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ ۚ وَقَتَلْتَ نَفْسًا فَنَجَّيْنَٰكَ مِنَ ٱلْغَمِّ وَفَتَنَّٰكَ فُتُونًا ۚ فَلَبِثْتَ سِنِينَ فِىٓ أَهْلِ مَدْيَنَ ثُمَّ جِئْتَ عَلَىٰ قَدَرٍ يَٰمُوسَىٰ (٤٠) وَٱصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِى (٤١) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەژدە (١٨) بڕگەدا:

دوای ئەوەی مووسا ﷷ چوار داواکارییەکانی دەخاتە ڕوو بۆ خوا ﷻ، خواش بەڵێنی پێدەدا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ قَدْ أُوتِيتَ سُؤْلَكَ يَٰمُوسَىٰ ﴾، داواکارییەکەت جێبەجێ بوو، دوایی چەند شتێکی دەخاتەوە بیر تاکو مووسا ﷷ دڵخۆش و شادمان بێ، کە خوا ﷻ هەر ئێستا مشووری لێ ناخوات و، هەر ئێستا کاری بۆ ئاسان ناکات و پشتیوانیی لێ ناکات، بەڵکو لە ڕابردووشدا هەر وابووە، ئێستا کە خۆی داوا دەکات و خوا داواکارییەکانی بۆ جێبەجێ دەکات، بەڵام کاتی خۆی مووسا هیچ داواکاریی لە خوا نەکردوە، کەچی خوا ﷻ خەمی لێ خواردوە و مشووری لێ خواردوە و پاراستوویەتیی، بۆیە دەفەرموێ:

١)- ﴿ وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَيْكَ مَرَّةً أُخْرَىٰٓ ﴾، جارێکی دیکەش ئێمە چاکەمان لەگەڵ تۆ کردوە، نیعمەتی خۆمان بەسەر تۆدا ڕشتوە.

دیارە لێرەدا کە ئەو هەواڵە، هەم بە (ل)ی قەسەم، هەم بە (قَدْ)ی ساغکردنەوە (**تحقیق**)، (**ولَقدْ**) ئەم هەواڵە جەخت دەکاتەوە، واتە: سەرپەرشتیی کردنی خواو، هاوکاریی کردنی خواو مشوورخۆریی خوا، بۆ تۆ، هەر بەردەوام بووە.

٢)- ﴿إِذۡ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّكَ مَا يُوحَىٰٓ﴾، کاتێک کە سروشمان کرد بۆ دایکت، ئەوەی کە بۆمان سروش کرد، وەحیی قسەیەکی پەنهانە، کە لێرەدا ئەگەر بۆ غەیری پێغەمبەران بێ، واتە: خستنە نێو دڵ، خورپەمان بۆ دایکت کرد، کە دەفەرموێ: ﴿مَا يُوحَىٰٓ﴾، واتە: ئەوەی کە بۆمان سروش کردو بۆمان ئیلهام کرد، واتە: شتێکی گەورە بوو، شتێکی گرنگ بوو، کە هەر وەسف ناکرێ، مەگەر هەر بە خۆی وەسف بکرێ، ئەگەرنا هێندە گەورەو مەزنە، وەسف و پێناسە ناکرێ بە غەیری خۆی، چیمان بۆ ئیلهام کرد؟

٣)- ﴿أَنِ ٱقۡذِفِيهِ فِي ٱلتَّابُوتِ﴾، پێمان گوت: بیخە نێو صندووقەوە، بیخە نێو ئەو تابووتە تایبەتەوە، ئەویش دیارە هەر بە ئیلهامی خوا بۆیان دروستکردوە، وشەی (**قذف**) بە مانای فڕێدانە، بەڵام لێرەدا بە مانای دانانە، لە نێو ئەو صندووقەدا کە لە تەختە دروستکراوە، یان لە قامیش.

٤)- ﴿فَٱقۡذِفِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ﴾، واتە: تۆ صندووقەکە، تابووتەکە فڕێ بدە نێو دەریاوە، واتە: ڕووباری نیل، کە وشەی (یَمّ) بە ناوی زۆر دەگوترێ: جا چ ڕووبار بێ، چ دەریا بێ.

٥)- ﴿فَلۡيُلۡقِهِ ٱلۡيَمُّ بِٱلسَّاحِلِ﴾، با دەریاکەش بیخاتە کەنارەوە، (**السَّاحِل: الشَّاطِيء**)، کە دەفەرموێ: (**يُلْقِهِ**) (ل)ەکە، لە (**فَليُلْقِهِ**) دا: (**دَالَّةٌ عَلَى أَمْرِ التكْوِينِ، أَي: سَخَّرْنَا اليَمَّ لِيُلْقِيهُ بالساحل**) دەریاکەمان ڕام و دەستەمۆو ملکەچ کرد، بۆ ئەوەی ئەو صندووقەی کە مووسای تێدایە، بە کۆرپەیی بیخاتە کەنارەوە، ئنجا سەرەنجام چۆن دەبێ؟

٦)- ﴿يَأۡخُذۡهُ عَدُوّٞ لِّي وَعَدُوّٞ لَّهُۥ﴾، دوژمنێکی من و دوژمنێکی خۆی دەیگرێتەوە، واتە: ئەو صندووقە دەگرێتەوە کە مووسای بە مەلۆتکەیی تێدایە.

٧)- ﴿وَأَلۡقَيۡتُ عَلَيۡكَ مَحَبَّةٗ مِّنِّي﴾، هەروەها لە لایەن خۆمەوە خۆشەویستییەکم خستە سەر تۆ، دەڵێ: (**إلقَاءُ المَحَبَّةِ مَجَازٌ فِي تَعَلُّقِ المُحِبَّةِ بِهِ، أَيْ: خَلْقُ المَحَبَّةِ**

فِي قَلْبِ الْمُحِبِّ بِدُونِ سَبَبٍ عَادِيٍّ)، واتە: فڕێدانی خۆشەویستیی بۆ سەری، مەجازە، بۆ پەیوەست بوونی خۆشەویستیی پێیەوە، واتە: خوا لە دڵی ئەوانەدا کە خۆشیاندەوێ خۆشەویستی مووسای ڕەخساند بوو، بۆیە هەر کەسێک بینیبایە خۆشیدەویست بە بێ هەبوونی هۆکارێکی ئاسایی.

٨)- ﴿وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِيٓ﴾، هەروەها بۆ ئەوەی لە ژێر چاودێریی مندا تۆ دروست بکرێی و، پەروەردە بکرێی و، بە خێو بکرێی، (**والصُّنْعُ: مُسْتَعَارٌ لِلتَّرْبِيَةِ وَالتَّنْمِيَةِ، تَشْبِيهًا لِذَلِكَ بِصُنْعِ شَيْءٍ مَصْنُوعٍ، يُقَالُ: صَنِيعَةُ فُلَانٍ**)، وشەی (**صُنع**) خوازراوەتەوە بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندن، کە لێرەدا چوێنراوە بە دروستکردنی شتێک کە بە شێوەیەکی تایبەت دروست دەکرێ و بە کارامەیی، هەر لە زمانی عەرەبییشدا دەڵێ: (**هذه صَنِيعَة فُلانٌ**) ئەمە چاکەو کردەوەی فڵانکەسە، یان دەڵێ: (**صنائع المعروف تقي مصارع السوء**)، واتە: کردەوە باشەکان و چاکەکاریی لەگەڵ خەڵک دا، مرۆڤ لە مردنی خراپ دەپارێزێ.

کە دەفەرموێ: ﴿وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِيٓ﴾ با لەسەر چاوی من دروست بکرێی، (**العَيْنُ: مَجَازٌ فِي الْمُرَاعَاةِ وَالْمُرَاقَبَةِ**) واتە: لە ژێر چاودێریی مندا، ئەمە تەعبیرێکی عەرەبییە، ئەگەرنا مووسا نەچۆتە سەر چاوی خوا ﷻ، لێرەدا مەبەستی ئەوە نیە کە چاو بۆ خوا بڕیار دەدرێ و، مووساش لەسەر چاوی بێ، وەک لە شوێنێکی دیکە دەفەرموێ: ﴿فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا ٤٨﴾الطور، واتە: تۆ بە چاوەکانی ئێمەوەی، واتە: لە ژێر چاودێریی ئێمە دای.

٩)- ﴿إِذْ تَمْشِيٓ أُخْتُكَ فَتَقُولُ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ مَن يَكْفُلُهُۥ﴾، واتە: کاتێک کە خوشکەکەت دەڕۆیی دەیگوت: ئایا کەسێکتان پێشان بدەم کە وەخۆی بگرێ و بەخێوی بکات، سەرپەرشتیی بکات، کەواتە: لێرەدا ئەم تەعبیرە ئاوای لێدێ: (إِذْ تَمْشِيٓ أُخْتُكَ فَتَقُولُ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ مَن يَكْفُلُهُۥ، وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِيٓ)، واتە: کاتێک خوشکەکەت دەڕۆی و دەیگوت: ئایا کەسێکتان پێشاندەم بۆتان بەخێو بکات، ئەوەمان بۆیە کرد، تاکو لە ژێر چاودێریی مندا بە خێو بکرێی و، سەرپەرشتیی بکرێی.

ئایا خوشکەکەی مووسا ؈ ناوی چی بووە؟ لە قورئان و سوننەت نەهاتوە، بەڵام لە پەیمانی کۆندا هاتوە کە ناوی (مَرْيَمْ) بووە.

وەک لە **(التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهدم القديم، سفر الخروج الإصحاح: ١٥، ص١٦٣)**، لە ژێر ناوونیشانی: **(مَرْيَم النَّبيّ أُخْتُ هارون)** مەریەمی پێغەمبەر خوشکی هاڕوون، لەوێدا ناوی وا هاتوە، هەر لە پەیمانی کۆن لە **(سفر العدد، الإصحاح: ٢٠**، ص (٣١٥)دا هاتوە، کە مەڕیەم خوشکی هاڕوون و خوشکی مووساش، کە لە **(صحراء سينا في قادَش)** لە قادەش لە ساڵی (١٤١٧)ی پێش زایین دا، کۆچی دوایی کردوە، واتە: ئەو خوشکەی مووسا ؈ بە پێی پەیمانی کۆن، ناوی (مەڕیەم) بووە، هەڵبەتە لەوێدا دەڵێ: پێغەمبەریش بووە.

بەڵام بە تەنکید ئەمە ڕاست نیە، بەڵێ خوا ﷻ ئیلهامی بۆ کردوە، وا پێدەچێ ئەوان هەر کەسێک ئیلهامی بۆ کرابێ، بە پێغەمبەریان دانابێ، یان بە هەر حاڵ، ئیلهامیشیان بە وەحیی داناوە، وەک وەحیی ئاسایی کە بۆ پێغەمبەران دێ، گرنگ ئەوەیە کە پێغەمبەران تەنها لە پیاواندا بوون.

١٠)- ﴿ فَرَجَعۡنَٰكَ إِلَىٰٓ أُمِّكَ ﴾، دوایی کە خوشکەکەت چوو بۆ ماڵی فیرعەون و، گوتی: ماڵێکتان پێشان بدەم سەرپەرشتیی بکەن؟ ئەوانیش گوتیان: بەڵێ، ئەوە هەمووی دەپێچرێتەوە و یەکسەر دەفەرموێ: تۆمان گێڕایەوە بۆ لای دایکت، بێگومان خوشکی مووسا دەچێ بۆ لای دایکی، کە دایکی خۆشیەتی و، دایکی مووساشە دەیهێنێ و دەڵێ: ئەو ئافرەتە سروشتی وایە (وەک لە سەرچاوە مێژوییەکاندا باس دەکەن)، هەر منداڵێک بە باوەشەوە بیگرێ و بە سینەی خۆیەوە بنێ، ئەو منداڵە مەمکی دەگرێ، چونکە لە کتێبەکاندا (لەسەرچاوەکاندا)، دەڵێ: مووسا ؈ یەک چریکە دەیزیڕاندو مەمکی هیچ ئافرەتێکی نەدەگرت، ئیدی لەو کاتەشدا خوشکەکەی مووسا ؈ بە دەمیانەوە دەچێ و دەڵێ: ئەو منداڵە چیەتی ئاوا دەگری؟ دەڵێن: ئەو منداڵە حاڵ و حیسابی وایەو، مەمکی هیچ ئافرەتێک ناگرێ، دەڵێ: من ئافرەتێکم پێ شک دێ، حاڵ و

حسیابی وایە، هیچ منداڵێک نیە کە مەمکی نەگرێ، دەڵێن: پێمان بڵێ: ئافرەتەکە دێنێ (دایکی مووسا دێنێ) و منداڵەکەی وێ دەدەن و، مووسا دەباتەوە ماڵی خۆیان و، لەوێ شیری پێدەدات و بە خێوی دەکات، بەڵام بە مەسرەفی ماڵی فیرعەون، واتە: هەر دایکی حەقیقیی خۆیەتی، بەڵام ماڵی فیرعەون مەسرەفەکەی دەکێشن، کە گوایە ئەوە دایەنێکە بۆیان، ئنجا خوا ددفەرموێ: تۆمان گێڕایەوە بۆ لای دایکت.

١١)- ﴿كَىْ تَقَرَّ عَيْنُهَا﴾، تاکو چاوی فێنک بێ و چاوی سارد بێ، لێرەدا، دەڵێ: (**قَرَّتَ العَيْنُ: قَرَّة، وقُروراً: بَرَدتْ سرُوراً**) چاوی فێنک بوو، واتە: دڵخۆش بوو، چونکە دەڵێ: فرمێسکی شادیی ساردە، هەروەک فرمێسکی دڵتەنگیی و غەمباریی گەرمە، ئنجا لەوەوەیە (**قُرَّة العَّين**) واتە: جێی دڵخۆشیی و شادمانیی، ﴿كَىْ تَقَرَّ عَيْنُهَا﴾، تاکو دڵخۆش بێ.

١٢)- ﴿وَلَا تَحْزَنَ﴾، خەمباریش نەبێ، دڵخۆش بێ بەوەی کە کۆرپەکەی گەڕاوەتەوە بۆ لای، دڵتەنگیش نەبێ بەوەی کە (**الحمد الله**) سەلامەتەو، بۆ خۆی لە ژێر چاودێریی خۆیدا بە خێوی دەکات.

١٣)- ﴿وَقَتَلْتَ نَفْسًا﴾، خوای پەروەردگار ئەمجارە چاکەیەکی دیکە بۆ مووسا عليه السلام باس دەکات و بیری دێنێتەوە، دەفەرموێ: کەسێکت کوشت، کە ئەوە لە سووڕەتی (**القصص**)دا هاتوە، لە ئایەتەکانی: (١٥ - ١٧)دا، باسی ئەوە کراوە، کە چۆن ئەو پیاوەی کوشتوەو لە شوێنی خۆی دا باسی دەکەین.

١٤)- ﴿فَنَجَّيْنَٰكَ مِنَ ٱلْغَمِّ﴾، ئێمە تۆمان لە خەمباریی دەرباز کرد، بەوەی کە خوا تعالى خستیە دڵی کە خوا لێی خۆش بووە، لە بەرانبەر کوشتنی ئەو نەفسەدا، لەبەر ئەوەی بەرگریی لە ستەم لێکراوێک کردوەو، ویستوویەتی ستەمکارێک دەفع بکات و، دوور بخاتەوە لە ستەملێکراوێک و، مەبەستیشی پێی کوشتن نەبووە.

١٥)- ﴿وَفَتَنَّٰكَ فُتُونًا﴾، هەروەها تۆمان بە چەندان جۆر تاقی کردەوە، واتە: تۆمان بە تاقیکردنەوە تاقی کردەوە، دەڵێ: (**الفُتونُ: مَصْدَرُ فَتَنَ، كَالخُرُوجِ وَالثُبُورِ وَالشُكُورِ، وَهُوَ مَفْعول مُطْلَقٌ، والفتن والفتنة: اضطراب حال المرء في مدة حياته**)، ﴿وَفَتَنَّٰكَ فُتُونًا﴾ واتە:

تۆمان بە تاقیکردنەوە تاقی کردەوە، (فُتُون) چاوگی (فَتَن)یە، وەک چۆن (خروج) چاوگی (خَرَجَ)یە، (خَرَجَ، خروجَاً)، (ثَبَرَ، ثبوراً)، (شَكَرَ، شكوراً) بە هەمان شێوە (فتَنَ ، فتوناً) ئەو کاتە (فتوناً) دەبێتە (**المفعول المطلق**) بەرکارێکی ڕەها بۆ (فَتَنّا)، (**والفتْنُ والفتنَةُ: اضْطِرَاب حَالِ المَرْء فـي مُدَّةِ حَيَاتِهِ**)، (**فَتْنُ وفِتْنة**) بریتیە لە حاڵ تێکچوونی مرۆڤ لە کاتی ژیانیدا، ئەمە یەکێ لە واتاکانیەتی، ئەگەرنا لە ڕاستییدا بە مانای تۆمان تاقی کردۆتەوە و جەڕباند، دێ.

شایانی باسە (فتون) دەشگونجێ کۆی (فَتْن)بێ، واتە: چاوگ نەبێ، بەڵکو کۆ بێ، بە چەند جۆران تۆمان تاقی کردۆتەوە.

١٦)- ﴿فَلَبِثۡتَ سِنِينَ فِيٓ أَهۡلِ مَدۡيَنَ﴾، تۆش چەند ساڵان لە نێو خەڵکی مەدیەندا مایەوە، کە بە تەئکید مەبەست پێی گەلی شوعەیبە، مەدیەن ناوی یەکێک لە کوڕەکانی ئیبراهیمە، دەڵێن: ئەو گەلە بە ناوی ئەو مەدیەنەی کە کوڕی ئەو ئیبراهیمە بووە، ناونراوە، کە پێشتر باسمان کردوە، دیارە ئەو چەند ساڵەی کە لەوێ ماوەتەوە، ئایا (١٠) ساڵ بووە، ئایا (٢٠) ساڵ زیاتر بووە؟ دواتر لە کاتی خۆی دا کە لە تەفسیری سوورەتی: (القصص) پێی دەگەین، لەوێ درێژەکەی باس دەکەین، ئەوەی کە لە قوڕئاندا بۆ ئێمە دیارە لای کەم هەشت (٨) ساڵ و، لای زۆر دە (١٠) ساڵ شوانیی کردوە، بۆ ئەو پیاوە صاڵحەی کە لە مەدیەن بووە، ئنجا ئایا دوای ئەو (٨) یان (١٠) ساڵەش ماوەتەوە یان نا؟ دیار نیە.

١٧)- ﴿ثُمَّ جِئۡتَ عَلَىٰ قَدَرٖ يَٰمُوسَىٰ﴾، دوایی تۆ لە کاتێکی ئەندازەگیراودا هاتی ئەی مووسا ﵇، (**أي حضرت لدينا وهو حضوره بالوادي المقدس**) تۆ هاتی بۆ لامان لەو شیوە پاکەدا.

١٨)- ﴿وَٱصۡطَنَعۡتُكَ لِنَفۡسِي﴾، من بۆ خۆمم دروست کردووی و مشوورم لێ خواردووی و، پەروەردەم کردووی، وەک پێشتر گوتمان: (**الإصطناعُ: صُنْعِ الشيءِ باعتناءٍ**)، دروستکردنی شتێک کە بە وردەکارییەوەو، بە ئاگا لێبوونەوەو، بە کارامەییەوە، واتە:

خۆم ڕام هێناوی و پەروەردەم کردووی و هەل و مەرجم بۆ ڕەخساندووی، کە ئەو پیاوە دەربچی، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ئەرکە ئەنجام بدەی.

ئنجا ئایا ئەوەی کە خوا ﷻ بە مووسای دەفەرموێ: تایبەتە بە مووساوە، یاخود ئەوەی بۆ پێغەمبەرانی دیکەی فەرمووە، تایبەتە بە پێغەمبەرانەوە، یاخود جگە لە پێغەمبەرانیش دەگرێتەوە؟

لە ڕاستییدا هەموو مرۆڤان دەگرێتەوە، نەک تەنیا بۆ خوا صوڵحاوان، کە لە پێشەوەیان پێغەمبەرانن، ئنجا زانایان و پێشەوایان و دۆستانی خوا، هیچ شتێک نیە لە بووندا و لە گەردووندا کە هەمووی بە ئەندازەگیریی و، بە ئاگا لێبوون و زانیاریی و، حیکمەتی بێ سنووری خوا ئەنجام نەدرێ.

بەڵام بێگومان خوا ﷻ بۆ هەندێک لە بەندەکان کە شایستەترن و لە ڕیزی پێشەوەن، کە پێغەمبەرانن (صەڵات و سەلامی خوایان لی بێ)، ئنجا هەر کەسە بە پێی خۆی، خوا ﷻ مشوورخۆریی زیاترو، ئاگا لێ بوونی زیاترە، چاودێریی زیاتر بەکاردێنێ، بۆ ئەوەی باشتر ئەو مرۆڤە پەروەردە بێ، چونکە خوا ﷻ دەیەوێ ئەرکێکی پێ بسپێرێ، کارێکی پێ بکات، دیارە ئەو کارو ئەرکەش مرۆڤێکی بەو شێوەیەی دەوێ، بۆیە خوای پەروەردگار هەل و مەرجی بۆ دەڕەخسێنێ و، یارمەتی دەدات و کاری بۆ ئاسان دەکات، تاکو لە قەدەر ئەنجامدانی ئەو ئەرک و بەرپرسیاریەتییە، بێ.

مەسەلەی پێنجەم:

ناردنی خوا: مووساو هارِوونی برای بۆ لای فیرعەون، کە قسەیەکی نەرم و نیانی لەگەڵ بکەن و، مەترسیی دەربڕینیان لێی و، دڵنیا کردنەوەی خوا بۆیان کە لەگەڵیانەو، ڕوونکردنەوەی ئەو پەیامەی کە دەبێ بە فیرعەونی بگەیەنن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱذۡهَبۡ أَنتَ وَأَخُوكَ بِـَٔايَٰتِي وَلَا تَنِيَا فِي ذِكۡرِي (٤٢) ٱذۡهَبَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ (٤٣) فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ (٤٤) قَالَا رَبَّنَآ إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفۡرُطَ عَلَيۡنَآ أَوۡ أَن يَطۡغَىٰ (٤٥) قَالَ لَا تَخَافَآۖ إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ (٤٦) فَأۡتِيَاهُ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ فَأَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبۡهُمۡۖ قَدۡ جِئۡنَٰكَ بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكَۖ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلۡهُدَىٰٓ (٤٧) إِنَّا قَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡنَآ أَنَّ ٱلۡعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ (٤٨) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەفدە بڕگەدا:

١)- ﴿ ٱذۡهَبۡ أَنتَ وَأَخُوكَ بِـَٔايَٰتِي ﴾، تۆ و برایەکەت نیشانەکانی ئێمەوە ببەن.

٢)- ﴿ وَلَا تَنِيَا فِي ذِكۡرِي ﴾، لە یادی مندا سستیی مەکەن و، خاوو خلیچکیی مەکەن، (وَنَى، يَنِي، وَنَىً: ضَعُفَ فِي العَمَلِ)، واتە: بێ هێز بوو لە کاردا، لە کوردییدا دەڵێ: خاوە خاو، خاوو خلیچکیی و تەنبەڵیی و سستیی، واتە: گورج و گۆڵ بن لە یادکردنی مندا.

٣)- ﴿ ٱذۡهَبَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ ﴾، بڕۆن بۆ لای فیرعەون.

بۆچی بچن بۆ لای فیرعەون؟

٤)- ﴿ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴾، ئەوە هۆکاری چوونەکەیانە: بێگومان ئەو یاخیی بووە.

لە کێ یاخیی بووە؟ لە بەرانبەر خوادا یاخیی بووە، لەسەر بەندەکانی خوا یاخیی بووەو، ستەمیان لێ دەکات و، بە تایبەت گەلی ستەم دیدەی بەنوو ئیسرائیل و سۆغرەبێگاریان پێدەکات و دەیانچەوسێنێتەوە.

٥)- ﴿ فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا ﴾، هەردووکتان قسەیەکی نەرم و نیانی لەگەڵدا بکەن، (القَوْلُ اللَّيِّنُ: الكَلَامُ الدَّال عَلَى مَعَانِي التَّرغِيبِ وَالعَرْضِ، فَشُبِّهَ الكَلَامُ وَالمُشْتَمِلُ عَلَى المَعَانِي الحَسَنَةِ بالشيءِ اللَّيِن)، مەبەست لە قسەی نەرم: قسەیەکە ئەو مانایانەی کە هاندانن بۆ چاکە و ڕانواندنی چاکە لە بەردەمیدا، دەگرنە خۆیان، ئنجا ئەو قسەیەی کە مەبەستە باشەکان دەگرێتە خۆی، چوێنراوە بە شتێکی نەرمەوە، شتی نەرم خۆشە ئینسان دەستی لێبدات، دیارە قسەیەکیش کە مەبەستی باشی تێدابن، هاندانی بۆ چاکە تێدا هەبێ و، بە تەعبیرو بێژەی ڕێک و پێک بگوترێ، لە دڵی خەڵک خۆش دێ.

ئنجا بۆچی قسەی نەرمی لەگەڵ بکەن؟

٦)- ﴿ لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ ﴾، بەڵکو بیری بکەوێتەوە، (لعلَّ)، بەڵکو، بۆ (تَرَجِّي)یە ئومێدەواربوون، کە ئومێدەوار بوونەکە بۆ مووسایە، ئەی مووسا! تۆ ئومێدی ئەوەت هەبێ کە بیری بکەوێتەوە.

٧)- ﴿ أَوۡ يَخۡشَىٰ ﴾، یان بترسێ، (تَذَكُّر) (هاتنەوە بیر) ئیشی عەقڵە، (خشية) ترسانیش ئیشی دڵە، واتە: ئێوە کار لەسەر ئەو دوو کۆئەندامەی بکەن، کار لەسەر عەقڵی بکەن، ڕاستییەکانی بکەونەوە بیرو، کار لەسەر دڵی بکەن، کە ترسی خواو سام و هەیبەتی خواو شەرمی خوا بچێتە دڵی، ئنجا ئەگەر یەکێکیان بکەوێتە کار، هەر باشە و هەردووکیان بکەونە کار، هەر زۆر زۆر باشە، ئینسان ئەگەر هەم عەقڵی هۆشیار بێ و، هەم دڵی بێدار بێ، ئەوە زۆر زۆر باشە، وەک مەحوی شاعیر دەڵێ:

سەر کە هۆشێکی نەبێ زڕکە تاڵم بۆ چییە!
دڵ کە جۆشێکی نەبێ شووشەی بەتاڵم بۆ چییە!

سەر دەبێ هۆشی هەبێ و، دڵ دەبێ جۆشی هەبێ، واتە: یان ئەوەتا بە عەقڵ ڕاستییە خواڕسکەکان دەخاتەوە یادی خۆی، کە خوا لەگەڵ سروشتی مرۆڤەکاندا تێکیهەڵشێلاون، وەحییش بۆیە دێ کە ئەو ڕاستییانە بیر مرۆڤەکان بخاتەوە، یاخود لە سزای پەروەردگار بترسێ و ترسی ڕۆژی دوایی هەبێ.

٨)- ﴿ قَالَا رَبَّنَآ إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفۡرُطَ عَلَيۡنَآ ﴾، گوتیان: پەروەردگارمان! ئێمە دەترسێین کە دەستپێشخەریی بکات لەسەرمان، واتە: دەستپێشخەریی سزادان بکات لەسەرمان و، بەر لەوەی پەیامی تۆی پێ بگەیەنین، ئەو پەلە بکات و سزامان بدا.

٩)- ﴿ أَوۡ أَن يَطۡغَىٰ ﴾، یاخود دوای ئەوەی پەیامەکەی تۆی پێ دەگەیەنین، یاخیی بێ و گوێ نەگرێ.

١٠)- ﴿ قَالَ لَا تَخَافَآ ﴾، فەرمووی: مەترسێن، واتە: لە هیچ کام لەم دووانە مەترسێن، نە دەسپێشخەریی دەکات بۆ سزادانتان، خوا ڕێگا نادات، ئەگەرنا فیرعەون دەستەڵاتی هەبووە، هەروەها دوای ئەوەی پەیامی منیشی پێدەگەیەنن، بەرانبەر بە ئێوە ناتوانێ یاخیی بێ، بەو واتایە کە سزاتان بدات، واتە: نە پێش گەیاندنی پەیامەکە، سزاتان دەدات، نە دوای گەیاندنی پەیامەکە توانای بەسەرتاندا دەشکێ، بەڵێ: یاخیی بوون و، توغیانی هەیە بەرانبەر بە خوا، بەڵام بەرانبەر بە ئێوە لە هیچ کام لەم دووانە مەترسێن.

١١)- ﴿ إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ ﴾، بە دڵنیایی من لەگەڵتانم دەبیستم و دەبینم، واتە: هەموو شتێک دەبیستم، قسەی ئێوەش و قسەی ئەویش و، هەموو شتێکیش دەبینم، حاڵی ئێوەش و حاڵی ئەویش.

١٢)- ﴿ فَأۡتِيَاهُ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ ﴾، بچنە لای پێی بڵێن: ئێمە هەردووکمان نێردراوی پەروەردگارتین، ﴿ فَأۡتِيَاهُ ﴾ (أي: حَلاً عِنْدَهُ) بچنە لای.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ ﴾، (رسول) لەسەر کێشی (فعول)ە، بە مانای (مفعول) دێ، هەم پێکەڵپێک (مطابقة)ی تێدا ڕەوایەو، هەم ناپێکەڵپێکیی (غیر مطابقة)شی تێدا ڕەوایە، بۆیە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ ﴾.

بەڵام لە سووڕەتی (الشعراء)دا دەفەرموێ: ﴿ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦ ﴾، ئێمە نێردراوی پەروەردگارتین، چونکە هەردووکیان نێردراون، دەگونجێ

(رسول) پێکەڵپێکە (مطابق) بێتەوە لەگەڵ (إنا)دا، کە بۆ دووانن، دەشکونجێ پێکەڵپێک نەیەتەوە، ئەو دوو حاڵەتە لە صیغەی (فعول)، دروست دەبن و هەردووکیان یەک واتایان هەیە.

١٣)- ﴿ فَأَرْسِلْ مَعَنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبْهُمْ ﴾، وەچەی نیسرائیلمان لەگەڵ بنێرە و چی دیکە ئازاریان مەدە، سۆغرەبێگاریان پێ مەکەو مەیانچەوسێنەوە.

١٤)- ﴿ قَدْ جِئْنَٰكَ بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكَ ﴾، لە پەروەردگارتەوە نیشانەیەکی مەزنمان بۆت هێناوە، کە نیشانە مەزنەکە گۆچانەکەی مووسا عليه السلام بوو، یاخود هەم گۆچانەکەی بووە، هەم دەستی بووەو، هەم کۆی ئەو قسە مەنتیقیی و بەڵگە بەهێزانە بوون، کە لەسەر پەروەردگارێتیی خوا پێیان ڕاگەیاندوون.

١٥)- ﴿ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلْهُدَىٰٓ ﴾، سەلامەتیی و ڕێزگرتنی خوا، لەسەر کەسێک بێ کە بە دوای ڕێنمایی خوا دەکەوێ، کەواتە: لێرەدا وشەی (سلام) مەبەست پێی (سڵاو) کردن نیە، بەڵکو سەلامەتییە، وەک پێغەمبەری خوا ﷺ لەو نامانەدا کە بۆ (هرقل و کِسرا)ی نووسیونی، فەرموویەتی: (أسلِمْ، تَسْلَمْ) مسوڵمان بە، سەلامەت دەبی، لێرەشدا ئەو سەلامە مەبەست پێی سەلامەتییە، سەلامەتییش، یانی: بێ بەڵایی بۆ کەسێکە، شوێن ڕینمایی خوا بکەوێ.

١٦)- ﴿ إِنَّا قَدْ أُوحِيَ إِلَيْنَآ ﴾، ئێمە بە دڵنیایی سروشمان بۆ لا کراوە و، پێمان ڕاگەیەنراوە لەلایەن خواوە، واتە: لە خۆمانەوە قسە ناکەین، لە گیرفانمان قسە دەرناهێنین، بە دڵنیاییەوە چییان بۆ سروش کراوە، ئەوە بە خەڵک ڕادەگەیەنن.

١٧)- ﴿ أَنَّ ٱلْعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴾، سزای خوا بۆ کەسێکە، کە پەیامی خوا بە درۆ دادەنێ و، پشت لە پەیامی خوا دەکات و گوێی پێ نادات، وشەی (عَذاب) کە بە (ال)ی ناساندن ناسێندراوە، ئەمە (جنس)ی سزاو ئازار دەگەیەنێ، واتە: بە ڕەهایی (مطلق)ی سزا لەسەر کەسێکە کە پەیامی خوا بە درۆ دادەنێ و، پشت لە پەیامی خوا دەکات.

مەسەلەی شەشەم:

وتووێـژی نێـوان مووسـا و فیرعـەون، لـە بـارەی خـوای پـەروەردگارەوەو، پرسـیارکردنی فیرعـەون لـە بـارەی گەلانـی پێشـووەوەو وەڵامدانـەوەی مووسـاو، پاشـان پێناسـەکردنی خـوا لـە لایـەن مووسـاوە ﵇، لەمیانـی خسـتنەڕووی بەشـێک لـە چاکەکانیـداو، ئامـاژەکـردن بـە ڕۆژی دوایـی و زیندووکرانـەوە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ (٤٩) قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ (٥٠) قَالَ فَمَا بَالُ ٱلۡقُرُونِ ٱلۡأُولَىٰ (٥١) قَالَ عِلۡمُهَا عِندَ رَبِّي فِي كِتَٰبٖۖ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى (٥٢) ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ مَهۡدٗا وَسَلَكَ لَكُمۡ فِيهَا سُبُلٗا وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّن نَّبَاتٖ شَتَّىٰ (٥٣) كُلُواْ وَٱرۡعَوۡاْ أَنۡعَٰمَكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ (٥٤) ۞ مِنۡهَا خَلَقۡنَٰكُمۡ وَفِيهَا نُعِيدُكُمۡ وَمِنۡهَا نُخۡرِجُكُمۡ تَارَةً أُخۡرَىٰ (٥٥) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ﴾، فیرعەون گوتی: ئنجا پەروەردگارتان کێیە ئەی مووسا؟ پەروەردگاری هەردووکتان کێیە ئەی مووسا؟ واتە: هی تۆ و هاڕوون، بۆیە فیرعەون دەڵێ: پەروەردگاری هەردووکتان، چونکە خۆی بە پەروەردگار زانیوە، واتە: ئەگەر من بە پەروەردگاری خۆتان نەزانن، تەنیا ئێوە ئەو دووەتان، چونکە خەڵکی میسڕ هەمووی من بە پەروەردگاری خۆی دەزانێ، ئەدی ئایا ئەو پەوەردگارەی ئێوە ئەگەر من نەبم، کێیە ئەی مووسا؟ لە سووڕەتی (الشعراء)دا هاتوە: ﴿ قَالَ فِرۡعَوۡنُ وَمَا رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (٢٣) ﴾، واتە: پەروەردگاری جیهانییان کێیە؟ لەبەر ئەوەی مووسا ﵇ لە ئەصڵدا ئەو ڕەوانەکراوی خوا بووە بۆ لای فیرعەون، بەڵام لەسەر داوای ئەو، هاڕوونیش ﵇، بۆتە هاوەڵی لە ئەرکی پێغەمبەرایەتیی و، لە گەیاندنی ئەو پەیامەی خوای پەروەردگاردا، بۆیە کە هەردووکیان ناو دێنێ، لەبەر ئەوەیە کە پێکەوە بوون، کە یەکێکیان ناو دێنێ کە مووسایە ﵇، لەبەر ئەوەیە کە لە ئەصڵدا هەڵگری پەیامەکەی خوا مووسا بووە.

ئنجا ئەگەر یەکێک بڵێ: ئنجا ئایا فیرعەون گوتوویەتی: پەروەردگاری هەردووکتان کێیە؟ یان گوتوویەتی: پەروەردگاری جیهانییان کێیە؟

وەڵامەکەی هەر ئەوەیە: کە ئەو وتووێژەی بەینی فیرعەن و مووسا و هاڕوون، بێگومان تەنیا دوو قسە نەبووە، جارێکیان گوتوویەتی: پەروەردگاری تۆ کێیە؟ جارێکیان گوتوویەتی: پەروەردگاری هەردووکتان کێیە؟ جارێکیان ڕەنگە گوتبێتی: پەروەردگاری ئێوە هەردووکتان و بەنی ئیسڕائیل کە تۆ دەڵێی: من نوێنەری ئەوم بۆ ئەوەی دەربازیان کەم لە چەنگی تۆ، کێیە؟ جارێکیشیان گوتوویەتی: پەروەردگاری جیهانییان کێیە؟.

لێرەدا جێی سەرنج ئەوەیە کە فیرعەون ناڵێ: (فَمَنْ رَبُّنَا؟)، پەروەردگارمان کێیە؟ یان ناڵێ: (فَمَنْ رَبِّي)، پەروەردگارم کێیە؟ لەبەر ئەوەی خۆی بە پەروەردگار زانیوە، پەروەردگار واتە: خاوەن، سەروەر، گەورە، کەسێک کە دەبێ ملکەچیی بۆ بکرێ.

٢)- ﴿ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴾، مووسا عليه السلام زۆر بە شێوەیەکی کورت، پێناسەی خوای پەروەردگار دەکات، دەڵێ: پەروەردگارمان ئەو کەسەیە کە بوونی بە هەموو شتێک داوە، دوایی ڕێنماییشی کردوە، (الخَلْقُ: مَصْدَرٌ بِمَعْنَى الإِيْجَاد)، (خَلْق)، چاوگە بە مانای پەیداکردن، دەشگونجێ وشەی (خَلْق)، مەبەست پێی ئەو شێوە و هەڵکەوتە تایبەتەی خۆی بێ، هی هەر شتێک، واتە: هەموو شتێکی وێنە کێشاوە، هەموو شتێکی لە دنیای واقیعدا بەرجەستە کردوە.

﴿ ثُمَّ هَدَىٰ ﴾، دوایی ڕێنماییشی کردوە، (ثُمَّ: لِلتَّرْتِيْب الرُّتْبِي وَالزَّمَنِي)، دیارە هەر شتێک کە پەیدا دەکرێ، دوایی ڕێنمایی دەکرێ، بەو واتایە کە دەخرێتە سەر سکەی بەردەوامبوون.

وەڵامەکەی مووسا و دوو بەڵگەی نکووڵیلێنەکراو لەسەر بوونی خوا:

ئەم وەڵامەی مووسا ﷺ وەک من لە کتێبەکانی خۆمدا بە تایبەت لە کتێبی دووەمی: (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی دا) بە تەفصیل باسم کردوە، هەروەها لەو مەوسووعەیەی کە لە سجنی ئەمریکادا نووسیم: (**الإسلام كما يتجلى في كتاب الله**)، لە کتێبی یەکەم، لە چاپی دووەمی دا، باسم کردوە کە ئەم وەڵامەی مووسا دوو بەڵگە دەگرێتە نێو خۆی:

یەک: ئەو بەڵگەیەی دەڵێ: هەموو پەیدا بووێک، پەیداکەرێکی هەیە، کە پێی دەگوترێ: (یاسای هۆکاریی) (**قَانُون السَّبَبِيّة**)، کە دەفەرموێ: ﴿ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ﴾، پەروەردگاری ئێمە ئەو کەسەیە بوونی بە هەموو شتێک داوە، واتە: هەر شتێک کە پەیدا بوویە، پەیداکەرێکی دەوێ، (**لِكُلِ حَادِثٍ مُحْدِث**)، (**وَلِكُلِ مَخْلُوقٍ خَالِق**)، هەموو پەیدابووێک، هەموو دروستکراوێک دەبێ بەدیهێنەرو پەیدا کەرێکی هەبێ.

ئنجا ئەو هەموو شتانە کە ئێمە لە گەردووندا دەیانبینین، هەموویان پەیدابوون، هەموویان دروستکراون و، پەروەردگاری من ئەو زاتەیە کە هەموو ئەو شتانەی هێناونە دی.

دوو: ئەو بەڵگەیەی دەڵێ: هەموو ڕێکخراوێک ڕێکخەرێکی هەیە، (**لِكُلِ مُنَظَّمٍ مُنَظِّمْ**)، هەموو ڕێکخراوێک ڕێکخەرێکی هەیە، ئەم بوونەوەرو ئەم گەردوونە، هەموو شتەکانی ڕێکخراون، هەموویان لە شوێنی خۆیاندان، هەمووی بە سیستمێکی زۆر ورد دروستکراوە، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِىٓ أَحۡسَنَ كُلَّ شَىۡءٍ خَلَقَهُۥ ۝٧ ﴾السجدة، ئەو زاتەی کە هەر شتێکی دروستکردوە، زۆر چاکی دروستکردوە، یان وەک دەفەرموێ: ﴿ صُنۡعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ أَتۡقَنَ كُلَّ شَىۡءٍ ۝٨٨ ﴾النمل، واتە: ئەوە دروستکراوی ئەو کەسەیە، کە هەموو شتێکی زۆر بە وردەکاریی دروستکردوە، ئنجا ئەو سیستم و ڕێک و پێکیی و یاسادارییە، لە شتەکاندا، ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ یاسادانەرێک و، ڕێکخەرێکیان لە پشتەوە هەبێ.

کەواتە: لە یەک کاتدا، ئەم ڕستەیەی کە مووسا عليه السلام لە وەڵامی فیرعەوندا گوتوویەتی: هەر کام لەو دوو بەڵگەیە دەگرێتەوە، کە ئێمە ئەو دوو بەڵگەیەمان لە کتێبەکانی خۆماندا:

١- (خواناسیی، ئایین، ئیمان)، ٢- (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)، ٣- (ڕوونکردنەوەی عەقیدەی طهحاویی)، ٤- هەروەها لە مەوسووعەی: **(الإسلام كما يتجلى في كتاب الله)**، بە تایبەت لە کتێبی یەکەم و کتێبی سێیەمدا بە تەفصیل باسی ئەو دوو بەڵگەیەمان کردوە، کە بەهێزترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی بوونی خوا ﷻ بۆ کەسانێک کە بە خوا ئاشنا نین، یان نکووڵیی لێ دەکەن، ئەگەرنا بوونی خوا پێویستیی بە سەلماندن ناکات، بەڵکو وەک عاریف و خواناسەکان دەڵێن: ئەوە شتەکانن دەبێ بەڵگەمان هەبێ لەسەر ئەوە کە هەن، ئەگەرنا بوونی خوا ﷻ لە خوارسکی مرۆڤدا، لە سروشتی مرۆڤدا، شتێکی ڕیشەدارەو لە ڕاستییدا بەبێ خوا ﷻ تەصەووڕ نەدەکرا هیچ شتێک هەبێ، چونک هیچ شتێک بوونەکەی زاتیی نیە، جگە لە خوا ﷻ⁽¹⁾.

ئنجا ئێمە لەو کتێبانەدا، کە ئاماژەمان پێدان، وەڵامی ئەو پرسیارو ئیشکالەشمان داوەتەوە کە دەڵێ: ئەگەر هەموو شتێک خوا پەیدای کردوە، ئەدی کێ خوای پەیدا کردوە؟ جگە لەو سەرچاوانەی کە ئاماژەمان پێدان، ئامیلکەیەکیشم لەو مانگانەی ڕابردوودا چاپکرا بە ناوی: (ژیان لە سایەی ئیمان و ڕەواندنەوەی گومانەکان) لەوێشدا یەکێک لەو ئیشکالانەی کە وەڵام دراونەوە، ئەوەیە کە لە ڕاستییدا هەموو پەیدا بووێک پێویستیی بە پەیدا کەرێک هەیە، نەک هەموو هەبووێک، بەڵێ خوا هەبوویە، بەڵام هەر بوودو بوونەکەی سەرەتای نیە، بەڵام شتانێک کە پەیداکراون، پێویستییان بە پەیداکەر هەیە، شتانێک کە دروستکراون، پێویستیان بە دروستکەر هەیە، بەڵام زاتێک کە دروست نەکرابێ و، نەبوون (عدم) پێش بوونی نەکەوتبێ، حەوجێی بە پەیداکەرو دروستکەر نیە.

---

(١) لە مەوسووعەی: (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد لەبەر تیشکی زگماک و عەقڵ و زانست و وەحیی دا) بە تێروتەسەلیی لەو بارەوە دواوین.

با وێنەیەکی ماتماتیکیی، ژمێرەیی، بێنینەوە: ژمارەی هەزار (١٠٠٠) سێ سفرەکە، ژمارە یەک (١)یان لە پشتەوە بێ، دەبێتە هەزار و دەتوانین سفرەکان زیاد بکەین، نرخە ژمێرەییەکەی زیاد دەکات، ئەگەر سفرێکی دیکە دابنێین، دەبێتە دە هەزار، ئەگەر دوو سفر دابنێین دەبێتە سەد هەزار، سێ سفری دیکە دابنێین، دەبێتە ملیۆنێک، ئنجا ئەگەر لە سفری یەکەم بپرسی: ئەو نرخەت لە کوێوە هێناوە؟ کە هی خۆی نیە، دەڵێ: لەوەی دوای خۆم بپرسە، هەروەها تاکو دەگاتە سەر یەکەکە، لە یەکەکە بپرسی: ئەو نرخەت لە کوێوەو هێناوە؟ دەڵێ: هی خۆمە، بە بەڵگەی ئەوە کە سفرەکان لابەری، یەک(١)ەکە هەر یەکە، هەروەها بە بەڵگەی ئەوەش سفرەکان بوونەکەیان زاتیی نیە و خوازراوە، یەکەکە لابەرە، سفرەکان ئەگەر نەک سێ سفرو شەش سفر، هەزار سفریش بێ، هەزاران سفر بێ، هەر سفرن، هیچ نرخێک و بایەخێکیان نیە، بەڵام یەکەکە لە زاتیی خۆیدا نرخی هەیەو، هەر سفرێک لە پێشیشی دابنرێ، نرخ بەوانیش دەدا، خواش ﷻ بوونەکەی زاتییە، لە خۆیەوەیەو لە هیچ شوێنێکەوە وەری نەگرتوە، هەر بۆیەش دەتوانێ بوون بە غەیری خۆی ببەخشێ.

هەڵبەتە ئەوە بۆ نیزیک خستنەوەیە لە عەقڵی مرۆڤ، ئەگەرنا شەئنی خوا، پایەی خوا، زۆر لەوە بەرزترە کە بەو شێوەیە وێنا بکرێ.

٣)- ﴿ قَالَ فَمَا بَالُ ٱلْقُرُونِ ٱلْأُولَىٰ ﴾، لە بەرامبەر ئەم وەڵامە ددان شکێنەی مووسادا ﵇ فیرعەون دەیەوێ بەملا و لادا بڕوات، باسەکە دەگۆڕێ، دەڵێ: ﴿ قَالَ فَمَا بَالُ ٱلْقُرُونِ ٱلْأُولَىٰ ﴾، ئەدی حاڵی سەدە پێشووەکان چۆنە؟ مووساش ﵇ زۆر بە کورتیی وەڵام دەداتەوە وەك دوایی دێ.

وشەی (بال)، پێویستە ئەوەش بلێین: کە وشەی (بال)، بۆ عەقڵیش بەکاردێ، دەڵێ: **(مَا خَطَرَ بِبَالِي كَذَا)**، ئەو شتەم بە زەیندا نەهات.

بەڵام لێرەدا بە تەئکید وشەی (بال) واتە: حاڵێکی گرنگ، یانی بەسەرهات و سەرگوزوشتەیان، یاخود سەرەنجامیان چۆن بوو؟

ڕوونکەرەوانی مەبەستەکانی قورئان لێرەدا هەندێکیان گوتوویانە: فیرعەون مەبەستی بووە کە باسەکە بگۆڕێ، لەبەر ئەوەی لەوێدا شکستی هێناوە، لە بەردەم ئەو وەڵامە ددان شکێنەی مووسادا ﵇، کە دوو بەڵگەی هێناونەوە، هەردووکیان بەڵگە نەویستی عەقڵیین:

١- پەیدابوو پەیداکەری دەوێ.

٢- ڕێکخراو (مُنَظَّم)، ڕێکخەری دەوێ.

هەر کەسێک ڕێز لە عەقڵی خۆی بگرێ، نکووڵیی لە بەردەم ئەو دوو یاسا بەڵگە نەویستە عەقڵییەدا ناکات، هەندێکیشیان گوتوویانە: نا، بەڵکو مەبەستی فیرعەون ئەوە بووە کە باشە تۆ بۆ لای ئێمە هاتووی، ئەدی ئەو گەل و نەتەوانەی، ئەو کۆمەڵگایانەی لە پێش ئێمەدا ڕابردوون، ئەوان حاڵ و بەسەرهاتیان چۆنە؟ خۆ پێغەمبەریان بۆ نەچوون، وا دیارە فیرعەون نکووڵیی کردوە لەوە کە لە پێش مووسادا پێغەمبەرانی دیکە ڕابردبن، بۆیە مووسا ﵇ لەگەڵی ناچێتە نێو ئەو باسەوە، کە ئەو دەیەوێ بیوروژێنێ و، مووسا بە لاڕێدا بەرێ، بەڵکو هەر بە کورتیی دەڵێ: زانیاریی ئەو کۆمەڵگا پێشووانە کە لە سەدە پێشووەکاندا هاتوون، لە لای پەروەردگارمە، لە نووسینێکدا، واتە: وەک چۆن شتێک دەنووسرێ، زایە نابێ و لە بیر ناچێ و نافەوتێ، زانیاریی خواش ﷻ بەو شێوەیە، هەڵبەتە ئەوەش لەگەڵ ئەوەدا تێک ناگیرێ کە خوا ﷻ هەموو زانراوەکانی خۆی نووسیبێ، بە شێوەیەک کە بۆ خوا شایستەیە، کە ئەوەش لە قورئاندا بەم ناوانە هاتوە:

١- ﴿وَكُلَّ شَيۡءٍ أَحۡصَيۡنَٰهُ فِيٓ إِمَامٖ مُّبِينٖ ١٢﴾يس.

٢- ﴿كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ٥٩﴾الأنعام.

٣- ﴿فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ ٢٢﴾البروج.

بە چەند شێوەیەک تەعبیری لێکراوە، کە دەگونجێ مەبەست پێی زانیاریی ڕەها و بێسنووری خوا بێ، دەشگونجێ خوا ﷻ ئەو زانیارییەی خۆی دەربارەی دروستکراوەکانی، لە شتێکدا کە پێی دەگوترێ: (لَوۡحٍ مَّحۡفُوظٍۭ)، یان (إِمَامٍ مُّبِينٍ)، یان (كِتَٰبٍ مُّبِينٍ)، تۆمار کردبێ، یاخود ئەوە وێناکردنە بۆ عەقڵی ئێمە، کە ئێمە ئەگەر شتێک لە کتێبکدا نووسیبمان و تۆمارمان کردبێ، لە بیرمان ناچێ.

٤)- ﴿قَالَ عِلۡمُهَا عِندَ رَبِّي فِي كِتَٰبٖۖ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى﴾، (مووسا) گوتی: زانیاریی سەدە پێشووەکان واتە: ئەو ئەتەوانەی، ئەو کۆمەڵگایانەی لە سەدە پێشووەکاندا ژیاون، لە لای پەروەردگارمە، لە نووسینێکدا کە پەروەردگارم نە لێی ون دەبێ، نە لە بیری دەچێ، یان پەروەردگارم نە بە هەڵەدا دەچێ و، نە لە یادی دەچێ.

﴿لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى﴾، وشەی (ضَلَّ) یانی: ون بوو، پەروەردگارم ون نابێ، کە لێرەدا مەبەست پێی هەڵەیە، یانی: بە هەڵەدا ناچێ، (ضَلَّ الطَّرِيْقَ)، ڕێگاکەی ون کرد، ﴿لَّا يَضِلُّ رَبِّي﴾، واتە: پەروەردگارم زانیارییەکەی لێ ون نابێ، بە هەڵەدا ناچێ، ﴿وَلَا يَنسَى﴾، لە بیریشی ناچێ، (النِسْيَانُ: عَدَمُ تَذَكُّرِ العِلْمِ)، (نسیان) ئەوەیە ئینسان شتێک بیزانێ و لە بیری بچێ.

٥)- ﴿ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ مَهۡدٗا﴾، ئەو زاتەی کە زەمینی بۆ کردوون بە ڕاخراو، خوێنراویشەتەوە: (مِهَادًا)، (الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ مِهَادًا)، هەروەک ئەو وشەیەی لە قورئاندا هاتوە، لە جێی دیکە، (مَهْدًا ومِهَادًا: أي مُمَهَّدَةٌ مُسَهَّلَةٌ لِلْمُسْيرِ وَالْجُلُوسِ وَسَائِرِ التَّصَرُّفَاتِ)، واتە: ئامادەکراو و تەخت و لەبار کراوو، ئاسانکراو، بۆ پێدا ڕۆیشتن و لەسەر دانیشتن و هەڵسوکەوتەکانی دیکە.

ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی (یونس)دا باسێکمان دەربارەی گەردوون بە گشتیی و، باسێکمان دەربارەی خۆرو، یەکێک دەربارەی زەوی و، یەکێک دەربارەی مانگ، کردووەو، هەر کەسێک بزانێ ئەم زەوییەی ئێمە چەند جۆرە جووڵەی هەن، ئنجا قەدری ئەوە دەزانێ کە ئەم زەوییەی ئێمە لە بنمان دا ئارامەو

جووڵە جووڵی نیە، ئەو شتانەی کە لەسەرینی ئەزیەتیان نادات، چەند گرنگ و گەورەیە! چونکە ئەو زەوییەی ئێمە:

١- بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوەو، لە خولەکێکدا سی (٣٠) کیلۆمەتر دەبڕێ.

٢- بە دەوری خۆردا دەخولێتەوەو لە چرکەیەکدا سی (٣٠) کیلۆمەتر دەبڕێ.

٣- هەروەها لەگەڵ خۆردا بە دەوری داڵی ڕاوەستاودا دەخولێتەوە.

٤- لەگەڵ داڵی ڕاوەستاودا بە دەوری چەقی کەهکەشان دا دەخولێتەوە.

٥- لەگەڵ کەشکەشاندا خولانەوەیەکی دیکەی هەیە.

٦- لەگەڵ گەلە کەهکەشاندا کە کەهکەشانی ئێمە یەکێکیانە، دیسان سووڕانەوەیەکی دیکەی هەیە، یانی: ئەم زەوییەی ئێمە بە لای کەمەوە، پێنج شەش جۆرە سووڕانەوەی هەن، ئەوەندەی کە بۆ ئێمە دەرکەوتوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک ڕایەخێک، وەک شتێکی تەخت و لەبار کە ئێمە هەستی پێناکەین، ڕاخراوەو نامانکەوێنێ، دیارە زەوی زۆر گەورەیە، بۆیە تەخت دێتە بەرچاو، ئەگەرنا بۆ کەسێک لە دەریادا بڕوات، بە ئاشکرا دیارە کە زەوی خڕو هێلکەیی دەرکەوتوە، چونکە لە دەریادا، لە دوورەوە تەماشا دەکەی، کەشتییەک کە دێ، تەنیا گلۆفک و لووتکەی کەشتییەکە دیارە، دوایی وردە وردە هەمووی دەردەکەوێ، هەروەها ئەوە کە شەوو ڕۆژیش بەسەر زەویدا دابەش دەبن، ئێستا کە لێرە ڕۆژە، لە ئەمریکا شەوە، لە ئوستڕالیا شەوە، خڕێتیی زەوی، ئێستا بۆتە شتێکی ئاشکرا و بەڵگە نەویست.

٦)- ﴿وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا﴾، هەروەها (پەروەردگارمان ئەو کەسەیە) کە لە نێو زەوییدا ڕێی بۆ داناون، ڕێی بۆ خستوونە نێو زەوییەوە، ﴿وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا﴾، (أي: جَعَلَهَا سُبُلاً سَالِكَةً فِي الأَرْضِ، أي: دَاخِلَةً فِيهَا مُتَخَلِّلَةً سَوَاءٌ كَانَتْ خَلْقِيَّةً أو صُنعِيَّةً)، ڕێی بۆ لە زەویدا داناون، ڕێی بۆ خستوونە نێو زەوی، چونکە (سَلَكَهُ)، یانی: (أَدْخَلَهُ)، هەروەک (أَسْلَكَه)، یانی: خستیە نێوی، ئنجا ئەوە کە خوا دەفەرموێ: ڕێی بۆ خستوونە نێو زەوی، واتە: وایکردوە کە ئەم سەرزەمینە ڕێی تێدا هەبن، دابڕاویی تێدا هەبن و،

شوێنی وای تێدا هەبن، بتوانن پێیدا بڕۆن، چ خەلقیی بن و خوا ﷻ هێنابنە دی، وەک کەلێنی ئەو چیایانەی کە بەهۆی ڕووبارەکانەوە کەلێنیان تێکەوتوە، چ مرۆڤەکان بۆ خۆیان ئەو ڕێیانەیان دروست کردبن، گرنگ ئەوەیە خوا زەوی وا هەڵخستوە کە بتوانن ڕێیانی تێدا دابنێن.

٧)- ﴿ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً ﴾، لە سەرێوەش ئاوی بۆ دابەزاندوونە خوار، وەک زۆر جاری دیکە گوتوومانە: بۆیە خوا وشەی ئاو (مَآءً)، بەکاردێنێ، چونکە ئەوەی لە ئاسمان دێتە خوار، یان بارانە، یان بەفرە، یان تەرزەیە، یاخود شەونم و ئاونگە و، هەڵمە، کە وشەی (مَآءً)، هەموویان دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر هەر کامێکی دیکەیانی فەرمووبایە، هەر ئەوی دەگرتەوە، وشەی (ٱلسَّمَآءِ)یش یانی: سەرەوە، (مِنَ ٱلسَّمَآءِ)، یانی: (مِنَ الفَوْق)، (مِنَ الأَعْلَى)، یەکێ لە ماناکانی (ٱلسَّمَآءِ)، بریتیە لە سەرێ، بەڵکو مانا ئەصڵییەکەی ئەوەیە، ئنجا دوایی ئەو وشەیە دەخوازرێتەوە بۆ شتی دیکەش، وەک سەربان، وەک هەورێک لە سەرووەوەیەو، هەروەها وەک ئەو ئاسمانانەی کە خوا ﷻ حەوت ئاسمانی لە سەر یەک دروستکردوون.

٨)- ﴿ فَأَخْرَجْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّن نَّبَاتٍ شَتَّىٰ ﴾، بەو ئاوەی کە لە سەرەوە دایدەبەزێنین، چەندان جووتێ لە ڕووەکی جۆراوجۆریان دەرهێناون، ئنجا خوا ﷻ شێوازی قسەکان دەگۆڕێ و، قسەکانی پاڵ داوەتە لای خۆی، واتە: پێشێ مووسا ﵇ قسە دەکات، یان خوا ﷻ بە شێوەی نادیار (غائب)، بەڵام دوایی بە شێوەی دواندن (خطاب)و شێوەکەی دەگۆڕێ، ئەوەش یەکێکە لە ڕووەکانی ڕەوانبێژیی، بۆ ئەوەی کەسێک قورئان دەخوێنێتەوەو، ئەو کەسەی کە گوێی لێیە، ڕابچڵەکێ، جارێ بە شێوەی نادیار، جارێک بە شێوەی دواندن، جارێک بە شێوەی قسە بێژ (متكلّم)، جارێک بە شێوەی کۆ، جارێک بە شێوەی تاک.

بۆیە دەفەرمووێ: ﴿ فَأَخْرَجْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا ﴾، بەو ئاوە کە دامانبەزاندوە لە سەرێوە، چەند جووتێکمان پێ دەرهێناون، ﴿ مِّن نَّبَاتٍ شَتَّىٰ ﴾، لە ڕووەکە جۆراو

جۆرەکان، (نَبَات: مَصْدَرٌ سُمِّيَ بِهِ النَابِتُ، وشَتَّى: جَمْعُ شَتِيْت، وَهُوَ المُشَتَّتُ أي: المُبْعَد)، وشەی (نَبَات)، چاوگە، ئەوەی کە دەڕوێ، کراوە بە ناو بۆ ڕواو، (نَابِت)، یانی: ڕووەک، ئەگەرنا وشەی: (نَبَاتٍ)، یانی: ڕواو، ﴿وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ نَبَاتٗا ١٧﴾نوح، (نَبَاتاً)، یانی: ڕواو، وشەی (شَتَّى)ش، کۆی (شَتِيْت)ە، (شَتِيْت)، یانی: (مشَتَّت)، واتە: دوورخراوە، یاخود لێکپچڕاو، لێکدابڕاو، ﴿مِّن نَّبَاتٖ شَتَّىٰ﴾، واتە: لە ڕووەکی جۆراو جۆر، بۆیەش وشەی (زَوْج)، بە کاردێنێ، چونکە ئێستا لە ڕووی زانستی ڕووەکناسییەوە، سەلمێندراوە، کە هەرچی دەڕوێ، هەڵبەتە ماددەی بێ ژیانیش، بەڵام ڕووەک هەرچی کە دەڕوێ، هەمووی جووتە، ئنجا هەیە جووتەکەی لە دەرەوەی خۆیەتی، نێر بە جیا و مێ بە جیا، وەک دارخورماو ژمارەیەک لە درەختەکان و گوڵەکان، هەشە لە نێو خۆیدایە، نێرە و مێیەکە، وەک لە تەفسیری سووڕەتی (الرعد)دا، لەو بارەوە ڕوونکردنەوەی زیاترمان داوە.

٩)- ﴿كُلُواْ وَٱرۡعَوۡاْ أَنۡعَٰمَكُمۡ﴾، خۆشتان بخۆن، واتە: لە بەرو بووم و بەرهەمی ئەو ڕووەکە جۆراو جۆرە، ﴿وَٱرۡعَوۡاْ أَنۡعَٰمَكُمۡ﴾، ئاژەڵەکانیشتان بلەوەڕێنن، یانی: خۆتان لێی بخۆن و، ئاژەڵەکانیشتانی تێدا بلەوەڕێنن، هەڵبەتە وشەی (أنْعَام)، کە کۆی (نَعَمَ)ە، ئەمیش چوار جۆر ئاژەڵ دەگرێتەوە، وەک لە تەفسیری سووڕەتی (الأنعام)دا بە تەفصیل باسمان کردوە: حوشترو ڕەشە وڵاخ و مەڕو بزن، گامێشیش هەر دەچێتەوە نێو ڕەشە وڵاخ.

١٠)- ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ﴾، بە ڕاستیی لەوەدا کە باسکرا، نیشانە هەن بۆ خاوەن عەقڵان، (أولي)، یانی: (أصحاب)، ئەوە کۆیە، تاکەکەی لە بێژەی خۆی نیە، بەڵکو تاکەکەی (ذُو)، یان (ذَاتْ)، یانی: خاوەن، بەڵام کە دەکرێتە کۆ دەبێتە: (أولي)، (ٱلنُّهَىٰ) کۆی (نُهْيَةَ)یە، (نُهْيَةَ)، واتە: عەقڵ، لەبەر ئەوەی خاوەنەکەی قەدەغە دەکات، لە شتی خراپ.

خوا دەفەرموێ: لەوێدا نیشانە هەن بۆ خاوەن عەقڵان، لەوەدا کە باسکرا، واتە: خاوەن عەقڵان، ئەگەر عەقڵی خۆیان بەکار بێنن، لەو شتانەدا نیشانە و

بەڵگەیان هەن، لەسەر ئەوەی ئەم گەردوونە بێ خاوەن نیە، ئەم مرۆڤە لەسەر ئەم زەوییە لە خۆوە پەیدا نەبووەو، خاوەنێکی هەیە، مشوورخۆرێکی هەیەو لێی دەپرسێتەوەو سزا و پاداشتی بە پێی کردەوەکانی، بۆ داناوە.

١١)- ﴿ مِنۡهَا خَلَقۡنَٰكُمۡ ﴾، لەوێدا واتە: لەم زەوییەدا ئێوەمان هێناوەتە دی، لەبەر ئەوەی جەستەی ئێمە، هەموو پێکهاتەکانی دەگەڕێنەوە بۆ توخمەکانی زەوی، ئەو ماددانەی کە لە زەوییدا هەن، هەر ئەوانەشن کە جەستەی مرۆڤ پێک دێنن، ئەوە لە ڕووە جەستەکەیەوە، ئەمما ڕووحەکە، دروستکراوێکی تایبەتی خوایە، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي ﴿٢٩﴾ ﴾الحجر، ڕووح پەیوەندیی بە زەوییەوە نیە، پەیوەندیی بە خاکەوە نیە، بەڵکو شتێکی سەروو ماددییەو دروستکراوێکی تایبەتە، واتە: خوای پەروەردگار بە تایبەت دروستی کردوەو بە بەر جەستەی مرۆڤیدا کردوە، هەر بۆیەش کاتێک جەستە دەخرێتە نێو خاک و دەبێتەوە بە خاک، ڕووح دەچێتە شوێنێکی دیکە، لە جیهانی بەرزەخدا، لە ناز و نیعمەتدا دەبێ، یاخود لە ئازارو مەینەتییدا دەبێت، تاکو ڕۆژی قیامەت.

١٢)- ﴿ وَفِيهَا نُعِيدُكُمۡ ﴾، دەشتانگێڕینەوە بۆ نێو زەوی، واتە: کاتێک کە دەمرن جەستەکەتان دەخرێتەوە نێو خاک، یان دەبێتەوە بە خاک.

١٣)- ﴿ وَمِنۡهَا نُخۡرِجُكُمۡ تَارَةً أُخۡرَىٰ ﴾، جارێکی دیکەش هەر لەوێ دەرتان دێنینەوە، لەوێ دەرتان دێنینەوە، واتە: ئەو جەستەیەتان کە بە زەوییدا بڵاودەبێتەوەو تێکەڵ بە زەوی دەبێتەوە، خوا ﷻ لە ڕۆژی زیندوو بوونەوەو ڕۆژی هەڵسانەوەدا، ئەو جەستەیە دروست دەکاتەوە و ئەو ڕووحەی بە بەردا دەکاتەوە.

هەڵبەتە ئەمە ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە شاردنەوەی مردووان، ناشتنی مردووان لە زەوییدا، هەر ئەوە ڕێی ڕاستەو شێوەی ڕاستی شاردنەوەی مردووانە، چونکە ئەوەی کە مسوڵمان بێت، بەو شێوەیە مردووەکان بە خاک دەسپێرن و دەیاننێژن، لە ژێر زەوییدا دەیانشارنەوە، بە ڕێزو حورمەتەوە، بەڵام

هەندێک لە گەلانی دیکە هەن، بۆ وێنە: خەڵکێک لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە هیندۆسییەکان و لە بووذاییەکان، مردووەکانی خۆیان دەسووتێنن، بەڵام حاڵەتی سروشتیی و حاڵەتێک کە لەگەڵ ڕێز و حورمەتی مرۆڤدا بگونجێ، هەر ئەوەیە کە خوا ئامـاژەی پێکردوەو شەریعەتی ئیسلامیش تەبەننیی کردوە.

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان بیست و یەک ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٥٦ - ٧٦) لەو بیست و یەک ئایەتەدا، باسی ڕووبەڕوو بوونەوەی فیرعەون و جادووگەرەکانی لە لایەک، لەگەڵ مووسا و هاڕوونی برایدا، لە لایەکی دیکەوە، کراوە، کە سەرەنجام فیرعەون و جادووگەرەکانی تێدەشکێن و، گۆچانەکەی مووسا ﷺ دەبێتە مارێکی گەورە، کە لە کوردەواریی دا بە ماری گەورە دەڵێن: حەزیا، یان ئەژدیهاو سەرجەم ئەو گۆچان و پەت و گوریسانەی جادووگەرەکان، لەبەرچاوی خەڵک کردوویانن بە مار، هەڵدەلووشێ و، فیرعەونیش بۆ چەواشە کردنی خەڵکەکە جادووگەرەکانی خۆی بەوە تۆمەتبار دەکات، کە ئێوە هەمووتان شاگردی مووسان، مووسا مامۆستاتانە، ئەو فێری جادووی کردوون، بۆیە بەشێک لە جادووەکەی لەلای خۆی هێشتۆتەوە، فێری ئێوەی نەکردوە، بۆیە لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی یەکدیدا، جادووی وی بەسەرتاندا زاڵ بووە، چونکە دیارە مامۆستا دەتوانێ هێندێک لە زانستەکەی فێری شاگردو قوتابییەکەی نەکات.

پاشان هەڕەشەی دەستی ڕاست و چەپ بڕین و، هەڵواسینیش لە جادووگەرەکان دەکات، ئەوانیش بێباکیی و، بێ منەتیی خۆیان بەرانبەری دەردەبڕن و بێ منەتی دەکەن.

پاشان لە سێ ئایەتی کۆتایی دا، باسی سەرەنجامی شوومی تاوانباران و، ئاکام خێریی بڕوادارانی کردار باش کراوە.

﴿ وَلَقَدْ أَرَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا كُلَّهَا فَكَذَّبَ وَأَبَىٰ ﴿٥٦﴾ قَالَ أَجِئْتَنَا لِتُخْرِجَنَا مِنْ أَرْضِنَا بِسِحْرِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٥٧﴾ فَلَنَأْتِيَنَّكَ بِسِحْرٍ مِّثْلِهِۦ فَٱجْعَلْ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ مَوْعِدًا لَّا نُخْلِفُهُۥ نَحْنُ وَلَآ

أَنتَ مَكَانًا سُوًى ﴿٥٨﴾ قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ ٱلزِّينَةِ وَأَن يُحْشَرَ ٱلنَّاسُ ضُحًى ﴿٥٩﴾ فَتَوَلَّىٰ
فِرْعَوْنُ فَجَمَعَ كَيْدَهُۥ ثُمَّ أَتَىٰ ﴿٦٠﴾ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰ وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا
فَيُسْحِتَكُم بِعَذَابٍ ۖ وَقَدْ خَابَ مَنِ ٱفْتَرَىٰ ﴿٦١﴾ فَتَنَٰزَعُوٓا۟ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّجْوَىٰ ﴿٦٢﴾
قَالُوٓا۟ إِنْ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ يُرِيدَانِ أَن يُخْرِجَاكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِمَا وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ
ٱلْمُثْلَىٰ ﴿٦٣﴾ فَأَجْمِعُوا۟ كَيْدَكُمْ ثُمَّ ٱئْتُوا۟ صَفًّا ۚ وَقَدْ أَفْلَحَ ٱلْيَوْمَ مَنِ ٱسْتَعْلَىٰ ﴿٦٤﴾ قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ
إِمَّآ أَن تُلْقِىَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَىٰ ﴿٦٥﴾ قَالَ بَلْ أَلْقُوا۟ ۖ فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن
سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَىٰ ﴿٦٦﴾ فَأَوْجَسَ فِى نَفْسِهِۦ خِيفَةً مُّوسَىٰ ﴿٦٧﴾ قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٦٨﴾
وَأَلْقِ مَا فِى يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوٓا۟ ۖ إِنَّمَا صَنَعُوا۟ كَيْدُ سَٰحِرٍ ۖ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ﴿٦٩﴾ فَأُلْقِىَ
ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدًا قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ ﴿٧٠﴾ قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ ۖ إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ
ٱلَّذِى عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ ۖ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِى جُذُوعِ ٱلنَّخْلِ
وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَىٰ ﴿٧١﴾ قَالُوا۟ لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِى فَطَرَنَا ۖ
فَٱقْضِ مَآ أَنتَ قَاضٍ ۖ إِنَّمَا تَقْضِى هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَآ ﴿٧٢﴾ إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَٰيَٰنَا وَمَآ
أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ ٱلسِّحْرِ ۗ وَٱللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴿٧٣﴾ إِنَّهُۥ مَن يَأْتِ رَبَّهُۥ مُجْرِمًا فَإِنَّ لَهُۥ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ
فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ﴿٧٤﴾ وَمَن يَأْتِهِۦ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلدَّرَجَٰتُ ٱلْعُلَىٰ ﴿٧٥﴾
جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ مَن تَزَكَّىٰ ﴿٧٦﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە دڵنیاییش تێکڕای بەڵگە و نیشانەکانی خۆمانمان پێشان (فیرعەون) دان، کەچی (پەیامی خوا) بە درۆی دانا و ملی نەدا (بۆ بەندایەتیی بۆ خوا) (٥٦) (فیرعەون) گوتی: ئەی مووسا! چما بۆمان هاتووی، تاکو بە جادووەکەت لەسەر زەمینمان وەدەرمان بنێی؟ (٥٧) مسۆگەر ئێمەش جادوویەکی هاوێنەیت بۆ دێنین، دە جا بەڵێنگەیەک لە نێوان ئێمە و خۆتدا دابنێ، کە نە ئێمە و نە تۆ لێی دوانەکەوین، با شوێنێکی تەخت و گۆڕ بێت (٥٨) (مووسا) گوتی: با جێژوانتان ڕۆژی ڕازانەوە (جەژن) بێ و، با خەڵکیش دەمە و چێشتەنگا و خڕبکرێنەوە (٥٩) ئیدی فیرعەون ڕۆیشت، یەکسەر پیلانەکەی (گێڕاو جادووگەرەکانی) خۆی کۆکردەوە (ئنجا هات) (٦٠) مووسا پێی گوتن: هاوار بۆ ئێوە! درۆ بە خواوە هەڵمەبەستن، کە بە هۆیەوە بە سزایەک بنبڕتان بکات و، مسۆگەر هەر کەس (درۆ) هەڵبەستێ بێ ئاکامە (٦١) ئیدی لە نێو خۆیان لە کارەکەیاندا کەوتنە ناکۆکییەوەو، بە پەنهانیی کەوتنە چپەکردن (٦٢) گوتیان: بێگومان ئەم دووانە جادووگەرن، دەیانەوێ بە جادووەکەیان لەسەر زەمینی خۆتان وەدەرتان بنێن و، ئایین و ڕێبازە هەرە باشەکەتان نەهێڵێن (٦٣) بۆیە پیلان (و جادووگەرەکان) ی خۆتان کۆبکەنەوە، ئنجا بە ڕیز و تۆکمەیی وەرن، هەڵبەتە هەر کەس ئەمڕۆش سەر بکەوێ، براوەی ڕاستەقینەیە (٦٤) (جادووگەرەکان) گوتیان: ئەی مووسا! (سەرپشک بە) یان تۆ (گۆچانەکەت) فڕێ دەدەی، یان ئێمە یەکەمجار (گۆچان و پەتەکانمان) دەهاوێژین! (٦٥) (مووسا) گوتی: بەڵکو ئێوە (گۆچان و پەتەکانتان) فڕێبدەن، ئیدی (دوای فڕێدانیان) (مووسا) وای زانی پەت و گۆچانەکانیان دێن و دەچن (٦٦) بۆیە مووسا لە دەروونیدا ترسی ڕێ نیشت

(٦٧) گوتمان: مەترسە! مسۆگەر هەر تۆ سەرکەوتوو و براوەی (٦٨) ئەوەش کە لە دەستی ڕاستت دایە، بیهاوێ، یەکسەر هەرچی (جادووی) کارامانە کردوویانە، قوتی دەدات، چونکە ئەوەی کارامانە کردوویانە، بەس فێڵی جادووگەرەو، جادووگەریش لە هەر کوێیەکەوە بێ سەرکەوتوو (سەرفراز) نابێ (٦٩) ئیدی یەکسەر جادووگەرەکان بە کڕنووشدا کەوتن، (دوای ئەوەی گۆچانەکەی مووسا جادووەکانی ئەوانی هەڵلووشیی)، گوتیان: بڕوامان بە پەروەردگاری هاڕوون و مووسا هێنا (٧٠) (فیرعەون) گوتی: ئایا بەر لەوەی مۆڵەتتان بدەمێ، بڕواتان بۆ هێنا؟ بێگومان ئەو گەورەکەتانە کە فێری جادووی کردوون، بە دڵنیایی ڕاست و چەپ (دەست و لاق)تان دەبڕم و، بە قەدی دارخورمایانتانەوە دەبەستم، (هەڵدەواسم)و، زۆر باشیش دەزانن کامەمان (من یان پەروەردگاری مووسا و هاروون) سزامان سەختترو بەردەوامترە! (٧١) (جادووگەرەکان) گوتیان: هەرگیز تۆ بەسەر ئەو بەڵگە ڕۆشنانەدا کە بۆمان هاتوون و، بەسەر ئەو کەسەدا کە هێناوینەدی، هەڵنابژێرین، هەرچی دەگونجێ تۆ بڕیاردەری بی، بڕیاری بدە، تەنیا لە (بازنەی) ئەم ژیانی دنیایەدا بڕیار دەدەی (٧٢) بێگومان ئێمە بڕوامان بە پەروەردگارمان هێنا، تاکو لە هەڵەکانمان و لەو جادووەی تۆ لەسەری ناچارت کردووین، ببانبووری و (پاداشتی) خواش چاکترو بەردەوامترە (٧٣) مسۆگەر هەر کەسێک تاوانبارانە بێتە خزمەت پەروەردگاری (سزای) دۆزەخی بۆ هەیە، کە نە تێیدا دەژی و نە دەمری (٧٤) هەر کەسێکیش بڕوادارانە بێتە خزمەتی، لە حاڵێکدا کە کردەوە چاکەکانی کردوون، ئا ئەوانە پلە بەرزەکانیان هەن (٧٥) کە باغ و بێستانە هەمیشەییەکانن، ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، تێیاندا هەمیشەیین و، ئەوەش پاداشتی هەر کەسێکە خۆی پاک و چاک بکات (٧٦)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(سُوًى): (**مَكَانٌ سُوَى وَسَوَاءٌ، أَي: وَسَطٌ، وَسَوْى الشَّيءَ: قَوَّمَهُ وَعَدَّلَهُ وَجَعَلَهُ سَوِيّاً**)، (**وَسَط**)، واتە: نێوەڕاست، دەگوترێ، (**سَوّى الشَّيءَ**)، واتە: ئەو شتەی ڕێک و ڕاست کردو، تەخت و یەکسانی کرد.

(فَيُسْحِتَكُم): واتە: بنبڕتان بکات، لە بەینتان ببات بە یەکجاریی، (**أَسْحَتَهُ: اسْتَخْصَلَهُ**)، واتە: ڕیشە کێشی کرد، هەروەها وشەی (**سَحَتَهُ يَسْحَتُهُ سَحْتاً**)، وەک (**أَسْحَتَهُ، يُسْحِتْهُ، إِسْحَاتاً**)، هەروەها وشەی (**سَحَّتَهُ، يُسَحِّتُهُ، تَسْحِيتاً**)، هەرسێکیان: (**سَحَتَهُ، أَسْحَتَهُ، سَحَّتَهُ**)، بە مانای بنبڕی کرد، ڕیشە کێشی کرد، نەیهێشت.

(خَابَ): (**خَابَ يَخَيْبُ خَيْبَةً، أَي: حُرِمَ وَمُنِعَ، وَلَمْ يَنَلْ مَا طَلَبَ، خَابَ سَعْيُهُ: ذَهَبَ أَمَلُهُ وَخَسِرَ**)، کەواتە: وشەی (**خَابَ يَخَيْبُ خَيْبَةً**)، واتە: بێبەش کراو ڕێی لێگیراو، ئەوەی کە داوای دەکرد، وەدەستی نەهێنا، بە کوردیی دەڵێین: مایە پووچ بوو، ڕەنج بە خەسار بوو، ڕەنجەڕۆ بوو، بێ هیوا بوو، تەما بڕاو بوو، بێمراد بوو، هەموو ئەو وشانە بەکاردەهێنرێن.

(ٱلْمُثْلَىٰ): (**مُؤَنَّث**)ی (**أَمَثَل**)ە، (**الأَمْثَلُ: تَفْضِيلٌ مِنْ مَثُلَ**)، بەسەردا هەڵبژاردنە لە وشەی (**مَثُلَ**)، دەگوترێ: (**فُلاَنٌ أَمْثَلُ بَنِي فُلاَنٍ**)، فڵانکەس باشترینی بەنی فڵانە، فڵان هۆزەیە، (**أَي: أَدْنَاهُم لِلْخَيْرِ**)، لە هەموویانەوە لە چاکە نیزیکترە، کەواتە (ٱلْمُثْلَىٰ)، واتە: باشترین ڕێباز، ﴿بِطَرِيقَتِكُمُ ٱلْمُثْلَىٰ﴾، واتە: ڕێبازە هەرە باشەکەتان.

(يُخَيَّلُ إِلَيْهِ): واتە: وای دەهاتە بەر چاو، وای دەهاتە بەر خەیاڵ، (**خُيِّلَ إِلَيْهِ: أَنَّهُ كَذَا: لُبِّسَ وَشُبِّهَ وَوُجِّهَ إِلَيْهِ الوَهْمُ**)، واتە: شتەکەی وا بۆ وێناکرا، وای لێحاڵیکرا، وای هاتە بەرچاو، وا چەواشە کرا لەبەر چاوی.

(فَأَوۡجَسَ): **(أَوْجَسَ فُلاَنٌ: وَقَعَ فِي نَفْسِهِ الخَوْفُ)**، ﴿ فَأَوۡجَسَ فِي نَفۡسِهِۦ خِيفَةٗ مُّوسَىٰ ﴾، واتە: مووسا بە پەنهانیی ترس چووە نێو دڵی، ترسی ڕێ نیشت، دەگوترێ: **(أَوْجَستِ الأُذُنُ: سَمِعَتْ حِسّاً)**، واتە: شتێکی بیست، هەستێکی بیست، **(وَأَوْجَسَ فُلاَنٌ، وَأَوْجَسَ القَلْبُ شَيْئاً، أَحَسَّ بِهِ، وَخَافَهُ)**، واتە: ئەو شتەی هەست پێ کردو لەو شتە ترسا، **(وَأَوْجَسَ فُلاَنٌ الأَمْرَ: أَضْمَرَهُ)**، واتە: ئەو شتەی پەنهان کرد، پێچەوانەی دەریخست.

(مِّنۡ خِلَٰفٖ): واتە: بە پێچەوانەوە، **(أي: إِحْدَاهُمَا مِنْ جَانِبٍ، وَالأُخْرَى مِنْ جَانِبٍ آخَر)**، کە دەڵێ: دەست و پێتان، یان: دەست و لاقتان ڕاست و چەپ دەبڕم، واتە: دەستی ڕاست و لاقی چەپ، بە پێچەوانەوە، دەست و لاقتان پێچەوانە دەبڕم، واتە: یەکیان لە لای ڕاست، یەکیان لە لای چەپ.

(وَلَأُصَلِّبَنَّكُمۡ): بە تەنکید هەڵتاندەواسم، **(الصَّلْبُ: تَعْلِيقُ الإِنْسَانِ للقَتْلِ وَشَدُّ صُلْبِهِ عَلَى الخَشَبِ)**، **(الصَّلب)** ئەوەیە کەسێک ڕابوەستێنرێ بۆ ئەوەی بکوژرێ، ببەسترێتەوە بە دارێکەوە، یان: هەڵبواسرێ و پشتی بە تەختەیەکەوە ببەسترێ، **(وَالصَّلِيْبُ: أَصْلُهُ الخَشَبُ الَّذِي يُصْلَبُ عَلَيْهِ، وَالصَّلِيْبُ عَلَى شَكْلِهِ)**، **(صَلِيب)** بە خاچ دەگوترێ، لەسەر شێوەی ئەو تەختەیە کە مرۆڤی پێوە دەبەسترێ، چوارمێخە دەکێشرێ بۆ ئەوەی بکوژرێ.

(جُذُوعِ ٱلنَّخۡلِ): **(جُذُوع: جَمْعُ جِذْعَ)**، **(جِذْع)**یش واتە: **(سَاقُ النَّخْلَةِ وَنَحْوِهَا)**، قەدی دارخورما، بە قەدی دارخورماوە، دەبێ بە قەدەکەیەوە شەتەکی دابن و بەستبنی، ئنجا دەستی ڕاست و پێی چەپیشی بڕیون، تاکو بە ئازارو ئەشکەنجەوە تاکو خوێنیان تێدا دەبڕێ، بەو شێوەیە گیانیان دەربچێ.

چەند زانیارییەك لە پەیمانی كۆنەوە:

وەک زێدە زانیارییەک ئەمە باس دەکەین، کە (**التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، السفر الخروج، الإصحاح: ٧، ص١٤٣**)، لە ژێر ناوونیشانی: (**الرَّبُّ يُخَاطِبُ مُوسَى وَهَارُون**)، (پەروەردگار مووسا و هاڕوون دەدوێنێ)دا، دەڵێ:

ئەو کاتە مووسا تەمەنی هەشتا ساڵ بوو، هاڕوونیش تەمەنی هەشتا و سێ ساڵ بووە، کەواتە: هاڕوون، لە سەرچاوەکانی دیکەشدا هاتوە، کە لە مووسا گەورەتر بووە، بە پێی ئەوەی نێرە، دەبێ سێ ساڵ لە مووسا گەورەتر بووبێ.

لە ژێر ناوونیشانی: (**مُعْجِزَةُ الحَيَّةَ**)، (موعجیزەی مار)دا، لە لاپەڕە (١٤٣) دەڵێ:

(**فَطَرَحَ كُلُّ وَاحِدٍ عَصَاهُ فَتَحَوَّلَتْ إِلَى حَيَّةٍ، غَيْرَ أنَّ عَصَا هَارُونَ ابْتَلَعَتْ عِصِيَّهُمْ**)، هەر کامێک لە جادووگەرەکان گۆچانەکەی خۆی فڕێدا و بوو بە مار، بەڵام گۆچانەکەی هاڕوون هەموو گۆچانەکانی ئەوانی هەڵلووشی.

بۆیەش ناماژەم بەوە دا، کە لە (پەیمانی کۆن)دا گۆچانەکەی لە مووساوە گواستۆتەوە بۆ هاڕوون، کە بە تەئکید ئەوە هەڵەیە، چونکە گۆچان بە دەست مووساوە ﷺ بووە، هاڕوون تەنیا هاوکارو یارمەتیدەرێکی بووە، بەڵام ئێمە ئەوەی کە لە (پەیمانی کۆن)دا لەو بارەوە هاتوە، لە کاتێکدا دەگەینە تەفسیری سوورەتی (القصص)، خوا پشتیوان بێ باسی دەکەین.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ دوای ئەوەی باسی ئەو وتو وێژ و مشت و مڕەی نێوان مووسا ﵇و، هاڕوونی برای لە لایەک و، فیرعەون و دارو دەستەکەی لە لایەکی دیکەوە، کرد، ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ أَرَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا كُلَّهَا فَكَذَّبَ وَأَبَىٰ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە هەموو نیشانەکانی خۆمانمان پێشاندان (پێشانی فیرعەون)، بەڵام بە درۆی دانا، واتە: پەیامی خوای بە درۆ دانا، یاخود نیشانەکانی خوای بە درۆ دانان، ﴿ وَأَبَىٰ ﴾، یانی: (إمتنعَ) واتە: ملی نەداو ڕێی دانەگرت و، ملی نەدا بۆ پابەندیی بەشەریعەتەوە، بۆچی؟ چونکە بەرژەوەندیی لە لادان لە شەریعەتدا بوو، ئەگەر پابەندبایە بەو پەیام و بەو شەریعەتەی خوای پەروەردگارەوە، ڕێی ئەوەی لێدەگیرا کە سۆغرەو بێگار بە گەلی چەوساوەی بەنی ئیسڕائیل بکات و، بیانچەوسێنێتەوە و نێرینەکانیان سەر ببڕێ و، مێینەکانیان بهێڵێتەوە، وەک کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، وەک لە سووڕەتی (المؤمنون)دا دەفەرموێ: ﴿ فَقَالُوٓا۟ أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾، واتە: ئایا بڕوا بێنین بۆ دوو بەشەران، بۆ دوو کەسان، کە دووی وەک خۆمانن و گەلەکەشیان ملکەچی ئێمەن و، ژێر دەستی ئێمەن، یاخود کۆیلەی ئێمەن!

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ أَجِئْتَنَا لِتُخْرِجَنَا مِنْ أَرْضِنَا بِسِحْرِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴾، فیرعەون گوتی: ئەی مووسا! بۆیە هاتووی بە جادووی خۆت ئێمە لەسەر زەمینی خۆمان وە دەربنێی، ئەوە تەنیا تۆمەتێک بووە فیرعەون دەیداتە پاڵ مووسا ﵇، بوختانێکە پێی دەکات، چونکە مووسا نەیگوتوە: لەسەر زەمینی خۆتان وەدەرتاندەنێم، گوتوویەتی: بەنوو ئیسڕائیلم وێبدەو چیدی مەیانچەوسێنەوە، ﴿ فَأَرْسِلْ مَعَنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبْهُمْ ﴾، بەنوو ئیسڕائیلمان

لەگەڵدا بنێرەو، چیدی دیکە مەیانچەوسێنەوە، لێرە کە دەفەرموێ: ﴿ فَأَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبۡهُمۡ ﴾، بەنوو ئیسرائیلمان لەگەڵ دابنێرە، لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ فَأَرۡسِلۡ مَعِيَ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴿١٠٥﴾ ﴾**الأعراف**، هۆزی بەنی ئیسڕائیل، گەلی ئیسڕائیلم وێبدەوەو، چی دیکە مەیانچەوسێنەوە، سۆغرە و بێگاریان پێ مەکە، کەچی فیرعەون بۆ وروژاندنی خەڵکی میسڕ **(قبطي)** یەکان، ئەو تۆمەتە ناڕاستەی مووسا دەکات، وەک عادەتی هەموو ئەو فیرعەونانەی کاتێک لەگەڵ ئەوانەدا ڕووبەڕوو دەبنەوە، کە بە ڕێبازی پێغەمبەراندا **(عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)** دەڕۆن و دەیانەوێ چی دیکە خەڵکی ڕەش و ڕووت نەچەوسێنرێتەوە و نەکرێتە کۆیلە، وەک خزمەتکارو ژێر دەست و بەر دەست مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێ، هەمیشە ئەو تۆمەتە لەلایەن فیرعەون و خۆ بە زلگرو خۆ بە پەرستراوزان و، خۆ بە پەروەردگار زانانەوە ئامادەیە، ﴿ فَلَنَأۡتِيَنَّكَ بِسِحۡرٖ مِّثۡلِهِۦ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە جادوویەکی وەک جادووەکەی خۆتت بۆ دەهێنین، ﴿ فَٱجۡعَلۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكَ مَوۡعِدٗا ﴾، ئنجا لە نێوان خۆمان و خۆتدا بەڵێنگەیەک دابنێ، جێژوانێک دابنێ، **(موعِدْ)** دەگونجێ چاوگ بێ بە مانای **(وعد)** واتە: گفت و بەڵێن، دەشگونجێ ناوی شوێن بێ، واتە: جێژوان، دەشگونجێ ناوی **(كات)** بێ، واتە: بەڵێنگە، کە بەڵێنگە هەموویان دەگرێتەوە، فیرعەون، مووسا سەر پشک دەکات و خۆی وا پێشان دەدات زۆر بێ منەتە، دەڵێ: تۆ بەڵێنگەو جێژوانەکە دابنێ، تۆ شوێنی پێکگەیشتنەکە دابنێ، ﴿ لَّا نُخۡلِفُهُۥ نَحۡنُ وَلَآ أَنتَ ﴾، با نە ئێمە و نە تۆ لەو شوێنە دوا نەکەوین و، لەو بەڵێنە پاشگەز نەبینەوە، لەو جێژوانە پاش و پێش نەکەین و، لە کاتی خۆیدا ئامادە بین، ﴿ مَكَانٗا سُوٗى ﴾، با ئەو جێژوان و بەڵێنگەیە، شوێنکی تەخت بێ، بۆ ئەوەی هەر شتێک دەکرێ، هەموو خەڵک ببینێ و بەرزو نزمیی تێدا نەبێ، نەوەک هەندێک لە شتەکان پەنهان بن و، بە هۆی ئەوەوە کە لە شیوێکدا و لە پەنایەکدا دەکرێ، با تەخت و گۆڕ بێ.

واتەیەکی دیکەی ﴿ مَكَانًا سُوًى ﴾، شوێنێکی مام نێوەند، شوێنێکی میانجیی بێ، بەنسبەت خەڵکەکەوە بۆ ئەوەی هەموویان بتوانن بە ئاسانیی بیگەنێ و واتە: لە نێوەڕاستی شاردا بێ، یاخود شوێنێک بێ کە لە هەموو لایانەوە مەرج نیە تەنیا شار، بەڵکو لە هەموو دەڤەرەکانەوە، خەڵک بە ئاسانیی بیگاتێ، نەک خەڵکێک ڕێیەکی دوور ببڕێ تاکو دەیگاتێ، با بۆ هەموویان یەکسان بێ، هەردوو واتاکەی گونجاون.

﴿ قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ ٱلزِّينَةِ ﴾، مووسا ﵇ کە زۆر پشت ئەستوورە بە بەڵێنی خواو، زۆر لە خۆی ڕادەبینێ، لە خوای خۆی ڕادەبینێ، ئەویش کاتێکی بۆ هەڵبژاردن، کاتێکی زۆر باش، هەم لە ساڵدا کاتێکیان هەبووە وەک دوایی باسی دەکەین، کە پێیان گوتوە: (یوم الزّینة) ڕۆژی ڕازانەوە، کە لەو ڕۆژەدا جلی ناڵ و واڵایان لەبەر کردوون، بۆنەیەکی باشیان بووە، یاخود هەر جەژنێکیان بووە، یاخود بۆنەیەکی ساڵانەیان بووە، ڕایەک دەڵێ: بە هۆی هەڵسانی ڕووباری نیلەوە، کە ڕووباری نیلیان بەرداوەتەوە بەو شا جۆگەیانەدا کە لێی هەڵبەستراون بۆ ئاودێریی، ئەو ڕۆژە پێیان گوتوە: (یوم الزینة) لە نێو قیبتییەکاندا باو و بووە، هەر چۆن بێ، دیارە ڕۆژێک بووە، تێیدا جوانیی هەبووە، ڕازاوەیی هەبووە، کەیف و شادمانیی دەربڕین هەبووە، ئەوە بە نیسبەت بۆنەکەوە، با لە بۆنەیەکی وا دابێ، کە خەڵک هەمووی ئامادە دەبێ، ﴿ وَأَن يُحْشَرَ ٱلنَّاسُ ضُحًى ﴾، بۆ کاتی تێدا ئەنجامدانیشی دا، با خەڵکیش دەمەو چێشتەنگاو کۆبکرێنەوە، چونکە دەمەو چێشتەنگاو کە خۆر وەدەر دەکەوێ و، وردە وردە خۆر قایم دەبێ، خۆر بەرەو نێوەڕاستی ئاسمان دەچێ، ئەو کاتە سێبەر نامێنن، هیچ پەناو پەسیو نامێنن، هیچ حەشارگەو ئەدیو نامێنن، هەموو شتێک دەکەوێتە گۆڕێ، وەک دەڵێ: لە ڕۆژی ڕووندا، کەسێک حەقی پێ بێ، پێی خۆشە قەرەباڵغیی زۆر بێ، پێشی خۆشە لەبەر ڕۆشناییدا بێ، ڕووبەڕوو بوونەوەکە لەبەر ڕۆشناییدا بێ، نەک لە شوێنێکی تاریک و پەرگەو چۆڵگە، بۆیە مووسا ﵇ هەم کاتێک قەڵەباڵغەو، هەم کاتێک کە دنیا زۆر ڕوونە، بۆیان دیاریی دەکات.

﴿ فَتَوَلَّىٰ فِرْعَوْنُ ﴾، فیرعەون ڕۆیشت، لێرەدا (تَوَلّی) بە مانای پشت تێکردن نیە بۆ مووسا، بەڵکو یانی: ڕۆیشت، ﴿ فَجَمَعَ كَيْدَهُۥ ثُمَّ أَتَىٰ ﴾، پیلانەکەی و فێڵەکەی کۆکردەوە، دوایی هات، پیلانەکەی بریتی بوو لە جادووگەرەکان، بە تەنکیدیش ڕاوێژی کردوە، تەگبیری کردوە، لەگەڵ ئەوانەدا کە بە دەوریەوە بوون، ئەوانەی وابەستەو دابەستەی بوون، دوایی هات، ﴿ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰ وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴾، لێرە پێشەکییەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەکە خوای پەروەردگار هەموویان دەپێچێتەوە، وەک لە سوورەتی (الأعراف)دا کە ڕابردو، لە سوورەتی (القصص)دا کە دەیگەینێ، دەفەرموێ: جاڕدەری ناردن، جاڕیان دا لە شاران، کام جادووگەر زۆر زانا و شارەزایە بیهێنن، هەموویان کۆکردنەوە، ئنجا خەڵکیان کۆکردەوە، خوای زاناو توانا ئەوە هەمووی دەپێچێتەوە، تەنیا بەوەندە کورتی دەکاتەوە: ﴿ فَجَمَعَ كَيْدَهُۥ ثُمَّ أَتَىٰ ﴾، فیرعەون ڕۆیشت پیلان و فێڵی خۆی کۆکردەوە، دوایی هات.

﴿ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰ وَيْلَكُمْ ﴾، مووسا پێی گوتن: سزای سەخت بۆ ئێوەو هاوار بۆ ئێوە، یاخود سەرسوڕمان بۆ ئێوە، ﴿ لَا تَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴾، درۆ بە ناوی خواوە هەڵمەبەستن، درۆ بە خواوە هەڵمەبەستن کە بڵێن: هاوبەشی هەن، کە بڵێن: ئەوەی مووسا دەیکات جادووە، ئەوە درۆ بە خواوە هەڵبەستنە، ﴿ فَيُسْحِتَكُم بِعَذَابٍ ﴾، ئەگەرنا بە هۆی سزایەکەوە، بنبڕتان دەکات، دوابڕاوتان دەکات، کەستانی ناهێڵێ، ﴿ وَقَدْ خَابَ مَنِ ٱفْتَرَىٰ ﴾، بە دڵنیایی بێمرادو پەشێمان و بێ بەشە، کەسێک کە شت بە ناوی خواوە هەڵدبەستێ، ئنجا هاوبەشی بۆ هەڵبەستێ، یاخود درۆی بۆ هەڵبەستێ، بڵێ: تۆ پێغەمبەرت نەناردوەو پەیامت نەناردوە، یاخود موعجیزەیەک کە خوا دەیدات بە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، تۆمەتی جادووی بداتە پاڵ و بڵێ: ئەمە جادووە، هەموو ئەمانە هەڵبەستنن لەسەر خواو بە ناوی خواوەو، هەر کەسێک وابێ، پەشێمانەو بێ بەشە، ﴿ فَتَنَـٰزَعُوٓا۟ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّجْوَىٰ ﴾، دوای ئەوەی مووسا ئەو

قسەیەی بۆ گوتن و ئەو هەڕەشەیەی لێکردن، لە نێو خۆیاندا لە کارەکەیاندا کەوتنە ناکۆکیی، هەندێکیان گوتوویانە: با ڕووبەڕوو ببینەوەو، هەندێکیان گوتوویانە: با ڕووبەڕوو نەبینەوە، دیارە هەندێکیشیان گوتوویانە: ئەوەی مووسا پێیەتی موعجیزەیەو، جیایە لە جادوو، با ئیمانی پێ بێنین و، مووساو هاروون دوو پیاوی زۆر نەجیبن و زۆر ڕاستگۆن، لێیان ناوەشێتەوە بە ناوی خواوە درۆ بکەن، خەڵکێکی دیکەیان جۆرێکی دیکەیان بیر کردۆتەوەو ڕا جیایان بۆ پەیدا بووە، هەق هەمیشە قورسایی و کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر عەقڵ و دڵ و دەروونی خەڵک، با حەقێکی ڕووتیش بێ و دەستەڵاتیشی لە پشتەوە نەبێ، ئەگەرنا مووسا لەگەڵ هاروونی برای، تەنیا گۆچانەکەیان پێ بووە، ﴿ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّجْوَىٰ ﴾، لە نێوان خۆیاندا بە چپە قسەیان کرد، بە سرکە سرک و بە فسکە فسک قسەیان کرد، چییان گوت؟

﴿ قَالُوٓاْ إِنْ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانە دوو جادووگەرن، ﴿ يُرِيدَانِ أَن يُخْرِجَاكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِمَا ﴾، دەیانەوێ بە جادووەکەیان ئێوە لەسەر زەمینی خۆتان دەربکەن، ﴿ وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ ٱلْمُثْلَىٰ ﴾، ئەو ڕێبازە هەرە چاکەی ئێوەش لە بەین بەرن.

(ماشاءالله) ڕێبازێکی چەند چاک بووە! فیرعەونیان بە پەروەردگارو بە پەرستراوی خۆیانیان زانیوەو، خۆیان بە کۆیلەو خزمەتکاریی زانیوە، ڕێباز دەبێ هەر وابێ!

(سبحان اللە) ئەوانەی کاسە لێس و بەرماو خۆری ستەمکارانن، ئەوەی کە دەیکەن ئەو شێوە ژیان و زەلیل و زەبوونانەیەی کە بەسەری دەبەن، پێیان ژیانێکی زۆر شەرافەتمەندانەیە، خۆیان زۆر پێ بەختەوەرە، چونکە مرۆڤ کاتێک کە عیززەت و کەرامەت و ڕێزو حورمەتی خۆی لە دەست دەدات، خۆی لەلا ئەوەندە بچووک دەبێتەوە، بە شانازیی دەزانێ کە ببێتە کۆیلەو خزمەتکارو کاسە لێسی ستەمکارێک، ئەگەرنا ئەوە چ ڕێبازێکی هەرە چاک بووە، کە فیرعەون

جگە لەوەی کە گەلی بەنوو ئیسرائیل وەک کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن و سۆغرەبێگاریان پێ کردوون، نێرەکانی سەربڕیون و مێیەکانی هێشتوونەتەوەو، قیبتییەکانیشی پێیگوتوون: (أَنَا رَبُّكُمُ اللهُ الأَعْلَى)، واتە: من پەروەردگاری هەرە بەرزتانم، بەڵکو بە دارو دەستەکەی کە لە دیوەخانەکەشی دانیشتوون، وەک لە سووڕەتی (القصص)دا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِى (٣٨) ﴾، واتە: فیرعەون گوتی: ئەی قسە بەدەستان و قسە ڕۆیشتووانی دیوەخانەکەم! جگە لە خۆم پەرستراوێکی دیکەم پێ شک نایەت، بۆ ئێوە، دەبێ هەر من بپەرستن، هەڵبەتە لێرەدا خەڵکەکە ئەو خەڵکەی کە ویستوویانە بەرەنگاری مووساو هاروونی برای ببنەوە، وەک ئەشکەوت وابوون، فیرعەون پێشێ چی گوتوە، ئەوانیش هەر هەمان شتیان دووبارە کردۆتەوە، ئەشکەوت هەر قسەیەکی تێدا بکەی، دەنگ دەداتەوە، وەک تۆی دەڵێتەوە، فیرعەون پێشێ گوتوویەتی: تۆ هاتووی بە جادووەکەی خۆت ئێمە لەسەر زەمینی خۆمان وەدەر بنێی، ئەوانیش هەمان شت دووبارە دەکەنەوە، ئەوەشی بۆ زیاد دەکەن دەڵێن: مووساو هاروون هاتوون کە ڕێبازە هەر باشەکەشتان بفەوتێنن، لە بەینی بەرن، ئەو ئایین و بەرنامە چاکەی لەسەری دەڕۆن.

﴿ فَأَجْمِعُوا۟ كَيْدَكُمْ ثُمَّ ٱئْتُوا۟ صَفًّا ﴾، پیلان و فێڵی خۆتان کۆ بکەنەوە، واتە: تۆکمەی بکەن، هەمووی پێکەوە ڕێکی بخەن، دوایی بەڕیز وەرن، مەرج نیە بە یەکڕیز بێن، مانای وایە ڕیز بە ڕیز وەرن بە ڕێک و پێکیی، ﴿ وَقَدْ أَفْلَحَ ٱلْيَوْمَ مَنِ ٱسْتَعْلَىٰ ﴾، بە دڵنیایی هەر کەسێک ئەمڕۆ سەرکەوێ، سەرفرازە و براوەیە و بردوویەتەوە.

﴿ قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلْقِىَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَىٰ ﴾، گوتیان: ئەی مووسا! یان تۆ دەبێ بیهاوێی، گۆچانەکەی خۆت بهاوێی، یاخود ئێمە یەکەم کەس دەبین کە دەهاوێین، واتە: ئەو شتانەی کە پێمانن، تەماشایان کردوە مووسا گۆچانی پێیە، دیارە ئەوەی کە مووسا دەیەوێ بیکات، کە مووسا دەڵێ: موعجیزەو بەڵگەی

پێغەمبەرایەتیی منە و خوا پێی داوم، ئەوانیش گوتوویان: جادوویەو زانیویانە کە بە هۆی گۆچانەکەیەوە دەیکات، گوتوویانە: تۆ گۆچانەکەت باوێ، یان تۆ دەیهاوێی، یاخود دەبێ ئێمە ئەوانەی پێمانن، بیانهاوێین، ئەوانەی پێیان بوون، وەک لێرە دەقی لەسەر کردوە، هەم گۆچان بوون، هەم پەت و گوریسیش بوون.

﴿ قَالَ بَلۡ أَلۡقُواْ ﴾، مووسا زۆر بێ منەتانە فەرمووی: بەڵکو ئێوە بیهاوێن و شتەکانی خۆتان فڕێ بدەن، ئنجا خوای کاربەجێ ئەوە هەمووی دەپێچێتەوە، چییان کردوەو، چۆن هاویشتوویانەو، یەکسەر ددفەرمویٚ:

﴿ فَإِذَا حِبَالُهُمۡ وَعِصِيُّهُمۡ يُخَيَّلُ إِلَيۡهِ مِن سِحۡرِهِمۡ أَنَّهَا تَسۡعَىٰ ﴾، یەکسەر پەتەکانیان و گۆچانەکانیان، بە هۆی جادووەکەیانەوە، وایهاتە بەر خەیاڵ کە دەڕۆن، **(حِبال)** کۆی (حَبل)ە، (حبل) واتە: پەت، گوریس، ئەوەی کە شتێکی پێ دەپێچرێ، **(حبالهم)** پەت و گوریسەکانیان، (عِصِي) کۆی **(عصى)**یە، واتە: گۆچانەکانیان، ﴿ يُخَيَّلُ إِلَيۡهِ ﴾ وای دەهاتە بەرچاو، وای دەهاتە بەر خەیاڵ، وای دەهاتە زەینەوە، ﴿ مِن سِحۡرِهِمۡ ﴾، بە هۆی جادووەکەیانەوە، ﴿ أَنَّهَا تَسۡعَىٰ ﴾، (بە هۆی جادووەکەیانەوە وا دەهاتە بەر خەیاڵی مووسا)، کە دەڕۆن و دێن و دەچن وەک ماران، ﴿ فَأَوۡجَسَ فِي نَفۡسِهِۦ خِيفَةٗ مُّوسَىٰ ﴾، مووسا لە دەروونی خۆیدا ترسی ڕێ نیشت، ترسی چووە نێو دڵەوە، ترسەکە ئایا لە مارەکان بووە، کە گۆچان و پەت و گوریسەکان بوون بە مار، یان لەوە کە خەڵکەکە فریو بخۆن، لە هەندێک کتێباندا دەڵێن: جادووگەرەکان دە (١٠) هەزار کەس بوون، هەندێک دەڵێن: پەنجا (٥٠) هەزار کەس بوون، بەڵکو هەندێ کەس ژمارەی زۆر زیاتر دەڵێن، کە پێم وایە زێدەڕۆییە، بە تایبەت ئەو کاتە مرۆڤ لەسەر زەوی بە گشتیی کەم بوون، ئنجا جادووگەران لە وڵاتێکی وەک میسڕدا بە تەنیا دەبێ چەند بوو بوون! بەڵام گرنگ ئەوەیە کۆمەڵێک بوون، دەشگونجێ ترسەکەی لە مارەکان نەبوو بێ، بەڵام ترسەکەی لەوە بووە، کە ئەو خەڵکە بە دیتنی دیمەنی ئەو هەموو مارانە، ڕەنگە سواری یەکدی بووبن و، پێکدا هاتوو چوو

بـن، خەڵکەکـە بکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی و، بـڕوا بـە جـادووی جادووگـەران بێنـن، یاخـود لەگـەڵ موعجیـزەی مووسـا ﵇ لێیـان تێکـەڵ بـن، بڵێـن: ئنجـا مووسـا تـۆ کـە داوای پێغەمبەرایەتیـی دەکـەی، شـتێکت کـرد، ئەوانیـش هەمـان شـتیان کـرد، ئەگـەر تـۆ پێغەمبـەر بـی، ئەوانیـش هـەر پێغەمبـەرن، کەواتـە: تـۆ ڕاسـت ناکـەی، یـانی: مـەرج نیـە ترسـەکەی لـە خـودی خـۆی بووبـێ و، ترسـەکەی ڕەنگـە لـەوە بووبـێ، کـە خەڵکەکـە گومـان و دوو دڵییەکـی بـۆ دروسـت بـێ.

﴿ قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْأَعْلَىٰ ﴾، پێـمان گـوت: مەترسـە، بـە دڵنیایـی تـۆ سـەرکەوتووی، تـۆ لـە سـەرێی و بـراوەی، ﴿ وَأَلْقِ مَا فِى يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوٓا۟ ﴾، ئـەوەی بـە دەسـتی ڕاسـتتەوەیە، فڕێـی بـدە، هەرچـی بـە کارامەیـی کردوویانـە، قووتـی دەدات و هەڵیدەلووشـێ، نەیفەرمـووە: (وَأَلْـقِ عصـاك) لـە شـوێنی دیکـەدا دەفەرمـوێ: ﴿ أَلْقِ عَصَاكَ ﴿١١٧﴾ ﴾الأعـراف، گۆچانەکـەت فڕێـدە، بـەڵام لێـرە دەفەرمـوێ: ﴿ وَأَلْقِ مَا فِى يَمِينِكَ ﴾، ئـەوەش کـە بـە دەسـتی ڕاسـتییەوە بـووە، هـەر گۆچانەکـەی بـووە، ئنجـا خـوا ﷻ ڕەنگـە جارێـک فەرمووبێتـی: ئـەوەی بـە دەسـتی ڕاسـتتەوەیە فڕێیبـدە، جارێکـی دی فەرموویەتـی: گۆچانەکـەت فڕێبـدە، هەردووکیـان هەریـەک شـتن، ﴿ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوٓا۟ ﴾، (لَقِـفَ يَلْقَـفُ)، واتـە: (ابتلـعَ، يبتلـعُ) قووتیـدا و قووتـی دەدات و هەڵیدەلووشـێ، ﴿ مَا صَنَعُوٓا۟ ﴾، واتـە: ئـەوەی بـە کارامەیـی و بـە وردەکاریـی کردوویانـە، هەمـوو هەڵدەلووشـێ، واتـە: ئـەو پـەت و گوریسـانە و گۆچانانـە، ﴿ إِنَّمَا صَنَعُوا۟ كَيْدُ سَٰحِرٍ ﴾، ئـەوەی کـە دروسـتیان کـردوە، فێـڵ و پیلانـی جادووگـەرە، خوێنراویشـەتەوە: (إِنَّمَا صَنَعُوا۟ كَيْدَ سَٰحِرٍ) ئەوانـە پیلانـی جادووگەریـان دروسـتکرد، ﴿ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ﴾، جادووگـەر لـە هـەر شـوێنێکەوە، لـە هەر ڕێیەکـەوە هاتبـێ، سـەرفراز نابـێ، لەبـەر ئـەوەی ئـەو جادووگـەرە هەریەکـەو هـی شـوێنێک بـوون، یاخـود جادووگـەر هەرچـی بـێ سـەرفراز نابـێ.

﴿ فَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدًا قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ ﴾، جادووگـەرەکان بـە کڕنـووش دا کەوتـن، بـە کڕنـووش داخـران، (فأُلقِـيَ) واتـە: خـران، ﴿ فَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدًا ﴾،

جادووگـەرەکان بـە کڕنـووش داخـران، (سُجَّدْ) کۆی (ساجِدَ)، (سَحَرَة)ش کۆی (ساحِرَ)، هەڵبەتـە خۆیـان کڕنووشـیان بـردوە، بـەڵام لێـرەدا ئەمـە ئەوەمـان بـۆ وێنـە دەکات، کـە لـە بەرانبـەر ئـەو موعجیزەیـە گەورەیـەی مووسـادا، ویسـتی ئازادانـەی خۆیـان لە دەسـت داوەو، ناچـار بـوون لـە بەرانبەریـدا بـە کڕنـووش دا بچـن، هەڵبەتـە کڕنـووش بردنەکەیـان بـۆ خـوا ﷻ بـووە.

﴿قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ﴾، گوتیـان: بڕوامـان بـە پـەروەردگاری مووسـاو هـاڕوون هێنـا، لێـرەدا وشـەی هـاڕوون پێـش مووسـا خـراوە، لـە شـوێنی دیکـەش مووسـا پێـش هـاڕوون دەخـرێ، گرنـگ ئەوەیـە هەردووکیـان بـرا بـوون، لێـرەدا بـە ئیعتیبـاری ئـەوە کـە هـاڕوون لـە مووسـا بـە تەمەنـتر بـووە، پێشـخراوە کـە بێگومـان خـوا ﷻ پـەروەردگاری هەردووکیـان بـووە، مووسـاش پێـش دەخـرێ بـە ئیعتیبـاری ئـەوە کـە مووسـا لـە ئەصڵـدا هەڵگـری پەیامـی خـوای پـەروەردگار بـووەو، هـاڕوون هـاوکارو یارمەتییـدەری بـووە.

﴿قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ﴾، فیرعـەون بـە سەرسـووڕمانەوەو بـە نکوولّیلێکردنـەوە، گوتـی: ئـەوە بڕواتـان بـۆ هێنـا بـەر لـەوەی مۆڵەتتان بـدەم؟ دەبێ بـە مۆڵەتـی فیرعـەون خەڵـک بـڕوا بێنـێ، یاخـود بـڕوا نەهێنـێ، ئـەو فیرعەونانـە زۆر لـە خۆیـان ڕادەبینـن! بۆیـە خـوا ﷻ فەرموویەتـی: ﴿إِنَّهُۥ طَغَىٰ ٢٤﴾، یاخیـی بـووە، لـە سـنوور دەرچـووە، لـە کەوڵـی خـۆی ددرچـووە، دەڵـێ: دەبـێ بـە مۆڵەتـی مـن بیـر بکەنـەوە، ئایـا ئـەو شـتە هەقـە یـان ناهەقـە؟ ئایـا بـڕوای پـێ بێنیـن، یـان بـڕوای پـێ نەهێنیـن؟ ﴿إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِى عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ﴾، فیرعـەون چەنـد فێـل بـاز بـووە! چەنـد سـاختەچی بـووە! ئـەو چەواشـەکارییە دەکات، دەڵـێ: بـە دڵنیایـی ئـەوە، ئـەو گەورەیەتانـە کـە جـادووی فێـری ئێـوە کـردوە! مووسـا یەکەمجـارە هـەر بیانبینـێ، مووسـا نـە جـادووی خوێنـدوەو، نـە جـادووی کـردوە، پاشـان ئەمـە یەکەمجـارە ئـەو جادووگەرانـە ببینـێ، ئـەو جادووگەرانـە وەک لـە سـووڕەتی (القصـص)دا، هەروەهـا لە سـووڕەتی (الأعـراف)دا هاتـوە، داوای خـەڵات و بەراتیـان لـە فیرعـەون کـردوە، ئەگـەر

ئەوان زاڵ بوون، بەڵام بە هەر حاڵ بۆ چەواشەکردنی خەڵک و جەماوەرەکەو، بۆ پەردە پۆش کردنی شکستی خۆی و جادووگەرەکان، ئەو تۆمەتە دەداتە پاڵ دەداتە لای مووسا، کە گەورەی جادووگەرەکانەو، ئەو تۆمەتەش دەداتە پاڵ جادووگەرەکان، کە شاگردو قوتابیی مووسان.

﴿فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ﴾، ئەوانە دیارە فیرعەون کۆی کردوونەوە ئەو حوکمڕانییە لەرزۆکەی بۆ بپارێزن و بۆ بەهێز بکەن، بەڵام ئێستا کە لە فریای نەهاتوون و دادی نادەن، دەیانکوژێ، بۆ ئەوەی ئەو تۆمەتەی بۆ مووسای کردوە ﷺ، لە عەقڵی خەڵکدا بچەسپێ، (ئەها دیارە ڕاست بوو کە فیرعەون گوتی: مووسا مامۆستاتانەو گەورەتانەو فێری جادووی کردوون، ئەوە نیە ئەوەتا کوشتوونی)، کەواتە: ئەوانە ناپاکییان کردوە و خیانەتیان کردوە، بۆیە فیرعەون کوشتوونی، ناڵێن لەبەر ئەوەی کە ئیمانیان هێناوە، فیرعەون ناڵێ لەبەر ئەوەی ئیمانتان هێناوە، بەڵکو دەڵێ: لەبەر ئەوەی جادوو لە مووسا فێر بوون، چ چەواشەکارییەک!! ئەو چەواشەکارییانە بەردەوام هەن لە مێژوودا، بەڵام خەڵکی سادە و سەتحیی و سەرکێڵ بەو جۆرە چەواشاکارییانە فریوو دەخۆن و کڵاویان دەچێتە سەر، کە خەڵکی هۆشیارو بێدار بەو شتانە فریو ناخۆن، هەر بۆیە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) هەمیشە هەوڵیان ئەوە بووە کار لەسەر عەقڵ و دڵی خەڵک، بکەن، عەقڵیان هۆشیار بکەن و دڵیان بێدار بکەن، بۆ ئەوەی کڵاویان نەچێتە سەرو فریو نەخۆن، چونکە ئەو فیرعەون و طاغووتانە، زەفەر بە خەڵکی سادەو سەرکێڵ و فەقیرحاڵ و نە شارەزاو نا ئاشنا دەبەن.

ئنجا هەڕەشەیان لێ دەکات: ﴿فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ﴾، بە دڵنیایی دەستەکانتان و لاقەکانتان بە پێچەوانەوە دەبڕم، واتە: دەستی ڕاستتان و لاقی چەپتان، ﴿وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِى جُذُوعِ ٱلنَّخْلِ﴾، هەروەها بە قەدی دار خورماکانەوە، دەتان بەستمەوە و هەڵتاندەواسم، ﴿وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَىٰ﴾، بە دڵنیاییەوە دەزانن کامەمان، واتە: من یان پەروەردگاری مووسا،

سزای سەخترە و بەردەوامترە، ئنجا جادووگەرەکان، کە پێشێ داوای خەڵات و بەراتیان دەکردو دەیانگوت: ﴿إِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ ٱلْغَٰلِبِينَ ﴿١١٣﴾﴾، ئایا کرێمان دەدەیە، ئەگەر ئێمە زاڵ بووین؟ وەک لە سوورەتی (الأعراف)دا هاتووە، هەروەها یان لە سوورەتی (الشعراء)دا کە دەفەرموێ: ئایا کرێمان دەبێ ئەگەر ئێمە زاڵ بووین؟ لەوێ چاوەڕێی زار چەورکردنێک و، دەم شیرین کردنێک و خەڵات و بەراتیکیان دەکرد، لەبەرئەوەی بێ ئیمان بوون، بەڵام ئێستا کە ئیمانیان پەیدا بووە، کەسایەتیی و ڕێزو پایەی خۆیان دەزانن و، حورمەتیان لە لایەن خوا بۆ پەیدا بووە، بۆیە نەک هیچ چاوەڕوانییەکیان لە فیرعەون نیە، بەڵکو لە هەڕەشەو گوڕەشەکەشی ناترسێن.

﴿قَالُوا۟ لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ﴾، گوتیان: تۆ هەڵنابژێرین بەسەر ئەو بەڵگە ڕۆشنانەدا کە بۆمان هاتوون، ﴿وَٱلَّذِى فَطَرَنَا﴾، هەروەها تۆ هەڵنابژێرین بەسەر ئەو کەسەدا کە ئێمەی وەدیهێناوە.

واتایەکی دیکەی ئەوەیە، گوتیان: ئێمە تۆ هەڵنابژێرین بەسەر ئەو بەڵگە ڕۆشنانەدا کە بۆمان هاتوون لەسەر دەستی مووسا ﵇، ﴿وَٱلَّذِى فَطَرَنَا﴾، سوێند بەو کەسەی کە ئێمەی هێناوەتە دی، ﴿فَٱقْضِ مَآ أَنتَ قَاضٍ﴾، ئنجا هەرچی لە دەستت دێ، بیکەو، هەرچی تۆ ئەنجام دەری، ئەنجامی بدە، هەرچی تۆ جێبەجێ کەری و بۆت دەلوێ، جێ بەجێی بکەی، جێبەجێ بکە، بێ منەت بە، چیت لە دەست دێ، بیکە، ﴿إِنَّمَا تَقْضِى هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَآ﴾، بێگومان تۆ تەنیا لە چوارچێوەی ئەم ژیانی دنیایەدا، ئەنجام دەدەی و شت جێبەجێ دەکەی، ﴿إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَٰيَٰنَا وَمَآ أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ ٱلسِّحْرِ﴾، ئێمە بڕوامان بە پەروەردگارمان هێناوە، تاکو لە هەڵەکانمان ببوورێ و، ئەو جادووەی کە تۆ بە ناچاریی پێت کردووین، لێمان ببوورێ، وا دیارە فیرعەون کەسانێکی هەر بە منداڵیی لە دایک و بابیان زەوت کردوون و، خستوونیە ئەو قوتابخانەیە کە فێری جادوویان بکەن و پەروەردەیان بکەن لەسەر جادووگەرێتیی، دیارە بە زۆر

بووە و بە ناچاریی ناچارکراون کە فێری جادوو بن، کەسێک هەقی پێ نەبێ، خۆی پێ بپارێزێ، دێ پەنا بەرێتە بەر بەتاڵ، فیرعەونیش کە هەقێکی پێ نەبووە، موڵک و سەڵتەنەتەکەی خۆی پێ بەردەوام بکات، پەنای بردۆتە بەر جادووگەرو خەڵکی هەڵخەڵەتێنەرو چاو بەستکەر، ﴿وَٱللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ﴾، بێگومان خواش باشترە، (واتە: پاداشتی خوا باشترە و بەردەوامتریشە).

﴿إِنَّهُۥ مَن يَأْتِ رَبَّهُۥ مُجْرِمًا﴾، بە دڵنیایی هەر کەسێک تاوانبارانە بچێتەوە خزمەت پەروەردگاری، ﴿فَإِنَّ لَهُۥ جَهَنَّمَ﴾، بێگومان دۆزەخی بۆ هەیە، ﴿لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ﴾، نە تێیدا دەمرێ و نە تێیدا دەژی، تێیدا نامرێ هەرچەندە سزایەکەی زۆر سەخت و نارەحەتە، بەڵام ڕووحی لە جەستەی جیا نابێتەوە، ﴿وَلَا يَحْيَىٰ﴾، هەروەها ناژی، ژیانێکی ئاسایی کە پێی بگوترێ: ژیان، ﴿وَمَن يَأْتِهِۦ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، هەر کەسێکیش بە بڕواوە بچێتەوە خزمەت خوا، بڕوادارانە بچێتەوە خزمەت خوای پەروەردگاری، لە حاڵێکدا کردەوە باشەکانی ئەنجام داون، ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلدَّرَجَٰتُ ٱلْعُلَىٰ﴾، ئا ئەوانە پلە بەرزەکانیان هەن، واتە: لە بەهەشتدا، ﴿جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾، باغ و بێستانە هەمیشەییەکان ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن و، بە هەمیشەیی تێدا دەمێننەوە، ﴿وَذَٰلِكَ جَزَآءُ مَن تَزَكَّىٰ﴾، ئەوەش پاداشتی کەسێکە کە خۆی پاک ڕاگرتووەو، خۆی پاک و چاک کردوە، بە هۆی شوێنکەوتنی شەریعەتی پاک و چاکی خوای بێ هاوتاوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بێبڕوابوونی فیرعەون بە نیشانەکانی خواو، تۆمەتبارکردنی مووسا بە جادووگەریی و، دانانی ژوانگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مووساو جادووگەرەکانی فیرعەون و، ئامۆژگاریی کردنی مووساو هۆشداریدانی بە جادووگەرەکان و، بە خەڵکی وابەستەو دابەستەی فیرعەون و، خۆ گیف کردنەوەی فیرعەونییەکان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ أَرَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا كُلَّهَا فَكَذَّبَ وَأَبَىٰ ﴿٥٦﴾ قَالَ أَجِئْتَنَا لِتُخْرِجَنَا مِنْ أَرْضِنَا بِسِحْرِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٥٧﴾ فَلَنَأْتِيَنَّكَ بِسِحْرٍ مِّثْلِهِۦ فَٱجْعَلْ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ مَوْعِدًا لَّا نُخْلِفُهُۥ نَحْنُ وَلَآ أَنتَ مَكَانًا سُوًى ﴿٥٨﴾ قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ ٱلزِّينَةِ وَأَن يُحْشَرَ ٱلنَّاسُ ضُحًى ﴿٥٩﴾ فَتَوَلَّىٰ فِرْعَوْنُ فَجَمَعَ كَيْدَهُۥ ثُمَّ أَتَىٰ ﴿٦٠﴾ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰ وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا فَيُسْحِتَكُم بِعَذَابٍ ۖ وَقَدْ خَابَ مَنِ ٱفْتَرَىٰ ﴿٦١﴾ فَتَنَٰزَعُوٓا۟ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّجْوَىٰ ﴿٦٢﴾ قَالُوٓا۟ إِنْ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ يُرِيدَانِ أَن يُخْرِجَاكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِمَا وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ ٱلْمُثْلَىٰ ﴿٦٣﴾ فَأَجْمِعُوا۟ كَيْدَكُمْ ثُمَّ ٱئْتُوا۟ صَفًّا ۚ وَقَدْ أَفْلَحَ ٱلْيَوْمَ مَنِ ٱسْتَعْلَىٰ ﴿٦٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم نۆ ئایەتانە، لە بیست و دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَقَدْ أَرَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا كُلَّهَا ﴾، بە دڵنیاییەوە ئێمە تێکڕای نیشانەکانی خۆمانمان پێشانی فیرعەوندان، ئەم (ل)ەی سەر (وَلَقَدْ)، (ل)ی ڕێخۆشکردنە بۆ سوێند، (اللام ممهدة للقسم)، (قد)یش لێرەدا بۆ ساغکردنەوە (تحقيق)یە، یانی: بە دڵنیاییەوەو مانای هەمووی دەبێتە سەرسوڕماندن کەللەڕەقیی و لە کەللەپووچیی فیرعەون، کە لە حاڵێکدا

خوا ئەو هەموو نیشانانەی خۆی لەسەر دەستی مووساو هارِوونی برای پێشان داون، چونکە مادام دەفەرمووێ: ﴿ وَلَقَدۡ أَرَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا كُلَّهَا ﴾، مەبەست تەنیا گۆچانەکە و دەستی مووسا نەبووە عليه السلام، بەڵکو ئەو وتووێژە مەنتیقییەو لۆژیکییە بەهێزەش بووە کە مووسا لەگەڵیدا کردوە، هەروەها گەلێک شتی دیکە کە مووسا عليه السلام پێشانی داون، وەک لە سوورەتی (الأعراف)دا، هاتوە، کە خوای باڵا دەست باسی ئایەتەکان دەکات، کە نۆ (٩) ئایەتن، هەروەها لە سوورەتی (الإسراء)دا، دەفەرمووێ: ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ تِسۡعَ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖۖ فَسۡـَٔلۡ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِذۡ جَآءَهُمۡ فَقَالَ لَهُۥ فِرۡعَوۡنُ إِنِّي لَأَظُنُّكَ يَٰمُوسَىٰ مَسۡحُورٗا ١٠١ ﴾.

هەروەها لە سوورەتی (النمل)یش دا باسی نۆ ئایەتەکان دەکات، ئنجا مەرج نیە تەنیا ئەو نۆیەش بووبن، بەڵام خوای پەروەردگار ئەو نۆیە سەرەکییەی کە لە تەفسیری سوورەتی (الأعراف)دا بە تەفصیڵ هێناومانن، بە تایبەت باسی کردوون، ئەگەرنا وا دیارە خوای پەروەردگار نیشانەی زۆری لەسەر دەستی مووسا و هارِوونی برای (سەلامی خوایان لێ بێ) خستوونە بەر چاوی فیرعەون، بۆ بەڵگەو ئیسپاتی ئەوە کە مووساو هارِوون، دوو رِەوانەکراوو پێغەمبەری خوان و، راست دەکەن، بۆیە ئەگەر خۆی و گەلەکەی و قیبتییەکانیش برِوایان پێناهێنن، بە لایەنی کەمەوە، واز لە گەلە چەوساوەکەی مووساو هارِوون، (وەچەی بەنی ئیسرائیل) بێنن و چی دیکە سۆغرەو بێگاریان پێ نەکەن و، نەیانچەوسێننەوە.

٢)- ﴿ فَكَذَّبَ وَأَبَىٰ ﴾، بە درۆی دانا و لامل بوو، سەرپێچیی کرد، کە دەفەرمووێ: بە درۆی دانا، یانی: ئایەتەکانی بە درۆ دانا، یاخود مووسای بە درۆ دانا، یاخود پەیام و ئایینی خوای بە درۆ دانا، ﴿ وَأَبَىٰ ﴾، واتە: ئامادە نەبوو و ملی نەدا، ملکەچ بێ بۆ ئەو بەرنامەو شەریعەتەی خوا، یاخود بۆ داواکارییەکەی مووسا عليه السلام کە بەنوو ئیسرائیلی تەسلیم بکات و لێیان بگەرِێ، لەگەڵ خۆی بیانبات و چی دیکە نەیان چەوسێننەوە.

٣)- ﴿ قَالَ أَجِئۡتَنَا لِتُخۡرِجَنَا مِنۡ أَرۡضِنَا بِسِحۡرِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴾، وەک پێشتر باسمان کرد لێرەدا فیرعەون بە سەرسورِمانەوە دەڵێ: ئەی مووسا! ئایا تۆ هاتووی لەسەر زەمینی خۆمان

وەدەرمان بنێی بە جادووەکەت، ئەمە لێرەدا هەم نکوولّیلێکردنی فیرعەون لە مووسا دەگەیەنێ، هەم سەرسوڕمانی خۆی، کە چۆن تۆ هاتووی ئێمە بە جادووی خۆت لەسەر زەمینی خۆمان وەدەر بنێی، هەم تۆمەتبارکردنی مووسایە ﷺ، هەروەها هاڕوونی برای بەوە کە هاتوون پاشاگەردانیی لە وڵاتدا پەیدا بکەن و، فیرعەونییەکان شاربەدەر بکەن و، لە وڵات و نشتیمان و زێدی خۆیان وەدەریان بنێن.

٤)- ﴿ فَلَنَأْتِيَنَّكَ بِسِحْرٍ مِّثْلِهِۦ ﴾، بە دڵنیاییەوە ئێمەش جادوویەکی وەک ئەوەی تۆ هێناوتە، دەیهێنین، دیارە مەبەستی ئەوە بووە، ئەوەی تۆ جادوویەو، ئێمەش جادووی ئاوا دێنین، مەبەستی ئەوە نەبووە کە لە هەموو شتێکدا وەک هی تۆ بێ، واتە: ئەوەی تۆ جادوویەو، ئێمەش جادووت بۆ دێنین.

٥)- ﴿ فَٱجْعَلْ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ مَوْعِدًا ﴾، ژوانگەیەک لە نێوان خۆمان و خۆتدا دابنێ، وەک پێشتر گوتمان: فیرعەون خۆی وا پیشان دەدات کە زۆر بێ باکەو بێ منەتەو زۆر لە خۆی ڕادەبینێ، بۆیە مووسا سەرپشک دەکات و دەڵێ: تۆ ژوانگەکە دابنێ، (مَوعِد: مصدر ميميّ: بمعنى الوعد، أو اسم مكانٍ، أو اسم زمانٍ)، (مَوعِد) هەم لێرە، هەم لە زۆر جێی دیکەی قورئان دا، دەنگونجێ چاوگی میمیی بێ، بە مانای (وعد)، واتە: بەڵێن و گفت، یاخود ناوی شوێنە، واتە: ژوانگە، یاخود ناوی کاتە، واتە: کاتی پێکگەیشتن، (بەڵێنگە)، کە من ئەم وشەیەم بەکارهێناوەو، ڕەنگە پێشتریش بەکارهاتبێ.

٦)- ﴿ لَّا نُخْلِفُهُۥ نَحْنُ وَلَآ أَنتَ ﴾، کە لێی دوانەکەوین نە ئێمەو نە تۆ، (أخلَفَ الوَعْدَ)، واتە: لە بەڵێنەکەی دا ڕاستی نەکرد، بەڵێنەکەی نە بردە سەر، واتە: وانەبین نە ئێمە نە تۆ ئەو بەڵێنە نەبەینە سەر، یاخود لەو شوێنە ئامادە نەبین، ﴿ لَّا نُخْلِفُهُۥ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (لا نُخْلِفْهُ) بە جەزم، دوای نەخەین، یاخود لێی دوا نەکەوین، نە ئێمەو نە تۆ لەو بەڵێنە و لەو ژوانگەیە.

٧)- ﴿ مَكَانًا سُوًى ﴾، یا شوێنێک بێ تەخت و گۆڕ بێ، ئەم مانایە زیاتر دێتە زەینەوە، ئەگەرنا ﴿ مَكَانًا سُوًى ﴾، کە خوێنراویشەتەوە: (مَكَانًا سِوًى) هەردووکیشیان یەک واتایان

هەیە، وێڕای ئەوەی کە بە مانای تەخت و گۆڕو هەموار دێ، بە مانای شوێنێکیش دێ کە نێوەند بێ و نێوەنجیی بێ لە نێوان دەڤەرەکانداو، لە نێوان خەڵکەکەدا، بۆ ئەوەی هەموو خەڵک بە ئاسانیی پێی بگەن، هەر کەسەو لە شوێنی خۆیەوە بێ و، لە شوێنێکی نێوە ڕاست کۆ ببنەوە، ﴿مَكَانًا سُوًى﴾، (مكاناً بدلُ اشتمالٍ من موعِداً)، (مكاناً) جێداری (موعد)ە، چونکە ئەو کردەوەیە وا دەخوازێ کە شوێنێک هەبێ و، کاتێک هەبێ، هەر کردەوەیەک وەک کۆبوونەوە، هەم شوێنی دەوێ، هەم کاتی دەوێ.

٨)- ﴿قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ ٱلزِّينَةِ﴾، مووسا فەرمووی: ژوانگەتان با ڕۆژی ڕازانەوە بێ، ڕۆژی جوانیی و خۆڕازاندنەوە، هەندێکیش گوتوویانە: ڕۆژی جەژن (**یوم العید**) لەبەر ئەوەی لە جەژناندا خەڵک خۆیان دەڕازێننەوە و پۆشاکی جوان دەپۆشن.

لە تەفسیرەکاندا هاتوە بە تایبەت (**محمد الطاهر بن عاشور**) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێ: {**یوم الزینة: يَوْمُ الزِّينَةِ كَانَ يَوْمُ عِيدِ عَظِيمٍ عِنْدَ الْقِبْطِ، وَهُوَ يَوْمُ كَسْرِ الْخَلِيجِ أَوِ الْخُلْجَانِ، وَهِيَ الْمَنَافِذُ وَالتُّرَعُ الْمَجْعُولَةُ عَلَى النِّيلِ لِإِرْسَالِ الزَّائِدِ مِنْ مِيَاهِهِ إِلَى الْأَرَضِينَ الْبَعِيدَةِ عَنْ مَجْرَاهُ لِلسَّقْيِ**}.

واتە: (**یوم الزِّینة**) ڕۆژێک و جەژنێکی مەزن بووە لە لای قیبتییەکان کە بریتی بووە لە ڕۆژی شکاندنی کەنداوەکان، ئەو جۆگەلانەی کە هەڵیان بەستبوون، بناوانەکانیان دەشکاندن، بۆ ئەوەی ئاوەکە بچێتە نێو جۆگەلەکە و شاجۆکەکانەوە کە لەسەر ڕووباری نیل هەڵیان بەستبوون، بۆ ئەوەی ئەو ئاوەی لەو ڕووبارانە زیاد دەبێ، بە جۆگەلەکاندا بڕوات بۆ ئاودێریی.

ئەو ڕۆژە بۆنەیەکیان بووە لەبەر ئەوەی ژیانیان زیاتر لەسەر کشتوکاڵ بووە، کشتوکاڵەکەش زیاتر پەیوەست بووە بە ئاوی ڕووباری نیل، ئنجا لە ساڵێکدا ڕۆژێکیان هەبووە، دوای ئەوەی ڕووباری نیل زۆر هەڵساوەو هاتوە، ئاوەکانیان بە جۆگەکاندا بەرداوەتەوە.

دەشگونجێ یادو بۆنەیەکی دیکە بووبێ.

هەندێکیان گوتوویانە: (یوم النیروز) واتە: ڕۆژی نەورۆز، نەورۆزیش، یانی: ڕۆژێکی نوێ، کە سەرەتای ساڵە، هەرچەندە زۆر لە کوردان وا لێ حاڵیی بوون کە جەژنێکی تایبەتە بەوانەوە، بەڵام زۆر لە وڵاتانی دیکەو، زۆر لە گەل و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو میسرو تورک و زۆر لە گەلانی دیکەش ئەو جەژنەیان هەیە، کە بریتیە لە سەرەتای ساڵ، کە سەرەتای کەشی بەهارە.

٩)- ﴿وَأَن يُحْشَرَ ٱلنَّاسُ ضُحًى﴾، با خەڵکیش دەمەو چێشتەنگاو کۆبکرێنەوە و خڕبکرێنەوە، چونکە لەو کاتەدا وەک گوتمان: خۆر وردە وردە بەرەو نێوەڕاستی ئاسمان دەچێ، واتە: دنیا لەوپەڕی ڕوونیی و، ئاشکراییدا دەبێ.

١٠)- ﴿فَتَوَلَّىٰ فِرْعَوْنُ﴾، لێرەدا: ﴿فَتَوَلَّىٰ فِرْعَوْنُ﴾، بە مانای پشت تێکردنی فیرعەون نیە لە مووساو لە پەیامی مووسا، بەڵکو لەسەر مانا زمانەوانییەکەی خۆیەتی، ئەگەرنا پشتی تێکرد، ئەوە مانا خوازراوەکەیەتی و، مانای ئەصڵیی وشەی (تَوَلَّى)، واتە: ڕۆیشت، ڕۆیشت و لەو کۆڕو مەجلیسە کرد، بۆ کوێ ڕۆیی؟ بۆ ئەوەی مشووری کۆکردنەوەی جادووگەرەکان بخوات.

١١)- ﴿فَجَمَعَ كَيْدَهُۥ ثُمَّ أَتَىٰ﴾، پیلانەکەی خۆی کۆ کردەوە و دوایی هات، پیلانەکەشی بریتی بوو لەو جادووگەرانەی کە پیلانی فیرعەونیان جێبەجێ دەکرد.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿فَجَمَعَ كَيْدَهُۥ﴾، وێڕای کۆکردنەوەی جادووگەرەکان، ئەوەش دەگەیەنێ کە لەگەڵ کاربەدەستە گوێ لە مستەکانیدا، ڕاوێژی کرد بێ و تەگبیری کرد بێ و، کۆبوونەوەی کرد بێ کە چۆن ئەوە بکەن و چۆن بەرەنگاری مووسا ببینەوە، ئەوەش هەمووی کۆکردنەوەی پیلان و فێڵ دەیگرێتەوە.

١٢)- ﴿قَالَ لَهُم مُّوسَىٰ وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾، دوای ئەوەی کە هاتن ڕووبەڕووی مووسا بوونەوەو، جادووگەرەکانیان هێنا و، فیرعەون و دارو دەستەکەشی لەوێ بوون، مووسا پێی گوتن: ﴿وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾، هاوار بۆ ئێوە، سزای سەخت بۆ ئێوە، درۆ بە خواوە هەڵمەبەستن، کە ئەو موعجیزەیەی هێناومە بە

جادووی ناوزەد بکەن، یاخود من بە جادووگەر ناوزەد بکەن، یان نایین و بەرنامەی خوا، بە هەڵە دابنێن، یاخود پێتان وابێ فیرعەون پەرستراوە، یان پێتان وابێ خوا هاوەڵی هەبن، ئەوانە هەموویان درۆ هەڵبەستن بە ناوی خواوە، ئەوە مەکەن.

١٣)- ﴿ فَيُسۡحِتَكُم بِعَذَابٍ ﴾، ئەگەرنا (خوا) بە سزاو ئازارێک لەلایەن خۆیەوە بنبڕتان دەکات و، لە بەینتان دەبات، پێشتر گوتمان: **(أَسْحَتَ، وَسَحَتَ، وَسَحُتَ)** هەرسێکیان بە مانای **(إسْتَأصَلَ وَأَهْلَكَ)**، بنبڕی کردو، لە بەینی بردو، هیچی نەهێشت، کە مووسا دەفەرموێ: ﴿ وَيۡلَكُمۡ ﴾ دەگونجێ مەبەست پێی سزا بێ، واتە: هاوار بۆ ئێوە، سزای سەخت بۆ ئێوە.

دەشگونجێ مەبەست پێی سەرسوڕمان بێ، واتە: **(أعجب منكم)** سەرم لە ئێوە سوڕدەمێنێ، هەروەک پێغەمبەر ﷺ کە لە صوڵحی حودەیبییەدا یەکێک لە هاوەڵان کە مسوڵمان بوو، کافرەکان داوایان لە پێغەمبەر ﷺ کرد تەسلیمیان بکاتەوە، پێغەمبەر فەرمووی: **{وَيْلُ أُمِّهِ، مِسْعَرُ حَرْبٍ لَوْ كَانَ لَهُ أَحَدٌ}** **(أخرجه أبو داود: ٢٧٦٧، قال الألباني: صحيح)**.

واتە: سەرم لێ سوڕ دەمێنێ، چ دایکێک ئەوەی هێناوەتە دنیا، شەڕ هەڵگیرسێنێکی باشە، ئەگەر هاوکاری هەبن! دوایی دەستی کرد بە شەڕی پارتیزانیی و، کافرە قوڕەیشییەکان هاتن داوا و تەکلیفیان لە پێغەمبەر ﷺ کرد کە لە کۆڵیان بکاتەوە، پێشتریش دەیانگوت: نابێ پەنای بدەی!

١٤)- ﴿ وَقَدۡ خَابَ مَنِ ٱفۡتَرَىٰ ﴾، بە دڵنیایی بێمرادو بێ ئاکامە، کەسێک درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستێ، **(الخَيْبَةُ: الخُسْرَان، عَدَمُ نَيْلُ المرَاد)**، **(خيبة)** بریتیە لە زیانباریی، لە بە ئاوات نەگەیشتن و، ڕەنجەڕۆیی.

١٥)- ﴿ فَتَنَٰزَعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ ﴾، لە ئەنجامی ئەو قسانەی مووسادا، لە نێوان خۆیاندا، سەبارەت بە کارەکەیان ناکۆکییان تێکەوت، ناکۆکیی تێکەوتن و ڕاجیایی تێکەوتن، ئەوەی لێ وەردەگیرێ، هەندێکیان گوتوویانە: با بڕوایان پێ بێنین و، هەندێکیان

گوتوویانە: با لەگەڵیان ڕووبەڕوو نەبینەوە، ئەوانی دیکە ڕایان لەسەر ڕووبەڕوو بوونەوەو بەرەنگاربوونەوە بووە، ڕاجیایی ئەوەیە، هەڵبەتە ئەو قسەیەی مووسا وەک قومبەلەیەک بووە لە نێویاندا تەقیوەتەوەو، ڕاجیایی لە نێواندا پەیدا کردوون، کە پێشێ هەموویان یەک ڕا بوون، مووساو ئەوەی مووسا کردوویەتی بە جادووگەریان داناوە، بەڵام دوایی لە ئەنجامی قسەکەی مووسادا ﷺ ڕاجیاییان لە نێواندا پەیدا بووە.

١٦)- ﴿وَأَسَرُّواْ ٱلنَّجۡوَىٰ﴾، بە پەنهانیی قسەیان کرد، بە پەنامەکیی، (**النَّجْوَى: الحَدِيثُ السِّرِّي**)، قسەی پەنهان، چپە چپە، قسەی بە سرکە کردن، بە پەنهانیی پێکەوە قسەکردن.

١٧)- ﴿قَالُوٓاْ إِنۡ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ﴾، گوتیان: بە دڵنیایی ئەم دووانە دوو جادووگەرن، دیارە ئەمە جێگری گشتگیر (**بدل اشتمال**)ە، لە قسەی پێشێ کە دەفەرموێ: ﴿وَأَسَرُّواْ ٱلنَّجۡوَىٰ﴾، ئەو قسەیەی کە بە چپە چپ پێکەوە کردیان، بە پەنهانیی کردیان، بریتی بوو لەوەی کە گوتیان: ئا ئەم دووانە بە دڵنیایی دوو جادووگەرن.

ئەم ڕستەیە: ﴿إِنۡ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ﴾، (إِنْ) لێرەدا (**مخفَّفة**)یە، لە (**مثقَّلة**)ەو، بۆ تەئکیدەو (ل)کەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە ئەگەرنا (إِنْ) جارێ وایە بە مانای (**ما النافية**) هاتوە، بەڵام ئەم (ل)ە، دەکەوێتە سەر ئەو ناوەی کە لە دوایی دێ و جیاکەرەوەیەتی لە (إِنْ)ی (**نافية**)، هەڵبەتە خوێنراویشەتەوە: (**إِنَّ هَـذَانِ لَسَحِرَان**) بە دڵنیایی ئەم دووانە دوو جادووگەرن، ئنجا ئەگەر بخوێندرێتەوە: (إِنَّ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ)، زانایان دەڵێن: بێگومان (**إِنَّ**): (**تنصب الإسم وترفع الخَبَرَ**)، دەبێ بگوترێ: (**إِنَّ هَذَيَنِ لَسَحرانِ**)، بەڵام (إِنَّ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ) دەڵێن:

یەکەم: (إِنَّ: حرفٌ جوابٍ مِثل: نعم، وأجل) وەک لە شیعریشدا هاتوە:

وَيَقلنَ شيبٌ قد علاك .... وَقَدْ كَبُرت فَقُلْتَ إِنَّهْ

(**إِنَّهْ**) یانی: (**نعم**) پیاوێک ئافرەتان پێیان گوتوە: مووی سپی لە سەرتدا پەیدا بووە، کەوتوویە تەمەنەوە، منیش گوتم: بەڵێ، (**إِنَّهْ**) لێرەدا یانی: (**نعم**)، کەواتە: ﴿إِنَّ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ﴾ یانی (**نعم أو أجل** هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ) لە زمانی عەرەبییدا ئەمە هەیە.

دووەم: (**إنَّ حرف تأكيد**)، ئیعرابی ناوەکەشی: ﴿إِنۡ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ﴾، ئەمە بە پێی زار(**لهجة**)ی (**كِنانة وبني حارث وخثعم**)ە، کە ئەوان (**مُثَنَّى**) لە حاڵەتی (**رفع**)و حاڵەتی (**نصب**)و حاڵەتی (**جَرّ**)دا، هەر بە (**ألف**) دێنن و، ئەو دێڕە شیعرەشیان بە نموونە هێناوەتەوە:

إنَّ أباها وَأبا أباها   قد بلغا في المجد منتهاها
بابی ئەو ئافرەتەو بابی بابیشی   لە شکۆ و بەرزییدا، گەیشتوونەتە ئەو پەڕی

لێرەدا (**إنَّ أباها**)، (**منصوب**)ە، (**أبا أباها**) دەبێ بڵێی: (**وأبا أبيها**) لەبەر ئەوەی کە دەبنە (**مضاف، ومضاف إليه**) بەڵام لە زمانی عەرەبییدا ئەوەش هەر هەیە.

هەڵبەتە هەندێک لە زانایان قسەی دیکەشیان کردوە، بەڵام ئەو دووانە لە هەموویان بەهێزترن و، وەک (**محمد الطاهر بن عاشور**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا هەڵیبژاردوەو، لە تەفسیرەکانی دیکەشدا مشت و مڕی زۆر لە بارەی چۆنیەتی خوێندنەوەی ئەو ڕستەیەوە کراوە، بەڵام زمانی عەرەبیی زمانێکی فراوانەو، وەک ئێستا خەڵک پێی ڕاهاتوون مەرج نیە، تەنیا ئەو چەند زار(**لهجة**)ەی بووبن و، چەندان بنچینەی بوون، کە قورئان جار جار هەندێک لە ئایەتەکانی، هەندێک لەو بنچینانەی دیکە کە لە زمانی عەرەبیدا بوون، بەڵام زۆر باو نین، زیندووی کردوونەوە ئاماژەی پێداون.

١٨)- ﴿يُرِيدَانِ أَن يُخۡرِجَاكُم مِّنۡ أَرۡضِكُم بِسِحۡرِهِمَا﴾، ئا ئەو دووانە، ئەو دوو جادووگەرانە دەیانەوێ لەسەر زەمینی خۆتان، بە جادووەکەیان وەدەرتان بنێن.

١٩)- ﴿وَيَذۡهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ ٱلۡمُثۡلَىٰ﴾، دەشیانەوێ ڕێبازە هەرە پەسندو چاک و ناوازەکەتان لە بەین بەرن، پێشتریش ئاماژەم پێدا: ڕێبازە هەرە پەسندو چاکەکەیان چۆنەو چییە؟ ئەوە بووە کە فیرعەونیان بە پەروەردگارو بە پەرستراوی خۆیان داناوەو، فیرعەون بە چاوی کۆیلەو خزمەتکارو ژێر دەست و بەردەست، تەماشای خەڵکەکەی کردوە.

(الطَّرِيْقَةُ: السنَّة وَالعَادَة)، (طَرِيقَة) بریتیە لە ڕێباز و لە نەرێت، (مُثْلَى: مُؤَنَّثُ الأَمثَلِ، الأمثل يعني: الأحسن والأفضل)، کەواتە: (مُثْلى)ش بە باری مێینەکەیدا، بە مانای باشترین و چاکترین، دێ، دیارە وشەی (أمثل ومُثلى) هەردووکیان (اسم تفضيل)ن، لە (مِثالَة)ەوە هاتوون، (المِثالةُ: هي حُسنُ الحالَة) حاڵەت باشیی.

٢٠)- ﴿ فَأَجْمِعُوا۟ كَيْدَكُمْ ﴾، پیلان و فێڵەکەتان کۆبکەنەوە، واتە: هەمووی با پێکەوە بێ و، ڕێک بێ و ڕێکی بخەن.

٢١)- ﴿ ثُمَّ ٱئْتُوا۟ صَفًّا ﴾، دوایی خۆتان وەرن ڕیز ڕیز، واتە: جادووگەرەکان، کە وەک گوتم: بە پێی هەندێک قسان دەڵێن: سەدان یان هەزاران کەس بوون، هەمووتان ڕیز بن و بە ڕیز بوەستن، هەیبەتی زیاترە سوپایەک کە هەمووی پێکەوە ڕیز دەبێ، ڕیز ڕیز لە کوێ و لە کوێش کە تێکەڵ و پێکەڵ بن، وەک ماش و برنج تێکەڵ بن، بێسەرو بەربن، هەیبەت و هێز و پێزیان نابێ.

وشەی (صفاً) دەڵێ: (مصدرٌ بمعنى الفاعل، أي صافّين)، ڕیز بووبن، یاخود هەر چاوگە بە مانای (مفعول)ە، یانی: (مصفوفين)، ڕیزکراو بن، خۆتان ڕیز بەستووبن، یاخود ڕیز کراوبن.

٢٢)- ﴿ وَقَدْ أَفْلَحَ ٱلْيَوْمَ مَنِ ٱسْتَعْلَىٰ ﴾، بە دڵنیایی سەرفرازە هەر کەسێک ئەمڕۆ سەرکەوێ، مەبەست لە (أَفْلَحَ) سەرفرازیی، سەرفرازیی دنیایە، واتە: بە ئامانج گەیشتوە و بە مراد گەیشتوە، هەر کەسێک کە ئەمڕۆ بیباتەوە و براوەو سەرکەوتوو بێ.

کەواتە: ئێوەش چۆن سەرکەوتن و زاڵ بوون بەسەر مووساو هاڕووندا، مسۆگەرو دەستەبەر دەبێ، بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن، بەڵام ئەوەی لە لای بەندە خەیاڵە، لە لای خوا بەتاڵە، کە لە سەرەنجامی کارەکەدا ڕووبەڕوو دەبنەوە، ئەوە دەبێ کە جادووگەرەکان هەرچی کە کردوویانە بە جادوو، گۆچانەکەی مووسا ﵇ هەموویان هەڵدەلووشێ و، قووتیان دەدات و، سەرەنجام جادووگەرەکان بڕوا دێنن.

مەسەلەی دووەم:

سەرپشک کردنی جادووگەرەکان بۆ مووسا، کە ئەو یان ئەوان پێشێ شتی خۆیان بهاوێژن و، پێش خستنی مووسا بۆیان و، هاتن و چوونی گۆچان و پەتەکانیان لەبەر چاوی مووساو، ترس ڕێ نیشتنی و، دڵنیا کرانەوەی لە لایەن خواوە، کە هەر ئەو سەرکەوتوویە و، با گۆچانەکەی بهاوێ! تاکو گۆچان و پەتەکانی ئەوان کە بە جادوو خستوویانەتە بەر چاوی خەڵک: هەموویان مارن و دەڕۆن، هەموویان هەڵلووشێ و قووتیان بدات.

خوا دەفەرمووێ: ﴿قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَلۡقَىٰ ﴿٦٥﴾ قَالَ بَلۡ أَلۡقُواْۖ فَإِذَا حِبَالُهُمۡ وَعِصِيُّهُمۡ يُخَيَّلُ إِلَيۡهِ مِن سِحۡرِهِمۡ أَنَّهَا تَسۡعَىٰ ﴿٦٦﴾ فَأَوۡجَسَ فِي نَفۡسِهِۦ خِيفَةٗ مُّوسَىٰ ﴿٦٧﴾ قُلۡنَا لَا تَخَفۡ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴿٦٨﴾ وَأَلۡقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلۡقَفۡ مَا صَنَعُوٓاْۖ إِنَّمَا صَنَعُواْ كَيۡدُ سَٰحِرٖۖ وَلَا يُفۡلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيۡثُ أَتَىٰ ﴿٦٩﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ﴾، گوتیان: ئەی مووسا! بانگیان کرد! کێ بانگی کرد؟ بێگومان جادووگەرەکان کە لەگەڵ مووسادا عليه السلام ڕووبەڕوو بوونەوە و بەرەنگاری یەک بوونەوە، جادووگەرەکان بە گۆچان و گوریس و پەتەکانیان و، مووساش عليه السلام بە گۆچانەکەی کە بە دەستی ڕاستییەوە گرتوە، بانگیان کرد ئەی مووسا!.

٢)- ﴿إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ﴾، یان دەبێ تۆ پێشێ فڕێ بدەی و بهاوێی، واتە: ئەوەی کە بەدەستتەوەیە، گۆچانەکەت.

٣)- ﴿وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَلۡقَىٰ﴾، یان ئێمە دەبێ یەکەم کەس بین کە دەهاوێین، لە سوورەتی (الأعراف)دا، بەم شێوەیە هاتوە: ﴿قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن

نَّكُونَ نَحۡنُ ٱلۡمُلۡقِينَ (١١٥) ﴾، گوتیان: ئەی مووسا! یان تۆ دەهاوێی (گۆچانەکەت، فڕێ دەدەی و دەیهاوێی) یان ئێمە هاوێژەر دەبین، فڕێدەر دەبین، یانی: سەرەتا.

٤)- ﴿ قَالَ بَلۡ أَلۡقُواْ ﴾، گوتی: بەڵکو ئێوە فڕێ بدەن، لە ئایەتی (١١٦)ی سوورەتی **(الأعراف)**دا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ أَلۡقُواْ ﴾، گوتی: ئێوە فڕێ بدەن، هەر هەمان مەبەست دەگەیەنێ، بەڵام بە تەعبیرێکی کورتتر.

٥)- ﴿ فَإِذَا حِبَالُهُمۡ وَعِصِيُّهُمۡ يُخَيَّلُ إِلَيۡهِ مِن سِحۡرِهِمۡ أَنَّهَا تَسۡعَىٰ ﴾، دوای ئەوەی جادووگەرەکان ئەو پەت و گوریسانەی کە پێیان بوون و، ئەو گۆچانانەی پێیان بوون، فڕێیاندان، دوای ئەوەی هەندێ قسەیان کردوە و جادوویان لێخوێندوە، یەکسەر ئەو پەت و گوریس و گۆچانانەیان وا هاتە بەرچاوی مووسا، کە دێن و دەچن و دەڕۆن، لە سوورەتی **(الأعراف)** دا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّآ أَلۡقَوۡاْ سَحَرُوٓاْ أَعۡيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسۡتَرۡهَبُوهُمۡ وَجَآءُو بِسِحۡرٍ عَظِيمٍ (١١٦) ﴾، دوای ئەوەی فڕێیان دان، جادوویان لە چاوی خەڵک کردو ترساندنیانن و جادوویەکی مەزنیان ئەنجامدا.

٦)- ﴿ فَأَوۡجَسَ فِي نَفۡسِهِۦ خِيفَةً مُّوسَىٰ ﴾، مووسا لە دەروونی خۆیدا، ترسی بۆ پەیدابوو، ترسی پەنهان کرد، **(أوجس: أي أَضْمَرَ، أَخْفَى)**، واتە: پەنهانی کردو شاردیەوە، زانایان لەو بارەوە کە ئایا مووسا بۆچی لە دەروونی خۆیدا ترسی ڕێ نیشتوەو، هۆکارەکەی چی بووە؟ ڕاجیاییان هەیە، کە دەفەرموێ: ﴿ فَأَوۡجَسَ فِي نَفۡسِهِۦ خِيفَةً مُّوسَىٰ ﴾، مووسا لە دەروونی خۆیدا ترسی ڕێ نیشت، ترسی بۆ پەیدابوو! کەواتە: ترسەکە لەسەر ڕواڵەت و دەم و چاوی دەرنەکەوتوەو تەنها لە دەروونیدا هەستی پێکردوەو، پەنهانی کردوە.

أ- هەندێکیان دەڵێن: مووسا لەوە ترساوە کە جادووگەرەکان زۆر بوون و، پەت و گوریس و گۆچانەکانیشیان زۆر بوون، بە هۆی زۆرییەوە کە هی ئەویش یەک گۆچان بووە، ترساوە لەوەی کە جادووەکەی ئەوان زاڵ بێ.

ب- هەندێک دەڵێن: لەوە ترساوە کە خەڵک پێیان هەڵخەڵەتێ، بێگومان ئەو مانایەی دووەمیان ڕێکترە، بە بۆچوونی من، مووسا لەوە نەترساوە، جادووی ئەوان بەسەر

موعجیزەی ئەودا زاڵ بێ، بەڵکو لەوە ترساوە کە خەڵک فریو بخۆن و پێیان وابێ کە ئەو جادووەش وەک ئەو موعجیزەیە، یان لەو موعجیزەیە گرنگترەو، سەرەنجام پێغەمبەرایەتیی مووسایان لەگەڵ جادووگەریەتیی جادووگەرەکاندا، لێ تێکەڵ بێ و، بەهۆیەوە سەریان لێ بشێوێ.

وشەی (خِيفَةً) دەڵێ: **(إسم الهيئةِ مِن الخوفِ)**، یانی: ترسێکی ڕێ نیشت، ترسێکی تایبەت کە وەک گوتم: مەبەست پێی ترسی هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بووە، ئەوە کە جادوو و موعجیزەیان لێ تێکەڵ بن.

٧)- ﴿قُلۡنَا لَا تَخَفۡ﴾، پێمان گوت: مەترسێ! دیارە خوای پەروەردگار ڕاستەوخۆ پێی فەرمووە، یاخود خستوویەتە نێو دڵی و ئیلهامی بۆ کردوە، گرنگ ئەوەیە خوای پەروەردگار لەو کاتەدا ئەو پەیامەی خۆی پێ گەیاندوە.

٨)- ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡأَعۡلَىٰ﴾، بە دڵنیایی تۆ بەرزی! هەر تۆ لەسەرێ دەبی و زاڵ و سەرکەوتوو دەبی!

٩)- ﴿وَأَلۡقِ مَا فِي يَمِينِكَ﴾، ئەوەش کە بە دەستی ڕاستەوەیە، بیهاوێ، لە سوورەتی **(الأعراف)** ئایەتی (١١٧)دا، خوای زاناو توانا دەفەرموێ: ﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَلۡقِ عَصَاكَ﴾، سروشمان بۆ لای مووسا کرد کە گۆچانەکەت بهاوێ، لێرەدا دەفەرموێ: ئەوەی کە بە دەستی ڕاستەوەیە بیهاوێ! ئەوەش کە بە دەستی ڕاستیەوە بوو، گۆچان بوو، کەواتە: هەر یەک واتایان هەیە.

١٠)- ﴿تَلۡقَفۡ مَا صَنَعُوٓاْ﴾، هەرچی کە کردوویانە، هەڵیدەلووشێ و، قووتی دەدات، **(تَلْقَفُ: أي تَبْلَعُ)**، **(اللَّقْفُ: الأخذ بسُرْعة وَمهَارَة بالفم أو اليَدِ)**، **(لقف)** بریتیە: لە گرتنی شتێک بە خێرایی و بە لێزانیی، بە زار یان بە دەست.

﴿تَلۡقَفۡ﴾، کە بە جەزم هاتوە، خوێندنەوەیەکی دیکەشی هاتوە: **(تَلْقَفُ مَا صَنَعُوا)**، واتە: قووتی دەدات، ئەوەی بە کارامەیی کردوویانە، بەڵام ئەگەر:

﴿ تَلْقَفْ ﴾بێ، یانی: با یەکسەر قووتی بدات، ئەوەی کە جادووگەرەکان بە کارامەیی و، لێزانیی ئەنجامیان داوە.

لە سوورەتی (**الأعراف**)دا دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ ﴿١١٧﴾ ﴾، واتە: کاتێک گۆچانەکەت فڕێ دەدەی، یەکسەر هەرچی بە درۆ هەڵیانبەستوە، قووتی دەدات، لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ مَا صَنَعُوٓاْ ﴾، واتە: بە لێزانیی کردوویانە، کەواتە: ئەوەی بە لێزانیی کردوویانە، درۆیەک بووە هەڵیانبەستوە، چونکە گۆچان و گوریس و پەتەکانیان مار نەبوون، بەڵکو چاو بەستیان لە خەڵک کردوە و چاوی خەڵکیان فریوو داوە.

١١)- ﴿ إِنَّمَا صَنَعُواْ كَيْدُ سَٰحِرٍ ﴾، بێگومان ئەوەی کە بە لێزانیی و وردەکاریی ئەنجامیان داوە، فێڵ و پیلان و چاو بەستیی جادووگەرە.

١٢)- ﴿ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ﴾، جادووگەریش لە هەر شوێنێکەوە هاتبێ، یان لە هەر ڕێیەکەوە بێ، یان لە هەر حاڵێکدا بێ، سەرفراز نابێ و سەرکەوتوو نابێ.

ئەم ڕستەیە وەک خوێنراوەتەوە: ﴿ إِنَّمَا صَنَعُواْ كَيْدُ سَٰحِرٍ ﴾، ئەوەی کە ئەنجامیان داوە، بریتیە لە فێڵی جادووگەرانە، خوێنراویشەتەوە: (**إِنَّمَا صَنَعُوا كَيْدَ سَاحِرٍ**) ئەوە فێڵی جادووگەرە کە ئەنجامیان داوە، واتە: (**كَيْدَ**) دەبێتە بەرکار (**مفعول بە**)ی (**صَنَعُوا**)، کە دەفەرموێ: (**إِنَّمَا**)، ئەوە لە ئەسڵ دا بەسەریەکەوە نیە، هەرچەندە بەسەریەکەوە نووسراوە، بەڵکو لە ئەسڵ دا (**إِنْ مَا**)یە، یانی: بە دڵنیایی ئەوەی کردوویانە، کە (**إِنَّ**) بۆ جەختکردنەوەیەو (**ما**)یەکەش (**موصولة**)ەیە، واتە: بە دڵنیایی ئەوەی کە ئەنجامیان داوە.

کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا صَنَعُواْ كَيْدُ سَٰحِرٍ ﴾، یان (**كَيْدَ سَاحِرٍ**)، بە نەناسراویی (**نكرة**) هێناویەتی، واتە: ئەوەی کە ئەنجامیان داوە، فێڵی جادووگەرێکە، بۆ کەم بایەخیی، بەڵام دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ ﴾، کە (**أل**)ی ناساندن (**تعریف**)ی لەسەرە (**السَّاحِر**)، واتە: جادووگەر هەرچەندە زۆر تەڕ دەست و

کارامە بێ، هەر سەرفراز نابێ، ئەوەش کە کراوە، فێڵی جادووگەرێکی کەم بایەخە، بەڵام جادووگەر هەرچەندە زۆر کارامە و شارەزاش بێ، هەر سەرفراز نابێ، یان (السّاحر)، (ألْ)ـەکەی بۆ ناساندن (تعریف) نیە، بەو واتایەی کە جادووگەرێکی کارامە و شارەزا بێ، بەڵکو بۆ جینسە، واتە: کۆی جادووگەرەکان سەرفراز نابن.

هەروەها کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ﴾، واتە: (أي: لاَ يَنْجَحُ السَّاحِر حَيْث كَانَ، لأنَّ صُنْعَتَهُ تَنْكَشِفُ بالتَّأمُّلِ وَثبَاتِ النَّفْسِ)، واتە: بابای جادووگەر هەر کەسێ بێ، هەر سەرفراز و سەرکەوتوو نابێ، چونکە کارەکەی کە ئەنجامی داوە، بە تێڕامان و چەسپاویی دەردەکەوێ، کە هیچ نیە، بەڵکو فێڵ و چاو بەستە.

کە دەفەرموێ: ﴿حَيْثُ أَتَىٰ﴾، وشەی: ﴿أَتَىٰ﴾، بۆیە هەڵبژێردراوە، نەک خوا بفەرموێ: (حَيْثُ كَان)، هەر کەسێک بێ! بەڵکو فەرموویەتی: ﴿حَيْثُ أَتَىٰ﴾، تاکو هەموو ئەو جادووگەرانەی لەملا و لاوە هێنراون، بگرێتەوە، چونکە: ﴿فَأَرْسَلَ فِرْعَوْنُ فِي ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ ۝٥٣﴾الشعراء، فیرعەون جاردەرانی ناردن بۆ شارەکان، واتە: ئەو جادووگەرانە لە هەر چوار لای وڵاتەکەیەوە کۆکراونەوە، ئنجا خوا دەفەرموێ: جادووگەر لە هەر شوێنێکەوە هاتبێ، هەر سەرفراز نابێ، چونکە هەر یەکەیان لە شوێنێکەوە هاتبوون.

کە ددفەرموێ: ﴿وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ﴾، ئەوەی کە بە دەستی ڕاستتەوەیە فڕێی بدە! واتە: ئەوەی کە بە دەستی ڕاستییەوەیە تەنیا گۆچانێکە، بەڵام خوا دەیگۆڕێ بۆ شتێکی دیکەی زۆر گەورەو مارێکی ڕاستەقینەش دەبێ، نەک وەک هی جادووگەرەکان، کە تەنیا لەبەر چاوی خەڵک ببێتە مارو بکەوێتە بەر خەیاڵیان و چاو بەستیان لێ بکرێ، هەر بۆیەش جادووگەرەکان دواتر بە کڕنووشدا دەکەون، چونکە ئەوان دەزانن ئەوەی مووسا کردی، تەنیا چاوبەست و کارکردنە

سەر خەیاڵ و ئەندێشەی خەڵکی نیە، بەڵکو بەڕاستیی حەزیایە و هەموو گۆچان و گوریسەکان هەڵدەلووشێ و قووتیان دەدات و نامێنن.

کەواتە: ئەوە کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ ﴾، واتە: ئەوەی کە بە دەستی ڕاستتەوەیە، تەنیا گۆچانێکی ڕووت نیە، واتایەکی دیکەشی ئەوەیە: ئەوەی بە دەستی ڕاستتەوەیە، تەنیا گۆچانێکی ڕووتە، بەڵام خوا دەیکات بە شتێکی زۆر گەورە.

پێناسەی جادوو و چوار جۆرەکەی

هەڵبەتە جادوو (سحر)، پێشتر ئێمە لە سوورەتی (البقرة)دا، لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەلمان لەسەر کردوە، بە گوێرەی ئەوە کە لەگەڵ قەبارەی ئەو تەفسیرەدا بگونجێ، بەڵام لێرەش پێناسەیەکی سادەی دەکەینەوە، لە (المعجم الوسيط)دا، لاپەڕە: (٤١٩)، دەڵێ:

(**السِّحْرُ: كُلّ أَمْرٍ يَخْفَى سَبَبُهُ وَيَتَخيَّل عَلى غَيْر حَقِيْقَتِهِ، وَيَجْرِي مَجْرَى التمويه وَالخِدَاعِ، والسِّحرُ: كُلُّ مَا لَطُف ماخذه وَدَقَّ**)، واتە: جادوو: بریتیە لە هەر کارێک کە هۆکارەکەی پەنهان بێ و، بە شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی دەرنەکەوێ و بە شێوەیەکی دیکە دەربکەوێ و، بچێتە حاڵەتی فێڵ لێکردن و چاو بەست، هەروەها جادوو بە هەر شتێک دەگوترێ: کە وردو پەنهان بێ و خەڵک بە ئاسانیی لێی تێ نەگات.

جادوو، زانایان و شارەزایان بە گشتیی کردوویانە بە چوار جۆر:

١)- بریتیە لە چاوبەست و تەڕدەستیی (شعوذة)، ئەمەش جۆرێکە لە فریودانی چاوی خەڵک و فێڵ لێکردنیان.

٢)- جۆرێکی دیکەی بە هۆی تایبەتمەندییە فیزیایی و کیمیاییە نەزانراوەکانەوە بۆ زۆربەی خەڵک ئەنجام دەدرێ، بۆ وێنە: میزەڵدان (دەبدەبە)، کە جۆرە گازێکی تایبەتی تێدەکرێ، دەبینین بەرز دەبێتەوە بە پێچەوانەی هێزی کێشندەوە.

٣)- هێزە پەنهانەکانی مرۆڤ لە پشتیەوەن، واتە: مەرج نیە جادوو بێ بەو واتایە کە نەزانرێ چۆنە، بەڵام هێزە پەنهانەکانی مرۆڤ، وەک ئەوەی کە هیندۆسییەکان، یان بووداییەکان، دوای

ئەوەی کە زۆر کار لەسەر ڕووح و لایەنی پەنهانی خۆیان دەکەن، هەندێ شتی سەرسوڕهێنەر ئەنجام دەدەن.

٤)- جۆری زۆر باوی جادوو، بریتیە لەوەی بە هاوکاریی شەیتانەکان ئەنجام دەدرێ، کە ئەوە جادووی ڕاستەقینەیە، بەڵام ئەوانی دیکە دەچنە شێوەی جادووەوە، بە جادوو لە قەڵەم نادرێن و زۆر کەسیش بە جادوویان تێ دەگات.

مەسەلەی سێیەم:

کڕنووش بۆ خوا بردنی جادووگەرەکان و هەڵگەڕانەوەیان لە فیرعەون و، بڕواهێنانیان بە خوای پەروەردگارو، گلەیی لێکرانیان لە لایەن فیرعەونەوە، کە بۆچی بێ مۆڵەتی وی بڕوایان هێناوەو، هەڕەشە لێکرانیان لە لایەن فیرعەونەوە بە دەست و لاقی ڕاست و چەپ بڕینیان و، هەڵواسینیان بە قەدی دارخورمایانەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَأُلْقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدًا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ ﴿٧٠﴾ قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ ۖ إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِى عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ ۖ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِى جُذُوعِ ٱلنَّخْلِ وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَىٰ ﴿٧١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ فَأُلْقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدًا ﴾، جادووگەرەکان بە کڕنووشدا خران، پیتی (ف) لێرەدا کە چۆتە سەر (ألقِی) بۆتە ﴿ فَأُلْقِيَ ﴾، (الفاء عاطفة على محذوف يدلّ عليه قوله: ﴿ وَأَلْقِ مَا فِى يَمِينِكَ ﴾)، ئەم (ف)ایە ئەو ڕستەیە، با دەداتەوە و دەیگرێتەوە سەر شتێک کە قرتێنراوە، بەڵام فەرمایشتی خوا کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَلْقِ مَا فِى يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوٓاْ ۖ إِنَّمَا صَنَعُواْ كَيْدُ سَٰحِرٍ ۖ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ﴾، دەیگەیەنێ، واتە: دوای ئەوەی خوا فەرمانی بە مووسا کرد، گۆچانەکەت بهاوێ، گۆچانەکەی هاویشت! بوو بە مارێکی گەورە و لەو مەیدانەدا هاتووچوو، هەموویان ترسیان ڕێنیشت و، دوایی دەستیکرد بە هەڵلووشین و قووتدانی هەموو ئەو پەت و گوریسانەی کە لەبەر چاوی خەڵک کرا بوون بە مار، هەموویانی قووتدا، ئنجا دوای ئەوە: ﴿ فَأُلْقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدًا ﴾، ئەم (ف)یە ئەو ڕستەیە دەباتەوە بۆ ئەوانەی پێشێ، کە ڕەوتەکە دەلالەتی لەسەر دەکات و، خوای پەروەردگار قرتاندوونی لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە عەقڵ و سەلیقە و ڕەوت دەیانزانێ، کەواتە: ﴿ فَأُلْقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدًا ﴾، جادووگەرەکان بە کڕنووش داخران، دیارە بە بکەر

نادیار (**مجهول الفاعل**)، هێناویەتی، چونکە (**أُلقي**): یانی: خرانە سەر زەوی، ئنجا بۆیە پاڵدراوەتە لای بکەری نادیار، چونکە ئەوان کەس نەبووە بیانخاتە سەر زەوی و، خۆیان خۆیان خستۆتە سەر زەوی.

بەڵام پێم وایە باشتر وایە بگوترێ: بۆیە خوای بێ وێنە هەم لێرەو، هەم لە چەند شوێنێکی دیکەی قورئاندا، بەو جۆرە هێناویەتی: واتە: جادووگەرەکان لە بەرانبەر ئەو موعجیزە گەورەیەی مووسادا ﷺ ویستی ئازادانەی خۆیان لە دەستداو، بەبێ ئەوەی خۆیان بیانەوێ، بە کڕنووشدا کەوتن و، بە کڕنووش داخران.

٢)- ﴿ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ ﴾، گوتیان: بڕوامان بە پەروەردگاری هاڕوون و مووسا هێنا، هەڵبەتە خوا تەنیا پەروەردگاری هاڕوون و مووسا نیەو، هی هەموو شتێکە و هەموو کەسێکە، بەڵام بۆیە لێرەدا جادووگەرەکان تەنیا پاڵیان داوەتە لای هاڕوون و مووسا، ئەو دوو پێغەمبەرە پایە بەرزە، چونکە لە نێو میصرییەکاندا، خوا تەنیا بەوەی کە پاڵدرابێتە لای شتێک، یان لای کەسانێک، ناسراوە، واتە: ئەو پەروەردگارە، خوایە ﷻ، کە خاوەن و مشوورخۆرو پەروەردەکەری هاڕوون و مووسایە.

ئنجا بۆچی هاڕوون پێش خراوە، بەڵام لە سوورەتی (**الأعراف**)دا دەفەرموێ: ﴿ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ١٢٢ ﴾، پەروەردگاری مووسا و هاڕوون؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە (و) تەنیا بۆ کۆکردنەوەی دوو شتانە پێکەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕیزبەندیی کە کامیان لە پێش کامیانەوەیە، واتە: چ هاڕوون پێش مووسا بخرێ، چ مووسا پێش هاڕوون بخرێ، هەر یەکە.

دەشگونجێ جادووگەرەکان هەندێکیان گوتبیان: ﴿ بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ ﴾، هەندێکیشیان گوتبیان: ﴿ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴾، واتە: جادووگەرەکان زۆر بوون، هەندێکیان هاڕوونیان پێش خستبێ، کە تەمەنی گەورەتر بووە لە مووسا، هەندێکیشیان مووسایان پێش خستبێ، چونکە ئەو لە ئەسڵ دا گەیەنەرو پەیامبەری خوا بووە.

٣)- ﴿قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ﴾، ﴿قَالَ﴾، مەبەست پێی فیرعەونە، کە دەڵێ: ﴿ءَامَنتُمْ لَهُۥ﴾، بە سەرسوڕمانەوە! ئەوە بڕواتان هێنا پێش ئەوەی مۆڵەتتان بدەم؟ ئنجا ئایا لێرەدا بۆچی دەڵێ: ﴿ءَامَنتُمْ لَهُۥ﴾، بۆچی نالێ: (آمنتم به)؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: **(آمن به)**، واتە: بڕوای پێهێنا! بەڵام **(آمن له)** واتە: لەبەر وی بڕوای هێنا، هەر هەمان واتای هەیە، بەڵام (آمن له) واتە: **(حصل عنده إيمانٌ لأجله)**، واتە: ئایا ئێوە لەبەر مووسا ئیمانتان هێنا، پێش ئەوەی مۆڵەتتان بدەم؟ وەک پێشتر گوتمان: کە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ طَغَىٰ﴾، بێگومان فیرعەون سەر کێشیی و سنوور شکێنییەکەی لە ڕادەبەدەر بووە، لێرەدا دەڵێ: ئێوە بۆتان نیە بڕوا بێنن، بێ ئەوەی مۆڵەت لە من وەربگرن، دەبێ دەرگای عەقڵی خۆتان دابخەن هەتا من مۆڵەتتان نەدەم، نەیکەنەوە، هەروەها دەرگای دڵی خۆتان دابخەن و هەتا من مۆڵەتتان نەدەم، نەیکەنەوەو، نابێ بهێڵن هیچ شتێ بچێتە دڵتانەوەو، هیچ شتێ بچێتە عەقڵتانەوە، هەتا من مۆڵەتتان نەدەم! کە ئەوە شتێکی زۆر پێچەوانەی سروشتی مرۆڤ و مەنتیقە، بەڵام دیکتاتۆرو تاغووتەکان کە لە خوا دوور دەکەونەوە و یاخیی دەبن، لە حوکمی عەقڵ و مەنیتق و زگماک دەردەچن.

٤)- ﴿إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِى عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ﴾، فیرعەون تۆمەتباریان دەکات، هەم ئەوان تۆمەتبار دەکات، کە ئێوە قوتابی و شاگردی مووسا بوون، هەم مووسا تۆمەتبار دەکات جارێکی دیکە، کە ئەوە مامۆستای ئەو جادووگەرانە بووە، ﴿إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِى عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ﴾، بە دڵنیایی ئەو گەورەکەتانە کە فێری جادووی کردوون، مامۆستاو گەورە و شارەزاتانە، واتە: ئێوەی فێری جادوو کردوە! بەڵام هەندێ لە بەشەکانی جادوو و، هەندێ لە هونەرەکانی جادووی لە لای خۆی هێشتۆتەوە، تاکو هەر کات لەگەڵی ڕووبەڕوو بوونەوە، بەسەرتاندا زاڵ بێ، بۆیەش بەسەرتاندا زاڵ بووە، ئەگەرنا هی هەردووکتان هەر جادوویە.

٥)- ئنجا هەڕەشەیان لێ دەکات: ﴿فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ﴾، بە دڵنیایی دەستتان و لاقتان بە پێچەوانەوە ددبڕم، **(التَقْطِيعُ: شِدَّةُ القَطْعِ)**، **(لأُقَطِّعَنْ)** کە دەیتوانی بڵێ: (لأَقْطَعَنَّ)، بەڵام **(أقَطِّعَنَّ: قَطَّعَ، يُقَطِّعِ، تَقْطِيعاً، وَقَطَعَ، يَقْطَعُ، قَطْعَاً)**، **(تقطيع)**: بڕیتیە لە زۆر بڕین و بڕینی سەختی شتێک.

وشەی: ﴿ مِّنْ خِلَٰفٍ ﴾، **(أي مـن جانبـيْن مختلفـيْن)**، لـە دوو لای پێچەوانـەوە، وە دەسـتی ڕاسـت و، لاقـی چـەپ، یاخـود دەسـتی چـەپ و لاقـی ڕاسـت! بـەڵام بـە زۆری وا بـووە کـە دەسـتی ڕاسـت و لاقـی چـەپ بـڕدراون.

٦)- ﴿ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِي جُذُوعِ ٱلنَّخْلِ ﴾، بە قەدی دارخورمایانتانەوەش دەتانبەستم، دەڵێ: **(التَّصلیبُ: مُبَالَغَة فـي الصَّلب)**، (صلب): واتە: هەڵواسین و شەتەک دان و، بەستنەوەی کەسێک بە شوێنێکەوە، بەڵام (تصلیب) زێدەڕۆیی تێدایە.

وشـەی: ﴿ جُذُوعِ ﴾، کـۆی (جـذع)ە، واتـە: قـەدی دارخورمـا یـان قـەدی هـەر درەختێـک، کـە دەڵـێ: ﴿ فِي جُذُوعِ ٱلنَّخْلِ ﴾، ناڵـێ: **(عَـلى جُـذُوعِ النُّخْـلِ)**، واتـە: بـە قـەدی دارخورمایەکانتانـەوە دەتانبەسـتم، نـەک بەسـەر گلۆفکـی دارخورمایەکانـەوە بـن و، لـە نێـو لـق و پۆپیانـدا ون بـن، چونکـە دارخورمـا قەدەکـە ڕووتەنـەو لـق و پۆپـی پێوەنیـن تاکـو سـەرێ، ئنجـا کەسـێک بـە قـەدی دارخورمایـەوە ببەسـترێ، زۆر جـوان دیـارەو هەمـوو کـەس دەیبینـێ، چونکـە مەبەسـتی ئـەوە بـووە خۆیـان زۆر بـە نارەحەتییـەوە بکـوژێ و، خەڵکیشـیان پـێ تەمبـێ خـواردوو چاوترسـاو بـکات، بۆیـە تەعبیـری (فــي) بەکارهاتـوە، واتـە: ئـەو کەسـە چۆتـە نێـو قـەدی دارخورمایەکـەوە، چونکـە کەسـێ بـە شـتێکەوە شـەتەک درا، وەک ئەوەیـە بووبێتـە بەشـێک لـەو شـتە.

٧)- ﴿ وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَىٰ ﴾، (ل) یان بۆ سوێند (قسم)ە، یان ڕێخۆشکەرە بۆ سوێندو (ن)یش بۆ تەئکیدە، ﴿ وَلَتَعْلَمُنَّ ﴾، بە دڵنیاییەوەش دەزانن، بە مسۆگەریی دەزانن، ﴿ أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَىٰ ﴾، کاممان سزای سەختترە و سزایەکەشی بەردەوامترە، ﴿ أَيُّنَآ ﴾ **(أَیُّنَآ: إستفهام عَنْ مُشْتَرَكَيْن فـي شِدَّةِ التعذیب)**، پرسیار کردنە بۆ دوو کەسی هاوبەش لە سزادانی سەختدا، کە فیرعەون مەبەستی پێی خۆی و خوایە ﷻ، ئایا من یان پەروەردگاری مووسا سزای سەخت و بەردەوامترە؟

بۆیـە زۆرجـار دەڵێـم: بەشـەر کـە دایـە نەفامیـی و کەودەنیـی، پێـش هەمـوو شـتێک دەکەوێتـەوە! دەنـا ئـەی فیرعـەون..!! تـۆ چیـی؟ کـە خـۆت بهێنیـە ئاسـتی خـوا ﷻ؟! سـزای خـۆت بهێنیـە ئاسـتی سـزای خـوا ﷻ؟!

پێنج وردە سەرنج

١)- ﴿ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡ ﴾، ئایا بڕواتان هێنا بۆی، پێش ئەوەی من مۆڵەتتان بدەم؟ وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا، حوکمڕانە خۆسەپێن و خۆ بەزلگرەکان، لە ئەنجامی ئەوەدا کە دەستیان بەسەر سەرەوەت و سامانی خەڵکدا گرتوەو، دەستیان بەسەر وڵاتدا گرتوەو، سوپاو هێزو قەڵەباڵغییان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە، بوغڕاو لە خۆبایی بوون و، لە کەوڵی خۆیان دەرچوون و، خۆیان لێ بۆتە شتێکی دیکە لە سەرەوەی ئاستی بەشەر، بۆیە فیرعەون پێی وابووە کە بەبێ مۆڵەتی وی، بۆیان نیە نە عەقڵیان کار بکات، نە دڵیان کار بکات، نابێ عەقڵیان بیر لە شتێ بکاتەوە، تاکو فیرعەون پێیان نەڵێ، دڵیشیان نابێ شتێک پەسند بکات و قبووڵ بکات، تاکو فیرعەون مۆڵەتیان نەدات.

٢)- ﴿ إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِي عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحۡرَ ﴾، وەک پێشتر گوتم: ئەوە لە یەک حاڵدا فیرعەون بە بەردێک چەند نیشانەیەکی شکاندوون:

١- هەم مووسای جارێکی دی تۆمەتبار کردوە، بەوەی کە تۆ جادووگەری، نەک هەر جادووگەریشی، بگرە مامۆستای جادووگەرانی!.

٢- هەم جادووگەرانی خۆیشی تۆمەتبار کردوە بەوەی کە شاگردو قوتابی مووسان.

٣- هەم ویستوویەتی خەڵکی چەواشە بکات، کە خەڵکینە..!! ئەو جادووگەرانەی ئێمە هێنابوومانن بۆ بەربەرەکانی کردنی مووسا، لەبەرئەوەی قوتابی مووسا بوون، بۆیە شکستیان خوارد، نەک لەبەرئەوەی کە مووسا پێغەمبەری خوایەو موعجیزەکەشی شتێکی دیکەی جیا لە جادوویە!

٣)- ﴿ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيۡدِيَكُمۡ وَأَرۡجُلَكُم مِّنۡ خِلَٰفٖ ﴾، ئایا فیرعەون ئەو هەڕەشەی خۆی جێبەجێ کردوە، یان جێبەجێ نەکردوە؟ لە هیچ شوێنێکی قورئاندا ئەو بابەتە دیار نیە،

بەڵام وا پێدەچێ جێبەجێی کردبێ، چونکە فیرعەون ئەو پەڕی دەستەڵاتی هەبووەو، جادووگەرانیش زۆر بێ دەستەڵات بوون، ئنجا بۆ چاو ترساندنی خەڵکیش وا باشتر بووە، کە فیرعەون هەڕەشەکە جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی خەڵکیان پێ چاوترساو بکات.

٤)- ﴿ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِي جُذُوعِ ٱلنَّخْلِ ﴾، (وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ) هەڵتاندەواسم، لێرەدا (الأصلبُنكم) بە پیتی (فـي) بەرکاری خواستوە، دەیتوانی بڵێ: (وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ على جُذُوعِ النْخْلِ)، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەڵواسینەکە، لە باری سەرەوەی قەدی دارخورماکاندا دەبێ، نەک لە نێو قەدی دارخورماکان، بەڵام تاکو ئەوە بگەیەنێ کە ئەو شەتەک دان و هەڵواسینەی فیرعەون بۆ جادووگەرەکان، ئەوەندە بە قەدی دارخورماکاندا چەسپاون، وەک چووبنە نێوی، ئاوا قایم بەستوونی! ئنجا دەگونجێ چوار مێخەی کێشابن و، مێخی لە هەر چوار پەلان قایم کرد بن، دەشگونجێ بە پەت و گوریسێکی قایم بەوێیدا پێچابن، دیار نیە چۆن بەوێدا شەتەک دراون.

٥)- ﴿ وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَىٰ ﴾، بە دڵنیایی بۆشتان دەردەکەوێ کامەمان سزای سەختترە و بەردەوامتریشە! ﴿ أَيُّنَآ ﴾، کامەمان! یەکێکیان ئەوە خۆیەتی، بەڵام دووەمیان دیار نیە مەبەستی پێی کێیە؟ بەڵام بە ڕەوت (سیاق) دەزانین کە مەبەستی پێ خوایە، چونکە فیرعەون خۆی بە پەروەردگاری ئەوان زانیوە، بەڵام جادووگەرەکان گوتوویانە: ﴿ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ ﴾، کەواتە: بەراورد لە نێوان ئەو دوو پەروەردگارەدایە، یەکێکیان فیرعەون کە خۆی بە پەروەردگار زانیوەو، پەروەردگارێکی ساختەی درۆ، ئەوەی دیکە پەروەردگاری ڕاستەقینە کە خوایە، کەواتە: من کە خۆم بە پەروەردگارتان دەزانم، یان پەروەردگاری مووسا و هاڕوون، کە ئێوە ئێستا بڕواتان بەو هێنا، بۆتان دەردەکەوێ کامەمان، واتە: لەو دوو پەروەردگارە، سزاو ئەشکەنجەکەی توندترو بەردەوامتریشە؟.

مەسەلەی چوارەم:

بێباکیی دەربڕینی جادووگەرە بڕوادارەکان لە هەڕەشە و گوڕەشەی فیرعەون، کە ئەوان خوا و بەڵگە ڕۆشنەکانی بە هیچ ناگۆڕنەوە، ئومێدیشیان وایە کە خوا لێیان ببووریٚ:

خوا دەفەرمویٚ: ﴿ قَالُوا۟ لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِى فَطَرَنَا ۖ فَٱقْضِ مَآ أَنتَ قَاضٍ ۖ إِنَّمَا تَقْضِى هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَآ ﴿٧٢﴾ إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَٰيَٰنَا وَمَآ أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ ٱلسِّحْرِ ۗ وَٱللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴿٧٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ قَالُوا۟ لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ ﴾، گوتیان: تۆ هەڵنابژێرین بەسەر ئەو بەڵگە ڕۆشنانەدا کە بۆمان هاتوون، **(الإيثار: التفضيل)**، **(إیثار)** واتە: هەڵبژاردن، کە دەفەرمویٚ: ﴿ قَالُوا۟ لَن نُّؤْثِرَكَ ﴾، هەڵتنابژێرین، لێرەدا پاڵدراوێک قرتێنراوە، واتە: **(لن نؤثر دينك، أو لن نؤثر طاعتك)** بەرنامەکەی تۆ، یان گوێڕایەڵیی کردنی تۆ، هەڵنابژێرین بەسەر ئەو بەڵگە ڕۆشنانەدا کە بۆمان هاتوون.

٢)- ﴿ وَٱلَّذِى فَطَرَنَا ﴾، هەروەها تۆ هەڵنابژێرین بەسەر ئەو کەسەدا کە ئێمەی لە نەبوون هێناوەتە بوون، ئێمەی هێناوەتە دی و خوڵقاندووینی، دەشگونجێ: ﴿ وَٱلَّذِى فَطَرَنَا ﴾، ئەوە (و)ی سوێند بێ، یانی: ﴿ لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِى فَطَرَنَا ﴾، ئەو کاتە ئاوا دەبێ: سوێند بەو کەسەی ئێمەی بەدیهێناوە، تۆ هەڵنابژێرین بەسەر ئەو بەڵگە ڕۆشنانەدا کە بۆمان هاتوون، لە سەر دەستی ئەو دوو پێغەمبەرە پایە بەرزە کە مووسا و هاروونن.

کەواتە: دەگونجێ (و) بۆ سوێند بێ، دەشگونجێ ئەو (و)ە بۆ (عطف) بادانەوە و گێڕانەوە، بێ، یانی: (لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وعلى الذي فطرنا)،

تۆ هەڵنابژێرین بەسەر ئەو بەڵگە ڕۆشنانەداو، بەسەر ئەو کەسەدا کە ئێمەی هێناوەتە دی، ئنجا بۆچی خوای پەروەردگاریان پێش نەخستوەو، یەکەمجار باسی بەڵگە ڕۆشنەکانیان کردوە؟ چونکە ئەوان لە ڕێگای بەڵگە ڕۆشنەکانەوە خوای پەروەردگاریان ناسیوە، ئەوە لە تەفسیرەکاندا نەمبینیوە، یان ڕەنگە هەشبێ و بەرچاوم نەکەوتبێ، بەڵام پێم وایە حیکمەتەکەی ئەوەیە کە خوا ﷻ بەدیهێنەرو پەیداکەری جادووگەرەکان و هەموو گەردوونە، هەر بووە، بەڵام ئەوان پەییان پێی نەبردوەو پێی ئاشنا نەبوون، هەتا ئەو بەڵگە ڕۆشنانەیان لەسەر دەستی مووسا و هاڕوون بۆ هاتوون.

بۆیە ئەو بەڵگە ڕۆشنانەی کە بەهۆی ئەوانەوە خوایان ناسیوە، ئەوانیان پێش خستوون و، خوای پەروەردگاریان خستۆتە دوای بەڵگە ڕۆشنەکانەوە، ئەگەرنا لە ڕاستییدا خوا ﷻ بەئامانجگیراو (**بیت القصد**)ی بڕوا پێ هێنانە، بەڵگە ڕۆشنەکان و پێغەمبەران و مووسا و هاڕوونیش، ئامڕاز و هۆکارن بۆ ناسینی خوا و گەیشتن بە خوا ﷻ، بەڵام ئەوان لێرەدا ئامرازیان پێش ئامانج خستوە، لەبەر ئەوەی بەهۆی ئامڕازەکەوە گەیشتوون بەو ئامانجە.

٣)- ﴿ فَٱقۡضِ مَآ أَنتَ قَاضٍ ﴾، واتە: ئنجا ئەوەی تۆ بڕیاردەری، بڕیاری بدە، یان ئەوەی تۆ ئەنجامدەری ئەنجامی بدە! چونکە وشەی (**قضى**) هەم بە مانای (بڕیاریدا) دێ، هەم بە مانای (ئەنجامیدا) دێ، وەک لە تەفسیری سوورەتی (**الإسراء**)دا باسمان کرد، وشەی (**قضاء**) بە چەند واتایەک دێ و باوترین واتایان (بڕیاردان و جێبەجێ کردن)ە، یانی: (**إفعل ما أنت فاعله**)، ئەوەی تۆ بکەری بووی و ئەنجامدەری بووی، ئەنجامی بدە! وەک کوردەواریی خۆمان دەڵێ: چیت پێ دەکرێ بیکە! یان چیت لە دەست دێ، بیکە! یان چیت نەکردوە بیکە! بە کورتیی: بێ منەتی دەکەن.

٤)- ﴿ إِنَّمَا تَقۡضِي هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَآ ﴾، بە دڵنیایی تۆ تەنیا لەم ژیانی دنیایەدا بڕیار دەدەی، ﴿ إِنَّمَا ﴾، لێرەدا (**إِنَّمَا: أَدَاةُ الحَصْرِ وَالإِثْبَاتِ**)، ئامڕازی کورت هەڵێنان و چەسپاندنە، واتە: ئەوەی تۆ بڕیاری لێ دەدەی تەنیا لەم ژیانی دنیایەدایە، (**أي: إِنَّك مَقْصُورٌ عَلَى القَضَاءِ**

فـي هَذِهِ الحَيَاةِ الدُّنيا)، تۆ کورتهەڵاتووی لە بڕیاردان و ئەنجامدان، تەنیا لە بازنەی ژیانی ئەم دنیایەدا، ﴿ تَقۡضِي هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَآ ﴾، یانی: (فـي هَذِهِ الحَيَاةِ الدُّنيا، وَمِنْ خِلاَلِهَا لاَ غَيْرَ)، واتە: لەم ژیانە دنیایەداو لە میانی ژیانی دنیادا تۆ دەتوانی بڕیارەکانت بدەی و جێبەجێیان بکەی، بەڵام لە چوارچێوەی ژیانی دنیا بە دەر، هیچ کارەی! ئێمەش ژیانی دنیا وەک خۆی دەبینین کە شوێنی تێدا تاقیکرانەوەیە، نەک شوێنی تێدا حەسانەوە، بۆیە چیت لە دەست دێ، بیکە! بێ منەتین.

٥)- ﴿ إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا ﴾، بە دڵنیایی ئێمە بڕوامان بە پەروەردگاری خۆمان هێنا، پێشێ دەڵێن: ﴿ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ ﴾، بەڵام لێرە دەڵێن: ئێمە بڕوامان بە پەروەردگاری خۆمان هێنا، واتە: ئەو پەروەردگارەی خۆمان کە لە ڕێی مووسا و هاڕوونەوە ناسیمان، ئێمە بڕوامان پێی هێنا.

ئنجا ئەمە عیللەت و ئامانجی ئەوەیە کە دوایی دێ، ﴿ إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا ﴾، ئێمە بڕوامان بە پەروەردگارمان هێنا، بۆچی؟

٦)- ﴿ لِيَغۡفِرَ لَنَا خَطَٰيَٰنَا ﴾، تاکو لە هەڵەکانمان بمانبووڕێ.

٧)- ﴿ وَمَآ أَكۡرَهۡتَنَا عَلَيۡهِ مِنَ ٱلسِّحۡرِ ﴾، ئەو جادووەش کە تۆ بە زۆر پێت کردین و ناچارت کردین لەسەری، لەوەش لێمان ببووڕێ.

٨)- ﴿ وَٱللَّهُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ ﴾، خواش باشترەو بەردەوامترە، واتە: پاداشتی خوا باشترەو بەردەوامتریشە، ئەمە لێی وەردەگیرێ کە جادووگەرەکان بە زۆر جادوویان پێکراوە، ئەو دەستەڵاتدارانەی ئەو کات، کە جادوو باو بووە، منداڵی هەندێک خەڵکیان هەڵبژاردوون و، خستوویانە نێو قوتابخانەی جادووگەرێکەوە، تاکو فێری جادوویان بکەن، بۆ ئەوەی ئەو جیلە لە جادووگەران کە مردن، جیلێکی دیکە شوێنیان بگرنەوە.

ئنجا ئێستاش هەروایە، تەماشا بکەن! ئەو ڕژێمە خۆسەپێن و ئەو حوکمڕانە خۆ لە خەڵک کەر بە پەرستراوانە، کە بەسەر خەڵک و جەماوەردا دەسەڵاتی

ناشەرعیی دەسەپێنن، ئنجا ئەگەر کاتێ خۆی حوکمڕانانی ستەمکار جادووگەریان پەروەردە کردبن، هێ ئێستاش دەهۆڵ کوت و زووڕنا ژەنان پەروەردە دەکەن، ئێستاش هەندێک خەڵکی نووسەرو ڕاگەیاندکار لە ڕاستییدا دەهۆڵ کوت و زوڕنا ژەنن و، نووسەری دەربارو بەکرێ گیراون، ئەوە دەنووسن و دەڵێن: کە حوکمڕانەکان پێیان خۆشە، نەک خۆیان قەناعەتیان پێی هەیە، وەک دەڵێن: جارێک یەکێک لەو جۆرە کەسانە لە لای حوکمڕانێک مەدحی تەماتە دەکات، تەماتە ئەوەندە بە سوودە! قازانجی وایە! ئەو جۆرە قسانە ڕیز دەکات، کە دەزانێ حوکمڕانەکە کەیفی لە تەماتەیە، دوایی ئەو حوکمڕانە دڵی لەسەر تەماتە لادەچێ، دڵی دەچێتە سەر باینجان، ئەوجارە ئەو کەسە دەکەوێتە مەدحی باینجان و زەمی تەماتە دەکات، یەکێ لێی دەپرسێ: تۆ دوێنێ زۆر مەدحی تەماتەت دەکرد، کەچی ئەمڕۆ مەدحی باینجان دەکەی؟! ئەویش دەڵێ: من کۆیلەی تەماتە و باینجان نیم، تەماشای گەورەکەم دەکەم، چی پێخۆش بوو، مەدحی ئەو دەکەم، هەقم چییە: تەماتە باشترە یان باینجان؟! تەماشای ئەوە دەکەم کە ئەو چی پێخۆشترە.

لە ڕاستییدا زۆر لەو ڕاگەیاندکارو دەهۆڵ کوت و زوڕنا ژەنانەی، کە ئێستا لە خزمەت ئەو ڕژێمانە دان، لە خزمەتێ ئەو حیزبە خۆسەپێنانە دان، کە بەسەر مسوڵماناندا حوکمڕانن، کە لە جیهانی ئیسلامیی دا ئەوە زۆرە، زۆرینەی ئەو ڕاگەیاندکارانە، لەو قەبیلە و قوماشەن.

پێویستە ئەوەش بڵێین: کە جادووگەرەکان لە ئەنجامی چیدا، بۆیان دەرکەوت کە ئەوەی مووسا موعجیزەیە و جادوو نیە؟ لە ڕاستییدا بە هۆی زانیارییەوە، جادووگەرەکان زانا بوون، شارەزا بوون لە پیشەکەی خۆیاندا، صەنعەتەکەی خۆیان باش دەزانێ و زۆر تێیدا کارامە و پسپۆڕ بوون، دەیانزانی تاکو کوێ بڕ دەکات، هەموو خاوەن زانست و هونەرێک، دەزانێ هونەرەکەی، زانستەکەی، پیشەکەی، ئەو پەڕەکەی تاکو کوێیە، سنوورەکەی تاکو کوێیە، بۆیە زانیاریی زۆر

هاوکارە بۆ مرۆڤ کە بیگەیەنێتە ئامانج و بە ئامانجی بگەیەنێ، بە مەرجێ مرۆڤ گوێ بۆ بڕیارەکانی زانیاریی بگرێ، جادووگەرەکان لەو خەڵک و جەماوەرو حەشاماتەی کە فیرعەون کۆی کرد بۆوە، لە هەموویان باشتر دەیانزانی: ئەوەی مووسا کردی موعجیزەیەو، یاسا دڕە و لە جۆری جادوو نیە، ئینجا نەبیستراوە خەڵکەکە بڕوایان هێنابێ، چونکە خەڵکەکە سەریان لەوە دەرنەدەچوو، هەروا لاساکەرەوە بوون، بەڵام جادووگەرەکان شارەزابوون و دەیانزانی جادووەکەی ئەوان تاکو کوێ دەڕوا، بۆیە بڕوایان هێنا، بەڵێ زانست و زانیاریی ئاسانتر مرۆڤ بە ئامانج دەگەیەنێ و، دەبێتە هۆی ڕێنمایی کردنی، بەو مەرجەی لەگەڵ بڕیارەکانی ئەو زانستەدا ڕاست بکات.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە بابای تاوانبار لە دۆزەخدا ژیانێکی نەمر نەژی هەیە، بەڵام بڕوادارانی کردار باش، لە باغ و بێستانە هەمیشەییەکانی خوادا، پلە بەرزەکانیان هەن:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّهُۥ مَن يَأْتِ رَبَّهُۥ مُجْرِمًا فَإِنَّ لَهُۥ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ﴿٧٤﴾ وَمَن يَأْتِهِۦ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلدَّرَجَٰتُ ٱلْعُلَىٰ ﴿٧٥﴾ جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ مَن تَزَكَّىٰ ﴿٧٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّهُۥ مَن يَأْتِ رَبَّهُۥ مُجْرِمًا فَإِنَّ لَهُۥ جَهَنَّمَ ﴾، بە دڵنیایی هەر کەسێ تاوانبارانە بچێتە خزمەت پەروەردگاری، بەدڵنیاییەوە دۆزەخی هەیە، لێرەوە تاکو ڕستەی کۆتایی، دەگونجێ قسەی جادووگەرەکان بێ، کە فیرعەونیان دواندوە و بێ منەتیان کردوەو، بێباکیی خۆیان دەربڕی لە سزادانی، دەشگونجێ ئەوە جادووگەرەکان نەیانگوتبێ، بەڵکو فەرمایشتی خوا بێ ﷻ، دوابەدوای هەڵوێستی مەردانە و جوامێرانەی جادووگەرەکان لە بەرانبەر هەڕەشە و گوڕەشەی فیرعەونداو، بێباکیی و بێ منەتییان لە سزادانی سەخت، ئنجا خوا ﷻ ئەوانەی فەرموو بێ، یەکسانە، چ قسەی جادووگەرەکان بێ، دوای ئیمان هێنانیان، چ فەرمایشتی خوای پەروەردگار بێ ڕاستەوخۆ فەرمووبێتی، هەر یەک ئامانج دەپێکێ، بەڵام وا پێدەچێ هەر قسەی جادووگەرەکان بێ، چونکە دوابەدوای ئەوە کە دەڵێن: ﴿ وَٱللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴾، ڕاستەوخۆ دەڵێن: ﴿ إِنَّهُۥ مَن يَأْتِ رَبَّهُۥ مُجْرِمًا ﴾، وا پێدەچێ درێژە پێدەری قسەی ئەوان بێ، کە دەڵێن: ﴿ إِنَّهُۥ مَن يَأْتِ رَبَّهُۥ مُجْرِمًا ﴾، بە دڵنیایی هەر کەسێ تاوانبارانە بێتە خزمەتی پەروەردگاری.

(المُجْرِمُ: فَاعِلُ الجَرِيمَةُ وَهِيَ المَعصِيَةُ وَالفِعْلُ الخَبيث)، **(جريمة)** بریتییە لە سەرپێچیی و کاری نارەوا، بە کوردیی دەڵێن: تاوان، **(جُرْمٌ، جَرِيمَة)** زیاتر پەیوەندیی

بە سنوور شكێنیی و سنوور بەزێنیی بۆ سەر مافەكانی ئەوانی دیكەوە هەیە، ئنجا هەر كەسێ بە تاوانباریی بێتەوە خزمەتی پەروەردگاری.

﴿ فَإِنَّ لَهُۥ جَهَنَّمَ ﴾، بە دڵنیاییەوە، دۆزەخی هەیە، ئەو (ل)ـە **(لام الإستِحْقَاقِ والملكيّة)**، واتە: ئەگەر لە ڕۆژی دوایی دا ببێتە خاوەنی شتێك، ئەوە دەبێتە خاوەنی دۆزەخ.

٢)- ﴿ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ﴾، نە تێیدا دەمرێ و نە تێیدا دەژی، تێیدا نامرێ، بۆ ئەوەی هەست بە سزا و ئازار بكات، تێشیدا ناژێ، ژیانێك كە پێی بگوترێ ژیان و شایستەی ناوی ژیان بێ، ئەوە سەرەنجامی كەسێكە كە تاوانبارانە بچێتەوە خزمەتی پەروەردگاری.

٣)- ﴿ وَمَن يَأْتِهِۦ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾، هەر كەسێك بڕوادارانە بچێتەوە خزمەت پەروەردگاری، لە حاڵێكدا كە كردەوە باشەكانی ئەنجام داون.

٤)- ﴿ فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلدَّرَجَٰتُ ٱلْعُلَىٰ ﴾، ئا ئەوانە پلە بەرزەكانیان هەن، بێگومان لە بەهەشتدا، وشەی **(درجات)** كۆی **(درجة)**یە، **(عُلى)**ش كۆی **(عُليا)**یە، **(الدرجات العلى)**، پلە بەرزەكانیان هەن، دەشتوانین بڵێین: كە فیرعەون هەڵیواسیون بە گلۆفكی قەدی دارخورمایەكانەوە، بەڵێ لەوێ گیانیان سپاردوە و شەهید بوون، بەڵام خوا ﷻ لە ڕۆژی دواییدا دەیانخاتە پلە بەرزەكانەوە لە كۆشك و تەلاران دا، لە بەرانبەر ئەوەدا كە هەڵواسراون بە شوێنی بەرزەوە،

ئنجا دێتە سەر باسكردنی ئەو پلە بەرزانەی بەهەشت.

٥)- ﴿ جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ﴾، چەند باغ و بێستانێكی هەمیشەیی بەردەوامن، كە ڕووبار بە ژێریاندا دەڕۆن، واتە: ڕووبار بە ژێر بنكی درەخت و كۆشكەكاندا دەڕۆن.

٦)- ﴿ خَٰلِدِينَ فِيهَا ﴾، بە هەمیشەیی تێیدا دمێننەوە.

٧)- ﴿ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ مَن تَزَكَّىٰ ﴾، ئا ئەوەش پاداشتی كەسێكە كە خۆی پاك و چاك كردوە، چونكە **(تَزَكّٰى)** لەسەر كێشی **(تفعُل)**ە، **(التزكّي: التطهُّر والنمو والصلاح)**، **(تَزَكّٰى)** هەم بە خۆ پاك كردن دەگوترێ، هەم بە گەشەكردن و، هەم بە چاك بوون دەگوترێ.

کەواتە: ئەوەی باسکرا، پاداشتی کەسێکە کە خۆی پاک و گەشەسەندوو و چاک دەکات، واتە: خۆی پاک دەکات (خۆی بژار دەکات) لە سیفەتە دزێو و خراپ و زیانبەخشەکان، لە پێش هەموویانەوە شیرک و کوفر، هەروەها خۆی گەشە پێدەدا، واتە: سیفەتە چاکەکان لە خۆیدا گەشەپێ دەدات، لە پێش هەموویانەوە ئیمان و خوا بەیەکگرتن و یەقین، دیسان خۆشی چاک دەکات، کە بە تەئکید ئەگەر ئینسان خۆی بژارکرد لە سیفەتە خراپەکان و، سیفەتە باشەکانی لە خۆیدا هێنانە دی و، گەشەی پێ دان، ئەوە بەرەو چاکیی دەچێ، چاک بوونی مرۆڤ، ئەوەیە کە خۆی بژار بکات لە سیفەتە خراپەکان و، خۆی برازێنێتەوە بە سیفەتە باشەکان.

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان بیست و سێ (٢٣) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٧٧ - ٩٨)، کە کۆتا بەشی باسی مووسا و هاروونی برایەتی (علیهما السلام)، لەگەڵ فیرعەون و دارو دەستەکەیدا، کە لەم سوورەتی (طه)دا هاتوون.

ئەم ئایەتانە باسی دەربازبوونی مووسا و گەلەکەی (بنو إسرائیل)، لە فیرعەونییەکان و پەڕینەوەیان بە دەریای سووردا، دەکەن.

پاشان باسی بەسەرهاتی لادان و فریودرانی بەنوو ئیسرائیل لە لایەن سامیرییەوە، دەکەن، کە تووشی گۆلک پەرستیی کردن، شایانی باسیشە ئەو بەسەرهاتە تەنیا لێرەدا هاتوە، بەڵێ باسی گۆلک پەرستیی لە سوورەتەکانی: (البقرة) و (الأعراف)یشدا کراوە، بەڵام تەنیا لێرەدا ئەوە خراوەتە ڕوو، کە کێ ئەو گۆلکە زێڕینەیەی بۆ بەنوو ئیسرائیل دروست کردوە؟

هەڵبەتە باسی لێپرسینەوەی مووساش بۆ هەر کام لە: گەلەکەی و، هاروونی برای و ، سامیریش کراوە، لەسەر ئەو گۆلک پەرستییەی کە پێوەی گیرۆدە بوون.

﴿ وَلَقَدۡ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَسۡرِ بِعِبَادِي فَٱضۡرِبۡ لَهُمۡ طَرِيقٗا فِي ٱلۡبَحۡرِ يَبَسٗا لَّا تَخَٰفُ دَرَكٗا
وَلَا تَخۡشَىٰ (٧٧) فَأَتۡبَعَهُمۡ فِرۡعَوۡنُ بِجُنُودِهِۦ فَغَشِيَهُم مِّنَ ٱلۡيَمِّ مَا غَشِيَهُمۡ (٧٨) وَأَضَلَّ فِرۡعَوۡنُ قَوۡمَهُۥ
وَمَا هَدَىٰ (٧٩) يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ قَدۡ أَنجَيۡنَٰكُم مِّنۡ عَدُوِّكُمۡ وَوَٰعَدۡنَٰكُمۡ جَانِبَ ٱلطُّورِ ٱلۡأَيۡمَنَ وَنَزَّلۡنَا
عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَنَّ وَٱلسَّلۡوَىٰ (٨٠) كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ وَلَا تَطۡغَوۡاْ فِيهِ فَيَحِلَّ عَلَيۡكُمۡ غَضَبِيۖ
وَمَن يَحۡلِلۡ عَلَيۡهِ غَضَبِي فَقَدۡ هَوَىٰ (٨١) وَإِنِّي لَغَفَّارٞ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا ثُمَّ ٱهۡتَدَىٰ

﴿٨٢﴾ ۞ وَمَآ أَعۡجَلَكَ عَن قَوۡمِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٨٣﴾ قَالَ هُمۡ أُوْلَآءِ عَلَىٰٓ أَثَرِي وَعَجِلۡتُ إِلَيۡكَ
رَبِّ لِتَرۡضَىٰ ﴿٨٤﴾ قَالَ فَإِنَّا قَدۡ فَتَنَّا قَوۡمَكَ مِنۢ بَعۡدِكَ وَأَضَلَّهُمُ ٱلسَّامِرِيُّ ﴿٨٥﴾ فَرَجَعَ مُوسَىٰٓ
إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ غَضۡبَٰنَ أَسِفٗاۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَلَمۡ يَعِدۡكُمۡ رَبُّكُمۡ وَعۡدًا حَسَنًاۚ أَفَطَالَ عَلَيۡكُمُ
ٱلۡعَهۡدُ أَمۡ أَرَدتُّمۡ أَن يَحِلَّ عَلَيۡكُمۡ غَضَبٞ مِّن رَّبِّكُمۡ فَأَخۡلَفۡتُم مَّوۡعِدِي ﴿٨٦﴾ قَالُواْ مَآ أَخۡلَفۡنَا
مَوۡعِدَكَ بِمَلۡكِنَا وَلَٰكِنَّا حُمِّلۡنَآ أَوۡزَارٗا مِّن زِينَةِ ٱلۡقَوۡمِ فَقَذَفۡنَٰهَا فَكَذَٰلِكَ أَلۡقَى ٱلسَّامِرِيُّ ﴿٨٧﴾
فَأَخۡرَجَ لَهُمۡ عِجۡلٗا جَسَدٗا لَّهُۥ خُوَارٞ فَقَالُواْ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمۡ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِيَ ﴿٨٨﴾ أَفَلَا
يَرَوۡنَ أَلَّا يَرۡجِعُ إِلَيۡهِمۡ قَوۡلٗا وَلَا يَمۡلِكُ لَهُمۡ ضَرّٗا وَلَا نَفۡعٗا ﴿٨٩﴾ وَلَقَدۡ قَالَ لَهُمۡ هَٰرُونُ مِن قَبۡلُ
يَٰقَوۡمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦۖ وَإِنَّ رَبَّكُمُ ٱلرَّحۡمَٰنُ فَٱتَّبِعُونِي وَأَطِيعُوٓاْ أَمۡرِي ﴿٩٠﴾ قَالُواْ لَن نَّبۡرَحَ عَلَيۡهِ
عَٰكِفِينَ حَتَّىٰ يَرۡجِعَ إِلَيۡنَا مُوسَىٰ ﴿٩١﴾ قَالَ يَٰهَٰرُونُ مَا مَنَعَكَ إِذۡ رَأَيۡتَهُمۡ ضَلُّوٓاْ ﴿٩٢﴾ أَلَّا تَتَّبِعَنِۖ
أَفَعَصَيۡتَ أَمۡرِي ﴿٩٣﴾ قَالَ يَبۡنَؤُمَّ لَا تَأۡخُذۡ بِلِحۡيَتِي وَلَا بِرَأۡسِيٓۖ إِنِّي خَشِيتُ أَن تَقُولَ فَرَّقۡتَ
بَيۡنَ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَلَمۡ تَرۡقُبۡ قَوۡلِي ﴿٩٤﴾ قَالَ فَمَا خَطۡبُكَ يَٰسَٰمِرِيُّ ﴿٩٥﴾ قَالَ بَصُرۡتُ
بِمَا لَمۡ يَبۡصُرُواْ بِهِۦ فَقَبَضۡتُ قَبۡضَةٗ مِّنۡ أَثَرِ ٱلرَّسُولِ فَنَبَذۡتُهَا وَكَذَٰلِكَ
سَوَّلَتۡ لِي نَفۡسِي ﴿٩٦﴾ قَالَ فَٱذۡهَبۡ فَإِنَّ لَكَ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ أَن تَقُولَ لَا مِسَاسَۖ وَإِنَّ لَكَ
مَوۡعِدٗا لَّن تُخۡلَفَهُۥۖ وَٱنظُرۡ إِلَىٰٓ إِلَٰهِكَ ٱلَّذِي ظَلۡتَ عَلَيۡهِ عَاكِفٗاۖ لَّنُحَرِّقَنَّهُۥ ثُمَّ لَنَنسِفَنَّهُۥ فِي
ٱلۡيَمِّ نَسۡفًا ﴿٩٧﴾ إِنَّمَآ إِلَٰهُكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ وَسِعَ كُلَّ شَيۡءٍ عِلۡمٗا ﴿٩٨﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

((هەروەها بە دڵنیایی سروشمان بۆ مووسا کرد، کە شەوڕۆ بە بەندەکانم بکەو، (گۆچانەکەت لە دەریا بدە و) ڕێیەکی وشک و برینگیان لە دەریادا بۆ ئاچووغ بکە، نە لە پێڕاگەیشتن (ی سوپای فیرعەون بۆتان) بترسەو، نە بیمت هەبێ (کە لە دەریادا بخنکێن) ﴿٧٧﴾ ئیدی فیرعەون بە سەربازەکانیەوە شوێنیان کەوت و، یەکسەر ئەو (ئاو)ەی دەریا دایپۆشین کە دایپۆشین ﴿٧٨﴾ فیرعەونیش گەلەکەی خۆی گومڕا کردو (پاش هاتنی ڕێنمایی خواش)، ڕاستە ڕێی نەکردن ﴿٧٩﴾ (خوا فەرمووی): ئەی وەچەی ئیسرائیل! مسۆگەر لە دوژمنەکەتان دەربازمان کردن و، لە لای ڕاستی کێوی طوور ژوانگەمان بۆ دانان و، گەزۆ و (باڵندەی) شێلاقەشمان بۆ دابەزاندن ﴿٨٠﴾ لەو بژیوە پەسندانەی پێمان داون بخۆن و سەرکێشیی تێدا مەکەن، ئەگەرنا تووڕەیی منتان دێتە سەر، هەر کەسیش تووڕەیی منی بێتە سەر، مسۆگەر تێچووە (فەوتاوە) ﴿٨١﴾ (بەڵام) من لێبووردەم بۆ کەسێک بگەڕێتەوەو، بڕوا بێنێ و کردەوەی باش بکات، پاشان لەسەر ڕاستە ڕێ بەردەوام بێ ﴿٨٢﴾ هەروەها گوتمان: ئەی مووسا! چی وای لێکردی پەلە بکەی و پێش گەلەکەت بێی؟ (بۆ دیدارمان) ﴿٨٣﴾ (مووسا) گوتی: پەروەردگارم! پەلەم کرد بۆ لای تۆ، تاکو تۆ لێم ڕازی بی و، ئەوانیش ئەوە بە شوێنمەوەن ﴿٨٤﴾ (خوا) فەرمووی: بە دڵنیایی ئێمە دوای (هاتنی) تۆ گەلەکەمان تاقیکردەوەو، سامیریی گومڕای کردن ﴿٨٥﴾ ئیدی مووسا بە تووڕەیی و خەمبارییەوە گەڕایەوە لای خەڵکەکەی گوتی: ئەی گەلەکەم! ئایا پەروەردگارتان گفتی باشی پێ نەدابوون، ئنجا (ئایا ماوەی جێبەجێ بوونی) گفتەکەتان لێ درێژ بۆوە و زۆری پێچوو، یان ویستتان تووڕەییەکی (تایبەتی) پەروەردگارتان بکەوێتە سەر، ئاوا لە ژوانگەکەم دواکەوتن؟! (ئاوا بەڵێنەکەمتان جێ بەجێ

نەکرد؟) (٨٦) گوتیان: بە دەست خۆمان نەبوو (بەڵێنەکەمان جێ بەجێ نەکرد) لە ژوانگەکەت دواکەوتین، بەڵام چەند کۆڵێکمان لە خشڵی خەڵکەکە (خەڵکی میسر) لێ کرابووە بار، ئێمەش فڕێمان دان (بۆ نێو بۆتەی گۆلک کە سامیریی دروستیکردبوو) هەروەها سامیریش (ئەوەی پێبوو) فڕێیدا (٨٧) ئیدی پەیکەری گۆلکێکی بۆڕەداری بۆ دەرهێنان و گوتیان: ئەمە پەرستراوی ئێوەو پەرستراوی مووساشە، بەڵام ئەو لە بیری چووە! (٨٨) ئایا نابینن کە وەڵامی هیچ قسەیەکیان ناداتەوەو، هیچ زیان و سوودێکیانی بە دەست نیە؟! (٨٩) بە دڵنیاییش هاڕوون بەر لەوە پێیگوتبوون: ئەی گەلەکەم! ئەو (گۆلکە)ە هەر شتێکە پێی تاقیکراونەوەو، بێگومان پەروەردگارتان تەنیا (خوای) بە بەزەیییە، دە جا شوێنم بکەون و گوێڕایەڵیی فەرمانم بکەن (٩٠) (خەڵکەکە) گوتیان: هەتا مووسا دەگەڕێتەوە بۆ لامان، هەر لەسەر (پەرستنی) وی بەردەوام دەبین (٩١) (مووسا) گوتی: ئەی هاڕوون! کاتێک دیتنت گومڕابوون، چ شتێک ڕێگرت بوو (کە قەدەغەیان بکەی)؟ (٩٢) (چی وای لێکردی) کە شوێنم نەکەوی! ئایا سەرپێچییت لە فەرمانم کرد؟ (٩٣) هاڕوون گوتی: کوڕی دایکم! نە ڕیشم بگرە و نە (قژی) سەریشم بگرە، من (بۆیە هیچم نەکرد) ترسام کە دوایی بڵێی: لە نێو بەنی ئیسڕائیلدا پەرتەوازەییت پەیداکردوەو، چاوەڕێی (هاتنەوە و) قسەی منت نەکردوە (تاکو خۆم کێشەکە چارەسەر بکەم) (٩٤) (ئنجا مووسا) گوتی: ئەو (کەتنە) چییە کردووتە ئەی سامیریی؟ (٩٥) گوتی: شتێکم دی کە ئەوان نەیان دی، ئیدی چەنگێکم لە شوێنەواری نێرراو داگرت فڕێمداو، نەفسیشم بەو جۆرەی بۆ ڕازاندمەوە (٩٦) (مووسا) گوتی: دە بڕۆ لە ژیاندا حاڵت بەو جۆرە بێ کە بڵێی: توخنم مەکەون و، بەڵێنگەیەکیشت هەیە (لە ڕۆژی دواییدا) قوتار بوونت لێی نیەو، تەماشای ئەو پەرستراوەشت بکە کە لەسەر (پەرستن)ی موکوڕ بووی، بە دڵنیایی زۆرباش دەیسووتێنین، پاشان بە دەریادا پڕژو بڵاوی دەکەینەوە (٩٧) بە ڕاستیی پەرستراوتان تەنیا ئەو خوایەیە کە جگە لەوی هیچ پەرستراوێک نیە، زانیاریی فراوانی وی هەموو شتێکی گرتۆتەوە (٩٨)).

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أَسْرِ): (**السُّرَى: سَيْرُ اللَّيْلِ، أَسْرَى وَسَرَى**)، (**سُرَى**)، بریتیە لە ڕۆیشتنی شەو، شەوڕۆ، کە هەم بە (**أَسْرَى**)، هاتوە، هەم بە (**سَرَى**)، هاتوە هەردووکیان بە مانای: (بە شەو ڕۆیشت) دێن.

(يَبَسًا): واتە: وشک و برینگ، (**يَبَسَ الشَّيءُ يَيْبَسُ واليَبَسُ: يَابِسُ النَّبَاتِ، وَهُوَ مَا كَانَ فِيه رُطُوبَةٌ، فَذَهَبَتْ، وَاليَبَسُ: المَكَانُ يَكُوْنُ فِيه مَاءٌ فَيَذْهَبُ**)، (**يَبَسَ الشَّيءُ يَيْبَسُ**)، واتە: شتەکە وشک بوو، وشک دەبێ، (**واليَبَسُ: يَابِسُ النَّبَاتِ**)، (**يَبَسْ**) بریتیە لە: گیای وشک، ئەویش ئەوەیە کە تەڕایی تێدابێ، دوایی تەڕاییەکەی نەمابێ و وشک هەڵگەڕابێ، هەروەها (**وَاليَبَسُ: المَكَانُ يَكُوْنُ فِيه مَاءٌ فَيَذْهَبُ**)، (**يَبَسَ**)، شوێنێکە ئاوی لێبووبێ، بەڵام ئاوەکە وشک بووبێ، ئاوەکە نەمابێت و شوێنەکە وشک بووبێ.

(دَرَكًا): (**الدَّرَكَ وَالدَّرْكُ: إسْمُ مَصْدَرٍ مِنْ الإدْرَاكِ**)، (**درَكَ، وَدَرْك**)، هەردووکیان ناوی چاوگن لە (**إدْرَاك**)، (**إدْرَاك**) واتە: فریا کەوتن، پێڕاگەیشتن، هەروەها جاری واش هەیە بە مانای پەیپێبردنیش دێ.

(اَلْمَنَّ): (**الْمَنُّ: مَادَةٌ رَاتنْجِيَةٌ صَمْغِيَةٌ حُلْوَةٌ تُفْرِزُهَا بَعْضُ الأَشْجَارِ، وَطَلٌّ يَنْزِلُ مِنَ السَّمَاءِ عَلَى شَجَرَةٍ أو حَجَرٍ يَجُفُّ**)، (مَنّ)، بە کوردیی گەزۆی پێدەڵێن، ماددەیەکی ڕاتنجیی صەمغیی شیرینە، هەندێ لە درەختەکان دەری دەکەن، جاری واش هەیە لە سەرێوە دادەبارێتە سەر هەندێک درەخت، یاخود هەندێک بەردو، وشک هەڵدەگەڕێ (خەڵک دوایی لێی دەکاتەوەو، خۆی ڕاستەخۆ، یاخود لەگەڵ شتی دیکەدا بە کاری دێنن).

(**وَٱلسَّلْوَىٰ**): (**السُّمَانِي: طَائِرٌ صَغِيرٌ مِنْ رُتْبَةِ الدَّجَاجِيات، جِسْمُهُ مُنضَغِطٌ مُمْتَلِئٌ وَاحِدَتُهَا سَلْوَاة**)، (**وَٱلسَّلْوَىٰ**)، کە تاکەکەی (**سَلْوَاة**)، (**السُّمَانِي**)یشی پێ دەگوترێ، باڵندەیەکی گچکەیە لە فەصیلەی (**دَجَاجِيات**)، واتە: مریشکەکان، کە جەستەیەکی چڕۆ پڕو تێک چڕژراوی هەیە، لە شێوەی کەو دایە، بە کوردیی شێلاقەی پێ دەڵێن، بە فارسیی (بەڵدەرچین)ی پێ دەڵێن، بەڵدەرچین لە شێوەی کەو و سوێسکە دایە.

(**يَحِلَّ**): (**حَلَّ غَضَبَ اللهِ عَلَى النَّاسِ: نَزَلَ**)، تووڕەیی خوا کە دادەبەزێتە سەر خەڵک پێی دەگوترێ: (**حَلَّ**)، یانی: دابەزی، (**حَلَّ يَحِلُّ حُلُولاً بِالْمَكَانِ، نَزَلَ**)، واتە: لەو شوێنە دابەزی.

(**هَوَىٰ**): (**هَوَىٰ يَهْوِي هَوْيَاً وَهَوَيَانَاً: سَقَطَ مِنْ عُلْوٍ إِلَى سُفْلٍ**)، (**هَوَىٰ يَهْوِي هَوْيَاً وَهَوَيَانَاً**)، واتە: لە سەرێوە کەوتە خوار، لە شوێنێکی بەرزەوە هاتە شوێنێکی نزم.

(**أَثَرِي**): (**الأَثَرُ: العَلاَمَةُ وَأَثَرُ الشَّيءِ: بَقِيَّتُهُ، وَمَا يُحْدِثُهُ الشَّيءُ**)، وشەی (**أَثَر**)، بە نیشانە دەگوترێ، نەسەری شتێک، بە شوێنەواری یاخود پاشماوەی ئەو شتە دەگوترێ، یاخود شوێنەوارێک کە شتێک پەیدای دەکات، دەگوترێ: (**جَاءَ فِي أَثَرِهِ أي: فِي عَقِبِهِ**)، بە دوایدا هات، (**الأَثَرُ**)، بە شوێن پێش دەگوترێ.

(**أَسِفًا**): (**أَسِفَ يَأْسَفُ عَلَيْهِ أَسَفَاً: حَزِنَ، أَسِفَ لَهُ: تَأَلَّمَ وَنَدِمَ، آسِفٌ وَأَسِيفٌ وَأَسِفٌ**)، هەرسێکیان بە مانای خەمبارو پەژارەدارە، کەواتە: (**أَسِفَ يَأْسَفُ عَلَيْهِ أَسَفَاً**)، واتە: خەمی بۆ خوارد، خەمی بۆ دەخوا، (**أَسَفَاً**)، واتە: خەمخواردن، پەژارەدار بوون، (**أَسِفَ لَهُ**)، بە مانای بۆی بە ئازار بوو، یاخود پەشێمان بۆوە، بۆی پەشێمان بۆوە، هەروەها ناوی بکە (**إِسْمُ فَاعِل**)ەکەشی بە (**آسِفٌ وَأَسِيفٌ وَأَسِفٌ**)، دێت، بە هەرسێکیان، واتە: پەژارەدارو خەمبار.

(**بِمَلْكِنَا**): واتە: بە دەست خۆمان نەبوو، لە ژێر کۆنترۆڵ و توانای خۆماندا نەبوو، دەگوترێ: (**مَلَكَ الشَّيءَ يَمْلِكُ مِلْكاً وَمُلْكاً ومَلْكاً: حَازَهُ وَانفَردَ بِالتَّصَرُّفِ فِيهِ، فَهُوَ مَالِكٌ، وَالجَمْعُ مُلَّكَ وَمُلاَّك**)، دەگوترێ: (**مَلَكَ الشَّيءَ يَمْلِكُ**)، واتە: ئەو شتەی

کردە هی خۆی، (**مِلْكاً وَمُلْكاً ومَلْكاً**)، هەرسێکیان واتە: خاوەندار بوون، واتە: ئەو شتەی کردە هی خۆی و تەنیا خۆی تەصەڕووفی تێداکرد، (**مَالِكٌ**)، واتە: خاوەن، کە بە (**مُلَّكَ**) و (**وَمُلاَّك**)، واتە: خاوەنەکان، کۆ دەکرێتەوە.

(**أَوۡزَارٗا**): (**جَمْعُ وِزْر: الحِمْلُ الثَّقِيْل وَالسِلاحُ وَالذَنْبُ**)، (**أَوۡزَارٗا**)، کۆی (**وِزر**)ە، (**وِزر**)، هەم بە باری قورس، هەم بە چەک دەگوترێ، هەم بە گوناهیش دەگوترێ، لەبەر ئەوەی کە چەک باری شانی ئینسان قورس دەکات و، گوناهیش لە ڕووی مەعنەوییەوە، باری شانی قورس دەکات.

(**زِينَةِ ٱلۡقَوۡمِ**): یانی: (**حُلِيُّ القَوْمِ**)، مەبەست پێی خشڵی خەڵکی میسرە، (**الزِّيَانُ كُلُّ مَا يُتَزَيَّنُ بِهِ، الزَّيْنُ: كُلُّ مَا يَزِيْنُ وَالحُسْنُ، وَالزِّيْنَةُ: الزِّيَانُ**)، (**زِيَانٌ**)، هەر شتێکە کە خۆی پێ بڕازێنرێتەوە، (**الزَّيْنُ**)یش هەر شتێکە کە ئینسان جوان بکات، هەروەها بە جوانییش دەگوترێ، (**زِيْنَة**) و (**زَيَانٌ**)، هەر یەکن واتە: خشڵ، یان: ئەو شتەی کە ئینسان خۆی پێ دەڕازێنێتەوە.

(**فَقَذَفۡنَٰهَا**): واتە: فڕێماندا، دەگوترێ: (**قَذَفَ بِالْحَجَرِ: رَمَى بِهِ بِقُوَة**)، واتە: بە توندیی بەردەکەی هاویشت.

(**خُوَارٞ**): (**خَارَ الثَّوْرُ يَخُورُ خَوْرَاً وَخُوَارَاً: صَاحَ، الخُوَارُ: صَوْتُ البَقَرِ وَالغَنَمِ وَالظِّبَاءِ وَالسِّهَام**)، گا بۆڕینی، دەگوترێ: (**خَارَ الثَّوْرُ يَخُورُ خَوْراً وَخُوَارَاً**)، واتە: بۆڕاندی، هاواری کرد، (**خُوَارٞ**) بە دەنگی ڕەشە وڵاخ دەگوترێ، گۆلک و مانگا و گا، هەروەها بە دەنگی مەڕو بزنیش دەگوترێ و، بە دەنگی ناسک و بزنە کێویش دەگوترێ و، بە دەنگی تیریش دەگوترێ کە دەیهاوێی.

(**لَن نَّبۡرَحَ**): واتە: وازی لێناهێنین، دەگوترێ: (**بَرِحَ يَبْرَحُ بُرُوحَاً وبَرْحاً: زَالَ**)، (**بَرِحَ يَبْرَحُ بُرُوحَاً وبَرْحاً**)، واتە: لاچوو، (**مَا بَرِحَ يَفْعَلُ كَذا أي: يَسْتَمِرُّ**)، واتە: بەردەوامە لەسەری، چونکە (**بَرِحَ**)، یانی: (**زَالَ**)، کەواتە: (**مَا بَرِحَ**)، واتە: (**لا يَزَالُ**)، واتە: بەردەوام، بەردەوامە لەسەری، وازی لێناهێنی.

(وَلَمْ تَرْقُبْ): ﴿ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِي ﴾، واتە: چاوەڕێی قسەی منت نەکرد، (رَقَبَهُ يَرقُبُهُ رَقْبَاً وَرُقُوبَاً وَرَقَابَةً: إنْتَظَرَهُ)، (رَقَبَهُ يَرقُبُهُ)، واتە: چاوەڕێی کرد، چاوەڕێی دەکات، (رَقْبَاً وَرُقُوبَاً وَرَقَابَةً)، هەرسێکیان چاوگن، هەموویان یانی: (إنْتَظَرَهُ)، چاوەڕێی کرد، هەروەها جگە لە چاوەڕێی کرد، بە واتایەکی دیکەش هاتوە: (لاحَظَهُ وَحَرَسَهُ وَحَفِظَهُ)، واتە: ڕەچاوی کردو، ئێشکەی لێ گرت و پاراستی، کەواتە: ﴿ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِي ﴾، یانی: چاوەڕێی قسەی منت نەکرد، یاخود: قسەکەی منت پارێزگاریی لێ نەکرد، کە بریتیە لە فەرمانەکەی ئەو.

(بَصُرْتُ): واتە: بینیم، (بَصُرَ بِالشَيءِ: أي: أَبْصَرَهُ، عَلِمَ بِهِ، وبصر به بَصَراً: أبْصَرَهُ)، واتە: بینی، هەروەها (بَصُرَ بِالشَيءِ)، واتە: (عَلِمَ بِهِ)، واتە: زانیی، کەواتە (بَصُرْتُ)، هەم بە مانای بینین، هەم بە مانای زانین، هەردووکیان دێ.

(فَنَبَذْتُهَا):واتە: فڕێم دا، (نَبْذُ الشَيءِ: طَرْحُهُ)، فڕێدانی شتە، (نَبَذَ الأَمْرَ: أَهْمَلَهُ)، فەرمانەکەی پشت گوێ خست، (وَنَبَذَ العَهْدَ: نَقَضَهُ) واتە: پەیمانەکەی هەڵوەشاندەوە.

(سَوَّلَتْ لِي نَفْسِي): نەفسم بۆی ڕازاندمەوە، (سَوَّلَ لَهُ الشَرَّ)، واتە: خراپەی بۆ جوان کرد، یانی: (حبَّبَهُ إليْهِ وسَهَّلَهُ لَهُ وَأَغْرَاهُ بِهِ)، خراپەی لە لا خۆشەویست کردو بۆی ئاسان کردو، هانیدا بۆ ئەوەی ئەو خراپەیە ئەنجامبدا.

(لَا مِسَاسَ): دەگوترێ: (مَاسَّهُ مُمَاسَّةً وَمِسَاسَاً: أي لَمَسَهُ)، کەواتە: (لَا مِسَاسَ)، واتە: با دەست لێدان نەبێ، توخن کەوتن نەبێ، نیزیک کەوتنەوە نەبێ، چونکە لە (مَاسَّهُ) هاتوە، (مَاسَّهُ)، واتە: دەستی لێدا، (مُمَاسَّةً وَمِسَاسَاً)، هەردووکیان چاوگن، بە مانای دەستی لێدا.

(عَاكِفًا): (عَكَفَ يَعْكُفُ فِي المَكَانِ عَكْفَاً وَعُكُوفَاً: أي أَقَامَ فِيْهِ وَلَزِمَهُ)، (عَكَفَ يَعْكُفُ)، واتە: مایەوە، دەمێنێتەوە لە شوێنەکەدا، (عَكْفَاً وَعُكُوفَاً)، هەردووکیان

چاوگـن، واتــە: مانــەوە، (**أَقَـامَ فِيْـهِ وَلَزِمَـهُ**)، واتـە: لـە شـوێنەکەدا مایـەوە و پێـوەی پەیوەسـت بـوو.

(**لَنَنسِفَنَّهُۥ**): واتــە: وردو خاشــی دەکەیــن، دەیهاڕیــن، پــرژ و بــڵاوی دەکەیــن، (**نَسَـفَ الـشَّيءَ: اقْتَلَعَـهُ مِـنْ أَصْلِـهِ، ونَسَـفَ الـشَّيءَ: فَرَّقَـهُ وَأَذْرَاهُ**)، لە ڕیشـەوە هەڵیقەند، (**نَسَـفَ الـشَّيء**) شـتەکەی پڕژانـد و بـڵاوی کـردەوە. (**وَنَسَـفَ الحَـبَّ بالـمَـنْسِفِ: غَرْبَلَـهُ وَنَقَّـاهُ**)، کەسـێک دەغڵێـک، شـتێک لـە بێژینـک دەدا، دەگوتـرێ: (**نَسَـفَ الحَـبَّ بالمنْسِـفِ**)، واتـە: بـە بێژینـگ، یـان: بـە هێڵـەگ، واتـە: بێژتیـەوە، لـە بێژینگیـداو پـاک و پیسـی لێـک جیاکـردەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

وەک پێشتر گوتمان: ئەو بیست و سێ (٢٣) ئایەتە بەشی کۆتایی بەسەرهاتی مووسا و هاروونی برای عليهما السلام، لەگەڵ فیرعەون و دارو دەستەکەیدا، دەخەنە ڕوو، کە دیارە لێرەدا زۆر شت پێچراوەتەوە کە ئێمە کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی (الأعراف)دا باسمان کرد، چونکە دوای ئەوەی کە جادووگەرەکانی فیرعەون تێدەشکێن لە بەرانبەر موعجیزەی مووسادا عليه السلام، جادووەکەیان پووچەڵ دەبێتەوە، جادووگەرەکان لە فیرعەون هەڵدەگەڕێنەوەو، بڕوا دێنن بە پەروەردگاری مووسا و هاروون، فیرعەونیش هەڕەشەیان لێدەکات، دوای ئەوە، فیرعەون دەست دەکات بە تەنگ پێ هەڵچنینی گەلی بەنوو ئیسرائیل و، بە زۆر شێوە سزایان دەدات، جەزرەبەیان دەدات، فشاریان لێ دەکات، بۆیە خوا جل جلاله کۆمەڵێک بەڵایان بەسەر دێنێ:

﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٣٠﴾ ﴾، دوایی دەفەرموێ: ﴿ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلْجَرَادَ وَٱلْقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٍ مُّفَصَّلَٰتٍ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿١٣٣﴾ ﴾الأعراف، لەوێ بە تەفصیل باسمان کردوە لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (الأعراف)دا.

بەڵام لێرەدا خوای موتەعال ئەوە هەمووی دەپێچێتەوە، یەکسەر دێتە سەر باسی دەربازبوونی مووساو، دەربازکردنی بەنوو ئیسرائیل لە دەست فیرعەون و، کۆچ کردنیان لە میسرەوە بەرەو دەشتی سینا و دوایی بەرەو شام، پەڕینەوەیان بە دەریای سووردا، لێرەدا خوای پەروەردگار ئەو ڕووداوانە هەموویان دەپێچێتەوەو دێتە سەر ئەم مەبەستەو دەفەرموێ:

﴿ وَلَقَدۡ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَسۡرِ بِعِبَادِي ﴾، بـه دڵنیاییـەوە سروشـمان بـۆ لای مووسا کـرد، کـه شـەوڕۆ بـه بەندەکانـم بکـه، واتـه: بـه شـەوێ دەربازیـان بکـه، ﴿ فَٱضۡرِبۡ لَهُمۡ طَرِيقٗا فِي ٱلۡبَحۡرِ يَبَسٗا ﴾، ڕێیەکیـان لـه دەریـادا بـۆ دابنـێ، ڕێیەکـی وشـک، لـه تەفسـیرەکاندا نەمبینیـوە، بـەڵام پێـم وایـه وشـەی (فَٱضۡرِبۡ لَهُمۡ)، یانـی: **(فَـاضْرِبْ بِعَصَـاكَ البَحْـرَ، وَخُـطَّ لَهُـمْ طَرِيْقَـاً فـي البَحْـر)**، یـان **(إجْعَـلْ لَهُـمْ طَرِيْقَـاً فـي البَحْـر)**، بۆیـه وشـەی **(فَـاضْرِبْ)**، هاتـوە لێـرەدا، چونکـه لـه سـوورەتی **(الشـعراء)**دا دەفەرمـوێ: ﴿ فَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ٱلۡبَحۡرَۖ فَٱنفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرۡقٖ كَٱلطَّوۡدِ ٱلۡعَظِيمِ ٦٣ ﴾، واتـه: سروشـمان بـۆ لای مووسـا کـرد کـه بـه گۆچانەکـەت لـه دەریـا بـدە، لێیـدا یەکسـەر دەریاکـه شـەق بـوو، هـەر لایەکـی دەریایەکـه وەک کێوێکـی گـەورە وابـوو، هەتـا بنـی بەسـتبووی و، لـه بنـەوەش دەریـا قـوڕو لیتـەی زۆری تێدایـه، بـەڵام خـوا ﷻ وای کردبـوو، کـه ببێتـه خاکێکـی وشـک و برنـگ، یەکسـەر لیتـه و قـوڕو قاڵەکـەش هەمـووی وشـک بـوو بـۆوە، بـۆ ئـەوەی بەنـوو ئیسـڕائیل کـه دەپەڕنـەوە، تەنانـەت پێڵاوەکانیشـیان بـه قـوڕ نەبـن! بۆیـه لێـره دەفەرمـوێ: ﴿ فَٱضۡرِبۡ لَهُمۡ طَرِيقٗا فِي ٱلۡبَحۡرِ يَبَسٗا ﴾، لـه دەریـادا ڕێیەکـی وشـکانییان بـۆ پەیـدا بکـه، ﴿ لَّا تَخَٰفُ دَرَكٗا ﴾، نـه لـەوە بترسـێی کـه پێتبگـەن، فیرعـەون و سـوپاکەی بتانگەنـێ، ﴿ وَلَا تَخۡشَىٰ ﴾، ناشترسـێی لـه خنـکان و فەوتـان لـه ئـاوی دەریـادا.

﴿ فَأَتۡبَعَهُمۡ فِرۡعَوۡنُ بِجُنُودِهِۦ فَغَشِيَهُم مِّنَ ٱلۡيَمِّ مَا غَشِيَهُمۡ ﴾، فیرعـەون بە سـەربازەکانیەوە شـوێنیان کـەوت، ئیـدی ئـەوە دایپۆشـین لـه دەریـادا کـه دایپۆشـین، دەبـێ چـی دایپۆشـیبن! دەریـا هێنـدێ شـوێنی چەنـد کیلۆمەترێـک قووڵـه، بـه لای کەمـەوە چەنـدان مەتـر قووڵـه، ئـەو شـوێنەی کـه تەنکیـش بـێ، ئنجـا تـۆ تەماشـا بکـه! ئـەو هەمـوو ئـاوە لەسـەرت کەڵەکـه بـێ لـه بنـەوەدا، دەبـێ چـی دایپۆشـیبن؟ واتـه: ئاوێکـی زۆر بـه بارسـتایی چەنـدان مەتـر، یـان: سـەدان مەتـر، یـان چەنـد کیلۆمەتـر، ئـاو دایپۆشـیون، بۆیـه خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَغَشِيَهُم مِّنَ ٱلۡيَمِّ مَا غَشِيَهُمۡ ﴾، لـه دەریـادا ئـەوە دایپۆشـین کـه وەسـف ناکـرێ، مەگـەر هـەر بەخـۆی وەسـف بکـرێ،

دیارە ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی (الأعراف)دا بە تەفصیلْ باسی ئەوەمان کردوە، کە چۆن فیرعەون و سوپایەکەی شوێنیان دەکەون، لە (پەیمانی کۆن)یشەوە چەند شتێکمان هێناوە، کە تیشکی زیاتر دەخەنە سەر چۆنیەتی دەربازبوونی مووسا عليه السلام و خەڵکەکەی، هەروەها فیرعەون و سوپایەکەی چۆن شوێنیان دەکەون، بە عارەبانان؟ لەوێدا بە تەفصیلْ هێناومانە.

﴿ وَأَضَلَّ فِرْعَوْنُ قَوْمَهُۥ وَمَا هَدَىٰ ﴾، فیرعەون خەڵکەکەی خۆی گومڕا کرد، سەری لێ شێواندن، سەرگەردانی کردن، ﴿ وَمَا هَدَىٰ ﴾، دوای ئەوەی کە ڕێنماییشیان لەسەر دەستی مووسا و هاڕوونەوە لە خواوە بۆ هات، هەر ڕێنمایی خەڵکەکەی نەکردو ڕێی ڕاستی پێشان نەدان.

﴿ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ قَدْ أَنجَيْنَٰكُم مِّنْ عَدُوِّكُمْ ﴾، خوا گەلی بەنوو ئیسڕائیل دەدوێنێ، ئەی وەچەی ئیسڕائیل! ئەی ئەوانەی کە لە ئیسڕائیل (کە یەعقووبە عليه السلام) لە دایک بوون، ئەی ئەو کوڕو کچ و ئەوانەی کە لە یەعقووب وەپاش کەوتوون، ئەی گەلی جوولەکە، ﴿ قَدْ أَنجَيْنَٰكُم مِّنْ عَدُوِّكُمْ ﴾، بە دڵنیایی ئێوەمان دەرباز کرد لە دوژمنەکەتان، ﴿ وَوَٰعَدْنَٰكُمْ جَانِبَ ٱلطُّورِ ٱلْأَيْمَنَ ﴾، جێژوانمان بۆ دانان لە لای تەنیشتی ڕاستی کێوی طوور، ﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ ﴾، گەزۆ و شێلاقەشمان بەسەردا دابەزاندن، بۆ ناردنە خوار، ﴿ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ ﴾، لە بژیوە پەسندو چاک و سوود بەخشەکانی کە پێمان داون، بخۆن، ﴿ وَلَا تَطْغَوْا۟ فِيهِ ﴾، تێیدا تووشی سنوور شکێنیی و سنوور بەزێنیی مەبن، واتە: زێدەڕۆیی مەکەن لە خواردندا، یان لە پاشەکەوت کردنیدا، یاخود لە ئەنجامی ئەوەدا کە خوا بژیوی باشتان پێ دەدا، دوایی بە هۆی بژیوی باش و بە هۆی ژیانی چاکەوە، یاخیی مەبن، لەو ژیانە خۆشەتاندا یاخیی مەبن، ﴿ فَيَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبِى ﴾، ئەگەرنا تووڕەیی منتان دێتە سەرێ، تووڕەیی منتان لەسەر پێویست دەبێ، ﴿ وَمَن يَحْلِلْ عَلَيْهِ غَضَبِى فَقَدْ هَوَىٰ ﴾، هەر کەسێ تووڕەیی منی لەسەر پێویست بوو، تووڕەیی منی، دابەزێتە سەر، بێگومان کەوتوە، (هَوَىٰ)، یانی: (سَقَطَ)، کەوتوە، یاخود یانی: فەوتاوە، لەبەین چووە، تێچووە.

﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهۡتَدَىٰ ﴾، بە دڵنیایی من زۆر لێبوردەشم بۆ هەر کەسێک بگەڕێتەوەو، بڕوا بێنێ و، کردەوەی باش بکات، پاشانیش لەسەر ڕاستە ڕێ بەردەوام بێ.

ئنجا خوا دێتە سەر باسی ڕووداوێک، کە ڕووداوێکی زۆر دڵتەزێن بووە لە ژیانی مووسا و هاروونی برای (علیهما السلام)و گەلەکەیاندا، کە بریتیە لە ڕووداوی هەڵخەڵەتێنرانی بەنوو ئیسرائیل لە لایەن سامیرییەوە، بەوە کە گرفتاری کردن بە گۆلک پەرستییەوە.

سەرەتا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَعۡجَلَكَ عَن قَوۡمِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴾، ئەی مووسا! چ شتێک وای لە تۆ کرد پەلە بکەی، پێش گەلەکەت بکەوی، پێش ئەوەی ئەوان بێن تۆ بێی؟ دیارە مووسا عليه السلام ژوانگەی هەبووە، لەگەڵ خوادا، بەڵێنگەی هەبووە، کە لە سووڕەتی (الأعراف)دا بە تەفصیل باسی دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَوَٰعَدۡنَا مُوسَىٰ ثَلَٰثِينَ لَيۡلَةٗ وَأَتۡمَمۡنَٰهَا بِعَشۡرٖ فَتَمَّ مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ أَرۡبَعِينَ لَيۡلَةٗۚ ﴿١٤٢﴾ ﴾، کە پێشێ سی (٣٠) شەو، دوایی دە (١٠)ی دیکەشی بۆ خستۆتە سەرێ، بۆتە چل (٤٠)، چل شەو و ڕۆژ، دەبووایە ماوەی ئەو چل شەوو ڕۆژەی پێ بچێ، کە مووسا عليه السلام چاوەڕێی کردوە، یاخود جۆرێک لە خواپەرستیی ئەنجام داوە، دوای ئەوە بچێتە خزمەت خوای پەروەردگارو لەو شوێنەی کە بۆی دیارییکردوە، گفتوگۆ و ڕاز و نیازی لەگەڵدا بکات و، تەوراتی لێ وەربگرێ، کە لە تەفسیری سووڕەتی (الأعراف)دا بە تەفصیل باسمان کردوە، مووسا لە پێش گەلەکەیەوە بووەو، گەلەکەشی بە دوایەوە، بەڵام ئەو پەلەی کردوە، زۆر تامەزرۆی دیداری خوای پەورەردگار بووە، ﴿ قَالَ هُمۡ أُوْلَآءِ عَلَىٰٓ أَثَرِي ﴾، مووسا گوتی: ئەوانیش لە پشتمەوە دێن، بە شوێن پێمدا دێن، ﴿ وَعَجِلۡتُ إِلَيۡكَ رَبِّ لِتَرۡضَىٰ ﴾، منیش پەلەم کرد بۆ لای تۆ، تاکو لێم ڕازی بی، بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی تۆ زیاتر بە دەستبێنم، بۆیە پەلەم کرد.

﴿ قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِنۢ بَعْدِكَ وَأَضَلَّهُمُ ٱلسَّامِرِيُّ ﴾، خوا فەرمووی: بە دڵنیایی ئێمە لە دوای تۆ خەڵکەکەمان تاقیکردەوە، تووشی بەڵامان کردن و سامیریی گومڕای کردن، دیارە کە دەفەرموێ: ﴿ قَدْ فَتَنَّا ﴾، ئەگەر بە مانای تاقیکردنەوە بێ، یانی: خوا تاقیکردنەوەو، ئەگەر بە مانای: بەڵامان بۆ ناردن بێ، واتە: بە پێی ئەو یاسایانەی کە ئێمە لە گەردوون و لە ژیانی مرۆڤدا دامانناون، بە پێی ئەو یاسایانە بەڵایان بەسەر هات، کەواتە: بۆیە خوا پاڵی داوەتە لای خۆی و وەک خۆی بەسەری هێنابن، چونکە بە پێی یاسای خوا، بەسەریان هاتوە، ئەگەرنا خوا ﷻ کەس تووشی لادان و بەد بەختیی و تاوان ناکات.

﴿ فَرَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوْمِهِۦ غَضْبَٰنَ أَسِفًا ﴾، مووسا گەڕایەوە بۆ لای خەڵکەکەی، بەڵام بێگومان دوای وەرگرتنی تەورات گەڕایەوە، بەڵام بە توورەیی و بە خەفتباریی و بە مەینەتباریی، ﴿ قَالَ يَٰقَوْمِ أَلَمْ يَعِدْكُمْ رَبُّكُمْ وَعْدًا حَسَنًا ﴾، گوتی: ئەی خەڵکەکەم! ئەی گەلەکەم! ئەی کۆمەڵەکەم! ئایا پەروەردگارتان بەڵێنێکی باشی پێ نەدابوون؟ کە تەورات بە من بدات، شەریعەت و بەرنامەیەک بێ، ژیانی پەرستشەکان و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ئێوە ڕێکبخات و، ژیانی ئاکاریتان ڕێکبخات، ئایا بەڵێنێکی باشی پێنەدابوون! ﴿ أَفَطَالَ عَلَيْكُمُ ٱلْعَهْدُ ﴾، ئایا ئەو بەڵێنەی خواتان لێ درێژ بۆوە، کاتەکەیتان پێ زۆر بوو، زۆری پێچوو؟ ﴿ أَمْ أَرَدتُّمْ أَن يَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّكُمْ ﴾، یاخود ویستتان لە پەروەردگارتانەوە توورەییتان دابەزێتە سەر؟ واتە: ئایا کاتەکە زۆری پێچوو، جێژووانەکە و بەڵێنەکە، کە خوا پێی دابووم، تەوراتم پێ بدات، زۆری پێچوو؟ یان هەر ویستتان توورەیی پەروەردگارتانتان بێتە سەرێ؟ ﴿ فَأَخْلَفْتُم مَّوْعِدِى ﴾، بەڵێنەکەی منتان نەبردە سەر، بەڵێنی مووسا ﷺ لەگەڵیان ئەوە بووە: کە هەر خوا پەرست بن، تاکو دەگەڕێتەوە بۆ لایان بە تەوراتەوە، یاخود: لە جێژوانەکەی من دوا کەوتن، واتە: ئەو شوێنە، ئەو بەڵێنگەیە، ئەو جێژوانە کە داندرابوو، لە کاتی

دیاریکراودا نەهاتن، دیارە سەرگەرمی دروستکردنی گۆلک و گۆلک پەرستیی بوون، خافڵاون، بۆیە لە بەڵێنکەو جێژوانگەکە، دوا کەوتوون.

﴿ قَالُوا۟ مَآ أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنَا ﴾، خەڵکەکەی مووسا گوتیان: ئێمە جێژوانەکەی تۆ بە دەست خۆمان نەبوو کە لێی دوا کەوتین، یاخود بەڵێن و پەیمانەکەی تۆمان کە هەڵوەشاندوە، بە دەست خۆمان نەبوو، کە نەمان بردە سەر، ﴿ وَلَٰكِنَّا حُمِّلْنَآ أَوْزَارًا مِّن زِينَةِ ٱلْقَوْمِ ﴾، بەڵام بە هۆی ئەوەوە ئێمە لە ژوانگەکە دواکەوتین، یاخود بە هۆی ئەودوە ئێمە بەڵێنەکەی تۆمان نەبردە سەر، کە ئێمە لە (خشڵ و) جوانیی خەڵکەکە، خەڵکی میسڕ، هەندێک قورساییمان لێ بارکرابوو، واتە: ئەو خشڵ و زێڕو شتەی کە لێمان وەرگرتبوون، وەک کۆڵێک بووە بە کۆڵمانەوە، کە لە زێڕو زیو دروستکرا بوون، ﴿ فَقَذَفْنَٰهَا ﴾، ئنجا ئێمە فڕێمان دان.

هەڵبەتە دەگونجێ مەبەست ئەوەبێ لە کۆڵ خۆمانی بکەینەوەو، چیدیکە شانی خۆمانی پێوە قورس نەکەین، ئەو زێڕو خشڵ و قاپ و قاچاغ و کەل و پەلەی کە لە میسڕییەکان وەریان گرتوە.

﴿ فَكَذَٰلِكَ أَلْقَى ٱلسَّامِرِىُّ ﴾، هەروەها سامیرییش ئەوەی کە خۆی پێی بوو، فڕێی دا، دەشگونجێ مەبەست ئەوەبێ کە دوای ئەوەی سامیریی بۆتەیەکی بۆ دروست کردبوون، قاڵبێکی گۆلک، ئەو زێڕەیان تێدا قاڵ کردۆتەوە، سامیریی ئاگری تێدا کردۆتەوە، دوایی هەر کەسە جوانیی و زێڕەکەی خۆی، قاپ و قاچاغ بووە، خشڵ هەرچی بووە، خستوویانەتە تێی، لەوێدا قاڵ بۆتەوە، پێشتریش دەبێ ئەو سامیرییە کابرایەکی صەنعەتکار بوو بێ، بۆتە و قاڵبێکی لە شێوەی گۆلکدا داناوە، کە ئەو زێڕەیان تێکردوە، دوایی یەکسەر: ﴿ فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا لَّهُۥ خُوَارٌ ﴾، ئەو خشڵ و زێڕو زیوە کە قاڵ دەکرێتەوە، دەخرێتە نێو بۆتە و قاڵبێکەوە، دوایی بە تەنکید کە دێتە دەرێ، پەیکەری گۆلکێکە، ﴿ فَأَخْرَجَ

لَهُمۡ ﴾، بۆی دەرهێنان، ﴿ عِجۡلٗا جَسَدٗا ﴾، پەیکەری گۆلکێک، ﴿ لَّهُۥ خُوَارٞ ﴾، کە بۆڕەی دەهات، دەبێ کونێکی لە لای پشتەوەی کردبێ، کونێکی لە لای زاری کردبێ، کە (با) لە پشتەوە لێی داوەو، بە زاریدا هاتۆتە دەرێ، کابرایەکی پیشەسازو صەنعەتکارو کارامە بووە، دەنگێکی لێ هاتوە، وەک دەنگی بۆڕەی گۆلک.

﴿ فَقَالُواْ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمۡ ﴾، ئنجا گوتیان: ئەوە پەرستراوی ئێوەیە، کێ بوون گوتیان؟ دەگونجێ مەبەست پێی سامیریی و ئەوانە بێ کە لەگەڵی بوو، یاخود سامیرییان بە ڕێزەوە ناو بردوە، ﴿ فَقَالُواْ ﴾، گوتیان، یانی: سامیریی بە تەنیا، بەڵام بە ڕێز و حورمەتەوە ناویان بردوە، لە لایان زۆریان گەورە بووە، ﴿ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمۡ ﴾، ئا ئەوە پەرستراوی ئێوەیە، ﴿ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ ﴾، هەروەها پەرستراوی مووساشە، ﴿ فَنَسِيَ ﴾، ﴿ فَنَسِيَ ﴾، دەگونجێ بۆ سامیریی بچێتەوە، سامیریی بەرنامەی خوا و ڕێنماییەکانی مووسای لەبیر چوون، ئەوەی کە مووسا ﵇ پێ ڕاگەیاند بوون، کە تەنیا پەرستراو خوایە، پەروەردگاری کەون و کائینات، ئەوەی لەبیر چوو.

واتایەکی دیکەی ئەوەیە: ﴿ فَقَالُواْ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمۡ ﴾، گوتیان: ئەوە پەرستراوی ئێوەیە، ﴿ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِيَ ﴾، مووساش پەرستراوی خۆی لە بیر چووە، ئەگەرنا ئەمە پەرستراوی مووساشە، بەڵام مووسا لە بیری چووە.

﴿ أَفَلَا يَرَوۡنَ أَلَّا يَرۡجِعُ إِلَيۡهِمۡ قَوۡلٗا ﴾، ئەمە فەرمایشتی خوایە: ئایا نەیاندەبینی، کە هیچ قسەیەکیان بۆ لا ناگێڕێتەوە، واتە: کە قسەی لەگەڵ دەکەن، وەڵامیان ناداتەوە! ﴿ وَلَا يَمۡلِكُ لَهُمۡ ضَرّٗا وَلَا نَفۡعٗا ﴾، هەروەها ئایا نەیاندەبینی کە هیچ زیان و سوودێکی بۆ ئەوان بە دەست نیە! واتە: ئەوە چ پەرستراوێکە کە تەنانەت قسەش ناکات و، تەنانەت ناتوانێ نە زیانیان لێ دووربخاتەوە و نە سوودیان پێ بگەیەنێ، تەنانەت ئەو شتە سادانەشی بە دەست نین؟!

لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە ئەگەر قسەی بکات و، زیانیان لێ دوور بخاتەوەو، سوودیان پێ بگەیەنێ، شایستەی پەرستن بێ، بەڵکو یانی: تەنانەت ئەو شتە سادانەشی پێ ناکرێن، چ جای ئەوە کە بتوانێ بەدیهێنەر بێ و، پەروەردگار بێ و، ژیێنەر بێ و، مرێنەر بێ و، تەصەڕووف بکات لە گەردووندا، کە تەنیا کەسێک ئەوەی لە دەست دێ، کە خوایەو، هەر خواش شایستەی پەرسترانە.

ئنجا باسی هەڵوێستی هاڕوون دەکات: ﴿ وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَٰرُونُ مِن قَبْلُ يَٰقَوْمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦ ﴾، بە دڵنیایی پێشتر هاڕوون پێی گوتبوون، واتە: پێش ئەوەی مووسا بگەڕێتەوە، هاڕوون پێیگوتن: ﴿ يَٰقَوْمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦ ﴾، ئەی گەلەکەم! بە دڵنیایی ئەو (گۆلک)ە، هەر شتێکە پێی تاقیکراونەوە، ﴿ وَإِنَّ رَبَّكُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگارتان تەنیا (خوای) میهرەبان و بە بەزەییە، ﴿ فَٱتَّبِعُونِى وَأَطِيعُوٓا۟ أَمْرِى ﴾، ئنجا شوێنم بکەون و فەرمانبەریی فەرمانەکەم بکەن، فەرمانەکەم جێبەجێ بکەن.

﴿ قَالُوا۟ لَن نَّبْرَحَ عَلَيْهِ عَٰكِفِينَ حَتَّىٰ يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَىٰ ﴾، گوتیان: ئێمە بەردەوام دەبین، لە لای دەمێنینەوە، دەیپەرستین، هەتاکو مووسا دەگەڕێتەوە بۆ لامان.

ئنجا مووسا ﵇ سەرەتا لێپرسینەوە لەگەڵ هاڕووندا دەکات، هاڕوونی برای کە جێنیشینی بوو:

﴿ قَالَ يَٰهَٰرُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوٓا۟ (٩٢) أَلَّا تَتَّبِعَنِ ﴾، گوتی: ئەی هاڕوون! چ شتێک ڕێی لێگرتی کە کاتێک بینیت گومڕا بوون، شوێنم نەکەوی، واتە: چ شتێک بووە پەرچ کە شوێنم نەکەوی، کاتێک کە بینیت گومڕا بوون؟ چ شتێک وای لێکردی شوێنم نەکەوی؟ چ شتێک ڕێگرت بوو کە بە قسەم بکەی؟ ﴿ أَفَعَصَيْتَ أَمْرِى ﴾، ئایا سەرپێچییت لە فەرمانەکەی من کرد؟ یاخود ئیجتهادێکت کرد، بۆم ڕوونبکەوە، واتە: بە ئەنقەست بە قسەت نەکردم، یاخود پۆزشێک و بیانووێکت هەیە، بۆم ڕوونبکەوە.

﴿ قَالَ يَبْنَؤُمَّ لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِي وَلَا بِرَأْسِيٓ ﴾، گوتی: ئەی کوڕی دایکم! ڕیشم مەگرە و سەریشم مەگرە، واتە: قژی سەریشم مەگرە، دیارە لە سوورەتی (الأعراف)دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُۥٓ إِلَيْهِ (١٥٠) ﴾، واتە: سەری برایەکەی گرت، بۆ لای خۆی ڕاکێشا، مووسا سەرو ڕیشی هاڕوونی گرتوە بۆ لای خۆی ڕایکێشاوە، بۆ ئەوەی لێی بدات و سزای بدات، دەڵێ: ئەی کوڕی دایکم! دەیلاوێنێتەوە، چونکە کوڕی باب و دایکێک بوون، بەڵام دایک سۆز و بەزەیی زیاترە، واتە: هەردووکمان کوڕی دایکێکین، لە کۆشی دایکێکدا پەروەردە بووین و گەورە بووین، لەبەر ئەوە لەگەڵم بە ڕەحمبە، ڕیشم مەگرە، قژیشم مەگرە، ﴿ إِنِّي خَشِيتُ أَن تَقُولَ فَرَّقْتَ بَيْنَ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴾، من لەوە ترسام کە تۆ دوایی بڵێی: بەینی بەنوو ئیسرائیلت تێک داوە، واتە: دووبەرەکییت خستۆتە نێوانیانەوە، پەرتەوازەت کردوون، ﴿ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِي ﴾، قسەکەی منت نەپاراستوە، ئەگەر (تَرْقُبْ)، بە مانای (تَحْفَظْ)، بێ، واتە: قسەکەی منت، پەیمانەکەی منت، بەڵێنەکەی منت، نەپاراستوە، یاخود: ﴿ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِي ﴾، ترسام لەوەی کە تۆ پێم بڵێ: بەنوو ئیسرائیلت پێکوەرکردوە، لە نێو خۆیاندا دووبەرەکییت لەنێودا ناونەوەدو، چاوەڕێی قسەی منت نەکردوە، ﴿ وَلَمْ تَرْقُبْ ﴾، یانی: (وَلَمْ تَنْتَظِرْ)، چاوەڕێی منت نەکردوە تاکو من دێمەوە، خۆم چارەسەری دەکەم، ترسام وا بڵێی، بۆیە لێیان گەڕام،لە سوورەتی (الأعراف)دا هاڕوون وێڕای ئەو دوو پاساوە، پاساوێکی دیکەش دێنێتەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ قَالَ ٱبْنَ أُمَّ إِنَّ ٱلْقَوْمَ ٱسْتَضْعَفُونِي وَكَادُواْ يَقْتُلُونَنِي (١٥٠) ﴾، گوتی: ئەی کوڕی دایکم! خەڵکەکە منیان بە بێهێز زانی و خەریک بوو بشمکوژن، واتە: بێ ددستەڵات بووم و توانام نەبوو کە بیانگێڕمەوە لە گۆلک پەرستیی، ئەوانەی گۆلک پەرست بوون، زیاتر بوون، دیارە هاڕوون کەمینەیەکی لەگەڵدا ماونەوە، کە باری ئەوانی دیکەیان نەبردوە.

ئنجا مووسا ﵇ پۆزش هێنانەوەی برایەکەی وەردەگرێ و، دوایی دەگوازێتەوە بۆ لێپرسینەوە لەسەری فیتنەو بەڵا، کە بریتیە لە سامیری: ﴿ قَالَ فَمَا خَطْبُكَ

يَسَٰمِرِيُّ ﴾، گوتی: ئەی سامیریی! ئەوە چ کەتنێکت کردوە؟ وشەی (خَطْب)، واتە: کارێکی گەورە، شتێکی گەورە، کە شایستەی ئەوەبێ قسەی تێدا بکرێ، واتە: چ کەتنێکت کردوە، ئەی سامیریی! ئەو کەتنەت بۆچی کردوە؟.

﴿ قَالَ بَصُرۡتُ بِمَا لَمۡ يَبۡصُرُواْ بِهِۦ ﴾، سامیریی گوتی: شتێکم بینی کە ئەوان نەیانبینی، ئەوە واتایەکی، یاخود: من شتێکم زانی کە ئەوان نەیاندەزانی، پەییم بە شتێک برد، کە ئەوان پەییان پێ نەدەبرد، ﴿ فَقَبَضۡتُ قَبۡضَةٗ مِّنۡ أَثَرِ ٱلرَّسُولِ ﴾، لە شوێنەواری ڕەوانکراو، لە شوێنەواری نوێنەر، چەنگێکم داگرت، ﴿ فَنَبَذۡتُهَا ﴾، دوایی فڕێمدا، ﴿ وَكَذَٰلِكَ سَوَّلَتۡ لِي نَفۡسِي ﴾، نەفسیشم ئاوا بۆی ڕازاندمەوە، دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باس دەکەین کە ڕوونکەرەوانی قورئان، توێژەرەوانی قورئان، لێرەدا مشتومڕێکی زۆریان بووە، کە ئایا ئەو قسەیەی سامیریی مەبەست پێی چییە؟ بەڵام لێرە هەر ئەوە دەڵێین: گرنگ ئەوەیە سامیریی بەو قسەیە ویستوویەتی خۆی بپەڕێنێتەوە، کە دەڵێ: ئەوەی من بینیم، ئەوان نەیانبینی، یاخود ئەوەی من زانیم، ئەوان نەیانزانیی، دوایی دەڵێ: ﴿ فَقَبَضۡتُ قَبۡضَةٗ ﴾، چەنگێکم داگرت، بە چەنگ داگرتن، ﴿ مِّنۡ أَثَرِ ٱلرَّسُولِ ﴾، لە شوێنەواری (ٱلرَّسُولِ)، کە بە مانای (ڕەوانەکراو)و مانای (نوێنەر) و بە مانای (پێغەمبەر) دێ، ﴿ فَنَبَذۡتُهَا ﴾، ئنجا فڕێمدا، ﴿ وَكَذَٰلِكَ سَوَّلَتۡ لِي نَفۡسِي ﴾، نەفسم وای بۆی ڕازاندمەوە، ئەمە جۆرێکە لە دانپێداهێنانی هەڵە و تاوانەکەی خۆی، کە پاڵی دەداتە لای نەفسی، واتە: نەفسم وای پێ خۆشبوو، وای پێ چاک بوو.

﴿ قَالَ فَٱذۡهَبۡ فَإِنَّ لَكَ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ أَن تَقُولَ لَا مِسَاسَ ﴾، (مووسا) فەرمووی: دە بڕۆ، تۆ لە ژیاندا حاڵت وا دەبێ کە بڵێی: (لَا مِسَاسَ)، (لَا مِسَاسَ): واتە: دەست لە کەس نادەم و کەس دەستم لێ نەدا، (لا أَمَسُّ وَلاَ أُمَسُّ)، نە دەست لە خەڵک دەدەم و نە خەڵک دەستم لێ دەدات، یاخود: (لا أَقْتَرِبُ ولا يُقْتَرَبُ مِنِي)، نە لە کەس نیزیک دەبم، نە کەسم لێ نیزیک بێ، یانی: کەس توخنم

نەکەوێ، واتە: حاڵێکی وات بەسەر بێ، ئنجا ئەمە ئەو سزایە وابووە، کە حاڵەتێکی دەروونیی وای بۆ دروست بێ، نەتوانێ لەگەڵ خەڵک تێکەڵ بێ و، لەگەڵ خەڵک دا بژیێ، یاخود ئەوە جۆرێک بووە لە سزا کە مووسا ﵇ فەرمانی بە خەڵکەکە کردوە، کەس نەیدوێنێ و، کەسیش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکات؟ هەردوو واتایەکان هەڵدەگرێ.

﴿ وَإِنَّ لَكَ مَوْعِدًا لَّن تُخْلَفَهُۥ ﴾، هەروەها تۆ بەڵێنێکت هەیە کە لێی دوا ناکەوی، لێی دوا ناخرێی، بێگومان ئەو بەڵێنەش، بریتیە لە سزای ڕۆژی دوایی، ﴿ وَٱنظُرْ إِلَىٰٓ إِلَٰهِكَ ٱلَّذِى ظَلْتَ عَلَيْهِ عَاكِفًا ﴾، سەرنج بدە ئەو پەرستراوەت کە بەردەوام بووی لەسەر پەرستنی و لەلا مانەوەی و، بە گەورە گرتنی، ﴿ لَّنُحَرِّقَنَّهُۥ ثُمَّ لَنَنسِفَنَّهُۥ فِى ٱلْيَمِّ نَسْفًا ﴾، بێگومان زۆر چاک دەیسووتێنن، پاشان لە دەریادا پرژ و بڵاوی دەکەینەوە، واتە: خۆڵەمێشەکەی، پارچەکانی پرژ و بڵاو دەکەینەوە بە دەریادا، ﴿ إِنَّمَآ إِلَٰهُكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، بە دڵنیایی پەرستراوی ئێوە، تەنیا ئەو خوایەیە، کە جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، ﴿ وَسِعَ كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا ﴾، زانیاریی وی هەموو شتێکی گرتۆتەوەو، بە هەموو شتێک زانایەو، لە هەموو شتێک ئاگادارە و شارەزایە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سروش کردنی خوا ﷻ بۆ مووسا ﵇ کە لە شەوگاردا گەلەکەی لە میسر بباتە دەرێ و، گۆچانەکەی لە دەریای سوور بدات، تاکو ڕێیەکی وشکانیی تێدا پەیدا دەبێ، پێیدا بپەڕنەوەو، بێباکیش بێ لە گیران و خنکان، پاشان ڕاوەدوونانی فیرعەون و سەربازەکانی بۆ مووساو گەلەکەی و نغرۆ بوونیان لە دەریای سووردا:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِى فَٱضْرِبْ لَهُمْ طَرِيقًا فِى ٱلْبَحْرِ يَبَسًا لَّا تَخَٰفُ دَرَكًا وَلَا تَخْشَىٰ (٧٧) فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ بِجُنُودِهِۦ فَغَشِيَهُم مِّنَ ٱلْيَمِّ مَا غَشِيَهُمْ (٧٨) وَأَضَلَّ فِرْعَوْنُ قَوْمَهُۥ وَمَا هَدَىٰ (٧٩)﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿وَلَقَدْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ﴾، بە دڵنیایی سروشمان بۆ لای مووسا کرد، دیارە (و) کە، واوی بادانەوە (عطف)ە، ئەم ڕستەیە دەگێڕێتەوەو بایەداتەوە بۆ بابەتەکانی دیکە پێشێ هاتوون، (ل) بۆ سوێندە، یان بۆ زەمینە خۆشکەری سوێندە، (ممهدة للقسم)، (قد)یش بۆ دڵنیاکردنەوەو بۆ جەختکردنەوەدیە.

کەواتە خوا ﷻ دەفەرموێ: بە دڵنیایی، بە مسۆگەریی، ئێمە وەحییمان بۆ لای مووسا کرد، پێمان ڕاگەیاند بە شێودیەکی پەنهان.

٢)- ﴿أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِى﴾، کە بەندەکانم بە شەوێ ببە، شەوڕۆیان پێ بکە، پێشتر گوتمان: ﴿أَسْرِ﴾، (سیر اللّیل)، بریتیە لە ڕۆیشتن بە شەو، ئنجا کردارەکەی چ (سری)

بێ، چ (أسری) بێ، هەردووکیان، واتە: سەفەری شەوی پێکرد، (سری، أسری)، واتە: (سار لیلاً).

بە دڵنیایی مەبەست لە بەندەکانم گەلی مووسایە عليه السلام، وەچەی ئیسرائیل، کە بە بەنوو ئیسرائیل لە قورئاندا ناوبراون، هەروەها دوایی پێیان گوتراوە: گەلی یەهوود، ئەمە بە سیاق دەزانرێ، کە ئەو بەندانەی مووسا چووە دەربازیان بکات، لە چەنگی فیرعەون، گەلەکەی خۆی بوون، کە هەموویان وەچەی یەعقووبن عليه السلام کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم، کە یەعقووب نازناوەکەی بریتی بووە لە (ئیسرائیل) کە بە زمانی عیبریی واتە: عەبدوڵڵا، هەموو مرۆڤەکان بەندەی خوان، بەڵام بە زۆریی وایە کە لە قورئاندا وشەی (عِباد) بەکاردەهێنرێ بۆ حاڵەتی ستایش (مدح)ە، واتە: ئەوانەی کە بە ویستی ئازادانەی خۆیان بەندایەتیی بۆ خوا دەکەن، بەڵام کە (عبید) بەکاردێ، مەرج نیە حاڵەتی مەدح بێ، واتە: ئەوانەی کە ملکەچی خوان، دیارە هەموو مرۆڤەکان ملکەچی خوان، ئنجا هەیانە بە ناچاریی، کە هەموویان بە ناچاریی لە زۆربەی ژیانیاندا ملکەچی خوان، هیچ کەس بە دەست خۆی نیە، هاتۆتە نێو ژیان، هیچ کەس بەدەست خۆی نیە، ژیان بەجێدێڵێ، هیچ کەس بە دەست خۆی نیە قەدو قیافەی چۆنە؟ ڕەنگ و زمانی چۆنە؟ بەڵام مرۆڤ بە دەست خۆیەتی، بەندایەتیی بۆ خوا بکات، یان نەیکات، بەندایەتیی بە مانای فراوانی وشە.

بۆیە لە قورئاندا بە زۆریی وشەی (عباد)، بۆ حاڵەتی مەدح بەکاردەهێنرێ، وەک:

أ- ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنٗا ﴾الفرقان: (٦٣).

ب- ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ ﴾البقرة: (١٨٦).

ج- ﴿ قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ ﴾الزمر: (٥٣).

د- لێرەش: ﴿أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِى﴾، ئنجا ئایا چۆنیان شەو ڕۆ پێ بکات و، لە حاڵێکدا کە لە میصر بچنە دەرێ، بەرەو کوێ بچن؟.

٣)- ﴿فَٱضْرِبْ لَهُمْ طَرِيقًا فِى ٱلْبَحْرِ يَبَسًا﴾، ﴿فَٱضْرِبْ﴾، لە تەفسیرەکاندا گوتراوە: (فاجعل)، (فَاجعل لَهُمْ طَرِيقاً في البَحْرِ يَبَساً)، ڕێیەکی وشکانییان لە دەریادا بۆ پەیدا بکە، لە تەفسیرەکاندا نەمبینیوە، بەڵام وەک پێشتریش باسم کرد کە دەفەرموێ: ﴿فَٱضْرِبْ﴾، لە جیاتی بفەرموێ: (فاجعل لهم)، پێم وایە ئاماژەیە بەو ئایەتە موبارەکانەی کە لە سوورەتی (الشعراء)دان، کە خوا دەفەرموێ:

﴿فَأَتْبَعُوهُم مُّشْرِقِينَ (٦٠) فَلَمَّا تَرَٰٓءَا ٱلْجَمْعَانِ قَالَ أَصْحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدْرَكُونَ (٦١) قَالَ كَلَّآ إِنَّ مَعِىَ رَبِّى سَيَهْدِينِ (٦٢) فَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْبَحْرَ فَٱنفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَٱلطَّوْدِ ٱلْعَظِيمِ (٦٣)﴾.

واتە: فیرعەون بە سوپاو سەربازەکانیەوە شوێنیان کەوتن و، دەمەو خۆرهەڵات، (پێش بەیانیی لە میسر وەدەرکەوتوون)، کاتێک دوو کۆمەڵەکە لێک وەدەرکەوتن، هاوەڵانی مووسا، گوتیان: ئێمە گیراوین، ئێمە دەگیرێین، [(مُدرَك)، کەسێکە کە ئەوەی بەدوای کەوتوە فریای بکەوێ و بیگاتێ، یانی: پێمان دەگەن]، مووسا فەرمووی: نەخێر (هەرگیز ئەوانە زەفەرمان پێنابەن)، پەروەردگارم لەگەڵمدایەو ڕێنماییم دەکات (چی بکەم؟) ئێمە سروشمان بۆ مووسا کرد، کە بە گۆچانەکەت لە دەریا بدە، [دەریای سوور، دەریای سووریان لە پێشەوە بووە، ئەگەر کەسێک لە میسرەوە بیەوێ بەرەو شام و بەرەو دەشتی سینا بچێ، بێگومان دەریای سووری دێتە پێش، پێمان گوت: بە گۆچانەکەت لە دەریاکە بدە]، دەریایەکە شەق بوو، هەر بەشێکی وەک کێوێکی گەورە وابوو، دەریایەک ببێتە دالان دالان، لەسەرێ ڕا هەتا خوارێ شەق ببێ و گڵی وشک دەربکەوێ، هەر بەو جۆرە دەبێ، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿فَٱضْرِبْ لَهُمْ طَرِيقًا فِى ٱلْبَحْرِ يَبَسًا﴾، یانی: بە گۆچانەکەت لە دەریا بدەو، سەر ئەنجام ڕێیەکی وشکیان لە دەریادا بۆ پەیدا بکە، (هەڵبەتە بە فەرمانی خوا ﷻ).

وشەی: ﴿ يَبَسًا ﴾، وەسفە، بەڵام بە مانای (يابس)ە، ڕێیەکی وشکانیی.

٤)- ﴿ لَّا تَخَٰفُ دَرَكًا ﴾، ترست نیە لە گیران، هەروەها خوێنراویشەتەوە: (لاَ تَخَفْ)، مەترسێ لە گیران، (الدَّرَكُ: إِسْمُ مَصْدَرِ الإِدْرَاكِ، أَدْرَكَ، يُدْرِكُ، إِدْرَاكاً، وَدَرَكاً)، (إِدْرَاك)، واتە: فریاکەوتن، پێگەیشتن، کەسێک بەدوای شتێک بکەوێ و بیگرێ، گرتن، خوا دەفەرموێ: ﴿ لَّا تَخَٰفُ ﴾، یان (لا تَخَفْ)، هەردوو خوێندنەوەکەی هاتوون، ﴿ دَرَكًا ﴾، ناترسی، یان مەترسە، لە گیران.

٥)- ﴿ وَلَا تَخْشَىٰ ﴾، هەروەها ترسی گەورەشت نەبێ، ترسی زۆریشت نەبێ، لەچی؟ لە خنکان، دەڵێ: (الخَشْيَةُ: شِدَّةُ الخَوْفِ، وحُذِفَ مَفْعولُهُ لإِفادَةِ العمُوم)، مەترسێ لە خنکان، مەترسێ لە هەر ناڕەحەتییەکی دیکە، بۆ ئەوەی هەمووی بگرێتەوە، بەڵام خنکان لە نێو دەریادا کە دەریاکە وێک بکەوێتەوە، بە دڵنیاییەوە ئەوە لە هەموو شتێ زیاتر جێگای مەترسیی بووە بۆیان.

٦)- ﴿ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ بِجُنُودِهِۦ ﴾، فیرعەون بە سەربازەکانیەوە شوێنیان کەوت، دیارە (أَتْبَعَهُمْ)، لەگەڵ (تَبِعَهُم)، هەردووکیان بە مانای شوێن کەوتنن، شوێنیان کەوت، بەڵام ﴿ فَأَتْبَعَهُمْ ﴾، مانایەکەی بەهێزترە، واتە: زۆر چاک، زۆر بە توندیی، زۆر بە خێرایی شوێنیان کەوت و لێشیان وە نزیک کەوت.

٧)- ﴿ فَغَشِيَهُم مِّنَ ٱلْيَمِّ مَا غَشِيَهُمْ ﴾، ئنجا دایپۆشین لە دەریادا ئەوەی کە دایپۆشین، (غَشِيَهُم)، یانی: (غطَّاهم)، (یَمّ)، بە مانای دەریا دێ، کە (یَمّ) بە (یموم) کۆدەکرێتەوە، واتە: دەریاکان، وەک (سَمّ: سموم) کە دەفەرموێ: ﴿ فَغَشِيَهُم مِّنَ ٱلْيَمِّ ﴾، دایپۆشین لە دەریادا، ﴿ مَا غَشِيَهُمْ ﴾، یانی: (الذي غَشِيَهُم)، ئەوەی کە دایپۆشین، واتە: ئەوەی کە دایپۆشین وەسف ناکرێ هێندە مەزن بووە، چونکە وەک گوتمان: بە بارستایی چەند سەد مەترێک، یان چەند کیلۆمەترێک ئاو بکەوێتە سەر سەربازەکانی فیرعەون، مانای وایە ئاوێکی زۆر ئەستوورو زەبەلاحیان کەوتۆتە سەرێ، کە جەنازەکانیان کەوتۆتە بنی بەحرێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ فَغَشِيَهُم مِّنَ ٱلْيَمِّ مَا غَشِيَهُمْ ﴾، لە دەریادا ئەوەی دایپۆشین

کە داپۆشین، واتە: وەسف ناکرێ، مەگەر هەر بە خۆی وەسف بکرێ.

٨)- ﴿ **وَأَضَلَّ فِرۡعَوۡنُ قَوۡمَهُۥ** ﴾، فیرعەون، گەلەکەی خۆی گومڕا کرد، سەری لێ شێواندن، سەرگەردانی کردن، **(الإضلال: الإِيْقَاعُ فـي الضَّلَال)**، (إضلال)، بریتیە لە خستنە نێو گومڕایی، **(الضَّلَال: وَهُوَ خَطأ الطَّرِيقِ المُوصِلِ ويُستعملُ بكَثْرَةٍ فـي الجَهالَةِ وعَمل مَا فيهِ ضُرٌّ)**، وشەی (ضَلَال)، لە بنەڕەتدا بە مانای ڕێ هەڵەکردن دێ، ئەو ڕێیەی کە بتگەیەنێتە ئامانج، تۆ هەڵەی بکەی و لێی هەڵە بی، بەڵام زۆریش بەکاردەهێنرێ بۆ نەزانیی و نەفامیی و، بۆ کردارێک کە زیانبەخشە، کەواتە: فیرعەون کۆمەڵەکەی خۆی کە قیبتییەکانن و خەڵکی میسرن، گومڕای کردن.

٩)- ﴿ **وَمَا هَدَىٰ** ﴾، یانی: **(وَمَا هَدَاهُم)**، نەیتوانی ڕاستە ڕێیان بکات، ئنجا هەندێک لە زانایان گوتوویانە:

١- ئەمە: **(عَطْفُ الأَعَمِّ عَلَى الأَخَصِّ)**، بریتیە لە گێڕانەوەی شتێکی گشتیی بۆ سەر شتێکی تایبەت، دەڵێ: **(لأَنَّ عَدَمَ الهُدَى يَصدُق بَتْرْكَ الإرْشَادِ مِنْ دُونِ الإضْلَالِ)**، چونکە ڕێنمایی نەکردن، تەنیا بەوەی مرۆڤ ڕێی پێ نیشان نەدرێ، دێتە دی، بەبێ ئەوەی گومڕاشی بکات، یانی: هەر وازی لێ بێنێ، ئەوە ڕێنمایی نەکرد، بەڵام گومڕاکردن بریتیە لە ڕێ پێ پێشان نەدان، وێڕای سەرلێ شێواندن.

کەواتە: مەرج نیە مرۆڤ ئەگەر کەسێکی ڕێنمایی نەکرد، گومڕای بکات، گومڕاکردن پلەیەکی هەڵکشیوترە لە ڕێ پێ پێشان نەدان.

٢- هەندێکیش گوتوویانە: **(أَضَلَّهم بِدَايَةً وَلَمْ يهدهم بَعْد أَنْ عَرَفَ الهُدَى)**، سەرەتا گومڕای کردوون و، دوای ئەوەی ڕێنمایی خوای بۆ هاتوە لەسەر دەستی مووسا، بەهرەمەندی نەکردوون لەو ڕێنماییەی خوا.

(الزمخشري) لە تەفسیرەکەی خۆی **(الكشاف)**دا، کە زۆرجار نوکتەی ڕەوانبێژیی زۆر جوان دەردەخات، زۆر لە تەفسیرەکان لێی بەهرەمەند بوون، دەڵێ: **((وَمَا هَدَى) تَهَكُّمٌ بِفِرْعَونَ فـي قَوْلِهِ:** ﴿ **وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ٢٩** ﴾**غافر)**.

واته: ئەمە جۆرێکە لە گاڵتەکردن بە فیرعەون، کە گوتی: (وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ)، من ڕێی ڕاست نەبێ، سەر ڕاستیی نەبێ، پێشانی ئێوەی نادەم، خوا دەفەرموێ: نا، ڕێنمایی نەکردن بۆ ڕێگای ڕاست، ئەوە جۆرێکە لە گاڵتە پێکردن.

٣- هەندێکی دیکە گوتوویانە: کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَضَلَّ فِرۡعَوۡنُ قَوۡمَهُۥ وَمَا هَدَىٰ ﴾، ئەمە بەس بۆ جەختکردنەوەیەکی بێژەیی (تأكيد لفظي)یە.

کە لە یەک کاتدا دەگونجێ ئەوانە هەموویان مەبەست بن، هەر بۆیە فەرمایشتی خوا لە قەدەر خوایە ﷻ، هەتا لێی وردبیەوە وردەکاریی تێدایە.

مەسەلەی دووەم:

بانگکردنی خوا بۆ بەنی ئیسرائیل کە لە دوژمنەکەیان دەربازی کردوون و، لای ڕاستی کێوی طووری بە ژوانگە بۆ داناون و، گەزۆو شێلاقەی بۆ دابەزاندوون، کەواتە: با لە بژیوی خۆش و بە سوودی خوا بخۆن و، سنوور شکێنیی تێدا نەکەن، ئەگەرنا تووڕەیی خوایان دێتە سەر، هەرچەندە کەسێکیش بگەڕێتەوەو، ئیمان و کرداری باشی هەبێ و، دامەزراو بێ لە سەر ڕاستە شەقامی خوا، خوا بەرانبەری لێبوردەیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ قَدۡ أَنجَيۡنَٰكُم مِّنۡ عَدُوِّكُمۡ وَوَٰعَدۡنَٰكُمۡ جَانِبَ ٱلطُّورِ ٱلۡأَيۡمَنَ وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَنَّ وَٱلسَّلۡوَىٰ (٨٠) كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ وَلَا تَطۡغَوۡاْ فِيهِ فَيَحِلَّ عَلَيۡكُمۡ غَضَبِيۖ وَمَن يَحۡلِلۡ عَلَيۡهِ غَضَبِي فَقَدۡ هَوَىٰ (٨١) وَإِنِّي لَغَفَّارٞ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا ثُمَّ ٱهۡتَدَىٰ (٨٢) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

چۆنیەتی دەربازکرانی مووسا و گەلەکەی لە دەریای سوور، لە فیرعەون و سوپاکەی، ئێمە لە سوورەتی **(الأعراف)**دا، بە تەفصیل باسمان کردووە، جارێکی دیکەش ئێمە لە سوورەتی **(الشعراء)**دا پێی دەگەینەوە، لە سوورەتی **(القصص)**ش دا پێی دەگەینەوە، بۆیە لێرەدا بەم کورتەیە وازی لێدێنین، خوا ﷻ دوای ئەوەی کە بەنی ئیسرائیلی ڕزگار کردو، چوون بۆ دەشتی سینا، ئنجا دەیان دوێنێ دەفەرموێ:

١)- ﴿ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ قَدۡ أَنجَيۡنَٰكُم مِّنۡ عَدُوِّكُمۡ ﴾، ئەی وەچەی ئیسرائیل! بە دڵنیایی دەربازمان کردن لە دوژمنەکەتان، ﴿ قَدۡ أَنجَيۡنَٰكُمۡ ﴾، خوێندنەوەیەکی دیکەشی هەیە، **(قَدْ أنْجيْتُكم)**، بە دڵنیاییەوە دەربازم کردن.

٢)- ﴿ وَوَٰعَدۡنَٰكُمۡ جَانِبَ ٱلطُّورِ ٱلۡأَيۡمَنَ ﴾، لای ڕاستی طوورِم بە ژوانگە بۆ دانان، بە بەڵێنگە بۆم دانان، ﴿ وَوَٰعَدۡنَٰكُمۡ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (وَوَاعَدْتُكُم)، واتە: بۆم دانان، (المواعدة: إتّعادٌ من جانبين)، (مُوَاعَدَة)، بریتیە لە ژوانگە دانان لە دوو لاوە، هەردوولا ئاگاداربن کە فڵان شوێن و فڵان کات، بە بەڵێنگە دانراوەو لەوێ پێک بگەن.

کە دەفەرموێ: ﴿ جَانِبَ ٱلطُّورِ ﴾، (جَانِب)، واتە: لا تەنیشت، ﴿ ٱلۡأَيۡمَنَ ﴾، واتە: لای ڕاستی کێوی طوورِ، لای ڕاستی کێوی طوورِ، بە ئیعتیباری ئەو کەسە کە دەچێت، چونکە ڕاست و چەپ و سەرو خوار، شتی ڕێژەیین، بە ئیعتیباری شوێنی جوگرافیی کەسەکان جیا دەبن، بۆ وێنە: کەسێک لە باکوورەوە بەرەو باشوور بێ، کێوێک کە لە لای ڕاستیەتی، کاتێک کە بە پێچەوانەوە لە باشوورەوە بەرەو باکوور دەچێ، ئنجا دەکەوێتە لای چەپی، بێگومان ئەو شتانە شتی ڕێژەیی (نسبي)ن، کەواتە: بەنسبەت گەلی بەنی ئیسرائیلەوە کێوی طوورِ کەوتۆتە لای ڕاستیان، ئەو ژوانگەیەی کە خوا بۆی داناون، کێوی طوورِ کەوتۆتە لای ڕاستیان، واتە: کە لە میسرِەوە هاتوون، کێوی طوورِ لە دەشتی سینا کەوتۆتە لای ڕاستیان، بەڵام ئەگەر لە شامەوە چووبانەوە بەرەو میسرِ، دەکەوتە لای چەپیان.

٣)- ﴿ وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَنَّ وَٱلسَّلۡوَىٰ ﴾، گەزۆ و شێلاقەشمان بۆ دابەزاندن، واتە: خۆراک و میوە، چونکە (سَلْوَى)، کە تاکەکەی (سَلوَاة)ە، جۆرێکە لە باڵندە، کە بە فارسیی (بلدر چین) ی پێ دەڵێن، بە کوردیی شێلاقەی پێدەڵێن، واپێدەچێ لە شێوەی کەو و سوێسکە دابێ.

(المَنّ)یش، واتە: گەزۆ، پێشتر باسمان کرد کە ئەویش ماددەیەکی شیرینە لەسەر گەڵای درەختان دەنیشێ، یان لەسەر بەردو ئەوانە دەنیشێ، کەواتە: گەزۆیەکە لەجێی میوە بووەو، باڵندەکە لە جێی خۆراک بووە، خوا بە شێوەی تایبەت بۆی ڕەخساندوون و بۆی دابەزاندوون.

٤)- ﴿ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ ﴾، لە بژیوە چاک و سوودبەخشەکانی کە پێمان داون، بخۆن، واتە: پێمان گوتن: بخۆن، یاخود ئێمە پێمان گوتبوون: لێی بخۆن.

٥)- ﴿ وَلَا تَطۡغَوۡاْ فِيهِ ﴾، لەو ناز و نیعمەتانەدا سنوور شکێنیی مەکەن، ڕستەی: ﴿ وَلَا تَطۡغَوۡاْ فِيهِ ﴾، ناچێتەوە بۆ: ﴿ طَيِّبَٰتِ ﴾، ئەگەرنا دەیفەرموو: (ولاَ تَطْغَوا فيهَا)، بەڵکو دەچێتەوە بۆ: ﴿ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ ﴾، (الذي رزقناكم)، یان دەچێتەوە بۆ: ﴿ كُلُواْ ﴾، واتە: لە خواردنەکەدا زێدەڕۆیی مەکەن، تێمەپەڕێنن، سنوور شکێنیی مەکەن، ئەمیش بە سێ حاڵەت دەبێ:

أ- یان ئەوەیە لە خواردنەکەیدا زێدەڕۆیی بکەی.

ب- یان دوای ئەوەی کە خواردت، سوپاسگوزاریی خوای لەسەر نەکەی.

ج- یان دوای ئەوەی دەیخۆی، پێی لە خۆبایی بی و لە خوا یاخیی بی.

٦)- ﴿ فَيَحِلَّ عَلَيۡكُمۡ غَضَبِيۖ ﴾، ئەم (فَيَحِلَّ)، (ف)کە، دەیباتەوە بۆ: ﴿ تَطۡغَوۡاْ فِيهِ ﴾، (فاء الجزائية)یە، واتە: ئەگەر لە ناز و نیعمەتەکانی خوادا زێدەڕۆیی بکەن و سەرکێشیی و سنوور شکێنیی بکەن، تووڕەیی منتان لەسەر دێتە دی، لەسەر پێویست دەبێ، ئنجا: ﴿ فَيَحِلَّ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (فَيَحُلَّ)، هەردووکیان هاتوون، (الحُلُولُ: النُّزولُ وَالإقَامَةُ بالمَكَانِ شبِّه بحُلُولِ الجَيْش)، (حلول)، واتە: دابەزین و نیشتەجێ بوون، سەقامگیر بوون لە شوێنێک، دابەزینی ئەو سزایەی خوا، چوێنراوە بە دابەزینی سوپایەک لە شوێنێک کە دەیگرێ و، دەستی بەسەر دادەگرێ.

٧)- ﴿ وَمَن يَحۡلِلۡ عَلَيۡهِ غَضَبِي فَقَدۡ هَوَىٰ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (ومن يَحلُلْ)، هەردووکیان بەیەک واتان، واتە: هەر کەسێک تووڕەیی منی بێتە سەرێ، تووڕەیی منی دابەزێتە سەر، لەسەر پێویست بێ، ﴿ فَقَدۡ هَوَىٰ ﴾، (هَوَى: سَقَطَ مِنْ عُلُوٍ)، لەسەرێوە کەوتە خوارێ، بەڵام لێرە خوازراوەتەوە بۆ لە بەین چوون و فەوتان، واتە: هەر کەسێ تووڕەیی منی لەسەر پێویست بێ، فەوتاوە و تێچووە، سەری بە فەتارەت چووە.

٨)- ﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٞ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا ﴾، بە دڵنیاییەوە من زۆر لێبوردەم بۆ کەسێک بگەڕێتەوەو، بڕوا بێنێ و، کردەوەی باش بکات، پێشێ بگەڕێتەوە لەو خراپانەی

کە کردوونی، ئنجا دوایی ئیمان بێنێ، ئنجا بە پێی ئیمانەکەی کردەوەی باش بکات، لە زۆر شوێن لە قورئاندا تۆبە پێشخراوە: ﴿فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ﴾، ﴿وَإِنِّى لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾، بە زۆریی وایە، چونکە کاتێک مرۆڤ بە ڕێیەکی چەوت دادەڕوات، هەتا ڕێیە چەوتەکە واز لێ نەهێنێ و، نەیەتەوە سەر ڕاستە ڕێ، نە ڕێی ئیمان هێنانی هەیەو، نە ڕێی کردەوەی باشی هەیە، هەروەها کەسێک کە گیرۆدە بووە بە کوفرەوە، دەبێ پێشێ کوفرەکە واز لێبێنێ، ئنجا دەتوانێ ئیمان بێنێ، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ﴾البقرة٢٥٦، دەبێ کوفر بە (طاغوت) بکات، ئنجا ئیمان بێنێ، هەر بۆیە وشەی (توحید) بریتیە لە: (**نفي، وإثبات**)، (**لا إله إلا الله**)، دەبێ پێشێ هەرچی پەرستراوی ساختەیە، لە عەقڵ و دڵی خۆت دەری بکەی، عەقڵ و دڵی خۆت، لە خڵتەو خاڵ و ژەنگ و ژاری پەرستن و، ڕووتێکردنی هەموو پەرستراوە ساختەکان پاکبکەیەوەو بژاری بکەی، ئنجا دەتوانی خوا بە یەکگرتنی تێدا بچەسپێنی، ئیمان بە خوای تێدا بچەسپێنێ، هەروەک و ئەهلی تەصەووف دەڵێن: (**التَّخلية ثم التحلية**)، خۆبژارکردن، ئنجا خۆڕازاندنەوە.

٩)- ﴿ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ﴾، (واتە: من زۆر لێبوردەم بۆ کەسێک بگەڕێتەوە، دوایی بڕوابێنێ، دوایی کردەوەی باش بکات)، ﴿ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ﴾، پاشان ڕاستە ڕێ بێ، واتە: لەسەر ئەو بڕواو کردەوە باشە بەردەوام بێ، (**اهتدى استمرّ على الهدى وثبت عليه**)، کەواتە: (ثُمَّ)، لێرەدا (**للترتيب الرُّتبيّ**) بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییە، چونکە بەردەوام بوون لەسەر ڕاستە شەقامی خوا، پلەیەکی بەرزترە لەسەر ئیمان هێنان و کردەوەی باش ئەنجامدان.

مەسەلەی سێیەم:

پرسیارکردنی خوا لە مووسا ﵇ لە هۆکاری پەلەکردنی لە چوونی بۆ جێژوانی خواو، وەڵامدانەوەی مووسا کە مەبەستی ڕازیکردنی خوا بووەو، گەلەکەشی بە دوایەوەن و، هەواڵدانی خوا بە مووسا کە گەلەکەی پاش خۆی بەڵایان بەسەر هاتوەو، سامیریی لە خشتەی بردوون و گیرۆدەی گۆلک پەرستیی کردوون:

خوا دەفەرمووێ: ﴿وَمَآ أَعۡجَلَكَ عَن قَوۡمِكَ يَٰمُوسَىٰ (٨٣) قَالَ هُمۡ أُوْلَآءِ عَلَىٰٓ أَثَرِي وَعَجِلۡتُ إِلَيۡكَ رَبِّ لِتَرۡضَىٰ (٨٤) قَالَ فَإِنَّا قَدۡ فَتَنَّا قَوۡمَكَ مِنۢ بَعۡدِكَ وَأَضَلَّهُمُ ٱلسَّامِرِيُّ (٨٥)﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿وَمَآ أَعۡجَلَكَ عَن قَوۡمِكَ يَٰمُوسَىٰ﴾، خوا فەرمووی: ئەی مووسا! چ شتێک پەلەی بە تۆ کرد کە گەلەکەت بەجێ بهێڵیی؟ (الإِعْجَالُ: جَعْلُ الشيءِ عَاجِلاً)، (إعجال): بریتیە لەوە کە شتێک زوو پەلەی پێ بکەی، شتێک بە پەلە ئەنجام بدەی، ﴿وَمَآ أَعۡجَلَكَ عَن قَوۡمِكَ يَٰمُوسَىٰ﴾، بۆچی پەلەت کرد لە بەجێهێشتنی گەلەکەت دا، ئەوانت بەجێهێشت و خۆت زووتر هاتی، لە جیاتی ئەوەی پێکەوە بێن، بۆ ئەو جێژوانە، کە خوا ﷻ بۆی بڕیاردا بوون؟.

ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی (الأعراف)دا، بە تەفصیل باسمان کردوە کە خوا ﷻ، سی (٣٠) شەوی بۆ مووسا دانا بوون، کە دوای سی شەوەکە بچێتە ئەو شوێنەو لە خزمەتی خوادا گفتوگۆ بکات و تەوراتی لێوەربگرێ، دوایی دە (١٠) شەوی دیکەشی زیاد کردوە لە سی شەوەکەو بۆتە چل (٤٠) شەو: ﴿۞وَوَٰعَدۡنَا مُوسَىٰ ثَلَٰثِينَ لَيۡلَةٗ وَأَتۡمَمۡنَٰهَا بِعَشۡرٖ فَتَمَّ مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ أَرۡبَعِينَ لَيۡلَةٗۚ وَقَالَ مُوسَىٰ لِأَخِيهِ هَٰرُونَ ٱخۡلُفۡنِي فِي قَوۡمِي وَأَصۡلِحۡ وَلَا تَتَّبِعۡ سَبِيلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ (١٤٢)﴾ الأعراف،

دیارە دوای چل شەوەکە مووسا عليه السلام، کەوا بڕیار بووە لەگەڵ بەنوو ئیسڕائیلدا بە یەکەوە بچن بۆ ئەو جێژوانە، بەڵام مووسا پەلەی کردوە، ئنجا خوا لە هۆکاری پەلەکردنەکەی و جێهێشتنی گەلەکەی دەپرسێ؟

مووسا عليه السلام وەڵام دەداتەوە:

٢)- ﴿ قَالَ هُمْ أُوْلَآءِ عَلَىٰٓ أَثَرِي ﴾، گوتی: ئەوان لە پشتمەوەن، بەدوامەوەن، واتە: من لە پێش ئەواندا هاتم و ئەوانیش بەدوامەوەن، ئەوە دێن بە شوێن پێمدا.

٣)- ﴿ وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ رَبِّ لِتَرْضَىٰ ﴾، ئەی پەروەردگارم! پەلەم کرد بۆ لای تۆ، تاکو لێم ڕازیی بی، دیارە مووسا زۆر تامەزرۆو موشتاق بووە بۆ دیداری خوا ﷻ، ئەو خەڵکەش هەموو ژن و منداڵیان پێ بووەو، کۆڵ و باریان پێ بووە، بێگومان بە پێی مووسا دەرنەچوون، مووساش پەلەی بووەو هۆکاری پەلەکردنەکەشی ئەوە بووە کە هەرچی زووترو زیاتر ڕەزامەندیی خوا بەدەست بێنێ.

٤)- ﴿ قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِنۢ بَعْدِكَ ﴾، خوا فەرمووی: بە دڵنیایی ئێمە لە دوای تۆ گەلەکەمان تاقیکردەوە، تووشی بەڵامانکردن.

٥)- ﴿ وَأَضَلَّهُمُ ٱلسَّامِرِيُّ ﴾، بەڵاو تاقیکردنەوەکەش ئەوەیە کە: سامیریی گومڕای کردن.

ئایا سامیریی کێ بووە؟

١- سامیریی گەنجێکی قیبتیی بووە، واتە: لە میسڕییەکان بووەو چۆتە نێو ڕیزەکانی بەنی ئیسڕائیلەوە، لە میسڕ لەگەڵ واندا تولفەتی پەیدا کردوەو، خووی پێوەگرتوون و خۆشیویستوون، یان لەبەر ئەوەی بابایەکی صەنعەتکار بووە، شتی بۆ دروستکردوون، لەگەڵیاندا بووە، واتە: جوولەکە نەبووەو، لە بەنی ئیسڕائیل نەبووە.

٢- لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە هاتوە کە دەڵێ: (کان السامري من أهل کرمان)، سامیریی خەڵکی کەڕمان بووە، کەڕمان شارێکە ئێستاش هەر هەیە لە ئێران.

٣- (البيضاوي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: سامیریی پاڵدراوەتە لای هۆزێک لە بەنی ئیسرائیل، کە ئەو هۆزە پێی دەگوترێ: سامیرە.

بەڵام ئەم ڕایە ڕاست نیە، وەک (**محمد الطاهر عاشور**)، دەڵێ: **{فَلَيْسَ بِصَحِيحٍ، لِأَنَّ السَّامِرَةَ أُمَّةٌ مِنْ سُكَّانِ فِلَسْطِينَ فِي جِهَةِ نَابُلُسَ فِي عَهْدِ الدَّوْلَةِ الرُّومِيَّةِ "الْبِيزَنْطِيَّةِ" وَكَانُوا فِي فِلَسْطِينَ قَبْلَ مَصِيرِ فِلَسْطِينَ بِيَدِ بَنِي إِسْرَائِيلَ، ثُمَّ امْتَزَجُوا بِالْإِسْرَائِيلِيِّينَ وَاتَّبَعُوا شَرِيعَةَ مُوسَى ﷺ مَعَ تَخَالُفٍ فِي طَرِيقَتِهِمْ عَنْ طَرِيقَةِ الْيَهُودِ، فَلَيْسَ هُوَ مَنْسُوبًا إِلَى مَدِينَةِ السَّامِرَةِ الْقَرِيبَةِ مِنْ نَابُلُسَ لِأَنَّ مَدِينَةَ السَّامِرَةِ بَنَاهَا الْمَلِكُ "عَمْرِي" مَلِكُ مَمْلَكَةِ إِسْرَائِيلَ سَنَةَ 925 قَبْلَ الْمَسِيحِ. وَجَعَلَهَا قَصَبَةَ مَمْلَكَتِهِ، وَسَمَّاهَا "شُومِيرُونَ" لِأَنَّهُ بَنَاهَا عَلَى جَبَلٍ اشْتَرَاهُ مِنْ رَجُلٍ اسْمُهُ "شَامِرَ"}**(١).

دەڵێ: ئەو ڕایەی (بیضاوي) ڕاست نیە کە سامیریی پاڵدرێتە لای هۆزی (سامیرە)، کە هۆزێک بوون لە بەنی ئیسرائیل، چونکە (سامیرە)، خەڵکێک بوون لە دانیشتووانی فەڵەستین لە لای نابلوسەوە، لە ڕۆژگاری دەوڵەتی ڕۆمی بیزەنتییداو، ئەوانە لە فەڵەستین بوون، پێش ئەوەی فەڵەستین بکەوێتە دەستی بەنی ئیسرائیل، دوایی لەگەڵ بەنی ئیسرائیلدا تێکەڵ بوون و، شوێن شەریعەتی مووسا کەوتوون، بەڵام لەگەڵ هەندێ جیاوازیی لە شێوەی دیندارییکردنی جوولەکەکاندا، شاری (سامیرە)ش، پادشایەک دروستی کردوە بە ناوی (عەمری)، کە پادشای مەملەکەتی ئیسرائیل بووە لە ساڵی (٩٢٥)ی پێش زاینییداو، ناوی لێناوە شومیرۆن، چونکە لەسەر چیایەک دروستی کردوە کە لە پیاوێک کڕیویەتی، ئەو پیاوە ناوی (شامیر)بووە.

ئنجا دیارە ئەو وشانە (شامیر)بووە بە (سامیر)و (شومیرۆن) لە ئەصڵدا لە (شامیر)ەوە هاتوەو، دواییش گۆڕدراوە بۆ (سامیر).

---

(١) التحرير والتنوير، ج١٦، ص٢٧٩.

ئەو سێ ڕایە هەن و هەر چۆن بێ لە قورئاندا باس نەکراوە، کە ئەو سامیرییە پیاوێک بووە، قیبتیی بووە، یان خەڵکی کەڕمان بووە، یان خەڵکی ئەو شوێنە بووە کە سامیرەیە، کە ئەوانیش نەک هۆزێک بووبن لە جوولەکەکان، بەڵکو خەڵکێک بوون لە فەڵەستین بەر لەوەی بەنی ئیسڕائیل لەوێدا نیشتەجێبن، ئەوان هەر لەوێ بوون، بەڵام دوایی لەگەڵ جوولەکەکاندا تێکەڵ و ئاوێتە بوون.

مەسەلەی چوارەم:

گەڕانەوەی مووسا بۆ لای گەلەکەی و سەرزەنشتکردنی بۆیان و، بیانوو هێنانەوەی ئەوانیش کە بە دەست خۆیان نەبووە، تووشی گۆلک پەرستیی بوون، چونکە کاتێک هەموویان وێڕای سامیریی ئەو خشڵ و کەل وپەلەی میسرییەکانیان فڕێداوەتە قاڵبێکەوە «کە سامیریی سازی کردوە» قاڵبی گۆلکێک، دوایی ئەو خشڵ و زێڕو زیوە، بۆتە پەیکەری گۆلکێکی بۆڕەدار، دوایی سامیریی پێی گوتوون: ئەوە پەرستراوەکەتانەو، مووسا لە بیری چووە، بۆیە چۆتە لای کێوی طوور بە دوای پەرستراوەکەی خۆیدا:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ فَرَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ غَضۡبَٰنَ أَسِفٗاۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَلَمۡ يَعِدۡكُمۡ رَبُّكُمۡ وَعۡدًا حَسَنًاۚ أَفَطَالَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡعَهۡدُ أَمۡ أَرَدتُّمۡ أَن يَحِلَّ عَلَيۡكُمۡ غَضَبٞ مِّن رَّبِّكُمۡ فَأَخۡلَفۡتُم مَّوۡعِدِي ﴿٨٦﴾ قَالُواْ مَآ أَخۡلَفۡنَا مَوۡعِدَكَ بِمَلۡكِنَا وَلَٰكِنَّا حُمِّلۡنَآ أَوۡزَارٗا مِّن زِينَةِ ٱلۡقَوۡمِ فَقَذَفۡنَٰهَا فَكَذَٰلِكَ أَلۡقَى ٱلسَّامِرِيُّ ﴿٨٧﴾ فَأَخۡرَجَ لَهُمۡ عِجۡلٗا جَسَدٗا لَّهُۥ خُوَارٞ فَقَالُواْ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمۡ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِيَ ﴿٨٨﴾ أَفَلَا يَرَوۡنَ أَلَّا يَرۡجِعُ إِلَيۡهِمۡ قَوۡلٗا وَلَا يَمۡلِكُ لَهُمۡ ضَرّٗا وَلَا نَفۡعٗا ﴿٨٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ فَرَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ غَضۡبَٰنَ أَسِفٗا ﴾، دوای ئەوەی مووسا ﷺ خوا ﷻ هەواڵی پێدەدات کە لە دوای تۆ گەلەکەمان تووشی بەڵا کردوە، تاقیمان کردوونەوە، بەڵاو تاقیکردنەوەکەش ئەوەیە کە سامیریی هەڵیخەڵەتاندوون و گیرۆدەی گۆلک پەرستیی کردوون، مووسا ﷺ گەڕایەوە بۆ لای گەلەکەی بە تووڕەیی و بە دڵتەنگییەوە، تووڕەیی هەڵچوونێکی دەروونییە لە ئەنجامی ئەوەدا کە مرۆڤ دەرکی شتێک دەکات، کە بۆی خراپە، بەبێ ئەوەی ترسی لێی هەبێ، ئەو حاڵەتەی بۆ دروست دەبێ، بەڵام (أَسَفْ)

دڵتەنگیی، بریتیە لەوە کە مرۆڤ خەفەت و مەراقێکی بێتە دڵ بەرانبەر بە شتێک کە پێی ناخۆشە، واتە: تووڕەیی بریتیە لە هەڵچوون، بەڵام دڵتەنگیی و ئەسەف بەبارێکی دیکەدا، بریتیە لە خەفەت خواردن و پەژارە داربوون، کە مرۆڤ نەتوانێ دەریبڕێ، واتە: مووسا هەم تووڕەیی و هەم دڵتەنگیی لە نێو دەروونیدا ئاوێتە بوون، تووڕە بوون لە بەنی ئیسڕائیل و، دڵتەنگ بوون و بە پەرۆش بوون و خەفەت بۆ خواردنیان کە گومڕا بوون، تووڕە بوون لێیان کە بۆچی لایان داوەو، پەرۆش بوونی بۆیان و خەفەت خواردنی لێیان، کە بۆچی خۆیان تووشی ئەو دەردە کوشندەیە کردوە، کە بریتیە لە شیرک و گۆلک پەرستیی؟

٢)- ﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ أَلَمۡ يَعِدۡكُمۡ رَبُّكُمۡ وَعۡدًا حَسَنًا﴾، گوتی: ئەی گەلەکەم! ئایا پەروەردگارتان بەڵێنێکی باشی پێنەدا بوون؟

هەڵبەتە لێرەدا ئەو پرسیارکردنە، پرسیارکردنێکی ئاسایی نیە، چاوەڕێی ئەوان بێ بڵێن: با، یان بڵێن: نا، بۆیە ئەو پرسیارلێکردنە پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانە، **(الإستفهام الإنكاري)**یە، واتە: بە دڵنیاییەوە پەروەردگارتان بەڵێنێکی باشی پێدا بوون، گفتێکی باشی پێدا بوون، ئەویش ئەوەبوو کە بەیەکەوە بچین بۆ ئەو جێژوانەو، لەوێ خوا تەوڕات بە من بدات و، بەهۆی ئەو تەوڕاتەوە، (تەوڕات، واتە: شەریعەت)، من ژیانی ئێوە ڕێک بخەم، لە ڕووی خوا پەرستییەکانەوەو، لە ڕووی ڕەوشت و ئاکارەوەو، لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و، لە ڕووی سیاسیی و... هتدەوە، وەک کە لە تەوڕاتدا هاتوە، ئەم وەعدە چاکە بە دڵنیایی لێرە دیار نەکراوە، بەڵام ئەو بەڵێن و گفتە چاکە بریتی بووە، لەوە کە خوا تەوڕات دابەزێنی بۆ مووسا ﵇، ئەویش دوای ئەو چل (٤٠) شەوە بووە کە باسمان کرد.

ئنجا مووسا ددفەرموێ:

٣)- ﴿أَفَطَالَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡعَهۡدُ﴾، ئایا کاتەکە درێژ بۆوە لەسەرتان؟

ئەمە دوو واتای هەن:

أ- ﴿أَفَطَالَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡعَهۡدُ﴾، هەڵبەتە ئەویش هەر پرسیارلێکردنی نکووڵییلێکەرانەیە، ئایا ئەو کاتەی کە خوا ﷻ ئێوەی دەربازکرد لە میسڕ لە چەنگی فیرعەون، پاشان دەربازی کردن لە دەریای سوور، پاشان لە دەشت و بیابانی سینا، دەربازی کردن لە بێ خۆراکیی و کەم ئاویی، چونکە لێرەدا نەهاتوە، بەڵام لە سوورەتی **(الأعراف)**دا هاتوە، هەروەها لە سوورەتی **(البقرة)**شدا کە لەتکە چیایەک، گاشە بەردێکی گەورە، دوازدە سەرچاوەی بۆ لێ دەرقوڵاندوون، ئایا ئەو کاتە لە ئێوە دوور بوو، کە خوا لەو هەموو بەڵاو موسیبەتانە دەربازی کردن؟

ب- واتایەکی دیکەی: ﴿أَفَطَالَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡعَهۡدُ﴾، واتە: ئایا ئەو ژوانگەیەی کە خوا بۆی دانابووین کە دوایی چل (٤٠) شەو بچین، پێتان زۆر بوو، دوای چل شەو بچین تەورات وەربگرین لە خوای پەروەردگارو ژیانی خۆمانی پێ ڕێک بخەین، واتە: نە ئەو کاتە زۆری بەسەردا تێپەڕیوە، کە خوا دەربازی کردن و، نە ئەو کاتەش کە بەرەو ڕووی دەچین، کە بریتیە لەو ژوانگەیەی کە لە دوای چل شەو خوا تەورات بەمن دەدات، هیچیان دوور نەبوون، بۆیە ئەم پرسیارکردنە پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانەیە.

٤)- ﴿أَمۡ أَرَدتُّمۡ أَن يَحِلَّ عَلَيۡكُمۡ غَضَبٞ مِّن رَّبِّكُمۡ﴾، یان ئایا ویستتان تووڕەیی خوا بێتە سەرتان، تووڕەیی خوا دابەزێتە سەرتان، لێرەدا: **(شَبَّه حَالَهُم بحَالِ من يحاول إحلال غضب الله)**، واتە: حاڵی ئێوە وەک حاڵی کەسێکە، کە بە زۆر بیەوێ تووڕەیی خوا بەسەر خۆیدا بهێنێ.

لە ڕووی ڕێزمانییەوە دەڵێ: **(العَهْدُ: مَصْدَرٌ أُطْلِقَ عَلَى المَفْعولِ، كَإِطْلاَقِ الخَلْقِ عَلَى المَخْلوقِ، أي: طَالَ المَعهودُ لَكم وبعُد زمنهُ...!)**، بە هەردوو واتای **(معهود)** کە گوتمان، چونکە **(عهد)** واتە: شتێک کە لە ڕۆژگارێکدا بووە، هەروەک چۆن بە مانای بەڵێن و پەیمان دێ، **(هو قريب عهد به)**، واتە: ڕۆژگارەکەی لێوە نیزیکە، ئنجا چ مەبەست پێی دەربازبوونیان بێ، لەو بەڵایانەی کە باسمان کردن، چ مەبەست پێی ئەو ژوانگەیە بێ کە بۆی دەچن.

(عهد) چاوگە، بەڵام مەبەست پێی **(معهود)**ە، وەک **(خلق)** بە مانای **(مخلوق)**، واتە: ئەو شتە کە لەو ڕۆژگارەدا ڕوویداوە، یان جێژوانەکە، کە لە پێشمانە، یان **(بَاقٍ عَلَى أَصْلِ المَصْدَرِ، وهو عهدهم الله على الإمتثال والإحتمال بالشريعة)**، یان وشەی **(عهد)** بەمانای **(معهود)** نیەو هەر لەسەر ئەصڵی واتای خۆی، مانای: بەڵێن و پەیمان، ماوەتەوە، واتە: بەڵێنتاندا بە خوا کە پابەندبن بە شەریعەتەوەو فەرمانبەریی بۆ خوا بکەن، ئایا ئەو بەڵێنەی کە بە خواتان دابوو، ماوەی زۆری بەسەردا تێپەڕی بوو؟، تازە بەڵێنتان بە خوا داوە.

٥)- ﴿ فَأَخْلَفْتُم مَّوْعِدِى ﴾، واتە: ڕاسپاردەی منتان بە جێ نەهێنا، **(أَخْلَفَ وَعْدَهُ)**، واتە: پێچەوانە بوو لەگەڵ بەڵێنەکەیدا، ﴿ مَّوْعِدِى ﴾، واتە: ئەو جێژوانەی کە پەروەردگار لەسەر زمانی من پێی ڕاگەیاند بوون، بۆیە پاڵی داوەتە لای خۆی، ئێوە لەو جێژوانە دواکەوتن، کاتێک مووسا ﷺ ڕۆیشتوەو تەوراتی وەرگرتوە، وایزانیوە کە گەلەکەشی وردە وردە بەدوایدا هاتوون، نەیزانیوە لەوێ بەجێماون و، سامیریی سەرقاڵیی کردوون بە گۆلک پەرستییەوەو، دوورکەوتوونەوە لە مووسا، بۆیە مووسا کە تەوراتی وەرگرتوە، لەوحەکانی تەوراتی وەرگرتوە و، گەڕاوەتەوە، سەیر دەکات هەر لە شوێنی خۆیانن و، نەهاتوون بۆ ئەو شوێنەی کە بڕیاربوو بێن بۆ ئەو جێژوانە.

بۆیە دەفەرموێ: ﴿ فَأَخْلَفْتُم مَّوْعِدِى ﴾، واتە: دواکەوتن لە جێژوانەکە، یان: ئەو ڕاسپاردەیەی کە پێم گوتوون جێبەجێتان نەکردو بە پێچەوانەی ڕەفتارتان کرد، کە بریتی بوو لەوەی لە جیاتی ئەوەی لەسەر خوا پەرستیی و یەکتاپەرستیی بمێننەوە، دەستتان کرد بە شیرک و گۆلک پەرستیی.

٦)- ﴿ قَالُوا۟ مَآ أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنَا ﴾، گوتیان: ئێمە ئەو جێژوانەی کە خوای پەروەردگار لەسەر زمانی تۆ پێی ڕاگەیاند بووین، جێژوانەکەی تۆ لێی دوانەکەوتین، بە هۆی شتێکەوە کە بە دەست خۆمان بێ.

واتایەکی دیکەی واتە: ئەو بەڵێنەی کە بە تۆمان دابوو، یان ئەو ڕاسپاردەیەی کە تۆ پێت گوتبووین و، ئێمەش وەرمانگرتبوو، کە لەسەر خواپەرستیی و تەنیا

بەندایەتیی کردن بۆ خوا بەردەوام بین و، لانەدەین، نا نەو بەڵێن و پەیمانەمان نەشکاند، بە ویستی ئازادانەی خۆمان، ﴿ بِمَلْكِنَا ﴾، خوێندراویشەتەوە: (بمُلكِنا)، هەروەها خوێندراویشەتەوە: (بمِلكِنا)، هەر سێک خوێندنەوەکەی هاتوون، هەرسێکیان واتە: (باختيارنا، وإرادتنا)، واتە: بە هەڵبژاردنی خۆمان و بەویستی خۆمان.

٧)- ﴿ وَلَٰكِنَّا حُمِّلْنَآ أَوْزَارًا مِّن زِينَةِ ٱلْقَوْمِ ﴾، ئەدی ئایا بۆچی لە جێژوانەکە دواکەوتن، یان بۆچی بەڵێنەکەی بە مووسایان دا بوو شکاندیان؟ پاساو بەوە دێننەوە: ﴿ وَلَٰكِنَّا حُمِّلْنَآ ﴾، بەڵام ئێمە لێمان بارکرابوو، خرابووە سەرکۆڵ و شانمان، ﴿ أَوْزَارًا مِّن زِينَةِ ٱلْقَوْمِ ﴾، چەند قورساییەک لە زێڕو زێوەرو خشڵی خەڵکەکە، خەڵکەکە یانی: خەڵکی میسڕ، کە دەڵێ: (وَلَٰكِنَّا)، دیارە (لكن)، بەڵام (إستَدراك)ە، (**الإسْتدراكُ: رَاجِعٌ إلى أنَّهُم لم يقصدوا الضَّلاَل**)، ئەم بەڵام (إستدراك)ە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان نەیانویستوە گومڕابن، بەڵام گومڕاییان بە مل داهاتوە، وشەی: (حُمِّلْنَآ)، واتە: خراوەتە سەر کۆڵمان، لێمان بارکراوە، خوێندراویشەتەوە: (**وَلَكِنَّا حَمِلنَا أوزَاراً مِّن زِينَةِ القَومِ**)، بەڵام ئێمە چەند قورساییەکمان لە زێڕو زیو و خشڵ و کەل و پەلەکانی خەڵکی میسڕ هەڵگرتبوون.

لێرەدا: (**التفسير التطبيقِي للكِتاب المقدس، العهد القديم، سفر الخروج، الإصحاح: ١٢ ص١٥٦**)، دەڵێ:

(**وَطَلَبُوا مِنَ الْمِصْرِيِّينَ آنِيَةَ فِضَّةٍ وَذَهَباً وَثِيَاباً بِحَسَبِ قَوْلِ مُوسَى، وَجَعَلَ الرَّبُّ الشَّعْبَ يَحْظَى بِرِضَى الْمِصْرِيِّينَ، فَأَعْطَوْهُمْ كُلَّ مَا طَلَبُوهُم، فَغَنِمُوا مِنَ الْمِصْرِيِّينَ**).

واتە: بەنی ئیسڕائیل لە میسڕییەکانیان داواکرد، قاپ و قاچاغی زیو و زێڕیشیان لێوەرگرتن، (واتە: خشڵ و ئەوەی کە خۆی پێ دەڕازێننەوە)، هەروەها جل و بەرگ، کە مووسا پێی گوتبوون و پەروەردگار وایکرد بوو کە گەل (شعب)، (گەلی بەنی ئیسڕائیل) خەڵکی دیکە متمانەو باوەڕیان پێ بکەن و هەرچی لێیان داواکردن پێیاندان، بۆیە دەستکەوتێکی زۆریان لە میسڕییەکان وەدەستکەوت بوو.

کە ئەوان ساڵەهای ساڵ دەیان چەوسێننەوە و سۆغرەو بیگاریان پێ دەکەن، دەبێ مووسا پێی گوتبن، هەندێک لە زێڕو زیو و خشڵ و کەل و پەلیان لێ وەربگرن، دوایی پێویستییمان پێ دەبێ بۆ ڕێیە، بۆ ئەو شوێنەی بۆی دەچین، چونکە هەموو شتێکمان جێهێشتوە، کە لە پەیمانی کۆندا زیاتر تیشک دەخاتە سەر ئەو مەسەلەیە، کەواتە: ئەوانە هەم قاپ و قاچاغ و جل و بەرگ، هەم خشڵ و زێڕو زێوەریان لە میسڕییەکان وەرگرتوە، ئەوەیە کە دەڵێ: ﴿وَلَٰكِنَّا حُمِّلْنَآ أَوْزَارًا مِّن زِينَةِ ٱلْقَوْمِ﴾، یاخود (وِلكنّا حَمَلْنَا)، بەڵام هەڵمانگرتبوو، یان پێمان هەڵگیرا بوو، لێمان بارکرا بوو.

٨)- ﴿فَقَذَفْنَٰهَا﴾، (أي: فَطَرَحْنَاهَا)، فڕێماندا، بۆچی فڕێیان داوە؟، واپێدەچێ دوایی کە سەیریان کردوە، ئەو خەڵکە هەمووی فەوتاوە، سەریشیان ڕۆیی ماڵەکەشیان زۆری لە لای ئێمەیە، یان بەشێک لە ماڵەکەیان لە لای ئێمەیە، دەگونجێ وەک وەرع و دینداریی و خۆپاراستن لە شتی قەدەغە و حەڕام، فڕێیان دابێ، یاخود: ﴿فَقَذَفْنَٰهَا﴾، لەسەر فەرمان و ڕێنمایی سامیریی کە قۆڵتێکی هەڵکەندوە و، بۆتەو قاڵبێکی لەسەر شێوەی گۆلک، دروستکردوە، زێڕو زیو و خشڵەکەیانی تێدا قاڵکردۆتەوە، گوتوویەتی: بێنن بیخەنە ئەو بۆتەو قاڵبەوە، بۆ ئەوەی سەرەنجام گۆلکێک دەربچێ، هەردوو واتاکەی هەن:

١- فڕێماندا بۆ ئەوەی لە کۆڵ خۆمانی بکەینەوە، ئەو کۆڵە.
٢- یاخود فڕێماندا بە پێی قسەی سامیریی.

٩)- ﴿فَكَذَٰلِكَ أَلْقَى ٱلسَّامِرِيُّ﴾، هەروەها سامیرییش هی خۆی هاویشت، بۆ هی سامیریی ناڵێ (قَذَفَ)، دەڵێ: (أَلْقى)، (قَذَف)، ئەوەیە کە شتێک بە توندیی فڕێ بدەی، بەڵام (أَلقى)، مەرج نیە بە توندیی فڕێی بدەی، یانی: سامیریی جۆرێک لە کارامەیی و لێزانیی و وردەکاریی تێدا بەکارهێناوە، واتە: ئەویش وەک ئێمە ئەوەی کە لە لای بوو، فڕێیدا.

ئنجا لەو بارەوە کە ئەوانە ئەگەر لە ڕووی وەرع و تەقواوە، ئەو شتانەی کە لە خەڵکی میسریان وەرگرتوون، زێڕو زیو و خشڵ و کەل و پەل، فڕێیان دابن، بەڵام دوایی گۆلکیان پەرستوە، لەو بارەوە دەڵێ: کابرایەکی عێراقیی پرسیاری لە (ابن عمر) کرد (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، دەربارەی خوێنی مێشووله؟ ئەویش گوتی: تۆ خەڵکی کوێی؟ گوتی: خەڵکی عێراقم، ئیبنو عومەر گوتی: سەیرکەن! ئەوانە خوێنی کوڕی کچی پێغەمبەر ﷺ دەڕێژن، (دوای کوژرانی حوسێن بووە لە کەربەلا)، بەڵام لە خوێنی مێشووله دەپرسن، واتە: بە حیساب لە گوناهی گچکە خۆ دەپارێزن، بەڵام تووشی هی گەورەتر دەبن!

جولەکەکانیش ئەو خشڵ و زێڕو زیوەی کە لە خەڵکی میسریان وەرگرتوە، فڕێیان داوە، بەڵام دوایی تووشی ئەوە بوون کە گۆلکێک بپەرستن و تووشی بتپەرستیی ببن.

١٠)- ﴿ فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا لَّهُۥ خُوَارٌ ﴾، دوایی سامیریی پەیکەری گۆلکێکی بۆ دەرهێنان، بۆڕەی هەبوو، واتە: لەو بۆتە و قاڵبە، کە لە زەوی هەڵیقەند بوو، دیارە بابایەکی زۆر کارامەو صەنعەتکارو شارەزا بووە، لە شێوەی گۆلکدا ئەو قۆڵتەی هەڵکەندوە، کە زێڕو زیوەکەیان قاڵکردوەو تێیان هاویشتوە، دوایی کە سارد دەبێتەوە و ڕەق هەڵدەگەڕێ، دەبێتە پەیکەری گۆلکێک، ﴿ لَّهُۥ خُوَارٌ ﴾، واتە: بۆڕەی هەبوو، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ فَأَخْرَجَ لَهُمْ ﴾، لەبەرئەوەی کە قاڵب و بۆتەکەی لە زەویدا لێداوە.

١١)- ﴿ فَقَالُوا۟ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمْ ﴾، گوتیان: ئەوە پەرستراوی ئێوەیە، واتە: خەڵکە هەڵخەڵەتاوەکە وایانگوت، یاخود ﴿ فَقَالُوا۟ ﴾، واتە: سامیریی وایگوت، بەڵام سامیریی لە لای بەنی ئیسڕائیل هێندە گەورە بووە، ڕاناوی کۆی بۆ بەکارهاتوە، یاخود سامیریی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، وایانگوت.

١٢)- ﴿ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِىَ ﴾، مووساش پەرستراوەکەی خۆی لە بیرچوو، واتە: مووسا پەرستراوی خۆی لە بیرچووە، بۆیە چووە بۆ سەر کێوی طوور، وا دەزانێ پەروەردگاری لەوێیە، یان لەوێ گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، نازانێ ئەوە لێرەیەو ئەو گۆلکەیە.

واتایەکی دیکەی: سامیریی پەرستراوی مووسای لە بیرچوو، یان ئەو شەریعەت و بەرنامەیەی کە مووسا بە جێیهێشتبوو، فەرامۆشی کردو، وازی لێهێنا، چونکە وشەی (نسیان)، وەک چۆن بە مانای لە بیرچوون دێ، بە مانای وازلێهێنان و پشتگوێ خستنیش دێ.

کەواتە: (نسي)، یانی: مووسا پەرستراوەکەی خۆی لە بیرچووە.

یان: سامیریی پەرستراوی مووسای فەرامۆشکرد، یاخود ئەو ڕێباز و ڕێ و شوێنەی کە مووسا بە جێی هێشتبوو، وازیلێهێنا و پشتگوێی خست.

١٣)- ﴿ أَفَلَا يَرَوْنَ أَلَّا يَرْجِعُ إِلَيْهِمْ قَوْلًا ﴾، ئەمە دووبارە پرسیارلێکردنی نکوولّییلێکەرانەیە ئایا نەیاندەبینی کە هیچ قسەیەکیان بۆ لا ناگێڕێتەوە، واتە: وەڵامی هیچ قسەیەکیان ناداتەوە.

١٤)- ﴿ وَلَا يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا ﴾، هیچ زیان و سوودێکیشی بۆ ئەوان بەدەست نیە، هەڵبەتە مەبەستی ئەوە نیە کە ئەگەر هاتباو قسەی لەگەڵ کردبان، یان زیانی لێ دورخستبانەوە، یان سوودی پێگەیاندبان، شایستەی پەرستران بوو، بەڵکو یانی: تەنانەت ئەو شتە سادانەشی لە دەست نایەت، چ جای ئەوە کە وەک پەروەردگار بتوانێ شت بەدیبێنێ و، پەروەردە بکات و بژیەنێ و بمرێنێ، کە تەنیا زاتێکی وا شایستەی پەرسترانە.

ســـێ وردە سەرنج

١- سامیری بۆیە بتێکیی لە شێوەی گۆلکدا بۆ دروست کردوون، چونکە میسڕییەکان لە میسڕ گۆلکێکیان دەپەرست، بە ناوی (ئیبیس)، ئنجا دیارە بەنی ئیسرائیلیش کەم و زۆر کارتێکراو بوون بە فیکرو بۆچوون و نەریتی بتپەرستانەی میسڕییەکان، بۆیە سامیرییش بابایەکی فێڵباز و زۆرزان بووە، ویستوویەتی پەرستراوێک و بت و صەنەمێکیان بۆ دروست بکات، کە پێشتر پێوەی ڕاهاتوون، دیتوویەتی کە خەڵکی میصڕ، ئەو گۆلکەیان پەرستوە، هەر بۆیەش وەک لە تەفسیری سوورەتی (الأعراف)دا باسمان کرد، دوای ئەوەی هەر لە دەریا دەپەڕنەوە، بەنی ئیسرائیل دەڵێن: ﴿ ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ (١٣٨) ﴾، واتە: پەرستراوێکمان بۆ دابنێ، وەک چۆن ئەوانە پەرستراویان هەیە، مووساش عليه السلام زۆر بە تووڕەیی سەرزەنشتیان دەکات و، ڕەخنەیان لێدەگرێ، وەک لە تەفسیری سوورەتی (**الأعراف**)دا باسمان کرد.

٢- کە دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَا يَرَوْنَ أَلَّا يَرْجِعُ إِلَيْهِمْ قَوْلًا ﴾، ئایا نابینن، هەمزەی (أَفَلَا..) بۆ پرسیارلێکردنی نکووڵیلێکەرانەیە، واتە: ئەوانە وەک کەسێک وان کە هەر نەبینێ.

هەڵبەتە بینین لێرەدا مەبەست پێی بینینی چاویی (بصري) نیە، بەڵکو مەبەست پێی بینینی عەقڵییە، واتە: ئایا نازانن، دەبوو ئەوەندە بزانن، کە ئەو گۆلکە ناتوانێ قسەیان لەگەڵدا بکات، ئەگەر پەنجا ساڵ بانگی بکەن، ئەو هەر بۆڕە بۆڕێکی دێ، بۆڕە بۆڕەکەش لە ئەنجامی ئەوە دایە، کە کونێکی لە لای پشتەوەی کردوەو یەکێکی لە لای زاری کردوە، کاتێک کە با لە پشتەوەی دەدات و بە نێو زاری دادێ، دەنگی دێ، ئەو سامیرییە ئەو کاتە توانیبێتی شتێکی وا دروست بکات، بیخاتە ئەو گۆلکەوە کە با لێی بدات، ببۆڕێنێ، بە ڕاستیی دیارە بابایەکی صەنعەتکارو شارەزا و زۆرزان بووە.

لێرەدا خوای پەروەردگار ئەوانەی کە گۆلکیان پەرستوە، وەک کەسێک سەیری کردوون، کە هەر بینینی نیە، یان وەک کەسێک مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، یان لە شوێنی کەسێکی داناون، کە هیچ نازانێ و هیچ نافامێ، ئەگەرنا مەبەستی ئەوە نیە، ئەگەر هاتباو قسەی لەگەڵ کردبان، ئەوە شایستەی پەرستران بوو، بەڵام یانی: ئەو گۆلکە تەنانەت قسەیەکی ئاسایشیی بۆ ناکرێ، جگە لە بۆڕە بۆڕ.

٣- کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا﴾، هیچ زیانێک و هیچ سوودێکی بۆ ئەوان بە دەست نیە، (ضَرّ، ونَفْع) هەردووکیان بە (نكرة) هاتوون، واتە: هیچ زیانێک و هیچ سوودێک، چ کەم و چ زۆر، بۆ ئەوان بە دەستی نیە، بۆچی (زیان) پێش (سوود) خراوە؟ چونکە بیانووی بابای ترساو لە زیان، بەهێزترە لە بیانووی بابای عەوداڵ بۆ قازانج، واتە: کەسێک بڵێ: من بۆیە ئەو پەرستراوەم پەرست، چونکە ترسام زیانم لێ بدات، یاخود بۆ ئەوەم بوو زیانم لێ دووربخاتەوە، ئەوە بەهێزترە لەوەی بڵێ: بۆ ئەوە پەرستم، تاکو سوودم پێ بگەیەنێ و بەهرەمەندم بکات.

مەسەلەی پێنجەم:

ئامۆژگاریی کردنی هاروون بۆ گەلەکەی، کە تەنیا خوا بپەرستن و، شوێنی وی بکەون و، سوور بوونی بەنی ئیسرائیل لەسەر گۆلک پەرستیی هەتا مووسا دەگەڕێتەوە لایان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَٰرُونُ مِن قَبْلُ يَٰقَوْمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦ ۖ وَإِنَّ رَبَّكُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ فَٱتَّبِعُونِى وَأَطِيعُوٓا۟ أَمْرِى ﴿٩٠﴾ قَالُوا۟ لَن نَّبْرَحَ عَلَيْهِ عَٰكِفِينَ حَتَّىٰ يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَىٰ ﴿٩١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

هاڕوون ﵇ بێ دەنگ و بێ هەڵوێست نەبووە، لە بەرانبەر گۆلک پەرستیی بەنی ئیسرائیلدا، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە لە (پەیمانی کۆن)دا هاتوە، کە بێگومان ئەوەیان، یەکێکە لەو شوێنانەی جوولەکەکان لە تەوڕات گۆڕیویانەو دەستکارییان کردوە، بەڵکو سەرو بنیان کردوەو هەڵیان گێڕاوەتەوە، کە ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی **(الأعراف)**دا بە تەفصیلْ هێناومانە، لێرەش ئاماژەیەکی پێدەکەین: لە **(التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر الخروج، الإصحاح:** ٣٢، ص١٩٤)، لە ژێر ئەم ناوونیشانەدا **(هارون يصنع العجل الذهبي)**، واتە: هاڕوون گۆلکی زێڕین دروست دەکات، کە حاشا پێغەمبەرانی خوا ﵇ زۆر لەوە پایە بەرزتر بوون، گۆلک بۆ خەڵک دروست بکەن، بڵێن: وەرن گۆلک بپەرستن، خوا مەپەرستن! یانی: مسوڵمانێکی ئاسایی و کەسێک هەر تۆزێک خوا بناسێ، دیارە بت ناپەرستێ، چ جا بت دروست بکات بۆ خەڵکی و بڵێ: وەرن بیپەرستن! چ جای پێغەمبەرێکی پایە بەرزی وەک هاڕوون ﵇، ئیدی نازانم جوولەکە بە چ عەقڵێک، کتێبێک کە ئەوەی تێدایە بە کتێبی موقەددەسی دادەنێن، پیرۆزییەکەی لە کوێ دایە، ئەو کتێبەی ئەو شتە پڕو پووچ و ئەفسانانەی تێدان؟! بەڵکو هەر ئەوە ڕاستە کە لە قورئاندا هاتوە:

١)- ﴿ وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَٰرُونُ مِن قَبْلُ يَٰقَوْمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦ ﴾، بەدڵنیاییەوە پێشتریش هاڕوون پێیگوتبوون: ئەی گەلەکەم! ئێوە (ئەم گۆلکە) تەنیا پێی تاقیکرانەوە لێرەدا ئەو تەنکیدە، (و)کە، بۆ گێڕانەوە و بادانەوەی ئەو ڕستەیە بۆ سەر بابەتی پێشێ، بەڵام (ل) لامی سوێندە، یان زەمینە خۆشکەرە بۆ سوێند (**لام القسم أو ممهدة للقسم**)، (قد)یش بۆ ساغکردنەوە (تەحقیق)یە، ئەم جەختکردنەوەیە، بە (ل) و بە (قد)، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوەیە کە لە پەیمانی کۆندا هاتوە - کە دیارە تەوڕات بەشێکە لە پەیمانی کۆن – گوایە: هاڕوون دروستکەری گۆلکە زێڕینەکەیە، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَٰرُونُ مِن قَبْلُ ﴾، بە دڵنیایی و مسۆگەریی، هاڕوون پێشێ پێیگوتن، واتە: پێش گەڕانەوەی پێغەمبەر مووسا ﷺ، چی پێ گوتن؟

﴿ يَٰقَوْمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦ ﴾، ئەی گەلەکەم! بە دڵنیایی ئێوە هەر پێی تاقیکراونەتەوە، ئەوە هەر بەڵایەکەو بە ملتاندا هاتوە، ﴿ يَٰقَوْمِ ﴾، ئەوە زەمینە خۆشکەرە بۆ ئەوە کە من بۆ ئێوە دڵسۆزم و یەکێکم لە ئێوە، ئێوە گەل و نەتەوەی خۆمن، خەڵکی خۆمن، دڵسۆزم بۆتان، ﴿ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦ ﴾، واتە: ئەو گۆلکە پەروەردگارتان نیە، بەڵکو تاقیکردنەوەیەو، بەڵایەکە بۆ ئێوە.

٢)- ﴿ وَإِنَّ رَبَّكُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگاری ئێوە، خوای میهرەبان و بە بەزەییە، واتە: پەروەردگاری ئێوە هەر ئەو کەسەیە کە بەزەیی پێتان دادێ، پەرۆشی ئێوەیەتی و لەگەڵتاندا میهرەبانە.

٣)- ﴿ فَٱتَّبِعُونِى وَأَطِيعُوٓا۟ أَمْرِى ﴾، ئنجا شوێنم بکەون و فەرمانی من جێبەجێ بکەن، ﴿ فَٱتَّبِعُونِى ﴾، ئەمە بە گشتییە، واتە: بە گشتیی شوێنم بکەون، ﴿ وَأَطِيعُوٓا۟ أَمْرِى ﴾، بە تایبەت لە مەڕ ئەو گۆلک پەرستییەش، فەرمانی من جێبەجێ بکەن، فەرمانبەریی فەرمانەکەی من بکەن، شتی وا مەپەرستن و تەنیا خوا پەرست بن.

کەواتە: هاڕوون زۆر بە جەختکردنەوەوە، زۆر بە تکاو لێ پاڕانەوەوە، زۆر بە لاواندنەوەوە، زۆر بە دڵسۆزانەو بە پەرۆشانەوە، ئاگاداری کردنەوە و هۆشداریی

پێدان، کە ئەو کڵاوەی سامیرییان نەچێتە سەرو فریو نەخۆن بە قسەکانی، بەڵام ئەوان چییان گوت؟

٤)- ﴿ قَالُوا۟ لَن نَّبْرَحَ عَلَيْهِ عَـٰكِفِينَ حَتَّىٰ يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَىٰ ﴾، گوتیان: بەردەوام دەبین لەسەر هۆگر بوون و پەیوەست بوون پێیەوە، بە پەرستنی ئەو گۆلکەوە، هەتا مووسا دەگەڕێتەوە بۆ لامان.

وشەی (برِح)، واتە: (زال)، واتە: ڕۆیشت، نەما، (لا يَبرَح)، واتە: ناڕوا، یانی: بەردەوام دەبێ، (لَنْ نَبْرَح)، واتە: بە دڵنیایی، بەردەوام دەبین، چونکە (لن) بۆ تەنکیدە و بۆ تەئبیدیشە (للتأكيد والتأبيد)، واتە: بەردەوام دەبین و هەمیشە بەردەوام دەبین لەسەری و هەرگیز دەستی لێ هەڵناگرین، لەو گۆلک پەرستییە، (أي لن نزال)، (العكوف: الملازمة لقصد القربة والتعبّد)، (عكوف): بریتییە لە پەیوەست بوون بە شتێکەوە بە مەبەستی خۆلێ نیزیک خستنەوە و بەندایەتیی بۆ کردن، واتە: لەسەر ئەو گۆلک پەرستییە و پەیوەست بوون بە پەرستنیەوە، بەردەوام دەبین.

٦)- ﴿ حَتَّىٰ يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَىٰ ﴾، هەتا مووسا دەگەڕێتەوە لامان، هەتا مووسا دەگەڕێتەوە نێو مان، بزانین ئایا وەک سامیریی دەڵێ: ئەو گۆلکە پەرستراومانە، کە مووسا چووە کێوی طووری بۆ بپشکنێ، یان تۆ ڕاست دەکەی ئەی هاڕوون؟ ئێمە بە قسەی تۆ ناکەین، تاکو مووسا ﵇ دەگەڕێتەوە نێومان.

مەسەلەی شەشەم:

سەرزەنشتی مووسا بۆ هاڕوون و سەرو ڕیش گرتنی، کە بۆچی شوێنی نەکەوتووەو، پۆزش هێنانەوەی هاڕوون، بەوەی کە مەترسیی پەیدابوونی دووبەرەکیی هەبووە لە نێو گەلەکەیداو، مەترسیی ئەوەشی بووە کە دوایی مووسا گلەیی ئەوەی لێ بکات: بۆچی چاوەڕێی فەرمانی ئەوی نەکردووەو، بۆچی قسەکەی وی نەپاراستووە، کە گوتی: بمێنەوە لێرەدا لە نێو خەڵکەکەدا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ يَٰهَٰرُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوٓا۟ (٩٢) أَلَّا تَتَّبِعَنِ ۖ أَفَعَصَيْتَ أَمْرِى (٩٣) قَالَ يَبْنَؤُمَّ لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِى وَلَا بِرَأْسِىٓ ۖ إِنِّى خَشِيتُ أَن تَقُولَ فَرَّقْتَ بَيْنَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِى (٩٤) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ قَالَ يَٰهَٰرُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوٓا۟ (٩٢) أَلَّا تَتَّبِعَنِ ۖ ﴾؟، مووسا عليه السلام گوتی: ئەی هاڕوون! چ شتێک ڕێی لێ گرتی، کاتێک بینیتن گومڕا بوون، کە شوێنم نەکەوی، ئنجا بە ڕواڵەت دەبوو فەرموو بای: (ما منعك إذْ رَأَيتَهُم ضَلُّوا أن تَتْبعَني)، چ شتێک بوو بە پەرچ و ڕێی لێگرتی، کاتێک بینیتن گومڕا بوون، کە شوێنم بکەوی؟

بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ أَلَّا تَتَّبِعَنِ ﴾، زانایان دەڵێن: لێرەدا ئەمە دوو ڕستەن خراونەتە نێو یەک، هەروەک لە تەفسیری سووڕەتی (الأعراف)یشدا لە تەفسیری ئایەتەکانی سەرەتایدا باسمان کرد، کە لەوێ دەفەرموێ: ﴿ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ... (١٢) ﴾، چ شتێک ڕێگرت بوو کە سەجدەم بۆ نەبەی، کاتێک فەرمانم پێ کردی؟ واتە: (مَا مَنَعَكَ أن تَسجُدَ وحَمَلَكَ عَلَى ألاَّ تَسجُدَ)، چ شتێک ڕێگرت بوو کە کڕنووش بەری و، وایلێکردی کە کڕنووش نەبەی؟ ئەم دوو ڕستەیە خراونەتە نێو یەک، واتە: چ شتێک پەرچ بوو لە بەردەمتدا کە کڕنووش بەری و، چ شتێک هاندەرت بوو کە کڕنووش

نەبەی؟ لێرەش دەفەرموێ: ﴿ يَـٰهَـٰرُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوٓاْ (٩٢) أَلَّا تَتَّبِعَنِ ﴾، واتە: چ شتێک ڕێگرت بوو، کاتێک کە بینیتن گومڕا بوون، کە شوێنم بکەوی و، چ شتێک هاندەرت بوو کە شوێنم نەکەوی؟ هەردوو ڕستەکە خراونە نێو یەک، **(أي ما منعك أن تتّبعني، واضطرّكَ إلى ألاّ تتبعِني؟)**، چ شتێک ڕێگرت بوو کە شوێنم بکەوی و، ناچاری کردی کە شوێنم نەکەوی، شوێنم نەکەوی، دوو واتای هەیە:

یەکەم: ئەوەیە کە هاڕوون دەبووایە وازی لەو خەڵکە هێنابایە، کە بە قسەی سامیریی هەڵخەڵەتاون و کڵاوی سامیریی ساختەچیان چۆتە سەرێ و، یەکسەر خۆی گەیاندبا بە مووسا، ئەوە ئەگەر وشەی (إتباع) مانا ڕاستەقینەکەی لێ وەربگرین، کە بریتیە لە شوێن کەوتنی ڕواڵەتیی.

دووەم: ئەگەر مانا مەجازییەکەی لێ بگرین، کە مەبەست پێی شوێن کەوتنی ڕێباز و بەرنامەکەیەتی، واتە: چ شتێک ڕێگریی لێ کردی کە لەگەڵ بەرنامەکەی مندا بی و، بەوانەی کە شوێن کەوتووی بەرنامەکەی منن، ڕووبەڕو و بەرەنگاری ئەوانە ببیەوە، کە تووشی گۆلک پەرستیی بوون؟ یانی: ڕێیان لێ بگری و دژایەتییان بکەی؟.

٢)- ﴿ أَفَعَصَيْتَ أَمْرِى ﴾، ئەمە پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانەیە، ئایا تۆ سەرپێچییت لە فەرمانی من کردوە؟ ئەمە نکووڵییلێکردنێکی دووەمەو جۆرێکە لە هەڕەشە لێکردنیش.

٣)- ﴿ قَالَ يَبْنَؤُمَّ ﴾، گوتی: ئەی کوڕی دایکم! ئەمە بێگومان بانگکردنی هاڕوونە بۆ مووساو دواندوویەتی بە زمانی عاتیفەو سۆز، ویستوویەتی ئەو هەستەی تێدا بجووڵێنێ کە ئێمە هەردووکمان کوڕی دایکێکین و، لە باوەشی دایکێکدا گەورە بووین، لەبەر ئەوەی دایک سەرچاوەی حەنان و عەتف و سۆزی زیاترە، ئەگەرنا باب و دایکیان هەر یەک بوون، لە سووڕەتی **(الأعراف)**دا دەفەرموێ:

﴿ وَأَلْقَى ٱلْأَلْوَاحَ وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُۥٓ إِلَيْهِ قَالَ ٱبْنَ أُمَّ إِنَّ ٱلْقَوْمَ ٱسْتَضْعَفُونِى وَكَادُواْ يَقْتُلُونَنِى (١٥٠) ﴾، واتە: مووسا لەوحەکانی (کە تەوراتیان تێدا نووسرا بۆوە) فڕێیدان و سەری برایەکەی گرت بۆ لای خۆی ڕایکێشا، قژی هاڕوونی گرت، بە

پێی ئەم ئایەتەی سوورەتی (طـه)، ڕیشیشی هەر گرتوە، سەرو ڕیشی گرتوەو بۆ لای خۆی ڕایکێشاوە، کە لێی بدات و ئازاری بدات، سەرو ڕیشی تێک با هەڵداوە، ئنجا هاڕوون گوتی: ﴿ٱبۡنَ أُمَّ﴾، لێرە ﴿يَبۡنَؤُمَّ﴾، لەوێ: ﴿ٱبۡنَ أُمَّ﴾، گرنگ ئەوەیە ئەی کوڕی دایکم! هەردووکیان دەگرێتەوە، لەوێ لە سوورەتی (الأعراف)دا (یاء)ی قرتاندوە، بەڵام لە سوورەتی (طـه)، ڕەنگە جارێک گوتبێتی: کوڕی دایکم، جارێک گوتووبێتی: ئەی کوڕی دایکم، خۆ ئەو کێشمە کێشم و مشت و مڕە، مەرج نیە هەر ئەوەندە بوو بێ، کە بەکورتی باسکراوە.

٤)- ﴿لَا تَأۡخُذۡ بِلِحۡيَتِي وَلَا بِرَأۡسِيٓ﴾، ڕیشیشم مەگرەو قژیشم مەگرە، قژی سەریشم مەگرە، ڕایمەکێشەو، ئازارم مەدە.

٥)- ﴿إِنِّي خَشِيتُ أَن تَقُولَ فَرَّقۡتَ بَيۡنَ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَلَمۡ تَرۡقُبۡ قَوۡلِي﴾، من ترسام تۆ بڵێی: لە نێو بەنو ئیسرائیلدا دووبەرەکییت پەیداکردوە و، چاوەڕێی قسەی منت نەکردوە، یان قسەی منت نەپاراستوە کە ئاگات لە بەنی ئیسرائیل بێ و تێکیان بەرنەدەی، لە نێو خۆیاندا یەکدی نەکوژن، کەواتە: لێرەدا هاڕوون دوو پۆزش دێنێتەوە:

١- بۆیە من هیچم نەکرد، ترسام، دوایی بڵێی: بۆچی بەنی ئیسرائیلت تێکبەرداوە، پێکت وەرکردوون، خواپەرستەکانت لەگەڵ گۆلک پەرستەکاندا، بە گژیەک وە ناون، کوشتاریان لەگەڵ یەکدی کردوە و دووبەرەکییت لە نێویاندا پەیداکردوون؟!

٢- چاوەڕێی قسەکەی منت نەکردوە، تاکو خۆم دەگەڕێمەوە چی دەڵێم، لێرەدا: ﴿تَرۡقُبۡ﴾، واتە: (تنتظِر)، چونکە (رقب، یرقب)، یانی: (إنتظر، ینتظِرُ)، واتە: چاوەڕێی قسەی منت نەکرد تاکو دێمەوە، داخۆ من چی دەڵێم، یاخود لێرەدا (رقب، یرقب)، یانی: (حَفِظَ، یَحْفَظُ)، واتە: قسەکەی منت نەپاراستوە، یان بەرنامەو پەیامەکەی منت نەپاراستوە، کە بریتی بووە لەوەی بەنی ئیسرائیل یەک دەنگ و یەک ڕەنگ بمێننەوەو، دەستیان نەچێتە خوێنی یەکدی، واتە: قسەکەی من و بەرنامەکەی من و ئاڕاستەکانی منت نەپاراستوون و، پێکت وەرکردوون، لێرەدا ئەو دوو پۆزشە دێنێتەوە.

٣- بەڵام لە سوورەتی (الأعراف)دا، پۆزشێکی دیکەی سێیەمیشی هەیە، کە دەڵێ: ﴿إِنَّ ٱلْقَوْمَ ٱسْتَضْعَفُونِي وَكَادُوا۟ يَقْتُلُونَنِي﴾، واتە: خەڵکەکە منیان بەبێ هێز زانی و، خەریک بوو بشمکوژن، نیزیک بوو بشمکوژن، ﴿فَلَا تُشْمِتْ بِيَ ٱلْأَعْدَآءَ وَلَا تَجْعَلْنِي مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾الأعراف: ١٥٠، دوژمنانم پێخۆش مەکەو، لەگەڵ خەڵکی ستەمکارم کۆمەکەوە، وەک ئەوانم تەماشا مەکە.

کەواتە: دیارە هەرسێکیان بوون، بەڵام خوا لە سوورەتی (الأعراف)دا ئەوەیانی هێناوەو لە سوورەتی (طه) ئەوەیانی هێناوە، بەڵام هارۆون ﷺ هەر سێ قسەکانی کردوون.

ئایا مووسا هەقی بووە، یان هارۆون؟

لێرەدا زانایان لەو بارەوە زۆر قسەیان کردوە: ئایا مووسا هەقی بووە کە سەرزەنشتی هارۆونی برای بکات و سزای بدات؟ یان هارۆون هەقی بووە کە ئەو پۆزشانەی هێناونەوە؟ زانایان گوتوویانە: مووسا ئیجتیهادو بۆچوونەکەی وابووە کە دەبووایە هارۆون واز لەوان بێنێ و، خۆی بگەیەنێتە مووسای برای و خەڵکەکە بەجێبێڵێ، ئەوە ئەگەر (إتّباع)ەکە مەبەست (پێگەیشتن) بێ و مانا ڕواڵەتییەکەی مەبەست بێ.

بەڵام ئەگەر مەبەست پێی مانا مەجازییەکەی بێ، دەڵێن: مووسا بۆیە گلەیی لە هارۆون کردوە، دەبووایە هارۆون بەو خەڵکەی کە لەسەر خوا پەرستیی ماونەتەوە، بەگژ ئەوانەدا چووبایەوە کە خەریکی گۆلک پەرستیین.

بەڵام بۆچوونی هارۆون وابووە کە چاکسازییان لە نێواندا بکات و، لە نێو خەڵکەکەدا بمێنێتەوەو، چاوەڕێی هاتنەوەی مووسا بکات، ئەو بۆچوون و کۆششەکەی وابووە.

ئنجا ئایا کامیان، لەو دوو کۆششانە ڕاسترن؟

هەندێ لە زانایان دەڵێن: هاڕوون نەیپێکاوە لە بۆچوون و ئیجتیهادەکەی خۆیدا، چونکە پاراستنی بناغەی بنچینەکانی شەریعەت باشترە، لە پاراستنی ئەو بنەمایانەی کە لێی جیادەبنەوە، کەواتە: دەبوو هاڕوون ئەو بناغەی دیندارییە کە بریتیە لە تەنیا خواپەرستیی (التوحید)، با بە کوشتنی خەڵکەکەش کۆتایی پێبهاتبایە، یان با بە بەجێهێشتنیشیان کۆتایی هاتبایە، پاراستبایە.

هەندێکیش دەڵێن: نەخێر بۆچوونەکەی هاڕوون لە شوێنی خۆیدا بووە، چونکە پاراستنی یەکڕیزیی خەڵکەکە و خوێنڕێژیی لە نێواندا پەیدا نەبوونیان، گرنگتر بووە لەو کاتەدا، چونکە دوایی دەگونجا ئەوە چارەسەر بکەن، کە هەر واش بوو، مووسا ﵇ هاتەوە و چارەسەری کرد، بەڵام ئەگەر دەستیان چووبایە خوێنی یەکدی، ئەو کاتە ئەو خوێنڕژان و کوشتارە چارەسەر نەدەکرا.

منیشم پێم وایە: هاڕوونیش پێکاویەتی و، مووساش هەقی بووە ئەو لێپرسینەوە و سەرزەنشتە بکات، بەڵام دوایی کە هاڕوون بۆ مووسای ڕوونکردۆتەوە، مووسا ئاگای لەو وردەکارییانە نەبووە، کە ئەوە هاڕوونیان بەبێ هێز زانیوەو، هاڕوون بۆیە چاوەڕێی مووسای کردوە، کە ئەو خەڵکە تووشی کوشتار نەبێ لە نێوخۆیدا، پاشان هاڕوون بۆیە بەجێی نەهێشتوون بۆ ئەوەی هەر لە نێویاندابێ، دوای ئەوەی کە ئەو پۆزشانەی بۆ هێناوەتەوە، ئەو پۆزشانە ئیقناعکەر بوون بۆ مووسا ﵇.

کەواتە: هەم هاڕوونیش پێکاویەتی لە بۆچوونەکەی خۆیدا، لە ئیجتیهادەکەیداو، مووساش دوایی کە گلەیی لە هاڕوون کردوە، کە بۆچی نەچووە بۆ لای، یان بۆچی بەوانەی کە بڕوایان بە خوا لە دڵدا ماوە، ڕووبەڕو و بەرەنگار نەبۆتەوە، لەگەڵ ئەوانەی کە لایان داوە؟ وا پێدەچێ مووساش ئەو گلەییەی خۆی کێشا بێتەوە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی سوورەتی (الأعراف)، کە دەفەرموێ: ﴿ قَالَ رَبِّ

ٱغۡفِرۡ لِي وَلِأَخِي وَأَدۡخِلۡنَا فِي رَحۡمَتِكَۖ وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ١٥١ ﴾، واتە: مووسا فەرمووی: پەروەردگارم! لە من و لە برایەکەم خۆش بەو بە بەزەیی خۆت بمانخە نێو بەندە چاکەکانت و تۆش بەبەزەییترینی بەبەزەییانی.

کەواتە: مووسا داوای لێبوردنی بۆ خۆشی و بۆ برایەکەشی کردوە، بۆ خۆی کە توند بووە لەگەڵ برایەکەی داو، ئیجتیهادێکی هەڵەشی کردوە، کە پێش خەڵکەکەی کەوتوە بۆ دیدارو جێژوانی پەروەردگار، بۆ برایەکەشی، ئەگەر کەمتەرخەمییەکی کردبێ، داوای لێبوردنی بۆ لە خوای پەروەردگار کردوە، کەواتە: واپێدەچێ پۆزش و عوزر هێنانەوەکانی هارون بۆ مووسا، ئیقناعکەربوو بن.

مەسەلەی حەوتەم و کۆتایی:

لێپرسینەوەی مووسا لەگەڵ سامیرییداو، بیانوو هێنانەوەی سامیریی بەوە کە شتێکی زانیوە خەڵکەکە نەیزانیوەو، یان شتێکی دیوە خەڵکەکە نەیدیوەو ئەوەی لە بەرنامەو شوێنەواری مووسا وەریگرتوە، فڕێیداوە و نەفسی وای پێ خۆش بووە، سزادانی مووساش بۆی بە دوورخستنەوەی و قەدەغەکردنی دواندنی و، پاشان سووتاندنی گۆلکە پەرستراوەکەی و بڵاوکردنەوەی پاشماوەو خۆڵەمێشەکەی بەدەریاداو، ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە پەرستراوێ شایستەی پەرستن بێ، بەس خوای تاک و تەنیا و زانایە ﷻ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ فَمَا خَطْبُكَ يَٰسَٰمِرِيُّ (٩٥) قَالَ بَصُرْتُ بِمَا لَمْ يَبْصُرُواْ
بِهِۦ فَقَبَضْتُ قَبْضَةً مِّنْ أَثَرِ ٱلرَّسُولِ فَنَبَذْتُهَا وَكَذَٰلِكَ سَوَّلَتْ لِي نَفْسِي (٩٦)
قَالَ فَٱذْهَبْ فَإِنَّ لَكَ فِي ٱلْحَيَوٰةِ أَن تَقُولَ لَا مِسَاسَ وَإِنَّ لَكَ مَوْعِدًا لَّن تُخْلَفَهُۥ
وَٱنظُرْ إِلَىٰٓ إِلَٰهِكَ ٱلَّذِي ظَلْتَ عَلَيْهِ عَاكِفًا لَّنُحَرِّقَنَّهُۥ ثُمَّ لَنَنسِفَنَّهُۥ فِي ٱلْيَمِّ نَسْفًا (٩٧)
إِنَّمَآ إِلَٰهُكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَسِعَ كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا (٩٨) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

ڕوونکردنەوەو دەستپێك:

مووسا لە قۆناغی یەکەم دا گلەیی لە خەڵکەکەی کردوەو، سەرزەنشتی ئەوانی کردوە و، لێپرسینەوەی لەگەڵ ئەواندا کردوە.

لە قۆناغی دووەمدا دەگوازێتەوە بۆ لێپرسینەوە کردن لەگەڵ هاروونی برای، کە جێنشینی بووە، کە پێی دەڵێ: جێنشینی من بەو چاکسازیی بکەو بە دوای خراپەکاران و ئاژاوەگێڕان مەکەوە، دیارە مووسا دڵی خەبەری داوە.

ئنجا له قۆناغی سێیه‌مدا لێپرسینه‌وه له‌گه‌ڵ بابای ئاژاوه‌گێڕو فیتنه‌چیی و فێڵباز و ساخته‌چییدا ده‌كات كه سامیرییه، ئایا ئه‌مه چی لێوه‌رده‌گیرێ؟

ئه‌مه ئه‌وه‌ی لێ وه‌رده‌گیرێ كه به‌رپرسیاری یه‌كه‌م خه‌ڵك و كۆمه‌ڵگا، خۆیه‌تی، ئنجا دوایی به‌رپرسه‌كانیان، ئه‌وانه‌ی كه خه‌ڵك كردوویانن به به‌رپرسی خۆیان و كاربه‌ده‌ستی خۆیان، ئنجا ده‌بێ گله‌یی بكرێ له‌وانه‌ی كه ناحه‌زی ئه‌و كۆمه‌ڵگایه‌ن و، ده‌یانه‌وێ ئه‌و كۆمه‌ڵگایه به‌لاڕێدا به‌رن و، هه‌ڵیبخه‌ڵه‌تێنن و كڵاوی له‌سه‌ربنێن و، تووشی لادان و تاوانی بكه‌ن، كه‌واته: به‌رپرسیاری یه‌كه‌م به‌رانبه‌ر هه‌ر خراپه‌و تاوانێك و، به‌رانبه‌ر هه‌ر لادان و سه‌رپێچییه‌ك، كۆمه‌ڵگا خۆیه‌تی، نه‌ك كۆمه‌ڵگا ده‌ستی چه‌وری خۆی به خه‌ڵك بسڕێ، وه‌ك به‌نی ئیسڕائیل كردیان، گوتیان: ﴿ قَالُوا۟ مَآ أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنَا ﴾، ئێمه به ده‌ست خۆمان نه‌بوو كه له ژوانگه‌ی تۆ دواكه‌وتین، یان ئه‌و به‌ڵێنه‌ی كه به تۆمان دابوو، به‌ده‌ست خۆمان نه‌بوو كه به‌ڵێنه‌كه‌مان جێبه‌جێ نه‌كرد، ئه‌دی به ده‌ست كێ بوو؟

﴿ وَلَٰكِنَّا حُمِّلْنَآ أَوْزَارًا مِّن زِينَةِ ٱلْقَوْمِ فَقَذَفْنَٰهَا فَكَذَٰلِكَ أَلْقَى ٱلسَّامِرِىُّ ﴾، ئێمه چه‌ند كۆڵێكمان لێ بار كرابوون له خشڵ و زێڕو زیوی خه‌ڵكه‌كه، واته: خه‌ڵكی میسر، لێره‌دا به‌نوو ئیسڕائیل خۆیان وه‌ك خه‌ڵكێكی ده‌سته پاچه‌ی بێ ویست و كڵۆڵ، وێنا ده‌كه‌ن، كه ئێمه هیچمان به‌ده‌ست نه‌بوو، ئێمه به ده‌ست خۆمان نه‌بوو كه هه‌ڵخه‌ڵه‌تێنراین، ئه‌دی به ده‌ست كێ بوو؟ نا، به‌رپرسیاری یه‌كه‌م خۆتانن، بۆیه مووسا عليه السلام پێشێ یه‌خه‌ی ئه‌وان ده‌گرێ، لێپرسینه‌وه له‌گه‌ڵ ئه‌واندا ده‌كات، سه‌رزه‌نشتی ئه‌وان ده‌كات، كه ده‌بێ تۆ بۆ خۆت وریا بی، وه‌ك پێشینان ده‌ڵێن: (ماڵی خۆت توند بگره‌و سه‌گی دراوسێ به‌دز مه‌گره)، نابێ خه‌ڵك و كۆمه‌ڵگا، ده‌ستی چه‌وری خۆی به خه‌ڵكی دیكه بسڕێ، خه‌تای زێڕو زیوه‌كه بوو، لێمان باركرا بوو، كۆڵێكی قورس بوو به كۆڵمانه‌وه، فڕێمان دا!!، ئنجا فێڵبازێكیشمان لێ هه‌ڵكه‌وت و هه‌ڵیخه‌ڵه‌تاندین و كڵاوی له‌سه‌ر نایین!! میلله‌تانی دواكه‌وتوو، كۆمه‌ڵگه

دواکەوتووەکان، ئەوانەن کە دەستی چەوری خۆیان بە خەڵک دەسڕن، بەڵام کۆمەڵگای تەندروست ئەوەیە، کە ئەگەر هەڵەی کرد، دان بە هەڵەی خۆیدا دێنێ و خەتای خۆی دەگرێ، نەک هەڵەکانی خۆی بە خەڵکی دیکە هەڵبواسێ و دەستی چەوری خۆی بە خەڵکی دیکە بسڕێ، خۆشی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچێ! ئەوانە کۆمەڵگا دواکەوتووەکانن کە بە دڵنیاییەوە بەنی ئیسرائیل لەو کاتەدا کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بوو، ئەگەرنا سامیرییەکی ساختەچیی و فێڵباز، دوای ئەوەی خوای پەروەردگار ئەو هەموو نیعمەتەی بەسەردا ڕشتوون، لە چەنگ فیرعەون دەربازی کردوون، دەریای بۆ شەق کردوون کە وەک لە تەفسیری سووڕەتی (الأعراف)دا باسمان کرد، دەڵێ: دەریا بوو بە دوازدە ڕێگا، دوازدە کۆڵان و جادە بە دەریادا، چونکە بەنی ئیسرائیل دوازدە تیرە بوون، بە دوازدە ڕێیاندا بە دەریای سووردا پەڕینەوەو، دواتر لە دەشتی سینادا، خوا دوازدە سەرچاوەی لە گابەردێکی گەورە بۆ دەرهێنان، دوایی گەزۆیی بەسەردا باراندن، باڵندەی شێلاقەی بۆ ناردن، بەڵکو هەوری بەسەرەوە کردنە سێبەر لە دەشتی سیناداو، بە شەو کۆڵەگەیەکی ڕووناکیی لە پێشیانەوە دەڕۆیی، بۆ ئەوەی بزانن بەرەو کوێ دەچن؟ ... هتد، خوا ئەو هەموو نیعمەتانەی پێدان، کەچی دوایی بابایەکی ساختەچیی و فێڵباز، بتوانێ وا بە ئاسانیی هەڵتخەڵەتێنێ و تووشی گۆلک پەرستیت بکات، ئەوە بێگومان دواکەوتوویەتییە.

دوایی مووسا وایزانیوە کە هاڕوونی برای کەمتەرخەمیی بووە، بەڵام دوای ئەوەی هاڕوون پۆزشەکانی بۆ هێنانەوە، زانی کەمتەرخەمیی نەبووە، چونکە هاڕوون هەر لە سەرەتاوە پێیگوتوون: ئەوە بەڵا و تاقیکردنەوەیە بۆتان، پەروەردگارتان تەنیا خوای خاوەن بەزەییە، ئەو زاتەی ئەو هەموو بەزەییەی لەگەڵ ئێوەدا نواندوە، ئەو هەموو چاکەو نیعمەتانەی لەگەڵ ئێوەدا کردوون، دوایی مووسا کە بۆی دەرکەوتوە، هاڕوون کەم و کوڕییەکی نیە، ئنجا چۆتە سەر سەرو گوێلاکی سامیریی ساختەچیی و فێڵباز:

١)- ﴿قَالَ فَمَا خَطْبُكَ يَٰسَٰمِرِيُّ﴾، گوتی: ئەی سامیریی! چ کارێکت کردوە، چ کەتنێکت کردوە، وشەی (الخَطْب)، (**الشأن الجلل، والأمر العظيم الذي يكثر فيه التخاطب**)، کارێکی گرنگ و مەزن کە قسەکردنی زۆر تێدا بێ، مشت و مڕی تێدا دەبێ، لە هەموو قورئاندا وشەی (خطب)، بۆ ئەوە بەکاردێ:

أ- مووسا بە دوو کچەکەی پیاوە صاڵحەکە دەڵێ: ﴿مَا خَطْبُكُمَاۖ قَالَتَا لَا نَسْقِي حَتَّىٰ يُصْدِرَ ٱلرِّعَآءُۖ وَأَبُونَا شَيْخٞ كَبِيرٞ ٢٣﴾القصص، بۆچی ڕاوەستاون؟ چ گرفتێکتان هەیە؟ ئەوانیش دەڵێن: ئێمە ناتوانین ئاژەڵەکانمان ئاو بدەین تاکو شوانەکان هەموویان ئاژەڵەکانیان ئاو نەدەن، (چونکە ئەوان هەموویان پیاون)، بابیشمان پیاوێکی بە تەمەنە (و کوڕیشمان نین، براشمان نین).

ب- هەروەها لە ئایەتی (٥١)ی سوورەتی (یوسف)دا، دەفەرموێ: ﴿مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَٰوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِۦ﴾، کە پادشا بە ئافرەتەکان دەڵێ: چ کەتنێک بوو، چ کارێکی مەزن بوو، کە ئێوە گەلە کۆمەکییتان لە دژی یوسوف کرد تاکو تووشی تاوانی بکەن؟

ج- هەروەها: ﴿قَالَ فَمَا خَطْبُكُمْ أَيُّهَا ٱلْمُرْسَلُونَ ٥٧﴾الحجر، ئەی نێردراوان کاری گرنگی ئێوە چیە؟ بۆچی ڕەوانە کراون؟

٢)- ﴿قَالَ بَصُرْتُ بِمَا لَمْ يَبْصُرُواْ بِهِۦ﴾، دوای ئەوەی مووسا عليه السلام ئەو پرسیارە لە سامیریی دەکات، کارت چی بوو؟ چ کەتنێکت کردوە؟ ئەویش دەڵێ: شتێکم بینی کە ئەوان نەیانبینی، یان شتێکم زانی کە ئەوان نەیانزانی، پەییم بەشتێک برد کە ئەوان پەییان پێ نەبرد بوو، ئەوان خەڵکەکە بەنوو ئیسرائیل، خوێندراویشەتەوە: (**بَصُرتُ بما لم تَبْصُروا به**)، واتە: من شتێکم بینی کە ئێوە نەتانبینی، شتێکم زانی کە ئێوە نەتانزانی، دوایی باسی دەکەین کە مەبەست لەو قسەیەی سامیریی چییە، کە شتێکی دیوە خەڵکەکە نەیبینیوە، یان شتێکی زانیوەو پەی بەشتێک بردوە، کە خەڵکەکە نەیزانیوە و پەی پێ نەبردوە.

٣)- ﴿فَقَبَضْتُ قَبْضَةٗ مِّنْ أَثَرِ ٱلرَّسُولِ﴾، منیش چنگێکم داگرت لە شوێنی ڕەوانەکراو، ئایا ئەو ڕەوانەکراوە مەبەست پێی مووسایە عليه السلام؟ یان مەبەست پێی

جیبریلە؟ هەروەها ئەو (أثر)ە، مەبەست پێی شوێنەواری مەعنەوییە؟ ئەو شوێنەوارەی کە مووسا بەجێی هێشتبوو کە بەرنامەکەیەتی، یان مەبەست پێی شوێنەواری ماددییە؟ چەنگە خۆڵەکە لە بنی پێی جیبریل، یان لەبنی پێی ئەسپەکەی جیبریل، وەک لە هەندێک ڕیوایەتاندا هاتوە، چییە؟ دوایی ئێمە ڕای خۆمان لەو بارەوە دەڵێین.

وشەی ﴿قَبۡضَةٗ﴾، خوێندراویشەتەوە: (قَبصة)، بەڵام حەوت قورئان خوێنە سەرەکییەکان هەر وشەی ﴿قَبۡضَةٗ﴾یان هێناوە، دەڵێ: (وَالْقَبْضَةُ: الْوَاحِدَةُ: مِنَ الْقَبْضِ، وَهُوَ غَلْقُ الرَّاحَةِ عَلَى شَيْءٍ، فَالْقَبْضَةُ مَصْدَرٌ بِمَعْنَى الْمَفْعُولِ، وَضِدُّ الْقَبْضِ: الْبَسْطُ)(١)، ﴿قَبۡضَةٗ﴾، یەکێکە لە (قبض)، (قبضة)، ئەویش ئەوەیە کە تۆ لەپە دەستت لەسەر شتێک داخەی، واتە: چەنگ، کوردیی دەڵێن: چەنگێکم لێدا، (قبضة)، چەنگێک، (قبضة) لێرەدا دەبێتە چاوگ، یانی: (مقبوض)، واتە: شتێک کە داگیراوە، پێچەوانەی (قبض) بریتیە لە (بَسْط)، یانی: کردنەوە، (قبض)، واتە: داخستن.

وشەی (الأثر)، واتە: شوێنەوار، بریتیە لەو شوێنەوارەی کە کەسێک بە شوێنێکدا دەڕوات بەجێی دەهێڵێ، کە بریتیە لە جێ پێ، ئنجا ئەگەر لەسەر لم دەڕوات، لەسەر گڵ دەڕوات، لەسەر قوڕ دەڕوات، چ مرۆڤ بێ، چ ئاژەڵ بێ، ئەو شوێنەی کە بەجێ دێڵێ، پێی دەڵێن: (أثر)، بەڵام دوایی ئەوە خوازراوەتەوە بۆ شوێنەواری مەعنەوییش.

کەواتە: دەگونجێ ﴿أَثَرِ ٱلرَّسُولِ﴾، ئەو شوێنەوارە مەعنەوییەی، ئەو نێردراوە، ئەو ڕەوانە کراوە، دەگونجێ مەبەست پێی مووسا ﵇ بێ، یان دەگونجێ مەبەست پێی جیبریل بێ، کە هەردووکیان ڕەوانەکراون، چەنگێکم لێ داگرت.

٤)- ﴿فَنَبَذۡتُهَا﴾، ئنجا ئەو چەنگەم فڕێدا، بە واتای ئەو چەنگە خۆڵەم فڕێدایە سەر گۆلکەکەو، گۆلکەکە ژیانی هاتەبەر، یان ئەو شوێنەوارەی کە ڕەوانە کراو، کە مووسایە

---

(١) التحرير والتنوير: ج١٦، ص٢٩٥.

عليه السلام بۆی بەجێ هێشتبووین، لە نێوماندا بەجێی هێشتبوو، کە بریتی بوو لەو بەرنامە و پەیامەی لە خوا وەریگرتبوو، من بەشێکم لێ وەرگرتبوو، دوایی ئەو بەشەم فڕێدا و وازم لێهێنا، واتە: ئەوەندە زانیارییە، ئەوەندە شارەزاییەی کە هەم بوو بە بەرنامەی مووسا، فڕێمدا و پشتگوێم خست و کارم پێ نەکرد، کە مەبەست پێی تەنیا خوا پەرستیی (توحید)ە، ئەوی فڕێداوەو شیرک و بتپەرستیی لە شوێندا داناوە.

٥)- ﴿ وَكَذَٰلِكَ سَوَّلَتْ لِي نَفْسِي ﴾، هەر بەو شێوەیە نەفسم بۆی جوانکردم، ئەمە پێی دەگوترێ: (مِنْ تَشْبيه الشَيءِ بنَفْسهِ)، ﴿ وَكَذَٰلِكَ ﴾، هەروەها بەم شێوەیە، ئاوا بەم شێوەیە، ئەمە وێچواندنی شتێکە بە خودی خۆی، واتە: بەو شێوە جوانکردنە، کە نەفسم جوانی کرد، بۆی جوان کردم، وەک زێدەڕۆییکردن لەوەدا کە ئەو شتە وێنەی نیە، ئەو شتە دەبێ هەر بە خودی خۆی بچوێنرێتەوە، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ﴾البقرة: ١٤٣، بەو شێوەیە کە گێڕاومانن بە کۆمەڵێکی نێوەندگیر، کۆمەڵێکی میانگیر، نە کورت بێنن، نە تێپەڕێنن، نە زێدەڕۆیی بکەن، نە کەمتەرخەمیی بکەن.

ئنجا ئەمە کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ سَوَّلَتْ لِي نَفْسِي ﴾، بەو جۆرە نەفسم بۆی جوان کردم، دەگونجێ دانپێدانانی سامیریی بێ بە گوناهەکەی خۆی دا، دەشگونجێ بڵێ: وام پێ خۆش بوو، وام کەیف پێهات، چونکە هەموو تەفسیرەکان کە سەرنجم داون دەڵێن: ئەوە دانپێداهێنانی سامیرییە بە گوناهەکەی خۆی دا.

بەڵام پێم وایە وێڕای دانپێداهێنان بە گوناهی دا، ئەوەش دەگرێتەوە کە بڵێ: من نەفسم وای پێ خۆش بوو، وام پێ چاک بوو، وام کەیف پێ هات، واتە: مەرج نیە لێرەدا خۆ بە تاوانباردانانی سامیریی بگەیەنێ، یان تەنیا ئەوە بگەیەنێ، بەڵکو ئەوەش دەگەیەنێ کە: نەفسم وای پێ خۆش بوو، پێم چاک بوو وابکەم، وشەی (سوَّلت) واتە: نەفسم وای بۆ جوان کردم، وای بۆ ئاسان

کـردم (تسـويل)، یـانی: (تسـهيل) ئاسـانکردن، بـەڵام لێـرەدا یـانی: جوانکـردنی شـتێک کـە لـە خـودی خۆیـدا جـوان نەبـێ.

ئنجـا کاتـێ کـە سـامیریی بـۆ مووسـا بـەو شـێوەیە بەیـانی حاڵـی خـۆی دەکات و، بـە حیسـاب پـۆزشی بـۆ دێنێتـەوە، یـان هەڵوێسـتی خـۆی بـۆ ڕوون دەکاتـەوە.

٦)- ﴿ قَالَ فَٱذۡهَبۡ ﴾، مووسا فەرمووی: بڕۆ، بۆ کوێ بڕوا؟ واتە: بڕۆ دوور بکەوەوە.

٧)- ﴿ فَإِنَّ لَكَ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ أَن تَقُولَ لَا مِسَاسَ ﴾، تۆ لەژیاندا ئەوەت بۆ هەیە، ئەوە لەسەر تۆ دەبێتـە موڵک، ئەوە لەسەر تۆ تاپۆ دەکرێ، کە بڵێی: ﴿ لَا مِسَاسَ ﴾، واتە: کەس دەستم لێ نەدا و دەست لە کەس نادەم.

(مِساس: مصدر ماسَّهُ، بمعنی مَسَّهُ، و (لا) نافيةٌ للجنس)، (مساس)، چاوگی (ماسَّهُ)، بەمانای: (مَسَّه)، دەستی لێدا، (لا) یش بۆ نەفیی جینسە، کەواتە: (مساس)یش ناوەکەیەتی وەک (لا إله إلاّ الله)، هیچ پەرستراوێک نیە، ﴿ لَا مِسَاسَ ﴾ یانی: دەست لێدان نیە، ئەو کاتە (لا)ی لابردنی جینس کە دەچێتە سەر ناوێک، هەمیشە (منصوب)ی دەکات، ﴿ لَا مِسَاسَ ﴾، دەست لێدان نیە، دەست وێ کەوتن نیە، واتە: نە کەس دەستم لێ بدات و، نە دەست لە کەس دەدەم، (لا أَمُسُّ ولا أُمَسُّ)، دەست لە کەس نادەم و کەسیش دەستم لێ نەدا، یان لە کەس نیزیک نابمەوەو، کەسیش لێک نیزیک نەبێتەوە، توخنی کەس ناکەوم و کەس توخنم نەکەوێ، ئەمە سزایەک بووە لە لایەن مووساوە، بەسەر سامیرییدا سەپێنراوە، کە پێی دەگوترێ: سزای دابڕین لە کۆمەڵگا، پەڕگیرکردن، یان گۆشەگیرکردن، یان داڕنین لە کۆمەڵگا و خەڵک.

٨)- ﴿ وَإِنَّ لَكَ مَوۡعِدًا لَّن تُخۡلَفَهُۥ ﴾، تۆ جێژوانێکت بۆ هەیە، بەڵێنگەیەکت بۆ هەیە کە لێی دواناخرێی، خوێندراویشەتەوە: (لن تُخْلِفَه)، واتە: تۆ لێی دواناکەوی، بەڵام ئەگەر ﴿ لَّن تُخۡلَفَهُۥ ﴾ بێ، واتە: تۆ لێی دواناخرێی، ئنجا ئایا ئەو بەڵێنگەیە و ئەو ژوانگەیە کوێیە؟ بەدڵنیاییەوە مەبەست پێی ڕۆژی دواییە.

قسە دابڕین لە ئەهلی بیدعەت و هەڵوەستەیەك:

لێرەدا (القرطبي) دەڵێ: (**هَذِهِ الآيَةُ أَصْلٌ فِي نَفْيِ أَهْلِ الْبِدَعِ وَالْمَعَاصِي وَهُجْرَانِهِمْ وَأَلَّا يُخَالَطُوا، وَقَدْ فَعَلَ النَّبِيُّ ﷺ ذَلِكَ بِكَعْبِ بْنِ مَالِكٍ وَالثَّلَاثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا**)[1]، واتە: ئەم ئایەتە بنچینەی ئەو جۆرە سزادانەیە، کە خەڵکی خاوەن بیدعەت و گوناح دووربخرێنەوەو، دابڕێنرێن و تێکەڵییان لەگەڵدا نەکرێ، وەک پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ کەعبی کوڕی مالک و دوو هاوەڵەکەی کە دواخرا بوون، [سزادانەکەیان دواخرا بوو]، بەو شێوەیە ڕەفتاری کرد.

کە لە تەفسیری سوورەتی (التوبة)دا بە تەفصیل بەسەرهاتەکەیمان هێنا، کە لە صەحیحی (بوخاریی و موسلیم)دا هاتووە.

بەڵام بێگومان ئەوە لەلایەن دەسەڵاتی شەرعییەوەو، لە لایەن کەسانێکی بە ئینصاف و شارەزاوە، دیاریی دەکرێ، نەک هەر کەس ڕاست بۆوە بەوی دیکە بڵێ: ئەهلی بیدعەت و بڵێ: سەلامی لێناکەم و قسەی لەگەڵ ناکەم! وەک ئێستا هەندێ وشکە سەلەفیی فەقیرۆکە کە ڕەنگە ئەوان ڕەنگە شایستەی ئەوە بن، خەڵک سەلامیان لێ نەکات، کەچی دێن هەر لە خۆڕا لیستێک دادەنێن و دەڵێن: ئەوانە نابێ سەلامیان لێ بکرێ، ئەوانە نابێ هامو و شۆ بکرێن، ئاخر کێ ئەو مافەی بە تۆدا؟ وەک من جارێک لیستێکیانیان پێشاندام گوتیان: مامۆستا! ئەوە هی ئەوانەیە کە خۆیان بە سەلەفیی ناو دەبەن، کە ئەوانیش جۆریان زۆرن و دەبێ پۆلێن بکرێن، خەڵکی عاقڵ و بە ئینصافیان تێدایە، بەڵام خەڵکی نەفام و نەزان و کارتێکراو بە حیزب و ڕژێمە عەلمانییەکانیشیان تێدا هەیە، لیستێکیان پێ پێشاندام گوتیان: ئەوە هی هەندێ لە سەلەفیی ناوەکانە، سەیرم کرد: هەرچی بانگەوازکارو وتارخوێنی باش کە لە نێو خەڵکیدا جێی سوودو کەڵکن، هەموویان لە نێو ئەو لیستەدا ڕیز کردوون، گوایە: ئەوانە هەموویان ئەهلی بیدعەتن و نابێ سەلامیان لێ بکرێ!

---

[1] الجامع لأحكام القرآن، ج١١، ص٢٠٣.

منیش گوتم: ئەو مونکەرە کێیە، ئەو هەموو مەعرووفانەی ڕاست و چەپ بەسەرداهێناون، ئەو دیار نیە کێیە و مونکەرە، بەڵام ئەوانە هەموویان خەڵکی ناسراوو زانراون، بەڵێ پارێزراونین لە هەڵە، بەڵام ئەوانەمان هەن، کە لە نێو ئەو خەڵک و میللەتەدا چوار قسەی هەق بکەن، خەڵک ئامۆژگاریی بکەن، بەرچاوی خەڵک ڕۆشن بکەنەوە، ڕاستییەکانی عەقیدە و شەرع لە خەڵکی حاڵیی بکەن، ئنجا تۆ بێنی ڕاست و چەپ بەسەر هەموویان دابێنی:

١- لەبەر ئەوەی بەپێی مەشرەب و میزاجی تۆ نین.

٢- یان نەفەرێکی سەرلێشێواو لە نێوە، لەبەر ئەوەی کەیفی بەوانە نایەت.

٣- یان لەبەر ئەوەی تۆ چوار پێنج مەسەلەت کردوون بە پێوەرو تەرازوو، بەپێی ئەو چوار پێنج مەسەلانە، ئەوانە بە لادەر لە قەڵەم دەدرێن، بابایەکی نەکیرە بۆی نیە ڕاست و چەپ بەسەر کەسانێکی مەعرووف و ناسراودا بێنێ، کە لە مەیدانی کاری ئیسلامیی و، بانگەوازی ئیسلامیی و، قسەی خێرکردن بۆ مسوڵمانان دا ناسراون، بابایەکی نەناسراوو نەزانراو وەک (أبو بکر) بەغدادییەکە، کە خۆی کرد بە خەلیفەی مسوڵمانان، بێ ئەوەی چوار زانای موعتەبەر بیناسن و شایەدیی بۆ بدەن کە تۆ شایستەی، یان هەر ئەصڵەن تۆ ناسراوی، ناسراوی بەوەی کە لە دین تێگەیشتووی!! ئەوە بە ڕاستیی ئەوانە هەموویان بەڵان بەسەر ئوممەتدا دێن، ئەوەش هەمووی لە ئەنجامی دواکەوتوویەتیی مسوڵماناندا، ئەو حاڵەت و دیاردانە پەیدادەبن، بە هەر حاڵ کاتێک کە قەوارەیەکی ئیسلامیی هەبێ و، زانایانی موعتەبەرو باوەڕپێکراو و زانایانی شارەزاو بە ئینصاف، بۆیان هەیە بڕیار بدەن کە فڵانکەس لەبەر ئەوەی بیرێکی چەوتی هەیەو ڕەفتارێکی چەوتی هەیە، یان بیرێکی نامۆی هەیەو بە داهێنەر بە (مبتدع) لە قەڵەم دەدرێ، یان بە شوێنکەوتووی ئارەزووی خۆی لە قەڵەم دەدرێ: بە گوناهبارو لادەر دادەنرێ و، خەڵکینە! تێکەڵیی لەگەڵ مەکەن، ئەوە دەسەڵاتی شەرعیی و، زانایانی موعتەبەرو باوەڕپێکراو، ئەو دەسەڵات و مافەیان هەیە، نەک هەر نەکیرەیەک ڕاست بێتەوە، زەڕب بەسەر ئەو مەعرووفانەدا بێنێ، کە کەیفی پێ نایەن.

٩)- ﴿وَٱنظُرۡ إِلَىٰٓ إِلَٰهِكَ ٱلَّذِي ظَلۡتَ عَلَيۡهِ عَاكِفٗا﴾، سەرنج بدە ئەو پەرستراوەت، کە تۆ بەردەوام بووی لەسەر پەرستنی و پەیوەست بووی بە پەرستنییەوە، ﴿ظَلۡتَ﴾، لە ئەصڵدا **(ظَلَلْتَ: أي استمرت)** بەردەوام بووی، **(والعكوف: ملازمة العبادة)**، **(عكوف)**یش، پەیوەست بوونە بە پەرستنی شتێکەوە.

١٠)- ﴿لَّنُحَرِّقَنَّهُۥ﴾، بە دڵنیایی، یان سوێند بە خوا دەیسووتێنین، هەروەها خوێنراویشەتەوە: **(لَنُحرِقَنَّهُ)**، ئنجا: ﴿لَّنُحَرِّقَنَّهُۥ﴾، واتە: زۆری دەسووتێنین، بەڵام **(لَنُحْرِقَنَّهُ)**، واتە: دەیسووتێنین، **(تَحرِيق)**، لەگەڵ **(حرق)**دا، جیاوازییەکەیان ئەوەیە: **(حَرَّقَ، يُحَرِّقُ، تَحْرِيْقَاً)**، واتە: زۆری سووتاندو سووتانەکەی جەخت لەسەرکردەوە، بەڵام **(حَرَق)**، بریتیە لە سووتاندنی ئاسایی.

١١)- ﴿ثُمَّ لَنَنسِفَنَّهُۥ فِي ٱلۡيَمِّ نَسۡفًا﴾، دوایی بە دڵنیاییەوە پرژ و بڵاوی دەکەینەوە بە دەریادا، **(یم)**، واتە: دەریا کە بە دڵنیاییەوە مەبەست لەو دەریایە، دەریای سوور بووە، کە کاتی خۆی پێی گوتراوە: **(بحر القلزم)**، دەریای سوور، **(النَّسْفُ: تفريق وإذراء لأجزاء شيءٍ صَلْبٍ)**، **(نسف)**، بریتیە لە بڵاوکردنەوە و پرژ و بڵاوکردنی پارچەکانی شتێکی ڕەق، یانی: زێڕ کە بسووتێنرێ، وردو خاش بکرێ، ئەویش دوای سووتاندنی، وردو خاشی کردووەو پارچەکانی فڕێداوەتە نێو ئەو دەریای سوورەوە، وشەی **(ثُمَّ: للترتيب الرتبي)**، بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەیە، دوای ئەوەی دەیسووتێنین، ئنجا وردو خاشی دەکەین و پرژ و بڵاوی دەکەینەوە بە دەریادا.

١٢)- ﴿إِنَّمَآ إِلَٰهُكُمُ ٱللَّهُ﴾، بە دڵنیاییەوە، بێگومان پەرستراوی ئێوە تەنیا خوایە ﷻ، ئەو خوایە کێیە؟

١٣)- ﴿ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾، جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، شایستەی پەرستران بێ.

١٤)- ﴿وَسِعَ كُلَّ شَيۡءٍ عِلۡمٗا﴾، زانیاریی وی هەموو شتێکی گرتۆتەوەو، ئەو گۆلکە لە زانیاریی خوادا نەبووە، کە پەرستراو بێ و، نەی سامیریی! خوای پەروەردگار بە پەنهان و ڕواڵەتی تۆ ئاگادارو زانایە.

سێ جۆرە لێکدانەوە بۆ
بیانووی سامیریی لە دروستکردنی (گۆلک)ەکەدا

١- ڕای یەکەم: کە لە هەموویان باوترە: ﴿بَصُرْتُ﴾، واتە: بینیم، ﴿فَقَبَضْتُ قَبْضَةً﴾، واتە: چەنگە خۆڵێکم داگرت، ﴿مِّنْ أَثَرِ ٱلرَّسُولِ﴾، لە ژێر پێی جیبریل، یان لە ژێر پێی ئەسپەکەی جیبریل، ﴿فَنَبَذْتُهَا﴾، فڕێمدایە سەر پەیکەری گۆلکەکە، یەکسەر ژیانی هاتەبەر.

ئنجا ئایا ئەوە زانایان لە کوێیان هێناوە؟ نازانم، هەر لە خۆوە دەڵێن: ئەسپی جیبریل پێ لە هەر شوێنێک دابنێ، تۆ دوایی دەست بدەیە ئەو خۆڵەی ژێر سمی ئەسپەکەی جیبریل، بەسەر هەر شتێکی دابکەی، ژیانی دێتەبەرو دەبێتە خاوەن ژیان.

کە لە ڕاستییدا ئەوە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیەو، هیچ بەڵگەیەک نیە، کە ئەصڵەن جیبریل ئەسپی پێ بێ، یان جیبریل پێ دابنێتە شوێنێک و شوێنەکەی دیار بێ! چونکە هەندێک دەڵێن: شوێن پێی جیبریل، کە ئەوە تەفسیرەکان هەموویان هێناویانە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی پشت پێ بەستراو نیە بۆ ئەو قسەیە، ئەوە ڕای یەکەم کە هەموو تەفسیرەکان هێناویانە، یان زۆربەی هەرە زۆریان، بەڵام (**أبو مسلم الأصفهاني**)، ئەو ڕایەی ڕەتکردۆتەوەو، هەندێک لە زانایانیش شوێن (أبو مسلم) کەوتوون، یەکێک لەوانە (**فخرالدین الرازي**)یەو، هەندێکی دیکەش، بێگومان بەندەش ئەو ڕایە ڕەتدەکەمەوە.

٢- ڕای دووەم: دەڵێ: ﴿بَصُرْتُ﴾، واتە: (عَلِمتُ، وفَطِنْتُ)، واتە: زانیم و دەرکم کرد، ﴿فَقَبَضْتُ قَبْضَةً﴾، واتە: ئەندازەیەکم وەرگرت، لێرەدا ﴿قَبْضَةً﴾، مەبەست پێی

چەنگی ماددیی نیە، واتە: کە تۆ دەڵێی: فڵانکەس عەقڵەکەی چەنگێکە، واتە: کەمە، یانی: ئەندازەیەکی کەمم وەرگرت، لەچی؟، ﴿مِّنۡ أَثَرِ ٱلرَّسُولِ﴾، لە شوێنەواری ڕەوانەکراو، کە مەبەست پێی مووسایە ، واتە: ئەندازەیەکم لە بەرنامە و پەیامی مووسا وەرگرتبوو، ئەندازەیەکی کەم، یان ئەندازەیەک کە خۆم هەڵمبژارد بوو، چونکە ﴿قَبۡضَةٗ﴾، ئەوەیە کە کۆمەڵە شتێک داندرا بێ، تۆش لەسەرەوە چەنگێکی لێ بدەی، واتە: ئەوەی کە خۆم مەبەستم بوو لە سەری سەرەوە، هەندێکم لێ وەرگرت، ﴿فَنَبَذۡتُهَا﴾، ئنجا فڕێمدا، ﴿فَنَبَذۡتُهَا﴾، بە مانای (فڕێمدا) دێ و، بە مانای (وازم لێهێنا)ش دێ، کە دەگونجێ لێرەدا مەبەست پێی ئەوە بێ، ئەوەی کە من مەبەستم بوو لە بەرنامە و پەیامی مووسا، کە ڕەوانە کراوی خوایە وەرمگرت، ئنجا فڕێمدا، ئەوەی مەبەستی بووە، فڕێی بدات، کە بریتی بووە لە تەنیا خوا پەرستیی (توحید)، واتە: تەوحیدەکەم لێ وەرگرت لەو بەرنامە و پەیامەی مووسا ، کە کاکڵەکەی و کرۆکەکەی و چڵەپۆپەکەی، بریتیە لە خوا بەیەکگرتن و تەنیا خواپەرستن، ئەوەم لێ وەرگرت و فڕێمدا، ئنجا ئایین و بەرنامەی خوا، کاتێک خوا بە یەکگرتن(توحید)ی لێ دەردەهێنرێ، کەواتە: شوێن بۆ شیرک چۆڵ دەکرێ، هەر دڵێک تەوحیدی تێدا نەبێ، زەمینە بۆ شیرک لەو دڵەدا خۆش دەبێ، هەر ئایینێک ڕووحەکەی لێ دەربێنی، بە دڵنیاییەوە ئەو کات وەک جەستەیەکی مردوو دێتە بەرچاو، ئەمەش مانای دووەمی کە ئەوە زیاتر دەچێتە عەقڵەوە.

٣- ڕای سێیەم: کە ئەو قسانە هەموویان درۆ و دەلەسەیەک بوون، سامیریی بۆ خۆی ڕێکیخستوون، بۆ خۆپەڕاندنەوە لە سزای مووسا، کە ئەمەش ڕای (**سید قطب**)ە، ڕەحمەتی خوای لێ بێ، کە لە (**في ظلال القرآن**) دا هێناویەتی[1]، ئەو ڕایەی سێیەمەش شتێکی بەجێیە، کە ئەو قسەیە هەر قسەیەک بوو بێ، سامیریی بۆ خۆی ڕێکیخستبێ، کە: من چنگێکم داگرت لە شوێن پێی ڕەوانە کراو، دوایی فڕێمدا، دەگونجێ هەر قسەیەک بێ کە سامیریی خۆی ڕێکیخستبێ.

بەڵام ڕای دووەم، پێم وایە کە لە هەر سێ ڕایەکان بەجێترە و باشترە.

---

(١) ج٤، ص٢٣٤٩.

دەرسی پێنجەم

پێناسەی ئەم دەرسە

بەڕێـــــــزان!

ئێمە لەم دەرسەماندا کە لە شازدە (١٦) ئایەت پێکهاتوە، ئایەتەکانی: (٩٩ - ١١٤)و، تەوەری سەرەکیی بریتیە لە باسی ڕۆژی دوایی، بە هەردووک قۆناغی ئاخیر زەمان و هەڵسێنرانەوە و زیندوو کرانەوەوە (الساعة، والقيامة)، کە لەو شازدە ئایەتەدا، خوای زانای شارەزا ﷻ هەم باسی بەشێک لە کارەساتەکانی ئاخیر زەمان دەکات، هەم باسی چەند دیمەنێکی ڕۆژی زیندوو کرانەوە و هەڵسێنرانەوە (قیامەت)یش دەکات.

دوو ئایەتی کۆتاییش بۆ باسی قورئان و ئامانجی نێردرانی و، چۆنیەتی مامەڵەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە خزمەتییدا، تەرخانکراون.

﴿كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ مَا قَدْ سَبَقَ ۚ وَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ مِن لَّدُنَّا ذِكْرًا ﴿٩٩﴾ مَّنْ أَعْرَضَ
عَنْهُ فَإِنَّهُۥ يَحْمِلُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وِزْرًا ﴿١٠٠﴾ خَٰلِدِينَ فِيهِ ۖ وَسَآءَ لَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ حِمْلًا ﴿١٠١﴾ يَوْمَ
يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ ۚ وَنَحْشُرُ ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا ﴿١٠٢﴾ يَتَخَٰفَتُونَ بَيْنَهُمْ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا
﴿١٠٣﴾ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا ﴿١٠٤﴾ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ
ٱلْجِبَالِ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا ﴿١٠٥﴾ فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا ﴿١٠٦﴾ لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجًا وَلَآ
أَمْتًا ﴿١٠٧﴾ يَوْمَئِذٍ يَتَّبِعُونَ ٱلدَّاعِىَ لَا عِوَجَ لَهُۥ ۖ وَخَشَعَتِ ٱلْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَٰنِ فَلَا تَسْمَعُ
إِلَّا هَمْسًا ﴿١٠٨﴾ يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَرَضِىَ لَهُۥ قَوْلًا ﴿١٠٩﴾ يَعْلَمُ مَا
بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا ﴿١١٠﴾ ۞ وَعَنَتِ ٱلْوُجُوهُ لِلْحَىِّ ٱلْقَيُّومِ ۖ وَقَدْ
خَابَ مَنْ حَمَلَ ظُلْمًا ﴿١١١﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا يَخَافُ ظُلْمًا وَلَا
هَضْمًا ﴿١١٢﴾ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ ٱلْوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ

لَهُمۡ ذِكۡرٗا (١١٣) فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّۗ وَلَا تَعۡجَلۡ بِٱلۡقُرۡءَانِ مِن قَبۡلِ أَن يُقۡضَىٰٓ إِلَيۡكَ
وَحۡيُهُۥۖ وَقُل رَّبِّ زِدۡنِي عِلۡمٗا (١١٤) ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بەو شێوەیە (کە ڕابرد) لە هەواڵەکانی ڕابردووت بۆ دەگێڕینەوەو، لە لایەن خۆمانەوە (قورئانێکی) بیرخەرەوەمان پێداوی (٩٩) هەر کەس ڕووی لێوەرچەرخێنێ، ئەوە بێگومان لە ڕۆژی قیامەتدا قورسیی (کۆڵی گوناهان) هەڵدەگرێ (١٠٠) بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە (لە سزای ئەو گوناهانەیاندا)، ئەو (کۆڵ)ە، لە ڕۆژی قیامەتدا خراپترین کۆڵیانە (١٠١) ڕۆژێک کە فوو بە کەڕەنادا دەکرێ و، تاوانباران لەو ڕۆژەدا بەشین هەڵگەڕاویی کۆدەکەینەود (١٠٢) لە نێو خۆیاندا چپە چپ دەکەن (دەڵێن): تەنیا دە (١٠) شەوان ماونەوە (لە دنیادا) (١٠٣) ئێمە بەوەی دەیڵێن: زاناترین، کاتێک ڕا باشترینیان (لە ڕووی ڕاستییەوە) دەڵێ: بەس ڕۆژێکتان پێچووە (لە مانەوەی ژیانی دنیا، یان بەرزەخ، یان هەردووکیاندا)! (١٠٤) لە بارەی چیایەکانیشەوە پرسیارت لێ دەکەن، بێژە: پەروەردگارم وردو خاشیان دەکات (١٠٥) ئنجا دەیانکاتە دەشتێکی تەخت و هەموار (١٠٦) هیچ خواریی و گرێی تێدا بەدی ناکەی (١٠٧) لەو ڕۆژەدا (هەموویان) شوێن (دەنگی) جاڕدەر دەکەون، بە بێ لادان و خواریی لێی (ڕێک بەرەو ڕووی دەچن) و دەنگەکانیش بۆ (خوای) میهرەبان کز و کپ دەبن، تەنیا چپە دەبیستی (١٠٨) لەو ڕۆژەدا تکاکردنی هیچ کەس سوود ناگەیەنێ، جگە لەو کەسەی (خوای) بە بەزەیی مۆڵەتی بدات و قسەکەی (داوایەکەی) پەسند بکات (١٠٩) (خوا) ئەوەی لە پێش دەستیانەوەیەو، ئەوەی لە دوایانەوەیە (داهاتو و ڕابردوویان) دەیزانێ، بەڵام زانیاریی وان دەوری وی (خوا) نادات، (١١٠) هەروەها (لەو ڕۆژەدا) ڕووەکان بۆ (خوای) زیندووی

مشـوورخۆر، زەبـوون بـوون و، هـەر کەسێکیش (کۆڵـی) سـتەمی هەڵگرتبێ، بێمرادو ڕەنجـەڕۆ بـوو ﴿١١١﴾ بـەڵام هـەر کـەس کـردەوە باشـەکان بـکات و، بڕواداریـش بـێ، ئـەوە نەترسـی سـتەمی هەیـەو، نەتـرسی لـێ کەمکردنـەوەی پاداشـت ﴿١١٢﴾ هـەر بـەو شـێوە (ناوازە)یـەش قوڕئانمـان بـە (زمـانی) عەڕەبیـی دابەزانـدوەو، (بەرانبـەر بـە کافـران) هەڕەشـەمان بـە شـێوەی جۆراوجـۆر تێـدا باسـکردوە، بەڵکـو پارێـز بکـەن، یـان بیرکەوتنـەوەی تێـدا پەیـدا بکـەن ﴿١١٣﴾ هـەر پایـە بـەرزە خـوای حوکمـڕانی هـەق، پەلـەش لـە (خوێنـدن و وەرگرتنـی) قوڕئانـدا مەکـە، بەرلـەوەی سروشـکرانی بـۆ لات تـەواو بـێ و، بشـڵێ: پـەروەردگارم! زانیارییـم بـۆ زێـدە بکـە}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(وِزْرًا): (الـوِزْرُ: الحِمْـلُ الثَّقِيـلُ، الذَّنْـبُ، السِّـلاَح)، (وِزْر)، هـەم بـە کۆڵـی قـورس دەگوتـرێ، هـەم بـە گونـاه، هـەم بـە چـەک، لەبـەر ئـەوەی چەکیـش بـاری شـانی مـرۆڤ قـورس دەکات، لـە ڕووی جەسـتەییەوە، گوناهیـش بـاری شـانی مـرۆڤ قـورس دەکات، لــە ڕووی مەعنەوییــەوە.

(حِمْلًا): (الحمـلُ: مـا يُحْمَـلُ عَـلَى الظُّهْـرِ وَنَحْـوِهِ)، (حِمْـل)، بریتیـە لـەوەی کە لەسـەر پشـت، واتـە: کـۆڵ هەڵدەگیـرێ، یـان لەسـەر شـێوەی کۆڵ.

(زُرْقًا): (جَمْـعُ أَزْرَق، وَزَرْقَـاءَ، زَرِقَ: عَمِـيَ)، (زُرْق) کـۆی (أَزْرَق)ە، یـان کۆی (زرقاء)ە، (أزرق) بـۆ نێرینـە، (زرقـاء) بـۆ مێینـە، واتـە: شـین هەڵگـەڕاو، ڕەش و شـین، هەروەهـا وشـەی (زَرِقَ، يَـزْرَقُ: عَمِـيَ، يَعْمَـى)، کوێـر بـوو، کوێـر دەبـێ، بـەو واتایـەش هاتوە.

(يَتَخَٰفَتُونَ): واتـە: بـە چپـە چـپ، بـە سرکـە پێکـەوە قسـە دەکـەن، دەڵـێ: (خَفَـتَ، يَخْفِـتُ، ويَخْفُـتُ، خَفْتـاً، وَخُفُوتـاً، وخُفَاتـاً: سَـكَنَ وَسَـكَتَ وَضَعُـفَ، خفـت صوتُـهُ، وأَغَـضَّ صَوْتَـهُ)، وشـەکانی (خَفَـتَ، يَخْفِـتُ، ويَخْفُـتُ، خَفْتـاً، وَخُفُوتـاً، وخُفَاتَـاً)

هەمووی بە مانای نارام بوو، بێدەنگ بوو، بە مانای بێ هێز بوو، (**تَخَافُت**)، لەسەر کێشی (**تَفَاعُل**)ە، بۆ هاوبەشییە، واتە: پێکەوە بە چپە قسە دەکەن، بە سرکە، دەگوترێ: (**خَفَتَ صَوْتُهُ**)، واتە: دەنگی کپ بوو، دەنگی نزم بوو، ئەگەر بشلێ: (**أَخْفَتَ صوته**)، واتە: دەنگی خۆی نزم و کز کرد.

(**قَاعًا**): (**القَاعُ: أَرْضٌ مُسْتَوِيَةٌ مُطْمَئِنَّة عَمَّا يُحِيطُ بِهَا مِنَ الجِبَالِ وَالآكَام**)، (**قَاع**)، سەر زەمینێکی ڕێکە، مەیلەو گۆمڵاییە، بە نسبەت ئەوەی کە دەوری داوە لە چیایەکان و گردۆلکەکان، واتە: شوێنێکی تەخت و گۆمڵایی کە گرێی تێدانەبێ.

(**صَفْصَفًا**): (**الصَفْصَفُ: المَسْتَوِي مِنَ الأَرْضِ لاَ نَبَاتَ فِيهِ: الفَلاَة**)، (**صَفْصَفاً**)، بە زەوییەکی تەخت دەگوترێ، کە ڕووەکی تێدا نەما بێ، هەروەها بە دەشتێکی کاکیی بە کاکیی چۆڵی بێ گرێ و گۆڵێش دەگوترێ.

(**عِوَجًا**): (**عوج**)، واتە: لاریی و خواریی، (**فُلاَنٌ مَا يَعْوَجُ عَنِ الشَّيءِ: مَا يَرْجِعُ عَنْهُ**)، لە زمانی عەرەبی دا دەڵێ: (**مَا يَعْوَجُ عَنِ الشَّيءِ**)، واتە: لە هیچ شتێک ناگەڕێتەوە، خوار نابێتەوە، ڕێک دەڕوا.

(**أَمْتًا**): (**الأَمْتُ: المكَانُ المُرْتَفِعُ**)، شوێنی بەرز، هەروەها (**الأمْتُ: صِغَارُ التِّلاَلِ**)، گردۆلکەی گچکە، بەوەش دەگوترێ، (**الإِخْتِلافُ فِي المَكَانِ ارتفاعاً وَانْخِفَاضاً**)، بە زەوییەک دەگوترێ: کە بەرزیی و نزمیی تێدا بێ.

(**هَمْسًا**): (**هَمَسَ فُلاَنٌ إلى فُلاَنٍ هَمْسَاً: تَكَلَّمَ مَعَهُ كَلاَمَاً خَفِيّاً لا يَكَادُ يُفْهَم**)، ئەگەر بگوترێ: (**هَمَسَ فُلاَنٌ إلى فُلاَنٍ**)، واتە: بە شێوەیەکی پەنهان قسەی لەگەڵدا کرد، کە نیزیکە قسەکەی فام نەکرێ.

(**وَعَنَتِ**): (**عَنَا، يَعْنُوا، عُنوًا: خَضَعَ وَذَلَّ**)، واتە: ملکەچ بوو، زەبوون بوو، (**عَنَا فُلاَنٌ لِلْحَق**)، واتە: بۆ هەق ملکەچ بوو، کە دەفەرموێ: ﴿ وَعَنَتِ ٱلْوُجُوهُ ﴾، واتە: ڕووەکان ملکەچ بوون، زەبوون و، تەسلیم بوون.

(خَابَ): **(خَابَ، يَخِيبُ، خَيْبَةً: حُرِمَ وَمُنِعَ، وَلَمْ يَنَلْ مَا طَلَبَ)**، **(خَابَ، يَخِيبُ، خَيْبَةً)** واتە: بێ بەش بوو، ڕێی لێگیرا، بێمراد بوو، ڕەنجەڕۆ بوو، ئەوەی کە داوای دەکرد، چەنگی نەکەوت.

(هَضْمًا): **(هَضَمَ فُلاَنَاً: ظَلَمَهُ وَغَصَبَهُ، وَهَضَمَ حَقَّهُ: نَقَصَهُ)**، **(هَضَمَ فُلاَنَاً)**، واتە: ستەمی لێکرد، مافەکەی لێ زەوتکرد، دەگوترێ: **(هَضَم حَقَّهُ، أَي: نَقَصَهُ)**، واتە: هەقەکەی لێ کەم کردەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ دوای تـەواو بـوونی بـاس و خـواس و بەسـەرهاتی مووسـا و هـاڕوونی بـرای (علیهـما السـلام)و، گەلەکەیـان لەگـەڵ فیرعـەون و دەسـتەو دایـەردو، سـوپاوو سـەرباز و ئەهــلی دیوەخانەکــەی دا، دەفەرمــوێ: ﴿كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَآءِ مَا قَدْ سَبَقَ﴾، بـەو شـێوەیە لـە بەسـەرهاتی ئەوانـەی کـە ڕابـردوون بەسـەرتدا دەخوێنینـەوە، بـۆت دەگێڕینـەوە، بـەو شـێوەیە، واتـە: بـەو شـێوەیە کـە دەبـێ هـەر بـە خـۆی بچوێـنرێ، هاووێنەیەکـی دیکـەی نیـە، پێـی بچوێـنرێ و پێـی تەشـبیهبکرێ، واتـە: بـەو شـێوە ناوازەیـە، بـەو شـێوە سەرسـوڕهێنەرە، ئێمـە لـە بەسـەرهاتی ئەوانـەی کـە ڕابـردووون بـۆ تـۆی دەگێڕینـەوە، ﴿وَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ مِن لَّدُنَّا ذِكْرًا﴾، بـە دڵنیایـی لـە لایـەن خۆمانـەوە قورئانمـان بـە تـۆ داوە، دیـارە قوڕئـان پێنـج نـاوی سـەرەکیی هـەن، لەگـەڵ کۆمەڵێـک وەسـفی زۆردا، نـاوە سـەرەکییەکانی قوڕئـان:

١- (قرآن)، واتە: خوێنراوە.

٢- (کتاب)، واتە: نووسراو.

٣- (ذکر)، واتە: بیرخەرەوە، یان ناوبانگ و پایەی بەرز.

٤- (فرقان)، واتە: جیاکەرەوە.

٥- (کلام الله)، فەرموودەی خوا.

دەگونجێ لێـرەدا وشـەی (ذکـر) مەبەسـت پێـی نـاوی قوڕئـان بـێ، واتـە: قورئانمان بـە تـۆ داوە، دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی سـیفەتەکەی بـێ، واتـە: بیرخەرەوەمـان بـە تـۆ داوە، چـی بیـر خەڵـک دەخاتـەوە؟ ئـەو ڕاسـتییانەی کـە خـوا لـە سروشـتی

مرۆڤدا دایناون، لە زگماک و خوارسکی مرۆڤدا دایناون، بەڵام دنیاو، بێ ئاگایی و، ئارەزووەکان و، فێڵ و فەرەجی شەیتان، ئەو شتانە لە عەقڵ و دڵدا کاڵ دەکەنەوە، یان بیریان دەبەنەوە، ئیدی خوا کتێبەکانی دابەزاندوون و، پێغەمبەرانی ناردوون، ئەو ڕاستییانە بیر مرۆڤەکان بخەنەوە، ﴿ مَّنۡ أَعۡرَضَ عَنۡهُ فَإِنَّهُۥ يَحۡمِلُ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وِزۡرًا ﴾، هەر کەسێک ڕووی لێ وەرگێڕێ، لەو (ذکر)ەو، لەو بەرنامەیە، لەو قورئانە، ئەوە بە دڵنیایی لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا قورسایی هەڵدەگرێ، کۆڵی گوناهان هەڵدەگرێ، ﴿ خَٰلِدِينَ فِيهِ ﴾، لە نێو سزای ئەو کۆڵە گوناهەی خۆیاندا، بە هەمیشەیی دەمێننەوە، ﴿ وَسَآءَ لَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ حِمۡلٗا ﴾، (سَآءَ)، لێرەدا بە مانای (بِئسَ) دێ، واتە: خراپترین کۆڵ، لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، ئەو کۆڵەیە کە ئەوان هەڵیانگرتوە، خراپترین کۆڵ و بار، ئەو کۆڵ و بارانەن کە ئەوان لەسەر شان و پشتی خۆیان هەڵیان گرتوون، کۆڵ و باری گوناهان، خراپترین کۆڵە مرۆڤ لە کۆڵی بنێ.

﴿ يَوۡمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِۚ وَنَحۡشُرُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ يَوۡمَئِذٖ زُرۡقٗا ﴾، ئەو ڕۆژە کە فوو بە کەڕەنادا دەکرێ (الصُّور)، واتە: کەڕەنا، بووق، وەک دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا دەیهێنین، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (صاحب القرن) فووی پێدا دەکات، ئەو فریشتەی کە خاوەنی ئەو سوورەیە، هەندێکیش دەڵێن: ئەوە وشەیەکە خوای پەروەردگار بەکاریهێناوە، کە وەک چۆن کەڕەنا لێدەدرێ بۆ سوپایەک هەموو سەربازەکان ڕیز دەبن و، دێنە مەیدانێک کە بۆیان دیاریکراوە، بە هەمان شێوە مرۆڤەکان لە ڕۆژی هەڵسانەوە و زیندووبونەوەدا، بەو شێوەیە کە خوا قۆناغی دووەمی ڕۆژی دوایی دێنێتە پێش، ئاوا ڕیز دەبن، وەک چۆن سەربازانی مەشق پێکراو ڕیز دەبن، بەڵام مادام لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوەو، باسی (قرن)مان بۆ دەکات، (قرن)، واتە: قۆچ، ئەو بووقە دەبێ شتێکی زۆر گەورە بێ و، لەسەر شێوەی قۆچێک بێ، کە بووقی عەسکەریش هەر لەسەر ئەو شێوەیە، مادام پێغەمبەر ﷺ بۆمان باس دەکات و بۆمان وێنا دەکات، یانی: ئەوە حەقیقەتێکی ماددییشی هەیە، ئەگەرنا دەزانین مانا مەعنەوییەکەشی هەر لە شوێنی خۆیەتی.

﴿ وَنَحْشُرُ ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا ﴾، لەو ڕۆژەدا، ئەو تەنوینەی سەر﴿ يَوْمَئِذٍ ﴾، ئەو ڕستانەی پێشی لە نێو خۆیدا کۆدەکاتەوە، واتە: لەو ڕۆژەدا کە ئەوە دەقەومێ و، ئەوە دەقەومێ و، ئەوە ڕوودەدات، ئێمە تاوانباران بە ڕەش و شین هەڵگەڕاویی کۆدەکەینەوە، (زرق)، لێرەدا کۆی (أزرق)، یان کۆی (زرقاء)ە، بە نسبەت نێرو مێیەوە، دەشگونجێ: ﴿ زُرْقًا ﴾، بە مانای (عُمیاً) بێ، چونکە یەکێک لە واتاکانی (زَرَقَ)، یانی: (عمي)، کوێر بوو، واتە: بە کوێریی کۆیان دەکەینەوە، چونکە کە مرۆڤ چاوی کوێر دەبێ، چاوی شین هەڵدەگەڕێ.

﴿ يَتَخَـٰفَتُونَ بَيْنَهُمْ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا ﴾، لە نێوان خۆیاندا بە چپە چپ، بە سرکە سرک، بە دەنگی کپ و پەنهان قسان دەکەن، هەندێکیان بە هەندێکیان دەڵێن: ئێوە تەنیا دە (١٠) شەوان لە دنیا ماونەوە، لە زمانی عەرەبییدا ئەگەر ژمارە (عدد) بە نێرینە (**مذکّر**)ی بێ، دیارە ژمێرراو (**معدُود**)ەکە، مێ (**مؤنث**)ە، کەواتە: لێرەدا واتە: (إلاَّ عَشر ليالٍ)، هەرچەند هەندێکیانیش دەڵێن: دروستیشە بڵێی: ﴿ عَشْرًا ﴾ و بۆ ڕۆژان (أيّام)یش بەکار بێ، بەڵام زیاتر مەبەست پێی شەوە، واتە: تەنیا دە (١٠) شەو و دە (١٠) ڕۆژ ماونەوە، چونکە شەو بەبێ ڕۆژ نابێ، ئنجا ئایا مەبەستیان لەو مانەوەیە، مانەوەی کوێیە؟

واتە: مانەوەی نێو گۆڕ، یان مانەوە لە ژیانی دنیادا، واتە: مانەوە لە قۆناغی بەرزەخ، یان قۆناغی ژیانی دنیادا، یان لە هەردووکیاندا.

﴿ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ ﴾، ئێمە زاناترین بەوەی دەیڵێن، لە نێوان خۆیانداو، مشت ومڕیانە، چەند ماونەوەو چەندیان پێچووە لە ژیانی دنیادا، یان لە قۆناغی بەرزەخدا؟ ﴿ إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً ﴾، کاتێک کە ئەوەی لە هەموویان ڕێبازەکەی زیاتر پێدەچێ لە ڕاستییەوەو لە هەقەوە نیزیک بێ، واتە: جۆری بیرکردنەوەکەی و بۆچوونەکەی لە ڕاستیی و هەقەوە نیزیک بێ، دەڵێ: ﴿ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا ﴾، ئێوە تەنیا ڕۆژێک ماونەوە.

بۆیەش خوا دەفەرموێ: ئەوەیان کە لە هەمووان زیاتر بە هەق دەچێ، یان لە ڕاستییەوە نیزیکە، چونکە ژیانی دنیا وەختێک کە لەگەڵ ڕۆژی دواییدا بەراورد دەکرێ، یان قۆناغی بەرزەخ، وەختێک کە لەگەڵ ڕۆژی دواییدا بەراورد دەکرێ، هەتا بە کەمتر مەزەندە بکرێ، ئەوەندە لە ڕاستییەوە نیزیکترە، بۆیە ئەوەیان کە دەفەرموێ: تەنیا ڕۆژێک ماونەوە، ئەوە لە ڕاستییەوە نیزیکترە، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً ﴾، واتە: ئەوەیان کە تێگەیشتنەکەی باشترە، چونکە وشەی ﴿ طَرِيقَةً ﴾ بە مانای ڕێباز دێ، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی (حاڵەت)ە، ئەوەی حاڵی لە هەمووان لە هەق و پێکانەوە نیزیکترە، ئەویان ئاوا دەڵێ، دەڵێ: تەنیا ڕۆژێک ماونەوە.

﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْجِبَالِ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا ﴾، هەروەها لە بارەی چیایەکانەوە پرسیارت لێ دەکەن، چیان لێ دێ، لە ڕۆژی دواییدا، بە تایبەت لە قۆناغی ئاخیر زەماندا، (ساعة)، کاتی کۆتایی هاتنی ژیانی دنیا؟ پێیان بڵێ: ﴿ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا ﴾، پەروەردگارم وردو خاشیان دەکات، وشەی (نسف)، بریتیە لە هەڵکەندنی شتێک لە ڕیشەوە، ڕیشە کێشکردنی، وێڕای ئەوەی بریتیە لە وردو خاش کردنی و پرژ و بڵاوکردنەوەی، ﴿ فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا ﴾، ﴿ فَيَذَرُهَا ﴾، یانی: (فيدعها، فيتركها)، لێی دەگەڕێ، دەیکاتە گۆڕەپانێکی تەختی بێگرێ و گۆڵ، (قاع)، سەر زەمینێکە کە گۆملایی و، تەخت بێ، (صفصف)یش واتە: شوێنێک کە هیچ گرێ و گۆڵ و کەندو لەندی تێدا نەبێ و، هیچ ڕووەکی لێ نەبێ، ﴿ لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجًا وَلَآ أَمْتًا ﴾، کە لە شوێنی ئەو چیایانەدا، کە خوا دەیکاتە گۆڕەپان و زەوییەکی تەخت و هەموارو بێ گرێ و گۆڵ، تۆ هیچ خواریی و لاریی تێدا نابینی و، هیچ بەرزیی و نزمیی و گردۆلکەی تێدا نابینی.

ئەوەی پێشێ قۆناغی ئاخیر زەمان (ساعة) بوو، ئنجا دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغی دووەم کە قۆناغی هەڵسانەوە و زیندووبوونەوەیە، واتە: قۆناغی (قيامة) ﴿ يَوْمَئِذٍ يَتَّبِعُونَ ٱلدَّاعِىَ لَا عِوَجَ لَهُۥ ﴾، لەو ڕۆژەدا، دیسان ئەو تەنوینەی سەر

﴿ يَوْمَئِذٍ ﴾، واتە: لەو ڕۆژەدا کە فوو بە کەڕەنادا دەکرێ و، مرۆڤەکان زیندوو دەکرێنەوەو، هەر کەسە لە شوێنی خۆی هەڵدەستێتەوە و ڕووحیان بە بەر جەستەدا دەکرێتەوە و...هتد، ئەم تەنوینە ئەو مانایانە هەموویان کۆ دەکاتەوە، لەو ڕۆژەدا ﴿ يَتَّبِعُونَ ٱلدَّاعِيَ ﴾، خەڵکەکە شوێن جاڕدەر دەکەون، بانگکەر کە بانگیان دەکات، ﴿ لَا عِوَجَ لَهُۥ ﴾، واتە: هیچ خواریی و لاریی نیە، بۆ بابای جاڕدەر، هەر کەسێک لە ڕاست خۆیەوە ڕێک بە هێڵێکی ڕاست بەرەو ڕووی دەچێ، بۆ ئەوەی زوو پێی بگات، بگاتە ئەو شوێنەی کە ئەو جاڕی بۆ دەدات، بگاتە ئەو گۆڕەپانە، ﴿ وَخَشَعَتِ ٱلْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَٰنِ ﴾، دەنگەکانیش بۆ خوای میهرەبان، خوای بە بەزەیی بێ دەنگ دەبن، ملکەچ دەبن دەنگە دەنگ و هەراهەرا نابێ، ﴿ فَلَا تَسْمَعُ إِلَّا هَمْسًا ﴾، جگە لە چپە چپ، هیچی دیکە نابیستی، جگە لە قسەی سرکە سرک، لەبەر خۆوە، بە دەنگی کپ هیچی دیکە نابیستی، دەنگە دەنگ و هەراو قیرە قیڕ نایەت.

﴿ يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ ﴾، لەو ڕۆژەدا تکا کردن سوودی نیە، سوود بە کەس ناگەیەنێ، ﴿ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَرَضِيَ لَهُۥ قَوْلًا ﴾، (تکاکردنی هیچ کەسێک سوود ناگەیەنێ)، مەگەر کەسێ خوای خاوەن بەزەیی مۆڵەتی بدات و، قسەکەشی پەسند بکات، واتە: تکاکردنەکەشی پەسند بکات بۆ کەسێک کە بۆی دەکات، ئەمە بۆ بەرپەرچدانەوەی بتپەرستەکان و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانە، کە پێیان وابوو ئەوانەی دەیانپەرستن لە ڕۆژی دواییدا، تکایان بۆ لە لای خوای پەروەردگار دەکەن، خوای تاک و پاک دەفەرموێ: نا، تکای هیچ کەس سوودی نیە، مەگەر کەسێک کە خوا مۆڵەتی بدات، پاشان دەبێ ئەو تکایەش کە دەیکات، لەجێی خۆیدا بێ و، بۆ کەسێک بێ کە شایستەی بێ، ﴿ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾، (خوا) ئەوەی لە پێش دەستیانەوەیە دەیزانێ و، ئەوەی لە دواشیانەوەیە دەیزانێ، واتە: ڕابردوویان دەزانێ و داهاتووشیان دەزانێ، یان داهاتوویان دەزانێ و ڕابردووشیان دەزانێ، چونکە ئەوەی لە پێش دەستیانەوەیە،

دەگونجێ مەبەست پێی ئەوە بێ کە دادێ، دەشگونجێ مەبەست ئەوە بێ کە رابردوە، هەروەها ﴿ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾، دەگونجێ مەبەست ئەوە بێ کە تێپەڕیوەو بە جێیان هێشتوە، دەشگونجێ بگوترێ: مەبەست ئەوەیە کە لە دوایانەوە دێ و، جارێ پێیان نەگەیشتوە، واتە: ئەو دوو وشەیە هەردووکیان هەم داهاتوو، هەم رابردووش دەگەیەنن، دەشگونجێ بگوترێ: ﴿ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾، واتە: هەرچی لە دەوروبەریانە، چ لە ڕووی شوێنەوە، چ لە ڕووی کاتەوە، واتە: هەموو حاڵ و باڵیان دەزانێ، ﴿ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا ﴾، بەڵام زانیاریی ئەوان دەوری خوا نادا، مەبەست ئەوە نیە کە پەی بە خوا نابەن، پەی بە بوونی خوا دەبەن، پەی بە سیفەتەکانی خوا دەبەن، بە مەرجێک بە عەقڵی سەلیم و بە فیترەتی ساغ لەگەڵ خوادا مامەڵە بکەن، بەڵام خوا لەوە مەزنترە کە زانیاریی ئەوان دەوری خوا بدات، هەموو شتێک لە بارەی خواوە بزانن، تەنیا ئەوە دەزانن کە خوا خۆی فێریان دەکات و، عەقڵ و هۆشیان دەتوانێ لە خۆیدا بیحەجمێنێ و جێی بکاتەوە و وە خۆی بگرێ، ﴿ وَعَنَتِ ٱلْوُجُوهُ لِلْحَيِّ ٱلْقَيُّومِ ﴾، ڕووەکانیش بۆ زیندووی مشوورخۆر، زیندووی بەڕێوەبەر، کە مەبەست پێی خوای بەرزو مەزنە، ملکەچ بوون، ڕووەکان بۆی زەبوون بوون، ﴿ وَقَدْ خَابَ مَنْ حَمَلَ ظُلْمًا ﴾، بێگومان بێبەش و بێمرادو ڕەنجەڕۆ بوو، کەسێک کە ستەمی هەڵگرتوە، هەر جۆرە ستەمێک، ستەم لە نێوان خۆی و خوادا، یان لە نێوان خۆی و خەڵکدا، یان لە نێوان خۆی و خۆیدا، ﴿ وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ ﴾، هەر کەسێکیش کردەوە باشەکان ئەنجام بدات، لە حاڵێکیدا کە بڕواداریشە، ﴿ فَلَا يَخَافُ ظُلْمًا ﴾، نە ترسی ستەمی هەیە، کە ستەمی لێ بکرێ، سزایەک بدرێ لەسەر شتێک کە نەیکردوە، ﴿ وَلَا هَضْمًا ﴾، نە مەترسیی لێ کەمکردنەوەی پاداشتیشی هەیە لەسەر کردەوەی چاکە، کە کردوویەتی. واتە: نەترسی ئەوەی هەیە لەسەر گوناهێک سزا بدرێ، کە نەیکردوە، نەترسی ئەوەی هەیە، چاکەیەک کە کردوویەتی، پاداشتەکەی لێ کەمکرێتەوە.

ئنجا دوای باس و خواسی ڕۆژی دوایی بە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و زیندوو کرانەوە (ساعة وقیامة)ەوە، ئنجا ئەو دوو ئایەتەی کۆتایی تەرخان دەکات، جارێکی دیکە دێتەوە سەر باسی قورئان، دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا ﴾، هەر بەم شێوەیە قورئانێکی عەرەبییمان بۆ لای تۆ دابەزاندوە، واتە: بەو شێوە ناوازەیە کە هەر شایستەی خوایە، سروش بکات و فەرمانی خۆی دابەزێنێ، ﴿ وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ ٱلْوَعِيدِ ﴾، هەڕەشەشمان تێدا جۆراو جۆر کردوە، واتە: بە شێوازی جۆراو جۆر، بە دەربڕینی جۆراو جۆر، هەڕەشەو ترساندنمان تێدا خستۆتە ڕوو، بۆ بێبڕوایەکان، بۆ هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، ﴿ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا ﴾، بەڵکو پارێز بکەن، یان بیرخستنەوەیان، یان هاتنەوە بیریان، تێدا پەیدا بکات، یان پارێز بکەن، کە ئەوە حاڵەتێکی باشترە، یان بە لای کەمەوە هۆشیارییان تێدا پەیدابێتەوەو، بیریان بکەوێتەوە، ڕاستییەکانیان بیربکەونەوە.

دەشگونجێ بڵێین: ﴿ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴾، ئەوە بۆ کەسانێکە کە جارێ نەهاتوونە نێو بازنەی ئیمان و ئیسلامەوە، بەڵکو خۆیان بپارێزن لە کوفرو شیرک و، بێنە نێو بازنەی ئیسلامەوە، ﴿ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا ﴾، یان ئەوانەی کە لە نێو بازنەی ئیسلامدان، هۆشیاریی و بێداریی زیاتریان بۆ بڕەخسێنێ و، زیاتر ڕاستییەکانیان بکەوێتەوە بیر.

﴿ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ ﴾، بەرزە خوای حوکمڕانی هەق، (ملک)، واتە: حوکمڕان، (حق)، واتە: چەسپاو، ئنجا دیارە وشەی (حق)، هەر دەبێتەوە سیفەتی خوا، ﴿ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ ﴾، بەرزە خوای حوکمڕانی هەق، چەسپاو، نەگۆڕ، ﴿ وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ مِن قَبْلِ أَن يُقْضَىٰٓ إِلَيْكَ وَحْيُهُۥ ﴾، پەلەش لە قورئان مەکە، پێش ئەوەی سروش کردنەکەی بۆ لای تۆ تەواو بێ، واتە: پەلە مەکە لە خوێندنیداو لە وەرگرتنی دا، ﴿ وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴾، بشڵێ: پەروەردگارم!

زانیارییم بۆ زێدە بکە، زانیاریی، واتە: زانیاریی وەحیی، یان زانیاریی تێگەیشتن لە وەحیی، یان زانیاریی، هەم زانیاری وەحیی، (زانیاریی نەقڵیی)، هەم زانیاریی عەقڵیی، وشەی (علم) کە لێرەدا بە نەزانراو (نکرة) هاتوە، واتە: زانیارییەکی گەورە و مەزنم بۆ زیاد بکە، بیخە پاڵ ئەو زانستەوە کە فێرت کردووم، شارەزات کردووم، بەردەوام زانیارییم بۆ زیاد بکە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

باسی گێڕانەوەی بەسەرهاتی پێشووان و، باسی قورئان کە هەر کەس پشتی تێ بکات، ڕۆژی دوایی کۆڵی قورسی گوناهان هەڵدەگرێ و، ئەو کۆڵەش خراپترین کۆڵ و بارە:

خوا دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ مَا قَدْ سَبَقَ ۚ وَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ مِن لَّدُنَّا ذِكْرًا ﴿٩٩﴾ مَّنْ أَعْرَضَ عَنْهُ فَإِنَّهُۥ يَحْمِلُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وِزْرًا ﴿١٠٠﴾ خَٰلِدِينَ فِيهِ ۖ وَسَآءَ لَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ حِمْلًا ﴿١٠١﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ مَا قَدْ سَبَقَ﴾، بەو جۆرە لە هەواڵەکان ئەوەی ڕابردوە بەسەرت دا دەیگێڕینەوە، ئەمە ئاماژەیە بەو بەسەرهاتەی مووسا و هاڕوونی برای سەلامی خوایان لێ بێ، لەگەڵ فیرعەون دا، ئەو گێڕانەوەی بەسەرهاتە کە بۆمان گێڕایەوە لە ئەوەد (٩٠) ئایەتی ڕابردوودا، ئاوا لە هەواڵی ئەوانەی ڕابردوون، بۆ تۆ دەگێڕینەوە، بەسەرتدا دەخوێنینەوە، وشەی (ما)، (موصولةٌ): (الَّذي سَبَقَ مِنْ أَحْوَال الأُمَم)، ﴿مِنْ أَنۢبَآءِ مَا﴾، لە هەواڵەکانی ئەوەی کە ڕابردوە، لە گەلانی پێشوو، لە کۆمەڵگا پێشووەکان، دیارە کە دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ﴾، ئەم وێچوواندنە وێچوواندنە بە خودی خۆی، چونکە وێنەیەکی نیە تاکو خوای زاناو شارەزا ئەو شێوە بەسەرهات گێڕانەوە و بەسەرهات بەسەر خوێندنەوەیەی، کە خوا بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ فەراهەمی هێناوە، پێی تەشبیە بکات و لەگەڵیدا بەراوردی بکات.

٢)- ﴿وَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ مِن لَّدُنَّا ذِكْرًا﴾، بە دڵنیایی لە لایەن خۆمانەوە (ذکر)مان پێ داوی، کە وشەی (ذکر) دەگونجێ هەر مەبەست پێی قورئان بێ، چونکە (ذکر) یەکێکە لە ناوەکانی قورئان، دەشگونجێ مەبەست پێی بیرخەرەوە بێ و، دەشگونجێ مەبەست پێی ناو و ناوبانگ و پایە بەرزیی بێ، چونکە قورئان شەرەف و ناو و ناوبانگە، بۆ هەر کەسێ هەڵیبگرێ و تێیدا تێ بگات و پێ بکات.

٣)- ﴿مَّنْ أَعْرَضَ عَنْهُ فَإِنَّهُۥ يَحْمِلُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وِزْرًا﴾، هەر کەسێک ڕووی لێوەرگێڕێ، ڕووی لێ وەرچەرخێنێ، لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا کۆڵی قورس هەڵدەگرێ، ﴿وِزْرًا﴾، یان بە مانای گوناه دێ، یان بە مانای قورسایی دێ، کە بە دڵنیایی مەبەست ئەوەیە کۆڵی قورسی گوناهان هەڵدەگرێ، هەر کەسێک پشت لە قورئان بکات، ڕوو لە قورئان وەرچەرخێنێ، قورئان مرۆڤ دەپارێزێ لە تاوان و لادان، دەیپارێزێ لە گوناهباریی و عەیبداریی، بۆیە کەسێک ڕوو لە قورئان وەرچەرخێنێ و پشتیی تێ بکات، ڕێی گوناه و تاوان و لادان و عەیبداریی و خلیسکانی بۆ تەخت و ئاچووغ دەبێ.

٤)- ﴿خَٰلِدِينَ فِيهِ﴾، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، لەو گوناهە قورسەدا، لە سزای ئەو گوناهە قورسەدا، کە هەڵیانگرتوە، تێیدا بە هەمیشەیی دەمێننەوە، کە مەبەست پێی دۆزەخە.

٥)- ﴿وَسَآءَ لَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ حِمْلًا﴾، خراپترین کۆڵیشە ئەو کۆڵەی کە لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا هەڵیان گرتوە، یانی: (فَهُوَ أَسْوَءُ حِمْلٍ لَهُ)، ئەوە خراپترین کۆڵی ئەوانە، کە لە کۆڵیان ناوە و هەڵیانگرتوە لە ڕۆژی قیامەتدا.

مەسەلەی دووەم:

باسی ڕۆژی دوایی بە تایبەت قیامەت، کە فوو بە کەڕەنادا دەکرێ و، تاوانباران بە شینهەڵگەڕاویی کۆدەکرێنەوەو لە نێوان خۆیاندا چپە چپ دەکەن، ئایا دە (١٠) شەوان ماونەوە؟ یان تەنیا ڕۆژێک لە دنیادا، یان لە بەرزەخدا، یان لە هەردووکیاندا؟:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِۚ وَنَحْشُرُ ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا ﴿١٠٢﴾ يَتَخَٰفَتُونَ بَيْنَهُمْ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا ﴿١٠٣﴾ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا ﴿١٠٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ يَوْمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ ﴾، ئەم (يَومَ)ە، (بَدَلٌ مِنَ يَوْمِ القِيَامَةِ)، پێشتر باسی ڕۆژی قیامەت کراوە، واتە: ئەو ڕۆژە کە فوو بە کەڕەنادا دەکرێ، بە دڵنیایی مەبەست پێی فووی دووەمە، وەک لە ئایەتی ژمارە (٦٨)ی سوورەتی (الزمر)دا هاتوە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴾، واتە: فوو بە کەڕەنادا کرا، هەر کەسێ کە لە ئاسمانەکان و هەر کەسێ کە لە زەویدا هەیە، بێ هۆش بوو، (یاخود مرد)، جگە لەوەی کە خوا بیەوێ (بێ هۆش نەبێ، یان نەمرێ)، دوایی فووێکی دیکەی پێدا کرا، واتە: کەڕەتی دووەم و قۆناغی دووەم، ﴿ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴾، یەکسەر بینیت هەموویان هەڵساونەوە و چاوەڕێ دەکەن.

کەواتە: لە دوای فوو بە قەڕنەدا کردنی یەکەم، یان فوو بە صوور داکردنی یەکەم، کە لە قورئاندا وشەی (صور)، هاتوە، بەڵام لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ وشەی (قَرْن) هاتوە، لە زمانی عەرەبییدا (بوق)یشی پێ دەڵێن، لە دوای

فووی یەکەم، هەر کەس لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هەمووی دەمرێ، هەر کەسێک کە هەیەو، ئەم گەردوونە ئەم شێوەیەی ئێستای نامێنێ، ئەم لاپەڕەی ئێستا دەپێچرێتەوە، کە ئەمە پێی دەگوترێ: ئاخیر زەمان و کۆتایی هاتنی گەردوون، بەڵام لە دوای فووی دووەم، کە قۆناغی دووەمی ڕۆژی دواییەو (قیامة)ی پێ دەڵێن، واتە: هەڵسانەوە، هەرچەندە زۆر کەس (ساعة وقيامة)ی لێ تێکەڵ دەبن، وا دەزانێ ڕۆژی دوایی هەر یەک شتە، بەڵام بە تەئکید دوو قۆناغە، وەک لەو ئایەتەی ژمارە (٦٨)ی سووڕەتی (الزمر)دا، زۆر بە ڕوونیی دیارەو پێشتریش ئێمە ئەوەمان باسکردوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمایشتێک دا دەفەرموێ: **[كَيْفَ أَنْعَمُ وَقَدْ الْتَقَمَ صَاحِبُ الْقَرْنِ الْقَرْنَ، وَحَنَى جَبْهَتَهُ، وَأَصْغَى سَمْعَهُ يَنْتَظِرُ أَنْ يُؤْمَرَ أَنْ يَنْفُخَ، فَيَنْفُخَ؟ قَالَ الْمُسْلِمُونَ: فَكَيْفَ نَقُولُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: قُولُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ، تَوَكَّلْنَا عَلَى اللَّهِ رَبِّنَا] (أخرجه الترمذي برقم: ٣٢٤٣، وَحَسَّنهُ، عَنْ أَبِي سَعِيدِ الْخُدْرِيِّ).**

واتە: چۆن لەززەت وەربگرم، (یان چۆن شادمان بم، یان چۆن خۆشحاڵیی یان خۆشگوزەرانیی ڕەچاو بکەم)، لە حاڵێکدا کە خاوەنی کەڕەنا، ئەو کەڕەنایەی بە دەمەوە گرتوەو نێو چاوانیشی بەسەردا نوشتاندۆتەوەو، چاوەڕێ دەکات کە مۆڵەتی بدرێ و، فووی پێدا بکات، مسوڵمانان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! چۆن بڵێین، فەرمووی: بڵێین: **(حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ، تَوَكَّلْنَا عَلَى اللَّهِ رَبِّنَا)**، خوامان بەسەو، باشترین کارپێسپێردراو ئەوە، پشتمان بە خوا بەست.

٢)- ﴿وَنَحْشُرُ ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا﴾، تاوانباران لەو ڕۆژەدا بە ڕەش و شینهەڵگەڕاویی کۆ دەکەینەوە، **(زُرْق جَمْعُ أَزْرَق وَهُوَ الَّذِي لَوْنُهُ الأزرق)**، کەسێک کە ڕەنگەکەی شین بێ، مرۆڤ کە زۆر خەفەتبارو داماو دەبێ و ماتەمینیی دایدەگرێ، ڕەنگی ڕەش و شین دەبێ، تۆزی تەمی لێ دەنیشێ، دەشگونجێ ﴿زُرْقًا﴾، کە کۆی (أزرق)ە، مەبەست پێی کۆی (أَعْمَى) بێ، واتە: (عُمِي)، یانی: بە کوێریی کۆیان دەکەینەوە، چونکە بابای کوێر چاوی شین هەڵدەگەڕێ.

٣)- ﴿ يَتَخَٰفَتُونَ بَيْنَهُمْ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا ﴾، لە نێوان خۆیاندا بە چپەچپ قسە دەکەن، دەڵێن: تەنیا دە (١٠) شەوان ماونەوە، (**التَّخَافُتُ: الكَلَامُ الخَفِيُّ مِنْ خَوْفٍ وَنَحْوِهِ**)، (**تَخَافُت**) بریتیە لە قسەی پەنهان بە هۆی ترس و غەیری ترسەوە.

٤)- ﴿ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ ﴾، ئێمە زاناترین بەوەی کە دەیلێن، دیارە هەندێکیان ئەوەی کە زۆریان گوتوە، گوتوویانە: دە (١٠) شەو ماوینەوە.

٥)- ﴿إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً ﴾، کاتێک ئەوەی ڕێبازەکەی لە هەمووان چاکترە، لە هەموویان زیاتر لە ڕاستییەوە نیزیکترە، دەڵێ: ﴿إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا ﴾، یانی: (**ما لَبِثْتُم إلاَّ يَوماً**)، تەنیا ڕۆژێک ماونەوە، وشەی (**أَمْثَل**)، کە لە (**مِثْل، مَثَل**)ەوە هاتوەو، بە (**أمثال**) کۆ دەکرێتەوە، بە واتای (**الفَاضِل، أماثِلِ القَوْمِ: خِيَارُهُم**)، باشترینیان، کەواتە: ﴿ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً ﴾، واتە: (**أَحْسَنُهُم تَفْكِيراً، أَفْضَلُهُم رَأْياً**)، ئەوەی کە بیرکردنەوەکەی لە هەمووان لە ڕاستییەوە نیزیکترە، لە هەمووان باشتر بیری کردۆتەوە، واتە: لە دە شەوان تاکو یەک ڕۆژ، ئاوا لەو بەینەدا مشت ومڕیانە، ڕەنگە ژمارەکانی: دە، نۆ، هەشت، حەوت، شەش، پێنج، سێ، چوار، دوو، یەک تا بەو شێوەیە، هەموویانیان گوتبن، خوای پەروەردگاریش لای زۆرییەکەی و لای کەمییەکەی باسکردوون، ئەوەی بڵێ: زۆر ماوینەوە دەیگەیەننە دە شەو، لای کەمییەکەشی دەڵێن: ڕۆژێکمان هەر پێ چووە، هەندێ لە زانایان دەڵێن: لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو بۆ چوونەیان بۆ دروستبووە، کە زیندوو دەکرێنەوە، سەیر دەکەن، زۆر کەمی پێچووە، واتە: ژیانی دنیایان زۆر کەمی پێچووە، یان ژیانی دوایی گۆڕو بەرزەخیان کەمی پێچووە، یان دەگونجێ مەبەست پێی هەردووکیان بێ، کەمی پێچووە، لە چاو ڕۆژی دوایی و قیامەتدا، کە واپێدەچی لەوێ کات (**زمن**) بوەستێ!!.

زانایان دوو لێکداوەیان کردوون بۆ: ﴿ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً ﴾:

١- (**أي: أَقْرَبهم فِي الْمَعَاذِيرِ، لإِنْكَارِهِم القِيَامَة وَالبَعث**)، نیزیکترینیان لە پۆزشهێنانەوە، لەبەرئەوە کە نکووڵییان دەکرد لە هەڵسانەوە و زیندووبوونەوە، چونکە پۆزش دێننەوە، بەڵێ: نکووڵییمان دەکرد، بەڵام ئێستا دیارە، ئەوە قیامەتەو هاتوەو، ئێمەش دە (١٠)

شەوان ماوینەوە، یان ڕۆژێک ماوینەوە، بە پێی ئەوە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: باشترینیان، نیزیکترینیان لە ڕاستییەوە، ئەو ڕایەی لە هەموویان زیاتر پێدەچێ، لە هەقەوە نیزیکتر بێ، ئەوەیە کە ڕۆژێک ماونەوە.

٢- **(أو هو تهكمٌ بهم فِي سُوء تقديرهم مِنْ لَبْثِهِمْ فِي الْقُبُورِ، فالَّذِي قَدَّر الأَقَلَّ، كَانَ أقربَ إلى الصَّوَاب)**، یان ئەوە گاڵتەپێکردنیانە بەوەی کە مەزەندەکەیان، ئەندازەگیرییەکەیان، بەوەی کە چەند ماونەوە لە گۆڕدا، یان لە ژیانی بەرزەخدا؟ مەزەندەکەیان زۆر ناتەواوە، بەڵام ئەوەیان کە کەمتری داناوە، لە ڕاستییەوە نیزیکتر بووە.

مەسەلەی سێیەم:

باسی چیاییەکان کە خوا لە ئاخیر زەماندا وردو خاشیان دەکات و، دەیانکاتە گۆراییەکی تەخت و ساف، کە هیچ لاریی و، گردو بەرزیی و نزمیی تێدا نابینیی:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْجِبَالِ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا ﴿١٠٥﴾ فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا ﴿١٠٦﴾ لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجًا وَلَآ أَمْتًا ﴿١٠٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْجِبَالِ ﴾، لە بارەی چیایەکانەوەش لێت دەپرسن؟ پرسیارت لێ دەکەن، چییان لێ پرسیوە؟، پرسیاریان لێکردوە: ئایا ئەو چیا سەر کەشانەو، ئەو چیا سەختانە لە ئاخیرزەماندا، چییان لێ بەسەر دێ؟ چ گۆڕانێکیان بەسەر دادێ؟.

٢)- ﴿ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا ﴾، تۆ بڵێ: پەروەردگارم وردو خاشیان دەکات، **(النسف: الإقتلاع من الأصلِ)**، **(نَسْف)** بریتیە لە ڕیشە کێشکردن، لە ڕیشە دەرهێنان، وێڕای ئەوە **(نسف)**، دەڵێ: بریتیە لە: **(التفريق، و الإذراء، وَالطَّحن)** بڵاوکردنەوەو، کردنە تۆزو خۆڵ و هاڕین.

٣)- ﴿ فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا ﴾، ئەو چیایانە خوا دەیانکاتە دەشتاییەکی صاف بێ گرێ و گۆڵ، **(قاع)** زەوییەکە ئاسان بێ پێیدا بڕۆی، نەرم بێ و، یەکسان و تەخت بێ، گرێ و گۆڵی تێدا نەبێ، **(صفصف)**یش دەڵێ: زەوییەکی یەکسان، کە هیچ گرێ و گۆڵ و بەرزیی و نزمیی تێدا نیە، یان هیچ ڕووەکی تێدانیە.

٤)- ﴿ لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجًا وَلَآ أَمْتًا ﴾، نە هیچ خوارو خێچیی و، نە هیچ گردۆلکە و بەرزیی و نزمیی تێدا دەبینی، **(العوج: ضد الإستقامة)**، **(عِوَج)** دژی ڕێکییە، واتە: خوارو

خێچیی و لاریی، **(أمت)**، بە مانای بەرزایی بچووک، گردۆلکەی بچووک، یان بەرزیی و نزمیی دێ، واتە: نە چاڵاییەکی تێدا دەبینی، نە بەرزاییەک، لەو شوێنەی کە خوا چیایەکانی تێدا وردو خاشکردوون و هاڕیونی، ئەگەر سەیری قورئان بکەین دەربارەی چیایەکان خوا ﷻ چەند تەعبیرێکی جیا جیای بەکارهێناون، کە چیایەکان چیان بەسەر دێ؟

حاڵی چیایەکان لە دوارۆژدا، لە پێنج قۆناغ دا کورت هەڵدێ:

قۆناغی یەکەم: خوای باڵا دەست لە سوورەتی **(الحاقة)**، ئایەتی (١٤)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَحُمِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ وَٱلۡجِبَالُ فَدُكَّتَا دَكَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴾، واتە: زەوی و چیایەکان هەڵگیران و، یەکجار پێکدادران، دیارە لە ئەنجامی ئەوەدا کە پێک دادەدرێن، وردو خاش و پارچە پارچە دەبن.

قۆناغی دووەم: لە سوورەتی **(الكهف)**، ئایەتی (٤٧)دا، خوای بەدیهێنەر دەفەرموێ: ﴿ وَيَوۡمَ نُسَيِّرُ ٱلۡجِبَالَ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ بَارِزَةٗ وَحَشَرۡنَٰهُمۡ فَلَمۡ نُغَادِرۡ مِنۡهُمۡ أَحَدٗا ﴾، واتە: ئەو ڕۆژە کە چیایەکان دەڕۆێنین، (واتە: لایان دەبەین، دەیانجووڵێنین و لە شوێنی خۆیان هەڵیاندەکەنین و)، زەوی دەبینی کە هاتۆتە گۆڕێ، (خراوەتە بەرچاو).

هەروەها لە سوورەتی **(الطور)**، ئایەتی (١٠)دا، خوای میهرەبان دەفەرموێ: ﴿ وَتَسِيرُ ٱلۡجِبَالُ سَيۡرٗا ﴾، واتە: ئەو ڕۆژە کە چیایەکان بە ڕۆیشتن دەڕۆن، واتە: لە شوێنی خۆیان هەڵدەقەنرێن.

قۆناغی سێیەم: کە لە سوورەتی **(المزمل)**، لە ئایەتی (١٤)دا هاتوە: ﴿ يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلۡأَرۡضُ وَٱلۡجِبَالُ وَكَانَتِ ٱلۡجِبَالُ كَثِيبٗا مَّهِيلًا ﴾، واتە: ئەو ڕۆژە کە زەمین و چیایەکان دەلەرزنەوە، بومەلەرزە لێیان دەدات، دەلەرزنەوە، ڕادەشەقێن و، چیایەکان دەبن بە **(كثيب، مهيل)**، **(كثيب)**، لمێکی پێکەوە کۆبووەوەیە، **(مهيل)**، نەرم بە شێوەیەکی وا کە لە بن پێیاندا بڕوا، واتە: ئاوا وردو خاش دەبن و بۆ لمێکی نەرم، دەگۆڕێن.

قۆناغی چوارەم: ئەوەیە کە لە سوورەتی **(القارعة)**، لە ئایەتی (٥)دا هاتوە: ﴿وَتَكُونُ ٱلۡجِبَالُ كَٱلۡعِهۡنِ ٱلۡمَنفُوشِ﴾، واتە: چیایەکان وەک خوری شکێنراوەیان لێ دێ، ﴿ٱلۡمَنفُوشِ﴾، بە کوردیی دەگوترێ: خورییەکە شی دەکرێتەوە، دەشکێنرێ و، لە پەڕە دەدرێ، ئاوایان لێ دێ.

قۆناغی پێنجەم: ئەوەیە کە لە سوورەتی **(الواقعة)**دا هاتوە، کە دەفەرموێ: ﴿إِذَا رُجَّتِ ٱلۡأَرۡضُ رَجّٗا ﴿٤﴾ وَبُسَّتِ ٱلۡجِبَالُ بَسّٗا ﴿٥﴾ فَكَانَتۡ هَبَآءٗ مُّنۢبَثّٗا ﴿٦﴾﴾، واتە: ئەو ڕۆژە کە زەوی تێکڕا دەشەقێنرێ و، چیایەکان هەڵدەکەنرێن و، دەبن بە تۆزو گەردی بڵاوبووەوە.

ئەمانە ئەو پێنج قۆناغەن کە خواﷻ باسی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە بەسەر چیایەکاندا دێن.

مه‌سه‌له‌ی چواره‌م:

باسی قیامه‌ت و زیندووبونه‌وه‌و، شوێنكه‌وتنی خه‌ڵك بۆ ده‌نگی جاڕده‌ر، به‌بێ لادان و، كش و مات بوون و، ڕێ نه‌دان به‌ تكاكردن، مه‌گه‌ر كه‌سێك خوا مۆڵه‌تی بدات و، تكای به‌جێ بكات و، باسی زانیاریی بێ سنووری خوا و، ملكه‌چیی و زه‌بوونیی هه‌موولایه‌ك بۆ خواو، بێمرادیی و ڕه‌نجه‌ڕۆیی سته‌مكاران و، بێ باكیی و شادمانیی بڕواداران كردار باش:

خوا ده‌فه‌رمووێ: ﴿ يَوۡمَئِذٖ يَتَّبِعُونَ ٱلدَّاعِيَ لَا عِوَجَ لَهُۥۖ وَخَشَعَتِ ٱلۡأَصۡوَاتُ لِلرَّحۡمَٰنِ فَلَا تَسۡمَعُ إِلَّا هَمۡسٗا ﴿١٠٨﴾ يَوۡمَئِذٖ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنۡ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَرَضِيَ لَهُۥ قَوۡلٗا ﴿١٠٩﴾ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلۡمٗا ﴿١١٠﴾ ۞وَعَنَتِ ٱلۡوُجُوهُ لِلۡحَيِّ ٱلۡقَيُّومِۖ وَقَدۡ خَابَ مَنۡ حَمَلَ ظُلۡمٗا ﴿١١١﴾ وَمَن يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَا يَخَافُ ظُلۡمٗا وَلَا هَضۡمٗا ﴿١١٢﴾ ﴾.

شیكردنه‌وه‌ی ئه‌م ئایه‌تانه‌، له‌ دوازده‌ بڕگه‌دا:

١)- ﴿ يَوۡمَئِذٖ يَتَّبِعُونَ ٱلدَّاعِيَ ﴾، له‌و ڕۆژه‌دا، واته‌: له‌ ڕۆژی زیندوو كرانه‌وه‌ و هه‌ڵسانه‌وه‌دا، له‌ ڕۆژی قیامه‌ت و سزاو پاداشتدا، ﴿ يَتَّبِعُونَ ٱلدَّاعِيَ ﴾، خه‌ڵكه‌كه‌، یان ئه‌وانه‌ی كه‌ ئێستا كه‌ نكووڵیی ده‌كه‌ن له‌ زیندوو كرانه‌وه‌ و، هاتنی ڕۆژی دوایی، ئا ئه‌وانه‌ شوێن جاڕده‌ر ده‌كه‌ون، واته‌: به‌ره‌و ده‌نگی جاڕده‌ر ده‌چن، جاڕده‌ر كێیه‌؟ ئه‌و فریشته‌یه‌ كه‌ فووی كردوه‌ به‌ كه‌ڕه‌نادا، كه‌ له‌ فه‌رمایشته‌كه‌ی پێغه‌مبه‌ردا ﷺ به‌ (صاحب القرن) ناوی هاتوه‌، خاوه‌ن كه‌ڕه‌نا، خاوه‌ن قۆچ، كه‌ فووی پێدا ده‌كات، له‌ هه‌ندێك شوێنه‌واراندا به‌ ئیسڕافیل ناوی هاتوه‌.

واتایه‌كی دیكه‌ی: ﴿ يَوۡمَئِذٖ يَتَّبِعُونَ ٱلدَّاعِيَ ﴾، هه‌ر كام له‌ پێغه‌مبه‌ران بانگی ئۆممه‌تی خۆی ده‌كات، ئنجا ئه‌وانه‌ش به‌ره‌و ئه‌و ده‌نگه‌ ده‌چن، ئنجا چ له‌

دنیادا بڕوایان پێهێنا بێ، چ بڕوایان پێ نەهێنا بێ، گرنگ ئەوەیە لەسەر ئەو پێغەمبەرە حیسابن.

٢)- ﴿ لَا عِوَجَ لَهُۥ ﴾، واتە: بە نسبەت ئەو دەنگەوە کە بەرەو ڕووی دەچن، هیچ لاریی نیە بۆ ئەوانە کە بەرەو ڕووی دەچن، هیچ خوارە خوارو لارە لار ناکەن، بەو لاو لادا بچن، بانگکراوەکان لە ڕۆیشتنیاندا بەرەو ئەو جاڕدەرو، بانگکەرە، بەو لاو لادا ناچن، لا نادەن، خوارو خێچ نابن، ڕێک بەرەو ڕووی دەچن.

٣)- ﴿ وَخَشَعَتِ ٱلْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَٰنِ ﴾، دەنگەکانیش بۆ خوای میهرەبان، خوای خاوەن بەزەیی، ملکەچ بوون، دەگوترێ: (**خَشَعَ صوته**)، واتە: دەنگەکەی کپ بوو، (**خَشَعَتْ عینهُ**)، واتە: چاوی مات بوو، زەبوونیی پێوە دیار بوو، (**خَشَعَ وجهه**)، واتە: ڕووی هەڵبزڕکا، (**خَشَعَت جوارحُهُ**)، واتە: ئەندامەکانی لە جووڵە کەوتن و ملکەچ بوون.

٤)- ﴿ فَلَا تَسْمَعُ إِلَّا هَمْسًا ﴾، دەنگەکان وا کەپ و کڕ دەبن، تۆ جگە لە چپە چپ، جگە لە قسەی نزم و پەنهان، هیچی دیکە نابیستی، (**الهَمْسُ: الصوتُ الخَفيُّ**)، دەنگی کپ و قسەی بە چپە.

٥)- ﴿ يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَرَضِىَ لَهُۥ قَوْلًا ﴾، لەو ڕۆژەدا تکا کردن سوود ناگەیەنێ، واتە: تکاکردنی هیچ کەس سوود ناگەیەنێ، مەگەر کەسێک خوای خاوەن بەزەیی مۆڵەتی بدات و، لە قسەو داوایەکەشی ڕازی بێ و پەسندی بکات.

کەواتە: دوو مەرج هەن:

أ- کەسێک دەبێ خوا مۆڵەتی بدات، ڕێگای بدات، تکا بکات.

ب- پاشانیش ئەو داواو تکایەی کە دەیکات، دەبێ داواو تکایەک بێ لە لای خوا پەسند بێ، کەواتە: هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، بە هەموو جۆرو شێوەکانیانەوە، با ئیمانێ بە نیسکێ نەسپێرن، با خۆیان دەستخەڕۆ نەکەن، بە تەما بن کە هەر کەسێک ڕاست بۆوە، شەفاعەت و تکاو ڕجایان بۆ بکات، وەک دەروێشێک لە وەصفی شێخەکەیدا گوتوویەتی:

بۆیە لە دنیا دەستم گرت وە تۆ
تاکو لە قیامەت، نەمکەی ڕەنجەڕۆ

بۆیـە لـە دنیـادا دەسـتی پێگرتـوەو، دیـارە بـە تەمـای قیامەتییـە! نـا، تـۆ پێشـێ جـارێ دەبـێ شـێخەکەت وابـێ، پێشـڕەو بـێ و، چاوسـاغ بـێ و، پێشـەوا بـێ و، لـە دنیـادا دینداریـی و دنیادارییەکـی سـەر ڕاسـتانەو، سـاغ و چـاک و پاکـت فێـر بـکات، لـە دنیـادا لێـی بەهرەمەنـد بـی، لـە ڕێبـاز و ڕێ و شـوێنەکەی، کـە ڕێ و شـوێن و ڕێبـازی پێغەمبـەرە ﷺ، ئنجـا لـە قیامەتیشـدا خـوا دەزانـێ ئایـا شایسـتەی ئـەوە دەبێ تـکا بـکات بـۆ تـۆ، یـان غەیـری تـۆ، یـان شایسـتە نابێ.

ئـەم ئایەتـە بەرپەرچـی هەمـوو ئەوانـە دەداتـەوە کـە وەک گوتـم: لەخـۆوە خـەون و خەیـاڵ هەڵدەچنـن لەسـەر کەسـانێک کـە بـە تەمـان لـە قیامـەت دەفریایـان بێـن، کـە خـوا دەفەرمـوێ: لـەو ڕۆژەدا تـکای هیـچ کـەس سـوودی نیـە، مەگـەر کەسـێک کـە خـوای خـاوەن بەزەیـی، مۆڵـەتی دابـێ، پاشـان قسـەکەشـی لـە جێـی خۆیـدا بـێ، داواو تکاکردنەکەشـی خـوا پەسـندی بـکات.

لـە ڕووی ڕێزمـانی عەرەبییـەوە دەڵـێ: (**الشَّفَاعَةُ: مَصْدَرٌ فِيهِ مَعْنَى الفِعْلِ، فَيَقْتَضِي فَاعِلاً، أي إلاَّ أَنْ يَشْفَعَ مَنْ أَذِنَ لَهُ الرحمن أن يَشْفَع**)، وشـەی (شـفاعة)، واتـە: تکاکـردن، چاوگـەو مانـای کـرداری تێـدا هەیـە، بۆیـە بکەرێـک دەخـوازێ، کـە دەفەرمـوێ: ﴿لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ﴾، واتـە: مەگـەر کەسـێک شـەفاعەت و تـکا بـکات، کـە خـوای خـاوەن بەزەیـی مۆڵـەتی داوە، تـکا بـکات، پاشـان قسـەکەشی پەسـند بـکات، کەواتە:

یەک: دەبێ شەفاعەت و تکاکەرەکە مۆڵەتدراو بێ.

دوو: دەبێ تکاکردنەکەشی پەسندکراو بێ.

هەڵبەتـە ئێمـە لـە تەفسـیری سـوورەتی (یونـس)دا، بـە تەفصیـل باسـی شـەفاعەت و تـکای پێغەمبـەران (عَلَيْهِم الصَّلاةُ وَالسَّلام)و، فریشـتەکان و، قورئـان و، دۆسـتانی خـوا و زانایانمـان کـرد، هـەر کەسـە لـە قـەدەر خـۆی لـە قیامەتـدا.

٦)- ﴿ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ ﴾، واتە: (خوا) ئەوەی لە پێش دەستیانەو ئەوەی لە دوایانە، دەیزانێ، ئەمە چەند واتایەکی هەن:

١- ڕابردوو و داهاتوویان دەزانێ.

٢- داهاتوو و ڕابردوویان دەزانێ.

٣- ڕواڵەت و پەنهانیان دەزانێ.

٤- دەشگونجێ: ﴿ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ ﴾، واتە: ئەوەی کە پەنهانە و جارێ نەهاتوە، ﴿ وَمَا خَلۡفَهُمۡ ﴾، واتە: ئەوەی کە ئاشکرایە و بەجێیان هێشتوە.

٥- هەموو شتێکیان دەزانێ، چ لە پێش دەستی مرۆڤەوە و لە پشتیەوە، یانی: هەرچی لە دەوریانە، هەموو حاڵ و باڵیان دەزانێ.

٧)- ﴿ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلۡمًا ﴾، بەڵام ئەوان زانیارییان دەوری خوا نادات، یان ئەوان ناتوانن هەموو زانیاریی خوا، یان هەموو زاندراوەکانی خوا بزانن، کەواتە: ﴿ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلۡمًا ﴾، ئەم: ﴿ بِهِۦ ﴾، بۆ خوای بێ وێنە دەگەڕێتەوە، واتە: زاتی خوا، وەک خۆی بزانن، نەک خوا بناسن، خوا ناسین، شتێکی بەڵگە نەویستە، خوا مرۆڤەکانی وا خوڵقاندوون، بەڵکو هەموو دروستکراوەکانی خۆی وا دروستکردون، کە خاوەنی خۆیان بناسن و بزانن، بەڵکو بە پاکی بگرن و ستایشی بکەن، ﴿ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ﴿٤٤﴾ ﴾الإسراء، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی ئەوەیە، کە دەوری خوا بدەن، یان دەوری زانراوەکانی خوا و زانیاریی خوا بدەن.

٨)- ﴿ وَعَنَتِ ٱلۡوُجُوهُ لِلۡحَيِّ ٱلۡقَيُّومِ ﴾، هەروەها ڕووەکان بۆ زیندووی مشوورخۆر، زیندووی سەرپەرشتییکار، ملکەچ بوون، تەسلیم بوون، (**عَنَت: أَي ذَلَّتْ وَخَضَعَت، خضُوع العُنَاةِ وهي الجمع العانِي، أي الأسرى**)، ملکەچ بوون، زدبوون بوون، وەک چۆن دیلەکان زەبوون دەبن، چونکە (عناة) کۆی (عانِي)یە، (عانِي)، واتە: دیل، ئەسیر، کەسێک کە دیل دەکرێ، بەدڵنیاییەوە، بێ دەسەڵات دەبێ، ئەوانیش بەو شێوەیە، ڕووەکان بۆ خوای

هەمیشە زیندووی سەرپەرشتییکار، ئاوا لە ڕۆژی دواییدا زەبوون و داماو و دەستەمۆ دەبن.

٩)- ﴿ وَقَدْ خَابَ مَنْ حَمَلَ ظُلْمًا ﴾، پەشێمان و ڕەنج بەخەسارە، کەسێک کە ستەمی هەڵگرتوە، (**الخَيْبَةُ: الحِرْمَانُ وَاليَأس**)، (**خَيْبَة**) بریتیە لە بێ بەشیی و نائومێدیی.

١٠)- ﴿ وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ ﴾، هەر کەسێکیش کردەوە باشەکان ئەنجام بدات، لە حاڵێکیشدا کە بڕوادارە.

١١)- ﴿ فَلَا يَخَافُ ظُلْمًا وَلَا هَضْمًا ﴾، بابای وا: نە لەستەم دەترسێ و نە لە لێکەمکرانەوە دەترسێ، (**هَضْمًا أي: نَقْصًا**)، هەندێکیش گوتوویانە: (**ظُلْمًا: النَّقْصُ الشَّدِيدُ، هَضْمًا أي: بَعْضُ النَّقْصِ**)، واتە: (**ظُلْم**) لێکەمکردنەوەی توندو، (**هَضْم**) لێکەمکردنەوەی کەمە، بەڵام واپێدەچێ ئەو مانایە ڕاستربێ، کە لەوە ناترسێن، سزا بدرێن لەسەر کردەوەیەکی خراپ کە نەیانکردوە، هەروەها ناشترسێن کە پاداشتی کردەوەی چاک کە کردوویانە، لێیان کەم بکرێتەوە، بەڵکو سزاو پاداشتی پڕ بە پێست دەدرێن.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

باسی دابەزێنرانی قوڕئان بە زمانی عەرەبیی و، جۆراو جۆرکردنی هەڕەشە و ترساندنی بێبڕوایان، بە هیوای پارێزکاریی و یادەوەریی تێدا پەیداکردنیان و، باسی پایەی بەرزی خواو، ئامۆژگاریی کردنی پێغەمبەر ﷺ کە لە کاتی وەرگرتنی قوڕئاندا لە جیبریل، پەلە پەل نەکات و، لە خوا داوا بکات زانیاریی بۆ زێدە بکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا وَصَرَّفۡنَا فِيهِ مِنَ ٱلۡوَعِيدِ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ أَوۡ يُحۡدِثُ لَهُمۡ ذِكۡرٗا (١١٣) فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّۗ وَلَا تَعۡجَلۡ بِٱلۡقُرۡءَانِ مِن قَبۡلِ أَن يُقۡضَىٰٓ إِلَيۡكَ وَحۡيُهُۥۖ وَقُل رَّبِّ زِدۡنِي عِلۡمٗا (١١٤) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا ﴾، بەو شێوە دابەزێنرانە، قوڕئانێکی عەرەبییمان دابەزاند، کە وێنەی نیە، مەگەر بە خۆی بچوێنرێ، ئەگەرنا هاووێنەیەکی نیە لەگەڵیدا بەراورد بکرێ و، بەو بچوێنرێ، بەو شێوەیە قوڕئانێکی عەرەبییمان، واتە: بە زمانی عەرەبیی بۆمان دابەزاندووی، دەشگونجێ قوڕئان لێرەدا ناوی قوڕئان نەبێ، بەڵکو بەمانای (مقروء) بێ، واتە: خوێنراوەیەک کە بە عەرەبیی دەخوێنرێتەوە، چونکە قوڕئان بە مانای (مقروء)ە، فەرمایشتێکە کە بە عەرەبیی دەخوێنرێتەوە، بۆمان دابەزاندووی.

٢)- ﴿ وَصَرَّفۡنَا فِيهِ مِنَ ٱلۡوَعِيدِ ﴾، هەڕەشەشمان تێدا جۆراوجۆر کردوە، (التَّصْرِيفُ: التَّنْوِيعُ والتَّفنِين)، واتە: بە شێوەی جۆراوجۆرو، بە شێواز و دەربڕینی جۆراوجۆر، هەڕەشەمان تێدا خستۆتە ڕوو، بۆ مرۆڤەکان بە گشتیی، یان بۆ بێبڕوایان بە تایبەت.

٣)- ﴿ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴾، بەڵکو پارێز بکەن، (لعل)، بۆ ئومێدەوار بوونە، بۆیە پەیوەندیی بەوانەوە هەیە، ئومێد وایە کە خوای بە بەزەیی بۆیە ناردوویەتی، کە ئەوان ئەو ئومێدو هیوایە بێننە دی.

٤)- ﴿أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا﴾، یان ئەگەر ئەشیانکاتە پارێزکار، پارێزکارییشیان تێدا پەیدا نەکات، بەلای کەمەوە: هاتنەوە بیرو هۆشیاربوونەوەیان تێدا پەیدا بکات، **(يُوجِدُ فِيهِمُ التَّذَكُّرَ لِلحَقَائِقِ الفِطْرِيةِ المَرْكُوزَةِ فِي قُلُوبِهِم)**، هاتنەوە بیری ئەو ڕاستییە خوارسکانەی کە لە دڵ و دەروونیاندا داکوتراون، ئەوەیان تێدا پەیدا بکات.

دەشگونجێ مەبەست ئەوە بێ کە ئەو خەڵکە دوو بەشن:

١- بەشێکیان جارێ نەهاتوونە نێو بازنەی ئیسلامەوە، ئەوانەیان بەڵکو ئەو قورئانە پارێزکاریی و خۆ پاراستنیان لە کوفرو شیرک و نیفاق تێدا پەیدا بکات.

٢- ئەوانەشیان کە هاتوونە نێو بازنەی هیدایەتەوە، خوای پەروەردگار هۆشیاریی و بێداریی، زیاتریان بە هۆی قورئانەوە تێدا پەیدا بکات.

دەشگونجێ مەبەست بڕواداران بێ:

١- ئەوانە کە هۆشیارو بێداربوونەوە، وێڕای هۆشیاریی و بێداریی سیفەت و خەسڵەتی تەقواشیان تێدا پەیدا بکات.

٢- ئەوانەشیان کە بێدارن، یان ئەهلی تەقوان، هۆشیاریی و بێداریی زیاتریان تێدا پەیدا بکات.

٥)- ﴿فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ﴾، بەرزە خوای حوکمڕانی هەق، خوای حوکمڕانی چەسپاو، یانی: **(لِلهِ العُلُو المُطْلَق، وَهُوَ الحَقّ المُطْلَقُ بخِلاَفِ الملوك)**، بەرزیی ڕەها بۆ خوا کە هەقی ڕەهایە، پێچەوانەی دەستەڵاتدارانی دیکە، کە بە ناهەق زۆرجار خۆیان دەسەپێنن و، حوکمڕانییەکی ناهەق دەکەن.

٦)- لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ مِن قَبْلِ أَن يُقْضَىٰٓ إِلَيْكَ وَحْيُهُۥ﴾، پەلەش مەکە لە قورئاندا بەرلەوەی کە سروشکردنەکەی بۆ تۆ تەواو ببێ، دیارە ئەمە بە شێوەی دیکەش خوێنراوەتەوە: **(مِنْ قَبْلِ أنْ نَقْضِي إلَيْكَ وَحْيَهُ)**، بەرلەوەی کە سروشکردنەکەی بۆ تۆ تەواو بکەین.

٧)- ﴿ وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴾، بڵێ: پەروەردگارم! زانیاریم بۆ زیاد بکە، واتە: بەردەوام بە لەسەر داواکردنی زێدە بوونی زانیاریی لە خوای پەروەردەکەرو، بەخێوکەرو، مشوورخۆری خۆت.

لەنێوان پەلە کردن و خێرایی کردن دا:

لێرەدا پێویستە بزانین کە پەلەکردن جیایە لە خێرایی کردن، چونکە پەلەکردن ئەوەیە کە شتێک لە کاتی خۆیدا نەبێ، بۆیە گوتراوە: (**مَنْ اسْتَعْجَلَ الشَّيْءَ قَبْلَ أَوَانِهِ، عُوقِبَ بِحِرْمَانِهِ**)، واتە: هەر کەسێک پەلە بکات لە وەدیهێنانی شتێکدا، پێش کاتی خۆی، بە بێبەشکرانی سزا دەدرێ.

بەڵام (**سرعة**)، خێرایی ئەوەیە کە شتێک کە کاتی خۆی دێ، خێرایی بکەی، دەستگەرمیی بکەی لە جێبەجێکردنیدا، بۆیە خوا فەرمانی کردوە بە خێرایی کردن، وەک لە ئایەتی (١٣٣)ی سوورەتی (آل عمران)دا دەفەرموێ: ﴿ وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ ﴾، واتە: خێرایی بکەن بەرەو لێبوردنێک لە پەروەردگارتانەوە.

هەروەها لە سوورەتی (**المؤمنون**)دا دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلْخَيْرَٰتِ وَهُمْ لَهَا سَٰبِقُونَ ﴿٦١﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی کە خێرایی دەکەن لە ئەنجامدانی چاکەکاندا.

بەڵام ڕێگریی کردوە لە پەلە پەلکردن، وەک فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ مِن قَبْلِ أَن يُقْضَىٰٓ إِلَيْكَ وَحْيُهُۥ ﴾.

زانایان سێ واتایان بۆ ئەم ڕستەیە لێکداونەوە: ﴿ وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ ﴾:

١- (لا تستعجل إنزال المزيد من القرآن حِرصاً منك على إصلاحِ الناس)، واتە: پەلە مەکە لە دابەزێنرانی قورئانی زیاتر بە هۆی مکووڕبوونتەوە، لەسەر چاککردنی خەڵک.

٢- (لا تعجل بقراءة القرآن حال إلقاه جبريل آياته إليك)، واتە: لە خوێندنی قورئاندا پەلە پەل مەکە، لە کاتێکدا کە جیبریل ئایەتەکانی بۆ تۆ دێنێ.

٣- له (مجاهد وقتادة)دوه هاتوه، گوتوویانه: (لَا تَعْجَلْ بِقِرَاءَةِ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ لِأَصْحَابِكَ وَلَا تُمْلِهِ عَلَيْهِمْ حَتَّى تَتَبَيَّنَ لَكَ مَعَانِيهِ)، واته: ئەو قورئانەی که خوا بۆ لای تۆ دایبەزاندوه، پەله مەکه له خوێندنەوەی بۆ هاوەڵانت و بەسەریاندا مەیخوێنەوە، تاکو تەواو مانا و مەبەستەکانی بۆ تۆ ڕۆشن دەبنەوە، له ئەنجامی بیرکردنەوەی خۆت، یان له ئەنجامی ئیلهامکردن و خورپە بۆ کران لەلایەن خوای پەروەردگارەوە.

لەو بارەوە با ئەو دوو فەرموودەیە بێنین:

١)- {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُبَادِرُ جِبْرِيلَ فَيَقْرَأُ قَبْلَ أَنْ يَفْرُغَ جِبْرِيلُ حِرْصاً عَلَى الْحِفْظِ، وَخَشْيَةً مِنَ النِّسْيَانِ، فَأَنْزَلَ اللهُ وَلا تَعْجَلْ بِالْقُرْآنِ، الْآيَةَ: ﴿وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ﴾}[1].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ کاتێک جیبریل قورئانی بەسەردا دەخوێندەوە، پەلەی دەکرد بەرلەوەی جیبریل لێ بێتەوە، لە ئەنجامی سوور بوونی دا لەسەر ئەوە کە لەبەری بکات و، لە ترسی ئەوە کە لە بیری بچێتەوە، بۆیە خوا ئەم ئایەتەی فەرموو: ﴿وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ﴾، پەلە مەکە لە خوێندنی قورئاندا، بەرلەوەی کە سروشکردنەکەی بۆ تۆ تەواو بێ.

٢)- {عَنْ سَعِيدُ بْنُ جُبَيْرٍ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا: كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُعَالِجُ مِنَ التَّنْزِيلِ شِدَّةً، وكَانَ مِمَّا يُحَرِّكُ شَفَتَيْهِ، فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: فَأَنَا أُحَرِّكُهُمَا لَكَ كَمَا كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُحَرِّكُهُمَا، وَقَالَ سَعِيدٌ: أَنَا أُحَرِّكُهُمَا كَمَا رَأَيْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ يُحَرِّكُهُمَا، فَحَرَّكَ شَفَتَيْهِ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ﴾، ﴿إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ﴾، قَالَ: تَجْمَعْهُ فِي صَدْرِكَ وَنَقْرَؤُهُ ﴿فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ﴾، قَالَ: فَاسْتَمِعْ لَهُ وَأَنْصِتْ: ﴿ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ﴾، ثُمَّ إِنْ عَلَيْنَا أَنْ نَقْرَأَهُ، قَالَ: فَكَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ بَعْدَ ذَلكَ إِذَا أَتَاهُ جِبْرِيلُ اسْتَمَعَ، فَإِذَا انْطَلَقَ جِبْرِيلُ، قَرَأَهُ النَّبِيُّ ﷺ كَمَا قَرَأَهُ}، (أخرجه البخاري: ٥، ومسلم: ٤٤٨).

---

[1] (١) التحرير والتنوير ج١٦، ص٣١٧.

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێک کە قورئانی بۆ دادەبەزێنرا، زۆر ماندوو دەبوو، زۆر نارەحەت دەبوو، بۆیە دوو لێوەکانی خۆی دەجووڵاندن، [بۆیە ئەو ڕاویە کە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی دەگێڕێتەوە دەڵێ:] عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ)، گوتی: من لێوەکانی خۆم دەجووڵێنم وەک چۆن پێغەمبەری خوام ﷺ دەبینی لێوەکانی خۆی دەجووڵاندن (ئاوا بە پەلە پەل)، سەعید گوتی: منیش لێوەکانی خۆم دەجووڵێنم وەک چۆن عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسم بینی لێوەکانی خۆی دەجووڵاندن، بۆیە خوای زاڵی پایە بەرز ئەو ئایەتانەی ناردنە خوارەوە [لە سوورەتی (القیامة)دا، ئایەتەکانی: (١٦ و ١٧ و ١٨ و ١٩)]، ﴿ لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ﴾، زمانتی پێ مەجووڵێنە تاکو پەلەی لێ بکەی، لە وەرگرتنی قورئان، یان لە خوێندنی، ﴿ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ﴾، بێگومان کۆکردنەوەی قورئان و خوێندنەوەی قورئان ئەرکی ئێمەیە، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەڵێ: واتە: کۆکردنەوەی لە سینەتدا، دوایی دەیخوێنیەوە وەک خوا دایبەزاندوە، ﴿ فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ﴾، ئنجا هەر کاتێک خوێندمانەوە، شوێن خوێندنەوەکەی بکەوە، واتە: گوێ هەڵخە و بێ دەنگبە، ﴿ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ ﴾، دواییش لەسەر ئێمەیە بۆت ڕوون بکەینەوە، دەڵێ: دوای ئەوە کە جیبریل دەڕۆیی، پێغەمبەری خوا ﷺ وەک چۆن جبریل پێی خوێند بوو، ئاوا دەیخوێندەوە.

لەکۆتایی ئەم دەرسەدا دەڵێین:

٧)- کە دەفەرموێ: ﴿ وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴾، هەروەها بڵێ: پەروەردگارم! زانیارییم بۆ زیاد بکە، واتە: بەردەوام لە وەرگرتنی زانستدا، داوا لە پەروەردگارت بکەو لێی بپاڕێوە کە زانیارییت بۆ زیاد بکات، پێشتریش گوتمان: ﴿ عِلْمًا ﴾، بە (نکرة)، هاتوە، واتە: زانیارییەکی گەورە، زانیارییەکی شایستە، کە دەگونجێ مەبەست پێی زانیاریی (نقل) بێ، کە لە وەحییەوە سەرچاوە دەگرێ، یان مەبەست زانیاریی عەقڵ بێ، کە تێگەیشتنی مرۆڤە زیاتر

لە دەقەکانی وەحیی، دەشگونجێ مەبەستی پێ ئەو زانیارییە بێ کە بە پێنج هەستەکان و بە ئەزموون پەیدا دەکرێ، دەشگونجێ لە یەک کاتدا مەبەست هەموو ئەوانە بێ، پەروەردگارم! زانیاریم بۆ زیاد بکە، بە مانای فراوانی وشەی زانیاریی، چ پەیوەندیی بە وەحییەوە هەبێ، چ بە عەقڵ، چ بە ئەزموون، چ بە مێژوو، چ بە هەر کام لە جۆرو بەشەکانی زانیاریی، خوایە بەگشتی زانیاریم بۆ زیاد بکە!

ئێمەش دەڵێین: ﴿وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾، پەروەردگارم! زانیاریم بۆ زیاد بکە، بەڵام زانیارییەک کە سوودمان پێ دەگەیەنێ، وەک پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {اَللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ قَلْبٍ لاَ يَخْشَعُ، ومِنْ دُعَاءٍ لاَ يُسْمَعُ، وَمِنْ نَفْسٍ لاَ تَشْبَعُ، وَمِنْ عِلْمٍ لاَ يَنْفَعُ} (أخرجه أحمد برقم: ١٩٤٢١، تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح لغيره)، واتە: ئەی خوایە! پەنا بە تۆ دەگرم لە دڵێک کە ملکەچ نیە بۆ تۆو، لە نەفسێک کە تێر نابێ و، لە دوعایەک کە نابیسترێ و گیرا نابێ و، لە زانیارییەک کە سوود ناگەیەنێ.

بێگومانیش زانیارییەک کە سوود بە خاوەنەکەی نەگەیەنێ ئەو زانیارییەیە کە کاری پێ ناکات، خۆی پێ پاک و چاک ناکات.

دەرسی شەشەم

پێناسه‌ی ئه‌م ده‌رسه

ئـه‌م ده‌رسـه‌مان سـێزده (١٣) ئایـه‌ت ده‌گرێتـه خـۆی، ئایه‌تـه‌كانی: (١١٥ - ١٢٧)، كـه ئـه‌م سـێزده ئایه‌تـه هه‌موویـان ته‌رخانكـراون بـۆ به‌سـه‌رهاتی ئـاده‌م و حـه‌ووای هاوسـه‌ری (علیهـما السـلام)، لـه لایه‌كـه‌وه‌و، ئیبلیـسی نه‌فریـن لێكـراو لـه لایه‌كـی دیكـه‌وه، كـه ئیبلیـس نه‌فرینـی خـوای لـێ بـێ و لـێ بـووه، ئـاده‌م و حـه‌ووای فریـوداون و، لـه دره‌ختـه قه‌ده‌غـه كراوه‌كه‌یـان خـواردوه، بـه هـۆی دنـه‌دان و له‌خشـته بـردنی ئیبلیسـه‌وه‌و، سـه‌ره‌نجام حوكمـی ده‌ركـران لـه به‌هه‌شـت و ئاسـمانیان، به‌سـه‌ردا دراوه‌و تـووشی ژیـانی پـڕ ڕه‌نـج و میحنـه‌ت و زه‌حمـه‌تی سـه‌ر زه‌وی كـراون.

پاشـان خـوای زانـا و كارزان، باسـی ئاكامـی بـاشی شـوێنكه‌وتنی ڕێنمایـی خـواو، سـه‌ره‌نجامی شـوومی لاده‌ران لـه به‌رنامـه‌ی خـوای خسـتۆته ڕوو، كـه لـه دنیـادا ژیـانی ته‌نـگ و تـاڵ و، لـه قیامه‌تیشـدا بـه كوێریـی حـه‌شر كرانـه، ئـا ئـه‌وه به‌شـێكی ئـه‌و سـه‌ره‌نجامه شـوومه‌یه كـه لـه لادان لـه به‌رنامـه و په‌یامـی خـوا، په‌یـدا ده‌بـێ.

﴿ وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِىَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴿١١٥﴾ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ
ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ ﴿١١٦﴾ فَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ إِنَّ هَٰذَا عَدُوٌّ لَّكَ وَلِزَوْجِكَ
فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ ٱلْجَنَّةِ فَتَشْقَىٰٓ ﴿١١٧﴾ إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَىٰ ﴿١١٨﴾ وَأَنَّكَ لَا تَظْمَؤُا۟
فِيهَا وَلَا تَضْحَىٰ ﴿١١٩﴾ فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ ٱلشَّيْطَٰنُ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ
ٱلْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَىٰ ﴿١٢٠﴾ فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا
مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ ۚ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ﴿١٢١﴾ ثُمَّ ٱجْتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَىٰ ﴿١٢٢﴾ قَالَ
ٱهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًۢا ۖ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَاىَ

فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ (١٢٣) وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ
يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ (١٢٤) قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِيٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا (١٢٥) قَالَ كَذَٰلِكَ
أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ (١٢٦) وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي مَنْ أَسْرَفَ وَلَمْ يُؤْمِنۢ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ۚ
وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبْقَىٰٓ (١٢٧) ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەكان

{هەروەها بە دڵنیایی پێشتریش ئادەممان ڕاسپارد (بەڵێنمان لێ وەرگرت) کەچی لە بیری چوو و، ویستی پتەومان لێی چەنگ نەکەوت (١١٥) یادیش بکەوە کاتێک بە فریشتانمان فەرموو: کڕنووش (ی ڕێزگرتن) بۆ ئادەم ببەن، یەکسەر کڕنووشیان برد، جگە لە ئیبلیس لاملیی کرد (١١٦) ئنجا گوتمان: ئەی ئادەم! ئەم (ئیبلیس)ە، دوژمنی خۆت و دوژمنی هاوسەرەکەتە، (ئنجا وریا بن!) لە بەهەشتێ وەدەرتان نەنێ، چونکە سەرەنجام ناڕەحەت و گرفتار دەبن (لە ژیانی سەر زەمیندا) (١١٧) (ئێستا ئێوە لە بەهەشتدا، ژیان و گوزەرانێکی خۆشتان هەیە)، بێگومان بۆت هەیە کە تێیدا برسیی نەبی و ڕووت نەبی (١١٨) هەروەها لەوێدا نە تینووت دەبێ، نە گەرمات دەبێ (١١٩) کەچی شەیتان خوتخوتەی بۆ لا کرد، (دنەی دا)، گوتی: ئەی ئادەم! ئایا درەختی هەر مانت پێشان بدەم و، هەبوونێکی لە بن نەهاتووت بخەمە بەرچاو! (١٢٠) (ئیدی ئەو درەختەی پێشانی دابوو) لێیان خوارد، یەکسەر عەورەتیان دەرکەوت و دەستیان کرد بە بە خۆوە چەسپاندنی گەڵای (درەختەکانی) بەهەشت (بە مەبەستی عەورەتی خۆداپۆشین)و ئادەم سەرپێچیی لە پەروەردگاری کردو بێمراد بوو، بێ ئاکام بوو، (لەو ئامانجەی لەبەرچاوی گرتبوو بۆ لێخواردنی درەختە قەدەغەکراوەکە، کە هەر بمێنێ و موڵکێکی لە بن نەهاتووی چەنگ بکەوێ) (١٢١) پاشان پەروەردگاری هەڵیبژارد (بۆ پێغەمبەرایەتیی و) تەوبەی لێوەرگرت و، ڕێنمایی

کرد ﴿١٢٢﴾ (خوا) فەرمووی: ئەو بەهەشتەی تێیدان هەردوولاتان لێی دابەزنە خوار، هەندێکتان دوژمنی هەندێکتان دەبن (لە ژیانی سەر زەمیندا)، ئنجا هەر کات لەمنەوە ڕێنماییتان بۆ هات بە پێغەمبەراندا، هەر کەس شوێن ڕێنماییەکەم بکەوێ، نە گومڕا دەبێ و نە گرفتار ﴿١٢٣﴾ هەر کەسێکیش ڕوو لە یادو بەرنامەی من وەرچەرخێنێ، ژیان و گوزەرانێکی تەنگ و تاڵی دەبێ، لە ڕۆژی قیامەتیش بە کوێریی کۆیدەکەینەوە ﴿١٢٤﴾ [ئەو کەسە کە بە کوێریی حەشر دەکرێ]، گوتی: پەروەردگارم! من (لە دنیادا) بینەر بووم، بۆچی بە کوێریی کۆتکردوومەوە؟ ﴿١٢٥﴾ (خوا) فەرمووی: وەک چۆن نیشانەکانمت بۆ هاتن و فەرامۆشت کردن، ئەمڕۆش هەر بەو شێوەیە، تۆ لەبیر دەکرێی (و پشتگوێ دەخرێی) ﴿١٢٦﴾ بەم شێوەیەش [کە خرایە] ڕوو سزای کەسێک دەدەین، کە زێدەڕۆیی و سنوور شکێنیی کردوەو، بڕوای بەنیشانەکانی پەروەردگاری نەهێنانەوەو، سزا و ئازاری دواڕۆژیش سەختترو بەردەوامتریشە ﴿١٢٧﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(عَهِدْنَآ): **(العَهْدُ: الوَصِيَّةُ، عَهِدَ إِلَيْهِ يَعْهَدُ، إِذَا أَوْصَاهُ، وَعَهِدْتُ إِلَيْهِ بالأَمْرِ: قَدَّمْتُهُ، وَالعَهْدُ: الأَمَانُ والمَوْثِقُ والذِّمَّةُ، كَمَا عَهِدتَ كما عَرَفْتَ، عَهِدتهُ بِمكان كذَا: لَقِيتُهُ)**، وشەی **(عَهِدَ)**، بەپێی ئەو سیاقانەی کە تێیان دادێ، ماناکەی دەگۆڕێ: **(عَهْد)** بە مانای پەیمان و بەڵێن دێ، بەڵام **(عَهِدَ إليه)**، واتە: ڕایسپارد، وەسیەتی بۆی کرد، ئامۆژگاریی کرد، **(وَعَهِدْتُ إِلَيْهِ بالأَمْرِ)**، واتە: ئەو کارەم بۆ پێشخست، خستمە بەر دەمی، **(عهد)** بە مانای دڵنیاکردنەوە دێ، بە مانای بەڵێنی پتەو دێ، بە مانای ئۆباڵیش دێ، پەیمان و ئۆباڵ، **(كَمَا عَهِدتَ)**، یانی: وەک تۆ زانیوتە، **(عَهِدتهُ بِمكان كذَا)**، یانی **(لَقِيتهُ)** پێی گەیشتم لە فلان شوێنە!.

(عَـزْمًا): (**عَـزَمَ عَـلَى الـشَّيءِ: عَقَـدَ ضَمِـيرَهُ عَـلَى فِعْلِـهِ، عَـزَمَ عَزِيْمَـةً وَعَزْمَـةً: اجتهـدَ وَجَـدَّ فِـي أَمْـرِهِ**)، (**عَـزَم عَـلَى الـشيء**) یـانی: دڵـی خـۆی چەسـپاند لەسـەر ئەنجامـدانی، (**عَـزَمَ عَزِيْمَـةً وَعَزْمَـةً**)، واتـە: خـۆی کۆشـشی کـردو، لـە کارەکـەی خۆیـدا ڕووی ویسـتی خـۆی لـەو کارە کـرد، کـە دەیـەوێ ئەنجامـی بـدات، دڵـی خـۆی بـۆ سـاغ کـردەوە، لـە کوردییشـدا دەڵێیـن: عەزمـی لەسـەر جـەزم کـرد.

(تَضۡحَىٰ): (**ضَحَـى يَضْحَـى: تَعَـرَّضَ للشَّـمْسِ، وَلاَ تَضْحَـى أي: لَـكَ أَنْ تَتَصَـوَّن مـنْ حَـرِّ الشَّـمْس**)، (**ضَحَـى يَضْحَـى**) واتـە: کەوتـە بـەر خـۆر، کەواتـە: (**ولا تضحـى**)، واتـە: بـۆت هەیـە کـە پارێـزراو بـی لـە گەرمایـی خـۆر، یـانی: گەرمـات نابـێ.

(فَوَسۡوَسَ إِلَيۡهِ)، واتـە: دنـەدانی بـۆلا کـرد، هانـدانی بـۆلا کـرد، خوتخوتـەی بۆلا کـرد، (**الوَسْوَسَـةُ: الخَطْـرَةُ الرَّدِيئـةُ وأَصلـهُ مِـنَ الوسـواس، وَهُـوَ صَـوْتُ الحُـلِيِّ والهَمْـسُ الخَفِـيُّ**)، (**وَسوسَـة**): دنـەدانی خراپـە، شـتێک کـە بکەوێتـە دڵـت، بـەڵام خـراپ بـێ، شـت بـە دڵداهاتنێکـی خـراپ، ڕیشـەکەشی لـە (**وسـواس**)ەوە هاتـوە، کـە بـە دەنگـی خشـڵ دەگوتـرێ، هەروەهـا بـە چپەیەکـی پەنهـان دەگوتـرێ.

(ٱلۡخُلۡدِ)، (**الخُلـودُ: تَـبرِّي الـشَّيءِ مِـنْ اعْـتِرَاضِ الفَسَـادِ وَبقـاؤُهُ عـلى الحالـةِ التـي هـو عليهـا**)، (**خُلْـد**) کـە چاوگـە واتـە: ئـەوە کـە شـتێک لـەوە کـە تێکچـوونی بەسـەر دابـێ، پارێـزراو بـێ و، لەسـەر ئـەو حاڵەتـەی کـە هەیـەتی بمێنێتـەوە، واتـە: هەرمـان، بـەردەوام بـوون.

(لَا يَبۡلَىٰ)، واتـە: نـاڕزێ، لـە بەیـن ناچـێ، تـەواو نابـێ، نابـڕێ، (**بـلِيَ الثَّـوْبُ بَـلَىً وبـلاَءً: خَلَـق**)، واتـە: بەرگەکـە شـڕ بـوو، پۆشـاکەکە شـڕ بـوو، کـۆن بـوو، کـە شـڕو کـۆن بـوو، فـڕێ دەدرێ، (**بَلَوْتُـهُ: أي اختبرتـهُ كأني أَخْلَقْـتُهُ مِـن كـثرةِ اختبـاري لَـهُ**)، (**بَلَوْتُـهُ**) یـانی: تاقیمکـردەوە، جەڕبانـدم وەک بڵێـی: شـڕم کـردوە هێنـدەی تاقـی بکەمـەوە، شـەق و شـڕ بـووە.

(وَطَفِقَا): واتـە: هەردووکیـان خەریـک بـوون، (**طَفِـقَ يَفْعَـلُ كَـذَا: أَخَـذَ يَفْعَـلُ كَـذَا،**

وَيُستَعْمَلُ فـي الإيجـابِ دونَ النَفـي)، ﴿يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۚ وَطَفِقَا﴾، دەستیان کـرد بـە خـۆ وەچەسـپاندنی گـەڵای باخەکـە، **(طفِقـا)**، تەنیـا بـۆ حاڵـەتی نەرێنیـی بـەکاردێ، بـۆ حاڵـەتی نەرێنیـی بەکارنایـەت.

(يَخۡصِفَانِ): **(خَصَـفَ العُريـانُ الـوَرقَ عَـلَى بدنـهِ: أَلزَقَـهُ بـهِ)**، بابـای ڕووت گـەڵاکانی بـە جەسـتەی خۆیـەوە چەسـپاندن، **(والخصفـة: قطعـة مـما تُخْصفُ بـهِ النَعْـلُ)**، **(خصفـة)**، واتە: پینـە، پارچەیەکـە لـەوەی کـە پێڵاوی پـێ پینـە دەکـرێ، یـان بەرگێکـی پـێ پینـە دەکـرێ.

(فَغَوَىٰ): **(الغـيُّ: جَهْـلٌ مِـنْ اعْتِقَـادٍ فَاسِـدٍ)**، **(غَـيٌّ)** نەفامییەکـە کـە لـە بـڕوا پـێ بوونێکـی هەڵـەو خراپـەوە پەیـدا دەبـێ.

بـەڵام پێـم وایـە: ﴿فَغَوَىٰ﴾، یـانی: بـێ بەخـت بـوو، یـان ڕەنـج بـە خەسـار بـوو، چونکـە وەک **(راغـب الأصفهـاني)** دەڵـێ: **(غَـوَى: أي فَسَـدَ عَيْشُـهُ)**، ژیـان و گـوزەرانی تێکچـوو، وەک جـاری دیکـەش باسـمان کـردوە، **(غـي)**، لـە ئەنجامـی **(ضـلال)**دا پەیدادەبـێ، ئەگـەر کەسـێک گومـڕا بـوو، بـە مـراد نـاگات، بـە ئامانـج نـاگات، بـێ ئـاکام دەبـێ، دەسـتخەڕۆ دەبـێ، هـەروەک **(رُشـد و رَشَـد)** لـە **(هـدى)** و هیدایەتـەوە پەیـدا دەبـێ، کەسـێک بەڕێیـە بزانـێ، بـە ڕێـی ڕاسـتدا بـڕوا، دیـارە سـەر ڕاسـت دەبـێ و بـە ئامانـج دەگات.

(ضَنكٗا): **(أي: ضَيْقـاً ضَنَـكَ عَيْشُـهُ أي: ضَـاقَ)**، **(ضَنْـك)**، بـە مانـای تەنـگ و تـاڵ دێ، **(ضَنَكَ عَيْشُـهُ)**، واتـە: ژیانەکـەی تەنـگ بـوو، ناڕەحـەت بـوو، ئنجـا شـتێک کـە تەنـگ بـێ، مـرۆڤ پێـی ناڕەحەتـە، هـەروەک لـە شـیعرێکدا هاتـوە:

پای پەتیم خاسەن جە پێڵاوی تەنگ
تەنیاییم خاسەن، جە یانەی وە جەنگ

یـــــانی:

پێ خواسییم باشترە لە پێڵاوی تەنگ
تەنیاییم پێ باشترە لە ماڵی پڕ جەنگ

مانای گشتیی ئایەتەکان

ئێمە لە سەرەتای سووڕەتی **(الأعراف)**ەوە، باسی بەسەرهاتی ئادەم و حەووا **(عليهما السلام)**، لەلایەک و، ئیبلیس نەفرینی خوای لێ بێ، لە لایەکی دیکەوە، بە تەفصیل لەوێ باسمان کردوەو، هەموو ئەو ئایەتانەی لە هەموو سووڕەتەکاندا هاتوون، لەوێ کۆمان کردوونەتەوەو، شیکردنەوەیەکی باشمان لەسەر کردوون، بۆیە ئێستا بە خێرایی مانای گشتیی ئەم ئایەتانە دەکەین و، درێژە و وردەکارییەکانی لە سەرەتای سووڕەتی **(الأعراف)**دا هاتوون، بەسەرهاتی ئادەم و حەووا سەلامی خوایان لێ بێ و، ئیبلیس نەفرینی خوای لێ بێ.

﴿ وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە پێشتر ئادەممان ڕاسپارد بوو، وەصیەتمان بۆ کردبوو، ئامۆژگارییمان کرد بوو، دەشگونجێ مەبەست ئەوەبێ کە پەیمانمان لێ وەرگرتبوو، پێشتر واتە: پێش ئەوەی کە ئیبلیس زەفەریان پێ بەرێ، یاخود پێشتر واتە: پێش ئەو بەسەرهاتە، پێشتر خوا بە ڕەهایی فەرموویەتی، گرنگ ئەوەیە کە پێش ئەوەی ئادەم و حەووا گیرۆ دەبن بە وەسوەسە و دنەدانی ئیبلیسەوەو، کڵاویان لەسەر بنێ و، هەڵیان بخەڵەتێنێ، خوا ئاگاداری کردبوونەوە، ئامۆژگاریی کرد بوون و وەصیەتی بۆ کرد بوون، ﴿ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴾، بەڵام لە بیری چوو و، ویست و بڕیارێکی پتەومان لە لای وی چەنگ نەکەوت، واتە: لەو هەڵوێستەیدا، ئادەم خاوەن ویستێکی پتەو و دڵێکی دامەزراو نەبوو.

هەڵبەتە ئادەم سەلامی خوای لێ بێ، پێش ئەوەی ببێتە پێغەمبەر، وەک مرۆڤێکی ئاسایی بووە، هەر بۆیەش ئیبلس توانیویەتی هەڵیبخەڵەتێنێ و، تووشی ئەو گوناهو لادانەی بکات.

ئنجا دێتە سەر باسی بەسەر هاتەکەو دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ ﴾، یاد بکەوە! کاتێک بە فریشتەکانمان فەرموو: کڕنووش بۆ ئادەم ببەن، واتە: کڕنووشی ڕێزگرتن، سڵاوی لێ بکەن، ﴿ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰ ﴾، هەموویان کڕنووشیان بۆ برد، کڕنووشی ڕێزگرتن، جگە لە ئیبلیس، ئەو ئامادە نەبوو، لاملیی کرد، لە شوێنەکانی دیکە خوای بەرزی تاک وتوێژی لەگەڵ ئیبلیسدا کردوە، کە بەهانەت چییە، بیانوو و پاساوت چییە، کڕنووش بۆ ئادەم نابەی؟ ئەویش بیانوو و پاساوی خۆی بەیان کردوەو، لە شوێنەکانی دیکەدا درێژەکەی هاتوە، بۆیە وەک گوتمان: چی لێرەدا هاتوە، بە کورتیی مانای ئەوە دەکەین، بەڵام وردەکارییەکانی لە سەرەتای سووڕەتی (الأعراف)دا هاتوون: ﴿ فَقُلۡنَا يَٰٓـَٔادَمُ إِنَّ هَٰذَا عَدُوّٞ لَّكَ وَلِزَوۡجِكَ ﴾، گوتمان: ئەی ئادەم! ئا ئەمە (واتە: ئەو ئیبلیسە) دوژمنە بۆ خۆشت و بۆ ژنەکەشت، بۆ هاوسەرەکەشت، ﴿ فَلَا يُخۡرِجَنَّكُمَا مِنَ ٱلۡجَنَّةِ فَتَشۡقَىٰٓ ﴾، ئنجا وریا بن! با لە بەهەشتێ وەدەرتان نەنێ، دوایی تووشی ناڕەحەتیی دەبی، تووشی ڕەنج و زەحمەت دەبی، واتە: تووشی ژیانێک دەبی کە تێیدا ماندوو ببی، خەفەت بخۆی، گرفتاربی، کە ژیانی سەر زەمینە، چونکە تۆ لێرە مشوورت لێخوراوەو، هەموو پێداویستییەکانت بۆ دابین کراون، بەبێ ئەوەی پێیانەوە ماندوو ببی، حازر خۆری بەر سێبەرێی.

ئنجا بۆی باس دەکات، کە چۆن خوا هەموو پێداویستییەکانی بۆ دابینکردوون: ﴿ إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعۡرَىٰ ﴾، تۆ لەم بەهەشتەدا، لەم باخ و گوڵ و گوڵزارەدا، بۆت هەیە نە برسیی ببی، نە ڕووتیش ببی، برسیەتیی بریتیە لەوە کە مرۆڤ لە هەناوی دا بۆشایی هەبێ، ڕووتیی بریتیە لەوە کە لە جەستەیدا بۆشایی هەبێ، ﴿ وَأَنَّكَ لَا تَظۡمَؤُاْ فِيهَا وَلَا تَضۡحَىٰ ﴾، هەروەها تۆ لەو بەهەشتەدا بۆت هەیە نە تینووت بێ، نە گەرماشت بێ، گەرما بوون، ڕووی لە جەستەیە، تینوویەتییش هەر گەرمییە، بەڵام ڕووی لە هەناو و ناخی مرۆڤە، واتە: تۆ پەکت لەسەر هیچ شتێک نەکەوتوە، هەموو پێداویستییەکانت بۆ دابین کراون.

﴿ فَوَسۡوَسَ إِلَيۡهِ ٱلشَّيۡطَٰنُ ﴾، بەڵام شەیتان خوتخوتەی بۆ لا کرد، خوتخوتەکەی بریتی بوو لە چی؟ ﴿ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ ﴾، گوتی: ئەی ئادەم! ﴿ هَلۡ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلۡخُلۡدِ وَمُلۡكٖ لَّا يَبۡلَىٰ ﴾، ئایا درەختی هەرمانت پێشاندەم و، هەبوونێک و دەسترۆیشتوویی و موڵک و دەسەڵاتێک، کە لە بەین نەچێ و نەڕزێ و کۆتایی پێ نەیەت! جێی سەرسوڕمان ئەوەیە کە ئەوەی کە ئیبلیس پێی گوتن: ڕێک پێچەوانەکەی دەرچوو، ئەگەر ئادەم بەقسەی ئیبلیسی نەکردبایە، ئەوەی کە ئیبلیس گوتی: هەر بمێنیەوەو موڵک و دەسەڵاتێکت دەستکەوێ، لە بەین نەچێ، بەوە ئادەم دەستی دەکەوت کە بە قسەی شەیتانی نەکردبایە، کە بە قسەی ئیبلیسی کرد، ئەوەی لە دەست چوو، هەر بۆیە هەمیشە ئەوانەی کە بە شوێن ئیبلیس دەکەون، پێچەوانەی ئەو مەبەستەی کە لە زەینی خۆیاندا بڕیاریان داوە، پێچەوانەی ئەوەیان بۆ دێتە دی، ﴿ فَأَكَلَا مِنۡهَا فَبَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا ﴾، هەردووکیان لێیان خوارد و عەورەتیانیان بۆیان دەرکەوت.

نەک وەک لە پەیمانی کۆندا[١] دەڵێ: حەووا لێی خوارد، مار حەووای هەڵخەڵەتاند، شەیتان چووە سەر شێوەی مارێک حەووای هەڵخەڵەتاند، دوایی حەوواش ئادەمی هەڵخەڵەتاند، لە پەیمانی کۆندا وا دەڵێ، بەڵام لە قورئاندا دەفەرموێ: هەردووکیان لێیان خوارد، بەڵکو زۆرجاران باسی ئادەم دەکات، کە بە تەنیا لێی خواردوە، کەچی زۆر کۆلکە عەلمانیی و نیمچە خوێندەوار هەن، هەرچی لە پەیمانی کۆنی جوولەکەو پەیمانی نوێی نەصرانییدا هاتوە، دێنێ لەسەر ئیسلامی دەکاتە ماڵ، ئنجا عەجایب ئەوەیە زۆر ئیعجاب و سەرسوڕمان دەردەبڕن بە هەموو شتێکی ئەوروپاییەکان، کەچی ئەو شتە ئەفسانەییانە، کە هی ئەوانن و هیچ پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نیە، ئەو شتە ئەفسانەییانە لەسەر ئیسلام حیساب دەکەن، بەڵام ڕاستییەکانی دینەکەی خۆیان نازانن، ئەو پەندەیان بەسەردا چەسپاوە: (ماڵیان پڕ بوو لە ڕازیانە، منداڵیشیان

---

(١) لە هەرکام لە تەفسیری سوورەتی (البقرة) و (النساء) و (الأعراف)دا دەقی قسەکانی پەیمانی کۆن (العهد القدیم)مان هێناون و، لێرە دووبارەیان ناکەینەوە.

به‌ زگ ئێشه‌ ده‌مرد)، ئاگای له‌ ماڵی خۆی نیه‌ چی تێدایه‌، هه‌ڵه‌و که‌م و کورِییه‌کانی دینی تێکدراوی جووله‌که‌ و نه‌صرانیی دێنی، له‌سه‌ر ئایینه‌ هه‌قه‌که‌ی خۆی که‌ ئیسلامه‌، حیسابی ده‌کات.

﴿ فَأَكَلَا مِنۡهَا فَبَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا ﴾، هه‌ردووکیان لێیان خوارد، عه‌ورِه‌تیان، (ئه‌و شوێنه‌ی که‌ پێیان ناخۆش بوو ده‌رکه‌وێ)، بۆیان ده‌رکه‌وت، ﴿ وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِ ﴾، ئنجا ده‌ستیان کرد به‌ به‌خۆوه‌ لکاندنی گه‌ڵای دره‌خته‌کانی به‌هه‌شت، ﴿ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ﴾، ئادەم سه‌رپێچیی له‌ په‌روه‌ردگاری کردو بێمراد بوو، ده‌ستخه‌رِۆ بوو، واته‌: ئه‌و ئامانجه‌ی که‌ له‌ دڵی گرتبوو، به‌ قسه‌ی ئیبلیس و به‌ دنه‌دانی ئیبلیس، که‌ ژیانێکی نه‌برِاوه‌ی ده‌ستکه‌وێ و، موڵک و ده‌سته‌ڵاتێکی له‌ بن نه‌هاتووی ده‌ستکه‌وێ، له‌وه‌دا ده‌ستخه‌رِۆ بوو، هیچی ده‌ستگیرنه‌بوو، به‌ڵکو به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ تووشی گرفتاریی بوو، ﴿ ثُمَّ ٱجۡتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيۡهِ وَهَدَىٰ ﴾، دوایی په‌روه‌ردگاری هه‌ڵیبژارد، واته‌: بۆ پله‌ی پێغه‌مبه‌رایه‌تیی و گه‌رِایه‌وه‌ سه‌ری، واته‌: گه‌رِانه‌وه‌که‌ی لێ وه‌رگرت، ﴿ وَهَدَىٰ ﴾، رِێنماییشی کرد.

پێم وایه‌ ئه‌وه‌م له‌ ته‌فسیری سووره‌تی (الأعراف)دا نه‌گوتوه‌، به‌ڵام لێره‌دا ده‌یڵێم:

ئه‌و خواردنه‌ی ئاده‌م ﷺ له‌گه‌ڵ حه‌ووای هاوسه‌ری، له‌و دره‌خته‌ قه‌ده‌غه‌کراوه‌، پێش پله‌ی پێغه‌مبه‌رایه‌تیی بووه‌، بۆیه‌ پێویست ناکات پینه‌و په‌رِۆی بۆ بکه‌ین و بڵێین: ئه‌وه‌ به‌هۆی له‌ بیرچوونه‌وه‌وه‌ بووه‌، له‌ بیرچوونه‌وه‌ش گوناه نیه‌، هه‌ڵبه‌ته‌ رِایه‌کی واش هه‌یه‌، به‌ڵام مادام خوای کارزان ده‌فه‌رموێ: ﴿ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ ﴾، ئاده‌م سه‌رپێچیی له‌ په‌روه‌ردگاری کرد، ئێمه‌ش له‌گه‌ڵ رِواڵه‌تی ئایه‌ته‌که‌دا ده‌رِۆین و ده‌ڵێین: ئاده‌م ئه‌و کاته‌ که‌ له‌و دردخته‌ قه‌ده‌غه‌کراوه‌ی خواردوه‌، ئه‌و گوناهه‌ی کردوه‌، پێغه‌مبه‌ر نه‌بووه‌، هه‌ر مرۆڤێکی ئاسایی بووه‌، به‌ڵام دوایی که‌ ده‌گه‌رِێته‌وه‌، وه‌ک ده‌فه‌رموێ:

﴿فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٖ فَتَابَ عَلَيۡهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ٣٧﴾ البقرة،

ئادەم چەند وشەیەکی لە پەروەردگاری وەرگرتن، کە بریتین لەو وشانەی لە سوورەتی (الأعراف)دا، کە دەفەرمووێ:

﴿قَالَا رَبَّنَا ظَلَمۡنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمۡ تَغۡفِرۡ لَنَا وَتَرۡحَمۡنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٢٣﴾،

واتە: گوتیان: پەروەردگارمان! ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد، ئەگەر لێمان نەبووری و بەزەییت پێمان دانەیەت، ئێمە لە زیانباران دەبین، دوای ئەوەی کە ئادەم و حەووا بەو شێوەیە لە پەروەردگاریان پاڕانەوەو، دانیان بە هەڵەی خۆیاندا هێناو، چاوەڕوانییان لە پەروەردگار کرد، کە بەزەیی پێیان دابێ و لێیان ببوورێ، خواﷻ تۆبەی لێوەرگرتن، پاشان ئادەمیشی هەڵبژارد بە پێغەمبەرو ڕێنماییشی کرد، ئنجا ئەوە دوای خواردنیان بووە لە درەختە قەدەغەکراوەکەو، دوای دابەزێنرانیان بووە.

﴿قَالَ ٱهۡبِطَا مِنۡهَا جَمِيعَۢا﴾، خوا فەرمووی: هەردووکتان وێکڕا لێی دابەزن، واتە: لە بەهەشت، یان لە ئاسمان، ﴿بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞ﴾، هەندێکتان دوژمنی هەندێکتانن، کە دیارە ئیبلیس دەبێتە دوژمنی ئادەم و حەووا و وەچەکەیان، بۆیە پێشێ دەفەرمووێ: ﴿ٱهۡبِطَا﴾، هەردووکتان، هەردوولاتان، دوایی دەفەرمووێ: ﴿جَمِيعَۢا﴾، چونکە دوایی هەم ئادەم و حەووا وەچەیان پەیدا دەبێ و، هەم ئیبلیسیش وەچەی پەیدا دەبێ، واتە: خۆتان و وەچەکانتان دەبنە دوژمنی یەکدی، ﴿فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدٗى﴾، ئنجا هەر کاتێک لە منەوە ڕێنماییتان بۆ بێ، بە پێغەمبەراندا (عَلَیْهِم الصَّلاةُ وَ السَّلام)، ﴿فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ﴾، هەر کەسێ شوێن ڕێنمایی من بکەوێ، ئەوە نە گومڕا دەبێ و، نە ماندوو دەبێ و تووشی میحنەت و دەردەسەریی و ناڕەحەتیی دەبێ، یان ﴿يَشۡقَىٰ﴾، یانی: نە تووشی بەد بەختیی دێ لە ڕۆژی دواییدا، نە لە دنیادا گومڕا دەبێ، نە لە ڕۆژی دواییدا تووشی ناڕەحەتیی و گرفتاریی ژیانی دۆزەخ دەبێ.

﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴾، هەر کەسێکیش ڕوو لە یادی من، لە بەرنامەی من، لە کتێبی من، وەرچەرخێنێ، ئەوە لە دنیادا ژیانێکی تەنگ و تاڵی دەبێ، یاخود لە نێو گۆڕ دا، یان لە قۆناغی بەرزەخدا، ئەوەش ڕایەکی زانایانە، ﴿ وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴾، لە ڕۆژی هەڵسانەوەشدا بە کوێریی کۆیدەکەینەوە، ﴿ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِىٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا ﴾، گوتی: پەروەردگارم! بۆچی بە کوێریی کۆتکردوومەوە لە حاڵێکدا کە من بینەر بووم، لە دنیا چاوم ساغ بوون، دەمبینی، لێرە بۆچی کوێرت کردووم؟ ﴿ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَـٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ﴾، خوا فەرمووی: هەر بەو شێوەیە کە ئایەتەکانی ئێمەت بۆ لا هاتن، تۆ فەرامۆشت کردن، وازت لێهێنان، پشتگوێتخستن، ﴿ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ﴾، هەر بەم شێوەیە ئەمڕۆش تۆ لە بیر دەکرێی، فەرامۆش دەکرێی، پشتگوێ دەخرێی، ﴿ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى مَنْ أَسْرَفَ وَلَمْ يُؤْمِنۢ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّهِۦ ﴾، بەم شێوەیەش کە باسکرا سزای کەسێک دەدەین کە زێدەڕۆیی دەکات و، بڕوا بە ئایەتەکانی پەروەردگاری ناکات، یان بە نیشانەکانی پەروەردگاری، أ- چ ڕستەکانی و فەرمایشتەکەی بن، ب- چ موعجیزەی پێغەمبەران بن (عَلَيْهِم الصَّلاةُ وَالسَّلام)، ج- چ دیاردەکانی گەردوون بن، ﴿ وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبْقَىٰٓ ﴾، بە دڵنیایی سزای ڕۆژی دواییش، سەختریشەو بەردەوامتریشە.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی بمانپارێزێ لە سزای ڕۆژی دوایی و، لەو کەسانەمان بگێڕێ کە لە دنیادا بە چاوی عەقڵ و دڵ سەیری نیشانەکانی خوا دەکەن، سەیری ئایەتەکانی خوا دەکەن و، بە دڵ و گیان پەسەندیان دەکەن و، پێیانەوە پابەند دەبن، فەرامۆشیان ناکەن و لە بیریان ناکەن و، بە هیچ نرخێکی کەم و زۆر نایانگۆڕنەوە و نایانفرۆشن، تاکو هەم لە دنیادا سەلامەت بن و، هەم لە دوا ڕۆژدا ڕوو سووری بەر دەرگای خوا بن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

باسی ئەوە کە خوا پێشتر ئادەمی ڕاسپاردوە کە لە درەختە قەدەغەکراوەکە نەخوات، کەچی ڕاسپاردەکەی خوای لە بیر چووەو، خاوەن عەزم (ویستی پتەو) نەبووە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ عَهِدۡنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبۡلُ فَنَسِيَ وَلَمۡ نَجِدۡ لَهُۥ عَزۡمٗا ١١٥ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

۱)- ﴿ وَلَقَدۡ عَهِدۡنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبۡلُ ﴾، ئێمە پێشتر ئادەممان ڕاسپاردبوو، یاخود ئامۆژگارییمان بۆ لای ئادەم ناردبوو، یاخود فەرمانمان حەواڵەی لای ئادەم کردبوو، یاخود پەیمان و بەڵێنمان لە ئادەم وەرگرتبوو، بەڵێن و پەیمان و ڕاسپاردەو ئامۆژگاریی چی؟ ئەوە کە لە درەختە قەدەغەکراوەکەی نێو بەهەشت نەخوات، کە دەفەرموێ: ﴿ مِن قَبۡلُ ﴾، واتە: پێش ئەو کاتە، ئنجا هەندێک گوتوویانە: (من قبل)، دەگەڕێتەوە بۆ بەسەرهاتەکەی مووساو فیرعەون، واتە: پێش بەسەرهاتی مووساو فیرعەون، بەڵام وا باشترە بە ڕەهایی بهێڵرێتەوە، واتە: پێش ئەو کاتەی کە ئادەم لە لایەن ئیبلیسەوە فریو بدرێ.

۲)- کە دەفەرموێ: ﴿ فَنَسِيَ ﴾ لە بیری چوو، (النِّسْيَانْ: ضِدُّ الذِّكْر)، (ذِكْر) واتە: لەبیر بوون، لە یاد بوون (نسیان)یش واتە: لەبیر چوون، کە پێچەوانەی یەکدین، ئەوە واتایەکی، واتە: ئادەم لە بیری چوو و فەرامۆشی کرد، واتایەکی دیکەی، وازی لێهێنا، یاخود پشت گوێی خست، فەرمانەکەی پشت گوێ خست و وازی لێهێنا، نەگەرنا لەبیری

بوو، ﴿ فَنَسِيَ ﴾ وەک چۆن لەبیرچوون دەگەیەنێ، واز لێهێنان و، پشت گوێ خستنیش دەگەیەنێ.

٣)- ﴿ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴾، ئێمە ویستی پتەوو مەحکەممان لەودا نەبینی، (**عَزِيمَةٌ قويةٌ تُعينه على المُضيّ والثبات في الأمر**) واتە: ویستێکی بەهێز کە یارمەتیی بدات بۆ بەردەوام بوون و، چەسپاویی لەو کارەدا کە لە پێشیەتی، کە بریتیە لە قەدەغە نەشکاندن و نەخواردن لەو درەختە قەدەغە کراوە .

دەشگونجێ مەبەست لە (عزم) لێرەدا خۆڕاگریی (صبر) بێ، چونکە کەسێک کە ویستێکی پتەوی هەبوو، خۆڕاگریش دەبێ، واتە: (صبر) خۆڕاگریی بەرهەمی ئەو (عزم)و ویستە پتەوەیە.

دوو پرسیار لەبارەی ئادەمەوە و وەڵامەکەیان :

یەکەم:

ئایا ئادەم گوناهێکی کردوە، ئەوەی کە لێرەدا خوا خستوویەتە ڕوو، وەک دواتر خوای پەروەردگار بە ڕاشکاویی دەفەرمووێ: ﴿ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ﴾، ئادەم سەرپێچیی لە پەروەردگاری کردو بێمراد بوو و تووشی ناکام خراپیی بوو، بەڵام ئایا لێرەش: ﴿ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴾، مەبەست ئەوەیە کە ئادەم گوناهێکی کردوە؟!

لەو بارەوە دوو ڕا هەن:

١)- ڕایەکیان ئەوەیە کە نەخێر، چونکە بە هەڵەدا چوونەکەی (ئادەم) لە لایەن (ئیبلیس)ەوە، یان بە هەڵەدابرانی لە لایەن (ئیبلیس)ەوە، بە هۆی لەبیر چوونەوەوە بوو، کەواتە: هەڵەیەکی بە ئەنقەست نەبووە، بەڵکو بە هۆی لەبیر چوونەوەوە بووە، ئنجا ئەو گوناهانەش کە بە هۆی لەبیرچوونەوە، یان ئەو هەڵانەی بە هۆی لەبیر چوونەوەوە، دەکرێن، لەسەر مرۆڤ هەڵگیراون، ئەم فەرمایشتە بە بەڵگە دەهێننەوە:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ اللَّهَ تَجَاوَزَ لِي عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأَ، وَالنِّسْيَانَ، وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ»} (أخرجه الطبراني: ١١٢٧٤، والحاكم: ٢٨٠١، وقال: صحيح على شرط الشيخين).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بە دڵنیایی خوا هەڵەو، لەبیر چوون و، ئەوەی کە بە ناچاریی پێیان کرابێ، لەسەر ئۆممەتمی لابردوە، (واتە: بە گوناح لەسەری نەنووسیون).

بەڵام هەندێک لە زانایان دەڵێن: ئەوە بۆ شەریعەتی پێغەمبەری خاتەمە ﷺ، ئنجا ئەویش لە حاڵێکدا کە (نسْيَانْ) مەبەست پێی لەبیرچوونەوە بێ، بەڵام ئەگەر (نسْيَانْ) مەبەست پێی پشتگوێ خستن و وازلێهێنان بێت، ئەوەش هەر نایگرێتەوە.

دیارە ئەوە وەڵامە بۆ ئەوانەی دەڵێن: ئایا ئادەم گوناهی کردوە یان نەکردوە؟ دەڵێن: بۆی بە گوناح لە قەڵەم نەدراوە.

٢)- ڕایەکی دیکە ئەوەیە: بەڵێ، ئادەم لەو کاتەدا مرۆڤێکی ئاسایی بووەو پێغەمبەر نەبووە، بە بەڵگەی ئەوە کە دوایی خوا دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ اجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَىٰ﴾، دوایی پەروەردگاری هەڵیبژاردو، گەڕانەوەکەی لێ قبووڵ کردو، ڕێنمایی کرد، خستیە سەر ڕاستە ڕێ، کەواتە: ئەو کاتە کە لە درەختە قەدەغە کراوەکەی خواردوە، پێغەمبەر نەبووە، تاکو بڵێین: پێغەمبەران لە هەڵەو گوناح پارێزراون، کە بە تەئکید وایە، بەڵام لە هەڵەی بە ئەنقەست پارێزراون، ئەگەرنا لە هەڵەی ئیجتیهادیی واتە: شتێک کە بە هەڵە دەیکەن، نەک بە ئەنقەست بیزانن گوناهە، لەوە پارێزراون، ئەگەرنا لەوە پارێزراو نین کە شتێک بە ڕاست بزانن و، دوایی بە هەڵە دەربچێ، یان شتێک بە هەڵە دابنێن و، دوایی بە ڕاست دەربچێ.

ئنجا کە ئادەم لەو کاتەدا مرۆڤێکی ئاسایی بووە، وەک هەموو ئەو مرۆڤانەی دیکە، کەواتە: عەجایب نیە هەڵەو گوناهیشی لێ ڕوودا بێ.

دووەم:

ئایا (ئادەم) کاتێک خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا﴾، عەزممان پێوە نەبینی، ئایا ئادەم هیچ عەزمی نەبووە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: تەنها لەو مەسەلەیەدا عەزمی نەبووە، نەک بە گشتیی، واتە: ﴿وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا﴾، (**في هذه المسألة، في هذا الموضوع**)، لەو بابەتە لەو مەسەلەیەدا، لەو پرسەدا ئێمە ئیرادەی پتەومان پێوە نەبینیوە، ئەگەرنا پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ**)، هەموویان خاوەن عەزم بوون، وەک من لە کتێبی شەشەم لە مەوسووعەی: (**الإسلام كما يتجلي في كتاب الله**)دا کە باسی پێغەمبەران دەکات (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ**)، بە درێژیی باسی ئەوەم کردوە کە ئەو قسەیە ڕاست نیە، کە تەنیا پێنج لە پێغەمبەران خاوەن عەزم بووبن، وەک خوا دەفەرموێ:

﴿فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُولُوا۟ الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ ...﴿٣٥﴾﴾الأحقاف،

واتە: خۆڕابگرە وەک چۆن خاوەن عەزمان لە پێغەمبەران خۆڕاگر بوون، ئنجا دەڵێ: لەبەر ئەوەی هەم لە سووڕەتی (**الشورى**)دا، هەم سووڕەتی (**الأحزاب**) دا خوای پەروەردگار ئەو پێنج پێغەمبەرەی واتە: نووح و ئیبراهیم و عیسا و مووسا و موحەممەد (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ**)، پێکەوەی هێناون، وەک دەفەرموێ:

﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَالَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ أَنْ أَقِيمُوا۟ الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ ...﴿١٣﴾﴾الشورى،

لە سووڕەتی (**الأحزاب**)یشدا دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ النَّبِيِّۦنَ مِيثَٰقَهُمْ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ وَإِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظًا ﴿٧﴾﴾ .

بەڵام، لە ڕاستییدا ئەوە بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی تەنها ئەو پێنج پێغەمبەرە، خاوەن عەزم و ویستی پتەو بوون، بەڵکو نەوانە لە پێشەوەی پێغەمبەرانی خاوەن عەزم بوون، ئەگەرنا من پێم وایە کە خوا دەفەرموێ:

﴿ فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ ...(٣٥) ﴾الأحقاف،

خۆڕابگرە وەک چۆن پێغەمبەرانی خاوەن عەزم خۆیان ڕاگرتووە، پێم وایە ئەو (من)ە، (من الرسل) بۆ بەشێک نیە (من)ی (تبعیضیة) نیە، بەڵکو (من)ی (بیانیة)یە، واتە: وەک چۆن خاوەن ویست پتەوان لە پێغەمبەران، خۆیان ڕاگرت، کە هەموویان خاوەن ویستی پتەو بوون، بەڵام ئەوە ڕێگر نیە لەوەی کە یەکێکیان لە هەڵوێستێکدا بێهێز بووبێ، نەیپێکابێ، بەبێ ئەوەی بزانێ کە گوناهە.

هەڵبەتە دوای پێغەمبەرایەتیی، ئەگەرنا پێش پێغەمبەرایەتیی، ئەوانیش مرۆڤی ئاسایی بوون، دەگونجێ هەڵەو گوناهو کەم و کوڕییشیان لێ ڕوودابێ، وەک لە ئادەمی ڕوودواوە (عَلَيْهِ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم).

مەسەلەی دووەم:

فەرمان کردنی خوا بە فریشتان کە کڕنووشی ڕێزگرتن بۆ ئادەم ببەن و، سەرپێچیی کردنی ئیبلیس و، هۆشداریی پێدانی خوا بە ئادەم و حەووا کە شەیتان دوژمنیانەو، با فریویان نەدات لە حاڵێکدا کە لە بەهەشتدا لەوپەڕی خۆشیی و ئاسوودەیی دان و، لە هیچ شتێکیان کەم نیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ (١١٦) فَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ إِنَّ هَٰذَا عَدُوٌّ لَّكَ وَلِزَوْجِكَ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ ٱلْجَنَّةِ فَتَشْقَىٰٓ (١١٧) إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَىٰ (١١٨) وَأَنَّكَ لَا تَظْمَؤُا۟ فِيهَا وَلَا تَضْحَىٰ (١١٩) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ ﴾، یاد بکەوە! کاتێک بە فریشتەکانمان فەرموو: کڕنووش بۆ ئادەم ببەن، وەک هەموو جارێ گوتوومانە: بێگومان کڕنووش (سجدة و سجود)، لێرەدا مەبەست پێی (سجدة) بردنی سڵاو لێکردن و ڕێزلێگرتنە، نەک کڕنووش بردنی پەرستن، کە ئەوە تایبەتە بە خوای پەروەردگارەوە، بەڵگەمان لەسەر ئەوە زۆرن، وەک لە تەفسیری سووڕەتی (یوسف)دا، لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى ٱلْعَرْشِ وَخَرُّوا۟ لَهُۥ سُجَّدًا ﴾، یوسوف باب و دایکی بەرز کردنەوە بۆ سەر تەختەکە، (بۆ سەر ئەو کورسیی و تەختە کە لە سەری دادەنیشت)و، هەموویان بۆی بە کڕنووشدا کەوتن، کە مەبەست لە کڕنووش لێرەدا جۆرێک لە دەست بە سینگەوە نان و، خۆ چەماندنەوەیە، کە ئەگاتە حاڵەتی کڕنووش بردن، کە مەبەست پێی ڕێز لێگرتنە، هەیە سەر دەجووڵێنێ، هەیە دەست بە سینگەوە دەنێ، هەیە جۆرێک لە چەمینەوەی دەبێ، هەرچەندە خۆ چەماندنەوە لەبەر ئەوەی دوایی لە ڕکوع نیزیک دەبێتەوە، شتێکی ناپەسندە، بەڵام هەرجۆرە ڕێز گرتنێک لە بەرانبەرو، سڵاو لێکردنی و بچووکیی پێشاندان،

حورمەتی گرتن، لە قورئاندا بە (سجدة) ناوی براوە، وەک لێرەدا هاتوە، ئەگەرنا بە تەئکید یەعقووب و دایکی یوسوف، (واتە: هاوسەری یەعقووب)، هەروەها یازدە برایەکەی، کڕنووشی پەرستیان بۆ یوسوف نەبردوە، نە یوسوف قبووڵ دەکات، نە یەعقووب لە خۆی و لە هاوسەری و لە کوڕەکانیشی دەوەشێنێتەوە، کە جگە لە خوا سەجدەی پەرستن بۆ کەسێکی دیکە ببەن، جگە لەوەش، هەر لەوێ باسمان کردوە بە تەفصیڵ کە خوای بێ هاوتا جووڵەی درەختەکان و جووڵەی سێبەری درەختەکان لە لای ڕاست و چەپیشی بە (سجدة) ناو بردوە، وەک لە سووڕەتی (النحل)دا هاتوە، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْاْ إِلَىٰ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيْءٍ يَتَفَيَّؤُاْ ظِلَٰلُهُۥ عَنِ ٱلْيَمِينِ وَٱلشَّمَآئِلِ سُجَّدًا لِّلَّهِ وَهُمْ دَٰخِرُونَ (١٨) ﴾، کە گومانی تێدا نیە لێرە کە دەفەرموێ: ئایا سەرنجیان نەداوەتە هەر شتێک کە خوا دروستی کردوە، سێبەرەکانی لە لای ڕاست و لەلای چەپەکانی بە کڕنووش بردوویی بۆ خواو بە ملکەچیی، دێن و دەچن!.

مەبەست جووڵەی سێبەرەکانە، نەک کڕنووش بردن:

کاتێک خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێ، ئەگەر بەرەو قیبلە بوەستی، لای چەپت دەبێتە هەتاو و لای ڕاستت دەبێتە سێبەر، بەڵام کاتێک خۆر دەکەوێتە لای ئاوا بوون، ئنجا پێچەوانە دەبێتەوە لای ڕاستت دەبێتە هەتاو ڕوون دەبێتەوەو، لای چەپت دەبێتە سێبەر، سێبەرەکە دەجووڵێ بە پێی جووڵەی خۆر، هەڵبەتە لە پێش چاوی ئێمە، ئەگەرنا لە ڕاستییدا ئەوە زەوییە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە لە بەرانبەری خۆردا، کەواتە لێرەدا: خوا ﷻ ناوی لەو جووڵەی سێبەرەی لای ڕاست و لای چەپی شتەکان ناوە، کڕنووش بردن (سُجَّدًا لِّلَّهِ)، (سُجَّدْ) کۆی (ساجد)ە، واتە: بە کڕنووشبەرانە سێبەرەکان دەجووڵێن، ﴿ سُجَّدًا لِّلَّهِ وَهُمْ دَٰخِرُونَ ﴾، لە حاڵێکدا کە ملکەچن.

دوایی دیسان دەفەرموێ: ﴿ وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ مِن دَآبَّةٍ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ (٤٩) ﴾، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا

هەیە لە زیندەوەران و، لە فریشتەکان کڕنووش بۆ خوا دەبەن و، خۆیان بە زلناگرن.

ئێمە نازانین کڕنووش بردنی فریشتان چۆنە؟ زیندەوەرانیش بە تەئکید سەجدەیان بەو شێوەیەی ئێمە نیە، کە لە نوێژدایە، واتە ئەو سەجدە، زاراوەییە نیە کە هەیە، بەڵکو مەبەست پێی ملکەچیی فریشتەکان و، زیندەوەرانە یاسا گەردوونییەکانی خواو، ملکەچییانە بۆ خوا ﷻو، بە گەورە گرتن و بە مەزن گرتنی.

٢)- ﴿ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰ ﴾، هەموویان کڕنووشیان برد (فریشتەکان)، جگە لە ئیبلیس، ئیبلیس ئامادە نەبوو، ﴿ أَبَىٰ ﴾، یانی: (امتنع)، لاملیی کرد، سەرپێچیی کرد، ئایا هەرچی فریشتەی کە خوا دروستی کردوە، هەموویان بوون؟ یاخود بەشێکی دیارییکراویان بوون؟ ئەوە زانیارییەکەی تەنها لە لای خوایە ﷻ.

بەڵێ لە هەندێک شوێنیش دەفەرموێ: ﴿ فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ ﴾، تێکڕای فریشتەکان، وێکڕا کڕنووشیان برد، تێکڕاو وێکڕا، تێکڕا یانی: هەموویان، وێکڕا یانی: پێکەوە، ﴿ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ ﴾، (وَكُلُّهُم) واتە: هەموویان، (أَجْمَعُونَ) واتە: وێکڕا، نەوەک هەندێکیان ئێستاو هەندێکیان دوایی، تێکڕا و وێکڕا کڕنووشیان برد، بەڵام ئەوەش بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی دیسان تێکڕای فریشتەکانی ئاسمانەکان و زەوی بگرێتەوە، بەڵکو دەبینی کۆمەڵە فریشتەیەکی دیارییکراو دەگرێتەوە، دەشگونجێ هەموویان بگرێتەوە، وەک پێشتریش لە سوورەتی (الأعراف)دا باسمان کردوە.

٣)- ﴿ فَقُلۡنَا يَٰٓـَٔادَمُ إِنَّ هَٰذَا عَدُوّٞ لَّكَ وَلِزَوۡجِكَ ﴾، گوتمان: ئەی ئادەم! ئەمە دوژمنە بۆ خۆت و، بۆ ژنەکەت، بۆ هاوسەرەکەت، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئیبلیس.

٤)- ﴿ فَلَا يُخۡرِجَنَّكُمَا مِنَ ٱلۡجَنَّةِ فَتَشۡقَىٰٓ ﴾ ئنجا لە بەهەشتێ وەدەرتان نەنێ، دوایی تووشی ناڕەحەتیی دەبی، تووشی زەحمەت دەبی، تووشی ژیانی پڕ مەینەتیی

دەبی، بۆچی دەفەرموێ: (فَتَشْقَىٰٓ)، نافەرموێ: (فتشقيان)؟ هەردووکتان، خۆت و هاوسەرەکەت؟ لەبەر ئەوەی مشوور لێخواردنی ژن و ماڵ، ئەرکێکە لە ئەستۆی پیاودایە، هەم لە ڕووی شەرعییەوە، هەم لە ڕووی فیتریەوە، ئەگەر تەماشای هەموو دنیا بکەین، مەگەر ئەوانەی کە لە زگماک (فطرة)ی خوا لایان داوە، ئەگەرنا ئافرەت هەر لە سێبەری پیاودایە، پیاو دەبێ مشوور لە ئافرەت بخوات و بیپارێزێ، بژێوی بۆ پەیدا بکات، ئاگای لێی بێ، بۆیە خوای پەروەردگار ڕوو لە ئادەم دەکات، پێشێ دەفەرموێ: هەردووکتان وەدەرنەنێ، ئەگەرنا تۆ ئەی ئادەم! تووشی ناڕەحەتیی و گرفتاریی دەبی، چونکە تۆی پیاو، تۆی مێردو هاوسەر، دەبێ خۆشت و هاوسەرو منداڵەکانیشت بژیەنی، سەرەنجام تووشی ناڕەحەتیی و گرفتاریی ژیانی سەر زەمین ددبی.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا ﴾، ئەمە وەک ئەو تەعبیرە وایە، (لا أعرفك تفعل كذا)، واتە: نەتناسم ئەوە بکەی! واتە: ئەو کارە نەکەی، کە سەرەنجام ئەو کارەت لێ بزانمەوە، یەک بە یەکێکی دیکە دەڵێت: خراپەت لێ نەبیستمەوە، هەواڵی خراپت لە بارەوە نەبیستم، واتە: خەراپە مەکە، دوایی ببێتە هەواڵ و پێم بگاتەوە .

٥)- ﴿ إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَىٰ ﴾، بە دڵنیاییەوە بۆ تۆ هەیە لەوێدا، نە برسیی بی، نە ڕووت بی.

٦)- ﴿ وَأَنَّكَ لَا تَظْمَؤُاْ فِيهَا وَلَا تَضْحَىٰ ﴾، هەروەها بۆشت هەیە لەوێدا کە نە تینوو بی، نە گەرمات بێ، دەگوترێ: (ضَحِيَ، يضحى)، وەک: (رضيَ، يرضى)، واتە: گەرمای بوو، ئەگەر گەرمای خۆر لێیدا لە کاتی چێشتەنگاودا، پێی دەگوترێ: (ضحي، يَضْحى)، ئەمەش دیسان بە هەمان شێوە، تۆ بۆت هەیە لەو بەهەشتەدا نە برسییت بێ، نە ڕووت بی، برسیی بوون، خاڵیی بوونی دەروونە، ڕووت بوون بێ پۆشاکییە، واتە: ڕووت بوونەوەی جەستەیە، برسیەتییش ڕووتبوونەوەی هەناوە لە خواردن و خۆراک، هەروەک: تینووبوون، گەرمداهاتنی هەناوە، گەرمابوونیش گەرمبوونی جەستەیە، واتە: تۆ هەموو

پێداویستییەکانت بۆ دابینکراون و، هیچ کەم و کوڕییەکیشت نیە، هیچ گرفت و کێشەیەکت نیە لەو ژیانی نێو ئەو بەهەشتەدا.

بەهەشتی هەمیشەیی، یان باخێکی سەر زەوی؟!

ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی (الأعراف)دا باسی ئەو دوو ڕایەمان کردوە، هی زانایان کە کێشمەکێشێکی زۆر هەیە، وەک زانایان لە تەفسیرەکاندا هێناویانە، هەروەها (إبن القیم) لە کتێبی (مفتاح دار السعادة)دا، بە درێژیی بەڵگەکانی هەردوو ڕایەکانی هێناون:

١- هەندێیان دەڵێن: ئەو باخە کە خوا ﷻ ئادەم و حەووای تێدا داناون، باخێک بووە لەسەر زەمین، شوێنێک بووە وەک شوێنی مەشق و ڕاهێنان، وەک مەڵبەندی ڕاهێنان **(مرکز تدریب)**ێک کە لەوێ لەو باخەدا خوا ﷻ مەشقیان پێ بکات، لەسەر ئەوە کە ئایا ئیرادەی پتەویان هەیە کە خۆ لە قەدەغەکراو بپارێزن و، پابەندبن بە حەڵاڵەوە.

(الشعراوي) لە تەفسیرەکەی خۆی **(خواطر الشعراوي)**دا(١)، دەڵێ: **(هَكَذَا كَانَتِ جنة آدم مَكَانَاً لتدريبه، قَبْلَ أنْ يبَاشر مهمّته كَخَلِيْفَة للهِ فِي الأَرْضِ، فَأَدْخَلَه اللهِ فِي هَـذِهِ التجربة العَمَليَّة التطبيقِيَّة)**.

واتە: بەهەشتەکەی، باخەکەی ئادەم بەوە شێوەیە بوو: شوێنێک بوو بۆ مەشق و ڕاهێنان پێکردنی، بەر لەوەی کە دەست بکات بە لە ئەستۆگرتنی ئەو ئەرکەی کە پێی دەسپێردرێ، وەک جێنشینی خوا لەسەر زەوی، خوا خستیە نێو ئەو ئەزموونە کردەییە، پراکتیکییە بۆ ئەوەی ڕایبهێنێ.

کەواتە: ئەو باخە، شتی هەمیشەیی **(جنة العدن)** نەبووە.

٢- هەندێکی دیکە لە زانایان دەڵێن: نەخێر هەر ئەو بەهەشتە زانراوەیە کە خوای پەروەردگار بۆ ئیماندارانی داناوە، منیش ئەو ڕای دووەمم پێ ڕاستە، وەک لە تەفسیری

---

(١) ج١٥، ص٩٤٢٣.

سوورەتی (**الأعراف**)یشدا ئەو ڕایەمان زاڵکردوە، چونکە هیچ باخێک لەسەر زەوی چنگ ناکەوێ، بەو شێوەیە بێت، برسییت نەبێ، ڕووت نەبی، تینووت نەبێ و، گەرماشت نەبێ!

پاشان هیچ باخێک نیە لەسەر زەوی، لێی بخۆی، لە بەرو بوومەکەی، بەڵام پاشەڕۆکی نەبێ، ئەوە هەر بەهەشتە، ئەو بەهەشتەیە کە خوا بۆ بڕوادارانی داناوە، ئەو درەختەش کە ئادەم و حەووا لە بەرەکەیان خواردوە بە فێڵی شەیتان، وا پێدەچێ درەختێک بێ لە جۆری درەختەکانی کە لە دنیا دەڕوێن، هەر بۆیەش کە لێیان خواردوە، دەفەرموێ: ﴿ فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْءَٰتُهُمَا ﴾، کاتێک لێیان خوارد، عەورەتی خۆیانیان بۆ دەرکەوت، واتە: کە لە بەری درەختەکەیان خواردوە، ئنجا خواردنەکە هەزم بووە، بەشێکی بۆتە پاشەڕۆک، هەر بۆیە پێویستییان بەوە بووە پاشەڕۆکەکە دابنێن، هەم لە ڕێی میزەوە، هەم لە ڕێی پیساییەوەو، سەرەنجام عەیب و عاری خۆیانیان بۆ دەرکەوتوە، واتە: ئەو کاتە زانیویانە کە ئەو دوو کۆئەندامە بۆ دەردانی پاشەڕۆکێکن، کە لە خواردنێک پەیدادەبێ، لەو درەختە قەدەغە کراوە خواردوویانە، دەنا درەختەکانی بەهەشت لە هەموویان خواردوە، بەڵام حاڵەتی پاشەڕۆک پەیدا بوونیان بۆ نەهاتۆتە پێش، کەواتە: ئەگەر باخێکی دنیا بووایە، لە هەر درەختێکیان خواردبایە، ئەو شوێنەوارانەیان هەر دەبوو.

بە هەر حاڵ دەگونجێ بەڵگەی دیکەش لەو بارەوە بهێنرێنەوە، بەڵام ئەوەی کە زیاتر ئیشکال دروست دەکات، ئەو باخە بەهەشت بووبێ، ئەوەیە کە خوا ﷻ چۆنی گواستوونەوە بۆ سەر زەوی و باس نەکراوە؟ بەڵام خوا کە دەفەرموێ: (**اهبطوا**) یان (**اهبطا**) دابەزن، ئەوە فەرمانێکی هێنانە دیی (**تكويني**)ە، ئەگەرنا فەرمانێکی تەشریعیی نەبووە، خوا فەرمانیان پێ بکات، خۆیان چۆن دابەزن؟ لەو بەهەشتە دوورەوە بۆ ئەو سەر زەمینە، بە تەئکید ئەوە فەرمانێکی (**تكويني**) بووە، خوا فەرمانی پێ کردوون و یەکسەر داشیبەزاندوون.

بە هەر حاڵ نهێنییەکانی قورئانە تەنها خوا ﷻ هەموویان دەزانێ و، جگە لە خوا ﷻ هیچ کەس نایانزانێ، هەموو نهێنیی و ماناو مەبەستەکانی کە لە فەرمایشتی بێ وێنەی خوادا هەن، جگە لە خوا کە بێژەری فەرمایشتەکەی خۆیەتی، هیچ کەس ناگاتە ئەوپەڕی زانیاریی و نهێنیی مەبەستەکانی، کە لە قورئاندا شێردراونەوە.

مەسەلەی سێیەم:

خوتخوتەکردنی شەیتان بۆ ئادەم، هەروەها بۆ حەووای هاوسەریشی، بە بیانووی ئەوە بە خواردنیان لە بەری درەختەکە، ژیانی هەمیشەیی و، موڵکی نەبڕاوەیان چنگ دەکەوێ، ئنجا خواردنیان لە بەری درەختەکەو دەرکەوتنی عەورەتیان و، خۆ داپۆشینیان بە گەڵای درەخت و، بێمراد بوونی ئادەم، واتە: بێ ئاکام بوونی لەو ئاواتەی کە هەیبوو، کە بە هۆی خواردنی لەو درەختەوە بیهێنێتە دی، بە پێی خوتخوتەی شەیتان، پاشان تۆبە لێوەرگیرانی و گێڕدرانی بە پێغەمبەر و هیدایەتدرانی:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ ٱلشَّيْطَٰنُ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَىٰ ﴿١٢٠﴾ فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ ۚ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ﴿١٢١﴾ ثُمَّ ٱجْتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَىٰ ﴿١٢٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ ٱلشَّيْطَٰنُ ﴾، شەیتان خوتخوتەی بۆ لا کرد، پێشتر باسمان کرد کە (**وسوسة**)، (**صوت الحُلِيّ**) دەنگی خشڵە، دەنگی خشڵ دەنگێکی کپ و پەنهانە، بەڵام سەرنج ڕادەکێشێ و ئینسان گوێ قوڵاخ دەبێ، گرنگ ئەوەیە شەیتان دنەیدا، هانیداو خستیە نێو دڵی، ئنجا چ ڕووبەڕوو قسەشی لەگەڵدا کردبێ، وەک لە ئایەتەکانی سوورەتی (**الأعراف**)دا، ئەوە زۆر بە ڕاشکاویی وەردەگیرێ و، لێرەش هەر ئاماژەی پێ دەکرێ، گرنگ ئەوەیە خوا دەفەرموێ: شەیتان خوتخوتەی خستە دڵی، واتە: دنەیداو هانیدا.

٢)- ﴿قَالَ يَـٰٓـَٔادَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَىٰ﴾، گوتی: ئەی ئادەم! ئایا درەختی هەرمانت پیشانبدەم و، موڵک و هەبوونێکی لەبەین نەچوو، کە لە بەین ناچێ؟ ﴿لَّا يَبْلَىٰ﴾، یانی: (لاَ يَفْنَى) لەبەین ناچێ، نافەوتێ، دەگوترێ: (بَلِيَ الثَّوب)، واتە: شڕ بوو، شڕو وڕ بوو، کە بەرگ و پۆشاک شڕو وڕ بوو، فڕێ دەدرێ، ئنجا جێی سەرنج ئەوەیە، کە ئیبلیس ئەگەر ڕاستیکردوە، دڵسۆز بووە بۆ ئادەم، وەک لە سوورەتی (الأعراف)دا دەڵێ: ﴿إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّـٰصِحِينَ﴾، من زۆر دڵسۆزم بۆ ئێوە، کە ئەم ڕستەیەو ڕستەکانی دیکە لە سوورەتی (الأعراف)دا هاتوون، بە ئاشکرا ئەوەیان لێ دەفامرێتەوە کە ئیبلیس ڕوو بە ڕوو، قسەشی لەگەڵدا کردوون، بەڵام کە ڕووبەڕووش قسە لەگەڵ کەسێک دەکەی، مادام قسەکانت ببنە هۆی دنەدانی و هاندانی، ئەوە هەر دەبنە وەسوەسە.

ئنجا جێی پرسیار ئەوەیە کە ئادەم ئەو پرسیارەی لە خۆی نەکردوە: باشە ئیبلیس مادام ئەو درەختەت پێ شک دێ، کە هەر کەسەی لێی بخوا، هەرماو دەبێ و، موڵک و دەستەڵاتێکی دەست دەکەوێ و نافەوتێ، بۆچی بۆ خۆت لێی ناخۆی؟ تاکو ئەوەی ئەو ئامانجە باشە بۆ تۆ بێتە دی!

٣)- ﴿فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْءَٰتُهُمَا﴾، ئنجا لێیان خواردو یەکسەر عەوڕەتی خۆیان بۆ دەرکەوت، (**السَّوْأَةُ: هِيَ العَوْرَة أي: المكَان الَّذِي يَسْتَحِي الإنْسَان أَنْ يَنْكَشِفَ مِنْهُ**)، (**سوأة**)، واتە: عەوڕەت، ئەویش ئەو شوێنەیە کە ئینسان شەرم دەکات ئەو شوێنەی دەرکەوێ، کە زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: مەبەست پێی (پاش و پێشی) ئینسانە، واتە: کۆئەندامی کە پیسایی لێوە لە جەستە فڕێ دەدرێ و، کۆئەندامی کە میزی لێوە لە جەستە دەچێتە دەر، بە نسبەت پیاوو ئافرەتەوە، واش پێدەچێ، کە لە ئەنجامی خواردنی ئەو میوەی ئەو درەختە قەدەغەکراوەدا، کە پاشەڕۆکی لێ پەیدابووە، پاشەڕۆکەکەش دیارە کە لە پاش و پێشیانەوە دەبێ فڕێ بدرێ، بۆیە هەستیان پێکرد، کە ئەو دوو کۆئەندامەیان بۆ حاڵێکی وان، چونکە پێشتر کە لە درەختەکانی بەهەشتیان خواردوە، پاشەڕۆکی نەبووە، تاکو پێویستییان بە حاڵەتی دەردانی میز و پاشەڕۆک بێ.

٤)- ﴿ وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِ ﴾، هەروەها دەستیان کرد بە خۆوەلکاندنی گەڵاکانی باخی بەهەشت، (**يخصفان أي: يُلصِقان و يُلزِقان**)، بە خۆیانەوە دەچەسپاند، بەخۆیانەوە دەلکاند، دیارە خۆداپۆشین هەر هەستێکی خوارسکە لە مرۆڤدا، منداڵێکی گچکە ئەگەر چ بڕ هەست و تەمیزی پەیدابێ، پێی خۆش نیە پێش و پاشی دیار بێ و، پێی خۆش نیە، بە ڕووتیی بکەوێتە بەر چاوی خەڵک، نەوەک هەر پاش و پێشی بگرە ئەندامەکانی دیکەشی، دیار بن، بە تایبەت ئەو هەستە لە مێینە (ئافرەت)دا زیاترە، هەر بۆیە هەندێک لە زانایان دەڵێن: لە ئەنجامی لێخواردنی بەری ئەو درەختەدا، ئەو پۆشاکەی لەبەریان بووە، لەبەریان داکەنراوە، هەروەک لە سوورەتی (**الأعراف**)یشدا بە ڕاشکاویی دەیفەرموێ: ﴿ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا ﴿٢٧﴾ ﴾، واتە: پۆشاکەکەیان لە بەر دادەڕنێ تاکو عەورەتی خۆیانیان پێشان بدات، بەڵام هەندێک لە زانایان گوتوویانە: پۆشاک لێرەدا واتە: ئەو فەرمانبەرییەیان بۆ خوا کە ڕێیان لێ دەگرێ فەرمانی خوا بشکێنن، بەڵام کە قەدەغەی خوایان نەشکاندو، لەو درەختە قەدەغە کراوەیان نەخوارد، ئەو کاتە هەست بەو دوو کۆئەندامەی خۆیان ناکەن و، پێویستییان پێیان نابێت بەکاریان بێنن.

٥)- ﴿ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ﴾، ئادەم سەرپێچیی لە پەروەردگاری کردو بێ ئاکام بوو، تووشی ناڕەحەتیی بوو، بێمراد بوو، ژیانی تێکچوو، کەواتە: لێرەدا خوا ﷻ بە ڕوون و ڕاشکاویی دەفەرموێ: ئادەم سەرپێچیی لە پەروەردگاری کرد، بۆیە دەڵێین: ئەوە پێش ئەوە بووە کە بکرێتە پێغەمبەر، ئەو کاتە مرۆڤێکی ئاسایی بووە، هەر بۆیەش خوا ﷻ ئەو مرۆڤە ئاساییەی کردۆتە سەرمەشق بۆ وەچەکەی، کە ئەوانیش وەک بابیان، یان وەک دایکیان، ئەگەر هەڵەیەکیان کرد، قەدەغەیەکی خوایان شکاند، فەرمانێکی خوای پەروەردگاریان چواند، نائومێد نەبن لە خۆیان، ئەوانیش هەر ئەو شتەیان کردوە کە باب و دایکیان کردوویانەو، سەرمەشقیانن لە گوناح کردندا، بەڵام با بە هەمان شێوە بشیانکەنە سەرمەشق لە گەڕانەوە بۆ لای خوادا، لە پەشێمان بوونەوەو، قەرەبووکردنەوەی ئەو هەڵەو کەم و کوڕییەدا، وەک چۆن ئادەم و حەووا دانیان بە

گوناهی خۆیاندا هێنا، داوای لێبوردن و داوای بەزەیی و میهرەبانییان لە پەروەردگاریان کرد: ﴿ قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴾، کە دیارە خوا ئەو پاڕانەوەیەی فێر کردوون و دوایی لێشی وەرگرتوون، چونکە دەفەرموێ: ﴿ فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَـٰتٍ ﴾، ئادەم چەند وشەیەکی لە پەروەردگاری وەرگرتن، ئەو وشەیەی خوا بۆی ئیلهام کردوە، کە ئاوا بڵێن لەگەڵ هاوسەری، ئاوا پەشێمانیی و تۆبەی خۆیان بخەنە ڕوو، ﴿ فَتَابَ عَلَيْهِ ﴾، خواش تۆبەی لێ وەرگرت و گەڕایەوە سەری بە میهرو بەزەیی خۆی.

٦)- ﴿ ثُمَّ ٱجْتَبَـٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَىٰ ﴾، پاشان پەروەردگاری هەڵیبژارد واتە: بۆ پێغەمبەرایەتیی و گەڕایەوە سەری، یان تەوبەی لێ وەرگرت و ڕێنمایی کرد، لە ڕاستییدا تەوبە لێوەرگیرانی و ڕێنمایی کرانی، پێش هەڵبژێردرانی بووە بە پێغەمبەرایەتیی، واتە: پێشێ گەڕاوەتەوەو خوا ڕێنمایی کردوە بۆ چۆنیەتیی گەڕانەوە، ئنجا شایستەی ئەوە بووە کە هەڵیبژێرێ، کەواتە: گەڕانەوەکەی و ڕێنمایی کرانەکەی، پێش کرانی بە پێغەمبەر (عَلَيْهِ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمِ) بووە.

مەسەلەی چوارەم:

فەرمان کردنی خوا بە دابەزێنرانی ئادەم و حەووا و ئیبلیس، لە بەهەشت، وەک دوژمنی یەکدی و، پێڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە هەر کەس دوای ڕێنمایی خوا بکەوێ، گومڕاو ژین تاڵ نابێ، بەڵام هەر کەس پشتی تێ بکا، لە دنیادا ژین تاڵ و، لە دواڕۆژیشدا بە کوێریی حەشر دەکرێ، لە سۆنگەی فەرامۆشکردنی ئایەتەکانی خوا لە دنیاداو، سزای سنوور شکێنانیش لە ڕۆژی دواییدا سەختترو بەردەوامترە لە هی دنیا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ ٱهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًۢا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَاىَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ (١٢٣) وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ (١٢٤) قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِىٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا (١٢٥) قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ (١٢٦) وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى مَنْ أَسْرَفَ وَلَمْ يُؤْمِنۢ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ۚ وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبْقَىٰٓ (١٢٧) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ قَالَ ٱهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًا ﴾، خوا فەرمووی: هەردووک لاتان لێی دابەزن وێکڕا، (**جَميعاً اسْم مُفْرَد يَدُلُّ عَلَى التَّعَدُّدِ مثْل: الفَرِيق، وَيسْتَوِي فِيهِ المذكَّر وَغَيْره، وَالوَاحِد وَغَيْره**)، (جميع) ناوێکی تاکە دەلالەت لەسەر چەندێتیی (ژمارەیەک) دەکات، وەک وشەی (فریق) واتە: کۆمەڵێک، نێرینەو مێینەو، تاک و دووانی تێدا یەکسانن.

دەشگونجێ مەبەست لە: ﴿ ٱهْبِطَا مِنْهَا ﴾، هەردووک لاتان لێی دابەزن، ﴿ جَمِيعًا ﴾، واتە: پێکەوە و وێکڕا، هەردووکتان واتە ئادەم و حەووا، لە لایەک، ئیبلیس لە لایەک، بەڵام پێکەوە لێی دابەزن بۆ ژیانی سەر زەوی.

٢)- ﴿بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞ﴾، هەندێکتان دوژمنن بۆ هەندێکتان، کە لێرە ڕووی دواندن لە ئادەم و حەووا لە لایەک و، ئیبلیس لە لایەک، بۆیەش بە ڕاناوی کۆ دوێنراون، چونکە دوژمنایەتیی نێوان خۆیان و وەچەکەیان ڕەچاو کراوە، کە ئەو کاتە دیارە کۆمەڵی جندو کۆمەڵی مرۆڤ، هەڵبەتە لە نێو مرۆڤانیشدا، کەسانێک دەبن بە شوێنکەوتووی شەیتان و، لە نێو جندیش دا کە وەچەی ئیبلیسن، کەسانێک دەبن بە شوێنکەوتەی ئادەم، کەسانێکیش هەر بە دوای بابی خۆیان دەکەون، گرنگ ئەوەیە دوژمنایەتیی پەیدا دەبێ لە نێو ئەو دوو کۆمەڵەدا، بۆیە بە کۆ ناوی هێناون.

٣)- ﴿فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدٗى﴾، (ف)ی (فَإِمَّا) دەڵێ: **(تَفْرِيعٌ على الأَمْرِ بالهبوط)**، واتە: ئێوە دابەزن، ئنجا کە دابەزین، هەر کاتێک لە منەوە ڕێنماییتان بۆ هات، (ڕێنماییتان بۆ هات) هەندێک لە زانایان گوتوویانە: واتە: ئەی مرۆڤەکان! بەڵام، نا، ڕێنماییتان بۆ هات یانی: بۆ هەردووک لاتان، هەم بۆ مرۆڤەکان، هەم بۆ جند، هەم بۆ وەچەی ئادەم، هەم بۆ وەچەی ئیبلیس.

٤)- ﴿فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ﴾، هەر کەسێک شوێن ڕێنمایی من کەوت، واتە: ئەو ڕێنماییەی کە لەسەر زمانی پێغەمبەران **(عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمْ)**و لە دوو توێی پەیام و کتێبەکانی خۆیدا، خوا دایدەبەزێنێ، ئەوە نە گومڕا دەبێ و نە نارەحەت دەبێ، واتە: لە دنیادا گومڕا نابێ و، لە دواڕۆژیشدا تووشی ژین تاڵیی و نارەحەتیی نابێ.

یاخود: لە دنیادا گومڕا نابێ کە سەرەنجام تووشی ژین تاڵیی ببێ، هەر لە دنیادا.

دیارە (يَشْقَىٰ)، پێچەوانەی (يَسْعد)ە، (شَقَاوَة) پێچەوانەی (سَعَادَة)ە، (سَعَادَة) واتە: بەختەوەریی، سەرفرازیی، خۆشحاڵیی، کامەرانیی، بەڵام (شَقَاء، شَقَاوَة) یانی: بەدحاڵیی، ژینتاڵیی، نارەحەتیی، گرفتاریی.

٥)- ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا ﴾، بەڵام هەر کەسێک ڕوو وەرچەرخێنێت لە یادی من، لە بەرنامەی من، بە دڵنیایی ژیانێکی تەنگ و تاڵی دەبێ، واتە: ژیانێکی تاڵ لە دنیادا، یاخود وەک هەندێک لە زانایان دەڵێن: لە دوای مەرگ و گۆڕ، واتە: لە قۆناغی بەرزەخدا، هەندێکیشیان گوتوویانە: هەر مەبەست پێی دواڕۆژە، ژیانێکی تەنگ و تاڵی دەبێ لە دۆزەخدا، دەشگونجێ مەبەست پێی هەر سێ قۆناغەکان بێ، واتە: هەم لە دنیادا تووشی ژیانی تەنگ و تاڵ و ناڕەحەت دەبێ، هەم لە قۆناغی بەرزەخدا، سزایەکە لە دوای مردنەوە دەست پێدەکات، ﴿ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾، هەم لە دواڕۆژیشدا، کە ژیانێکی ناڕەحەت و گرفتارانەی نێو دۆزەخە، (**الضَّنْك: هُوَ الضِّيقُ الشَّدِيدُ الَّذِي تحَاول أَنْ تُفلِتَ مِنْهُ هُنَا أَو هُنَاكَ، فَلَا تَسْتَطِيع**)، (ضنك) بریتیە لەو تەنگیی و سەغڵەتییە قورسەی کە بەملاو لادا دەتەوێ خۆتی لێ دەرباز بکەی، بەڵام ناتوانی.

کە دەفەرموێ: هەر کەسێ بە دوای ڕێنمایی من بکەوێ، نە گومڕا دەبێ، نە ناڕەحەت و بەدبەخت و گرفتار دەبێ، ئەمە هەم لە سوورەتی (الأنعام)دا، هەم لە سوورەتی (الزمر)دا خوا باسی کردوە: ﴿ فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ (١٢٥) ﴾، واتە: هەر کەسێک خوا بیەوێ بیخاتە سەر ڕاستە ڕێ، سینەی بۆ ئیسلام بۆ ملکەچیی بۆ خوا، ئاوەڵاو گوشاد دەکات، دڵی فەڕاح دەکات، بۆ ئەوەی هیدایەتی خوای زۆر بچێتە نێو دڵ.

هەر لە سوورەتی (الزمر)دا لەو بارەوە دەفەرموێ: ﴿ أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٍ مِّن رَّبِّهِۦ (٢٢) ﴾، واتە: ئایا کەسێک کە خوا سینەی ئاوەڵا کردۆتەوەو، گوشاد کردوە بۆ ئیسلام، (واتە: بۆ ملکەچیی بۆ خوا، بەندایەتیی بۆ خوا)و کەوتۆتە سەر ڕۆشناییەک لە پەروەردگاریەوە، واتە: ئایا ئەوەو کەسێکی دیکەی کە پێچەوانەی ئەوە یەکسانن؟ بە تەئکید نەخێر.

ئنجا وشەی (ضنك) چاوگە، (**ضَنُكَ «مثل كرُمَ ضناكة وضنكاً**)، واتە: تەنگ بوو، (**كَرُمَ**)، واتە: بەڕێز بوو، (**ولكونه مصدراً لم يتغير لفظه باختلاف موصوفه**)، چاوگ

بۆ (مذكر و مؤنث)، وەک یەکە، چونکە چاوگە، یانی: پێویستیی بەوە نیە کە شوێن وەسفکراوەکەی بکەوێ، ئەگەر ئەو (مؤنث) بێ ئەویش (مؤنث) بێ و، ئەگەر (مذكر) بوو (مذكر) بێ، ئەگەر کۆ بوو کۆ بێ، ئەگەر تاک بوو، تاک بێ.

بۆیە لێرە دەفەرموێ: ﴿فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا﴾، نەیفەرمووە: (مَعِيشَةً ضنكة)، چونکە چاوگەو چاوگ (مصدر)یش لەسەر یەک حاڵەت دەمێنێتەوە.

٦)- ﴿وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ﴾، لە ڕۆژی دواییدا - سەرباری ژیانی تەنگ و تاڵی دنیا، یان بەرزەخ، یان دنیاو بەرزەخ و دواڕۆژ، لە ڕۆژی هەڵسانەوەو زیندوو کرانەوەش دا-، بە کوێریی کۆیدەکەینەوە، بە کوێریی زیندووی دەکەینەوەو کۆی دەکەینەوە، دەیهێنینە مەیدانی لێپرسینەوەو سزاو پاداشت.

٧)- ﴿قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِىٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا﴾، گوتی: پەروەردگارم! بۆچی بە کوێریی کۆت کردوومەوە، یان زیندووت کردوومەوە؟ لە حاڵێکدا پێشتر بینەر بووم؟ خوا ﷻ بە کرداری ڕابردوو دەیهێنێ، نافەرموێ: (يقول)، چونکە بۆ لای خوا ﷻ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، وەک یەکن، بۆ ئێمە ئەو ماوەی کە تێیداین پێی دەگوترێ: ئێستاو، هی پێشتر پێی دەگوترێ: ڕابردوو، ئەوەی کە نەهاتوە، پێی دەگوترێ: داهاتوو، بەڵام بۆ خوا هەمووی وەک یەکە، خوا لە دەرەوەی کات و شوێنە.

بۆیە یەکسەر بە ڕابردوو دەیهێنێ، مانایەکی دیکەشی هەیە کە: خوا ﷻ ئەوەندە بە توانایە لەسەر شتەکان، کە داهاتوو وەک ئێستا دێنێ، چونکە هیچ شتێک لە بەرانبەر ویستی ڕەهایی خوادا، نابێتە پەرچ و کۆسپ.

﴿وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا﴾، بە دڵنیایی پێشتر، (لە ژیانی دنیادا)، بینەر بووم.

٨)- ﴿قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَـٰتُنَا فَنَسِيتَهَا﴾، خوا فەرمووی: هەر بەو شێوەیەمان سزادای کە نیشانەکانی ئێمە، یان ئایەتەکانی ئێمە بۆ تۆ هاتن و، تۆش لە بیرت کردن، (**كَذَلِكَ أي: مِثْلَ ذَلِكَ الحال الَّذِي تساءلت عن سببها، كنت نسيت آياتنا حين أتتك**)، وەک ئەو حاڵەتەی لە

هۆکارەکەی دەپرسی، هەر ئاواش بوو کە ئایەتەکانی ئێمە، (واتە: ڕستەکانی فەرمایشتی خوا، یاخود: موعجیزەی پێغەمبەران، یان دیاردە گەردوونییەکان، کە لە وەحیی خوادا باسیان دەکرا)، بۆ تۆ هاتن، بەڵام تۆ لە بیرت بردنەوەو فەرامۆشت کردن، وەک چۆن کەسێک شتێکی لە بیر دەچێ، ئاوا لە بیر خۆتت بردنەوەو پشت گوێت خستن.

٩)- ﴿ وَكَذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمَ تُنسَىٰ ﴾، هەر بەو شێوەیە ئەمڕۆ تۆش فەرامۆش دەکرێی و پشت گوێ دەخرێی و لە بیر دەکرێی، یاخود (تُنسَىٰ) یانی: (**تُحْرَمُ من رحمة الله**)، لە بەزەیی خوا بێبەش دەکرێی، یاخود وازت لێدەهێنرێی (**تُهْمَلُ أو تترك**).

١٠)- ﴿ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي مَنۡ أَسۡرَفَ وَلَمۡ يُؤۡمِنۢ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ﴾، هەر بەو شێوە سزادانەش، سزای کەسێک دەدەین کە زێدەڕۆیی دەکات و بڕوا بە نیشانەو ئایەتەکانی پەروەردگاری ناهێنێ، (**أي: مثل ذَلِكَ الجزَاء نَجْزِي كَأَنَّ ذَٰلِكَ الجَزَاء لاَ مَثِيلَ لَهُ، إشارة إلى مَعِيشَة الضُّنْكَ فِي الدُّنْيَا، وَالحَشْر أَعْمَى يَوْمَ القِيَامَة**)، واتە: وەک ئەو سزا دانە سزات دەدەین، ئەو سزادانەی کە وێنەی نیە، بۆیە بە خۆی دەچوێنرێتەوە، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەو ژیانە تەنگ و تاڵە لە دنیاداو، ئەو کۆکردنەوەیە بە کوێریی لە ڕۆژی قیامەتدا.

١١)- ﴿ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبۡقَىٰٓ ﴾، بە دڵنیایی سزای دواڕۆژ، سەختەرەو بەردەوامتریشە، سەختترە لە سزای دنیا، یان لە سزای بەرزەخ، بەردەوامتریشە و نابڕێتەوە، دیارە ئینسان لەسەر چی بژی، لەسەر ئەوەش دەمرێ، هەروەک لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: {**يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَى مَا مَاتَ عَلَيهِ**} (**أخرجه عبد بن حميد برقم: ١٠١٣، ومسلم برقم: ٢٨٧٨، وابن حبان برقم: ٧٣١٩، والحاكم برقم: ٣٦٨٨**)، واتە: هەر بەندەیەک لەسەر چی مردبێ، لەسەر ئەوەش زیندوو دەکرێتەوە.

بە تەئکید ئینسان لەسەر چی بژی، لەسەر ئەوەش دەمرێ و، لەسەر چی بمرێ، لەسەر ئەوەش زیندوو دەکرێتەوە.

وەلامی سێ پرسیار:

پرسیاری یەکەم: لێرەدا خوا دەفەرموێ: بە کوێریی کۆی دەکەینەوە، کەچی لە سوورەتی **(الکهف)** دەفەرموێ: ﴿ وَرَءَا ٱلۡمُجۡرِمُونَ ٱلنَّارَ فَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مُّوَاقِعُوهَا وَلَمۡ يَجِدُواْ عَنۡهَا مَصۡرِفًا ﴾، واتە: تاوانبارەکان ئاگریان بینی، واتە: ئاگری دۆزەخ و دڵنیابوون کە دەیچنە نێو، بەڵام هیچ ڕێی لێ لادانیشیان وەچەنگ نەکەوت، لەوێ دەفەرموێ: تاوانبارەکان ئاگر دەبینن، کەچی لێرە دەفەرموێ: بە کوێریی حەشریان دەکەین، ئنجا ئەگەر بە کوێریی کۆبکرێنەوە، ئاگر نابینن و دۆزەخ نابینن!

وەڵامەکەی ئەوەیە کە ڕۆژی دوایی، قۆناغ قۆناغە، لە قۆناغێکدا کوێر دەکرێن، لە قۆناغێکدا بۆ ئەوەی کە زیاتر سام و هەیبەت و ترسی دۆزەخیان بچێتە دڵ، چاویان دەکرێتەوە، هەروەک لە بارەی شتی دیکەشەوە هاتووە، لە شوێنێک خوا دەفەرموێ: ﴿ ...وَلَا يُسۡـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ ٧٨ ﴾القصص، واتە: تاوانبارەکان لە گوناهەکانیان لێیان ناپرسرێ، لە شوێنێکی دیکەش دەفەرموێ: ﴿ وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤ ﴾الصافات، واتە: ڕایانگرن لێیان دەپرسرێ، لە شوێنێک لێیان ناپرسرێ، پێیان دەگوترێ: بڕۆن، لە شوێنێک لێیان دەپرسرێ، یاخود لێیان ناپرسرێ، پرسیار کردنی ئەوە کە بزانن وەڵامەکەی چیە؟ بەڵام پرسیاریان لێدەکرێ، وەک پرسیار کردنی سەرزەنشت و سەرکۆنە کردن.

پرسیاری دووەمیان: کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي مَنۡ أَسۡرَفَ ﴾، ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە دەڵێ: **(الجزاء من جنس العمل)**، سزاو پاداشت بە پێی توخم و ڕەگەزی کردەوەکەیە، لە ڕاستییدا ئەوەی کە لە دنیادا ئینسان لە خۆیدا دەیهێنێتە دی، لە نیەت لە ئیمان و عەقیدە، لە قسە، لە ڕەوشت و ڕەفتار، لە ئاکار، ئەوەی کە لە خۆیدا دەیهێنێتە دی، لە دواڕۆژدا ئەوە بۆی بەرجەستە دەبێتەوە، سزایەکەی، بە پێی ئەوەی کە لە دنیادا لە عەقیدەی خراپ، بیری خراپ، نیەتی خراپ، کردەوەی خراپ لە خۆیدا هێناویەتە دی و، بەرجەستەی کردوە، لە قیامەتدا ئەوەی بۆ بەرجەستە دەبێتەوە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە: ئەگەر چاکەکار بووبێ، کردەوە چاکەکانی خۆی بۆ بەرجەستە دەبنەوە.

پرسیاری سێیەم: کە دەفەرموێ: (مَعِيشَةً ضَنكًا) ژیانێکی تەنگ و تاڵ، یەکێک بۆی هەیە بڵێ: زۆر لە خەڵکی بێبڕواو کافرو بێ دین دەبینین، کە ژیانیان خۆشە، لە ڕابواردن و خۆشگوزەرانیی دان، بەڵام خوا دەفەرموێ: کەسێک پشت لە بەرنامەو یادی من بکات، تووشی ژیانی تەنگ و تاڵ دەبێ، وەڵامەکەی چییە؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە ژیانی تەنگ و تاڵ، هەر ئەوە نیە کە مرۆڤ پارەی نەبێ و، ئیمکانیەتی نەبێ و کۆشک و تەلاری نەبێ، نا، یانی: لە دەروونیدا موڕتاح و ئاسوودە نیە، هەمیشە لە دڵە ڕاوکەدایە، کە ئەو دنیایە بە جێ دەهێڵێ! لە ڕاستییدا ئینسان بە دڵ و دەروون بە ڕووح شادمان دەبێ، نەک بە جەستە، ئنجا پێشتریش باسمان کرد: ئەو ژیانە تەنگ و تاڵە، دەگونجێ مەبەست پێی ئەو ژیانە مەعنەوییەی دنیا بێ، دەشگونجێ مەبەست پێی سزای قۆناغی بەرزەخ بێ، کە بە سزای گۆڕ ناوی هاتوە، دەشگونجێ مەبەست پێی سزای ڕۆژی دوایی بێ، دەشگونجێ لە یەک کاتدا مەبەست پێی هەرسێکیان بێ، واتە: هەر کەسێ لە ئایین و بەرنامەی خوا لایدا، لە ژیانی دنیاو، لە قۆناغی بەرزەخ و، لە ڕۆژی دوایی دا، تووشی ژیان و گوزەرانی تەنگ و تاڵ و ناڕەحەت و پڕ سەغڵەتیی دەبێ.

دەرسی حەوتەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان هەشت (٨) ئایەتەکانی کۆتایی سوورەتی (طـه) دەگرێتە خۆی، کە بریتین لە ئایەتەکانی: (١٢٨ - ١٣٥) کە تێیاندا پاش ئاماژە کردن بە کۆمەڵگە پێشووەکان و سەرەنجامی شوومیان، چەند ڕێنماییەکی گەورەو گرنگ بۆ پێغەمبەر ﷺ خراونە ڕوو:

١- خۆڕاگریی لەسەر قسەو قاڵی کافرەکان.

٢- خوا بە پاکگرتن و ستایشکردنی لە کاتە جیاوازەکانی شەوگارو ڕۆژگاردا.

٣- چاو نەبڕینە نازو نیعمەت و زرق و برقی ژیان و گوزەرانی ملهوڕانی بێبڕوا.

٤- فەرمان کردنی بە خاووخێزان و نیزکانی، بە نوێژو پشوو درێژیی کردن.

سەرەنجام قسەیەکی بێ جێی کافرەکان - کە زۆر دووپات کراوەتەوە - دەهێنێ، کە داوای موعجیزەیەکی وەک هی پێغەمبەرانی پێشوو دەکەن، خوای بەرزیش سەرنجیان بۆ بەڵگەی سەلمێنراوی ڕاستیی موحەممەد ﷺ لە کتێبە پێشووەکاندا ڕادەکێشێ.

دەفەرموێ: بۆیە پێغەمبەرمان بۆ ناردوون، تاکو هیچ بەڵگەو بیانوویان نەبن.

لە کۆتاییشدا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:

پێیان بڵێ: هەمووومان چاوەڕێین ئێوەش چاوەڕێ بن، داخۆ کێ خاوەن ڕێی ڕاست و ڕێکەو ڕێنمایی کراوەو، کێش گومڕاو بێمرادە؟!

﴿ أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ ٱلْقُرُونِ يَمْشُونَ فِى مَسَٰكِنِهِمْ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلنُّهَىٰ ﴿١٢٨﴾ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَكَانَ لِزَامًا وَأَجَلٌ مُّسَمًّى ﴿١٢٩﴾ فَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ

وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ ٱلشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا ۖ وَمِنْ ءَانَآئِ ٱلَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ ٱلنَّهَارِ
لَعَلَّكَ تَرْضَىٰ ﴿١٣٠﴾ وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ۚ
وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴿١٣١﴾ وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱصْطَبِرْ عَلَيْهَا ۖ لَا نَسْـَٔلُكَ رِزْقًا ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكَ ۗ
وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ ﴿١٣٢﴾ وَقَالُوا۟ لَوْلَا يَأْتِينَا بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّهِۦٓ ۚ أَوَلَمْ تَأْتِهِم بَيِّنَةُ مَا فِى ٱلصُّحُفِ
ٱلْأُولَىٰ ﴿١٣٣﴾ وَلَوْ أَنَّآ أَهْلَكْنَٰهُم بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِۦ لَقَالُوا۟ رَبَّنَا لَوْلَآ أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا
فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَىٰ ﴿١٣٤﴾ قُلْ كُلٌّ مُّتَرَبِّصٌ فَتَرَبَّصُوا۟ ۖ فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ
أَصْحَٰبُ ٱلصِّرَٰطِ ٱلسَّوِىِّ وَمَنِ ٱهْتَدَىٰ ﴿١٣٥﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{ئایا بۆیان نەبۆتە مایەی ڕێنمایی و بۆیان دەرنەکەوتوە لە پێش واندا چەندمان لە (خەڵکی) سەدەکان فەوتاندوون، کە ئێستا ئەوان (کافرانی ڕۆژگاری پێغەمبەر) بە نێو خانووبەرەکانیاندا دێن و دەچن (لە کاتی سەفەر کردنیاندا) بێگومان لەوەدا نیشانە هەن بۆ خاوەن عەقڵان ﴿١٢٨﴾ ئەگەر وشە (بڕیار)ێکیش لە پەروەردگارتەوە ڕانەبردبایەو، کاتێکی ناوبراو دانەنرابایە (بۆ سزادانیان کە قیامەتە) ئەوە (سزادان) پێیانەوەپەیوەست دەبوو ﴿١٢٩﴾ کەواتە: لە بەرانبەر ئەو (کوفرو شیرک و قسەی پووچ)ەدا کە دەیڵێن، خۆڕاگربە بە ستایشکردنەوە پەروەردگارت بە پاک بگرە، بەر لە خۆرهەڵاتن و لە پێش ئاوابوونی دا، هەروەها لە کاتەکانی شەوگارداو لە لایەنەکانی ڕۆژگاریشدا (خوا) بە پاک بگرە، بەڵکو (لە پاداشتی خوا) ڕازی بێ ﴿١٣٠﴾ چاویشت مەبڕە جوانیی و زرق و برقێکی ژیانی دنیا، کە چەند کۆمەڵێک لەوان (بێبڕوایان)مان لێ بەهرەمەند کردوە، بەڵکو تێیدا تاقییتان بکەینەوەو بژیو (ی حەڵاڵ و زەڵاڵ)ی پەروەردگاریشت باشترو بەردەوامترە ﴿١٣١﴾ فەرمانیش بە خاووخێزانت بکە بە نوێژ

کردن و، خۆیشت لە سەری خۆڕاگرو بەردەوامبە، هیچ بژیوت لێ ناخوازین، ئێمە بژیوت دەدەین و، سەرەنجامیش بۆ پارێزکارییە ﴿١٣٢﴾ هەروەها (بێبڕوایەکان) گوتیان: دەبووایە نیشانەیەکمان لە پەروەردگاریەوە بۆ بهێنێ، ئەدی ئایا ئەو بەڵگە ڕۆشنەی لە پەڕاوە پێشووەکاندایە بۆیان نەهاتوە؟! ﴿١٣٣﴾ (بۆیەش پێغەمبەرمان بۆ ناردوون) چونکە ئەگەر پێش ئەوە بە ئازارو سزایەک فەوتاندبامانن، دەیانگوت: پەروەردگارمان! دەبووایە ڕەوانەکراوێکت بۆلا ناردبن، تاکو بەر لەوەی زەبوون و شەرمەزار بین، شوێن ئایەتەکانت کەوتباین ﴿١٣٤﴾ بڵێ: هەموو لایەک چاوەڕوانین، ئێوەش چاوەڕوان بن، لەمەودوا دەزانن کێن خاوەنانی ڕێی ڕاست و ڕێک و، کێ ڕاستە ڕێ بووە! ﴿١٣٥﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(**أَفَلَمۡ يَهۡدِ لَهُمۡ**): (**أي: أفلم يبين لهم**) واتە: ئایا بۆی ڕوون نەکردوونەوە، یان (**أفلم يتبين لهم**) ئایا بۆیان ڕوون نەبۆتەوە.

(**لِزَامٗا**): (**الملازمُ جِدًّا**) شتێک کە لە شتێک جیانابێتەوە.

(**أَزۡوَٰجٗا**): وشەی (**أزواج**) ئەگەر کۆی (**زوج**) بێ، (**زوج**) واتە: شتێک کە لە جۆری خۆی چ نێر بێ، چ مێ بێ، بە هەر کامێکیان دەگوترێ: (**زوج**) نەک هەر بە یەکێکیان بگوترێ، ئنجا (**أزواج**) دەگونجێ کۆی ئەو نێرو مێیانە بێ، دەشگونجێ بە مانای (**أصناف**) بێ واتە: چەند کۆمەڵێک لەوان.

(**زَهۡرَةَ**): (**الزَّهْرَةُ: وَاحِدَةُ الزَّهْرِ، زَهْرَةُ الدُّنيَا: بَهْجَتُهَا وَمَتَاعُهَا**)، (**زَهْرَة**): بریتیە لە یەک دانە لە گوڵ، (**زَهْرَةُ الدُّنيَا**) واتە: جوانیی و ڕابواردنی ژیانی دنیا.

(**ٱلسَّوِيِّ**): (**المسْتَوِي، المُعْتَدِل، لاَ إِفْرَاطَ فِيه، وَلاَ تَفْرِيط، الوَسَط**)، (**سَوِيْ**): بە مانای ڕێک و، بە مانای زێدەڕۆیی و کورتهێنانی تێدانیەو، بە مانای میانجییش دێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ وەک لە بەرایی ئەم سوورەتەدا کە هەشت ئایەت بوون و، کۆمەڵێک راستیی مەزنیان تێدا خرابوونە روو و، پێغەمبەری خاتەمیان راستەوخۆ پێ دوێنرابوو و، لە کۆتایی ئەم سوورەتەش دا، وەک بەراییەکەی، دیسان هەشت ئایەتە، ئەو هەشت ئایەتەش رێنمایی و ئامۆژگاریی گەورەو گرنگی گرتوونە خۆی، بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ.

سەرەتا خوا دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَمۡ يَهۡدِ لَهُمۡ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا قَبۡلَهُم مِّنَ ٱلۡقُرُونِ ﴾، ئایا ئەوە کە زۆرێک لە سەدەکانمان لە پێش ئەواندا لە بەین بردوون، ئا ئەوە بۆی روون نەکردوونەوە؟ واتە: بۆی روون نەکردوونەوە، ئەوانیش ئەگەر هەر لەسەر رچەو رێبازی وان برۆن و، هەر عادەت و نەریتی وان رەچاو بکەن، هەمان سزا بۆ ئەوانیش لە بۆسەدا هەیە؟!

وشەی (قرون) کە کۆی (قرن)ە، واتە: سەدە، مەبەست پێی ئەو کۆمەڵگایانەن کە لە رۆژگارێکی دیارییکراودا پێکەوە ژیاون، ﴿ يَمۡشُونَ فِي مَسَٰكِنِهِمۡ ﴾، کە ئەوان واتە: کافرەکانی رۆژگاری پێغەمبەر ﷺ یان کافرەکانی هەموو رۆژگارەکان، بە شوێنەوارەکانیاندا دێن و دەچن، ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ ﴾، بە راستیی لەوەدا نیشانە هەن بۆ خاوەن عەقڵان، ﴿ وَلَوۡلَا كَلِمَةٞ سَبَقَتۡ مِن رَّبِّكَ لَكَانَ لِزَامٗا وَأَجَلٞ مُّسَمّٗى ﴾، ئەگەر وشەیەک لە پەروەردگارتەوە تێنەپەڕیبایە، (خوا بە پێی عەقڵی ئێمە دەدوێنێ، وەک چۆن ئێمە بڕیار دەدەین و وشەیەک، یان رستەیەک دەنووسین، بۆیە خوای پەروەردگار بە وشە تەعبیر دەکات، لە بڕیارە رابردووەکەی خۆی)، ئەوە سزایان لەسەر پێویست دەبوو، ئەگەر کاتێکی ناوبراو

دانەنرابایە بۆ سزادانیان، بەڵام خوا ﷻ لە ئەزەلەوە سیستمی خۆی داناوە بۆ بەشەر کە دنیا شوێنی تاقیکردنەوەیە، بەرزەخ قۆناغێکی ڕاگوزەرەو، دوارۆژیش قۆناغی کۆتاییە، بۆیە خوا ﷻ ئەوەی کە لە ڕۆژی دواییدا دەیکات، نایهێنێ بۆ دنیا، کاتێکی ناوبراوی دیاریی کردوە، ئەوەی کە ئەوانەی پەلەی لێدەکەن، نەخێر لە کات و ساتی خۆی دا دێ.

ئنجا خوا ﷻ چەند ڕێنماییەک ئاڕاستەی پێغەمبەر ﷺ دەکات، دەفەرموێ: ﴿ فَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ ﴾، لەسەر ئەوەی کە دەیلێن: خۆڕاگربە، ئەوەی کە دەیلێن: وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، چ بێ ئەدەبیان بەرانبەر بە خوا، کە هاوبەشی بۆ دادەنێن، ڕۆڵەی بۆ بڕیار دەدەن، لە کوڕان، لە کچان، چ ئەوە کە نکووڵیی لە تەنیا پەرستراوێتیی خوا دەکەن و، نکووڵیی لە ناوو سیفەتەکانی دەکەن، یاخود کە هەندێ لە دروستکراوەکانی دەبەنە ڕیزی خوای پەروەردگار، یان بەرانبەر پێغەمبەر ﷺ، کە بە جادووگەر، شێت، فاڵچیی، ناوزەدیان دەکرد، یان بەرانبەر قوڕئان، کە دەیانگوت: موحەممەد لە خۆوە گوتوویەتی، یان هەڵیبەستوە، یان بەرانبەر ڕۆژی دوایی، یان بەرانبەر بە ڕاستییەکانی ئیسلام ... هتد، لەسەر هەموو ئەوانەی ئەوان دەیلێن و تۆش لەسەر دڵت ناخۆشە، خۆڕاگربە، ﴿ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ ﴾، بۆ ئەوەش بتوانی خۆڕاگربی، پشوو درێژبی، بە حەوسەڵە بی، پەروەردگارت بە ستایشکردنەوە بە پاک بگرە، واتە: هەم بە پاکی بگرە، هەم ستایشی بکە، عەقڵ و دڵی خۆت پڕ بکە لە ستایش و مەدح و سەنای خوا، چونکە خوا لە زاتی خۆیدا، هەم پاکە، هەم چاکە، هەم بە پاکگیراوە، هەم ستایشکراوە، ﴿ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ غُرُوبِهَا ﴾، با ئەو بە پاکگرتن و ستایش کردنەی خوا، پێش هەڵهاتنی خۆر بێ و، پێش ئاوا بوونی خۆریش بێ، ﴿ وَمِنۡ ءَانَآيِٕ ٱلَّيۡلِ فَسَبِّحۡ وَأَطۡرَافَ ٱلنَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرۡضَىٰ ﴾، هەروەها لە کاتەکانی شەوگارداو، لە لایەکانی ڕۆژگاردا، کە بەیانیان و ئێوارانن، بە پاکی بگرە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەم بەندایەتیی کردنەت دا، پاداشتێکت دەستبکەوێ، کە ئەفست ڕازی بێ لەو پاداشتەی کە دەستت دەکەوێ.

﴿ وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ﴾، چاویشت مەبڕە ئەوەی کە چەند کۆمەڵێکمان لەوان لە جوانیی ژیانی دنیا بەهرەمەند کردوون، ئەویش بۆ تاقیکردنەوە، ﴿ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴾، بژیوی پەروەردگاریشت باشترەو، بەردەوامتریشە.

دەگونجێ ئەمە مەبەست پێی بژیوی حەڵاڵ بێ، کە با کەمیش بێ، بەڵام مادام حەڵاڵە، خوا بە هی خوی دابنێ، چونکە هەموو بژیوو ڕۆزییەک هی خوای بەخشەرە، بەڵام وەک تەشریف ڕزقی حەڵاڵی پاڵداوەتە لای خۆی، کە پاکترەو بەردەوامتریشە.

دەشگونجێ مەبەست پێی ئەو بژیوە بێ کۆتاییە بێ، کە لە بەهەشتدا بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺو شوێنکەوتووانی داناوە.

﴿ وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱصْطَبِرْ عَلَيْهَا ۖ لَا نَسْـَٔلُكَ رِزْقًا ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكَ ﴾، فەرمان بە خاووخێزانت خزم و نیزیکانت بکە بە نوێژ، خۆشت لەسەری خۆڕاگربە، بەردەوام بە، ئێمە بژیوت لێ داوا ناکەین، ئێمە بژیوی تۆ دەدەین، ﴿ وَٱلْعَـٰقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ ﴾، سەرەنجامی چاکیش بۆ پارێزکارییە.

ئنجا قسەیەکی دیکەی بێبڕوایەکان باس دەکات و بەرپەرچی دەداتەوە، کە زۆر باسیان کردوە: ﴿ وَقَالُوا۟ لَوْلَا يَأْتِينَا بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّهِۦٓ ۚ أَوَلَمْ تَأْتِهِم بَيِّنَةُ مَا فِى ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ﴾، هەروەها گوتیان: دەبووایە نیشانەیەک لە پەروەردگاریەوە بۆ ئێمە بێنێ، ئایا نیشانە ڕۆشنەکەی کە لە پەڕەکانی پێشەوەدا هەیە، بۆیان نەهاتوە؟ کە دوایی تیشکی زیاتری دەخەینە سەر، کە دەکرێ بە چەند شێوەیەک مانا بکرێ، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو مۆژدە پێدان و هەواڵپێدانەی پەڕاوە پێشووەکانە، بە هاتنی موحەممەد ﷺو، دابەزێنرانی دوا کتێبی خوای پەروەردگار، یاخود ئەو پەڕاوەی کە لە کتێبە پێشووەکان دایە، مەبەست پێی قورئانە کە ئەو هەواڵ و دەنگ و باسەی گەلە پێشووەکان دەگێڕێتەوە، کە لە پەڕاوە پێشووەکاندا

هاتوه، بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە ئەو قورئانەی باسی ئەو بابەتە پەنهانانە دەکات، کە لە گەڵ پێشووەکاندا ڕوویان داوەو، هەڵەی خاوەن کتێبەکانیش ڕاست دەکاتەوە، بەڵگەو ئیسپاتێکی ڕوون و ڕۆشنە لەسەر ڕاستیی موحەممەد ﷺ.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ أَنَّآ أَهْلَكْنَٰهُم بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِۦ ﴾، ئەگەر ئێمە پێش هاتنی موحەممەد ﷺ یان پێش دابەزینی قورئان، ئەوانمان بە سزایەک لەلایەن خۆمان فەوتاندبایە، بەڵایەکمان بۆ ناردبان، ﴿ لَقَالُواْ رَبَّنَا لَوْلَآ أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَىٰ ﴾، دەیانگوت: پەروەردگارمان! دەبووایە ڕەوانەکراوێکمان بۆلا بنێری، ئێمە شوێن ئایەتەکانی تۆ بکەوین، پێش ئەوەی زەبوون بین و، سەرشۆڕو شەرمەزار بین.

﴿ قُلْ كُلٌّ مُّتَرَبِّصٌ فَتَرَبَّصُواْ ﴾ بڵێ: هەموو لایەک چاوەڕێن، ئێوەش چاوەڕێ بن، ﴿ فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ أَصْحَٰبُ ٱلصِّرَٰطِ ٱلسَّوِيِّ وَمَنِ ٱهْتَدَىٰ ﴾، لەمەودوا دەزانن کێ خاوەنانی ڕێی ڕاستن و، کێش ڕێنمایی کراوەو ڕاستە ڕێ کراوە، لە لایەن خواوەو، کێ خاوەنی ڕێی چەوت و لارەو، کێش سەرگەردان و سەر لێشێواوە!

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سەرزەنشتکردنی کافرەکان کە دەبووایە پەند لە کۆمەڵگا پێشووەکان وەربگرن و، ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە، کە ئەوانیش شایستەی سزان، بەڵام بە پێی سیستمی خواو بڕیاری ئەزەلیی، لە کاتی خۆیدا قیامەت دێ و، سزا دەدرێن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ ٱلْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَٰكِنِهِمْ ۗ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِي ٱلنُّهَىٰ ﴿١٢٨﴾ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَكَانَ لِزَامًا وَأَجَلٌ مُّسَمًّى ﴿١٢٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ ﴾، وشەی (یهدي) واتە: ڕێنمایی دەکات، بەڵام کە بە (ل) بەرکاری خواستوە، دەڵێ: (**الهِدايَةُ: هُنَا مُسْتَعَارةٌ للإرشاد إلى الأمور العقليةِ، فمعناها التبيين، ولذلك عُدِّيَ فِعْلُها باللاّم**)، ئەم وشەی (یهدي)یە لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ ڕێنمایی کردن، بۆ ئەو شتانەی کە بە عەقڵ دەرک دەکرێن، هەر بۆیەش (فعل)ی (یهدي) بە (ل)م تەعەددای پێکراوە، تاکو مانای ڕوونکردنەوەی بچێتە نێو، واتە: ئایا ڕێنمایی نەکردوون و بۆی ڕوون نەکردوونەوە؟!

٢)- ﴿كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ ٱلْقُرُونِ ﴾، (كم) لێرەدا بۆ هەواڵ پێدانە، واتە: زۆر، لە پێش واندا زۆر سەدەمان فەوتاندوون، واتە: ئایا فەوتاندنی ئێمە بۆ زۆر لە سەدەو گەلە پێشکەوتووەکان، نەبۆتە هۆی ڕێنمایی کردنیان و بەرچاو ڕوونکردنەوەیان و، لێ حاڵی کردنیان، کە ئەوانیش سزایەکی هاوشێوە چاوەڕێیان دەکات، ئەگەر بێت و هەر لەسەر ڕچەی ئەوان بڕۆن؟ واتە: دەبووایە زۆر فەوتاندنمان بۆ گەلە پێشووەکان،

ببێتە ڕێنماییکارو بەرچاو ڕوونکەرەوەیان بۆ ئەوە، کە ئەگەر بێت و ئەوانیش دەست هەڵنەگرن لە کوفرو شیرک و لە گوناهو تاوان و ستەم و لادان، لە هەمان سزا بۆ ئەوانیش لە بۆسە دایە، چونکە وەک چۆن خوا لە گەردووندا یاسا گەردوونییەکانی داناون، لە ژیانی مرۆڤیشدا، یاسا مرۆییەکانی داناون.

٣)- ﴿ يَمْشُونَ فِي مَسَٰكِنِهِمْ ﴾، واتە: بە نێو خانووبەرەکانیاندا دێن و دەچن، مەبەست پێی کاتی سەفەر بووە، هەڵبەتە ئەگەر دوێنراوەکان ڕەچاو بکرێن کە گەلی عەرەب بوون، مەبەست پێی شوێنەواری عادو سەموودو ئەوانە بووە، کە کاتێک لە حیجازەوە چوون بۆ شام، بە شوێنەواری گەلی عادو سەموددا ڕۆیشتوون، پێشتریش باسمان کردوە.

٤)- ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأَيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ ﴾، بە دڵنیایی لەوەدا نیشانە هەن، بۆ خاوەن عەقڵان، (**نُهَى جمع نُهيَة اسم للعَقْلِ، وَقَد يُستَعمَلُ النُّهى مُفْرَدَاً بِمَعْنَى العَقل**)، وشەی (نهی) کۆی (نهیة)یە، کە (نُهیة) ناوە بۆ عەقڵ، چونکە مرۆڤ قەدەغە دەکات و لە شتی خراپ دەیگێڕێتەوە، هەروەها جاری واش هەیە وشەی (نُهی) بە مانای تاک بەکاردەهێنرێ بۆ عەقڵ.

٥)- ﴿ وَلَوْلَا كَلِمَةٞ سَبَقَتۡ مِن رَّبِّكَ لَكَانَ لِزَامٗا وَأَجَلٞ مُّسَمّٗى ﴾، ئەگەر وشەیەك لە پەروەردگارتەوە تێنەپەڕیبایەو کاتێکی ناوبراو ڕانەبردبایە.

(وشە) مەبەست پێی بڕیارە، واتە: ئەوە کە خوا دایناوە لە دواخستنی هاتنی سزاو ئازار، کە مەبەست ئەوەیە: خوا لە ئەزەلەوە سیستەمەکەی وا داناوە، سزای دواڕۆژ لە دواڕۆژدابێ، پێش نەخرێ نە بۆ قۆناغی ژیانی دنیاو، نە بۆ بەرزەخ، ئنجا خوا دەفەرموێ: ئەگەر بڕیارێک لە پەروەردگارت پێشنەکەوتبایەو، کاتێکی ناوبراو دانەنرابایە سزا لەسەریان پێویست دەبوو.

﴿ لَكَانَ لِزَامٗا وَأَجَلٞ مُّسَمّٗى ﴾، یانی: (**لَكَانَ العَذَابُ لِزامَاً**)، سزا لەسەریان پێویست دەبوو، پێیانەوە دەچەسپا، ﴿ وَأَجَلٞ مُّسَمّٗى ﴾، یانی: (**ولولا أجلٌ مُسَمَىٌ**)، (**أَجَلُ**)، یانی: کاتێکی دیارییکراو، (مُّسَمّٗى)، یانی: ناوبراو، ئەگەر کاتی دیارییکراوو ناوبراو نەبووایە، کە

بریتیە لە ڕۆژی دوایی، ئەوە سزایان بەسەردا دەچەسپا، کە دەفەرموێ: ﴿ لَكَانَ لِزَامًا ﴾، (**أي: لَكَانَ الإهلاكُ الشّديدُ لازماً لَهُمْ**)، فەوتاندنی سەخت، پێیانەوە پەیوەست دەبوو، کەواتە: مانای ئەم تەعبیرە ئاوای لێدێتەوە، (**لولا كَلِمَةٌ سبَقت منْ رِبكَ، وأجلٌ مُسَمًى يَقَعُ عنده الهَلاَك، لَكَانَ إهلاكهُمْ لازِمَاً**)، ئەگەر وشەیەک لە پەروەردگارتەوە تێنەپەڕیبایەو، کاتێکی ناوبراو دیاریی نەکرابایە، کە لەو کاتەدا فەوتاندنیان دێتە پێش، ئەوە فەوتانیان لەسەر پێویست دەبوو، یاخود سزادانیان لەسەر پێویست دەبوو.

نوکتەیەکی ڕەوانبێژیی:

لێرەدا (**الخطيبُ الإسكافي**)، لە کتێبەکەی خۆی (**درّة التنزيل وغرة التأويل**)دا(١)، دەڵێ: ئەم تەعبیرە: ﴿ أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ ٱلْقُرُونِ ﴾، کە لە ئایەتی (١٢٨)ی سوورەتی (طـه)دا هاتوە، هەمان تەعبیر بە تۆزێک جیاوازییەوە، لە سوورەتی (السجدة)شدا هاتوە، لەوێ دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْقُرُونِ ﴿٢٦﴾ ﴾، کە دوو جیاوازیی هەن:

١- لەوەی سوورەتی (**طه**)دا، دەفەرموێ: (أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ).

٢- بەڵام لەوەی سوورەتی (**السجدة**)دا، دەفەرموێ: (أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ).

٣- لە هی سوورەتی (**طه**)دا، دەفەرموێ: (مِّن قَبْلَهُم مِّنَ ٱلْقُرُونِ).

بەڵام لە هی سوورەتی (**السجدة**)دا، دەفەرموێ: (قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْقُرُونِ)، واتە: لەوێ (مِّنَ)ێک زیاد کراوە، بۆچی وایە؟

زۆر جاران گوتوومانە: شتێکی ئاشکرایە لە قورئاندا (ف)ێک، کە لە جێی (و) واوێک دادەنرێ، کە لەوێ فائە، لەوێ واوە، لەوێ (مِّنَ)، هەیە، لەوێ نیە، هەمووی حیکمەتی تێدایە.

---

(١) ص ٢٠٦،٢٠٧.

ئنجا دەڵێ: ئەگەر تەماشا بکەین، لە سووڕتی (طه)دا، ئەوە لە پێشەوە هاتوە: ﴿ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِيٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا (١٢٥) قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ (١٢٦) وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى مَنْ أَسْرَفَ وَلَمْ يُؤْمِنۢ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ۚ وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبْقَىٰٓ (١٢٧) ﴾، ئنجا دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ ٱلْقُرُونِ يَمْشُونَ فِى مَسَٰكِنِهِمْ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلنُّهَىٰ (١٢٨) وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَكَانَ لِزَامًا وَأَجَلٌ مُّسَمًّى (١٢٩) ﴾، لەبەر ئەوە لە سووڕەتی (طه)دا بە (ف) ئەو ڕستانە هاتوون: ﴿ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ﴾، هەروەها ئەویش دووبارە بۆتەوە، بۆیە لێرەشدا: ﴿ أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ ﴾، ئەم (ف)ە، وەک (ف)ی (جزائية)یە، ئایا بۆیان ڕوون نەبۆتەوە، بۆی ڕوون نەکردوونەوە؟ بەڵام لە سووڕەتی (السجدة)دا، شتێک نەهاتوە کە لێرەدا پێویست بکات بە (ف)، عەتف بکرێت، بەڵکو بە واو بادراوەتەوە، گێڕدراوەتەوە سەری، ئەم ڕستەیە گێڕدراوەتەوە سەر ڕستەی پێشی، لە سووڕەتی (السجدة)دا، ئاوا هاتوە:

﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَلَا تَكُن فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآئِهِۦ ۖ وَجَعَلْنَٰهُ هُدًى لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ (٢٣) وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا۟ ۖ وَكَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يُوقِنُونَ (٢٤) ﴾،

ئنجا لەوێ دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْقُرُونِ ﴾، کەواتە لەبەر ئەوەی ڕستەکانی پێشی دا (ف)یان تێدا نەهاتوە، لێرەش بە پێویست نەزانراوە.

(من)یش کە لە ئایەتی (٢٦)ی سووڕەتی (السجدة)دا هاتوە، ئەمە بۆ ئەوەیە کە ئەگەر (من) بێ لە شتێکدا، واتە: سەرەتای دەستپێکردنی کاتەکە دیاری دەکات:

﴿ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْقُرُونِ ﴾،

واتە: لە سەرەتای پێش ئەوانەوە لە سەدەکان، لێرەدا زیاتر ماناکەی فراوان دەکات، ماناکەی زیاتر دەباتەوە پێشێ، بەڵام ئەگەر هەر (قَبْلِهِم)، بێ، واتە: لە پێش واندا، ئنجا ئایا ئەو پێش ئەوانە، لە کەیەوە دەستی پێ کردوە؟ لە سەرەتاوە، یان لە نێوەڕاست، یان لە کۆتایی دا؟ دیار نیە.

مەسەلەی دووەم:

فەرمان کردنی خوا بە پێغەمبەر ﷺ کە لەسەر قسەو قاڵی کافرەکان خۆڕاگربێ و، بە ستایشکردنەوە خوا بە پاک بگرێ، پێش خۆرهەڵاتن و پێش ئاوا بوونی و، لە کاتەکانی شەوگارو لایەکانی ڕۆژداو، چاوی لەبڕێتە ماڵ و سامان و زرق و برقی بێبڕوایان و، فەرمانیش بە خاووخێزانی بکات، بە نوێژو، دڵنیابێ لە بژیودرانی لەلایەن خواوەو، مسۆگەربێ کە سەرەنجامی چاک بۆ پارێزکارانە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا ۖ وَمِنْ آنَاءِ اللَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ النَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرْضَىٰ ﴿١٣٠﴾ وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ۚ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴿١٣١﴾ وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا ۖ لَا نَسْأَلُكَ رِزْقًا ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكَ ۗ وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ ﴿١٣٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ فَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ ﴾، ئنجا لەسەر ئەوەی دەیڵێن، خۆڕاگربە، یانی: لە بەرانبەر قسەکانیاندا خۆڕاگرو دامەزراوو نەلەخشاو بە، کە بەرانبەر خوا شیرک و کوفر دەکەن و، تۆ بە شێت و جادووگەر دادەنێن و، با قسەکانیان هەر سست و خاویشت نەکەن، چ جای پاشەکشەت پێ بکەن!.

٢)- ﴿ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ ﴾، پەروەردگاریشت بە ستایشکردنیەوە بە پاک بگرە، یانی: هاوکات لەگەڵ بە پاککرتنی دا ستایشیشی بکە، چونکە خوا عزوجل لە هەموو هەڵەو پەڵەیەک دوورەو، هەرچی سیفەتی ئەوپەڕی بەرزو پەسندە، هەیەتی.

٣)- ﴿ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا ﴾، بەر لە خۆرهەڵاتن و بەر لە ئاوابوونیشی، واتە: بەیانیان زوو و ئێوارانیش، ئەو دوو کاتە زۆر سەرنجڕاکێشەی هێما (رمز)ی پەیدابوون و نەمانن!.

٤)- ﴿وَمِنْ ءَانَآيِٕ ٱلَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ ٱلنَّهَارِ﴾، هەروەها خوا بە پاک بگرە لە کاتەکانی شەوگارو، لایەکانی ڕۆژگاریش دا: سەرەتاو نیوەڕاست و کۆتایی و ...هتد، یانی: شەوو ڕۆژ سەرگەرمی بە پاکگرتن و ستاییشکردنی خواو ڕازو نیازبە لە خزمەتی دا.

٥)- ﴿لَعَلَّكَ تَرْضَىٰ﴾، بەڵکو ڕازی بی، یانی: لە ئەنجامی ئەوەدا خوای بەرزو بێ هاوتا هێندەت پاداشت بداتەوە، کە پێی ڕازی و شادمان و بەختەوەر بی.

٦)- ﴿وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾، چاویشت مەبڕە ئەو زرق و برق و جوانییەی کە چەند خێزان و بنەماڵەیەک لەوانمان لێ بەهرەمەند کردوون، یان چەند کۆمەڵێک لەوان، چونکە: (أزواج) دەگونجێ کۆی (زوج)بێ، یانی: جووت، واتە: چەند ژن و مێردو خێزانێک، یان چەند ماڵ و بنەماڵەیەک، دەشگونجێ (أزواج) بە مانای (أصناف)و (مجموعات) بێ، یانی: جۆرەکان و کۆمەڵەکان.

٧)- ﴿لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ﴾، تاکو لەوەدا تاقییان بکەینەوە، یانی: لەو زرق و برق و جوانیی و ڕازاوەییەدا بیانجەڕبێنین، نەک لەبەر ئەوەی خۆشمان دەوێن و لەلامان بەڕێزن!.

٨)- ﴿وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ﴾، بژیوی پەروەردگاریشت باشترو بەردەوامتریشە، هەم لە خودی خۆیدا چاکترە، هەم لە ڕووی کاتیشەوە بەراورد ناکرێ، چونکە نەبڕاوەو بێ کۆتاییە.

٩)- ﴿وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ﴾، فەرمانیش بە خاوو خێزانت (یان بە هاوسەرو منداڵەکانت) بکە بە نوێژ بەرپاکردن، ئەمە لێی دەفامرێتەوە کە ئەرکی بابە لە خێزاندا، مشووری دینداریی خێزانەکەشیی بخوات، وێڕای مشووری دیناداریی و بژیو پەیداکردن.

١٠)- ﴿وَٱصْطَبِرْ عَلَيْهَا﴾، خۆیشت لەسەر نوێژ زۆر خۆڕاگربە، (الإصطبار) لەسەر کێشی (إفتعال) یانی: زۆر لە خۆ کردن لە خۆڕاگریی و پشوو درێژیی دا.

١١)- ﴿لَا نَسْـَٔلُكَ رِزْقًا﴾، داوای هیچ ئەندازەیەک بژیو، یان: هیچ جۆرە بژیوێکت لێ ناکەین، نە بۆ خۆت و نە بۆ ماڵ و خێزانت.

١٢)- ﴿ نَّحۡنُ نَرۡزُقُكَ ﴾، ئێمە بژیوت دەدەین، یانی: پێداویستییەکانت لەلایەن ئێمەوە دابین دەکرێن، بەڵام بێگومان ئەوە مانای وانیە مرۆڤ هیچ هەوڵ نەدات! وەک پێغەمبەری خاتەم ﷺ فەرموویەتی: **{لو أنكم تتوكلون على الله حق التوكل، لرزقكم كما يرزق الطير، ألَمْ تَرَى كيف تغدوا خماصاً وتروح بطاناً }، أخرجه أحمد: ٢٠٥، والترمذي: ٢٣٤٤، وقال: حسن صحيح**، کەواتە: باڵندەش جووڵەیەکی هەر هەیە بەیانییان بە سکی خاڵیی دەردەچێ و، ئێواران بە تێریی دەگەڕێتەوە!

١٣)- ﴿ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلتَّقۡوَىٰ ﴾، سەرەنجامی چاکی دنیاو دوارۆژیش هەر لە گرەوی پارێزکاریی دایە، کەواتە: ئاگاداریی پارێزکاریی بەو خاترجەم بە، بەڵام پارێزکاریی بە مانای وشە.

دوو کورتە سەرنج

١)- وشەی (زهرة)، دەڵێ: **(الزَهْرَةُ: وَاحِدَةُ الزهر، وَهُو نَوْرُ الشَّجَرِ والنَّبَاتِ، وتستعَارُ للزِّيْنَةِ المُعجِبَةِ المُبهِيةِ، لأن مَنْظَر الزَّهْرةِ يزينُ النَّبَاتَ ويُعجبُ النَّاظَر، أي: زيْنةُ الحَيَاة الدُّنْيا مِنَ اللِّبَاسِ، وَالأَنْعَامِ، وَالجَنَّانِ، وَالنِّسَاءِ وَالبَنِيْنِ)**.

(زهرةُ) تاکی (زهْر)ە، (زَهر)یش، یانی: گوڵ، (زهرةُ)، یانی: گوڵێک، لە ئەصڵدا وشەی (زهر)، بە گوڵی درەخت و ڕووەک دەگوترێ، کە گوڵەکە کوڵوکە دەردەکاو، دەخوازرێتەوە بۆ جوانیی، جوانییەکی سەرسامکەری حەیرانکەر، ئینسان حەیران بکات و سەرسامی بکات، چونکە دیمەنی گوڵ، ئەو ڕووەکە جوان دەکات و بابای بینەرو تەماشاکەریش سەرسام دەکات.

کەواتە: ﴿ زَهۡرَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ﴾، یانی: جوانیی ژیانی دنیا، کە بەرگ و پۆشاک دەگرێتەوە، ئاژەڵ دەگرێتەوە، باغ و بێستان دەگرێتەوە، ئافرەتان دەگرێتەوەو کوڕان و کچان دەگرێتەوە، هەموو ئەو کەل و پەل و شمەکانە دەگرێتەوە، کە جوانیی دەدەن بە ژیانی دنیا و ڕەونەقی پێ دەدەن.

٢)- ﴿أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ﴾، وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا: دەگونجی لێرەدا (أَزْوَٰجًا)، ئاماژە بێ بۆ چەند ماڵ و خێزانێک و بنەماڵەیەک لە بێبڕوایەکان، هەروەها دەشگونجێ وشەی (أَزْوَٰجًا)، هەرچەندە کۆی (زوج)، بەڵام وشەی (أَزْوَٰجًا)، بە مانای (أصناف)، واتە: کۆمەڵانێک، چەند پۆلێک، چەند دەستەیەک لەوانمان بەهرەمەند کردو، لەو جوانییەی ژیانی دنیامان پێدان.

لێرەدا ئەو فەرموودەیە دێنین:

{أَنْ فَاطِمَةَ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، بَلَغَهَا أَنْ سَبْيًا جِيءَ بِهِ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَأَتَتْ تَشْتَكِي إِلَيْهِ مَا تَلْقَى مِنَ الرَّحَى تَسْأَلُهُ خَادِمًا مِنَ السَّبْيِ فَلَمْ تَجِدْهُ، فَأَخْبَرَتْ عَائِشَةُ بِذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺفَجَاءَهَا النَّبِيُّ ﷺ، وَقَدْ أَخَذَتْ وَعَلِيٌّ مَضْجِعَهُمَا، فَجَلَسَ فِي جَانِبِ الْفِرَاشِ، وَقَالَ لَهَا وَلِعَلِيٍّ: أَلَا أُخْبِرُكُمَا بِخَيْرٍ لَكُمَا مِمَّا سَأَلْتُمَا: تُسَبِّحَانِ وَتَحْمَدَانِ وَتُكَبِّرَانِ، دُبُرَ كُلِّ صَلَاةٍ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، فَذَلِكَ خَيْرٌ لَكُمَا مِنْ خَادِمٍ»}⁽¹⁾.

واتە: فاتیمە (خوای لێی ڕازی بێ)، کچی خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ هەواڵی پێگەیشت کە کۆمەڵێک دیل کە کەنیزەکیشیان تێدان، هێندراون بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، لە یەکێک لە جەنگەکاندا بە دیل گیراون، ئەویش هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، سکاڵای خۆی لە لا بکات، کە بە هۆی دەستاڕەوە دەستی ناڕەحەت بووە، (ئەوان ئەو کاتە مەرج نیە، ئاشیان بوو بێ باراش لێبکەن، گەنمیشیان هەر بە دەستاڕ هاڕیوە، ساوار بووە، گەنمەکوتا بووە، هەر شتێک بووە)، هات کە خزمەتکارێکی لێ داوا بکات، لەو دیلانەی ئەو جەنگە، بەڵام

---

(١) {عَنْ عَلِيٍّ، أَنَّ فَاطِمَةَ، عَلَيْهَا السَّلَامُ، شَكَتْ مَا تَلْقَى مِنْ أَثَرِ الرَّحَا فَأَتَى النَّبِيَّ ﷺ سَبْيٌ فَانْطَلَقَتْ فَلَمْ تَجِدْهُ فَوَجَدَتْ عَائِشَةَ، فَأَخْبَرَتْهَا، فَلَمَّا جَاءَ النَّبِيُّ ﷺ، أَخْبَرَتْهُ عَائِشَةُ بِمَجِيءِ فَاطِمَةَ فَجَاءَ النَّبِيُّ ﷺ، إِلَيْنَا، وَقَدْ أَخَذْنَا مَضَاجِعَنَا فَذَهَبْتُ لِأَقُومَ، فَقَالَ: عَلَى مَكَانِكُمَا فَقَعَدَ بَيْنَنَا، حَتَّى وَجَدْتُ بَرْدَ قَدَمَيْهِ عَلَى صَدْرِي وَقَالَ: أَلَا أُعَلِّمُكُمَا خَيْرًا مِمَّا سَأَلْتُمَانِي؟ إِذَا أَخَذْتُمَا مَضَاجِعَكُمَا تُكَبِّرَا أَرْبَعًا وَثَلَاثِينَ، وَتُسَبِّحَا ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، وَتَحْمَدَا ثَلَاثَةً وَثَلَاثِينَ، فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمَا مِنْ خَادِمٍ} أخرجه البخاري: ٣٥٠٢.

پێغەمبەر ﷺی چەنگ نەکەوت لەو کاتەدا، بەڵام دوایی کە پێغەمبەری خوا ﷺ هاتەوە، عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، هەواڵی بە پێغەمبەری خوا ﷺدا کە فاتیمە بۆ کارێکی وا هاتبوو، پێغەمبەری خواش ﷺ چوو بۆ لای فاتیمە لە حاڵێکدا ئەو و عەلی چوو بوونە بن جێ بۆ خەوتن، ئەویش لە لایەکی جێیەکەیانەوە، کە ڕایان خستبوو، دانیشت، (ئنجا بە فاتیمە و بە عەلی فەرموو: ئایا هەواڵتان پێ بدەم بە شتێکی باشتر لەوەی داواتان کردوە؟ لە دوای هەر نوێژێک (٣٣) جار (سبحان الله)، (٣٣) جار (الحمد لله)، (٣٣) جار (الله أكبر)، بکەن ئەوە باشترە بۆ ئێوە لە خزمەتکار.

لە ڕیوایەتێکدا هاتوە کە عەلی و فاتیمە گوتیان: ئێمە بۆ دنیا چوو بووین، پێغەمبەر ﷺ خێری قیامەت و ڕۆژی دوایی پێ داین.

هەڵبەتە ئینسان ئەگەر لە ڕووی مەعنەوییەوە بەهێز بێ، جەستەشی زیاتر تەحەممولی ئێش و ئازارو، ناڕەحەتیی و، ڕەنج و زەحمەت دەکات.

مەسەلەی سێیەم:

باسی داواکردنی کافرەکان کە پێغەمبەر ﷺ نیشانەیە و موعجیزەیەکیان لە پەروەردگارەوە بۆ بهێنێ، وەک بەڵگەی ڕاستیی خۆی و، سەرنج ڕاکێشانیان بۆ بەڵگەی ڕۆشنی نێو پەڕاوە پێشووەکان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُواْ لَوۡلَا يَأۡتِينَا بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّهِۦٓۚ أَوَلَمۡ تَأۡتِهِم بَيِّنَةُ مَا فِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ ١٣٣ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ وَقَالُواْ لَوۡلَا يَأۡتِينَا بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّهِۦٓ ﴾، هەروەها گوتیان: دەبووایە نیشانەیەکمان لە پەروەردگاریەوە بۆ بهێنێ، واتە: موعجیزەیەک، بەڵگەیەک بۆ ئیسپاتی ئەوە کە پێغەمبەری خوایە ﷺ و ڕاست دەکات، وەک موعجیزە و بەڵگەی پێغەمبەرانی پێشوو (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم).

هەڵبەتە ئەوان لە بیانوو گرتن بوون، ئەگەر نا ئەوەی موحەممەد ﷺ خوا پێی داوەو، بریتی بووە لە قورئان، کە هەم بەرنامەکەی بووە، هەم موعجیزە و بەڵگەشی بووە، سەرو زیاد بووە لە سەلماندن و ئیسپاتی ئەوە کە موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایە، بەڵام دیارە ئەوانە بە دوای بیانوودا گەڕاون، ئنجا کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (ئەگەر دز دز بێ، تاریکە شەو زۆرن)، یان دەڵێن: (کەسێک بە تۆبزیی بینێر بۆ مازووان، لە داری هەڵناڕوانێ) دێتەوە دەڵێ: هیچ مازووم نەبینی" ئەگەر تەماشا نەکات، مازووان نابینێ، کەسێک کە بیەوێ بڕوا بە شتێک نەهێنێ، دەتوانێ بڕوای پێ نەهێنێ، بۆیە خوا لە وەڵامیاندا دەفەرموێ.

٢)- ﴿ أَوَلَمۡ تَأۡتِهِم بَيِّنَةُ مَا فِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ ﴾، (أَوَلَمۡ تَأۡتِهِم)، خوێندراویشتەوە: (أَوَلَمْ يَأْتِهِم)، چونکە وشەی (بَيِّنَةُ)، لەبەر ئەوەی مێیەنەی مەجازییە، بۆیە دەگونجێ کە

ڕاناوی نێرینەشی بۆ بەکاربێ، ئایا بەڵگەیەک کە لە پەڕاوە پێشووەکاندا هەیە، بۆیان نەهاتوە؟ ئەمە زانایان سێ واتایان بۆ لێکداوەتەوە:

١)- ئایا هەواڵی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلَام) و گەلەکانیان کە لە کتێبە ئاسمانییە پێشووەکاندا هەیە، ئایا ئەو هەواڵەیان بۆ نەهاتوە؟ کە کاتێک داوایان کردوە موعجیزەیان بۆ بێ و، دوایی بۆیان هاتوەو، بڕوایان بەو موعجیزانە نەهێناوە، فەوتاون، واتە: ئایا ئەو بەڵگە ڕۆشنەیان بۆ نەهاتوە، کە گەلە پێشووەکانیش ئەو داوا و تەکلیفەیان لە پێغەمبەرانی خۆیان کردوە، کە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلَام)، داواکارییەکانیان ئاڕاستەی خوا کردوەو، خواش بۆی جێبەجێ کردوون، بەڵام دوای ئەوەی کە بڕوایان پێ نەهێناوە، فەوتاون، ئایا ئەوانیش دەیانەوێ بفەوتێن!.

٢)- (أَوَلَمْ تَأتِهُمُ الأَنْبَاءُ الصَّادِقَة عَنِ الأَقْوَامِ السَابِقَة المُدْرَجَة فِي كُتُبِهِم، وَالَّتِي جَمَعَها كِتَابُ الله الأَخِيرِ؟)، دیارە ئەمە قسەی ژمارەیەک لە زانایانە کە من خۆم دامڕشتۆتەوە، ئایا هەواڵە ڕاستەکانیان لە گەلە پێشووەکان، کە لە نێو کتێبەکانیاندا تۆمار کراون، بۆ نەهاتوون؟ کە کتێبی کۆتایی خوا، هەموو ئەو هەواڵانەی لە خۆیدا کۆ کردوونەوە؟ یانی: ئەوە بەڵگەیەکی ڕوون و ڕۆشنە کە ئەم کتێبەی کۆتایی لە لایەن خواوە هاتوە، چونکە: ﴿أَوَلَمْ تَأْتِهِم بَيِّنَةُ مَا فِى ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ﴾، ئەم قورئانە هەرچی لە کتێبە پێشووەکاندا هەیە، ئەو هەواڵە و دەنگ و باسانەی هەموویان کۆکردوونەوە، کەواتە: ئەم قورئانە بەڵگەی ڕۆشنی ئەو هەواڵانەیە، کە لە کتێبە پێشووەکاندا هەن و، بەسە بۆ ئەوە کە سەلێمێنەری ڕاستیی پێغەمبەر (محمد) ﷺ بێ.

٣)- (أَوَلَمْ تَاتِيْهُمْ البَيِّنَةُ الوَاضِحَة الَّتِي هِيَ القُرآنُ والنَّبِيُّ الخَاتَمْ اللَّذَيْنِ بَشَّرَت بهَا الكُتُبُ السَّابِقَة؟)، ئایا ئەو بەڵگە ڕۆشنەیان بۆ نەهاتوە، کە بریتیە لە قورئان و پێغەمبەری خاتەم ﷺو کتێبە پێشوودکان، موژدەیان داوە بە هاتنیان؟ واتە: (بَيِّنَةُ)، مەبەست پێی قورئانە، مەبەست پێی موحەممەدە ﷺ، کە لە پەڕاوە پێشووەکاندا، هەواڵیان پێدراوە و موژدەیان پێ داون.

زانایان پرسیویانە: بۆچی خوا فەرموویەتی: (ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ)، نەیفەرمووە: **(الكُتُبُ الأولَى)**؟

دەڵێن: **{الصحُفُ: جَمْعُ صَحِيفَةٍ، وَهِيَ قِطْعَةٌ مِنْ وَرَقٍ أَوْ كَاغَدٍ أَوْ خِرْقَةٍ يُكْتَبُ فِيهَا، وَلَمَّا كَانَ الْكِتَابُ مَجْمُوعَ صُحُفٍ، أُطْلِقَ الصُّحُفُ عَلَى الْكُتُبِ، وَوَجْهُ اخْتِيَارِ الصُّحُفِ هُنَا عَلَى الْكُتُبِ، أَنَّ فِي كُلِّ صَحِيفَةٍ مِنَ الْكُتُبِ عِلْمًا، وَأَنَّ جَمِيعَهُ حَوَاهُ الْقُرْآنُ، فَكَانَ كُلُّ جُزْءٍ مِنَ الْقُرْآنِ آيَةً وَدَلِيلًا}**(١).

(محمد الطاهر بن عاشور)، ئەم تەعبیرەی وا هێناوە، کە زۆرم بە دڵە، دەڵێ: **(صحف)**، کۆی **(صَحیفة)**یە، کە بریتیە لە پەڕێک، ئنجا لە کاغەز بێ، یاخود لە پەڕۆیەک بێ، یاخود لە گەڵا بێ، کە لەسەری دەنووسرێ، **(کتاب)**یش بریتیە لە کۆی ئەو پەڕانە، بۆیە وشەی **(صحف)**، بە مانای **(کُتب)**، هاتوە، بەڵام لێرە بۆچی وشەی **(صحف)** هاتوە، لە جیاتی **(کتب)**؟ چونکە هەر پەڕەیەک لەو کتێبانە، زانیارییەکی تێدایەو، قورئانیش هەموو ئەو زانیارییانەی لە هەموو پەڕەکاندان، لە خۆیدا کۆی کردوونەوە، بۆیە هەر پەڕێکی قورئان و هەر بەشێکی قورئان بەڵگەو، نیشانەیەکە لەسەر ڕاستیی موحەممەد پێغەمبەری خاتەم ﷺ.

مەسەلەی چوارەم:

ڕوونکردنەوەی حیکمەتی نەفەوتاندنی خوا بۆ کافرەکان بەر لە ناردنی پێغەمبەر ﷺو، دابەزاندنی دوایین کتێب، تاکو بواری گلەییان نەبێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ أَنَّآ أَهْلَكْنَٰهُم بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِۦ لَقَالُواْ رَبَّنَا لَوْلَآ أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَىٰ ﴿١٣٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَوْ أَنَّآ أَهْلَكْنَٰهُم بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِۦ ﴾، ئەگەر ئێمە ئەوانمان فەوتاندبایە، بە سزا و ئازارێک لە پێش ویدا، واتە: پێش هاتنی موحەممەد ﷺ، یان پێش دابەزینی قورئان، ئەم ڕاناوە دەگونجێ بۆ موحەممەد بچێتەوە، یانی: **(مِنْ قَبْلِ مجئ مُحَمَّدٍ)**، یان بۆ دابەزینی قورئان **(مِنْ قَبْلِ إِنْزالِ القُرآن)**، ئەگەر بەو جۆرە فەوتاندبامانن.

٢)- ﴿ لَقَالُواْ رَبَّنَا لَوْلَآ أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا ﴾، ئەو کاتە دەیانگوت: ئەی پەروەردگارمان! دەبووایە ڕەوانەکراوێکمان بۆ لا بنێری، (لَوْلَآ) لێرەدا: **(حَرْفُ تَحْضِيضٍ مُسْتَعْمَلٌ فِي اللَّوْمِ أو الإِحْتِجَاجِ، لأَنَّهُ قَدْ فَاتَ وقت الإرسال)**، ئەم (لَوْلَآ) پیتی هاندانە، بەڵام بەکارهێنراوە بۆ سەرزەنشت و بەڵگە لەسەر هێنانەوە، چونکە کاتی ڕەوانەکرانی پێغەمبەر ﷺ و کاتی هاتنی سزا تێپەڕیوە، واتە: بەس بۆ لۆمە کردنە، نەک بۆ هاندان، دوای ئەوە کە سزای پەروەردگار دێ، بێگومان پێغەمبەر نانێردرێ، ئنجا ئەگەر فەوتاندبامانن بە سزا و ئازار لە لایەن خۆمانەوە، پێش دابەزینی قورئان و پێش هاتنی موحەممەد ﷺ، بۆیان هەبوو ئەو قسەیە بکەن و بڵێن: ئەی پەروەردگارمان! دەبووایە پێغەمبەرێکت بۆلا ناردبایەن.

٣)- ﴿ فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ ﴾، ئەو کاتە ئێمە شوێنی ئایەتەکانی تۆ دەکەوتین.

٤)- ﴿مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَىٰ﴾، بەر لەوەی زەبوون بین و سەرشۆڕ بین، دەڵێ: **(الذل: الهون، الخزي: الإفتضاح)**، (ذل)، بریتیە لە زەبوونیی و (خزي)، بریتیە لە سەرشۆڕیی و عەیبداریی، کەواتە:

ئەوان شایستەی سزا بوون، بەڵام خوا بەزەیی پێیاندا هاتوە و مۆڵەتی داون.

وەرگرتنی دوو حوکمی گرنگ لەم ئایەتە بەپێزە:

حوکمی یەکەم: ئەم ئایەتە لێی وەردەگیرێ، کە بەر لە هاتنی ئیسلام خەڵک بە **(أهلُ الفترة)**، واتە: کەسانێک کە لە دابڕانی وەحییدا ژیاون، لە قەڵەم دراون، بۆیەش خاوەن پۆزش بوون، ئەمەش ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە چ دایک و بابی پێغەمبەر ﷺو، چ باپیری و خزمانی دیکەی بە تایبەت و، چ خەڵکەکەی دیکەش بەگشتیی، بەر لەوەی پێغەمبەر ﷺ، بێ، لەبەر ئەوەی خاوەنی پاساوو پۆزش بوون، ناگونجێ بە ئەهلی عەزاب لە قەڵەم بدرێن، با هەندێک ڕیوایەتیش لەو بارەوە هەبن، بەڵام ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەگەر خوا سزای دابان، پێش هاتنی قورئان، پێش هاتنی پێغەمبەر ﷺ، دەیانگوت: پەروەردگارمان! بۆچی پێغەمبەرێکت بۆلا نەدەناردین، تاکو شوێن ئایەتەکانت بکەوین، بەر لەوەی زەبوون و سەرشۆڕ بین؟!

کەواتە: دەرفەتی ئەو گلەییەیان هەبوو، دەرفەتی ئەو قسەیان هەبوو، کەواتە: هەموو ئەوانەی پێش هاتنی موحەممەد ﷺو، پێش دابەزینی قورئان، ژیاون و مردوون، بە ئەهلی عەزاب لە قەڵەم نادرێن، مەگەر شارەزای بەرنامەی پێغەمبەرێک بووبن و لێیان لادابێ، وەک جوولەکە و نەصرانییەکان، ئەگەرنا ئەوانی دیکە کە شارەزای کتێبە ئاسمانییەکان نەبوون و، وەحیی خوایان لەبەر دەستدا نەبووە، بە پێی ئەم ئایەتە بێ، نابێ سزا بدرێن، هەروەک لە سوورەتی **(الإسراء)** یشدا باسێکمان لەو بارەوە کرد، کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴿١٥﴾﴾، واتە: ئێمە سزا دەر نین، تاکو پێغەمبەر ڕەوانە نەکەین.

هەندێک کەس (سبحان الله!) داڵغەی بەو شتانەوە لێداوە، وەک هیچ شتێک لە ئایەتدا نەمابێ تەواوی بکات، ئەوە نەبێ کە دایک و بابی پێغەمبەر ﷺ بەرێتە دۆزەخێ! ئنجا بەڵێ لەو بارەوە هەندێ گێڕراوە (روایة) هاتوون، بەڵام ئێمە تاکو وەحیی خوامان لەبەر دەستبێ و، فەرمایشتی ڕوون و ڕاشکاوی خوامان پێ بێ، ئەمە ڕێمان لێ دەگرێ بڕۆین بۆ هەندێک ڕیوایەت کە نازانین سەنەدیان چۆنەو، نازانین ئەگەر پێغەمبەر ﷺ ئەگەر فەرمووینی، چۆنی فەرموون و مەبەستی پێیان چی بووە؟

حوکمی دووەم: هەروەها حوکمێکی دیکەش لەم ئایەتە وەردەگیرێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێش هاتنی وەحیی "وەک پێشتریش باسمان کرد" سزادان لەسەر کوفرو گوناهو تاوان، نیە.

مەسەلەی پێنجەم:

فەرمان کردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی ﷺ، کە بە کافرەکان بڵێ: چاوەڕێ بن، داخۆ کێ خاوەنی ڕێی ڕاست و دروست و، هیدایەت دراوەو، کێش سەرگەردان و سەر لێشێواوە؟:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ كُلّٞ مُّتَرَبِّصٞ فَتَرَبَّصُواْۖ فَسَتَعۡلَمُونَ مَنۡ أَصۡحَٰبُ ٱلصِّرَٰطِ ٱلسَّوِيِّ وَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ ١٣٥ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلۡ كُلّٞ مُّتَرَبِّصٞ ﴾، بڵێ: هەر کامێک چاوەڕێیە، یانی: ئێوە چاوەڕێ دەکەن، کە نیشانە و موعجیزەیەکتان بۆ بێ، کە کردووتانە بە بیانوو بۆ بڕواهێنان، ئێمەش چاوەڕێ دەکەین کە سزای دنیاتان بۆ بێ، یاخود سزای بەرزەخ و، پاشان ڕۆژی دواییتان بۆ بێ.

٢)- ﴿ فَتَرَبَّصُواْ ﴾، ئنجا ئێوە چاوەڕێ بن، واتە: بەردەوام بن لەسەر چاوەڕوانییەکەتان، ئەمە ترساندن و هەڕەشە لێکردن و هۆشداریی پێدانە.

٣)- ﴿ فَسَتَعۡلَمُونَ مَنۡ أَصۡحَٰبُ ٱلصِّرَٰطِ ٱلسَّوِيِّ وَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ ﴾، لەمەودوا بۆتان دەردەکەوێ: کێ خاوەنانی ڕێی ڕێک و ڕاستن و، کێش ڕێ پێشان دراو و ڕاستە ڕێ کراوە! وشەی (ٱلسَّوِيِّ)، (**فَاعِلٌ بِمَعْنَى مفعول مشتقٌ من تسوية**)، (ٱلسَّوِيِّ)، واتە: (**مُسَوًّى**)، یانی: ڕێک و پێخراوەو، کەندو لەندی تێدا نیە.

یانی: لەمەودوا بۆتان دەردەکەوێ، کێ خاوەنانی ڕێی ڕاستن و، کێ ڕێ پێشان دراون؟ هەروەها بە پێچەوانەوەش: بۆشتان دەردەکەوێ کێ بە ڕێی لارو خواردا دەڕوات و کێ سەرگەردان و سەر لێشێواو بووە؟.

ئەم ئایەتە موبارەکە کە دەفەرموێ: ﴿فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ أَصْحَٰبُ ٱلصِّرَٰطِ ٱلسَّوِيِّ وَمَنِ ٱهْتَدَىٰ﴾، لە سوورەتی (ص)یشدا ئایەتەکانی: (٨٦ و ٨٧ و ٨٨)، هەمان مەبەست دەگرنە خۆیان، بەڵام بە شێوەی ڕوونتر، کە بە پێی حاڵ و مەقام دەگۆڕێ، خوا ﷻ هەندێ مەبەست لە هەندێ شوێن دا، ڕوونتر دەکاتەوە، دەفەرموێ:

﴿قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ (٨٦) إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ (٨٧) وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ (٨٨)﴾.

واتە: بڵێ: من کرێتان لێ داوا ناکەم و لە لافلێدەرانیش نیم، یان: لە باری شانگرانکەران نیم، لەوانە نیم ئەرک بخەمە سەر خەڵک، قورسایی بخەمە سەر خەڵک، چاوەڕوانییم لێیان هەبێ، ئەم قورئانە تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ جیهانییان، ﴿وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ﴾، بە دڵنیاییش دوای ماوەیەکی دیکە هەواڵەکەی دەزانن، هەواڵەکەی دەزانن کە ئەمە خوا بۆ هەموو جیهانییانی ناردووە، ئەمە ئایینی هەقی خوایەو، دوا پەیامی خوایە بۆ هەموو مرۆڤایەتیی، (بَعْدَ حِينٍۭ) واتە: دوای ماوەیەکی کەم بۆتان دەردەکەوێ، ئەوەی کە ئێوە بەربەرەکانێی دەکەن و دژایەتیی دەکەن، شتێک نیە لە دۆڵ و شێوەکانی مەککەدا بفەوتێ، شتێک نیە ئێوە بتوانن قەتیسی بکەن لە چوار چێوەی شاخ و چیاکانی مەککەدا، بەڵکو خوا بۆ هەموو جیهانییانی ناردووە، هەواڵەکەشیتان بۆ دەردەکەوێ.

ئەم دوو ئایەتە نەمبینیوە توێژەرەوانی قورئان ئاماژەیان پێ کردبن، کە بەهێزترین بەڵگەی هەقانیەتی قورئان و موحەممەدن ﷺ، چونکە ئایەتەکەی سوورەتی (طه)، خوا دەفەرموێ: لەمەدوا بۆتان دەردەکەوێ: کێ لەسەر ڕێی ڕێک و ڕاستەو کێ ڕێنمایی کراوە؟

ئنجا ئایا بۆمان دەرنەکەوت، دوژمنانی موحەممەد ﷺ، چییان لێهات؟ ئەوانەی قورئانیان کردە ئەفسانەی پێشینان، چییان لێهات؟ فڕێ درانە زبڵدانی مێژوو!

هەروەها ئەوانەی شوێن موحەممەد ﷺ کەوتوون و شوێن قورئان کەوتوون لە کوێن؟

هەروەها ئەم ئایەتەش کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَتَعۡلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعۡدَ حِينِۭ ﴾، هەواڵەکەشی دەزانن دوای ماوەیەکی کەم.

هەر لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا ﷺ، لە بیست و سێ (٢٣) ساڵی تەمەنی موبارەکی دا، نامەی نارد بۆ پادشای ڕۆم، بۆ فارس و میسرو شوێنەکانی دیکەو، بانگەوازی ئیسلام بە هەموو دنیادا بڵاوبۆوەو، لە دوای خۆی بە کەمتر لە پەنجا ساڵ، نیوەی دنیای ئەو کاتە، پەیام و بانگەوازی ئیسلامی پێ گەیشت و خەڵکێکی زۆر هاتە ژێر چەترو سێبەری ئیسلامەوە، ئەمە بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر هەقانیەتی قورئان و لەسەر ڕاستیەتی موحەممەد ﷺ.

لێرەشدا پاش سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگار، دێینە کۆتایی تەفسیر کردنی سوورەتی موبارەکی (طـه).

تەفسیری سووڕەتی

الأَنْبِيَاءِ

دەستپێک

بەڕێزان!

ئەمڕۆ کە: (٣٠)ی موحەڕڕەمی ساڵی (١٤٣٩)ی کۆچییە، بەرانبەر: ٢٠١٧/١٠/٢٠ زایینی، بە پشتیوانیی خوا لە شاری دێرینی هەولێر، دەست دەکەین بە ڕوونکردنەوەی ماناو مەبەستەکانی ئایەتە بەپێزەکانی سووڕەتی (الأنبیاء).

پێناسەی سووڕەتی (الأنبیاء) و بابەتەکانی

سەرەتا دێینە سەر پێناسەو ئێوەڕۆکی ئەو سووڕەتەو، لە حەوت (7) بڕگەدا پێناسەی ئەم سووڕەتە موبارەکەو ئێوەڕۆکەکەی دەکەین:

١)- ناوی ئەم سووڕەتە:

زانایانی پێشیین ناویان لێناوە (سورة الأنبیاء)، وەک لەم دەقەدا دیارە، کە (بخاري) هێناویەتی هەروەها (إبن الضریس) و (إبن مردویه): **{عَنْ عَبْدِ اللهِ ﷺ قَالَ: بَنُو إِسْرَائِيلَ، وَالْكَهْفُ، وَمَرْيَمُ، وَطه، وَالأَنْبِيَاءُ، هُنَّ مِنَ الْعِتَاقِ الأُوَلِ، وَهُنَّ مِنْ تِلَادِي}**، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﷺ دەڵێ: سووڕەتی (**بَنُو إِسْرَائِيلَ، وَالْكَهْفُ، وَمَرْيَمُ، وَطه، وَالأَنْبِيَاءُ**) واتە: ئەم پێنج سووڕەتە لەو سووڕەتانەن، کە من لە لام زۆر بە نرخ و بەڕێزن و، لەوانەن کە زوو لەبەرم کردوون و وەدەستم هێناون.

(**العِتَاقُ: جَمعُ عَتيقٍ، وَهُوَ كُلُّ ما بَلَغَ في الجَودَة**)، واتە: (عِتاق) كۆی (عتیق)ە، هەرماڵێكی زۆر بە نرخ و بەهایە، وشەی (تِلاد)یش (**التَّالد والتُّلاد والتِّلاد: المَالُ القَديمُ الأَصلِي الَّذي وُلِدَ عِندَكَ وَهُوَ ضِدُّ الطَّارِف**)، واتە: (**التَّالِد وَالتِّلاد وَالتُّلاد**)، بەو ماڵە لە مێژینە ڕەسەنە دەگوترێ كە لە لای خۆت پەیدابووە، كە پێچەوانەی (**الطَّارِف**)ە، (**طارف**) ماڵێكی تازەیە كە لە لات پەیدادەبێ، بەڵام (**التَّالِد والتُّلاد**)، ماڵێكی لەمێژینەیە، وەك (**مُختار الصِّحاح**) دەڵێ: (**السُّوَرُ الَّتي أَخَذتهُنَّ قَدِيمًا**)، واتە: ئەم پێنج سوورەتە لەو سوورەتانەن، هەر لە سەرەتاوە وەرمگرتوون و لەبەرمكردوون، ئنجا بۆیەش ناوی لێنراوە سوورەتی (**الأنبياء**)، چونكە ناوی شازدە (١٦) لە پێغەمبەرانی تێدا هاتوە: (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**)و، ناوی (**مريم**)یشی تێدا هاتوە، بەڵكو ناوی (**عيسا**)شی بە ئاماژە تێداهاتوە، وەك دوایی پێی دەگەین، لە ئایەتەكانی كۆتاییداو، لە هیچ كام لە سوورەتەكانی قورئاندا، ناوی ئەوەندە لە پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) بەسەر یەكەوە نەهاتوە، جگە لە سوورەتی (**الأنعام**) كە لەوێدا ناوی هەژدە (١٨) لە پێغەمبەران هاتوەو، ژمارەی پێوانەیی شكاندوە لە ڕووەوە كە زۆرترین ناوی پێغەمبەرانی بەسەر یەكەوە تێدا هاتوە.

٢)- شوێنی دابەزینی:

ئەم سوورەتە سوورەتێكی مەككەییە، بە یەك دەنگیی زانایان، هەرچەندە هەندێكیان ئەو ئایەتەیان هەڵاواردوە كە دەفەرموێ: ﴿أَفَلَا يَرَوْنَ أَنَّا نَأْتِي ٱلْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَآ ۝٤٤﴾، وەك دوایی پێی دەگەین، بەڵام لە ڕاستییدا ڕایەكەیان پشت ئەستوور نیە بە هیچ بەڵگەیەك، ئەم سوورەتە هەمووی وا پێ دەچێ بە یەكەوە هاتبێ و، لە یەك قۆناغدا دابەزیوە.

٣)- ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئەم سوورەتە موبارەکە لە ڕیزبەندیی **(مصحف)**دا، ژمارە بیست و یەک (٢١)ە، واتە: بیست سوورەت لە پێشیەوە ڕیزکراون، لەو **(مصحف)**ەی کە لەبەر دەستماندایە، بەڵام لە ڕیزبەندیی دابەزین **(ترتيب النزول)**دا، زۆربەیان بە حەفتاو یەک (٧١)یان داناوە، هەندێکیان بە حەفتاو سێ (٧٣)، هەندێکیش بە حەفتاو دوو (٧٢)، واتە: بە ڕای زۆربەیان لەو سوورەتانەیە کە حەفتا (٧٠) سوورەت لە پێشیەوە دابەزیون، ئەوانەی کە دەڵێن: بە ڕیزبەندیی (٧١)ە، دەڵێن: دوای سوورەتی **(حم)**ی **(السجدة)** و، لە پێش سوورەتی **(النحل)**دا دابەزیوە، واتە: لە کۆتاییەکانی سوورەتەکانی پێش کۆچکردنی پێغەمبەرە ﷺ بۆ مەدینە، ئەوە ڕای زانایانە، بەڵام بە پێی ئەوە کە ئایەتی (57)ی سوورەتی **(الزخرف)** کە خوا ﷻ تێیدا دەفەرموێ: ﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوۡمُكَ مِنۡهُ يَصِدُّونَ ٥٧﴾، واتە: کاتێک کە کوڕی مەریەم بە وێنە هێنرایەوە، گەلەکەت کردیان بە گاڵە لە بارەیەوە، ئەم ئایەتەی سوورەتی **(الزخرف)**، واتە: ئایەتی (٥٧) لە سوورەتی **(الزخرف)**، کە سوورەتی **(الزخرف)** لە ڕیزبەندیی دابەزیندا (٦٢)یە، ئاماژە دەکا بۆ ئایەتی (٩٨)ی سوورەتی **(الأنبياء)**، کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ ٩٨﴾، واتە: خۆتان و ئەوەی کە لە جیاتی خوا ﷻ دەیانپەرستن، دەبن بە بەردو چەوی دۆزەخ و ئێوە دەیچنە نێو، ئنجا ئەگەر ئایەتی (٥٧) سوورەتی **(الزخرف)** کە ڕیزبەندییەکەی (٦٢)یە، ئاماژە بکاتەوە بە ئایەتێک لە سوورەتی **(الأنبياء)**دا، کەواتە: دەبێ **(الأنبياء)** لە پێش **(الزخرف)**دا دابەزیبێ، ئەگەر ئەو هۆی هاتنە خوارەوەیە بکرێتە بەڵگە، کە ئەوەش ئەگەرێکە و ئەگەرێکی بەهێزیشە، کەواتە: دەبێ ڕیزبەندییەکەی نەک (٧١ و ٧٣) نەبێ، بەڵکو دەبێ لە پێش (٦٢) شەوە بێ، چونکە سوورەتی **(الزخرف)** ڕیزبەندییەکەی (٦٢)یە، ئەوەش هەر ئەگەرێکە و ویستم ئاماژەی پێ بدەم.

٤)- ژمارەی ئایەتەکانی:

پێشتریش باسم کردوە، کە هیچ کام لە زانایان دەربارەی کەمیی و زیادیی وشەیەک، یاخود پیتێک لە قورئاندا، ڕاجیاییان نیە، بەڵام درێژیی و کورتیی ئایەتەکان پەیوەستە بەوەوە کە لە کوێ ئەو ڕستەیە کۆتایی دێ، هەندێکیان ڕستەیەکیان لە شوێنێک کۆتایی پێ هێناوەو، هەندێکیان لە نێوەڕاستیدا کۆتاییان بەو ڕستەیە هێناوە و، سەرەنجام درێژیی و کورتیی ڕستەکانە، کە ژمارەی ئایەتەکان کەم و زیاد دەکات، بۆ وێنە: ئەگەر لە سوورەتی (الفاتحة) ئایەتی: ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾، ئەگەر لێرە بوەستی، ئەوە دەبێتە ئایەتێک و، ﴿ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧﴾ ﴾، دەبێتە ئایەتێکی دیکە، بەڵام ئەگەر هەمووی بەسەر یەکەوە بێ، دەبێتە یەک ئایەت، ئنجا ئەهلی: (مەدینە و مەککە و شام و بەصرە) واتە: زانایانێک کە لەو چوار شارە سەرەکییە دانیشتوون، گوتوویانە: ژمارەی ئایەتەکانی: سەدو یازدە (١١١)یە، بەڵام زانایانی دانیشتووی (کووفە)، گوتوویانە: ئایەتەکانی: سەدو دوازدە (١١٢)ن و، ئەو (مصحف)ەی لەبەر دەستی ئێمەدایە، ئەو ڕایەیان تەبەننیی کردوە کە زانایانی کووفە گوتوویانە.

٥)- نێوەڕۆکی:

مادام سوورەتێکی مەککییە، هەمان نێوەڕێکی قورئانی مەککەیی هەیە، کە وێڕای بوونناسیی، باسی خوا ﷻ بە یەکگرتن (توحید الله)یشی تێدایە، خوا بە یەکگرتن لە بەدیهێنەرایەتیی و، لە پەروەردگارێتیی و، لە خاوەندارێتیی و، تەنیا پەرستراوێتیی و، لە ناو و سیفەتەکانیدا، پاشان باسی پێغەمبەرایەتیی و وەحیی و، باسی ڕۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ و، بەسەرهاتی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) و ئەو جۆرە بابەتانە، کراوە. بەڵام لەم سوورەتەدا پانتایەکی باش بۆ ڕۆژی دوایی بە هەردوو قۆناغی (ساعة) و (قیامة)ەوە تەرخان کراوە، (ساعة):

ئەو کاتە دیاریکراوەی کە ئەم دنیایەی تێدا دەپێچرێتەوە، ئەم گەردوونەی تێدا دەپێچرێتەوە، کە بە کوردیی دەڵێین: ئاخیر زەمان.

(قیامة)ش: قۆناغی دووەمی ڕۆژی دواییە، کە بریتیە لەو کاتەی کە خەڵک هەڵدەستێتەوە، وەک دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾﴾، واتە: دوایی بۆ جاری دووەم فوو بە کەڕەنادا کرا، یەکسەر هەموویان هەستانەوە و چاوەڕێ بوون.

هەروەها لەم سوورەتەدا (٤٥) ئایەت بۆ بەسەرهات و ناوهێنانی شازدە (١٦) لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)، وێڕای مەریەم و عیسای کوڕی، کە بە ئاماژە باسکراون، تەرخانکراوە، کە لە ئایەتەکانی: (٥١ - ٩٥)ن، شایانی باسیشە: لە حەوت (٧) شوێندا و زیاتریش باسی ڕۆژی دوایی کراوە لەم سوورەتەدا، هەروەها باسی پێغەمبەر ﷺ و باسی قورئانیش لە چەند شوێنێکدا کراوە.

٦)- تایبەتمەندییەکانی:

لێرەدا تەنیا پشتم بەسەرنجدان و تێوەڕامانی خۆم بەستووە، لە سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە نەمهێناوەو، دەشگونجێ ئەو تایبەتمەندییانە زیاتریش بکرێن، لەوەی کە من گوتوومن، بەڵام من پێنج (٥) تایبەتمەندییم لەو سوورەتەدا کەوتوونەتە بەرچاو:

١)- شەش تۆمەتی کافرەکان بەرانبەر بە پێغەمبەر ﷺ کە لە ئایەتەکانی: (٣ و ٥)دا هاتوون، کە تەنیا لێرەدا ئەو شەش تۆمەتە پێکەوە باسکراون، وەک لە دەرسی یەکەمدا پێیان دەگەین، ڕەنگە لە سوورەتەکانی دیکەشدا، ئەو تۆمەتانە هاتبن، بەڵام تەنیا لێرەدا ئەم شەش تۆمەتە پێکەوە هاتوون.

٢)- باسی ئەوە کە ئاسمانەکان و زەوی پێشتر پێکەوە لکاو بوون و، خوا لێکی کردوونەوەو، دواتریش وەک تۆماری نووسراو دەپێچرێنەوەو، دەگێڕدرێنەوە حاڵەتی سەرەتایان، کە ئەمەش لە ئایەتی (٣٠) و لە ئایەتی: (١٠٤)دا، ئەم دوو ڕاستییە مەزنە خراونە ڕوو.

٣)- باسی ئەوە کە خوا ﷻ پێش پێغەمبەری خاتەم (محمد) ﷺ هیچ مرۆڤێکی لە ژیاندا نەهێشتووەتەوە، لە ئایەتی (٣٤)دا هاتوە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ ٱلْخُلْدَ ﴾، واتە: لە پێش تۆدا هیچ مرۆڤێکمان نەهێشتۆتەوە، ئەم ڕاستییەش تەنیا لێرەدا هاتوە، بەڵێ لە سووڕەتی (الزمر)دا هاتوە کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾، واتە: تۆ دەمری و ئەوانیش دەمرن، بەڵام مەبەستم پێش پێغەمبەر (محمد)ە ﷺ.

٤)- پێکەوە پەیوەست کردنی دەرگا لێکرانەوەی (یأجوج ومأجوج) و هاتنی ئاخیر زەمان، کە لە ئایەتەکانی: (٩٦ ، ٩٧)دا دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾ وَٱقْتَرَبَ ٱلْوَعْدُ ٱلْحَقُّ ﴾، کە خوا ﷻ ئەو دوو ڕووداوە پێکەوە پەیوەست دەکات:

یەکەم: دەرگا لێکرانەوەی (یأجوج ومأجوج)، کە دەبێ خەڵکێکی زۆر زۆر بن، وەک پێشتر باسمان کردوون و، دواییش باسیان دەکەین.

دووەم: هاتنی ئاخیر زەمان و کۆتایی ئەم ژیانی دنیا و ئەم گەردوونە.

٥)- باسی بە ڕەحمەت نێردرانی موحەممەد ﷺ بۆ تێکڕای جیهانیان: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَـٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٠٧﴾ ﴾، ئەمیش لە ئایەتی (١٠٧)ی ئەم سووڕەتە موبارەکەدا هاتوەو، بەو تەعبیرە لە قورئاندا، تەنیا لەم ئایەتە موبارەکەدا، بەو شێوەیە باسی پێغەمبەری خاتەم (محمد) ﷺ کراوە.

٧)- دابەشکردنی بۆ چەند دەرسێك:

ئێمە وەک عادەتی خۆمان لەگەڵ هەموو سووڕەتە موبارەکەکاندا، هەر سووڕەتێک کە دەمەوێ تەفسیری بکەم، پێشان باش لێی ورد دەبمەوە و

سەرنجی دەدەم: لە کوێ تاکو کوێ دەگونجێ بکرێتە بابەتێک و، لە کوێوە تاکو کوێ لەگەڵ بابەتێک دا تێکهەڵکێشە، دیارە کە قورئان وەک لە سەرەتای تەفسیری سووڕەتی (الأنعام)دا، گوتوومانە: زۆرجار ئایەتەکانی قورئان وەک شەپۆلی دەریا وان، هەر شەپۆلێک بە دوای شەپۆلێکدا دێ و، لێک دابڕاو نین، بەڵام هەر چۆنێک بێ کە ئەمەش یەکێکە لە ڕووەکانی ئیعجازی قورئان، تۆ دەشتوانی ئێوە ئێوە بۆ چەند بابەتێک ئایەتەکان بە یەکەوە پەیوەست بکەی، کە من هەر وامکردوە، ئنجا جوگرافیای دابەشکردنی ئەو دەرسانەم بە شێوەیەک لێکردوە، کە بۆ شەش (٦) دەرس دابەشم کردوون:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ١٥)ە، کە باسی ڕۆژی دوایی و باسی پڕوپاگەندەی کافرەکان دژی قورئان و، دژی پێغەمبەر ﷺ و بەرپەرچدانەوەیان و، پاشان باسی لە بەین بردنی خوا ﷻ بۆ گەلە پێشووەکان، دەکات.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (١٦ - ٣٥)ە، واتە: بیست (٢٠) ئایەت، باسی حیکمەتی خوا ﷻ لە دروستکرانی گەردوون و، باسی خوا بەیەکگرتن و، باسی چەند نیشانەیەکی گەردوونیی لەسەر باڵا دەستیی و، بێ وێنەیی خوا ﷻ و، چەند وردە بابەتێکی دیکەش، باسکراون.

دەرسی سێیەم: ئایەتەکانی: (٣٦ - ٥٠)ە، ئەویش پازدە (١٥) ئایەتە، لەو پانزە ئایەتەدا باسی هەڵوێستی کافرەکان لە بەرانبەر پێغەمبەری خوا ﷺو، لە بەرانبەر ڕۆژی دوایی و، لە بەرانبەر قورئاندا، بەرپەرچدرانەوەیان، باسی ئەوانە کراوە.

دەرسی چوارەم: ئایەتەکانی: (٥١ - ٧٥)ە، کە بیست و پێنج (٢٥) ئایەتە، بەسەرهاتی ئیبراهیم ﵇ و بابی (ئازەر)و، گەلەکەی کە بێبڕواو بتپەرست بوون و، پاشان چۆن ئیبراهیم ڕەخنەیان لێ دەگرێ لەسەر پەرستنی ئەو بت و صەنەمانەو، دوایی هەڕەشە دەکا کە بیانشکێنێ و، دوایی بە کردەوە هەموویان دەشکێنێ، جگە لە بتە گەورەکەیان و، دوایی مشت و مڕیان لەگەڵ ئیبراهیمدا دەبێ و، سەرەنجام بڕیار دەدەن کە

بیسووتێنن و بیخەنە نێو ئاگری سوورەوە، بەڵام خوای باڵادەست دەفریای دێ و، ئاگرەکە بە فەرمانی خوا ساردو سەلامەت دەبێ لەسەر ئیبراهیم و، پاشان باسی ئەوە کە چۆن خوا ﷻ ئیسحاق و یەعقووبی **(عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)** پێ دەدات، کە کوڕو نەوەی بوون و، دوایی ئاماژەیەکیش بە بەسەرهاتی **لووط** ﵇ کراوە، کە برازای بووە، بە پێ قسەی پەیمانی کۆن وەک پێشتر باسمان کردوە.

دەرسی پێنجەم: ئایەتەکانی: (٧٦ - ٩٥)ە، کە بیست (٢٠) ئایەتە، باسی ژمارەیەک لە پێغەمبەران دەکات **(عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)**، کە: (**نوح، داود، سلیمان، أیوب، إسماعیل، إدریس، ذي الكفل، ذو النون، زكریا، یحیا، مریم** و کوڕەکەی) **(عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)**، خوا لە (**مریم**)یش ڕازی بێ.

دەرسی شەشەم: ئایەتەکانی: (٩٦ - ١١٢)ە، کە حەڤدە (١٧) ئایەتە، باسی هاتنی ئاخیر زەمان، پاشان هەڵسان و زیندوو بوونەوەو، سەرەنجامی مرۆڤەکان و، باسی پێچرانەوەی گەردوون و، گێڕانەوەی بۆ حاڵەتی سەرەتای و، باسی ڕاستییەکی مەزنی بواری بوونناسیی و ئیمان و عەقیدەو، چەند ڕێنماییەک بۆ پێغەمبەر ﷺ، باسی هەموو ئەوانە کراوە، لەو (١٧) ئایەتەدا.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە پازدە (١٥) ئایەتی سەرەتا پێک دێ، ئایەتەکانی: (١ - ١٥)و، ئەم دەرسەمان چەند بابەتێکی گەورە و گرنگی تێدا خراونە ڕوو، کە دەتوانین بڵێین حەوت (٧) بابەتی سەرەکیین و ئەمانەن:

١)- نیزیک کەوتنەوەی لێپرسینەوەی خوا ﷻ بۆ خەڵک: ﴿ ٱقۡتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمۡ ﴾.

٢)- بە یاریی و گەمەکردنەوە مامەڵەکردنی کافرەکان لەگەڵ قورئاندا.

٣)- تۆمەتبارکردنی کافرەکان بۆ پێغەمبەر ﷺ بە شەش جۆر:

یەکەم: مرۆڤ بوونی.

دووەم: جادووگەر بوونی و، بە جادوو لە قەڵەمدانی قورئان.

سێیەم: وڕێنەی نێو خەون کردنی.

چوارەم: هەڵبەستنی بۆ قورئان (کە گوایە قورئانی هەڵبەستوەو، لە خۆیەوە گوتوویەتی بە ناوی خواوە).

پێنجەم: شاعیربوونی پێغەمبەر ﷺ.

شەشەم: نەهێنانی موعجیزەی وەک هی پێغەمبەرانی پێشوو (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام).

٤)- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە، کە گەلە پێشووەکانیش بە هۆی ئەو موعجیزانەوە بڕوایان نەهێناوەو، کاتێکیش موعجیزەی داواکراویان لە لایەن ئەو پێغەمبەرەی خۆیان بۆ هاتوەو، بڕوایان نەهێناوە، لە بەین براون و، ئەوەش یاسایەکی گشتیی خوایە ﷻ، کەواتە: کە موعجیزەی وەک هی پێغەمبەرانی پێشوو بۆ پێغەمبەری کۆتایی نانێرێ، بۆ ئەوەیە کە ئەو خەڵکەی ئەو بۆیان ڕەوانە کراوە، بهێڵدرێنەوە و لە بەین نەچن.

٥)- خستنە ڕووی ئەوە کە پێغەمبەرانی پێشووش (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) سەرجەمیان پیاوان بوون و، خواردن و خۆراکیشیان هەبووە و، مرۆڤی ئاسایی بوون، لە ڕووی جەستەییەوە.

٦)- خستنە ڕووی ئەو ڕاستییە کە قورئان مایەی یاد خستنەوەو سەربەرزییە، بۆ هەر کەسێ کە بڕوای پێ بهێنێ و، لە عەقڵ و دڵی خۆیدا بیچەسپێنێ.

٧)- پێشاندانی لاپەڕەیەکی سامناک لە چارەنووسی ڕەشی ستەمکاران لە دنیادا، کە چۆن خوا ﷻ قڕەبڕی کردوون و دوایی کەس لەفریایان نەهاتوەو، هاواریان بە کەس ڕانەگەیشتوە.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ٱقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُّعْرِضُونَ ﴿١﴾ مَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ
مِّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ إِلَّا ٱسْتَمَعُوهُ وَهُمْ يَلْعَبُونَ ﴿٢﴾ لَاهِيَةً قُلُوبُهُمْ ۗ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّجْوَى ٱلَّذِينَ
ظَلَمُوا۟ هَلْ هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ۖ أَفَتَأْتُونَ ٱلسِّحْرَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ ﴿٣﴾ قَالَ
رَبِّى يَعْلَمُ ٱلْقَوْلَ فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٤﴾ بَلْ قَالُوٓا۟ أَضْغَٰثُ أَحْلَٰمٍۭ
بَلِ ٱفْتَرَىٰهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ فَلْيَأْتِنَا بِـَٔايَةٍ كَمَآ أُرْسِلَ ٱلْأَوَّلُونَ ﴿٥﴾ مَآ ءَامَنَتْ قَبْلَهُم مِّن
قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَآ ۖ أَفَهُمْ يُؤْمِنُونَ ﴿٦﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِىٓ إِلَيْهِمْ ۖ فَسْـَٔلُوٓا۟ أَهْلَ
ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٧﴾ وَمَا جَعَلْنَٰهُمْ جَسَدًا لَّا يَأْكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَمَا
كَانُوا۟ خَٰلِدِينَ ﴿٨﴾ ثُمَّ صَدَقْنَٰهُمُ ٱلْوَعْدَ فَأَنجَيْنَٰهُمْ وَمَن نَّشَآءُ وَأَهْلَكْنَا ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٩﴾
لَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ كِتَٰبًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ ۖ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٠﴾ وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ كَانَتْ
ظَالِمَةً وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴿١١﴾ فَلَمَّآ أَحَسُّوا۟ بَأْسَنَآ إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ ﴿١٢﴾
لَا تَرْكُضُوا۟ وَٱرْجِعُوٓا۟ إِلَىٰ مَآ أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَٰكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْـَٔلُونَ ﴿١٣﴾ قَالُوا۟ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا
كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿١٤﴾ فَمَا زَالَت تِّلْكَ دَعْوَىٰهُمْ حَتَّىٰ جَعَلْنَٰهُمْ حَصِيدًا خَٰمِدِينَ ﴿١٥﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، خەڵک لە حاڵێکدا کە لە بێ ئاگاییدان، ڕوو وەرگێڕن (لە هەق)، (کاتی) لێپرسینەوەیان نیزیک کەوتەوە (١) هیچ بیرخەرەوەیەکی تازەیان لە پەروەردگاریانەوە بۆ نایەت، مەگەر بە گەمە و گاڵتەکردنەوە گوێی بۆ هەڵدەخەن (٢) دڵەکانیان خافڵاون و ئەوانەی ستەمیان کردوە، بە چپە چپ پەنهانکردنەوە (گوتیان:) ئایا ئەم (پیاو)ە، هەر مرۆڤێکی وەک خۆتانە؟ ئنجا ئایا لە حاڵێکدا کە (دەشبینن) دەچنە لای جادوو (تاکو بڕوای پێ بێنن)؟! (٣) (پێغەمبەر) گوتی: هەر قسەیەک کە لە ئاسمان و زەویدا بکرێ، خوا دەیزانێ و بەس ئەو بیسەری زانایە (٤) (کافرەکان نەک هەر ئەوەندەیان گوت) بەڵکو گوتیان: ئەو (قورئان)ە (وڕێنەی نێو) خەونی تێکەڵ و پێکەڵە، بەڵکو (موحەممەد) هەڵیبەستوە، بەڵکو ئەو شاعیرە، (ئەگەر ڕاست دەکات) با نیشانە و موعجیزەیەکمان بۆ بێنێ، وەک چۆن (پێغەمبەرە) پێشووەکان بە (نیشانە و بەڵگەو) موعجیزەوە ڕەوانە کراون (٥) (هۆی نەناردنی موعجیزەی لەو جۆرە ئەوەیە کە) لە پێش ئەواندا هیچ کام لەو ئاوەدانییانەی کە فەوتاندوومانن (بە هۆی موعجیزەوە) بڕوایان نەهێناوە، ئنجا ئایا ئەوان بڕوا دێنن؟! (٦) لە پێش تۆشدا تەنیا پیاوانمان ناردوون، سروشمان بۆ لایانکردوە، ئنجا ئەگەر نازانن با لە زانایان (وخاوەن بەرنامەکانی خوا) بپرسن (٧) ئنجا ئەو (ڕەوانە کراو)انەشمان نەگێڕابوون بە پەیکەرێک کە خواردن نەخۆن و، هەر ماویش نەبوون لە ژیانی دنیادا (٨) دوایی بەڵێنمان لەگەڵ ڕاست بردنە سەر، ئیدی ئەوان و هەر کەس ویستمان دەربازمان کردن و، زێدەڕۆییکارانیشمان فەوتاندن (٩) بە دڵنیایی کتێبێکمان بۆ لاتان دابەزاندوە کە بیرخستنەوەتانی تێدایە، ئایا نافامن؟!

(١٠) زۆر ناوەدانیی ستەمکاریشمان تێشکاندوون و، دوای ئەوان خەڵکی دیکەمان پێگەیاندوە (١١) ئنجا کاتێک هەستیان بە هاتنی سزای سەختمان کرد، یەکسەر لێی ڕایانکرد (١٢) ڕامەکەن و بگەڕێنەوە نێو خانو وبەرەکانتان و، ئەو حاڵەی تێیدا خۆشگوزەران کرابوون، بەڵکو پرسیارتان لێ بکرێ (١٣) کەچی گوتیان: ئەی هاوار بۆ ئێمە! بێگومان ئێمە ستەمکار بووین (١٤) ئیدی بەردەوام هەر ئەوە هاوار و پاڕانەوەیان بوو، هەتا کردمانن بە (وێنەی) کشتوکاڵێکی درەوکراوی دامرکاو (١٥) }.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(حِسَابُهُمْ): واتە: لێپرسینەوەیان، (**الحِسَابُ: اسْتِعْمَالُ الْعَدَدِ، حَسَبتُ أَحْسُبُ حِسَاباً وَحُسْبَاناً**)، (حِسَاب) بریتیە لە بەکارهێنانی ژمارە، دەگوترێ: (**حَسَبتُ أَحْسُبُ**)، ژماردم، دەیژمێرم، (**حِسَاباً وَحُسْبَاناً**) واتە: ژماردن، ئەوە ئەصڵی واتاکەیەتی، بەڵام دوایی بەکاریشهێنراوە بۆ لێپرسینەوە: (**حَاسَبَهُ مُحَاسَبَةً وحِسَاباً: أي نَاقَشَهُ الحِسَابَ، أو جَازَاهُ**)، (**حَاسَبَهُ مُحَاسَبَةً وحِسَاباً**)، واتە: مشت ومڕی لێپرسینەوەی لەگەڵدا کردو، هەروەها بە مانای سزای دا، دێت.

(مُحْدَثٍ): واتە: تازە، نوێ، (**أَحْدَثَ الشَيءَ: ابْتَدَعَهُ وَأَوْجَدَهُ، حَدَثَ الشَيءُ يَحْدُثُ حُدُوثَاً وَحَدَاثَةً: نَقِيْضُ قَدُم**)، (**أَحْدَثَ الشَيءَ**) واتە: شتەکەی پەیداکردو دایهێنا، بەڵام (**حَدَثَ الشَيء يَحْدُثُ حُدُوثَاً وَحَدَاثَةً**) شتەکە پەیدابوو، پەیدادەبێ، پەیدا بوون، ئەمە (**نَقِيْضُ قَدُم**)ـە، (**قَدُم**)، واتە: لە مێژ بوو، لە مێژینە بوو، بەڵام (**مُحْدَث**) واتە: پەیدا بوو، یانی: لە تازەیی پەیدا بوو.

(لَاهِيَةً قُلُوبُهُمْ): (**لَهَا بِالشَيء لَهْواً**)، واتە: دڵیان بێ ئاگایە، (**لَهَا بِالشَيء لَهْواً: لَعِبَ بِهِ وَأُولِعَ بِه**)، یاریی پێکردو، هۆگریی بوو، (**وَلَهَا عَنِ الشَيءِ لِهِيًّا ولِهيَاناً:**

سَلا عَنْهُ وَتَرَكَ ذِكْرُه)، (**لَهَا عَنْ الشَّيء**)، واتە: ئەو شتەی فەرامۆش کردو وازی لە باسکردنی هێنا، (**لَهُو**) بە مانای خافڵان و سەرگەرم بوون دێ.

(أَضْغَٰثُ أَحْلَٰمٍ): (**حُلْم**) کۆیەکەی (**أَحْلَامَ**)ە، واتە: خەونەکان، (**أَضْغَاثٌ**) کۆی (**ضِغْث**)ە، (**ضِغْث**): واتە: چەپکی پووش و گیا، یان گوڵ، یان هەر شتێک، (**أَضْغَاثْ**) کۆیەکەیەتی، دەڵێ: (**الضَّغْثُ وَالمَضْغُوثُ: كُلُّ مَا جُمِعَ وَقُبِضَ عَلَيْهِ بِجُمْعِ الكَفِّ وَنَحْوِهِ**)، (**ضِغْثُ وَمَضْغُوثُ**) کە بە (**أَضْغَاثٌ**) کۆ دەبێتەوە، هەر شتێکە کە بە لەپە دەست بگیرێ، یان بە لەپە دەست، یاخود ئەندازەی ئەوە بێ، یاخود چەپکێک، (**أَضْغَاثُ أَحْلَام: مَا كَانَ مِنْهَا مُلْتَبِساً مُضْطَرِباً يَصْعُبُ تَأْوِيْلُهُ**)، واتە: بریتیە لەو جۆرە خەونە تێکەڵ و پێکەڵانەی کە بە زەحمەت مانا بکرێن.

(جَسَدًا): (**الجَسَدُ: الجِسْمُ، جَسِدَ الدَّمُ جَسَداً: يَبِسَ**)، (**جَسَدْ**): بە مانای جەستە و پەیکەر دێ، بەڵام دەگوترێ: (**جَسِدَ الدَّمُ جَسَداً: يَبِسَ**)، واتە: خوێنەکە وشک بوو.

(وَكَمْ): (کم) دەگونجێ (**خبرية**) و بۆ هەواڵدان بێ و ئەوکاتەش مانای ژمارەی زۆر دەگەیەنێ، ﴿ وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ ﴿٥٨﴾ ﴾القصص، واتە: زۆرمان ئاوەدانیی فەوتاندوون، هەروەها دەگوترێ: (**كَمْ كُتُباً قَرَأْتُ**)، زۆر کتێبم خوێندوونەوە، ئەمە ئەگەر بۆ هەواڵدان بێ، یانی: زۆر، بەڵام جاری وایە بۆ پرسیارکردن (**إستفهامية**)ە، وەک: (**كَمْ دَرْساً دَرَسْتَ؟**)، چەند دەرست خوێندوون، واتە: چ ژمارەیەک؟

(قَصَمْنَا): واتە: تێکمان شکاندوون، (**القَصْمُ: الكَسْرُ الَّذِي فِيْهِ انْفِصَالُ**)، (**قَصْم**): بریتیە لە شکاندنێک کە لێک جیابوونەوەی تێدابێ و، بە مانای فەوتاندن دێ، دەگوترێ: (**قَصَمَ اللهُ ظَهْرَهُ**) واتە: خوا پشتی شکاند.

(أَحَسُّوا): واتە: هەستیان پێکرد، (**الحِسُّ: الإدْرَاكُ بِإحْدَى الحَوَاسِّ الخَمْسِ**)، (**حِسّ**): بریتیە لە هەستکردن بە یەکێک لە پێنج هەستەکان، دەگوترێ: (**أَحَسَّ الشَّيءَ وَأَحَسَّ بِالشَّيءِ**)، هەردووکیان بە مانای ئەو شتەی زانی و دەرکی پێکرد.

(بَأۡسَنَآ): (**البَأْسُ: الشّدَةُ فِي الحَرْبِ**)، (**بَأْس**): بریتیە لە سەختیی لە جەنگدا، هەروەها بە مانای خودی جەنگ و، سزای توند و، ترس، دێ.

(يَرۡكُضُونَ): واتە: ڕایاندەکرد، (**رَكَضَ، يَرْكُضُ، رَكَضاً: عَدَا مُسْرِعَاً**)، واتە: بە خێرایی ڕایکرد، یاخود (**رَكَضَ أي: ضَرَبَ بِرِجْلِهِ**)، پێی بە زەوی دادا، دەگوترێ: (**رَكَضَ مِنْهُ، أي: فَرَّ وَهَرَبَ**)، واتە: لێی ڕایکردو لە دەستی ڕایکرد.

(حَصِيدًا): (**حَصَدَ الزَّرْعَ وَالنَبَاتَ حَصَداً وَحَصَاداً: قَطَعَهُ بِالمِنْجَلِ**)، کشتوکاڵەکەی بە داس بڕی و درەوی کرد، کە: (**حَصَد، حَصَاد**) چاوگەکەیەتی، بەڵام ئەگەر بگوترێ: (**حَصَدَ القَومَ بِالسَّيْفِ**)، یانی: (**قَتَلَهُم وَاستَأصَلَهُم**)، بە شمشێر خەڵکەکەی کوشت و ڕیشەکێشی کردن، (**حَصِيد**)یش: بە مانای کشتوکاڵێکی درەوکراو (**الزَّرْعُ المَحْصُود**) دێ.

(خَٰمِدِينَ): (**خَمَدَتِ النَّارُ تَخْمُدُ خَمْداً وخُمُوداً: سَكَنَ لَهَبُها وَلَمْ يَطْفَأ جَمْرُهَا، وَخَمَدَ فُلَانٌ: أي مَاتَ، وَخَمَدَتِ الحُمَّى: سَكَنَت**)، (**خَمَدَتِ النَّارُ تَخْمُدُ خَمْداً وخُمُوداً**) واتە: ئاگرەکە بڵێسەکەی کوژایەوە، بەڵام پشکۆیەکانی نەکوژانەوە و هەر دەئایسان، هەروەها وشەی (**خَمَد**) خوازراوەتەوە بۆ (**مَاتَ**)، (**خَمَدَ فُلَانٌ**) واتە: فڵان کەس مرد، چونکە ئینسان کە مرد دادەمرکێ و جووڵەی نامێنێ و، ئاگریش کە کوژایەوە، خامۆش دەبێ و دادەمرکێ، دەگوترێ: (**خَمَدَتِ الحُمَّى**)، واتە: تایەکەی نەما، یاخود دامرکا، کە لێرەدا (تا) ئەو تایەی دێتە مرۆڤ، بە ئاگرێک تەشبیە کراوە و نەمانەکەشی بە دامرکانی.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لەم سوورەتەدا ژمارەیەکی زۆر بابەتی گەورە وگرنگی باسکردوون، بەڵام لەبەر ئەوەی - وەک پێشتر باسمان کرد: بە لای کەمەوە شەست (٦٠) سوورەت، یاخود حەفتا (٧٠) سوورەت، لە پێش ئەم سوورەتەدا دابەزیون - بۆیە زۆر بەکورتیی دواوە و بەسەرهاتی هەندێک لە پێغەمبەران (عَلَيْهِم الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) هەر ئاماژەی کورتی پێکردوون، چونکە پێشتر لە سوورەتەکانی دیکەدا، بەسەرهاتەکەیان بە تەفصیل هاتووە، هەروەها هەندێک بابەتی دیکەش کە لەم سوورەتەدا باسکراون، خوا ﷻ لێرەدا بە ئاماژەی کورت باسی کردوون، لە سۆنگەی ئەوەوە کە تەفصیل و وردەکارییەکان لە سوورەتەکانی دیکەدا هاتوون.

سەرەتا ئەم سوورەتە موبارەکە ناوا دەست پێدەکات: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، بە ناوی خوای بەزەیی بەخشندە، هەرکات دەڵێی: بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە: بە ناوی خوای بەزەیی بەخشندە ئەم کارە دەست پێدەکەم، یاخود: ناوی خوای بە بەزەیی و بەخشندە هێنان، دەستپێکی کارەکەمە، ئنجا دەبێ لە کاتی گوتنی ئەم ڕستەیەدا، ئەم چوار واتایە لە عەقڵ و دڵ دا ئامادەبن:

١- ئەم کارە بەناوی خواوە دەست پێدەکەم.

٢- ئەم کارە بۆ ڕازییکردنی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٤- بە پشتیوانیی خوا ﷻ ئەم کارە ئەنجام دەدەم، بەهێزووزەی خۆم.

پێویستە هەر کارێکی گرنگ ئینسان لە سەرەتایەکەیەوە (بسم الله) بکات و ئەو مانا و مەبەستانەی خستمانە ڕوو لە دڵی خۆی دا ئامادە بکات.

﴿ٱقۡتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمۡ وَهُمۡ فِي غَفۡلَةٖ مُّعۡرِضُونَ﴾، لە حاڵێکدا کە خەڵک لە بێ ئاگاییدا ڕوو وەرچەرخێنەرن، واتە: ڕوو وەرچەرخێنەرن لە هەق، لێپرسینەوەیان نیزیک کەوتەوە، (قَـرُبَ) واتە: نیزیک بۆوەوە، بەڵام (إقـتَرَب) واتە: زۆر نیزیک کەوتەوە، ﴿حِسَابُهُمۡ﴾، لێپرسینەوەیان، واتە: لێپرسینەوە لەگەڵ کرانی خەڵک زۆر نیزیکە، لە حاڵێکدا کە ئەوان لە بێ ئاگاییدان و، ڕوو وەرچەرخێنەرن و ڕوو وەرگێڕن لە هەق، ﴿مَا يَأۡتِيهِم مِّن ذِكۡرٖ مِّن رَّبِّهِم مُّحۡدَثٍ إِلَّا ٱسۡتَمَعُوهُ وَهُمۡ يَلۡعَبُونَ﴾، لە پەروەردگاریانەوە هیچ بیرخستنەوەیەکی تازەیان بۆ نایەت، مەگەر گوێی بۆ هەڵدەخەن لە حاڵێکدا کە یاریی و گەمە دەکەن، واتە: گاڵتەی پێ دەکەن و، پێی ڕادەبوێرن، ﴿لَاهِيَةٗ قُلُوبُهُمۡ﴾، دڵەکانیان خافڵاون، (لَهُـو) یانی: خافڵان و بێ ئاگایی و سەرگەرم بوون بە شتێکەوە کە سوودی نەبێ، ﴿لَاهِيَةٗ قُلُوبُهُمۡ﴾، دڵەکانیان خافڵاون و سەرگەرمن و سەرقاڵن.

﴿وَأَسَرُّواْ ٱلنَّجۡوَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ﴾، ئەوانەی کە ستەمیان کردوە، چپە چپی خۆیان بە پەنهانیی کرد، هەر چپە چپ خۆی پەنهانە، ئنجا ئەو چپە چپەش، یان سرکە سرکە بە پەنهانیی بکەی، واتە: زۆر بە پەنهانیی قسەکانیان کرد، چی بوو ئەوەی کە پەنهانیان کرد، ئەو چپە چپە؟ ﴿هَلۡ هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ﴾، لە نێو خۆیاندا ئەو پرسیارەیان کرد: ئایا ئەوەش هەر مرۆڤێکی وەک خۆتان نیە؟ کە مەبەستیان پێغەمبەرە ﷺ، ئایا ئەم پیاوە مرۆڤێکی وەک خۆتانە؟ واتە: کە مرۆڤێکی وەک خۆتانە، چۆن دەبێ شوێنی بکەون؟ بە ناوی خواوە بەرنامەتان بۆ بهێنێ، ئایا مرۆڤ لێی دەوەشێتەوە، نوێنەری خوا ﷻ بێ؟ ﴿أَفَتَأۡتُونَ ٱلسِّحۡرَ وَأَنتُمۡ تُبۡصِرُونَ﴾، ئایا ئێوە دەچنە لای جادوو لە حاڵێکدا کە دەشبینن؟ واتە: ئێوە دەبینن، عەقڵتان هەیە و چاوتان هەیە و فامیدەن (فام دەکەن)، چۆن دەچن بۆ لای جادوو؟ دیارە قورئانیان بە جادوو لە قەڵەم داوەو، پێغەمبەریشیان ﷺ بە جادووگەر لە قەڵەم داوە، واتە: چۆن دەچن بۆ لای ئەو جادووەو، گوێ بۆ ئەو جادووگەرە دەگرن؟

﴿ قَالَ رَبِّي يَعۡلَمُ ٱلۡقَوۡلَ فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴾، گوتی: کێ گوتی؟ پێغەمبەری خاتەم ﷺ، لە وەڵامیاندا ئەوە دەفەرموێ، گوتی: پەروەردگارم هەر قسەیەک لە ئاسمان و زەویدا بکرێ، بێگومان ئەو دەیزانێ، بەس ئەو بیسەری زانایە، واتە: ئەو قسانەی کە ئێوە دەیانکەن و، ئەو تۆمەتانەی کە ئێوە پاڵیان دەدەنە لای من، خوا ﷻ هەمووی گوێ لێیەو، لەسەرتان تۆمار دەکات، بۆیە بزانن چێ دەڵێن؟! ئەوە هەڕەشەیەکەو، دڵدانەوەی پێغەمبەریشە ﷺ، کە خوا ﷻ لەسەر زمانی پێغەمبەر ﷺ ئەوە دەفەرموێ، واتە: تۆ بڵێ: پەروەردگارم هەموو قسەیەک لە ئاسمان و زەویدا دەزانێ، لە سەرێ و لە خوارێ و، هەر ئەو بیسەری زانایە.

ئنجا دێتە سەر خستنەڕوو چەند تۆمەتێکی دیکەیان: ﴿ بَلۡ قَالُوٓاْ ﴾، بەڵکو گوتیان: نەک هەر بڕوایان پێ نەکرد، بەڵکو کافرەکان گوتیان: ﴿ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمِۭ ﴾، ئەوە خەونی تێکەڵپێکەڵە، ﴿ بَلِ ٱفۡتَرَىٰهُ ﴾، بەڵکو ئەو قسەیەی بە ناوی خواوە هەڵبەستوە، ﴿ بَلۡ هُوَ شَاعِرٞ ﴾، بەڵکو ئەو شاعیرە و هۆنەرێکە شیعر دەڵێ.

واتە: قورئانیان بە شیعر لە قەڵەم دەدا، بۆیە لە سوورەتی (یس)دا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمَا عَلَّمۡنَٰهُ ٱلشِّعۡرَ وَمَا يَنۢبَغِي لَهُۥٓۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ وَقُرۡءَانٞ مُّبِينٞ ٦٩ ﴾، واتە: نە شیعرمان فێرکردوە و نە بۆشی دەگونجێ، ئەم قورئانە تەنیا یادخەرەوەیەو، قورئانێکی ڕوون و ئاشکرایە، یانی: پێغەمبەر ﷺ نەیتوانیوە شیعر دابنێ، خوای کاربەجێ ڕێی لێ گرتوە کە شاعیر بێ و شیعر دابنێ، بەڵام شیعری خەڵکی دیکەی کە زانیبی، گوتوویەتی، نەک خۆی شیعری دابنێ، بەڵام شیعری کەسی دیکەی خوێندۆتەوە، زۆر کەسیش شیعری شاعیران دەخوێنێ و یاخود دەیگێڕێتەوە، بەڵام مانای ئەوە نیە کە بۆ خۆی شاعیرە.

ئنجا تۆمەتێکی دیکە دەخاتەڕوو کە پاڵی دەدەنە لای پێغەمبەر ﷺو، بیانوویەکی دیکەیان کە دەڵێن: ﴿ فَلۡيَأۡتِنَا بِـَٔايَةٖ كَمَآ أُرۡسِلَ ٱلۡأَوَّلُونَ ﴾، با

نیشانەیەکمان بۆ بهێنێ وەک پێغەمبەرانی پێشوو کە ڕەوانە کراون، واتە: موعجیزەیەکمان بۆ بێنێ، وەک هی ئەو پێغەمبەرانەی کە لە گەلە پێشووەکاندا ڕەوان کراون، موعجیزەیەکی بەرهەست، کە هەستەوەرەکانی مرۆڤ بدوێنێ، نەک عەقڵ و شعووری، بەڵام خوا ﷻ کاتێ خۆی، لە قۆناغی ساوایی مرۆڤایەتییدا، ئەو موعجیزانەی بۆ پێغەمبەران ناردوون، کە لەگەڵ قۆناغی ساوایی مرۆڤایەتییدا بگونجێن، ئەو کاتە مرۆڤەکان زیاتر پشتیان بە هەستەوەرەکانیان دەبەست، کە ئەوە قۆناغێکی سەرەتاییترو ساواترە لە ژیانی مرۆڤدا، بەڵام دوای ئەوەی مرۆڤایەتیی گەیشتووەتە قۆناغی گەیشتن و کامڵ بوون، ئنجا خوا ﷻ موعجیزەیەکی بۆ ناردوون کە عەقڵ و هەست و ناخیان بدوێنێ، ئەوە لەگەڵ ئەو قۆناغی پێگەیشتنی مرۆڤایەتییدا دەگونجێ، بۆیە خوا ﷻ وەڵامیان دەداتەوە: ﴿ مَآ ءَامَنَتْ قَبْلَهُم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَآ أَفَهُمْ يُؤْمِنُونَ ﴾، واتە: لە پێش ئەواندا هیچ ئاوەدانییەک کە فەوتاندوومانە، بڕوای نەهێناوە، ئایا ئەوان بڕوا دێنن؟ واتە: ئەو موعجیزەیەی کە داوای دەکەن، لەو شێوە موعجیزانەمان بۆ کۆمەڵگا و گەلە پێشووەکان ناردن، بەڵام بڕوایان پێیان نەهێناو، سەرەنجام فەوتاندمانن، چونکە یاسای خوا ﷻ وایە، هەر کۆمەڵێک داوای موعجیزەیەک بکەن، خوا موعجیزەکەیان پێ بدات و، دوایی بڕوا نەهێنن، خوا ﷻ دەیانفەوتێنێ و، بۆ ئەوەی خەڵک تەمبێبێ، هەر ڕۆژە و بیانوویەک نەگرێ بە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ)و، داواکارییەک لە خوا نەکات، دوایی شتەکە بێنموود (مبتذل) و بێ ئیعتیبار دەبێ، ئنجا یەکێکیان دەڵێ: ئەدی بۆچی بۆ فلان عەشیرەت ئەوەتان کردوە؟ ئێمەش دەبێ ئەوەمان بۆ بێنێ، یەکێکی دیکە دەڵێ: بۆچی ئەوەت بۆ ئەمە کردوە، دەبێ ئەوەش بۆ من بێنن، ئەوە دەبێتە گاڵتەجاڕو ئەوەش لەگەڵ پایەی بەرزی خوا ﷻو، لەگەڵ ئەرکی بەرزی پێغەمبەراندا (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ) شتێکی گونجاو نیە، بۆیە هەر کۆمەڵگایەک بیانوویان بە پێغەمبەرەکەی خۆیان گرتبێ و داوای موعجیزەیەکیان لێ کردبێ، ئەو پێغەمبەرە

(عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) ئەو موعجیزەیەی لە خواوە پێ درابێ و، ئەو خەڵکە بڕوایان پێ نەهێنابێ، فەوتاون، کە بە زۆریی گەلە پێشووەکان هەروا فەوتاون.

بۆیە خوا دەفەرموێ: لە پێش ئەواندا هیچ ئاوەدانییەک بڕوای نەهێناوە، واتە: داوای موعجیزەکانیان کرد، بەڵام هیچیان بڕوایان پێ نەهێنا و فەوتاندمانن، ﴿ أَفَهُمْ يُؤْمِنُونَ ﴾، ئایا ئەگەر ئەو موعجیزەیەی کە داوای دەکەن، بۆیان بنێرین، ئیمان دەهێنن؟ بێگومان ئیمان ناهێنن، بۆیە ناینێرین، تاکو نەیانفەوتێنین، بەڵکو خوا موعجیزەیەکیان بۆ دەنێرێ، کە خۆی دیاریی کردوە و، ئەگەر بڕواش بەو موعجیزەیە نەهێنن، لە دنیادا نایانفەوتێنێ، بەڵام لە دواڕۆژدا سزایان دەدات.

﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِىٓ إِلَيْهِمْ ﴾، لە پێش تۆدا تەنیا پیاوانمان ناردوون و سروشمان بۆلا کردوون، چونکە ئەوان دەیانگوت: چۆن دەبێ مرۆڤ پێغەمبەر بێ، خوا دەفەرموێ: لە پێش تۆشدا تەنیا پیاوانمان وەک ڕەوانەکراو ناردوون و، نەک فریشتەکان، ﴿ فَسْـَٔلُوٓا۟ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾، لە خاوەن زیکران بپرسن، ئەگەر نازانن، واتە: لە خاوەن کتێبەکان بپرسن، لە زانایان و شارەزایانی کتێبە پێشووەکان بپرسن، ئەگەر نازانن، ئایا هیچ کام لە پێغەمبەرانی خوا فریشتە بوون؟! هەموویان هەر پیاو بوون و، هەموویان هەر مرۆڤ بوون و لە نێو مرۆڤەکانیشدا پیاوان، چونکە وەک پێشتر باسمان کرد، ئەو پایە بەرزە، ئەو پێگە و بەرپرسیاریەتە قورسە، بە پیاوان هەڵدەگیرێ و لە توانای ئافرەتاندا نیە، کە ئافرەتان بە لای سۆز و عەتف و هەستی ناسک و جەستەی ناسک و دەنگی ناسکدان.

﴿ وَمَا جَعَلْنَـٰهُمْ جَسَدًا لَّا يَأْكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَمَا كَانُوا۟ خَـٰلِدِينَ ﴾، ئنجا ئەو پێغەمبەرانەشمان نەکردوون بە جەستەیەک کە خواردن نەخۆن و، هەر ماویش نەبوون، واتە: لە ژیانیشدا نەماونەوە، ئەوان مرۆڤ بوون وەک مرۆڤەکان خواردن و خواردنەوە و خەو و هەموو حاڵەتە سروشتییە جەستەییەکانیان بوون و،

دواییش وەک باقی مرۆڤەکان نەخۆش بوون و ساغیش بوون و، پاشان کۆتایی بە ژیانیان هاتوە.

﴿ ثُمَّ صَدَقْنَاهُمُ الْوَعْدَ فَأَنجَيْنَاهُمْ وَمَن نَّشَاءُ ﴾، دوایی بەڵێنمان لەگەڵ ڕاست بردنە سەر، ئەوان و هەر کەسێک کە ویستمان دەربازمان کردن، دوای ئەوەی خوا سزای نارد، ﴿ وَأَهْلَكْنَا الْمُسْرِفِينَ ﴾، زێدەڕۆییکارانمان فەوتاندن و لەبەینمان بردن.

﴿ لَقَدْ أَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ كِتَابًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە کتێبێکمان بۆ لاتان دابەزاندوە، کە بیرخستنەوەتانی تێدایە، ئایا نافامن؟ وشەی (ذِکْر) هەم بە واتای بیرخستنەوە دێ و، هەم بە واتای ناو و ناوبانگیش دێ، کە بە پێی ڕەوتەکە مانایەکەی دیاری دەکرێ، لێرەدا زیاتر وا پێدەچێ، مەبەست ئەوە بێ کە بیرخستنەوە و یادخستنەوەتانی تێدایە.

ئنجا بۆچی خوای کارزان لەو پێنج ناوەی کە بۆ قورئانی، بەکارهێناون (**فرقان، قرآن، ذكر، كتاب، كلام الله**) بۆچی یەکێکیان (**ذکر**)ە؟

چونکە خوا مرۆڤی وا خوڵقاندوە، ئەو ڕاستییانەی لە دوو توێی وەحییدا دەیاننێرێ، لەگەڵ زگماک و سروشتی ساغی مرۆڤیشدا تێکیهەڵشێلاون، وەحیی خوا و کتێبەکانی خواش هاتوون، ئەو ڕاستییانە بیر مرۆڤ بخەنەوە، بۆیە یەکێ لە ناوەکانی قورئان بریتیە لە (ذکر)، هەروەها وشەی (ذکر) بۆ تەوڕاتیش هەر بەکارهاتوە.

ئنجا خوا ﷻ لە کۆتایی دا، باسی سەرەنجامی شوومی ئەوانە دەکات، کە ئەهلی ستەم بوون و، بێبڕوا بوون و خراپەکار بوون، دەفەرموێ: ﴿ وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً ﴾، زۆر ئاوەدانییەمان تێکشکاندوون کە ستەمکار بوون، (**کم**) واتە: چەند، بەڵام لێرەدا (**کم الخبرية**)ی پێدەڵێن، نەک (**کم الإستفهامية**)، خوا ﷻ ناپرسێ: چەندمان فەوتاندن؟ بەڵکو دەفەرموێ: چەندمان فەوتاندن!

واتــە: زۆرمــان فەوتانــدن، زۆر ئاوەدانیــی کــە ســتەمکار بــوون، ﴿ وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴾، لـە دوای وانیـش کۆمەڵێـک خەڵکـی دیکەمـان پێکەیانـد، ﴿ فَلَمَّآ أَحَسُّواْ بَأْسَنَآ إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ ﴾، ئنجا کاتێـک هەسـتیان بـە سـزای سـەختی ئێمـە کـرد، هەسـتیان بـە سـەرەتا و پێشـەکییەکانی کـرد، تـۆ - ئەگـەر لـەوێ بـای - دەتبینـی: ئەوانـە لـەو ئاوەدانییانـە، لـە شـارو دێیەکانـی خۆیـان، ڕایاندەکـرد، هەڵدەهاتـن، ﴿ لَا تَرْكُضُواْ وَارْجِعُوٓاْ إِلَىٰ مَآ أُتْرِفْتُمْ فِيهِ ﴾، ڕامەکـەن و بگەڕێنـەوە بـۆ ئـەو ژیانـە خۆشـەی کـە تێیـدا خۆشـگوزەران کرابـوون، ﴿ وَمَسَٰكِنِكُمْ ﴾، هەروەهـا بگەڕێنـەوە بـۆ خانووبەرەکانتـان، ﴿ لَعَلَّكُمْ تُسْـَٔلُونَ ﴾، بەڵکـو پرسـیارتان لـێ بکـرێ، واتـە: خەڵـک بـێ داوای شـتتان لـێ بـکات، کـە ئـەوە جۆرێکـە لـە گاڵتـە پێکـردن، یاخـود: ﴿ لَعَلَّكُمْ تُسْـَٔلُونَ ﴾، بـۆ ئـەوەی کـە لێپرسـینەوەتان لەگەڵـدا بکـرێ.

﴿ قَالُواْ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴾، گوتیـان: ئـەی هـاوار بـۆ ئێمـە! ئـەی سـزای سـەخت بـۆ ئێمـە، لـە کوێـی وەرە! بێگومـان ئێمـە سـتەمکار بوویـن.

﴿ فَمَا زَالَت تِّلْكَ دَعْوَىٰهُمْ حَتَّىٰ جَعَلْنَٰهُمْ حَصِيدًا خَٰمِدِينَ ﴾، ئیـدی هـەر ئـەوە پاڕانەوەیـان بـوو، بـەردەوام هـەر ئـەو قسـەیان دووبـارە دەکـردەوە: ﴿ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴾، هەتاکـو هەموویانمـان گێـڕان، بـە (وەک) کشـتوکاڵێکی درەوکـراوی دامـرکاو، (حَصِيداً) بـە مانـای (مَحْصُوداً)ە، واتە: کشـتوکاڵێک کـە درەو کرابێ و حاسـەڵاتی هەڵگیرابێتـەوەو، (خَٰمِدِينَ)، (خَمَدَ) واتـە: (سَكَنَ) واتـە: دامرکاو و هەسـت لێبـڕاو و بێ نـووزە، کـە دیـارە خەڵکێـک کـە دەفەوتـێ، بـەو شـێوەی لـێ دێ، هـەم وەک پەرێزێکـی ڕووت، کشـتوکاڵێک کـە دەدوورێتـەوە، هـەم وەک ئاگرێکـی دامـرکاو، کـە قرچـە قـرچ و گرفـەو لرفـە و هەسـت و خوسـتی نامێنـێ.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

باسی نیزیکی لێپرسینەوەی خوا بۆ خەڵک، لە حاڵێکدا کە ئەوان لە بێ ئاگاییدان، (دیارە مەبەست پێی خەڵکی بێبڕوایە)، هەر وەحییەکی تازەشیان بۆ بێ، بە گەمە و یارییەوە و بە دڵ خافڵاوییەوە گوێی بۆ دەگرن و، بەشەر بوونی پێغەمبەر موحەممەد ﷺ دەکەنە بیانووی بڕوا پێنەهێنانی و، قورئانیش بە جادوو تۆمەتبار دەکەن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ٱقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِى غَفْلَةٍ مُّعْرِضُونَ (١) مَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ إِلَّا ٱسْتَمَعُوهُ وَهُمْ يَلْعَبُونَ (٢) لَاهِيَةً قُلُوبُهُمْ ۗ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّجْوَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ هَلْ هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ۖ أَفَتَأْتُونَ ٱلسِّحْرَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ (٣)﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ٱقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ﴾، لێپرسینەوە بۆ خەڵک نیزیک کەوتەوە، دیارە (حِسَاب) وەک پێشتر باسمان کرد، مانا ڕیشەییەکەی بریتیە لە: ژماردن (**إستعمال العدد**)، بەکارهێنانی ژمارە (١، ٢، ٣...) ئەوە حیسابە، بەڵام دوایی وشەی (حِسَاب) خوازراوەتەوە بۆ لێپرسینەوەو، پاشان خوازراوەتەوە بۆ سزادان، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿إِنْ حِسَابُهُمْ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّى ۖ لَوْ تَشْعُرُونَ (١١٣)﴾، واتە: سزادانیان، یاخود لێپرسینەوەیان هەر لەسەر پەروەردگارمە، ئەگەر ئێوە هەست پێ بکەن، هەروەها یەکێک لە ناوەکانی ڕۆژی دوایی، بریتیە لە (**يَوْمُ الحِسَاب**)، واتە: ڕۆژی لێپرسینەوە، یاخود ڕۆژی سزادان، کە دەفەرموێ:

﴿ اَقۡتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمۡ ﴾، وشەی (النَّاس) دیارە (ال)ەکەی (ال العَهد)ە، واتە: بۆ خەڵکەکە، کە خەڵکە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکەن، چونکە خەڵکە بڕوادارەکە، بێ ئاگا نەبوون و، پشت هەڵکردوو نەبوون، پاشان ئەو وەحییە تازەیەی کە لە پێغەمبەری خاتەمەوە ﷺ پێیان گەیشتوە، بە گاڵتە و گەمەوە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکردوەو، دڵیان لێی بێ ئاگا نەبووە، کەواتە: وشەی (النَّاس) ئەو (ال)ەی کە لەسەریەتی بۆ ناساندن (تعریف)ە، بەڵام بۆ (تعریف العهد)ە، واتە: خەڵکەکە، خەڵکە بێبڕوایەکە، وشەی (اَقۡتَرَبَ)ش بە پێی بنچینەی: (زیادة المَبْنى تدلُّ على زيادة المعنى)، (قَرُبَ) یانی: نیزیک بۆوە، بەڵام (اَقۡتَرَبَ) یانی: زۆر نیزیک کەوتەوە، کە دەفەرموێ: نیزیک کەوتەوە، دیارە بە پێی ئەندازەگیریی خوا ﷻ دنیاو قیامەت و ڕابردوو و، ئێستاو داهاتوو هەمووی یەک شتە، بۆ ئێمە کات (زمن) دابەش دەکرێ بۆ ڕابردوو، کە تێپەڕیوە و، ئێستا کە تێیداین و، داهاتوو کە نەهاتوە، بەڵام بە نسبەت خواوە ﷻ هەمووی وەک یەکە، خوا ﷻ لە دەرەوەی بازنەی کات و شوێنە، بۆیە خوا ﷻ ئێستا لێرە دەفەرموێ: بۆ خەڵکی هاوبەش بۆ خوا دانەرو بێبڕوا، لێپرسینەوەیان، زۆر نیزیک کەوتەوە، بەڵام لە شوێنی دیکە، دەفەرموێ: چوونە نێو بەهەشتەوە، یان چوونە نێو دۆزەخەوە، یان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرا، بە ڕابردوو دەیهێنێ.

٢)- ﴿ وَهُمۡ فِي غَفۡلَةٖ مُّعۡرِضُونَ ﴾، واتە: لە حاڵێکدا کە ئەوان لە بێئاگایی دان، ﴿ مُّعۡرِضُونَ ﴾ە یانی: ڕوو وەرچەرخێنەریشن (ڕوو وەرگێڕیشن) (مُعرِض) واتە: ڕوو وەرگێڕ، (مُعرِضُون) کۆیەکەیەتی، یانی: هەم بێ ئاگان، هەم ڕووشیان وەرچەرخاندوە (ڕووشیان وەرگێڕاوە) (الغَفْلَةُ: الذُّهُولُ عَنِ الشَّيءِ)، (غفلة) بێ ئاگابوونە لە شتێک، (وَالإعْرَاضُ: صَرْفُ العَقْلِ عَنْ الإشْتِغَالِ بِشيءٍ)، وشەی (إعْرَاض) یانی: ڕوو وەرگێڕان، بەڵام مانا مەجازییەکەی پێ مەبەستە، نەک مانا حەقیقییەکەی کە ڕوو وەرگێڕانی جەستەییە، واتە: ئەوە کە ئینسان عەقڵ و هەستی خۆی لە شتێک لابدات و تێیدا بەکاری نەهێنێ و، گرنگیی پێ نەدا و لێی ورد نەبێتەوە و تێیرانەمێنێ.

٣)- ﴿مَا يَأۡتِيهِم مِّن ذِكۡرٖ مِّن رَّبِّهِم مُّحۡدَثٍ﴾، لە پەروەردگاریانەوە هیچ بیرخستنەوەیەکی تازەیان بۆ نایەت، (المُحْدَث: الجَدِيْد نُزُوله مُتَكَرِّرًا) واتە: ئەوە کە دابەزینەکەی دووبارە دەبێتەوە و تازەیە.

لێرەدا هەندێک لە زانایان زۆر مشت و مڕیان لەسەر ئەوە بووە، کە ئایا قورئان دروستکراوە، یاخود دروستکراو نیە؟

کە بە پێویستی نازانم، بچمە نێو ئەو باس و خواسانەوە و کاتی خۆی کێشەو فەرتەنەیەکی زۆر لەسەر ئەوە بووە، کۆمەڵێک زانا زۆر لەسەر ئەوە ئەزیەت دراون، بە تایبەت ئیمام ئەحمەد، بەڵکو هەندێکیان ئیعدام کران و کوژران و، خەڵکێکی زۆر تووشی مەینەتیی بوو، کە دەستەڵاتی سیاسیی ئەو کاتە، وەک دەستەڵاتی سیاسیی هەموو کاتەکانی دی، هەر جارە شتێک بۆ خەڵک دێنێتە پێشێ و دەیورووژێنێ و خەڵکی پێ سەرقاڵ دەکات، بۆ ئەوەی خەڵک ئاگایان لە گرفت و کێشە ڕاستەقینەکانی خۆیان نەمێنێ، ئەو کاتەش هەر وابووە، ئەگەرنا خوا ﷻ باسی قورئان دەکات، وەک فەرمایشتی خۆی، هیچ گومانی تێدا نیە قورئان کە فەرمایشتی خوایەو، ئەو سیفەتە سیفەتێکی لەمێژینەیە لە خوادا، واتە: سیفەتێکی بێ سەرەتایە، هەروەک چۆن زانیاریی خوا نەبوونی پێش نەکەوتوە، دەستەڵاتی خواو، ژیانی خوا و، ویستی خوا ...هتد، بە هەمان شێوە، ئەوەش کە خوا فەرمایشت دەفەرموێ، نەبوونی پێش نەکەوتوە، واتە: کاتێک بووبێ کە خوا ﷻ فەرمایشتی نەبوو بێ و، دواتر فەرمایشتی پەیدابوو بێ، بەڵام ئەم قورئانە بۆ ئێمە دوای ئەوەی کە بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ دابەزیوە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی زانیوە، بە نسبەت ئێمەوە لە دوای هاتنی پێغەمبەر ﷺ ئێمە بە قورئان ئاشنا بووین و، خوا ئەو فەرمایشتەی بۆ ئێمە ناردوە، بەڵام سیفەتی فەرمایشتکردنی خوا ﷻ بێ سەرەتایە و لە مێژینەیە، ئنجا هەر ئایەتێک کە دابەزیوە بۆ وێنە، ئێستا دەگوترێ: قورئانی مەککەیی و قورئانی مەدینەیی، دیارە قورئانی مەککەیی لە مەککە دابەزیوەو، قورئانی مەدینەیی لە مەدینە دابەزیوە،

کەواتە: قورئانی مەدینەیی بۆ ئەوانەی کە چوونەتە قۆناغی مەدینەوە، تازەتر بووە لە قورئانی مەککەیی، دابەزینەکەی تازەتر بووە و نوێتر بووە، بەڵام سیفەتی فەرمایشتکردنی خوا ﷻ سیفەتێکی لەمێژینەیەو بێ سەرەتایە، ئیدی سیفەتەکانی خواش، ئێمە لەوە بچووکترین عەقڵ و خەیاڵ و ئەندێشەی ئێمە لەوە بچووکترە، کە ئیستیعابی هەندێ لە دروستکراوەکانی خواش بکات، چ جای سیفەتەکانی خوا ﷻ، چ جای خوا ﷻ کە لە سەرووی دروست کراوەکانیەتی.

ئنجا خوا دەفەرموێ: هیچ یاد خستنەوەیەکیان لە پەروەردگاریانەوە بە تازەیی بۆ نایەت:

٤)- ﴿ إِلَّا ٱسۡتَمَعُوهُ وَهُمۡ يَلۡعَبُونَ ﴾، واتە: مەگەر گوێی بە هەڵدەخەن، لە حاڵێکدا کە یاریی دەکەن، واتە: بە جیددیی نایگرن و گاڵتەی پێ دەکەن.

٥)- ﴿ لَاهِيَةً قُلُوبُهُمۡ ﴾، واتە: لە حاڵێکدا کە دڵیان خافڵاوە، پێشتر گوتمان: (لَهِی، يَلْهُو) یانی: خافڵ و سەرگەرم بوو و سەرقاڵ بوو، ﴿ لَاهِيَةً قُلُوبُهُمۡ ﴾، واتە: لە حاڵێکدا گوێ دەگرن، لەو یاد خستنەوە تازەیەی خوا کە بۆیان دادەبەزێ، کە دڵیان بێ ئاگایە، واتە: تێگەیشتنی تێدا نیە.

٦)- ﴿ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّجۡوَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ﴾، ئەوانەش کە ستەمیان کردوە، چپە چپی خۆیان پەنهان کرد، ئنجا خوا نەیفەرمووە: ﴿ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّجۡوَى ﴾، ئەگەر وای فەرمووبایە واتە: ئەو کافرانەی کە قسەی لە بارەوە دەکردن، ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانە، بەڵام لێرەدا: ﴿ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ﴾ی، بۆ زیاد کردوە، تاکو بزانرێ ئەوانە، وێڕای ئەوەی هاوبەش بۆ خوا دانەرو کافر بوون، سیفەتی ستەمیشیان هەبووە، ئەوانەی کە ستەمیان کرد، ﴿ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ﴾، دیارە ئەمە جێدار (بدل)ە کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَسَرُّواْ ﴾، ئەم: ﴿ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ﴾، (بدل)ە بۆ ئەو.

(ٱلنَّجۡوَى)، لە ﴿ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّجۡوَى ﴾ دا، (المُحَادَثَة: الخَفِيّة) کە بە کوردیی پێی دەڵێین: چپە چپ، یان فسکە فسک، یان سرکە سرک، وشەی (الإسرار: الكتْمَان)،

یانی: پەنهانکردن، ئنجا نامانجیان لە پەنهانکردنی ئەو چپە چپەیان، ئەوە بووە کە مسولمانان بە پیلان و فێڵەکەیان نەزانن، وێڕای ئەوەی کە چپە چپ، هەر بۆ خۆی پەنهانە، کەچی پەنهانتریشیان کردوە، بەڵام ئەوەتا خوا ﷻ لێی ئاشکرا کردوون، ئنجا ئەو چپە چپەی کە پەنهانیان کرد، ئەوانەی ستەمیان کردبوو، بریتی بوو لە چی؟

٧)- ﴿ هَلْ هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ﴾، ئەم چپە چپە بریتی بووە لەوە کە دەیانگوت: ئایا ئەمە هەر مرۆڤێکی وەک خۆتانە؟ کە بێگومان ئەم پرسیار کردنە پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانەیە.

٨)- ﴿ أَفَتَأْتُونَ ٱلسِّحْرَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ ﴾، ئەمەش دیسان ئەم هەمزەیە (أ)ی سەر ﴿ أَفَتَأْتُونَ ﴾، دیسان ئەوەش بۆ پرسیارلێکردنی نکووڵییلێکەرانەیە، واتە: ئایا دەچن بۆ لای جادوو ﴿ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ ﴾، لە حاڵێکدا کە ئێوە دەشبینن؟ کە بە تەئکید مەبەستیان لە جادوو، ئەو فەرمایشتە بووە کە پێغەمبەر ﷺ خوێندوویەتەوە (قورئان)، کە دەفەرموێ ﴿ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ ﴾، ئەوە حاڵە، یانی: لە حاڵێکدا کە ئێوە دەبینن و، چاوتان ساغە، چۆن دەچن بۆ لای جادوو؟ جادوویەک کە موحەممەد ﷺ دەیخوێنێتەوە، گوێی بە هەڵدەخەن، بێگومان لێرەدا کە دەڵێن: ﴿ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ ﴾، مەبەستیان تەنیا چاوی سەر نەبووە، بەڵکو مەبەستیان ئەوە بووە، کە ئێوە وەک چۆن شتێک کە بە چاو دەبینرێ زۆر دیارە، ئاواش ئەو شتە زۆر جوان دیارە، کە ئەوەی موحەممەد ﷺ دەیڵێ، جادوویە! ئنجا وەک چۆن ئەوەی بینراوە، پێویستیی بە بەڵگە لەسەر هێنانەوە ناکات، ئەوەش موحەممەد ﷺ دەیڵێ، کە جادوویە، پێویستیی بە بەڵگە لەسەر هێنانەوە ناکات، هەر تۆزێک عەقڵتان هەبێ، بەڵگە نەویستە کە جادوویە! مەبەستیان پێی ئەوە بووە، کە بێگومان درۆیەکی شاخداریان کردوە، بەڵام بەشەر کە دایە نەفامیی، هیچ زیندەوەرێکی ناگاتێ، ئنجا بەشەر خۆشی هەڵدەخەڵەتێنێ جاری وا هەیە، دەزانێ کە ئەوە ناهەقە، بەڵام دوایی کە زۆر دووبارەی دەکاتەوە، خۆشی دوایی لە خۆی دەکەوێتە گومانەوە!

مەسەلەی دووەم:

لەسەر زمانی پێغەمبەر ﷺ هاتوە: ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستیە کە خوا هەموو قسەیەکی پەنهان و ئاشکرا، لە ئاسمان و زەمیندا دەزانێ و، هیچی لێ پەنهان نیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ رَبِّي يَعۡلَمُ ٱلۡقَوۡلَ فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ قَالَ رَبِّي يَعۡلَمُ ٱلۡقَوۡلَ فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، فەرمووی: پەروەردگارم هەر قسەیەک لە ئاسمان و زەوییدا دەزانێ، کێ فەرمووی؟ بێگومان مەبەست پێی موحەممەدە ﷺ، بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، لێرەدا خوا ﷻ پێغەمبەری خۆی ﷺ ئاگادار کردۆتەوە، لەو چپە چپەی کە بە پەنهانیی کردوویانە، بۆیە کە چپە چپ بووە و پەنهانییشیان کردوە، واتە: لە شوێنێکی لاچەپ ئەو چپە چپەیان پێکەوە کردوە، یان بە دەنگێکی زۆر نزم و کپ کردوویانە، کەچی خوا ﷻ پێغەمبەری خۆی ﷺ لێ ئاگادار کردۆتەوە، کە فەرموویەتی: ﴿ رَبِّي يَعۡلَمُ ٱلۡقَوۡلَ فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴾، پەروەردگارم هەر قسەیەک لە ئاسمان و زەوی دا دەزانێ، وشەی (ٱلۡقَوۡلَ): (ال تعريف)ی لەسەرە و بۆ جینسە، یانی: پەروەردگارم تێکڕای قسەکان دەزانێ لە ئاسمانێ و لە زەویی دا، وشەی: ﴿ قَالَ رَبِّي يَعۡلَمُ ٱلۡقَوۡلَ ﴾، خوێندنەوەیەکی دیکەشی هەیە: (قُلْ رَبِي يَعْلَمُ القَوْلَ فـي السَّمَاءِ وَالأرْض)، ئەگەر بفەرموێ: (قَالَ)، واتە: موحەممەد ﷺ فەرمووی، بەڵام ئەگەر (قُلْ) بێ، واتە: تۆ بفەرموو: پەروەردگارم هەموو قسەیەک دەزانێ، کە واتاکەی هەر دەبێتەوە یەک.

٢)- ﴿ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴾، هەر ئەو بیسەری زانایە، واتە: ئەو (خوا) وەسف کراوە بە تەواوی سیفەتی بیستن، بۆ هەموو بیستراوەکان و، سیفەتی زانین، بۆ هەموو زانراوەکان و، هەموو سیفەتەکانی دیکەی خوا ﷻ لە لووتکە دان و لەو پەڕییدان و، بێ سنوورو ڕەهان.

مەسەلەی سێیەم:

خستنە ڕووی چوار تۆمەتی دیکەی کافرەکان بۆ پێغەمبەرو قورئان، لەو شەش تۆمەتەی کە لەم چەند ئایەتەدا بەسەر یەکەوە هاتوون:

یەک: ئەوەیە کە ئەم قورئانە خەونی تێکەڵ و پێکەڵە.

دوو: موحەممەد قسەی هەڵبەستوە بە ناوی خواوە (قورئان).

سێ: شاعیر بوونی پێغەمبەر ﷺ.

چوار: نەهێنانی موعجیزەیەکی وەک هی پێغەمبەرانی پێشوو، کە بۆ گەلە پێشووەکان هاتوون.

ئەم چوار تۆمەتە و لەگەڵ ئەو دووەی ڕابردن: (مرۆڤ بوونی پێغەمبەر ﷺو، پاشان بە جادوو لە قەڵەم دانی قورئان) ئەوە شەش تۆمەت، ئنجا وەڵامدانەوەیان لە لایەن خوای پەروەردگارەوە، کە گەلە پێشووەکانیش کە بڕوایان بە موعجیزان نەهێناوە، سەرەنجام سزادراون و فەوتاون، بەڵام خوا ﷻ نایەوێ ئەوان، واتە: ئەو خەڵکەی کە پێغەمبەری خاتەمیان ﷺ بۆ ڕەوانە کراوە، بیانفەوتێنێ، بۆیە ئەو موعجیزەیان بۆ نانێرێ کە کەسێک بڕوای پێ نەهێنێ، شایستەی سزادرانی فەوتێنران بێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ بَلۡ قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمِۭ بَلِ ٱفۡتَرَىٰهُ بَلۡ هُوَ شَاعِرٞ فَلۡيَأۡتِنَا بِـَٔايَةٖ كَمَآ أُرۡسِلَ ٱلۡأَوَّلُونَ ٥ مَآ ءَامَنَتۡ قَبۡلَهُم مِّن قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَآۖ أَفَهُمۡ يُؤۡمِنُونَ ٦ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ بَلۡ قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمِۭ ﴾، واتە: نەک هەر بە جادوویان لە قەڵەم داو، نەک هەر پێی بێبڕوا بوون، بەڵکو گوتیان: ئەم قورئانە کە موحەممەد ﷺ دەیخوێنێتەوە،

وڕێنەی بابای خەونی تێکەڵ و پێکەڵ بینەرە. پێشتر باسمان کرد: (أَضْغَٰثُ) کۆی (ضِغْثَ)ە و ئەویش: (**الحِزْمَةُ مِنْ أعْوَادٍ، أو العُشْبِ، أو الحَشِيْشِ المُخْتَلَط**)، (ضِغْثَ) بریتیە لە چەپکێک لە چیلکە یاخود، لە گژ و گیا، یاخود لە پووش و پەڵاشی تێکەڵ، ئنجا ئەو خەونانەی کە وەک کوردەواریی خۆمان گوتوویانە: (هەر تیردی لە کەندالێک) کە هیچ شتێک پێکیەوە نابەستێتەوە، پێی دەڵێن: خەونی تێکەڵ و پێکەڵ و، بە عەرەبیی دەڵێن: (**أَضْغَاثُ الأحلام**)، وشەی (أحلام) کۆی (حُلْمَ)ە واتە: خەون، ئەو تۆمەتەشیان پاڵداوەتە لای قورئان.

٢)- ﴿ بَلِ ٱفْتَرَىٰهُ ﴾، واتە: (**بَلْ قَالُوْا هُوَ افْتَرَاهُ**)، بەڵکو گوتیان: کە موحەممەد ﷺ قورئانی هەڵبەستوە، بە ناوی خواوە.

٣)- ﴿ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ ﴾، ئەمیش دیسان واتە: (**بَلْ قَالُوْا هُوَ شَاعِر**)، بەڵکو گوتیان: ئەو شاعیرە و هۆنەرە، بەڵام لە هەردوو ڕستەکان: ﴿ بَلِ ٱفْتَرَىٰهُ ﴾، ﴿ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ ﴾، (**قَالُوْا**)ی لێ لابراوە، چونکە ئەوەی پێشێ دەیگەیەنێ: (**بَلْ قَالُوْا**)، ئەمیش هەر لەو سیاقەدایە، یانی: (**بَلْ قَالُوْا هُوَ افْتَرَاهُ، بَلْ قَالُوْا هُوَ شَاعِر**).

٤)- ﴿ فَلْيَأْتِنَا بِـَٔايَةٍ كَمَآ أُرْسِلَ ٱلْأَوَّلُونَ ﴾، با نیشانەیەکمان بۆ بێنێ، وەک چۆن پێشووەکان ڕەوانە کراون، واتە: وەک چۆن ئەوانەی پێشێ ڕەوانە کراون، بە چەند جۆرە موعجیزەیەکەوە، با لەو جۆرە نیشانە و موعجیزەیەمان بۆ بهێنێ، خوا ﷻ وەڵام دەداتەوە و دەفەرموێ:

٥)- ﴿ مَآ ءَامَنَتْ قَبْلَهُم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَآ ﴾، لە پێش واندا هیچ ئاوەدانییەک بڕوایان نەهێناوە کە فەوتاندوومانن، واتە: فەوتاندوومانن بەهۆی ئەوەوە کە ئەو موعجیزەیەی داوایان کردوە، پێمان داون، کەچی بڕوایان پێ نەهێناوە، ئنجا سەرەنجام ئیمانیان نەهێناوە، فەوتاندوومانن.

وشەی (ما) لابەرە (**نافية**)یە، ﴿ مَآ ءَامَنَتْ قَبْلَهُم ﴾، یانی: بڕوای نەهێنا لە پێشواندا، وشەی (مِّن قَرْيَةٍ) (مِنْ) (**مَزِيْدَةٌ للتأكِيدِ**)، (مِنْ) بۆ جەختکردنەوە

زیادکراوە، واتە: هیچ ئاوەدانییەک لە ئاوەدانییەکان کە لە پێش واندا ڕابردوون و، داوای ئەو جۆرە موعجیزانەیان کردوەو، ئێمەش پێمان داون، هیچیان بڕوایان نەهێناو، سەرەنجامیش فەوتاندمانن.

کە دەفەرموێ: ﴿ مَآ ءَامَنَتْ ﴾، ئەوەی کە (ءَامَنَتْ) پێیەوە پەیوەستە، قرتێندراوە، لەبەر ئەوەی سیاقەکە دەلالەت لەسەر دەکات، یانی: (**مَا آمَنَتْ بِآياتنا قَبْلَهُمْ مِنْ قَرْيَةٍ أهْلَكْنَاهَا**)، بڕوای بەو نیشانانەمان نەهێنا، هیچ کام لەو ئاوەدانیانە کە لە پێش ئەواندا بوون، سەرەنجام بە هۆی بڕوا نەهێنانیانەوە، فەوتاندمانن، بێگومان کە دەفەرموێ: ﴿ مَآ ءَامَنَتْ قَبْلَهُم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَآ ﴾، وشەی (قَرْيَةٍ) مەبەست پێی خەڵکەکەیەتی، واتە: خەڵکی ئەو ئاوەدانییە، پێشووتریش زۆر باسمان کردوە، وشەی (قَرْيَةٍ) بە ئاوەدانیی و شاری گەورە دەگوترێ، نەک مانا زاراوەییە عورفییەکەی ئێستای کە (قَرْيَةٍ) واتە: گوندو لادێ، نەخێر لە قورئاندا وشەی (قَرْيَةٍ) مانای شاری گەورە یاخود ئاوەدانیی گەورە.

٦)- ﴿ أَفَهُمْ يُؤْمِنُونَ ﴾، ئنجا ئایا ئەوان بڕوا دەهێنن؟ ئەمە پرسیارکردنێکی نکووڵیلێکەرانەیە، واتە: ئەوان کە بڕوایان بە موعجیزەی پێغەمبەرەکانی خۆیان نەهێناوەو، سەرەنجام بە پێی یاسای خۆمان فەوتاندوومانن، ئایا ئەوان پێیان وایە بڕوا دەهێنن؟ ئەوانیش بڕوا ناهێنن هەرچەندە ئەو جۆرە موعجیزانەشیان بۆ بنێرین، ئنجا کە بڕواشیان نەهێنا، وەک چۆن ئەوانی پێشوومان فەوتاندن، ئەوانیش دەفەوتێنین، ئنجا بۆ ئەوەی نەفەوتێن، ئەو جۆرە موعجیزانەیان بۆ نانێرین، بەڵکو موعجیزەیەکیان بۆ دەنێرین، کە ئەگەر بڕواشی پێ نەکەن، لە دنیادا نەیانفەوتێنین، مۆڵەتیان پێ دەدەین.

پێشتر حیکمەتەکەشم ڕوونکردەوە: چونکە موعجیزەیەکی بەرهەست، کە بە هەستەوەرەکانی مرۆڤ هەست دەکرێ، کاتێک کە خوا دەینێرێ، ئەگەر ئەو خەڵکە بڕوایان پێ نەهێنا، دوایی خەڵکی دوای ئەوانیش بۆیان هەیە بڵێن: ئێمەش موعجیزەیەکی دیکەمان بۆ بهێنن و، خەڵکی دوای ئەوانیش بۆیان

هەیە بڵێن: بۆ ئێمەش بێنن هەروەها بە هەمان شێوە، ئنجا ئەوە لەگەڵ ئەو جیددییەتەی کە لە ئایین و بەرنامەی خوادا هەیەو، لە ئەرکی پێغەمبەراندا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) هەیە، ناگونجێ! هەر بۆیە خوا ﷻ هەر موعجیزەیەکی بۆ پێغەمبەرانی پێشوو ناردوە، ئەو موعجیزانە و ئەو پێغەمبەرانە پەیوەست بوون بە کات و شوێن و کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەوە، بەڵام بۆ پێغەمبەری خاتەم (محمد) ﷺ ئەگەر موعجیزەیەکی لەو شێوەیەی ناردبایە، بۆ وێنە: کێوی کرد بایە بە زێڕ، خەڵکی ئێستا دەیگوت: ئنجا کێ دەڵێ وا بووە؟! ئەوە هەر گۆڕانێکی جیۆلۆجیی بووەو، بەسەریدا هاتوە، یان ئەگەر نەمابووایە دەیانگوت: نەخێر ڕاست نیە، یان بە شتێکی دیکە تەفسیریان دەکردو دەیانگوت: ئێستا با فڵان شتە بێ، بەڵام ئێستا فەرموو، ئەوە قورئانە و لەبەر دەستیانە، کەواتە: خوا ﷻ موعجیزەیەکی بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ و بۆ مرۆڤایەتییەک کە پێغەمبەری خاتەمی ﷺ بۆ لا نێردراوە، ڕەخساندوە، کە عەقل و دڵیان دەدوێنێ، ئنجا بەردەوامیشە و لەبەر دەستیانە.

مەسەلەی چوارەم:

خوا پێش پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ تەنیا پیاوانی بە پێغەمبەر ناردوون و حەوجێی خۆراک بوون و، هەر ماویش نەبوون، پاشان خوا ﷻ گفتی خۆی لەگەڵ پێغەمبەراندا ڕاست بردۆتە سەرو، خۆیان و ئەوانەشی کە خوا ویستبێتی و بە پێویستی زانیبێ دەربازی کردوون و، زێدەڕۆییکارانیشی فەوتاندوون:

خوا دەفەرمویٚ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۖ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ (٧) وَمَا جَعَلۡنَٰهُمۡ جَسَدٗا لَّا يَأۡكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَمَا كَانُواْ خَٰلِدِينَ (٨) ثُمَّ صَدَقۡنَٰهُمُ ٱلۡوَعۡدَ فَأَنجَيۡنَٰهُمۡ وَمَن نَّشَآءُ وَأَهۡلَكۡنَا ٱلۡمُسۡرِفِينَ (٩) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ إِلَّا رِجَالٗا ﴾، لە پێش تۆدا تەنیا پیاوانمان ڕەوانە کردوون، واتە: بە پێغەمبەر، لەوبارەوە زانایان دەڵێن: (**الرِّسَالَةُ مَحْصُورَةٌ فِي الرِّجَالِ بِلَا خِلَاف، فإنَّمَا الخِلَافُ فِي النبوّة**)، ڕەوانە کراویەتیی کورت هەڵهێنراوە لە پیاواندا، ئەوە ڕاجیایی لەسەر نیە، بەڵام هەندێک لە زانایان لەو بارەوە ڕایان جیایە کە پێغەمبەرایەتیی (نبوة) [خوا بە شێوەیەکی تایبەت هەواڵ بە کەسێک بدات] دەڵێن: ئەوە تەنها لە پیاواندا کورت هەڵنەهاتوەو، دەگونجێ هەندێ لە ئافرەتانیش خوای پەروەردگار هەواڵی تایبەتی پێدابن، بە تایبەت دایکی مووسا: ﴿ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ ﴾، هەروەها مەریەم: ﴿ وَإِذۡ قَالَتِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرۡيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰكِ وَطَهَّرَكِ وَٱصۡطَفَىٰكِ عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلۡعَٰلَمِينَ (٤٢) ﴾آل عمران، (خوا لێیان ڕازی بێ)، بەڵام ڕای ڕاست هەر ئەوەیە کە وەک چۆن ڕەوانەکراویەتیی (رسالة) تەنیا لە پیاواندا کورت هەڵهاتوە، پێغەمبەرایەتییش هەر لە پیاواندا کورت هەڵهاتوە، بەڵام هی ئەو ئافرەتە ناوازە و هەڵکەوتووانە، خورپە و ئیلهام بووە، خوای میهرەبان بۆی کردوون.

٢)- ﴿ نُّوحِىٓ إِلَيۡهِمۡ ﴾، واتە: سروشمان بۆ لایان دەکردن، بە شێوەی پەنهان ئاگادارمان دەکردنەوەو، پەیاممان بۆ دەناردن.

٣)- ﴿ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴾، ئەگەر نازانن لە ئەهلی زیکر بپرسن، واتە: لە خاوەن کتێبان و لەوانەی کە بیرخستنەوەکانی خوایان لەبەر دەستدان، کە لە کتێبەکانی خوادا هاتوون، ئەمەش وەڵامی ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرو بێبڕوایانەیە کە دەیانگوت: ﴿ أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرٗا رَّسُولٗا ﴿٩٤﴾ ﴾ الإسراء، ئایا خوا مرۆڤێکی کردوەتە ڕەوانەکراو؟ خوا ﷻ دەفەرموێ: لە پێش تۆشدا تەنیا پیاواغان ناردوون، لە خاوەن کتێبان بپرسن، ئەگەر نازانن، ئایا هیچ کام لە پێغەمبەرانی خوا، جگە لە مرۆڤە پیاوەکان، هیچ کەسی دیکە بووە؟ کەواتە موحەممەد ﷺ شتێکی ناوازە و ڕیزپەڕ نیە، وەک لە سووڕەتی (الأحقاف)دا دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ مَا كُنتُ بِدۡعٗا مِّنَ ٱلرُّسُلِ ﴾، واتە: من داهێنراوێک و تازە پەیدابوویەک نیم لە پێغەمبەران، پێغەمبەرانی پێش منیش کە هاتوون، هەر پیاو بوون و لە مرۆڤان بوون.

ئنجا ئـەم ئایەتـە موبارەکـە، ئەوەشـی لـێ وەردەگیـرێ، کـە دروسـتە ئێمـە قسـەی خـاوەن کتێبـەکان بـە بەڵگـە بهێنینـەوەو، بـۆ بەرچـاو ڕوونیـی زیاتـر، بـۆ بابەتێـک کە لـە قورئانـدا هاتـوە، بـەڵام لـە کتێبـی خـاوەن کتێبەکانـدا تیشـکی زیاتـری خراوەتـە سـەر، مـادام لەگـەڵ قورئانـدا تێکناگیـرێ و، لـەوە نیـە کـە دڵنیابیـن گـۆڕدراوەو لـە بیـر کـراوە، دروسـتە بیهێنیـن بـۆ بەرچـاو ڕوونیـی زیاتـر، بۆیـە ئێمـە لـەم تەفسـیرەدا هـەر لـە دەرسـەکانی سـەرەتاوە لـە (پەیـمانی کـۆن) و (پەیـمانی نـوێ)، واتـە: کتێبـی خـاوەن کتێبەکانـەوە، جـار جـار هەندێـک قسـە دێنیـن، بەڵکـو جـاری وا هەیـە ئـەوەی کـە گۆڕیویانـەو دەسـتکارییان کـردوە و لەگـەڵ قورئـان دا تێـک دەگیـرێ، ئـەوەش دەهێنیـن، تاکـو خەڵـک ئـەوەی کـە لـە پەیـمانی کـۆن و نوێـدا هاتـوە، لەسـەر ئیسـلام و لەسـەر دیـن و، لەسـەر وەحیـی خـوای حیسـاب نـەکات.

٤)- ﴿ وَمَا جَعَلۡنَٰهُمۡ جَسَدٗا لَّا يَأۡكُلُونَ ٱلطَّعَامَ ﴾، ئێمە ئەو پێغەمبەرانەی کە لە پێش تۆدا لە پیاوانی مرۆڤ ڕەوانەمان کردوون، ئەمان گێڕاون بە جەستەیەک کە خواردن نەخۆن، واتە: وا نەبوون کە مرۆڤ نەبووبن، یان پێویستییان بە خواردن و خۆراک

نەبووبێ، ئەمە وەک ئەوەیەکە لە سوورەتی (الفرقان) لە ئایەتی (٢٥)دا دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمۡ لَيَأۡكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَيَمۡشُونَ فِي ٱلۡأَسۡوَاقِ ﴾، واتە: لە پێش تۆدا هیچ کام لە پێغەمبەرانمان نەناردوون، مەگەر خواردنیان خواردووەو، بە بازاڕاندا ڕۆیشتوون و کارو کەسابەتیان کردوە.

٥)- ﴿ وَمَا كَانُواْ خَٰلِدِينَ ﴾، هەر ماویش نەبوون، (خَلَدَ) واتە: مایەوە، (خَالِد) واتە: کەسێک کە هەر دەمێنێتەوە و لە بەین ناچێ و نامرێ، ئەمە وەک دواییش خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمَا جَعَلۡنَا لِبَشَرٖ مِّن قَبۡلِكَ ٱلۡخُلۡدَ ﴾، واتە: لە پێش تۆشدا هیچ مرۆڤێکمان نەهێشتۆتەوەو، ئەمە بێگومان بەڵگەی زیاتر هێنانەوەیە لەسەر ئەوە کە ئەوانە مرۆڤ بوون، پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) مرۆڤی ئاسایی بوون، لە ڕووی جەستەییەوە.

٦)- ﴿ ثُمَّ صَدَقۡنَٰهُمُ ٱلۡوَعۡدَ ﴾، دوایی بەڵێنمان لەگەڵ دا ڕاست بردنە سەر، ئەم (ٱلۡوَعۡدَ)ە، (مَنْصُوبٌ بِنَزْعِ الخَافِضِ أي: صَدَقْنَاهُم في الوَعْد)، ئەو بەڵێنەی کە لەگەڵماندا دابوون، ڕاستمان کرد لەگەڵیان و بردمانە سەر.

٧)- ﴿ فَأَنجَيۡنَٰهُمۡ وَمَن نَّشَآءُ ﴾، خۆشیان و ئەوەش کە بمانەوێ دەربازمان کردن، واتە: پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) و ئەوانەی کە لەگەڵیاندا بوون، لە هاوسەرو منداڵیان و، ئەوانەی کە بە ئیمانەوە لەگەڵیاندا بوون، قوتارو ڕزگارمان کردن.

٨)- ﴿ وَأَهۡلَكۡنَا ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴾، زێدەڕۆییکارانمان لە کوفرو بێبڕوایی و کەللە ڕەقیی، لە بەرانبەر پێغەمبەراندا، واتە: ئەوانەی کە زێدەڕۆییکاربوون لەوانەدا، فەوتاندمانن و لەبەینمان بردن و، جۆماڵمان کردن و گەسکێکمان لێیاندا و زەوییمان لێ پاککردنەوە.

(جمال الدين القاسمي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] قسەیەکی جوان دەکات و دەڵێ:

(وفي هذا التعريف الربَّانيّ عن حال المرسل، أكبر رادع لأولئك المنزوين عن الناس المتصيدين، به قلوب الرعاع، إذ يرون تناول الطعام في المحافل وتكثير سواد الناس في المجامع والخروج للأسواق لقضاء الحاجات، من أعظم الهوادم لصروح الإعتقاد فيهم).

---

(١) محاسن التأويل ج٧، ص٢٣٥.

واتە: لەم پێناسەی پەروەردگاردا بۆ حاڵی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) گەورەترین بەرپەرچدەرەوە هەیە، بۆ ئەوانەی کە خۆ لە خەڵکی گۆشەگیر دەکەن و، ئەوانەی کە دڵی خەڵکی سادە و ڕەشۆکیی ڕاو دەکەن، چونکە ئەوانە پێیان وایە، ئەگەر لەگەڵ خەڵکی خواردنێ بخۆن، یاخود بچنە نێو ئاپۆرایی خەڵکەوە، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک بڕوایان پێیان نەمێنێ و، لەبەرچاویان بکەون، وا بێنە بەرچاویان کە ئەوانەش مرۆڤی ئاسایین و وەک خەڵکن.

واتە: مادام پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) وابوون، کەواتە: بە ناوی دینەوە خۆ لە خەڵک پەنادان و خۆ لە خەڵک گۆشەگیرکردن و تێکەڵ نەبوون لەگەڵیان، بە حیساب بۆ ئەوەی هەیبەتیان نەیەتە خوار، شتێکی خراپە، ئنجا ئەو بە ناوی دینەوە وایگوتوە، بەڵام ئێستا چینێکی سیاسییمان پەیدا بووە لە درێژایی و پانایی و جیهانی ئیسلامییدا، ئنجا لەم هەرێمی کوردستانی خۆمان دەڵێی، لە عێراق دەڵێی، لە دەوڵەتانی ناوچەکە دەڵێی، چینێکی سیاسیی کە خۆیان لە خەڵک دوور دەگرن و، نایەنە نێو خەڵک و تێکەڵ بە خەڵک و جەماوەر نابن و، لە بورجی عاجییدا دەژین و، لەسەرێ ڕا تەماشای خەڵک دەکەن، بۆیە خەڵکی زۆر وردو گچکە دەبینن، نازانن ئەو خەڵکەش کە لە خوارێ ڕا تێیان هەڵدەڕوانێ ئەوانیش وردو گچکەیان دەبینن! بە هەر حاڵ ئینسان نابێ خۆی پێ لە خەڵک زیاد بێ و، نابێ خۆ بەزلگر بێ، ئنجا لە بەرگی دیندا بێ، لە بەرگی سیاسەتدا بێ، لە بەرگی حیزبایەتییدا بێ، یان لە هەر بەرگێکدا، ئینسان ئەگەر خۆی پێ لە خەڵک زیاد بێ و خۆ بەزلگر بێ، لە ڕاستییدا لە لای خەڵک و لە لای خوا ﷻ بچووک دەبێتەوە، هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**وَمَا تَوَاضَعَ أَحَدٌ لِلَّهِ إِلَّا رَفَعَهُ اللَّهُ**} (**أخرجه أحمد: ٧٢٠٥، ومسلم: ٢٥٨٨، والترمذي: ٢٠٢٩، وقال: حسن صحيح، وابن حبان: ٣٢٤٨**)، واتە: هیچ کەسێک خۆی لەبەر خوا بە کەم نەگرتوە، مەگەر خوا بەرزی دەکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، هەر کەسێک خۆی بەزل بگرێ، خوا بچووکی دەکاتەوە.

مەسەلەی پێنجەم:

خوا قورئانی دابەزاندوە کە مایەی بیرخستنەوە و ڕێز و پایەیە بۆ مرۆڤەکان:

خوا دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ كِتَٰبًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ ۖ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ۝١٠﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ (٣) بڕگەدا:

١- ﴿لَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ كِتَٰبًا﴾، بە دڵنیایی ئێمە کتێبێکمان بۆ لای ئێوە دابەزاندوە، وشەی (لَقَدْ): (ل) بۆ سوێندە یاخود بۆ زەمینە خۆشکەرە بۆ سوێند (قَد) بۆ دڵنیاکردنەوەیە، ئنجا مەبەست پێی چییە، لێرەدا؟ مەبەست پێی ئەوەیە: دڵنیا بن، ئەم کتێبە کە موحەممەد ﷺ بەسەرتاندا دەیخوێنێتەوە، ئێمە بۆ لای ئێوەمان دابەزاندوەو، لەوە دڵنیا بن کە قسەی خۆی نیەو، لە گیرفانی خۆی دەری نەهێناوەو، شەیتان و خەڵکی دیکە فێری نەکردوە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿إِلَيْكُمْ﴾، واتە: ئەم قورئانەمان لەبەر خاتری ئێوە و بۆ لای ئێوە دابەزاندوە، بۆیە پاڵی داوەتە لای خۆیان.

٢)- ﴿فِيهِ ذِكْرُكُمْ﴾، (ذِكْر) بە مانای بیرخستنەوە دێ، بیرخستنەوە بۆ چاکیی و پاکیی، هەروەها دەشگونجێ مەبەست پێی ناوبانگ و پێگەو پلەی بەرز بێ.

٣)- ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾، ئایا نافامن، واتە: بیرخستنەوەی خۆتانی تێدایە، یاخود ناو و ناوبانگی خۆتانی تێدایە، ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾، ئایا نافامن؟ ئەم پرسیارە پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە، چونکە بڕوا نەهێنانیان بەم قورئانە، کە بیرخستنەوەیە بۆ خۆیان و، ناو و ناوبانگ و بەرزییە بۆ خۆیان، بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە کەودەنن و نەفامن و، عەقڵیان بە شت ناشکێ و، عەقڵی خۆیان بەکارناهێنن و، لە عەقڵی خۆیان بەهرەمەند نابن، چونکە ئەگەر بە چاوی عەقڵ تەماشای قورئان بکەن، دەبینن کە بۆ ئەوان دابەزێنراوەو، بیرخستنەوەیە بۆ ئەوان و، ڕاستییەکانیان دەخاتەوە بیرو، ناو و ناوبانگ و بەرزییە بۆ خۆیان.

مەسەلەی شەشەم و کۆتایی:

ئاوەدانییەکان خوا بە هۆی ستەمەوە فەوتاندوونی و کاتێک بەڵایان بینیوە، ڕایانکردوە، بەڵام بە زمانی حاڵ پێیان گوتراوە: بگەڕێنەوە نێو حاڵ و گوزەرانی خۆتان و، نێو خانوو بەرەکانتان و، لەو کاتەشدا دانیان بە ستەمکاریی خۆیاندا هێناوەو، هەتا دامرکاون و بێ هەست بوون، هەر خەریکی هاوارو بڕۆ بوون:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴿١١﴾ فَلَمَّآ أَحَسُّواْ بَأْسَنَآ إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ ﴿١٢﴾ لَا تَرْكُضُواْ وَٱرْجِعُوٓاْ إِلَىٰ مَآ أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَٰكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْـَٔلُونَ ﴿١٣﴾ قَالُواْ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿١٤﴾ فَمَا زَالَت تِّلْكَ دَعْوَىٰهُمْ حَتَّىٰ جَعَلْنَٰهُمْ حَصِيدًا خَٰمِدِينَ ﴿١٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً﴾: زۆر ئاوەدانییمان لەبەین بردوون کە ستەمکار بوون (كَمْ)، واتە: چەند، ئنجا کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ﴾، مەبەستی پێ پرسیارکردن نیە، بزانرێ: چەند؟ بەڵکو بۆ زۆرییە، پێشتریش گوتمان: وشەی (كَمْ) لێرەدا: (**خَبَرِيَة اسْمُ إسْتِفْهَامٍ عَنِ العَدَدِ، وَشَاعَ اسْتِعْمَالِه عَنْ كَثْرَة الشَّيء أي: كَثِيراً مِنَ القُرَى**)، واتە: ناوی پرسیارکردنە لە ژمارە، بەڵام زۆر جار بەکارهێنراوە بۆ زۆریی شت، واتە: زۆر ئاوەدانییمان لە بەین بردوون، لەبەرچی؟!

﴿كَانَتْ ظَالِمَةً﴾، ئەو ئاوەدانییانە ستەمکاربوون، وشەی (ظَالِم) ستەمکار، لە قورئاندا بە مانای دەستدرێژیی بۆ سەر مافی ئەوانی دیکە، دێ و، بە مانای لە کەوڵی خۆ دەرچوون، دێ و، بە مانای شیرک، دێ ﴿إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾﴾ لقمان، بە مانای کوفریش دێ ﴿وَٱلْكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٥٤﴾﴾، وشەی (ظُلم) لە ئەسڵدا: (**الظُّلْمُ: وَضْعُ شَيءٍ فِي غَيْرِ مَوْضِعِهِ**)، واتە: شتێک لە شوێنی شایستەی خۆیدا دانەنێی، ئنجا هەم کوفرو، هەم شیرک

و، هەم دەستدرێژیی بۆ سەر مافی ئەوانی دیکە و، هەم لە کەوڵی خۆ دەرچوون و لە خوا یاخیی بوون، ئەوانە هەموویان بێ جێن، گرنگ ئەوەیە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: کە زۆر ئاوەدانییمان تێک شکاندوون، لە ئەنجامی ئەوەدا کە ستەمکار بوون، بە هەموو مانا و چەمکەکانی ستەم (ظلم).

٢)- ﴿ وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴾، لە دوای ئەوان خەڵکێکی دیکەمان پێگەیاندوە.

٣)- ﴿ فَلَمَّآ أَحَسُّواْ بَأْسَنَآ ﴾، واتە: خەڵکی ئەو ئاوەدانییانەی کە تێکمان شکاندوون، کاتێک هەستیان کرد بە سزای ئێمە، (**الإحْسَاسُ: الإدْرَاكُ بِالحسِّ فَيَكُونُ بِرُؤْيَةِ مَا يُزْعِجُهُم، أو سَمَاعِ أصْوَاتِ مُؤْذِنَةٍ بِهَلَاكٍ**)، کە دەفەرموێ: (أَحَسُّواْ)، ئیحساس بریتیە لە هەستکردن بە هۆی هەستەوە، دەرککردنی شتێک بە هۆی هەستپێکردنەوە، ئەویش یان بە هۆی بینینی ئەو شتانەوە، کە بێزاریان کردوون، یاخود بەهۆی بیستنی ئەو دەنگانەوە، کە ئاگادارکردنەوەی ئەوەیان تێدا بوو، کە لە بەین دەچن، وشەی (**بَأْس**) بە ئازاری زۆرو بە سزا دەگوترێ، واتە: کاتێک کە ئازارو سزا و بەڵاکەی ئێمەیان هەست پێکرد.

٤)- ﴿ إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ ﴾، تۆ دەتبینی ئەوان ڕایاندەکرد لێیان، واتە: لەو ئاوەدانییەی خۆیان ڕایان دەکرد، (**الرَّكْضُ: سُرْعَةُ سَيْرِ الفَرَسِ، وَأَصْلُهُ: الضَّرْبُ بِالرِّجْلِ فَيُسَمَّى بِهِ العَدْوُ**)، وشەی (**رَكْض**): بە واتای بە خێرایی ڕۆیشتنی ئەسپە، بەڵام مانا ڕیشەییەکەی: پێ بە زەوی داکوتانە، لەوەشەوە ڕاکردن، وشەی (**رَكْض**)ی بۆ بەکارهاتوە.

٥)- ﴿ لَا تَرْكُضُواْ ﴾، واتە: ڕامەکەن، هەڵبەتە ئەمە بە خەیاڵ هێنرانە پێش چاویانە، کە خوا ﷻ دەیاندوێنێ: ڕامەکەن، واتە: بە زمانی حاڵ پێیان دەگوترێ: ڕامەکەن.

٦)- ﴿ وَارْجِعُوٓاْ إِلَىٰ مَآ أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَٰكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْـَٔلُونَ ﴾، واتە: بگەڕێنەوە بۆ نێو ئەوەی کە تێیدا خۆشگوزەران کرابوون و، بگەڕێنەوە بۆ نێو خانو وبەرەکانتان، بەڵکو لێتان بپرسێ (**الإتْرَافُ: إعْطَاءُ التَّرَفِ، وَهُوَ النَّعِيمِ وَرَفَةُ العَيْشِ**)، وشەی (**إتْرَاف**) بریتیە لە پێ بەخشرانی (**تَرَف**) و، (**تَرَف**)یش بریتیە لە ناز و نیعمەت و خۆشگوزەرانیی.

﴿ لَعَلَّكُمْ تُسْـَٔلُونَ ﴾، واتە: بەڵکو پرسیارتان لێ بکرێ، ئنجا ئەمە زانایان بە زۆر جۆر لێکیان داوەتەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین: سێ واتایان هەڵدەگرێ:

یەکەم: بگەڕێنەوە بەڵکو داوای هاوکارییتان لێ بکرێ لە سواڵکەرانەوە، لە کەسانێکەوە کە داوای هاوکاریی دەکەن، کە ئەمە بێگومان جۆرێک لە گاڵتە پێکردنە، کە زۆر جار سواڵکەرو هەژارو نەدار داوایان لێکردوون و، هیچیان پێنەداون، بڕۆن بگەڕێنەوە نێو ئاوەدانیی و خۆشگوزەرانییەکەی خۆتان، بەڵکو ئەوجار کە خەڵکی سواڵکەرو هەژارو نەدار هاتە بەر دەرگاتان، نائومێدیان نەکەن!!

دووەم: لێتان بپرسرێ دەربارەی ئەوەی کە چیتان بەسەر هات؟ چ بەڵایەکتان بەسەر هات؟

سێیەم: واتایەکی دیکەشی ئەوەیە: بۆ ئەوەی لێپرسینەوەتان لەگەڵدا بکرێ، کە ئایا چیتان کردوە و چیتان نەکردوە؟

٧)- ﴿ قَالُواْ يَـٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَـٰلِمِينَ ﴾، گوتیان: هەی هاوار بۆ ئێمە! بەدڵنیایی ئێمە ستەمکار بووین، هەڵبەتە لێرەدا (يَـٰوَيْلَنَآ) وشەیەکە بۆ پەشێمانیی بەکاردێ، کە (يَـٰوَيْلَنَآ) لە کوردییدا واتە: هەی هاوار بۆ ئێمە! یاخود (وَيْل) ئەگەر بە واتای سزابێ، واتە: ئەی سزایەکەی ئێمە! ئامادە بە ئێستا کاتیەتی بێی، بەڵام وەک لە کوردییشدا دەڵێ: هەی هاوار، بە هەمان شێوەش لە قورئاندا (يَوَيْلَنَا، يَوِيْلَتَا، يَوَيْلَتِي) هەر بەو واتایە هاتوە، دیارە لە عورفی گەلانی دیکەشدا، ئەم وشەیە بەکاردەهێنرێ بۆ ئەو بابایەی لێقەوماوی، گیرخواردووی، داماوی دەست لە هەموو پچکانبڕاو، کە دەڵێ: هەی هاوار!

٨)- ﴿ فَمَا زَالَت تِّلْكَ دَعْوَىٰهُمْ ﴾، هەر ئەوە پاڕانەوەیان بوو، واتە: هەر ئەو وشەیان دووبارە دەکردەوە، بۆیەش دەفەرموێ: ﴿ دَعْوَىٰهُمْ ﴾ چونکە وشەی (دَعْوَى) بە واتای دوعاش دێ، بە واتای دەعواش دێ، واتە: ئینسان هەقێک لەسەر کەسێکی دیکە داوا بکات، ئەوانەش داوای هەقێکیان دەکرد لەسەر خۆیان، داوای سزایان دەکرد بۆ خۆیان، پەشێمان بوونەوە، لەوەی کە خۆیان بە خۆیانیان کردوە، هەر ئەوەیان دووبارە دەکردەوە.

٩)- ﴿ حَتَّىٰ جَعَلْنَٰهُمْ حَصِيدًا خَٰمِدِينَ ﴾، تاکو گێرامانن بە پەرێزێکی دامرکاو، وشەی (حَصِيْد): (**الحَصْدُ: جَزُّ الزَّرْعِ وَالنَّبَاتِ بِالْمِنْجَلِ وشَاعَ اسْتِعْمَالُ الحَصِيْد، للزَّرْعِ المَحْصُودِ**)، وشەی (حَصْد) بریتیە لەوەی کشتوکاڵێک ڕووەکێک بە داس ببڕدرێ، کە بە کوردیی پێی دەگوترێ: درەوکردن، بەڵام وشەی (حَصِيْد) بەکارهێنراوە بۆ کشتوکاڵێکی درەوکراو، واتە: پەرێز، بوونە پەرێزێکی ڕووت، وشەی (خَٰمِدِينَ) کۆی (خَامِد)ە، کە ناوی بکەر (إسم فاعل)ە، (**مِنْ خَمَدَتِ النَّارُ تَخْمُدُ إِذَا زَالَ لَهِيْبُهَا**)، واتە: ئاگرەکە دامرکا، کاتێک کە بڵێسەی نامێنێ.

ئنجا ﴿ خَٰمِدِينَ ﴾، واتە: ئەوانە دامرکان، بە دامرکاویی گێرامانن بە کشتوکاڵێکی دردوکراوو، دامرکاوی بێ هەست و خوست، هەندێک لە زانایان دەڵێن: لێرەدا خوا ﷻ دەیانچوێنێ بە کشتوکاڵێکی درەوکراوەود، کە تەنیا پەرێزە ڕووتەکەی ماوەتەوەو، هەم بە ئاگرێکی کوژێنراوەوە، کە دامرکاوەو، تەنیا خۆڵەمێشەکەی ماودتەوە، هەندێکیش دەڵێن: خوا وشەی (حَصِيْد) و (خَامِد)ی لە یەک سیاقدا بەکارهێناون، لە یەک وێکچواندندا، واتە: ئەوانە وەک کشتوکاڵێکی درواوە بوون و، پاشانیش لەو ڕووەوە کە جووڵەیان نەمابوو دامرکابوون، وشەی (خَامِد)ی بۆ بەکارهێناون، نەک بیانچوێنێ بە ئاگرێکی کوژاوەی دامرکاوەوە.

کەواتە: دەگونجێ وشەی یەکەم و دووەم، هەردووکیان: ﴿ حَصِيدًا خَٰمِدِينَ ﴾، دوو وەسفی سەربەخۆ بن، واتە: کردمانن بە کشتوکاڵێکی درواوەو، بە ئاگرێکی دامرکاو، یاخود دەشگونجێ بەم شێوەیە بێ: (**أي جَعَلْنَاهُم كَالزَّرْعِ المَحْصُودِ وَالنَّار الخَامِدَةُ الهَامِدَة التي، لا حَرَكَةَ فيهَا، فَالأولُ مَوْصُوفٌ بالثاني**)، گێرامانن بە کشتوکاڵێکی درەوکراو، کە چەند جەستەیەکی بێ جووڵە کەوتوون، کە هیچ هەست و خوستیان نەماوە، واتە: (حَصِيْد)ەکە وەسف دەکرێ بە (خَٰمِدِينَ)، هی دووەم ددبێتە وەسف بۆ یەکەمیان، بە هەرحاڵ لێرەدا خوا ﷻ وەسفی حاڵەتی ئەو گەلە فەوتاوانە دەکات، کە لە ئەنجامی ستەمکارییدا، تەختی کردوون، تەشبیهیان دەکات بە کشتوکاڵێک کە پێشتر کشتوکاڵێکی جوان و ڕێک و بەرچاو و بە دیمەن و

سەرنجڕاکێش، بووە، یاخود ئاگرێکی بڵێسەداری بەرز، بەڵام دوایی کشتوکاڵەکە دەدروێتەوە و دەبێتە پەرێزێکی ڕووت، ئاگرەکەش دادەمرکێ و خامۆش دەبێ و دەبێتە خۆڵەمێش، ئەوانەش بەو دەردە چوون.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە بیست (٢٠) ئایەت پێک دێ، ئایەتەکانی: (١٦ - ٣٥)، لەم بیست ئایەتەدا ژمارەیەک بابەتی جۆرا وجۆر خراونە ڕوو، بەڵام تەوەری سەرەکییان باسی حیکمەت و یەکتایی خوای بەرزی مەزنە، لە پەروەردگارێتیی و لە پەرستراوێتیی داو، لە بەپاکگیراوێتیی و لە ستایشکراویەتییدا.

هەروەها باسی ژمارەیەک لە دیاردە و دیمەنە سروشتییەکان کراوە، کە هەر کامێکیان نیشانەو بەڵگەیەکە بۆ پەروەردگارێتیی خوای بێ وێنەو تاک و پاک و، هەروەها باسی هەڵوێستی فریشتە پاک و چاکەکان کراوە، لە بەرانبەر خوای بەرز و مەزندا، کە بریتیە لە پاکگرتن و پەرستنی، بە شێوەیەکی بەردەوام و نەپساوەو، ملکەچیی و فەرمانبەریی بێ خڵەیان بۆ خوای بێ وێنەو تاک.

﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿١٦﴾ لَوْ أَرَدْنَآ أَن نَّتَّخِذَ لَهْوًا لَّٱتَّخَذْنَٰهُ
مِن لَّدُنَّآ إِن كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿١٧﴾ بَلْ نَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ عَلَى ٱلْبَٰطِلِ فَيَدْمَغُهُۥ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ ۚ
وَلَكُمُ ٱلْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾ وَلَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَمَنْ عِندَهُۥ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ
عِبَادَتِهِۦ وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ ﴿١٩﴾ يُسَبِّحُونَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ لَا يَفْتُرُونَ ﴿٢٠﴾ أَمِ ٱتَّخَذُوٓا۟ ءَالِهَةً
مِّنَ ٱلْأَرْضِ هُمْ يُنشِرُونَ ﴿٢١﴾ لَوْ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَا ۚ فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ
عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٢٢﴾ لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ ﴿٢٣﴾ أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً ۖ قُلْ
هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ ۖ هَٰذَا ذِكْرُ مَن مَّعِىَ وَذِكْرُ مَن قَبْلِى ۗ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْحَقَّ ۖ فَهُم مُّعْرِضُونَ
﴿٢٤﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ
﴿٢٥﴾ وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ۗ سُبْحَٰنَهُۥ ۚ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ﴿٢٦﴾ لَا يَسْبِقُونَهُۥ

بِٱلْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ ﴿٢٧﴾ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ
إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ ﴿٢٨﴾ ۞ وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّىٓ إِلَٰهٌ مِّن دُونِهِۦ
فَذَٰلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾
وَجَعَلْنَا فِى ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِىَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَّعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ
﴿٣١﴾ وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ ءَايَٰتِهَا مُعْرِضُونَ ﴿٣٢﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ
ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٣٣﴾ وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ ٱلْخُلْدَ ۖ
أَفَإِي۟ن مِّتَّ فَهُمُ ٱلْخَٰلِدُونَ ﴿٣٤﴾ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۗ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً ۖ
وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾.

ماناى دەقاو دەقى ئایەتەکان

{هەروەها ئاسمان و زەمینمان بە گاڵتە و یاریی دروست نەکردوون ﴿١٦﴾ ئەگەر گریمان ویستبامان سەرگەرمیی و خافڵانێک بۆ خۆمان دابنێین، لە لای خۆمان (لە ئاسمان) دامان دەنا ﴿١٧﴾ (نەخێر ئەوە ڕاست نیە) بەڵکو ئێمە (لە ڕێی قورئانەوە) هەق بە ناهەقدا دادەدەین، یەکسەر مێشکی دەپڕژێنێ، ئیدی دەبێتە فەوتاو، سزای سەختیش بۆ ئێوە لەسەر ئەو باسکردنەتان (بۆ خوا) ﴿١٨﴾ هەر کەس لە ئاسمانەکان و زەمین دایە، هی ویەو، ئەو (فریشتە پاک)انەی لەلاشنی لە ئاست بە پەرستنیدا، خۆیان بەزل ناگرن و ماندوو و کولیش نابن ﴿١٩﴾ شەو و ڕۆژ (خوا) بە پاک دەگرن و ناوەستن ﴿٢٠﴾ یان ئایا ئەوان چەند پەرستراوێکیان لە زەمیندا داناون، کە (مردووان) دەژیەننەوەو بڵاویان دەکەنەوە؟ ﴿٢١﴾ بە دڵنیایی ئەگەر (ئاسمانەکان و زەوی) جگە لە خوا پەرستراوانێکی دیکەیان

تێدابوونایە، تێک دەچوون، ئنجا پاکیی بۆ خوای خاوەنی بارەگا لەوەی (خوای پێ) وەسف دەکەن (٢٢) ئەو (خوا) لەوەی دەیکات لێی ناپرسرێتەوەو، ئەوان لێیان دەپرسرێتەوە (٢٣) یان ئایا جگە لەوی چەند پەرستراوێکیان داناون! بڵێ: بەڵگەکەتان بێنن، ئەمە کتێب و بەرنامەی ئەوانەیە کە لەگەڵمن و، کتێب و بەرنامەی ئەوانەشە کە پێش من بوون، (شتی وایان تێدا نیە)، بەڵکو زۆربەیان (لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان) هەق نازانن، بۆیە ڕوو وەرگێڕن (٢٤) لە پێش تۆش دا هیچ ڕەوانەکراوێکمان نەناردوە، مەگەر سروشمان بۆ کردوە، کە جگە لە من هیچ پەرستراوێک نیە، تەنیا من بپەرستن (٢٥) هەروەها هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان گوتیان: خوای بە بەزەیی ڕۆڵەی بۆ خۆی داناون! پاکیی بۆ وی، بەڵکو فریشتەکان بەندەی ڕێز لێگیراون (٢٦) لە هیچ قسەیەکدا پێشی خوا ناکەون و، فەرمانی وی جێبەجێ دەکەن (٢٧) هەرچی لە پێش دەستیانەوەیەو هەرچی لە پشتیانەوەیە، دەیزانێ و، مەگەر کەسێک خوا پەسەندی بکات، ئەگەر نا تکای بۆ ناکەن و، لە سام و بیمی وی بە ترس و لەرزن (٢٨) هەر کەسێکیش لەوان بڵێ: من لە جیاتی وی (خوا) پەرستراوم، ئەوە بە دۆزەخ سزای دەدەین، (چونکە ئەوە ستەمە) و هەر ئاواش ستەمکاران سزا دەدەین (٢٩) ئایا ئەوانەی بێبڕوان (بە چاوی عەقڵ) نەیاندیوە کە ئاسمانەکان و زەمین پێکەوە لکاو بوون، ئنجا لە یەکمان جیا کردنەوەو، هەموو ژیاندارێکیشمان لە ئاوێ پەیدا کردوە، ئایا (دوای دەرکەوتنی ئەو ڕاستییانەش) هەر بڕوا ناهێنن؟ (٣٠) چیایە چەسپاوەکانیشمان لە زەمیندا دانان، تاکو (دانیشتووەکانی) زەمین نەیان لەرزێنێ و، دابڕاویی و کەلێن و ڕێیەکانیشمان تێدا داناون (لە زەمیندا)، بەڵکو (بەو کەلێن و ڕێیانەدا) بگەنە ئامانجەکانیان (٣١) ئاسمانیشمان کردوە بە بانێکی پارێزراو، کەچی ئەوانیش ڕوو وەردەچەرخێنن لە نیشانەکانی (سەرنجیان نادەن) (٣٢) هەروەها ئەو (خوا) ئەو کەسەیە کە شەوگارو ڕۆژگارو خۆرو مانگی هێناونە دی، هەر کامێکیان لە سووڕگەیەکدا مەلە دەکەن (دێن و دەچن و دەخولێنەوە) (٣٣) لە پێش تۆشدا

(ئەی موحەممەد!) هەر مانمان بۆ هیچ مرۆڤێک نەڕەخساندوە، ئنجا ئایا کە تۆ مردی، ئەوان (ناحەزەکانت) دەمێننەوە؟ ﴿٣٤﴾ هەموو کەس چێژەری (تامی) مردنەو بۆ تاقیکردنەوە، خراپەو چاکە (ناخۆشیی و خۆشی)تان بەسەر دێنین و، هەر بۆ لای ئێمەش دەگێڕرێنەوە ﴿٣٥﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(لَعِبِينَ): واتە: یارییکەرانە، گاڵتەپێکەرانە، (لَعِبَ: عَمِلَ عَمَلاً لَا يُجْدِي عَلَيْهِ نَفْعاً)، واتە: کارێکی کرد کە هیچ سوودێکی پێناگەیەنێ، وشەی (لَعِبْ) لە بەرانبەر شتی جیددییە، یان لە بەرانبەر هەقە، یان لە بەرانبەر کارێکی بە سوودو کەڵک، وەک (لَغْو) ئەو کاتە لە بەرانبەر کارێک دا دەبێ کە سوودی دەبێ.

(لهی لَهْوًا): یاریی پێکرد، سەرگەرم بوو، (لَهَا بِالشَّيْءِ: لَهْواً: أي لَعِبَ بِه، أولَعَ به، لَهَا عَنْهُ: إنْشَغَلَ)، واتە: (لَهَا بِالشَّيْءِ) یاریی پێکرد، پێیەوە سەرگەرم بوو وخافڵا، بەڵام (لها عنه) یانی: ناگای لێی نەما و ناگای لێبڕا، کەواتە: (لَهْوًا) بە مانای سەرگەرمیی خافڵان دێ و، بە مانای ئەو شتەش دێ کە ئینسان پێی سەرگەرم دەبێ و دەخافڵێ.

(نَقْذِفُ): (قَذَفَ: بِالشَّيْءِ: رَمَى بِهِ بِقُوَّة)، (قَذْف) ئەوەیە کە شتێک بە توندیی فڕێ بدەی، کە دەفەرموێ: ﴿ بَلْ نَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ عَلَى ٱلْبَٰطِلِ ﴾، واتە: هەق بە باطیڵ دادەدەین بە توندیی، کە مەبەست لە هەق قورئانە، (ٱلْبَٰطِلِ)یش مەبەست پێی بیرۆکەی هاوبەش بۆ خوا دانانە، یاخود بە بێ حیکمەت لە قەڵەمدانی نووسراوەکانی خوای پەروەردگارە، کە خوا بە هۆی قورئانەوە کە هەقە، ئەو بیرۆکە پووچ و بە تاڵانە، بەرپەرچدەداتەوە.

(فَيَدۡمَغُهُۥ): (دَمَغَهُ: أي شَجَّهُ حَتَّى بَلَغَتِ الشَجَّةُ الدِّمَاغ، واسْمُهَا الدَامِغَة)، (دَمَغَهُ): واته: سه‌ری شکاند، تاکو ئه‌و شکاوییه گه‌یشته مێشک (دِمَاغ) که ئه‌و جۆره برینه پێی ده‌گوترێ: (الدَّامِغَة) واته: برینێک که گه‌یشتۆته مێشک، ئنجا چ مێشکی سه‌ر بێ، یاخود مۆخی ئیسقان بێت.

(زَاهِقٌ): (زَهَقَتْ نَفسُهُ: خَرَجَتْ مِنَ الأسَفِ عَلَى الشَيء)، واته: ڕووحی ده‌رچوو به هۆی خه‌فه‌تباریی و داخ و خه‌فه‌ته‌وه له‌سه‌ر شتێک.

(وَلَا يَسۡتَحۡسِرُونَ): واته: ماندوو نابن و ناپسێن و کول نابن، (الحَسْرُ: كَشْفُ المَلْبَسِ عَمَّا عَلَيْهِ)، (حَسْر) ئه‌وه‌یه که پۆشاکێک له‌سه‌ر شتێک هه‌یه، لای بده‌ی (حَسَرَ عَنْ ذِرَاعِهِ)، واته: قۆڵی هه‌ڵکرد، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی پۆشاکه‌که له‌سه‌ر باسک لا ده‌چێ، (الحَاسِرُ: المُعْيَا وَكَذَلِكَ المَحْسُور)، (حَاسِرُ) واته: بابای ماندوو، (مَحْسُور) و (حَسِير)یش واته: که‌سێک که توانا و بڕستی لێبڕاوه و ماندوو بووه.

(لَا يَفۡتُرُونَ): (الفُتُور: سُكُونٌ بَعْدَ حِدَّة، ولِيْنٌ بَعْدَ شِدَّةٍ، وَضُعْفٌ بَعْدَ قُوَّةٍ)، (فُتُور) بریتیه له وه‌ستان له دوایی توندیی، شتێک که به توندیی بجووڵێ، دوایی بوه‌ستێ و، نه‌رمییه له دوایی سه‌ختیی و، بێ هێزییه له دوایی به‌هێزیی، (لَا يَفۡتُرُونَ): (فَتَرَ: أي سَكَنَ وانقَطَعَ) واته: وه‌ستا، کول بوو، به‌ڵام فریشته‌کان له یادی خوا و په‌رستنی خوا، ماندوو نابن و کول نابن.

(يُنشِرُونَ): واته: بڵاوده‌که‌نه‌وه، (نَشَرَ الثَوْبَ: بَسَطَهَا)، پۆشاکه‌که‌ی بڵاوکرده‌وه، هه‌ڵیخست، (نَشَرَ اللهُ المَيِّتَ وَأنْشَرَهُ)، خوا مردووه‌که‌ی زیندوو کرده‌وه، (نَشَرهُ، وَأنْشَرَهُ)، واته: هه‌م به (ثلاثي) و هه‌م به (رُباعي) هه‌ردوو کرداره‌که‌ی هاتوون، به مانای زیندووکردنه‌وه، له ئه‌صڵدا به مانای بڵاوکردنه‌وه دێ، دوایی خوازراوه‌ته‌وه بۆ مانای زیندووکردنه‌وه، ئنجا بۆیه ناوی بکه‌ر (اسم فاعل)ه‌که‌ی (نَاشِر وَمُنْشِر)، به مانای بڵاوکه‌ره‌وه، دێ، ئه‌مه که بۆ که‌سێک که چاپخانه‌ی هه‌یه، پێی ده‌گوترێ: (نَاشِر)، واته: ئه‌و که‌سه‌ی که ئه‌و کتێبه‌ی چاپکردوه و بڵاوی کردۆته‌وه.

(مُشۡفِقُونَ): (الإشْـفَاق: عِنَايَـةٌ مُخْتَلَطِـةٌ بِخَـوْفٍ، لأَنَّ المُشْـفِق يُحِـبُّ المُشْـفَقَ عَلَيْـهِ، وَيَخَـافُ مَـا يَلحَقُـهُ)، (إشـفاق) بریتیـە لـە گرنگیـی پێدانیکـی تێکـەڵ لەگـەڵ تـرس، چونکـە بابـای (مُشْـفِق) ئـەو کەسـەی کـە (شَـفَقَة)ی بەرانبـەری هەیـە، خـۆشی دەوێ، مەترسـییشی هەیـە کـە تـووشی زیـان ببـێ.

(رَتۡقٗا): (الرَّتْـقُ: الضَّـمُ وَالإلتِحَـامُ خِلقَـةً كَانَـتْ أَم صُنْعَـةً)، (رتْـق) بریتیـە لـە پێکـەوە لکاویـی و پێکـەوە جۆشـدراویی، بـە شـێوەی خەڵقیـی بـێ (واتـە: لـە ئەصڵـدا خـوا وای دروسـتکردبێ)، یاخـود بـە هـۆی دەسـتکاریی بەشـەرەوە وای لـێ هاتبـێ، کەواتە: (كَانَتَـا رَتْقَـاً: كَانَتَـا مُنْضَمَّتَـيْنِ)، پێکـەوە لـکاو بـوون و پێکـەوە پەیوەسـت بـوون، ئاسـمان و زەوی.

(فَفَتَقۡنَٰهُمَاۖ): لێکـمان جیاکردنـەوە، (الفَتْـقُ: الفَصْـلُ بَـيْنَ المتَّصَلـيْنَ، وَهُـوَ ضِـدُّ الرتْـق)، (فَتْـق) بریتیـە لـە جیاکردنـەوەی دوو شـتی پێکـەوە پەیوەسـت، پێچەوانـە و دژی (رَتْـق)ە، واتـە: پێکـەوە لـکان، (فَتْـق) لێـک جیاکردنـەوە.

(رَوَٰسِيَ): کـۆی (رَاسِي) یـە، چەسـپاو، (رَسَـا الـشَّيءُ يَرْسُـو رَسْـاً: ثَبَـتَ وَأرْسَـاهُ غَـيْرُهُ أي: ثَبّتَـهُ)، واتـە: ئـەو شـتە چەسـپا و دەچەسـپێ و چەسـپاو، بـەڵام ئەگـەر بویسـترێ پـاڵ بدرێتـە لای یەکێکـی دیکـە دەگوتـرێ: (أرْسَـاهُ) ئـەو شـتەی چەسـپاند، بۆیـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿وَٱلۡجِبَالَ أَرۡسَىٰهَا ٣٢﴾ النازعـات، چیایـەکانی چەسـپاندن، خـوا ﷻ لـە زەوییـدا، چیایـەکانی چەسـپاندن.

(أَن تَمِيدَ بِهِمۡ): (المَيْـدُ: اضْطِـرَابُ الـشَّيء العَظِيْـم كاضْطِـرَابِ الأَرْضِ، مَـادتِ الأغْصَـانُ تَمِيْـدُ مَيْـداً). (مَیْـد) بریتیـە لـە جـووڵانی شـتێکی مـەزن، وەک زەوی و، لقـەکانی درەختێکیـش کـە دەجووڵێـن (مَیْـد)ی پێدەگوتـرێ، (أَن تَمِيدَ بِهِمۡ): واتـە: بـۆ ئەوەی زەوی نەیانجووڵێنـێ، بۆیـە چیایەکانمـان تێـدا دانـاون، بـۆ ئـەوەی نەیـان لەرزێنـێ، ئـەو مرۆڤانـەی کـە لەسـەر پشـتینی، چیایـەکان لەنگەریـان پـێ گرتـوە.

(فِجَاجًا): (فَـجّ) بـە (فِجَـاج) كۆدەكرێتـەوە، (**الفَـجُّ: شِـقَّةٌ يَكْتَنِفُهَـا جَبَـلَانِ**)، (فـج) كەلێنێكـە لـە نێـوان دوو چیایـان دابـێ، (**ويُسْـتَعْمَلُ فِي الطَّرِيْقِ الوَاسِـعِ، وَالجَمْـعُ: فِجَاج**)، وەک چـۆن بـە دابڕاوایـی و كەلێنـی دوو چیایـان دەگوتـرێ: (فَـج)، هەروەهـا بـە ڕێـی فراوانیـش دەگوتـرێ: (فَـج)، وەک لـە سـوورەتی (الحـج)دا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿يَأۡتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٖ ٢٧﴾، واتـە: لـە هـەر ڕێیەكـی قووڵـەوە، واتـە: ڕێیەكـی دوورەوە، دێـن بـۆ سـەردانی ماڵـی خـوا.

(فَلَكٍ): (**الفَلَـكُ: مَجْـرَى الكَوَاكِـبُ وَتَسْـمِيَتُهُ بِذَلِـكَ لِكَوْنِـه كَالْفُلْـكِ، وَفَلَكَـةُ المِغْـزَلِ**)، وشـەی (**فَلَـك**) بـە سـوورگەی ئەسـتێرەكان و خڕۆكـەكان دەگوتـرێ، ئـەو مەجالـەی كـە تێیـدا دەسـووڕێنەوە، بۆیـەش ئـەو نـاوەی لێـنراوە، چونكـە وشـەی (**فُلْـك**)ش بـە كەشـتیی دەریـا دەگوتـرێ، كـە مەیلـەو خـڕە، هەروەهـا سـەری تەشـیی كـە ڕیـسی پێ دەڕێـسرێ و تەختەیەكـی بازنەیـی لەسـەرێیە، پێـی دەگوتـرێ: (**فَلَكَـة**).

(يَسۡبَحُونَ): (**السَّـبْحُ: الْمَـرُّ السَّرِيْـعُ فِي المَاءِ أو فِي الهَوَاءِ**)، (سَـبْح) بریتیە لە ڕۆیشـتنی خێـرا لـە ئـاودا یاخـود لە هـەوادا، (**سَـبَحَ سَبْحَاً سِبَاحَةً**)، ئـەوە چاوگەكەیەتی، (**واسْـتُعيرَ لِمـرِّ النُّجُـومِ فِي الفَلْـكِ**)، خوازراوەتـەوە بـۆ ڕۆیشـتنی ئەسـتێرەكان لـەو سـوورگەیەدا كـە تێیـدان، هەروەهـا (يَسۡبَحُونَ) بـۆ ڕۆیشـتنی ئەسـپیش بـەكاردێ، وەک خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا ٣﴾النازعـات، ئـەو وڵاخـە بەرزانـەی كـە زۆر بـە خێرایـی دەڕۆن، هەروەهـا بـۆ خێرایـی كـردن لـە ڕۆیشـتن، لـە كارێكـدا، وەک خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ لَكَ فِي ٱلنَّهَارِ سَبۡحٗا طَوِيلٗا ٧﴾المزمـل، واتـە: بێگومـان لـە ڕۆژگاردا بـۆ تـۆ ماوەیەكـی جموجۆڵـی كاركـردنی بـاش هەیـە، هەروەهـا وشـەی (**تسْـبيح**) بـۆ خـوا بەكارهاتـوە و مەبەسـت پێـی بـە پاكگرتنـی خوایـە، كـە لـە ئەصڵـدا مانـای ڕۆیشـتنی خێرایـە لـە پەرسـتنی پـەروەردگاردا، ئـەو وشـانە لـە یەكـدی دەتاشرێـن و وەردەگیرێـن.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ وەک لە پێناسەی ئەم دەرسەدا گوتمان، لەم بیست (٢٠) ئایەتەدا، ئایەتەکانی: (١٦ - ٣٥)، باسی کۆمەڵێک بابەت دەکات، بەڵام کۆکەرەوەی هەموویان و تەوەری سەرەکییان، واتە: ئەو بازنەیەی کە تێیدا دەسووڕێن، بریتیە لە باسی خوا ﷻ و باسی یەکتایی خوا ﷻو، باسی حیکمەت و زانیاریی خوا، یەکتایی خوا ﷻ، هەم لە بەدیهێنەرایەتیی داو، هەم لە پەروەدگارێتیی دا و، هەم لە تەنیا پەرستراویەتیی دا و، هەم لە ناو و سیفەتەکانی دا و، دەربڕینی پاکیی و بێ خەوشیی و بێ هەڵە و پەڵەیی خوا ﷻ لە هەموو گەردووندا، بە تایبەت لە لایەن فریشتەکانەوە، کە هەردەم سەرگەرمی بەندایەتیی بۆ خوا کردن و بەپاکگرتنی و، فریشتەکانیش باشترین دروستکراوی خوان، بێ هەڵە و پەڵەن، کەچی ئەوان لە هەموو دروستکراوەکان زیاتر، خوا بە پاک دەگرن و، بەندایەتیی بۆ دەکەن و بۆی ملکەچن و، بێ فەرمانیی ناکەن.

ئنجا خوا ﷻ هەر لەو سیاقەدا باسی کۆمەڵێک لە دیاردەو دیمەنەکانی گەردوونیش دەکات، کە بە هۆی سەرنجدانیانەوە، مرۆڤ زیاتر دڵنیا دەبێ لە یەکتایی خوا، لە حیکمەتی خوا، لە زانیاریی بێ سنووری خوا، لە دەسەڵاتی بێ سنووری خواو، لە میهرەبانیی و بەزەیی و بەخشندەیی بێ سنووری خوا، لە بەرانبەر مرۆڤەکاندا.

ئنجا لەگەڵ ئەو باس و بابەتە سەرەکییەش دا، هەندێ بابەتی دیکەش نێواخن دەکرێن، کە پێغەمبەری پێشەویان ﷺ پێ دەدوێنرێ، سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَـٰعِبِينَ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ئاسمان و زەوی و، ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە، بە گاڵتە و گەمە و یاریی نەمانهێناونە دی، ﴿لَوْ

أَرَدْنَآ أَن نَّتَّخِذَ لَهْوًا لَّاتَّخَذْنَٰهُ مِن لَّدُنَّآ ﴾، ئەگەر ویستبامان شتێک بۆ خافڵان و سەرگەرمیی دابنێین، لە لای خۆمان دامان دەنا، ﴿ إِن كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴾ یانی: ئەگەر وامان کردبایە لە لای خۆمان هۆکارێکمان بۆ سەرگەرمیی و خافڵان دەڕەخساند، یاخود (إن) لێرەدا (نافية)یە، واتە: ﴿ إِن كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴾، (مَا كُنَّا فَاعِلِيْن)، ئێمە شتی وا ناکەین و، ناگونجێ کاری وابکەین، کاری لەو شێوەیە شایستەی خوا ﷻ نیە، کە یاریی و گاڵتە و گەمە بکات.

ئنجا مادام گەردوون بەسەرو خوارییەوە بە گاڵتە نەخوڵقابێ، کەواتە: بە حیکمەت خوڵقاوە و بۆ هەق خوڵقاوە، دیارە ئێمە لە سەرەتای سوورەتی (یونس)دا، باس و بابەتێکی سەربەخۆمان لەوبارەوە کردوە، بە درێژیی، هەموو ئەو ئایەتانەی کە لەوبارەوە هاتوون، هەوڵمان داوە هەموویان کۆبکەینەوەو، باسێکی تێرو تەسەلمان کردوە لەوبارەوە.

ئنجا خوا ﷻ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بیرۆکەیە دەفەرموێ: ﴿ بَلْ نَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ عَلَى ٱلْبَٰطِلِ ﴾، بەڵکو ئێمە هەق بە ناهەقدا دادەین و، هەق بە ناهەقدا دەکێشین، هەق فڕێ دەدەینە سەر ناهەق، هەق کە بریتیە لە خوا بە یەکگرتن (توحيد الله) و، دەرخستنی حیکمەت و زانیاریی و لێ زانینی خواو، ئەوە کە خوا ﷻ دوورە لە شتی ناهەقەوە، کە گاڵتە و گەمەکردن و یاریی شتێکی ناهەقە، خوا لەوە دوورە، ئنجا ئەو هەقەش کە لە قورئاندا ڕوون دەکرێتەوە، بەو (باطل)ەی دادەین، واتە: بەو بیرۆکە و بیرکردنەوە پووچانەی، کە هاوبەش بۆ خوا دانەران هەیانن، کە پێیان وایە ئەم گەردوونە گاڵتەجاڕە و گەمە و یارییەو، هەق و حیکمەتێکی لە پشتەوە نیە!! خواش دەفەرموێ: ئێمە هەق بە ناهەقدا دەکێشین، ﴿ فَيَدْمَغُهُۥ ﴾، دەیشکێنێ هەتا سەر مۆخ، یاخود هەتا سەر مێشکی دەیبات، ﴿ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ ﴾، یەکسەر ئەو ناهەق و باطیڵە، لە بەین دەچێ و دەفەوتێ، بەوەی کە هەقی پێدا دەکێشرێ، ﴿ وَلَكُمُ ٱلْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ ﴾، هاواریش بۆ ئێوە، یاخود سزای سەخت بۆ ئێوە، لەسەر ئەوەی وەسفی دەکەن، واتە: خوای تاک و پاک و بەرز و بێ وێنەی

پێ وەسف دەکەن، کە بریتیە لەوەی کە ئەم گەردوونەی بە گاڵتە و بە هەوەنتە هێنابێتە دی!!

﴿ وَلَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، هەر کەس کە لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە، هەمووی هی خوایە، هەموویان بەندەی خوان و، هەموویان موڵکی خوان، ﴿ وَمَنۡ عِندَهُۥ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَلَا يَسۡتَحۡسِرُونَ ﴾، ئەوانەش کە لەلاینی، مەبەست پێی فریشتە زۆر لە خوا نیزیکەکانن، ئەوانیش لە بەرانبەر پەرستنیدا، خۆ بە گەورە ناگرن، ﴿ وَلَا يَسۡتَحۡسِرُونَ ﴾، کولیش نابن و ناوەستن و، ماندوو نابن، ﴿ يُسَبِّحُونَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ ﴾، بە شەوگارو ڕۆژگار، سەرگەرمی بە پاکگرتنی خوان، ﴿ لَا يَفۡتُرُونَ ﴾، واتە: ناوەستن، کۆڵ نادەن و بەردەوامن.

﴿ أَمِ ٱتَّخَذُوٓاْ ءَالِهَةً مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ ﴾، یان ئایا هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، هەندێ پەرستراویان لە زەمین دا پەیدا کردوون، ﴿ هُمۡ يُنشِرُونَ ﴾، کە ئەو پەرستراوانە دەتوانن مردووان زیندوو بکەنەوە؟ یاخود: دەتوانن دروستکراوەکان بە زەوییدا بڵاوبکەنەوە؟ ئەو واتایەشی هەیە، هەرچەندە نەمبینیوە لە تەفسیرەکاندا ئەو واتایە باس کرابێ، بەڵام ئەو واتایەش دەگەیەنێ، واتە: ئایا ئەو پەرستراوانەی کە ئەوان لە زەمیندا پەیدایان کردوون، توانای ئەوەیان هەیە کە دروستکراوان دروست بکەن، خەڵکی دروست بکەن، یاخود دروستکراوەکانی دیکە لە ئاژەڵ و زیندەوەران و مرۆڤ، دروست بکەن و بڵاویان بکەنەوە بە زەویدا؟

﴿ لَوۡ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَا ﴾، ئەگەر جگە لە خوا ﷻ لە ئاسمانەکان و زەویدا پەرستراوانی دیکە هەبوونایە، تێکدەچوون، چونکە هەر کامێکیان ڕازی نەدەبوو دەستەڵاتی لەوی دیکەیان کەمتر بێ، یاخود هەر کامێکیان ڕازی نەدەبوو، ئەوی دیکە بپەرسترێ و، خۆی بە خاوەن بزانێ، بۆیە لە بەینی خۆیاندا تێک دەچوون و، سەرەنجام ئەم گەردوونە بەسەرو خواریەوە، تێکدەچوو، کەواتە: کە تێک نەچووە و چاک بەڕێوە دەچێ، مانای وایە یەک

پەرستراوو، یەک پەروەردگارو، یەک خاوەن، ئیدارەی دەکات و بەڕێوەی دەبات، ﴿ فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾، پاکیی بۆ خوای خاوەنی بارەگا، لەوەی کە وەسفی دەکەن، یاخود لەوەی کە خوای پەروەردگاری پێ وەسف دەکەن، یاخود لەوەی کە پەرستراوە ساختەکانی خۆیانی پێ وەسف دەکەن، ئەو بت و صەنەمە بێ ژیان و گیانانە، کە ئەوانی پێ وەسف دەکەن، ئەو وەسفانەی کە تەنیا بۆ خوا شایستەن، پاڵیان دەدەنە لای ئەو پەرستراوانە، وەک شیفا هێنان و، سەرخستن و، ژێرخستن و، دەوڵەمەند کردن و فەقیر کردن و، بیستنی پاڕانەوە و هتد...

﴿ لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ ﴾، ئەو (خوا ﷻ) لێی ناپرسرێ لەوەی دەیکات، ﴿ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ ﴾ بەس ئەوان لێیان دەپرسرێ، بۆیەش خوا لێی ناپرسرێ، چونکە خوا ﷻ خاوەن و بەدیهێنەرو پەروەردگارەو، خاوەنی ئەوپەڕی دەسەڵاتە، ئنجا کەسێک دەتوانێ لێپرسینەوە لەگەڵ کەسێکدا بکات، کە وەک ئەو بێ، یاخود دەسەڵاتی لەو زیاتر بێ، بەڵام ئەوان هەموو دروستکراو و بەندەی خوان، کەس تواناو دەسەڵاتی ئەوەی نیە کە لە خوا بپرسێتەوە و سزای بدات و سەر کۆنەی بکات، بەڵکو ئەوان لێیان دەپرسرێتەوە، ئەوە واتایەکی.

واتایەکی دیکەی ئەوەیە: خوا ﷻ لە کارەکانی دا لێی ناپرسرێ ئەوەت چۆن کردو، بۆچی کرد؟ چونکە خوا خاوەنی ئەوپەڕی حیکمەتەو، هیچ کەسێک ناتوانێ ڕەخنە لە خوا بگرێ و، نیشانەی پرسیار بخاتە سەر کارێک لە کارەکانی خوا، یاخود ڕەفتارێک، یان دروستکراوێک لە دروستکراوەکانی خوا، بەڵام ئەوە بەندەکانن کە لێیان دەپرسرێتەوە، لەبەر ئەوەی کارەکانیان کەم و زۆر، هەڵەو پەڵە و کەم و کوڕیان ناوێتە دەبێ.

﴿ أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً ﴾، یان ئایا جگە لە خوا پەرستراوانێکی دیکەیان گرتوون و پەیدا کردوون؟ ﴿ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ ﴾، بڵێ: بەڵگەکەتان بهێنن، ﴿ هَٰذَا ذِكْرُ مَن مَّعِىَ ﴾، ئەوە بەرنامەی ئەوانەیە کە لەگەڵمن، ئەوە بەرنامەکەمانە کە

قورئانە، ﴿وَذِكۡرُ مَن قَبۡلِي﴾، ئەوەش کتێب و بەرنامەی ئەوانەیە کە پێش من بوون، بەرنامەی پێغەمبەرو گەلەکانی پێش من، تەماشایان بکەن، پێشی خوا ﷺ بە بەڵگەی عەقڵیی بەرپەرچی بیرۆکەی شیرک و هاوبەش بۆ خوا دانانی دایەوە، ئنجا بە بەڵگەی نەقڵیی، یانی: نە بەڵگەی عەقڵیی لەسەر پەرستراوێتیی جگە لە خوا هەیە، نە بەڵگەی نەقڵییش هەیە، ﴿بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٱلۡحَقَّ﴾، بەڵکو زۆربەیان هەق نازانن، ﴿فَهُم مُّعۡرِضُونَ﴾، بۆیە ڕوو وەرچەرخێنەرن و ڕوو وەرگێڕەرن، بۆچی نافەرموێ: هەموویان؟ چونکە هەیانبووە، هەقی زانیوە، بەڵام بەرژەوەندیی لەگەڵ هەقدا نەبووە، یاخود لەبەر ئەوە بووە کە هەندێک لەو موشریکانەی کە ئەو ئایەتەیان بۆ هاتوونەتە خوار، دوایی بڕوایان هێناوەو، ڕوو وەرگێڕ نەبوون لە هەق، بەڵکو ئەوەی لەسەری بوون بە هەقیان زانیوەو، قورئانیان بە ناهەق زانیوە، ئەگەرنا مەبەستیان بووە، بگەنە هەق، بۆیە خوا دەفەرموێ: زۆربەیان هەق نازانن و، پێی ئاشنا نین، بۆیە ڕەفزی دەکەن و ڕوو وەرگێڕن، ئەگەرنا ئەگەر پێی ئاشنا بن و دەرکی بکەن کە هەقە، ڕووی تێدەکەن، بۆیە خوا نەیفەرمووە: هەموویان، بەڵکو فەرموویەتی: زۆربەیان.

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ﴾، لە پێش تۆدا هیچ ڕەوانەکراوێکمان نەناردوە، مەگەر سروشمان بۆ کردوە، کە جگە لە من هیچ پەرستراوێك نیە، تەنیا بەندایەتیی بۆ من بکەن.

ئەوە بە هەموو پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) ڕاگەیەنراوە و بۆ هەموویان سروشکراوە و، هەموویان ئەو پەیامەیان پێدا نێردراوە، کە یەکتایی خوا لە پەرستراوێتیی دا ڕابگەیەنن و، مرۆڤەکان بانگ بکەن بۆ تەنیا خوا پەرستیی، واتە: پەرستنی خوا بە تەنیا.

ئنجا دێتە سەر بەرپەرچدانەوەی هەندێ لە قسەی هاوبەش بۆ خوا دانەران دەربارەی فریشتەکان، کە لە زۆر شوێنی قورئاندا، ئەو بیرۆکە ئەفسانەییانە بەرپەرچدراونەوە:

﴿ وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ﴾، گوتیان: خوای خاوەن بەزەیی ڕۆڵەی بۆ خۆی پەیدا کردوون و ڕۆڵەی بۆ خۆی داناون، کە مەبەستیشیان پێی فریشتەکان بوون، وەک لە تەفسیری سوورەتی (الأنعام)دا باسمان کرد، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَخَرَقُوا لَهُ بَنِينَ وَبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾، کوڕان و کچانیان بە بێ زانیاریی بۆ خوا هەڵبەستن، کە مەبەست لە کوڕان شەیتانەکان بوون، گوتوویانە: شەیتانەکان کوڕانی خوان و، فریشتەکانیش کچانی خوان، لێرەدا وشەی (ولد)ی بەکار هێناوە، کە وشەی (ولد) هەم کوڕو هەم کچیش دەگرێتەوە، دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ﴾، گوتیان: خوای بە بەزەیی ڕۆڵەی هەیە و پەیدای کردوە، ﴿ سُبْحَانَهُ ﴾ پاکیی بۆ وی، ﴿ بَلْ عِبَادٌ مُكْرَمُونَ ﴾، بەڵکو فریشتەکان بەندەی ڕێز لێگیراوی خوان، ﴿ لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ ﴾، لە هیچ قسەیەکدا پێشی ناکەون، واتە: هیچ قسەیەک ناکەن، پێش ئەوەی مۆڵەتی خوا بزانن، پێش ئەوەی خوا پێیان ڕابگەیەنێ کە ئەو قسەیە بکەن، یاخود نا؟ ﴿ وَهُمْ بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ ﴾، بە فەرمانی خواش کار دەکەن، واتە: نە لە گوفتارو نە لە کرداردا، پێش خوا ناکەون و، هیچ قسەیەک ناکەن و، هیچ کردەوەیەک ناکەن، تاکو مۆڵەتی خوایان پێ نەبێ، ﴿ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾، ئەوەی لە پێش دەستیانەو، ئەوەی لە دوایانە هەمووی دەزانێ، یاخود ئەوەی دادێ و ئەوەی ڕابردوە، هەمووی دەزانێ، یان مەبەستی ئەوەیە کە هەموو شتێکیان لە بارەوە دەزانێ، ﴿ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَىٰ ﴾، تکاش ناکەن مەگەر بۆ کەسێک کە خوا پەسندی بکات، کە تکای بۆ بکرێ، ﴿ وَهُمْ مِنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ ﴾، لە ترسی خواش ئەوانە لە حاڵەتی پەرۆش (إشفاق) دان.

(إشفاق)یش ئەوەیە گرنگیی بە شتێک بدەی لە ڕووی خۆشویستنەوەو، لە ڕووی لێ ترسانیشەوە، یاخود پەرۆشیشت بێ و لێشی بترسێی، ئنجا ئەگەر بڵێ: (أشفق منه)، واتە: لێی ترسا لەگەڵ گرنگیی پێدانەوە، یان لەگەڵ خۆشویستنەوە، بەڵام (أشفق علیه)، واتە: ترسی لێی هەبوو کە تووشی زیانێ ببێ، پەرۆشی

بوو لەگەڵ خەم لێخواردنیشەوە، ﴿ وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّىٓ إِلَٰهٌ مِّن دُونِهِۦ ﴾، هەر کەسێک لەوان بڵێ: من پەرستراوم جگە لەو، واتە: جگە لە خوا، ﴿ فَذَٰلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ ﴾، ئا ئەوە سزای دەدەینەوە بە دۆزەخ، ﴿ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، هەر بەو شێوەیەش ستەمکاران سزا دەدەین.

ئنجا دێتە سەر باسی خستنە ڕووی چەند دیاردە و دیمەنێکی گەردوون، کە هەر کامێکیان نیشانەیە لەسەر پەروەردگارێتی خواو، لەسەر تەنیا پەرستراوێتیی خوا ﷻ:

﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ ﴾، ئایا ئەوانەی بێبڕوان نەیانبینیوە، کە بە تەئکید لێرەدا مەبەستی ئەوەیە بە چاوی عەقڵ و دڵ نەیانبینیوە و نەیانزانیوە، واتە: ئایا بێبڕوایەکان بە چاوی عەقڵ و دڵ نەیانبینیوە و بەدییان نەکردوە؟ ﴿ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا ﴾، کە ئاسمانەکان و زەوی پێکەوە نووساوو پێکەوەلکاو و پێکەوە جۆشدراو بوون، ﴿ فَفَتَقْنَٰهُمَا ﴾، لە یەکمان جیاکردنەوە.

بێگومان ئەو ڕووداوە بە چاوی سەر هیچ کەس نەیبینیوە، ئەو کاتە هیچ کەس نەبووە، تاکو ببینێ جگە لە خوا ﷻ ، بۆیە مەبەست پێی بینینی عیلمییە، بینینی بە چاوی عەقڵ و دڵ، واتە: ئایا نەیانزانیوە کە ئەم گەردوونە هەمووی پێکەوە لکاو بووە، دوایی لێکمان جیا کردۆتەوە، کە ئەوە لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر باسی دەکەین، ﴿ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ﴾، ئایا نەیانبینیوە کە ئێمە هەموو زیندەوەرو ژیانداریکمان لە ئاو بەدیهێناوە! ﴿ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴾، ئایا هەر بڕوا ناهێنن؟ واتە: دوای ئەوەی خوا ﷻ لەم ئایەتی ژمارە سی (٣٠) سوورەتی (الأنبیاء)دا، لەم تاکە ئایەتەدا، هەم باسی سەرەتای گەردوون و چۆنیەتی دروستبوونی گەردوونی کردوە، هەم باسی سەرەتای دروستبوونی ژیانی کردوە، کە هەموو ژیاندارێک لە ئاوەوە سەرچاوەی گرتوە، لە یەک ئایەتدا خوا ﷻ باسی سەرەتای گەردوون و سەرەتای ژیانی بۆ کردوون، ئایا هەر بڕوا ناهێنن

بەم قورئانە؟ کە ئەم قورئانە ناگونجێ لە لای جگە لە خواوە بێ، هەر دەبێ فەرمایشتی خوا بێ، جگە لە خوا ﷻ کێ ئاگاداری سەرەتای گەردوونە؟ کێ ئاگاداری سەرەتا و دروستبوونی ژیان و پەیدابوونی ژیانە؟ کە ژیان سەرچاوەکەی ئاوەو، ئەم گەردوونەش کاتی خۆی پێکەوە لکاو و پێکەوە جۆشدراو بووە، دوایی بەم شێوەیەی ئێستا کە بۆ چەند گەلە کەهکەشانێک و، کەهکەشانەکان بۆ ملیۆنان ئەستێرەو، ملیۆنان خڕۆکە دابەشبوون، کە لە نێویاندا خۆرەکەی ئێمەیە ئەو نۆ (٩) خڕۆکەیەی کە لەگەڵیدان، پێیان دەگوترێ: کۆمەڵەی خۆر، کە خۆری ئێمە بۆ خۆی ئەستێرەیەکە لە ئەستێرەکانی کەهکەشانی کاکێشان، وەک لە چەند شوێنێک لەم تەفسیرەی خۆماندا - هەم لە تەفسیری سووڕەتی (الأنعام)داو، لە تەفسیری سووڕەتی (الأعرافدا) و بە تایبەت لە تەفسیری سووڕەتی (یونس)دا - بە درێژیی لەو بارەوە قسەمان کردوە⁽¹⁾.

﴿ وَجَعَلْنَا فِي ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ ﴾، هەروەها لە زەمیندا چیایە چەسپاوەکانمان گێڕاون و دامانناون، بۆ ئەوەی نەیانجووڵێنێ و نەیانهەژێنێ، (مَادَ يَمِيدُ مَيْداً) واتە: جوڵا و هەژاو لەرزیەوە، بۆ ئەوەی نەیان لەرزێنێ و ئارام بێ، ئێمە ئەو چیایانەمان تێدا داناون، ﴿ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا ﴾، دیسان لەو زەمینەدا چەندان دۆڵ و شیو کە دەبن بە ڕێگا، تێماندا داناون، چەندان دابڕاوایی و کەلێن لە نێوان چیایەکاندا، ﴿ لَّعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴾، بەڵکو بە ڕێگایەکانی خۆیان بزانن، بەڵکو لەو ڕێیانەو لەو دۆڵ و شیو و دابڕاوانەوە، بگەنە ئامانجەکانی خۆیان، ئەوە واتایەکی، یاخود: بەڵکو بە هۆی سەرنجدانی دابڕاوایی نێوان چیایەکان، کە مرۆڤەکان دەیانکەنە ڕێگا و بان، پەی بەوە ببەن کە ئەمە پەروەردگارێک و خاوەن و مشوورخۆرێکی خاوەن بەزەیی و میهرەبان، بەو شێوەیە زەوی بۆ هەڵخستوون، کە بە ئاسانیی پێیدا بڕۆن و

---

(١) دواتریش لەکاتی تەفسیرکردنی : (فصلت) و (الرحمن)دا، لەوبارەوە کورتە باسی دیکەمان کردوون.

بچن، هەموو جارێک پێویست نەکات کە بچنەوە لووتکەی چیایەکان، بەڵکو بە نێو دابڕاوییەکاندا بڕۆن، کە ئەو جۆگەو ڕووبارانەی هاتوون، ئەو چیایانەیان لێکدابڕیون، ئاوا خوای پەروەردگار دروستکردنی ڕێگا و بانی بۆ مرۆڤەکان ئاسان کردوە، کە سەرەنجام بە هۆی ئەو حاڵەت و دیاردەو دیمەنەوە، کە لەسەر زەوی هەیە، بگەنە ئەوەی خوایەک ﷻ ئەم سەر زەوییەی بەو شێوەیە هەڵخستوەو، پەی بە بوونی ئەو پەروەردگارە ببەن.

﴿ وَجَعَلۡنَا ٱلسَّمَآءَ سَقۡفٗا مَّحۡفُوظٗا ﴾، ئاسمانیشمان کردوە بە بانێکی پارێزراو، (سَقْف) واتە: بان یاخود سەربان کە پارێزراوە، ﴿ وَهُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِهَا مُعۡرِضُونَ ﴾، کەچی ئەوان پشت لە نیشانەکانی ئاسمان دەکەن، لەو نیشانانەی کە تێیدان، لەو دیاردە و دیمەنانەی کە تێیدان، پشت هەڵکردو و ڕوو وەرچەرخێنن بەرانبەریان.

ئنجا دێتە سەر باسی شەو و ڕۆژ و مانگ و خۆر: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ ﴾، خوا ئەو کەسەیە کە شەوگارو ڕۆژگاری هێناونە دی، ﴿ وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ ﴾، هەروەها خۆرو مانگی هێناونە دی، ﴿ كُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ ﴾، هەر کامێکیان لە خولگەیەکی سەربەخۆی خۆیدا، مەلە دەکەن و دەخولێنەوە و دێن و دەچن.

کە لێرەدا خوا ﷻ باسی مانگ و خۆری کردوە، بەڵام دوایی بە ڕاناوی کۆ (يَسۡبَحُونَ) هێناویەتی، هەرچەند هەندێک لە شارەزایانی زمانی عەرەبیی دەڵێن: جاری وا هەیە دووانیش لە زمانی عەرەبییدا ڕاناوی کۆیان بۆ بەکاردێ، بەڵام لێرەدا خوا وێڕای خۆرو مانگ، باسی شەو و ڕۆژیش دەکات، بێگومان شەو و ڕۆژیش بەسەر زەوییدا دابەش دەبن، کەواتە: زەمینیش لە نێو (ضمن)دا باسکراوە، بۆیە ڕاناوی کۆ بەکارهاتوە، واتە: هەر کام لە زەوی و خۆرو مانگ، لە سووڕگەیەکی سەربەخۆی خۆیدا دەخولێتەوە، ﴿ وَمَا جَعَلۡنَا لِبَشَرٖ مِّن قَبۡلِكَ

ٱلْخُلْدَ ﴾، لە پێش تۆش دا هیچ مرۆڤێکمان هەرماو نەکردوە، واتە: هەر مانمان بۆ هیچ مرۆڤێک لە پێش تۆدا نەڕەخساندوە و کەسمان نەهێشتۆتەوە، ﴿ أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ ٱلْخَـٰلِدُونَ ﴾، ئنجا ئایا ئەگەر تۆ مردی، ئەوان دەمێننەوە و هەرماو دەبن؟

لەبەر ئەوەی هاوبەش بۆ خوا دانەران، هەمیشە خەونیان بەوەوە دەبینی و دەیانگوت: ئەگەر موحەممەد ﷺ مرد، شتەکەی کۆتایی پێ دێ، دیارە بەرنامەیەک پەیوەندیی بە مرۆڤێکەوە هەبێ، دەگونجێ دوای خۆی لە نێو بچێ، بەڵام بەرنامەیەک خوایەک ﷻ کە خاوەنی گەردوونە، ناردبێتی، بە کۆچی دوایی و مردنی ئەو پەیامبەرە، لە بەین ناچێ، ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ﴾، با ئەوان دڵی خۆیان بەوەوە خۆش نەکەن کە تۆ دەمری، هەموو کەسێک چێژەری مردن و مەرگە، هەموو کەس دەبێ تامی بکات، ﴿ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً ﴾، بە ناخۆشیی و خۆشیی، یاخود بە خراپە و چاکە، تاقیتان ددکەینەوە بە تاقیکردنەوە، ﴿ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴾، تەنیا بۆ لای ئێمەش دەگێڕدرێنەوە، نەک بۆ لای کەسی دیکە، کەواتە: با دڵی خۆیان بەوە خۆش نەکەن، چاوەڕێی مردنی تۆ بن، چونکە ئەوانیش و تۆش، هەمووتان دەبێ مردن بچێژن، بەڵام بە خۆشیی و ناخۆشیی، بە چاکە و خراپە، بە خێرو شەڕ تاقیتان دەکەینەوەو، دواییش هەر بۆ لای ئێمە دەگێڕدرێنەوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خوا گەردوونی بەسەرو خوارەوە، بە گاڵتە دروست نەکردوە، ئەگەر کارێکی وای کردبایە، لە لای خۆی دەیکرد (لە ئاسمان)، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش پووچە و هەڵگرانی شایستەی سزان و، هەر کەس کە لە ئاسمانەکان و زەمیندایە، تەنانەت فریشتە لە خوا نیزیکەکانیش کە زۆر لە خوا نیزیکن، سەرجەمیان سەرگەرمی پەرستنی خوا و بەپاکگرتنینی بێ پسانەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ (١٦) لَوْ أَرَدْنَآ أَن نَّتَّخِذَ لَهْوًا لَّٱتَّخَذْنَٰهُ مِن لَّدُنَّآ إِن كُنَّا فَٰعِلِينَ (١٧) بَلْ نَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ عَلَى ٱلْبَٰطِلِ فَيَدْمَغُهُۥ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ ۚ وَلَكُمُ ٱلْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ (١٨) وَلَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَمَنْ عِندَهُۥ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ (١٩) يُسَبِّحُونَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ لَا يَفْتُرُونَ (٢٠) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴾، ئاسمان و زەوی و ئەوەی کە دەکەوێتە نێوانیان، بە گاڵتە و بۆ گەمە و یاریی دروستمان نەکردوون.

وەک پێشتر باسمان کرد: ئێمە لە سووڕەتی (یونس)دا، باسێکی تایبەتمان لەو بارەوە کردوە، هەموو ئەو ئایەتانەی کە لە قوڕئاندا هاتوون، کە زیاتر لە پازدە (١٥) شوێنن، باس لەوە دەکەن کە خوا ﷻ ئەم گەردوونەی بە هەق

دروستکردووەو، بە حیکمەت دروستکردووەو، بە گاڵتە دروستی نەکردووەو، بە پووچیی دروستی نەکردووەو، بە هەوەنتە دروستی نەکردوە، بە تەفصیلی لەوێدا باسمان کردوە.

٢)- ﴿ لَوْ أَرَدْنَآ أَن نَّتَّخِذَ لَهْوًا لَّاتَّخَذْنَٰهُ مِن لَّدُنَّآ ﴾، ئەگەر گریمان ویستبامان شتێک خۆمانی پێ بخافڵێنین، وەک گەمە و یاریی و سەرگەرمیی پەیدای بکەین، لە لای خۆمان پەیدامان دەکرد، واتە: لە ئاسمانەکان، لەسەرێ، نەک لەسەر زەوی، واتە: نەک لەو سەر زەوییەی کە تایبەتە بە ئێوەوە، بەڵکو لەو ئاسمانەی کە فریشتە زۆر لە خوا نیزیکەکانی لێن و، خوا لە سەرووی ئاسمانەکانەوەیە، لەوێ ئەو کارەمان دەکرد، بەڵام وامان نەکردوە.

٣)- ﴿إِن كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴾، ئەمە دوو واتای هەن:

أ- ئەگەر ئەنجامدەری ئەوە بووایـن، لەسەرێ ئەنجاممان دەدا، ﴿إِن كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴾ (إِرْتِبَاطُ شَرْطٍ بِجَزَائِهِ) واتە: ئەگەر ویستبامان کارێکی وابکەین و ئەنجامدەری کارێکی وابین، لەلای خۆمان دەمانکرد.

ب- یاخود (إِن) بۆ (نافیة)یە، واتە: (مَا كُنَّا فَاعِلِيْنَ) ئەنجامدەری کاری وا نین، هەڵبەتە پێشتر باسمان کرد، (لَعِب) واتە: کردەوەیەک، یاخود قسەیەک کە سوودێکی نەبێ، کە پێچەوانەکەی بریتیە لە (جِدّ)، واتە: شتێک کە ئامانجێکی لە پشتەوە بێ، بەڵام (لَهْو) بریتیە لە خافڵان و سەرگەرمیی، ئنجا جاری وا هەیە (لَعِب) بە شتێک کە (لَهْو)یە ئەنجام دەدرێ، بەڵام وشەی (لَهْو) بە خافڵان و سەرگەرمیی دەگوترێ، بەڵام (لَعِب) واتە: گاڵتە و یاریی.

٤)- ﴿ بَلْ نَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ عَلَى ٱلْبَٰطِلِ فَيَدْمَغُهُۥ ﴾، بەڵکو ئێمە هەق بە ناهەق و پووچدا دادەدەین، ئنجا دەیشکێنێ، تاکو دەگاتە سەر مۆخی.

٥)- ﴿فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ ﴾، یەکسەر ئەو ناهەقە دەمرێ و لە بەین دەچێ، بەهۆی ئەوەوە کە هەقی پێکەوتوە.

(بَـلْ: لـلإضْرَابِ عَـنْ اتّخَـاذِ اللَّهْـوِ، وَعَـنْ أَنْ يَكُـونَ الخَلْـقِ لَعِبَـاً، أي بَـلْ نَحْـنُ نَعْمَـدُ إلى بَاطِلكُـم فَنَقْـذِفُ عَلَيْـهِ بِالْحَـقِّ)، (بـل) بـەڵام بـۆ گواسـتنەوەیە لـە گرتنـی خافـڵان و دروسـتکردنی دروسـتکراوان بەگاڵتـەو یاریـی، ئـەم گەردوونـە، نـەک هـەر بەناهـەق و گاڵتـە دروسـت نەکـراوە، بەڵکـو ئێمـە هـەق بـە ئـەو بیرکردنـەوە پووچـەی ئێـوەدا دادەدەیـن و، دەماغـی دەشـکێنێ و، دەگاتـە سـەرمۆخی و، لە بەین دەچێ، مەبەسـت لـە هـەق ئـەو ڕوونکردنەوانـەن، کـە لـەم قورئانـەدا هاتـوون، بۆیـە خـوا ﷻ لێـرەدا بـاسی ئـەوە دەکات کـە ئاسـمانەکان و زەوی بـە یاریـی و گاڵتـە نەخوڵقانـدوون، واتـە: ئێـوە بـۆ ئامانـج و حیکمەتێـک خوڵقێنـدراون، دەبـێ بزانـن ئـەو حیکمـەت و ئامانجە چییـەو، لـە ژیـانی خۆتانـدا بیهێننـە دی، چونکـە ئـەم گەردوونـە بـێ خـاوەن نیـە و، بێ حیکمـەت و بـە هەوەنتـەو گاڵتـە نەخوڵقـاوە، کەواتـە: ئێـوەش وریـای ژیـانی خۆتـان بـن، وەک شـاعیرێک دەڵێ:

لَقَدْ خُلِقْتَ لأمرٍ عَظِيْمٍ لَو فَطِنْتَ لَهُ　　　فَارْبَأْ بِنَفْسِكَ أَنْ تَرْعَى مَع الهَمْلِ

واتـە: تـۆ بـۆ کارێکـی مـەزن خوڵقـاوی، ئەگـەر فیکـرت پێـی بشـکێ، لـە خـۆتی مەوەشـێنەوە لەگـەڵ ئاژەڵانـدا بلەوەڕێـی، واتـە: کـە ژیانێکـی ئاژەڵانـە ببەیـە سـەر.

(الدَّمْـغُ: كَـسْرُ الجِسْـمِ الصُّلْـبِ الأَجْـوَفِ)، (دَمْـغ) بریتیـە لـە شـکاندنی جەسـتەیەکی ڕەق کـە بـۆش بـێ، واتـە: کـە شـکاندت، بگاتـە سـەر مۆخەکـەی.

٦)- ﴿وَلَكُمُ ٱلْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ﴾، سزای سەخت، یاخود هاواریش بۆ ئێوە، لەوەی وەسفی دەکەن، واتە:

أ- کە خوای پەروەردگاری پێ وەسف دەکەن، گوایە: گەردوونی بە بێ حیکمەت خوڵقاندوە.

ب- یان موحەممەدی ﷺ پێ وەسف دەکەن، کە لە خۆیەوە ئەو قسەیەی هێناوە، یاخود شیعرە، یاخود جادوویە.

ج- یاخود قورئانی پێ وەسف دەکەن کە جادوویە، یان قسەی هەڵبەستراوە.

د- یاخود سزای سەخت و هاوار بۆ ئێوە، لەوەی کە پەرستراوەکانی خۆتانی پێ وەسف دەکەن، لەوە کە هاوبەشی خوا بن.

٧)- ﴿ وَلَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ ﴾، هەر کەس کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هی خوایە، هەموویان موڵکی خوان و هەموویان بەندەی خوان، واتە: هی غەیری خوا نین، بە مرۆڤ و جندو فریشتە و بە هەموو ئەو دروستکراوانەی دیکەوە، کە دەیانزانین و نایانزانین.

٨)- ﴿ وَمَنۡ عِندَهُۥ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَلَا يَسۡتَحۡسِرُونَ ﴾، ئەوانەش کە لەلاینی، لە بەرامبەر پەرستنی دا خۆیان بەزل ناگرن و، ماندوو و شەکەتیش نابن [ئەو فریشتە تایبەتانەی کە لە لاینی]، وەک لە سوورەتی (النساء)دا دەفەرموێ: ﴿ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ٱلۡمُقَرَّبُونَۚ ﴾، فریشتە زۆر لە خوا نیزیکخراوەکان، تەنانەت ئەوانیش.

٩)- ﴿ يُسَبِّحُونَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ لَا يَفۡتُرُونَ ﴾، بە شەو و بە ڕۆژ، واتە: لە هەموو کاتەکاندا، خوا بە پاک دەگرن، ناوەستن، شل نابن و کۆڵنادەن.

﴿ لَا يَفۡتُرُونَ ﴾، یانی: بۆ تاوێکیش ناوەستن و، بەردەوام سەرگەرمی بەپاکگرتنی خوان، کەواتە: ئەم گەردوونە و هەرچی تێیدایە، هەموو موڵکی خوایە، هەمووی بەندەی خوایە، تەنانەت فریشتە زۆر لە خوا نزیکەکانیش، هەمیشە خەریکی بە پاکگرتن و ستایشکردن و بەندایەتیی بۆ خوان و، ناشوەستن، کەواتە: ئێوەش ئەی مرۆڤەکان! وەک فریشتەکان بکەن، لەسەر ڕێبازی ئەوان بڕۆن، بەندایەتیی بۆ خوا بکەن و خوا بە پاک بگرن، لە جیاتی ئەوەی هاوبەشی بۆ پەیدا بکەن و، جگە لە خوا بپەرستن.

مەسەلەی دووەم:

ئەو پەرستراوانەی کە هاوبەش بۆ خوا پەیداکەرەکان گرتوویانن و پەیدایان کردوون، مردووان زیندوو ناکەنەوە، کەواتە: هیچ نین، ئنجا ئەگەر جگە لە خوا پەرستراوانی دیکە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەبوونایە، ئاسمانەکان و زەمین تێک دەچوون، خواش پاک و دوورە لە وەسفە خراپەکانی بێبڕوایان و، لەوەی کە دەیکا لێی ناپرسرێتەوە، بەڵکو ئەوان لێیان دەپرسرێتەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَمِ اتَّخَذُوا آلِهَةً مِنَ الْأَرْضِ هُمْ يُنْشِرُونَ (٢١) لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا فَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ (٢٢) لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ (٢٣) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ أَمِ اتَّخَذُوا آلِهَةً مِنَ الْأَرْضِ ﴾ یان ئایا لە زەوییدا پەرستراوانی دیکەیان گرتوون؟! وشەی (أَمِ) لێرەدا، هەم هەمزەی پرسیارکردن (**همزة الإستفهام**)ە، هەم (بل)ە، کە بۆ (**إضراب**) و گواستنەوە لە مەبەستێکەوە بۆ مەبەستێکی دیکەیە، واتە: (**بَلِ أَتَّخَذُوا آلِهَةً مِنَ الأرْضِ**) یانی: یان ئایا لە زەوییدا پەرستراوانی دیکەیان پەیدا کردوون؟ کە دەفەرموێ: ﴿ مِنَ الْأَرْضِ ﴾، واتە: لە جیهانی سەر زەوی، یاخود ﴿ مِنَ الْأَرْضِ ﴾، واتە: لە بەشەکانی زەوی و پێکهاتەکانی زەوی، واتە: چۆن دەبێ پەرستراو لە زەویدا پەیدا بکرێ؟! یاخود لە بەشەکان و پێکهاتەکان و کەرەستەکانی زەویدا، پەرستراو پەیدا بکرێ؟! شتێکی زۆر بێ مانایە.

٢)- ﴿ هُمْ يُنْشِرُونَ ﴾، ئەو پەرستراوانە زیندوو دەکەنەوە، ئایا توانایان هەیە، مردووان زیندوو بکەنەوە؟ ئەوە واتایەکی، کە هەموو تەفسیرەکان ئەوەندەی من سەرنجم داون، هەر ئەو واتایەیان هێناوە.

واتەیەکی دیکەشی کە پێم وایە ئەویش دەگرێتەوە، هەرچەندە تەفسیرەکانیش نەیانهێناوە: ﴿ هُمۡ يُنشِرُونَ ﴾، کە ئەو پەرستراوانە دەتوانن دروستکراوان بڵاو بکەنەوە بە زەویدا، ئایا توانای هێنانە دی و پرژ و بڵاوکردنەوەیانیان بە زەوییدا هەیە؟ واتە: توانایان هەیە کە دروستکراوان دروستبکەن و، بە زەویدا بڵاویان بکەنەوە؟ ئەمە پرسیار کردنێکی نکوولیلێکەرانەی سەرزەنشتکەرانەیە، واتە: نابێ پەرستراوان لە زەوییدا پەیدا بکرێن، یاخود لە کەرەستەی زەوی پەیدا بکرێن و، یاخود نابێ شتانێک بکرێنە پەرستراو، کە توانای زیندوو کردنەوەی مردووان، یاخود توانای دروستکردن و بڵاوکردنەوەی دروستکراوانیان، نیە، کەواتە: دەبێ زاتێک بپەرسترێ پەیوەندیی بە زەمین و بە کەرەستەکانی زەمین و ماددەوە نەبێ و، لە سەرووی ئەو دروستکراوانەوە بێ و، پاشان توانای وەدیهێنان و بڵاوکردنەوە، یاخود زیندوو کردنەوەی هەبێ، ئەویش تەنیا خوایە ﷻ.

٣)- ﴿ لَوۡ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَاۚ ﴾، ئەگەر جگە لە خوا تێیان دا پەرستراوانی دیکە ببوونایە، تێکدەچوون، (تێیاندا) واتە: لە ئاسمان و زەویدا، ڕاناوەکە (فِيهِمَآ) بۆ ئەو دووانە دەچێتەوە، کە پێشتر باسکراون، ئەگەر لە ئاسمانەکان و زەویدا، پەرستراوانی دیکەی جگە لە خوا ببوونایە، تێک دەچوون، (الفَسَادُ: اخْتِلَالُ النظَامِ وَانْتِفَاءُ النَّفْعِ مِنَ الأشْيَاء)، (فَسَاد) بریتیە لە تێکچوونی سیستم و، شتێک کە سوودی لێوەردەگیرێ، سوودەکەی نەمێنی و بێ کەڵک بێ و بشێوێ، ئینجا هۆکاری تێکچوونیان چییە؟ بۆچی ئەگەر جگە لە خوا پەرستراوانی دیکە هەبوونایە لە ئاسمان و زەویدا، تێک دەچوون؟ (لأن التعَدُّدَ يَسْتَلْزِمَ اخْتِلَافَ الإرَادَاتِ وَحُدُوثَ الخِلَافِ)، چونکە بێگومان ئەگەر چەند پەرستراوێک ببوونایە، ئەوانە هەر کامێکیان شتێکی دەویست، پێچەوانەی ئەوەی دیکەو، لێرەدا ڕاجیایی و کێشمە کێش و تێکگیران پەیدا دەبوو، وەک لە کوردەواریی خۆماندا دەڵێن: «یەکێک لە یەکێکی پرسی بەڵگەت چییە لەسەر بوونی خوا ﷻ؟ گوتی: بەڵگەم ئاشی مام ئاودەڵە (مام ئاودەڵێک هەبووە ئاشێکی هەبووە) گوتیان: چۆن؟ گوتی: مام ئاودەل تاکو بۆ خۆی مابوو، ئاشەکەی دەگێڕا، ئاشەکە زۆر چاک ئیشی دەکرد،

کاتێک بۆ خۆی ئەما و وەفاتی کردو، ئاشەکەی کەوتە دەست کوڕەکانی، ئاشەکە تێک چوو»، یەکێکیان بەرداشەکەی وا لێکردووەو، یەکێکی دیکەیان بە شێوەیەکی دیکەی لێکردوە، یەکیان ئاوی زیاد کردووەو، یەکی دیکەیان کەمی کردوە، یەکیان لە نۆرەی خۆیدا، بە جۆرێک ئیشی لەسەر کردوەو، ئەوی دیکەیان بە جۆرێکی دیکە، هیچ گومانی تێدا نیە هەر کارێک کە چەند سەرپەرشتیارێکی هەبن، تێکدەچێ، کەواتە: ئەم بوون و گەردوونە کە وەک سەعات دەگەڕێ و، هیچ کەم و کوڕیی و ناڕێکیی تێدا نیە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە یەک سەرپەرشتیارو خاوەنی هەیە، ئەویش خوای تاکی پاکە ﷻ، بۆیە دەبێ بەس ئەو بەندایەتیی بۆ بکرێ و، هەر ئەو بپەرسترێ، بۆیەش دەفەرموێ:

٤)- ﴿ فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾، ئنجا پاکیی بۆ خوای خاوەن بارەگا، لەوەی خوای پێ وەسف دەکەن، کە گوایە هاوەڵی هەن و پەرستراوانی دیکەی لەگەڵدا دەپەرستێ، یاخود: ﴿ فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾، واتە: پاکیی بۆ خوای خاوەن بارەگا، لەوەی کە ئەو پەرستراوانەی دیکەی پێ وەسف دەکەن، کە ئەوەش نەمبینیوە لە تەفسیرەکانی دیکەدا، هاتبێ، بەڵام ئەو واتایەش دەگرێتەوە، واتە: (**عَمَّا يَصِفُونَ بِهِ شُرَكَائَهُمْ وَآلِهَتَهُمْ المُزَيَّفَة**)، ئەو پەرستراوە ساختانەی خۆیانی پێ وەسف دەکەن، کە پێیان وایە ئەوانیش توانایان هەیەو، بەشدارن لە بەڕێوەبردنی گەردووندا، بە تایبەت لە ژیانی مرۆڤدا، دەتوانن خەڵک نەخۆش بکەن و، ساغ بکەن و، سەربخەن و، ژێربخەن، فەقیرو دەوڵەمەند بکەن، دەتوانن وەڵامی داوای خەڵک بدەنەوە و لە گوناهیان ببوورن، ئەوە ئەو شتانەن کە پەرستراوانی خۆیانیان پێ وەسف دەکەن، پاکیی بۆ خوا ﷻ! چونکە ئەو سیفەتانە تەنیا هی خوان ﷻ.

٥)- ﴿ لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ ﴾، خوا ﷻ لێی ناپرسرێتەوە لەوەی دەیکات.

وشەی (**سُؤال**) لێرەدا: (**سُؤال هَنَا بِمَعْنَى الْمحَاسَبَة وَطَلَب بَيَانِ سَبَبِ الفِعْل، وإبْدَاءِ المَعْذِرَةِ عَنْ فِعَلِ بَعْضَ مَا يُفْعَل**)، وشەی پرسیار لێرەدا مەبەست پێی لێپرسینەوەیەو، داواکردنی ڕوونکردنەوەی ئەوە، کە ئەو کارە بۆچی کرا وەو، ڕوونکردنەوەی عوزرێکە

لەسەر کارێک کە نەدەبوو بکرێ، واتە: خوا ﷻ لێی ناپرسێتەوە، بەو واتایەی کە هیچ شتێک ناکات، شایستەی ئەوە بێ کەسێک لێی بپرسێ، چونکە کارەکانی خوا ﷻ هەموویان لەو پەڕی حیکمەتدان.

واتایەکی دیکەی ئەوەیە: هیچ کەس نیە لە گەردووندا هاوتای خوا بێ، یاخود لەسەرووی خوا بێ، کە لێی بپرسێتەوە: ئەوەت بۆچی کردو ئەوەت بۆچی نەکرد؟!

٦)- ﴿ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ ﴾، ئەوان لێیان دەپرسرێتەوە، واتە: مرۆڤەکان لێیان دەپرسرێتەوە کە ئەوەتان بۆچی کردو ئەوەتان بۆچی نەکرد؟ چونکە خوا ﷻ خاوەنیانە لە لایەکەوەو، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوان کارو هەڵسوکەوتەکانیان کە دەیکەن، کەم و زۆر نەفامیی و نەزانیی لە کارەکانیاندا دەبێ و، هەڵە و پەڵەیان تێ دەکەوێ، ئنجا کاری نەفامانە و نەزانانە و، کاری هەڵە و پەڵەش، دەبێ لێپرسینەوە و سزای لە بەرانبەردا هەبێ، ئەم مەبەستە کە لێرەدا هاتوە، توێژەرەوانی قورئان زۆری لەسەر ڕۆیشتوون و، گوتوویانە: ئەوە بەڵگەیە لەسەر تاکێتیی و تەنیا پەرستراوێتیی خوا!

بەڵام من پێم وایە بەڵگە لەسەر تەنیا پەرستراوێتیی خوا ﷻ، پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتوە، ئێمە ئەو ئایەتە زیاد لەوەی کە دەیگەیەنێ، شتی دیکەی بخەینە نێو، وەک هەندێ لە کتێبەکانی (علم الكلام) وایان کردوە، ئنجا ئەو مەبەستە تەنیا لێرەدا نەهاتوە، بۆ نموونە: لە سوورەتی (المؤمنون) لە ئایەتی ژمارە (٩١)دا، لەوێشدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَٰهٍ ۚ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍۭ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٩١﴾ ﴾، واتە: خوا هیچ ڕۆڵەی نەگرتوون و، هیچ پەرستراوێکی دیکەی لەگەڵدا نیە، نەگەرنا هەر پەرستراوێک ئەوەی کە بەدیهێناوە، بۆ خۆی سەرپەرشتیی دەکردو، جیای دەکردەوەو، هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا زاڵ دەبوون، واتە: دەبوو بە کێشمە کێشمیان، پاکیی بۆ خوا لەوەی کە ئەوان باسی دەکەن، لە بارەی خواوە ﷻ، یاخود لە بارەی هاوبەشەکانی خواوە، کە لە

وەهمی ئەواندا هەن، ئەگەرنا لە دنیای واقیعدا، خوا خوایە و جگە لە خوا هەمووی کاو بایە، واتە: جگە لە خوا، هەمووی دروستکراوی خوایەو، هیچی خاوەنی بوونێکی خودیی تەنانەت خۆیشی نیە، چ جای ئەوەی پشک و بەشیان هەبێ لە بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی و پەرستراوێتیی دا.

مەسەلەی سێیەم:

ئەوانەی جگە لە خوا پەرستراوانێکی دیکە دەگرن، هیچ بەڵگەیەکی نەقڵییان نیە و زۆربەیان بە هەق ناناسنان و نایزانن، چونکە خوا پێش موحەممەد ﷺ هیچ پێغەمبەرێکی نەناردوە، مەگەر پێیڕاگەیاندوە، کە جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە و تەنیا ئەو بپەرستن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةًۖ قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡۖ هَٰذَا ذِكۡرُ مَن مَّعِيَ وَذِكۡرُ مَن قَبۡلِيۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٱلۡحَقَّۖ فَهُم مُّعۡرِضُونَ ﴿٢٤﴾ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٢٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً ﴾، بەڵکو ئایا جگە لەو (خوا) پەرستراوانی دیکەیان گرتوون؟ ئەم تەعبیرەش: (**أَكَّدَ ذَلِكَ الإِضْرَابَ الإنْتِقَالِي بِمِثْلِهِ اسْتعظَامَاً لِفَظَاعَتِه وَبُنِيَ عَلَيْه اسْتِدلَالٌ آخر كَمَا بُنِيَ عَلَى نَظِيْرِهِ السَّابِقْ**)، لێرەدا ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً ﴾، واتە: (**بَلِ اتَّخَذُوا مِنْ دُوْنِهِ آلِهَه**)، {بەڵکو ئایا جگە لەو پەرستراوانی دیکەیان پەیداکردوون و داناون} ئەمە جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی پێشێ، تاکو دەریخات کە ئەگەر جگە لە خوا پەرستراوانی دیکە بپەرستن، شتێکی زۆر ناماقووڵ و بێ جێیە و، تاکو بەڵگە هێنانەوەی دیکەشی لەسەر بنیات بنێ، لەسەر ئەوەی کە پەرستنی جگە لە خوا، هیچ بەڵگەیەکی نەقڵیی لەسەر نیە، وەک چۆن لە ئایەتی پێشوودا دەرکەوت کە هیچ بەڵگەیەکی عەقڵیی لەسەر نیە، بۆیە دەفەرموێ:

٢)- ﴿ قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡ ﴾، بڵێ: بەڵگەکەتان بێنن، (**بُرهَان**) واتە: بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا، کە هیچ کەس نەتوانێ نکووڵیی لە بەرانبەردا بکات، کە لێرەدا بە تەئکید مەبەست پێی بەڵگەی نەقڵییە، چونکە دوایی دەفەرموێ:

٣)- ﴿ هَٰذَا ذِكۡرُ مَن مَّعِيَ ﴾، ئا ئەمە [مەبەست قورئانە] ئەو یادخەرەوەیە بۆ ئەوانەی کە لەگەڵمدان، واتە: هی خۆم و هاوەڵانم، کە خوا ﷻ بۆی ناردووین.

٤)- ﴿ وَذِكۡرُ مَن قَبۡلِي ﴾، هەروەها بیرخەرەوەی ئەوانەی پێشووش واتە: کتێبەکانی پێشووش، کە لەبەر دەستتانن، فەرموون دەتوانن دەستیان بگەیەنن، کە پەیمانی کۆن و نوێن، واتە: تەماشایان بکەن بزانن داخۆ باسی جگە لە خوایان تێدا هەیە، کە تەنیا خوا بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەن و پەرستراوە، واتە: هەموو قورئان و کتێبە پێشووەکانیش (پەیمانی کۆن و نوێ و جگە لەوانیش) تەماشا بکەن، بزانن ئایا جگە لە خوا، باسی کەسێکی دیکەیان تێدایە، کە بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەن و مشوورخۆری گەردوون بێ؟ بە دڵنیایی نەخێر.

٥)- ﴿ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٱلۡحَقَّ ﴾، بەڵکو زۆربەیان هەق نازانن، بۆچی دەفەرموێ زۆربەیان؟ چونکە هەندێکیان هەقیان زانیوە، بەڵام نکووڵییان لێکردووە، بۆ ئەوەی بەزم و بازاڕێک کە بە هۆی ناهەق و بتپەرستییەوە ساز بووە، لێیان تێکنەچێ، هەروەک خاوەن کتێبەکانیش دانیان بە پێغەمبەرایەتیی موحەممەددا ﷺ نەدەهێنا، بۆ ئەوەی ئەو بەزم و بازاڕو، ئەو خواردن و خۆراک و ماڵ و سامان و پیتاکەی، کە بەهۆی ئەو دووکان و بازاڕەی ئایینە تێکدراوەکەیانەوە، چنگیان دەکەوت، لێیان تێک نەچێ، ئەگەر بڕوایان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ هێنابایە، ئەو بەزم و بازاڕەی کە دایانناوە، دەبوو بپێچنەوە و ببنە مسوڵمانێکی سادە و شوێنکەوتوویەکی سادەی پێغەمبەر ﷺ، ئەو کاتە ئەگەر بە هۆی شوێنکەوتنی ئەو ئیمان و ئیسلامەوە، پێگەیەکیان بۆ دروست بووبایە، بۆیان دروست دەبوو، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون دەست بەرداری ئەو بەرژەوەندییە ناشەرعییانەیان بن، کە بە هۆی ئایینە تێکدراوەکەی خۆیانەوە بۆیان دروست بووە، هەروەک هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانی مەککە و غەیری مەککەش، ئامادە نەبوون ئەو بەزم و بازاڕو ئەو خۆ فەڕزکردنە، ئەو گەندەڵییە، ئەو ستەمە زۆرە، ئەو قۆرخکارییەی کە لەسەر بناغەی بتپەرستیی بۆیان دروست بووە، ئامادە نەبوون ئەو بەزم و بازاڕە لە خۆیان تێکبدەن و، بێنەوە ئاستی خەڵکی هەژارو ڕەش و ڕووت، هەموویان بەندەی

خوابن و پێکەوە براو تەبا بن، بۆیەش خوا ﷻ دەفەرموێ: زۆربەیان هەق نازانن، لەبەر دوو هۆکار:

أ- کەمێکیان زانیویانە، بەڵام لەبەر بەرژەوەندییە ناشەرعییەکانیان دەستبەرداری ئەو ناهەقیەی خۆیان نەبوون و، شوێن هەق نەکەوتوون.

ب- هەندێکیان دوایی بڕوایان هێناوە، واتە: هەندێکیان ئەوە نەبووە کە هەق نەزانن لە ئەنجامی پشت تێکردن و ئیهمال کردنی دا، بەڵکو بە دوای هەقدا گەڕاون و عەودالی هەق بوون، بەڵام جارێ ڕێیان تێنەکەوتوە و بەرچاویان ڕۆشن نەبۆتەوە، چونکە ئەوانەش کە هەق نازانن دوو جۆرن:

أ- جۆرێکیان کە پشت لە هەق دەکەن و هەر نەسڵەن گرنگیی پێنادەن.

ب- جۆرێکیشیان دەیانەوێ بگەن بە هەق و عەودالنیی و بەدوایدا دەگەڕێن، بەڵام جارێ بەرچاویان ڕۆشن نەبۆتەوە و چاوپێچیان لەسەر چاو لا نەچووە.

٦)- ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ﴾، لە پێش تۆدا هیچ ڕەوانەکراوێکمان نەناردوە، مەگەر سروشمان بۆ لای کردوە، کە جگە لەمن هیچ پەرستراوێك نیە دەجا بەس من بپەرستن، وشەی (مِن رَّسُولٍ)، (مِن : مَزِيْدَةٌ لِتَوْكِيْدِ النَّفِي)، یانی: (مِن) زیاد کراوە بۆ جەختکردنەوەی لابردن، لابردنی ئەوە کە هیچ پێغەمبەرێکمان لە پێش موحەممەددا ﷺ ڕەوانە نەکردوە، مەگەر خوا ﷻ سروشی بۆ کردوە، کە تەنیا ئەو بپەرستن.

وشەی (إِلَّا نُوحِيٓ) خوێنراویشەتەوە: (إلا يُوحى إليْهِ)، مەگەر سروشی بۆ کراوە، هەردووکیان یەک واتایان هەیە.

لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێ: خوای پەروەردگار لە سوورەتی (الحديد) لە ئایەتی ژمارە (٢٥)دا دەفەرموێ: ﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِ﴾، واتە: بە دڵنیایی پێغەمبەرانمان بە

بەڵگە ڕوون و ئاشکرایەکانەوە ناردوون، کتێب و تەرازووشمان لەگەڵ ناردوون، تاکو خەڵکی بە دادگەریی هەڵسن.

لێرەش دەفەرموێ: هەموو پێغەمبەرانمان ناردوون کە تەنیا خوا بپەرسترێ، کەواتە: بە ڕواڵەت جۆرێک لە تێککیران هەیە؟

وەڵامەکەی ئەوەیە وەک لە زۆر جێگای دیکەدا باسمکردوە، پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بۆ چەسپاندنی دوو ئامانجی گەورە و سەرەکیی هاتوون:

١- تەنیا خواپەرستیی و، خوا بەیەکگرتن (توحيد الله) ئەوە وەک پەیوەندیی نێوان خۆیان و خوا ﷻ.

٢- چەسپاندنی دادگەریی، ئەوەش وەک پەیوەندیی نێوان خۆیان.

کەواتە: ئەو دووانە تێک ناگیرێن و، لە ڕاستییدا یەکتا پەرستیی (توحيد) بناغەی دادگەرییە، تەنیا کاتێک خەڵک ڕزگاری دەبێ لە زوڵم و ستەم و، یەکدی چەوساندنەوە و چینایەتیی و قڕیی و ڕڕیی، کە تەنیا خوا بپەرسترێ و، شیرک زەمینە خۆش دەکات بۆ ستەم و قۆرخکاریی و خۆ بەسەر یەکدا فەڕزکردن و، خۆ لە یەکدی کردنە پەرستراو و پەروەردگار، مەگەر فیرعەون بە خەڵکی میسری نەگوت: ﴿أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ﴾النازعات، من پەرستراوی هەرە بەرزتانم؟ هەروەها پێی نەگوتن: ﴿مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي ﴿٣٨﴾﴾القصص، جگە لە خۆم پەرستراوێکی دیکەم بۆ ئێوە پێ شک نایەت؟ بەڵێ شیرک زەمین خۆش دەکات بۆ فیرعەون و، قارون و نەمروودو، تاغووت و خۆ بەزلگرەکان کە بڵێن: ئێمە پەرستراوی ئێوەین، ئێمە جیاین لە ئێوە و، دەبێ ئێمە تەقدیس بکەن و بە مەزن و گەورە بگرن، دەبێ ئێمە خاوەنی هەموو شتێک بین و ئێوە خاوەنی هیچ نەبن، کۆیلە و ژێردەست و بەردەستی ئێمە بن! شیرک زەمینە بۆ ئەوە خۆش دەکات، بەڵام خوا پەرستن و تەنیا خوا بەیەکگرتن، ڕێگا لە فیرعەون و تاغووتەکان دەبەستێ و دەڵێ: نەخێر هەموومان بەندەی خواین، هەموو پێکەوە

براین، کەس لە کەس گەورەتر نیە، خوا ئەو نیعمەتانەی کە دروستکردوون، بۆ هەمووانن، بۆیە خوا بەیەکگرتن و چەسپاندنی دادگەریی، دوو ڕووی دراوێکن، دوو ڕووی هەقیقەتێکن: تەنیا خوا بپەرسترێ و، دادگەریی پیادە بکرێ، بێگومان کاتێک دادگەریی پیادە دەکرێ، کە تەنیا خوا پەرستراو بێ و، هیچ کەس خۆی لە بەندەکانی خوا، نەکاتە پەروەردگارو پەرستراو.

مەسەلەی چوارەم:

بەرپەچدانەوەی قسەی هاوبەش بۆ خوا پەیداکەرەکان کە گوایە فریشتەکان رۆڵەی خوان و، روونکردنەوەی چەند راستییەکی گرنگ لە بارەیانەوەو، جەختکردنەوە لەسەر ئەوە کە فریشتەکان بەندەی چاک و پاک و ملکەچی بەردەوامی خوان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ۗ سُبْحَٰنَهُۥ ۚ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ﴿٢٦﴾ لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ ﴿٢٧﴾ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ ﴿٢٨﴾ ۞ وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّىٓ إِلَٰهٌ مِّن دُونِهِۦ فَذَٰلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾

لەم چوار ئایەتەدا خوا باسی فریشتەکان دەکات، چونکە هەم هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانی عەرەب و، هەم هی نەتەوەکانی جگە لە عەرەبیش، واتە: سەرجەم هاوبەش بۆ خوا دانەران، کەم و زۆر فریشتەکانیان کردوونە، بیانووی شیرک و هاوبەش بۆ خوا دانان، لە میزۆپۆتامیا و هیندو چین و گریک و یۆنانییەکان و میسرییەکان و، لە هەموو ولاتانی دنیا کە تۆ مێژووی شیرک دەخوێنیەوە، مەگەر چۆن دەنا هاوبەش بۆ خوا دانان، رەگ و ریشەکەی دەچێتەوە سەر فریشتەکان و، لە کەوڵی خۆ بردنە دەری فریشتەکان و، بە پاکگرتن و بە مەزن گرتنیان لەسەر حیسابی خوا ﷻ.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە برگەدا:

١)- ﴿ وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ﴾، گوتیان: خوای خاوەن بەزەیی رۆڵەی پەیدا کردوە و دایناوە، وشەی (وَلَدْ): (إسْمُ جَمْعٍ مُفْرَدُهُ مِثْلُه)، وشەی (وَلَدْ) ناوی کۆیە و تاکەکەشی هەروەک خۆیەتی، کەواتە: (وَلَدْ) واتە: یەک رۆڵە، یاخود رۆڵەکان، هەمووی دەگرێتەوەو،

نێرو مێش دەگرێتەوەو، (إبن) واتە: کوڕو، (بِنْت) واتە: کچ، بەڵام (وَلَدْ) هەردووکیان دەگرێتەوە، واتە: ڕۆڵە، مەبەستیان پێی فریشتەکان بووە، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ سُبۡحَـٰنَهُۥ ﴾.

٢)- ﴿ سُبۡحَـٰنَهُۥ ﴾، پاکیی بۆوی، (يَعْنَي تَنْزِيَهاً لَهُ عَنْ ذَلِك)، واتە: پاکیی بۆ خوا، (سَبْحُوهُ تَسْبِيْحَاً) واتە: بە پاکی بگرە بە پاکگرتن، یاخود (يُسَبّحُ تَسْبِيْحَاً) واتە: بە پاک دەگیرێ بەپاکگرتن، لەوەی ئێوە دەیلێن.

٣)- ﴿ بَلۡ عِبَادٞ مُّكۡرَمُونَ ﴾، بەڵکو ئەوان بەندەی ڕێزلێگراوی خوان، واتە: ئەو فریشتانەی ئێوە بە ڕۆڵەی خوایان دەزانن، ڕۆڵەی خوا نین، بەڵام خوا ڕێزی لێگرتوون.

٤)- ﴿ لَا يَسۡبِقُونَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ ﴾، لە قسەدا پێشی ناکەون، دەڵێ: (السَّبْقُ: التّقَدّم فـي سائرٍ عَلَى سَائِرِ الآخَرِ) وشەی (سَبْق) ئەوەیە کە کەسێک بڕوات و پێش کەسێکی دیکە بکەوێت لە ڕۆیشتندا، مانا ئەسڵییەکەی لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەوەیە، بەڵام دوایی بۆ هەر جۆرە پێشکەوتنێک بەکارهاتوە، واتە: لە پێش فەرمانی خواوە قسە ناکەن، هیچ قسەیەک ناکەن تاکو فەرمانی خوایان پێ نەبێ.

٥)- ﴿ وَهُم بِأَمۡرِهِۦ يَعۡمَلُونَ ﴾، تەنیا بە فەرمانی خواش کار دەکەن و دەجووڵێن، کەواتە: (لَا يَعْمَلُوْنَ إلاّ بَعْدَ أمْرِه، وَلَا يَقُولُونَ إلاّ بَعْدَ قَوْلِهِ)، تەنیا دوای فەرمانی خوا کار دەکەن و، تەنیا دوای فەرمایشتی خوا، قسە دەکەن، واتە: نە لە قسەو، نە لە کردوەشدا بە مۆڵەتی خوا، نە ورتەیان لە دەمەوە دێ، نە قسە دەکەن و، نە هیچ جووڵەیەک دەکەن.

٦)- ﴿ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ ﴾، هەرچی لە پێش دەستیانەوەیە و هەرچی لە دوایانەوەیە دەیزانێ، لە پێش دەستیانەوەیە واتە: داهاتوو کە ئێستا نەهاتوە، بەڵکو بەرەو ڕووی دەچن، لە پشتیانەوەیە واتە: ڕابردوو، هەندێکیش گوتوویانە: لە پێش دەستیانەوە، ئەوەیە کە تێپەڕیوەو، ئەوەی لە پشتیانەوە، ئەوەیە کە جارێ نەهاتوە، هەندێکیش لە زانایان - وەک لە شوێنی دیکەشدا باسمان کردوە - دەڵێن: ﴿ يَعۡلَمُ

مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾، واتە: هەرچی کە پەیوەندیی بەوانەوە هەیە، لە ڕووی:١- شوێن (مکان) و، ٢- کات (زمان) و، ٣- حاڵەوە، واتە: هەموو شتێکیان لە بارەوە دەزانێ، چ لە ڕووی شوێنەوە لە پێشیانەوە بێ، یان لە پاشیانەوە بێ، یان لە لای ڕاست یان چەپیانەوە بێ، چ لە ڕووی کاتەوە ڕابردوو داهاتوو ئێستا، چ بە نسبەت کردەوەکان و حاڵی خۆیانەوە، خوا ﷻ هەمووی دەزانێ.

٧)- ﴿ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ ﴾، تکاش ناکەن، مەگەر بۆ کەسێک خوا پەسندی کردبێ، واتە: (**لِمَنْ ارْتَضَاه الله**)، مەگەر کەسێک خوا پەسندی کردبێ و لێی ڕازی بێ، یاخود بۆ کەسێک کە (**إرْتَضَى لَهُ شَفَاعَة**) خوا تکاکردنی بۆ پەسند کرد بێ، واتە: وشەی ﴿ ٱرْتَضَىٰ ﴾، کە بەرکار (**مفعول به**)ەکەی قرتێنراوە، دەگونجێ شەفاعەت بێ (**إرْتَضَى لَهُ شَفَاعَة**)، یاخود خوا (**مشفوع له**) ئەو کەسەی لەلا پەسند بێ، کە تکای بۆ بکرێ (**إرْتَضَاهُ الله**).

٨)- ﴿ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ ﴾، هەروەها لە ترسی وی بە ترس و بیمن، واتە: لە سام و هەیبەتی خوا بە ترس و لەرزن.

٩)- ﴿ وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّىٓ إِلَٰهٌ مِّن دُونِهِۦ ﴾، هەر کەسێک لەوان بڵێ: من پەرستراوم جگە لەو، گریمان ئەگەر یەکێک لەوان بڵێ: من پەرستراوم جگە لە خوا.

١٠)- ﴿ فَذَٰلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ ﴾، بێگومان کەسی وا بە دۆزەخ سزای دەدەین، ئەو (مَنْ)ی پێشێ مەرج (**شرط**) بوو: ﴿ وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّىٓ إِلَٰهٌ مِّن دُونِهِۦ ﴾، (**هَذَا شَرطٌ عَلَى سَبِيْل الفَرض**)، واتە: ئەمە مەرجە، بەڵام حاڵەتێکی گریمانەیی و، وەڵامەکەی: ﴿ فَذَٰلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ ﴾، ئەوە وەڵامی مەرجەکەیە: بێگومان بە دۆزەخ سزای دەدەین، (**يَعْنِي نَجْزِيه بِجَهَنَم**) ئەمە لە زمانی عەرەبییدا (**مَنْصُوبٌ بِنَزْع الخَافِض**) بەهۆی داڕنینی ژێردار کەرەکەیەوە سەردار (**منصوب**) بووە.

١١)- ﴿ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، چونکە ئیددیعا کردنی پەرستراوێتیی و لەگەڵ خوادا پەرستران ستەمە: ستەمکارانیش هەر بەو شێوەیە سزا دەدرێن، کە ئەمە لەبەر

ڕا هاویشتن، (تعریض)ە، بۆ هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، واتە: خوا تەنانەت لە فریشتە بەڕێزەکانی لای خۆیشی، کە هەمیشە سەرگەرمی بەندایەتیی بۆ خوان و، بە بێ فەرمانی ئەو نەکردەوە دەکەن و نە قسەش دەکەن، ئەوانیش هەر یەکێکیان لافی ئەوە لێبدات کە پەرستراوە، جگە لە خوا، یاخود لە جیاتی خوا، بە دۆزەخ سزای دەدەین، کەواتە: ئێوەش ئەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان! بترسن، ئەگەر خوا لە فریشتەکان قبووڵ نەکات، لە ئێوە هەر قبووڵ ناکات.

مەسەلەی پێنجەم:

خستنە ڕووی ژمارەیەكی بەر چاو لە دیاردە و دیمەنە سەرنج ڕاكێشەكانی گەردوون، كە هەر كامێكیان نیشانەیەكی گەورەی پەروەردگاریتیی خوای تاك و پاكە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ وَجَعَلْنَا فِى ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِىَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَّعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴿٣١﴾ وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ ءَايَٰتِهَا مُعْرِضُونَ ﴿٣٢﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ ﴾، ئایا ئەوانەی بێبڕوا نەیاندیوە، نەیانزانیوە خوێنراویشەتەوە: (أَلَمْ يَرَ الَّذِيْنَ كَفَرُوْا)، كە لە هەردوو حاڵدا هەمزەكەی سەرەتا بۆ پرسیاركردنی نكووڵیلێكەرانەیە، بە هۆی ئەوەوە كە ورد نەبوونە ودو ڕانەماون و سەرنجیان نەداوە، واتە: سەرنجی عەقڵ، وەك پێشتریش گوتمان، چونكە ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ ﴾، ئایا ئەوانەی بێبڕوان نەیاندیوە؟ واتە: بە چاوی عەقڵ نەیاندیوە، چونكە بێگومان ئەوەی دوایی باسی دەكات، كەس بەچاوی سەر نەیبینیوە، كە بریتیە لە چی؟

٢)- ﴿ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا ﴾، (ئایا نەیانبینیوە) كە ئاسمانەكان و زەوی پێكەوە لكاو و جۆشدراو بوون، لە یەكمان جیا كردنەوە و پچڕاندن، بێگومان هیچ كەس ئەوەی بە چاوی سەر نەبینیوە، تاكو خوا نكووڵیی بكات لەوەی بۆچی نەیانبینیوە؟ بەڵام هەموو كەس بە چاوی عەقڵ و دڵ دەگونجێ ببینێ و، بزانێ دوای ئەوەی كە

خوا هەواڵت پێدەداو، دوای ئەوەی کە زانیاریی گەردووناسییش دەریخستوە، کە ئەم بوونەوەرە کاتی خۆی هەمووی پێکەوە بووە، وەک لە سەرەتای سوورەتی (یونس) و، لە چەند شوێنی دیکەش لەم تەفسیرەدا باسمان کردوە، بەڵام لە سوورەتی (یونس)دا باسێکی فراوان و خەست و قووڵمان لەو بارەوە کردوە، هەروەها دواتر لە تەفسیری سوورەتی (فصلت) و سوورەتی (الرحمان) یش دا.

﴿أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ﴾، کە ئاسمانەکان و زەوی، یانی: نەک تەنیا زەوی و کۆمەڵەی خۆر، چونکە لێرەدا خوا باسی ئاسمانەکان و زەوی دەکات، کە مەبەست هەموو گەردوونە، هەندێکیان گوتوویانە: مەبەست پێی جیابوونەوەی زەوییە لە کۆمەڵەی خۆر، زەوی و کۆمەڵەی خۆر، کە لە خۆر جیا بوونەوە، چونکە هەمان ئەو ماددەو توخم و پێکهاتانەی کە لە زەویدانە، لە پێکهاتەی خۆریشدا هەن، کە بە هۆی تیشکەکەیەوە بۆمان دەرکەوتوە، هەروەها پێکهاتەکانی دیکەی خڕۆکەکانیش، بەڵام خۆریش بۆ خۆی ئەستێرەیەک بووە لە نێو کەهکەشانی کاکێشاندا، ئەو کەهکەشانەی بەشێک بووە لەو هەموو گەردوونەی کە خوای زانا و توانا دوایی دابەشی کردوە، بۆ چەندان گەلە کەهکەشان و، کەهکەشانەکانیش بۆ ئەستێرەکان و، ئەستێرەکانیش وێرای ئەو خڕۆکانەی بە دەوریاندا دەخولێنەوە.

(**الرَّتْقُ: الاِتِّصَالُ وَالتَّلَاصُقُ بَيْنَ أَجْزَاءِ الشَّيْءِ**)، (رتق) بریتییە لە پێوەلکان و پێکەوە جۆشدرانی بەشەکانی شتێک.

٣)- ﴿فَفَتَقۡنَٰهُمَا﴾، لە یەکمان جیاکردنەوە، واتە: ئاسمان و زەوی، هەڵبەتە زەوی لە بەرانبەر ئاسمانەکاندا، شتێکی بچووکە، تەنانەت خۆر ملیۆنێک و سێ سەد هەزار (١٣٠٠٠٠٠) جار لە زەوی گەورەترە، واتە: ئەو خۆرەی ئێمە جێگای (١٣٠٠٠٠٠) خڕۆکەی وەک زەوی ئێمەی تێدا دەبێتەوە، ئنجا خۆر یەکێکە لە تریلیۆنێک (١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠) ئەستێرە کە لە کەهکەشانی کاکێشاندا هەن و، تریلیۆنێک کەهکەشان هەن لە گەردووندا، بەڵام بە نسبەت ئێمەوە ئەم زەوییە شتێکی یەکجار گرنگە، چونکە ژیانی ئێمە هەر

لێرەیە، بۆیە خوا ﷻ هەمیشە لە قورئاندا باسی (السماء ولأرض) یان (السماوات ولأرض) دەکات، چونکە ئاسمانەکان چەندە بۆ ئێمە گرنگن، زەویش ئەگەر لەوان گرنگتر نەبێ، هێندەی ئەوان گرنگە، چونکە بە بێ زەوی، ئێمە لە کوێ دەبووین؟ ئەم زەوییەی کە لە سەری دەژین، بە بێ زەوی ژیانی ئێمە چاوەڕێ نەدەکرا پەیدا بێ.

ئنجا: (الفَتْقُ: الإنْفِصَالُ وَالتَّبَاعُدُ بَيْنَ أَجْزَاءِ الشَّيء)، (فَتْقُ) بریتیە لە یەک جیابوونەوە و لە یەک دوورکەوتنەوەی بەشەکانی شتێک، کە دەفەرموێ: ﴿كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا﴾، واتە: هەر کامێکیان پێکەوە لکاو بوون، لەیەکمان جیاکردنەوە، ئاسمانەکانمان کردنە حەوت ئاسمان و، هەموو ئەو کەهکەشانەش و، زەوییش پێکەوە جۆشدراو بوو، دوایی وامان لێکرد کە بەرگە هەوای بۆ پەیدا بێ، بەرگە دەریای بۆ پەیدا بێ، دەریاکان کە (٤/٣)ی پانتایی زەوی دەگرنەوەو، بەرگە هەوا کە بە بەرزایی (١٠٠٠) کیلۆمەتر وەك چەترو قەڵغانێك بە دەوری زەویدا هەیە، خوا چیایەکان و لەوەڕگاکانیشی تێدا پەیدا کردوون، کە ئەوانە پێشتر هەمووی یەک پارچە ئاگر بوو کە لە خۆر جیا بوو بۆوە، دەگونجێ ماناکەی ئاوا بێ:

أ- هەر کامێک لە ئاسمان و، لە زەوی، پێکەوە لکاو و یەک شت بوو، دوایی وردە دابەشمان کرد.

ب- هەردووکیان پێکەوە بوون و لە یەکمان جیاکردوونەوە، هەردوو واتاکەی هەن، بەڵام واتای دووەمیان زیاتر دێتە زەینەوە.

٤)- ﴿وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ﴾، هەموو شتێکی زیندوو، ژیاندارمان لە ئاوێ پەیدا کرد، وشەی (جَعَلَ) لێرەدا بە واتای (خَلَقَ) دێ، واتە: (وَخَلَقْنَا مِنَ المَاءِ كُلَّ شيءٍ حَيٍّ)، چونکە تەعەددای پێکراوە بۆ یەک بەرکار (مفعول)، چونکە (جَعَلَ) جاری وا هەیە دوو بەرکار (مفعول)ی هەیە، وەک: (جَعَلَ زَيْدٌ مُحَمَّداً مُدَرِّساً)، واتە: زەید موحەممەدی کرد بە مامۆستا، کە دوو بەرکار (مفعول)ی ویستوون، بەڵام لێرەدا ﴿وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ

كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ ﴾، تەنها یەک بەرکار (مفعول)ی ویستوە، کەواتە: لێرەدا (جَعَلَ) یانی: (خَلَقَ) واتە: هەموو شتێکی ژیاندارمان لە ئاو پەیدا کرد.

٥)- ﴿ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴾، ئایا هەر بڕوا ناهێنن؟ ئەمە پرسیارلێکردنی نکوولّیلێکەرانەیە، واتە: دوای ڕوونکردنەوەی ئەو دوو ڕاستییە مەزنە لە یەک ئایەتدا، کە خوا ﷻ هەم سەرەتای گەردوون و چۆنیەتی دروستبوونی، هەم سەرەتا و چۆنیەتی دروستبوونی ژیان لەسەر زەوی، لە یەک ئایەتدا دەخاتەڕوو، کە زانستی ئێستاش هەر بەوە گەیشتوەو، ئەگەر ئێستاش پێی نەگەیشتبێ، دواتریش هەر تەنیا بەوە دەگات کە قورئان فەرموویەتی، دەبوو ئەوە ببێتە هاندەریان بۆ بڕواهێنان.

٦)- ﴿ وَجَعَلْنَا فِي ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِيَ ﴾، هەروەها لە زەوییدا چیایە چەسپاوەکانمان داناون، وشەی (رَوَٰسِيَ) کە کۆی (راسي)یە سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراو (**موصوف محذوف**)ە، واتە: (الجِبَالَ الرَّوَاسِي)، چیایە چەسپاوەکانمان داناون،

یانی: چیایە چەسپاو و بە ناخی زەوییدا چووە خوارەکان، دەگوترێ: (رَسَى يَرْسُو رَسْأً، أي رَسَخَتْ وَثَبَتَت)، واتە: چەسپا، دەچەسپێ، چەسپان، لەبەر ئەوەی چیایەکان لە زەوییدا چەسپاون، وەک لە شوێنی دیکەش باسمان کردوە، بە تایبەت لە سەرەتای سووڕەتی (یونس)[1] دا کە هەر چیایەک کە دەیبینین، چەندەی بە دەرەوەیە، بەلای کەمەوە شەش حەوت هێندەی بە ناخی زەوییدا چووەتە خوار، هەر بۆیەش لە سووڕەتی (النبأ)دا خوای بەرز ومەزن چیایەکانی تەشبیه کردون بە گوڵمیخ: ﴿ وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا ٧ ﴾، وشەی (أوتاد) کۆی (وتد)ە، واتە: گوڵمیخ، کە سینگێکە شتێکی پێ دەبەسترێتەوە، کە بە دڵنیایی سینگ و گوڵمیخ، چەندەی بە دەرەوەیە، شەش حەوت هێندە بە زەویدا دەچێتە خوار، بۆ ئەوەی ئەو شتەی پێیەوە بەستراوە، توند بیگرێ، کە ئەمە تەعبیرێکی زۆر واقیعییانەیەو، ئیعجازێکی زانستیی تێدایە، کە ئێستا دوای ئەوەی کە زانستیی

---

[1] هەروەها لە تەفسیری سووڕەتی (نبأ)یشدا.

زەویناسیی (جیۆلۆجی) بەرەو پێش چووە، بۆیان دەرکەوتوە کە هەر چیایەک چەندەی بە دەرەوەیە، شەش حەوت هێندەی لە زەویدایە، ئنجا ئایا بۆچی خوا چیایە چەسپاوەکانی لە زەویدا داناون؟

٧)- ﴿ أَن تَمِيدَ بِهِمْ ﴾، واتە: بۆ ئەوەی نەیانجولێنێ، (يَعْنِي: كَرَاهَةَ أَنْ تَمِيْدَ بِهِم) نەوەک لە بنیان دا بجوولێ، یاخود (أَنْ لَا تَمِيْدَ بِهِمْ)، بۆ ئەوەی نەجوولێ، وشەی (ميد) واتە: هاتن و چوون و لەرزین، کە بە دڵنیایی چیایەکان دەوریان زۆرە، لەوەدا کە ڕووبەرو پانتایی زەوی نەیەت و نەچێ، بە تایبەتی کە لە نێو هەناوی زەویدا، هەمیشە ئاگرو ئاسنی تواوە هەیەو، جار جار لە شێوەی ئاگرپڕژێندا دێتە دەرێ و، دەبێتە هۆی بوومە لەرزە و تسۆنامیی، ئەگەر چیایەکان نەبوونایە، ئەو توێکڵەی زەوی، بەرگەی ئەم هەموو فشارو گەرمایەی چەقی زەوی نەدەگرت، بەڵام چیاییەکان توێکڵێکی ڕەقی وەک دەمارو پەیکەری ئێسکن، کە چۆن جەستەی مرۆڤ ڕادەگرێ، چیایەکانیش بەو شێوەیە زەوییان ڕاگرتوە.

٨)- ﴿ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا ﴾، هەروەها لە زەویدا دابڕاوایی و کەلێن و ڕێگامان داناون، (الفِجَاجُ: جَمْعُ فَجّ: الطَّرِيْق الوَاسِعُ، وَالسُّبلُ: جَمْع سَبِيْل)، وشەی (فِجَاج) کۆی (فَجّ)ە، واتە: ڕێگای فراوان، یان دابڕاوایی و کەلێن، وشەی (سُبُل)یش کۆی (سَبِيْل)ە، واتە: ڕێگا، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿ فِجَاجًا سُبُلًا ﴾، دەگونجێ (فِجَاج) وەسف بێ، کە پێشکەوتوە لەسەر وەسفکراوەکەی، کە بریتیە لە (سبل)، واتە: (سُبُلًا فِجَاجًا)، ڕێگایە فراوانەکان و ڕێگایە دابڕاوەکانمان داناون، دەشگونجێ وشەی (سُبُل)، جێدار (بدل) بێ بۆ (فِجَاج)، واتە: کەلێنمان داناون، کە دواییش کەلێنەکان کراون بە ڕێگا، یاخود کەلێن و دابڕاوایی نێوان چیایەکانمان لەسەر زەوی داناون، لە حاڵێکدا ئەو دابڕاوایی و کەلێنانە، دەکرێن بە ڕێگا، کەواتە: سێ واتای هەن:

١- (فِجَاج) وەسفە بۆ (سُبُل) کە لێی پێش کەوتوە، واتە: ڕێیە فراوان و دابڕاواییەکان.

٢- یاخود (سُبُل) جێدارە بۆ (الفِجَاج).

٣- یاخود حاڵ (حَاَل)ە لە حاڵێکدا کە ئەو دابڕاوییانە کراون بە ڕێگا.

٩)- ﴿ لَعَلَّهُمۡ يَهۡتَدُونَ ﴾، بەڵکو بە ڕێیە بزانن، واتە: بەڵکو بگەنە ئامانجەکانیان، یاخود بەڵکو خاوەن و بەدیهێنەرو پەروەردگارو پەرستراوی خۆیان، پەی پێ ببەن، بە هۆی ئەو ناز و نیعمەتانەوە کە خوا بۆی داناون لە گەردوون (بوونەوەرو دەوروبەر)دا.

١٠)- ﴿ وَجَعَلۡنَا ٱلسَّمَآءَ سَقۡفٗا مَّحۡفُوظٗاۖ ﴾، ئاسمانیشمان گێڕاوە بە بانێکی پارێزراو، (السُّقْفُ: غِطَاء فَضَاءِ البَيْتِ المَوْضُوعِ عَلَى جُدْرَانِهِ، وَهُوَ مِنَ التَّشْبِيْه البَلِيْغ)، واتە: (سَقْف) بریتیە لەو پۆششەی کە بەسەر بۆشایی ماڵدا دادەدرێ و لەسەر دیوارەکانی دادەنرێ، کە لێرەدا ئەمە وێچواندنێکە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە پێی دەگوترێ: ئەوپەڕی وێچواندن (التَّشْبِيْه البَلِيْغ)، چونکە وێچوێندراو و وێچوێنەری تێدانین، نەیفەرمووە: (وَجَعْلَنا السَّمَاء كَسَقْفِ للبَيْت)، بەڵکو هەر فەرموویەتی: ﴿ سَقۡفٗا مَّحۡفُوظٗاۖ ﴾، واتە: بانێکی پارێزراو، کە دوایی باسی دەکەین چۆن پارێزراوە؟

١١)- ﴿ وَهُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِهَا مُعۡرِضُونَ ﴾، لە حاڵێکدا کە ئەوان پشتیان لە نیشانەکانی ئاسمان کردوە، ڕوویان لێ وەرگێڕاون و، ڕوو وەرچەرخێنەرن لە نیشانەکانی، چونکە ئاسمان نیشانەی زۆری تێدا هەن، هەم ئەستێرەکان، هەم کەهکەشانەکان، هەم مانگ و خۆر، ئەو باران و، ئەو تیشک و، ئەو بایە و، ئەو هەموو شتانە کە لە ئاسماندا هەن، ئاسمان نیشانەی زۆری هەن، کەچی ئەوان پشت هەڵکردو و ڕوو وەرچەرخێنەرن لە نیشانەکانی ئاسمان.

١٢)- ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ ﴾، خوا ئەو کەسەیە شەوگارو ڕۆژگارو خۆرو مانگی هێناونە دی.

١٣)- ﴿ كُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ ﴾، هەر کامێکیان لە سووڕگەیەکدا مەلە دەکات و دەخولێتەوە، پێشتریش باسمان کرد: لێرەدا خوا تەنیا باسی خۆرو مانگی کردوە، بەڵام دوایی بە ڕاناوی کۆ هێناویەتی، کەواتە: دەبێ لە دووان زیاتر بن، نەیفەرمووە: (كِلاهما فِي فَلَكٍ يَسْبَحَان)، ئنجا سێیەمیان ئەوەیە کە خوا ﷻ باسی شەوگارو ڕۆژگاری کردوە و،

شەو و ڕۆژیش بەسەر زەویدا دابەش دەبن، هەمیشە ئەو ڕووەی زەوی کە بەرە و خۆرە ڕۆژەو، ئەو ڕووەی زەوی کە پشتی لە خۆرە و خۆری لێ دیار نیە، شەوە، کەواتە: شەو و ڕۆژ یانی: زەوی، ڕووبەری زەوی هەمیشە نیوەی تاریکە و نیوەی ڕووناکە، کەواتە: شەو و ڕۆژ بەبێ وێنا کردن و، لەبەرچاوگرتنی زەوی پەیدانابن.

کە دەفەرموێ: ﴿كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴾، وشەی (سَبْح) خوازراوەتەوە بۆ ڕۆیشتن، وشەی (فَلَك)یش واتە: سوورگەی ئەستێرەکان، کە لە ئەسڵدا وشەی (فَلَكِ) بە شەپۆلی دەریا دەگوترێ کە خڕە، (فلكة المغزل) یش سەری (تەشی) یە، کە دارێکی بازنەییە لەسەرێی بزمارێکی نوشتاوەی تێ چەقێنراوە و ئەو ڕیس و چنینەی دەچنرێ، دەچێتەوە نێو ئەو بزمارە چەمێنراوەوە، تاکو بهۆنرێتەوە، بابای تەشی ڕێس تەشییەکەی با دەدا و دەیڕێسێ.

پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێین: کە لە تەفسیری سوورەتی (یونس)دا، هەم بە جیا باسی گەردوونمان کردوە، هەم بە جیا جیا باسی خۆرمان کردوەو، باسی زەوییمان کردودو، لە نێو زەوییدا باسی چیایەکانمان کردودو، باسی مانگمان کردوە، بۆیە ئەو باسانەی کە لەوێدا کردوومانن، لێرە دووبارەیان ناکەینەوە.

کە دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ﴾، ئەمەش ڕاستییەکی زانستییە و دەرکەوتوە، بۆ وێنە: جەستەی مرۆڤ (٧٠٪)ی ئاوەو، جەستەی هەندێ لە ژیانداران بەشی زیاتریشی ئاوەو، کە دەفەرموێ: ﴿كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ﴾، هەموو شتێکی زیندوو، بگرە دەکرێ ڕووەکیشی پێ بگرینەوە، بۆ وێنە: میوەیەکی وەک شووتیی و کاڵەک لەوانەیە زیاتر لە (٩٠٪) یان ئاو بێ، هەروەها زۆر لە میوەکان بەشی زۆریان ئاوەو، ژیاندارانیش بە هەمان شێوە، لە نێویشیاندا مرۆڤ، کەواتە: ئەوە حەقیقەتێکە کە زانستیش هەر ئەوەی دەرخستوە، لە واقیعیشدا هەر وایە.

کە دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلْنَا فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ﴾، پێشتر باسمان کرد کە (رَوَاسِيَ) کۆی (راسي)یە و ئەم (رَوَاسِيَ) یە سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، واتە: (الجبال

الرواسي) چیایە چەسپاوەكان، ﴿أَن تَمِيدَ بِهِمْ﴾، هەندێک لە زانایان گوتوویانە: (**كَرَاهَـةَ أَنْ تَمِيْدَ بِهِـم**) پێمان ناخۆش بووە کە بیانجووڵێنێ، یاخود: (**لأَنْ لَا تَمِيْدَ بِهِـم**) بۆ ئەوەی نەیانجووڵێنێ، گرنک ئەوەیە: ﴿أَن تَمِيدَ بِهِمْ﴾، بۆ ئەوەیە کە زەوی نەیانجووڵێنێ و نەیانهەژێنێ و نەیانلەرزێنێ، چیایەكان بۆ زەوی، وەک پەیکەری ئێسک وان بۆ جەستەی مرۆڤ، جەستەی مرۆڤ، ئەگەر پەیکەری ئێسقانی تێدا نەبووایە، بە زەوییەوە پان دەبووەوە.

﴿وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا﴾، هەروەها ئاسمانمان کردوە بەسەربانێکی پارێزراو، ئەمە هەرچەندە پێشتریش قسەمان لێ کردوە، بەڵام پێویستە چەند شتێکی دیکەی لە بارەوە بڵێین:

چەند قسەیەك لەبارەی بەرگە هەوای دەوری زەوییەوە:

١- ئەو بەرگە هەوایەی کە دەوری زەوی داوە، هەندێک لە زانایان دەڵێن: هەزار (١٠٠٠) کیلۆمەتر بەرزاییەکەیەتی (ئەستوورە)، یەکێک لە زانایانی گەردووناس (فرانک ئالن) دەڵێ: (لە شەو و ڕۆژێک دا بیست (٢٠) ملیۆن بەرد بە خێرایی نیزیکەی پەنجا (٥٠) کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا بەرەو زەوی دێن)، لە هەر شەو و ڕۆژێکدا (٢٠) ملیۆن بەرد، کە ئەو پارچانەن لە ئەستێرە و خڕۆکەکان دەبنەوە، بە خێرایی (٥٠) کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا بەرەو زەوی دێن، واتە: زۆر زۆر خێراتر لە هەر جۆرە فیشەک و گوللەیەک، بەڵام بۆچی ناکەونە سەر زەوی؟ چونکە ئەو بەرگە هەوایە دەیانسووتێنێ و دەبن بە خۆڵەمێش و بە شێوەی خۆڵەمێش بە نێو بەرگە هەواکەدا بڵاودەبنەوە.

٢- یەکێک لەو بەردانە لەساڵی (١٩٠٨)ی زایینیدا لە سیبیریا کەوتە خوار، کە زۆر گەورە بوو و، بەرگە هەوای زەوی فریا نەکەوتوە هەمووی بسووتێنێ، تیرەکەی چل (٤٠) کیلۆمەتر (٤٠کم٢) دووجای گرتەوە، لەو شوێنەی کە لێی کەوتۆتە سەر زەوی.

یەکێکی دیکە لەو بەردانە لە ئەریزۆنای ئەمریکا، کەوتە خوار، کە تیرەکەی یەک کیلۆمەتر (١کم^{٢}) دووجا بوو و، ئەو چاڵەی هەڵیکەند قووڵییەکەی دووسەد (٢٠٠) مەتر بوو.

٣- ئەو بەردانە ئەگەر خێراییەکەیان کەمتر بووایە، بۆ وێنە: هێندەی گوللەیەک خێرا بوونایە، هەموویان لەسەر زەوی دەکەوتن، چونکە بە هۆی خێراییە زۆرەکەیانەوە، دەسووتێن و لەگەڵ ئۆکسجین و نایترۆجینی هەوادا کارلێک دەکەن و دەسووتێن.

٤- (کریسی مۆریسۆن) کە یەکێکە لە زانایان، کتێبێکی هەیە(١) تێیدا دەڵێ: ئەگەر بەرگی هەوا تەنکتر بووایە لەوەی کە ئێستا هەیە، کە ئەستوورییەکەی (٥٠٠)(٢) کیلۆمەترە، هەموو پارچە نەیزەکەکان دەکەوتنە سەر زەوی، کە ئەو کاتە نەک هیچ مرۆڤێک، بەڵکو هیچ ژیاندارێک و هیچ ڕووەکێک لەسەر زەوی نەدەما، پاشان تیشکە زیان بەخشەکانیش کە لە نێو هەوادا هەن و، ئەو تیشکانەی کە لە نێو ئەو پارچە ئەستێرە و نەیزەک و بەردانە هەن، بەرگە هەوا ئەوانەش دەگرێتەوە، ناهێڵێ زیان بگەیەنن.

٥- هەروەها ئەو تیشکە زیانبەخشانەش کە لە خڕۆکە و ئەستێرەکانەوە دێن، ئەو بەرگە هەوایە ناهێڵێ بگەنە مەودای زەوی، بەڵام ئەوانەی کە سوود بەخشن، ڕێیان پێدەدا بێن، هەڵبەتە مەگەر بەشەر بۆ خۆی لە ئەنجامی دەستکاریی کردنی بەرگە هەوای زەویدا، بۆ وێنە: کە چینی ئۆزۆن کون دەکات، ئەو کاتە بەشێک لەو تیشکە زیانبەخشانە دێن، وەک کە ئێستا هەیە، ئەو تیشکە گەردوونییەش کە دێ، هەرچی میکرۆب و ڤایرۆس و شتی زیان بەخشە، زۆریان دەکوژێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ڤیتامینە سوود بەخشەکان دروست دەکات.

---

(١) (Man Does Not Stand Alone) (الإنسان لا یقوم وحدة). وەگێڕراوە عەرەبییەکەی بەناوونیشانی: (العلم یدعو للإیمان)ە.

(٢) لە ڕاستیی دا بەرگەهەوا کە پێنج چینی سەرەکییە، بەرزییەکەی (١٠٠٠) کلم زیاترە.

مەسەلەی شەشەم و کۆتایی:

خوا هیچ مرۆڤێکی لە پێش پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ نەهێشتۆتەوەو هیچ کەس نیە تامی مردن نەچێژێ و، هەموویان بە ناخۆشیی و خۆشیی تاقی دەکرێنەوە، پاشان بۆ لای خوای خاوەن و پەروەردگاریان دەگەڕێنەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ ٱلْخُلْدَ أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ ٱلْخَٰلِدُونَ (٣٤) كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ (٣٥) ﴾.

شیکرنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ ٱلْخُلْدَ ﴾لە پێش تۆش (ئەی موحەممەد!) هیچ مرۆڤێکمان هەرماو نەکردوە، هەمیشە کافرو هاوبەش بۆ خوادانەرە نەیارەکانی پێغەمبەر ﷺ، لە بیری ئەوەدا بوون، کە موحەممەد ﷺ هەر خۆیەتی و هەر کاتێک کە کۆچی دوایی کردو مرد، ئەوە لەو بەڵایە (بە بۆ چوونی خۆیان) قوتاریان دەبێ و، کارەکەی کۆتایی پێ دێ!

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ ٱلْخُلْدَ ﴾، واتە: لە پێش تۆدا هیچ مرۆڤێکمان نەهێشتۆتەوە، وشەی (ٱلْخُلْدَ) واتە: هەرمان و ژیانی بەردەوام، وەک لە سوورەتی (الطور)دا لە ئایەتی (٣٠ و ٣١)دا دەفەرموێ: ﴿ أَمْ يَقُولُونَ شَاعِرٌ نَّتَرَبَّصُ بِهِۦ رَيْبَ ٱلْمَنُونِ (٣٠) قُلْ تَرَبَّصُوا۟ فَإِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُتَرَبِّصِينَ (٣١) ﴾، واتە: یان ئایا دەڵێن: شاعیرێکە و چاوەڕێ دەکەین بەڵایەکانی مردنی بەسەر بێن، (واتە: بەڵایەکی بەسەر بێ و بمرێ و کۆتایی پێ بێ)، پێیان بڵێ: چاوەڕێ بن و لە بۆسەدا بن، ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا لە چاوەڕوانانین، واتە: ئەگەر پێغەمبەر ﷺ مرۆڤێکە و دەمرێ، خۆ ئێوەش هەر دەمرن، بەڵام ئەو کە دەمرێ، کارو پڕۆژە و پەیامەکەی کۆتایی نایەت، بەڵام ئێوە دەبنە بەردی بن گۆمێ، مەگەر وەک

پەندو عیبرەت لێ وەرگرتن، ئەگەرنا هیچ کەس باستان ناکات و یادتان ناکات، بەڵام ، ناو و ناوبانگی موحەممەد ﷺ لە بەرەکەتی ئەو پەیام و بەرنامە خواییەی کە هێناویەتی، وەک چۆن پەیامەکەو بەرنامەکەی دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێ، خۆشی ناو و ناوبانگی بەردەوام دەبێ.

هەڵبەتە ئەو ڕستە قورئانییە لێشی وەردەگیرێ، کە لە پێش پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ هیچ مرۆڤێک نەماوە، کەواتە: وەک لە تەفسیری سوورەتی (الكهف) دا باسمان کرد، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە (خضر) ئەو بەندە صاڵحەی کە لەگەڵ مووسادا بوو، بۆتە هاوەڵ و مامۆستای مووساو، چەند شتێکی لێ فێر بووە، وەک هەندێ لە ئەهلی تەصەووف، بەڵکو زۆربەیان، ڕایان وایە کە هەر ماوە، واتە: ژیانی بەردەوامە و نەمردوە، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نەخێر ئەمە ڕاست نیە: ﴿ وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ ٱلْخُلْدَ ﴾، لە پێش تۆدا هیچ مرۆڤێکمان نەهێشتۆتەوە، نە (خضر) و نە غەیری (خضر).

ئەمە دیسان دەبێتەوە بەڵگەش لەسەر ئەوە، کە ئەوەی شیعە بە ئیمامی دوازدەیەمی دەزانن، کە لە ئەسڵدا بوونی هەر نیە، واتە: موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەریی، حەسەنی عەسکەریی نەزۆک بووە، بێ پاشەوار بووە، بەڵام گوتوویانە: گوایە کە کوڕێکی بووە و شێرراوەتەوە بەناوی (محمد)، کە لە ڕووی مێژووییەوە هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەر نیە بۆ بوونی، وەک هەندێ لە لێکۆڵەرەوانی شیعە خۆشیان وا دەڵێن، ئەویش دیسان بیرۆکەیەکی ئەفسانەییە، کە گوایە هەیە و ماوەتەوە، چونکە بەڵێ لێرەدا خوا ﷻ باسی پێش پێغەمبەر ﷺ دەکات، بەڵام لە سیاقەکەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە خوا هیچ مرۆڤێک لەسەر زەوی ناهێڵێتەوە، بەڵام لێرە باسی پێش پێغەمبەر ﷺ دەکات، واتە: ئەو پێغەمبەرانەی پێش تۆشمان نەهێشتوونەوە تاکو تۆ بهێڵینەوە.

ئنجا ئەگەر خوا ﷻ پێغەمبەرانی نەهێشتبنەوە، غەیری پێغەمبەرانی بە ڕێگای لە پێشتر (بالطريق الأولى) نەهێشتۆتەوە، چونکە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ

الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) لەلای خوا ﷻ لە هەموو مرۆڤەکان بەڕێزترو موعتەبەرترو خۆشەویسترن، ئەگەر کەسێکی هێشتبایەوە، ئەوانی دەهێشتەوە، کە ئەوانی نەهێشتبنەوە، کەسانێک کە لە خوار پێغەمبەرانەوەن، کە زانایان و دۆستانی خوان، ئەوانیش بە هەمان شێوە نەهێڵراونەوە.

٢)- ﴿أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ ٱلْخَـٰلِدُونَ﴾، ئایا هەر کاتێک تۆ مردی، ئەوان هەر ماو دەبن و دەمێننەوە و لە ژیاندا بەردەوام دەبن؟ واتە: با خەونی ئەوەت پێوە نەبینن، کە بە مردنت پەیام و بەرنامەکەتیان لە کۆڵ دەبێتەوە و کۆتایی پێ دێ! بەڵێ تۆ دەمری، بەڵام ئەوانیش دەمرن، بەڵام پەیام و بەرنامەکەی تۆ لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە خواوە، خواش ﷻ زیندووی مشوورخۆر (الحي القيوم)ە، بەردەوام دەبێ، واتە: پەیامەکەی خوا بە هۆی هێشتنەوەی خواوە بۆ پەیامەکە، بەردەوام دەبێ.

٣)- ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَـةُ ٱلْمَوْتِ﴾، هەموو کەسێک چێژەری مردنە، وشەی (نَفْسٍ) لێرەدا دوو واتای هەن:

یەکەمیان: بە واتای (ذات) دێ، واتە: خودی ئەو شتە.

دووەمیان: بە واتای (روح)یش دێ، کە لێرەدا مەبەست پێی ڕووحە، واتە: هەموو ڕووحێک مردن دەچێژێ، ئەگەرنا وشەی (ذات) کە واتای یەکەمی (نَفْسٍ)ە، واتە: خودی ئەو شتە کە هەم ڕووحەکەی و، هەم جەستەکەی دەگرێتەوە، بەڵام بە دڵنیایی لێرەدا مەبەست پێی ڕووحەکەیەتی، هەر بۆیەش ڕاناوی مێینەی بۆ بەکارهێنراوە، چونکە ڕووح و نەفس هەردووکیان مێیینەی مەجازیی (المؤنث المجازي)ن.

٤)- ﴿وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً﴾، ئێمە بە ناخۆشییان و بە خۆشییان، یاخود بە زیان و بە سوود، یاخود بەوەی کە حەزی پێ دەکەن و بەوەی کە حەزی پێ ناکەن، تاقییتان دەکەینەوە، (فَتْنَةً أي: اخْتِبَاراً)، (فِتْنَةً: مَفْعُول مُطْلَق لِنَبْلُوكُم، لأَنَّ الفِتْنَةَ تُرَادِف البَلْوَة)، وشەی (فَتْنَة) لێرەدا دەبێتە بەرکاری ڕەها (مفعول مطلق) بۆ ڕستەی (لِنَبْلُوكُم)، چونکە وشەی (فَتْنَة) واتای نیزیکە لە وشەی (البَلْوَة) یان (لِنَبْلُوكُم)، (فَتْنَةً) یان (إبتلاءً)

مانایان زۆر لێک نیزیکن، ئنجا بۆچی وشەی (شرّ)ی پێش خستوە؟ **(قُدِّمَ الشَّرُّ لأَنَّهُ هُوَ الأَلْيَقُ بِالمَخَاطِبِ)** وشەی **(شَرّ)** - ئنجا چ مەبەست پێی زیانبێ، چ مەبەست پێی ناخۆشیی، یان گرفتاریی بێ - بۆیە پێشخراوە، چونکە ئەوە شایستەی ئەو خەڵکە دوێنراوەیە، کە بریتی بوون لە هاوبەش بۆ خوا دانەرو کافرەکان، کە ئەوان شایستەی زیان و خراپە و گرفتاریی و ناڕەحەتیین.

٥)- ﴿وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾، تەنیا بۆ لای ئێمەش دەگێڕدرێنەوە، لێرەدا ئەم (وَإِلَيْنَا) پێش **(فعل)** و **(فاعل)** خراوە، وەک ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝﴾، کە کاتێک بەرکار **(مفعول به)** پێش **(فعل و فاعل)** کاروبکەر، دەکەوێ، دەلالەت دەکات لەسەر کورت هەڵهێنان، واتە: تەنیا بۆ لای ئێمە دەگێڕدرێنەوە، نەک بۆ لای کەسی دیکە، کەواتە: باش سەرنج بدەن! بە چ چاو و ڕوویەک دێنەوە لامان و چی لەگەڵ خۆتان دەهێننە وە و، چۆن بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە؟! بە ڕاستیی کەسێک بزانێ دەچێتەوە خزمەت خواو، دەچێتەوە دیداری خوا، هەوڵ دەدات بە دیاریی و کۆڵ و بارێکەوەو، بە حاڵێکەوە بچێتەوە بۆ لای خواو، بۆ خزمەتی خوا، کە شایستەی دیداری خوا بێ و، شایستەی مەقامی بەرز و بێ وێنەی خوا بێ.

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرســەمان پــازدە (١٥) ئایــەت دەگرێتــە خــۆی، کــە ئایەتــەکانی: (٣٦ - ٥٠) ن، لـەم پـازدە (١٥) ئایەتـەدا، خـوا ﷻ باسـی هەڵوێسـتی نەفامانـە و کەللـە ڕەقانـەی کافـرەکان دەکات:

١- لە بەرانبەر پێغەمبەری خاتەم موحەممەد دا ﷺ.

٢- لە بەرانبەر ڕۆژی دواییدا، بە تایبەت قیامەت و کاتی زیندوو بوونەوە و هەڵسانەوە.

٣- لە بەرانبەر خوای بەرز و مەزن و، سزا و جەزرەبەی خوا، لە ژیانی دنیادا.

٤- لە بەرانبەر قورئان و هەڕەشە و ترساندنەکانیدا، بۆ کافران.

٥- هەروەها لەم پازدە (١٥) ئایەتەدا، باسی دادگەریی خوا لە قیامەتدا کراوە.

٦- دوایی ئاماژەیەک بەو کتێبە دەکات کە بە مووسا و هارووني برای درا بوو، کە بە جیاکەرەوە و ڕووناکیی و بیرخەرەوە، وەسفی دەکات (فُرقان، ضِیاء، ذِکر)، بەڵام بۆ پارێزکاران، پارێزکارانێک کە سام و بیمیان بەرانبەر بە پەروەردگاریان هەیە و، ترس و لەرزیان بەرانبەر بە ئاخیر زەمان هەیە.

٧- لە کۆتاییشدا ئاماژەیەکی کورت بە قورئانی پڕ پیت و پێز دەکات و، نکووڵیی لە نکووڵیلێکردن و بێبڕوایی کافرەکان دەکات، لە بەرانبەر دوا کتێب و دوا فەرمایشتی خوادا ﷻ، کە قورئانی بەهێز و پێزە.

﴿وَإِذَا رَءَاكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَـٰذَا ٱلَّذِى يَذْكُرُ ءَالِهَتَكُمْ وَهُم بِذِكْرِ ٱلرَّحْمَـٰنِ هُمْ كَـٰفِرُونَ ﴿٣٦﴾ خُلِقَ ٱلْإِنسَـٰنُ مِنْ عَجَلٍۚ سَأُوْرِيكُمْ

ءَايَٰتِي فَلَا تَسۡتَعۡجِلُونِ ﴿٣٧﴾ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلۡوَعۡدُ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٣٨﴾
لَوۡ يَعۡلَمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ حِينَ لَا يَكُفُّونَ عَن وُجُوهِهِمُ ٱلنَّارَ وَلَا عَن ظُهُورِهِمۡ وَلَا
هُمۡ يُنصَرُونَ ﴿٣٩﴾ بَلۡ تَأۡتِيهِم بَغۡتَةٗ فَتَبۡهَتُهُمۡ فَلَا يَسۡتَطِيعُونَ رَدَّهَا وَلَا هُمۡ
يُنظَرُونَ ﴿٤٠﴾ وَلَقَدِ ٱسۡتُهۡزِئَ بِرُسُلٖ مِّن قَبۡلِكَ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُواْ مِنۡهُم مَّا كَانُواْ بِهِۦ
يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٤١﴾ قُلۡ مَن يَكۡلَؤُكُم بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ مِنَ ٱلرَّحۡمَٰنِۚ بَلۡ هُمۡ عَن ذِكۡرِ
رَبِّهِم مُّعۡرِضُونَ ﴿٤٢﴾ أَمۡ لَهُمۡ ءَالِهَةٞ تَمۡنَعُهُم مِّن دُونِنَاۚ لَا يَسۡتَطِيعُونَ نَصۡرَ
أَنفُسِهِمۡ وَلَا هُم مِّنَّا يُصۡحَبُونَ ﴿٤٣﴾ بَلۡ مَتَّعۡنَا هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمۡ حَتَّىٰ طَالَ عَلَيۡهِمُ
ٱلۡعُمُرُۗ أَفَلَا يَرَوۡنَ أَنَّا نَأۡتِي ٱلۡأَرۡضَ نَنقُصُهَا مِنۡ أَطۡرَافِهَآۚ أَفَهُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ﴿٤٤﴾ قُلۡ
إِنَّمَآ أُنذِرُكُم بِٱلۡوَحۡيِۚ وَلَا يَسۡمَعُ ٱلصُّمُّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا مَا يُنذَرُونَ ﴿٤٥﴾ وَلَئِن مَّسَّتۡهُمۡ
نَفۡحَةٞ مِّنۡ عَذَابِ رَبِّكَ لَيَقُولُنَّ يَٰوَيۡلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٤٦﴾ وَنَضَعُ ٱلۡمَوَٰزِينَ ٱلۡقِسۡطَ
لِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَلَا تُظۡلَمُ نَفۡسٞ شَيۡـٔٗاۖ وَإِن كَانَ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٍ أَتَيۡنَا بِهَاۗ
وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ﴿٤٧﴾ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ٱلۡفُرۡقَانَ وَضِيَآءٗ وَذِكۡرٗا لِّلۡمُتَّقِينَ
﴿٤٨﴾ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ وَهُم مِّنَ ٱلسَّاعَةِ مُشۡفِقُونَ ﴿٤٩﴾ وَهَٰذَا ذِكۡرٞ مُّبَارَكٌ
أَنزَلۡنَٰهُۚ أَفَأَنتُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴿٥٠﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

[هەر کاتێک ئەوانەی بێبڕوان بینیتیانی، بەس گاڵتەت پێ دەکەن (دەڵێن:) ئایا ئەمەیە کە (بە خراپە) باسی پەرستراوەکانتان دەکات! لە حاڵێکدا کە خۆیشیان بە بەرنامەی (خوای) بە بەزەیی بێبڕوان ﴿٣٦﴾ مرۆڤ لە پەلەکردن دروستکراوە، بە دڵنیایی نیشانەکانی خۆمتان پێشان دەدەم، پەلەم لێ مەکەن ﴿٣٧﴾ هەروەها (کافرەکان) دەڵێن: ئەگەر لە ڕاستانن، ئەو بەڵێنە کەنگێیە؟ ﴿٣٨﴾ ئەوانەی بێبڕوان، ئەگەر زانیبایان ئەو کاتەی ئاگریان، نە لە ڕوویان، نە لە پشتیان بۆ ناگێڕرێتەوە و سەریش ناخرێن، (دەکەونە چ حاڵێکی ناخۆشەوە، ئاوا پەلە پەلیان لە سزای خوا نەدەکرد) ﴿٣٩﴾ (بەڵێنی خوا ڕاستە) بەڵکو کت و پڕ بۆیان دێ و، سەراسیمەیان دەکات، نە دەتوانن بەرپەرچی بدەنەوەو، نە چاوەڕێشیان دەکرێ ﴿٤٠﴾ بە دڵنیایی گاڵتە بە پێغەمبەرانی پێش تۆش کرا، ئنجا سەرەنجام ئەوەی کە گاڵتەیان پێ دەکرد، ئابڵووقەی ئەوانەی دا کە گاڵتەیان پێ دەکرد ﴿٤١﴾ بڵێ: کێ بە شەوێ و بە ڕۆژێ لە (سزا و تۆڵەی خوای) بە بەزەیی دەتانپارێزێ؟ بەڵکو ئەوانە ڕوو وەرگێڕاون لە یادو بەرنامەی پەروەردگاریان ﴿٤٢﴾ یان ئایا پەرستراوانێکیان هەن، کە لە جیاتی ئێمە پێشگیریی (سزا)یان لێ دەکەن؟ (بەڵکو) نە دەتوانن خۆیان سەر بخەن و، نە لە لایەن ئێمەشەوە هاوەڵێتییان دەکرێ ﴿٤٣﴾ بەڵکو (هۆی یاخیی بوونیان ئەوەیە کە) ئێمە ئەو (کافر)انەو باب و باپیرانیشیانمان (لە ژیانی دنیادا) بەهرەمەند کرد، هەتا تەمەنێکی زۆریان بەڕێ کرد، ئنجا ئایا نابینن، کە ئێمە لە کەنارەکانی زەمین کەم دەکەینەوە؟ (خەڵکەکەی دەمرێنین)! ئایا ئەوان زاڵبووانن (یان ئێمە)؟! ﴿٤٤﴾ بڵێ: بە دڵنیایی تەنیا بەهۆی وەحییەوە، هۆشیارتان دەکەمەوە (دەتانترسێنم)، بەڵام کەڕان گوێ بیستی بانگکران نابن، کاتێک وریا دەکرێنەوە ﴿٤٥﴾ هەر کاتیش تۆزێک لە سزا و ئازاری پەروەردگارتیان گەیشتێ، مسۆگەر دەڵێن: ئەی هاوار بۆ

ئێمە! بەڕاستیی ئێمە ستەمکار بووین (٤٦) تەرازووە دادگەرو ڕاستەکانیش لە ڕۆژی قیامەتدا دادەنێین، ئیدی هیچکەس تۆزقاڵێک ستەمی لێ ناکرێ و (کردەوەکەی) ئەگەر هاوکێشی دەنکە خەرتەلەیەکیش بێ، دەیهێنین و، ئێمەش بەسین بۆ ژماردنی ڕاست و ورد (٤٧) بێگومانیش ئێمە (تەوراتی) جیاکەرەوەو ڕۆشن و بیرخەرەوەمان بۆ پارێزکاران بە مووسا و هاڕوون دا (٤٨) ئەوانەی بە پەنامەکیی سام لە پەروەردگاریان دەکەن و، ترس و لەرزیان بەرانبەر بە ئاخیر زەمان هەیە (٤٩) ئەم (کتێب)ەش بەرنامەیەکی بە پێزە دامانبەزاندوە، ئنجا ئایا ئێوە نکوولیی لێ دەکەن؟ (٥٠)].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(هُزُوًا): (الهُـزْءُ: مَـزْحٌ فِي خِفْيَـةٍ، هَزِئْـتُ بِـهِ وآسْـتَهْزءت)، (هُـزْء) بریتیە لە گاڵتە پێکردنێک و گەمە پێکردنێک بە پەنهانیی، دەگوترێ: (هَزِئْـتُ بِـه وآسْـتَهْزَءْت)، دیارە (زِيَـادَةُ المَبْنَـى تَـدُلُّ عَـلَى زِيَـادَة المعْنَـى)، (آسْـتَهْزَءْتَ بِـه)، واتە: زۆرم گاڵتە پێکرد، یاخود خەفتام بۆ ئەوەی گاڵتە بکەم.

(عَجَلٍ): (العَجَلَـةُ: طَلَـبُ الـشَيءِ وَتَحَرِّيـهِ قَبْـلَ أَوَانِـهِ)، (عَجَلَـة) بریتیە لە داواکردنی شتێک و لێ خەفتانی، پێش کاتی خۆی، وەک گوتراوە: [الأَنَـاةُ مِـنَ اللـهِ، وَالعَجَلَـةُ مِـنَ الشَّـيْطَانِ](1)، واتە: پەلە نەکردن [یاخود بە کاوەخۆبوون و لەسەرخۆیی] لە خواوەیە، پەلەکردن لە شەیتانەوەیە، کوردەواریی خۆشمان دەڵێن: شەیتان پەلەی کرد، چاوی خۆی کوێر کرد.

کە دەفەرموێ: ﴿ خُلِقَ ٱلۡإِنسَـٰنُ مِنۡ عَجَلٍ ﴾، یانی: ئەو ماددە و کەرەستەی مرۆڤی لێ دروستکراوە، بریتیە لە پەلە پەلکردن، ئەمە بۆ وەسفی ئینسانە بەوە کە زۆر پەلە دەکات، وەک لە پەلە پەل دروستکرا بێ، پەلە دەکات.

---

(١) أخرجه: الترمذي: ٢٠١٢، وقال: غريب، وضعّفهُ الألباني.

(لَا يَكُفُّونَ): واتە: (**لَا يَدْفَعُون، كَفَفْتُهُ: أَصَبْتُهُ بِالْكَفِّ وَدَفَعْتُهُ بِهَا**)، (**كَفّ**) نەم لەپە دەستەیە، ئەگەر تۆ بتەوێ کەسێک پاڵ پێوەبنێی یان بیگێڕیەوە بە لەپە دەست ئەوکارە دەکەی، (**كَفَفْتُهُ**) واتە: بە لەپی دەستم پاڵم پێوەنا، لەوەوە خوازراوەتەوە بۆ مانای بەرپەرچدانەوەو، بەرگریی لە خۆ کردن و پاڵ پێوەنان.

(بَغْتَةً): (**البَغْتُ: مُفَاجَاةُ الشَّيْءِ مِنْ حَيْثِ لَا يُحْتَسَبُ**)، (**بغت**) بریتیە لە هاتنی شتێک بە کت و پڕیی و بە شێوەیەک کە لە ڕوونیەکەوەو، لە حاڵێکدا کە حیسابی بۆ نەکرابێ و بیری لێ نەکرابێتەوە.

(فَتَبْهَتُهُمْ): واتە: سەراسیمەیان دەکات، (**بُهِتَ: دَهِشَ وَتَحَيَّرَ، وَقَدْ بَهَتَهُ**)، (**بُهِتَ**) واتە: سەرسام بوو و، سەراسیمە بوو، (**وَقَدْ بَهَتَهُ**) واتە: سەرسامی کردو سەراسیمەی کرد، (**بُهْتَان: كَذِبٌ يُبْهِتُ سَامِعَهُ لِفَظَاعَتِهِ**)، (**بُهْتَان**)، یانی: قسەیەک، یان تاوانێک، کە مرۆڤ بەریی بێ لێی، ئنجا (بهتان) درۆیەکە کە بیسەرەکەی سەراسیمە و سەرسام دەکات، تووشی سەرسووڕمانی دەکات.

(يُنظَرُونَ): واتە: (**يُمْهَلُوْن، يُؤَخَّرُوْن**)، مۆڵەت دەدرێن، یاخود چاوەڕوانیی دەکرێن، (**أَنْظَرْتُهُ: أَخَّرْتُهُ**)، واتە: دوامخست و مۆڵەتم دا، (**وَكَذَلِكَ: نَظَرْتُه وَانْتَظَرْتُه**)، واتە: مۆڵەتمدا و دوامخست، (**أَنْظَرَهُ: أَمْهَلَهُ**)، واتە: مۆڵەتی دا، بواری دا، (**لَا يُنْظَرُوْن**) واتە: مۆڵەتیان نادرێ.

(فَحَاقَ): واتە: دەوری دا، ئابڵووقەی دا، (**حَاقَ بِه: أَصَابَهُ وَأَحَاطَ بِه**)، هەم بە مانای تووشی بوو، هەم ئابڵووقەی دا، دێ، (**وَحَاقَ بِهِ الأَمْر: لَزِمَهُ وَوَجِبَ عَلَيْه**)، واتە: پێوە پەیوەست بوو، لەسەری پێویست بوو.

(يَكْلَؤُكُم): (**يَحْفَظُكُمْ، يَرْعَاكُم**)، واتە: دەتانپارێزێ و چاودێرییتان دەکات.

(يُصْحَبُونَ): دەگوترێ: (**صَحِبَكَ اللهُ: أي حَفِظَكَ، وَرَافَقَتْكَ عِنَايَتُه**)، خوا بتپارێزێ، سەرپەرشتیی و ئاگایی خوا لەگەڵت بێت، ﴿وَلَا هُم مِّنَّا يُصْحَبُونَ﴾، واتە: لەلای ئێمەوە هاوەڵێتییان ناکرێ و پارێزگارییان لێناکرێ.

(**نَفۡحَةٞ**): پشوویێک، یان تۆزێک لە شتێک (**النَّفْحَةُ: الطِّيبُ الَّذِي تَرْتَاحُ لَهُ النَّفْسُ**)، ئەو بۆنەی کە نەفس پێی ئاسوودە دەبێ، (**والنَّفْحَةُ: العَطِيَّةُ**) واتە: بەخشش، (**أَصَابَتْنَا نَفْحَةٌ مِنْ سُمُومٍ: حَرٌّ وَغَمٌّ وَكَرْبٌ**)، واتە: تۆزێک لەو گڕە بایە لێی داین، ئەویش دەخوازرێتەوە بۆ گەرما و خەم و خەفت.

(**مِثۡقَالَ**): واتە: هاوکێش، (**مِثْقَالُ الشَّيْءِ: مِثْلُهُ فِي وَزْنِهِ**)، واتە: هاوکێشی شتێک، بریتیە لەوەی لە قورساییدا وەک وی بی، (**مِثْقَالُ مفرد وَالجَمْعُ: مَثَاقِيْل**)، لە کوردییش دا هەر مسقاڵ بەکاردێ، وەک یەک مسقاڵ، واتە: تۆزێک، یان هەندێک، بەڵام لە زمانی عەرەبییدا (**مِثْقَال**) واتە: هاوکێش و هاوسەنگ، یانی: کە سەنگی بە قەدەر وی بێ، یان کێشی بە قەدەر وی بێ.

(**خَرۡدَلٖ**): (**الوَاحِدَةُ: خَردَلَة: يُضْرَب بِهَا المَثَلُ فِي الصِّغَر**)، وشەی (**خَردَل**) ناوی (**جِنْس**)ە، تاکەکەی (**خَرْدَلَة**)، وێنەی پێ دەهێنرێتەوە لە بچووکیی دا، دەنکە خەرتەلەی خۆمان، دواییش پێناسەیەکی زانستیی و وردی دەکەین لە مەسەلە گرنگەکان دا.

(**مُشۡفِقُونَ**): واتە: لێی دەترسن و ترس و لەرزیان بەرانبەری هەیە، (**أَشْفَقَ مِنْهُ: خَافَهُ وَحَذِرَ مِنْهُ**)، لێی ترسا و لە بەرانبەریدا وریایی وەرگرت، (**أَشْفَقَ عَلَيْهِ: عَطَفَ وَخَافَ عَلَيْه**)، واتە: سۆزیی بەرانبەری بوو، ترسی بەرانبەری بوو، کە تووشی زیانێک بێ، (**الشَّفَقَةُ: الرَّحْمَةُ وَالحَنَانُ**)، واتە: بەزەیی و سۆز، (**وَالخَوْفُ مِنْ حُلُولِ مَكْرُوهٍ**)، (**شَفَقَة**) واتە: مەترسییت هەبێ خراپییەک و ناخۆشییەک بەسەرت بێ، (**الشَّفِيْقُ: المُشْفِقُ، جَمْعُهُ شُفَقَاء**)، (**شفيق**) واتە: کەسێک کە سۆز و بەزەیی و پەرۆش و بە تەنگەوە بوونی بووبێ، کە بە (**شُفَقَاء**) کۆدەکرێتەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

بەڕێزان! لەم پازدە (١٥) ئایەتەدا، حەوت بابەتی سەرەکیی کراونە تەوەر، کە لە پێناسەکەیدا ئاماژەمان پێیاندا، لەم (١٥) ئایەتەدا خوا ﷻ بە هەڵوێستی کافرو هاوبەش بۆ خوا دانەرە ناحەزەکانی پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەست پێ دەکات، هەڵوێستی ئەوان دەخاتە ڕوو و، دوایی باسی سروشتی مرۆڤ دەکات بە گشتیی، بە تایبەتی مرۆڤێک کە دەستی هیدایەتی خوای نەگەیبێتێ و دەستکاریی نەکردبێ و، پاشان باسی هەڵوێستی پەلە پەلکەرانەی بێبڕواییەکان دەکات و، لەو نێوانەشدا دڵی پێغەمبەر ﷺ دەداتەوە، کە ئەو بێبڕوایانەی ڕۆژگاری تۆ، هەر ئەوان وا نەبوون، ئەوانەی پێش تۆش هەر گاڵتەیان بە پێغەمبەران کردووە، پەلەیان کردوە لە سزای خوا، بەو شێوەیە خوا ﷻ لەم ئایەتە موبارەکانەدا، هەم هەڵوێستی کافرەکان دەخاتە ڕوو، هەم دڵی پێغەمبەری خوا ﷺ دەداتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ و شوێنکەوتووانی لە هاوەڵانی بەڕێزی لە ڕۆژگاری خۆیداو، شوێنکەوتووانی تاکو ڕۆژی دوایی.

﴿وَإِذَا رَءَاكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ﴾، هەر کاتێک ئەوانەی کە بێبڕوان، تۆیان بینی، ﴿إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا﴾، (إِن) بریتیە لە (إِنْ النَّافِيَة) واتە: (مَا يَتّخِذُوْنَكَ إلاَّ هُـزُواً)، تەنیا تۆ بە گاڵتە دەگرن، واتە: هیچ شتێک ناکەن، بەس گاڵتەت پێ دەگەن و، دەتکەن بە گاڵتە پێکراو، ئنجا گاڵتە پێکردنەکەیان ڕوون دەکاتەوە کە چییە؟ ﴿أَهَٰذَا ٱلَّذِى يَذۡكُرُ ءَالِهَتَكُمۡ﴾، ئەم هەمزەیە (أ) یە بۆ پرسیارلێکردنی نکوولّیلێکەرانەیە، دەڵێن: ئا ئەوەیە کە باسی پەرستراوەکانتان دەکات؟ وشەی (يَذۡكُرُ) واتە: باسیان دەکات، بەڵام بە پێی سیاقەکە دەزانین، واتە: (يَذْكُرُهُـمْ بِالسُّوءِ) بە خراپە باسیان دەکات، دەڵێ: هیچیان لە دەست نایەت و

ئەوانە شەفاعەت و تکا ناکەن، نابیستن و نابینن و، عەقڵیان نیە و قسە ناکەن و، هیچیان لە دەست نایەت و هیچ کارەن، نە زیانیان بە دەستە و نە قازانجیان بە دەستە، ئنجا پێغەمبەر ﷺ کە ئەو شتانەی فەرموون، ئەوان ئەوانەیان بە جنێو لە قەڵەم داون بۆ پەرستراوەکانیان و، بە قسەی سووک و بە باسکردنی خراپیان لە قەڵەم داون، ئەگەرنا وشەی ناشیرین لە پێغەمبەری خوا ﷺ نەوەشاوەتەوە، ئەوان لەسەر ئەو پەرستراوە، بێ ژیان و کەڕو لاڵ و هیچ کارانەی خۆیان قەڵس بوون، کە پێغەمبەر ﷺ وەک خۆیان وەسفیان بکات، بڵێ: هیچیان لە دەست نایەت، کە فیعلەن هیچیان لە دەست نەهاتوە، ﴿ وَهُم بِذِكۡرِ ٱلرَّحۡمَٰنِ هُمۡ كَٰفِرُونَ ﴾، کەچی بە بەرنامە و بە یادی خوای خاوەن بەزەییش بێبڕوان، هەڵوێستیان ئاوایە بەرانبەر بە خوا ﷻ، کەچی لەسەر ئەو دارو بت و پەیکەرو صەنەمانە قەڵس دەبن، کە پێغەمبەر ﷺ وەک خۆیان پێناسەیان دەکات.

﴿ خُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ مِنۡ عَجَلٖ ﴾، مرۆڤ لە پەلە پەل دروستکراوە، بێگومان مرۆڤ لە قوڕ دروستکراوەو، لە ڕووحێکی خوایی، کە ڕووح دروستکراوێکی تایبەتی خوایەو، لە شێوەی ماددە نیە، کە بە بەر جەستەیدا کراوە، بەڵام لێرەدا وەک زانایان دەڵێن: ئەمە زێدەڕۆیی کردنە لە وەسفکردنی مرۆڤدا، بەوە کە زۆر پەلە پەل و تاڵووکە دەکات، واتە: وەک لە ماددە و کەرەستەی پەلە پەل دروستکرابێ، ئەو سیفەتی پەلە پەلەی هێندە تێدا هەیە، بە تایبەتی مرۆڤێک دەستی هیدایەتی خوای نەگەیشتبێتێ و دەستکاریی نەکردبێ و پاک و چاکی نەکردبێ، ئەگەرنا مرۆڤ دوای ئەوەی هیدایەتی خوا لە عەقڵ و دڵیدا جێگیر دەبێ، سروشتەکەی لە باری خراپەوە دەگۆڕێ بۆ باری چاک، هەروەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا (٧) فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا (٨) قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا (٩) وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا (١٠) ﴾، بە ڕاستیی سەرفرازە ئەو کەسەی کە خۆی پاک و چاک کردوە، بەهۆی تەقواوەیە ئینسان پاک و چاک دەبێ، بە ئەندازەی ئەوە کە تەقوا لە مرۆڤدا ڕەگ دادەکوتێ، ڕەوشت و سروشت و ئاکارەکانی مرۆڤ لە خراپەوە دەگۆڕێ بۆ چاکە.

﴿ سَأُوْرِيكُمْ ءَايَٰتِي فَلَا تَسْتَعْجِلُونِ ﴾، بـە دڵنیایـی لەمـەودوا نیشـانەکانی خۆمتـان پـێ نیشـان دەدەم، پەلـە مەکـەن.

لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ ءَايَٰتِي ﴾ بـە سـیاق دەزانـرێ کـە مەبەسـتی پێـی ئایەتـەکانی قورئـان نیـە، چونکـە ئایەتـەکانی قورئـان ئـەوە نەبـووە، کـە ئـەوان پەلەیان لێکردبێ، بەڵکـو مەبەسـت پێـی ئـەو بەڵایانـەن کـە خـوا بەسـەر گەلـە پێشـووەکانی هێنـاون، واتـە: ئـەو جـۆرە بەڵایانـە بەسـەر ئێـوەش دەهێنیـن، پەلـە مەکـەن، ﴿ فَلَا تَسْتَعْجِلُونِ ﴾، لێـرەدا (ي) قرتێـنراوە (فَـلَا تَسْـتَعْجِلُوْنِي)، پەلـەم لێمەکـەن و هەڵـم مەپێچـن، لـە کاتی خۆیـدا و لـە شـوێنی خۆیـدا نیشـانەکانی خۆمتـان پێ نیشـان دەدەم، کـە بریتیـە لـە سـزایەکانی خـواو، ئـەو بەڵایانـەی خـوا دەیاننێـرێ بـۆ کەسـانێک کـە دژایەتیـی پێغەمبـەرانی خـوا (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام) دەکـەن کـە دوایـی خـوای دادگـەر هـەم تووشـی گرانیـی کـردن و، هـەم تـووشی قـات و قڕیـی و وشـکە سـاڵیی بـوون و، پاشـان لـە جەنگـی بـەدردا و لـە جەنگـەکانی دیکـەدا تـووشی کوشـتار بـوون و، زلـە زلەکانیـان کـوژران و خـوا ﷻ نیشـانەکانی خـۆی نیشـان دان.

﴿ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾، دەشـڵێن: ئـەو بەڵێنـە کەنگێیـە، ئەگـەر ئێـوە لـە ڕاسـتانن؟ ئـەو بەڵێنـە بـە دڵنیایـی مەبەسـتیان پێـی:

١- یان هاتنی سزای خوایی بووە.

٢- یان مەبەست پێ هاتنی سزای ڕۆژی دوایی بووە.

بەڵام به پێی سیاق و بە پێی ئایەتی دوای خۆی دەزانرێ، کە مەبەستیان پێی هاتنی سزای ڕۆژی دواییە، واتە: ئەو سزایەی کە لە دۆزەخدا لەگەڵی دەستە و یەخە دەبن.

بۆیـە دەفەرمـوێ: ﴿ لَوْ يَعْلَمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ حِينَ لَا يَكُفُّونَ عَن وُجُوهِهِمُ ٱلنَّارَ وَلَا عَن ظُهُورِهِمْ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ (٣٩) ﴾، لێـرەدا وەڵامـی (لَوْ) قرتێـنراوە، چونکـە مـرۆڤ بـە سـیاق و سـەلیقە دەیزانـێ، ئەگـەر ئەوانـەی بێبـڕوان زانیبایـان لـە

کاتێکدا کە ئاگر، نە لە دەم و چاویان دەگێڕنەوەو، نە لە پشتیان دەگێڕنەوەو، نە سەریش دەخرێن، واتە: ئەگەر زانیبایان، ئێستا پەلەیان لێ نەدەکرد، ئەگەر زانیبایان ئەو کاتە تووشی چ حاڵێکی بێ حاڵ و، چ وەزعێکی تەنگ و تاڵ دەبن، ئێستا پێغەمبەری خوایان ﷺ هەڵنەدەپێچا، بڵێن: زووکە دۆزەخمان بۆ بێنە، دەی سزای خوامان بۆ بێنە، بەڵام ئەو کاتە نازانن تووشی چ جۆرە تەمێک دێن، تووشی چ بەڵا و گرفتارییەک دێن، بۆیە ئێستا پەلە پەل دەکەن.

﴿ بَلْ تَأْتِيهِم بَغْتَةً فَتَبْهَتُهُمْ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ رَدَّهَا وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴾، ئەم (بَلْ)ە، بۆ (إضراب)ە، واتە: نەک هەر سزایان بۆ دێ و پەشیمان دەبنەوە، بەڵکو ئەو سزایە کە بۆیان دێ، کت و پڕو لە ناکاو بۆیان دێ، ﴿ فَتَبْهَتُهُمْ ﴾، سەراسیمەیان دەکا و سەرسامیان دەکات، ﴿ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ رَدَّهَا وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴾، نە دەتوانن بەرپەرچی بدەنەوەو، نە چاوەڕێشییان دەکرێ و مۆڵەتیشیان دەدرێ، یانی: نەدەتوانن سزایەکە بەرپەرچ بدەنەوە و بیگێڕنەوە بۆ دواوەو، نەسزایەکەشیان لێ دوا دەخرێ و مۆڵەتیان بدرێ تۆبە بکەن و بگەڕێنەوەو پەشیمان ببنەوە، ﴿ وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ ﴾، ئنجا دێتە سەر دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺ دیارە ئایەتەکانی پێشتریش هەر دڵدانەوەی پێغەمبەریان ﷺ تێدابوو، هی هەر کەسێکیش کە بە دوای پێغەمبەر ﷺ دەکەوێ، کە: ئەو کافرانەی ئاوا بێبڕوان و گاڵتە دەکەن، کاتێک دێ، پەشیمان دەبنەوە لەسەر ئەوە.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ ﴾، بە دڵنیایی لە پێش تۆشدا گاڵتە بە پێغەمبەران کرا، پێغەمبەرانێک لە پێش تۆدا گاڵتەیان پێکرا، ﴿ فَحَاقَ بِالَّذِينَ سَخِرُوا مِنْهُم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ ﴾، بەڵام ئەوانەی کە گاڵتەیان بە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) کرد بوو، ئەوەی گاڵتەیان پێ دەکرد، دەوری دان، واتە: گاڵتە پێکەرانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) ئەو سزا و جەزرەبەیەی گاڵتەیان پێ دەکرد، دەوری دان و ئابڵووقەی دان و، بەرەنگاریان بۆوە، بە شێوەیەک کە ڕێی هەڵاتن و دەرەتانی ڕاکردنیان نەبوو، ﴿ قُلْ مَن

يَكۡلَؤُكُم بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ مِنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ﴾، پێیان بڵێ: بە شەو و بە ڕۆژێ کێ لە خوای خاوەن بەزەیی چەپاڵەتان دەدا و، دەتانپارێزێ و پەناتان دەدا؟ (**مِنَ الرَّحْمَن أي: مِنْ عَذَابِ الرَّحْمَن، أو مِنْ بَلَاءِ الرَّحْمَن**)، لە سزای خوا، یان لە بەڵای خوای خاوەن بەزەیی، کێ دەتانپارێزێ و دەربازتان دەکات؟

بۆچی لێرەدا وشەی (**الرَّحْمَن**)ی بەکار هێناوە؟ واتە: خوا ﷻ زۆر بە بەزەییە، بەڵام ئێوە کردەوەکانتان وا دەکەن، کە ئەو خوایە خاوەن بەزەییە، سزاتان بدات، ئنجا خوایەکی خاوەن بەزەیی سزای کەسێک بدا، دیارە شتی زۆر خراپی کردوە، وەک گوتراوە: (**إتَّقُوا غَضَبَ الحَلَيْم**) واتە: خۆتان لە تووڕە بوونی بابای هێدیی و مەند، بپارێزن، بابای هێدیی و مەند کە تووڕە بوو، یانی: شتی زۆر ناقۆڵا کراوە و گەیشتۆتە نەوپەڕی، ئنجا تووڕە بووە، چونکە هەندێک کەس تەنگە پڕێسکەیە و دڵ گچکەیە زوو تووڕە دەبێ، بەڵام بابای هێدیی و مەند، کاتێک تووڕە دەبێ کە سنوورەکان هەموو شکێنرابن، خوای خاوەن بەزەییش کاتێک مرۆڤەکان سزا دەدات، کە شتی زۆر ناماقووڵ و بێجێ و خراپیان کردبێ، ئنجا بڵێ: کێ دەتان پارێزێ بە شەوێ و بە ڕۆژێ لە سزا و بەڵای خوای بەبەزەیی؟! ﴿ بَلۡ هُمۡ عَن ذِكۡرِ رَبِّهِم مُّعۡرِضُونَ ﴾، بەڵکو ئەوان نەک هەر حیساب ناکەن بۆ سزای خوا، بەڵکو پشت لە بەرنامە و یادی پەروەردگاریان دەکەن، پشت هەڵکردوون و ڕوو وەرچەرخێنەرن، لە یادو بەرنامەی خاوەن و پەروەدرگاری خۆیان.

﴿ أَمۡ لَهُمۡ ءَالِهَةٞ تَمۡنَعُهُم مِّن دُونِنَاۚ ﴾، یان ئایا چەند پەرستراوێکیان هەن، کە لە ئێمە دەیانگێڕنەوە و دەیانپارێزن و بەرگرییان لێ دەکەن؟ واتە: سزای ئێمەیان لێ دەگێڕنەوە و لە سزای ئێمە چەپاڵەیان دەدەن، ﴿ لَا يَسۡتَطِيعُونَ نَصۡرَ أَنفُسِهِمۡ ﴾، نە دەتوانن خۆیان سەربخەن، ﴿ وَلَا هُم مِّنَّا يُصۡحَبُونَ ﴾، نە لە لایەن ئێمەشەوە هاوەڵەتییان دەکرێ و، دەپارێزرێن و پەنا دەدرێن! واتە: نە خۆیان توانای سەرکەوتن و خۆ سەرخستنیان هەیە، نە لە لایەن

ئێمەشەوە، بە چاوی مەرحەمەت تەماشایان دەکرێ و، نە هاوەڵەتیی پاراستنی ئێمە دەبێتە هاوەڵیان و، لە پەنای ئێمەدا پارێزراو دەبن، ﴿ بَلۡ مَتَّعۡنَا هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمۡ ﴾، واتە: بەڵکو ئەوەی کە وای لێکردوون ئاوا گومڕا بن، ئاوا یاخیی و سەرکێش بن، ئەوەیە کە ئێمە ئەوانە و باب و باپیرانی ئەوانەمان بەهرەمەند کرد، ژیانێکی ماددیی خۆشمان بۆ ڕەخساندن، ﴿ حَتَّىٰ طَالَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡعُمُرُۗ ﴾، تاکو تەمەنێکی دوورو درێژیان بردە سەر، تەمەنیان لێ درێژ بۆوە، واتە: لە حاڵی خۆشگوزەرانییدا زۆریان تەمەن بەڕێ کرد، بە هۆی ئەوەوە وا یاخیی بوون و لە خۆبایی بوون، پێیان وایە هەر بەو شێوەیە تەمەنەکە دەچێتە سەر، ﴿ أَفَلَا يَرَوۡنَ أَنَّا نَأۡتِي ٱلۡأَرۡضَ نَنقُصُهَا مِنۡ أَطۡرَافِهَآۚ ﴾، ئەدی ئایا سەرنج نادەن، کە ئێمە دێین زەوی لە کەنارەکانییەوە لێی کەم دەکەینەوە، لە زەمین کەم دەکەینەوە، ﴿ أَفَهُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ﴾، ئایا ئەوان زاڵن یان ئێمە؟ ئەدی نابینن لە چوار دەوریان لەسەر زەمین کەم دەکەینەوە، کە مەبەست پێی مراندنی خەڵکەکەیە، واتە: نابینن چۆن دانیشتووانی زەوی، لەملا ولایان لە گۆشە و کەنارەکانی زەمیندا، دەمرێنین، جیل بە جیل، چین بە چین دەڕۆن، سەر زەوی بەجێ دەهێڵن، ئەوانیش بە هەمان شێوە کاتێک دێ، کە ئەو سەر زەوییە بەجێ بهێڵن و، کۆتایی بە ژیانیان بێ.

﴿ قُلۡ إِنَّمَآ أُنذِرُكُم بِٱلۡوَحۡيِۚ ﴾، بڵێ: بە دڵنیایی من بە هۆی وەحییەوە، دەتانترسێنم و هۆشیارتان دەکەمەوە و وریاتان دەکەمەوە، واتە: ئەوەی کە دەیڵێم وەحیی و پەیام و سروشی خوایە، قسەی خۆم نیە، ﴿ وَلَا يَسۡمَعُ ٱلصُّمُّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا مَا يُنذَرُونَ ﴾، بەڵام کەڕان گوێ لە بانگەواز و بانگکردن ناگرن، کاتێک کە دەترسێنرێن و هۆشیار دەکرێنەوە، ئەوانەش هەستەوەرەکانی خۆیان بە هۆی گوناهو تاوانەوە، پەکخستوون، بۆیە گوێیان لەو بانگکردن و لەو هۆشیارکردنەوە نیە، لێرەدا وشەی (ٱلدُّعَآءَ) واتە: بانگکردن نەک پاڕانەوە، ئەمە وەک ئەوە وایە کە خوا لە سوورەتی (النور)دا دەفەرموێ: ﴿ لَّا تَجۡعَلُوا۟ دُعَآءَ

ٱلرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَآءِ بَعْضِكُم بَعْضًا ﴾، بانگکردنی پێغەمبەر ﷺ وەک بانگکردنی هەندێکتان بۆ هەندێکتان تەماشا مەکەن، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی کردن، یەکسەر دەبێ بە دەمیەوە بچن، وەک هی هەندێکتان بۆ هەندێکتان نیە، لێرەدا وشەی (ٱلدُّعَآء) واتە: بانگکردن، هەروەک بە مانای پاڕانەوەش دێ، ئنجا بە پێی سیاق دەزانرێ کام لە مانایەکان مەبەستن.

﴿ وَلَئِن مَّسَّتْهُمْ نَفْحَةٌ مِّنْ عَذَابِ رَبِّكَ ﴾، ئەگەر تۆزێک و پشووێک لە سزای پەروەردگارتیان پێ بکات، ﴿ لَيَقُولُنَّ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴾، بە دڵنیاییەوە دەڵێن: ئەی هاوار بۆ ئێمە! بە دڵنیایی ئێمە ستەمکار بووین، وشەی (نَفْحَةٌ) هەم بە تۆزە بۆنێکی خۆش دەگوترێ، کە ئینسان پێی ئاسوودە بێ و، هەم (نَفْحَةٌ) بە تۆزە بەخشینێک دەگوترێ، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ نَفْحَةٌ مِّنْ عَذَابِ رَبِّكَ ﴾، مەبەست تۆزە سزایەکە، واتە: هەروا پشوویەک لێیان بدات لە سزای خوا، هەروەک لە سووڕەتی (الفجر)دا دەفەرموێ: ﴿ سَوْطَ عَذَابٍ ﴾ الفجر - ١٣ -، واتە: قەمچییەک لە سزای خوا.

﴿ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، تەرازووەکانی دادگەریش بۆ ڕۆژی هەستانەوە دادەنێین، ﴿ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ﴾، هیچ کەس تۆزقاڵێک ستەمی لێ ناکرێ، ﴿ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ﴾، کردەوەکانیان ئەگەر هێندەی گرانایی دەنکە خەرتەلەیەکیش بێ، دەیهێنین، ئەو کردەوانە هەموویان دەهێنین، ﴿ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ﴾، ئێمەش بەسین بۆ ژماردن، واتە: ئێمە بەسین بۆ ژماردن و سەرژمێرکردن و تۆمارکردنی کردەوەکان.

﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ٱلْفُرْقَانَ وَضِيَآءً وَذِكْرًا لِّلْمُتَّقِينَ ﴾، دیسان بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی و شوێنکەوتووانی لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی لە کافرو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان حاڵیی بکات، کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بیدعەتێک نەبووەو، شتێک نیە کە پێشینەی نەبێ، بەڵکو

لە پێش ئەویشدا پێغەمبەرانی دیکەش هەبوون، بە تایبەت مووساو هاڕوون، کە زۆر ناوداربوون، لە نایو گەلی عەڕەبیشدا، لەبەر ئەوەی کە جوولەکە و نەصڕانییەکان، نیزیک بوون لەو کۆمەڵگایەی کە قوڕئانی تێدا هاتۆتە خوارو، پێغەمبەری خاتەمی ﷺ تێدا هاتوە، کە باس و خواسی مووسا و عیسایان زانیون و، باس و خواسی تەوڕات و ئینجیلیان باش زانیون، بەڵکو هەندێکیان کە خوێندەوار بوون، تەوڕات و ئینجیلیشیان خوێندوونەوە، دەفەرموێ: ئێمە بە دڵنیایی (ٱلۡفُرۡقَانَ) و (وَضِيَآءٗ)و (وَذِكۡرٗا)مان بە مووسا و هاڕووندا، کە (ٱلۡفُرۡقَانَ) واتە: جیاکەرەوەو، (وَضِيَآءٗ) واتە: ڕۆشن کەرەوە یان ڕۆشنایی و، (وَذِكۡرٗا) واتە: بیرخەرەوە، کە هەر سێکیان وەسفی تەوڕاتن، واتە: کتێبێکمان بە مووسا و هاڕوون دا، کە هەم جیاکەرەوەی هەق و ناهەق و، حەڵاڵ و حەڕام و، ڕاست و چەوت و، چاک و خراپ بوو، هەم (وَضِيَآءٗ) ڕۆشنکەرەوە و ڕۆشنیی بوو و، بەرچاو ڕوونیی دەدا بە مرۆڤ و، (وَذِكۡرٗا) هەم یادخەرەوە و بیرخەرەوە بوو و، ناو و ناوبانگ و پایە بەرزیی بوو، بۆ هەر کەسێک کە دەستی تێ بگری، بەڵام بۆ کێ؟ ﴿لِّلۡمُتَّقِينَ﴾، بۆ پارێزکاران، ئەوان بەهرەمەند دەبن لە کتێبی خوا، ئەگەرنا خوا ﷻ کتێبەکەی بۆ هەموو لایەک ناردوە، بەڵام کێ لێی بەهرەمەند دەبێ؟ بە دڵنیاییەوە پارێزکاران، وەک لە سەرەتای سووڕەتی (البقرة) دا دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ۝٢﴾، ئەم کتێبە هیچ دوو دڵیی تێدا نیە، ڕێنماییە بۆ پارێزکاران.

دواتر دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ﴾، پێناسەی پارێزکاران دەکات، ئەوانەی کە بە پەنامەکیی سام و هەیبەت لە پەروەردگاریان دەکەن، ﴿وَهُم مِّنَ ٱلسَّاعَةِ مُشۡفِقُونَ﴾، بەرانبەر بە (ٱلسَّاعَةِ)ش واتە: ئاخیر زەمان ترس و لەرزیان هەیە، ڕاچڵە کاو و بە ترس و لەرزن.

ئنجا دێتە سەر باسی قوڕئان دەفەرموێ: ﴿وَهَٰذَا ذِكۡرٞ مُّبَارَكٌ أَنزَلۡنَٰهُۚ﴾، ئا ئەمەش بیرخەرەوەیەکی بەپێزە، دامانبارانـدوە، ﴿أَفَأَنتُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ﴾، ئنجا

ئایا ئێوە نکووڵیی لێ دەکەن؟ ئایا ئێوە لە بەرانبەریدا لە نکووڵیلێکەرانن؟ چۆن شایستەی ئەم یادخەرەوە بەپێز و بەرهەمدارەن، کە خوا ﷻ بۆ ئێوەی دابەزاندوە، کەچی ئێوە لە بەرانبەردا نکووڵیلێکەر بن و، بێبڕوا بن پێی؟ دیارە ئەم هەمزەیە بۆ پرسیارکردنی سەرزەنشتکەرانە و نکووڵیلێکەرانەیە، واتە: ئێوە نەدەبوو وابن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

گاڵتەکردنی کافرەکان بە پێغەمبەر ﷺ و سەرسوڕمانیان لە باسکردنی بۆ پەرستراوەکانیان و، پەلەکردنیان لە هاتنی سزا و بەڵای خوا و، هاتنی ئاخیر زەمان، لە حاڵێکدا کە هەر کات قەوما، دەستە پاچە و زەبوون دەبن و، هیچیان پێ ناکرێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا رَءَاكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَٰذَا ٱلَّذِى يَذْكُرُ ءَالِهَتَكُمْ وَهُم بِذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ هُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٣٦﴾ خُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ مِنْ عَجَلٍ سَأُو۟رِيكُمْ ءَايَٰتِى فَلَا تَسْتَعْجِلُونِ ﴿٣٧﴾ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٣٨﴾ لَوْ يَعْلَمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ حِينَ لَا يَكُفُّونَ عَن وُجُوهِهِمُ ٱلنَّارَ وَلَا عَن ظُهُورِهِمْ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٣٩﴾ بَلْ تَأْتِيهِم بَغْتَةً فَتَبْهَتُهُمْ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ رَدَّهَا وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿٤٠﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پازدە (١٥) بڕگەدا:

١)- ﴿وَإِذَا رَءَاكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ﴾، ئەوانەی بێبڕوان هەرکات تۆیان بینی، واتە: ئەوە عادەت و پیشەیانە هەر کاتێک تۆیان بینی، چی دەکەن؟

٢)- ﴿إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا﴾، تەنیا تۆ بە گاڵتە دەگرن، بەس گاڵتەت پێ دەکەن، وشەی (هُزُوًا) پێشتر باسمان کرد، واتە: (مَهْزُوءاً بِهِ) گاڵتە پێکراو، ئنجا ئەمە بە سێ جۆر خوێندراوەتەوە: (هُزُواً وَهُزْءاً وَهُزُءاً)، هەرسێک خوێندنەوەکان یەک واتایان

هەیە، واتە: ئەو شتەی گاڵتەی پێ دەکرێ و، پێی ڕادەبوێردرێ و بە مەسخەرە دەگیرێ، ئنجا شێوەی گاڵتە پێکردنەکەیان ڕوون دەکاتەوە.

٣)- ﴿ أَهَـٰذَا ٱلَّذِى يَذْكُرُ ءَالِهَتَكُمْ ﴾، ئایا ئەمە ئەو کەسەیە کە باسی پەرستراوەکانتان دەکات؟ واتە: بە خراپە باسی پەرستراوەکانتان دەکات، کە لە مانا گشتییەکەدا ڕوونمان کردەوە، کاتێک کە پێغەمبەر ﷺ پەرستراو و پەیکەرو بت و صەنەمەکانی ئەوانی، وەک خۆیان پێناسە کردوون، کە ئە وانە نە زیانیان هەیە، نە سوودیان هەیە، نە دەبیستن و نە دەبینن و، نە هۆشیان هەیە و، نە دەڕۆن و نە دەست جووڵاندنیان هەیە، وەک لە سووڕەتی (الأعراف)دا و، لە سووڕەتەکانی دیکەدا باس دەکات، ئەوان ئەو وەسفکردنەی پێغەمبەر ﷺ بۆ پەرستراوەکانیان، بە گاڵتەپێکردن و بە خراپە باسکردن و بە جنێودان لە قەڵەم داون، دیارە پرسیارکردنەکە پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە ﴿ أَهَـٰذَا ٱلَّذِى يَذْكُرُ ءَالِهَتَكُمْ ﴾؟ واتە: ئا ئەوەیە کە پەرستراوەکانی ئێوە بە خراپ باس دەکات؟

٤)- ﴿ وَهُم بِذِكْرِ ٱلرَّحْمَـٰنِ هُمْ كَـٰفِرُونَ ﴾، لە حاڵێکدا ئەوان بە بەرنامەی بەبەزەیی بێبڕوان، لەسەر پەرستراوە ساختەکانیان ئاوا وەدەنگ دێن و، بە نکووڵییلێکردن و بە سەرزەنشتکردنەوە، باسی پێغەمبەر ﷺ دەکەن، کە باسی پەرستراوەکانیان دەکات وەک خۆیان هەن لە دنیای واقیعدا، کەچی لەو لاشەوە: تەنیا بێبڕوان بە یادو بەرنامەی خوای خاوەن بەزەیی، ئەم (هُمْ)ی دووەمە بۆ جەختکردنەوەیە، یاخود بۆ کورت هەڵهێنانە، واتە: تەنها بێبڕوان بەرانبەر بە یادو بەرنامەی خوای خاوەن بەزەیی.

٥)- ﴿ خُلِقَ ٱلْإِنسَـٰنُ مِنْ عَجَلٍ ﴾، مرۆڤ لە پەلە پەل دروستکراوە، وەک پێشتریش گوتمان: لە پەلە پەل دروستکراوە، واتە: هێندە پەلە پەل دەکات، وەک ئەو ماددە و کەرەستەیەی کە مرۆڤی لێ دروستکراوە، بریتی بێ لە پەلە پەل کردن، (العَجَلُ: السُّرْعة) بریتیە لە خێرایی کردن و تاڵووکە، کە دەفەرموێ: مرۆڤی لێ دروستکراوە، ئەمە خوازراوەتەوە بۆ ئەوە کە ئەم وەسفە ئەوەندە لە سروشتی مرۆڤدا ڕۆچووە، وەک لە خودی ئەو وەسفە دروستکرابێ.

٦)- ﴿ سَأُوْرِيكُمْ ءَايَٰتِى ﴾، نیشانەکانی خۆمتان پێ نیشان دەدەم، کە بە دڵنیایی لێرەدا مەبەست لە نیشانەکان، ئەو بەڵا و گرفتارییانەن کە بەسەر کافرەکانی هێناون، یاخود سەرخستنی خوایە بۆ ئیسلام و مسوڵمانان و، پەرەپێدانی ئیسلامە، هەروەک دوایی دەرکەوت، چونکە وەک چۆن سزادانی خوا بۆ کافرەکان، نیشانەی خوا بووە بۆ کافرەکان، بە هەمان شێوە سەرخستنی خواش بۆ مسوڵمانانێکی چەوسێنراوەی کەم دەستەڵاتی بێ ئیمکانیەت، ئەویش هەر نیشانەی پەروەردگارێتیی و ڕاستیی ئایین و بەرنامەی خوا بووە و، نیشانەی پەروەرگارێتیی و مشوورخواردنی خوا بووە بۆ بەندەکانی.

٧)- ﴿ فَلَا تَسْتَعْجِلُونِ ﴾ ئنجا پەلەم لێمەکەن، وشەی ﴿ تَسْتَعْجِلُونِ ﴾ تەنها ژێری (کسرة)ی هەیە، بەڵام لە ئەصڵدا ئاوایە: (فَلَا تَسْتَعْجِلُوْنِي) پەلە لە من مەکەن، کە نیشانەکانی خۆمتان پێ نیشان بدەم و، بەڵا و سزای خۆمتان بۆ بنێرم، یاخود سەرخستنی خۆم بۆ مسوڵمانان بڕەخسێنم، ئەوە لە کات و شوێنی خۆیدا دێ.

٨)- ﴿ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ ﴾، دەشڵێن: ئەو بەڵێنە کەنگێیە؟ واتە: أ- بەڵێنی سەرخستنی خوا بۆ بڕواداران، ب- یاخود بەڵێنی قیامەت، ج- یاخود بەڵێنی ڕۆژی دوایی، د- یاخود بەڵێنی خوا بۆ سزادانی کافرەکان، هەر چواری دەگرێتەوە.

٩)- ﴿ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾، ئەگەر ئێوە لە ڕاستانن، ئەمە جۆرێکە لە گاڵتە پێکردن بە مسوڵمانان، واتە: ئێوە ڕاست ناکەن، ئەگەر نا کوا ئەو بەڵێنە بۆ نایەت؟

١٠)- ﴿ لَوْ يَعْلَمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ حِينَ لَا يَكُفُّونَ عَن وُجُوهِهِمُ ٱلنَّارَ وَلَا عَن ظُهُورِهِمْ ﴾، ئەگەر ئەوانەی بێبڕوان بزانن، [(لَوْ) واتە: ئەگەر، کە لێرەدا وەڵامی دەوێ، بەڵام وەڵامەکەی قرتێندراوە، چونکە سیاقەکە دەیگەیەنێ]، لە کاتێکدا کە نە دەتوانن لە دەم و چاویان ئاگر دووربخەنەوە و بەرپەرچ بدەنەوە، نە لە پشتیان.

وشەی (حِينَ) دەڵێ: (إِسْمٌ مَنْصُوبٌ عَلَى الْمَفْعُولِيَّةِ لَا عَلَى الظَّرْفِيَّةِ أَيْ: لَوْ عَلِمُوا وَقْتَهُ)، (حِينَ)ە، ناوێکە (مَنْصُوبٌ)ە و دەبێتە بەرکار (مفعول بە) بۆ (يَعْلَمُوا)، ئەگەر ئەو کاتەیان زانیبایە، کە ئەوەیان بەسەر دێ، کە ناتوانن ئاگری دۆزەخ نە

لە پشت و دواوەیان و، نە دەم و چاو و پێشیان دووربخەنەوەو، هەروەها سەریش ناخرێن و دەربازیش ناکرێن، ئەگەر زانیبایان، ئەو پەلە پەلەیان نەدەکرد.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ حِينَ لَا يَكُفُّونَ ﴾، هەندێکیان گوتوویانە: مەبەست پێی فریشتەکانە کە ناگر لە پاش و پێشیان دوور ناخەنەوە، بەڵام مانای دووەمی کە دەڵێ: کافرەکان خۆیان ناتوانن ئەو ئاگرە لە خۆیان دوور بخەنەوە، ئەوەیان زیاتر پێ دەچێت.

١١)- ﴿ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴾، نە سەریش دەخرێن، ئنجا ئەگەر زانیبایان ئە و کاتە چییان بەسەر دێ، ئێستا پەلە پەلیان نەدەکرد لە هاتنی سزای خوا.

١٢)- ﴿ بَلْ تَأْتِيهِم بَغْتَةً ﴾، بەڵکو کت و پڕ دێ، واتە: ئەو سزایەی خوایان کت و پڕ بۆ دێ.

١٣)- ﴿ فَتَبْهَتُهُمْ ﴾، واتە: سەرسام و سەراسیمەیان دەکات، ئەو سزایە هێندە کت و پڕو لە ناکاو بە ملیاندا دێ، لەبەر ئەوە کە بڕواشیان پێی نەبووە، کەسێک کە بڕوای بە شتێک نەبووبێ، کە ئەو شتە هات، بۆ ئەو کت و پڕ و ڕاچڵەکێنەر دەبێ.

١٤)- ﴿ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ رَدَّهَا ﴾، ئنجا کە بۆشیان دێ، نە دەتوانن بەرپەرچی بدەنەوە.

١٥)- ﴿ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴾، نە مۆڵەتیشیان دەدرێ و، نە چاوەڕوانیشیان دەکرێ و نەدواش دەخرێن، کە بوارو دەرفەتیان پێ بدرێ، تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە و پەشێمان ببنەوە.

مەسەلەی دووەم:

گاڵتە پێکردنی بێبڕوایان بە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) و، سزادرانیان لە لایەن خواوە، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و، بێجگە لە خواش هیچ کەس مرۆڤەکان لە بەڵایەکانی شەو و ڕۆژ، کە خوا بە ملیاندا دێنێ، ناپارێزێ و، پەرستراوەکانیان لەو بارەوە هیچ کارە نین، بەڵام لە سۆنگەی ژیان و گوزەرانی دوورو درێژی پڕ ناز و نیعمەتەوە، کافرەکان لە خۆیان بایی بوون و لە خۆیان بایی دەبن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُوا۟ مِنْهُم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ (٤١) قُلْ مَن يَكْلَؤُكُم بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ مِنَ ٱلرَّحْمَٰنِ ۗ بَلْ هُمْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِم مُّعْرِضُونَ (٤٢) أَمْ لَهُمْ ءَالِهَةٌ تَمْنَعُهُم مِّن دُونِنَا ۚ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَ أَنفُسِهِمْ وَلَا هُم مِّنَّا يُصْحَبُونَ (٤٣) بَلْ مَتَّعْنَا هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ طَالَ عَلَيْهِمُ ٱلْعُمُرُ ۗ أَفَلَا يَرَوْنَ أَنَّا نَأْتِى ٱلْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَآ ۚ أَفَهُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ (٤٤) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ ﴾، بە دڵنیایی گاڵتە کرا بە پێغەمبەرانێک لە پێش تۆدا، (لَقَدْ) (ل) بۆ سوێندە، یاخود زەمینە خۆشکەرە بۆ سوێند، (قَدْ)یش بۆ ساغکردنەوە و (تحقیق) و دڵنیاکردنەوەیە، واتە: دڵنیابە لەوەی ئەو حاڵەتەی تۆ ڕووبەڕووی بوویەوە، کە بریتیە لە گاڵتە پێکرانت لە لایەن بێبڕواکانەوە، بەس تۆنی، لە پێش تۆشدا پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) وابوون و، لە پێش ئێوەشدا ئەی بڕواداران لە شوێنکەوتووانی پێغەمبەر ﷺ تاکو قیامەت! لە پێش ئێوەشدا پێغەمبەران گاڵتەیان پێکراوە، چ جای بڕواداران! ئەمە دڵدانەوەیە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و بۆ بڕوادارانیش.

٢)- ﴿فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُواْ مِنْهُم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾، سەرەنجام دەوری ئەوانەی دا کە گاڵتەیان پێ دەکردن، ئەوەی کە گاڵتەیان پێدەکرد، واتە: گاڵتە پێکراوەکە کە بریتی بوو لە سزاو بەڵای خوا، دەوری گاڵتە پێکەرەکانی بە پێغەمبەرانی (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)دا، هەندێ لەو ڕاستییانەی کە خوا ﷻ باسیان دەکات، جاری وا هەیە کت و مت، هەر بە هەمان بێژە و بە هەمان وشە و، بە هەمان دەربڕین، دووبارەیان دەکاتەوە، کە ئەمەش یەکێکە لەو ڕاستییانەی لە ئایەتی (١٠)ی سوورەتی (الأنعام)دا هاتوون و، لە ئایەتی دیکەشدا هاتوون، بەڵام بە شێوە و داڕشتنی دیکە.

٣)- ﴿قُلْ مَن يَكْلَؤُكُم بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ مِنَ ٱلرَّحْمَٰنِ﴾، بڵێ: کێ لە شەو و ڕۆژدا، لە خوای خاوەن بەزەیی دەتانپارێزێ؟ (مَنْ) بۆ پرسیارکردنە، بۆ نکووڵیلێکردن و سەزەنشتکردن، کێ دەتانپارێزێ، لە خوای خاوەن بەزەیی؟ واتە: لە سزای خوای خاوەن بەزەیی، کە وەک پێشتر باسمان کرد، بۆیە وشەی (ٱلرَّحْمَٰنِ)ی بەکارهێناوە، واتە: ئەو خوایەی ئێوە، کە خاوەنی ئەوپەڕی بەزەیی و سۆز و پەرۆشە بەرانبەر بە بەندەکانی، کەچی ئەو ئەگەر سزاتان بۆ بنێرێ بە شەو و بە ڕۆژ، مانای وایە زۆرتان تووڕە کردوە و، کارێکی هێندە ناقۆڵاو خراپتان کردوە، کە تەنانەت ئەو خوایە خاوەن بەزەییەتان تووڕە کردوە و واتان لێکردوە سزاتان بۆ بنێرێ، پێشتریش گوتمان: لە زمانی عەرەبیدا دەڵێ: (إتَّقُوا غَضَبَ الحَلِيْم)، واتە: خۆتان بپارێزن لە تووڕەبوونی بابای هێدیی و مەند، کە تووڕە دەبێ مانای وایە شتی زۆر ناماقووڵ و بێجێ کراوە، بۆیە جامی تووڕەیی لەسەری ڕژاوە و، خۆی پێ مەرزەم نەکراوە و، تووڕە بووە.

کە دەفەرموێ: ﴿بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ﴾، بە شەوێ و بە ڕۆژێ، بۆ ئەوەی هەموو کاتەکان بگرێتەوە، واتە: کێ لە هەموو کاتەکان دا، لە سزا و بەڵای خوای خاوەن بە بەزەیی دەتانپارێزێ؟ بێگومان بەس خوا بۆ خۆی، ئەگەرنا سزا و بەڵایەک کە خوا بە شەوێ و بە ڕۆژێ و، لە هەر کاتێکدا بینێرێ، کێ دەتوانێ بەرپەرچی بداتەوە؟

٤)- ﴿بَلْ هُمْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِم مُّعْرِضُونَ﴾، واتە: نەک هەر گوێ نادەنە سزای خوا، کە بە شەوێ و بە ڕۆژێ یەخەیان بگرێ، کە کارێک نەکەن خوا وا لێبکەن سزایان بدات و بەڵایان بۆ بنێرێ، بەڵکو زیاد لەوەش، لەو بەرنامە و پەیامە کە پەروەردگاریان بۆی ناردوون، ڕوو وەرچەرخێنەرو پشتتێکەرن، واتە: نەک هەر گوێ نادەنە سزای خوا، کە بە شەوێ و بە ڕۆژێ یەخەیان بگرێ، بەڵکو بەرنامەکەی خواش بە هەند هەڵناگرن و، بەرانبەری پشتتێکەرو ڕوو وەرچەرخێنەرن.

٥)- ﴿أَمْ لَهُمْ ءَالِهَةٌ تَمْنَعُهُم مِّن دُونِنَا﴾، یان ئایا پەرستراوێکیان هەن لە ئێمەیان دەپارێزن؟ وشەی (أَمْ) لە زمانی عەرەبیدا واتە: (بَلْ أ)، لێرەدا واتە: (بَلْ أَلَهُمْ آلِهَةٌ تَمْنَعُهُم مِنْ دُونِنَا)، یان ئایا پەرستراوانێکیان هەن، کە لە سزای ئێمە دەیانپارێزن؟ یان دەکەونە نێوان ئەوان و سزا و جەزرەبەی ئێمە؟

نەخێر ئەوە ڕاست نیە، چونکە:

٦)- ﴿لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَ أَنفُسِهِمْ﴾، نە خۆیانیان پێ سەردەخرێ و پێ دەرباز دەکرێ.

٧)- ﴿وَلَا هُم مِّنَّا يُصْحَبُونَ﴾، نە لە لایەن ئێمەشەوە هاوەڵێتیی دەکرێن، ئینجا ئەمە ئەگەر مەبەست پێی کافرەکان بێ، واتە: کافرەکان خۆیانیان پێ سەرناخرێ و توانای زاتییان نیە، لە لایەن ئێمەشەوە هاوەڵییەتیی ناکرێن و پەنا نادرێن و چەپاڵە نادرێن.

دەشگونجێ مەبەست پێی پەرستراوەکانیان بێ، بەڵام بۆیە خوا ﷻ ڕاناوی عاقڵانی بۆ بەکارهێناون، (هَذَا مُجَارَاةٌ لَهُمْ فَنُزِّلَت الآلِهَةُ مُنْزِلَةَ العُقَلَاءِ)، ئەمە بە پێی عەقڵی ئەوان قسەکردن و، بە پێی عەقڵی ئەوان دواندنیانە، کە پەرستراوەکانیان بە خاوەن عەقڵ دانراون، واتە: ئەو پەرستراوانەی ئێوە، نە دەتوانن خۆیان سەربخەن، نەک ئێوە، خۆشیان پێ سەرناخرێ و دەرباز ناکرێ، ﴿وَلَا هُم مِّنَّا يُصْحَبُونَ﴾، هەروەها ئەوەش ڕاست نیە کە لە لای ئێمە ڕێز

لێگیراوبن و، تکا لە لای ئێمە بکەن، بەڵکو لە لای ئێمەشەوە هیچ هاودڵێتییان ناکرێ و، هیچ ڕێز و حورمەتێکیان بۆ دانانرێ.

واتای یەکەم: کافرەکان ناتوانن خۆیان سەربخەن و دەرباز بکەن و، لە لای خواشەوە ﷻ هاودڵێتیی ناکرێن و ناپارێزرێن.

واتای دووەم: بت و صەنەمە پەرستراوەکانیشیان نە خۆیان پێ دەرباز دەکرێ و، نە لە لای خوای پەروەردگاریش حورمەت و ڕێزێکیان هەیە، کە هاودڵێتیی بکرێن و، چەپاڵە بدرێن و بپارێزرێن.

وشەی ﴿يُصۡحَبُونَ﴾، زانایان سێ واتایان بۆ لێکداونەوە:

١- (**أَي لَا يَصْحَبُهُم اللهُ فَلَا يُؤَيِّدُهُم**)، واتە: خوا هاودڵێتییان ناکات و پشتیان ناگرێ.

٢- (**أَي لَا يَصْحَبُهُم صَاحِبٌ وَلَا يُجِيْرُهُمْ جَارٍ، فَإنَّ الجِوَارَ يَقْتَضِي الحِمَايَة**)، واتە: نە هاودڵێک هاودڵێتییان دەکات و، نە پەنادەرێکیش پەنایان دەدات، چونکە پەنادان خوازیاری چەپاڵەدان و پاراستنە.

٣- (**يُصْحَبُون: مُضَارِعُ أصْحَبَهُ، أي حَفِظَهُ وَمَنَعَهُ مِنَ السُّوءِ**)، واتە: ناپارێزرێن و چەپاڵە نادرێن.

٨)- ﴿بَلۡ مَتَّعۡنَا هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمۡ حَتَّىٰ طَالَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡعُمُرُ﴾، لێرەدا بەڵکو (بَلۡ) دیسان بۆ (**إضْرَاب**)ە، واتە: بەڵکو ئەوەی کە ئەوانی گومڕا کردوە، ئەوەیە کە ئێمە خۆیان و باب و باپیرانمانیان خۆشگوزەران و بەهرەمەند کردوە لە ناز و نیعمەتەکانی دنیا، تاکو تەمەنێکی دوورو درێژیان بردە سەر، تەمەنێکی درێژیان بەسەردا ڕابرد، کۆی مانایەکەی ئاوایە: (**أطَلْنَا أعْمَارَهُمْ فِي النَّعِيْمِ، فَاغْتَرُّوا وَطَغَوا**)، تەمەنیانمان لە ناز و نیعمەتدا درێژ کرد، بۆیە لە خۆبایی بوون و یاخیی بوون.

با بەوە کە خوا ﷻ لە نازو نیعمەتدا تەمەنی درێژکردوون فریو نەخۆن، پێیان وابێ هەرماو دەبن.

٩)- ﴿ أَفَلَا يَرَوْنَ أَنَّا نَأْتِي ٱلْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَآ ﴾، ئایا نابینن (بەچاوی عەقڵ و دڵ) کە دەچینە لای زەوی و لە کەنارەکانیەوە لێی کەم دەکەینەوە؟! ئایا نابینن؟ دیسان ئەو هەمزەیە بۆ پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانەیە، واتە: نکوڵیی لەوە دەکەم کە ببینن، ئایا نابینن، نازانن؟ چونکە وشەی (يَرَوْنَ) لێرەدا: (**الرُّؤيَةُ عِلْمِيَةٌ وَلَيْسَ بَصَرِيَّةٌ**)، واتە: ئایا نازانن؟ بە چاوی عەقڵ و دڵ نابینن؟ کە ئێمە دەچینە لای زەمین، ﴿ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَآ ﴾، لە کەنارەکانیەوە لێی کەم دەکەینەوە، کە دەفەرموێ: لە کەنارەکانیەوە، ئەوە بە نسبەت ئەوانەوە، هەر کەسێک لە هەر شوێنێکی دنیا بێ، ئەو شوێنەی کە لێیەتی چەقە و، ئەو خەڵکەی کە لە دەوروبەری دەژین، دەکەونە کەناریەوە.

١٠)- ﴿ أَفَهُمُ ٱلْغَـٰلِبُونَ ﴾، ئایا ئەوان زاڵبووانن؟ واتە: ئایا نابینن چۆن خەڵکی دیکەی دەوروبەریان، کە لە گۆشەو کەنارەکانی زەویدا دەژین، ئێمە لە زەوی کەم دەکەینەوە، واتە: ئەو خەڵکە دەمرێنین، وشەی (ٱلْأَرْضَ) لێرەدا کە ناسێنراو (**مُعَرَّف**)ە، ناساندنەکە یان بۆ (**عَهْد**)ە، واتە: ئەو سەر زەمینەی کە ئەوان لەسەری دەژین، یاخود ناساندنەکە بۆ (**جنس**)ە، واتە: جینسی ئەو سەر زەوییەی کە ئەوان و غەیری ئەوانیشی لەسەر دەژین.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ نَنقُصُهَا ﴾، دەڵێ: (**النُّقْصَان: تَقْلِيْلُ كَمِّيَّةِ الشَّيْء**)، (نقصان) بریتیە لەوە کە تۆ ئەندازە و چەندیەتیی شتێک کەم بکەیەوە، (**أطْرَافْ: جَمْعُ طَرَفٍ، وَهُوَ مَا يَنْتَهِي بِهِ الجِسْمُ، مِنْ جِهَةِ مِنْ جِهَاتِه، وَضِدُّه الوَسَط**)، واتە: (**أطْرَاف**) کۆی (**طَرَف**)ە، ئەویش ئەوەیە کە تەنێک شتێک لەلایەکیەوە کۆتایی دێ و، پێچەوانەی (**طَرَف**) بریتیە لە نێوەند (**وَسَط**)، (**وَالمُرَادُ بِنُقصَانِ الأَرْض نُقْصَانِ مَن عَلَيْهَا مِنَ النَّاسِ، لا نُقْصَانُ مِسَاحَتِها، لأنَّ هَـذِهِ الآيَةَ مَكِّيَة**)، مەبەست لە کەمکردنەوەی زەوی، کەمکردنەوەی ئەو خەڵکەیە کە لەسەری دەژین، نەک کەمکردنەوەی پانتایی زەوی، پانتایی زەوییەک کە لەبەر دەستی کافراندا هەیە، چونکە ئەم ئایەتە مەککەییە، مەدینەیی نیە تاکو بگوترێ: بەهۆی جەنگ و ڕوو بە ڕوو بوونەوەی بڕواداران، لەگەڵ کافرانی ستەمکاردا، زەوییان لە بن پێ دەردەهێنن و، بەرەیان لە ژێر پێ دەردەکێشن و، سەر زەمینی ئیسلام فراوان

دەبێ و، سەر زەمینی ئەهلی کوفر وەتەنگ دێ، چونکە هەندێکیان وایان لێکداوەتەوە، بەڵام مەبەست پێی ئەوەیە ئەو خەڵکەی کە لەسەر زەویین و، بە نسبەت ئەوانەوە کە لەو لا و لای زەوین، دەیانمرێنین، یانی: ئەوانیش کاتێک هەردێ، نۆرەی مردنیان بگاتێ.

هەڵبەتە هەندێکیشیان گوتوویانە: ئەوە باسی ئیعجازێکی عیلمیی جوگرافیی دەکات، کە بەردەوام پانتایی دەریاکان لەسەر زەوی زۆر دەبێ، بەستەڵەکەکانی سەرووی دنیا و خوارووی دنیا، هەردووک جەمسەری زەوی دەتوێنەوەو، دەبنە ڕووبارو، تێکەڵ بە دەریا و زەریاکان دەبن، بۆیە پانتایی دەریا زۆر دەبێ و، پانتایی وشکاینی کەم دەبێتەوە، کە ئەوەش دەگونجێ شتێکی ڕێژەیی بێ، بە نسبەت هەندێ شوێنەوە، ڕەنگە وشکانیی کەم بێتەوەو، پانتایی دەریا زیاد بێ، بە نسبەت هەندێ شوێنی دیکەوە ڕەنگە بە جۆرێکی دیکە بێ، بە هەر حاڵ نەمزانیوە ئا ئەوە تاکو ئێستا بووبێت بە حەقیقەتێکی عیلمیی سەلمێنراو، بۆیە هەروەک ڕواڵەتی خۆی تەفسیری بکەین باشترە.

کە دەفەرموێ: ﴿أَفَهُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ﴾، دیارە ئەم هەمزەیە بۆ پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانەوە و سەرسووڕماندنە (للإنكار والتعجيب)، ئایا ئەوان زاڵ دەبن؟ واتە: بە دڵنیایی مسوڵمانان زاڵ دەبن، چ لە ڕووی بەڵگەوەو، چ لە ڕووی بەرەنگار بوونەوەوە، کاتێک کە بە ڕاستیی ئەهلی ئیمان لەگەڵ ئەهلی کوفردا ڕوو بەڕوو دەبنەوە، ئەهلی کوفر باری ئەهلی ئیمان نابن.

مەسەلەی سێیەم:

ترسێنرانی خەڵک لە ڕێی وەحیی خواوە و، نەبیستنی بێبڕوایانی کەڕو، لە کاتی لێدانی پشووە بایەکی سزای پەروەردگاریشدا، هاوار لێ هەڵسان و دانپێدا هێنانیان:

خوا دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أُنذِرُكُم بِٱلْوَحْيِۚ وَلَا يَسْمَعُ ٱلصُّمُّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا مَا يُنذَرُونَ ﴿٤٥﴾ وَلَئِن مَّسَّتْهُمْ نَفْحَةٌ مِّنْ عَذَابِ رَبِّكَ لَيَقُولُنَّ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٤٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿قُلْ إِنَّمَآ أُنذِرُكُم بِٱلْوَحْيِ﴾، بڵێ: تەنیا بە هۆی وەحیی و پەیامیی خواوە، ئێوە دەترسێنم و هۆشدارییتان پێ دەدەم، واتە: ئەم قورئانەی کە ئاگادارکردنەوە و ترساندنی تێدایە، ئەوە سروش و پەیامی خوایە، قسەی گیرفانی خۆم نیە، (**إنَّمَا أداة الحَصْرِ والإِثْبَات**)، (**إنما**) ئامرازی کورت هەڵهێنان و چەسپاندنە، واتە: ئەوەی کە دەیڵێم تەنها وەحیی خوایە، من هەر لە خۆمەوە قسە ناکەم، ئێوەی پێ بترسێنم و، ئێوەی پێ وریا بکەمەوە.

٢)- ﴿وَلَا يَسْمَعُ ٱلصُّمُّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا مَا يُنذَرُونَ﴾، بەڵام کەڕان گوێیان لە بانگکردن نابێ، کە بترسێندرێن و وریا بکرێنەوە، (**صُمّ جَمْعُ أصَمّ، مُسْتَعَارٌ لِعَدَمِ الإِنْتِفَاعِ بِالكَلَام المُفِيد**)، وشەی (صُمّ) کۆی (أصَمّ)ە واتە: کەڕ، لێرەدا کە دەفەرموێ: ئەوانە کەڕن، ئەمە خوازراوەتەوە بۆ حاڵەتی بەهرەمەند نەبوونیان لە فەرمایشتی سوود بەخشی خوای پەروەردگار.

لە کاتێکدا کە وریا دەکرێنەوە، واتە: لە کاتێکدا کە دەترسێنرێن و، هۆشدارییشیان دەدرێتێ، گوێ لەو بانگە ناگرن و، ئەو بانگە نابیستن، لەبەر ئەوەی هەستەوەرەکانی

خۆیانیان پەکخستوون، کە لێرەدا مەبەست لە بیستن، بیستنی لێ بەهرەمەند بووانەیە، ئەگەر نا، بیستنی ڕواڵەتیی، دەبیستن، بەڵام بە گوێی عەقڵ و دڵ نابیستن، کە ببێتە هۆی ئەوەی هەڵوێستیان بگۆڕێ، ئنجا کەسێک لە کاتێکدا هۆشداریی دەدرێتێ و، وریا دەکرێتەوە، کە لە دوای ترسێندران و هۆشداریی پێدران، فەوتێنران دێتە پێشێ، وەک گوتراوە: (قَدْ أَعْذَرَ مَنْ أَنْذَر)، هەر کەسێک کە بەرانبەرەکانی وریا بکاتەوە، بیانووی بە دەستەوە نەهێشتوون، فەوتێنران دێتە پێشێ، بۆیە ئەمە جۆرێکە لە زۆر ناقۆڵا دەرخستنی ئەوان، کە تەنانەت لە حاڵێکدا هۆشدارییشیان دەدرێتێ، کە دوای ئەوە سزایان بۆ دێ، دیسان گوێیان لە بانگگردن نیە و بانگکردنەکەش لە خواوەیە ﷻ!!

٣)- ﴿ وَلَئِن مَّسَّتْهُمْ نَفْحَةٌ مِّنْ عَذَابِ رَبِّكَ ﴾، ئەگەر تۆزێک لە سزای پەروەردگارتیان بکاتێ، چونکە وشەی (نفح) بریتیە لە پشووە بایەک، یاخود بۆنێکی خۆش کە لێت دەدات، ئنجا ئەوە خوازراوەتەوە بۆ تۆزە سزایەک، لێرەدا وشەی (مَسّ) بە مانای پەیوەست بوونە بە ڕواڵەتی جەستەیەکەوە، (مَسّه) واتە: دەستی لێکوتا، یاخود شتێک بە شتێکەوە نووسا و، ئەگەر تۆزێک لە سزای پەروەردگارتیان بکاتێ:

٤)- ﴿ لَيَقُولُنَّ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴾، بە دڵنیایی دەڵێن: ئەی هاوار بۆ ئێمە، یاخود سزای سەخت بۆ ئێمە! بێگومان ئێمە ستەمکار بووین.

ئنجا کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَلَئِن مَّسَّتْهُمْ نَفْحَةٌ مِّنْ عَذَابِ رَبِّكَ ﴾، ئەمە چوار جۆرە زێدەڕۆیی تێدان، بۆ کەمکردنەوەی ئەندازەی ئەو سزا و بەڵایەی خوا، کە پێیانەوە دەنووسێ، کەچی لەگەڵ ئەو سزا کەمەی خواشدا، هاواریان لێ هەڵدەستێ و، دەڵێن: هەی هاوار بۆ ئێمە! ئێمەماڵوێران بووین، یاخود دەڵێن: سزای سەخت بۆ ئێمە و، دانیش بە ستەمی خۆیاندا دێنن، چوار زێدەڕۆییەکانیش ئەمانەن:

یەکەم: وشەی (نَفْح)ی بەکارهێناوە، کە وشەی (نَفْح) واتە: پشووێک لە شتێک، بۆنێک لە شتێک، تۆزێک لە شتێک.

دووەم: کە فەرموویەتی: ﴿ نَفۡحَةٞ ﴾، واتە: جارێک لەو تۆزە، چونکە (نَفْحَة يَعْنِي مَرَّةً مِنَ النَفْحِ)، واتە: یەکجار لە شتێک، لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە کە دەفەرموێ: (إِنَّ لِرَبِّكُمْ مِنْ أَيَّامِ دَهْرِكُمْ نَفَحَاتِ فتعرَّضِوا لَها)، (أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ فِي الكبير: ٥١٩)، واتە: پەروەردگارتان لە ڕۆژگارەکانتاندا جۆرێک لە پێز و بەرەکەتی هەیە، کە لە خواوە دێ، خۆتانی بدەنە بەر، ئنجا کەواتە: وشەی (نَفۡحَةٞ) واتە: یەکجار لەو سزایە، لەو سزا کەمە.

سێیەم: دووبارە کە دەفەرموێ: ﴿ نَفۡحَةٞ ﴾، کە بە نەزانراویی (نكرة) هێناویەتی، واتە: سزایەکی نەزانراو کە زۆر کەم بێ.

چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿ مَّسَّتۡهُمۡ ﴾، وشەی (مَسّ)یش واتە: هەر تۆزێک بیگاتێ، نەک زۆر بە ملی دابێ.

کەواتە خوای تاک و پاک بە چوار جۆر، ئەو سزایەی کەمکردوەتەوە، کەچی لە بەرانبەر ئەو تۆزە و، ئەو کەمە سزایەی پەروەردگاردا، چییان لێ دێ؟ ﴿ لَيَقُولُنَّ ﴾، بە دڵنیایی و بە جەختکردنەوەوە دەڵێن: ﴿ يَٰوَيۡلَنَآ ﴾، هەی هاوار بۆ ئێمە! یاخود هەی سزای سەخت بۆ ئێمە! وەرە، یاخودماڵوێرانیی بۆ ئێمە، ﴿ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ستەمکار بووین.

مەسەلەی چوارەم:

دانانی تەرازووەکانی دادگەریی لە ڕۆژی قیامەتدا و، ستەم لێنەکرانی هیچ کەس و، تەنانەت هێندەی گرانایی دەنکە خەرتەلەیەکیش و، حیسابی وردی خوای پەروەردگار:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَـٰسِبِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ ﴾، تەرازووەکانی دادگەریی دادەنێین، (**مَوَازِيْن**)، تەرازووەکان، کۆی (**مِيْزَان**)ە، تەرازوو، وشەی (**قِسْط**) لێرەدا بەرکارە و چاوگە، کار (**فعل**)ەکەی بریتیە لە (**أَقْسَطَ يُقْسِطُ إِقْسَاطًا، وَهَذَا قِسْطٌ**)، (**الْمَوَازِيْن القِسْط**) واتە: تەرازووەکانی دادگەریی، وەک خودی دادگەریی بن.

٢)- ﴿ لِيَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾، ئەو (ل)ە، (**لام التَّوْقِيت**)، واتە: بۆ کاتی هاتنی قیامەت (هەڵسانەوە)، یاخود (**لامُ التَّعْلِيل**)ە، واتە: لەبەر قیامەت تەرازووەکان، دادەنێین، کە لەو ڕۆژەدا کردەوەی مرۆڤەکان هەڵسێنگێنرێ و، مرۆڤەکان خۆشیان هەڵسەنگێنرێن.

٣)- ﴿ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ﴾، هیچ کەسێک، هیچ ئەندازەیەک ستەمی لێ ناکرێ.

٤)- ﴿ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ﴾، ئەگەر هێندەی گرانایی دەنکێک بێ لە خەرتەلەش بێ دەیهێنین.

٥)- ﴿ وَكَفَىٰ بِنَا حَـٰسِبِينَ ﴾، ئێمە بەسین بۆ ژماردن و، سەرژمێریی کردن و حیساب و کیتاب کردن.

وشەی (مِثْقَالَ) خوێندراویشەتەوە: (وَإِنْ كَانَ مِثْقَالُ حَبَّةٍ).

وشەی (مِثْقَالَ) (**مَا يُمَاثِلُ شَيْئاً فِي الثُّقَلِ وَالوَزْنِ، فِمِثْقَالُ الحَبَّةِ مِقْدَارِهَا**)، واتە: ئەوەیە کە هاوتای شتێک بێ لە کێش و قورساییدا.

کەواتە: ﴿ مِثْقَالَ حَبَّةٍ ﴾، واتە: ئەندازەی دەنکێک، کە لێرەدا خوای پەنهانزان دەنکی خەرتەلەی هێناوە، تۆو دەنکی خەرتەلەش زۆر زۆر وردە.

لە (**المعجم الوسيط**)دا ئاوا پێناسەی (**خردل**) دەکات، کە بە کوردیی دەڵێن: خەرتەلە: (**الْخَرْدَلُ: نَبَاتٌ عُشْبِيٌّ حريفٌ من الفصيلة الصليبية يَنْبُتُ فِي الحُقُولِ وَعَلَى حَوَاشِي الطُّرُقِ تُسْتَعْمل بزوره فِي الطِّبِّ وَمِنْه بزور يُتَبَّلُ بِهَا الطَّعَام، الْوَاحِدَة خردلة**)[1]، واتە: (**خردل**) ڕووەکێکی گیاییە، زۆر تیژە، لە (**الفصيلة الصليبية**) یە، {زانایانی ڕووەکناس ڕووەکەکان بۆ چەند جۆرێک دابەش دەکەن، (**صليبي**) واتە: خاچیی} لە کێڵگە و کەناری ڕێ و بانەکاندا دەڕوێ، دەنکەکەی لە پزیشکییدا بەکاردەهێنرێ و، هەندێک جۆرە دەنکیشی هەن، کە بۆ تیژکردنی خواردن بەکاردەهێنرێن، سووتێنەرو تیژن و، تاکی (**خردل**) بریتیە لە (**خردلة**).

کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ﴾، واتە: ئێمەیان بەسە کە ژمێرەر بین، واتە: لە دوای ئێمە پێویستییان بە کەسێکی دیکە نیە، کە کردەوەکان سەرژمێر بکات.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَفَىٰ بِنَا ﴾، دەیتوانی بفەرموێ: (**وكَفَانَا حَاسِبِيْن**)، یان بفەرموێ: (**كَفَاهُمْ نَحْنُ حَاسِبِيْن**)، بەڵام ئەو (ب) یە، بۆ زیاتر جەختکردنەوە زیادکراوە، (**حَاسِبِيْن: مَنْصُوبٌ تَمييزاً أو حَالًا**) واتە: وشەی (**حَاسِبِين**) تەمیزە یاخود حاڵە، لە زمانی عەرەبییدا شتێک کە (**مَنْصُوب**) دەبێ، جاری وا هەیە تەمیز (**تَمييز**)ە، یان بەکار (**مفعول به**) یان حاڵ (**حال**)ە.

---

[1] **المعجم الوسيط** ص٢٥٥.

شایانی باسە ئێمە بە درێژیی باسێکمان دەربارەی تەرازوو و کێشرانی کردەوەکان کردوە، لە بەرگی شەشەمی ئەم تەفسیرە و لە کاتی ڕوونکردنەوەی نۆ (٩) ئایەتی سەرەتای سوورەتی (**الأعراف**)دا، بۆیە ئەوەی لەوێ گوتوومانە، لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

مەسەلەی پێنجەم:

خوا تەوراتی بە مووسا و هاروونـدا، کە جیاکەرەوە و ڕۆشنایی و بیرخەرەوە بوو، بۆ پارێزکارانێک کە بە پەنامەکیی سامیان لە پەروەردگاریان دەکردو، بە ترس و لەرزیش بوون بەرانبەر بە ئاخیر زەمان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ٱلْفُرْقَانَ وَضِيَآءً وَذِكْرًا لِّلْمُتَّقِينَ (١٨) ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ وَهُم مِّنَ ٱلسَّاعَةِ مُشْفِقُونَ (٤٩) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ٱلْفُرْقَانَ وَضِيَآءً وَذِكْرًا لِّلْمُتَّقِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە جیاکەرەوەو ڕۆشنایی و بیرخەرەوەمان بۆ پارێزکاران بە مووسا و هاڕوون دابوو، پێشتر باسمانکرد کە ئەو دڵنیاکردنەوە و جەختکردنەوەیە، بۆ ئەوەیە کە: ئەی گەلی عەرەب! یان ئەی ئەو خەڵکەی دیکە، کە پێغەمبەری خاتەمتان ﷺ بۆ ڕەوان کراوە! وامەزانن ئەوە کە تاکە پێغەمبەرێکە و، وێنەی نیە و، شتێکی بیدعەت و داهێنراوە، بەڵکو لە پێش ئەویشدا، پێغەمبەرانی دیکە هەبوون، هەر زۆر دوور نەڕۆین مووسا و هاڕوون (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ)، کە ئێوە زۆر پێیان ئاشنان.

﴿ ٱلْفُرْقَانَ وَضِيَآءً وَذِكْرًا لِّلْمُتَّقِينَ ﴾، وەک پێشتر گوتمان: هەر کام لە: (ٱلْفُرْقَانَ) و (وَضِيَآءً) و (وَذِكْرًا) سیفەتی تەوراتن، سیفەتی ئەو کتێبەن کە خوا بۆ هاڕوون و مووسای ناردوە، کە ناوی تەورات بووە، تەوراتیش واتە: شەریعەت، ئەو کتێبە سێ سیفەتی هەبوون:

أ- (ٱلْفُرْقَانَ) بوو، واتە: جیاکەرەوە بوو، جیاکەرەوەی هەق و ناهەق، ڕاست و چەوت، چاک و خراپ، حەڵاڵ و حەڕام، دۆست و دوژمن، جیاکەرەوەی هەموو ئەو شتانە بوو، کە دژ و پێچەوانەی یەکدین.

ب- (وَضِيَآءً) بوو، واتە: ڕۆشن و ڕۆشنکەرەوە بوو.

ج- (وَذِكۡرًا) بوو، واتە: بیرخەرەوە بوو، بەرنامە بوو، ﴿لِّلۡمُتَّقِينَ ﴾، بۆ پارێزکاران.

هەر کام لە: (ٱلۡفُرۡقَانَ)، (ضِيَآءً)، (ذِكۡرًا) کە وەک گوتمان: وەصفی ئەو کتێبەن (تەوڕات)، کە خوا ﷻ بە مووسا و هاڕوونی دابوو، سێ سیفەتی زۆر گەورەو گرنگن، چونکە کتێبەکانی خوا ﷻ، ئنجا تەوڕات، یاخود هەر کام لە کتێبەکانی دیکەی خوای بەرز، ئەرکیان ئەوە بووە، کە ڕاست و چەوت، ئیمان و کوفر، چاک و خراپ، دۆست و دوژمن، حەڵاڵ و حەڕام، بۆ خەڵکی لە یەک جیابکەنەوەو، پاشان ئەرکیان ئەوە بووە، کە ڕۆشنکەرەوە بن، واتە: بەرچاویان ڕۆشن بکەنەوە، ڕابردوو و ئێستاش و داهاتوویان و، دنیا و دواڕۆژیان و، (وَذِكۡرًا) بیرخەرەوە بوون، هاتوون ئەو ڕاستییانەی کە خوا ﷻ لە زگماکی مرۆڤدا دایناون، بیریان بخەنەوە، بەڵام کێ بەهرەمەند بووە لەو کتێبانەی خوا ﷻ؟ بێگومان پارێزکاران.

٣)- ﴿ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ ﴾، ئەوانەی کە بە پەنامەکیی لە پەروەردگاریان ترساون، واتە: بێ ئەوەی پەروەردگاریان ببینن، یاخود لە کاتێکدا کە خۆیان غائیب بوون، کاتێک کەسیان لێ دیار نەبووە، سام و هەیبەتیان بەرانبەر بە پەروەردگاریان هەبووە.

٤)- ﴿وَهُم مِّنَ ٱلسَّاعَةِ مُشۡفِقُونَ ﴾، بەرانبەر بە ئاخیر زەمانیش، کاتی دنیا تێدا کاول بوون و، کاتی گەردوون تێدا کۆتایی هاتنیش، ترس و لەرزیان هەبووە، ترسێکی ئاوێتە بە وریایی و هۆشیارییان هەبووە، یاخود ترسێکی ئاوێتە بەوە بووە، کە بەرانبەر بە خۆیان بە تەنگەوە بن، پەرۆشی خۆیان بووە کە بەڵایەکیان بەسەر بێ.

کەواتە: کەسانێک لە کتێبەکانی خوا، ئنجا چ تەوڕات بێ، چ غەیری تەوڕات، بەهرەمەند دەبن، کە خاوەنی ئەو سیفەتانە بن:

یەکەم: پارێزکار بن.

دووەم: ترس و سام و هەیبەتیان بەرانبەر بە پەروەردگاریان هەبێ بە پەنامەکیی.

سێیەم: بەرانبەر بە ئاخیر زەمان، هەست بە ترس و لەرز بکەن، ئەوانە بەهرەمەند دەبن لە کتێبەکانی خوا ﷻ.

مەسەلەی شەشەم و کۆتایی:

پێناسەی قورئان بە بیرخەرەوەیەکی بەهێز، کە جێی سەرسوورمانە نکوڵیی لێ بکرێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَهَٰذَا ذِكْرٌ مُّبَارَكٌ أَنزَلْنَٰهُ أَفَأَنتُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ وَهَٰذَا ذِكْرٌ مُّبَارَكٌ أَنزَلْنَٰهُ ﴾، ئا ئەمەش (ئەم قورئانە)، بیرخەرەوەیەکی بەپێزە ئنجا خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ئا ئەمە بیرخەرەوەیەکی بە پێزە، چۆن دەزانین کە مەبەست پێی قورئانە؟ بە هۆی ڕەوتەوە دەزانین، بە هۆی ئایەتەکانی پێشێ و دوایی، ئەدی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ خوێندوویەتەوە چی بووە؟ هەر قورئان بووە، ئا ئەمەش (ئەم قورئانە) بیرخەرەوەیەکی، یاخود بەرنامەیەکی بە پێز و بەرەکەتدارە، دامانبەزاندوە.

٢)- ﴿ أَفَأَنتُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴾، ئنجا ئایا ئێوە بۆ ئەو (قورئان) لە نکووڵیلێکەرانن؟ ئەمە پرسیارکردنێکی سەرسووڕمانانەی نکووڵیلێکەرانەی سەرزەنشتکەرانەیە، چونکە نکووڵییان کردوە لە قورئان، واتە: ئەم قورئانە بیرخەرەوەیە، بە پێزە، خوا لە لای خۆیەوە بە جیبریل (روح القدس) دا دایبەزاندوە، کەچی ئێوە بەرانبەر بەو بەرنامەیە، بەرانبەر بەو کتێبە بیرخەرەوەیە، کە بە پێز و بەرهەمدارە و، خوا دایبەزاندوە، بێبڕوان؟ هەڵوێستەکەتان جێی نکووڵیلێکران و، ئێوەش مایەی سەرزەنشتکرانن، بە هۆی ئەو هەڵوێستە چەوتەتانەوە.

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

بەڕێـــــزان!

ئـەم دەرسـەمان بیسـت و پێنـج (٢٥) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، کـە بریتیـن لـە ئایەتـەکانی: (٥١ - ٧٥)، ئـەم (٢٥) ئایەتـەش هەمـووی تەرخانکـراوە بـۆ بەسـەرهاتی ئیبراهیـم ﵇ (خلیـل اللـه)، لەگـەڵ بابـی و گەلەکەیـدا و، شـکاندنی ئیبراهیـم بـۆ بتەکانیـان و، پاشـان گـەڕان و پشـکنین و سـۆراغ کردنیـان بـۆ ئیبراهیـم و، دوایـی پەلکێـش کـردنی و، دادگایـی کـردنی و، سـەرەنجام ئاگرکردنەوەیـان بـۆ تێفڕێـدانی ئیبراهیـم ﵇ و، فەرمانکـردنی خـوا بـە ئاگـر کـە سـاردو سـەلامەت بـێ و، زیـان نەگەیەنـێ بـە ئیبراهیـم ﵇ و، پاشـان دەربازکـردنی خـۆی و لووطـی بـرازای ﵇ و، پێـدرانی هـەر کام لـە ئیسـحاق و یەعقـووب، واتـە: کـوڕو نـەوەی و، ئاماژەیەکـی کورتیـش بـە بەسـەرهاتی لـووط ﵇.

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ (٥١) إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا هَٰذِهِ
ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِىٓ أَنتُمْ لَهَا عَٰكِفُونَ (٥٢) قَالُوا۟ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا لَهَا عَٰبِدِينَ (٥٣) قَالَ لَقَدْ كُنتُمْ
أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمْ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ (٥٤) قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا بِٱلْحَقِّ أَمْ أَنتَ مِنَ ٱللَّٰعِبِينَ (٥٥) قَالَ بَل
رَّبُّكُمْ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلَّذِى فَطَرَهُنَّ وَأَنَا۠ عَلَىٰ ذَٰلِكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ (٥٦) وَتَٱللَّهِ
لَأَكِيدَنَّ أَصْنَٰمَكُم بَعْدَ أَن تُوَلُّوا۟ مُدْبِرِينَ (٥٧) فَجَعَلَهُمْ جُذَٰذًا إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمْ لَعَلَّهُمْ
إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ (٥٨) قَالُوا۟ مَن فَعَلَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَآ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ (٥٩) قَالُوا۟ سَمِعْنَا فَتًى
يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُۥٓ إِبْرَٰهِيمُ (٦٠) قَالُوا۟ فَأْتُوا۟ بِهِۦ عَلَىٰٓ أَعْيُنِ ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ (٦١) قَالُوٓا۟
ءَأَنتَ فَعَلْتَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَا يَٰٓإِبْرَٰهِيمُ (٦٢) قَالَ بَلْ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا فَسْـَٔلُوهُمْ

إِن كَانُوا۟ يَنطِقُونَ ﴿٦٣﴾ فَرَجَعُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ فَقَالُوٓا۟ إِنَّكُمْ أَنتُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٦٤﴾
ثُمَّ نُكِسُوا۟ عَلَىٰ رُءُوسِهِمْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَـٰٓؤُلَآءِ يَنطِقُونَ ﴿٦٥﴾ قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ
مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْـًٔا وَلَا يَضُرُّكُمْ ﴿٦٦﴾ أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن
دُونِ ٱللَّهِ ۖ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾ قَالُوا۟ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓا۟ ءَالِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَـٰعِلِينَ ﴿٦٨﴾
قُلْنَا يَـٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَـٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ وَأَرَادُوا۟ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَـٰهُمُ ٱلْأَخْسَرِينَ
﴿٧٠﴾ وَنَجَّيْنَـٰهُ وَلُوطًا إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِى بَـٰرَكْنَا فِيهَا لِلْعَـٰلَمِينَ ﴿٧١﴾ وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَـٰقَ
وَيَعْقُوبَ نَافِلَةً ۖ وَكُلًّا جَعَلْنَا صَـٰلِحِينَ ﴿٧٢﴾ وَجَعَلْنَـٰهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا وَأَوْحَيْنَآ
إِلَيْهِمْ فِعْلَ ٱلْخَيْرَٰتِ وَإِقَامَ ٱلصَّلَوٰةِ وَإِيتَآءَ ٱلزَّكَوٰةِ ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا عَـٰبِدِينَ ﴿٧٣﴾ وَلُوطًا
ءَاتَيْنَـٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَنَجَّيْنَـٰهُ مِنَ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَت تَّعْمَلُ ٱلْخَبَـٰٓئِثَ ۗ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ
سَوْءٍ فَـٰسِقِينَ ﴿٧٤﴾ وَأَدْخَلْنَـٰهُ فِى رَحْمَتِنَآ ۖ إِنَّهُۥ مِنَ ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها بە دڵنیایی لەمەوبەر سەر ڕاستییمان بە ئیبڕاهیم دابوو و، ئێمە پێی زانا بووین (کە شایستەیە) ﴿٥١﴾ (یاد بکەوە) کاتێک ئیبڕاهیم بە بابی و گەلەکەی گوت: ئەم پەیکەرانە چین کە ئێوە هەمیشە سەرگەرمی پەرستنیانن؟! ﴿٥٢﴾ گوتیان: باب و باپیرانمان بینیون کە هەر پەرستەریان بوون ﴿٥٣﴾ گوتی: بێگومان خۆتان و باب و باپیرانتان لە گومڕاییەکی ڕووندا بوون ﴿٥٤﴾ گوتیان: بە ڕاستتە (هەقت بۆ هێناوین)؟! یان تۆ لە گاڵتەکارانی؟! ﴿٥٥﴾ گوتی: (بە ڕاستمەو، ئەوانە شایستەی پەرستران نین)، بەڵکو خاوەنتان تەنیا (خوای) خاوەنی ئاسمانەکان و زەمینە، کە لە نەبوو هێناونیە دی، منیش بۆ ئەو بابەتەتان لە شایەدانم ﴿٥٦﴾ سوێندیش بە خوا، دوای ئەوەی کە لێرە دەڕۆن [و، بە جێی

دەهێڵن} فێڵێک لە دژی بتەکانتان ساز دەکەم (دەیانشکێنم) (٥٧) ئیدی هەموویانی وردو خاش کردن، جگە لە بتە گەورەکەیان، بەڵکو بگەڕێنەوە لای (٥٨) (کە گەڕانەوە) گوتیان: کێ ئەوەی بە پەرستراوەکانمان کردوە؟ بە دڵنیایی لە ستەمکارانە (٥٩) گوتیان: گوێبیستی لاوێک (جوامێرێک) بووین (بە خراپە) باسی دەکردن، پێی دەگوترێ: ئیبراهیم (٦٠) گوتیان: بە بەرچاوی خەڵکەوە بیهێنن، بەڵکو ببینن، (شایەدیی لەسەر بدەن) (٦١) (کە هێنایان) گوتیان: ئەی ئیبراهیم! ئایا تۆ ئەوەت بەسەر پەرستراوەکانمان هێناوە؟ (٦٢) گوتی: بەڵکو گەورەکەیان کردوویەتی، دە لێیان بپرسن ئەگەر قسە دەکەن! (٦٣) ئیدی بە خۆیاندا چوونەوە، گوتیان: بێگومان ئێوە خۆتان ستەمکارن، (کە ئەو بتە هیچ لە دەست نەهاتووانە دەپەرستن) (٦٤) دوایی هەڵگەڕانەوە سەر سەریان، (گەڕانەوە بۆ حاڵەتی نەفامیی) و، گوتیان: بێگومان تۆ (ئیبراهیم) زانیوتە ئەوانە نادوێن! (٦٥) گوتی: ئەدی چۆن لە جیاتی خوا شتێک دەپەرستن، کە هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنێ و، (هیچ) زیانتان لێ نادات؟ (٦٦) ئۆف (بێزاریی) بۆ خۆتان و، بۆ ئەوانەی کە لە جیاتی خوا دەیپەرستن، ئایا نافامن؟ (٦٧) گوتیان: ئەگەر نیازتانە کارێک بکەن بۆ پەرستراوەکانتان، بیسووتێنن و، پەرستراوەکانتان سەربخەن (٦٨) (پاش خرانە نێو بڵێسەی ئاگری)، فەرموومان: ئەی ئاگر! ساردو سەلامەت بە لەسەر ئیبراهیم (٦٩) ئەوان پیلانیان لە دژ گێڕاو، ئێمەش گێڕامانن بە زیانبارترین (٧٠) خۆی و **لووط** (ی برازای)یشمان بەرەو لای ئەو سەر زەمینە، کە بۆ جیهانییان پیرۆزمان تێخستوە، دەرباز کردن (٧١) ئیسحاق و یەعقووبیشمان بە زێدە و سەربار پێدان و، هەر کامێکیشیانمان گێڕا بە چاکەکار (٧٢) هەروەها گێڕامانن بە پێشەوایانێک، کە بە فەرمانی ئێمە (خەڵکی) ڕێنمایی دەکەن و، ئەنجامدانی کردەوە پەسندەکان و، بەرپاکردنی نوێژ و زەکاتدانیشمان بۆ سروش کردن و، بۆ ئێمە پەرستەری بەردەوام بوون (٧٣) هەروەها پێشتر حیکمەت و زانیاریشمان بە **لووط** دابوو، لەو ئاوەدانییەشمان قوتار کرد، کە ڕەفتارە قێزەونەکانیان دەکردن، بە دڵنیایی ئەوان خەڵکێکی خراپەکارو لارێ بوون (٧٤)

خستیشمانە نێو (بازنەی) بەزەیی خۆمانەوە، بە دڵنیایی ئەو (لووط) لە بەندە چاکەکان بوو ﴿٧٥﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(**رُشۡدَهُۥ**): (**الرُّشْدُ: إِصَابَةُ الصَّوَابِ، الرُّشْدُ: الصَّلَاحُ**)، (**رُشْدُ**) بریتیە لەوەی کە ئینسان ڕاستیی بپێکێ و بە مانای چاکیی دێ و، دەگوترێ: (**رَشِدَ رَشَداً، رَشَدَ يَرْشُدُ**)، کارەکەی بەم شێوەیە دێ، دەگوترێ: (**هُوَ لِغَيْرِ رِشْدَةٍ، أَي غَيْرِ صَحِيْحِ النَّسَبِ**)، ئەگەر کەسێک گومانی لێ بکرێ کە کوڕی بابی خۆی نیە (زۆڵە)، دەگوترێ: (**هُوَ لِغَيْرِ رِشْدَةٍ**).

(**ٱلتَّمَاثِيلُ**): (**جَمْعُ التِّمْثَال: الصُّورَةُ المُصَوَّرَة**)، (**تَمَاثِيل**) کۆی (**تِمْثَال**)، وێنەیەکی کێشراوە، ئنجا چ پەیکەر بێ، چ لەسەر قوماشێک و یان دارو بەردێک وێنەکە کێشرابێ، دەگوترێ: (**فِي ثَوْبِهِ تَمَاثِيل**)، لە پۆشاکەکەیدا وێنە هەن، واتە: (**تَمَاثِيل**) کۆی (**تِمْثَال**)ە، کە دەبێتەوە بە وێنە، (**تَمَاثِيل: أَي صُوَرٌ حَيْوَانَات مُصَوَّرَة**)، وێنەی ئاژەڵانێکی وێنە کێشراو.

(**عَٰكِفُونَ**): (**عَكَفَ عَلَى الشَّيْءِ عُكُوفَاً وَعَكْفاً: لَازَمَهُ وَوَاظَبَهُ**)، واتە: پەیوەست بوو بەو شتەوە، یاخود پێوەی پەیوەست بوو و، لەسەری بەردەوام بوو، بەڵام زیاتر بۆ پەرستن بەکاردەهێنرێ، لەبەر ئەوەش (**الإِعْتِكَاف**) واتە: مانەوە لە مزگەوت و پەیوەست بوون بە مزگەوتەوە بە مەبەستی خوا پەرستن.

(**فَطَرَهُنَّ**): (**إِبْتَدَأَهُنَّ وَاخْتَرَعَهُن**)، واتە: هێناونی و دایهێناون، (**فَطَرَ يَفْطِرُ فَطْراً: أَي شَقَّ**) واتە: شەقی کرد، ئنجا (**فَاطِر**) واتە: کەسێک یان زاتێک کە دروستکراوەکان شەق دەکات و لە دەریای نەبوون دەریاندەهێنێ بۆ دەریای بوون.

(لَأَكِيدَنَّ): واتـە: پیلانێکیـان لـە دژ دەگێـڕم و فێڵێکیـان لێدەکـەم، (كَادَ فُلَانـاً: خَدَعَـهُ وَمَكَـرَ بِـه)، واتـە: فێڵـی لێکـردو پیـلانی لـە دژ گێـڕا، (كَادَلَـهُ: احْتَـالَ)، فێڵـی بـۆ کـرد، (وَكَادَهُ: أي أرَادَهُ بِسُـوءٍ) واتـە: نیـازی لەگەڵـی خـراپ بـوو، (الكَيْـدُ: إرَادَةُ مَـضَرَّةِ الغَـيْرِ خِفْيَـةً)، (کَیـد) ئەوەیـە بویسـترێ زیـان بـە بەرانبـەر بگەیەنـرێ، بـەڵام بـە شـێوەیەکی پەنهـان.

(جُذَاذًا): (جَـذَّهُ يَجُـذُّهُ جَـذًّا: أي كَـسَرَهُ أو قَطَعَـهُ، فَهُـوَ جَذِيْـذ وَمَجْـذُوذ، والجُـذَاذَة: القُرَاضَـةُ والجَمْـعُ جُـذَاذ، وَالجَذِيْـذُ: القِطْعَـةُ مِـنَ الحُطَـامِ وَالجَمْـعُ: جِـذَاذ وجُـذَاذ)، واتـە: شـکاندی، یاخـود بڕیـی، دوایـی ئـەوەی کـە دەبـڕدرێ پێـی دەگوتـرێ: (جَذِيْـذ وَمَجْـذُوذ)، واتـە: بـڕا و یـان شـکاو، (جُـذَاذَة) قەڵەمێـک کە دەتـاشرێ، یان شووشـەیەك کـە دەشـکێنرێ، ڕیشـاڵە وردەکانی پێیـان دەگوتـرێ: (جُـذاذَة)، کـە کۆیەکـەی بریتیـە لـە (جُـذاذ)، ﴿ فَجَعَلَهُمْ جُذَاذًا ﴾، واتـە: وردو خـاشی کـردن، (جَذيْـذ)، واتـە: پارچـە، پارچەیـەک لـە شـتێکی شـکێنراو، وشـەی (جَذيْـذ) هـەم بـە (جَـذاذ) و هـەم (جُـذاذ) کۆدەکرێتـەوە، هـەروەک لـە هـەردوو خوێندنەوەکـەدا ئـەوە هاتـوە.

(فَتًى): (الفَتَـى: الشَّـاب أَوَّل شَـبَابِه بَـيْنَ المُرَاهَقَـةِ وَالرُّجُولَـةِ، وَالفَتَـى: السَّـخِيُّ أو ذُو النَّجْـدَةَ)، (فَتًى) بـە گەنـج دەگوتـرێ لـە سـەرەتای گەنجیـەتی و هەرزەکاریـی و لـە نێوان هەرزەکاریـی و پیاوەتیـی دا، لاو، گەنـج، بـە بابـای سـەخیی و بەخشـندەش دەگوتـرێ: (فَتًى)، هەروەهـا بـە پیـاوی جوامێـر کـە لـە فریـای خەڵـک دێ، دەگوتـرێ: (فَتًى).

(نُكِسُوا): (نَكَسَ الـشَيء يَنْكُسُ نَكْسَـاً: قَلَبَـهُ، وَجَعَلَ أعْـلَاهُ أسْـفَلَهُ، أو مُقَدَّمَـهُ مُؤَخَرَهُ)، واتـە: هەڵگێڕدرانـەوەو، لینگـە و قـووچ کـران، سـەرە وبـن کـران، چونکـە (نَكَـسَ الـشَيءَ يَنْكُـسُ نَكْسَـاً: قَلَبَـهُ)، واتـە: هەڵیگێڕایـەوە لای سـەرێی کـردە خـوارێ و، لای خوارێـی کـردە سـەرێ، یاخـود لای پێشـێی کـردە دوایـە و، لای دواوەی کـردە پێشـێ.

(أُفٍّ لَّكُمْ): (أُفَ: كَلِمَـةُ تَضَجُّـرٍ وَتَكـرُه، تُضَمُّ هَمْزَتُهَا وَتُكْـسَرُ)، (إِفّ) و (أُفّ) دەگوترێ وشـەیەکە ئەمـە پێـی دەگوتـرێ: (إسـم الفعـل)، نـاوی کـردارە، واتـە: (أتضَجُّـرُ) مـن

بێزارم، بێزاریی دەردەبڕم، وشەیەکە بۆ بێزاریی دەربڕین و پێناخۆش بوون بەکاردێ.

(نَافِلَةً): (النَّافِلَةُ: مَا زَادَ عَلَى النَّصِيْبِ أوِ الحَقِّ، أو الفَرْضِ وَالجَمْعُ: نَوَافِل)، واتە: شتێک کە لە پشک زیاترە، لەو هەقەی کە مافی خۆتە لەو شتەی کە فەرز کراوە، (نَافِلَةُ) بە (نَوَافِل) کۆدەکرێتەوە، (نَوَافِل العِبَادَات) ئەو خوا پەرستییانەن لە فەرزەکان زیاترن.

کە لێرەدا کە دەفەرموێ: (نَافِلَة)، وەک لە مەسەلە گرنگەکان باسی دەکەین بۆ هەر کام لە ئیسحاق و یەعقووب خوای بەخشەر (نَافِلَة)ی بەکارهێناوە، چونکە ئیبراهیم داوای کوڕێکی لە خوا کرد، ئیسماعیلی پێدا، بەڵام دوایی ئیسحاقیشی پێدا، کە هەر کوڕی خۆ بووە، یەعقووبیشی بە ئیسحاقدا، بێ ئەوەی کە بۆ خۆی داوای کردبێ، واتە: ئەوانە زیادە بوون لە داواکردنەکەی.

(ٱلْخَيْرَٰتِ): (الخَيْرُ: اسْمُ تَفْضِيْلٍ عَلَى غَيْرِ قِيَاس)، واتە: باشتر، ناوی بە باشتر دانانە، بەڵام بەبێ قیاس، (الخَيْرُ: الحَسَنُ لِذَاتِهِ) شتێکە لە خودی خۆی دا باشە و، بە ماڵ و سامانی زۆری حەڵاڵیش دەگوترێ، دەگوترێ: (ذو الخَيْر) واتە: خاوەنی چاکە، (خَيْر)یش بە (أَخْيَار) کۆدەکرێتەوە.

(حُكْمًا): (الحُكْمُ: العِلْمُ وَالتَفَقُّهُ وَالحِكْمَة)، (حُكم) بریتیە لە زانیاریی و شارەزایی و لێزانیی.

(ٱلْخَبَٰٓئِثَ): (جَمْعُ خَبِيْثَة، خَبُثَ الشَّيءُ يَخْبُثُ خُبْثَاً وَخَبَاثَةً: صَارَ فَاسِدَاً)، (خَبَائِث) کۆی (خَبِيْثَة)یە، واتە: شتەکە تێکچوو، خراپ بوو، پیس بوو.

(سَوْءٍ): (رَجُلٌ سَوْءٌ وَعَمَلٌ سَوءٌ: السَّوءُ: يُقَالُ فِي القُبْحِ، السُّوْء: كُلُ مَا يَغُمُ الإنْسَانَ وَكُلُ مَا يَقْبُح)، (سَوْءٍ): واتە: خراپ، دەگوترێ: (رَجُلٌ سَوْءٌ) پیاوێکی خراپ، (وَعَمَلٌ سَوْءٌ) کردەوەی خراپ، (السَّوءُ: يُقَالُ فِي القُبْحِ) بۆ شتی ناقۆڵا و

خراپ وشەی (السُوءُ) بەکاردێ، (السُوْءُ: كُلُّ مَا يَغُمُّ الإنْسَانَ وَكُلُّ مَا يَقْبُح) وشەی (سُوء) هەر شتێکە کە ئینسان خەفەتی لێ بخوا و هەر شتێکە ناشیرین و ناقۆڵا بێ و، دزێو بێ، وشەی (سُوء) چاوگە، بەڵام (سَوءْ) دەبێتە وەسف و ناو.

مانای گشتیی ئایەتەکان

بەڕێزان!

ئەم (٢٥) ئایەتە، خوا ﷻ تێیاندا باسی بەسەرهاتی ئیبڕاهیم (خلیل اللە) ﵇ دەکات، لەگەڵ بابی و گەلەکەی دا کە بتپەرست بوون و، ئیبڕاهیم لێیان یاخیی بووە، لە خۆیان و لە بتەکانیان، ئنجا دیارە بتەکانیان دەشکێنێ، جگە لە بتە گەورەکە، ئەوانیش بانگی دەکەن بۆ دادگایی و، سەرەنجام بڕیار دەدەن کە بیخەنە نێو ئاگرەوە و بیسووتێنن، بەڵام خوا ﷻ فەرمان بە ئاگر دەکات، کە ساردو سەلامەت بێ لەسەر ئیبڕاهیم و، پاشان دەربازی دەکات بەرەو ئەو سەر زەمینەی کە پێزی تێخستوە، واتە: سەر زەمینی شام، خۆی و لووطی برازاشی و، هەروەها لە کۆتاییدا خوا ﷻ ئاماژەیەک بە لووط ﵇ و بەسەرهاتەکەی، دەکات.

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَآ إِبۡرَٰهِيمَ رُشۡدَهُۥ مِن قَبۡلُ﴾، بە دڵنیایی ئێمە پێشتر سەر ڕاستییمان بە ئیبڕاهیم بەخشیبوو، (رُشۡدَهُۥ) (الرشد): (إصَابَةُ الصَّوَاب) ئەوەیە کە ئینسان هەق بپێکێ، لە نیشانە بدات، بۆیە وشەی سەر ڕاستییم بۆ بەکارهێناوە، یان: بە مراد گەیشتن، بە ئامانج گەیشتن، کە (رشد) بەرهەمی هیدایەتە، هەروەک چۆن (غَيّ) بەرهەمی (ضَلَال)ە، ئینسان کە گومڕا بوو، بێمرادیش دەبێ، ژیان تاڵیش دەبێ، بە هەمان شێوەش کاتێک کە بە ڕێی زانیی و، بە ڕێگای ڕاستدا ڕۆیی، بە ئامانج دەگا و سەر ڕاست دەبێ.

پێویسته ئەوه بڵێین: کە ئێمە لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (إبراهیم)دا، بە درێژیی باسی بەسەرهاتی ئیبڕاهیممان کردوه، بۆیە لێرە هەر ئەوەندەی کە لێکدانەوەی واتای ئایەتەکان و، تێگەیشتن لە چەمک و واتای ئایەتەکان بیخوازێ، باسی بەسەرهاتی ئیبڕاهیم دەکەین ﵇، ئەو بەسەرهاتەی لەگەڵ گەلەکەیدا، چونکە لە تەفسیری سوورەتی (إبراهیم)دا، بە درێژیی قسەمان لە بارەی ئیبڕاهیمەوه ﵇ و، هەڵوێستەکانی و قۆناغەکانی ژیانیەوه کردوه.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە پێشتر سەر ڕاستییمان بە ئیبڕاهیم دابوو و، بە ئامانج گەیشتنمان پێی دابوو، پێشتر یانی: پێش مووسا و هاڕوونی برای ﵇، یان بەر لەوەی وەحیی بۆ بنێرین و بیکەینە پێغەمبەر ﵇، خوا ﷻ پێغەمبەرانی لە پێش پێغەمبەرایەتیشدا پاراستوون، لە شیرک و بتپەرستیی، ئەگەر نا دەگونجێ تووشی هەڵە و پەڵەی دیکە بووبن، بەڵام چونکە خوا ﷻ ئامادەی کردوون بۆ پلەو پێگەی بەرزی پێغەمبەرایەتیی، پێش پێغەمبەرایەتییش پاراستوونی لە شتێک کە پێی ناشیرین بن، بە تایبەت بیرۆکەی بتپەرستیی و پەرستنی غەیری خوا، لەبەر ئەوەی ڕێک پێچەوانەی فیتڕەت و خواڕسکی ساغی مرۆڤ و، پێچەوانەی عەقڵ و مەنتیقی سەلیمە، پێغەمبەرانیش (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، لە لووتکەی عەقڵ و مەنتیقدا بوون، بۆیە لەوه پارێزراو بوون، بەڵام شتی دیکە لێی ڕوودراون، کە بە زگماک و عەقڵ نەزانرێ و، وەک ئەو خەڵک و کۆمەڵگای کە لە نێویدا ژیاون، دەگونجێ کەم و زۆر تووشی هەندێ هەڵە و پەڵە بووبن، نەک شتێکی وا کە پێی ناشیرین بن و، کەسایەتییانی پێ لە کەدار ببێ.

﴿ وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ ﴾، ئێمە پێشتر پێی زانا بووین، واتە: پێی زانا و ئاشنا بووین، کە هەڵدەگرێ بەوجۆره سەر ڕاستیی و بە ئامانج گەیشتنی پێ ببەخشین.

﴿ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِيٓ أَنتُمْ لَهَا عَٰكِفُونَ ﴾، یاد بکەوە! کاتێک بە بابی و بە گەلەکەی خۆی گوت: ئەو پەیکەرانە چین کە ئێوە بەردەوامن لەسەریان، بەردەوامن لەسەر پەرستنیان، بە گەورەیان دەگرن، بە پیرۆزیان دەگرن و، دەیانپەرستن و، ملکەچییان بۆ دەردەبڕن؟

چونکە وشەی (عُكُوف) : (العُكُوفُ: مُلَازَمَةُ الشَّيء) ئەوەیە کە ئینسان بە شتێکەوە پەیوەست بێ و، لەسەری بەردەوام بێ، بەڵام لێرەدا بە پێی ڕەوت (سیاق) دەزانین، کە مەبەست پێی پەیوەست بوونە بە بەرزگرتن و، بە مەزنگرتن و، بە پەرستش ئەنجامدان بۆ بتەکانەوە، ﴿ قَالُواْ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا لَهَا عَٰبِدِينَ ﴾، وەڵامەکەیان ئەوەیە گوتیان: ئێمە باب و باپیران و پێشینانی خۆمانمان وابینیوە، کە هەر پەرستەری ئەم پەیکەرانە بوون.

(ٱلتَّمَاثِيلُ) کۆی (تِمْثَال)ە و، ئەویش بە وێنە دەگوترێ و، بە پەیکەریش دەگوترێ، وێنە یاخود پەیکەری ژیاندار، ئنجا مرۆڤ بێ، بە خەیاڵی خۆیان فریشتە بێ، یاخود هەر ژیاندارێکی دیکە بێ.

﴿ قَالَ لَقَدْ كُنتُمْ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمْ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴾، ئیبراهیم فەرمووی: بە دڵنیایی خۆتان و باب و باپیرانتان لە گومڕاییەکی ڕوون و بێ چەندو چووندا بوون، واتە: پەرستنی ئەو پەیکەرە بێ ژیان و بێ هەست و ویستانە، گومڕاییەکی ئاشکرایە کە ئێوە تێیدا بوون، خۆتان و باب و باپیرانتان.

ئاوا بەو شێوەیە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَام)، بەبێ لام و جیم و منجە منج، بە ڕوون و ڕاشکاویی قسەیان لەگەڵ خەڵک کردوە، نەک بە پێچ و گەوەو، بە لە ژێر لێوەوەو، بە توێکڵەوە، بەڵکو ڕێک و ڕوون قسەیان لەگەڵ خەڵکدا کردوە و، هەر کەسێک شوێن پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَام) بکەوێ، هەر دەبێ وابێ، بە تایبەتی لەو شتانەدا کە پێویست دەکات، کە بە ڕوونیی و ڕاشکاویی بگەیەندرێن، ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە بووناسیی و، بە ئیمان و

عەقیدەوەو، بە حەڵاڵ و حەرام و، بە چاکە و خراپەوە، دەبێ ڕێک و ڕاشکاو بە بێ توێکڵ، نوقتە بخرێتە سەر پیت، بۆ ئەوەی خەڵک بە باشی لێیان تێبگات و، دوایی بیانووی تەئویل و تەئویلکارییان نەبێ.

﴿ قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا بِٱلۡحَقِّ أَمۡ أَنتَ مِنَ ٱللَّٰعِبِينَ ﴾، باب و خەڵکەکەی گوتیان: ئایا تۆ هەقت بۆ هێناوین، یاخود تۆ لە گاڵتەکارانی؟ واتە: هەر بە ڕاستتە و بە جیددیی ئەو قسانە دەکەی، یاخود جەفەنگ و گاڵتە و سوعبەتمان لەگەڵ دەکەی؟! (لَاعِبْ) کۆیەکەی (ٱللَّٰعِبِينَ)ە، کە ئێستا پێی دەگوترێ: یارییزان و یاریچیی، ئینجا هەر جۆرە یارییەک بێ، بەڵام لێرە واتە: ئایا یاریی بە وشان دەکەی و بە جەفەنگ و گاڵتە قسەمان لەگەڵدا دەکەی، یاخود بە جیددیی، هەقت بۆ هێناوین، یاخود تۆ لە گاڵتە و جەفەنگ کارانی؟

﴿ قَالَ بَل رَّبُّكُمۡ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلَّذِي فَطَرَهُنَّ ﴾، واتە: پێویستی نەکرد بڵێ من بە جیددییمە، هەر یەکسەر پەیامەکەی خۆی گەیاند، گوتی: بەڵکو پەروەردگاری ئێوە، خاوەن و پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە، کە ئێوەی هێناونە دی، لە نەبوونەوە پەیدای کردوون، ﴿ وَأَنَا۠ عَلَىٰ ذَٰلِكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴾، من لەسەر ئەو ڕاستییەتان کە پێتان ڕادەگەیەنم لە شایەدانم، واتە: ئامادەم بۆتان ئیسپات بکەم، چونکە شایەد بە کەسێک دەگوترێ، بتوانێ شتێک ئیسپات بکات، بڵێ: ئەو شتەم بینیوە، ئینجا لەوەوە خواستوویانەتەوە بۆ هەر کەسێک کە پەیامێک بگەیەنێ، دەڵێ: من شایەدم لەسەر ئەوە، واتە: دەتوانم ئیسپاتی بکەم و بیسەلمێنم، با بە چاوی سەریش شتێکی نەبینیبێ، ئەگەر نا شایەد: (الشَّاهِدُ مَنْ شَهِدَ)، وشەی (شَهِدَ) یان بە واتای (رأی) شتەکەی بینیوە، یاخود بە واتای (حَضَر) ئامادە بووە لەو کاتەدا کە کارەکە ئەنجامدراوە.

﴿ وَتَٱللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصۡنَٰمَكُم بَعۡدَ أَن تُوَلُّواْ مُدۡبِرِينَ ﴾، سوێند بە خوا پیلانێک لە دژی بتەکانتان دەکەم، دوای ئەوەی دەڕۆن و ئێرە بەجێ دێڵن، پیلانێکیان لە

دژ دەگێرم، تەگبیرێکیان لێ دەکەم، تەگبیرەکەشی بریتی بووە لە وردو خاش (تدمیر) کردنیان، ئنجا ئایا ئەم قسەیەی ڕووبەڕوو بە بابی و گەلەکەی گوتوە، یاخود لە دڵی خۆیدا ئەو قسەیەی کردوە؟ وا پێدەچێ ڕووبەڕوو پێی گوتبێ، بەڵام ئەدی چۆن بەجێیان هێشتوە؟ چۆن دەرفەتیان داوە بتەکان بشکێنی؟ وا پێدەچێ تێیان ڕانەبینیبێ، یاخود پێیان وابووبێ بتەکانیان بەرگریی لە خۆیان دەکەن، یاخود بەڵایەکی بەسەر دەهێنن، بۆیە وا پشت ئەستوور بوون، یاخود ڕەنگە پێیان وابووبێ ئەو هەڕەشەیەی کە دەیکات بە جیدیی نیە، ئەگەرنا دەبووایە پاسەوان و ئێشکچییان لە بتخانەکەیاندا دانابان، بۆ ئەوەی ئاگادارییان لێ بکەن، بەڵام ڕەنگە وەگ گوتم: یان بڕوایان وابووە ئەو بتانە بەرگریی لە خۆیان دەکەن، هەر کەسێک بە مەبەستی خراپە توخنیان بکەوێ، زیانی پێ دەگەیەنن، یان مەبەستیان ئەوە بووە: ئیبراهیم ناوێرێ شتی وا بکات، تەنیا قسەیەکی کاتی هەڵچوون و تووڕەبوونە، کردوویەتی، ﴿ فَجَعَلَهُمْ جُذَاذًا ﴾، گێڕانی بە شکاو و پکاو.

(جُذَاذ) یاخود (جِذاذ) کۆی (جُذاذة)یە، شتێکی ڕەق کە شکابێ، پارچە پاچەکانی پێیان دەگوترێ: (جُذَاذ)، واتە: وردو خاشی کردن و، کردنی بە لەتک و پەتکی ورد، لەبەر ئەوەی بتەکان لەبەردو شووشە و ئەو شتانە بوون، کە بشکێنرێن، یاخود ئەگەر لە دارو تەختەش بووبن، تەشوویەکی بەدەستەوە گرتوە و وردو خاشی کردوون، ﴿ إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمْ ﴾، جگە لە گەورەیەکیان، واتە: بتە گەورەکەیانی هێشتەوە، ﴿ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ ﴾، بەڵکو بگەڕێنەوە بۆ لای، ئەمە یان بە توانج و تەوسەوەیە، واتە: بگەڕێنەوە بۆ لای: تۆ کە گەورەی ئەو بتانە بووی، بۆچی ئاگات لەوانە نەبوو، کێ ئەو بتانەی شکاندوون، پێمان بڵێ و هەواڵمان پێبدە؟

یاخود ﴿ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ ﴾، ئەم ڕاناوی (إِلَيْهِ) بۆ خوا دەگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ لای خوا بگەڕێنەوە، کە وەک چۆن ئەو بتە گەورە قبووڵی نەکردوە،

ئەو بتە گچکانە لەگەڵیدا بپەرسترێن، خوای پەروەردگاریش چۆن قبووڵ دەکات، هەندێ لە دروستکراوەکانی لەگەڵیدا بپەرسترێن؟

هەندێکیش گوتوویانە: ﴿لَعَلَّهُمۡ إِلَيۡهِ يَرۡجِعُونَ﴾، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە لای ئیبراهیم و، سەرەنجام بانگی بکەن و، دادگایی بکەن و، ئەویش پەیامی هەقی خوایان پێ ڕابگەیەنێ، لە کاتی وتوێژ و دیالۆگ لەگەڵیاندا، بەڵام وا پێدەچێ زیاتر ئەوەی یەکەمیان مەبەست بێ، واتە: بەڵکو بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو بتە گەورەیە.

﴿قَالُواْ مَن فَعَلَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَآ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾، گوتیان: کێ ئەوەی بە پەرستراوەکانمان کردوە، بە دڵنیایی ئەو لە ستەمکارانە؟ ئەوەی بە پەرستراوەکانمان کردوە، واتە: ئاوا سەرو گوێی شکاندوون و، کردوونی بەلەت و پەت.

﴿قَالُواْ سَمِعۡنَا فَتًى يَذۡكُرُهُمۡ يُقَالُ لَهُۥٓ إِبۡرَٰهِيمُ﴾، گوتیان: گوێمان لە گەنجێک بوو باسی دەکردن، واتە: بە خراپە باسی دەکردن و، دژایەتیی دەکردن، کە پێی دەگوترا: ئیبراهیم، یانی: بابایەکی نەناسراو بووە، ڕەنگە ئەو کاتە ئیبراهیم گەنج بووبێ و، تازە گەیبێتێ، یاخود ویستبێتیان نادیدەی بگرن، واتە: بابایەکی کەس نەناسە، بابایەکە کەس نایناسێ، بابایەکی نامۆیە و ناسراو نیە، وشەی (فَتًى)ش بۆ لە دوای باڵغ بوونەوە، بەکاردێ، ئەو کاتەی ئینسان دەکەوێتە حاڵەتی تین و تاقەت، واتە: لاو و گەنج، ﴿قَالُواْ فَأۡتُواْ بِهِۦ عَلَىٰٓ أَعۡيُنِ ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَشۡهَدُونَ﴾، گوتیان: بە بەرچاوی خەڵکەوە بیهێنن، بەڵکو ببینن، یاخود بەڵکو ئامادەبن لە کاتی دادگایی کردنیدا، بچن سۆراغی بکەن و بیهێنن.

﴿قَالُوٓاْ ءَأَنتَ فَعَلۡتَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَا يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ﴾، دیارە خوای کارزان هەمووی دەپێچێتەوە، کە چوون لێی گەڕاون و سۆراغیان کردوە و پشکنیویانە، ئنجا داخۆ ئیبراهیم لە کوێ بووە، هێناویانە و ئامادەیان کردوە، ئنجا گوتیان: ئایا تۆ ئەوەت بە پەرستراوەکانمان کردوە، ئەی ئیبراهیم؟ نەیانگوتوە: تۆ شکاندووتن؟

یاخود تۆ لەت و پەتت کردوون؟ بەڵکو گوتوویانە: تۆ ئەوەت پێ کردوون؟ لە زاریان ڕا نەهاتوە کە پەرستراوەکانیان بە لەت و پەتکراو وەسف بکەن، یان بە شکاو و پکاو وەسف بکەن!

﴿ قَالَ بَلْ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا فَسْـَٔلُوهُمْ إِن كَانُوا۟ يَنطِقُونَ ﴾، ئیبراهیم گوتی: بەڵکو ئەو گەورەیان وایکردوە، لێیان بپرسن، ئەگەر دەدوێن، ئەگەر ئەوان قسە دەکەن و دەدوێن، لێیان بپرسن، گەورەکەیان وای لێکردوون، چونکە قبووڵی نەکردوە ئەوان لەگەڵیدا بپەرسترێن، لێرەدا (وەک دواتریش لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین) کە ئیبراهیم دەڵێ: بەڵکو گەورەکەیان وایکردوە، ئەو قسەیە ئاشکرایە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێ، چونکە ئیبراهیم خۆی وایکردوە، ئنجا ئایا مەبەست پێی چییە؟ وا دێتە بەرچاو ئەو تەئویلە ڕاست بێ، وەک چۆن کەسێک لێت دەپرسێ: تۆ ئەو کتێبەت داناوە؟ تۆش لە وەڵامدا دەڵێی: نەخێر تۆ داتناوە! واتە: ئەدی ئەگەر من دام نەنابێ، کێ دایناوە؟ یان شتێک دەکرێ کەسێک دەپرسێ و دەڵێ: ئەرێ ئەوە کێ کردوویەتی؟ یەکێک دەڵێ: جەنابت کردووتە (بە تەوسەوە)، واتە: شتێکی وایە کە لە توانای تۆدا نیە، خۆتی لێ بکەی بە خاوەن، هەڵبەتە تەئویلی دیکەش کراون، کە دوایی باسیان دەکەین.

﴿ فَرَجَعُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ﴾، ئنجا گەڕانەوە بۆ لای خۆیان، واتە: چاویان بە خۆیاندا گێڕایەوە، کە دەڵێ: گەڕانەوە بۆ لای خۆیان، بێگومان خۆیان هەر لەگەڵ خۆیان بوون، بەڵام یانی: موراجەعەی خۆیان کردەوەو، چاویان بە خۆیاندا گێڕایەوە، ﴿ فَقَالُوٓا۟ إِنَّكُمْ أَنتُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴾، لە نێو خۆیاندا هەندێکیان بە هەندێکیان گوت: بە دڵنیایی ئێوە ستەمکارن، ئەو شتانە دەپەرستن کە توانای قسەکردنیان نیە، نەک نەیانتوانیوە بەرگریی لە خۆیان بکەن، بەڵکو دوای ئەوەی کە شکێنراویشن، ئەوەتا بتە گەورەکەشیان توانای ئەوەی نیە، هەر هەواڵیشتان پێ بدات، کە کێ وایلێکردوون؟ کەواتە: ئێوە ستەم لە خۆتان دەکەن ئەوانە دەپەرستن، کە هیچ کارە نین و هیچیان لە دەست نایەت و، ناوا دەستە پاچەن!

﴿ ثُمَّ نُكِسُواْ عَلَىٰ رُءُوسِهِمْ ﴾، دوایی هەڵگەڕانەوە بۆ سەر سەریان، (نَكْس) ئەودیە شتێک لای خوارێی بکەیە لای سەرێ و، لای سەرێی بکەیە لای خوارێی، واتە: سەرەوبن بوونەوەو، لینگەو قوچ بوونەوەو، هەڵگێڕدرانەوە سەر سەریان، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ نُكِسُواْ ﴾، واتە: هەڵگێڕدرانەوە، وەک ئیرادەو ویستی خۆیانیان لە دەستدا بێ، ئەگەرنا هەڵوێستەکە هەر هی خۆیان بووە، ئنجا لە پێشدا بە تەما بوون: ببنە بەشەر، کە خۆیان تاوانبارو ستەمکار ناوزەند کرد، خەریک بوو ڕێگای ڕاست بگرن، بەڵام ئەوە هەر تاوێک بو و، هەر تۆزێک بوو کە فیتڕەت و خواڕسکیان هاتە هۆش و بێدار بوونەوە، خەریک بوو بێدار ببنەوە و وەک بەشەرو مرۆڤێکی عاقڵ و فامیدە قسە بکەن، بەڵام ئەوە هەر تۆزێک بوو، دوایی جارێکی دیکە هەڵگێڕدرانەوە سەرسەریان و، سەرەو بن کرانەوە، ﴿ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَٰٓؤُلَآءِ يَنطِقُونَ ﴾، گوتیان: تۆ دەزانی ئەوانە قسە ناکەن! (هَٰٓؤُلَآءِ) ڕاناوی کۆی عاقڵانیان بەکارهێناوە، چونکە پێیان وا بووە، ئەوانە (بتەکان) عاقڵن و، خاوەن ویست و هەست و شعوورن، گوتیان: تۆ دەزانی کە ئەوانە قسە ناکەن، چۆن لێیان بپرسین؟ چۆن لە گەورەکەیان بپرسین؟!

﴿ قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْـًٔا وَلَا يَضُرُّكُمْ ﴾، گوتی: ئایا لە جیاتی خوا، لە خوار خواوە و لەگەڵ خوادا، شتێک دەپەرستن کە هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنێ و، هیچ زیانێکتان لێ نادات، تەنانەت قسەشتان لەگەڵ ناکات؟ ئیبراهیم عَلَيْهِ السَّلَام ئامانجە سەرەکییەکەی لە شکاندنی بتەکان و پاشان دادگایی کرانی، هەر ئەو دیالۆگە بووە کە بڵێ: ئەوەتا ئێوە شتانێک دەپەرستن کە هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنن و، هیچ زیانێکیشتان لێ نادەن و، تەنانەت توانای دووان و قسەکردن و هەواڵدانیشیان نیە!

﴿ أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، وشەی (أُفٍّ) ناوی کار (إسم فعل)ە، وەک (صَهْ) واتە: (أسكت) بێدەنگ بە، هەروەها (دونك) واتە: (خُذْ) بیگرە، (أُفٍّ) دەڵێ: (كَلِمَةُ تَضَجُّرٍ وَتَكَرُّهٍ) واتە: من بێزاریی دەردەبڕم و، ناڕەحەتیی

دەردەبڕم لە ئێوە و، لەوەی کە لە جیاتی خوا، یان لەگەڵ خوادا دەیپەرستن، ﴿أَفَلَا تَعۡقِلُونَ﴾، ئایا نافامن؟ ئایا عەقڵتان بەکارناهێنن؟ کە نابێ شتێک بپەرسترێ نە سوودی هەیە و نە زیان و، نە توانای بەرگریی لەخۆ کردنی هەیەو، نە توانای دووانی هەیە؟

﴿قَالُواْ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓاْ ءَالِهَتَكُمۡ إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ﴾، گوتیان: بیسووتێنن و پەرستراوەکانتان سەربخەن، ئەگەر ئێوە ئەنجامدەرن، واتە: ئەگەر ئەنجامدەری کارێکن کە سوودێکتان پێ بگەیەنێ، دەبێ هەر ئەوە بکەن.

ئنجا ئەمە هەمووی دەپێچێتەوە کە لە کتێبە مێژوویەکاندا هاتووە، چۆن داریان کۆکردوونەوە، ئەو کاتە سووتەمەنی زیاتر دار بووە، کۆڵە داریان هێناون و، داریان کۆکردوونەوە و کردوویانە بە لێژنەیەکی گەورە، ئنجا ئاگریان تێبەرداوە و، بڵێسەی چۆتە ئاسمانێ و، لەسەری سەرەوە باڵندەی پرووکاندوون، ئنجا ئیبراهیم چۆن بخەنە نێو ئەو ئاگرەوە، کە بڵێسەی بەرەو کەهکەشان بەرز بۆتەوە، خۆیان نیزیک ببنەوە خۆشیان دەسووتێن بە ئاگرەکە؟ ئیبراهیمیان خستۆتە نێو مەنجەنیق، مەنجەنیق وەک تۆپهاوێژ (مدفع) وابووە، وەک ئەوەی کە تۆپ و هاوەنی پێ هەڵدەدرێ، خستوویانەتە نێو مەنجەنیقەوەو، بەو مەنجەنیقە هەڵیانداوەتە چڵە پۆپەی ئاگرەکە، بۆ ئەوەی بچێتە نێو ئاگرەکە لە باری سەرێیەوە، ئنجا هەندێک کەس وا دەزانێ کە مەنجەنیقەکە خودی ئاگرەکەیە، دەڵێ: مەنجەنیقیان بۆ داخست، ئا، مەنجەنیق ئەوە بووە کە پێیان هەڵداوەتە نێو ئاگرەکە و، پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ یەکەمجار لە نیوە دوورگەی عەرەبییدا هەر کام لە دەبابە و مەنجەنیقی بەکارهێناون، لە جەنگ دا لە دژی کافرەکان، بە تایبەت لە کاتێکدا کە قەڵاکانی شاری (طائف)یان ئابڵووقە داون، مێژوونووسان دەڵێن: لە نیوە دوورگەی عەرەبیی دا، بۆ یەکەم جار دەبابە و مەنجەنیق لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ لە لایەن سوپای ئیسلامەوە بەکارهاتوون، دەبابەی ئێستاش، هەر لەسەر شێوەی دەبابەی ئەو کات دروستکراوەتەوە، کە شێوەیەکی سادەی هەبووە،

لە نێوە دوورگەی عەرەبییدا بۆ یەکەمجار، ئەگەرنا پێشتر دیارە لەنێو دەوڵەتانی دیکەدا هەبووە.

﴿ قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ﴾، ئێمەش گوتمان: ئەی ئاگر! سارد بە و سەلامەت بە (واتە: بێ زیان بە) لەسەر ئیبراهیم، ﴿ وَأَرَادُواْ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَٰهُمُ ٱلْأَخْسَرِينَ ﴾، ئەوان پیلانیان لە دژی گێڕا، پیلان و فێڵیان بۆی ویست، بەڵام ئێمە ئەوانمان گێڕا بە زیانبارترین، واتە: فێڵەکەیان هیچ زیانێکی بە ئیبراهیم نەگەیاندو، ماندووبوونەکەشیان بە فیڕۆ چوو، تێشیدا شەرمەزارو عەیبدار بوون.

﴿ وَنَجَّيْنَٰهُ وَلُوطًا إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِي بَٰرَكْنَا فِيهَا لِلْعَٰلَمِينَ ﴾، ئەویش و لووطیشمان دەربازکرد بۆ ئەو سەر زەمینەی کە پێزمان تێخستوە و، بەرهەمدارو بەرەکەتدارمان کردوە، بە دڵنیایی مەبەست پێی سەر زەمینی شامە، بە زۆر بەڵگان، یەکێک لە بەڵگەکان ئەوەیە هەر لە قورئاندا، خوا ﷻ لە سەرەتای سوورەتی (الإسراء) ئایەتی (١)دا دەفەرموێ: ﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِي بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنْ ءَايَٰتِنَآ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴾، وەک لە تەفسیری سوورەتی (الإسراء)دا بە تەفسیل باسمان کردوە.

﴿ وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ نَافِلَةً ﴾، ئیسحاق و یەعقووبمان بە زیادە پێ بەخشین، ﴿ وَكُلًّا جَعَلْنَا صَٰلِحِينَ ﴾، هەر کامێکیانمان گێڕا لە چاکان، کە دەفەرموێ: ﴿ نَافِلَةً ﴾، واتە: بێ ئەوەی خۆی (ئیبراهیم) داوای کردبێ، ئیسحاقمان پێبەخشی و، دواتریش یەعقووبیش کە کوڕی ئیسحاقە و ئیبراهیم عليه السلام یەعقووبیشی هەر بینیوە، وەک ئەوەی خۆی، لەبەر ئەوەی کاتێک ئیبراهیم دەپاڕێتەوە، خوای پەروەردگار ئیسماعیلی پێدەدات، بەڵام بە بێ پاڕانەوە، ئیسحاقی پێداوە و، دوای ئیسحاقیش یەعقووبی بە ئیسحاق داوە، کە ئەوەی ئیبراهیمە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ نَافِلَةً ﴾، چونکە (نَافِلَةً) بریتیە لە: زیادە لە شتی داواکراو و فەرزکراو، یاخود زیادە لەوەی کە تۆ هەتە.

﴿ وَجَعَلْنَٰهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا ﴾، گێڕاشمانن بەسەر مەشق و پێشەوا بۆ خەڵک، کە بە فەرمانی ئێمە خەڵکیان ڕێنمایی دەکرد، ﴿ وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِمْ فِعْلَ ٱلْخَيْرَٰتِ وَإِقَامَ ٱلصَّلَوٰةِ وَإِيتَآءَ ٱلزَّكَوٰةِ ﴾، ئەنجامدانی کردەوە باشەکانمان بۆ سروشکردن، هەروەها بەرپاکردنی نوێژ و زەکاتدان، بەرپاکردنی نوێژ و زەکات، کاکڵەی کردەوە باشەکانن، ئەوە پێی دەگوترێ: (ذِكْرُ الخَاصّ بَعْدَ العَام)، باسی شتی تایبەت دوای شتی گشتیی، ئەگەرنا (فِعْلَ ٱلْخَيْرَٰتِ) ئەنجامدانی کردەوە چاکەکانە و، دیارە لە نێو کردەوە چاکەکاندا، کردەوە چاکترەکانی نوێژ و زەکات لە هەموویان تایبەتترن، بۆیە خوا ﷻ دوای ئەوەی بە گشتیی باسی کردەوە چاکەکانی کردوە، بە تایبەتی باسی نوێژ و زەکات دەکات، ﴿ وَكَانُوا۟ لَنَا عَٰبِدِينَ ﴾، ئەوان بۆ ئێمە پەرستەر بوون و، ملکەچ بوون و، فەرمانبەر بوون و بەندایەتییان بۆ ئێمە ئەنجام دەدا.

ئنجا لە کۆتاییدا ئاماژەیەکی کورت دەکات بە بەسەرهاتی لووط ﷺ: ﴿ وَلُوطًا ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ﴾، هەروەها حیکمەت و زانیارییشمان بە لووط بەخشیبوو، ﴿ وَنَجَّيْنَٰهُ مِنَ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَت تَّعْمَلُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ ﴾، لەو ئاوەدانییەی کە کردەوە قێزەون و خراپەکانیان ئەنجام دەدان، یانی: لە خەڵکەکەیان، خەڵکی ئەو شارەی کردەوە قێزەون و خراپ و تاوانەکانیان ئەنجام دەدان (کە یەکێکیان بریتی بوو لە نێربازیی) دەربازمان کرد، ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ فَٰسِقِينَ ﴾، بێگومان ئەوان خەڵکێکی خراپەکارو ناقۆڵا و ناشیرین و، لارێ و لادەر بوون، ﴿ وَأَدْخَلْنَٰهُ فِى رَحْمَتِنَآ ﴾، خستمانە نێو بەزەیی خۆمانەوە، ﴿ إِنَّهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئەو لە چاکان بوو، لەو بەندە چاکانەی خوا بوو، کە چاکە نەبێ لێی چاوەڕوان نەدەکرا.

ئێمە بەسەرهاتی لووطیشمان ﷺ، پێشتر بە تەفصیل لە تەفسیری سووڕەتی (هود)دا باسکردوە، لێرەش خوای موتەعال تەنها ئاماژەیەکی کورتی پێداوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بەسەرهاتی ئیبراهیم ﵇ کە خوا ﷻ پێشتر سەر ڕاستیی و بە ئامانج گەیشتنتی پێدا بوو، پێی زانا بوو، باسی وتووێژی لەگەڵ بابی و گەلەکەیدا، لەسەر پووچیی بیرۆکەی بتپەرستیی و، بیانووی ئەوان بەوە کە پێشینانیان لەسەر ئەو ڕێچکەیە بینیوە و، ڕەخنە گرتنی ئیبراهیم ﵇ لە خۆیان و باب و باپیرانیان و، ڕاگەیاندنی خاوەنداریێتیی و پەروەردگاریێتیی خوا بۆ ئەوان، کە هاو کات خاوەن و پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە و، هەڕەشەکردنی بە شکاندنی بتەکانیان و، جێبەجێکردنی هەڕەشەکەی و، وردو خاشکردنی پەیکەری بت و صەنەمەکانیان، جگە لە بتە گەورەکەیان بۆ ئەوەی بۆ لای بگەڕێنەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِىٓ أَنتُمْ لَهَا عَٰكِفُونَ ﴿٥٢﴾ قَالُوا۟ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا لَهَا عَٰبِدِينَ ﴿٥٣﴾ قَالَ لَقَدْ كُنتُمْ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمْ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٥٤﴾ قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا بِٱلْحَقِّ أَمْ أَنتَ مِنَ ٱللَّٰعِبِينَ ﴿٥٥﴾ قَالَ بَل رَّبُّكُمْ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلَّذِى فَطَرَهُنَّ وَأَنَا۠ عَلَىٰ ذَٰلِكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٥٦﴾ وَتَٱللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَٰمَكُم بَعْدَ أَن تُوَلُّوا۟ مُدْبِرِينَ ﴿٥٧﴾ فَجَعَلَهُمْ جُذَٰذًا إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ ﴿٥٨﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئێمە پێشتر سەر ڕاستییمان بە ئیبراهیم بەخشیبوو، ئەمە بۆچی تەئکید کراوەتەوە؟ پێشتریش گوتوومانە: (و) بۆ

یادانەوە و گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتەیە، بۆ سەر بەسەرهاتی پێشێ، بەڵام ئایا (ل) لامی سوێند (لام القَسَم) یاخود لامی زەمینە خۆشکەر (لام المُمَهِّدة للقسم) لەگەڵ (قَدْ) کە بۆ ساغکردنەوە (تحقيق) و دڵنیاکردنەوە و جەختکردنەوەیە، بۆچی بەکارهاتوون؟ وەڵامەکەی: (**تَأْكِيْدُ الخَبَرِ لِتَنْزِيْلِ العَرَبِ مَنْزِلَةَ المُنْكِرِ لِكَوْنِ إبْرَاهِيم أوتِيَ رُشْدَاً مِنْ قَبْلِ أنْ يُؤتَى مُوسَى التَّوْرَاة**)، واتە: ئەم هەواڵە بۆیە جەختی لەسەر کراوەتەوە، وەک گەلی عەرەب {کە یەکەمین دوێنراوی قورئان بوون، ئەگەرنا بۆ هەموو گەلانی دیکەش دابەزێنراوە} نکووڵیی بکەن لەوەی کە ئیبراهیم عليه السلام پێغەمبەری خوا بووە و، بەرلەوەی مووسا تەوراتی بدرێتێ، ئەو سەر ڕاستیی پێداوە، بە بەڵگەی ئەوە کە ئەوان جگە لە خوا بت دەپەرستن، لە حاڵێکدا کە خۆشیان بە شوێنکەوتووی ئیبراهیم دەزانن، ئنجا ئەوان هەرچەندە بە زمانی وتار (مَقَال) دەڵێن: ئیبراهیم باپیرەمانە و، لەسەر ڕێبازی ئەوین، بەڵام بە زمانی حاڵ پێچەوانەی ئیبراهیم دەجووڵێنەوە، بۆیە خوا ﷻ وا دەیاندوێنێ کە: ئێوە نکووڵیی دەکەن لەوەی ئیبراهیم عليه السلام پێش مووسا و هاڕوونی برای، سەر ڕاست کراوەو بە ئامانج گەیەنراوە و، هەق و ڕاستیی پێدراوە و لێی حاڵیی کراوە، بە بەڵگەی ئەوە کە ئێوە وەک ئەو ناکەن.

پێشتریش گوتمان: (رُشْد) واتە: (إصَابَةُ الصَّوَاب) پێکانی ڕاستیی، بە ئامانج گەیشتن، سەر ڕاستیی.

٢)- ﴿وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ﴾، ئێمە پێشتر پێی زانا بووین و ئاشنا بووین، واتە: ئێمە پێشتر پێی زانا بووین و ئاشنا بووین، کە شایستەی ئەوەیە ئەو چاکەیەی لەگەڵدا بکەین و، بەو شێوەیە ڕێزی لێبگرین.

ئنجا دێتە سەر باسی بەسەرهاتەکەی لەگەڵ بابی و گەلەکەیدا:

٣)- ﴿إِذۡ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦ﴾، یاد بکەوە! کاتێک بە بابی و بە گەلەکەی خۆی گوت، بێگومان بابی (ئازەر) بووە، وەک لە سووڕەتی (الأنعام)دا هاتوە و، بە درێژیی لەوێدا باسمان کردوە، ئنجا هەندێک لە توێژەردوانی قورئان، کە پێم وایە زیاتر لە ژێر کاریگەریی

هەندێک لە زانایانی شیعە دان، دەڵێن: ئازەر مامی ئیبراهیم بووە، چونکە ئەوان قەناعەتیان وایە کە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، ناگونجێ بابیان کافر بووبێ، وەک بەرگریی کردنێک لە ئەبووتاڵیبی مامی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەویش بە مسوڵمان دادەنێن، بەڵام بە هەر حاڵ ئەو قسەیە هیچ نیە، لە کاتێکدا کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿٧٤﴾ ﴾ الأنعام، واتە: کاتێک ئیبراهیم بە بابی خۆی ئازەری فەرموو: ئایا تۆ بتان دەکەیە پەرستراو، من خۆت و گەلەکەت لە گومڕاییدا دەبینم، یان لە سوورەتی (مریم)دا، کە بە تەفصیڵ لەوێشدا مشت و مڕی دەبێ لەگەڵ بابیدا، (يا أبت) (يا أبت) ئەی بابی خۆم! ئەی بابی خۆم! ئنجا ئەگەر مامی بووایە، یەکجار دەیگوت: ئەی مامی خۆم!

بۆیە ئەو قسانە هیچ نین، کە پێچەوانەی ڕواڵەتی قورئانن و، ئەو قسانە لە ژێر کاریگەریی تەئویل و پینە و پەڕۆیەکدان، کە مەبەستێک ئەو جۆرە کەسانە ناچار دەکات، بیکەن، ئەگەرنا ڕواڵەتی ئایەتەکان چۆنە بە پێی زمانی عەرەبیی، دەبێ ئاوا لێکی بدەینەوەو بەملاولادا نەچین!

کاتێک ئیبراهیم بە بابی و بە گەلەکەی گوت:

٤)- ﴿ مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِيٓ أَنتُمْ لَهَا عَٰكِفُونَ ﴾، ئەم پەیکەرانە چین کە ئێوە پێیانەوە پەیوەستن؟ وشەی (عَٰكِفُونَ) (ضُمِّنَ عَاكِفُونَ مَعْنَى العِبَادَة فَعُدِّيَ بِاللام)، (عَكَفَ لَهَا) ئەصڵی خۆی (عَكَفَ عِنْدَها)یە، لە لای مایەوە و پێیەوە پەیوەست بوو، بەڵام کە دەفەرموێ: (عَكَفَ لَها: يَعْنِي عَكَف عِنْدهَا عَابِداً لَهَا)، لێرەدا وشەی (عَٰكِفُونَ) هەم مانا ئەصڵییەکەی خۆی، کە بریتیە لە پەیوەست بوون، دەگەیەنێ و، هەم بە هۆی ئەوەوە کە تێپەڕی پێکراوە بە (ل) مانای پەرستنیشی خراوەتە نێو، واتە: (أَنْتُم لَهَا عَابِدُوْن وَعَاكِفُون عِنْدَهَا) ئێوە پەرستەری ئەو پەیکەرانەن و، پێشیانەوە پابەندن و لەلایان دەمێننەوە.

(الإِنْكَارُ مُنْصَبٌّ عَلَى عِبَادَتِهِم لِلأَصْنَام، لَكِنْ جَاءَ الإِسْتِفْهَام عَنْ ذَاتِ الأَصْنَام لإِسْتِنْطَاقِهِم بِمَا يُرِيْد!)، بێگومان نکووڵییکردنەکەی ئیبراهیم ﷺ ڕووی پێ

لە پەرستنیان بۆ پەیکەرەکان کراوە، بەلام کە دەڵێ: ﴿ مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ﴾، پرسیارکردنەکە لە بارەی خودی پەیکەرەکانەوەیە، مەبەستی ئەوەیە کە لەسەر زمانی خۆیان دانیان پێ پێدا بێنێ، کە بۆچی ئێوە لە لای ئەو بتانە دەمێننەوە و دەیانپەرستن و بە گەورەیان دەگرن؟ تاکو خۆیان تەعبیر بکەن لەو هاندەرو پاڵنەرەی کە وای لێکردوون ئەو پەیکەرانە بپەرستن، کە سەرەنجام دەڵێن:

٥)- ﴿ قَالُواْ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا لَهَا عَٰبِدِينَ ﴾، گوتیان: باب و باپیرانی خۆمان وا بینیون کە پەرستەریان بوون، پەرستەری ئەو پەیکەرانە بوون، واتە: پەرستنی ئەو پەیکەرو بت و صەنەمانە، نەریتێکی لە مێژینەی ئێمەیە و، بەشێکە لە کەلتوورمان و، بەشێکە لە نەریتێکی لە مێژینەمان، کە هەروا بووین، ئنجا ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ، کە هەر کەسێک بەڵگە بێنێتەوە، بەوەی کە شتێک دەکات، یان شتێک دەڵێ، کە لە پێش ئەودا کراوە و گوتراوە، بەبێ ئەوەی سەرنج بدات: کە ئەو شتەی لە پێش ئەودا کراوە و گوتراوە، ڕاستە یان چەوتە؟ لە ڕاستییدا ئەوە بزانێ یان نەزانێ، دانی پێدابێنێ یان نەهێنێ، نەریتی کافرو بتپەرستەکانی ڕەچاو کردوە، کە بە داخەوە ئەوە کەم و زۆر لە نێو ئەهلی ئیسلامیشدا هەیە، ئنجا کەسێک کە عادەتێک، یان نەریتێک، یان هەڵوێستێک، یان شتێک دەکات، چ وەک دینداریی، چ وەک دنیاداریی، چ وەک لایەنی کۆمەڵایەتیی، چ وەک لایەنی سیاسیی، چ وەک لایەنی خێزانیی و، پێی دەڵێی: بۆچی وا دەکەی؟ دەڵێ: ئێمە هەر عادەتمان وایە، یان هەروا بووە، یان ئەوە بەشێک بووە لە کەلتوورمان، یان فڵان زانا وایگوتوە!! هەر بۆیە زانایان گوتوویانە: (**أَقْوَالُ الْعُلَمَاءِ يُسْتَدَلُّ لَهَا وَلَا يُسْتَدَلُّ بِهَا**)، واتە: قسەی زانایان بەڵگەی لەسەر دەهێنرێتەوەو، بە بەڵگە ناهێنرێتەوە، نابێ بڵێی: من بۆیە وا دەکەم، چونکە فڵان زانا وایگوتوە، ئایا کە فڵان زانا وایگوتوە، بەڵگەی چییە؟ ئەگەر نا قسەی هیچ کەس لە خودی خۆیدا دین نیە، جگە لە هی خوا ﷻ و، پاشان پێغەمبەر ﷺ، ئەویش دوای ئەوەی: ئەگەر ڕاستەوخۆ وەحیی خوا بووبێ، گەیاندبێتی، بەڵام ئەگەر ئیجتیهادو هەڵهێنجانی خۆی بووبێ، دوای ئەوەی خوای پەروەردگار دانی بۆ پێدا هێناوە و، چەسپاندوویەتی، لەسەر ئەو کۆشش و ئیجتیهادەی و، بە ڕاست و لە نیشانە دەری لە قەڵەم دابێ.

٦)- ﴿قَالَ لَقَدۡ كُنتُمۡ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُمۡ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ﴾، ئیبراهیم گوتی: بە دڵنیایی خۆتان و باب و باپیرانتان لە گومڕاییەکی ڕووندا بوون، کە دەفەرموێ: ﴿فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ﴾:

یەکەم: گومڕایی چوێنراوە بە چاڵێک و جڵێتاوێکەوە کە ئەوانیش کەوتوونەتە تێی، تێینیشتوون و تێیدا نغرۆ بوون، واتە: زۆر بە گومڕاییدا چوونە خوار.

دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ﴾، واتە: گومڕاییەکە ڕوونە، لە هەموو کەس دیارە کە ئەوە گومڕاییە، هەر کەسێک بە عەقڵی سەلیم تێی بفکرێ و تەماشا بکات، دەزانێ کە ئەوە گومڕاییە و سەرگەردانیی و سەرلێشێواوییە، مسوڵمان دەبێ بەو شێوەیە بێ لەگەڵ خەڵکدا و، ئەو شتانەی پێویستە بە ڕوونیی بگوترێن، بە ڕوونیی ڕاشکاویی بیانڵێ و، لەبەر خاترخوازیی و ڕوو دەربایسیی و دڵی خەڵک ڕاگرتن، هەق نەخاتە ژێر لێو، بە منجە منج و لە پەنادا نەیڵێ، بە توێکڵەوە نەیڵێ، بەڵکو بە کاکڵیی و بە ڕوون و ڕاشکاویی بیخاتە بەر دەستیان، بە تایبەت مەسەلەکانی ئیمان و عەقیدە، سنوورەکانی حەڵاڵ و حەرام، ڕاست و چەوت، ئنجا چ لە بواری هەڵسوکەوتەکان و، چ لە بواری ڕەوشت و ئاکارەکان دا، پێغەمبەریش ﷺ هەروا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوپەڕی ڕەوشتی بەرز و جوانی هەبووە و، ئەو پەڕی نەرم و نیانیی هەبووە و، ئەو پەڕی هێدیی و مەندیی هەبووە، بەڵام کەسێک کە قسەیەکی هەڵەی کردبێ، کە لەگەڵ ئیمان و عەقیدەدا تێک بگیرێ، یاخود لەگەڵ تەنیا خواپەرستییدا تێک بگیرێ، یاخود ناڕاست و چەوت بووبێ، یەکسەر بە زەقیی و بە ڕوون و ڕاشکاویی ئاگاداری کردۆتەوە، بۆ وێنە:

١)- [عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ أَنَّ رَجُلاً خَطَبَ عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ مَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ رَشَدَ، وَمَنْ يَعْصِهِمَا فَقَدْ غَوَى، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «بِئْسَ الْخَطِيبُ أَنْتَ، قُلْ: وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ»] (أخرجه مسلم: ٢٠٤٧، وأبو داود: ١١٠١، وابن حبان: ٢٧٩٨، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح).

واتە: پیاوێک لە لای پێغەمبەر ﷺ وتاری دا، گوتی: هەرکەس فەرمانبەریی خواو پێغەمبەرەکەی بکات، سەر ڕاست بووە و، هەرکەسیش سەرپێچییان لێ بکات بێمراد بووە، پێغەمبەری خواش فەرمووی: تۆ وتاربێژێکی خراپی! بڵێ: هەرکەس سەرپێچیی لە خواو لە پێغەمبەرەکەی بکات.

هەروەها لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتوە:

٢)- {عَنِ ابْنِ عَبّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ رَجُلًا قَالَ لِلنَّبِيِّ ﷺ مَا شَاءَ اللهُ وَشِئْتَ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ ﷺ: أَجَعَلْتَنِي وَاللَّهَ عَدْلًا بَلْ مَا شَاءَ اللهُ وَحْدَهُ} (أخرجه أحمد: ١٨٣٩، والنسائي في الكُبرى: ١٠٨٢٥).

واتە: ئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازبێ)، دەڵێ: پیاوێک بە پێغەمبەر ﷺی گوت: ئەگەر خواو تۆ بتانەوێ و ویستتان لەسەر بێ، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: ئایا منت کردە هاوتای خوا؟ (چۆن دەبێ بەو شێوەیە قسە بکەی؟) بەڵکو بڵێ: بە تەنیا ئەگەر خوا بیەوێ.

٣)- {عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: تَصَدَّقَ عَلَيَّ أَبِي بِبَعْضِ مَالِهِ، فَقَالَتْ أُمِّي عَمْرَةُ بِنْتُ رَوَاحَةَ: لاَ أَرْضَى حَتَّى تُشْهِدَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَانْطَلَقَ أَبِي إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ لِيُشْهِدَ عَلَى صَدَقَتِي، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «أَفَعَلْتَ هَذَا بِوَلَدِكَ كُلِّهِمْ؟ قَالَ: لاَ، قَالَ: اتَّقُوا اللَّهَ وَاعْدِلُوا فِي أَوْلاَدِكُمْ، فَرَجَعَ أَبِي، فَرَدَّ تِلْكَ الصَّدَقَةَ»} (أخرجه البخاري: ٢٥٨٧، ومسلم: ١٦٢٣، واللَّفظ لمسلم).

واتە: نوعمانی کوڕی بەشیر (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەڵێ: بابم لە هەندێک لە ماڵەکەی بە دیاریی دایمێ، دایکیشم کە عومرەی کچی ڕەواحە گوتی: ڕازی نابم هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ شایەد نەبێ لەسەری، بابیشم چوو بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی شایەد بێ، لەسەر ئەو ماڵەی بە منی داوە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: ئایا ئەو کارەت بۆ هەموو منداڵەکانت کردوە؟ گوتی: نەخێر، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: پارێز لە خوا بکەن و، لە نێوان منداڵەکانتان دا دادگەربن، بابیشم گەڕایەوەو دیارییەکەی لێوەرگرتمەوە.

٤)- {عَنْ عُمَرَ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: كُنْتُ غُلَامًا فِي حَجْرِ رَسُولِ اللهِ ﷺ، وَكَانَتْ يَدِي تَطِيشُ فِي الصَّحْفَةِ، فَقَالَ لِي رَسُولُ الله ﷺ: يَا غُلَامُ سَمِّ اللهَ، وَكُلْ بِيَمِينِكَ، وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ، فَمَا زَالَتْ تِلْكَ طِعْمَتِي بَعْدُ} (أخرجه البخاري: ٥٣٧٦).

عومەری کوڕی ئەبوو سەلەمە (خوا لێیان ڕازیبێ) دەڵێ: من گچکە بووم، لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ بووم، دەستم لە قاپەکە دەگێڕا (لە کاتی خواردندا)، {دیارە (بسم الله)شی نەکردوە}، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەی کوڕێژگە! ناوی خوا بهێنە و، بە دەستی ڕاستت بخۆ و، لە پێش خۆشتەوە بخۆ، ئیدی بەردەوام دوای ئەوە، خواردنی من هەر وابوو.

بە یەک ڕستە، سێ ئەدەبی بەرزی نانخواردنی فێرکردوون، ئیدی پێغەمبەر ﷺ لە کاتێکدا پێویست بووبێ کە هەق ڕابگەیەنرێ، بە ڕوون و ڕاشکاویی و بە کورتیی و پوختیی گەیاندوویەتی، لێرەشدا ئیبراهیم عليه السلام زۆر بە ڕوونیی دەڵێ: خۆتان و باب و باپیرانتان لە گومڕاییەکی ڕووندا بوون.

٧)- ﴿ قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا بِٱلۡحَقِّ أَمۡ أَنتَ مِنَ ٱللَّٰعِبِينَ ﴾؟، پێیانگوت: ئایا تۆ هەقت بۆ هێناوین؟ یاخود تۆ لە گاڵتە کەرانی، واتە: گومانیان هەبوو، ئایا بە جیددیی ئیبراهیم ئەو قسەیان لەگەڵدا دەکات، یاخود جەفەنگ و گاڵتەیان لەگەڵدا دەکات؟ پێیان شتێکی زۆر چاوەڕوان نەکراو بووە، کە گەنجێکیان (ئیبراهیم) لێ پەیدابێ، ڕەخنە بگرێ لە بت پەرستیی و پەیکەر پەرستیی ئەوان، کە چەندان جیلی لەسەر بڕاونەوە، بۆیە لە جیاتی ئەوەی بڵێن: ئایا بەڕاستتە؟ (أأنتَ جادٌّ)، گوتوویانە: ﴿ أَجِئۡتَنَا بِٱلۡحَقِّ ﴾، ئایا تۆ هەقت بۆ هێناوین؟ واتە: ئایا بە جیددییتە کە ئەو قسانە دەکەی؟

﴿ أَمۡ أَنتَ مِنَ ٱللَّٰعِبِينَ ﴾، یان تۆ لە گاڵتەکەرانی؟ (لاعِب) واتە: یاریزان، کەسێک کە یاریی و گەمە دەکات بە شتێک، بەڵام لێرەدا واتە: گاڵتەکردن بە قسە، جاری وا هەیە کەسێک کەسێکی دیکە دەدوێنێ بە گاڵتە و بە جەفەنگ، ئەوانیش جۆرێک لە نەرمیی نواندن (مُلَاطَفَة)ی ئیبراهیمیان عليه السلام کردوە، نەیانگوتوە: ئایا تۆ بە ڕاستیتە؟ یاخود تۆ قسەیەکی باتڵ و ناهەقمان لەگەڵدا دەکەی؟.

٨)- ﴿ قَالَ بَل رَّبُّكُمۡ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلَّذِي فَطَرَهُنَّ ﴾، فەرمووی: بەڵکو پەروەردگارتان پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە، کە هێناونیە دی، (**فَطَرَهُنَّ أي: أَبْدَعَهُنَّ وَ أَوْجَدَهُنَّ**) وەدیهێناون و پەیدای کردوون، واتە: لە نەبوونەوە هێناونیە دی، واتە: نەک هەر گاڵتە ناکەم، نەک هەر هەقم بۆ هێناون و بە جیددییمە، بەڵکو خاوەن و پەروەردگاری ئێوە، ئەو کەسەیە کە خاوەن و پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە کە هێناونیە دی، واتە: ئێوەشی لە نێو ئەو ئاسمان و زەوییەدا هێناوەتە دی.

٩)- ﴿ وَأَنَا۠ عَلَىٰ ذَٰلِكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴾، من لەسەر ئا ئەو ڕاستییەی کە پێتان ڕادەگەیەنم لە شاهێدانم، (**شَاهد**) وەک پێشتریش گوتمان: کەسێکە بڵێ: ئەو شتە بە هەق دەزانم و، بتوانێ ئیسپاتیشی بکات، ئنجا (**شَاهد**) دەگونجێ لێرەدا لە: (**شَهِدَ**)، واتە: (**حَضَر**) ئامادە بوو، لە لای ئەو شتە کە ئەنجامدرا، یاخود لە: (**شَهِدَ**) بە واتای (**رَأى**) بینی؛ بێ، واتە: من شایەدیی دەدەم وەک چۆن کەسێک لەوێ بووبێ، کە ئەو کارە ئەنجام دراوە، یاخود ئەو بینیوەتی کە ئەو کارە ئەنجام دراوە، واتە: من ئامادەم بۆشتان بسەلمێنم و ئیسپاتی بکەم، کە پەروەردگاری ئێوە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە، کە هێناونیە دی.

کە دەفەرموێ: ﴿ مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴾، واتە: لەوانەی کە شایەدییان داوە بە یەکتایی خوا، لە کات و شوێنە جۆراو جۆرەکاندا، من یەکەم کەس نیم و دوا کەسیش نابم.

١٠)- ﴿ وَتَٱللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصۡنَٰمَكُم ﴾، سوێند بە خواش، پیلانێک لە دژی بتەکانتان دەگێڕم، (**التَاءُ تَخْتَصُّ بِالقَسَمِ عَلَى أَمْرٍ مُتَعَجَّبٍ مِنْهُ، وَتَخْتَصُّ بِاسِمِ الجَلالِةِ**)، واتە: پیتی (ت) کە سوێندی پێ دەخورێ، تایبەتە بە سوێند خواردن لەسەر شتێک کە جێی سەرسوڕمان بێ و، تایبەتیشە بە بێژەی (ألله)وە، ناوی خوا ﷻ.

هەڵبەتە لێرەدا مەبەستی ئەوە بووە کە بتەکانیان دەشکێنێ، بەڵام شکاندنی بتەکانی ناو ناوە (**کَیْد**) واتە: پیلان، لەسەر شێوەی خواستنەوە و وشەی (**کَیْد**)ی خواستوەتەوە بۆ شکاندنیان، یاخود بۆ وێکچوون (**مشاکلة**)، چونکە ئەوان پێیان

وابووە ئەو بتانە بەرگریی لە خۆیان دەکەن و، هیچ کەسێک ناتوانێ زیانیان پێ بگەیەنێ، مەگەر بە شێوەی پیلان و فێڵ و نەخشەی پەنهان دانان، ئنجا بە پێی عەقڵی ئەوان ئیبراهیم دواندونی، کە من بە شێوەیەک وەک بچێتە قاڵبی فێڵ و نەخشەیەکی پەنهانەوە، زەفەر بەو پەیکەرانەتان دەبەم و، شتێکیان بەسەر دێنم.

١١)- ﴿ بَعۡدَ أَن تُوَلُّواْ مُدۡبِرِينَ ﴾، دوای ئەوەی ئێوە دەڕۆن و لێرە نامێنن.

هەڵبەتە هەندێک لە زانایان گوتوویانە: دەبێ ئەوە لە دڵی خۆیدا وایگوتبێ، ئەگەرنا چۆن ڕێگایان دەدا، ئەو هەڕەشەیە بکات، ئنجا لێشی بگەڕێن و شوێنەکەی بەجێ بهێڵن و، مەیدانەکەی بۆ چۆڵ بکەن، بەڵام دەگونجێ کە:

أ- ئەوان قەناعەتیان وابووبێ کە ئیبراهیم هەروا هەڵچوونێکی کاتییە و، تووڕە بووە، قسەیەکە لە کاتی تووڕەییدا کردوویەتی، واتە: بە جیددیی نیە کە شتێک بەسەر بتەکان بهێنێ.

ب- ڕەنگە قەناعەتیان وابووبێ، کە ئەو بتانە بەرگریی دەکەن لە خۆیان و، هەر کەسێک کە دەستیان بۆ بەرێ بە خراپە، تووشی بەڵای دەکەن، بۆیە لێی دڵنیا بوون، کە ناتوانێ زیانیان لێ بدات.

ئەگەرنا بەڵگە لەسەر ئەوە لە دڵی خۆیدا نەیگوتوە، بەڵکو بە ئاشکرا و بە ڕوونیی پێی گوتوون، ئەوەیە کە دوایی لە درێژەی ئایەتەکاندا دەفەرموێ: ﴿ قَالُواْ سَمِعۡنَا فَتٗى يَذۡكُرُهُمۡ يُقَالُ لَهُۥٓ إِبۡرَٰهِيمُ ﴾، گوتیان: گوێمان لە گەنجێک بوو، گوێبیستی لاوێک بووین، باسی دەکردن، باسکردنەکەی ئێرەیە، کە دەڵێ: دوای ئەوەی ئێوە دەڕۆن، شتێکیان بەسەر دەهێنم، مادام وایە کەواتە: بە ڕوونیی و ڕاشکاویی باسی کردوون، واتە: هەڕەشەی لێکردوون و، بە خراپە باسی کردوون.

١٢)- ﴿ فَجَعَلَهُمۡ جُذَٰذًا إِلَّا كَبِيرٗا لَّهُمۡ ﴾، خوا ﷻ ئەوە هەموو دەپێچێتەوە کە ئەوان ڕۆیشتن، ئنجا ئایا بۆ جەژن بوو، چ بۆنەیەکیان هەبوو؟ هەندێک دەڵێن: جەژنی

نەورۆز بووە، گرنگ ئەوەیە چوونە دەشت و دەر، لە نێو شاردا نەماون، یاخود لە نێو پەرستگاکەدا نەماون، ئەویش چووە بۆ نێو پەرستگاکە و، هەموویانی وردو خاشکردن، جگە لە گەورەکەیان، ئەو بتەیان کە لە هەموویان گەورەتر بوو هێشتیەوە.

١٢)- ﴿لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ﴾، بەڵکو بگەڕێنەوە بۆ لای، واتە:

أ- بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو بتە گەورەیەو، پرسیاری لێ بکەن: کێ وای بەسەر هێناون و کێ وای لێکردوون؟

ب- یاخود بگەڕێنەوە بۆ لای ئیبراهیم عليه السلام لێی بپرسن: بۆچی وات لێ کردوون؟ ئەویش بۆیان ڕوون بکاتەوە.

ج- یاخود بەڵکو بگەڕێنەوە بۆ لای خوا ﷻ و، بزانن کە وەک چۆن ئەو بتە گەورە ڕازی نەبووە، ئەو بتە بچووکانە بکرێنە هاوبەشی، خواش ڕازی نیە و ڕازی نابێ، کە هەندێک لە دروستکراوەکانی بکرێنە هاوبەشی.

مەسەلەی دووەم:

پرسیارو لێکۆڵینەوەی گەلی ئیبراهیم کە ئایا کێ پەرستراوەکانیانی بەو دەردە بردوە و؟ ئاوهێنانی ئیبراهیم و، ڕێککەوتنیان لەسەر پەلکێشکردنی ئیبراهیم بۆ دادگایی کردنی لەسەر ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵی:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالُوا۟ مَن فَعَلَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَآ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٩﴾ قَالُوا۟ سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُۥٓ إِبْرَٰهِيمُ ﴿٦٠﴾ قَالُوا۟ فَأْتُوا۟ بِهِۦ عَلَىٰٓ أَعْيُنِ ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ ﴿٦١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ قَالُوا۟ مَن فَعَلَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَآ ﴾، گوتیان: کێ ئەوەی بە پەرستراوەکانمان کردووە؟ ئەو خەڵکە کە دەگەڕێنەوە لەو دەشت و دەرە، یان لە جەژنەکە، کە چوونە دەرو شاریان چۆڵکردوە و بەجێهێشتوە، یان بەلای کەمەوە لە پەرستگاکەدا نەماون، تەماشا دەکەن ئەو بت و پەیکەرانەی کە پەرستوویانن، وەک پەرستراو لە جیاتی خوا، یاخود لەگەڵ خوادا، هەموویان وردو خاش کراون و سەرو گوێیان شکاوە، لە بەینی خۆیاندا دەڵێن: کێ وای لە پەرستراوەکانمان کردوە؟

لێرەدا پێویستە بزانین کە **(آلهة)** کۆی **(إله)**ە، و **(إله)** واتە: **(معبود)** پەرستراو، ئنجا ئایا پەرستراو دەبێ هەر پەیکەر بێ؟ پەرستراوی ڕاستەقینە تەنیا خوایە ﷻ، **(لا إله إلا الله)** واتە: هیچ پەرستراوێکی بە هەق نیە، کە شایستەی پەرستران بێ، جگە لە خوا ﷻ، کە بە داخەوە وەک جاری دیکەش گوتوومە: زۆر لە مەلا و وتاربێژەکان ئێستاش لەگەڵ بێ، وشەی: **(إله)** و **(أللە)** لێک جیاناکەنەوە، لە حاڵێکدا کە لە شایەتماندا، خوا وشەی **(إلە)**ی لە **(أللە)** جیا کردۆتەوە، **(لا إله)** هیچ پەرستراوێکی بە هەق نیە، **(إلا الله)** جگە لە خوا، وشەی **(إله)** دووان و کۆ **(تثنية وجمع)**ش دەکرێتەوە، وەک **(إله، إلاهان، إلاهين، آلهة)**، بەڵام

(ألله) نە دەكرێتە دووان و نەكۆش دەكرێتەوە، چونكە هەریەک زات هەیە، كە خاوەنی ئەم گەردوونە بێ، بەڵام دەگونجێ لەگەڵ ئەو زاتەدا، كە تەنیا ئەو پەرستراوی بە هەقە و شایستەی پەرسترانە، پەرستراوانی دیكەی ساختە و ناهەق هەبن، بۆیە پەرستراو (إلە) خوا لایدەبات، (لا إلە) ئەم (لا)یە پێی دەگوترێ: (لا النافیة للجنس) (لا)ی لابەری تێكڕا، واتە: هیچ پەرستراوێک نیە بە هەق، ئەگەرنا پەرستراوی بە ناهەق هەن و زۆرن، بەڵام پەرستراوی بە هەق، تەنیا یەكێكە كە خوا (ألله)یە ﷻ، بۆیە دەبێ جیاوازیی بكرێ لە نێوان: وشەی خوا (ألله) و پەرستراو (إلە)دا، زۆر كەس وشەی (إلە) هەر بە خوا مانا دەكات! كە هەڵەیە، وشەی (إلە) واتە: (معبود) پەرستراو، بەڵام (ألله) خوا، خُدا (God) واتە: ئەو بەدیهێنەرو پەروەردگارەی كە خاوەنی ئەو ناو و سیفەتانەیە، كە بەس ئەو هەینی، هەر یەكێكە كە خوایە ﷻ و، دەبێ هەر ئەویش بپەرسترێ، بەڵام (إلە) وەک گوتم: دەگونجێ خوا بێ، كە ئەو كاتە پەرستراوی بە هەقە و، دەشگونجێ غەیری خوا بێ، كە پەرستراوی بە ناهەقە.

ئنجا هەر كەسێک مامەڵە لەگەڵ هەر شتێكدا بكات، وەک ئەو مامەڵەیەی كە دەبێ تەنیا لەگەڵ خوادا بكرێ، ئەوە ئەو شتەی پەرستوە، وەک شاعیرێک دەڵێ:

وَمَنْ أَبَاحَ النَّفْس مَا تَهْوَاهُ ... فَإِنَّمَا إِلهُهُ هَوَاهُ

واتە: هەر كەسێک نەفسی چی ئارەزووی كرد، ڕێی پێبدا، ئەوا ئارەزووی خۆی كردوە بە پەرستراوی خۆی.

وەک خوا دەفەرموێ: ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ ﴿٢٣﴾﴾ الجاثية، واتە: تەماشای ئەو كەسە ناكەی، كە ئارەزووی خۆی كردوەتە پەرستراوی خۆی! نافەرموێ: كردوویەتە خوای خۆی، بەڵكو پەرستراوی خۆی، چونكە خوا ﷻ یەک زاتە، بێ وێنەیە، پەروەردگارە، بەدیهێنەرە و، هەر ئەویش شایستەی پەرستنە.

٢)- ﴿إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾، بەدڵنیایی ئەو کەسە، لە ستەمکارانە، لەبەر ئەوەی بێ ڕێزیی کردوە بە پیرۆزییەکانمان، ستەمی لە ئێمە کردوە و، ستەمی لە پەرستراوەکانمان کردوە و، ستەمی لە خۆیشی کردوە، ئەوانە هەموویان دەگونجێ، مەبەست بن.

٣)- ﴿قَالُواْ سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُۥٓ إِبْرَٰهِيمُ﴾، گوتیان: گوێمان لێبوو گەنجێك (بەخراپە) باسیدەکردن ئیبراهیمی پێدەگوترێ، لە نێو خۆیاندا دەبێتە مشت و مڕیان، دەڵێن: کێ وای لە پەرستراوەکانمان کردوە؟ بێگومان ئەو لە ستەمکارانە، دوایی هەندێکی دیکەیان وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن: گوێبیستی لاوێک بووین باسی دەکردن، واتە: بە خراپە باسی دەکردن، یان هەڕەشەی لێ دەکردن، پێی دەگوترێ: ئیبراهیم، یاخود ئیبراهیمی پێ دەڵێن، وشەی (يَذْكُرُهُمْ) وەک گوتمان: یانی:

١- هەڕەشەی لێ دەکردن؟

٢- ڕەخنەی لێ دەگرتن.

٣- بە خراپە باسی دەکردن.

٤)- ﴿قَالُواْ فَأْتُواْ بِهِۦ عَلَىٰٓ أَعْيُنِ ٱلنَّاسِ﴾، گوتیان: بیهێنن بەبەرچاوی خەڵکەوە.

٥)- ﴿لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ﴾، بەڵکو ئامادە بن، یانی: ئامادە بن کە دادگایی دەکەین، بزانن ئێمە ستەمی لێناکەین، یاخود: ئامادەبن کە چۆن سزای دەدەین، تاکو خەڵکی دیکەی پێ تەمبێ بێ و، عیبرەتی لێوەربگرێ.

دیارە ئیبراهیمیش ﷺ ئامانجی هەر ئەوەبوو لە شکاندنی بتەکان، ئەگەرنا ئەو دارو بەردانە چین بیانشکێنێ یاخود بمێننەوە! بەڵام مەبەستی ئەوەبوو کە بتەکان بشکێنێ و، ئەوانیش بانگی بکەن و، لەگەڵیاندا ئەو وتووێژ و دیالۆگە بکات، کە خوا ﷻ باسی کردوە.

مەسەلەی سێیەم:

هێنانی ئیبراهیم بۆ لێکۆڵینەوە و پرسیارلێکردنی، کە ئایا ئەو ئەو بەڵایەی بەسەر پەرستراوەکانیان هێناوە؟ وەڵامدانەوەی ئیبراهیم: کە گەورەکەیان وایکردوە، ئنجا سەرەتا بە خۆدا چوونەوەیان و، خۆ تاوانبار کردنیان و خۆ بەستەمکار لە قەڵەمدانیان، پاشان تێهەڵگەڕانەوەیان و سەرەوبن بوونیان جارێکی دیکە و، ڕەخنە لێگرتنی توندو ڕاشکاویی ئیبراهیم، کە چۆن دەبێ شتێکی بێ سوودو بێ زیان بپەرستن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالُوٓاْ ءَأَنتَ فَعَلۡتَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَا يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ ﴿٦٢﴾ قَالَ بَلۡ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمۡ هَٰذَا فَسۡـَٔلُوهُمۡ إِن كَانُواْ يَنطِقُونَ ﴿٦٣﴾ فَرَجَعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ فَقَالُوٓاْ إِنَّكُمۡ أَنتُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٦٤﴾ ثُمَّ نُكِسُواْ عَلَىٰ رُءُوسِهِمۡ لَقَدۡ عَلِمۡتَ مَا هَٰٓؤُلَآءِ يَنطِقُونَ ﴿٦٥﴾ قَالَ أَفَتَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَا يَضُرُّكُمۡ ﴿٦٦﴾ أُفّٖ لَّكُمۡ وَلِمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ قَالُوٓاْ ءَأَنتَ فَعَلۡتَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَا يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ ﴾، گوتیان: ئەی ئیبراهیم! ئایا تۆ ئەوەت بە پەرستراوەکانمان کردوە؟ لێرەدا ئەوە پێچراوەتەوە کە سۆراغ و پشکنینیان بەدوای ئیبراهیم دا کردو، گەڕان و سووڕان و پەیدایان کردو هێنایان، ئەوە هەمووی قرتێنراوە، چونکە مرۆڤ بە سیاق و سەلیقە دەیزانێ، بە ڕەوت دەزانرێ و، سەلیقەش یەکسەر پەی پێ دەبات، کە پێویست بە باسکردنێ ناکات، یەکسەر لەوەوە دەست پێدەکات کە گوتیان: ئەی ئیبراهیم! ئایا تۆ ئەوەت بە پەرستراوەکانمان کردوە؟ ئەو شتە ناڵێن کە بە پەرستراوەکانیان کراوە! واتە: بۆ وێنە ناڵێن: (أَأَنتَ كَسَرْتَ آلِهَتَنَا، أو جَذَذْتَ آلِهَتَنَا؟)، ناڵێن: تۆ پەرستراوەکانمانت تێک و پێک داون و، لەت و پەتت کردوون و،

شکاندووتن؟! چونکە نایانەوێ وشەیەک بەکاربێنن، لەگەڵ پایە و پیرۆزیی و گەورەیی پەرستراوەکانیاندا ئایا گونجاو نەبێ، کە بریتیە لە لەت و پەتکران و تێکشکێنران و وردو خاش کران، بەس دەڵێن: تۆ وات بەسەر هێناون؟ تۆ وات لێ کردوون؟

ئنجا دەگونجێ ئەو جۆری پرسیارکردنە، بۆ داوای وەڵام بێ، واتە: ئایا تۆ وات لێکردوون؟ ئەوە لە حاڵێکدا کە نەیانزانیبێ، بەڵام ئەگەر زانیبێتیان کە ئیبراهیم وایکردوە، ئەوە جۆری پرسیارکردنەکە پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانە و سەرزەنشتکەرانەیە، واتە: ئایا تۆ چۆن وات لێکردن؟ ئێمە نکووڵیی لەوە دەکەین؟ بەسەر زەنشتکردنەوە.

٢)- ﴿ قَالَ بَلۡ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمۡ هَٰذَا ﴾، گوتی: بەڵکو ئەم گەورەیان وایکردوە، وشەی (بَلۡ) دەڵێ: (إِذَا جَاءَ بَعْدَ الإِسْتِفْهَام، أَفَادَ إِبْطَالِ الْمُسْتَفْهَم عَنْهُ)، کەواتە: بە ڕواڵەت ئیبراهیم نکووڵیی لەوە دەکات کە ئەو وایکردبێ، چونکە دەڵێ: وشەی (بَلۡ) ئەگەر لە دوای پرسیارکردنەوە بێ، ئەو شتەی پرسیاری لە بارەوە کراوە، هەڵیدەوەشێنێتەوە، ئەوان دەڵێن: ﴿ ءَأَنتَ فَعَلۡتَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَا ﴾، ئەویش ددڵێ: ﴿ بَلۡ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمۡ هَٰذَا ﴾، واتە: من نەمکردوە، بەڵکو ئەم گەورەیان کردوویەتی، دوایی ئێمە کورتە باسێکی تایبەت دەربارەی ئەو جۆرە وەڵامدانەوەی ئیبراهیم عليه السلام دەکەین، کە چۆن نکووڵیی کردوە، لەوەی کردوویەتی، لە کاتێکدا کە خۆشی کردوویەتی؟!

٣)- ﴿ فَسۡـَٔلُوهُمۡ إِن كَانُواْ يَنطِقُونَ ﴾، ئنجا لێیان بپرسن ئەگەر دەدوێن و قسە دەکەن، واتە: مادام قسە ناکەن، شایستەی پەرستران نین، ئیبراهیم عليه السلام ویستوویەتی پێیان بڵێ: کە ئەوانە تەنانەت توانای قسەکردنیشیان نیە، ئەگەرنا مەرج نیە هەر شتێک توانای قسەکردنی هەبوو، شایستەی پەرستران بێ، بەڵام واتە: ئەو پەرستراوانەی ئێوە، هێندە دەستە پاچەن و، هێندە دوورن لەوەی کە بپەرسترێن، تەنانەت توانای قسەکردنیشیان نیە، کە مرۆڤ و جندو فریشتەکان توانای قسەکردنیشیان هەیە، بەڵام شایستەی پەرسترانیش نین، بەڵام ئەوان تەنانەت ئەوەشیان لە باراندا نیە، واتە: هەر هیچ نین و هیچیان لێ هەڵناودرێ.

٤)- ﴿ فَرَجَعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ ﴾، واتە: گەڕانەوە بۆ لای خۆیان.

أ- هەندێکیان بۆ لای هەندێکیان گەڕانەوە.

ب- یاخود چاویان بە خۆیاندا گێڕایەوە و وریا بوونەوە، یانی: ئەو ناخ و خواڕسکەی کە خوا هەموو مرۆڤەکانی لەسەر خوڵقاندوە، (كُلُّ مَوْلُودٍ عَلَى الفِطْرَةِ)(١)، (الفِطْرَة) واتە: خواڕسکی تەنیا خواپەرستن، تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا کردن، ئەوەیان وەک چۆن لە تاریکە شەوێکدا کە چرایەک تۆزە شۆقێک دەدات، ئاوا دڵ و دەروونەکەیان لە ژێر ئەو کەمرە و ژەنگی عادەت و نەرێت و کەلتووری سەقەتی بتپەرستیی و هتد، دێتە دەرێ و یەک سەرەتاتکە دەکا و تۆزە شەوقێک دەدات.

٥)- ﴿ فَقَالُوٓاْ إِنَّكُمۡ أَنتُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾، گوتیان: بە دڵنیایی ئێوە ستەمکارن، واتە: ئێوە ستەمکارن نەک ئیبراهیم، لەبەر ئەوەی بتەکانی شکاندوون، ستەمی لێکردبن، بەڵکو ئێوە ستەمکارن کە نەدەبوو ئەو بتانە هەر بپەرستن.

٦)- ﴿ ثُمَّ نُكِسُواْ عَلَىٰ رُءُوسِهِمۡ ﴾، دوایی هەڵگێڕدرانەوە سەر سەریان و سەرە وبن کرانەوە، واتە: گەڕانەوە بۆ نەزانیی و سەرکەشیی و سەرەخەریی خۆیان، ئنجا ئەم گەڕانەوەی خۆیان بۆ ناهەق، خوا ﷻ تەشبیهی کردوە و چواندوویەتیی بە شتێکەوە کە پێشێ ڕاست دەبێتەوە و لەسەر پێیان دەوەستێ، سەری لەسەرێیەو پێی لە خوارێ، وەک حاڵەتی سروشتیی، بەڵام جارێکی دیکە دووبارە خۆی لینگەو قووچ دەکا و، خۆی سەرەوبن دەکاتەوەو هەڵدەگەڕێتەوە، گەڕانەوەیان بۆ ناهەق و بۆ نەفامیی و نەزانیی، ئەو حاڵەتەی ئەوانی چواندوە بە کەسێکەوە، کە پێشێ لەسەر پێیان وەستاوە، دوایی جارێکی دیکە خۆی سەرەوبن دەکاتەوە.

---

(١) [عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلَّا يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ، كَمَا تُنْتَجُ الْبَهِيمَةُ بَهِيمَةً جَمْعَاءَ، هَلْ تُحِسُّونَ فِيهَا مِنْ جَدْعَاءَ؟، ثُمَّ يَقُولُ أَبُو هُرَيْرَةَ رضي الله عنه: (فِطْرَةَ اللهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لاَ تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللهِ، ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ)] أخرجه البخاري في: ٢٣ كتاب الجنائز: ٨٠ باب إذا أسلم الصبي فمات هل يصلى عليه؟.

٧)- ﴿ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَٰٓؤُلَآءِ يَنطِقُونَ ﴾، گوتیان: تۆ دەزانی: ئەوانە قسە ناکەن و نادوێن! واتە: قسەنەکردنی ئەوان بۆ تۆ شتێکی زانراوە، کەواتە: چۆن پێمان دەڵێی لێیان بپرسن! لە گەورەکەیان بپرسن!

٨)- ﴿ قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْـًٔا وَلَا يَضُرُّكُمْ ﴾، واتە: گوتی: ئایا ئێوە لە جیاتی خوا، لەگەڵ خوادا شتێک دەپەرستن، کە هیچ سوودێکتان پێناگەیەنێ و، زیانیشتان لێ نادات؟ پرسیارلێکردنەکە پرسیارکردنی نکووڵییلێکردن و سەرزەنشتکردنە، ئنجا کە دەڵێ: ﴿ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْـًٔا ﴾، یانی: تۆزقاڵێک، هەر تۆزێکیش سوودتان پێ ناگەیەنێ، ﴿ وَلَا يَضُرُّكُمْ ﴾، دیسان ئەویش واتە: هەر تۆزێکیش ناتوانێ زیانتان پێ بگەیەنێ، ئەگەر لێتان تووڕە بێ.

٩)- ﴿ أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، من بێزاریی دەردەبڕم، بۆ ئێوە و بۆ ئەوەش کە لە جیاتی خوا دەیپەرستن، (**التَأفُفُ: صَوْتٌ يَدُلُ عَلَى التَضَجُرِ**)، واتە: (**تَأفُفُ**) دەنگێکە بێزاریی دەربڕین و ناخۆشحاڵیی دەگەیەنێ، (**أف: إسم فعل**)، وشەی (**أُفٍّ**) کە بە (**إف**)یش هاتوە، ناوی کردارە، واتە: (**أتَضَجَر، أتَكَرَه**) بێزاریی دەردەبڕم، یان نارەحەتم.

١٠)- ﴿ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾، ئایە نافامن؟! واتە: ئایا عەقڵ و هۆشێکتان نیە کە هەق و ناهەقی پێ لێک جیابکەنەوەو، عەقڵ و هۆشێکتان نیە ڕێنماییتان بکات، کەئەو بت و پەیکەرانە شایستەی پەرستران نین؟!

کورتە باسێک دەربارەی وەڵامی ئیبراهیم ﷺ:
گەورەکەیان شکاندوونی

لێرەدا باسێکی ئەو وەڵامەی ئیبراهیم ﷺ دەکەین کە دەفەرموێ: من ئەو بتانەم نەشکاندوون، کاتێک لێی دەپرسن: ئایا تۆ ئەو پەرستراوانەی ئێمەت شکاندوون، تۆ وات بەسەر هێناون؟ دەڵێ: بەڵکو گەورەکەیان وایکردوە، لێیان بپرسن، ئەگەر قسە دەکەن! دیارە زانایان لێرەدا مشت و مڕێکی زۆریان بووە، کە ئیبراهیم ﷺ چۆن ڕێگای بە خۆی داوە پێیان بڵێ: من وام نەکردوە و ئەو بتەیان وای کردوە و لێیان بپرسن! بۆیە چەند وەڵامێکیان داونەوە:

١- وەڵامێکیان ئەو ڕیوایەتەیە کە پێشتریش ئێمە لە تەفسیری سوورەتی ئیبراهیمدا و، لە کاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئیبراهیمدا هێنامان، لەوێدا ئەو ڕیوایەتەمان هێنا و درێژەی ئەو بەسەرهاتەمان هێنا، بەڵام لێرەدا تەنیا کورتەیەکی ئەو بەسەرهاتە دێنین.

{قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَمْ يَكْذِبْ إِبْرَاهِيمُ فِي شَيْءٍ قَطُّ إِلا فِي ثَلَاثٍ كُلُّهُنَّ فِي اللَّهِ: قَوْلُهُ: إِنِّي سَقِيمٌ" وَلَمْ يَكُنْ سَقِيمًا، وَقَوْلُهُ لِسَارَةَ: أُخْتِي، وَقَوْلُهُ: بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا} (أخرجه: البخاري: (٢٢١٧، ٢٦٣٥، ٣٦٥٧، ٦٩٥٠)، ومسلم: ٢٣٧١، أبو داود: ٢٢١٢، والترمذي: ٣١٦٦، إسناده حسن ورجاله ثقات).

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئیبراهیم هەرگیز لە هیچ شتێکدا درۆی نەکردوە، مەگەر سێ جاران، ئەویش هەرسێکیان لە پێناوی خوادا بوون:

أ- کە گوتی: من نەخۆشم [وەک لە سوورەتی (الصافات)دا هاتوە، کاتێک کە خەڵکەکە دەچنە دەرێ، چاوەڕێ دەکەن کە ئیبراهیمیش ﷺ لەگەڵیاندا بچێتە دەر، ئنجا سەیران

دەبێ، یان جەژنی نەورۆز دەبێ، یان گەشتێک دەبێ، ئیبراهیم لەگەڵیان ناچێ و دەڵێ: ﴿إِنِّي سَقِيمٌ ٨٩﴾، من نەخۆشم واتە: ناتوانم بێمە دەرێ، کە نەخۆشیش نەبووە}.

ب- کاتێک بە سارە دەڵێ ئەوە خوشکمە. {کە هاوسەریشی بووە، کاتێک کە دەچێت بۆ میسر، دیارە عادەتی فیرعەونی میسر وابووە، کە هەر کەسێک هاوسەرێکی جوانی لەگەڵدا بووبێ، لێی زەوت کردوە، بۆیە ئیبراهیم ﵇ دەڵێ ئەوە خوشکمە، بۆ ئەوەی لێی زەوت نەکات}.

ج- کە گوتوویەتی: گەورەکەیان وای بەسەر ئەو بت و پەیکەرانە هێناوە و تێک و پێکی شکاندوون، {کە خۆیشی وایلێکردوون}.

ئنجا هەندێک لە زانایان گوتوویانە کە ئیبراهیم ﵇ لێرەدا لەبەرخوا ئەو قسەیەی کردوە کە ڕاست نەبووە و واش نەبووە، بەڵام لە پێناوی خوادا بووە، بە پێی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ.

هەڵبەتە کە پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: کە ئیبراهیم ئەو سێ شتەی گوتوون لە پێناوی خوادا و، ئەو سێ درۆیەی کردوون، هەرسێکیان درۆی ڕوون و ڕاشکاو نین، بۆ نموونە:

أ- کە دەڵێ: ﴿إِنِّي سَقِيمٌ﴾، من نەخۆشم، واتە: دڵم بێزارو نەخۆشە لەو بتانەی ئێوە.

ب- کە بە سارە دەڵێ: خوشکمە (أختي)، گوتوویەتی: سارە جگە لە من و تۆ هیچ بڕوادارێک لەسەر زەوی نیە، کەواتە: ئەگەر هاوسەرم نەبووبای، لە ئیماندا خوشک و براین.

ج- کە دەفەرموێ: ﴿بَلْ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا﴾، واتە: من ڕقم لەو گەورەیان هەستا، بە هۆی ڕق هەڵسانم لەو بتە گەورەیان، کە زۆری دەپەرستن و زۆر بەندایەتیی بۆ دەکەن، ئەوانەشم شکاند، کەواتە: بە هۆی ڕق هەڵسانم لەو بتە گەورەیە، ڕقم چووە ئەوانیش و ئاوا وردو خاشم کردن، یانی: هەر سێکیان دەگونجێ کە بە جۆرێک تەئویل بکرێن.

بۆیەش وا دەڵێم، چونکە هەندێک لە زانایان ئەو بەسەرهاتە ڕەت دەکەنەوە، ئەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ئیبراهیم ئەو سێ درۆیەی کردوون، دەڵێن: درۆکردن شایستەی پێغەمبەران نیە و، پێغەمبەر ﷺ شتی وای نەفەرمووە، وەک لە تەفسیری سوورەتی ئیبراهیمیشدا باسمان کرد.

٢- ڕایەکی دیکە ئەوەیە کە فەرموویەتی: ﴿بَلْ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا﴾، ئەمە وەک ئەوەیە کە تۆ شتێکی گرنگ و بەرچاوت کردبێ، یەکێک لەو لای ڕا بێ بڵێ: ئەوە تۆ کردووتە!؟ تۆش بڵێی: نەخێر! بەڵکو تۆ کردووتە!! بە توانج و تەوسەوە، ئەمە وەک لە سوورەتی (الدخان)دا هاتوە، کە خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿ذُقْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ ۝٤٩﴾، واتە: بیچێژە تۆ زاڵ و بەڕێزی! کە بە پێچەوانەوەیە، واتە: ئەمە بە توانجەوەیە و یانی: تۆ زۆر دەستی و بێ ڕێزیشی، ﴿ذُقْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ﴾، واتە: تۆ پێت وابووە کە زاڵی و بەڕێزیشی، کەچی ئێستا بە پێچەوانەوەیە، دیارە بە توانج و بە تەوسەوە ئەو قسەیە دەکرێ.

٣- تەئویلێکی دیکەی ئەوەیە، کە ئەم قسەی ئیبراهیم عليه السلام، بۆیە دەفەرموێ: ﴿بَلْ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا﴾، واتە: ئەو بتە زلە ڕازی نەبووە ئەو هەموو هاوبەشانەی هەبن، کە دەفەرموێ: ئەو وایکردوە، دەیەوێ سەرنجیان ڕابکێشێ بۆ ئەوە، کە ئەو بتە گەورەیە ڕازی نەبووە، ئەو وردە بتانەی لەگەڵدا بپەرسترێن، ئەدی خوای بەرز ومەزن چۆن ڕازی دەبێ هەندێک لە دروستکراوەکانی لەگەڵیدا بپەرسترێن!

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش، بۆچی پێغەمبەر ﷺ ئەو قسەیەی ئیبراهیمی عليه السلام ناوە درۆ؟ سێ وەڵام هەن:

یەکەم: ئەو فەرموودەیە سەنەدەکەی ڕاست نیە و، پێغەمبەر ﷺ درۆی پاڵنەداوەتە لای ئیبراهیم، ئەو فەرموودەیە پێغەمبەر ﷺ نەیفەرمووە.

دووەم: ئەو قسانەی ئیبراهیم کە دەربارەی (نەخۆشیی و، سارە و، بتەکان) کردوونی، لە شێوەی درۆدا بوون بە ڕواڵەت، بەڵام لە ڕاستییدا مەبەستی پێ (کنارە) بووە، بە کوردیی پێی دەڵێن: لەبەر ڕا هاویشتن، بە **(تعريض وكناية)** ئەوەی فەرمووە.

سێیەم: لەو حاڵەتەدا درۆ دروستە، مادام ئامانجێکی هێندە گەورە پەکی لەسەر درۆیەک کەوتبێ، دروستە لەو حاڵەتە، مادام ئەو ئامانجە گەورەیە بەو درۆیە نەبێ نایەتە دی، دروستە بکرێ.

بەهەر حاڵ ئەوانە سێ وەڵامن، بەڵام من ئەوەی کە زیاتر بە دڵمەوە دەنووسێ، ئەوەیە کە ئیبراهیم عليه السلام بە توانج و بە تەوسەوە فەرموویەتی: ﴿ بَلْ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا ﴾، ئەو گەورەیان کردوویەتی! دەشزانن ئەو گەورەیان هیچ ناکات، کەواتە: یان دەبێ ئیبراهیم بێ، یان دەبێ بتە گەورەکەیان بێ، چونکە ئەوان دەڵێن: ئیبراهیم تۆ کردووتە، ئەویش دەڵێ: بەڵکو بتە گەورەکەیان کردوویەتی، ئنجا دەزانن کە بتە گەورەکەیان ئەوەی پێ ناکرێ، کەواتە: ئیبراهیم کردوویەتی، یانی: لێرەدا دوو تۆمەتبار هەن:

أ- بتە گەورەکەیان.

ب- ئیبراهیم عليه السلام، بتە گەورەکەش پێی ناکرێ، کەواتە: ئیبراهیم کردوویەتی، بەڵام وەک گوتم: تۆ کەسێک پرسیاری ئەوەت لێ دەکات، کە تۆ ئەو کارەت ئەنجام داوە؟ تۆش دەڵێی: نەخێر بەڵکو تۆ! واتە: بە دڵنیاییەوە من کردوومە، چونکە بە تۆ ناکرێ، واتە: ئەگەر من نەبم ئەو بتانەم ورد خاش کردبێ، خۆ ئەو بتە گەورەیەشیان نیە!؟ من ئەوەیانم زیاتر بە دڵەوە دەنووسێ، بە هەر حاڵ ئەوانی دیکەش هەرکامێکیان بەشێک لە زانایان قبووڵیان کردوون.

ئەوەی بە لامەوە گرنگە بە ڕاستیی ئەوەیە، کە چۆن پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، لە شتێک پاک بکەینەوە و بە دووریان بگرین، کە شایستەی پایە و مەقامی بەرز و ناوازەیان نەبێ، ئەوەی کە بە لامەوە گرنگە ئا ئەوەیە، چونکە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، لە لووتکەی بەرزی هەموو ڕەوشتێکی جوان و پەسندا بوون و، دوور بوون لە هەر خوویەکی دزێو و ناپەسند، ئەمە مەبدەئە، بەڵام بێگومان کاتێک کە مرۆڤ دێتە نێو دنیای واقیعیشەوە، جاری وا هەیە

پاراستنی ئەو پرەنسیپ و مەبدەئانە، واقیع جۆرێک لە نەرمش و نەرم و نیانیی (خۆ گونجاندن) پێویست دەکات، بۆ ئەوەی ئەو پرەنسیپ و مەبدەئانەت پارێزراو بن، هەروەک پێغەمبەر ﷺ هەرگیز ئامادە نەبووە مسوڵمانێکی چەوسێنراوە، تەسلیمی کافران بکات، بەڵام لە صوڵحی حودەیبییەدا، کاتێک رێککەوتننامەکە ئیمزا دەکەن، کوڕی سوهەیلی کوڕی عەمر (ئەبوو بەصیر) و، دوای ئەو ئەبوو جەندەل، کە هەردووکیان لەو کاتەدا مسوڵمان دەبن، کافرەکان دەڵێن دەبێ تەسلیممان بکەنەوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بیاندەن بە من، با تەسلیمتان نەکەمەوە، دەڵێن: نەخێر، یان رێککەوتننامە و صوڵحەکە هەڵدەوەشێنینەوە، یان دەبێ تەسلیممان بکەیەوە، پێغەمبەر ﷺ بە ناچاریی تەسلیمیان دەکاتەوە، وەک پرنسیپ (مبدأ) پێغەمبەر ﷺ هەرگیز مسوڵمانێکی تەسلیمی کافران نەکردوە بیچەوسێننەوە، بەڵام لێرەدا بۆچی تەسلیمیان دەکات؟ لەبەر ئەوەی واقیعەکە وا دەخوازێ و ئامانجێکی گەورەتر پەکی لەسەر ئەوە کەوتوە، ئنجا لە کاتێکدا دوو شتی باش تێکدەگیرێن، دەبێ تەماشایان بکەی: کامیان باشییەکەی زیاترە، دەبێ ئەویان هەڵبژێری و، کامیان باشییەکەی کەمترە، بیکەیە قوربانی ئەوی دیکەیان، هەروەک کاتێک دوو زیان رووت تێدەکەن، دەبێ تەماشایان بکەی: کامیان زیانەکەی گەورەترە، ئەویان لە خۆت دووربخەیەوە، بە تەحەممول کردنی ئەوی دیکەیان، هەروەک زانایان گوتوویانە: (**إِحْتِمالُ أَخَفُّ الضَرَرَيْن**)، یاخود (**إِحْتِمالُ أَهْوَنِ الشَّرَّيْن**)، واتە: لە دوو زیانان زیانە کەمترەکە دەبێ تەحەممول بکرێ، بەڵام (**تفويط أدنى المصلحتين**)، لە دوو بەرژەوەندیی، کامیان گچکەترە، ئەویان بفەوتێنرێ و بەرژەوەندییە گەورەکە دابین بکرێ.

مەسەلەی چوارەم:

بڕیاردانی گەلی ئیبراهیم بە سووتاندنی ئیبراهیم و، فەرمانکردنی خوا بە ساردو سەلامەت بوونی ئاگرەکە لەسەر ئیبراهیم و، پووچەڵ کردنەوەی خوا ﷻ بۆ پیلانەکەیان و، سەرەنجام گێڕانیان بە زیانبارترین:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالُواْ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓاْ ءَالِهَتَكُمۡ إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ (٦٨) قُلۡنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرۡدٗا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ (٦٩) وَأَرَادُواْ بِهِۦ كَيۡدٗا فَجَعَلۡنَٰهُمُ ٱلۡأَخۡسَرِينَ (٧٠) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ قَالُواْ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓاْ ءَالِهَتَكُمۡ ﴾، گوتیان: بیسووتێنن و پەرستراوەکانتان سەربخەن، واتە: دوای ئەوەی کە لە مەیدانی بەڵگە و دەلیلدا شکست دەخۆن، پەنا دەبەنە بەر هەڕەشەو گوڕەشە و ئاسن و ئاگر، کە دەڵێن: (**حَرِّقُوهُ: التحريق مُبَالَغَةٌ فِي الحَرْقِ**)، (**تحريق**) زێدەڕۆییکردنە لە سووتاندا، واتە: زۆر چاکی بسووتێنن، بیکەنە قەرەبرووت.

جێی سەرنج ئەوەیە لە زۆربەی تەفسیرەکاندا، تەنانەت (**محمد الطاهر بن عاشور**) دەڵێ: (**قِيلَ الَّذِي أَشَارَ بِالرَّأْيِ بِإِحْرَاقِ إِبْرَاهِيمَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ كُرْدِيٌّ اسْمُهُ: هِينُون**)[1]، واتە: گوتراوە: ئەوەی ئاماژەی داوە بە سووتاندنی ئیبراهیم، پیاوێک بووە لە گەلی کورد، ناوی (**هِینُون**) بووە.

هەڵبەتە ئەگەر وابێ دەبێ ئەو خەڵکەی لەوێ بوون، زیاتر کورد بووبن، ئەگەرنا کوردێکی غەریب و غەوارە و ئاوارە، ئەو دەسەڵاتەی نیە ئەو تەگبیرە

---

[1] التحرير والتنوير، ج١٧، ص١٠٥.

بکات و ئەو ئاماژەیە بکات، بە هەر حاڵ ئەو گێڕدراوەیە سەنەدێکی واشی نیە، گرنگ ئەوەیە ئەو قسەیە لە تەفسیرەکاندا هاتوە، ئنجا گەلی کوردیش وەک هەموو گەلانی دیکە، چاک و خراپیان هەیە، ئەو کاتە ئەو خەڵکەش هەمووی ئەهلی کوفرو شیرک بووە، بە کوردو غەیری کوردیشەوە.

کە دەڵێن: ﴿ وَٱنصُرُوٓاْ ءَالِهَتَكُمۡ ﴾، پەرستراوەکانتان سەربخەن، ئەمە تەعبیرێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە! چونکە پەرستراو دەبێ پەرستەرەکانی سەربخات، پەروەردگارو پەرستراو، دەبێ ئاگای لەوانە بێ کە دەیپەرستن و لێی دەپاڕێنەوە، کەچی ئەوان دەڵێن: پەرستراوەکانتان سەربخەن، ئەوە چ پەرستراوێکە کە پێویستیی بەوە بێ پەرستەرەکانی سەری بخەن؟ هەروەک کاتێ خۆی لە شاری مەککە، یەکێک لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بتێکی دەبێ دەیپەرستێ، تەماشا دەکات ڕێوی میزی پێدا دەکات، ئنجا بە شیعر دەڵێ: من پەرستراوێک ناپەرستم ڕێوی میزی پێدا بکات و، نەشتوانێ بەرگریی لە خۆی بکات!

٢)- ﴿ إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ ﴾، ئەگەر ئێوە ئەنجام دەرن، واتە: ئەگەر ئێوە ئەنجام دەری سەرخستنی پەرستراوەکانتانن، ئیبراهیم بسووتێنن، یاخود ئەگەر دەتانەوێ شتێک بکەن کە سوودتان پێ بگەیەنێ، ئەوەیە کە ئیبراهیم بسووتێنن، ئنجا خوا ﷻ ئەوە هەمووی دەپێچێتەوە کە چۆن دارو باریان هێنا و، ئاگریان تێ بەرداو، ئاگرەکە مەشخەڵی بەرز بۆوەو، مەنجەنیقیان هێنا و ئیبراهیمیان خستە نێو مەنجەنیقەکەوە، وەک چۆن گوللە تۆپێک بە (مَدْفَع)ێک فڕێ دەدەی، ئاوا ئیبراهیمیان هەڵدایە نێو مەشخەڵ و بڵێسەی ئاگرەکە، خوا ﷻ ئەوە هەمووی دەپێچێتەوە.

٣)- ﴿ قُلۡنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرۡدٗا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ ﴾، دوای ئەوەی ئەوان ئاگریان کردەوەو، ئیبراهیمیان خستە نێو مەنجەنیقەوەو هەڵیاندا، ئێمەش گوتمان: ئەی ئاگر! ساردو بێ زیان بە لەسەر ئیبراهیم، ساردیی پێچەوانەی سروشتیەتی و، سەلامەتییش بە، یانی: هێندەش سارد مەبە زیانی پێ بگەیەنی، واتە: ساردێکی سەلامەت و بێ زیان بە.

٤)- ﴿ وَأَرَادُواْ بِهِۦ كَيۡدٗا ﴾، ئەوان پیلانیان بۆی مەبەست بوو، پیلانیان بۆی ویست، نەخشەیەکی خراپیان بۆی ویست، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە پیلانی سووتاندنی ئیبراهیمیان عليه السلام به پەنهانیی دارشتوە و ئیبراهیم نەیزانیوە چی لێ دەکەن و چی پێدەکەن! یاخود بۆ ئەوەی خۆی پەنهان نەکات و، خۆی نەشارێتەوە، ڕەنگە وایان گومان بردبێ، بۆیە کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَرَادُواْ بِهِۦ كَيۡدٗا ﴾، واتە: پیلانیان بۆی ویست، فێڵێکیان بۆی ویست، پیلان و فێڵ ئەوەیە کە بە پەنهانیی بکرێ.

٥)- ﴿ فَجَعَلۡنَٰهُمُ ٱلۡأَخۡسَرِينَ ﴾، کەچی ئێمە ئەوانمان گێڕا بە زیانبارترین.

وشەی: ﴿ ٱلۡأَخۡسَرِينَ ﴾، زێدەڕۆییە لە (خَاسِر)، کە (أَخْسَر) واتە: زیانبارترین و، (خَاسِر) واتە: زیانبار، (الأَخْسَرِين: إِسمُ تَفضِيلٍ مَسْلُوب المُفَاضَلَة)، لێرەدا نەیفەرموە زیانبارترین لەچی؟ لە خودی خۆیان دا زیانبارترین بوون، یانی: زیانبارییەکەیان تاکە لە جۆری خۆیدا، کە هیچ جۆرە زیانبارییەکی دیکەی ناگاتێ.

لێرەدا ئەم فەرموودەیە دێنین: (عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، إِنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: «إِنَّ إِبْرَاهِيمَ حِينَ أُلْقِيَ فِي النَّارِ لَمْ تَكُنْ دَابَّةٌ إِلَّا تُطْفِئُ عَنْهُ النَّارَ، غَيْرَ الْوَزَغِ، فَإِنَّهُ كَانَ يَنْفُخُ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، فَأَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِقَتْلِهِ) (أخرجه أحمد: ٢٤٥٧٨، وابن ماجه: ٣٢٣١، قال البوصيري: هذا إسناد صحيح، وابن حبان: ٥٦٣١، وابن أبي شيبة: ١٩٨٩٨، وأبو يعلى: ٤٣٥٧).

واتە: دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ (هاوسەری پێغەمبەر ﷺ و کچی ئەبووبەکری صیددیق خوا لێیان ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ئیبراهیم کاتێک فڕێدرایە نێو ئاگر، هیچ ژیاندارێک نەبوو، مەگەر ئاگرەکەی لە ئیبراهیم دەکوژاندەوە (هەر کامێکیان بە پێی خۆی) جگە لە قۆڕیی (الْوَزَغِ)(١)،

---

(١) (الوَزَغ) کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردوە بە کوشتنی، لە (المعجم الوسيط)دا ص ١٠٢٩، دەڵێ: (الوَزَغَةُ: سامّ أَبرَصَ لِلذَّكَرِ وَالأُنثى، أَوِ الوَزَغُ لِلذَّكَرِ، وَالوَزَغَةُ لِلأُنثى)، واتە: ژەهردارێکی بەڵەکە، بۆ نێر و مێ دەگوترێ: (الوَزَغَة)، یاخود (وَزَغ) بۆ نێرە و (وَزَغَة) بۆ مێینەیە، لە کوردەواریی خۆماندا قۆڕیی پێ دەڵێن، هەندێک سەرما زەڵەی پێ دەڵێن، بەڵام سەرما

فووی لە ئاگرەکە دەکرد، بۆ ئەوەی ئاگرەکەی ئیبراهیم خۆشتر بکات، بۆیە پێغەمبەر فەرمانی کردوە بە کوشتنی قۆڕیی (الْوَزَغِ) لە هەر شوێنێک بینیتان.

ئەمەش وەک هاودەردیی دەربڕینێک لەگەڵ ئیبراهیمدا، ئەگەرنا ئەو قۆڕییەی کە ئێستا هەیە، ئەوە نەبووە کە فووی لە ئاگرەکەی ئیبراهیم ﵇ کردوە، بەڵام وەک هەڵوێست نواندنێکی ئیمانیی و، مادام پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی بیکوژن، حەتمەن دیارە زیانێکی هەیە، هەروەک (**المعجم الوسيط**) دەڵێ: ژەهردارێکی بەڵەکە.

خاوەنی (**التحرير والتنوير**) لە تەفسیرەکەیدا(١) دەڵێ: ئەو گەلەی کە ئیبراهیم لە نێویاندا بووە کلدانیی بوون و، نازناوی پادشایەکەیان نەمرود بووە و، هەندێکیش گوتوویانە: ئەو پادشایەی کە لە سەردەمی ئیبراهیمدا بووە، هەر ناوی نەمروود بووە، نەک نازناوی پادشایەتیی، واتە: هەر ناوی شەخسیی خۆی نەمروود، یاخود (نَمْرُوذ) بووە، دوایی گەلی کلدانییەکان لە (**أور الكلدانيين**) کە لە باشووری عێراق بووە، موڵک و دەسەڵاتیان لەسەر دەستی ئاشوورییەکان کۆتایی هاتوە و ئاشوورییەکان بەسەریاندا زاڵ بوون و، مێژوو ئەوەی چەسپاندوە کە عیلامییەکان (**العِلامِيين**) کە خەڵکی (سووس) بوون، ئەوان دەسەڵاتیان ڕاناوە و هەبووە بەسەر وڵاتی کلداندا، لە سەردەمی ژیانی ئیبراهیمدا ﵇، لە دەوری ساڵی (٢٢٨٦) پێش زایین (پێش لە دایک بوونی عیسا ﵇)، ئنجا بەو پێیە بێت: (٢٢٨٦ + ٢٠٢٠ = ٤٣٠٦) ساڵ لەمەوبەر، واتە: ئیبراهیم ﵇ بە نیزیکەیی (٤٣٠٦) ساڵ لەمەوبەر ژیاوە.

زەڵە گچکەترە، قۆڕیی گەورەترەو، بە قەددەر لەپە دەستێک دەبێ، بە زۆریی لە چیاو چۆڵ و نێو دارو بەردو دەوەن دا هەیە، بەڵام نەمزانیوە ژاردار (سام) بێ، مەگەر مەبەست جۆرێکی سەرمازەڵە بێ.

(١) ج١٧، ص١٠٧.

مەسەلەی پێنجەم:

دەربازکرانی ئیبراهیم و، لووطی برازای بەرەو سەر زەمینی شام، کە خوا ﷻ پیت و پیزی تێخستوە و، پێ بەخشرانی، هەر کام لە ئیسحاقی کوڕی و یەعقووبی نەوەی و، گێڕانیان بە پێشەوا و، سروش بۆ کرانیان، کە خواپەرست و نوێژکەرو زەکاتدەر بن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَنَجَّيْنَٰهُ وَلُوطًا إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِي بَٰرَكْنَا فِيهَا لِلْعَٰلَمِينَ (٧١) وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ نَافِلَةً ۖ وَكُلًّا جَعَلْنَا صَٰلِحِينَ (٧٢) وَجَعَلْنَٰهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِمْ فِعْلَ ٱلْخَيْرَٰتِ وَإِقَامَ ٱلصَّلَوٰةِ وَإِيتَآءَ ٱلزَّكَوٰةِ ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا عَٰبِدِينَ (٧٣) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَنَجَّيْنَٰهُ وَلُوطًا إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِي بَٰرَكْنَا فِيهَا لِلْعَٰلَمِينَ ﴾، ئەویش و لووطیشمان دەرباز کردن بۆ ئەو سەر زەمینەی کە پیت و پیزمان تێخستوە بۆ جیهانییان، کە مەبەست پێی سەر زەمینی شامە، هەروەک پێشتریش گوتمان: ئایەتی یەکەمی سوورەتی (الإسراء) یش زۆر بەڕوونیی ئەوە دەگەیەنێ، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِى بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنْ ءَايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ (١) ﴾.

وشەی (نَجّيناهُ) (ضُمِّنَ نَجَّيْنَاهُ مَعْنَى الإِخْرَاجِ، فَعُدِّيَ بِحَرفِ إلى)، واتە: وشەی (نَجَّيْنَاهُ) مانای دەرهێنانی خراوەتە نێو، هەر بۆیە بە پیتی (إلى) بەرکاری خواستوە، ئەگەر نا دەیفەرموو: (نَجَّيْنَاهُ مِن) دەربازمان کرد لە، بەڵام کە دەفەرموێ: دەربازمان کرد بۆ، واتە: دەربازمان کردو دەرمان هێنا و کۆچمان پێ

کرد، بەرەو ئەو سەر زەمینەی کە پیت و پیزمان تێخستوە و بۆ جیهانییان، کە مەبەست پێی شامە.

٢)- ﴿ وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ إِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ نَافِلَةٗ ﴾، ئیسحاق و یەعقووبیشمان پێ بەخشین بە زیادە، وشەی (نَافِلَةً) هەندێکیان گوتوویانە: (حَال)ە، لە یەعقووب، واتە: یەعقووبمان بە زیادە پێ بەخشی، بەڵام دەگونجێ (حال) بێ لە ئیسحاق و لە یەعقووبیش، چونکە خوا ﷻ هەر کام لە ئیسحاق و یەعقووبی کوڕی ئیسحاقیشی بە ئیبراهیم بەخشیین، بەبێ ئەوەی کە ئیبراهیم داوا بکات، ئنجا (نَافِلَةً)ش (الزِّيادَةُ غَيْرُ الموعُودَة)، زیادەیەک کە بەڵێن نەدراوە (بەڵێنی لەسەر نەدراوە)، ئنجا ئەو زیادە لەسەر چی؟ واتە: زیادە لەسەر ئیسماعیل ﵇، چونکە خوا ﷻ ئیسماعیلی بە ئیبراهیم بەخشیی لە ئەنجامی پاڕانەوە و داواکردنی دا لە خوا ﷻ، بەڵام ئیسحاقی پێدا و یەعقووبیشی بە ئیسحاقدا و، هەردووکیشیانی بە ئیبراهیم ﵇ دان، زێدە لەسەر ئیسماعیل کە هەیبوو، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیسماعیل کوڕی گەورەی ئیبراهیمە ﵇، کە ئێمە پێشتر لە تەفسیری سوورەتی (مريم)دا، لە باسی ژیانی ئیسحاق و یەعقووبدا و، لە باسی ژیانی ئیسماعیلدا ئەوەمان خستۆتە ڕوو، کە جوولەکەکان دەڵێن: (ذَبِيح) واتە: ئەوەی کە هێنراوتە سەر سەربڕین، ئیسحاق بووە، بەڵام ئەم ئایەتەش و لەوێش بەڵگەی دیکەمان هێناوەتەوە، کە نەخێر ئیسماعیل بووە، چونکە هەر لە پەیمانی کۆندا هاتوە کە ئیسحاق پازدە ساڵ لە دوای ئیسماعیل بە ئیبراهیم دراوە و، واتە: ئیسماعیل پازدە (١٥) ساڵ لە ئیسحاق گەورەتر بووە، هەر لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: کوڕە گەورەکەی ئیبراهیم بوو کە هێنرایە سەر سەربڕان، کە کوڕە گەورەکەشی ئیسماعیل بووە⁽¹⁾.

٣)- ﴿ وَكُلّٗا جَعَلۡنَا صَٰلِحِينَ ﴾، وشەی (وَكُلًّا) لە بارەی ئەم تەنووینی سەری گوتراوە: (عِوَضٌ عَن المُضَافِ إِلَيهِ، أَي: كُلُّهُم جَعَلْنَا صَالِحِيْن)، (تەنوین) قەرەبووی پاڵوەلادراوە، یانی: هەر کامێک لەوان (ئیسحاق و یەعقووب)مان لە چاکان گێڕان.

---

(١) لە تەفسیری سوورەتی (الصافات)دا، بەدرێژیی باسی ئەوە مەسەلەیەمان کردوە.

٤)- ﴿ وَجَعَلْنَٰهُمْ أَئِمَّةً ﴾، گێڕاویشمانن بە پێشەوا، وشەی (أَئِمَّة) کۆی (إِمَام)ە، ئەویش بریتیە: لەو پێشڕەو و سەر مەشقەی کە خەڵکێک کاری وەک کاری ئەو بکات.

٥)- ﴿ يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا ﴾، بە فەرمانی ئێمە ڕێنماییان دەکرد (ڕێنمایی خەڵکیان دەکرد)، کە ئەو ڕێنماییە بریتی بووە: لە چاککردنی خەڵک لە ڕووی بوونناسییەوە، لە ڕووی ئیمان و عەقیدەیان، لە ڕووی پەرستشەکانیان، لە ڕووی ئاکارو ڕەوشتی شەخسییان، لە ڕووی ئاکارو ڕەوشتی خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییان و ... هتد، ئەوانە هەمووی دەگرێتەوە.

٦)- ﴿ وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِمْ فِعْلَ ٱلْخَيْرَٰتِ ﴾، ئەنجامدانی کردەوە هەرە باشەکانیشمان بۆیان سروشکرد (**أي: وَأَوحَيْنَا إِلَيْهِم هَذَا الكَلَامُ وَالتَّقْدِيْرُ: وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِم أَنِ افْعَلوا الخَيْرَات**)، بۆمان سروشکردن کە کردەوە هەرە باشەکان (کردەوە باشترەکان) ئەنجام بدەن، چونکە (خَيْر) بریتیە لە کردەوەی باشتر، ئنجا (خَيْرَات) کۆی (خَيْرَة)یە، واتە: کردەوە باشترەکان.

٧)- ﴿ وَإِقَامَ ٱلصَّلَوٰةِ وَإِيتَآءَ ٱلزَّكَوٰةِ ﴾، بۆشمان سروش کردن: بەرپاکردنی نوێژ و، زەکات دان، لێرەدا دوای ئەوەی خوا بە گشتیی فەرموویەتی: (فِعْلَ ٱلْخَيْرَٰتِ) کردەوە باشترەکان، بەرپاکردنی نوێژ و زەکات دان، تایبەت کراون، ئەم دووانەی بە تایبەت باس کردوون، کە ئەمەش باسکردنی تایبەتە لە دوای گشتی (**ذكر الخاص بعد العام**)، بۆ ئەوەی سەرنجمان ڕا بکێشێ بۆ گرنگیی نوێژ و زەکات، کە نوێژ هەقی خوایە و، زەکات هەقی خەڵکە، نوێژ پایەی مەعنەویی دینداریيە و، زەکات پایەی ماددیی و ئابووریی دینداریيە.

٨)- ﴿ وَكَانُوا۟ لَنَا عَٰبِدِينَ ﴾، ئەوان بۆ ئێمە پەرستەر بوون، ملکەچ بوون، واتە: سیفەتی پەرستن و بەندایەتیی کردن بۆ ئێمە، لە ئەواندا ڕۆچوو و ڕیشەدارو جێگیر بوو.

مەسەلەی شەشەم و کۆتایی:

پێدانی حیکمەت و زانست بە لووط و، دەربازکرانی لە ئاوەدانیی خراپەکارو، خسترانیە نێو بەزەیی خواوە، بە هۆی چاک بوونیەوە:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَلُوطًا ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَنَجَّيْنَٰهُ مِنَ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَت تَّعْمَلُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ ۗ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ فَٰسِقِينَ ﴿٧٤﴾ وَأَدْخَلْنَٰهُ فِى رَحْمَتِنَآ ۖ إِنَّهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلُوطًا ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ﴾، ئێمە حیکمەت و زانیارییمان بە لووط بەخشین، حوکم بە تەئکید مەبەست پێی حیکمەتە، نەک حوکم بە واتای حوکمڕانیی و، (علم)یش بەکوردیی: مەبەست پێی زانست و زانیارییە.

جیاوازیی حیکمەت و عیلم چییە؟ حیکمەت: بریتیە لە لێزانیی و کارامەیی، زانیاریی: بریتیە لە زانینی شتەکان، ئنجا جاری وا هەیە کەسێک زانیاریی هەیە، بەڵام حیکمەتی نیە و، جاری وا هەیە حیکمەتی هەیە و زانیاریی نیە، بەڵام هەردووکیان بە یەکەوە کۆببنەوە، زۆر گرنگە، زانیاریی ئەوەیە کە شتەکان وەک خۆیان بزانی، حیکمەت ئەوەیە کە وەک شایستەیە مامەڵە بەو زانیارییەی خۆت بکەی، لەگەڵ شتەکان و دەوروبەردا، کەواتە: زانست زیاتر حاڵەتێکی تیۆریی بە خۆیەوە دەگرێ، بەڵام حیکمەت زیاتر حاڵەتێکی کردەیی بە خۆیەوە دەگرێ، لێرەدا واتە: هەم ناسین و زانینی هەقمان پێ دابوو بە لووط، هەم مامەڵەکردنێکی ڕاست و دروست و بەجێ لەگەڵ دەوروبەردا، ئەوەشمان پێ دابوو.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَلُوطًا ءَاتَيْنَـٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ﴾، دەیتوانی بفەرموێ: **(وَآتَيْنَا لُوْطَاً حُكْمَاً وَعِلْمَاً)**، بەڵام لێرەدا وشەی **(لوط)** کە بەرکار **(مَفعول بِه)**ە و پێشخراوە، ئەمە بۆ دەرخستنی گرنگیی پێدانە بە **لووط** ﵇، واتە: ئەو لێزانیی و زانست و شارەزاییەمان بە **لووطدا** بوو و، **لووط** جێگای گرنگیی پێدان و بایەخی ئێمە بوو.

٢)- ﴿ وَنَجَّيْنَـٰهُ مِنَ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَت تَّعْمَلُ ٱلْخَبَـٰٓئِثَ ﴾، دەربازیشمان کرد لەو ئاوەدانییەی (لە خەڵکی ئەو ئاوەدانییەی) کردەوە قێزەونەکانی ئەنجام دەدا، کە لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: ئاوەدانیی: سەدووم و عامووڕا، کە لە تەفسیری سووڕەتی **(هُود)**دا بە درێژیی باسمان کردوە و، جگە لە سەدووم و عاموڕا، ناوی چەند شارو ئاوەدانییەکی دیکەش هاتوە، کە ئەوانە هەموویان شارەکانی گەلی لووط ﵇ بوون، کە خوای دادگەریش دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْمُؤْتَفِكَـٰتِ ﴾، هەڵگێڕدراوەکان، واتە: دەبێ زیاتر لە ئاوەدانییەک بووبن، کە ئێستا شوێنەکەیان بووەتە دەریاچەی مردوو، کە شوێنەوارناسەکان دەڵێن: لە ژێر دەریای مردوودا، شوێنەواری ئەو ئاوەدانییە هەڵگێڕدراوانە هەن و، ئەو شوێنەوارانەشیان دۆزیونەوە کە ئایەتەکانی قورئان باسی دەکەن، کە خوای کاربەجێ بەردی سوورەوەکراوی بەسەردا باراندوون.

کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّتِى كَانَت تَّعْمَلُ ٱلْخَبَـٰٓئِثَ ﴾، کە کردەوە خراپەکانیان ئەنجام دەدان، وشەی **(الخَبائِث)** کۆی **(الخَبيْثَة)**یە، بەڵام بۆچی بە **(مُؤَنَّث)** هاتوە؟ **(يَعْني: الفِعْلَةُ الشَّنِيْعَة)** واتە: کردەوەی قێزەون و خراپ، مەبەست ئەو کردەوانە بوون، کە گەلی **لووط** ﵇ ئەنجامیان داون، کە دووانیان: نێربازیی و ڕێگاگرتن لە خەڵک بوون، هەروەک دەفەرموێ: ﴿ وَتَأْتُونَ فِى نَادِيكُمُ ٱلْمُنكَرَ ﴾، لە کۆڕو مەجلیسانتان دا شتی خراپ دەکەن، خوا ﷻ بە گشتیی فەرموویەتی و هەر کردەوە و ڕەفتارێکی خراپ، دەگرێتەوە.

٣)- ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ فَـٰسِقِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوان کۆمەڵێکی خراپەکاری لاڕێ بوون، (سَوْءٍ) چاوگە، واتە: شتی ناقۆڵا و خراپ، خوا گەلەکەی لووط بەوە وەسف

دەکات، کە خەڵکێکی خراپ و لاڕێ بوون، خراپ بوون و لاڕێیی، دوو وەسفن، کە هەموو جۆرە خراپیی و لاڕێی بوون و لەڕێ دەرچوونێک دەگرنەوە.

٤)- ﴿ وَأَدۡخَلۡنَٰهُ فِي رَحۡمَتِنَآ ﴾، خستمانە نێو بەزەیی خۆمانەوە، واتە: (لووط)مان خستە نێو بەزەیی خۆمانەوە لە دنیا و دوارۆژدا، خوا ﷻ (لووط)ی لەو خەڵکە دەرباز کردو لە نێویان دەری هێنا و، لەو بەڵایەش قوتارو دەربازی کرد، کە بەسەر گەلە خراپە کارەکەی هێنا، ئەویش ئەوەبوو کە نغرۆی کردن، دێ و ئاوەدانییەکانی هەڵگێڕانەوە، سەرەو بنی کرد، بەرد بارانی کردن، وەک پێشتر بەسەرهاتەکەیمان بە درێژیی باس کردوە، لە تەفسیری سووڕەتی (هود)دا.

٥)- ﴿ إِنَّهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئەو لە چاکان بوو، بێگومان لووط لە چاکان بوو، کەواتە: (صَالِح) یانی: چاک و هەموو ڕەهەندەکانی چاکیی دەگرێتەوە.

خوا بە لوتف و کەرەمیی خۆی، ئێمەش لە چاکان بگێڕێ و، لەو کەسانەمان بگێڕێ کە بە دوای ئەو پێغەمبەرە باش و چاکانە دەکەون و، دەیانکەنە سەرمەشقی خۆیان.

دەرسی پێنجەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان بیست (٢٠) ئایەت دەگرێتە خۆی، کە ئایەتەکانی: (٧٦ - ٩٥) ن، کە لەو بیست (٢٠) ئایەتەدا، باسی کورتەیەک لە بەسەرهاتی هەر کام لە: (نووح، داوود، سولەیمان، ئەییووب، یونوس، زەکەریپا، مەریەم و کوڕەکەی عیسا) کراوە و، ناوی هەر کام لە: (ئیدریس و ئیسماعیل و زەلکیفل و یەحیا)ش هێنراوە.

شایانی باسیشە لە سۆنگەی ئەوەوە کە ئەم سووڕەتە بە سووڕەتی: (الأنبیاء) ناونراوە و، لە دوای سووڕەتی (الأنعام) دووەمین سووڕەتە کە تێیدا ناوی ژمارەیەکی هێندە زۆر لە پێغەمبەرانی خوا (**علیهم الصلاة والسلام**) باسکرا بێ، کە بە عیساوە حەڤدە (١٧) پێغەمبەرن، بەڵام لە سووڕەتی (الأنعام)دا ناوی هەژدە (١٨) پێغەمبەر بە دوای یەکدا هاتووە، ناوی عیسا نەهاتووە، بەڵام ئاماژەی پێدراوە، بۆیە ئێمە لەم دەرسەماندا ئەو پێغەمبەرانەی کە ماون ژیان و بەسەرهاتیان بخەینە ڕوو، لێرەدا، باسیان دەکەین، کە سوپاس بۆ خوا ئێمە ژیان و بەسەرهاتی هەر کام لەو بیست و پێنج (٢٥)[1] پێغەمبەرەی کە لە سووڕەتەکانی قورئاندا ناویان هاتووە، کە ڕابردوون و تەفسیرکردنیانمان گوزەراندوە و، بەسەرهاتی هەموویانمان باسکردوە، تەنها مووسا ﵇ پێنج قۆناغێکی ژیانی ماوە، کە وەک بەڵێنمان داوە لە سەرەتای سووڕەتی (القصص)دا، ئەو پێنج قۆناغەی ژیانی کە ماون، لەوێدا باسیان دەکەین، ئەگەر نا پێغەمبەرەکانی دیکە ﵇ هەموویان بەسەرهاتەکانیانمان خستوەتە ڕوو، جگە لەم شەشە: (داوودو سولەیمان و ئەییووب و زەلکیفل و ئەلیەسەع و ئیلیاس).

---

[1] ژیانی سەروەری پێغەمبەرانیش (محمد) ﷺ لە میانی تەفسیرکردنی سووڕەتەکان دا زۆری خراوەتەڕوو، جگە لە کتێبی (پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا) ﷺ.

ئنجا ئێمە لەمیانی تەفسیرکردنی ئەم (٢٠) ئایەتەدا، باسی ئەو شەش پێغەمبەرەش دەکەین، کە چوار لەوانەی کە بەسەرهاتەکەیانمان نەگێڕاونەوە: (داوودو سولەیمان و ئەییووب و زەلکیفل)ن، ناویان هاتووە، لێرەدا دوو پێغەمبەرەکەی دیکە (ئەلیەسەع) ناوی لە سوورەتی (الأنعام)دا هاتووە و، (ئیلیاس)یش ناوی لە سوورەتی (الصافات)دا هاتووە، بەڵام ئێمە لێرە بەسەر یەکەوە کورتەیەک و پوختەیەک لە بەسەرهات و ژیانی هەر کام لەم شەش پێغەمبەرانە (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، دەخەینە ڕوو، تاکو دوایی ئەگەر ویسترا ژیان و بەسەرهاتی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، لەم تەفسیرە دەربهێندرێ، ئەم شەشانە لێرەدا لە سوورەتی (الأنبیاء) بەسەریەکەوەو، چواریان لە سوورەتی (هود)دا باس کراون و، حەوتیشیان لە سوورەتی (مریم)دا ئەوانی دیکەش هەر کامێکیان لەو سوورەتەدا کە ناوی هاتووە، یاخود ئەو سوورەتەی کە بە ناوی ئەوەوەیە، یاخود کام سوورەتە باشتر لەگەڵ بەسەرهاتی ئەودا گونجاوە، لەوێدا بە درێژیی باسکراون.

﴿ وَنُوحًا إِذۡ نَادَىٰ مِن قَبۡلُ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ فَنَجَّيۡنَٰهُ وَأَهۡلَهُۥ مِنَ ٱلۡكَرۡبِ ٱلۡعَظِيمِ
(٧٦) وَنَصَرۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمَ سَوۡءٖ فَأَغۡرَقۡنَٰهُمۡ أَجۡمَعِينَ
(٧٧) ﴿ وَدَاوُۥدَ وَسُلَيۡمَٰنَ إِذۡ يَحۡكُمَانِ فِي ٱلۡحَرۡثِ إِذۡ نَفَشَتۡ فِيهِ غَنَمُ ٱلۡقَوۡمِ وَكُنَّا
لِحُكۡمِهِمۡ شَٰهِدِينَ (٧٨) فَفَهَّمۡنَٰهَا سُلَيۡمَٰنَۚ وَكُلًّا ءَاتَيۡنَا حُكۡمٗا وَعِلۡمٗاۚ وَسَخَّرۡنَا
مَعَ دَاوُۥدَ ٱلۡجِبَالَ يُسَبِّحۡنَ وَٱلطَّيۡرَۚ وَكُنَّا فَٰعِلِينَ (٧٩) ﴿ وَعَلَّمۡنَٰهُ صَنۡعَةَ لَبُوسٖ
لَّكُمۡ لِتُحۡصِنَكُم مِّنۢ بَأۡسِكُمۡۖ فَهَلۡ أَنتُمۡ شَٰكِرُونَ (٨٠) وَلِسُلَيۡمَٰنَ ٱلرِّيحَ عَاصِفَةٗ تَجۡرِي
بِأَمۡرِهِۦٓ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ ٱلَّتِي بَٰرَكۡنَا فِيهَاۚ وَكُنَّا بِكُلِّ شَيۡءٍ عَٰلِمِينَ (٨١) وَمِنَ ٱلشَّيَٰطِينِ مَن
يَغُوصُونَ لَهُۥ وَيَعۡمَلُونَ عَمَلٗا دُونَ ذَٰلِكَۖ وَكُنَّا لَهُمۡ حَٰفِظِينَ (٨٢) ۞ وَأَيُّوبَ
إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ (٨٣) فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ فَكَشَفۡنَا مَا
بِهِۦ مِن ضُرّٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا وَذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰبِدِينَ (٨٤)

وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِدۡرِيسَ وَذَا ٱلۡكِفۡلِۖ كُلّٞ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٨٥﴾ وَأَدۡخَلۡنَٰهُمۡ فِي رَحۡمَتِنَآۖ
إِنَّهُم مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٦﴾ وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبٗا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ
فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾
فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٨٨﴾ وَزَكَرِيَّآ إِذۡ
نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرۡنِي فَرۡدٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ﴿٨٩﴾ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَوَهَبۡنَا لَهُۥ
يَحۡيَىٰ وَأَصۡلَحۡنَا لَهُۥ زَوۡجَهُۥٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَيَدۡعُونَنَا
رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴿٩٠﴾ وَٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهَا مِن
رُّوحِنَا وَجَعَلۡنَٰهَا وَٱبۡنَهَآ ءَايَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿٩١﴾ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ
وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٩٢﴾ وَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡۖ كُلٌّ إِلَيۡنَا رَٰجِعُونَ ﴿٩٣﴾
فَمَن يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَا كُفۡرَانَ لِسَعۡيِهِۦ وَإِنَّا لَهُۥ كَٰتِبُونَ
﴿٩٤﴾ وَحَرَٰمٌ عَلَىٰ قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَآ أَنَّهُمۡ لَا يَرۡجِعُونَ ﴿٩٥﴾ ﴾

ماناى دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها یادی نووح بکە کە پێشتر (بەر لەو پێغەمبەرانەی باسکران) بانگی (پەروەردگاری کرد)، ئێمەش وەڵاممان دایەوە (بە دەنگیەوە چووین) و خۆی و خێزان و نیزیکەکانیمان لە بەڵای مەزن قوتار کردن ﴿٧٦﴾ هەروەها سەرمانخست بەسەر ئەو خەڵکەدا، کە ئایەتەکانمانیان بە درۆ دانا و لێیان دەربازمان کرد، بە دڵنیایی ئەوان کۆمەڵێکی خراپ بوون، بۆیە تێکڕایانمان لە تۆفاندا خنکاندن ﴿٧٧﴾ هەروەها یادی داوودو سولەیمان (ی کوڕی) بکەوە، کاتێک لە بارەی ئەو کشتوکاڵەوە کە بە شەوێ مەڕی کۆمەڵە خەڵکێکی بەرهەڵدا بوو بۆیە (زەڕی تێدا کرد بوو، زیانی پێگەیاندبوو} دادوەرییان دەکردو، ئێمەش ئامادەی

دادوەرییەکەیان بووین ﴿٧٨﴾ سەرەنجام دادوەریی کردنی ڕاستمان لە بارەیەوە لە سولەیمان گەیاندو، حیکمەت و زانیاریشمان بە هەر کامێکیان دابوو، چیایەکان و باڵندەکانیشمان لەگەڵ داوودا ڕام و دەستەمۆ کردبوون بەپاکیان دەگرت (خوا) و هەر ئێمەش بکەر(ی ئەوە) بووین (کە باسکرا) ﴿٧٩﴾ هەروەها دروستکردنی پۆشاکێکمان فێر(ی داوود) کرد کە لە زەبرو ئازاری جەنگتان بتانپارێزێ، ئنجا ئایا ئێوە سوپاسگوزارن؟! ﴿٨٠﴾ هەروەها بای توندمان بۆ سولەیمان ڕامکرد، بە فەرمانی وی بەرەو ئەو سەر زەمینەی پێزمان تێخستوە، دەڕۆیی و بە هەموو شتێکیش زانا بووین ﴿٨١﴾ هەندێک کەسیشمان لە شەیتانەکان بۆ دەستەمۆ کردبوون، بۆی بە دەریادا ڕۆ دەچوون (کە گەوهەرو مرواریی بۆ دەربێنن) و، کاری دیکەشیان جگە لەوانە بۆ دەکردو، ئێمەش پارێزەریان بووین (کە یاخیی نەبن و زیان بە خەڵکی نەگەیەنن) ﴿٨٢﴾ هەروەها یادی ئەییووب بکەوە کە بانگی پەروەردگاری کردو (گوتی:) من ئازارو ناڕەحەتییم تووش بووەو، تۆش بە بەزەییترینی بە بەزەییانی ﴿٨٣﴾ ئێمەش بە دەنگیەوە هاتین و ئازارو ناڕەحەتییەکەیمان لێ لابردو، خێزان و نیزیکەکانیمان پێ بەخشیی و، وێڕاشیان هێندەی خۆشیان، وەک بەزەییەک لە لایەن خۆمانەوەو، پەندو یاد خستنەوەش بوو بۆ (خوا) پەرستەران ﴿٨٤﴾ هەروەها یادی ئیسماعیل و ئیدریس و زەلکیفل بکە، هەموویان لە خۆڕاگران بوون ﴿٨٥﴾ خستیشماننە نێو بەزەیی خۆمانەوە، بە ڕاستیی ئەوان لە چاکان بوون ﴿٨٦﴾ هەروەها یادی خاوەنی نەهەنگ (یونوس) بکەوە، کاتێک بە تووڕە بوون (لە گەلەکەی) ڕۆیی و پێیوابوو کە سەر زەمینمان لێی وەتەنگ نەهێناوە {و بۆ هەر کوێیەک بچێ ڕێی پێدراوە، بەڵام چونکە بەبێ مۆڵەت ڕۆیشتبوو لە سکی نەهەنگدا حەپسمان کرد}، ئنجا لە تاریکاییەکاندا (تاریکایی سکی نەهەنگ و دەریا و شەوگار) بانگی کردو (گوتی: ئەی خوایە!) بێجگە لە تۆ هیچ پەرستراوێک نیە، پاکییت ڕادەگەیەنم، مسۆگەر من لە ستەمکارانم ﴿٨٧﴾ ئێمەش بە دەنگیەوە هاتین و لە خەم و تەنگانە دەربازمان کردو، ئاواش بڕواداران لە خەم و تەنگانان قوتار دەکەین ﴿٨٨﴾ هەروەها یادی

زەکەریا بکەوە کاتێک بانگی پەروەردگاری کرد: پەروەردگارم! مەهێڵە تەنیا بکەومەوەو، تۆش باشترینی میراتگرانی (٨٩) ئێمەش بە دەنگیەوە هاتین و یەحیا (ی کوڕیمان) پێدا و، هاوسەرەکەشمان بۆ چاککرد [کە منداڵی ببێ] بە دڵنیایی ئەوان هەمیشە لە (کردەوە) چاکەکاندا خێراییان دەکردو، بە ئومێدو ترسەوە لێمان دەپاڕانەوە و بۆمان زۆر ملکەچ بوون (٩٠) هەروەها یادی ئەو ئافرەتە بکەوە کە داوێنی خۆی (لە هەڵەو پەڵە) پاراست، ئێمەش لە ڕووحی خۆمان فوومان پێدا کردو، خۆی و کوڕەکەیشیمان کردە نیشانەیەک بۆ جیهانییان (کە دەسەڵاتی ڕەها و بێ سنووری خوای پەروەردگاری پێ دەرک بکەن) (٩١) ئا ئەمە کۆمەڵەکەتانە (ئەی بڕوادارینە!) یەک کۆمەڵە، لەسەر ڕاستە شەقامی خوا و منیش پەروەردگارتانم، دەجا تەنیا من بپەرستن (٩٢) (ئەو پێغەمبەرانە یەک کۆمەڵی سەر ڕاست بوون) کەچی (زۆرێک لە پاشینەکانیان ئایینەکەیانیان) لە نێو خۆیاندا بەش بەش کرد، هەمووشیان تەنیا بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە (٩٣) ئنجا هەر کەس لە کردەوە چاکەکان بکات و بڕواداریش بێ، کۆششەکەی نادیدە ناگیرێ (و ناسوپاسیی بەرانبەر ناکرێ) و ئێمە (پاداشتی تەواوی) بۆ دەنووسین (٩٤) هەر ئاوەدانییەکیش کە فەوتاندوومانە، لێیان قەدەغەیە کە نەگەڕێنەوە بۆ لای خوا (بۆ سزادرانیان) (٩٥)].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْكَرْبِ): (الحُزْنُ وَالغَمُّ يَأْخُذُ بِالنَّفْسِ، والجَمْعُ: كُرُوب، الكُربَةُ: الكَرْبُ، والجَمْعُ: كُرَبٌ)، (كَرْب)، واتە: دڵتەنگیی و خەمێکە، کە دڵی ئینسان دادەگرێ، (كَرْب) بە (كُرُوب) کۆدەکرێتەوە، (كُربَةُ) ش یانی: یەک خەم، کە بە (كُرَب) کۆدەکرێتەوە، هەروەها (كَرْب) و (كُرَب) بە یەک واتاش هاتوون، هەردووکیان یانی: خەم و خەفەت و دڵتەنگیی.

(ٱلۡحَرۡثِ): (**الـزَّرْعُ: الأَرْضُ المَحْرُوثَـةُ**)، (**حَـرْث**) واتـە: کشـتوکاڵ، هەروەهـا بـە زەویـی کێڵدراویـش دەگوتـرێ، (**حَـرْثُ الدُّنْيَـا: مَتَاعُهَـا**)، ڕابـواردن و گـوزەرانی ژیـانی دنیـا، (**حَرْثُ الأَخِـرَة: العَمْـلُ الصَّالِـح**)، کێڵگـەی دواڕۆژ یـان کشـتوکاڵی دواڕۆژ، کـردەوەی چـاک.

(نَفَشَتۡ فِيهِ غَنَمُ ٱلۡقَوۡمِ): (**نَفَشَـتِ المَاشِـيَةُ فِي الـزَّرعِ: انْتَـشَرَتِ فِيْـهِ وَرَعَتْـهُ لَيْـلًا**)، (**نَفْـش**) بـە مانـای بڵاوبوونـەوە دێ، بـەڵام (**نَفَشَـتِ المَاشِـيَةُ فِي الـزَّرعِ**)، واتـە: ئاژەڵەکـە بـە شـەوێ بەربـووە نێـو کشـتوکاڵەکە و زەڕی کـردو تێیـدا لـەوەڕا و خواردیـی.

(لَبُوسٍ): (**اللَّبُـوسُ: مَـا يُلْبَـسُ، وَالجَمْـعُ: لُبُـس، الـدِّرْعُ**)، بـە مانـای پۆشـاک دێ و، تایبـەت بـە مانـای زرێ دێـت، واتـە: پۆشـاکی جەنگیـی، هەندێکیـش دەڵێـن: (**لَبُـوس**) هـەم بـە مانـای زرێ دێ، هـەم بـە مانـای خـوودە دێ، هـەم بـە مانـای هەمـوو ئـەو شـتانە دێ کـە لـە جەنگـدا بەکاردەهێنرێـن.

(بَأۡسِكُمۡ): (**البَـأْسُ: الشِّـدَّةُ فِي الحَـرْبِ، الحَـرْبُ، العَـذَابُ الشَّـدِيْدُ، الخَـوْفُ**)، وشـەی (**بَأْس**) هـەم بـەم مانـای سـەختیی جەنـگ و زەبـری جەنـگ دێ و، هەم بـە مانای خـودی جەنگ دێ و، هـەم بـە مانـای سـزای سـەخت دێ و، هـەم بـە مانای ترسـیش دێ.

(عَاصِفَةً): (**عَصَفَـتِ الرِّيْـحُ عَصْفَـاً وَعُصُوفـاً: اشْـتَدَّ هُبُوبُهَـا فَهِـيَ عَاصِـفٌ وَعَاصِفَـةٌ، وَالجَمْـعُ: عَوَاصِـف**)، (**عَصَفَـتِ الرِّيْـحُ عَصْفَـاً وَعُصُوفـاً**)، واتـە: بایەکـە هەڵیکـرد زۆر بـە توندیـی، بـای تونـد پێـی دەگوتـرێ: (**عَاصِـف**)، پێـشی دەگوتـرێ: (**عَاصِفَـة**)، کـە بـە (**عَوَاصِـف**) واتـە: بایـە تونـدو بـە هێـزەکان، کۆدەکرێتـەوە.

(يَغُوصُونَ): واتـە: بـۆی دەچوونـە نێـو دەریـا، (**غَـاصَ يَغُـوصُ فِي المَـاءِ غَوْصَـاً: نَـزَلَ تَحْتَـهُ**)، واتـە: چـووە ژێـری دەریـا، چـووە ژێـر ئـاو، (**غَائِـص**) واتـە: کەسـێک کـە چۆتـە بـن ئـاوێ، کۆیەکـەی (**غُـوَّاص**)، بـەڵام صیغـەی زێدەڕۆیـی کـردن (**صیغـة المبالغـة**) یـە، (**غَائِـص**) بریتیـە لـە (**غَـوَّاص**)، واتـە: کەسـێک کـە زۆر دەچێتـە نێـو ئـاوێ و خـۆی تێیـدا نقـوم دەکات بـۆ ئـەوەی شـت دەربێنـێ، بـە تایبـەت ئەوانـەی کـە بـە دوای گەوهـەرو مرواریـی دا دەگەڕێـن لـە ژێـر دەریـادا.

(مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ): (**مَسَّـهُ العَـذَابُ: أَصَابَـهُ**)، واتـە: تووشـم بـووە، (ضُر) هـەر نـازارو نارەحەتییەکـە کـە لـە جەسـتەی مرۆڤـدا دەبێـت، جـاری وایـە بـە مانـای زیـانی مـاڵ و سـامانیش دێـت، بـەڵام لێـرەدا بـە مانـای زیـانی جەسـتە و ناخۆشـیی و نەخۆشـیی دێ.

(نَّقۡدِرَ عَلَيۡـهِ): (**قَـدَر الـرِّزْقَ عَلَيْـهِ: ضَيَّـقَ**)، واتـە: بژیـوی لـێ وە تەنـگ هێنـا، ﴿ فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡـهِ ﴾، پێـی وا بـوو ئێمـە سـەر زەمینـمان لـێ وەتەنـگ نەهێنـاوە، واتـە: مولـزەم و پابەندمـان نەکـردوە کـە لەسـەر زەمینـی نەینـەوادا بمێنێتـەوەو، نەچـێ بـۆ جێگایەکـی دی.

(ٱلۡغَـمِّ): (**الكَـرْبُ أوِ الحُـزْنُ: يَحْصِـلُ للقَلْـبِ بِسَـبَبٍ مَـا، وَالجَمْـعُ: غُمُـوم**)، (غَـمّ) بریتیـە لـە غـەم و پەژارەیـەک کـە بـە هۆکارێکـەوە دێتـە نێـو دڵـەوە، کـە بـە (غُمُـوم) کۆدەکرێتـەوە، (غَـمّ) پەیوەندیـی بـە ئێسـتا و داهاتـووەوە هەیـە، بـەڵام (حُـزْن) پەیوەندیـی بـە ڕابـردووەوە هەیـە، (هَمّ)یـش پەیوەندیـی بـە داهاتـووەوە هەیـە.

(رَغَبٗا): (**رَغِـبَ يَرغَـبُ، رَغَبـاً وَرَغْبَـةً وَرُغْبَـةً: حَـرَصَ عَـلَى الـشَّيءِ وَطَمِـعَ فِيْـه**)، (**رَغِـبَ يَرغَـبُ، رَغَباً وَرَغْبَـةً وَرُغْبَـةً**)، واتـە: ئـارەزووی بـۆ چـوو، لەسـەری سـوور بـوو، تەماعـی تێیکـرد، پێـی ئومێـدەوار بـوو.

(وَرَهَبٗا): (**رَهِـبَ يَرْهَـبُ رَهَبـاً وَرَهْبَـةً وَرُهْبَـاً: خَـافَ**)، واتـە: ترسـا، بـەڵام جیاوازیـی نێـوان (خَـوْف) و (رَهْبَـة)، ئاوایـە: (رَهْبَـة) واتـە: سـام لێکـردن، بـەڵام (خَـوْف) واتـە: ترسـان، کەواتـە: ﴿ وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗا ﴾، بـە ئومێدەواربـوون و تامـەزرۆ بوون و عەوداڵبوونـەوە، بـە سـاملێکردن و سـام ڕێنیشـتنەوە بەرانبەرمـان، لێـمان دەپاڕانـەوە.

(وَتَقَطَّـعُوٓاْ أَمۡرَهُم): واتـە: کارەکـەی خۆیانیـان - کـە مەبەسـت پێـی لـە ئاینەکەیانـە - بـەش بـەش کـردو دابـڕ دابـڕ کـرد، (**تَقَطَّـعَ الـشَّيءُ: تَفَرَّقَـتْ أَجـزَاؤهُ: أي: تَفَرَّقُـوا فِيْـه**)، واتـە: لـە ئاینەکەیانـدا گـرووپ گـرووپ بـوون، بوونـە بەش بـەش و تاقم تاقـم، هـەر کامێکیـان بەشـێک لـە ئاینەکـەی پیـادە دەکـرد، هـەروەک ئـەو دەردە لـە مسـوڵمانانیش قەومـاوە، یەکیـان تەنیـا لـە لایـەنی ڕووحیـی دەگـرێ و، یەکێـک

تەنیا لایەنی فیکریی دەگرێ و، یەکێک تەنیا لایەنی پەروەردەیی دەگرێ و، یەکێ تەنیا لایەنی سیاسیی دەگرێ و، یەکێک تەنیا لایەنی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە دەگرێ و... هتد، کە هەمیشە مسوڵمانان وەک ئوممەتانی پێشوو، لە ئەنجامی ئەوەدا کە تێگەیشتنی گشتگیرو قووڵ و تێرو تەواویان بۆ ئایینەکەیان نابێ، دینداریيەکەشیان پچڕ پچڕو دابڕ دابڕ دەبێ.

(كُفْرَانَ): (كَفَرَ بِاللهِ يَكْفُرُ كُفْراً وَكُفْرَاناً، وَكَفَرَ بِالنِّعْمَةِ جَحَدَهَا، وَكَفَرْتُه كُفْراً أي: سَتَرْتُهُ)، (كُفْرَان) دەگونجێ چاوگی (كَفَرَ بِاللهِ يَكْفُرُ كُفْراً وَكُفْرَاناً) بێ، واتە: بێبڕوایی، بەڵام لێرەدا ﴿ فَلَا كُفْرَانَ لِسَعْيِهِۦ ﴾، ئەمە مەبەست پێی کوفرانی نیعمەتە، واتە: نادیدەگرتنی، دەگوترێ: (وَكَفَرَ النِّعْمَةَ وَكَفَرَ بِالنِّعْمَةِ جَحَدَهَا)، واتە: نکووڵیی لێکردو نادیدەی گرت، کەواتە: (كُفْرَانَ) یانی: سپڵەیی و ناسوپاسیی و نادیدەگرتنی چاکە، دەگوترێ: (كَفَرْتُهُ كَفْراً أي: سَتَرْتُهُ)، (كَفْر) واتە: پۆشین، هەر وشەی (كُفر) لە ئەصڵدا لە (كَفْر)ەوە هاتوە، چونکە بابای بێبڕوا ئەو هەقە کە ڕاستییەکانی ئیمانن، دایاندەپۆشێ بە هۆی نکووڵیلێکردنەوە، هەروەک کەسێکی سپڵەش ئەو چاکەیەی لەگەڵیکراوە، دایدەپۆشێ و لە بیرخۆی دەباتەوە، هەم سپڵەیی (كُفْرَانَ)، کە پێچەوانەی (شُكْر)ە، هەم (كُفْر) کە پێچەوانەی (ئیمانە)، هەردووکیان پەیوەندییان بە ڕیشە زمانەوانییەکەیانەوە هەیە کە بریتیە لە داپۆشین (كَفْر).

(لِسَعْيِهِۦ): (سَعَى فِي مَشْيِهِ: هَرْوَلَ وَسَعَى إلى الصَّلَاةِ: ذَهَبَ)، (سَعى) واتە: بە ڕاکردن و بە خێرایی ڕۆیشت بۆ نوێژ، دەشگونجێ هەر بە مانای ڕۆیشتنی ئاسایی بێ، بەڵام (سَعِي) لێرەدا یانی: کۆشش و هەوڵ، ئنجا لەبەر ئەوەی ئینسان کارێک کە دەیکات، دەبێ بە پێیان بە دوایی دا بچێ، لەوەوە وشەی (سَعِي) خوازراوەتەوە بۆ هەر هەوڵ و تێکۆشانێک، بەڵام لە ئەصڵدا وشەی (سَعِي) بە مانای ڕۆیشتنی خێرا دێ.

(وَحَرَامٌ): (الحَرَامُ: المَمْنُوعُ مِنْ فِعْلٍ)، واتە: قەدەغە، شتێک کە نەهێڵدرێ ئەنجام بدرێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ دوای ئەوەی باسی هەر کام لە مووسا و هارِوونی برای کرد، صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ، بە ئامـاژە پێکردن و، تۆزێک بە درێژیی باسی بەسەرهاتی ئیبراهیمی کرد لەگەڵ بابی و لەگەڵ گەلەکەیدا و، تەگبیر کردنی بۆ تێک و پێک شکاندنی بت و صەنەمەکانیان و، ئەوەی کە بەسەری هات، کە لەسەر ئەوە خرایە نێو ئاگری سوورەوەو، خوا ﷻ دەربازی کردو، دوای ئەوەی کە ئاماژەکرا بەوەی خوا ﷻ هەر کام لە ئیسحاق و یەعقووبی بە ئیبراهیم بەخشین (علیهم الصلاة والسلام)، دوای ئەوە باسی لووط کرا، کە خوا ﷻ هەر کام لە ئیبراهیم و لووطی دەربازکردن، بەرەو سەر ئەو زەمینەی پیت و پێزی تێخراوە (کە شامە) دوایی کورتەیەکی ئاماژە ئاسا لەسەر ژیان و بەسەرهاتی (لوط) ﵇ باسکرا، کە ئێمە بەسەرهاتی ئەویشمان لە سووڕەتی (هود)دا خستۆتە ڕوو، ئنجا باسی هەر کام لەو پێغەمبەرانەی دیکە دەکات: (نووح و داوودو سولەیمان و ئەیووب و یونوس و زەکەریا و ئاماژەیەکیش بە مەریەم و عیسای کوڕی).

سەرەتا دەفەرموێ: ﴿ وَنُوحًا إِذْ نَادَىٰ مِن قَبْلُ ﴾، واتە: (أُذْكُرْ نُوحاً) یادی نووح بکەوە، یاخود: (وَنَجَّيْنَا نُوحاً) ئێمە نووحیشمان دەرباز کرد، ﴿ إِذْ نَادَىٰ مِن قَبْلُ ﴾، کە پێشتر هاوارو بانگی کرد، بانگی کێی کرد؟ بە دڵنیایی بانگی پەروەردگاری خۆی کرد، لە خاوەنی پاڕایەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ مِن قَبْلُ ﴾، لە پێشدا، واتە: لە پێش ئەو پێغەمبەرانەدا کە باسکران، چونکە نووح ﵇ لە پێش هەموویانەوە بوو، ﴿ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥ مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ ﴾، ئێمەش وەڵامـان دایەوە و بە دەمیەوە چووین و، خۆی و نزیکەکانیمان لە خەم و بەڵایەکی مەزن قوتار کردن.

﴿ وَنَصَرْنَٰهُ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ ﴾، دەربازمان کردو سەرمان خست بەسەر ئەو کۆمەڵەدا کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانان، ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ ﴾، بە دڵنیایی ئەوان کۆمەڵێکی زۆر خراپەکارو ناقۆڵا بوون، ﴿ فَأَغْرَقْنَٰهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾، بۆیە ئێمەش تێکڕایانمان خنکاندو نغرۆمانکردن لە تۆفاندا.

﴿ وَدَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ ﴾، هەروەها داوودو سولەیمانیشمان دەرباز کردن، یاخود: یادی داوودو سولەیمانیش بکەوە، کە باب و کوڕ بوون، چونکە خوا ﷻ لە سوورەتی (ص)دا دەفەرموێ: ﴿ وَوَهَبْنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيْمَٰنَ ۚ نِعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿٣٠﴾ ﴾، واتە: سولەیمانمان بە داوود بەخشی، باشترین بەندە بوو و، زۆر بۆ لای پەروەردگاری دەگەڕایەوە، ئنجا لێرە دەفەرموێ: ﴿ وَدَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ ﴾، یادی داوودو سولەیمان بکەوە، ﴿ إِذْ يَحْكُمَانِ فِى ٱلْحَرْثِ ﴾، کاتێک کە دادوەرییان دەکرد لە بارەی کشتوکاڵەکەوە، ﴿ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ ٱلْقَوْمِ ﴾، کاتێک کە مەڕی خەڵکێک بەشەوێ چووە تێی، {(نَفْش) واتە: بڵاوکردنەوە، بەڵام ﴿ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ ٱلْقَوْمِ ﴾، واتە: مەڕی کۆمەڵەکە بە شەوێ بەر هەڵدا بوو، بە شەوێ لەوەڕی کرد.

بێگومان کۆمەڵەکە (قوم) خەڵکێکی دیکەی جیا بوون، لە ئەو خەڵکەی خاوەنی کشتوکاڵەکە بوون، واتە: کۆمەڵە خەڵکێک هەبوون خاوەنی کشتوکاڵ بوون، خەڵکێکی دیکەش هەبووە خاوەنی ئاژەڵ بوون، ئاژەڵی ئەو خەڵکەی خاوەن ئاژەڵ بوون، بە شەوێ بەربۆتە کشتوکاڵی جوتیارەکان، ﴿ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَٰهِدِينَ ﴾، داوودو سولەیمانیش دادوەرییان دەکرد لە بارەی ئەو کێشەیەوە، کە چۆن چۆنی ئەو کێشەیان چارەسەر کرد؟ کە ئاژەڵی خاوەن ئاژەڵەکان، زیانی گەیاندوە بە کشتوکاڵی خاوەن کشتوکاڵەکان، خوا ﷻ دەفەرموێ: ئێمەش بۆ دادوەرییەکەیان ئامادە بووین و ئاگادار بووین.

﴿ فَفَهَّمْنَٰهَا سُلَيْمَٰنَ ﴾، ئێمە کێشەکەمان لە سولەیمان حاڵیی کردو تێمان گەیاند، یاخود حوکم و بڕیاری ڕاستمان لە بارەی ئەو کێشەیەوە، لە سولەیمان

حاڵیی کرد، ﴿ وَكُلًّا ءَاتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا ﴾، بەڵام بە هەر کامێکیانیش هەم حیکمەت و دانایی، هەم زانیاریی و شارەزاییشمان پێدابوون، لێرە هەر بە ئاماژە باسی ئەو بەسەرهاتە دەکات، بەڵام دوایی وەک لە مەسەلە گرنگەکانیشدا دەیخەینە ڕوو، زانایان و شارەزایان لە تەفسیرەکانیاندا، ئەو بەسەرهاتەیان بە ڕوونیی هێناوە، کە وا پێدەچێ ئەو بەسەرهاتەیان لە کتێبی خاوەن کتێبەکان وەرگرتبێ و کورتەکەی ئەوەیە:

ئاژەڵی چەند کەسێک (چونکە خوا ﷻ بە قەوم ناویان دەبات)، وادیارە مێگەلێکی مەڕو بزنان بووە، چۆتە نێو کشتوکاڵی خەڵکێکی دیکەوە، (کە ئەویش مەرج نیە هی یەک پیاو بوو بێ، ئەوانیش لەوانەیە کۆمەڵێک بووبن)، بە شەوێ بەرهەڵدا بوونە نێوی و، خواردوویانە و زەڕیان پێگەیاندوە و شێلاویانە، زیان پێگەیشتووەکان کە خاوەن کشتوکاڵەکانن، دەچن بۆ لای داوود ﵇ کە هەم حوکمڕان بووە و، هەم پێغەمبەری خوا بووە، ئەویش وا دادوەریی دەکات کە مەڕەکان ببنە هی خاوەن کشتوکاڵەکان و، زەوییەکەش ببێتە هی خاوەن ئاژەڵەکان، دوایی کە دەردەچن سولەیمان ﵇ کە ئەو کاتە گەنج بووە، لێیان دەپرسێ: بابم چۆن دادوەریی لە نێواندا کردن؟ ئەوانیش بۆی باس دەکەن، ئەویش دوایی دەچێتەوە خزمەت بابی و دەڵێ: ئەگەر بە جۆرێکی دیکە دادوەرییان لە نێواندا بکەی باشترە، بابیشی دەڵێ: چۆن؟ دەڵێ: ئاژەڵەکان تەسلیمی خاوەنانی زەوییەکە بکە، با لێیان بەهرەمەند بن، لە بەرهەمەکانیان بەهرەمەند بن و، زەوی کشتوکاڵەکەش بدە بە خاوەن ئاژەڵەکان، تاکو کشتوکاڵە پێش ئەوەی زەڕ بکرێ چۆن بووە، ئاوای لێ دەکەنەوە، زەوییەکەیان بۆ دادەچیننەوە و دەیکەنەوە بە کشتوکاڵ، تا ئەو کاتەی مەڕەکانیان زەڕیان کردوە، دوایی با ئاژەڵەکان ببنەوە هی خاوەن ئاژەڵەکان و، زەوییەکەش ببێتەوە بە موڵکی خاوەنەکانی خۆی، داوودیش ﵇ دادوەرییەکەی ئەوی لەلا پەسندتر دەبێ، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: حوکمە ڕاسترەکەمان لە سولەیمان حاڵیی کرد.

دوایی خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَٱلطَّيْرَ ﴾، لەگەڵ داووددا چیاکانمان ملکەچ کردبوون، ڕام و دەستەمۆ کرد بوون و، هەروەها باڵندەکانیش، ﴿ يُسَبِّحْنَ ﴾، خوایان بە پاک دەگرت، تەسبیحاتیان بۆ خوا دەکرد، ﴿ وَكُنَّا فَـٰعِلِينَ ﴾، هەر ئێمە ئەنجامدەری ئەو کارە بووین، دوایی باسی دەکەین، کە ئایا مەبەست لە تەسبیح لێرەدا هەر ئەوە بووە کە کاتێک داوود ڕاز و نیاز و پاڕانەوەی کردوە، چیایەکان و باڵندەکانیش لەگەڵیان گوتۆتەوە، واتە: چیایەکان دەنگیان داوەتەوەو، باڵندەکانیش جریواندوویانە، یاخود بە شێوەیەکی موعجیزە بووە، واتە: بە شێوەیەکی نائاسایی بووە، ئەگەر نا هەر کەسێک لە چیایەکان هاوار بکات، هەر دەنگ دەدەنەوە و ئەوە تایبەت نیە بە داوودەوە، کە هەندێکیان بەو شێوەیە تەفسیریان کردوە، ﴿ وَعَلَّمْنَـٰهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ ﴾، هەروەها پیشەسازیی دروستکردنی پۆشاکمان فێری داوود کرد بۆ ئێوە، نەیفەرمووە: (لِبَاسٍ لَكُم) بەڵکو (لَبُوسٍ لَّكُمْ) بۆچی؟ ﴿ لِتُحْصِنَكُم مِّنۢ بَأْسِكُمْ ﴾، تاکو لە سەختیی و زبریی جەنگ بتانپارێزێ، کەواتە: (لَبُوسٍ) لێرەدا مەبەست پێی پۆشاکێکی تایبەتە، کە پۆشاکی جەنگییە و مەبەست پێی زرێیە، یاخود هەر شتێکی دیکە کە مرۆڤ لە زەبری بەرانبەرەکەی لە کاتی جەنگدا بپارێزێ، هەرچەندە (لَبُوسٍ) بە واتای پۆشاکی ئاساییش هاتوە، بەڵام لێرەدا بە پێی سیاقی ئایەتەکان دەزانرێ، کە ئەوە پۆشاکێکی تایبەتە و پۆشاکی جەنگییە، ﴿ فَهَلْ أَنتُمْ شَـٰكِرُونَ ﴾، ئنجا ئایا ئێوە سوپاسگوزارن لەسەر ئەوەی خوا ﷻ ئەو نیعمەتانەی بەو پێغەمبەرانە داون، کە بۆ خەڵکی بەکاریان هێناون؟!.

﴿ وَلِسُلَيْمَـٰنَ ٱلرِّيحَ عَاصِفَةً ﴾، (و) وشەی (سلیمان) باددەداتەوە و دەگێڕێتەوە سەر: ﴿ وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلْجِبَالَ ﴾، واتە: (وَسَخَّرنا لِسُلَيمانَ الرِّيحَ)، هەروەها بۆ سولەیمانیش (با)مان دەستەمۆ کرد بوو، ﴿ عَاصِفَةً ﴾، بە توندیی و بەهێز هەڵیدەکرد، ﴿ تَجْرِى بِأَمْرِهِۦٓ إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِى بَـٰرَكْنَا فِيهَا ﴾، بە فەرمانی ئەو دەڕۆیی بۆ ئەو سەر زەمینەی کە پیت و پێزمان تێخستبوو، مەبەست پێی سەر زەمینی

شامە، ﴿ وَكُنَّا بِكُلِّ شَيۡءٍ عَٰلِمِينَ ﴾، ئێمە بە هەموو شتێک زانا بووین، ئەمیش لێرەدا دیسان زانایان مشت و مڕیان بووە لەو بارەوە: کە ئایا ئەو بایە هەر ئەوە بووە، کە کەشتییەکانی بۆ سولەیمان گەیاندوونە جێی مەبەست، یاخود بە جۆری دیکەش بووە؟ بە تەئکید بە جۆری دیکەش بووە، وەک دواتریش باسی دەکەین، چونکە (با) کەشتییان بڕوێنێ، تایبەت نیە بە سولەیمانەوە، (با) کەشتیی هەموو کەس لە دەریادا هەر دەجووڵێنێ.

﴿ وَمِنَ ٱلشَّيَٰطِينِ مَن يَغُوصُونَ لَهُۥ ﴾، هەروەها لە شەیتانەکانیشمان بۆی ملکەچکردبوون کە بۆی ڕۆ دەچوون، واتە: بۆی ڕۆدەچوونە نێو دەریا، ئنجا لێرەدا وشەی: (غَاصَ: يَعْنِي دَخَلَ تَحْتَ الْمَاء) (غاص) چووە نێو ئاوو پێیدا ڕۆچوو، ئیدی پێویست ناکات وشەی دەریا بەکار بهێنێ، چونکە (غَوْص) هەر چوونە نێو دەریایە، بۆیە ئەو قورئانە مەزنە وشەیەکی زیادی تێدانیە، هەر وشەیەک خوا ﷻ زاینویەتی، دەزانرێ بە پێی سەلیقە و سیاق، کتێبی خۆی پێ قەڕەباڵغ نەکردوە، ئنجا کە خوا ﷻ دەفەرموێ: هەندێک لە شەیتانەکانمان بۆ ملکەچ و دەستەمۆ کردبوون، بۆی ڕۆ دەچوونە نێو دەریا، هەر دیارە بۆچی ڕۆ دەچنە نێو دەریا؟ بۆ ئەوەی گەوهەرو مرواریی بۆ دەربێنن، بۆیەباسی نەکردوە، ﴿ وَيَعۡمَلُونَ عَمَلٗا دُونَ ذَٰلِكَۖ ﴾، هەروەها کاری جگە لەوەشیان بۆ دەکرد، وەک لە سوورەتی (سبأ)دا دەفەرموێ: ﴿ يَعۡمَلُونَ لَهُۥ مَا يَشَآءُ مِن مَّحَٰرِيبَ وَتَمَٰثِيلَ وَجِفَانٖ كَٱلۡجَوَابِ وَقُدُورٖ رَّاسِيَٰتٍۚ ﴾، وەک دوایی باسی دەکەین، ﴿ وَكُنَّا لَهُمۡ حَٰفِظِينَ ﴾، ئێمەش بۆ ئەوان پارێزەر بووین، واتە: ئەو شەیتانانەمان دەپاراست و نەماندەهێشت لابدەن، یاخیی بن، نەماندەهێشت زیان بە خەڵک بگەیەنن، نەماندەهێشت لە فەرمانی سولەیمان دەربچن.

ئنجا دێتە سەر باسی پێغەمبەرێکی دیکە، کە ئەییووبە ؈، دەفەرموێ: ﴿ وَأَيُّوبَ ﴾، واتە: یادی ئەییووب بکەوە، یاخود: ئەیووبیشمان تاقی کردەوە، ﴿ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ ﴾، کاتێک کە لە پەروەردگاری پاڕایەوە، ﴿ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ

أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴾، پاڕانەوەکەی ئەوە بوو فەرمووی: من ئازارو ناڕەحەتییم تووش بووە، تۆش بە بەزەییترینی بە بەزەییانی، دیارە ناڕەحەتیی و گرفتارییەکەی ئەییووب، لێرەدا باس نەکراوە، چییە، هەروەک لە سوورەتی (الصافات)یشدا هەر بە وشەی (ٱلضُّرُّ) هاتوە، بەڵام لە سەرچاوە مێژوویەکاندا و، لە کتێبی خاوەن کتێبەکاندا هاتوە، کە ئەو گرفتاریی و ناڕەحەتییەی ئەییووب بریتی بووە لە نەخۆشیی، نەخۆشیەکی ناڕەحەتکەر، ﴿ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَكَشَفْنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرٍّ ﴾، ئێمەش بە دەمیەوە چووین و وەڵاممان دایەوە، ئەو ناڕەحەتیی و زیانەی کە هەیبوو لێمان لابرد، ﴿ وَءَاتَيْنَٰهُ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ ﴾، ماڵ و خێزانەکەیمان پێدا و، وێنەی خۆشیان لەگەڵیاندا، واتە: ماڵ و خێزانەکەیمان بۆ گێڕایەوەو، هێندەی دیکەشمان خستە سەر، ﴿ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا ﴾، ئەوەش بەزەییەک بووە لە لایەن خۆمانەوە، ﴿ وَذِكْرَىٰ لِلْعَٰبِدِينَ ﴾، پەندو بیرخەرەوەش بوو بۆ خوا پەرستان.

﴿ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا ٱلْكِفْلِ ﴾، هەروەها یادی ئیسماعیل و ئیدریس و زەلکیفل بکەوە، کە ئێمە باسی ئیسماعیل و ئیدریسمان کردوە لە کاتی تەفسیری سوورەتی (مريم)دا، بەڵام زەلکیفل، پشتیوان بە خوا، لەم سوورەتەدا باس و بەسەرهاتی دەخەینە ڕوو، خوا دەفەرموێ: ئەم سێیانەش ئیدریس و ئیسماعیل و زەلکیفل، یادیان بکەوە، یاخود: خوا ﷻ بەسەری کردنەوە و تاقیکردنەوە، بەڵام: ﴿ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾، هەر کامێکیان لە خۆ ڕاگران بووە، ﴿ وَأَدْخَلْنَٰهُمْ فِى رَحْمَتِنَآ ﴾، ئێمەش خستماننە نێو بەزەیی خۆمانەوە، ﴿ إِنَّهُم مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾ بێگومان ئەوان لە چاکان بوون، لە بەندە شایستەکانی خوا بوون.

﴿ وَذَا ٱلنُّونِ ﴾، هەروەها یادی زەننون بکەوە (أذكُر ذَا النُون)، یاخود: زەننووینیشمان بەسەر کردەوە و تاقیمان کردەوە (إبتَلَينا ذَا النُون)، (ذَا) بە مانای خاوەن دێ، (النُون) بە مانای ماسیی و نەهەنگ دێ، کەواتە: (ذَا النُون: يَعْنِي صَاحِبُ النُون)، وەک لە سوورەتی (القلم)دا هاتوە کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلْحُوتِ ﴾، لەوێ فەرموویەتی: (صَاحِبُ الحُوت) واتە: خاوەنی نەهەنگ،

لێرەشدا کە دەفەرموێ: (ذَا النُّون) هەر هەمان مانای هەیە، واتە: خاوەنی نەهەنگ، بۆچی وا دەفەرموێ؟ چونکە (یونس) نەهەنگ قووتی داوە، بۆیە بۆتە هاوەڵی، یاخود بۆتە خاوەنی، چونکە (صَاحِبٌ) بە مانای هاوەڵییش دێ و، بە مانای خاوەنیش دێ.

﴿إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبٗا﴾، کاتێک کە بە تووڕەیی ڕۆیشت، لەگەلەکەی تووڕە بووە، کە خەڵکی نەینەوا بوون، دوای ئەوەی بەینێک لەگەڵیان دا خەریک بووە، ئەوانیش وەڵامیان نەداوەتەوە، ئەویش لێیان تووڕە و پەست بوو، ﴿فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ﴾، پێی وابوو کە ئێمە سەر زەمینمان لێ وەتەنگ نەهێناوە، لەسەرمان پێویست نەکردوە کە هەر لەو شوێنە بمێنێتەوە، پێی وابوو بۆ هەر شوێنێک بچێت بانگەوازی خوا بکات و، پەیامی خوا بگەیەنێت، هەر بۆی هەیە، بەڵام لە بۆچوونەکەیدا بە هەڵەدا چوو بوو، مادام بەبێ مۆڵەتی خوا ڕۆیشت، خوا ﷻ سزای دا، سزادانەکەشی ئەوە بوو کە لە سکی نەهەنگدا سجنی کرد، هەروەک بەسەرهاتەکەیمان لە سوورەتی (یونس)دا بە درێژیی باسکردوە، ﴿فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ﴾، واتە: نەهەنگە قووتی دا و، کەوتە نێو سکی ماسییەوە، ئنجا ئایا هەر بە دەمیەوە گرت؟ چونکە خوا ﷻ لە سوورەتی (الصافات)دا دەفەرموێ: ﴿فَٱلۡتَقَمَهُ ٱلۡحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٞ ١٤٢﴾، واتە: نەهەنگ بەدەمیەوە گرت، ئایا هەر بە دەمیەوە گرت و ماسییەکە گەورە بوو؟ یاخود چوەتە شوێنی دیکەیەوە؟ چونکە هەر لە سوورەتی (الصافات)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿لَلَبِثَ فِي بَطۡنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ١٤٤﴾، واتە: لە سکییدا دەمایەوە تاکو ڕۆژی زیندوو کرانەوە، واتە: لەوێدا گیانی دەسپاردو، ئەوێ بۆی دەبوو بە گۆڕ، ئەگەر خوای بە پاک نەگرتایە و پەشێمان نەبووبایەوە؟ دوایی زیاتر باسی دەکەین و لە تەفسیری سوورەتی (یونس)یش دا بەدرێژیی لەوبارەوە دواوین.

﴿فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ﴾، لە تاریکاییەکاندا هاواری کردو بانگی کرد، بانگ و هاواری کێی کرد؟ بێگومان هی خوا ﷻ ﴿أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ﴾، کە بێجگە

لە تۆ هیچ پەرستراوێک نیە، ﴿ سُبْحَٰنَكَ ﴾، پاکیی بۆ تۆ، من تۆ بە پاک دەگرم، ﴿إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، بە دڵنیایی من لە ستەمکاران بووم، خەتای خۆم بوو، تووشی ئێرە بووم، ئاوا تووشی ئەو سزادرانە بووم.

﴿ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ وَنَجَّيْنَٰهُ مِنَ ٱلْغَمِّ ﴾، ئێمەش بە دەمیەوە چووین و وەڵاممان دایەوەو، لەو خەم و ناڕەحەتییەی کە تێیدا بوو، دەربازمان کرد، ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾، هەر بەو شێوەیەش بڕواداران کە دەکەونە خەفەت و ناڕەحەتییەوە، بە مەرجێک بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، دەربازیان دەکەین.

ئنجا دێتە سەر باسی پێغەمبەرێکی دیکە، دەفەرموێ: ﴿ وَزَكَرِيَّآ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ ﴾، یادی زەکەریا بکەوە، یاخود: زەکەریاشمان تاقیکردەوە، کاتێک بانگ و هاواری پەروەردگاری کرد، ﴿ رَبِّ لَا تَذَرْنِى فَرْدًا ﴾، پەروەردگارا! بە تەنیا بەجێم مەهێڵە، واتە: با چی دیکە بە تەنها نەبم و بێ پاشەوار نەبم ﴿ وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴾، تۆ باشترینی میراتگرانی، ﴿ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ وَوَهَبْنَا لَهُۥ يَحْيَىٰ ﴾ بە دەمیەوە چووین و، وەڵاممان دایەوەو، یەحیامان پێ بەخشیی، وەک کوڕێکی ناوازە.

ئێمە بەسەرهاتی زەکەریا و یەحیاشمان لە سووڕەتی (مریم)دا باس کردوون، ﴿ وَأَصْلَحْنَا لَهُۥ زَوْجَهُۥٓ ﴾، هاوسەرەکەیشیمان بۆ چاککرد، واتە: نەخۆشیی نەزۆکییەکەمان لێ لابرد، هەرچەند تەمەنیشی زۆر بوو و بەساڵدا چوو بوو، بەڵام هەر کاتێک خوا ﷻ کارێکی ویست، هەموو شتێک لە بەرانبەر ویستی ڕەهای خوادا، ئاسانە، ﴿ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ۝١٦ ﴾البروج، واتە: ئەنجامدەری هەر کارێکە کە بیەوێ بیکات، ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ ﴾، ئەوان خێراییان دەکرد لە چاکەکاندا، واتە: هەم زەکەریا و هەم یەحیا و، هەم خێزانی زەکەریاش خێراییان دەکردو پێشبڕکێیان دەکرد لە ئەنجامدانی چاکەکاندا، ﴿ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ﴾، بە تەماع پێ بوون و سام لێکردنەوە، لێمان

دەپاڕانەوە، هەم ئومێدیان هەبوو بە ڕەحمەتی خوا و، هەم سام و ترسیان هەبوو لە سزای خوا، بە دوو باڵی ئومێدو سام و ترس، بەرەو خوا دەچوون، ﴿وَكَانُوا۟ لَنَا خَٰشِعِينَ﴾، ئەوان بۆ ئێمە زۆر ملکەچ و زەبوون بوون.

﴿وَٱلَّتِىٓ أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا﴾، یادی ئەو ئافرەتەش بکەوە کە داوێنی خۆی پاراست لە هەڵەو پەڵە، نەک هەر لە حەڕام، بەڵکو لە حەڵاڵیش هەر پاراستی، مەریەم هاوسەرگیریی نەکردوە، ﴿فَنَفَخْنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا﴾، ئێمەش لە ڕووحی خۆمان فوومان پێدا کرد، واتە: فوومان بە جەستەی مەریەمدا کردو، کە دەفەرموێ لە ڕووحی خۆمان، واتە: ئەو ڕووحەی کە بە تایبەت دروستمان کرد بوو، نەک لە ئەنجامی پێکگەیشتنی ژن و مێرددا خوا دروستیکردبێ، بەڵکو بە تایبەت ڕووحی عیسامان خستە نێو جەستەی مەریەمەوە، ﴿وَجَعَلْنَٰهَا وَٱبْنَهَآ ءَايَةً لِّلْعَٰلَمِينَ﴾، خۆی و کوڕەکەیمان کردنە نیشانەیەک بۆ جیهانییان، نیشانەیەک کە خەڵک بزانن هەر کاتێک خوا ﷻ شتێکی ویست، ئەو شتە ئاسانە بۆ خوا، دەتوانێ مرۆڤ دروست بکات بە بێ دایک و باب، وەک ئادەم، دەتوانێت مرۆڤ دروست بکات بە بێ باب، وەک عیسا ؈.

لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾، ئا ئەم کۆمەڵەتان یەک کۆمەڵە، ﴿وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُونِ﴾، منیش پەروەردگارتانم، تەنها بەندایەتیی بۆ من بکەن، واتە: ئەو کاروانی پێغەمبەران، یاخود کاروانی بڕواداران، کە پێغەمبەران سەرقافڵەیانن، یەک کۆمەڵن، کە لەسەر ڕاستە شەقامی پەروەردگارن، ﴿وَتَقَطَّعُوٓا۟ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ﴾، بەڵام ئایینەکەی خۆیانیان لە بەینی خۆیاندا بەش بەش کرد، واتە: پاشینەکانیان و شوێنکەوتەکانیان و وەچەکانیان، ئەوانەی کە بە دوایاندا هاتوون، کە لایاندا، ئایینەکەیانیان بەش بەش کردو دابڕ دابڕ کرد، ﴿كُلٌّ إِلَيْنَا رَٰجِعُونَ﴾، هەر کامێکیشیان دەگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە، ئەوەی کە چاکەی کردوە و، ئەوەشی کە خراپەی کردوە، دەگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە بۆ سزا و پاداشت.

﴿فَمَن يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَا كُفۡرَانَ لِسَعۡيِهِۦ﴾، ئنجا هەر کەسێک لە کردەوە باشەکان ئەنجام بدا و، بڕواداریش بێت، نادیدەگرتن بۆ هەوڵ و کۆششەکەی نابێت، واتە: سپڵەیی و بێ ئەمەگیی لە بەرانبەردا ناکرێ و، کردو کۆششەکەی لە بیر ناکرێ و فەرامۆش ناکرێ، ﴿وَإِنَّا لَهُۥ كَٰتِبُونَ﴾، ئێمەش نووسەر دەبین بۆ ئەو کردو کۆشش و ماندوو بوونەی، ﴿وَحَرَٰمٌ عَلَىٰ قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَآ أَنَّهُمۡ لَا يَرۡجِعُونَ﴾، ئاوەدانییەکیش کە فەوتاندوومانە، قەدەغەیە کە نەگەڕێنەوە، واتە: قەدەغەیە کە نەگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە، تاکو سزایان بدەین، وەک چۆن لە دنیادا سزادراون، هەر بۆیەش فەوتێنراون، لە دوارۆژیشدا دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا و سزا دەدرێن، کەواتە: ﴿وَحَرَٰمٌ عَلَىٰ قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَآ أَنَّهُمۡ لَا يَرۡجِعُونَ﴾ (يَعۡنِي: مَمْنُوعٌ عَلَى قَرِيَةٍ أَهلَكْنَاهَا أَنَّهُم لَا يَرْجِعُوْنَ إِلَيْنَا لِلعِقَاب)، ئاوەدانییەک کە فەوتاندوومانە، قەدەغەیە کە نەگەڕێنەوە بۆ لامان، تاکو سزایان بدەین، هەڵبەتە ئەو ئایەتە چەند مانایەکی دیکەشی هەن، کە دواتر لە مەسەلە گرنگەکاندا دەیانخەینە ڕوو.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

نووحیش پێشتر بانگی پەروەردگاری کرد، ئەویش بە دەمیەوە چوو و خۆی و نیزیکانی لەو بەڵا مەزنە (تۆفان) دەربازکردو، بەسەر کۆمەڵی بێبڕوایاندا سەری خست و تێکڕایانی لە تۆفاندا لغرۆ کردو خنکاند:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَنُوحًا إِذْ نَادَىٰ مِن قَبْلُ فَاسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥ مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٧٦﴾ وَنَصَرْنَٰهُ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ فَأَغْرَقْنَٰهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٧٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ وَنُوحًا إِذْ نَادَىٰ مِن قَبْلُ ﴾، واتە: یادی نووح بکەوە! کە لەوە و پێش بانگی کردو هاواری کرد (لە پەروەردگاری)، یاخود: نووحیشمان تاقیکردەوە، (**وابْتَلَيْنَا نُوحَاً إذ نَادَى مِنْ قَبْل**)، کە لەوەو پێش بانگی کرد، بانگی پەروەردگاری کرد، کە دەفەرموێ: (**مِنْ قَبْل**) واتە: پێش ئەو پێغەمبەرانەی (**عَلَيهِمُ الصَّلاةُ والسَّلام**) کە ناویان هێنرا لەم سووڕەتەدا، بەڵکو پێش سەرجەم پێغەمبەران (**عَلَيهِمُ الصَّلاةُ والسَّلام**)، جگە لە ئادەم و ئیدریس و هەندێکیش دەڵێن: (**شیث**)، هەرچەندە ناوی لە قورئاندا نەهاتوە، ئەگەرنا نووح ﷺ دەڵێن یەکەم پێغەمبەری خاوەن ئوممەت بووە و لە سەردەمی ئەودا مرۆڤایەتیی زۆر بووە و، بوونە کۆمەڵێک کە بە زەوییدا بڵاوببنەوە.

٢)- ﴿ فَاسْتَجَبْنَا لَهُۥ ﴾، ئێمەش یەکسەر وەڵاممان دایەوە، یانی: (**لَبَّيْنَا طَلَبَهُ وَقَبِلْنَاهُ**) ئێمە داواکارییەکەیمان قبووڵکردو پەسەند کردو بە دەمیەوە چووین، وشەی (**لَهُۥ**) واتە: لەبەر وی وەڵاممان دایەوە، (**مِن أجلِهِ**) لەبەر خاتری وی.

٣)- ﴿ فَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥ مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ ﴾، خۆی و کەس و کارەکەیمان لە بەڵای مەزن و خەفەتی مەزن دەربازکرد.

کە دەفەرموێ: (**أَهْلَهُ**) واتە: نیزیکانی کە لەگەڵی لە ماڵێ دابوون، (**أهْل**) واتە: نیزیک، (**أَهْلُ البَيْت**)، واتە: کەسێک کە لە ماڵێ لەگەڵتدا دەژی، کە پێش هەموو کەس هاوسەرە، ئنجا کوڕو کچن، بەڵام ئێمە وەک پێشتر باسمان کردوە، بە هۆی قورئانەوە بۆمان دەرکەوتوە، یەکێک لە کوڕەکانی کە دەڵێن: ناوی (**كنعان**) بووە، بە دەنگیەوە نەهاتوە، هەروەها لە سوورەتی (**التحريم**)یشدا، کە دەفەرموێ: ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱمْرَأَتَ نُوحٍ ﴿١٠﴾ ﴾التحريم، کەواتە: خێزانی نووح (ژنەکەی) کافر بووە، بەڵام مەرج نیە هەر ئەو ژنەی هەبوو بێ، کە کافر بووە و فەوتاوە لەگەڵ فەوتاواندا، وادیارە ژنی دیکەشی هەبووە، بە پێی ئەوە کە لە پەیمانی کۆندا هاتوە: دەڵێ: تەنیا سێ کوڕی و بووکەکانی، لەگەڵیدا بوون، بەڵام نازانین، چونکە نۆسەدو پەنجا (٩٥٠) ساڵ هەر پێغەمبەر بووە، پێش تۆفان، وادیارە کوڕیشی هەبوون و کچیشی هەبوون و، نەوەشی هەبوون و، نەوەی نەوەیشی هەبوون و، لە پەیمانی کۆندا ئەوانەی کە سواری کەشتییەکە بوون ژمارەیان بە کەم دێنێ، بەڵام مەرج نیە هەر ئەوەندە بوو بوون، بەڵام وەک لە سوورەتی (**هود**)یشدا باسمانکردوە، بە پێی ئەوەی کە لە سوورەتی (**الصافات**)دا هاتوە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُۥ هُمُ ٱلْبَاقِينَ ﴿٧٧﴾ ﴾، واتە: وەچەکەی ئەومان هێشتنەوەو، تەنیا وەچەکەی ئەومان لە هێڵدراوان گێڕان، کەواتە: دەبێ هەموو ئەوانەی کە لە کەشتییەکەدا لەگەڵ نووحدا سواربوون و دەربازبوون لە تۆفان، هەموویان لە وەچەی نووح عليه السلام بوون.

٤)- ﴿ وَنَصَرْنَٰهُ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ ﴾، سەرمانخست بەسەر ئەو خەڵکەدا کە ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ دانان، یان: نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانان، وشەی (**نَصَرَ**) بە (**عَلَى**) بەرکاردەخوازێ، (**نَصَرَهُ عَلَيْهَا**)، بەڵام لێرەدا بە (**مِنْ**) بەرکاری خواستوە، (**ضُمِّنَ مَعْنَى المَنْعِ وَالحِمَايَة**)، (وَنَصَرْنَٰهُ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ)، واتە: سەرمانخست بەسەر ئەو کۆمەڵەدا و، پاراستیشمان لەو خەڵکەی ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ دادەنا،

وەک لە قورئاندا هاتوە: ﴿إِنَّكُم مِّنَّا لَا تُنصَرُونَ ﴿٦٥﴾﴾المؤمنون، یانی: ئێوە سەرناکەون بەسەرماندا و دەربازیش نابن لە دەستمان، چونکە کار (فعل)ێک کە عادەت نیە، بە پێتێک تێپەڕ بکات بۆ بەرکار (مفعول)، کاتێک کە بەو پیتە بەرکار (**مفعول به**) دەخوازێ، هەم مانا ئەصڵییەکەی خۆی دەگەیەنێ و، هەم ئەو مانایەش کە بەهۆی ئەو پیتەوە کە بەرکاری پێ خواستوە، ئەویش پەلکێش دەکات و دەگرێتە نێو خۆی، واتە: لە یەک کاتدا ئەو فیعلە دوو واتایان دەگەیەنێ، لێرەدا: ﴿وَنَصَرْنَٰهُ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ﴾، سەرمانخست بەسەر ئەو کۆمەڵەدا، کە نیشانەکانمانیان بەدرۆدانان و دەربازیشمان کرد، لێیان، یان کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّكُم مِّنَّا لَا تُنصَرُونَ ﴿٦٥﴾﴾المؤمنون، واتە: بە دڵنیایی ئێوە بەسەر ئێمەدا سەرناکەون و، لە چنگیشماندا قوتار نابن.

٥)- ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوان کۆمەڵە خەڵکێکی خراپ بوون، دەگوترێ: (**رَجُلٌ سَوْء، وَعَمَلٌ سَوْء**)، واتە: پیاوێکی خراپ و کردەوەیەکی خراپ، (**والسُّوءُ: كُلُّ مَا يَغُمُّ الإنْسَان**)، (سُوء) هەر شتێکە کە ئینسان خەفەتبار بکات و، حاڵی ناڕەحەت بکات، یانی: کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر خراپ بوون.

٦)- ﴿فَأَغْرَقْنَٰهُمْ أَجْمَعِينَ﴾، بۆیە تێکڕایانمان خنکاند، یانی: هیچ کامیانمان لێ دەرباز نەکردن.

مەسەلەی دووەم:

دادوەریی کردنی داوودو سولەیمان سەلامی خوایان لەسەر بێ، لە بارەی کشتوکاڵێکەوە کە مەڕی خەڵکێکی دیکە بە شەوێ زەڕی کرد بوو، بەڵام خوا سولەیمانی لە دادوەریی ڕاستتر حاڵیی کردو، خوا چیایەکان و باڵندەکانیشی بۆ داوود ڕامکردبوون، کە لەگەڵیدا خوایان بە پاک دەگرت، هەروەها فێری چنینی زرێ و پۆشاکی جەنگیشی کرد بوو:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَدَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِى ٱلْحَرْثِ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ ٱلْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَٰهِدِينَ (٧٨) فَفَهَّمْنَٰهَا سُلَيْمَٰنَ ۚ وَكُلًّا ءَاتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَٱلطَّيْرَ ۚ وَكُنَّا فَٰعِلِينَ (٧٩) وَعَلَّمْنَٰهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ لِتُحْصِنَكُم مِّنۢ بَأْسِكُمْ ۖ فَهَلْ أَنتُمْ شَٰكِرُونَ (٨٠) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە (١٠) بڕگەدا:

١)- ﴿ وَدَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ ﴾، واتە: داوودو سولەیمانیشمان تاقیکردنەوە، یاخود: یادی داوودو سولەیمانیش بکەوە (**عَلَيهِمَا الصَّلاةُ والسَّلام**)، کە هەم پێغەمبەر بوون و هەم حوکمڕانیش بوون.

٢)- ﴿ إِذْ يَحْكُمَانِ فِى ٱلْحَرْثِ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ ٱلْقَوْمِ ﴾، کاتێک کە دادوەرییان دەکرد لە بارەی کشتوکاڵەکەوە، کە مەڕی خەڵکێکی دیکە بە شەوێ چوو بووە نێوی، (**النَّفْشُ: الإنْفِلاتُ للرَّعِي لَيْلاً**)، (نفش) بەرهەڵدابوونی ئاژەڵە بە شەوێ کە بلەوەڕێ و بچێتە نێو کشتوکاڵێکەوە و زەڕی بکات.

٣)- ﴿ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَٰهِدِينَ ﴾، ئێمەش بۆ دادوەرییەکەیان ئامادە بووین، (شَٰهِدِينَ) دەگونجێ بە مانای (**حَاضِرِيْن**)بێ، واتە: ئامادەبووین، دەشگونجێ بە مانای

(عَالِمِيْنَ)بێ، واتە: ئێمە زانا و ئاگاداربووین، (لِحُكْمِهِمْ)، بۆچی بە ڕاناوی کۆ هێناویەتی، لە حاڵێکدا ئەوان دووانن، داوودو سولەیمان؟ لێرەدا دوو تەئویل باسکراون:

أ- گوتوویانە: لە زمانی عەرەبییدا، دووان (مُثَنَّى) دەکرێ بە کۆ (جمع).

ب- (حُكْمِهِم)، واتە: دادوەریی داوودو سولەیمان بۆ دوو لایەنە ناکۆکەکە، هەم خاوەن ئاژەڵەکان و هەم خاوەن کشتوکاڵەکان، دەبن بە کۆ.

ئێمە ئامادەی دادوەریی داوودو سولەیمان بووین، لە کاتێکدا دادوەرییان دەکرد لە نێوان خاوەن ئاژەڵەکان و کشتوکاڵەکەدا، کە خاوەن کشتوکاڵەکە، کشتوکاڵەکەیان زەرکرابوو، لە لایەن ئاژەڵی خاوەن ئاژەڵەکانەوە، کە مەڕو بزن بوون.

٤)- ﴿ فَفَهَّمْنَٰهَا سُلَيْمَٰنَ ﴾، ئنجا ئێمە لە سولەیمانمان حاڵیی کرد، وشەی (فَفَهَّمْنَٰهَا) کە ڕاناوی مێینەی بۆ بەکارهاتوە، واتە: (فَهَّمْنَا الْحُكُومَةَ)، دادوەریی کردن، (أَوِ الْخُصُومَةَ) یان: ناکۆکییەکە، (أَوْ الْقَضِيَّة) یان: کێشەکە، بۆیە ڕاناوی مێینەی بەکارهێناوە، واتە: ڕای ڕاسترمان بەو ڕاگەیاندو پێمان ئاشنا کرد.

٥)- ﴿ وَكُلًّا ءَاتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا ﴾، واتە: بە هەر کامێکیشیان هەم لێزانیی و هەم زانستمان دابوو، ئەمە بۆ ئەوەیە نەوەک کەسێک وا گومان بەرێ، کە داوەرییەکەی داوود هەڵە بووە، هەڵە نەبووە، بەڵام دادوەرییەکەی سولەیمان چاکترو ڕاستتر بووە و، هی داوودیش هەر ڕاست بووە، بەڵام هی سولەیمان باشتر بووە.

یاخود: داوودیش﵇ تەنیا لەو مەسەلەیەدا نەیپێکاوە، ئەگەرنا وە نەبێ داوودیش خاڵیی بووبێ لە لێزانیی و زانست، بەڵکو زۆر کارزان و لێزان بووە و، زۆریش زانا و شارەزا بووە، بەڵام لەو مەسەلەیەدا نەیپێکاوە، وەک گوتراوە: (لِكُلِّ عَالِمٍ هَفْوَةٌ، وَلِكُلِّ حُسَامٍ نَبْوَةٌ، وَلِكُلِّ جَوَادٍ كَبْوَةٌ)، واتە: هەموو زانایەک جارێک بە هەڵە دادەچێ و، هەموو شمشێرێکی بڕندە جاری وایە نابڕێ و، هەموو ئەسپێکی چاکیش جاری وایە ڕەتەڵێک دەبا و دەکەوێ.

٦)- ﴿وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَٱلطَّيْرَ﴾، چیایەکان و باڵندەکانیشمان لەگەڵ داووددا ملکەچ کرد بوون، خوایان بە پاک دەگرت، (وَسَخَّرْنَا) یانی: ملکەچ و ڕاممان کردبوو، دەستەمۆمان کردبوون، لەگەڵ داووددا چیایەکان و باڵندەکان خوایان بە پاک دەگرت، ئنجا لێرەدا تەنیا دەفەرموێ: (يُسَبِّحْنَ)، بەڵام مەرج نیە تەنیا گوتبیان: (سُبحَانَ الله)، بەڵکو ستایشی خواشیان کردوە و، خواشیان بە مەزن گرتوە و، باقی ئەو وشانەی دیکەشیان بەکارهێناون، کە لە پێگە و مەقامی ستایشگرتنی خوا و، بە پاکگرتنی خوا و، بە گەورە گرتنی خوا و، پاڕانەوە لە خوا و، ڕاز و نیازکردن لەگەڵ خوادا، بەکاردێن.

٧)- ﴿وَكُنَّا فَٰعِلِينَ﴾، ئێمە ئەنجامدەری ئەو کارانە بووین، واتە: نەک هەر ئەو کارانەمان کرد، بەڵکو ئێمە بووین لە ڕابردووشدا ئەو جۆرە کارانەمان پێکراون و لە دەست هاتوون.

٨)- ﴿وَعَلَّمْنَٰهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ﴾، هەروەها فێری پۆشاکی جەنگیشمان کرد بوو بۆ ئێوە، (اللَّبُوسُ: مَا يُلبَسُ)، هەر پۆشاکێکە کە بپۆشرێ، ئەوە واتایەکی، واتایەکی دیکەی: (الدِّرْعُ: بِقَرِيْنَة لِتُحْصِنَكُم مِّنْ بَأسِكُم)، لێرەدا (لَبُوسٍ) بە مانای زرێ دێ، بە نیشانەی ئەوە کە دەفەرموێ: ﴿لِتُحْصِنَكُم مِّنۢ بَأْسِكُمْ﴾، تاکو لە کاتی جەنگدا و لە کاتی زەبرو سەختیی دا کە دێتە ڕێتان، بتانپارێزێ، ئەوەش کە مرۆڤ دەپارێزێ، بریتیە لە زرێ، هەڵبەتە خوا نەیفەرمووە: (دِرعْ)، بەڵام لە شوێنی دیکەدا کە دوایی باسی دەکەین، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَقَدِّرْ فِى ٱلسَّرْدِ ۝١١﴾سبأ، واتە: ئەندازەگیریی بکە لە چنیندا و لە ئاڵقەکاندا، لەوەوە دەتوانین بڵێین: لێرەدا (لَبُوسٍ)ی مەبەست پێی زرێیە، ئەگەرنا هەر شتێک بۆ جەنگ لەبەر بکرێ و بپۆشرێ، چ خوودە بێ، چ زرێ بێ، چ قەڵغان بێ، هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام بە نیشانەی ئەوە کە لە سوورەتی: (سبأ)دا هاتوە، دیارە زیاتر مەبەست پێی زرێیە، کە زانایان دەڵێن: لە پێش داوود ﵇ دا، زرێیەکان یەک پارچە بوون، لەوح لەوح بووە، بەڵام زرێ یەکەمجار بە ئاڵقە لە لایەن داوودەوە دروست کرا، کە ئەویش بە ئیلهام و فێرکردنی خوا ﷻ بوو.

٩)- ﴿لِتُحۡصِنَكُم مِّنۢ بَأۡسِكُمۡ﴾، تاكو لە زەبرو جەنگتان بتانپارێزێ، (لِتُحۡصِنَكُم) واتە: (لتَحْفَظَكُمْ، لتَحْمِيَكُمْ)، ئامرازەكانی جەنگ هەموویان، بتانپارێزن، لە كاتی جەنگدا.

١٠)- ﴿فَهَلۡ أَنتُمۡ شَٰكِرُونَ﴾، ئنجا ئایا ئێوە سوپاسگوزارن، یانی: (هَلْ تَقَرَّرَ شُكْرُكُمْ وَثَبَتَ)، ئایا سوپاسگوزاریی ئێوە چەسپاوە و هاتۆتە دی، ئەی مرۆڤەكان! كە خوا ﷻ ئەو نیعمەتانەی بە پێغەمبەران داون (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ)، بۆ ئێوە؟!

کورتە باسێک

نۆ (٩) هەڵوەستەی کورت لە بەردەم ئەم ئایەتانەدا (٧٩-٨٠)

١-) بەسەرهاتی زەڕکردنی مەڕو بزنی ئاژەڵدارێک لە کشتوکاڵی جوتیارێکدا، یاخود: باسی زەڕکردنی ئاژەڵی چەند ئاژەڵدارێک لە کشتوکاڵی چەند جوتیارێکدا:

بەسەرهاتەکە بەمجۆرە بووە: (شەوێک ئاژەڵی ئاژەڵدارێک، کە بە پێی ئایەتەکان (غَنَمُ)، واتە: ئاژەڵی ورد، هەم مەڕو هەم بزن دەگرێتەوە، بەرهەڵدادەبن، دەچنە نێو کشتوکاڵی خەڵکێکی دیکەوە، بە شەو، چونکە ئەگەر بە شەو نەبووایە نەیدەفەرموو: (نَفَشَتْ)، ئەم وشەیە کە دەفەرموێ: ﴿نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ ٱلْقَوْمِ﴾، واتە: مەڕو بزنەکان بە شەوێ بەرهەڵدا بوون، ئەو وشەیە بۆ بەرهەڵداکردن و زەڕکردنی ئاژەڵ لە شەوێدا بەکاردێ، ئاژەڵەکە بەردەبنە نێو کشتوکاڵەکە و دەیخۆن و، دەیشێلن و لە بەینی دەبەن و، زیانی زۆری پێدەگەیەنن، خاوەن کشتوکاڵەکە دەچێت بۆ لای داوود ﷺ، دادوەریان کە لە نێوان دا بکات، دەعوایان هەیە لەسەر ئەو خاوەن ئاژەڵانە، ئەو خاوەن مەڕو بزنانە:

أ- داوود ﷺ دەڵێ: پێکیان بگۆڕنەوەو، ئەی خاوەن ئاژەڵەکان! ئاژەڵەکان بدەنە خاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکەو، با زەوییەکەش بۆ خاوەن ئاژەڵەکان بێ، واتە: بە یەکجاریی، پێدەچێ نرخ و بەهای ئاژەڵەکان لەگەڵ زەوییە کشتوکاڵییەکە، بەرانبەر بوو بێ و لێک نیزیک بووبن.

ب- سولەیمان ﷺ رایەکی دیکەی دەبێ، وا پێدەچێ سولەیمان لەو کاتەدا لەوێ نەبووە، دەشگونجێ لەوێش بوو بێ، گوتووبێتی: بابە! من پێشنیارێکم هەیە، دەشگونجێ وەک لە هەندێک ڕیوایەتاندا هاتوە، سولەیمان لە دەرەوە بووە، کە دێنە دەرەوە لەلای بابی،

لێیان دەپرسێ؟ چۆن دادوەریی لە نێواندا کردن؟ بۆی باس دەکەن، ئەویش دەچێتەوە بۆ لای بابی دەڵێ: بابە! ئەگەر بە جۆرێکی دیکە دادوەرییان لە نێوان بکرێ باشترە، ئەویش ئەوەیە: ئاژەڵەکان بدرێنە خاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکە و لێیان بەهرەمەند بن، لە خوریی و مووویان و بەروبوومیان، تاکو خاوەن ئاژەڵەکان، کشتوکاڵی خاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکە دەگەیەننەوە ئەو ئاستەی زەڕ کراوە، واتە: تاکو ساڵ تێوەر دەسوورێتەوە، دوایی با ئاژەڵەکان بدرێنەوە خاوەنەکانی خۆیان و، زەوییە کشتوکاڵییەکەش تەسلیمی خاوەنەکەی بکرێتەوە.

داوودیش ﷺ دەمارگیرنەبووە بۆ ڕای خۆی، هەندێک کەس ئەگەر کەسێکی وەک خۆی و یان لە خۆی بچووکترو، یان گەورەتر، ڕایەک بڵێ، پێچەوانەی ڕای ئەو، لەگەڵ ڕای ئەودا تێکبگیرێ، تەماشا ناکات: هەقە یان نا! مادام یەکێکی دیکە گوتوویەتی: هەر لە ڕێوە ڕەفزی دەکات، بەڵام پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) و ئەوانەی بە دوای پێغەمبەران دەکەون، دوورن لەو جۆرە دەمارگیریی و خۆ بەزلگریی و خۆ پەسندییە، بۆیە داوود ﷺ یەکسەر دەڵێ: ڕایەکەی تۆ پەسندە و دادوەرییەکەی سولەیمان ﷺ جێبەجێ دەکرێ و تەبەننیی دەکرێ، ئەمە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا وا هاتوە، ئەگەرنا لە ئایەتەکەدا تەنیا ئاماژەی پێداوە.

٢-) حوکمی زەڕکردنی ئاژەڵ بە شەوێ و بە ڕۆژێ:

بە پێی ئەم سێ فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ:

١- {عَلَى أَهْلِ الأَمْوَالِ حِفظُهَا بِالنَّهَارِ، وَعَلَى أَهْلِ الْمَاشِيَةِ حِفظُها بِاللَّيْلِ}، (أخرجه أحمد: ٢٣٧٤٧، وأبو داود، ٣٥٧١ ابن حبان: ٦٠٠٨، عَنْ حَرَامِ بْنِ مُحَيِّصَةَ عَنْ أَبِيهِ).

واتە: خاوەن ماڵ و سامان دەبێ بە ڕۆژێ بیپارێزن و، لەسەر خۆیانە بە ڕۆژێ پارێزگاریی لێ بکەن، بەڵام خاوەن ئاژەڵیش دەبێ ئاژەڵەکانیان بە شەوێ بپارێزن و، بەرهەڵدا نەبن و زەڕی ماڵ و سامانی خەڵک نەکەن.

٢- {الْعَجْمَاءِ جُرْحُهَا جُبَارٌ} (أخرجه مالك: ١٥٦٠، وأحمد: ٧٢٥٣، وعبد الرزاق: ١٨٣٧٣، والبخاري: ١٤٢٨، ومسلم: ١٧١٠، وأبو داود: ٤٥٩٣، والترمذي: ٦٤٢، والنسائي: ٢٤٩٥، وابن ماجه: ٢٦٧٣ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ).

واتە: (الْعَجْمَاءِ) مەبەست پێی ئاژەڵە {لەبەر ئەوەی کە گۆیا نیە، نوتقی نیە، ناتوانێ قسە بکات} برینەکەی بەفیڕۆ چووە.

٣- دیسان لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: {وَالْمَعْدِنُ جُبَارٌ} (أخرجه البخاري: ١٤٢٨، ومسلم: ٤٥٦٢)، واتە: ئەوەی کانزا دەردەهێنێ {ئەو شوێنەی کانزایەکەی لێ دەردەهێنرێ ئەگەر چاڵەکەی بەسەردا بڕووخێ} خوێنی لەسەر خۆیەتی، نەک لەسەر بابای کە کانزایەکەی بۆ دەردەهێنرێ.

(جُبارٌ) یانی: بەفیڕۆ چوو، واتە: نابژێردرێ، یانی: ئاژەڵێک قۆچێک لە کەسێک هەڵدەدا و دەیکوژێ و، یان برینداری دەکات، ئەوە دەبێ خۆی بپارێزێ لەو ئاژەڵە، ئەگەرنا بە هەدەر دەڕوا و تۆڵە و قەرەبووی ناکەوێ، هەروەها بابای ئیشکەر لە دەرهێنانی کانزادا.

ئنجا بە پێی ئەمە، زانایان و شارەزایان زۆر قسەیان کردوە لەو بارەوە، کورتەکەی و پوختەکەی ئەوەیە کە: ئەگەر بەشەوێ ئاژەڵ بەربنە، بچنە نێو کشتوکاڵێکەوە، یان شتێکەوە کە زیانی پێ بگەیەنن، ئەوە زیان بژاردنەکە دەکەوێتە سەر خاوەن ئاژەڵ، چونکە بە شەوێ دەبێ ئاژەڵی خۆی بپارێزێ، ئنجا مەڕو بزنە، ڕەشەوڵاخە، حوشترە، وڵاخە بەرزەیە، کەرە، هەرچی هەیە، بەڵام بە ڕۆژێ، دەبێ خەڵک موڵک و ماڵ و سامان و شتەکانی خۆی بپارێزێ و، ناکەوێتە سەر بابای خاوەن ئاژەڵ، بەڵکو دەبێ کابرا ئاگاداری کشتوکاڵ و شتەکانی خۆی بێ، بە گشتیی ئاوایە، ئەگەرنا مەرج نیە لە هەموو حاڵاندا وابێ، ئەمە وردەکاریی زیاتریشی دەوێ، بەڵام لە کتێبە فیقهییەکاندا، وەک بنچینەیەکی گشتیی ئاوا باسکراوە.

٣-) ڕاستیی و پێکان لە دادوەرییدا یەکێکە:

زۆربەی شەرعزانان گوتوویانە: هەق لە قسەی کۆششکەراندا و، لە قسەی هەڵهێنجەرانی حوکمە شەرعییەکان و فتوادەراندا، یەکێکە، بە بەڵگەی ئەوەی کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَفَهَّمۡنَٰهَا سُلَيۡمَٰنَ ﴾، کێشەکەمان لە سولەیمان حاڵییکرد، واتە: ئەوەی کە هەق و ڕاست بوو، لە بارەی ئەو کێشەیەوە، سولەیمانمان لێ حاڵیی کرد، کەواتە: داوود ؑ، نەیپێکاوە، چونکە لێرەدا خوا تێگەیشتنەکەی تایبەت کردوە بە سولەیمانەوە.

هەروەها ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێ: **{إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ}**(١).

واتە: دادوەر ئەگەر کۆششی کرد، پاشان پێکای، دوو پاداشتی هەن، (پاداشتی کۆشش کردن و پاداشتی پێکان) و ئەگەر کۆششی کردو بە هەڵەدا چوو، پاداشتێکی بۆ هەیە [کە پاداشتی کۆششکردنەکەیەتی].

ئەم فەرمایشتەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە مەسەلەیەکدا، کە چەند ڕایەک هەن، تەنیا دەگونجێ یەکێکیان ڕاست بێ، زۆربەی شەرعزان و شارەزایان وا دەڵێن.

بەڵام من پێم وایە هەندێک جار، بۆ هەندێک بابەت ئەم بنچینەیە ڕاست نیە، چونکە جاری وایە هاوکێشەیەک هەیە بە سێ چوار ڕێگا چارەسەر دەکرێ، هەروەک شارێک هەیە لە چوار پێنج ڕێگاوە دەگونجێ بچیە نێو ئەو شارە و، بابەتی وا هەیە زیاتر لە ڕێیەک هەیە بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام زۆرجاریش وا دەبێ کە ئەنجامی ڕاست تەنیا یەکێکە، وەک دوو کۆ دوو دەکاتە چوار (٢+٢=٤)، ئیدی ئەگەر بڵێی: پێنج، شەش، سەد، هەر هەڵەیە، بەڵام لە هەموو شتێکدا هەر وانیە، چونکە هەندێک بابەتی شەرعیی هەن، خوا ﷻ وایهەڵخستوون کە

---

(١) أخرجه البخاري في: ٩٦ كتاب الاعتصام: ٢١ باب أجر الحاكم إذا اجتهد فأصاب أو أخطأ.

بە زیاتر لە شێوەیەک ئەنجام بدرێن، یاخود هەندێک مەسەلە هەن، زیاتر لە وەڵامێک هەڵدەگرن، کەواتە: بە زۆریی وایە ڕاستیی و پێکان یەکێکە، بەڵام لە هەندێک بابەتیشدا، ئەم بنچینەیە مەرج نیە لە هەموو حاڵاندا ڕاست دەربچێ.

٤-) بەسەرهاتێکی دیکەی داوودو سولەیمان (عَلَيهِما الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم):

ئەم بەسەرهاتەش دەشوبهێتە ئەو بەسەرهاتەوە کە خوا ئاماژەی پێداوە، ئەویش لە صەحیحی بوخاریی و موسلیمدا هاتوە و، شتێکی باشە ئاماژەی پێ بدەین و، لەو بەسەرهاتەشدا سولەیمان باشتر دەپێکێ لە بابی:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: كَانَتِ امْرَأَتَانِ مَعَهُمَا ابْنَاهُمَا، جَاءَ الذِّئْبُ فَذَهَبَ بِابْنِ إِحْدَاهُمَا، فَقَالَتْ صَاحِبَتُهَا إِنَّمَا ذَهَبَ بِابْنِكِ، وَقَالَتِ الأُخْرَى إِنَّمَا ذَهَبَ بِابْنِكِ؛ فَتَحَاكَمَتَا إِلَى دَاوُدَ، فَقَضَى بِهِ لِلْكُبْرَى؛ فَخَرَجَتَا عَلَى سُلَيْمَانَ بْنِ دَاوُدَ، فَأَخْبَرَتَاهُ، فَقَالَ: ائْتُونِي بِالسِّكِّينِ أَشُقُّهُ بَيْنَهُمَا، فَقَالَتِ الصُّغْرَى: لاَ تَفْعَلْ، يَرْحَمُكَ اللهُ، هُوَ ابْنُهَا، فَقَضَى بِهِ لِلصُّغْرَى] (أخرجه أحمد: ٨٢٦٣، والبخاري: ٣٢٤٤، ومسلم: ٧٢٠، والنسائي في الكبرى: ٥٩٦٠).

واتە: ئەبوو هوڕەیرە ﷺ، گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە، فەرموویەتی: لە کاتێکدا دوو ژن، دوو کوڕی خۆیانیان پێ بوون، لە شوێنێک بوون، گورگ هات کوڕی یەکێکیانی برد، (ڕفاندی و ڕۆیشت) ئەو کوڕەی مایەوە یەکێک دەیگوت: هی منە و ئەوی دیکەش دەیگوت: هی منە، {ژنەکان یەکێکیان بە تەمەن بووە و، ئەوی دیکەش تەمەنی کەمتر بووە} بۆ دادوەریی و چارەسەری کێشەکەیان چوونە لای داوود ﷺ {کە هەم پێغەمبەر بووە و هەم حوکمڕان بووە} داوود ﷺ بە بۆ چوونی خۆی گوتی: ڕەنگە ئەم منداڵە هی ژنە بە تەمەنەکە بێ {لەوانەیە وای زانیبێ کە گچکەکە هێشتا منداڵی نەبووە و، وایزانیبێ کە هی گچکەکەی فڕاندوە] منداڵەکەی (کوڕەکەی)دا بە ژنە گەورەکە، بە تەمەنەکە، دەرچوون بۆ لای سولەیمان و هەواڵیان پێدا، {دەبێ کە ئافرەتە کەم تەمەنەکە،

هەر پرتە و بۆڵەی بوو بێ و دەنگە دەنگی بوو بێ} ئەویش گوتی: چەقۆم بۆ بێنن تاکو لە نێوانتان لەتی بکەم {سولەیمان مەبەستی نەبووە لەتی بکات} ئافرەتە کەم تەمەنەکە گوتی: کاری وا مەکە، خوا بەزەیی پێتدابێ، هی ئەوە {لێی گەڕێ لەتی مەکە، دەبێ گەورەکە گوتبی: لەتی بکە، چونکە هی خۆی نەبووە، گوتوویەتی: کە بۆ من نەبێ، با بۆ ویش نەبێ} ئنجا سولەیمان کە وا دەبینێ، کوڕەکە دەداتە ئافرەتە کەم تەمەنەکە.

چونکە دەزانێ جەرگی خۆیەتی بۆیە دەڵێ: ئەگەر نەیەتەوەش بۆ لای من، گرنگ ئەوەیە کوڕەکەم نەفەوتێ و نەکوژرێ، با لە لای ئەو ئافرەتە بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە نەمرێ، بەڵام ئەوی دیکە دەربەست نەبووە، گوتوویەتی: لەتی بکەن!

سولەیمان عليه السلام لەو مەسەلەیەشدا لە بابی باشتری پێکاوە.

٥-) ئایا پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، بۆیان هەیە کۆشش بکەن، هەوڵ بدەن یاسای شەرعیی بە بۆچوونی خۆیان هەڵهێنجن و، لەسەر وەحیی خوا ڕانەوەستن؟!

زۆربەی هەر زۆری زانایان بە ڕەوا و دروستیان زانیوە و، هەندێکیشیان گوتوویانە: نەخێر پێغەمبەران بۆیان نییە کۆشش بکەن، بە تایبەتی شیعەی دوازدە ئیمامیی هەر زۆر دژی ئەوەن، کە پێغەمبەران کۆشش بکەن.

ئنجا هەرچەندە زانایان زۆربەیان وایانگوتوە، بەڵام من پێم وایە، دەبووایە هەموویان لەسەر ئەوە یەک دەنگ بن، کە بەڵی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) کۆششیان کردوە و عەقڵی خۆیان بەکارهێناوە و، لە کاتێکدا کە وەحییان لەبەر دەستیی دا نەبووە و، بەڵگەی شەرعییان لەبەر دەست دا نەبووە، عەقڵی خۆیان بەکارهێناوە و هەڵگوشیوە و تێوەڕاماون، بۆ ئەوەی پەی بە حوکمی شەرعیی و وەڵامی ڕاست ببەن، بۆ ئەو پرسیارەی ڕووبەڕوویان بۆتەوە، بۆ ئەو کێشەیەی کە هاتۆتە بەردەستیان، چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، بۆ وێنە: ئەگەر

تەماشای ژیانی پێغەمبەری خاتەمﷺ بکەین، لە چەند شوێنان خوا ﷻ ڕەخنەی لێ دەگرێ، بەهۆی ئەوەوە کە بە کۆششکردن و بە بیرکردنەوەی خۆی و بە بۆ چوونی خۆی، بڕیارێکی داوە و نەیپێکاوە، بۆیە خوای پەروەردگار بۆی ڕاستکردۆتەوە و ڕەخنەی لێگرتوە و گلەیی لێکردوە، بۆ وێنە:

١- ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ۝١ أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ ۝٢ ﴾عبس،

٢- هەروەها: ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ ۝٦٧ ﴾ الأنفال،

٣- هەروەها: ﴿ عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمۡ ۝٤٣ ﴾التوبة،

٤- دیسان: ﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٖ مِّنۡهُم مَّاتَ أَبَدٗا ۝٨٤ ﴾التوبة، دەگونجێ زۆر شتی دیکەش بهێنرێتەوە لە ژیانی پێغەمبەری خاتەمداﷺ کە هەرچەندە سەروەری پێغەمبەرانە، بەڵام کۆششی کردوە و لە بۆچوونەکەیدا، ئەگەر نەیپێکابێ، خوا ﷻ بۆی ڕاستکردۆتەوە، کەواتە: زۆر جاریش کۆششی کردوە و پێکاویەتی، خوای زانا وتوانا بە پێویستیی نەزانیوە بۆی ڕاست بکاتەوە و فەرمایشتی لەسەر بفەرموێ، بۆیە هیچ گومانی تێدا نیە کە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمِ)، ئەوە نەبووە وەک ڕۆبۆتێک تەنیا دەبێ وەحیی بێ، ئنجا بجووڵێن! پێغەمبەران خاوەنی گەورەترین عەقڵ بوون، عەقڵی خۆیان بەکارهێناوە و کۆششیان کردوە، لە کاتێکدا کە وەحیی خوای پەروەردگاریان لەبەر دەستدا نەبووبێ، بە زۆرییش پێکاویانە و، جار جار ئەگەر بە هەڵەدا چووبن، خوای میهرەبان بۆی ڕاستکردوونەوە، هەڵبەتە بە هەڵە داچوونی پێغەمبەرانیش (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمِ) لە ئیجتهادیاندا، بە گوناح لە قەڵەم نادرێ، چونکە ئەوان نەیانویستوە گوناح بکەن، ویستوویانە شتێک چارەسەر بکەن، وەڵامێک بدەنەوە، بەڵام نەیانپێکاوە، یاخود جۆرە مامەڵەیەکیان کردوە، کە پێیان وابووە ئەوە باشترە، بەڵام دوایی خوای پەروەردگار بۆی ڕاستکردوونەوە و بۆی دەرخستوون، کە نەخێر ئەوە باش نەبووە، شتێکی دیکە باشتر بووە و، کە ئەوان پەیيان پێ نەبردوە.

٦-) ئایا دروستە بابای دادوەر دادوەرییەکی کە کردوە، لێی پەشێمان بێتەوە و لێی بگەڕێتەوە؟:

ئەمیش زانایان مشت و مڕیان لە بارەیەوە هەیە، بەڵام نەدەبوو مشت و مڕ لەو بارەوە بکەن! چونکە بەڵێ هەر کاتێک دادوەر بۆی دەرکەوت کە بڕیارێکی داوە، هەڵەیە و نەیپێکاوە، نەک هەر دروستە و ڕەوایە، بەڵکو لەسەری پێویستە کە هەڵەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە و بگەڕێتەوە، چونکە کاتێک دادوەرێک بڕیارێک دەدات و حوکمێک دەردەکات، بەڵام دوایی بۆی دەردەکەوێ کە نەیپێکاوە، نابێ لەسەر هەڵەی خۆی بڕوا، بەڵکو دان بە هەڵەی خۆ داهێنان چاکییە **(الإعتراف بالخطأ فضیلة)** هەروەک بەردەوام بوون لەسەر هەڵە، گوناهە و تاوانە.

هەر بۆیەش داوود ﵇ لە مەسەلەی منداڵەکەدا، کە داویەتی بە ئافرەتە گەورەکە، دوایی سولەیمان ﵇ کە بەو شێوەیە دادوەریی کردوە و بۆی دەرکەوتوە، کە هەق بە ئافرەتە کەم تەمەنەکەیە، داوود ﵇ بڕیارەکەی سولەیمانی پەسند کردوە، هەروەها لە مەسەلەی ئاژەڵە زەڕکردووەکان و کشتوکاڵەکەشدا، بە هەمان شێوە، داوود گەڕاوەتەوە بۆ دادوەرییەکە و، بڕیارەکەی سولەیمانی کوڕی **(عَلَيْهِمَا الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)** پەسند کردوە.

٧-) بە پاکگرتنی چیایەکان و باڵندەکان بۆ خوا:

أ- ئایا مەبەست پێی دەنگدانەوەی چیایەکانە، یان دەنگ لێهاتنی باڵندەکانە، دەنگی سروشتیی و ئاسایی خۆیان؟ هەندێک لە توێژەرەوان وایانگوتوە!

ب- یاخود مەبەست پێی بە پاکگرتنی چیایەکانە بە شێوەیەک و، بە دەنگێک ئەو کاتە لێیان پەیدابووە و، هی باڵندەکانیش بە دەنگێک کە ئەو کاتە لێیان پەیدابووە، وەک هاودەنگیی و هاوئاوازیی لەگەڵ داووددا ﵇، لە کاتێکدا موناجاتی کردوە لە خزمەت خوادا و، لە خوا پاڕاوەتەوە و گفتوگۆی لەگەڵ دا کردوە؟

بە دڵنیایی پێم وایە مەبەست دووەمە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿وَسَخَّرۡنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلۡجِبَالَ يُسَبِّحۡنَ وَٱلطَّيۡرَۚ وَكُنَّا فَٰعِلِينَ ٧٩﴾، لەگەڵ داووددا چیایەکان و باڵندەکانمان ملکەچ کرد بوون، لەگەڵیدا خوایان بە پاک دەگرت و ئێمە ئەنجامدەر بووین.

لێرەدا (سَخَّرْنَا)، واتە: ملکەچمان کردن و، ڕام و دەستەمۆمان کرد بوون، هەم چیایەکان و هەم باڵندەکان، ئنجا ئەگەر مەبەست دەنگدانەوەی ئاسایی بێ، ئاشکرایە شوانێکیش کە بانگ دەکات لە چیایەک، چیایەکان دەنگ دەدەنەوە، لە ئەشکەوتێکدا قسە بکە، ئەشکەوتەکە دەنگ دەداتەوە، ئەوە هیچ پێویست بەوە ناکات خوای باڵادەست وەک نیعمەتێک و موعجیزەیەک بۆ پێغەمبەرێکی پایە بەرزی وەک داوود باسی بکات، چونکە ئەوە بۆ هەموو کەس هەر وایە و، هەر کەسێک هەرا بکات لە ئەشکەوتێک دا دەنگدەداتەوەو، چیایەکانیش دەنگ دەدەنەوە، هەروەها باڵندەش هەر دەجریوێنن لەسەر هەموو کەس.

کەواتە: هەم چیایەکان خوا بەپاکگرتنێکی تایبەتییان هەبووە و، تایبەت بووە بە داوودەوە عليه السلام وەک داوود دەنگیان لێوە هاتوە و، قسەیان کردوە، وەک موعجیزەییەک بۆ داوود، هەروەها باڵندەکانیش ئەو جۆرە زیکرو موناجاتەی داوود کردوویەتی بە زمانی خۆی، هەمان شتیان دووبارە کردۆتەوە، چونکە ئەمە بەس لێرە نیە و لە شوێنی دیکەش دا دەفەرموێ: ﴿يَٰجِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُۥ وَٱلطَّيۡرَۖ وَأَلَنَّا لَهُ ٱلۡحَدِيدَ ١٠﴾سبأ، واتە: ئەی چیایەکان! لەگەڵی بلێنەوە، باڵندەکان ئێوەش لەگەڵی بلێنەوە و ئاسنیشمان بۆی نەرمکردبوو، (أَوِّبِي مَعَهُۥ) واتە: (رَجِّعِي مَعَهُ)، ئەوە نیە کە دەنگ بدەنەوە، ئنجا ئەگەر چیایەکان دەنگ بدەنەوە، باڵندەکان چۆن دەنگ دەدەنەوە! بەڵکو (أَوِّبِي مَعَهُۥ)، واتە: ئەو چی دەڵێ، ئێوەش وا بلێنەوە، داوودیش دەنگێکی زۆر زوڵاڵ و خۆشی هەبووە، وەک پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **[عَنْ أَبِي مُوسى رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ لَهُ: يَا أَبَا مُوسى لَقَدْ أُوتِيتَ مِزْمَارًا مِنْ مَزَامِيرِ آلِ دَاوُدَ] (أخرجه البخاري: ٤٧٦١، والترمذي: ٣٨٥٥)**،

واتە: ئەبوو مووسا ﵁ دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووە: ئەی ئەبوو مووسا! بێگومان تۆ ئاوازێک لە ئاوازەکانی داوودت، پێدراوە.

ئەبوو مووسای ئەشعەرییش ﵁ دەنگی یەکجار خۆشبووە.

بەڵێ داوود دەنگی زۆر زۆر خۆش بووە و، کاتێک کە موناجات و پاڕانەوەی کردوە لە خزمەت خوادا و دەنگی هەڵبڕیوە و پاڕاوەتەوە، وا پێدەچێ بە شیعرو سروود خوای پەروەردگاری دواندبێ، چیایەکانیش وەک ئەویان گوتووتەوە و، باڵندەکانیش وەک وی هەمان تەسبیحات و زیکرو موناجاتیان دووبارە کردۆتەوە، بۆیەش ئەگەر ئایەتەکانی قورئان هەموو پێکەوە بێنی لە بابەتێکدا، باشتر واتاکەیانت بۆ دەردەکەوێ: ئەو ئایەتەی کە دەفەموێ: ﴿ يَٰجِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُۥ وَٱلطَّيۡرَۖ وَأَلَنَّا لَهُ ٱلۡحَدِيدَ ١٠ ﴾سبأ، واتە: ئەی چیایەکان و ئەی باڵندەکان! لەگەڵیدا بڵێنەوە، ئەو کاتە چەمکی ئایەتی: ﴿ وَسَخَّرۡنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلۡجِبَالَ يُسَبِّحۡنَ وَٱلطَّيۡرَۚ وَكُنَّا فَٰعِلِينَ ﴾، لێرە زۆر جوان ڕوون دەبێتەوە، هەروەها مانای (سَخَّرْنَا)ش: بۆمان ملکەچ کردبوون، ﴿ وَسَخَّرۡنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلۡجِبَالَ ﴾، ئەگەر مەبەست دەنگ دانەوە بێت، پێویست ناکات بفەرموێ: بۆ داوود چیایەکان و باڵندەکانمان دەستەمۆ و ملکەچ و ڕامکردبوون، چونکە بۆ هەموو کەس وان و تایبەت نیە بە داووددوە، کەواتە: ئەو ملکەچکردنە شتێک بووە، تایبەت بووە بە داووددوە ﵇، هەندێک لە توێژەرەوانی قورئان لە کۆن و تازە، زۆرجاران ئەو شتانەی کە موعجیزە و یاسا دڕن، ویستوویانە بە جۆرێک بیانخەنە ڕوو، کە زیاتر لەگەڵ ڕواڵەتی عەقڵ و سەلیقەدا بگونجێن، بەڵام من پێم وایە پێویست بەو پینە و پەڕۆیە ناکات و، خوا چی فەرمووە، پێویستە واببینرێ، بە تایبەتی بۆ پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، وەک موعجیزە و شتێکی یاسا دڕو پێچەوانەی ئەو حاڵەت و باوە کە هەیە و، پێچەوانەی ئەو حاڵەتە سروشتی و ئاساییەی کە ئێستا هەیە.

٨-) داوود چۆن زرێیەکانی دروستکردوون؟

وەک چۆن لێرەدا هاتوە: ﴿ وَعَلَّمْنَٰهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ لِتُحْصِنَكُم مِّنۢ بَأْسِكُمْ فَهَلْ أَنتُمْ شَٰكِرُونَ (٨٠) ﴾الأنبیاء، دروستکردنی پۆشاکی جەنگمان بۆ ئێوە تاکو لە کاتی جەنگدا بتانپارێزێ، فێری داوود کرد بوو، ئنجا ئایا ئێوە سوپاسگوزارن؟

ئەم مەسەلەیە لە دوو ئایەتی: (١٠ و ١١)ی سوورەتی: (سبأ)یشدا هاتوە: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ مِنَّا فَضْلًا يَٰجِبَالُ أَوِّبِى مَعَهُۥ وَٱلطَّيْرَ وَأَلَنَّا لَهُ ٱلْحَدِيدَ (١٠) أَنِ ٱعْمَلْ سَٰبِغَٰتٍ وَقَدِّرْ فِى ٱلسَّرْدِ وَٱعْمَلُوا۟ صَٰلِحًا إِنِّى بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (١١) ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئێمە بەخششمان لە لایەن خۆمانەوە بە داوود دابوو، ئەی چیایەکان و باڵندەکان! لەگەڵی بڵێنەوەوە ئاسنیشمان بۆ نەرمکردبوو، ئنجا تۆ زرێی داپۆشەر دروست بکە و لە کاتی چنیندا (و لە کاتی بزمار لێدان و چنینی زرێیەکەدا) با زۆر بە ئەندازەگیریی و بە وردیی بێ (وابێ کە نووکی ڕم و تیرو شیر بە کونەکاندا نەچێ) ﴿ وَٱعْمَلُوا۟ صَٰلِحًا ﴾، کردەوە باشەکانیش ئەنجام بدەن، ﴿ إِنِّى بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾، من (خوا) بینەری ئەوەم کە دەیکەن.

کەواتە: لێرەدا مەبەست لە (لَبُوسٍ)یش پۆشاکی جەنگە، واتە: زرێ، کە لێرەدا خوای زانا وشارەزا، بە وشەی: (سَٰبِغَٰتٍ) وەسفی کردوون (دِرعٌ سَابِغة)، واتە: زرێیەک کە هەموو جەستە داپۆشێ، (وَقَدِّرْ فِى ٱلسَّرْدِ) واتە: لە چنیندا ئەندازەگیریی بکە و وردەکاریی بکە، کەواتە: دروستکردنی زرێ بۆ داوود بەم شێوەیە بووە، زانایان دەڵێن: یەکەمین کەسێک کە زرێی ئاڵقەداری دروست کرد، داوود بوو، ئەگەرنا لە پێش داووددا پارچە پارچە بوو، یانی: پارچە پارچەی ئاسنەکان بوون لێک دەدران و لەبەر دەکرا، ئەوەش جووڵەی جەستەی کەمکردۆتەوە، بەڵام کە زرێ بێت و وەک پۆشاک لەبەر بکرێ، هەم جەستە باشتر تێیدا هەڵدەسووڕێ و، سووکتریشە و لە جەستەش خۆشترە.

٩-) کارو کەسابەت بە گشتیی پێویستە و، دەبێ مرۆڤ چاوی لە دەستی خەڵکی نەبێ، کارو کەسابەت بکات، دەست بجووڵێنێ و دەستە و ئەژنۆ دانەنیشێ:

ئـەم ئایەتـەی کـە بـاسی دروسـتکردنی زرێ دەکات لـە لایـەنی داوودەوە ﷺ، لـە فەرمایشـتی پێغەمبەریشـدا ﷺ هاتـوە: کـە داوود بـە دەسـتی خـۆی کاری دەکـردو، ئایەتەکـەش دەیگەیەنـێ، کـە زرێـی دروسـتکردوون و خـواش دەفەرمـوێ: ئاسـنمان بۆ نەرمکـردوە و، کـە دیـارە ئەویـش هـەر شـتێکی موعجیزەیـی بـووە و خـوا ئاسـنەکەی بـۆ نەرمکـردوە، ئەگەرنـا نەیدەفەرمـوو: بەخشـشی خۆمانمـان پێـدا، ئەگـەر ئاسـن بـۆ داوود، هـەروەک ئاسـنی ئاسـایی بووایـە، ئـەو کاتـە خـوا بـە بەخشـشی نـاو نەدەهێنـا، کەواتـە: ئاسـن لەبـەر دەسـتی داوود دا وەک موعجیزەییـەک نـەرم بـووە و، بـەو شـێوەیە مامەڵـەی لەگەڵـدا کـردوە، کـە بـە پێویسـتیی زانیـوە و کاری پێـی هەبـووە.

ئنجـا کارو کەسـابەت و پیشـە و بـە ڕەنجـی خـۆ ژیـان، ئەویـش دیـارە عـادەتی پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم)، بـووە و ئـەم فەرمایشـتەی پێغەمبەریـش ﷺ ئـەوە دەگەیەنـێ، کـە دەفەرمـوێ: [لَأَنْ يَأْخُـذَ أَحَدُكُـمْ حَبْلَـهُ ثُـمَّ يَغْـدُوَ إِلَى الجَبَـلِ، فَيَحْتَطِـبَ، فَيَبِيـعَ، فَيَـأْكُلَ وَيَتَصَـدَّقَ، خَـيْرٌ لَـهُ مِـنْ أَنْ يَسْـأَلَ النَّـاسَ] (أخرجـه البخـاري: ١٤١٠، والنسـائي: ٢٥٨٩، ولم نقـف عليـه بهـذا اللفـظ عنـد مسـلم).

واتـە: ئەگـەر یەکێـک لـە ئێـوە گوریسـەکەی خـۆی بگـرێ و، بەیـانی بچـێ بـۆ چیـا و، داران بـکات و بـە کـۆڵ [یـان بـە وڵاخ] بیهێنێتـەوە و بیفرۆشـێ و لێـی بخـوا [لـە پارەکـەی] و خێریـشی پـێ بـکات، ئـەوە باشـترە بـۆی لـەوە کـە لـە خەڵـک داوا بـکات و سـواڵ بـکات.

مەسەلەی سێیەم:

ملکەچکردنی بای بەهێز بۆ سولەیمان، کە بەرە و سەرزەمینی پێزداری دەبرد (سەر زەمینی شام)، هەروەها شەیتانەکان کە بۆی ڕۆ دەچوونە لێو دەریا، بۆ دەرهێنانی گەوهەرو مرواریی و، گەلێک کاری دیکەشیان بۆ دەکردن:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَلِسُلَيْمَٰنَ ٱلرِّيحَ عَاصِفَةً تَجْرِي بِأَمْرِهِۦٓ إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِي بَٰرَكْنَا فِيهَاۚ وَكُنَّا بِكُلِّ شَيْءٍ عَٰلِمِينَ ﴿٨١﴾ وَمِنَ ٱلشَّيَٰطِينِ مَن يَغُوصُونَ لَهُۥ وَيَعْمَلُونَ عَمَلًا دُونَ ذَٰلِكَۖ وَكُنَّا لَهُمْ حَٰفِظِينَ ﴿٨٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلِسُلَيْمَٰنَ ٱلرِّيحَ عَاصِفَةً ﴾، واتە: (سَخَّرْنَا لِسُلَيْمَانَ الرِّيْحَ عَاصِفَةً)، هەروەها بای بەهێزیشمان بۆ سولەیمان دەستەمۆ و ملکەچکردبوو، وشەی (عَاصِفَةً)، (حال)ە یانی: لە کاتێکدا بە توندیی هەڵیدەکرد، بەهێز هەڵیدەکرد.

٢)- ﴿ تَجْرِي بِأَمْرِهِۦٓ إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِي بَٰرَكْنَا فِيهَا ﴾، بە فەرمانی وی بەرە و سەر ئەو زەمینە دەچوو، کە پیت و پێزمان تێخستوە، کە بە تەئکید مەبەست پێی سەر زەمینی شامە، وەک پێشتریش باسمان کرد: ﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِي بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ ﴿١﴾ ﴾الإسراء، (ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا) لە فەڵەستینە (لە شامە)، خواش دەفەرموێ: لە دەوری ئەو مزگەوتە پیت و پێزمان داناوە، کە دەفەرموێ: ﴿ تَجْرِي بِأَمْرِهِۦٓ ﴾، دەڵێ: (أي: تَرْجِعِ عَنِ الأَقْطَارِ الّتي خَرَجَتْ إِلَيْهَا، لِمَصَالِحَ المَلِكِ سُلَيْمَان إلى الشَّام)، دەگەڕایەوە لەو شوێنانەی کە بۆی دەرچوو بوو، بۆ بەرژەوەندییەکانی پادشا سلیمان دەگەڕایەوە بۆ شام، کە دەفەرموێ: (بِأَمْرِهِۦ)، واتە: بە پێی ئارەزوو و ویستی سولەیمان عليه السلام ئەو بایە جووڵەی دەکرد.

٣)- ﴿ وَكُنَّا بِكُلِّ شَيْءٍ عَٰلِمِينَ ﴾، ئێمە بە هەموو شتێک زانا بووین، ئایا ئەو بایە لە قسەی سولەیمان دەردەچێ، دەرناچێ؟ چی پێدەکات و، چی پێ ناکات؟ ئێمە پێی زانابووین و سولەیمان شایستەی ئەوە بوو ئەو نیعمەتەی پێ بدەین.

٤)- ﴿ وَمِنَ ٱلشَّيَٰطِينِ مَن يَغُوصُونَ لَهُۥ ﴾، هەروەها لە شەیتانەکانیش هەبوون کە بۆی ڕۆ دەچوون، بۆی ڕۆ دەچوونە نێو دەریا، تاکو گەوهەرو مرواریی بۆ دەربهێنن، وشەی (غوص)یش تەنیا بۆ چوونە نێو ئاوو ماددەی شل (سائل) بەکاردێ.

٥)- ﴿ وَيَعْمَلُونَ عَمَلًا دُونَ ذَٰلِكَ ﴾، جگە لەوەش کاری دیکەشیان ئەنجام دەدا، وەک دوایی باسی دەکەین لە تەفسیری سوورەتی (سبأ)دا.

٦)- ﴿ وَكُنَّا لَهُمْ حَٰفِظِينَ ﴾، ئێمە بۆیان پارێزەر بووین، واتە: پارێزەری شەیتانەکان بووین، کە لە فەرمانی سولەیمان دەرنەچن و زیان بە خەڵک نەگەیەنن.

مەسەلەی چوارەم:

ئەیووبیش خوا بە نەخۆشیی و ناخۆشییەکی سەخت تاقیکردەوە، ئنجا کاتێک زۆر سەغڵەت بوو، هاواری کردە پەروەردگاری: من ناڕەحەتیی سەختم تووش بووەو، تۆش بە بەزەییترینی بە بەزەییانی، ئیدی خوا بە دەنگیەوە چوو، بەڵاو ئازارەکەی لێ لابردو، وێنەی خێزان و کەس و کارەکەی پێداو، هێندەی دیکەشی بۆ زێدە کرد، تاکو ببێتە پەندو سەر مەشق بۆ خواپەرستان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٨٣﴾ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَكَشَفْنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرٍّ ۖ وَءَاتَيْنَٰهُ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَذِكْرَىٰ لِلْعَٰبِدِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ ﴾، ئەیووبیش کاتێ بانگی پەروەردگاری کرد، واتە: یادی ئەیووب بکە، کاتێ کە بانگی پەروەردگاری کرد، یاخود ئەیووبیشمان تاقیکردەوە، کاتێ کە بانگی پەروەردگاری کردو لێی پاڕایەوە.

ئایا ئەیووب ماوەی چەند لەو بەڵاو گرفتارییەدا ماوەتەوە؟ هەندێ لە زانایان دەڵێن: حەوت ساڵ، هەندێ دەڵێن: هەژدە ساڵ، بەڵام شتێکی دڵنیایی لەو بارەوە نیە، هەڵبەتە ئێمە دوایی بەسەرهاتی ئەیووبیش - وەک داوودو سولەیمان (علیهم الصلاة والسلام) - باسێکی سەربەخۆی لە بارەوە دەکەین.

٢)- **﴿ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ ﴾**، واتە: من ناڕەحەتییم توش بووە (**ضُرٌّ: مَا يَتَضرَّرُ المَرْءُ بِهِ فِي جَسَدِهِ مِنْ مَرَضٍ أو هُزَالٍ، أو فِي مَالِهِ مِنْ نَقْصٍ وَغَيْرِه**)، (**ضُرّ**) هەر شتێکە کە ئینسان پێی زیانبار بێ، یان پێی ناڕەحەت بێ، ئنجا چ لە جەستەی دابێ، وەک نەخۆشیی و بێ هێزیی، یاخود لە ماڵ و سامانیدا بێ، وەک لە دەستچوونی و کەم بوونی.

کە دیارە ئەوەی ئەیووب وەک دوایی لە بەسەرهاتەکەشدا باس دەکەین، هەم نەخۆشیی بووە و، هەم لە دەست دانی ماڵ و سامانی بووە و، هەم لە دەستدانی خزم و کەس وکاریشی بووە.

٣)- ﴿وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾، واتە: تۆ بە بەزەییترینی بە بەزەییانی، واتە: تۆ خاوەنی بەزەیی و لوتف و میهرەبانییەکی بێ سنووریی و لە فریام وەرە.

٤)- ﴿فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ﴾، واتە: ئێمەش وەڵاممان دایەوە و بە دەنگیەوە چووین.

٥)- ﴿فَكَشَفۡنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرّٖ﴾، واتە: ئەو ئازارو ناڕەحەتیی و نەخۆشیی و ناخۆشییەی کە لێی بوو، لێمان لابرد، (**الكَشْفُ: مُسْتَعْمَلٌ فِي الإِزَالَةِ السَّرِيْعَة شُبِّهَت بِإزَالَةِ الغِطَاءِ**)، وشەی (**كَشْفُ**) بە مانای هەڵدانەوەیە، بە مانای لابردنی شتێکە لەسەر شتێک، کە لێرەدا بەکارهێنراوە بۆ لابردنی خێرا و، چوێنراوە بە لابردنی سەر پۆشێک لەسەر شتێک، چۆن بە خێرایی لای دەبەی، ئەو ئازارو ناڕەحەتییەش، بە خێرایی لە ئەیووب لاچووە، دوای ئەوەی خوا ﷻ ویستوویەتی.

٦)- ﴿وَءَاتَيۡنَٰهُ أَهۡلَهُۥ﴾، واتە: خێزانەکەشیمان پێدا، لێرەدا کە دەفەرموێ: خێزانەکەیمان پێدا، واتە: ماڵ و خێزانەکەیمان بۆ گێڕایەوە، ئنجا (**أهل**) بریتیە لە کەسانێک کە لەگەڵ مرۆڤدا لە ماڵەوە دەژین، (**أهل البَيْت**)یشی پێ دەڵێن، واتە: ئەوانەی کە لە ماڵەوە لەگەڵ مرۆڤدان، کە خێزانی دەگرێتەوەو، کوڕەکانی و، کچەکانی، هەروەها جگە لەوانەی کە لە ماڵێدا لەگەڵی دەژین، خزمەکانیشی دەگرێتەوە، کەس و کاری و نزیکانی.

٧)- ﴿وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ﴾، واتە: وێنەی خۆشیان لەگەڵیاندا، زانایان هەندێکیان گوتوویانە و لە پەیمانی کۆنیش دا هاتوە: کە حەوت کوڕو سێ کچی بوون، دوایی خوا ﷻ ئەوانەی مردوون، ئەو حەوت کوڕو سێ کچەی مردوون، ئەو دە (١٠) منداڵە، دوایی خوا بیست (٢٠) منداڵی داوەتێ و، چواردە کوڕو شەش کچ، هەندێکیش دەڵێن: خوای باڵادەست ئەوانەی بۆ زیندوو کردوونەوەو، ئەوەندەی دیکەشی پێداون، خێزانەکەیشی

هەر لەگەڵیدا ماوەو وەفاتی نەکردوە، هاوسەرەکەی دوایی کۆمەڵە منداڵێکی زۆری بوون، لە کوڕان و لە کچان.

هەندێکیش وایان لێکداوەتەوە، کە خێزانەکەشی وەفاتی کردوە و منداڵ و کوڕو کچەکانیشی، بەڵام دوایی خوا ﷻ هاوسەرێکی دیکەی بۆ ڕەخساندوە و، دوو بەرانبەری ئەو منداڵانەی کە لە هاوسەری پێشووی بوون، لەو هاوسەرەی دوایی پەیدابوون، ئەو ڕایەش هەیە، بەڵام ڕای یەکەم نیزیکترە و لە بەسەرهاتەکەشیدا، وا هاتوە.

٨)- ﴿ رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا ﴾، واتە: ئەوە بەزەییەک بووە لە ئێمەوە، بەزەیی و سۆزو پەرۆشییەک بوو لە ئێمەوە بەرانبەر بە ئەیووب.

٩)- ﴿ وَذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰبِدِينَ ﴾، واتە: ئەوە بیرخەرەوەش بوو، پەندێک بوو بۆ خواپەرستان، بیریان بخاتەوە و دەرس و پەندی لێوەربگرن، کە هەر کەسێک لە بن باری تاقیکردنەوەی خوادا، خۆی ڕابگرێ، سەرەنجام لە دنیاو دواڕۆژدا شانازیی بۆ دەمێنێتەوە.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین: ئەوەی لە بارەی نەخۆشییەکەی ئەیووبەوە گوتراوە و، لە زۆر لە سەرچاوەکاندا هاتوە و، لە پەیمانی کۆنیشدا هاتوە و، پێم وایە ڕوونکەرەوانی قوڕئان لەوێ وەریانگرتوە، وەک دوایی بەسەرهاتەکەی دەگێڕینەوە، هەندێک زێدەڕۆیی هەن، کە دڵنیاین، وانین، چونکە نابێ پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) تووشی نەخۆشیی و حاڵەتێکی وابن کە خەڵک لێیان بسڵەمێتەوەو، قێزەون بن و لەگەڵ پایەو مەقامی بەرزی پێغەمبەراندا نەگونجێ، بەڵێ دەگونجێ تووشی ناڕەحەتیی و نەخۆشیی و هەژاریی بن و، بکوژرێن و، دەربەدەربن، بەڵام نابێ کەم و کوڕییەکی وایان تێدا پەیدابێ، کە مایەی سڵەمینەوەی خەڵک و بێزلێبوونەوەیان بێ، ئنجا ئەوەی لەو بەسەرهاتانەدا هاتوە، کە گوایە کرمەڕێز بووە، ئەوە بێگومان درۆیە و لەگەڵ پایەو مەقامی پێغەمبەراندا (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) نەگونجاوە.

مەسەلەی پێنجەم:

هەر کام لە ئیسماعیل و ئیدریس و زول کیفل، ئەوانیش لە خۆڕاگران بوون، بۆیە خوا خستنیە ڕیزی بەندە چاک و پەسندەکانیەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا ٱلْكِفْلِ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ (٨٥) وَأَدْخَلْنَٰهُمْ فِى رَحْمَتِنَآ ۖ إِنَّهُم مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ (٨٦) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا ٱلْكِفْلِ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾، هەروەها ئیسماعیل و ئیدریس و زول کیفل، ئەوانەش هەر کامێکیان لە خۆڕاگران بوون.

خۆڕاگریی (ئیسماعیل)مان لێ دیارە، کە ئامادە بوو بابی سەری ببڕێ و پێیگوت: ﴿ قَالَ يَٰٓأَبَتِ ٱفْعَلْ مَا تُؤْمَرُ ۖ سَتَجِدُنِىٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ (١٠٢) ﴾الصافات، واتە: ئەی بابە گیان! ئەوەی فەرمانت پێکراوە، ئەنجامی بدەو، ئەگەر خوا بیەوێ من لە خۆڕاگران دەبینی، هەر واشبوو.

بەڵام ئایا خۆڕاگریی ئیدریس ﷵ و، خوڕاگریی زول کیفل چۆن بووە؟ لە قورئاندا بەیان نەکراوە، هەروەها لە سوونەتی پێغەمبەریش دا ﷺ نەهاتووە، بەڵام ئێمە دڵنیاین، خوا کە ئەو دوو پێغەمبەرە پایە بەرزەشی بە خۆڕاگریی وەسف کردوە، دیارە خاوەنی ئەو سیفەتە بوون، هەڵبەتە هەموو پێغەمبەران خاوەنی خۆڕاگریی بوون، بەڵام ئەوانەی خوا ﷻ لێردو لەم مەقامەدا بە صەبر وەسفیان دەکات، دیارە خاوەنی خۆڕاگرییەکی بەرچاو و گەورە بوون، کە شایانی باس بووە.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا ٱلْكِفْلِ ﴾، ئا ئەمە:

أ- دەگێڕدرێتەوە بۆ سەر باسی لووطؑ کە دەفەرموێ: ﴿ وَلُوطًا ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ﴾الأنبياء، واتە: هەر کامێک لە ئیسماعیل و ئیدریس و زول کیفلیش، هەم حیکمەت و دانایی و لێزانیی و، هەم زانیاریی و شارەزاییمان پێدابوون.

ب- یاخود دەگێڕدرێتەوە بۆ سەر: (وإذ)، واتە: (واذْكُرْهُم) واتە: یادیان بکە، یادی ئەو سێیانەش بکە.

ج- یاخود دەگێڕدرێتەوە بۆ سەر ئەوە، کە لە کۆی ئەو بەسەرهاتانە وەردەگیرێ، کە بریتیە لە تاقیکردنەوە، واتە: ئەوانیشمان تاقیکردەوە.

٢)- ﴿ وَأَدْخَلْنَٰهُمْ فِى رَحْمَتِنَآ ﴾، واتە: هەروەها خستمانئە نێو بەزەیی خۆمانەوە.

٣)- ﴿ إِنَّهُم مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوان لە پەسندان و چاکان بوون، ئەمە هۆکار خستنەڕوو (تعليل)ی ئەوەیە کە بۆچی خوا خستنیە نێو بەزەیی خۆیەوە؟ لەبەر ئەوەی لە بەندە پەسندەکانی خوا بوون، ئیشی خوا هیچی لە گۆترە نیە.

دیارە ئێمە پێشتریش لە سوورەتی (مريم)دا، باسی ئیسماعیل و ئیدریسمان کردوە و، بەسەرهاتی (ذا الكفل)یش لە تەفسیری ئەم سوورەتەدا، خوا پشتیوان بێ دەیخەینە ڕوو.

مەسەلەی شەشەم:

یونوس ﷺیش خوا بەسەری کردەوە کاتێک لە گەلەکەی تووڕە بوو، بەبێ مۆڵەت وەرگرتن ڕۆیی، خواش سزای دا بە قووتدرانی لە لایەن نەهەنگەوە، بەڵام لە تاریکاییەکاندا هاواری کردە خوا کە: تۆ پاکی و من ستەمکارم، ئیدی خواش دەربازی کردو، هەر ئاواش بڕواداران کاتێ دەکەونە تەنگانەو ناڕەحەتییەوە دەربازیان دەکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبٗا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٨٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَذَا ٱلنُّونِ ﴾، هەروەها یادی هاوەڵی ماسییش بکە، وشەی (ذَا) یانی: (صَاحِبْ) (صَاحِبْ)یش هەم بە مانای هاوەڵ دێ، هەم بە مانای خاوەن دێ، (ٱلنُّونِ)یش بە مانای نەهەنگ و ماسیی دێ، کەواتە: ﴿ وَذَا ٱلنُّونِ ﴾، واتە: (صَاحِب الحُوتِ) کە ئەم تەعبیرە لە سوورەتی (القلم)دا هاتوە: ﴿ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلۡحُوتِ إِذۡ نَادَىٰ وَهُوَ مَكۡظُومٞ ﴿٤٨﴾ ﴾القلم، خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: وەک هاوەڵی، یاخود وەک خاوەنی نەهەنگەکە مە بە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ (ٱلنُّونِ) بە مانای نەهەنگ دێ، واتە: ماسیی گەورە، لە شوێنی دیکەش دەفەرموێ: ﴿ فَٱلۡتَقَمَهُ ٱلۡحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٞ ﴿١٤٢﴾ ﴾الصافات، لێرەش (حوت) هەر بە مانای نەهەنگ دێ.

ئنجا ئەگەر باسی ماسییش کرابێ، لەبەر ئەوەی نەهەنگیش هەر ماسییە و ماسی ئاوە گشتییەکەیەتی، بەڵام ئەو ماسییەی کە یونوسی قوتداوە، ماسییەکی تایبەت بووە، ماسییەکی گەورە بووە.

واتـە: وەک هاوەڵـی نەهەنـگ مەبـە، کاتێـک بانگـی پـەروەردگاری کـرد کـە زۆر خەفەتبـارو دڵ پـڕ مەینەتیـی بـوو، لێـرەش دەفەرمـوێ: ﴿وَذَا ٱلنُّونِ﴾، واتـە:

أ- یادی خاوەنی ماسیی، یاخود هاوەڵی ماسیی، نەهەنگیش بکەوە.

ب- یاخود: ئەویشمان تاقیکردەوە.

ج- یاخود: ئەویش حیکمەت و زانیارییمان پێدا بوو.

٢)- ﴿إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبًا﴾، کاتێ کە بە تووڕەیی ڕۆیشت، بێگومان لە گەلەکەی تووڕە بووە کە خەڵکی نەینەوا بوون، بۆچی لێیان تووڕە بووە؟ دیارە زۆر کەللەڕەق بوون و، وەڵامی بانگەوازو پەیامەکەیان نەداوەتەوە، ئەویش تووڕە بووە و ڕۆیشتوە و ئەوێی بە جێهێشتوە.

٣)- ﴿فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ﴾، پێی وابوو ئێمە سەر زەمینمان لێ وەتەنگ نەهێناوە، یانی: (أن لَنْ نُضَيِّق عَلَيْه)، چونکە (قَدَرَ) لێرەدا بە مانای (ضَيَّق)یە، (قَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُ)، (أي: ضَيَّقَهُ عَلَيْه)، هەروەک لە قورئاندا هاتوە: ﴿ٱللَّهُ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُ لَهُۥٓ (٦٢)﴾العنکبوت، واتە: خوا بۆ هەر کەسێک بیەوێ، بژێو فراوان دەکات، یاخود لێی وەتەنگ دێنێ، تەنگی دەکاتەوە، ﴿لِيُنفِقۡ ذُو سَعَةٖ مِّن سَعَتِهِۦۖ وَمَن قُدِرَ عَلَيۡهِ رِزۡقُهُۥ فَلۡيُنفِقۡ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُۚ (٧)﴾الطلاق، واتە: هەر کەسێک بژێو لێ وەتەنگ هات، بژێوی لێ کەم کرایەوە، با بە پێی ئەوە کە خوا پێی داوە، ببەخشێ، کە مەبەست لە پیاوێکە کە خێزانی تەڵاق داوە، دەبێ نەفەقەی بکێشێ، هەر کەسە بە پێی خۆی.

جارێـک موعاوییـە لـە ئیبنو عەببـاس دەپرسـێ دەڵێ: مـن دوێنێ قورئانـم خوێندەوە یـان شـەپۆلەکانی دەریـای قورئـان لێیاندام، سـەرم لـەوە دەرنەچـوو: ﴿فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ﴾، ئـەو وای تێیگەیشـتوە کـە یونـوس پێـی وابـووە، ئێمـە دەسـتەڵاتمان بەسـەریدا نیـە! ئیبنـو عەببـاس گوتـی: (فَهَذَا مِنَ القَدْرِ لَا مِنَ القُدْرَةِ)، ئـەم (قَدَر) لـە (قَدْر)ە واتـە: کەمکردنـەوە (تَضييـق) لـێ کەمکردنـەوە، نـەوەک لـە (قُدْرَةِ) واتـە: دەسـەڵات بەسـەردا ڕۆیشـتن، ئەمـە لـە تەفسـیری (الکشـاف)دا ئامـاژەی پێـدراوە.

کەواتە: ﴿فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ﴾، پێی وابوو ئێمە ئەو شوێنەی کە دەبوو پەیامی خوای تێدا ڕابگەیەنرێ و، بەرنامەی خوای تێدا ڕابگەیەنرێ، ئێمە لێمان تەنگ نەکردۆتەوە لە نەینەوا و دەوروبەریدا، بەڵکو بۆ هەر شوێنێ بچێ، بۆی هەیە، بەڵام دیارە بۆچوون و کۆشش کردنەکەی هەڵە بوو، بۆیە خوا ﷻ سزای دا، ئەویش بەوەی کە نەهەنگ قووتیدا، یان: بەدەمییەوە گرت، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿فَٱلۡتَقَمَهُ ٱلۡحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٞ ١٤٢﴾ الصافات، واتە: نەهەنگ بەدەمیەوە گرت لە حاڵێکدا گلەیی هێنەر بوو بۆ سەرخۆی .

٣)- ﴿فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ﴾، لە تاریکاییەکاندا بانگی کرد، بێگومان بانگی خوای پەروەردگاری کردوە، تاریکاییەکان زانایان دەڵێن: تاریکایی شەو، تاریکایی دەریا و، تاریکایی سکی نەهەنگ.

٤)- ﴿أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ﴾، کە جگە لە تۆ هیچ پەرستراوێک نیە، پاکیی بۆ تۆ، تۆ بە پاک دەگرم، واتە: تۆ بە پاک دەگرم، تۆ پێچەوانەی حیکمەت فەرمانم پێ بکەی، تۆ بە پاک دەگرم، نەدەبوو من بە بێ مۆڵەت وەرگرتن لە تۆ، ڕۆیشتبامایە.

٥)- ﴿إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾، بە دڵنیایی من لە ستەمکاران بووم، واتە: من کە ڕۆیشتم بە بێ مۆڵەت، ستەمم لە خۆم کرد، بۆیە شایستەی ئەوە بووم، سزام بدەی، پاکیی بۆ تۆ کە بە ناهەق بەندەکانت سزا بدەی.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {دَعْوَةُ ذِي النُّونِ فِي بَطْنِ الحُوتِ: لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ، لَمْ يَدْعُ بِهَا رَجُلٌ مُسْلِمٌ فِي شَيْءٍ قَطُّ إِلَّا اسْتَجَابَ اللَّهُ لَهُ} (أخرجه أحمد: ١٤٦٢، والترمذي: ٣٥٠٥، والنسائي في الكبرى: ١٠٤٩٢، والحاكم: ١٨٦٢، وقال: صحيح الإسناد، والبيهقي في شعب الإيمان: ٦٢٠).

واتە: پاڕانەوەی (ذِي النُّونِ) لە سکی ماسییدا: (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ)، بێجگە لە تۆ هیچ پەرستراوێک نیە، پاکیی بۆ تۆ، (تۆ بە پاک

دەگرم) من لە ستەمكاران بووم، هیچ مسوڵمانێک هەرگیز پێی لە پەروەردگاری نەپاڕاوەتەوە، مەگەر وەڵامی داوەتەوە و بە دەنگیەوە هاتوە.

٦)- ﴿ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ ﴾، ئێمەش بە دەنگیەوە چووین و وەڵاممان دایەوە.

٧)- ﴿ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ ﴾، لەو خەم و مەینەتییەی کە تێدابوو، دەربازمان کرد.

٨)- ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾، هەر بەو شێوەیەش بڕواداران کە دەکەونە خەم و مەینەتییەوە، دەربازیان دەکەین.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾، واتە: ئەو بە دەنگەوە هاتن و لە فریا هاتنەی خوای پەروەردگار بۆ خاوەنی نەهەنگ، بۆ یونوس ﷷ تایبەت نیە بەوەوە، بەڵکو هەر بەو شێوەیەش بڕوادارانی دیکەش کە دەکەونە خەم و ناڕەحەتیی و مەینەتییەوە، ئاوا بە دەنگیانەوە دێین و دەربازیان دەکەین، بە مەرجێک ئەوان ئاوا لێمان بپاڕێنەوە.

﴿ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (وَكَذٰلِكَ نَجّى المُؤْمِنِيْنَ)، یانی: بەوجۆرەش (خوا) بڕوادارانی دەربازکردن. لە بارەی ئەوەوە کە پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاریی مسوڵمانانی کردوە، بەهۆی ئەو هەڵوێستەی (یونوس)ەوە گومانی خراپیان بۆ پەیدا نەبێ و، بە کەم باسی یونوس بکەن، یان ڕەخنەی لێ بگرن، فەرموویەتی: **{لاَ يَنْبَغِي لِعَبْدٍ أَنْ يَقُولَ: أَنَا خَيْرٌ مِنْ يُونُسَ بْنِ مَتَّى} (أخرجه أحمد: ٢١٦٧، والبخاري: ٣٢٣٢، ومسلم: ٢٣٧٧، وأبو داود: ٤٦٦٩، ابن حبان: ٦٢٤١، وأبو عوانة: ٣٩٠).**

واتە: هیچ بەندەیەک ناگونجێ و نابێ بڵێ: من (پێغەمبەری خوا) باشترە لە یونوسی کوڕی مەتتا.

ئێمە بەسەرهاتی یونوسیشمان لە تەفسیری سورەتی (یونس)دا، بە تەفصیل باس کردوە، بۆیە لێرەدا بە کورتیی بەسەریدا ڕۆیشتین.

مەسەلەی حەوتەم:

هەروەها زەکەریاش خوا حیکمەت و زانیاریی پێدا بوو، کاتێک لە خوا پاڕایەوە کە تەنیا جێی نەهێڵێ و کوڕێکی چاکی پێ بدات، خواش هاوسەرەکەی (کە نەزۆک بوو) بۆ چاک کردەوەو، یەحیاشی پێبەخشی، ئەوانیش دەستگەرم بوون لە چاکەکاریی داو، بۆ خوا دڵ پڕ هیواو سام بوون و ملکەچ بوون:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَزَكَرِيَّآ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرۡنِي فَرۡدٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ٨٩ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَوَهَبۡنَا لَهُۥ يَحۡيَىٰ وَأَصۡلَحۡنَا لَهُۥ زَوۡجَهُۥٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ٩٠ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَزَكَرِيَّآ ﴾، واتە: یادی زەکەریاش بکە، یاخود زەکەریاش حیکمەت و زانیارییمان پێدا بوو، یاخود زەکەریاشمان تاقیکردەوە، بە هەر سێ واتایەکە، کە بۆ ئەوانی دیکەش باسمان کردن، هاتوە.

٢)- ﴿ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ ﴾، واتە: کاتێ لە پەروەردگاری پاڕایەوە، بانگی پەروەرگاری کرد.

٣)- ﴿ رَبِّ لَا تَذَرۡنِي فَرۡدٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ﴾، واتە: پاڕانەوەکەی ئەوە بوو، گوتی: پەروەردگارم! بە تەنیا جێم مەهێڵە و، تۆ باشترینی میراتگرانی، وشەی (فَرْد)، **(أُطلِقَ الفَرْدِ عَلَى مَنْ لَا وَلَدَ لَهُ، تَشْبِيْهًا لَهُ بِالمنْفَرِد الَّذِي لَا قَرِيْنَ لَهُ)**، وشەی (فَرْد) بەکارهێنراوە بۆ کەسێک کە منداڵی نیە، چوێندراوە بە بابایەکەوە کە تاکە و هاوەڵێکی نیە.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ﴾، تۆ باشترینی میراتگرانی، بۆیە لەو سیفەتە هەقەی خۆت شتێکم پێ ببەخشە، کە تۆ باشترین میراتگری، با منیش میراتگرێکم هەبێ، چونکە پاڕانەوە لە خوا ﷻ وا باشە بە سیفەتەکانی بێ، ئەگەر ئینسان بیەوێ داوای لێبوردن لە خوا بکات بڵێ: (یا غَفّار) یان (یا غَفُور) و، ئەگەر بیەوێ داوای بەزەیی

لێ بکات، بە سیفەتی (الرَّحْمَن) و، ئەگەر بیەوێ داوای سەرخستنی لێ بکات، بە سیفەتی عیززەت و توانا، هەروەها لە سووڕەتی (مریم)یش دا کە ئێمە بە تەفصیڵ باسی زەکەرییا و یەحیامان کرد، لەوێدا خوا دەفەرموێ: ﴿ يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ ءَالِ يَعْقُوبَ ۝٦ ﴾، میرات لە منیش و لە بنەماڵەی یەعقووبیش بگرێ.

٤)- ﴿ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ وَوَهَبْنَا لَهُۥ يَحْيَىٰ ﴾، واتە: وەڵاممان دایەوەو، بە دەنگیەوە چووین و، یەحیاشمان پێدا.

٥)- ﴿ وَأَصْلَحْنَا لَهُۥ زَوْجَهُۥٓ ﴾، واتە: هاوسەرکەیشیمان بۆ چاککرد، واتە: وامانلێکرد کە چاک بێ، بتوانێ تۆڵدار ببێ، بتوانێ کۆرپەی وەسك بکەوێ، دوای ئەوەی نەزۆک بووە، ئنجا بێگومان پێشێ خوا ﷻ هاوسەری زەکەرییای چاک کردوە و، دوایی یەحیای پێ بەخشیوە، بەڵام لێرەدا بەخشرانی یەحیا پێشخراوە، چونکە ئەوە جێی مەبەست بووە، بۆیە ئەوەی جێی مەبەست بووە لە لای زەکەریا ئەوی پێشخستوە و، ئەوەی ئامراز و هۆکار بووە، دوای خستوە، یانی: چاککردنەوەی هاوسەری لە حاڵەتی نەزۆکیی، کە وای لێ بکات شایستەی نەوە بێ دوو گیان بێ.

٦)- ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ ﴾، ئەمە هۆکار دۆزیی (تَعْلِيْل)ە، بۆ ڕستەکانی پێشەوە، واتە: بۆیە ئەوەمان بۆ کردن، چونکە ئەوان خێراییان دەکرد لە چاکەکاندا، پێشبڕکێیان دەکرد، وشەی (ٱلْخَيْرَٰتِ) کۆی (خَيْر)ە، هەروەک (حَمَّامَات) کۆی (حَمَّام)ە، (سَرَادِقَات) کۆی (سَرَادِق)ە واتە: بە بێ قیاس کۆکراوەتەوە.

٧)- ﴿ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ﴾، واتە: لێمان دەپاڕانەوە، بە ئارەزوومەندانەو بە سام لێکردنەوە، وشەی (رَغْبْ) و (رَهَبْ) چاوگن لە (رَغِبَ) و (رَهِبَ)، (رَغِبَ) واتە: ئارەزوومەند بوو، (رَهِبَ) واتە: سامی کردو ترسا.

٨)- ﴿ وَكَانُوا۟ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴾، ئەوان بۆ ئێمە ملکەچ بوون، (الخُشُوعُ: خَوْفُ القَلْبِ بِالتَفَكُّرُ دُونَ اضْطِرَابِ الأَعْضَاء الظَاهِرَة)، (خُشُوعُ): بریتیە لە ترسی دڵ لە حاڵەتێکی پەنهان و بیرکردنەوەدا، بێ ئەوەی ئەو ترسە لەسەر ئەندامە ڕواڵەتییەکان دەربکەوێ بە لەرزین و هەژان، یانی: (خُشُوعُ) بریتیە لە سام و هەیبەتێکی پەنهان.

مەسەلەی هەشتەم:

مەریەمی پاکیزەش کە خوا ڕووحی مەسیحی لە ڕێی جیبریلەوە بەبەردا کرد، هەروەها کوڕەکەیشی، نیشانەیەکی مەزنی خوا بوون بۆ جیهانییان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا وَجَعَلۡنَٰهَا وَٱبۡنَهَآ ءَايَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ٩١ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا ﴾، هەروەها ئەوەی کە داوێنی خۆی پاراست، وشەی (فَرْج) بە مانای دابڕاوایی دێ و، لێرەدا بە مانای کەلێن و دابڕاوایی دێ، نەک بە مانای ئەندامی زاووزێ، چونکە لە قورئاندا خوا ﷻ نە ئەندامی زاوزێی مرۆڤ، چ پیاو یان ئافرەت، نە حاڵەتی پێکەوە جووت بوون، بە وشەی ڕاشکاو، نەیهێناون، بەڵکو بە لەبەر ڕاهاویشتن و لە پەردەدا (كناية) بۆ وێنە دەفەرموێ: ﴿ وَقَدۡ أَفۡضَىٰ بَعۡضُكُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ ٢١ ﴾النساء، واتە: هەندێکتان چوونە لای هەندێکتان، یان دەفەرموێ: ﴿ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ٦ ﴾المائدة، واتە: دەستتان گەیاندە ژنەکانتان، کە مەبەستی پێیان جووت بوونە، بەڵام بە تەعبیرێکی زۆر بە ئەزاکەت دەیفەرموێ، هەروەها بۆ مەسەلەی تارەت گرتن، دەفەرموێ: ﴿ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ ٤٣ ﴾النساء، واتە: یەکێکتان لە شوێنی نزمەوە هاتەوە، عادەتیان وابووە لە شوێنی نزم و گۆمڵایی و پەنهان و ئەدیو، تارەتیان گرتوە، ئەگەرنا (ٱلۡغَآئِطِ) بە مانای پاشەڕۆک نیە، بەڵکو بە مانای شوێنی نزم و گۆمڵایی دێ، ئەو شوێنەی تارەتیان تێدا گرتوە، یانی: ئەگەر یەکێکتان لە شوێنی تارەت گرتنەوە گەڕایەوەو تارەتی گرتبوو، کەواتە: لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا ﴾، واتە: ئەوە کە خۆی پاراستبوو، داوێنی خۆی پاراستبوو.

دوای ئەوەی خوا عز وجل باسی پیاوانی کرد، پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)، ئنجا باسی ئافرەتێکی خاوەن پێگەو پایەی بەرز دەکات، چونکە بەخششی خوا تایبەت نیە، بە پیاوانەوە و پەیوەست نیە بە ڕەگەزێکی دیاریکراوەوە.

هەندێک لە زانایان، یەکێک لەوانە (**محمد الطاهر بن عاشور**) دەڵێ: (**مریم**) ڕەوانەکراو نەبووە، بەڵام پێغەمبەر بووە، واتە: خوا وەحیی بۆ ناردوە، بەڵام پێغەمبەرێک نەبووە، کە ڕەوانەکراو بێ و ئەو پەیامەی خوا بگەیەنێ، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: نەخێر پێغەمبەران بە هەردووک جۆرەکەیانەوە: (**الأنبياء**) و (**الرسل**)، کە (**أنبياء**): خوا وەحیی بۆ ناردوون - بە ڕای هەندێک لە زانایان - بەڵام فەرمانیان پێ نەکراوە پەیامی خوا بگەیەنن بە غەیری خۆیان، (**رسل**)یش ئەوانەن وێڕای ئەوەی خوا سروشی بۆ کردوون، مولزەمیش کراون کە پەیامی خوا بگەیەنن بە غەیری خۆیان، بەڵام زۆربەی زانایان دەڵێن: ڕەوانەکراوان و پێغەمبەران لە نێو بازنەی پیاواندا کورت هەڵاتوون، ئایەتەکانیش وا دەگەیەنن، وەک چەندان جار باسمان کردوە، ئنجا دەفەرموێ: ئەو ئافرەتەش کە داوێنی خۆی پاراست، کە داوێنی خۆ پاراستنەکەی (**مریم**) بەس لە حەڕام نەبووە، بەڵکو لە حەڵاڵیش پاراستوویەتی، چونکە هاوسەرگیریی نەکردوە.

٢)- ﴿فَنَفَخْنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا﴾، ئێمەش لە گیانی خۆمان فوومان بەبەردا کرد، واتە: لەو ڕووحە لەو گیانە تایبەتەی کە بە تایبەت خوڵقاندوومانە، بە شێوەیەکی تایبەتییش خستمانە نێو جەستەی (**مریم**)ەوە و، فوومان بە (**مریم**)دا کرد.

(**النَّفْخُ: حَقِيْقَتُهُ إِخْرَاجُ هَوَاءِ الفَمِ بِتَضْيِيقِ الشَّفَتَيْنِ، وَأُطْلِقَ هُنَا تَمْثِيْلًا لإِلْقَاءِ رُوْحِ التَّكْوِيْنِ لِلْنَسلِ فِي رَحِمِ المَرْأَةِ، دُفْعَةً وَاحِدَةً بِدُونِ الوَسَائِلِ المُعْتَادَة، تَشْبِيهًا لِهَيْئَةِ التَّكْوِيْنِ السَّرِيْعِ بِهَيْئَةِ النَّفْخِ**)، واتە: وشەی (**نَفْخ**) لە ڕاستییدا بریتیە لەوەی ئینسان دوو لێوەکانی خۆی وێک بێنێتەوە، بۆ ئەوەی هەوای لێ بچێتە دەرێ،

بـەڵام لێـرە بەکارهێـنراوە بـۆ هاویشـتنی ڕووحێـک کـە وەچـەی لـێ پەیـدا بـێ و خسـتنیە نێـو منداڵدانـی ئافرەتێکـەوە بـە یەکجـار، بەبـێ ئامـرازە بـاوەکان، کـە لێـرەدا ئەمـە [شـێوەی دروسـتبوونی خێـرای مەسـیح عليه السلام لـە سـکی دایکیـدا] چوێنـدراوە بـە فووکـردن، فووکـردن چەنـد خێرایـە، عیسـاش عليه السلام ئـاوا بـە خێرایـی برایـە نێـو منداڵـدان و سـکی دایکـی کـە مەریەمـە، خـوا لێـی ڕازی بـێ.

لـە سـوورەتی (المؤمنـون)دا، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَجَعَلْنَا ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةً (٥٠) ﴾، واتـە: کـوڕی مەریـەم و دایکیـمان کردنـە نیشـانەیەک، لێـرەش دەفەرمـوێ: ﴿ وَجَعَلْنَـٰهَا وَٱبْنَهَآ ءَايَةً لِّلْعَـٰلَمِينَ (٩١) ﴾، خـۆی کوڕەکەیـمان کردنـە نیشـانەیەک بـۆ جیهانییـان، لـە سـوورەتی: (المؤمنون)یـش دا، دەڵـێ: کـوڕی (مریـم)و دایکیـمان کردنـە نیشـانەیەک، یەکـێ بـۆی هەیـە بپرسـێ: باشـە لـە چەنـد شـوێناندا خـوا ﷻ بـە تایبـەت لێـرەدا لـە جێـی دیکـەش هاتـوە، بۆچـی مەریـەم بـەوە وەصـف دەکات، کـە داوێنـی خـۆی پاراسـتوە، لێـرەدا مەریەمـی ڕێـک بـە وەصفەکـەی باسـیکردوە، لـە شـوێنی دیکـە گوتوویەتـی: ﴿ وَمَرْيَمَ ٱبْنَتَ عِمْرَٰنَ ٱلَّتِىٓ أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا (١٢) ﴾التحریـم، واتـە: مەریەمـی کچـی عیمـڕان کـە داوێنـی خـۆی پاراسـت؟!

ئەمە دوو حیکمەتی تێدا هەن:

١- بەرپەرچدانەوەی جوولەکەکان کە (عیسا)یان، بەوە تۆمەتبار دەکرد دەیانگوت: زۆڵە، بیژوویە، دایکی زینای کردوەو بابی دیار نیە، ئەوە بەرپەرچدانەوەی جوولەکەکانە، نەخێر دایکی زۆر ئافرەتێکی پاکیزەو پاک بووە، بەڵام خوا بە شێوەی تایبەت ڕووحی (عیسا)ی بەبەردا کردوە، بەبێ ئەوەی لەگەڵ پیاوێکدا جووت بێ، نە بە حەڵاڵیی و، نە بە حەرامیی.

٢- ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە پاکیی ئافرەتان، چ مەریەم، چ غەیری مەریەم، هۆکاری ئەوەیە کە خوا ﷻ لە فەیزو بەخشش و بەرەکەتی خۆیان پێ ببەخشێ، پاکیی ئافرەتان هۆکاری ئەوەیە کە خوا لوتف و میهرەبانیی زیاتریان لەگەڵ دا بنوێنێ، هەڵبەتە هی ئافرەتانیش و هی پیاوانیش، بەڵام لێرەدا باس باسی (مریم)و باسی ئافرەتانە.

شایانی باسە ئێمە بەسەرهاتی (مریم)و (عیسا)شمان سەلامی خوا لەسەر هەردووکیان بێ، لە سوورەتی (مریم)دا، بە تەفصیڵ باسکردووەو گێڕاوەتەوە، بۆیە لێرەدا بەو ئاماژە کورتەی کە لە ئایەتەکەدا هاتوە، وازی لێ دێنین.

مەسەلەی نۆیەم:

کۆمەڵی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) یەکێکە، پەروەردگاریشیان تەنیا خوایەو، پێویستە بەس ئەو بپەرستن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٩٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ ﴾، ئا ئەم کۆمەڵە کۆمەڵی ئێوەیە، (**الأُمَّةُ: الجَمَاعَةُ الَّتِي حَالُهَا وَاحِدٌ، فَأُطْلِقَتْ عَلَى مَا تَكُونُ عَلَيْهِ الجَمَاعَةُ مِن الدِّيْنِ بِقَرِيْنَةِ أنْ الأُمَّةَ لَيْسَتْ وَاحِدَة**)، واتە: (**أُمَّةُ**) بە مانای کۆمەڵ دێ، ئەو کۆمەڵەی کە لەسەر یەک حاڵە، لێرەشدا بەکارهێنداروە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵێک لەسەری دەبن لە ئایین و بەرنامە، بە بەڵگەی ئەوە کە ئۆممەتەکان یەک ئۆممەت نین، بەڵام من ئەو ڕایەم پێ ڕاست نیە و پێم وایە:

ڕای ڕاست ئەوەیە کە مەبەست لە (**أمة**) ئەو پێغەمبەرانەن (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) کە لێرەدا ناوی شازدەیان بە ناوی ئاشکرا هاتوە و، بە ئاماژەش ناوی (**عیسا**) هاتوە، ئەوە حەڤدە و، (**مریم**)یشیان خراوەتە گەڵ، ئەوە هەژدە، واتە: مەریەم وەک ئافرەتێکی زۆر پاکیزەی چاک کە لە چاکیی و پاکییدا لە ڕیزی پێغەمبەراندا بووە، خوا دەفەرموێ: ئا ئەم کۆمەڵی پێغەمبەرانە، یەک کۆمەڵە.

٢)- ﴿ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ ﴾، منیش پەروەردگارتانم، واتە: پەروەردگاری هەموو لایەکتانم.

٣)- ﴿ فَٱعۡبُدُونِ ﴾، تەنیا بەندایەتیی بۆ من بکەن، ﴿ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ ﴾، ئەم ڕستەیە کورت هەڵێنان (**حَصْر**) دەگەیەنێ، واتە: تەنیا من پەروەردگارتانم، نەک کەسێکی دیکە، ﴿ فَٱعۡبُدُونِ ﴾، ئەمەش دیسان کورت هەڵێنان دەگەیەنێ، واتە: تەنیا بەندایەتیی بۆ من بکەن، نەک بۆ کەسێکی دیکە، وەک گوتمان: لێرەدا ﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ

وَٰحِدَةً ﴾، دەگونجێ باس باسی ڕێبازی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بێ واتە: ئا ئەم ڕێبازە کە پێغەمبەران هەموویان لەسەری بوون، یەک ڕێبازە، کە بریتیە لە خوا بە یەکگرتن و تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا کردن، کە ئەوە ڕایەکی زانایانە.

ڕایەکی دیکە ئەوەیە کە: ﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ ﴾، ئەمە هەر ئاماژەیە بۆ ئەو پێغەمبەرانەی کە باسکران، کە ئەو ڕایە پەسندترو ڕاسترە، چونکە خوا ﷻ یەکسەر دوای سەر ژمێرکردنی ئەو پێغەمبەرانە عليهم السلام و وەسفکردنی زۆربەشیان، کە خاوەنی خۆڕاگریی بوون و، ئەهلی عیلم و حیکمەت بوون و، ئەهلی صەلاح و چاکەکاریی بوون، دوای ئەوە دەفەرموێ: ئا ئەمانە کۆمەڵی ئێوەن، یەک کۆمەڵە، هەڵبەتە ئەو کۆمەڵەش لەسەر یەک ڕێباز کۆبوونەوە، کە تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا کردن و خوا بەیەکگرتنە، بەڵام ئەو مانایە لەگەڵ سیاقی ئایەتەکاندا باشتر دەگونجێ لەوە کە بڵێین: (أُمَّةً) لێرەدا مەبەست پێی ڕێباز (طَرِيْقَة)ە، ئەگەرنا وشەی (أُمَّةً) لە قورئاندا بە مانای بەرنامە و ڕێبازیش هاتوە، بەڵام زیاتر بە مانای کۆمەڵە خەڵکێک هاتوە لە حاڵێکدا لەسەر بەرنامەیەک کۆببنەوە.

مەسەلەی دەیەم و کۆتایی:

شـوێنکەوتووانی پێغەمبـەران، لـە دوای وان، بەرنامەکەیانیـان دابـڕ دابـڕ کـرد، ئنجـا کـە دەگەڕێنـەوە خزمـەت خـوا، بڕوادارانـی کـردار بـاش، کۆششـیان نادیـدە ناگیـرێ و، بۆیـان تۆمـار دەکـرێ و، قەدەغەشـە کـە ئاوەدانییـە فەوتێنـدراوەکان، نەگەڕێنـەوە لای خـوا بـۆ سـزادرانیان:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡۖ كُلٌّ إِلَيۡنَا رَٰجِعُونَ (٩٣) فَمَن يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَا كُفۡرَانَ لِسَعۡيِهِۦ وَإِنَّا لَهُۥ كَٰتِبُونَ (٩٤) وَحَرَٰمٌ عَلَىٰ قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَآ أَنَّهُمۡ لَا يَرۡجِعُونَ (٩٥)﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿وَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ﴾، یەکسەر خوا ﷻ لە دوای سەرژمێری ژمارەیەکی زۆر لە پێغەمبەران کە حەڤدەن، دەفەرموێ: ﴿وَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ﴾، ئنجا کاروباری خۆیانیان دابڕ دابڕ کرد، بێگومان مەبەست لە پێغەمبەران نیە، یانی: شوێنکەوتووانی پێغەمبەران، ئەوانەی لە دوای وان هاتن، هەرچەندە خوا ئامۆژگاریی کردبوون، فەرمووبووی: ﴿إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ (٩٢)﴾، ئا ئەم کۆمەڵی پێغەمبەرانە، یەک کۆمەڵەو، منیش پەروەردگارتانم و تەنیا بەندایەتیی بۆ من بکەن، کە چی: ﴿وَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ﴾، شوێنکەوتووەکانیان ئامۆژگاریی خوایان لە گوێ نەگرت و، ئایینەکەیان لە بەینی خۆیان دابڕ دابڕ کرد، وشەی (أَمْر) هەم بە مانای حاڵ (شَأْن) دێ هەم بەمانای (دین)، بەڵام لێرەدا وا پێدەچێ هەر مەبەستی ئایین بێ، واتە: دینداریی، یاخود: ئایینەکەی خۆیانیان بەش بەش کرد، بەشێکیان بەشێکی تەبەنیی کردو، بەشێکیان بە بەشێکی پەیوەست بوو، بەشەکانی دیکەیان فەرامۆش کرد، کە دەفەرموێ: ﴿وَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ﴾، ڕاناوی (هم)

دەگەڕێتەوە بۆ کەسێک کە شایستەیەتی، کە ئەوانیش بریتین لە هاوبەش بۆ خوا دانەران و کافرەکان، کە لە ڕێبازی پێغەمبەران لایان داوە، یاخود: ﴿ وَتَقَطَّعُوٓا۟ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ ﴾، واتە: ئوممەتانی دوای پێغەمبەران، ئەو ئوممەتانەی لە دوای پێغەمبەران هاتن، ئایینەکەی خۆیان بەش بەش کرد، (تَقَطُّع)یش لە (قَطَعَ)ەوە هاتوە، (أي تَفَرَّقُوا)، لە ئایینەکەی خۆیان دا پەرتەوازە بوون و، بەش بەشیان کرد.

لە سوورەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ ۚ إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ (١٥٩) ﴾، واتە: بێگومان ئەوانەی کە ئایینەکەی خۆیانیان پارچە پارچە کردو تێیدا بوونە تاقم تاقم، تۆ هیچ پەیوەندییت پێیانەوە نیە، کاریان بۆ لای خوایە دوایی هەواڵیان پێدەدا بەوەی کە دەیانکرد.

لە سوورەتی (الروم)یشدا: ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ (٣١) مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا ۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ (٣٢) ﴾، واتە: لە هاوبەش بۆ خوا دانەران مەبن، ئەوانەی ئایینەکەیانیان بەش بەش و پەرتەوازە کردو، تێیدا بوونە دەستە دەستە و، تاقم تاقم، هەر کۆمەڵێک، هەر تاقمێک بەوەی کە بۆ خۆی لەسەریەتی، دڵخۆشە، وەک پێشینان دەڵێن: (هەر کەسە بە یاری خۆی هەڵدەڵێ)، «کەس بە ڕبەی کەس ناپێوێ و، کەس لە مەڕی کەس ناخێوێ»، (هەر کەسە، بە دۆڵ و شیوێک دا دەڕوا)، سەلام و مەرحەبای لەگەڵ ئەوەی دیکەدا نیە، ئەمە دەردی کوشندەی شوێنکەوتووانی پێغەمبەران بووە، لە دێر زەمانەوە، دیارە لە ئوممەتی پێغەمبەریشدا ﷺ ئەم حاڵەتە دووبارە بۆتەوە.

ئێستا هەندێک ناوی سەلەفییان لە خۆیان ناوە، خەڵکی دیکەیان هەر پێ گومڕاو سەرلێشێواوە، هەندێ خۆیان ناو ناوە ئەهلی تەریقەت و تەصەووف، پێیان وایە بەهەشت بەس بۆ ئەوان تەرخان کراوە، یەکێکی دی ناوی لە خۆی ناوە جەنگاوەر (مجاهد) و پێی وایە ئیسلام تەنیا لەوەدا خولاصە بۆتەوە کە هەمیشە سەنگەر بگرێ، یەکی دی لای شتێکی دیکەی گرتوە و، یەکی دی

لایەکی دیکەی گرتوە و، هیچ کام لەوانەش دان بەوەی دیکەدا ناهێنێ و، بەو کارەی ئەوەی دیکە دەیکات و لێک دابڕاون.

هەمیشە کاتێ ئینسان لە تێگەیشتنی دیندا بە هەڵەدا دەچێ، لە پیادەکردنی دیندارییشدا بە هەڵەدا دەچێ، ئەگەر تێگەیشتنت بۆ دین تەسک بوو، پابەندییشت بە دینەوە، بە باریکە ڕێیەکدا دەبێ، نەک بە فراوانیی، هەمیشە هەڵس وکەوتی ئینسان لە تەصەووڕیەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆیە ئەگەر بمانەوێ مسوڵمانان کۆببنەوە و ڕێک بن، دەبێ لە جۆری تێگەیشتنیانەوە بۆ ئیسلام ڕاستیان بکەینەوە، دەبێ تەصەووڕو تێگەیشتنیان بۆ ئیسلام ڕاست بکەینەوە، لە ڕووی قورئان و سوننەتەوەو، لە ڕووی وەحیی ساغ و بێ خەڵتەی خواوە، لە دین تێبگەن، نەک لە ڕووی تەفسیرو بۆچوون و تێگەیشتنی زانایەک کە لە سەردەمی خۆیدا و لە کاتی خۆیدا، بە جۆرێک تێگەیشتوە، یاخود بە پێویستی زانیوە، داکۆکیی لەسەر لایەنێک بکات و، جەخت لەسەر چەند لایەنێک بکاتەوە، لە سەردەمی ئەودا پێویست بووە، ئەو بۆچوونانە لە خۆیان نەکەن بە دین، هەمیشە ئەوەی کە ئایینی پابەندکەرە بۆ مسوڵمانان، ئەوەیە کە لە قورئان و سوننەتدا بەرجەستەیە، ئەوی دیکە هەمووی تێگەیشتنی زانایانە بۆ ئیسلام و، نابێ تێگەیشتنەکان لە خۆمان بکەینە دین.

ئنجا سبحان الله لەم ڕۆژگارەدا: کێ زیاتر باسی شوێنکەوتنی سەلەفی صاڵح و شوێنکەوتنی قورئان و سوننەت دەکات، بە زۆریی ئەوانە لە هەموو کەس دەمارگیرترن و، لە هەموو کەس زیاتر تەسکترو بچووکتر لە دین تێگەیشتوون و، لە ئیسلام حاڵیی بوون و، لە هەموو کەس خۆ پەسندترن و، خەڵکی دیکە بە کەمتر تەماشا دەکەن و، لە هەموو کەس زیاتر بوونە مایەی لێک ترازانی مسوڵمانان و، بەش بەش بوون و پارچە پارچە بوونیان!!

لە حاڵێکدا کە شوێنکەوتنی سەلەفی صاڵح، بە ناو لە خۆنان نیە، هەروەک صاف بوونەوەو ساغ بوونەوە، بە ناوی (صوفي) لە خۆنان نیە، هەروەک

شوێنکەوتنی قورئان و سونەت، بە بەرزکردنەوەی شیعار نیە، هەروەک خوا بەیەکگرتن و تەنیا خواپەرستی، تەنیا بە ئیددیعا نیە، بەڵکو هەموو ئەو شتانە دەبێ بە کردەوەبن.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی لەو کەسانەمان بگێڕێ کە بە کردەوە و بە ڕاستیی، بە فراوانیی و بە قووڵیی لە دین تێدەگەن و، بە فراوانیی و بە قووڵیی پێوەی پابەند دەبن و، دڵیشیان بە کاری هەموو مسوڵمانان خۆشە و، ئەو هەقەی کە خۆیان لەسەرینی و، ئەو هەقەی کە ئەوانی دیکەش لەسەرینی، هەموو بە هی خۆیان دەزانن، نەک: ﴿كُلُّ حِزْبِۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٥٣﴾﴾المؤمنون، وەک خوا هاوبەش دانەرەکانی وا پێناسە کردوە، بەڵکو ئینسان دەبێ ئەوەی خۆی دەیکات و ئەوەی کە ئەوانی دیکەش دەیکەن، دڵی بە هەمووی خۆش بێ، مادام هەقەو لە لایەن خواوە هاتوە.⁽¹⁾

٢)- ﴿ كُلٌّ إِلَيْنَا رَٰجِعُونَ ﴾، خوا دەفەرموێ: هەر کامێک لەوانە دەگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە.

٣)- ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا كُفْرَانَ لِسَعْيِهِۦ ﴾، هەر کەسێک لە کردەوە باشەکان ئەنجام بدات، ئەوە نادیدە گرتن نیە بۆ کۆششەکەی، واتە: پاداشت دەدرێتەوە و نادیدە ناگیرێ.

٤)- ﴿ وَإِنَّا لَهُۥ كَٰتِبُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ئەوەی کردوویەتی بۆی تۆمار دەکەین، بۆی دەنووسین، هەرکەس کردەوە چاکەکان ئەنجام بدات بە ئیمانەوە، با دڵنیا بێ، کە کۆشش و هەوڵەکەی نادیدە ناگیرێ.

---

(١) لە کتێبی پێنجەمی مەوسووعەی: [بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیع دا] و کتێبی دوازدەیەمی مەوسووعەی [بەرەو باشتر تێگەیشتن و پێکەیشتن]دا بەدرێژی لەبارەی چۆنیەتی تەبایی و یەکڕیزیی و هاوکاریی مسوڵمانانەوە، دواوین.

٥)- ﴿ وَحَرَامٌ عَلَىٰ قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَآ أَنَّهُمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴾، ناوەدانییەک کە فەوتاندوومانە قەدەغەیە لەسەریان کە نەگەڕێنەوە، کە نەگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە، بۆ ئەوەی سزا بدرێن لەسەر ئەو تاوانانەی کە لە دنیادا، بوونە هۆکاری فەوتێندرانیان، لە دوارۆژیشدا دەبنە هۆکاری سزادرانیان.

وشەی (كُفران): ﴿ فَلَا كُفْرَانَ لِسَعْيِهِۦ ﴾، (كُفْرَانَ) چاوگەو مانایەکەی بریتیە لە دان نەهێنان بەوچاکەیەدا، کە لەگەڵ کەسێکدا دەکرێ، کە پێچەوانەکەی بریتیە لە (شُكْر) و لێرەدا بەکارهێنراوە بۆ بێ بەش بوونی کەسێک لە پاداشت، پاداشت نەدرانەوەی لەسەر کردەوەی باشی، ئەمە بە نسبەت وشەی: ﴿ فَلَا كُفْرَانَ لِسَعْيِهِۦ ﴾، واتە: هەوڵ و کۆششەکەی نادیدە ناگیرێ، ژێرلێو ناخرێ و، سپڵەیی دەرهەق ناکرێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّا لَهُۥ كَٰتِبُونَ ﴾، نووسین، لێرەدا کینایەیە لە هاتنە دی و چەسپاندنی واتە: زایە ناکرێ و کردەوە باشەکانی بۆ تۆمار دەکرێن و زایە ناکرێن.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَحَرَامٌ عَلَىٰ قَرْيَةٍ ﴾، کە خوێندراویشەتەوە بە (وَحِرْمٌ عَلَى قَرْيَةٍ)، دەڵێ: (الحَرَامُ: الشَّيءُ المَمْنُوعِ)، شتێکی ڕێ لێگیراو، واتە: ڕێیان لێگیراوە کە نەیگەڕێنەوە بۆ قیامەت، بۆ سزاو پاداشت، هەڵبەتە چەند جۆرە تەفسیرێکی دیکەشیان بۆ کردووە، بۆ وێنە:

هەندێکیان گوتوویانە: ﴿ وَحَرَامٌ عَلَىٰ قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَآ أَنَّهُمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴾، واتە: لێیان قەدەغە کراوە کە بگەڕێنەوە، لە ڕێبازی غەڵەت و پەڵەت، مادام بڕیاری فەوتاندنیانمان داوە، توانای گەڕانەوەیان نیە، لە ڕێی چەوت بۆ ڕێی ڕاست، بەڵام ئەو مانایەی گوتمان، زیاتر لەگەڵ سیاقی ئایەتەکان دا دەگونجێ.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ کە بە دوای پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)، دەکەون و لە ڕاستە شەقامەکەیان لانادەن و

بەملاولادا ناخلیسکێن و بەلاڕێدا نابرێن، تاکو هەم لە دنیادا سەربەرزانە بژین، هەم لە دواڕۆژدا سەرفرازو سەربەرز بین، لە خزمەت خواو پێغەمبەرانی خوادا ﷺ.

بەسەرهاتی شەش لە
پێغەمبەرانی پایە بەرز (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)

بەڕێزان !

شەش کەس لە پێغەمبەرانی خوا، کە تاکو ئێستا بەسەرهاتیانمان نەخستۆتە ڕوو، لێرەدا باسیان دەکەین، کە هەر کام لە (داود) و (سلیمان)ی کوڕی، پاشان (أيوب) دوایی (ذالكِفل)، ئنجا (اليسع) و (إلياس)، باس و بەسەرهاتی هەر کامێکیان بە کورتیی دەخەینەڕوو:

یەکەم: بەسەرهاتی داوود ﵇

لە پێنج (٥) بڕگەدا باسی داوود ﵇ دەکەین:

١)- ناوو ڕەچەڵەکی:

لە قورئاندا ناوی داوود تەنیا بەو جۆرە هاتوە، واتە: بە وشەی داوودو باسی ناوی بابی نەکراوە، بەڵام لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: داوود بچووکترین و هەشتەمین کوڕی (يَسّى الأفراتيّ) بووە(١)، شایانی باسە: بەسەرهاتی داوود لە پەیمانی کۆندا لە لاپەڕەکانی: (٥٩٦ - ٧٠٨)یە دا و، سەدو دوو (١٠٢) لاپەڕی گرتوە.

---

(١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر صموئيل الأول، الإصحاح: ج١٧، ص ٥٩٩.

٢)- دووبارە بوونەوەی ناوی (داوود):

داوود ﵇، شازدە جاران، ناوی هاتوە لە قورئاندا، لە نۆ سورەتاندا کە ئەمانەن:

١- سوورەتی (البقرة)، ئایەتی: ٢٥١.

٢- سوورەتی (النساء)، ئایەتی: ١٦٣.

٣- سوورەتی (المائدة)، ئایەتی: ٧٨.

٤- سورەتی (الأنعام) ئایەتی: ٨٤.

٥- سوورەتی (الإسراء) ئایەتی: ٥٥.

٦- سوورەتی (الأنبياء) ئایەتەکانی: ٧٨ و ٧٩.

٧- سوورەتی (النمل) ئایەتەکانی: ١٥ و ١٦.

٨- سوورەتی (سبأ)، ئایەتەکانی: ١٠ و ١٣.

٩- سوورەتی (ص) ئایەتەکانی: ١٧ و ٢٢ و ٢٤ و ٢٦ و ٣٠.

٣)- کورتەی ژیان و بەسەرهاتەو هەڵوێستەکانی داوود:

١- یەکەمین ناوهێنانی داوود لە قورئاندا لە بەسەرهاتی کوشتنی (جالووت)دایە، بەپێی ڕیزبەندیی (مُصحف) مەبەستمە، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُۥدُ جَالُوتَ وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ وَٱلْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُۥ مِمَّا يَشَآءُ ﴾البقرة.

لە پەیمانی کۆندا، ناوی ئەو پێغەمبەرەی کە (طالووت)ی هەڵبژاردوە، بە مەلیک، بە (صَموئیل الأوّل) هاتود و، ناوی (طالووت)یش بە (شاول) هاتوە(١).

---

(١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر صموئيل الأوّل، ص٥٩٤.

هەروەها لە پەیمانی کۆن[١]دا دەڵێ: (**وَكَانَ فَتْرَةُ حُكْمُ دَاوُد أربَعِينَ سَنَةً، مَلِكَ سَبْعَ سِنِينَ فِي حَبْرُونَ، وَثَلاَثَةً وَثَلاَثِينَ فِي أُورشَلِيم**)، واتە: ماوەی حوکمڕانیی داوود چل ساڵ بووە، حەوت ساڵان لە (**حبرون**) {شارێکە لە شارەکانی فەڵەستین] و سی و سێ (٣٣) ساڵیش لە (**أُورشَلِيمَ**).

شایانی باسە لە پەیمانی کۆندا، درێژەی زۆر دراوە بە بەسەرهاتی داوود ﵇ باسی زۆر جەنگ و کێشەو بێشەی نێوان ئەو و (**شاول**)، یانی: (**طالوت**) کراوە، کە (**شاول**) ویستوویەتی داوود بکوژێ، ئەویش لەبەری هەڵاتووەو چەند جاران داوود زەفەری بە (**شاول**) بردوە، بەڵام نەیکوشتوە، کە (**شاول**) پادشای بەنی ئیسرائیل بووە و، (**صموئیل**) - کە بە حیساب ناوی یەکێ لە پێغەمبەرانە - ئەوی داناوە بە پادشا، بەڵام بەسەرهاتەکانی داوود لە قورئاندا ئەمانەن:

یەکەم: کوشتنی (**جالووت**)، واتە: داوود کە جالووتی کوشتوە: ﴿ وَقَتَلَ دَاوُۥدُ جَالُوتَ ﴾ البقرة: ٢٥١، لە کاتێکدا سوپای بەنی ئیسرائیل بە سەرکردایەتیی (**طالوت**) {کە لە پەیمانی کۆندا پێی دەڵێ: (**شاول**)} ڕووبەڕوو بۆتەوە لەگەڵ سوپایەک لە ئەهلی کوفر، کە لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: ئەوانە فەڵەستینییەکان بوون و (**عمالقة**)شیان پێ گوتراوە، لەو کاتەدا داوود جالووت دەکوژێ، لە پەیمانی کۆندا درێژەی زۆری داوەتێ.

دووەم: دادوەریی کردنی لە بارەی زەرکردنی کۆمەڵێ لە کشتوکاڵی خەڵکێکدا، کە پێشتر لە تەفسیری ئایەتەکاندا هێنامان، (**الأنبیاء**): (**٧٨و ٧٩**).

سێیەم: شتێکی دیکە کە لە داوود گێڕدراوەتەوە لە قورئاندا، دروستکردنی (زرێ)یە، کە لە سووڕەتی (الأنبیاء) ئایەتی: (٨٠) و، لە سووڕەتی (سبأ) ئایەتەکانی: (١٠و ١١)دا هاتوە، ئەوەی کە لە سووڕەتی (سبأ)دا هاتوە، خوا ﷻ دەفەرموێ:

﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ مِنَّا فَضْلًا يَٰجِبَالُ أَوِّبِى مَعَهُۥ وَٱلطَّيْرَ وَأَلَنَّا لَهُ ٱلْحَدِيدَ ﴿١٠﴾ أَنِ ٱعْمَلْ سَٰبِغَٰتٍ وَقَدِّرْ فِى ٱلسَّرْدِ وَٱعْمَلُوا۟ صَٰلِحًا إِنِّى بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١١﴾ ﴾،

---

[١] التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص٧٠٨.

واتە: ئێمە بە دڵنیایی بەخششی خۆمان دابوو بە داوودو بنەماڵەکەی، چیایەکان لەگەڵی بڵێنەوەو، هەروەها باڵندەکان ئێوەش و، ئاسنیشمان بۆ نەرم کرد بوو {سروشمان بۆ کرد} کە زرێیە پۆشەرەکان {کە جەستەی جەنگاوەرەکان دادەپۆشن} دروست بکەو، وردەکاریی بکە لە چنینیان دا و، کردەوە باشەکان ئەنجام بدەن، من بینەری ئەوەم کە ئەنجامی دەدەن.

چوارەم: شتێکی دیکە لە داوود گێردراوەتەوە، کە بریتیە لە وەی چیاو باڵندەکان خوایان لەگەڵ دا بە پاکگرتوە، ئەمە لە سوورەتی (الأنبیاء) ئایەتی: (٧٨)دا، وەک پێشتر هێنامان و، لە سوورەتی (سبأ) ئایەتی: (١٠)دا و، لە سوورەتی (ص) ئایەتەکانی: (١٨و ١٩)دا هاتوە، کە خوا ﷻ لە هەر کام لەم سێ شوێنەدا بە شێوەیەکی نیزیک لە یەکدی، باسی ئەو موعجیزەیەی داوود دەکات، بۆ وێنە: خوا ﷻ لە ئایەتەکانی: (١٨و ١٩)ی (ص)دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّا سَخَّرْنَا ٱلْجِبَالَ مَعَهُۥ يُسَبِّحْنَ بِٱلْعَشِىِّ وَٱلْإِشْرَاقِ ﴿١٨﴾ وَٱلطَّيْرَ مَحْشُورَةً كُلٌّ لَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿١٩﴾﴾ص، واتە: ئێمە چیایەکانمان لەگەڵیدا ملکەچ کرد بوون (دەستەمۆ کردبوون) ئێواران و دەمەو خۆرهەڵات، خوایان لەگەڵ بە پاک دەگرت، هەروەها باڵندەکانیش هەموویان بۆی کۆدەکرانەوەو، هەموویان لەگەڵیاندا دەگوتەوە {یان: لەگەڵیدا بۆ لای خوا دەگەڕانەوە}.

پێنجەم: کۆمەڵێک بۆ چارەسەری کێشەیەک دەچنە لای لە میحرابەکەیدا، کە لە سوورەتی (ص)، ئایەتەکانی: (٢٠ - ٢٦) دا، خوا ﷻ دەفەرموێ:

﴿وَشَدَدْنَا مُلْكَهُۥ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْحِكْمَةَ وَفَصْلَ ٱلْخِطَابِ ﴿٢٠﴾ وَهَلْ أَتَىٰكَ نَبَؤُا۟ ٱلْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا۟ ٱلْمِحْرَابَ ﴿٢١﴾ إِذْ دَخَلُوا۟ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ ۖ قَالُوا۟ لَا تَخَفْ ۖ خَصْمَانِ بَغَىٰ بَعْضُنَا عَلَىٰ بَعْضٍ فَٱحْكُم بَيْنَنَا بِٱلْحَقِّ وَلَا تُشْطِطْ وَٱهْدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ ﴿٢٢﴾ إِنَّ هَٰذَآ أَخِى لَهُۥ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِىَ نَعْجَةٌ وَٰحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِى فِى ٱلْخِطَابِ ﴿٢٣﴾ قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِۦ ۖ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْخُلَطَآءِ لَيَبْغِى بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ ۗ وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّٰهُ فَٱسْتَغْفَرَ رَبَّهُۥ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ ۩ ﴿٢٤﴾ فَغَفَرْنَا لَهُۥ ذَٰلِكَ ۖ

وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلۡفَىٰ وَحُسۡنَ مَـَٔابٖ ﴿٢٥﴾ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلۡنَٰكَ خَلِيفَةٗ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱحۡكُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدُۢ بِمَا نَسُواْ يَوۡمَ ٱلۡحِسَابِ ﴿٢٦﴾ ﴾،

واتە: ئێمە حوکمڕانیی داوودمان پتەو و مەحکەم کردبوو و، حیکمەت و قسە ڕوونییشمان پێ بەخشیبوو، (هەم لێزانیی و هەم قسە ڕوونیی) و، ئایا هەواڵی ئەو کۆمەڵە کە پێکەوە ناکۆکییان هەبوو پێت گەیشتوە؟ کاتێ بەسەر دیواری میحرابەکەدا وەسەر دیوارەکە کەوتن و، لە داوود وەژوور کەوتن، ئەویش بەهۆیانەوە ڕاچڵەکی (لێیان ترسا) پێیان گوت: مەترسێ ئێمە دوو کەسین پێکەوە ناکۆکییمان بووە، هەندێکمان ستەممان لە هەندێکمان کردوە، تۆش دادوەرییمان بە هەق لە نێواندا بکە، بەڵام لە هەق لامەدەو، دوور مەکەوەو، بەرەو ڕاستە ڕێ ڕێنماییمان بکە، [یەکێکیان گوتی:] ئەوە برامە ئەوەدو ئۆ مەڕی هەیەو، منیش مەڕێکم هەیە، گوتی: ئەو مەڕەی خۆشت بدە بە من و، لە قسەکردنیشدا بەسەرمدا زاڵ بوو، {واتە: منی بێ قسە کرد، کە دەبێ ئەو تاکە مەڕەی خۆم بدەم بە و، هی ئەو ببنە سەدو منیش هیچ مەڕێکم نەبێ} [یەکسەر داوود حوکمیدا] بێگومان بەوە کە داوای مەڕەکەتی کردوە بۆ گەڵ مەڕەکانی خۆی، ستەمی لێکردووی و، زۆر لەوانەی کە پێکەوە هاوبەشن، ستەم لە یەکدی دەکەن، مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و، کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن، ئەوانەش کەمن، دوایی داوود بۆی دەرکەوت کە ئێمە تاقییمان کردۆتەوە، بۆیە داوای لێبوردنی لە پەروەردگاری کردو بە ڕکووعدا چوو وگەڕایەوە بۆ لای خوا (یاخود: کڕنووشی بردو بۆ لای خوا گەڕایەوە)، ئێمەش لەوەدا {کە پەلەکردن بوو لە دادوەرییدا} لێمان بورد، بێگومان بۆ وی لە لای ئێمە هەم نزیکیی هەیە، هەم سەرەنجامی گەڕانەوەی چاک هەیە، {دوایی خوا پێی فەرموو:} ئەی داوود! ئێمە تۆمان کردوە بە جێنشین لە زەوییدا، لە نێوان خەڵکدا بە هەق دادوەریی بکە و بە دوای ئارەزوو {عاتیفەو سۆز} مەکەوە، لە ڕێی خوا

لات دەدا، بە دڵنیایی ئەوانەی لە ڕێی خوا لا دەدەن، سزایەکی سەختیان هەیە، بە هۆی ئەوەوە کە ڕۆژی لێپرسینەوەیان فەرامۆش کردوە.

هەڵبەتە ئەو بەسەرهاتە کە خوا لێرەدا بە ڕەمز هێناویەتی، بەڵام لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: [داوود نەوەدو نۆ (٩٩) هاوسەری هەبوون و، تەماعی لە هاوسەری ئۆریا کردوە، کە هاوسەرێکی جوانی هەبووە] شایانی باسیشە ئەو بەسەرهاتەی لە پەیمانی کۆندا هاتوە، کە ئەفسانەیە و لەگەڵ مسوڵمانێکی عادەتییش دا ناگونجێ، چ جای لەگەڵ پایەو مەقامی پێغەمبەرانی پایە بەرزدا! لە زۆربەی تەفسیرەکاندا ئەو بەسەرهاتە ئەفسانەییان کردوە و بە تەفسیری ئەم ئایەتانە! کە ئەم ئایەتانە ئەگەر بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەو حیکایەت و بەسەرهاتە ئەفسانەییەی کە لە پەیمانی کۆندا هاتوە، تەماشایان بکەین زۆر بە ڕوونیی دیارە، مەبەست پێیان چییە؟

دوو کەس دەچن بۆ لای داوود ﵇ کێشەیەکیان هەیە، دەیخەنە ڕوو کە لە سیاقی ئایەتەکان دا بۆمان دەردەکەوێ ئەو دوو کەسە فریشتە بوون، چونکە داوود، پێغەمبەریش بووە و پادشاش بووە، ئنجا ئایا دوو کەس چۆن دەتوانن داوود ئەو هەموو پاسەوانەی هەبن، یەکسەر لە ژوورە تایبەتەکەی خۆی دا کە خوا پەرستیی تێدا کردوە، لێی وەژوور بکەون، ئەویش لە ترسان ڕابچڵەکێ؟ ئنجا ئەوانیش ئەو کێشەیە کە زۆر وروژێنەرە، بیخەنە ڕوو: یەکێکیان دەڵێ: ئەوە برامە نەوەدو نۆ مەڕی هەیە و منیش مەڕێکم هەیە گوتی: مەڕەکەی خۆتم بدەیە و، بەسەریشمدا زاڵ بووە لە قساندا، قەزیەیەکی زۆر وروژێنەریان خستۆتە ڕوو، کە ئەوە تاقیکردنەوەی خوا بووە بۆ داوود، چونکە داوود پادشا بووەو دەبووایە دادوەریش بکات بە هەق، کەچی داوود لێرەدا هەڵچووە و، بێ ئەوەی گوێ لە قسەی داوا لەسەر کراو (مُدّعى علیه)ەکە، بگرێ یەکسەر بەپێی قسەی داواکەر (مُدّعي) حوکمی داوە بەسەر داوا لەسەرکراو (مُدّعى علیه) دا، لە تەفسیرەکان دا دەڵێ: دوایی ئەو دوو فریشتەیە تەماشای یەکدییان کردو

پێکەنین، دوایش خوا دەفەرموێ: (ئەی داوود! ئێمە تۆمان کردوە بە جێنشین لە زەوییدا، کە لە نێوان خەڵکدا بە هەق دادوەریی بکە و، دوای ئارەزوو مەکەوە)، واتە: بە دوای عاتیفەو قسەی وروژێنەر مەکەوە، نەگەرنا لە ڕێی خوا لات دەدات.

مەسەلەکە هەر ئەوەیە کە ئەوانە کێشەیەکیان بۆ داوود خستۆتە ڕوو، زۆر وروژێنەر بووە و، سەرەنجام داوود لەو تاقیکردنەوەی خوای پەروەردگار دەرنەچووە، هەر بۆیەش دوایی داوای لێبوردنی لە خوای لێبوردە کردوەو پەشێمان بۆتەوە،

ئیدی هیچ پەیوەندیی بە نەوەدو نۆ (٩٩) ژن و، تەماع لە ژنی خەڵک کردن و ... هتدەوە نیە.

ئنجا لە ڕاستییدا ئەوە لەگەڵ مسوڵمانێکی سادەو ئاساییشدا، ناگونجێ، چ جای لەگەڵ پایەو مەقامی پێغەمبەراندا (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)، بەڵام بە داخەوە جوولەکەکان زۆر شتی لەوەش ناشیرنتریان داوەتە پاڵ پێغەمبەران، لە پەیمانی کۆندا، بەڵکو لە پەیمانی نوێشدا، کە من لە مەوسووعەی: (**الإسلام كما يتجلى في كتاب الله**) لەو بەرگەدا کە بەرگی شەشەمە و، بۆ باسی پێغەمبەران تەرخانم کردوە، هەروەها لە بەرگی پێنج دا، کە بۆ دیراسەکردنی کتێبەکانی خوا تەرخانم کردوە، لە هەردووک لەو کتێبەکەدا، بە درێژیی لەو بارەوە قسەم کردوە و، ئەو تۆمەتانەی دراونە پاڵ پێغەمبەران، لە پەیمانی کۆن و نوێدا، بەرپەرچمداونەوە.

شەشەم: شتێکی دیکە کە لە بارەی داوودەوە، لە قورئانی بەڕێزدا هاتوە، ئەوەیە کە خوا (زەبوور)ی بە داوود داوە:

١- لە سوورەتی (النساء)، ئایەتی: (٦٣)دا، هاتوە: ﴿وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا ﴿١٦٣﴾﴾.

٢- هەروەها لە سوورەتی (الإسراء)، ئایەتی: (٥٥)دا، هاتوە: ﴿ وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا ﴿٥٥﴾ ﴾.

بەڵام لە پەیمانی کۆن دا لەبارەی کتێبەکەی داوودەوە، ناڵێ زەبوور بەڵکو دەڵێ: (المزامیر)، کە بە پێی پەیمانی کۆن لە ئەو مەزموورانەی بە داوود دراون، سەدو پەنجا (١٥٠) دانە بوون و، لە پەیمانی کۆندا[1]، سیفرێکی تایبەت بە (المزامیر) هەیە، کە لە لاپەڕە: (١١٣٣ تاکو ١٢٧٨)ی بۆ تەرخان کراوە، یانی: ١٢٧٨-١١٣٣=١٤٥، لاپەڕە.

حەوتەم: هەر لە قوڕئاندا لە بارەی داوودەوە، حەوتەمین شت ئەوەیە کە خوا ڕایگەیاندوە سولەیمانی بە داوود داوە، سولەیمان کوڕی داوود بووە، وەک لە سووڕەتی (ص)دا دەفەرموێ:

﴿ وَوَهَبْنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيْمَٰنَ ۚ نِعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿٣٠﴾ ﴾، واتە: سولەیمانمان بە داوود بەخشی، باشترین بەندە بوو، زۆر بۆ لای خوا دەگەڕایەوە.

هەشتەم: ئەوەی کە لە سوننەتدا لە بارەی داوودەوە، هاتوە دەتوانین ئەو دوو فەرموودەیە بێنین:

١- کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **{أَحَبُّ الصَّلاَةِ إِلَى اللهِ صَلاَةُ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلاَمُ، وَأَحَبُّ الصِّيَامِ إِلَى اللهِ صِيَامُ دَاوُدَ، وَكَانَ يَنَامُ نِصْفَ اللَّيْلِ وَيَقُومُ ثُلُثَهُ وَيَنَامُ سُدُسَهُ، وَيَصُومُ يَوْماً، وَيُفْطِرُ يَوْماً } (أخرجه: البخاري: ٣٤٢٠، ومسلم: ١١٩٥، عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ)،**

واتە: خۆشەویسترین نوێژ لە لای خوا، نوێژ کردنی داوود بووە و، خۆشەویسترین ڕۆژوو گرتن لە لای خوا، ڕۆژوو گرتنی داوود بووە، (نوێژکردنەکەی باس دەکات، دەفەرموێ:) نیوەی شەوگار دەخەوت و، یەک لەسەر سێی هەڵدەستا (بۆ شەو نوێژ و خوا پەرستیی و) دواییش یەک لەسەر شەشی شەو کە دەمایەوە، دەخەوت و، ڕۆژێک بەڕۆژوو دەبوو، ڕۆژێکیش بەڕۆژوو نەدەبوو.

---

[1] التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر المزامير، ص١١٣٣ - ١٢٧٨.

٢- {عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ سَمِعَ صَوْتَ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ وَهُوَ يَقْرَأُ، فَقَالَ: لَقَدْ أُوتِيَ أَبُو مُوسَى مِنْ مَزَامِيرِ آلِ دَاوُدَ} (أخرجه أحمد: ٢٥٣٨٢، تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح، أصله في الصحيحين).

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازیبێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ گوێی لە دەنگی ئەبوو مووسای ئەشعەریی بوو، قوڕئانی دەخوێند فەرمووی: ئەبوو مووسا لە ئاوازەکان و دەنگ خۆشیی داوودی پێدراوە.

داوود یەکێ لە موعجیزەکانی ئەوە بووە کە دەنگێکی زۆر زۆر خۆشی هەبووە.

٤)- موعجیزەکانی (داوود):

١- یەکێ لە موعجیزەکانی داوود ئەوە بووە کە چیایەکان و باڵندەکان لەگەڵیدا خوایان عز وجل بە پاک گرتوە، کاتێ داوود تەسبیحاتی کردوە و، ڕازو نیازو موناجاتی لە خزمەت خوادا کردوە، هەم چیایەکان و هەم باڵندەکانیش لەگەڵیان دا گوتۆتەوە.

کە پێشتر لەو بارەوە قسەمان کردو، پێویست ناکات زیاتر لەسەری بدوێین.

٢- موعجیزەیەکی دیکەی ئەوە بووە کە ئاسنی بۆ نەرم بووە، هەروەک خوا دەفەرموێ: ﴿وَأَلَنَّا لَهُ ٱلْحَدِيدَ ١٠﴾سبأ، ئنجا ئەو ئاسن بۆ نەرم بوونە، ئەگەر ئاسن بۆ نەرم بوونی ئاسایی بووایە، وەک چۆن خەڵک ئاسن دەخاتە نێو کوورەوە و بە مووشەدە کوورەکە فوو لێ دەکات، دوایی ئاگرەکەی بەهێز دەبێ و ئاسنەکە نەرم دەکات، ئەگەر وا بووایە، خوا وەک موعجیزەیەک باسی نەدەکرد، بەڵکو بە شێوەیەکی یاسادڕ (خارق العادة)، ئاسن بۆ داوود نەرم بووە و بە کەیفی خۆی شتی لێ دروست کردوە.

٣- موعجیزدیەکی دیکەی ئەوە بووە کە خوا فێری دروستکردنی زرێی کردوە، وەک دەفەرموێ: ﴿وَعَلَّمْنَٰهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ لِتُحْصِنَكُم مِّنۢ بَأْسِكُمْ ۖ فَهَلْ أَنتُمْ

شَٰكِرُونَ ﴿٨٠﴾ ﴾الأنبياء، واتە: فێری دروستکردنی پۆشاکێکمان کرد بۆتان، تاکو لە سەختیی جەنگدا بتانپارێزێ، ئایا ئێوە سوپاسگوزار نابن!

لە سووڕەتی (سبأ)یشدا دەفەرموێ: ﴿ أَنِ ٱعۡمَلۡ سَٰبِغَٰتٖ وَقَدِّرۡ فِي ٱلسَّرۡدِ ﴿١١﴾ ﴾، واتە: تۆ زرێ پۆشەرەکان دروست بکە و، لە ئاڵقەکاندا وردەکاریی بکە بە ئەندازەگیریی، کەواتە: وەک زۆرێک لە زانایان ڕایان وایە، یەکەمین کەسێک زرێی بە ئاڵقەی دروست کردوە (بە ئاڵقەچن) داوود عليه السلام بووە، پێشتر بە جۆرێکی دیکە بووە، پارچە ئاسن بوون و، لێکیان داون، بەڵام ئەوەی داوود بە ئاڵقە بووە و وەک پۆشاکێک کراوەتە بەرو، ئاسانتر جەستە تێیدا جووڵەی کردوە.

٤- موعجیزەیەکی دیکەی داوود بریتی بووە لەوە کە خوای بەخشەر زەبووری پێداوە: ﴿ وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا ﴿٥٥﴾ ﴾الإسراء، زەبووریش، کتێبێک بووە بە داوود دراوە، ئنجا ئایا ئەوەی کە لە پەیمانی کۆن دا ماوە، کە سەدو پەنجا مەزموورە، چەندی ڕاستەو چەندی ڕاست نیە، کە ئەوەی لەوێشدا هاتوە، بە زۆریی ڕازو نیازو موناجاتە لەگەڵ خوادا؟ ئەوەیان لێی دڵنیا نین، چەندی هی زەبوورەکەی داوودە، چەندیش هی ئەو نیە؟

٥- موعجیزەی پێنجەمی بریتی بووە لە دەنگی خۆش، وەک لە فەرمایشتەکەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، ئەو ئایەتانەش کە باسی تەسبیحات کردنی چیایەکان و باڵندەکان دەکەن لە خزمەت داووددا، هەر ئاماژە دەکەن بەوە دەبێ داوود دەنگێکی یەکجار زوڵاڵ و خۆش و بە جۆشی هەبووبێ، کە دەنگێکی نا ئاسایی بووە، بۆیە چیایەکان و باڵندەکان لەگەڵیان گوتۆتەوە.

٥- تەمەن و مردنی (داوود):

سەرەتا ئەوە دێنین: ئەو بەسەرهاتەی ئادەم عليه السلام کە (أحمد والترمذي) لە (إبن عباس)ەوە، هەروەها (أحمد) لە (إبن عباس)ەوەو، (الترمذي) لە (أبو هريرة)ەوە، هەروەها (إبن خزيمة)و (إبن حبان)یش هێناویانە و، (حاكم)یش گوتوویەتی: (صحيح

على شرط مسلم)، ئەویش ئەوەیە کە خوا ﷻ وەچەی ئادەم، پێشانی ئادەم دەدات، ئادەم گەنجێکیان تێدا دەبینێ زۆر جوانە، ئەویش لە خوای پەروەردگار دەپرسێ: ئەوە کێیە؟ دەفەرموێ: داوودە، ئادەم دەپرسێ: چەند ساڵ تەمەنت بۆ داناوە؟ دەفەرموێ: سەد ساڵ، ئادەم، دەڵێ: چل ساڵ لە تەمەنی من بخە سەر تەمەنی وی، بەڵام کاتێ کە فریشتەی مەرگ **(ملك الموت)** دێ، گیانی ئادەم بکێشێ، ئادەم لەو بەڵێنەی پەشێمان دەبێتەوە. کەواتە: دەبێ تەمەنی داوود، سەد (١٠٠) ساڵ بووبێ[1]، بەڵام خاوەن کتێبەکان، دەڵێن: تەمەنی داوود، حەفتاو حەوت (٧٧) ساڵ بووە و ئەو قسەیەی خاوەن کتێبەکانیش لەگەڵ دەقێک دا کە لە ژیانی داوودا هاتوە[2]، ناگونجێ کە دەڵێ:

(وَشَاخَ الْمَلِكُ دَاوُدُ وَطَعَنَ فِي السِّنِّ، فَكَانُوا يُدَثِّرُونَهُ بِالأَغْطِيَةِ فَلاَ يَشْعُرُ بِالدِّفْءِ)، واتە: داوودی پادشا پیر بووو، کەوتە نێو تەمەنەوە، بە پۆشاکان دایان دەپۆشی (بە لێفەو بەتانی)، بەڵام هەستی بە گەرمیی نەدەکرد، واتە: زۆر کەوتبووە تەمەنەوە، ئنجا ئەگەر زۆر کەوتبێتە تەمەنەوە، نابێ تەمەنی حەفتاو حەوت ساڵ، بوو بێ.

دکتۆر **(شوقي أبو خليل)** لە کتێبی **(أطلس القرآن)**دا[3]، دەڵێ: **(توفي (٩٦٣) قبل الميلاد)** واتە: داوود لە ساڵی (٩٦٣) پێش زایین دا، واتە: پێش ئەوەی عیسا لە دایک بوو بێ، کۆچی دوایی کردوە.

ئەمە کورتەی بەسەرهاتی داوود بوو.

---

(١) قصص الأنبياء، لابن كثير، ص٤٣٠.

(٢) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص ٧٠١.

(٣) ص ٨٩.

دووەم: بەسەرهاتی سولەیمان

ژیان و بەسەرهاتی سولەیمانیش لە پێنج (٥) بڕگەدا دەخەینە ڕوو:

١)- ناو و ڕەچەڵەکی:

سولەیمان کوڕی داوودە، وەک لە سووڕەتی (ص)دا، خوای زانا وتوانا دەفەرموێ: ﴿ وَوَهَبْنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيْمَٰنَۚ نِعْمَ ٱلْعَبْدُۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿٣٠﴾ ﴾، واتە: سولەیمانیشمان بە داوود بەخشی، باشترین بەندە بوو، بەڕاستیی زۆر گەڕاوە بوو (بۆ لای خوا) کەواتە: سولەیمان کوڕی داوود بووە، سەلامی خوایان لێبێ، لە پەیمانی کۆنیش دا، ئەوە زۆر بە ڕوونیی باسکراوە.

٢)- ژمارەی دووبارە بوونەوەی ناوی سولەیمان لە قورئاندا:

سولەیمان لە قورئاندا، حەڤدە (١٧) جاران، ناوی هاتوە، جارێک زیاتر لە بابی (داوود) ئەویش بەم شێوەیە و، لە حەوت (٧) سووڕەتاندا ناوی هاتوە:

١- لە سووڕەتی (البقرة)دا، ئایەتی: (١٠٢) دوو جاران ناوی هاتوە.

٢- لە سووڕەتی (النساء)دا، لە ئایەتی: (١٦٣)دا.

٣- لە سووڕەتی (الأنعام)دا، لە ئایەتی:(٨٤)دا.

٤- لە سووڕەتی (الأنبیاء)دا، لە ئایەتەکانی: (٧٨ و ٧٩ و ٨١)دا.

٥- لە سووڕەتی (النمل)دا، لە ئایەتەکانی: (١٥ و ١٦ و ١٧ و ١٨ و ٣٠ و ٣٦ و ٤١)دا.

٦- لە سووڕەتی (سبأ)دا، لە ئایەتی: (١٢)دا.

٧- لە سوورەتی (ص)دا، لە ئایەتەکانی: (٣٠و ٣٤)دا.

هەمووی دەکاتە حەڤدە (١٧) جار.

٣)- کورتەی ژیان و بەسەرهاتی سولەیمان:

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین کە لە پەیمانی کۆندا: **(التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم)**، سیفرێک دیاریکراوە بە ناوی: **(أمثال سُليمان)** کە لە لاپەڕە: (١٢٨٣ تاکو ١٣٤٠)، سی پەندو حیکمەتی گرتۆتە خۆی و، ژیان و بەسەرهاتی سولەیمانیش، بە درێژیی لە پەیمانی کۆندا هاتوە، بەڵام لە قورئاندا، دەتوانین بڵێین: لە پێنج شوێنان دا، زیاتر بەسەرهاتی سولەیمان باسکراوە، بەم شێوەیەی خوارێ:

١- لە سوورەتی (ص)دا، ئایەتەکانی: (٣٠ - ٤٠)، واتە: یازدە ئایەت.

٢- لە سوورەتی (الأنبياء)دا، ئایەتەکانی: (٧٨و ٧٩) و (٨١و ٨٢)، چوار ئایەت.

٣- بەسەرهاتی سەرەکیی سولەیمان لە سوورەتی (النمل)دا، ئایەتەکانی: (١٥ - ٤٤)دا، هاتوە، بیست و نۆ (٢٩) ئایەت، کە ئەوە شوێنی سەرەکیی بەسەرهاتی سولەیمانە.

٤- لە سوورەتی (سبأ)دا، ئایەتەکانی: (١٢و ١٣و ١٤) و، باسی مردنیشی دەکات.

٥- لە سوورەتی (البقرة)دا، لە ئایەتی: (١٠٢)دا، کە باسی جادوو دەکات، لە سەردەمی سولەیماندا و، ئێمە کاتی خۆی ئەو ئایەتەمان تەفسیر کردوە.

ئنجا ئێمە درێژەی تەفسیری ئایەتەکان هەڵدەگرین بۆ شوێنی خۆیان و، ئەو یازدە ئایەتەی سوورەتی (ص)، لێرەدا تەفسیر دەکەین، بەڵام ئایەتەکانی سوورەتی (النمل) و سوورەتی (سبأ) هەڵدەگرین بۆ کاتی تەفسیرکردنی ئەو دوو سوورەتە، بەڵام لە سوورەتی (ص)دا، خوا ﷻ کە باسی بەسەرهاتی سولەیمان دەکات، لەو یازدە ئایەتەدا، تیشکێکی باش دەخەنە سەر بەسەرهاتەکەی، خوا ﷻ دەفەرموێ:

﴿ وَوَهَبْنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيْمَٰنَ ۚ نِعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ (٣٠) إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِٱلْعَشِىِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ
ٱلْجِيَادُ (٣١) فَقَالَ إِنِّىٓ أَحْبَبْتُ حُبَّ ٱلْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّى حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِٱلْحِجَابِ (٣٢) رُدُّوهَا
عَلَىَّ ۖ فَطَفِقَ مَسْحًۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلْأَعْنَاقِ (٣٣) وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَٰنَ وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِۦ جَسَدًا
ثُمَّ أَنَابَ (٣٤) قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِى وَهَبْ لِى مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِى لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِىٓ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ
(٣٥) فَسَخَّرْنَا لَهُ ٱلرِّيحَ تَجْرِى بِأَمْرِهِۦ رُخَآءً حَيْثُ أَصَابَ (٣٦) وَٱلشَّيَٰطِينَ كُلَّ بَنَّآءٍ وَغَوَّاصٍ (٣٧)
وَءَاخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِى ٱلْأَصْفَادِ (٣٨) هَٰذَا عَطَآؤُنَا فَٱمْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ (٣٩) وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا
لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ (٤٠) ﴾.

ئەم یازدە ئایەتە، لە هەموو ئایەتەکانی قورئان زیاتر باسی بەسەرهاتی سولەیمان و ئەو نیعمەتانەی کە خوا پێی داون و، ئەو موعجیزانەی کە پێی داون، دەکەن و، تیشک دەخەنە سەر چەند لایەک لە بەسەرهاتی سولەیمان، ماناکەیان بە کورتیی ئاوایە:

(سولەیمانمان بە داوود دابوو، باشترین بەندە بوو، زۆر بۆ لای خوا دەگەڕایەوە. یاد بکەوە لە کاتێکدا کە دەمەو ئێوارە، ئەسپە چاکەکانی {کە سمێکیان بەرز دەکردەوە و لەسەر سێ سم ڕادەوەستان، کە ئەوانەی شارەزای ئەسپن، دەڵێن: ئەوە جۆرە وڵاخە بەرزەیەکی ڕەسەنە} بەسەردا ڕانوێندران. ئەویش گوتی: من خۆشویستنی خێرو چاکەم هەڵبژارد بەسەر یادی پەروەرگارمدا، تاکو خۆر ئاوا بوو، لە پەردەگیرا {وا پێدەچێ بەهۆی ئەوەوە کە تەماشای ئەسپەکانی کردوە، نوێژەکەی چووبێ} ئەسپەکان بۆ لام بگێڕنەوە، ئنجا دەستی بەلاقیان و بە ملیان دا دەهێنان {داخۆ هیچ نەخۆشییەکیان نیە، هەروا خەریکیان بوو سەرپەرشتیی دەکردن}(١).

---

(١) ئەمە دەگونجێ مەبەست پێی ئەوە بێ کە سولەیمان زۆر مشووری لەو ئەسپانە خواردوە کە بۆ جەنگ و جیهاد بەکاری هێناون و، هەندێکیش دەڵێن: مەبەست ئەوەیە لە سزای ئەوەی نوێژی چووە، بەهۆی تەماشاکردنی ئەسپەکان و مشوور لێ خواردنیانەوە، گوتوویەتی: هەموو ئەو ئەسپانە دەکەمە (صَدَقَة)، ئیدی هەموویانی پەیکردوەو سەری بڕیون، گۆشتی وڵاخە بەرزەش دەخورێ لە شەریعەتی ئێمەش دا.

بەدڵنیایی ئێمە سولەیمانمان تاقیکردەوەو، جەستەیەکمان خستە سەر کورسییەکەی، دوایی گەڕایەوە بۆ لای خوا⁽¹⁾، گوتی: پەروەردگارم! لێم ببوورە و، موڵک و حکومڕانییەکم پێ ببەخشە کە لە دوای من بە کەڵکی کەس نەیەت، [بۆ کەس نەگونجێ] بێگومان هەر تۆی بەخشەر، ئێمەش (با)مان بۆ ملکەچکرد، بە فەرمانی ئەو دەڕۆیی زۆر بە نەرمیی بۆ هەر شوێنێ ویستبای، هەروەها شەیتانەکانیشمان بۆ دەستەمۆو ملکەچکردن، بیناشیان بۆ دروستدەکردو، بۆیشی دەچوونە نێو دەریا [تاکو گەوهەرو مرواریی بۆ دەربێنن]و، هەندێکی دیکەش لە شەیتانەکان لە زنجیرو کەلەپچاندا بوون (پێکەوە کەلەپچەی کردبوون)، ئەوە بەخششی ئێمەیە، ببەخشە لێی، یاخود مەبەخشە، بێ ئەوەی حیسابت لەگەڵدا بکەین⁽²⁾، بە دڵنیایی لە لای ئێمە بۆ وی نیزیکیی و سەرەنجامی چاک هەیە.

ئەمانەش مەدحی گەورە گەوردن بۆ سولەیمان عليه السلام.

شوێنێکی دیکە کە بە پێویستی دەزانم بە خێرایی ئایەتەکان تەفسیر بکەم، کە زۆر تیشک دەخەنە سەر کەسایەتیی سولەیمان عليه السلام و، چۆنیەتی مردنیشی، ئەو سێ ئایەتەی سووڕەتی (سبأ)ن، کە خوا دەفەرموێ:

﴿ وَلِسُلَيْمَٰنَ ٱلرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ ۖ وَأَسَلْنَا لَهُۥ عَيْنَ ٱلْقِطْرِ ۖ وَمِنَ ٱلْجِنِّ مَن يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ رَبِّهِۦ ۖ وَمَن يَزِغْ مِنْهُمْ عَنْ أَمْرِنَا نُذِقْهُ مِنْ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ ﴿١٢﴾ يَعْمَلُونَ لَهُۥ مَا يَشَآءُ مِن مَّحَٰرِيبَ وَتَمَٰثِيلَ وَجِفَانٍ كَٱلْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَٰتٍ ۚ ٱعْمَلُوٓا۟ ءَالَ

---

(١) ئایا ئەو جەستەیە چی بووە و چۆن بووە؟ لەوەشدا دیسان زانایان زۆر قسەیان کردوە، گرنگ ئەوەیە خوا سولەیمانی تاقیکردوەتەوە و بە تاقیکردنەوەیەک، بەڵام سولەیمان دوای ئەو تاقیکردنەوەیە گەڕاوەتەوە بۆ لای خوا، کە دوایی لە تەفسیرکردنی سووڕەتی (ص)دا، درێژەکەی دەخەینە ڕوو.

(٢) زۆرمان پێدابوو، پێویستیی بەوە نەدەکرد ئەوەی دەیبەخشێ بیژمێرێ، یاخود ئەوەی نایبەخشێ بیژمێرێ.

دَاوُۥدَ شُكۡرٗاۚ وَقَلِيلٞ مِّنۡ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ (١٣) فَلَمَّا قَضَيۡنَا عَلَيۡهِ ٱلۡمَوۡتَ مَا دَلَّهُمۡ عَلَىٰ مَوۡتِهِۦٓ إِلَّا دَآبَّةُ ٱلۡأَرۡضِ تَأۡكُلُ مِنسَأَتَهُۥۖ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ ٱلۡجِنُّ أَن لَّوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٱلۡغَيۡبَ مَا لَبِثُواْ فِي ٱلۡعَذَابِ ٱلۡمُهِينِ (١٤) ﴾ سـبأ: ١٤

﴿ وَلِسُلَيۡمَٰنَ ٱلرِّيحَ ﴾، واتـە: (با)مـان بـۆ سـولەیمان دەسـتەمۆو ملکـەچ کردبـوو، ﴿ غُدُوُّهَا شَهۡرٞ وَرَوَاحُهَا شَهۡرٞ ﴾، ڕۆیشـتنی بەیانیانـی مانگـە ڕێیـەک بـوو و، ڕۆیشـتنی ئێوارانیشـی مانگـە ڕێیـەک(١)، ﴿ وَأَسَلۡنَا لَهُۥ عَيۡنَ ٱلۡقِطۡرِ ﴾، ئێمـە کانیـاوی مسیشـمان بـۆ دەرقوڵاندبـوو [بـۆ ئـەوەی شـتی لـێ دروسـت بـکات] ﴿ وَمِنَ ٱلۡجِنِّ مَن يَعۡمَلُ بَيۡنَ يَدَيۡهِ بِإِذۡنِ رَبِّهِۦ ﴾، لـە جندیـش هەبـوون کەسـانێک کـە بـە فەرمانـی پـەروەردگاری لەبـەر دەسـتی دا کاریـان بـۆ دەکـرد، ﴿ وَمَن يَزِغۡ مِنۡهُمۡ عَنۡ أَمۡرِنَا نُذِقۡهُ مِنۡ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ ﴾، هـەر کامێـک لـەوان لـە فەرمانـی ئێمـە لایدابایـە، لـە سـزای کڵپـەداری دۆزەخ، پێـمان دەچێـژت، ﴿ يَعۡمَلُونَ لَهُۥ مَا يَشَآءُ مِن مَّحَٰرِيبَ وَتَمَٰثِيلَ وَجِفَانٖ كَٱلۡجَوَابِ وَقُدُورٖ رَّاسِيَٰتٍ ﴾، هەرچـی ویسـتبای بۆیـان دروسـت دەکـرد، لـە میحڕابـەکان و پەیکەرەکان و مەنجەڵـەکانی وەک حـەوزان و(٢)، ﴿ وَقُدُورٖ رَّاسِيَٰتٍ ﴾، مەنجەڵـە چەسـپاوەکان کـە نەدەگوازرانـەوە، [چێشـتی هـەزاران کەسـیان تێـدا کوڵێـنراوە و زۆر گـەورە بـوون] ﴿ ٱعۡمَلُوٓاْ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكۡرٗاۚ ﴾، ئـەی بنەماڵـەی داوود! سوپاسـگوزاریی ئەنجـام بـدەن، ﴿ وَقَلِيلٞ مِّنۡ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ ﴾، کەمێـک لـە بەندەکانیشـم سوپاسـگوزارن.

﴿ فَلَمَّا قَضَيۡنَا عَلَيۡهِ ٱلۡمَوۡتَ مَا دَلَّهُمۡ عَلَىٰ مَوۡتِهِۦٓ إِلَّا دَآبَّةُ ٱلۡأَرۡضِ تَأۡكُلُ مِنسَأَتَهُۥۖ ﴾، ئنجـا کاتێـک مردنمـان لەسـەر بڕیـاردا، هیـچ شـتێک خەڵکەکـەی لـە مردنی سـولەیمان

---

(١) یانـی: پێـش نیوەڕۆیـان یـەک مانگـە ڕێـی لـە بەیانیـەوە تاکـو نیـوەڕۆ و، ئێوارانیـش لە نیـوەڕۆوە تاکـو ئێوارەش مانگەڕێیەکـی دەبـڕی، واتـە: بـە ڕۆیشـتنی ئاسـایی ئـەو بایـە، واتـە: بـە ڕۆژێـک، ڕێـی دوو مانـگ ڕێ چـوون و هاتنـی دەبـڕی.

(٢) (محاریـب) کـۆی (محـراب)ە، (مِیْحـرَاب) واتـە: ژوور، یاخـود شـوێنێکی تایبـەت بـووە، خواپەرسـتییان تێـدا دەکـرد، (تماثیـل) کـۆی (تِمْثَـالٌ) واتـە: پەیکـەر، (جِفَان)یـش کـۆی (جَفْنَة)یـە، واتـە: قاپێـک وەک مەنجەڵـی گـەورە، بـە قـەدەر حەوزێـک دەبـوون.

ناگادار نەکردەوە مەگەر، خۆرکە، مۆرانە(١)، ﴿ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُۥ ﴾، لە گۆچانەکەی دەداو دەیخوارد(٢)، ﴿ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ ٱلْجِنُّ أَن لَّوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ٱلْغَيْبَ مَا لَبِثُوا۟ فِى ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ ﴿١٤﴾ ﴾سبأ، پاش ئەوە سولەیمان کەوت {چونکە گۆچانەکەی بۆش بوو و شکا} جینن بۆیان دەرکەوت: ئەگەر پەنهانیان زانیبایە، لەو سزا ڕیسواکەرەدا نەدەمانەوە {سۆغرەو بێگارێک کە سولەیمان لەسەری فەڕز کردبوون} چونکە تەنیا هەتا سولەیمان ماوە، مولزەم بوون بەوەی ئەو کارو سۆغرەو بێگارە بکەن، دەبێ چەند ڕۆژێک، یاخود چەند هەفتەیەک دوای ئەوە سولەیمان وەفاتی کردوە، ئنجا پێیان زانیوە،کە گۆچانەکەی سولەیمان خۆرکەو مۆرانە لێی داوەو کەوتوە، ئنجا جند بۆیان دەرکەوتوە کە مردوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو کاتە جند ئیددیعای ئەوەیان کردوە کە پەنهان (غیب) دەزانن و، ئەوەش بەڵگە بووە لەسەر ئەوەی نایزانن و، ئەگەر زانیبایان، دەبووایە زانیبایان سولەیمان وەفاتی کردوە، ئەوەک هەتا نەکەوتبایە، بۆیان دەرنەکەوتبایە.

(با)یەکەی سەلەیمان:

دەربارەی ئەو بایەی کە بۆ سولەیمان ڕام کراوە و پێشتریش باسمان کرد، زانایان زۆر شتیان لەو بارەوە باسکردوە، بەڵام ئەوەی کە لە ڕواڵەتی ئایەتەکان وەردەگیرێ، ئەوەیە کە خوای بەرزمەزن، بای بۆ سولەیمان دەستەمۆو ملکەچ کردوە و، کاتێ ویستبێتی: بە نەرمیی ڕۆیشتوە، وەک ئەو ئایەتە ئاماژەی پێدەکات: ﴿ رُخَآءً حَيْثُ أَصَابَ ﴿٣٦﴾ ﴾ص، (رُخَآءً)، واتە: بە نەرمیی بۆ هەر شوێنێک

---

(١) بە عەرەبیی پێی دەڵێن (أَرَضَة)، ئەوەی لە دارو تەختە دەداو دەیخوات، کلۆری دەکات.

(٢) دوای ئەوەی مۆرانە لە گۆچانەکەی داوەو بۆش بووە، ئەویش کاتێ سولەیمان عليه السلام خۆی داوەتە سەر گۆچانەکەی، ئیدی نەیانزانیوە مردوە، یان نا، پادشا بووە، کەس بە لای دا نەچووە، تاکو کاتێ گۆچانەکەی کە مۆرانە لێی داوەو لە نێوەوە خواردوویەتی و شکاوە و، سولەیمان کەوتوە.

ویستبای، هەروەها کاتێ بە پێویستیی زانیبایە، بایەکە بە توندیی هەڵیدەکرد، وەک دەفەرموێ: ﴿ وَلِسُلَيْمَٰنَ ٱلرِّيحَ عَاصِفَةً... ﴿٨١﴾ ﴾الأنبیاء، بۆ سولەیمان بایەکی بەهێز هەڵیدەکرد.

گرنگ ئەوەیە خوا ﷻ لە سورەتی (سبأ)دا بۆمان دەردەخات، دەفەرموێ: ﴿ غُدُوُّهَا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ ﴾، پێش نیوەڕۆیان مانگەڕێیەکی دەبڕی و، دوای نیوەڕۆیانیش مانگەڕێیەکی دەبڕی، ئنجا ئایا ئەو بایە چۆن چۆنی سولەیمان لێی بەهرەمەند بووە؟

هەندێک دەڵێن: کەشتییەکانی لە دەریادا بۆ پاڵداون و، هەندێک گوتوویانە: ئەو (با)یە بە دڵی ئەو، هەڵیکردوە.

بەڵام زۆربەیان دەڵێن: سولەیمان ﷺ تەختێک یان فەرشێکی گەورەی هەبووە، خۆی و ئەو سوپایەی بە پێویستیی زانیوە بچێ بۆ فڵان شوێن، هەمووی چۆتە سەر ئەو فەرشە یان سەر ئەو تەختە و، با هەڵیگرتوەو بردوویەتی، بەرەو ئەو شوێنەی کە بۆی دەچێ، وەک ئایەتەکە دەفەرموێ: کە پێش نیوەڕۆیەک، ڕێی مانگەڕێیەکی بۆ بڕیوە و، دوای نیوەڕۆیەکیش ڕێی مانگەڕێیەک، واتە: بە ڕۆژێک ڕێی دوو مانگەڕێی بڕیون، پێش نیوەڕۆیان مانگێک و دوای نیوەڕۆیان مانگێک، لەو بارەوە لە زۆربەی تەفسیرەکاندا ئەوە هاتوە، بۆ نموونە: لە تەفسیری (المنیر) دا، دەڵێ: **(رُوِي أن كان له بساط من خشب، يوضع عليه كُلُّ ما يحتاجه من أمور المملكة، كالخيل والجمال والخيام والجند، ثم يأمر الريح أن تحمله، فتدخل تحته، ثم تحلمه و ترفعه، وتسير به وتُظِلُّه الطيرُ، لِتَقِيَهُ الحرَّ إلى حيث يشاء من الأرض)**[1].

واتە: گێڕدراوەتەوە کە ڕاخراوێکی هەبووە لە تەختە، هەرچی کە پێویستی پێبووە لە کاروباری حوکمڕانیی خۆی، لە ئەسپ و وڵاخەبەرزەو حوشترو چادرو سەرباز، ئەوانە هەموویان لەسەر ئەو تەختە دانراون، دوایی فەرمانی کردوە بە

---

[1] التفسیر المنیر: ج١٧، ص١١٠.

با، (با)ش چووەتە ژێری و هەڵیگرتوە، دوایی بەرزی کردۆتەوەو ڕۆیاندوویەتی و، باڵندەش سێبەریان لێکردوە بۆ ئەوەی لە تینی گەرما بیپارێزن و، بەرەو هەر شوێنێک لەسەر زەمین ویستوویەتی، ڕۆیشتوە.

لە پەیمانی کۆندا باسی ئەوە نەکراوە، بەڵام خوای پەروەردگار لە قورئانی بەپێزدا فەرموویەتی و، گەلێ شتی دیکەش، خوا لە قورئاندا فەرموونی، لە پەیمانی کۆندا نەهاتوون، گەلێ شتیش خوا نەیفەرموە و، لە پەیمانی کۆندا هاتوە، ئنجا ئێمەش دڵنیاین کە قورئان وشەیەکی لێ کەم و زیاد نەکراوەو کتێبەکانی دیکەش گۆڕراون و دەستکاریی کراون.

ماوەی حوکمڕانیی و سەرەنجامی سولەیمان لە پەیمانی کۆن دا :

شایانی باسە لە پەیمانی کۆن دا باسکراوە: ماوەی حوکمڕانیی سولەیمان، چل (٤٠) ساڵ بووە، کە باسی ژیان و بەسەرهاتی سولەیمان دەکات و سی (٣٠) لاپەڕی بۆ تەرخان کراوە، ئنجا هەر لەوێش دا هاتوە کە سولەیمان عليه السلام کاتێ مردوە، لەسەر کوفرو شیرک مردوە و پەروەردگاری لێی تووڕە بووە، با خودی عیبارەتەکە بخوێنمەوە کە لە لاپەڕە (٧٣٣) هاتوە، دەڵێ: **(وعيدُ الربِّ لسليمان)** {هەڕەشەی پەروەردگار لە سولەیمان}: **(فغضب الربُّ على سليمان، لأن قَلْبَهُ ضَلَّ عنه، مع أنه تجلَّى له مرتين ونهاه عن الغواية وآلهة أخرى، فلم يُطِعْ وصيَّته، لهذا قال الله لسليمان: بأنك انحرفت عنّي ونكثت عهدي ولم تُطِعْ فرائضي التي أوصيتك بها، فإني حتماً أُمزِّق أوصال مملكتك و أُعطيها لأَحَدِ عَبيدك)**(١).

واتە: پەروەردگار لە سولەیمان تووڕە بوو، چونکە دڵی لە خوا لایدا، لەگەڵ ئەوەشدا پەروەردگاری دوو جار خۆی بۆ دەرخست (خۆی پیشاندا)و ڕێگریی لێکرد لە سەرگەردانیی، کە بە دوای پەرستراوانی دیکە بکەوێ، بەڵام وەسیەتی

---

(١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، ص٧٠٤ - ٧٣٤.

پەروەردگاری جێبەجێ نەکرد، بۆیە خوا بە سولەیمانی فەرمووو: چونکە تۆ لە من لاتداو پەیمانی منت شکاندو، ئەو ئەرکانەی لەسەرم پێویست کردبووی، جێبەجێت نەکردن {ئەوانەی کە ڕام سپاردبووی جێبەجێیان بکەی} ئەوە بە دڵنیایی من حوکمڕانییەکەت بەش بەش دەکەم (پارچە پارچە دەکەم) و دەی دەم بە یەکێک لە کۆیلەکانت {بەڵام لەبەر ڕێزو حورمەتیی داوودی بابت، هەتا خۆت لە ژیان دابی، حوکمڕانییەکەت لێوەرناگرمەوەو بەش بەشی ناکەم}.

کە ئێمە دڵنیاین ئەوە یەکێکە لەو ئەفسانەو درۆو دەلەسانەی، کە جوولەکەکان بۆ پێغەمبەرانیان هەڵبەستوون، ئەگەرنا پێشتر زانیمان خوای کاربەجێ چۆن مەدحی سولەیمان ﵇ دەکات.

٤- موعجیزەکانی سولەیمان:

دەتوانین بەمجۆرە موعجیزەکانی سەرژمێر بکەین:

١- (با) بۆی ڕام و ملکەچ و دەستەمۆ کراوە.

٢- جند و شەیتانەکانی بۆ ڕام و دەستەمۆ کراون.

٣- قسەی کردوە لەگەڵ مێروولەدا کە زیندەوەرێکە و، لەگەڵ پەپوولە سلێمانە (هدهد) دا کە باڵندەیەکە.

٤- بارەگای شاژنی (سبأ) کە هەندێکیان بە بەڵقیس ناویان هێناوە، لە چاوترووکانێک دا لە یەمەنەوە گوازراوەتەوە بۆ شام، وەک لە سووڕەتی (النمل)دا، بە ڕوونیی هاتوە، کە لە کاتی خۆیدا تەفسیری دەکەین، بەڵام لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: شاژنی (سبأ) بۆ خۆی سەردانی سولەیمانی کردوە و، باسی ئەوە ناکات کە عەرش و بارەگایەکەی لە چاوترووکانێکدا بۆ گوازرابێتەوە(١).

---

(١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، ص ٧٢٨ - ٧٢٩.

٥- کۆشکێکی لە قەواریر واتە: لە شووشە بەند، یان لە مەڕمەڕی وەک شوشە، دروستکردوە، تاکو ئەو شاژنە بچێتە نێوی و، بزانێ کە ئەو تواناو دەستەڵاتەی بە سولەیمان دراوە، هی خوایە و موعجیزەیە و، دان بە پێغەمبەرایەتیی سولەیماندا بێنێ.

٦- موعجیزەیەکی دیکەی ئەوەیە: کە لە دادوەریی کردن دا - وەک لە سوورەتی: (الأنبیاء)دا هاتوە و لە فەرمایشتی پێغەمبەری خواش دا ﷺ هێنامان - جاری وا هەبووە سولەیمان باشتر پێکاویەتی لە بابی.

٥- تەمەن و مردنی سولەیمان:

لە (أطلس القرآن)دا[1] دەڵێ: سولەیمان ﵇ ، لە (بیت المقدس) لە ساڵی (٩٢٣) ی پێش زاییندا وەفاتی کردو، هەر لەوێش بە خاک سپێردرا، بەڵام لە (الزهري) یەوە هاتوە وەک لە (قصص الأنبیاء)ی (إبن كثير)دا هاتوە[2]، کە سولەیمان پەنجاو دوو (٥٢) ساڵ ژیاوە و، چل ساڵ حوکمڕانیی کردوە، لە پەیمانی کۆنیشدا دەڵێ: چل (٤٠) ساڵ حوکمڕانیی کردوە.

ئنجا ئەوە کە جند تەنیا بۆ سولەیمان ملکەچ و دەستەمۆ کراون، ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دەلالەتی لەسەر دەکات و، دەیکەین بە کۆتایی بەسەرهاتی سولەیمانیش، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ عِفْرِيتًا مِنَ الجِنِّ تَفَلَّتَ عَلَيَّ البَارِحَةَ لِيَقْطَعَ عَلَيَّ الصَّلاَةَ، فَأَمْكَنَنِي اللَّهُ مِنْهُ فَذَعَتُّهُ، وَأَرَدْتُ أَنْ أَرْبِطَهُ إِلَى جَنْبِ سَارِيَةٍ مِنْ سَوَارِي المَسْجِدِ حَتَّى تُصْبِحُوا، فَتَنْظُرُوا إِلَيْهِ كُلُّكُمْ أَجْمَعُونَ، قَالَ: فَذَكَرْتُ دَعْوَةَ أَخِي سُلَيْمَانَ: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِي لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِيٓ ﴾، فَرَدَدْتُهُ خَاسِئًا} (أخرجه أحمد: ٧٩٥٦، والبخاري: ٣٢٤١، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ). واتە: دوێنێ شەو عیفریتێک لە جند لێم یاخیی بوو (لێم بەلەسە

---

(١) ص ٩٣.

(٢) قصص الأنبیاء، ص ٤٤٩.

بوو)، ویستی نوێژەکەم لێ ببڕێ، بەڵام خوا منی بەسەر ئەودا زاڵ کردو، گرتم و ویستم بە کۆڵەکەیەک لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەوە بیبەستمەوە، تاکو بەیانیی هەمووتان تەماشای بکەن، بەڵام دوایی پاڕانەوەی سولەیمانی برام هاتەوە بیر [پەروەردگارم! لێم ببوورە و موڵکێکم پێ ببەخشە کە لە دوای من بۆ کەس نەبێ]، بۆیە بەرم هەڵدا و، بە ڕیسوایی وازم لێهێنا.

کەواتە: بەپێی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ و ئایەتەکەش جند، تەنیا بۆ سولەیمان ملکەچ و دەستەمۆ کراون.

سێیەم: بەسەرهاتی ئەیووب عليه السلام

بەسەرهاتی ئەیووب لە سێ بڕگەدا دەتوێژینەوە:

١)- ناوو ڕەچەڵەکی:

ناوی هەر بە ئەیووب هاتوە لە قورئاندا، هەروەها لە پەیمانی کۆنیشدا (سفر أیوب) هاتوە، واتە: لەوێشدا هەر بە ئەیووب ناوی هاتوە، لە سیفرێکی تایبەت دا، کە سیفر لە جێی کتێبە، یانی: کتێبێکی تایبەت لە کتێبەکانی پەیمانی کۆن، لە بارەی ئەیووبەوەیە.

٢)- ژمارەی ناوهێندرانی لە قورئاندا:

ئەیووب چوار (٤) جار ناوی لە قورئان دا هاتوە:

١- لە سوورەتی (النساء)، ئایەتی: (١٨٦)دا.

٢- لە سوورەتی (الأنعام)، ئایەتی: (٨٤)دا.

٣- لە سوورەتی (الأنبیاء)، ئایەتی: (٨٣)دا.

٤- لە سوورەتی (ص)، ئایەتی: (٤١)دا.

٣)- ژیان و بەسەرهاتی ئەیووب:

سەرەتا ئاماژە دەکەم بەوەی کە لە پەیمانی کۆندا هاتوە لە ژێر ناوونیشانی: (سیرة أیوب)(١)دا، هاتوە:

---

(١) التفسیر التطبیقي للکتاب المقدس، العهد القدیم، سفر أیوب، ص ١٠٧٧.

دەڵێ: **(عَاشَ فِي أَرْضِ عَوْصٍ رَجُلٌ اسْمُهُ أَيُّوبُ، كَانَ صَالِحاً كَامِلاً يَتَّقِي اللهَ، وَيَحِيدُ عَنِ الشَّرِّ، وَأَنْجَبَ أَيُّوبُ سَبْعَةَ أَبْنَاءٍ وَثَلاثَ بَنَاتٍ، وَبَلَغَتْ مَوَاشِيهِ سَبْعَةَ آلافٍ مِنَ الْغَنَمِ، وَثَلاثَةَ آلافِ جَمَلٍ، وَخَمْسَ مِئَةِ زَوْجٍ مِنَ الْبَقَرِ، وَخَمْسَ مِئَةِ أَتَانٍ، ...)**، واتە: لەسەر زەمینی عەوص پیاوێک دەژیا ناوی ئەییووب بوو، پیاوێکی پەسندو تێرو تەواو بوو، پارێزی لە خوا دەکردو، خۆی لە خراپە لادەدا و، ئەییووب حەوت کوڕو سێ کچی پەیدا بوون و، ئاژەڵەکانی لە مەڕ، حەوت هەزار (٧٠٠٠) سەر مەڕی هەبوو، {دەبێ مەڕو بزن بووبن} و سێ هەزار (٣٠٠٠) سەر حوشتری هەبوون و، پێنج سەد (٥٠٠) لە ڕەشە وڵاخی هەبوو {پێنج سەد جووت، واتە: گا و مانگا} و پێنج سەد (٥٠٠) ماکەریشی هەبوون، {ئەو کاتە بەکاریان هێناون بۆ زاووزێ}.

ئنجا لە کۆتایی باسی و ژیانی و تەمەنەکەیدا دەڵێ:

(وَعَاشَ أَيُّوبُ بَعْدَ تَجْرِبَتِهِ مِئَةً وَأَرْبَعِينَ سَنَةً، وَاكْتَحَلَتْ عَيْنَاهُ بِرُؤْيَةِ أَبْنَائِهِ وَأَحْفَادِهِ إِلَى الْجِيلِ الرَّابِعِ، ثُمَّ مَاتَ أَيُّوبُ شَيْخاً، وَقَدْ شَبِعَ مِنَ الأَيَّامِ)، دەڵێ: ئەییووب لە دوای ئەزموونەکەی {واتە: دوای تاقیکرانەوەکەی بە نەخۆشیی، کە دوایی باسی دەکەین} سەدو چل (١٤٠) ساڵ ژیا و چاوی ڕۆشن بوون بە بینینی کوڕەکانی و نەوەکانی، تاکو وەچەی چوارەم، {کوڕی، کوڕی، کوڕی، کوڕی} دوایی ئەییووب بە پیریی وەفاتی کرد، لە کاتێکدا کە تێر بووبوو لە تەمەن.

ئنجا ئەگەر سەدو چل (١٤٠) ساڵ لە دوای نەخۆشییەکەی ژیانی گوزەراندبێ، پێش نەخۆشییەکەشی چل پەنجا (٤٠ - ٥٠) ساڵێک هەر بووە، ئەگەر زیاتریش نەبووبێ، مانا وایە دەوری دوو سەد (٢٠٠) ساڵ یان زیاتر ژیاوە!! ئنجا پێویستە ئەوەش باسکەین کە سیفری ئەییووب چل و دوو (٤٢) ئیصحاحە و، ئیصحاح لە شوێنی سوورەتە.

ئەو چل و دوو (٤٢) ئیصحاحە، لە لاپەڕە (١٠٧٧ تاکو ١١٢٨) لە **(التفسير التطبيقي للكتاب المقدس)**، دەگرێتەوە، ئەمە گوشراوی ئەوە بوو کە لە سیفری ئەییووبدا هاتووە، لە پەیمانی کۆندا.

بەڵام ئەوەی لە سەرچاوە مێژوویەکاندا باسکراوە، لەبارەی ئەییووبەوە حەوت (٧) رای جۆراوجۆرن:

١- هەندێک گوتوویانە: ئەییووب هاوچەرخ بووە لەگەڵ مووسادا.

٢- هەندێک دەڵێن: هاوچەرخ بووە لەگەڵ دادوەران (قضاة)دا، چەند جیلێک دوای مووسا بوون، ئەوانەی کە حوکمیان کردوە بەسەر بەنی ئیسرائیل دا و، پێیان گوتراوە: (القُضَاة).

٣- هەندێک گوتوویانە: هاوچەرخ بووە لەگەڵ ئەردەشیر، کە پادشای ئێران بووە.

٤- هەندێک گوتوویانە: هاوچەرخ بووە لەگەڵ یەعقووبدا عليه السلام بابی یوسوف.

٥- هەندێک گوتوویانە: هاوچەرخ بووە لەگەڵ سولەیماندا.

٦- هەندێک گوتوویانە: لەگەڵ بوختەننەصرِدا، هاوچەرخ بووە.

٧- هەندێکیش گوتوویانە: پێش ئیبراهیم عليه السلام ژیاوە.

کەواتە: حەوت را لە بارەی کاتی ژیانی ئەییووبەوە هەن، بەڵام لە قورئاندا هیچ کام لەوانە دیاریی نەکراون و، بەڵگەیەکی واشیان لەسەر نیە.

بەسەرهاتی ئەییووب لە قورئان دا:

ئەگەر بمانەوێ بەسەرهاتی ئەییووب لە قورئاندا تەماشا بکەین، دەبێ سەرەتا تەماشای هەردووک ئایەتی (٨٣ و ٨٤) بکەین لە (الأنبیاء)دا، کە ئێمە پێشتر توێژیمانەوە و خوا ﷻ ئاوا باس دەکات: ﴿ وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ٨٣ ﴾، واتە: یادی ئەییووب بکەوە، یاخود: ئەییووبیشمان تاقی کردەوە یان: ئەگەر ئەمە بگێڕدرێتەوە بۆ سەر ئەوەی لە بارەی لووطەوە، خوا فەرمووی: ﴿ وَلُوطًا ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ٧٤ ﴾، یانی: (وَأَيُّوبَ آتَيْنَاهُ حُكْمًا

وَعِلْمَاً)، هەر سێ نەگەرەکەی هەن، وەک هەموو جارێ باسمان کردوە: یادی ئەییووب بکەوە، یان: ئەییووبیش حیکمەت و زانستمان پێدابوو، یاخود: ئەییووبیشمان تاقیکردەوە، ﴿إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ﴾، کاتێک کە بانگی پەروەردگاری کرد، ﴿أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾، بانگ کردنەکەی ئەوە بوو گوتی: من ئازارو نەخۆشییم تووش بووە، تۆش بەبەزەییترینی بەبەزەییانی، ﴿فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَكَشَفْنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرٍّ ﴿٨٤﴾﴾، ئێمەش وەڵامان دایەوە و بە دەنگیەوە چووین و، ئەو ئازارو ناڕەحەتییەی هەیبوو، لێمان لابرد، ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ﴾، خاو خێزانەکەیمان پێدا و وێنەی خۆشیان لەگەڵیاندا، ﴿رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا﴾، ئەوە بەزەییەک بوو لە لایەن ئێمەوە، ﴿وَذِكْرَىٰ لِلْعَٰبِدِينَ﴾، پەندو ئامۆژگارییش بوو، بیرخستنەوەش بوو بۆ خواپەرستان، کە خوا بەسەریان دەکاتەوە و تاقییان دەکاتەوە، بەڵام دەربازیشیان دەکات و بە دەنگیشیانەوە دێ.

لە سووڕەتی (ص)دا، هەر هەمان مەبەست لە چوار ئایەتدا هاتوە، کە خوا ﷻ تۆزێک درێژتر لەوەی سووڕەتی (الأنبیاء)، باس دەکات و دەفەرموێ:

﴿وَٱذْكُرْ عَبْدَنَآ أَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلشَّيْطَٰنُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ ﴿٤١﴾ ٱرْكُضْ بِرِجْلِكَ ۖ هَٰذَا مُغْتَسَلٌۢ بَارِدٌ وَشَرَابٌ ﴿٤٢﴾ وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنَّا وَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِي ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٤٣﴾ وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَٱضْرِب بِّهِۦ وَلَا تَحْنَثْ ۗ إِنَّا وَجَدْنَٰهُ صَابِرًا ۚ نِّعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿٤٤﴾﴾ ص

واتە: یادی بەندەکەمان ئەییووب بکەوە، کاتێک بانگی پەروەردگاری کرد: من شەیتان تووشی ماندوێتیی و ئازاری کردووم [پێمان گوت:] ﴿ٱرْكُضْ بِرِجْلِكَ ﴿٤٢﴾﴾، پێ بە زەویدا بدە.

(رَكْض)، بە مانای ڕاکردن دێت، بەڵام لێرەدا یانی: (اضْرِبْ الأرْضَ بالقَدَمِ أو بالرِّجل)، پێ بە زەویدا بکوتە، ﴿هَٰذَا مُغْتَسَلٌۢ بَارِدٌ وَشَرَابٌ﴾، ئنجا یەکسەر کە پێت بە زەوی دادا، وەک موعجیزەیەک بۆ ئەییووب ﵇ کانییەک دەردەقوڵێ،

(هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ)، ئەمە خۆشۆرگەیە، ئەو شوێنەی خۆی لێ دەشۆردرێ، (بَارِدٞ وَشَرَابٞ)، هەم ساردەو، هەم بۆ خواردنەوەشە، واتە: خۆتی پێ بشۆ، سارده و لێشی بخۆوە تاکو ئەو دەردو عیلەتەی لە هەناوتدایە، بە هۆی خواردنەوەیەکەیەوە بڕوا و، ئەو دەردو نەخۆشییەی لە پێستیشتدا هەیە، لەسەر جەستەشت، هەیە ئەویش بڕوا، واتە: بۆ ئەوەی کە دەروون و ڕواڵەتت، دەرو دەروونت، یانی: دیوی پەنهان و دیوی ئاشکرات، پاک بێتەوە لە نەخۆشیی.

﴿وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنَّا (٤٣)﴾، واتە: نیزیکەکانی[1]، خاوو خێزانەکەیمان پێدا، (وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ)، هەروەها هێندەی خۆشیان لەگەڵیاندا، وەک پێشتر باسمان کرد، هاوسەرەکەی بە پێی ئەوەی کە ئایەتەکەش ئاماژەی پێ دەدا، دەبێ هەر مابێت، بەڵام ئایا کوڕو کچەکانی:

أ- خوا بۆی زیندوو کردوونەوە؟ ئەوە ڕایەکە و من ئەوە بە دوور دەزانم.

ب- یاخود: ئەگەر پێشێ - وەک لە پەیمانی کۆن دا هاتوە - حەوت کوڕو سێ کچی بوون، ئنجا خوا ﷻ هەر لەو خێزانەی، یاخود لە خێزانێکی دیکەی کە هێناویەتی، چواردە کوڕو شەش کچی پێداون، واتە: دوو هێندەی ئەو کوڕو کچانەی کە بوونی و مردوون؟! ئەم ڕایەم زیاتر پێ پەسندە.

ئنجا خوای پەروەردگار لێرەدا باسی ماڵ و سامان ناکات، بەڵام لە پەیمانی کۆندا باسی ماڵ و سامانەکەشی دەکات، کە پێشێ لە دەستی چووە، خوای بەخشەر بۆی قەرەبوو کردۆتەوە، ﴿رَحۡمَةٗ مِّنَّا﴾، ئەوە بەزەییەک بووە لە لایەن ئێمەوە، کە ئەوەمان لەگەڵ کرد، ﴿وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾، بیرخەرەوەش بوو، پەندو ئامۆژگارییش بوو بۆ خاوەن عەقڵان.

---

[1] (أهل) یانی: نیزیکانی کەسێک، کە لە ماڵدا لەگەڵی کۆدەبنەوە، هاوسەر دەگرێتەوە، کوڕان دەگرێتەوە، کچان دەگرێتەوە، نەوە دەگرێتەوە، هەموو ئەوانەی لەگەڵ مرۆڤدا دەژین لە ماڵێکدا، دەیانگرێتەوە.

﴿ وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَٱضْرِب بِّهِۦ وَلَا تَحْنَثْ (٤٤) ﴾، (هەروەها پێمان فەرموو:) بە دەستی خۆشت چەپکێک(١) بگرە و (فَٱضْرِب بِّهِۦ)، پێی لێ بدە، (وَلَا تَحْنَثْ)، با سوێندەکەت لێ نەکەوێ، (حَنْث)، واتە: سوێند لێ کەوتن، ئەوە کە سوێند لە شتێک بخۆی و، سوێندەکە جێبەجێ نەکەی، ﴿ إِنَّا وَجَدْنَٰهُ صَابِرًا ﴾، ئێمە ئەومان بە خۆڕاگر بینی، خۆڕاگرمان لێ هەڵکەوت، خۆڕاگر هاتە بەرچاومان، ﴿ نِّعْمَ ٱلْعَبْدُ ﴾، ئەو باشترین بەندە بوو، ﴿ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴾، زۆر بۆ لای پەروەردگاری دەگەڕایەوە و لێی دەپاڕایەوە، دانی بە کەم و کوڕیی خۆیدا دەهێنا.

لێرەدا خوا ﷻ بە وردیی باس ناکات کە بۆچی و لەبەرچی دەفەرموێ: چەپکێک بە دەستەوە بگرە و ئنجا پێی لێ بدە، لە کێ بدات؟ دیاریی نەکردوە، بەڵام لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتوە، کە دەبێ ڕۆژێک لە هاوسەری تووڕە بووبێ و سوێندی لێ خواردبێ کە سەد قەمچیی لێ بدات، یان سەد داری لێ بدات، وەک سزادانێک، خوای میهرەبانیش وەک وەفادارییەکی خێزانی بۆ وی و، وەک ئەوەش کە ئەیووب سوێندەکەشی لێ نەکەوێ، خوا ﷻ ئەوەی بۆ کردوە کە لە جیاتی ئەو سەد قەمچییە، سەد چڵە گیا بە دەستەوە بگرەو پێی لە خێزانت بدە، کە سوێندەکەشت لێ ناکەوێ و ئەویش ئازاری پێ ناگات، چونکە خزمەتی زۆری تۆی کردوە، هەڵبەتە دوایی وردتر ئەوە باس دەکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە قورئاندا، لەو دوو شوێنەدا باسی ئەیووب کراوە و، چوار جاریش ناوی هاتوە، چوار جارەکان باسمان کردن، دووانیان لە سووڕەتی (الأنبیاء) و (ص)دا ن و، دووانیشیان بەس ناوهێندرانن، لە سووڕەتی (النساء) و (الأنعام)دا.

---

(١) ضغث: چەپک لە گژوگیا، یان پووش و پەڵاش.

پێویستە لە ژیان و بەسەرهاتی ئەیووب دا چەند شتێک باسبکەین:

أ)- نەخۆشییەکەی ئەیووب عليه السلام:

لە کتێبە مێژووییەکاندا زۆر باسی نەخۆشییەکەی ئەیووب کراوە و پێشتریش ئاماژەمان پێدا، بەڵام لە قورئاندا دیاریی نەکراوە چ نەخۆشییەکی هەبووە، کەواتە: ئەوەی کە لە سەرچاوە مێژوویەکاندا هەیە و، زانایانی ئیسلام نووسیویانە و، لە پەیمانی کۆندا لە ژێر چەند ناوونیشانێک دا باسی نەخۆشییەکەی ئەیووب دەکات، بۆ وێنە:

لە ژێر ناوونیشانی: (**الإذنُ للشيطانِ بتَجْرُبَة أيوب**)[1]، مۆڵەت درانی شەیتان تاکو ئەیووب تاقی بکاتەوە، دەڵێ: شەیتان داوای مۆڵەتی لە خوا کرد: ڕێگای بدات ئەیووب توشی نەخۆشیی و ئازار بکات.

هەروەها هەر لە پەیمانی کۆن دا لە لاپەڕە (١٠٧٩)دا لە ژێر ناوونیشانی: (**هلاكُ أبناءِ أيوب ودَمارُ مَمْلَكَتهِ**) [مردنی کوڕەکانی ئەیووب و نەمانی دەسەڵات و موڵک و سامانەکەی]دا، هەروەها لە لاپەڕە (١٠٨١)دا لە ژێر ناوونیشانی: (**أيوب يُصابُ بالقروح**)، [ئەیووب تووشی برین و نەخۆشیی پێست دێ]لەوێدا زۆر بە بێ ڕەزایی هەندێ شت باس دەکات، کە لەگەڵ پێگە و مەقامی بەرزی پێغەمبەران دا، ناگونجێ، تووشی نەخۆشیی ئاوا بێن، کە خەڵک بێزی لێیان ببێتەوە و قێزەون بن و لەبەر چاوی خەڵک بکەون، بەڵام لە پەیمانی کۆندا ئەو شتانە باسکراون، کەواتە: ئەوەی زانایانی ئیسلام لە کتێبەکانیاندا هێناویانە، لە پەیمانی کۆنەوە هاتوون، پەیمانی کۆنیش هەموو شتی تێدا هەیە، شتی تێدایە کە لەگەڵ عەقڵ و مەنتیق و لەگەڵ قورئانیشدا دەگونجێ و، تێشیدا هەیە، کە لەگەڵ عەقڵ و مەنتیق و لەگەڵ قورئان و زانستیشدا ناگونجێ.

بەڵام ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ بە گشتیی فەرموویەتی: {**أَشَدُّ النَّاسِ بَلَاءً الْأَنْبِيَاءُ وَالصَّالِحُونَ الْأَمْثَلُ فَالْأَمْثَلُ**}، (**أخرجه الطيالسي: ٢١٥، وأحمد:١٤٨١، وعبد**

---

[1] (١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، ص ١٠٧٨.

بـن حمیـد: ١٤٦، والدارمـي: ٢٧٨٣، والترمـذي: ٢٣٩٨، وقـال: حسـن صحیـح، وابـن ماجـه: ١٣٣٤)، واتـە: سـەختترین تاقیکرانـەوەی خەڵـک بەسـەر پێغەمبەرانـدا دێ، (واتـە: پێغەمبـەران لـە هەمـوو خەڵکـی تاقیکردنەوەیـان سـەخترە)، دوایـی چـاکان، دوایـی وێچـوو بـە وێچـوو، واتـە: تاکـو زیاتـر کەسـانێ بـە پێغەمبـەران بچـن و شـێوەی ئـەوان بکـەن، بـە ڕێـی ئەوانـدا بـڕۆن، تاقیکردنەوەکەشیان قورسـتر دەبێـت.

ب)- چاکبوونەوەی ئەیووب ﷺ:

{بَيْنَـمَا أَيُّـوبُ يَغْتَسِـلُ عُرْيَانًـا، خَـرَّ عَلَيْـهِ جَـرَادٌ مِـنْ ذَهَـبٍ، فَجَعَـلَ أَيُّـوبُ يَحْتَثِـي فِي ثَوْبِـهِ، قَـالَ: فَنَـادَاهُ رَبُّـهُ، يَـا أَيُّـوبُ: أَلَـمْ أَكُـنْ أَغْنَيْتُـكَ عَـمَّا تَـرَى؟ قَـالَ: بَـلَى يَـا رَبِّ، وَلَكِـنْ لا غِنَـى بِي عَـنْ بَرَكَتِـكَ} (أخرجـه أحمـد: ٨١٤٤، والبخـاري: ٢٧٥، والنسـائي: ٤٠٩، الطیالسـي: ٢٤٥٥، وابـن حبـان: ٦٢٢٩).

واتـە: لـە کاتێکـدا ئەیـووب ڕووت بـوو، خۆی دەشـۆرد {لە کانیی و سـەرچاوەیەک، وا پێدەچـێ ئـەو کانیـی و سـەرچاوەیە بووبـێ کـە خـوا بـۆی دەرقوڵانـدوە} ڕیـزە کوللەیەکـی زێـڕ بەسـەریدا باریـن {واتـە: لـە شـێوەی کوللـەدا بـوون، بەسـەریدا باریـن و هەموویـان زێـڕ بـوون} ئەیـووب لـە کۆشـی خـۆی کـردن {(یَحْثِي)، یانـی: خسـتنیە کۆشـیەوە، گیرفـانی، یـان: دامێنـی کراسـەکەی} پـەروەردگاری عـز وجـل بانگـی کـرد: ئـەی ئەیـووب! ئایا لـەوەی کـە دەیبینـی، تـۆم بێنیـاز نەکـردوە؟ گوتـی: بـا ئـەی پـەروەردگارم، بـەڵام مـن هیـچ کات لـە پێـز و بەرەکەتـی تـۆ بێنیـاز نیـم! یـانی: ئـەوەش بەرەکەتـی تۆیـە، بۆیـە وا سـوورم لەسـەر کۆکردنـەوەی و، هەرچـی زیاتـر لـێ بەرهرەمەنـد بوونـی.

ج)- بۆچی ئەیووب سوێندی لە ژنەکەی خوارد:

(**ابـن کثـیر**) لـە (**قصـص الأنبیـاء**)(١) دا، چەنـد شـتێکی بـاس کـردوون، هەروەهـا لـە سـەرچاوەکانی دیکەشـدا هاتـوون:

---

(١) ص ٢٤٦.

١- هەندێکیان گوتوویانە: ئەیووب بۆیە لە خێزانی تووڕە بووە، چونکە هەژارو نەدار کەوتوون، خێزانەکەی قژی خۆی بڕیوە و فرۆشتوویەتی، بۆ ئەوەی پارەی شتێکی پێ پەیدا بکات بۆ خزمەتی ئەیووب و مەسرەفی ماڵیان، ئەویش لەسەر ئەوە لێی تووڕە بووە، چۆن قژی خۆت فرۆشتوە؟

٢- هەندێک گوتوویانە: لەبەر ئەوە بووە شەیتان دەرمانێکی بۆ وەسف کردوە، کە ئەیووبی مێردی پێ چاک بێتەوە، ئەویش ئەوەی بۆ ئەیووب گێڕاوەتەوە، گوتوویەتی: دەرمانێکی وام بۆ پێشنیار کراوە، ئەویش کە زانیویەتی هی ئیبلیسە، یان دەبێ خێزانەکەشی زانیبێتی، بەڵام ئەوەندە سوور بووە لەسەر ئەوەی مێردەکەی چارەسەر بکات، ویستوویەتی لەو پێشنیارەی ئیبلیس بەهرەمەند بێ، ئەوەیش لەسەر ئەوە لێی تووڕە بووە.

٣- هەندێکیش دەڵێن: لەبەر ئەوە بووە کە ژنەکەی بۆ پێویستییەک، ئیشێکی خۆی چۆتە دەرێ و درەنگی پێچوە، تاکو گەڕاوەتەوە، لەسەر ئەوە لێی تووڕە بووە.

هەر چۆن بێ لە قورئاندا دیاریی نەکراوە، گرنگ ئەوەیە لەسەر شتێک ئەیووب لە خێزانی تووڕە بووە و، سوێندی خواردوە کە چاک بۆوە سەد قەمچیی لێ بدات، خوای میهرەبانیش بەو تەئویلە کارێکی وایکردوە، ئەویش سوێندی لێ نەکەوێ و هاوسەرەکەشی تووشی ئازارو ناڕەحەتیی نەیەت، بە هۆی ئەوەوە کە سەد قەمچیی لێ بدرێ.

د)- کۆچی دوایی ئەیووب عليه السلام:

لە قورئاندا لەوبارەوە هیچ باس نەکراوە، بەڵام لە پەیمانی کۆندا هاتوە، دوای ئەوەی لە نەخۆشییەکەی چاک بۆتەوەو، موڵک و سامان و ماڵ و منداڵەکانی و، هێندەی دیکەش لەگەڵیان دا، بۆی گەڕاونەوە، سەدوچل (١٤٠) ساڵ دوای ئەوەو لە تەمەنێکی زۆر بەساڵدا چوون و پیرییدا، کۆچی دوایی کردوە.

چوارەم: بەسەرهاتی (ذو الكفل) عليه السلام

بەسەرهاتی (ذو الكفل) یش لە چوار بڕگەدا دەخەینە ڕوو:

ا)- ناوو ڕەچەڵەکی:

ناوی هەر بە (ذَا الكفل)، هاتووە، ئنجا (ذَا)، بە مانای (صاحب) خاوەن و (الكفل)، واتە: وەئەستۆ گرتن، لە ڕووی زمانی عەرەبییەوە، کە ئەوە لە حاڵەتی (نصب)دا یەو، ئەگەر لە حاڵەتی (رفع)دا ناوەکەی بگوترێ، (ذو الكفل)ە و، لە حاڵەتی ژێرداریی (جر)دا: (ذِي الكفل)ە، چونکە لە قوڕئاندا لە هەردوو شوێنەکان لە حاڵەتی (نصب)دا هاتووە، بۆیە گوتراوە: (ذَا الكفل)، ئەگەرنا ئەگەر بڵێی: (ذو الكفل)یش هەر تەواوە، کەواتە: ناوی (ذو الكفل)ە و لە بارەی پێغەمبەر بوونیشیەوە، زانایان ڕاجیاییان هەیە:

أ- هەرچی (الطبري)یە (ڕەحمەتی خوای لێبێ)، تێیدا وەستاوە.

ب- هەندێک گوتوویانە: پیاوێکی چاک و دادوەرێکی دادگەر بووە.

ج- هەندێکیش گوتوویانە: کوڕی ئەیووب بووە.

بەڵام زۆربەی زانایان بە پێغەمبەریان زانیوە و بەڕای من هەر واشە، چونکە خوا لە ڕیزی پێغەمبەراندا هێناویەتی، وەک دواتر ئایەتەکان دێنین⁽¹⁾.

---

(١) قصص الأنبياء، لابن كثير، ص ٢٤٦، و (أطلس القرآن)، د. شوقي أبو خليل، ص ١٠٠.

٢)- ژمارەی ناوهێندرانی (ذو الكفل) ﵇ لە قورئاندا:

(ذو الكفل) تەنیا دوو جاران ناوی هاتوە، جاری یەکەم لە سوورەتی (الأنبیاء)، لە ئایەتەکانی: (٨٥ و ٨٦) دا، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا ٱلْكِفْلِ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٨٥﴾ وَأَدْخَلْنَٰهُمْ فِى رَحْمَتِنَآ إِنَّهُم مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٦﴾ ﴾، ئیسماعیل و ئیدریس و (ذو الكفل)، هەر کامێک لەوانە لە خۆڕاگران بوون و، خستمانن نێو بەزەیی خۆمانەوە، چونکە ئەوان لە چاکان بوون.

شوێنی دووەم لە سوورەتی (ص)دا، ئایەتی (٤٨): ﴿ وَٱذْكُرْ إِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَذَا ٱلْكِفْلِ وَكُلٌّ مِّنَ ٱلْأَخْيَارِ ﴿٤٨﴾ ﴾، واتە: هەروەها یادی ئیسماعیل و ئەلیەسەع و (ذو الكفل)، بکەوە، هەر کامێکیان لە هەڵبژێرراوان بوون، {بەندە هەڵبژاردەکانی خوای بەرزی مەزن}.

٣)- ژیان و سەرگوزشتەی (ذو الكفل) ﵇ :

لە قورئاندا هیچ شتێک لە بارەی (ذو الكفل)ەوە نەهاتوە و، ئەو فەرموودەیەش کە باسی (الكفل)، دەکات وەک (إبن کثیر) گوتوویەتی، جیایە لە (ذو الكفل)، ئنجا من ئە و دەقە دێنم، دوایی قسەی ئیبنو کەثیریشی لە بارەوە دێنم، وەک ئەمانەتی عیلمیی قسەکە دێنم، ئەمە دەقەکەیە:

{كَانَ الكِفْلُ مِنْ بني إسرائيل لَا يَتَوَرَّعُ مِنْ ذَنْبٍ عَمِلَهُ، فَأَتَتْهُ امْرَأَةٌ فَأَعْطَاهَا سِتِّينَ دِينَارًا عَلَى أَنْ يَطَأَهَا، فَلَمَّا قَعَدَ مِنْهَا مَقْعَدَ الرَّجُلِ مِنْ امْرَأَتِهِ، أرْعَدَتْ وَبَكَتْ، فَقَالَ: مَا يُبْكِيكِ أَأَكْرَهْتُكِ؟ قَالَتْ: لَا وَلَكِنَّهُ عَمَلٌ مَا عَمِلْتُهُ قَطُّ، وَمَا حَمَلَنِي عَلَيْهِ إِلَّا الحَاجَةُ، فَقَالَ: تَفْعَلِينَ أَنْتِ هَذَا وَمَا فَعَلْتِهِ؟ اذْهَبِي فَهِيَ لَكِ، وَقَالَ: لَا وَاللَّهِ لَا أَعْصِي اللَّهَ بَعْدَهَا أَبَدًا، فَمَاتَ مِنْ لَيْلَتِهِ فَأَصْبَحَ مَكْتُوبًا عَلَى بَابِهِ، إِنَّ اللَّهَ قَدْ غَفَرَ لِلْكِفْلِ} (أخرجه أحمد برقم: ٤٧٤، الترمذي برقم: ٢٤٩٦، وأبو يعلى: ٥٧٢٦، قال حسين سليم أسد: إسناده صحيح، وضعّفه كل من الألباني وشعيب الأرنؤوط، قال ابن كثير

رحمه الله: **فَهُوَ حَدِيثٌ غَرِيبٌ جِدًّا، وَفِي إِسْنَادِهِ نَظَر، وَإِنْ كَانَ مَحْفُوظًا فَلَيْسَ هُوَ ذَا الْكِفْلِ، وَإِنَّمَا لَفْظُ الْحَدِيثِ «الْكِفْلُ» مِنْ غَيْرِ إِضَافَةٍ؛ فَهُوَ رَجُلٌ آخَرُ غَيْرُ الْمَذْكُورِ فِي الْقُرْآنِ الْكَرِيمِ)** (١).

واتە: دەڵێ: کیفل پیاوێک بووە لە بەنی ئیسرائیل، لە هیچ گوناهێک نەدەپرینگایەوە، ئافرەتێک هات بۆ لای، کیفل شەست دیناری دایە، کە لەگەڵی جووت بێ [بە حەرامیی] ئنجا دوای ئەوەی وەک چۆن پیاو دادەنیشێ بۆ ئەوەی سەرجێیی لەگەڵ هاوسەری خۆیدا بکات، ئاوا بۆی دانیشت، ئافرەتەکە لەرزی و گریا، کیفل پێی گوت: چ شتێک دەتگرێنێ؟ ئایا زۆرم لێکردووی؟ گوتی: نەخێر، بەڵام ئەمە کارێکە هەرگیز نەمکردوە، (واتە: داوێن پیس نەبووم)، بەڵکو پێویستیی منی ناچار کردوە، ئەوە بکەم، ئەویش گوتی: تاکو ئێستا ئەوەت نەکردوە و ئێستا دەیکەی؟ [ئنجا لەسەری هاتە خوار] و گوتی: بڕۆ دینارەکانیش بۆ خۆت بن، ئنجا گوتی: سوێند بە خوا کیفل نابێ هەرگیز گوناهان بکاتەوە، ئیدی لەو شەوەدا مردو بەیانیی لەسەر دەرگاکەی نوسرابوو: خوا لە کیفل خۆش بوو.

ئیبنو کەثیر دەڵێ: ئەوە دەقێکی زۆر ناوازەیە و سەنەدەکەشی جێی سەرنجە و ئەگەر گریمان ڕاستیش بێ، ئەو کیفلە نیە کە لە قورئاندا هاتوە، ئەوەی کە لە قورئاندا هاتوە خوا بە (**ذَا الْكِفْلِ**)، ناوی هێناوە، ئەمەیان هەر بە کیفل هاتوە، ئنجا پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)، پێش پێغەمبەرایەتییش لە گوناهی گەورە و لەو شتانە کە قێزەون و ناشیرنن، پارێزراو بوون، بەڵام (کیفل): لە هیچ گوناهێک نەپرینگاوەتەوە.

---

(١) قصص الأنبياء، لابن كثير، ص ٥٤٨.

٤)- کۆچی دوایی و گۆڕی:

لە (**أطلس القرآن**)[١]دا دەڵێ: دیار نیە کەی (**ذو الكفل**) وەفاتی کردوە، بەڵام لە چیای قاسیۆن کە بەسەر شاری دیمەشقدا دەڕوانێ، لە لای باکووریەوە، شوێنێکی لێیە پێی دەگوترێ: (**مَقامُ ذَا الْكِفْلِ**)، ئەمە شوێن و مەزارگەی، یاخود گۆڕی (**ذو الْكِفْلِ**)ە، ئنجا ئایا ڕاستە، یان نا؟ گرنگ ئەوەیە دیار نیە لە کوێ وەفاتی کردوە، بەڵام ئەو شوێنەوارە هەیە.

پێنجەم: بەسەرهاتی ئیلیاس ﵇

بەسەرهاتی ئیلیاسیش لە چوار بڕگەدا دێنین:

١)- ناوو ڕەچەڵەکی:

(إلیاس) هەر بە (إلیاس) ناوی هاتوە، چونکە هەرچەندە لە سوورەتی (الصافات) دا بە (إلیاسین) ناوی هاتوە، بەڵام هەر یەکن، وەک دوایی باسی دەکەین.

٢)- ژمارەی ناو هێندرانی لە قورئاندا:

سێ جاران (إلیاس) ﵇ ناوی لە قورئان دا هاتوە، بەم جۆرە:

١- لە سووڕەتی (الأنعام)دا، دەفەرموێ: ﴿وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ ۖ كُلٌّ مِّنَ الصَّالِحِينَ ﴿٨٥﴾﴾، واتە: زەکەریا و یەحیا و عیسا و ئیلیاس، هەر کامێک لەوانە لە چاکان بوون، (لە بەندە پەسندەکانی خوا بوون).

٢- لە سووڕەتی (الصافات)دا، دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ ﴿١٢٣﴾﴾، واتە: بە دڵنیایی (إلیاس)یش لە ڕەوانەکراوان بوو.

٣- هەر لە سووڕەتی (الصافات)دا، دەفەرموێ: ﴿وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ ﴿١٢٩﴾ سَلَامٌ عَلَىٰ إِلْ يَاسِينَ ﴿١٣٠﴾﴾، لە دواییەکاندا ئەوەمان لەسەر بەجێهێشت: سەلام لە (إلیاسین).

بە تەئکید (إلیاسین)یش هەر (إلیاس)ە، ئنجا هەندێک دەڵێن: (إلیاسین)، هەرچەندە لە ڕەسمی موصحەفدا بەو شێوەیە هاتوە، بەڵام دەڵێ: لە ئەصڵدا (إلیاسٍ) بووە، یانی: بە تەنوین، تەنوینەکە ئیشباع کراوە و بۆتە (إِلْ يَاسِينَ).

٣)- ژیان و بەسەرهاتی (الیاس):

ژیان و بەسەرهاتی (ئیلیاس) ﷺ، لە هەموو قورئان دا:

تەنیا لە سوورەتی (الصافات)دا هاتوە، کە ئەمە دەقی ئایەتەکانە و بە کورتیی واتایان دەکەین:

﴿ وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ (١٢٣) إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَلَا تَتَّقُونَ (١٢٤) أَتَدْعُونَ بَعْلًا وَتَذَرُونَ أَحْسَنَ ٱلْخَٰلِقِينَ (١٢٥) ٱللَّهَ رَبَّكُمْ وَرَبَّ ءَابَآئِكُمُ ٱلْأَوَّلِينَ (١٢٦) فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ (١٢٧) إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ (١٢٨) وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِى ٱلْءَاخِرِينَ (١٢٩) سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِلْ يَاسِينَ (١٣٠) إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ (١٣١) إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُؤْمِنِينَ (١٣٢) ﴾ الصافات.

بە دڵنیاییش (الیاس) لە ڕەوانە کراوان بوو، ﴿ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَلَا تَتَّقُونَ (١٢٤) ﴾، کاتێک بە خەڵکەکەی خۆی گوت: ئایا پارێز ناکەن؟ واتە: پارێز لە خوا ناکەن؟ ﴿ أَتَدْعُونَ بَعْلًا وَتَذَرُونَ أَحْسَنَ ٱلْخَٰلِقِينَ (١٢٥) ﴾، ئایا لە بەعل دەپاڕێنەوە و باشترینی بەدیهێنەرانیش {کە خوایە} پشتگوێ دەخەن، وازی لێ دێنن؟ واتە: ئایا بەعل دەپەرستن، بەڵام واز لە پەرستنی باشترین بەدیهێنەر دێنن، کە خوایە؟ ﴿ ٱللَّهَ رَبَّكُمْ وَرَبَّ ءَابَآئِكُمُ ٱلْأَوَّلِينَ (١٢٦) ﴾، خوا، پەروەردگاری خۆتان، پەروەردگاری باب و باپیرانی پێشووشتان، ﴿ فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ (١٢٧) ﴾، خەڵکەکە بە درۆیان دانا و، بەڵام بە دڵنیایی ئەوان ئامادە دەکرێن، واتە: لە دۆزەخدا ئامادە دەکرێن، ﴿ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ (١٢٨) ﴾، جگە لە بەندە ساغکراوە و هەڵبژێردراوەکانی خوا، ﴿ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِى ٱلْءَاخِرِينَ (١٢٩) ﴾، لەوانی دواییش دا لەسەری نووسیمان و بە جێمان هێشت، لە کتێبە دواییەکان دا کە دوای وی هاتوون، ﴿ سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِلْ يَاسِينَ (١٣٠) ﴾، کە سەلام لە ئیلیاسین، سەلامەتیی لەسەر بێ، ﴿ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ (١٣١) ﴾، ئێمە هەر بەو شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە، ﴿ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُؤْمِنِينَ (١٣٢) ﴾، بە دڵنیایی ئەو لە بەندە بڕوادارەکانمان بوو.

وشەی (إِلْيَاسَ)، لەگەڵ (إِلْ يَاسِينَ)، هەندێک دەڵێن: (إِلْيَاسْ)، ئەوە ناوی خۆیەتی و (إِلْ يَاسِين)، واتە: ئیلیاس و شوێن کەوتووەکانی، هەندێکیش گوتوویانە: (إِلْ يَاسِينَ)، هەر ئیلیاسە، بەڵام تەنوینەکەی تێرکراوە و بەو شێوەیە هاتوە، (إِلْ يَاسِين)، یاخود: هەم بە (إِلْيَاسْ) بانگ کراوە و، هەم (إِلْ يَاسِين)یش بانگ کراوە.

(إبن كثير) لە **(قصص الأنبياء)**[1]دا، دەڵێ: **(قالوا وكان إرساله إلى أهل بعلبك غربي دمشق، فدعاهم إلى الله عز وجل وأن يتركوا عبادة صنم لهم كانوا يسمونه «بَعْلاً» وقيل كانت امرأة اسمها «بعل).**

گوتراوە: ڕەوانەکرانی ئیلیاس بۆ لای خەڵکی بەعلەبەک بووە، کە لە ڕۆژئاوای شاری دیمەشقە، بانگی کردن بۆ لای خوا عزوجل، کە واز بێنن لە پەرستنی بتێک کە بەعلیان پێ دەگوت، هەندێکیش گوتوویانە: **(بعل)**، ناوی ئافرەتێک بووە، ئەو ئافرەتەیان پەرستوە.

(إبن كثير) هەر لە کتێبەکەی خۆی **(قصص الأنبياء)** لە هەمان لاپەڕەدا[2]، دوای ئەوەی کۆمەڵێک شت دێنێ لە بارەی ئیلیاسەوە، دەڵێ: **(حكايات كثيرة لم يثبت لها سند، ومنها حاكم على شرط الشيخين، وهذا مُسْتَدْرَكٌ على مستدرِكٍ، فإنّه حديث موضوع).**

دوای ئەوەی کە ئیبنو کەثیر کۆمەڵێک بەسەرهات دێنێ، جا بەوە چاکە ئیبنو کەثیر وەک چۆن مێژوو زان بووە، فەرموودە ناس **(مُحَدِّث)**یش بووە و لێکۆڵەرەوەیەکی باش بووە، دوای ئەوەی بەسەرهاتەکان دێنێ، دەڵێ: کۆمەڵێ بەسەرهاتی زۆر هەن کە هیچ کامیان سەنەدێکی چەسپاوی نیە و، لەو بەسەرهاتانە هەیە کە **(حاكم)** خاوەنی **(المستدرك على الصحيحين)**، گێڕاویەتەوەو،

---

[1] ص ٤٠٦.

[2] ص ٤٠٦.

به صه‌حیحیشی داناوه به پێی مه‌رجی دوو شێخه‌کان {واته: بوخاریی و موسلیم} به‌ڵام ئه‌و حوکمه‌ی حاکیم له‌وه‌یه که پێویسته بۆی ڕاست بکرێته‌وه.

{واته: وه‌ک چۆن ئه‌و به حیساب هه‌ندێک فه‌رمووده که مه‌رجه‌کانی صه‌حیحی بوخاریی و صه‌حیحی موسیلیمی تێدا هه‌ن، به‌ڵام نه‌یانهێناون و هه‌ڵیگرتوونه‌وه، ده‌بێ هی ویش هه‌ڵبگیرێته‌وه، که تۆ له‌وه‌دا به هه‌ڵه‌دا چووی} چونکه ئه‌وه ده‌قێکی هه‌ڵبه‌ستراوه.

٤)- وه‌ک خاوه‌نی **(أطلس القرآن)**، **(د. شوقي أبو خليل)**(١) ده‌ڵێ: **{عاش و مات إلياس في مدينة بعلبك}**، ئیلیاس هه‌م ژیانی هه‌م مردنیشی له شاری به‌علبه‌ک بووه.

(به‌علبه‌ک)یش ئێستا له وڵاتی سوریایه، ئیدی ورده‌کاریی زیاتر له باره‌ی ئیلیاسه‌وه ﵇ نه‌هاتوه، نه له قورئان و نه له سوننه‌تدا، به‌ڵام له کتێبه‌کان و سه‌رچاوه مێژووییه‌کان دا هاتوه، که جێی پشت پێ به‌ستن نین و، له په‌یمانی کۆنیشدا، شتێکم نه‌بینی له باره‌ی ئیلیاسه‌وه.

شەشەم: بەسەرهاتی (أَلْيَسَعْ) عليه السلام

بەسەرهاتی ئەلیەسەعیش لە چوار بڕگەدا دێنین:

١)- ناوو ڕەچەڵەکی:

ناوی تەنیا بە (الیسع)، هاتوە لە قورئاندا و، هیچ ناوێکی دیکەی بۆ بەکارنەهێنراوە، چونکە بۆ وێنە: (یعقوب)، ناوی بە (یعقوب) هاتوە و، ئیسرائیلیش کە نازناویەتی، یان (یونس) هەم بە یونس هاتوە، هەم بە (ذا النون) هاتوە و بە (صاحب الحوت)یش هاتوە، بەڵام (الیسع)، هەر بەو ناوە، ناوی هێنراوە.

٢)- ژمارەی ناوهێنرانی لە قورئاندا:

ئەلیەسەع تەنیا دوو جاران ناوی لە قورئان دا هاتوە:

أ- شوێنی یەکەم: لە سوورەتی (الأنعام)، ئایەتی (٨٦)دا، کە ئەمە دەقەکەیەتی: ﴿ وَإِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًاۚ وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٦﴾ ﴾،

واتە: ئیسماعیل و ئەلیەسەع و یونوس و لووط و، هەر کامێک لەوانەمان بەسەر جیهانییاندا هەڵبژاردبوو.

ب- شوێنی دووەم: لە سوورەتی (ص) ئایەتی (٤٨)دا: ﴿ وَٱذْكُرْ إِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَذَا ٱلْكِفْلِۖ وَكُلٌّ مِّنَ ٱلْأَخْيَارِ ﴿٤٨﴾ ﴾، هەروەها یادی ئیسماعیل و ئەلیەسەع و ذول کیفل بکەوە، هەر کامێک لەوانە لە بەندە هەڵبژاردراوەکانی خوا بوون.

تەنیا لەو دوو شوێنەدا ناوی (الیسع) عليه السلام هاتوە.

هه‌ردووک سیاقه‌که‌ش به‌ڵگه‌یه‌کی ڕوونن، له‌سه‌ر ئه‌وه که (اليسع) ﵇ له پێغه‌مبه‌ران بووه:

١)- له ڕیزی: ئیسماعیل و یونوس و لووط، دا هاتوه که به ته‌ئکید ئه‌و سێیانه پێغه‌مبه‌ر بوون، ئنجا (اليسع)یش له پاش ئیسماعیل و، له پێش یونوس و (لووط)ه‌وه هاتوه.

٢)- خوا ده‌فه‌رموێ: ﴿ وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، هه‌ر کامێک له‌وانه‌مان هه‌ڵبژاردبوو به‌سه‌ر جیهانییاندا.

په‌روه‌ردگاریش ته‌نیا پێغه‌مبه‌رانی ﵇ به‌سه‌ر جیهانییاندا هه‌ڵبژاردوون.

٣- هه‌روه‌ها له شوێنی دووه‌م دا، له سووره‌تی (ص) ئایه‌تی (٤٨)دا: ﴿ وَٱذْكُرْ إِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَذَا ٱلْكِفْلِ ۖ وَكُلٌّ مِّنَ ٱلْأَخْيَارِ ﴾، واته: یادی ئیسماعیل و ئه‌لیه‌سه‌ع و ده‌لکیفل بکه، هه‌ر کامێک له‌وانه له به‌نده په‌سندو هه‌ڵبژارده‌کان بوون.

خوای په‌روه‌ردگاریش ئه‌و ته‌عبیره‌ی ته‌نیا بۆ پێغه‌مبه‌ران به‌کارهێناوه، وه‌ک له سووره‌تی (النمل)دا ده‌فه‌رموێ: ﴿ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَىٰٓ ۗ ءَآللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾، بڵێ: ستایش بۆ خواو سه‌لامی خوا له‌سه‌ر ئه‌و به‌ندانه‌ی هه‌ڵیبژاردوون.

٣)- به‌سه‌رهاتی (اليسع) ﵇:

له قورئاندا ته‌نیا ناوی هاتوه و، هیچ له به‌سه‌رهاته‌که‌ی باس نه‌کراوه، هه‌روه‌ها له سوننه‌تی پێغه‌مبه‌ریشدا ﷺ هیچ شتێکم نه‌بینی له‌باره‌یه‌وه هاتبێ، به‌ڵام (إبن كثير) له (قصص الأنبياء)دا[1] ئه‌م ده‌قه له حه‌سه‌نی به‌صرییه‌وه دێنێ: {عَنِ الْحَسَنِ، قَالَ: كَانَ بَعْدَ إِلْيَاسَ، الْيَسَعُ عَلَيْهِمَا السَّلَامُ فَمَكَثَ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَمْكُثَ، يَدْعُوهُمْ إِلَى اللَّهِ، مُسْتَمْسِكًا بِمِنْهَاجِ إِلْيَاسَ وَشَرِيعَتِهِ، حَتَّى قَبَضَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ}.

---

[1] ص ٤١٤.

واتە: حەسەنی بەصڕایی دەڵێ: لە دوای ئیلیاس ئەلیەسەع بوو (سەلامی خوایان لێ بێ)، ئەوەندەی خوا حەز بکات مایەوە، بانگی دەکردن بۆ لای خوا و، دەستگرتوو بوو بە ڕێبازی ئیلیاس و بەرنامەکەیەوە، تاکو خوا ﷻ بردیەوە بۆ لای خۆی، {تاکو خوا مراندی}.

٤)- ژیان و مردنی **(اليسع)** ﵇: **(د. شوقي أبو خليل)** لە **(قصص القرآن)**(١)، دەڵێ: **{عاش ومات إلياس في مدينة بعلبك}**، ئەلیەسەعیش ژیان و مردنی هەر لە شاری بەعلەبەک بوو، بە پێی ئەوەش کە لە حەسەنی بەصڕاییەوە هاتوە **(اليسع)**، دەبێ جێنیشینی، ئیلیاس بووبێ و لە دوای ئیلیاسەوە هاتبێ و لەسەر ڕێبازی ئەویش ڕۆیشتبێ، ئەویش هەر لە بەعلەبەک ژیاوە و مردوە و **(اليسع)**یش بە هەمان شێوە.

شتێکی دیکەش لەو بارەوە لە **(قصص الأنبياء)**ی **(إبن كثير)**دا هاتوە:

(قَالَ ابْنُ جَرِيرٍ وَغَيْرُهُ: ثُمَّ مَرَجَ أمر بني إِسْرَائِيل وعظمت مِنْهُم الخطوب وَالْخَطَايَا، وَقَتَلُوا مَنْ قَتَلُوا مِنَ الْأَنْبِيَاءِ، وَسَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ بَدَلَ الْأَنْبِيَاءِ مُلُوكًا جَبَّارِينَ يَظْلِمُونَهُمْ وَيَسْفِكُونَ دِمَاءَهُمْ، وَسَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْهِمُ الْأَعْدَاءَ مِنْ غَيرهم أَيْضاً، وَبَقِيَ بَنُو إِسْرَائِيلَ كَالْغَنَمِ بِلَا رَاعٍ، حَتَّى بَعَثَ اللَّهُ فِيهِمْ نَبِيًّا مِنَ الْأَنْبِيَاءِ، يُقَالُ لَهُ: شَمْوِيلُ، فَطَلَبُوا مِنْهُ أَنْ يُقِيمَ لَهُمْ مَلِكًا لِيُقَاتِلُوا مَعَهُ الْأَعْدَاءَ، فَكَانَ مِنْ أَمْرِهِمْ مَا سَنَذْكُرُهُ مِمَّا قَصَّ اللَّهُ فِي كِتَابِهِ)(٢).

واتە: ئیبنو جەریرو جگە لەویش گوتوویانە: کاروباری بەنوو ئیسرائیل تێکچڕژاو دوو بەرەکیی تێکەوت و، گرفت و کێشە و گوناهیان لە نێودا زۆر بوون و، ژمارەیەکیان لە پێغەمبەران کوشتن، بۆیە خواش لە جێی پێغەمبەران کە سەرپەرشتییان بکەن، حوکمڕانانێکی ستەمکاری لەسەر فەرز کردن و بە دەستیانەوە گرفتار بوون، ستەمیان لێ دەکردن و خوێنیشیان دەڕشتن، هەروەها

---

(١) ص ١٨٦.

(٢) قصص الأنبياء، ص٤١٥.

جگە لەو حوکمڕانانە کە هی خۆیان بوون، دوژمنانی جگە لە خەڵکی خۆیشیانی بەسەردا زاڵ کردن (وەک سزایەک کە دەستیان چۆتە خوێنی پێغەمبەران و خوێنی خەڵک و ستەمیان لێ کردوون)، بەنوو ئیسرائیل وەک مەڕی بێ شوان مانەوە، تاکو خوا یەکێک لە پێغەمبەرانی (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَامُ)، لە نێودا ناردن، کە پێی دەگوترا: (شمویل)، [لە پەیمانی کۆندا بە (صمویل)، ناوی هاتووە، وەک پێشتر باسمان کرد]، داوایان لێ کرد کە پادشایەکیان بۆ دابنێ، سەرکردەکەیان بۆ دابنێ تاکو لەگەڵیدا دژی دوژمنەکانیان بجەنگن.

دوایی باس دەکات کە ئەویش شاولیان بۆ دادەنێ، کە لە قورئاندا ناوی بە (طالوت) هاتووە، کە لە سوورەتی (البقرة)دا خوا ﷻ بە تەفصیل دەکات: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلْمَلَإِ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰٓ إِذْ قَالُوا۟ لِنَبِىٍّ لَّهُمُ ٱبْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ أَلَّا تُقَٰتِلُوا۟ ۖ قَالُوا۟ وَمَا لَنَآ أَلَّا نُقَٰتِلَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَٰرِنَا وَأَبْنَآئِنَا ۖ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ تَوَلَّوْا۟ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ (٢٤٦) وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا (٢٤٧)﴾.

کە درێژەی بەسەرهاتی طاڵووت و، جالووت و داوود چۆن جالووتی کوشتووە، کە جالووت فەرماندە و پادشای دوژمنە بەرانبەرەکانیان بووە، ئەمە بە تەفصیل لە سوورەتی (البقرة)دا خراوەتە ڕوو.

ئێمە لێرەدا دێینە کۆتایی بەسەرهاتی ئەو شەش پێغەمبەرە (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَامُ)، خوا یارمەتی ئێمەش بدات کە بە ڕێبازی پێغەمبەرانەوە (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَامُ) و بە بەرنامەکەیانەوە ئەو بەرنامەیەی کە لەلایەن خواوە بۆیان هاتووە و، ئەو ڕێبازەی کە بریتی بووە لە بەرجەستەکردنی پابەندیيان بە بەرنامەی خوا وە، خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی تەوفیقمان بدات و هیدایەتمان بدات، لەسەر ئەو ڕاستە شەقامەی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَامُ) بڕۆین.

دەرسی شەشەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە حەڤدە (١٧) ئایەت پێک دێ: (٩٦ - ١١٢)، واتە: حەڤدە ئایەتی کۆتایی لە سووڕەتی (الأنبیاء)، کە تەوەری سەرەکیی ئەم حەڤدە ئایەتە باسی ڕۆژی دواییە، بە هەردوو قۆناغی (الساعة والقیامة)، ئاخیر زەمان و هەڵسانەوەوە.

هەروەها لەو حەڤدە ئایەتەدا باسی چارەنووسی هەر کام لە بێبڕوایانی هاوبەش دانەرو، خواپەرستانی چاکەکار کراوە و، باسی ئاکام و سەرەنجامی گەردوون کراوە، کە بریتیە لە پێچرانەوەی و گێڕانەوەی بۆ حاڵەتی سەرەتای.

پاشان باسی یەکێک لە یاساکانی خوا کراوە، لە ژیانی بەشەردا، کە بریتیە لەوەی سەرزەمینی خوا لە لایەن بەندە شایستەکانی خواوە بە میرات دەگیرێ و، خوا ڕایگەیاندوە کە ئەوەی لە زەبووردا باسکردوە دوای زیکر، کە وا پێدەچێ مەبەست پێی تەورات بێ.

دوایی باسی ئامانجی نێردرانی پێغەمبەری خاتەم کراوە، ئەویش ئەوەیە کە ببێتە مایەی ڕەحمەت و بەخششی خوا بۆ تێکڕای جیهانییان، لە کۆتاییشدا چەند ڕێنماییەک بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ، ڕاگەیەنراون، لە بارەی چۆنیەتی هەڵس و کەوتی لەگەڵ بێبڕوایاندا و ڕاگەیاندنی چەند ڕاستییەک پێیان.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ (٩٦) وَٱقۡتَرَبَ
ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَٰوَيۡلَنَا قَدۡ كُنَّا فِي غَفۡلَةٖ
مِّنۡ هَٰذَا بَلۡ كُنَّا ظَٰلِمِينَ (٩٧) إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ

جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَٰرِدُونَ ﴿٩٨﴾ لَوْ كَانَ هَٰٓؤُلَآءِ ءَالِهَةً مَّا وَرَدُوهَا ۖ وَكُلٌّ فِيهَا
خَٰلِدُونَ ﴿٩٩﴾ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَهُمْ فِيهَا لَا يَسْمَعُونَ ﴿١٠٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم
مِّنَّا ٱلْحُسْنَىٰٓ أُو۟لَٰٓئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ ﴿١٠١﴾ لَا يَسْمَعُونَ حَسِيسَهَا ۖ وَهُمْ فِى مَا ٱشْتَهَتْ
أَنفُسُهُمْ خَٰلِدُونَ ﴿١٠٢﴾ لَا يَحْزُنُهُمُ ٱلْفَزَعُ ٱلْأَكْبَرُ وَتَتَلَقَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ هَٰذَا
يَوْمُكُمُ ٱلَّذِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿١٠٣﴾ يَوْمَ نَطْوِى ٱلسَّمَآءَ كَطَىِّ ٱلسِّجِلِّ لِلْكُتُبِ ۚ
كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ ۚ وَعْدًا عَلَيْنَآ ۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿١٠٤﴾ وَلَقَدْ كَتَبْنَا
فِى ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعْدِ ٱلذِّكْرِ أَنَّ ٱلْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِىَ ٱلصَّٰلِحُونَ ﴿١٠٥﴾ إِنَّ فِى هَٰذَا
لَبَلَٰغًا لِّقَوْمٍ عَٰبِدِينَ ﴿١٠٦﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠٧﴾ قُلْ إِنَّمَا يُوحَىٰٓ
إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٨﴾ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُلْ
ءَاذَنتُكُمْ عَلَىٰ سَوَآءٍ ۖ وَإِنْ أَدْرِىٓ أَقَرِيبٌ أَم بَعِيدٌ مَّا تُوعَدُونَ ﴿١٠٩﴾ إِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلْجَهْرَ
مِنَ ٱلْقَوْلِ وَيَعْلَمُ مَا تَكْتُمُونَ ﴿١١٠﴾ وَإِنْ أَدْرِى لَعَلَّهُۥ فِتْنَةٌ لَّكُمْ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ
﴿١١١﴾ قَٰلَ رَبِّ ٱحْكُم بِٱلْحَقِّ ۗ وَرَبُّنَا ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١١٢﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{(ژیانی دنیا بەردەوام دەبێ) هەتا کاتێک یەئجووج و مەئجووج بەردەدرێن، لە حاڵێکدا کە بە خێرایی لە هەموو بەرزاییان دەڕۆن ﴿٩٦﴾ بەڵێنی هەقیش (کە قیامەتە) نیزیک بۆوە، یەکسەر دەبینی ئەوانەی بێبڕوابوون، چاویان ئەبڵەق بوون، (دەڵێن:) هەی هاوار بۆ ئێمە! بێگومان ئێمە لەمە بێ ئاگابووین (هەرچەندە ئاگاداریش کرابووینەوە)، بەڵام خۆمان ستەمکار بووین، بە دڵنیایی خۆتان و ئەوەی لە جیاتی خوا دەتانپەرست، سووتەمەنیی تێفڕێدراوی دۆزەخن، ئێوە دەچنە نێوی ﴿٩٧﴾ ئەگەر (ڕاستبایە) ئەوانە (وەک دەتانگوت:) پەرستراوان

(ی ڕاستەقینە) بوونایە، ئەوە نەدەچوونە نێوی و، هەمووشیان تێدا هەمیشەیی دەبن (٩٨) لەوێدا هەنسک و ناڵەی سەختیان هەیە و، لەوێدا هیچ نابیستن (٩٩) مسۆگەر ئەوانەی لە ئێمەوە بڕیاری پاداشتی هەرە باشیان بۆ دراوە، ئا ئەوانە لەو سزایە دوورن (١٠٠) لە دوورەوەش گوێ بیستی هەست و خوستی (دۆزەخ) نابن و لەوەدا کە نەفسیان ئارەزوومەندیەتی، بە هەمیشەی دەمێننەوە (١٠١) گەورەترین داچڵەکاندن دڵتەنگیان ناکات و، فریشتەکان پێشوازییان لێدەکەن (پێیان دەڵێن:) ئەوە ئەو ڕۆژەتانە کە بەڵێنتان پێدەدرا (١٠٢) ئەو ڕۆژە کە ئاسمان وەک پێچرانەوەی تۆماری نووسراو دەیپێچینەوە (١٠٣) ئاسمان (گەردوون دروستکراوەکان) وەک چۆن لە سەرەتاوە هێناومانەتە دی، دەیگێڕینەوە، ئەوە بەڵێنێکە لەسەرمان ئێمە ئەنجامی دەدەین (١٠٤) هەروەها پاش زیکر (تەورات) یش لە زەبووردا نووسیومانە کە زەمین بەندە پەسندەکانم بە میراتی دەگرن (١٠٥) لەمەدا پێڕاگەیاندنێکی باش هەیە بۆ کۆمەڵێ خوا پەرستان (١٠٦) تۆشمان (ئەی موحەممەد!) تەنیا بە بەزەیی بۆ تێکڕای جیهانییان ناردوە (١٠٧) بڵێ: سروشم بۆ دەکرێ کە پەرستراوی ڕاستەقینەتان یەک پەرستراوە، ئنجا ئایا ئێوە ملکەچ دەبن (بۆ خوای تاک؟) (١٠٨) ئنجا ئەگەر پشتیان کردە هەق، بڵێ: هەمووتانم بە یەکسانیی (و، وەک یەک) ئاگادار کردۆتەوە و ناشزانم ئایا ئەوەی بەڵێنتان پێ دەدرێ، نیزیکە یان دوورە! (١٠٩) بێگومان ئەو (خوا) قسەی ئاشکراو ئەوەش کە پەنهانی دەکەن، دەیزانێ (١١٠) ناشزانم ڕەنگە دواخستن (ی بەڵێن) ەکە تاقیکردنەوە و پێ گوزەراندنێکی کەم بێ بۆ ئێوە (١١١) (پێغەمبەر) گوتی: پەروەردگارم! دادوەریی بە هەق بکە و، پەروەردگاریشمان تاکە میهرەبانی پشت پێ بەستراوە، لە بەرانبەر ئەوەدا کە دەیلێن (وخوا و قورئان و پێغەمبەری بە ناهەق پێ وەسف دەکەن) (١١٢)].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(حَدَبٍ): **(الحَدَبُ: ما ارتَفَعَ وَغَلُظَ مِنَ الأَرْض)**، (حَدَب) واتە: هەر شوێنێک کە لە زەوی زبرو بەرز بێت، ڕەنگە بە کوردیی: گردۆلکە، تەپۆلکە، بگەیەنێ.

(يَنسِلُونَ): واتە: بە خێرایی دەڕۆن **(نَسَلَ المَاشِي: أَسْرَعَ)**، بابای پێڕۆ کە دەڕوا، ئەگەر بڵێی: (نَسَلَ) یانی: **(أَسْرَعَ)**، بە خێرایی ڕۆیی.

(شَاخِصَةٌ أبصارهم) چاویان ئەبڵەق بوون، چاویان زەق بوون، **(شَخَصَ فُلاَنٌ بَصَرَهُ وَبِبَصَرِهِ: فَتَحَ عَيْنَيْهِ ولَمْ يَطْرِف بِهِمَا مُتَأَمّلاً أو مُنْزَعِجَاً)**، کەسێک کە چاو ببڕێتە شتێک و، چاوی نەترووکێنی و، چاوی ئەبڵەق بێ و زەق بێ، ئەوە پێی دەگوترێ: **(شَخَصَ بَصَرُهُ)**، یان **(شَخَصَ بِبَصَرِهِ)**، ئنجا بەهۆی سەرنج دانەوە لە شتێک بێ، چ بەهۆی ترسان و داچڵەکینێکەوە بێ.

(حَصَبُ): **(الحَصَبُ: صِغَار الحِجَارَةِ، الحَطَبُ كُلُّ مَا يُلقَى فِي النَّارِ مِنْ وَقُود)**، وشەی (حَصَب) لە ئەصڵدا بە مانای وردە بەرد دێ، دوایی بە مانای سووتەمەنیی دێ، دوایی بە مانای هەر شتێک دێ بسووتێندرێ.

(زَفِيرٌ): **(زَفَرَ يَزْفِرُ زَفَرَاً وَزَفِيْرَاً: أَخْرَجَ نَفَسَهُ بَعْدَ مَدِّه إِيَّاهُ)**، (شَهِيْق) واتە: هەڵمژین، بەڵام (زَفِير) واتە: هەناسە دانەوە، ئنجا: **(زَفِير: زَفَرَ يَزْفِرُ زَفْرَاً وَزَفِيْرَاً)**، واتە: هەناسەکەی دایەوە، دەرهاویشتەوە، دوای ئەوەی درێژی کردەوە.

(حَسِيسَهَا): **(الحَسِيسُ: الحِسُّ)**، (حَسيس) بریتیە لە هەستێک، بە هەستەکان ببیسترێ.

(ٱلْفَزَعُ ٱلْأَكْبَرُ): واتە: داچڵەکینی گەورەترین، گەورەترین داچڵەکین، **(الفَزَعُ: الخَوْفُ والذُّعْرُ فَزَعَ يَفْزَعُ فَزْعَاً: تَقَبَّضَ وَنَفَرَ مِنْ شَيءٍ مُخِيْفٍ)**، **(فَزَعَ يَفْزَعُ فَزْعَاً)**، **(فَزعْ)** ئەوەیە کە ئینسان ڕێک بێ و بیڵەمێتەوە لە شتێکی مەترسییلێکراو.

کەواتە: (ٱلْفَزَعُ ٱلْأَكْبَرُ)، واتە: ترسی گەورەترین، گەورەترین ترسی داچڵەکینەر.

(نَطْوِى): واتە: دەپێچینەوە، **(طَوْىَ الشْيءَ يَطْوِيَ طَيّاً: ضَمَّ بَعْضَهُ عَلَى بَعْضٍ أو لَفَّ بَعْضَهُ عَلَى بَعْض)**، **(طَوَى الشْيءَ يَطْوِيَ طَيَّاً)**، واتە: شتەکەی هەندێکی خستەوە سەر هەندێکی، یاخود هەندێکی لە هەندێکی پێچا، یانی: پێچرانەوە و کۆکرانەوەی شتێک.

(ٱلسِّجِلِّ): **(السِّجِلُّ: الكِتَابُ يُدْونُ فِيْهِ مَا يُرَادُ حِفْظُهُ، وَالجَمْعُ: سِجلأت)**، **(سِجل)** بە تۆمارێک دەگوترێ کە شتی تێدا دەنووسرێ، ئەوەی کە دەویسترێ بپارێزرێ و لەبەر بکرێ، هەندێک گوتوویانە: **(السّجل)**، واتە: **(الكاتِب)**، نووسەر، ئەو کەسەی کە شتێک دەنووسێ لە تۆماردا.

(ءَاذَنتُكُمْ): **(أَعْلَنْتُكُم)**، ئاگادارم کردوونەوە.

(عَلَىٰ سَوَآءٍ): واتە: بە یەکسانیی، هەمووتانم وەک یەک ئاگادار کردۆتەوە، دەڵێ: **(سَاوَاهُ: عَادَلَهُ، السَّواءُ: المُسْتَوى)**، واتە: وەک یەک، لە ئەصڵدا (سَوَاء)، بە مانای ئەرزێکی تەخت دێ، کە هیچی لە هیچی بەرزتر نەبێ، واتە: لەو ڕاگەیاندنەمدا هەمووتانم وەک یەک ئاگادار کردوونەوە.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَارِدُونَ... ﴿٩٨﴾ ﴾، لەو بارەوە ئەم بەسەرهاتە هەیە:

[وَعَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ: آيَةٌ فِي كِتَابِ اللهِ لَا يَسْأَلُنِي النَّاسُ عَنْهَا، وَلَا أَدْرِي، أَعَرَفُوهَا فَلَا يَسْأَلُونِي عَنْهَا؟ أَمْ جَهِلُوهَا فَلَا يَسْأَلُونِي عَنْهَا؟ قِيلَ: وَمَا هِيَ؟ قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ آيَةُ: ﴿ إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَارِدُونَ... ﴿٩٨﴾ ﴾، شَقَّ ذَلِكَ عَلَى أَهْلِ مَكَّةَ، وَقَالُوا: شَتَمَ مُحَمَّدٌ آلِهَتَنَا، فَقَامَ ابْنُ الزِّبَعْرَيِّ، فَقَالَ: مَا شَأْنُكُمْ؟ قَالُوا: شَتَمَ مُحَمَّدٌ آلِهَتَنَا، قَالَ: وَمَا قَالَ؟ قَالُوا: قَالَ: ﴿ إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَارِدُونَ ﴿٩٨﴾ ﴾، قَالَ: ادْعُوهُ لِي، فَدُعِيَ مُحَمَّدٌ ﷺ فَقَالَ ابْنُ الزِّبَعْرِيِّ: يَا مُحَمَّدُ! هَذَا شَيْءٌ لِآلِهَتِنَا خَاصَّةً، أَمْ لِكُلِّ مَنْ عُبِدَ مِنْ دُونِ اللهِ؟ قَالَ: بَلْ لِكُلِّ مَنْ عُبِدَ مِنْ دُونِ اللهِ عز وجل، فَقَالَ: خَصَمْنَاهُ وَرَبِّ هَذِهِ الْبَنِيَّةِ، يَا مُحَمَّدُ! أَلَسْتَ تَزْعُمُ أَنَّ عِيسَى عَبْدٌ صَالِحٌ، وَعُزَيْرًا عَبْدٌ صَالِحٌ، وَالْمَلَائِكَةَ عِبَادٌ صَالِحُونَ؟ قَالَ: بَلَى، قَالَ: فَهَذِهِ النَّصَارَى يَعْبُدُونَ عِيسَى، وَهَذِهِ الْيَهُودُ تَعْبُدُ عُزَيْرًا، وَهَذِهِ بَنُو مَلِيحٍ تَعْبُدُ الْمَلَائِكَةَ، قَالَ: فَضَجَّ أَهْلُ مَكَّةَ، فَنَزَلَتْ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا ٱلْحُسْنَىٰٓ أُوْلَٰٓئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ ﴿١٠١﴾ ﴾الأنبياء أَيْ: عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ، وَعُزَيْرًا، قَالَ: وَنَزَلَتْ: ﴿ وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ ﴿٥٧﴾ ﴾الزخرف](١).

---

(١) الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٢، ص ٤٩٣ -٤٩٤، وقال مؤلفا الإستيعاب: صحيح لغيره.
أخرجه الطحاوي في (مشكل الآثار) : ٩٨٦ وأمجد في المسند (٣١٨/٣١٧/١) والطبراني في المعجم الكبير: ١٢٧٣٩، قلنا: وهذا إسناد حسن.

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) دەڵێ: ئایەتێک لە کتێبی خوادا هەیە خەڵک لێم ناپرسن لە بارەیەوە، ناشزانم ئایا دەیزانن و لێم ناپرسن، یاخود نایزانن و لێشم ناپرسن، گوترا: ئەو ئایەتە کامەیە؟ گوتی: کاتێک ئەو ئایەتە هاتە خوار: ﴿ إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَٰرِدُونَ ﴿٩٨﴾ ﴾، (واتە: ئێوە و ئەوانەی لە جیاتی خوا دەیانپەرستن سووتەمەنیی دۆزەخن و ئێوە دەیچنە نێو)، لەسەر خەڵکی مەککە زۆر قورس بوو، گوتیان: موحەممەد ﷺ جنێو بە پەرستراوەکانمان دەڵێ، ئیبنو زیبەعریی هەڵسا گوتی: چیتانە؟ گوتیان: موحەممەد ﷺ قسەی بە پەرستراوەکانمان گوتوە، گوتی: چی گوتوە؟ گوتیان: دەڵێ: ﴿ إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَٰرِدُونَ ﴿٩٨﴾ ﴾، [ئەوان وایانزانیوە هەر قسەی خۆیەتی، بۆیە پێغەمبەریان ﷺ تۆمەتبار کردوە] ئیبنو زیبەعریی گوتی: بۆم بانگبکەن، ئنجا موحەممەد ﷺ بانگکرا، ئیبنو زیبەعریی پێی گوت: ئەی موحەممەد! ﷺ ئایا ئەوەی کە هاتوە تایبەتە بە پەرستراوەکانی ئێمەوە، یاخود بۆ هەر کەسێکە کە لە جیاتی خوا بپەرسترێ؟ فەرمووی: بەڵکو بۆ هەر کەسێکە کە لە جیاتی خوا عز وجل بپەرسترێ، گوتی: کەواتە: سوێند بە خاوەنی ئەمماڵە، ئێمە زاڵ بووین لە قسەدا بەسەرتدا: ئەی موحەممەد! ﷺ تۆ گومانت وا نیە کە عیساش بەندەیەکی چاک بووە و، عوزەیریش بەندەیەکی چاک بووە و، فریشتەکانیش بەندەی چاکن؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: با، ئیبنو زیبەعریی گوتی: ئەوە نەصڕانییەکان عیسا دەپەرستن، یەهوودیش عوزەیر دەپەرستن، بەنو مەلیحیش [هۆزێک بووە لە عەرەبەکان] فریشتەکان دەپەرستن، کەواتە: دەبێ هەر کام لە عیسا و عوزەیرو فریشتەکانیش، مادام دەپەرسترێن، لە جیاتی خوا، لەگەڵ پەرستارەکانیاندا بخرێنە دۆزخەوە؟ ئیدی خەڵکی مەککە بوو بە گاڵە و دەنگە دەنگیان [گوایە ئیبنو زیبەعریی لە وتووێژدا بەسەر پێغەمبەردا ﷺ زاڵ بووە] ئنجا خوا ئەم ئایەتەی ناردە خوار: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا

ٱلْحُسْنَىٰٓ أُوْلَٰٓئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ ﴾، واتە: ئەوانەی لە ئێمەوە بڕیاری پاداشتی هەرە باشیان بۆ دەرچووە پێشتر، ئەوانە لەو دۆزەخە دوورن، (کە عیسا و عوزەیرو فریشتەکانن)، هەروەها هەر لەوەشدا ئەو ئایەتەی سووڕەتی (الزخرف) هاتە خوار: ﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ ۝٥٧﴾، واتە: کاتێک کوڕی مەریەم بە وێنە هێنرایەوە، خەڵکەکەت بە هۆی ئەوەوە کردیان بە گاڵە.

(يَصِدُّونَ)، یانی: (يضجُون)، کردیانە گاڵە و هەرا، گوایە ئەوان قسەکەیان زاڵ بووە بەسەر قسەی پێغەمبەردا ﷺ، بەڵام خوا ڕوونی کردۆتەوە، کەوانیە، هەڵبەتە وەڵامی ئەوەش زۆر ئاسانە، ئەویش ئەوەیە کە هەر کەسێک بپەرسترێ لە جیاتی خوا و ڕازی بێ بەو پەرسترانەی، حوکمەکەی ئەوەیە، بەڵام عیسا کە دەپەرسترێ، گوتوویەتی: جگە لە خوا کەس مەپەرستن، عوزەیریش کە دەپەرسترێ بەندەیەکی خوایە و ناڕازیی بووە بپەرسترێ و، فریشتەکانیش کە دەپەرسترێن بە ناهەق، ئەوانیش ناڕازین، بۆیە خوا ئەوان سزا نادات، بەهۆی نەزانیی و کەودەنیی ئەوانەوە، کە بە ناهەق دەیانپەرستن.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لە کۆتایی سووڕەتی (الأنبیاء)دا، وەک لە پێناسەی ئەم دەرسەش دا باسمان کرد، پانتاییەکی باش تەرخان دەکات بۆ باسی ڕۆژی دوایی، بە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و هەڵسانەوە و زیندووبوونەوەوە، سەرەتا دەفەرموێ:

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ ﴾، هەتا کاتێک یەنجووج و مەنجووج کرانەوە، واتە: بەریان بەر درا، یاخود ئەو بەربەستەی لە بەردەمیان بوو، لابرا، ڕێیان بۆ کرایەوەو هاتن، ﴿ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ﴾، ئەوانیش لە هەموو بەرزاییەکدا زۆر بە خێرایی دەڕۆن، ئنجا ئەگەر لە بەرزاییان بە خێرایی بڕۆن، دەبێ لە دەشتایی چۆن بڕۆن؟! واتە: زۆر بە خێرایی بە زەویدا بڵاودەبنەوە، ئایا کە دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ ﴾، ئەمە پەیوەستە بە کوێوە؟ واتە: ئەم ژیانی دنیایە بەردەوام دەبێ، هەتا یەنجووج و مەنجووج دێن و بەسەر دنیا وەردەبن.

یاخود: قەدەغەیە خەڵکی ئەو ئاوەدانییانەی کە فەوتاندوومانن بە هۆی گوناهو تاوانەکانیانەوە، قەدەغەیە نەگێڕدرێنەوە بۆ لای خوا، بۆ ڕۆژی سزا و پاداشت، بەڵکو ئەوانە ناگێڕدرێنەوە و سزا نادرێن جارێ، هەتا ئەو کاتەی یەنجووج و مەنجووج دێن، کە سەرەتای هاتنی قیامەت و ڕۆژی دواییین، بەردەبن و دنیا کۆتایی پێ دێ.

﴿ وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ ﴾، بەڵێنی هەقیش زۆر نیزیک بۆوە، بەڵێنی هەق، بە تەئکید ئەو بەڵێنەیە کە خوا داویەتی ئەو خەڵکە زیندوو بکاتەوە و لێی بپرسێتەوە، کەواتە: ﴿ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ ﴾، لێرەدا مەبەست پێی هاتنی ئاخیر زەمان

(الساعة) نیە، بەڵکو مەبەست پێی قیامەت و زیندووکرانەوە و هەڵسانەوەیە، چونکە ئەوەیە کە خوای پەروەردگار وەعدی داوە، هەقی تێدا بچەسپێنێ، کە بریتیە لە کاتی سزادانی خراپەکاران و، پاداشت دانەوەی چاکەکاران، ﴿فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾، تۆ دەبینی ئەوانی بێبڕوان، چاویان ئەبڵەق و زەق بووە، ﴿يَٰوَيۡلَنَا قَدۡ كُنَّا فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا﴾، (دەڵێن:) هەی هاوار بۆ ئێمە! ئێمە لەمە بێئاگا بووین، ﴿بَلۡ كُنَّا ظَٰلِمِينَ﴾، بەڵکو ئێمە ستەمکار بووین، واتە: ئاگادارکرابووینەوە و ترسێنرابووین، بەڵام هەر خۆمان ستەمکار بووین و بەرژوەندیمان لە ستەم و خراپەدا بوو، بۆیە گوێمان نەدا بەو هۆشداریی و ئاگادارکردنەوانەی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلَامُ) و شوێنکەووتوانی پێغەمبەران.

ئنجا خوا ﷻ یەکسەر کافرەکان دەدوێنێ، دوای ئەوەی سزایان بەسەر چەسپێنرا و حوکم دران بخرێنە دۆزەخەوە، خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ﴾، بە دڵنیایی خۆتان و ئەوانەی لە جیاتی خوا دەیپەرستن، سووتەمەنیی دۆزەخن، ﴿أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ﴾، ئێوە دەیچنە نێو، دەچنە نێو دۆزەخ.

﴿لَوۡ كَانَ هَٰٓؤُلَآءِ ءَالِهَةٗ مَّا وَرَدُوهَا﴾، ئەگەر ئەوانە پەرستراو بوونایە، پەرستراوی ڕاستەقینە و شایستەی پەرستران بوونایە، نەیدەچوونە نێو، ﴿وَكُلّٞ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾، هەمووشیان بە هەمیشەیی لە دۆزەخ دا دەمێننەوە، واتە: هەم پەرستراوەکان و هەم پەرستارەکان.

﴿لَهُمۡ فِيهَا زَفِيرٞ وَهُمۡ فِيهَا لَا يَسۡمَعُونَ﴾، لەوێدا (زَفِيرٌ) یان هەیە، (زفیر) یش یانی: هەناسەدانەوە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی هەنسک و هەناسەی قووڵ دەرهاویشتن و، خەفەتباریی و مەینەتبارییە، ﴿وَهُمۡ فِيهَا لَا يَسۡمَعُونَ﴾، لەوێدا هیچیش نابیستن.

پاشان دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ سَبَقَتۡ لَهُم مِّنَّا ٱلۡحُسۡنَىٰٓ أُوْلَٰٓئِكَ عَنۡهَا مُبۡعَدُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی پێشتر لە ئێمەوە پاداشتی چاکیان بۆ بڕیار دراوە، ئەوانە لەو دۆزەخە، لەو ئاگرو سزایە دوورن، دوورخراوەن لێی، ئەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی کافرەکانە، کە گوتیان: ئەگەر پەرستراوەکان لەگەڵ پەرستەرەکاندا سزا بدرێن، کەواتە: دەبێ عیسا کە دەپەرسترێ و، عوزێر کە دەپەرسترێ و، فریشتەکان کە دەپەرسترێن، سزا بدرێن، خوای کارزان ئەو ئایەتەی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوان ناردە خوارو، دەشگونجێ هەمووی پێکەوە بووبێ.

کە لە ڕاستییدا قسەکەی ئەوان پووچە و، خوا مەبەستی ئەوەیە، ئەوەی دەپەرسترێ و ڕازیشە بپەرسترێ، کە زیاتر مەبەست پێی پەیکەرو بت و سەنەمەکان و سادینە(١)کانیان و طاغووتەکان، بووە، بەڵام بوو، ئەوان لە خۆیانەوە بردوویانە بۆ فریشتەکان و عوزێرو عیسا، کە عوزێرو عیسا و فریشتەکان (عَلَيْهِمُ السَّلَامُ)، نە ڕازی بوون و نە خەتاشیان هەبووە لەوەدا کە بپەرسترێن.

خوا دەفەرموێ: ئەوانەی کە لە لایەن ئێمەوە بڕیاری پاداشتیان بۆ دراوە، ﴿ لَا يَسۡمَعُونَ حَسِيسَهَا ﴾، دوورن لە دۆزەخ و لە دوورەوەش هەر دەنگ و هەستیشی نابیستن، (حسیس)، دەنگێکە لە دوورەوە ببیسترێ، بە پێنج هەستەکان دەرک دەکرێ، ﴿ وَهُمۡ فِي مَا ٱشۡتَهَتۡ أَنفُسُهُمۡ خَٰلِدُونَ ﴾، هەروەها ئەوان لەوەدا کە نەفسیان ئارەزووی لێیەتی، بە هەمیشەیی دەمێننەوە، لە بەهەشتدا.

﴿ لَا يَحۡزُنُهُمُ ٱلۡفَزَعُ ٱلۡأَكۡبَرُ ﴾، داچڵەکاندنی هەرە گەورە، دڵتەنگ و ناڕەحەتیان ناکات، داچڵەکاندنی هەرە گەورە، چ مەبەست پێی فووی یەکەم بێ، چ مەبەست فووی دووەم بێ، چ مەبەست پێی ئەو کارەساتە مەزنە بێ کە دێتە پێش، کە ڕۆژی دواییە بە گشتی، ئەوە دڵتەنگیان ناکات، ﴿ وَتَتَلَقَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ﴾، فریشتەکانیش پێشوازییان لێدەکەن، ﴿ هَٰذَا يَوۡمُكُمُ ٱلَّذِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ﴾، پێشیان دەڵێن: ئەمە ئەو ڕۆژەتان بوو کە بەڵێنتان پێ دەدرا.

---

(١) سادن ج: سدنة، مثل: كاهن ج كهنة. (سادن) بتەوان، سەرپەرشتیاری بت و صەنەم.

﴿ يَوۡمَ نَطۡوِي ٱلسَّمَآءَ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلۡكُتُبِۚ ﴾، هەر بەو بۆنەیەوە خوا باسی چۆنیەتی پێچرانەوەی ئەم گەردوونە دەکات و دەفەرموێ: ئەو ڕۆژە کە ئاسمان دەپێچینەوە، وەک چۆن بابای نووسەر ئەو تۆمارەی شتی تێدا نووسیوە، دەیپێچێتەوە و هەڵیدەوێزنێ. یاخود: وەک چۆن ئەو تۆمارەی شتی تێدا نووسراوە، دەپێچرێتەوە، ئێمەش ئاوا ئاسمان دەپێچینەوە، ﴿ كَمَا بَدَأۡنَآ أَوَّلَ خَلۡقٖ نُّعِيدُهُۥۚ ﴾، ئەو دروستکراوە، وەک چۆن سەرەتا هێناومانەتە دی، دەیگێڕینەوە بۆ حاڵەتی یەکەمی، ﴿ وَعۡدًا عَلَيۡنَآۚ ﴾، ئەوە بەڵێنە لەسەرمان و وای لێ دەکەین، ﴿ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ئەنجامدەری ئەوەین.

﴿ وَلَقَدۡ كَتَبۡنَا فِي ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعۡدِ ٱلذِّكۡرِ أَنَّ ٱلۡأَرۡضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ ٱلصَّٰلِحُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە لە زەبووردا لە دوای زیکر، نووسیومانە و تۆمارمان کردوە، کە زەوی، بەندە چاکەکانم بە میراتی دەگرن، (ٱلذِّكۡرِ)، دەگونجێ مەبەست پێی تەورات بێ، ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ٱلۡفُرۡقَانَ وَضِيَآءٗ وَذِكۡرٗا لِّلۡمُتَّقِينَ ٤٨ ﴾، واتە: لە زەبووردا نووسیومانە، دوای ئەوەی مرۆڤەکانمان لە تەورات دا هۆشیار کردۆتەوە و وریا کردۆتەوە، لە زەبووریشدا نووسیومانە، وشەی (ٱلزَّبُورِ)یش هەم بە (زَبُور)، خوێندراوەتەوە، هەم بە (زُبُر)یش خوێندراوەتەوە، (زُبُر)، واتە: نووسراوو کتێبەکان، (زَبُور)یش یانی: کتێب و نووسراو، کە دەگونجێ مەبەست پێی زەبووری داوود بێ، ﴿ وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا ٥٥ ﴾الإسراء، دەشگونجێ مەبەست پێی هەموو کتێبەکانی خوا بێ، بە تایبەت ئەگەر بە (زُبُر)، هاتبێ، هەڵبەتە ئەگەر بە (زَبُور)یش بێ، ئەو کاتە جینسی ئەو کتێبانەی لە خواوە هاتوون بۆ پێغەمبەران و نووسراونەوە، هەموویان دەگرێتەوە، یانی: ئەو ڕاستییە نووسراوە کە: سەرزەمینی خوا بەندە شایستەکان بە میراتی دەگرن، سەرزەمینیش دەگونجێ مەبەست پێی سەرزەمینی دنیا بێ، دەشگونجێ مەبەست سەرزەمینی بەهەشت بێ، وەک دوایی باسی دەکەین.

﴿إِنَّ فِي هَٰذَا لَبَلَٰغًا لِّقَوْمٍ عَٰبِدِينَ﴾، بێگومان لەوەدا، پێڕاگەیاندن هەیە بۆ کۆمەڵێک خواپەرست بن، بەندایەتیی تەنیا بۆ خوا بکەن، کەواتە: لە ڕێی بەندایەتیی بۆ خواوە، شایستەیی بۆ میراتگرتنی سەرزەمینی خوا لە دنیادا و لە دواڕۆژیشدا، پەیدا دەبێ.

﴿وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ﴾، تۆشمان تەنیا وەک بەزەییەک بۆ تێکڕای جیهانییان ناردوە.

﴿قُلْ إِنَّمَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ﴾، بڵێ: تەنیا ئەوەم بۆ سروش دەکرێ، کە پەرستراوی ئێوە یەک پەستراوە، ﴿فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾، ئنجا ئایا ئێوە بۆی ملکەچن؟ ﴿فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُلْ ءَاذَنتُكُمْ عَلَىٰ سَوَآءٍ﴾، ئنجا ئەگەر پشتیان هەڵکردو ڕوویان وەرچەرخاند، بڵێ: من ئێوەم هەمووتان ئاگادار کردەوە، ﴿وَإِنْ أَدْرِىٓ﴾، ناشزانم، ﴿أَقَرِيبٌ أَم بَعِيدٌ مَّا تُوعَدُونَ﴾، ئایا ئەوەی بەڵێنتان پێ دەدرێ، نیزیکە یان دوورە! ﴿إِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلْجَهْرَ مِنَ ٱلْقَوْلِ وَيَعْلَمُ مَا تَكْتُمُونَ﴾، بە دڵنیایی ئەو (خوا) قسەیەک کە دەنگی پێ هەڵدەبڕن و بە ئاشکرا دەیکەن، دەیزانێ و، ئەوەش کە پەنهانی دەکەن، هەر دەیزانێ، ﴿وَإِنْ أَدْرِى﴾، یانی: هەروەها ناشزانم، ﴿لَعَلَّهُۥ فِتْنَةٌ لَّكُمْ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ﴾، ئەو دواخستنەی ئێوە، لە سزادران دا، یان دواخستنی ئەو بەڵێنەی خوا پێداون، ڕەنگە تاقیکردنەوە و پێگوزەراندنێکی کەم بێ بۆتان، تاکو کاتێکی دیاریکراو [پێی لە خۆتان بایی مەبن].

لە کۆتاییدا قسەی پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە، ﴿قَٰلَ رَبِّ ٱحْكُم بِٱلْحَقِّ﴾، (موحەممەد) فەرمووی: ئەی پەروەردگارم! بە هەق دادوەریی بکە، ﴿وَرَبُّنَا ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلْمُسْتَعَانُ﴾، پەروەردگاریشمان میهرەبانی پشت پێ بەستراوو داوای کۆمەکیی لێکراوە، ﴿عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ﴾، لەسەر ئەوەی ئێوە وەسفی دەکەن و دەیڵێن [دەربارەی خوا، کە هاوەڵ و ڕۆڵەی بۆ بڕیار دەدەن، هەروەها دەربارەی

پێغەمبەر ﷺ کە بە شێت و جادووگەری دادەنێن، دیسان دەربارەی قورئان، کە بە ئەفسانەی پێشینانی دادەنێن، لەسەر ئەو قسانەی ئێوە دەیانڵێن، ئەو وەسفە نابەجێیانەی بەرانبەر بە خوا و پێغەمبەر ﷺ و قورئان دەیانکەن، تەنیا پشت بە خوا دەبەستم و، داوای کۆمەکیی و یارمەتیی تەنیا لەو دەکەم].

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بەردەوام بوونی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی هەتا بەردانی یەئجووج و مەئجووج و نیزیک کەوتنەوەی قیامەت و، چاو زەق بوونی کافران و، دادو فیغان کردنیان و، دان بە ستەمکاریی خۆداهێنانیان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ۝٩٦ وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَٰوَيۡلَنَا قَدۡ كُنَّا فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا بَلۡ كُنَّا ظَٰلِمِينَ ۝٩٧ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ ﴾، ژیانی دنیا بەردەوام دەبێ، ئەم ژیانە بەردەوام دەبێ، هەتا کاتێ یەئجووج و مەئجووج دەکرێنەوە، واتە: ڕێیان لە بەردەمدا دەکرێتەوە و دەرفەتیان دەدرێ، هۆکار دەڕەخسێ کە یەئجووج و مەئجووج بە زەویدا بڵاوببنەوە.

یاخود: (حتی) پەیوەندیی بە وشەی (حرام)ەوە هەیە: ﴿ وَحَرَٰمٌ عَلَىٰ قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَآ أَنَّهُمۡ لَا يَرۡجِعُونَ ۝٩٥ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ ﴾الأنبياء، ئەوانە لێیان قەدەغەیە کە نەگەڕێنەوە بۆ سزا و پاداشت، لێیان قەدەغەیە، بەڵکو جارێ دەمێننەوە لە قۆناغی بەرزەخدا، بەڵام هەتا کاتێک کە یەئجووج و مەئجووج دێن و بە دنیا وەردەبن و، ئەم دنیایە دوایی کۆتایی پێ دێ، ئەو کاتە ئەوانە دەگێڕدرێنەوە و دەهێنرێنەوە بۆ لای خوا، بۆ سزا و پاداشت.

٢)- ﴿وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ﴾، ئەوان لە هەموو بەرزاییان زۆر بە خێرایی دەڕۆن، (حَدَبٍ)، یانی: بەرزایی (إرتفاع)، (يَنسِلُونَ)، یانی: بەخێرایی دەڕۆن (يُسرِعون)، ئنجا ئەگەر لە بەرزاییان بە خێرایی بڕۆن، مانای وایە لە پێ دەشت، زۆر خێراتر دەڕۆن، ئەمە وێناکردنی بەخێرایی بڵاوبوونەوەی یەئجووج و مەئجووجە بە زەویدا، لە کاتێکدا پێش ئاخیر زەمان، خوای پەروەرگار ئەو دیاردەیە دێنێتە پێش، کە لە فەرموودەکانی پێغەمبەریشدا ﷺ ئاماژەی پێدراوە و، ئێمە پێشتریش لە تەفسیری سوورەتی (الكهف) دا، باسی یەئجووج و مەئجووجمان کرد، کە ڕای زاڵترو بەهێزتر ئەوەیە مەبەست پێیان تەتەرو مەغۆل بێ، کە جارێک دەرچوون و بە دنیا وەربوون و جیهانی ئیسلام و جیهانی ڕۆژئاوایان و زۆربەی دنیایان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و، ئاژاوە و خراپەیەکی زۆریان بڵاوکردەوە.

جاری کۆتایی کە دەردەچن، نازانین داخۆ چەند جاری دیکە دەردەچن، بەڵام جاری کۆتایی کە دەردەچن، ئەو جارەیە کە ڕێیان لە بەردەمدا تەخت و ئاچووخ دەبێ و، بە دنیایە وەردەبن زۆر بە خێرایی، واش پێدەچێ ئەو خەڵکانەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بن، بە تایبەتی (چین) کە ئێستا ژمارەیان زۆر زۆرە و ئەوانی دیکەی وەک ئەوانیش، لە گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، دەشگونجێ مەبەست پێی قەومێکی دیکە بێ.

هەندێکیش گوتوویانە: یەئجووج و مەئجووج، خەڵکێکی زۆرن بە دنیا وەردەبن و، کاتی زیندوو کرانەوە و کاتی هەڵسێنرانەوەیەو یەئجووج و مەئجووج ڕەمزن بۆ خەڵکێکی زۆر، لە ڕۆژی دواییدا ئەو خەڵکە هەمووی دێتە سەر ئەو زەمینە و، دێتە ئەو گۆڕەپانە کە خوا بۆی ئامادەکردوون، کە ئەم ڕایەم پێ بێهێز و پێزە.

٣)- ﴿وَاقْتَرَبَ الْوَعْدُ الْحَقُّ﴾، بەڵێنی هەق نیزیک کەوتەوە، بەڵێنی هەق دەگونجێ مەبەست پێی (ساعَة) (ئاخیر زەمان) بێ، یاخود: مەبەست (قيامة) (هەڵسانەوە) بێ،

بە پێی ئەو تەفسیرەی کۆتایی کردم، دەگونجێ مەبەست لە: (**ٱلْوَعْدُ ٱلْحَقُّ**)، بەڵێنی چەسپاندنی هەق لە لایەن خواوە، ئەو بەڵێنەی داویەتی هەق بچەسپێنێ: خراپەکاران بە سزای خۆیان بگەن و، چاکەکاران بە پاداشتی خۆیان بگەن، یانی: نیزیک کەوتەوە کە خوا بەیەکجاریی ئەو تەصفیە حیسابە بکات و، هەر کەسە بە پێی سزا و پاداشتی خۆی، بۆ شوێنی خۆی بەڕێ بکرێ.

٤)- ﴿ فَإِذَا هِىَ شَٰخِصَةٌ أَبْصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، تۆ دەبینی ئەوانەی بێبڕوان، چاویان ئەبڵەق و زەق بووە، (**الشخوص: إِحْدَادُ البَصَرِ دُونَ تَحَرُّكٍ كَمَا يَقَعُ للمبهوت**)، (**شخوص**)، ئەوەیە کە ئینسان چاوی تیژ بکات و چاو ببڕێتە شتێک بێ جووڵاندن، وەک چۆن بابای سەراسیمە وای لێدێ، ئنجا کە چاویان ئەبڵەق و زەق بوو، دەڵێن:

٥)- ﴿ يَٰوَيْلَنَا قَدْ كُنَّا فِى غَفْلَةٍ مِّنْ هَٰذَا ﴾، ئەی هاوار بۆ ئێمە! ئێمە لەمە بێئاگا بووین، یانی: ئەی هاوار بۆ ئێمە! یاخود: هەی فەوتان بۆ ئێمە! ئێمە چیمان دەکرد؟

٦)- ﴿ بَلْ كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴾، بەڵکو ستەمکار بووین، ئەمە: (**إِضْرَابٌ إبطَالِيٌّ أي بَلْ أُنْذِرْنا، وَإِنَّمَا كُنَّا ظالمين لأنفسنا**)، ئێمە بێئاگا نەبووین، بەو واتایەی ئاگادار نەکرێینەوە، بەڵکو ئێمە ئاگادار کراینەوە و هۆشیارییمان پێدرا، بەڵام ئێمە ستەمکار بووین، ئەگەرنا پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ**) و، شوێنکەوتووانی پێغەمبەران، ئێمەیان ئاگادار کردەوە، کە ڕۆژێکی ئاوا چاوەڕێی ئێمەیە.

مەسەلەی دووەم:

بتپەرست و پەرستراوەکانیان دەبنە سووتەمەنیی دۆزەخ، ئنجا ئەگەر پەرستراوەکانیان پەرستراوی ڕاستەقینە بوونایە، نەدەچوونە دوزەخ و، لەوێدا نرکە و ناڵەیەکی سەختیان هەیە و هیچیش نابیستن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَٰرِدُونَ ﴿٩٨﴾ لَوْ كَانَ هَٰٓؤُلَآءِ ءَالِهَةً مَّا وَرَدُوهَا ۖ وَكُلٌّ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٩٩﴾ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَهُمْ فِيهَا لَا يَسْمَعُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ ﴾، بە دڵنیایی ئێوە خۆتان و ئەوەی لە جیاتی خوا دەیپەرستن، ئەوەی لە خوار خواوە دەیپەرستن، ئەوەی وێڕای خوا دەیانپەرستن، سووتەمەنیی دۆزەخن. (حَصَبُ جَهَنَّمَ)، (حَصَبُ)، بە مانای وردە بەرد دێ، بە مانای شتی فڕێدراو دێ، وردە بەردێک کە فڕێی دەدەی، واتە: ئێوە چۆن وردە بەرد فڕێ دەرێتە دۆزەخەوە، ئێوەش خۆشتان و پەرستراوانیشتان ئاوا فڕێ دەدرێنە دۆزەخەوە، وەک چۆن بەردێکی ورد بە تیژیی فڕێی دەدەی، ئێوەش ئاوا بە تیژیی فڕێ دەدرێنە دۆزەخەوە، یاخود (حَصَبُ) بە مانای سووتەمەنیی دێ، (حَصَبُ)، لێرەدا ناوە بە مانای (المرمی به)، ئەوەی فڕێ دەدرێ.

٢)- ﴿ أَنتُمْ لَهَا وَٰرِدُونَ ﴾، ئێوە دەیچنە نێو، لێرەدا (وَٰرِدُونَ)، بە مانای چوونەتێیان (داخلون)، دێ، پێم وایە بۆیە وشەی (وَٰرِدُونَ) بەکارهاتوە، چونکە پێشێ دەچنە سەر سوێی و بە ترس و لەرزەوە دەیبینن، دەزانن چ وەزعێکە، ئنجا دەیچنە نێو، کەواتە: بە تەئکید لێرەدا (وَٰرِدُونَ)، ئەو مانایەی نیە کە لە سوورەتی (مریم)دا هاتوە: ﴿ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾ ﴾، کە لەوێ واتە: هەمووتان

دەبرێنە سەر سوێی دۆزەخ، (ثُمَّ نُنَجِّي ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ) دوایی ئەوانەی پارێزیان کردوە، دەربازیان دەکەین، ﴿ وَّنَذَرُ ٱلظَّٰلِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا ﴿٧٢﴾ ﴾، بەڵام ستەمکاران بە لەپەوڕوو کەوتوویی، لەسەر چۆکان بەجێ دێڵین، لەوێدا (ورود)، جیایە و، لێرە جیایە، لەوێ واتە: دەچنە سەر سوێی، بەڵام لێرە یانی: دەیچنە نێو، پێشێ دەچنە سەر سوێی، دوایی دەیچنە نیو، پێم وایە حیکمەتی بەکارهێنانی (وَٰرِدُونَ)، لە جیاتی (داخلون)، لێرەدا ئەوەیە، ئەم مانایە لە تەفسیرەکاندا نەمبینیوە، بەڵام ئێستا هاتە زەینمەوە.

٣)- ﴿ لَوْ كَانَ هَٰٓؤُلَآءِ ءَالِهَةً مَّا وَرَدُوهَا ﴾، ئەگەر ئەوانە پەرستراو بوونایە، پەرستراوی ڕاستەقینە بوونایە، نەدەچوونە نێوی.

٤)- ﴿ وَكُلٌّ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴾، {کەچی نەک هەر دەیچنە نێو، بەڵکو} هەموویان لەوێدا بە هەمیشەیی دەمێننەوە.

٥)- ﴿ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ ﴾، لەوێدا هەناسەدانەوە (زفیر) بۆ ئەوان هەیە، (الزفیر: **النَّفَسُ يَخْرُجُ مِنْ أقصى الرئتين لِضَغْطِ الهَوَاءِ مِنَ التأَثُّرِ والغَمِّ**)، بە کوردیی هەنسک و نرکە و ناڵەی پێدەڵێن، چونکە (زفیر) پێچەوانەی (**شهیق**)ە، کە دەفەرموێ: ﴿ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ ﴿١٠٦﴾ ﴾، (زَفِيرٌ)، واتە: هەناسە دان، هەناسە خستنە دەر، هەوا خستنە دەر لە سیبەکان، لە ئەنجامی دڵ دا گیران دا، جاری وایە ئینسان هەناسەیەکی قووڵ دەر داوێ، ئەوە پێ دەگوترێ: (زفیر)، (**شهیق**)یش، واتە: هەناسە هەڵمژین، واتە: نرکە و ناڵە و هەنسکێکی سەختیان لەوێدا هەیە.

٦)- ﴿ وَهُمْ فِيهَا لَا يَسْمَعُونَ ﴾، ئەوان لەوێشدا هیچ نابیستن، لەبەر زرمە و گرمەی دۆزەخ و ناڕەحەتیی لەوێدا، هیچ قسەیەک نابیستن، یاخود: کۆئەندامی بیستنیان لە دەست دەدەن، یان: مەبەست ئەوەیە کە هیچ قسەیەکی خۆشی تێدا نابیستن، (**لا یسمعون فیها کلاماً طیّباً**) هەموو ئەو واتایانەی هەن.

مەسەلەی سێیەم:

ئەوانـەی پێشـتر بڕیـاری پاداشـتی چاکـی خوایـان بـۆ دراوە، لـە دۆزەخ دوورن، تەنانـەت لـە دوورەوەش گوێیسـتی هەسـت و خوسـتی نابـن و، بـە هـۆی بـەڵای داچڵەکێنـەری گەورەترینیشـەوە، دڵتـەنگ نابـن و، فریشـتەکان پێشـوازییان لـێ دەکـەن و دەڵێـن: ئـەوە ئـەو ڕۆژەتانـە کـە بەڵێنتـان پـێ دەدرا:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ سَبَقَتۡ لَهُم مِّنَّا ٱلۡحُسۡنَىٰٓ أُوْلَٰٓئِكَ عَنۡهَا مُبۡعَدُونَ ١٠١ لَا يَسۡمَعُونَ حَسِيسَهَاۖ وَهُمۡ فِي مَا ٱشۡتَهَتۡ أَنفُسُهُمۡ خَٰلِدُونَ ١٠٢ لَا يَحۡزُنُهُمُ ٱلۡفَزَعُ ٱلۡأَكۡبَرُ وَتَتَلَقَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ هَٰذَا يَوۡمُكُمُ ٱلَّذِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ١٠٣﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ سَبَقَتۡ لَهُم مِّنَّا ٱلۡحُسۡنَىٰٓ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی پێشتر لە ئێمەوە هەرە باشیان بۆ بڕیار دراوە.

٢)- ﴿أُوْلَٰٓئِكَ عَنۡهَا مُبۡعَدُونَ﴾، ئا ئەوانە لەوێ دوورخراوەن، لە دۆزەخ دوورن، ڕاناوی (عنها) بۆ دۆزەخ دەچێتەوە، دوورخراوەن لە دۆزەخ، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿سَبَقَتۡ لَهُم مِّنَّا ٱلۡحُسۡنَىٰٓ﴾، (مجازٌ فِي ثُبوتِ الأَمْنِ فِي الماضي)، ئەمە مەجازە بۆ چەسپاندنی دڵنیایی و ئەمینیی لە ڕابردوودا، یانی: پێشتر ئەو بڕیارەیان بۆ دراوە، (الحسنى: الحَالَةُ الحسنةُ فـي الدِّين)، حاڵەتی باش لە دینداریدا، ئەوانەی کە پێشتر بڕیاریان بۆ دراوە، خوا هیدایەتی بە قسمەت کردوون لەبەر ئەوەی شایستەی بوون، ئەوانە لە دۆزەخ دوورن.

واتایەکـی دیکـەی: ئەوانـەی کـە پاداشـتی هـەرە باشـیان بـۆ بڕیـار دراوە لـە لایـەن خـواوە، لەبـەر ئـەوەی لـە دنیـادا خاوەنـی خەسـڵەتی هـەرە بـاش بـوون، کـە ئیمان و

تەقوا بووە، لە دوا ڕۆژیشدا پاداشتی هەرە باشیان دەبێ لە لایەن خواوەو ئەوەیان بۆ بڕیار دەدرێ، ئا ئەوانە لە دۆزەخ دوورن.

٣)- ﴿ لَا يَسْمَعُونَ حَسِيسَهَا ﴾، تەنانەت گوێبیستی ئەو دەنگەش نابن کە لە دوورەوەش دەبیسترێ، کەواتە: هێندەی لێ دوورن، لە دوورەوەش دەنگی نەبیستن، مانای وایە نەک هەر لە دۆزەخ نیزیک نابنەوە، بگرە لە دوورەوەش دەنگی نابیستن.

٤)- ﴿ وَهُمْ فِي مَا اشْتَهَتْ أَنفُسُهُمْ خَالِدُونَ ﴾، هەروەها ئەوان لەوێدا، لە هەرچی دا کە نەفسیان ئارەزوومەندیەتی و ئارەزووی دەکات، بە هەمیشەیی دەمێننەوە، واتە: لە بەهەشتەکانی خوادا، کە هەرچی نەفسیان ئارەزووی بکات، لەوێدا هەیە.

٥)- ﴿ لَا يَحْزُنُهُمُ الْفَزَعُ الْأَكْبَرُ ﴾، گەورەترین داچڵەکینەر دڵتەنگیان ناکات، (الفَزَعُ: نَفْرَةُ النَّفْسِ وَانْقِبَاضُهَا مِمَّا تَتَوَقَّعُ أن يَحْصُلَ لَهَا مِنَ الأَلَمِ)، (فَزَع) بریتیە لە ترسان و سڵەمینەوەی نەفس و ڕێک هاتنی نەفس، لەوەدا کە مەترسیی هەیە و، لە ئازارو ئێش، تووشی ببێت، (الْفَزَعُ الْأَكْبَرُ)، واتە: گەورەترین ترس، کە خەڵک بە هۆیەوە دادەچڵەکێ و، ڕێک دێ و ناڕەحەت دەبێ، ئەوانە ئەو گەورەترین داچڵەکینەرو ناڕەحەتکەرە، دڵتەنگیان ناکات.

٦)- ﴿ وَتَتَلَقَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ﴾، هەروەها فریشتەکان پێشوازییان لێدەکەن، (تَلَقِّي) بریتیە لەوەی شتێک بەرەو ڕووی بچی، وەک ڕێز لێگرتن و پێشوازییکردن.

٧)- ﴿ هَٰذَا يَوْمُكُمُ الَّذِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴾، پێیان دەڵێن: ئەوە ئەو ڕۆژەتان بوو، کە ئێوە پێشتر بەڵێنتان پێ دەدرا، ئەوە ئەو ڕۆژەتان بوو کە موژدەتان پێدەدرا، کەواتە: خۆشیی لە خۆتان و پیرۆزباییان لێ دەکەن و پێشوازییان دەکەن.

مەسەلەی چوارەم:

ڕۆژێک دێ خوا ئەوەی دروستیکردوە {واتە: گەردوون} وەک تۆماری نووسین دەپێچێتەوەو، دەیگێڕێتەوە حاڵەتی سەرەتای کە لێیەوە هاتوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ نَطْوِي ٱلسَّمَآءَ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلْكُتُبِۚ كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥۚ وَعْدًا عَلَيْنَآۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿١٠٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ يَوْمَ نَطْوِي ٱلسَّمَآءَ ﴾، ئەو ڕۆژە کە ئاسمان دەپێچینەوە، **(الطَّيُّ: ضِدُّ النَّشْرِ وردُّ بَعض أَعْضاء الجِسْمِ اللَّيِن المطلق عَلَى البَعْضِ الآخر)**، شتێکی نەرم کە بەرهەڵدا کراوە و پان ڕاخراوە و بڵاو کراوە، هەندێکی بخەیەوە سەر هەندێکی، دەگوترێ: **(الطي)**، پێچرانەوە و ڕێک نوشتین، یانی: ئەو ڕۆژە کە ئاسمان ڕێک دەنوشتین و دەپێچینەوە و خڕی دەکەینەوە سەر یەک.

٢)- ﴿ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلْكُتُبِ ﴾، وەک پێچرانەوەی تۆمارێک کە شتی تێدا نووسراوە، وشەی (سجل) هەم بە مانای ئەو پەڕەی کە شتی تێدا دەنووسرێ، هاتوە، هەم بە نووسەری ئەو پەڕەیەش دەگوترێ، واتە: وەک چۆن بابای نووسەر شتێک کە دەنووسێ، هەڵی دەوێژنێ و ڕێکی دەنووشتێ و دەپێچێتەوە، ئێمەش ئاوا ئاسمان دەپێچینەوە، ئەمە واتایەکی.

یان: وەک چۆن ئەو تۆمارەی کە شتی تێدا نووسراوە، دەپێچرێتەوە، ئێمەش ئاوا گەردوون دەپێچینەوە، وشەی (كُتُب)، خوێندراویشەتەوە: (كِتابُ)، **(كَطِي السِّجلِّ للكتاب)**، هەردوو خوێندنەوەکەی هاتوون و یەک ماناشیان هەیە.

٣)- ﴿كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ﴾، وەک یەکەم جار ئەو دروستکراوەمان دروست کردوە، ئاوا دەیگێڕینەوە، وشەی (خلق) لێرەدا بە مانای (**مخلوق**)ە، ئەو دروستکراوە، ئەو گەردوونە، وەک یەکەم جار هێنامانە دی، ئاوا دەیگێڕینەوە بۆ ئەو حاڵەتە.

تیشکێك لەسەر ڕستەی: ﴿كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ﴾

(**البَدء: الفِعْلُ الَّذِي لَمْ يَسبِقْهُ مُمَاثِلُه**)، (بَدء) بریتیە لە کردەوەیەک کە هاوونەی پێش نەکەوتبێ، یەکەمجار ئەو گەردوونە خوا چۆنی هێناوەتە دی، ئاوا دواجار دەیگێڕێتەوە بۆ ئەو حاڵەتەی، ئێمە پێشتر لە تەفسیری سووڕەتی (یونس)دا، باسی ئەوەمان کرد، هەروەها لەم سووڕەتەش، لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾﴾، ئاماژەمان پێدا.

نوێترین بیردۆزەش لەوبارەوە ئەوەیە کە ئەم گەردوونە، لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی گەورەدا پەیدا بووە، کە پێی دەگوترێ: تەقینەوەی گەورە (Big Bang)، (الإنفجار الكبير) ئەوەی تەقیوەتەوەش تەنێکی یەکجار گچکە بووە، کە یەکەی گەردوونی (الوحدة الكونية) یان هێلکەی گەردوونیی (البيضة الكونية)ی پێدەگوترێ بە ئینگلیزیی سینگولاریتیی (Singularity)، دەڵێن: بەردەوام کەهکەشانەکان و ئەستێرەکان لێک دوور دەکەنەوە تاکو کاتێک کە خوا دەزانێ، جارێکی دیکە ئەم گەردوونە دێتەوە یەک و، لەو حاڵەتی ماددەی سادەی کە لێوەی دەست پێکرد، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حاڵەتە، کە هەر خوا دەزانێ چۆنە، بە هەر حاڵ ئەوە ئاماژەیە بەوە، بەڵام ئاماژەی بە شتێکی دیکەش تێدا هەیە: ﴿كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ﴾، دەگونجێ مەبەست پێی مرۆڤەکان بێ، یانی: مرۆڤەکانمان پێشێ چۆن هێناونە دی، ئاوا دەیانگێڕینەوە بۆ ئەو حاڵەتە.

٤)- ﴿وَعۡدًا عَلَيۡنَآۚ﴾، ئەوە بەڵێنێکە لەسەر ئێمە.

٥)- ﴿إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ئەنجامدەری ئەوەین.

ئنجا بەو مانایەی دووەمیان کە مەبەست پێی مرۆڤەکان بێ، ئەم فەرمایشتە هەیە:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَامَ فِينَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ خَطِيبَاً بِمَوْعِظَةٍ فَقَالَ: يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّكُمْ تُحْشَرُونَ إِلَى اللَّهِ حُفَاةً عُرَاةً غُرْلاً، ثم تلا: ﴿كَمَا بَدَأۡنَآ أَوَّلَ خَلۡقٖ نُّعِيدُهُۥۚ وَعۡدًا عَلَيۡنَآۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ١٠٤﴾} (أخرجه الطيالسي: ٢٦٣٨، وأحمد: ٢٢٨١، والبخاري: ٤٣٤٩، مسلم: ٢٨٦٠، والترمذي: ٣١٦٧، والنسائي: ٢٠٨٧).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێک هەڵسا وتاریداو ئامۆژگاریی کردین، فەرمووی: ئەی خەڵکینە! ئێوە بۆ لای خوا کۆدەکرێنەوە بە پێخواسیی و بە ڕووتیی و بە سوننەت نەکراویی، ئنجا ئەو ئایەتەی خوێندنەوە: ﴿كَمَا بَدَأۡنَآ أَوَّلَ خَلۡقٖ نُّعِيدُهُۥۚ وَعۡدًا عَلَيۡنَآۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ١٠٤﴾، وەک یەکەمجار دروستکراومان هێناوەتە دی، ئاوا دەیگێڕینەوە، ئێمە ئەنجامدەری ئەوەین.

ئەگەر مەبەست پێی مرۆڤەکان بێ: یانی: چۆن لە دایکی خۆیان بوون، ئاوا دەیانگێڕینەوە بۆ ئەو حاڵەتەی ئینسان تێیدا لە دایک دەبێ، بێ بەرگ و پۆشاک و بێ پێڵاو و، هیچ گۆڕانێک بەسەر جەستەیدا نەهاتوە، دەیگێڕینەوە بۆ ئەو حاڵەتە.

بەڵام ئەگەر مەبەست پێی گەردوون بێ بە گشتیی، یانی: ئەو بوونە چۆن لە خاڵێکەوە دەستپێکردوە، دەیگێڕینەوە بۆ ئەو حاڵەتە و خاڵی دەستپێکی.

مەسەلەی پێنجەم:

خوا لە زەبووردا دوای تەورات تۆماری کردوە کە بەندە شایستەکانی سەرزەمین بە میرات دەگرن، ئەمەش پەندی بە ئامانج گەیەنەرە بۆ خواپەرستان و، پێغەمبەری کۆتاییش ﷺ بەزەیی خوایە، بۆ سەرجەم جیهانییان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِى ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعْدِ ٱلذِّكْرِ أَنَّ ٱلْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِىَ ٱلصَّٰلِحُونَ ﴿١٠٥﴾ إِنَّ فِى هَٰذَا لَبَلَٰغًا لِّقَوْمٍ عَٰبِدِينَ ﴿١٠٦﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِى ٱلزَّبُورِ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە لە زەبووردا تۆمارمان کردوە و نووسیومانە، خوێندراویشەتەوە: (فِي الزُّبُر).

أ- ئنجا ئەگەر (ٱلزَّبُورِ) بێ، دەگونجێ بە مانای کتێب (كتاب) بێ بە موتڵەقیی، یانی: لە کتێبی خۆماندا، ئەویش بریتی بووە لە وەحیی خوا، کە دوای نووسرانەوەی، کراوە بە کتێب، ئنجا بە ئیعتیباری خوێندرانەوەی پێی دەگوترێ: قورئان و، بە ئیعتیباری نووسران، پێی دەگوترێ: کتێب و، بە ئیعتیباری ئەوە کە بە شێوەیەکی پەنهان بۆ پێغەمبەران هاتوە، پێی دەگوترێ: وەحیی و، بە ئیعتیباری ئەوە کە ڕاستییەکان دەخاتەوە بیر مرۆڤەکان، پێی دەگوترێ: (ذكر)، دەفەرموێ: ئێمە لە زەبووردا کە دەگونجێ کتێب بێ، بەگشتیی یاخود مەبەست ئەو کتێبە بێ کە بە داوود دراوە: ﴿ وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا ﴿٥٥﴾ ﴾الإسراء، کە لە پەیمانی کۆندا بە (مزامیر)، کە کۆی (مزمور)ە، هاتوە.

ب- ئەگەر بە (الزُّبُر)یش بخوێندرێتەوە، یانی: لە کتێبەکاندا، نووسیومانە.

٢)- ﴿مِنۢ بَعۡدِ ٱلذِّكۡرِ﴾، دوای زیکر، زیکریش یانی: دوای ئەوەی ڕاستییەکانمان ڕوونکردوونەوە، یاخود (ٱلذِّكۡرِ)، ناوێکە بۆ تەوڕات، یان سیفەتی تەوڕاتە، واتە: دوای تەوڕات، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ٱلۡفُرۡقَانَ وَضِيَآءٗ وَذِكۡرٗا لِّلۡمُتَّقِينَ ﴿١٨﴾﴾، واتە: مووسا و هاڕوون (فوڕقان و ضیاء و زیکر)مان پێدابوون بۆ پارێزکاران.

ئنجا ئایا خوا چی تۆمارکردوە و چی نووسیوە لە زەبووردا، دوای زیکر؟!

٣)- ﴿أَنَّ ٱلۡأَرۡضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ ٱلصَّٰلِحُونَ﴾، کە سەرزەمین بەندە شایستەکانم بە میراتی دەگرن، ئایا مەبەست لە زەوی، ئەم زەمینەی دنیایە؟ یاخود مەبەست لە زەوی، سەر زەمینی بەهەشتە؟ هەردووک ئەگەرەکەی هەن.

أ- بە نسبەت سەرزەمینی بەهەشتەوە، خوا دەفەرموێ: ﴿وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي صَدَقَنَا وَعۡدَهُۥ وَأَوۡرَثَنَا ٱلۡأَرۡضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلۡجَنَّةِ حَيۡثُ نَشَآءُۖ فَنِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ﴿٧٤﴾﴾الزمر، واتە: پارێزکاران گوتیان: ستایش بۆ ئەو خوایەی بەڵێنی لەگەڵ ئێمەدا ڕاست بردە سەرو سەرزەمینی، {سەرزەمینی بەهەشتی} کردە میراتی ئێمە، ئێمە لە هەر شوێنێکی بەهەشتدا بمانەوێ نیشتەجێ دەبین.

ئەگەر مەبەست پێ ئەوەیان بێ، واتە: خوا تۆماری کردوە کە سەرزەمینی بەهەشت لە گرەوی بەندە پەسندو چاکەکانی خوا دایە و، ئەوان بە میراتی دەگرن.

ب- ئەگەر مەبەست ئەم سەرزەمینەی دنیاش بێ، دیسان ئەوانەی کە شایستە بن لەم سەرزەمینی دنیادا، دەبنە حوکمڕان و باڵادەست، دەبێ شایستە بن، لێرەدا (ٱلصَّٰلِحُونَ) ئەگەر ئەوەی یەکەم بێ واتە: بۆ خوا صوڵحاوبن، بەڵام ئەگەر ئەمەیان بێ واتە: بۆ ژیانی دنیا صوڵحاوبن، شایستە بن، بە توانابن، زانابن، شارەزابن، کراوەبن، لێهاتووبن، ئنجا دەبنە حوکمڕان و دەستەڵاتدار لە زەویدا، هەڵبەتە بە هۆی ئایین و بەرنامەی خوا و بەندایەتیی بۆ خواشەوە، بە تەئکید بۆ مرۆڤەکان شایستەیی ئەوەیان دەبێ، کە خوا لەسەر زەویدا حوکمڕانییان پێبدات، هەروەک هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ وابوون و جیلەکانی دوایی مسوڵمانان زۆریان وابوون، هەر بۆیەش دوایی دەفەرموێ:

٤)- ﴿ إِنَّ فِى هَٰذَا لَبَلَٰغًا لِّقَوْمٍ عَٰبِدِينَ ﴾، بێگومان لەوەدا پەندو ئامۆژگارییەکی بە ئامانج گەیەنەر هەیە بۆ کۆمەڵێکی خواپەرست، واتە: ئەوانەی کە خواپەرست بن و، بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، بە هۆی بەندایەتیی بۆ خواوە، وایان لێ دێ بە کەڵکی ئەوە بێن، سەرزەمینی خوا بە میرات بگرن و خوا باڵادەستیان بکات.

٥)- ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ﴾، خوا پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەدوێنێ: تۆشمان نەناردوە مەگەر بەزەیی بی بۆ تێکڕای جیهانییان، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەحمەت و بەزەیی خوایە بۆ تێکڕای خەڵکی، نەیفەرموە: (رحمة للمُسلمين)، فەرموویەتی: (رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ)، ئنجا بەشەر هەمووی پێی دەگوترێ: جیهان (عالم) (عالمُ الإنس)، (عالمُ الجن)، (عالمُ الملائكة)، (عالمُ الشّجر)، (عالمُ النُبات)، (عالم الجماد) پێغەمبەری خاتەم (محمد)یش ﷺ ئەو پەیام و بەرنامەی خوا پێیدا ناردوە، ئەگەر بچەسپێ، ئەو پەیام و بەرنامەیە، مایەی ڕەحمەت و بەزەیی خوایە، بۆ تێکڕای دروستکراوەکان، لەو بارەوە چەند فەرمایشتێکی پێغەمبەر ﷺ هەن:

١)- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **{إِنِّي لَمْ أُبْعَثْ لَعَّانًا، وإِنَّمَا بُعِثْتُ رَحْمَةً} (أخرجه مسلم برقم: ٢٥٩٩).**

واتە: من بە نەفرینکەر نەنێردراوم، بەڵکو بە ڕەحمەت و بەزەیی نێردراوم، ڕەوانەکراوم.

٢)- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **{اللّهم أَيُّمَا رَجُلٍ مِنْ أُمَّتِي سَبَبْتُهُ فِي غَضَبِي، أَوْ لَعَنْتُهُ لَعْنَةً، فَإِنَّمَا أَنَا رَجُلٌ مِنْ وَلَدِ آدَمَ، أَغْضَبُ كَمَا يَغْضَبُونَ، وَإِنَّمَا بَعَثَنِي رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ، فَاجْعَلْهَا صَلَاةً عَلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ} (أخرجه أحمد: ٢٣٧٥٧، وأبو داود: ٤٦٥٩، والبخاري في الأدب المفرد: ٢٣٤، والبزار: ٢٥٣٢).**

واتە: ئەی خوایە! هەر پیاوێک لە ئوممەتی خۆم قسەیەکم پێ گوتبێ، لە کاتی توڕەبوونمدا، یان نەفرینێکم لێ کردبێ، من پیاوێکم وەک ڕۆڵەکانی ئادەم، تووڕە دەبم وەک چۆن ئەوانیش تووڕە دەبن، بەڵام خوا منی بە ڕەحمەت

ناردوە بۆ هەموو جیهانییان {بۆیە ئەو قسەیەی پێم گوتوە و، ئەو نەفرینەی لێم کردوە} لە ڕۆژی قیامەتدا بۆی بکە بەبەزەیی، واتە: لە خوا پاڕاوەتەوە کە هەر کەسێ قسەی پێ گوتبێ و نەفرینی لێ کردبێ، بۆی بکات بە مایەی ڕەحمەت و بەزەیی.

٣)- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إنَّما أنَا رَحْمَةٌ مُهْدَاة} (أخرجه الحاكم: ١٠٠، وقالَ: هذا حديث صحيح على شرطهما، وقال الذهبي في التلخيص : على شرطهما، وتفرُّد الثقة مقبول، وأخرجه الدارمي: ١٥، قال حسين سليم أسد: إسناده صحيح ولكنه مرسل).

واتە: بە دڵنیایی من تەنیا بەزەییەکی خەڵاتکراوم (بۆ مرۆڤایەتیی).

مەسەلەی شەشەم:

فەرمان کردنی خوا بە پێغەمبەر ﷺ کە یەکتایی خوا ڕابگەیەنێ لە پەرستراوێتییدا و بڵێ: ئەوە هەمووتانم بە یەکسانیی ئاگادار کردەوەو، ناشزانم بەڵێنی خوا نیزیکە یان دوورە و، خواش ئاشکرا و پەنهان دەزانێ و، ڕەنگە ئەو دوا خستنەی ئەو بەڵێنەش {ئنجا ئەگەر سزایە، ئەگەر هاتنی قیامەتە} تاقیکردنەوە و گوزەرانێکی کاتیی و کەم بێ بۆ ئێوە، پاشان خوا پاڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ باس دەکات، دەفەرموێ: خوایە! بە هەق دادوەریی بکە و، لە بەرانبەر ئەوەشدا کە کافرەکان دەیڵێن و وەصفی دەکەن، پەنا پێبراوی من، بەس خوای خاوەن بەزەیی و میهرەبانیی بێسنوورە:

خوا دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّمَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٨﴾ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُلْ ءَاذَنتُكُمْ عَلَىٰ سَوَآءٍ ۖ وَإِنْ أَدْرِىٓ أَقَرِيبٌ أَم بَعِيدٌ مَّا تُوعَدُونَ ﴿١٠٩﴾ إِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلْجَهْرَ مِنَ ٱلْقَوْلِ وَيَعْلَمُ مَا تَكْتُمُونَ ﴿١١٠﴾ وَإِنْ أَدْرِى لَعَلَّهُۥ فِتْنَةٌ لَّكُمْ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿١١١﴾ قَٰلَ رَبِّ ٱحْكُم بِٱلْحَقِّ ۗ وَرَبُّنَا ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١١٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿قُلْ إِنَّمَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ﴾، بڵێ: بە دڵنیایی من بەس ئەوەم بۆ سروش دەکرێ (لە بارەی پەرستنی خواوە)، کە پەرستراوی ئێوە یەک پەرستراوە، ئەویش خوایە ﷻ، ئێمە دەڵێین: (لا إله إلاّ الله)، واتە: جگە لە خوا هیچ پەرستراوێک نیە، پەرستراوی بە هەق، ئەگەرنا پەرستراوی بە ناهەق زۆرن.

٢)- ﴿فَهَلۡ أَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾، واتە: ئنجا ئایا ئێوە لە دوای ئەم ڕوونکردنەوەیەو، ئەو ڕاگەیاندنە ڕوون و ڕۆشنە، ملکەچن بۆ خوا، کە تەنیا ئەو بپەرستن و، واز لە هاوبەش بۆ خوا دانان (الإشراك بالله) بێنن؟!

٣)- ﴿فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُلۡ ءَاذَنتُكُمۡ عَلَىٰ سَوَآءٖ﴾، ئنجا ئەگەر پشتیان تێکرد، ڕۆیشتن و وازیان هێنا، واتە: ڕوویان لە هەق وەرچەرخاند، ئەوە هەمووتانم بە یەکسانیی ئاگادار کردۆتەوە، (ءَاذَنتُكُمۡ: أي أعلمتكم)، ئاگاردارم کردوونەوەو، هۆشیارم کردوونەوە، (سَوَآءٖ: مستوٍ، أي مستوين في إعلامكم بهِ)، واتە: هەمووتان وەک یەک ئاگادارم کردوونەوە، جیاییم پێ نەکردوون، یەکێک چاک ئاگاداربکەم و یەکێک خراپ.

٤)- ﴿وَإِنۡ أَدۡرِيٓ أَقَرِيبٌ أَم بَعِيدٞ مَّا تُوعَدُونَ﴾، ناشزانم: ئایا ئەوەی بەڵێنتان پێ دەدرێ، نیزیکە یان دوورە؟ ئەوەی بەڵێنیان پێ دەدرێ:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی هاتنی ئاخیر زەمان بێ.

ب- دەگونجێ مەبەست پێی هاتنی قیامەت و هەڵسانەوە و زیندووکرانەوە بێ.

ج- دەگونجێ مەبەست پێی بەڵاو سزای دنیا بێ.

د- دەگونجێ مەبەست پێی ئەو هەڕەشەیە بێ کە ئێوە لە دنیادا، دوایی لە بەرانبەر ئەهلی ئیسلامدا شکست دەخۆن.

گرنگ ئەوەیە من نازانم ئەوەی کە بەڵێنتان پێ دەدرێ و هەڕەشەتان پێ لێدەکرێ، نیزیکە یان دوورە؟

٥)- ﴿إِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلۡجَهۡرَ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ﴾، بە دڵنیایی ئەو (خوا) قسەی ئاشکرا و بە دەنگی بەرز دەزانێ.

٦)- ﴿وَيَعۡلَمُ مَا تَكۡتُمُونَ﴾، دەشزانێ ئەوەی پەنهانی دەکەن و دەیشێرنەوە، یانی: (وما تكتمون من القول)، ئەو قسەیەی کە پەنهانیشی دەکەن، ئەویش دەزانێ و، ئەوەش کە بە ئاشکراش دەیکەن، دەیزانێ.

٧)- ﴿ وَإِنْ أَدْرِي لَعَلَّهُۥ فِتْنَةٌ لَّكُمْ ﴾، من ناشزانم ڕەنگە ئەو دواخستنی سزایە، بەڵا یان هاتنی قیامەت، یان هاتنی ئاخیرزەمان، بۆ ئێوە تاقیکردنەوە بێ.

٨)- ﴿ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴾، هەروەها بەهرەوەرگرتنێك بێ، تاكو ماوەیەكی كەم (متاع: ما يُنْتَفَعُ به مُدّة قليلة)(متاع) ئەوەیە كە بەهرەی لێوەردەگیرێ بۆ كاتێكی كەم، واتە: ڕەنگە ژیان و گوزەرانێكی كەم و كاتیی بێت، واتە: پێی بوغڕا مەبن، پێی لە خۆتان بایی مەبن، پێتان وانەبێ كە لێپرسینەوە و سزا و پاداشت لە ئارادا نیە، ئەوە بەس تاقیكردنەوەیەكە و ڕابواردنێكی كەم و كاتییە.

٩)- ﴿ قَٰلَ رَبِّ ٱحْكُم بِٱلْحَقِّ ﴾، گوتی: پەروەردگارم! بە هەق دادەوریی بكە، بە تەئكید پێغەمبەر ﷺ گوتی، هەروەك خوێندراویشەتەوە: (قُلْ رَبِّ احْكُم بالحَقِّ)، بڵێ: پەروەردگارم! بە هەق و ڕاستیی و دادگەرانە، دادوەریی بكە (لە نێوان من و ئەواندا).

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە كە ئایندە لە گرەوی ئەم ئایینە دایە، سەرەنجام خوای هەق، خوای پەروەردگار عزوجل بە هەق لە نێوان ئەوان و ئەهلی ئیسلام دا دادوەریی دەكات، كە دەچەوسێنرێنەوە، ئەو كاتە لە مەككەو، ئێستا لە دنیادا، بەڵام سەرەنجام ئایندە لە گرەوی ئەهلی ئیسلام دایە، ئەگەر ڕاست بكەن.

شایانی باسە: ﴿ قَٰلَ رَبِّ ٱحْكُم بِٱلْحَقِّ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (قُلْ)، وشەی (رَبِّ)یش، هەم بە ژێر (كَسْر) خوێندراوە: (رَبُّ احكم)، هەم خوێندراوەتەوە: (رَبِّي احْكُم)، واتە: بە (ی)ش خوێندراوەتەوە، هەردوو خوێندنەوەكان یەك واتایان هەیە.

١٠)- ﴿ وَرَبُّنَا ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلْمُسْتَعَانُ ﴾، پەروەردگاریشمان خاوەن بەزەیی بێسنوورو میهرەبانی پشت پێ بەستراوە و، داوای هاوكاریی لێكراوە، (ٱلْمُسْتَعَانُ)، واتە: ئەو كەسەیە داوای هاوكاریی لێدەكرێ و، پشتی پێ دەبەسترێ و، هاواری تێ دەبەسترێ، پەروەردگارمان: خاوەنی ئەوپەڕی میهرەبانیی و بەزەییە، هەر ئەویشە كە پشتی پێ دەبەسترێ و، هاواری لێ دەكرێ و، داوای یارمەتیی لێ دەكرێ، لە بەرانبەر چیدا؟

١١)- ﴿ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴾، لەسەر ئەوەی کە ئێوە دەیڵێن، واتە: لەسەر ئەوەی کە ئێوە زمانتان وەصفی دەکات:

أ- لە بارەی خواوە ﷻ،

ب- لە بارەی قورئانەوە.

ج- لە بارەی موحەممەدەوە ﷺ کۆتا پێغەمبەری خوا.

د- لە بارەی ئیسلامەوە، واتە: ئەو قسانەی کە ئێوە بە ناهەق لە بارەی خواوە دەیانکەن، کە هاوبەشی هەیە و ڕۆڵەی هەیە، هەروەها لە بارەی قورئانەوە کە دەڵێن: ئەفسانەی پێشینانەو موحەممەد ﷺ لە خۆیەوە هەڵیبەستوە و، کەسی دیکە فێری کردوە، دیسان لە بارەی موحەممەدەوە ﷺ کە دەڵێن: لە خۆوە لافی پێغەمبەرایەتیی لێدەدا، یاخود جادووگەرە، یان شێتە، هەروەها لە بارەی ئیسلامەوە، ئەو شتە ناهەقانەی کە لەبارەیەوە دەیانڵێن: من پشتم بە خوا قایمە و، خوای منیش خاوەنی ئەوپەڕی میهرەبانیی و بەزەییە و، هەر ئەویش پشت پێبەسترا و و داوای یارمەتییلێکراوە، لە بەرانبەر ئەو قسانەدا کە ئێوە دەیانکەن.

واتە: بۆ بەتاڵکردنەوەو، پووچەڵکردنەوەی ئەو قسانەی ئێوە، پشتم بە خوا قایمە، کە خوا بە هۆی دابەزاندنی قورئان و سووڕەتەکانی قورئانەوە، ئەو قسانەی ئێوە، وەک بڵقی سەر ئاو بپووچێنێتەوە، هەر واش بووە.

لێرەشدا زۆر سوپاس و ستایشی خوا دەکەین، کە کۆتایی بە تەفسیرو لێکدانەوەی ماناو مەبەستەکانی ئایەتە موبارەکەکانی سووڕەتی (الأنبیاء) دێنین، لە خوای پەروەردگار دەپاڕێینەوە بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتیمان بدات، ئێمەش لەسەر ڕێبازی پێغەمبەری خاتەم ﷺ بەردەوام بین و، یارمەتیمان بدات هەرچی زیاتر لە قورئان تێبگەین و، زیاتر پێوەی پابەندبین، هەم تێیبگەین، هەم تێیدا پێبگەین، خۆمان و دەوروبەرمان، لەو نوورو بەرەکەتەی قورئان و

ئیسلام بەهرەمەند بین، هەم ژیانی دنیامان پڕ لە بەختەوەریی بێ، هەم لە دوارۆژیش دا سەرفرازو شادمان بین.

دواپێداچوونەوە :

٢٩/١٠/٢٠٢٠ز --- ١٢ / ڕەبیعی یەکەم / ١٤٤٢ك

نێـوەڕۆک

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی ٥
بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ لەبارەی ئەم تەفسیرەوە ١٠
پێشەکی ئەم بەرگە ١٢
أ- لە سوورەتی (طه) دا: ١٢
ب- لە سووڕەتی (الأنبیاء)دا: ١٣

تەفسیری سووڕەتی طه

دەستپێک ١٧
پێناسەی سووڕەتی (طه) و بابەتەکانی ١٧
١)- ناوی ئەم سووڕەتە: ١٧
٢)- ڕیزبەندیی لە موصحەف و هاتنە خواردا: ١٨
٣)- شوێنی دابەزینی: ١٨
٤)- ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سووڕەتە: ٢٣
٥)- نێوەڕۆکی: ٢٤
٦- دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێک: ٢٥

دەرسی یەکەم ٢٧

پێناسەی ئەم دەرسە ٢٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٢٩
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ٣٠
مانای گشتیی ئایەتەکان ٣٢
مەسەلە گرنگەکان ٣٦

دەرسی دووەم ٤٣

پێناسەی ئەم دەرسە ٤٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٤٧
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان....................................... ٥٠
مانای گشتیی ئایەتەکان ٥٥
مەسەلە گرنگەکان ٦٦
کورتە باسێک: ٩٢
وەڵامەکەی مووسا و دوو بەڵگەی نکووڵییلێنەکراو لەسەر بوونی خوا: ١١١

دەرسی سێیەم....................................... ١٢١

پێناسەی ئەم دەرسە ١٢٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ١٢٥
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان....................................... ١٢٧
چەند زانیارییەک لە پەیمانی کۆنەوە:....................................... ١٢٩
مانای گشتیی ئایەتەکان ١٣٠
مەسەلە گرنگەکان ١٤٢
پێناسەی جادوو و چوار جۆرەکەی....................................... ١٥٧
جادوو، زانایان و شارەزایان بە گشتیی کردوویانە بە چوار جۆر:....................................... ١٥٧
پێنج وردە سەرنج ١٦٣

دەرسی چوارەم ١٧٣

پێناسەی ئەم دەرسە ١٧٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ١٧٧
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان....................................... ١٧٩
مانای گشتیی ئایەتەکان ١٨٤
مەسەلە گرنگەکان ١٩٥

ئایا سامیریی کێ بووە؟.......... ٢٠٦
سێ وردە سەرنج.......... ٢١٧
ئایا مووسا هەقی بووە، یان هاڕوون؟.......... ٢٢٥
قسە دابڕین لە ئەهلی بیدعەت و هەڵوەستەیەك:.......... ٢٣٥
سێ جۆرە لێکدانەوە بۆ بیانووی سامیریی لە دروستکردنی (گۆلک)ەکەدا.......... ٢٣٨

دەرسی پێنجەم.......... ٢٤١

پێناسەی ئەم دەرسە.......... ٢٤٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان.......... ٢٤٤
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.......... ٢٤٥
مانای گشتیی ئایەتەکان.......... ٢٤٨
مەسەلە گرنگەکان.......... ٢٥٦
حاڵی چیایەکان لە دواڕۆژدا، لە پێنج قۆناغ دا کورت هەڵدێ:.......... ٢٦٣
لەنێوان پەلە کردن و خێرایی کردن دا:.......... ٢٧٢
لەو بارەوە با ئەو دوو فەرموودەیە بێنین:.......... ٢٧٣
لەکۆتایی ئەم دەرسەدا دەڵێین:.......... ٢٧٤

دەرسی شەشەم.......... ٢٧٧

پێناسەی ئەم دەرسە.......... ٢٧٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان.......... ٢٨٠
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.......... ٢٨١
مانای گشتیی ئایەتەکان.......... ٢٨٤
مەسەلە گرنگەکان.......... ٢٩٠
دوو پرسیار لەبارەی ئادەمەوە و وەڵامەکەیان :.......... ٢٩١
بەهەشتی هەمیشەیی، یان باخێکی سەر زەوی؟!.......... ٢٩٩
وەڵامی سێ پرسیار:.......... ٣١١

دەرسی حەوتەم ٣١٣

پێناسەی ئەم دەرسە ٣١٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٣١٦
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ٣١٧
مانای گشتیی ئایەتەکان ٣١٨
مەسەلە گرنگەکان ٣٢٢
نوکتەیەکی ڕەوانبێژیی: ٣٢٤
دوو کورتە سەرنج ٣٢٨
وەرگرتنی دوو حوکمی گرنگ لەم ئایەتە بەپێزە: ٣٣٥

تەفسیری سووڕەتی الْأَنْبِيَاءِ

دەستپێک ٣٤٣
پێناسەی سووڕەتی (الأنبیاء) و بابەتەکانی ٣٤٣
١)- ناوی ئەم سووڕەتە: ٣٤٣
٢)- شوێنی دابەزینی: ٣٤٤
٣)- ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا: ٣٤٥
٤)- ژمارەی ئایەتەکانی: ٣٤٦
٥)- نێوەڕۆکی: ٣٤٦
٦)- تایبەتمەندییەکانی: ٣٤٧
٧)- دابەشکردنی بۆ چەند دەرسێک: ٣٤٨

دەرسی یەکەم ٣٥١

پێناسەی ئەم دەرسە ٣٥٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٣٥٥
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ٣٥٦

ماناى گشتيى ئايەتەكان ٣٥٩

مەسەلە گرنگەكان ٣٦٦

دەرسی دووەم ٣٨٧

پێناسەی ئەم دەرسە ٣٨٩

ماناى دەقاو دەقى ئايەتەكان ٣٩٠

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ٣٩٢

ماناى گشتيى ئايەتەكان ٣٩٦

مەسەلە گرنگەكان ٤٠٦

چەند قسەيەك لەبارەی بەرگە هەوای دەوری زەوییەوە: ٤٣١

دەرسی سێیەم ٤٣٧

پێناسەی ئەم دەرسە ٤٣٩

ماناى دەقاو دەقى ئايەتەكان ٤٤١

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ٤٤٢

ماناى گشتيى ئايەتەكان ٤٤٥

مەسەلە گرنگەكان ٤٥٤

دەرسی چوارەم ٤٧٣

پێناسەی ئەم دەرسە ٤٧٥

ماناى دەقاو دەقى ئايەتەكان ٤٧٦

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ٤٧٨

ماناى گشتيى ئايەتەكان ٤٨١

مەسەلە گرنگەكان ٤٩٢

کورتە باسێک دەربارەی وەڵامی ئیبراهیم ؑ: ٥٠٩

گەورەکەیان شکاندوونی ٥٠٩

دەرسی پێنجەم..................................٥٢٥

پێناسەی ئەم دەرسە ٥٢٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٥٢٩
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..٥٣١
مانای گشتیی ئایەتەکان ٥٣٥
مەسەلە گرنگەکان ٥٤٥
کورتە باسێک ٥٥٢
نۆ (٩) هەڵوەستەی کورت لە بەردەم ئەم ئایەتانەدا (٧٩-٨٠) ٥٥٢
بەسەرهاتی شەش لە پێغەمبەرانی پایە بەرز (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم).....................٥٨٩
یەکەم: بەسەرهاتی داوود ﵇ ٥٨٩
١)- ناوو ڕەچەڵەکی:..٥٨٩
٢)- دووبارە بوونەوەی ناوی (داوود):...٥٩٠
٣)- کورتەی ژیان و بەسەرهاتەو هەڵوێستەکانی داوود: ٥٩٠
٤)- موعجیزەکانی (داوود): ٥٩٧
٥- تەمەن و مردنی (داوود):...٥٩٨
دووەم: بەسەرهاتی سولەیمان..٦٠٠
١)- ناو و ڕەچەڵەکی:...٦٠٠
٢)- ژمارەی دووبارە بوونەوەی ناوی سولەیمان لە قورئاندا:.........................٦٠٠
٣)- کورتەی ژیان و بەسەرهاتی سولەیمان:...٦٠١
(با)یەکەی سەلەیمان: ٦٠٥
ماوەی حوکمڕانیی و سەرەنجامی سولەیمان لە پەیمانی کۆن دا :......................٦٠٧
٤- موعجیزەکانی سولەیمان:...٦٠٨
٥- تەمەن و مردنی سولەیمان: ٦٠٩
سێیەم: بەسەرهاتی ئەییووب ﵇...٦١١
١)- ناوو ڕەچەڵەکی: ٦١١
٢)- ژمارەی ناوهێندرانی لە قورئاندا: ٦١١

٣)- ژیان و بەسەرهاتی ئەیووب:...٦١١

بەسەرهاتی ئەیووب لە قورئان دا:...٦١٣

چوارەم: بەسەرهاتی (ذو الكفل) عليه السلام...٦٢٠

١)- ناوو ڕەچەڵەكی:...٦٢٠

٢)- ژمارەی ناوهێندرانی (ذو الكفل) عليه السلام لە قورئاندا:...٦٢١

٣)- ژیان و سەرگوزشتەی (ذو الكفل) عليه السلام :...٦٢١

٤)- كۆچی دوایی و گۆڕی:...٦٢٣

پێنجەم: بەسەرهاتی ئیلیاس عليه السلام...٦٢٤

١)- ناوو ڕەچەڵەكی:...٦٢٤

٢)- ژمارەی ناو هێندرانی لە قورئاندا:...٦٢٤

٣)- ژیان و بەسەرهاتی (إلياس):...٦٢٥

شەشەم: بەسەرهاتی (ألْيَسَعْ) عليه السلام...٦٢٨

١)- ناوو ڕەچەڵەكی:...٦٢٨

٢)- ژمارەی ناوهێنرانی لە قورئاندا:...٦٢٨

٣)- بەسەرهاتی (اليسع) عليه السلام:...٦٢٩

دەرسی شەشەم...٦٣٣

پێناسەی ئەم دەرسە...٦٣٥

مانای دەقاو دەقی ئایەتەكان...٦٣٦

شیكردنەوەی هەندێک لە وشەكان...٦٣٨

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەكان...٦٤٠

مانای گشتیی ئایەتەكان...٦٤٣

مەسەلە گرنگەكان...٦٤٩

تیشكێك لەسەر ڕستەی: كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ...٦٥٧